# ئەدەبی نوێی کوردی

ناوەندی ڕۆشنبیریی ئاوێر

AWER
Nawandi Awer

ناوەندی ئاوێر
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

◄ بەڕێوەبەری گشتی ناوەند: حەسەن بورەیی
◄ بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: ئاریز حەسەن
◄ بەرپرسی هونەری: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
◄ ڕاوێژکاری ناوەند: حەیدەر عەبدوڵڵا

هەولێر ـ پشت پاریزگا ـ پشت مزگەوتی مەحموود عەلاف
07505114142 - 07507476644
Nawendi awer:: ناوەندی ئاوێر
nawendi.awer@yahoo.com

کتێبخانەی هەواڵنامە

دکتۆر هیمداد حوسێن

# ئەدەبی نوێی کوردی

( لێکۆڵینەوە و رەخنەی پراکتیکی )

**بەرگی یەکەم**

# 1

**ئەدەبی نوێی کوردی ( لێکۆڵینەوە و رەخنەی پراکتیکی )**

- **پ.د.هیمداد حوسێن**
- **هەولێر- ٢٠٢٠**
- **دیزاینی بەرگ: ئاکار جەلیل**
- **تیراژ( ١٠٠٠ ) دانە**
- **لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارە(      )ی ساڵی ٢٠٢٠ی دراوەتێ .**

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە**

هەواڵنامەی کتێب

# بەرگی یەکەم


رەخنەی ئەدەبی........................................................ ٩
رێبازەکانی رەخنەی ئەدەبی........................................................ ١٩
رەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی........................................... ٣١
رەخنەی سەردەمی رێنیسانس.............................................. ٥٧
رەخنەی شێوازگەرایی و دەقی ئەدەبی.................................. ٧١
زمانەوانی و رەخنەی ئەدەبی.............................................. ٧٩
ناوەرۆکی کۆمەلآیەتی لە چیرۆکی هونەریی کوردیدا..................... ١١٥
چەمك و رەگەزەکانی چیرۆکی مندالآن لە ئەدەبی کوردیدا ..................... ١٣٧
فەزای گێڕانەوەیی لە هەقایەتی فۆلکـلۆری کـوردیدا............................. ١٨٩
بنیاتی هونەریی توخمەکانی گێڕانەوەی داستانی فۆلکلۆریی کوردی............. ٢١٣
بنیاتی هونەریی حەیران لە ئەدەبی فۆلکلۆی کوردیدا............................ ٢٥٩
مێژووی شانۆی کوردی...................................................... ٣٠٥
بنیاتی دەقی شانۆی مندالانی کورد ١٩٧٥- ٢٠٠٠................................. ٣٢٩
شیعری نوێی کوردی........................................................ ٤١٣
ئیستاتیکاو پەرناسیزمی شیعریی گۆران........................................ ٤٣١
زمانی شیعری نوێی کوردی ١٩٥٠-١٩٧٠.................................... ٤٥٩
دەقی والآ و دەقی ئاوێتە دوو فۆرمی تازەی ژانرە ئەدەبییەکان................. ٥٣٣
پێکهاتەی زمانی شیعریی لە روانگەی شێوازگەرییەوە............................ ٥٧١

هەواڵنامەی کتێب

# پێشەکی

مێژووی ئەدەبی کوردی"مێژوویەکی دەوڵەمەند و لێوانلێوە لە ئیستاتیکاو دەقی جوان و داهێنەرانەو ئەزمـوونی قەڵەمە بە تواناکنەو هەوڵدانە بۆ گوزارشتکردن لە دنیای خەم و ویست و هیواو ئاواتەکانی نەتەوەیەک، بۆ نووسینەوەی خۆی بە هەموو رەهەندەکانییەوە .نووسینەوەی قۆناغەکانی بزاڤی خەبات و جیهانبینی و هزری فەلسەفی و وردەکارییەکانی زمان و تەکنیک و بنیاتی هونەریی داهێنەرانەیە.

ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ،کە دەرهاوێشتەی قۆناغی ناسیونالیزمی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و رێنیسانس و وریابوونەوەیە،هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان بەیەکەوە بوونە پشتیوان و بەرچاورِوونی بۆ بیرکردنەوەیەکی تازەو کەرەستە بۆ سەرهەڵدانی رۆژنامەوانی ئەدەبی و چاپخانەو و چەندین ژانری ئەدەبیی تازەبە تایبەتی هونەرەکانی گێرانەوەی پەخشانیی،کە ئەمەش قۆناغی گواستنەوەی شیعر بۆ پەخشان بوو.

ئەم کۆمەڵە لیکۆلینەوەیە "چەند لاپەڕەیەکە لە مێژووی ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی کوردی،کە من لەگەڵ خوێندکارەکانم لە ژیانی ئەکادیمی خۆمدا هەوڵمانداوە ئەوەی پێمانکراوە شیکاری و راڤەمان بۆ کردووە، ئەمەش لەو روانگەیەوە بەر لە هەموو شتێک گیانی پێکەوە کارکردنمان بەلاوە گرنگە،جا تا چەند توانیومانە لە رۆحی دەقەکان نزیک بینەوە،ئەوە خوینەر دەتوانی بڕیار بدات.لە لایەکی ترەوە دەکرێ ئەمە بە دەروازەیەک دابنرێ،خۆ مانای ئەوە نییە،دەقی لەوانە باشتر و جوانتر نییە، بیگومان نەخێر. بە ئومێدین دۆست و هاوکارەکایشنمان کار لەسەر دەقەکانی تر بکەن و بە هەوڵی هەمووومان ئەو مێژووە بنووسینەوە،کە هەمووومان شانازی پێوەدەکەین.

هەواڵنامەی کتێب

# رەخنەی ئەدەبی

هەواڵنامەی کتێب

## ڕەخــنە چییە؟

ڕەخنەی ئەدەبی، کە دەتوانرێ بە وتەناسی و هەڵسەنگاندنی وتەش ناو ببرێت، بریتییە لە ناسینی نرخ و بەهای بەرهەمی ئـەدەبی ڕاڤـە و شـیکردنەوەی بەشـێوەیەك، کـە چـاك و خراپی ئەو بەرهەمە بنوێنێ و سەرچاوە و کانگەیان پیشـان بـدات، لـە پێناسـەی ڕەخنـەدا هەندێ لە پسـپۆڕان گوتوویانـە، کـە هـەوڵ و خۆماندووکردنێکـە بـەدەر لـە بەرژەوەنـدی و مەبەستی تاکەکەسییە بۆ پیشاندانی هەموو ئەو زانیارییانەی کە مرۆڤ پێی گەیشـتووە یـان لە بیریدا خول دەخواتەوەو دەیەوێ دەریانبرێت، هەڵبەتـە ئـەو پێناسـەیەی کـە شـاعیر و ڕەخنـەگری ئینگلیـزی مـاتیۆ ئارنۆڵـد داینـاوە، هەرچـەند جۆرێـك لـە ڕەخنـەی ئـەدەبی دەگرێتەوەو پێناسـەیەکی ڕاسـت و دروسـتی ڕەخنـەی ئـەدەبی نییـە، چـونکە مەبەسـت و سوودی ڕەخنەی ئەدەبی تەنیا ئەوە نییە کە چاك و خراپـی بەرهـەمێکی ئـەدەبی پیشـان بدات،بەڵکو سەرباری چاکی و خراپی بەرهەمی ئەدەبی، بەڵکو لەوەیش ورد دەبێتـەوە کـە ئـەو یاسـاو دەسـتوورانەی کـەوایان کـردووە ئـەم بەرهەمـە بەپەسـەند بزانرێـت یـان ئـەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی ڕەتکردنەوەی تا ئەو ڕادەیەی کە بتوانرێت لێی بکۆڵرێتـەوە، هـەر بۆیە پێویستە ڕەخنەی ئەدەبی تا ئەو جێگەی مومکینەو مەیسەر دەبێت سەرنج لەو لایەنە لاوەکیانەی دەبێتە مایەی بڕیارێکی گشـتیش بـدات و لەوڕێگەیـەوە تاڕادەیـەکیش دەسـتی هاوکاری و کەڵك بە کەسانی داهێنەرو ڕچکەشکێنی بەرهەمی ئەدەبییش بگەیەنێ یـان هـەر هیچ نەبێ بۆ کەسانێکی تازەکار و کەم ئەزموون لەجۆری دەربڕیندا هاوکاری و کۆمـەکیان بکات، یان بۆ ئەو کەسانەی (تام و چێژ) لە بەرهەمی ئەدەبی وەردەگرن و هیچی تر، بۆیان ڕوون بکاتەوە، کە چۆن دەتوانن چێژی تەواو لەو بەرهەمانـە بکـەن و چ جـوانی و سـوودێك دەگەیەنن.

وشەی ڕەخنە لە زماندا بەواتای پەسەندکردنی شتێك یان لە هەڵبژاردنی شـتێك لـە نێـو کۆمەڵێ شتی تر.هەروا سەرنجدانە بە قەولی زمانەوانەکان جیاکردنەوەی سەرە لە ناسەرە. بەواتای عـەیب و خـەوش نوانـدنیش لـە واتـای کـۆنی وشـەکەدا هاتووە،بەهـەرحاڵ لـە زۆر کۆنەوە،لە زمانی فارسی و عەرەبیدا بە شێوەیەکی مەجازی بۆ ناسینی جـوانی و ناشـیرنی وتە بەکارهاتووە،بەهەمان ئەو مەبەستەی کە ئەمڕۆ لە ئەدەبی ئەوروپاییدا بەکاردێت،خۆی لە بنچینەدا بەواتای بڕیاری و داوەری کردنە لە بابەت ناسینی چاکی و خراپی و پێشەنگی و

ناپێشـــەنگی ئـــەو بەرهەمانـــەی كـــە پێویســـتیان بـــە ناســـین و لێوردبوونـــەوەی زۆرتـــر هەیە،لێرەوەیە كە بۆ رەخنـەی ئـەدەبی چـەمكێكی فـراوانتر و پێناسـەیەكی بـەربلاوتر لـە خۆدەگرێت و لە هەڵسەنگاندنی كاری ئەدەبیدا ناوی شارەزایی و وەستاییان لێناوە.

## ئـــەدەب چـيیە؟

یان با بلێین بەرهەمی ئەدەبی چییە؟ لەڕاستیدا لەبەرنەبوونی چەمك و واتایەكی ڕوون بـۆ ئەم وشـەیە،(ئەدەب) یـان بـۆ هەڵبـژاردووە یـان بـە ئـەدەب دەریدەبڕن،بریتییـە لـە كۆمەڵـە بەرهەمێكی نووسـراو،كە بەبـەرزترین و جـوانترین بیروخـەیاڵ لـە بـاڵاترین و چاكترین وێنـەدا دەربب‌ڕێت،هەڵبەتە بەپێی بارودۆخ و سروشتی كەس و میللەتان و بـەپێی بۆنـەو پێداویسـتییە سیاسی و كۆمەڵایەتییـەكان لـەجۆرو هونـەری جیـاوازدا خـۆی نوانـدووەو هـەر بـە هـۆی ئـەو پێویستییانەی ناوبران،هەندێ جار چەند قـاڵبێكی هونـەری لـەوانی تـر زیـاتر پێشـكەوتوون و بڵاوبوونەتـەوەو رەنگـە بتـوانرێ ئـەوە بگوترێ،كـە لـە زۆربـەی كۆمەڵگاكانـدا– ئەگـەر لـە هەمووشیاندا نەبێ– ئەو چینەی خـەریكی كـاری ڕۆحـانی بـوون، لـەپێش چـین و توێـژەكانی تـرەوە خـەریكی بەرهـەم هێنـانی كـاری ئـەدەبی بـوون و بـۆ ستایشـی قارەمـان و خوداكـان شیعریان گوتووەو لە زۆربەی میللەت و نەتەوەكانی جیهان–ئەگەر نەڵێین هەموویان– شـیعر و گوتەی كێشدار لە پێش پەخشان هاتۆتە كایەو رەنگە وەكـو هەنـدێ لـە لێكۆڵـەرەكان دەڵـێن هۆیەكەی ئەوە بێت،كە مرۆڤ پێش ئـەوەی بیرێژێتـە سـەر بیركردنـەوەی هـزری و وردەكـاری هەست و سۆزی خۆی لەبەرچاوگرتووە.

هەرچۆنێك بێت سەرەتا لای زۆرینەی نەتەوەو میللەتان بە تەنیا شیعر هـەبووە هـەروەكو لە یۆنان ئەدەب گوتەیەكی تایبەتی نەبووەو ئەرستۆ لە (هونەری شیعر)دا بەگومان بـووە كـە گوتەیەك بۆ كردەی لاسایی سۆفرۆن و كسنارخۆس بدۆزێتەوەو لە هەمانكاتدا بۆ گفتوگۆكانی (سوقرات)یشی بەكاربێنێ،لە كورتییەكـەی بەبۆچـوونی یۆنانییـەكان، ئـەو چـەمكە ئـەمڕۆ بـۆ ئەدەب هەمانە تەنیا لایەنی شیعری دەگرتەوە،چونكە لای عەرەبە كۆنەكانیش هـەر بەهـەمان شێوە بووەو لانی كەم تا سەردەمی بەنی ئومەییـە لای عەرەبـەكانیش پێوەنـدی بـە ناسـینی شیعرو ئەو شتانەی پێوەندن بەوەوە، وابووە، چونكە ڕۆژگار و هەواڵ و قسەی پێشینانی ئەو ڕۆژگارانە ئەوە دەگەیەنن، كە بەلای عەرەبانەوە گوتەی ئەدیب بۆ كەسـانێ بـەكارهاتووە كـە كاریان ئەزبەركردن و گوتنەوەو گواستنەوەی شیعر بووە، بەڵام دواتر سـنووری ئـەو شـتانەی

پێوەندییان بە شیعرەوە بووە فراوانتر بۆتەوەو هەندێ زانست و زانیاری تریش وەکو صرف و نەحو و زمان و ئەوانی تریش گرتۆتەوە. وا دیارە کە ئەو زانست و هونەرانەیش لەڕاستیدا بۆ تێگەیشتن و ناسینی شیعر پێویستن و وەکو چۆن دەربارەی ئەدەب بەهرە وەرگرتن لە هەر زانستێکیان بەیەکێ لەمەرجەکان دادەنا، لەڕاستیشدا بۆ تێگەیشتنی راست و دروستی شیعر بووە مەگەر نا چەمکی راستەقینە و دروستی ئەدەب بەتەنیا بریتی بووە لە ئەزبەرکردنی شیعر و هەواڵی پێوەند بەوڵاتانەوە. مەخڵەس" بەرلەوەی لە سەدەکانی دوایی پەخشان گەشە بکات و بڵاو ببێتەوە ژانر و هونەری تازە پەیدا ببن، شیعر بەلای زۆربەی میللەت و نەتەوەکان بەشی زۆرینەی چەمکی ئەدەب و ئەدەبیاتی بووە، بەڵام بە هۆی گەشەکردن و جۆراوجۆری هونەرەکانی پەخشان و هەڵبەست، ئەدەب و ئەدەبیات لە رۆژگاری ئێمەدا چەمکێکی فراوانترو گشتگیرتری وەرگرتووە و هەربۆیە سنوور و پێناسەیەکی دروست و وردیشی دژوارتر بووەو ناکۆکی زۆرتری بەخۆوە گرتووە.

بە کورتی" دەربارەی حەقیقەت و ماهییەتی چەمکی ئەدەب و ئەدەبیات ئەمڕۆ هێندە ناکۆکی لەنێوان تۆژەرەوەکاندا هەیە،کە رەنگە بەئاسانی نەتوانرێ پێناسەیەکی هەمەلایەنەی بۆ بکرێت، بەڵام پێناسەیەکی (جامع و مانع)ی مەنتقی چ پێویست دەکات؟ حەقیقەت و گەوهەری راستەقینەی ئەدەب بۆ کەسانێ، کە ئاشناییان لەگەڵ بەرهەمی ئەدەبی زمانەکانی خۆیان یان زمانەکانی تردا، هەیە شتێکی شاراوە نییە.

ئەگەر جوداوازی لە نێوانی لێکۆڵەراندا لە بارەی ئەوەی بە حەقیقەت و ماهییەتی ئەدەب ناودەبرێ هەبێت، بەڵام ئەو جیاوازی و ناتەباییە بۆ ماهییەت و حەقیقەتی خودی ئەدەب ناگەڕێتەوە،چونکە هەرچەند لە پیشاندانی چەمکی راستەقینەی ئەدەب لە نێوانی توێژەراندا جیاوازی هەبێت، بەڵام لەو خاڵەدا جیاوازییان نییە،کە لە نێوانی (ئیلیادە)ی هۆمیرۆس و (شاهنامە)ی فیردەوسی و (بەهەشتی لە دەست چوو)ی میلتۆن و (کۆمیدیای یەزدانی)ی دانتی و غەزەلی حافف و بەرهەمەکانی شکسپیر و شیعرەکانی هۆگۆ و بەرهەمەکانی تاگوور و داستانەکانی دیستۆیڤسکی هاوبەشی و لێکچوونێکی تەواو هەیەو لە زۆر خاسیەت و باردا هاوبەشی و لێکچوون هەیەو وادێتەبەرچاو،کە سەر بەیەك ژانر بن و ئەڵبەتە ئەو شتەی کە لە نێوانی هەموویاندا، گشتی و هاوبەشە،کە جیاوازی بیرو زمان و جیاوازی کات و شوێنە،کە ناتوانرێ ئەوە چاوپۆشی لێبکرێت، ئەوە هەمان ئەو حەقیقەت و

گەوهەرەیە، کە بـە ئـەدەب و ئـەدەبیات ناودەبرێـت و خاسـیەتی گشـتی هـەموویان لـەوەدا دەردەکەوێ، کە لەسەر بنچینەی خەیاڵ و سۆز و واتاو شێوازێك بنیات نراون و هـەر لەبـەر ئەوەشـە، کە ماهیـەت و حەقیقـەتی ئەوانـە بـە ئـەدەب و ئـەدەبیات دادەنرێن. هەریەکـەیان بەپێی پایەی خۆیان لە سۆز و دڵگیری و هەموویان خاوەن واتاو شێوازی تایبەت بـەخۆیانن و بەم شێوەیە، رەنگە بتوانرێ بوترێ، کە ئەدەبیات بریتییە لەو وتانەی کە لە وتەی ئاسایی جـوانترو ئـاڵۆوالآترن و خـەڵکی ئـەو گوتانـەیان لای خۆیـان پاراسـتووەو گواسـتۆتەوەو بەخوێندن و بیستنی یـان هەسـتی خـەم و شـادی یـان چـێژ و ئازاریـان لـەخۆگرتووەو ئـەم گوتانە ناچار لەگەڵ وتەی ئاسایی و دووبارە جیاوازییان هەیـەو لـەوان سـەرووترە، (گۆتـە) لـەم رووەوە بـاری سـەرنجی خـۆی هەیـە، کـە دەڵێـت: (لـەوەی کـە کـراوە و گـوتراوە چەردەیەکی زۆر کەمی تۆمارکراوەو لەوەیشی کە تۆمارکراوە بڕێکی زۆرکەمی نەقڵ کـراوەو ماوەتەوە)، بۆیە ئەدەبیات بریتییە لە تەواوی یان هەموو ئەو کەرەسەو کەلەپوورەی زەوق و فیکریـی میللـەت و نەتـەوەکانی جیهـان کـە خـەڵك بـۆ تۆمـارکردن و گواسـتنەوەو بڵاوکردنەوەی کۆششیان کردووەو لەدووتوێی ئەو بەرهەمانەدا شایستەیی خۆیان ناسیوەو هەوڵیان بۆ داوەو ئەڵبەتـە ئـەو کلتـوورە زەوقـی و فیکرییـەی کـە لـە پێشـینان بـەجێماوە ئەوانی ئایندەیش هەمیشە لێی زیاد دەکەن، بەکورتی ئەو کلتوورە هەمیشە مایەی سوود و چێژ و چەشەی میللەت و نەتەوەکانی جیهان دەبێت، بێگومان هەموویان یەك دەست و یەك ژانر نین، لە هەندێ رووەوە لەوپەڕی مەزنی و بـاڵایین و لـە هەنـدێ رووی تـرەوە مـەزنی و گەورەییان تێدا نییـەو لـە قسـەی ئاسـایی و سـادە هیچـی تـر نـین و هەنـدێ جـاریش مـام ناوەندین و بەهەرحاڵ ئەڵبەتە ناسینی قەدرو بەهای راستەقینەی هەر یەکێك لەو بەرهەمانە سوود و بایەخی خـۆی هەیـەو هـەر ئەوەیشـە کـە رەخنـەگرە ئەدەبییـەکان لـە ئەسـتۆیان گرتووە.

سەرەڕای ئەوە، چێژ و چەشـەی دروسـت و ڕاسـتەقانی لـە هـەموو ئـەو بەرهەمانـە بـۆ هەموو کەس ناشێ و مەیسەر نابێت و درك کردن بە هەموو ئەو جوانی و داهێنانە فیکـری و زەوقییانەی لەو بەرهەمانەدا هەستیان پێدەکرێ پلەو پایەی تایبەتی و جیاوازییان لـەڕووی پەروەردەییـەوە هەیـە. بـەم شـێوەیە جێگـەی گومـان نییـە، کـە سـوودی تـەواو و چـێژی راستەقینەی گشت خەڵك لەو بەرهەمانە پێویستی بە کۆمەك و ڕێنمایی کەسـانێك هەیـە کـە

زۆرتر لەو بەرهەمانە وردبوونەتەوەو شارەزاییان تێدا هەیەو لە نهێنی و وردەکارییەکانی باشتر تێدەگەن، ئەمەش جگە لە هاوکاری و رێنوێنی رەخنەی ئەدەبی نەبێ بە هیچ شتێکی تر مەیسەر نابێت، سەرەڕای ئەوەیش،ئەدەبیات سنوورێکی فراوانی هەیەو بەشی زۆری سەربوردەو باری دەروونی و کۆمەڵایەتی بنیادەم دەگرێتەوەو لە ڕووداو و بەسەرهاتی نەهامەتییەکانی ژیانی پاڵەوانان رووداوی دڵڕفێن و شەڕانگێز و ئەو بیرو خەیاڵانەی لە گۆشەو ناخی خەڵکیدا پەنگی خواردۆتەوەو ئەو سۆز و خرۆشانەی لە ناخی ئەویندارانەو زەوقیان دەجووڵێنێ تاوەکو تاریکترین و شاراوەترین جیلوەی مەشایخی سۆفییان،لە قەڵەمڕەوی پان و بەرینی ئەدەبیاتدا جێگەی دەبێتەوەو ئەڵبەتە بەسەرهاتی کەس و ڕووداو مێژووی ئەو میللەتانە لە توێی ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەدا رەنگیداوەتەوە،هەروەها تایبەتمەندی ئەو کەسانەی ئەو بەرهەمانەیان داهێناوەو خاسیەتەی ئەو میللەتانەی ئەو بەرهەمانەیان لە نێوان بەرهەم هاتووەو بەهەرمێن بووە هەموو ئەم شتانەی لەنێو ئەو بەرهەمانەدا دەرکەوتوون بەبێ هاوکاری یاساو دەستوورەکانی رەخنەی ئەدەبی مەحاڵە بە دروستی لێی تێبگەین و بەبێ رەخنەو رەخنەگری ناتوانرێ بەها جوانەکانی نێو ئەو بەرهەمانە بدۆزینەوە.

## رەخنەگریی لە زانست و هونەردا

رەخنەو رەخنەگری، کە بریتییە لە هەڵسەنگاندن و بڕیارو داوەری لە بابەت شتێکەوە تەنیا پەیوەند بە ئەدەبیات نییە، بەڵکو لە زۆربەی شتەکانی تردا پێویستییەکی واقیعی حاڵە، هەروەکو لە فەلسەفە و مێژوو و رەچەڵەك و زمانیش رەخنەو رەخنەگری وشەکە فارسییە. فەیلەسووف رەخنە لە نرخ و بایەخی مەعریفە دەگرێ و وێنەو گوتەی زەینی هەروەکو (کانت) دەڵێت: ئەزموون و توێژینەوەی گشتی و ئازادانە دەخاتە بەر باس یان هەروەکو (پیربەیل)دەڵێ: بریتییە لە لێکۆڵینەوەی بیروڕای زاناکانی تر و نیشاندانی لاوازی و کەم و کورتی یان گەورەیی و مەزنی بۆچوونی ئەو زانیاریانە دەنوێنێ.

مێژوونووسانیش پێویستییان بە رەخنەو رەخنەگریی هەیە،چونکە تاوەکو بەڵگەو دۆکیۆمێنتەکان بەراست و دروستی هەڵنەسەنگێنێ و راستی و درۆیان تێدا دەرنەخا ناتوانێ

بۆچوونێکی ڕاست و ڕەوان لە بابەتەکەی خـۆی پێشـکەش بکات،هـەروا زمانەوانـەکانیش، بـۆ ناسینی وشەو تێگەیشتنێکی ڕاستی واتاکانیان پێویستیان بەرەخنە هەیە.

بێجگە لەو شتانەی باسمان کردن" هونەرەکانی تریش وەکو پەیکـەرتاش و مۆسـیقایش پێویستیان بە ڕەخنە هەیەو بۆ دیاریکردنی پلەو پایەی ئەو لایەنانەی سەر بـەو هونەرانـەن پێویستیان بەرەخنەگری شارەزایەو لە کۆنەوە شارەزایان سەرنجی ئەو خاڵـەیان داوەو لـە بارەی ئەو بەرهەمانەوە بۆچوونی ورد و بیروڕای جیاوازییان دەربڕیوە.

زانـا یۆنانییـەکانی وەکـو ئیفلاتـوون و ئەرسـتۆ زۆرجـار لـە بابـەت بـەهای بەرهـەمی پەیکەرتاش و وێنەکێشان لەنووسینەکانی خۆیانـدا ئاماژەیـان کـردووەو لـە بـارەی سـوودو لایەنـە جـوان و ڕەوشـتییەکانی نێـو ئـەو بەرهەمانـە ڕەخنـەیان گرتـووەو دواتریش،لـە سەدەکانی پاشتردا کەسانێکی وەکـو دیـدرۆ و لیسـینگ لێکۆڵینـەوەی بـەپێزیان کـردووەو قوتابخانـە نوێیـەکانی وێنەکێشـان و پەیکەرتاشـیش لـە گرنگیـدان بـەو مەسـەلانە بـێ ئاگانەبوون.

لە بواری مۆسیقاییشدا" هەر لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـەتی یۆنانـەوە تـا وەکـو ئـەمڕۆ لەرەخنـەو ڕەخنەگریدا گرنگییـەکی تایبـەتی پێدراوەو لـە بـارەی ناسـینی نـرخ و بـەهای ئاهەنگ و ئاوازەکان، بەردەوام لە نێوان ڕەخنەگرانی مۆسیقا جیـاوازی و گفتوگـۆ و کێشـە بووە، توێژینەوەو ڕەخنە لە بابـەت بەرهەمـە مۆسـیقییەکانی ئـەمڕۆ لەلایـەن زانـا و ئـەهلی زەوقەوە لەئەڵمانیا مایەی خۆ خەریك کردنێکی زۆرەو چەندین کتێب و گۆڤـاری جیـاواز لـە مەسەلە جیاوازەکانی تایبەت بـە ڕەخنـەی مۆسیقی بڵاودەبنـەوە، تـا ئـەو جێگەیـەی کە هەندێ لە ڕەخنەگرە مۆسیقییەکانی ئەمڕۆ شۆرەتیان لە مامۆسـتا پلـە یەکـەکانی مۆسـیقا کەمتر نییەو لەو کەسانەی کە خەریکی ڕەخنەی مۆسیقین و نـاوی مـەزن و گـەورەی وەکـو بەرنادشۆ هەس کە لەمەیدانی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیشدا شۆرەتێکی گەورەیان هەیە.

## رەخنەگریی لە کاری ئەدەبیدا

بەهەرحاڵ، رەخنەو رەخنەگری، کە بریتییە لـە ناسـاندنی چـاك و خـراپ و جیاکردنـەوەی سەرە و ناسەرە لە هـەموو هونەرەکانـدا لـە زۆربـەی لقـەکانی زانسـت و زانیـاری مرۆڤایەتیـدا هەیەو تایبەت بە بەرهەمی ئەدەبیەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا رەخنەی ئەدەبی ئەو خاسیەتەی تیایە کە لەنێو هەموو جۆرە رەخنـەکانی تـردا، بـە شـێوەیەکە کـە روون و رۆشنترە،چـونکە هـەموو هونـەرەکانی تـر وەکـو پەیکەرتاشـی و شـێوەکاری بـۆ زۆرینـەی خـەڵك تاڕادەیـەك کێشەیەو بەئاسانی لێی تێناگەن، کەچی بەرهـەمی ئـەدەبی، تـەنیا ژمارەیـەکی کـەمی خـەڵك رەنگە شاراوە بێت و کێشەیان بۆ دروست بکات و بەکورتییەکـەی" تێگەیشـتنی بـۆ زۆرینـەی توێژەکانی خەڵك ئاسـانترو گشـتی تـرە لـە تێگەیشـتنی هونـەرەکانی دی، چـونکە خـەڵکێکی زۆرهەن،کە لە مۆسیقا و شێوەکاری رەنگە هیچ تێنەگەن، بەڵام هەر ئەوکەسانە لـە بەرهـەمی ئەدەبی چێژ وەردەگرن، هەندێکیان شیعر پەسەند دەکـەن و هەنـدێکی دیکـەیان حـەزیان لـە چیرۆکە،هەندێکیان پەرۆشـی شـانۆگەرین و هەنـدێ گوتـەی زانایـانی دیـنی و رەوشـتی، ئـیتر زۆربەیان هۆگری بەرهەمی ئەدەبین و لەمەڕ ئـەو بەرهەمانـەوە زۆربـەی کـات ڕوانـینی خۆیـان هەیە، بەڵام هەر ئەو مەسەلەیەشە کە رەخنەی ئـەدەبی لـە رەخنـەی هونـەرەکانی دی زیـاتر جێگەی بیروبۆچوونی ناتەباو جیاوازی تێدا دەبێتەوە.لەڕاستیدا، بەرهەمی ئەدەبی بۆ هەموو خەڵکی و بۆ هەموو چینەکان بەیەك پلەو یەك جۆر نرخ و بایەخی نییە.

**سەرچاوە: د.عبدالحسین زرین کوب، نقد ادبی، تهران ۱۳۷۸، ص٥-٩.**

هەواڵنامەی کتێب

# ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی

هەواڵنامەی کتێب

## ڕێبازی ڕەخنەی ڕەوشتی ( ئیفلاتوونی )

زۆر لە زانایانی رابردوو لەو باوەڕەدابوون، کە دەبـێ هونـەر پـەیڕەوی ڕەوشت بکـاتو ئەگەر لە سنووری ڕەوشت دەرچوو ناپەسـەند دەبێت.ئیفلاتوون لـە کتێبـی (کۆمار)ەکـەی خۆیدا،شـیعر و مۆسـیقا بـە کـار و ئامرازێك دادەنـێ بەدەسـت حکوومـەت و سیاسـەتەوە، (ئەرستۆ)یش لەو رووەوە هـەمان بۆچـوونی هەیە،بـەڕای ئـەو شـیعر، بـە تایبـەت تراژیـدیا هۆیەکە بۆ پاکبوونـەوەی دەروونی،لـە هـەر ورووژانێکـدا زۆربـەی بیرمەنـدانی کـۆن لەگـەڵ کاریگەری پەروەردەیی هونەر و ئەدەبیاتدا بوون.

دیدرۆ دەڵێ: **(بە هێزکردنی ڕێـز و حورمـەت و خسـتنەڕووی ناهـەمواری و ناچـیزی و خەوش دەبێ خواست و ئامانجی هەر مرۆیەکی شەریفـو بە جەرگ بێت، کـە قەڵـەم یـان فڵچە یان قەڵەمی پەیکەرتاشی بەدەستەوە دەگرێت)**

جۆنسۆن لە پێشەکی (شکسپیر)دا دەڵێت: **(ئەرکی نووسەر هەمیشە ئەوەبوو، کە دنیا لەوەی کە هەیە چاکتر پیشان بدات)**.

بە پێچەوانەشەوە باری ژیـان و سـەرەڕۆیی و بێبـاکیو بـێ هـوودەیی هەنـدێ شـاعیر لـە ڕۆژگاری کۆندا وایکردووە،کە هەندێ کەس لە دژیاندا بوەستنەوە و شیعر و ئەرکی شـیعری و شاعیران بە توندی ڕەت بکەنەوەو نەفرەتیان لێبکـەن، گوایـا دەڵـێن موسـڵمانەکانی بـەرایی جنێوفرۆشیو فەسادی و زەلالەتی هەندێ شاعیر وای کردبوو دژی شیعر بوەستنەوە. دەڵـێن **(امروو القیس)** گەنجێکی بێ بار بووە لەسەر ژنان جنێوی بە بابی خۆیشی داوە، بۆیە ئەویش دەری کردووەو کەسێکیشی راسپاردووە، کە بیکوژێ. هەروها **(حگیئە)**و **(ابو الینبغی)و (ابـو الشمقمق)**یش هەروا. لەلایەکی ترەوە دیسانەوە کاتێك کە ستایشو داشۆرین بوو بە هۆیەك بۆ نان پەیداکردن، شاعیران پلەو پایەی کۆمەڵایەتییان لە لای خەڵکی زۆر دابەزی، ئەگەر جـاران شـیعر بـە زمـانی پـیرۆزی خوداوەندەکانـەوە دادەنـراو لـە سـەرووی هـەموو پێویسـتییەکانی مرۆڤایەتییەوە بوو ئیدی وردە وردە وای لێهـات خـەڵکی پلـەو پایـە بـەرزی لـە خوێندنـەوەی شیعر وەرگرتەوەو شـیعر گـوتن و نووسـین بـوو بـە مایـەی خـەوش و نـەنگی. ئـەم شـێوازە زێدەڕۆیی ئامێزە خاڵی نییە لە ڕاستییەك ئـەویش ئەوەیـە بەرهـەمی هەنـدێ لـە هونەرمەنـدە گەورەکانیشی پێ مەحکووم کراوە.

(بۆدلێر) بە هۆی بلاوبوونەوەی کتێبی (گوڵەکانی شـەڕ) لێپرسـینەوە دەگەڵدا کرد،ئەمـە ڕاستە، کە هەندێ کۆپلەو پەرەگرافی ئەو کتێبە دژی بەرائەت و لایـەنی پەروەردەییـە، بـەلام ئـەوانیش بـە شـاکاری ڕاسـتەقینەی ئـەو دەژمێـردرێن. دەقـەکانی (**گەوهـەرەکان**)و (**لیتـە– Lethe**)کە خرانە بـەردەم دامودەزگـای دادوەریـی ئـەوێ ڕۆژێ لـە بەشـێك لـە شـیعرەکانی سورنی و قائانی و ئەبی نەواس‌و نووسـراوی نـاو کتێبـەکانی لای خۆمـان توندترو ناشـیرینتر نییە، بەلام سەرزەنشتکردنی ڕاستەقینەی مەسـەلەی (بـۆدلێر) لەلایـەن لایـەنگرانی ڕەخنـەی ڕەوشتییەوە بوو، کە باڵیان بەسەر بـیرو بۆچـوونی خـەڵکی سـەدەی نۆزدەهـەمی فرەنسـەدا کێشابوو.



**1867– 1821 Charles Pierre Baudelaire**

**هەروا (ئۆسكار وایڵد)یش لە بەرامبەر هەندێ لە شیعرەكانیدا مەحكووم كـراوە. تێوڤیـل گۆتیە دەڵێت (ئەوە نووسەران نین سـەردەم و رۆژگـار پـڕ لـە فەسـادی رەوشـتی دەكـەن، بەڵكو فەسادی رەوشتی گشتیی ئـەو سـەردەمەیە، كـە ئـەو نووسـەرانەی بەرهـەمهێناوە)، هەروەها دەنووسێت: (هەر كتێبێ سۆراغی داب و نەریت و بۆچوونی خەڵك دەكەن، نەوەكو بۆچوون و نەریتی باو لە ئاكامی كتێبانـدا هاتبنـە كایـەوە). بـەڵام ئـەو تیۆرییـە زێـدەڕۆیی تیایە. ئەندرێ مۆرۆ راست دەڵێت، كە هەندێ جاریش دابو نەرێت پێڕەوی كتێبان دەكەن. هەروەكو چۆن بـە هـۆی شـۆرەتو بـە هـەرمێنی كتێبـی (ڤارتـەر) ماوەیـەك لـە ئـەوروپادا نەخۆشی خۆكوژی زۆرتر بلاوكردەوە. هەندێ لە رەخنەگران لە رەخنەی بەرهەمی ئەدەبیدا باری كۆمەڵایەتی بە بنچینە دادەنێن.**

**لێكۆڵینەوە لەبارەی پێوەندی ئەدەبیات بەكۆمەڵەوە بابەتی ئەو گروپـەی رەخنەگرانـە. گومان لەوەدا نییە، ئەگەر بـاری ئـەدەبی كاریگـەری ژینگـەی كۆمەڵایەتیشـی بـە سـەرەوە نـــەبێت ئـــەوا بیروبۆچـــوون و چـــێژ و خـــەیاڵ و ئەندێشـــەكان پاشـــكۆی ئـــەو ژینگـــە كۆمەڵایەتییەن.[1]**

## رێبازی رەخنەی كۆمەڵایەتی:

**رەخنەی كۆمەڵایەتی كاریگەریی ئەدەبیات لەسەر كۆمەڵ و هەروا بە پێچەوانەوەشـەوە كاریگەریی كۆمەڵ بە سەر ئەدەبیاتەوە دەخرێتە بەر باس،بە واتایەكی تر لەلای لایەنگرانی سەر بەو رێبازە رەخنەییە قسەیان لەسەر ئەوەیە، هەموو ئەو تەوژم و شێوە بۆچوونانەی، كە لە بەرهەمی ئەدەبیاتدا رەنگدەدەنەوە هـەتاوەكو لـە دایكبـوون و ئەفراندنی بەرهـەمی ئەدەبیش بۆ كۆمەڵ دەگەڕێننەوە.**

**هەڵبەتە بەهرەی شـاعیر و نووسـەر و چـێژو ئـارەزووی ئـەو بـە بـەهێزترین هۆكـاری بەرهەمهێنانی ئەدەبی دەژمێردرێ، بەڵام لە هەر رۆژگارێكدا شاعیرو نووسەر پێوەنـدی و سەروكار لەگەڵ خوێنەرو داخوازانی بەرهەمەكەی پەیدا دەكاتو هەندێ جار ناچار دەبێ**

---

[1]: ئەم وتارەم لەم كتێبە وەرگێڕاوە: دكتر عبدالحسین زرین كوب، نقد ادبی، جستجو اصول و روشها و مباحث نقادی با بررسی در تاریخ نقد و نقادان، چاپ ششم، تهران، ١٣٧٨، ص ٣٨-٤١.

هەروەها هەر لە بارەی رەخنەی رەوشتییەوە بڕوانە: ویلبر سكۆت، رەخنەی ئەخلاقی لە ئەدەبدا، و: عەتا قەرەداخی، گ، نووسەری نوێ، ژ ٨، كانوونی دووەمی ١٩٩٩، ل ٣٢-٣٧.

بۆ رازیکردنی زەوق و سەلیقەی ئەو خەڵکە بە تەواوی زەوق و پەسەندی خۆی پشتگوێ بخـات و خواسـتی خـەڵکی بـەدیبێنی، شـاعیر چـۆن دەژیو کـێ کرێـی پیشـەکەی دەداتێ؟ئەمە یەکەمین پرسیارێکە کە دەبێ رەخنەگر لەو رەوشـتە رەخنەییـەی وەڵامـی بداتــەوە، لێکۆڵینــەوە لــە پێوەندییــەکانی کۆمەڵایــەتی وەڵامــی ئــەو پرســیارە دەداتەوە.سوڵتانەکان بە موستەعمەرەو دەست و پێوەنـدەکانی رۆمانییـەکان بـەخێر و سەدەقە،ئاغاکان بەدیاری و شتی بەقیمەت بەرگری لە شاعیران دەکەن، ئـەم مەسـەلەیە خۆی پێوەندیی شاعیرو نووسەر لەگەڵ ژینگەو کۆمەڵەکەیدا دیاری دەکـات، ئەمـە ئـەوە دەردەخـات رووداو ئاوێنەیـەکی کۆمەلآتییـە، بـەلآم ئـەدەبیات هـەروەکو لـە پێشـوودا ئاماژەمان بۆ کرد هۆکـار و بزوێنـەری کۆمەلآیەتیشـە، هـەر بۆیەشـە، خەسـڵەتو ئاکـارو رەوشتی هونەرمەند لەگەڵ بارودۆخو باری ماددی ئەودا دژ دەوەستێتەوە.

شاعیر و نووسەر باری ماددی و کۆمەلآیـەتی خـۆی پشـتگوێ دەخـاتو بـە پێچـەوانەی چێژوخواستی کۆمەڵ دەردەدڵان دەکات،لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا ناکۆکەو هەولـدەدات کـە بیگۆڕێت. (ڤۆلتێر) لـە داشـۆرینە تیـژەکانی، کـە لـە دژی پیـاوانی ئـایینی و سـتەمکاراندا دەینووسی هەرگیز چێژ و پەسەندی ئەوانی لە بەرچاو نەدەگرت.

(ناصـری خوسـرەو)، کـە بەوپــەڕی رەق و تووڕەییــەوە دیـن فرۆشـانی خوراسـان و جیهانخۆرەکانی دەخستە بەر نەشتەری رەخنە، گوێی بەوە نەدەدا داخۆ ئەوان رازیـن یـان نا.

ˇ کە ئەدەبیات وەکو هۆکارێکی کاریگەر لە دژی بارودۆخی سەردەم کاردەکـاتو لەگـەڵ بەرژەوەندیی کەس و چینەکاندا رووبەڕوو دەبێتـەوە، بێگومـان دەبێتـە مایـەی نـەفرەت و بێزاری و ئامانجی رەخنەی واقیع. لەم رووەوە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە ئەدەبیات و کۆمەڵ هەردووکیان لە حاڵەتی گۆڕان و بزاوتنن و کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە. لەم رووەوە هەرگیز نابێت چالاکی ئـەدەبی لـە چـالاکی گشـتی کۆمـەڵ جیابکرێتـەوە. هەنـدێ هونـەری ئـەدەبی لـەرووی ماهییەتـەوە زیـاتر سروشـتێکی کۆمەلآیـەتییان هەیـە. شـیعری حەماسی و دینی، زادەی ژیانی کۆمەلآیەتین و بێگومان سروشـتی کۆمەلآیەتیشـیان هەیـە. ستایشو شیوەنیش خاوەن ئامانجێکی کۆمەلآیەتین و مەبەستیان ئەوەیـە، کـە لـە نێـوانی چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵدا رەواج پەیدابکەن، لێکۆڵینـەوەی گـۆڕان و پێشـکەوتنی

شارسـتانییەتەکانیش کاریگـەری ژیـانی کۆمەڵایـەتی لـە چـۆنیەتی دەرکـەوتنی شـیعر و ئەدەبیات پیشاندەدەن، ئەو میللەتو نەتەوانەی، کە لە رەوتی گۆڕانی ژیانی جووتیارییەوە پێگەیشـتوون، شـیعرو ئەدەبیاتیشـیان لەگـەڵ ئـەو میللەتانـەی کـە هێشـتا لـە قۆنـاغی شوانکارەییدان جیاوازی هەیە، هەروەها ئەو میللەتانەی لە قۆناغی بازرگانیدان، لەگەڵ ئەو میللەتانەی لە قۆناغی پێشکەوتوودان وەکو یەك نین.

لایەنگرانی رێبازی (رەخنەی کۆمەڵایەتی) لـە دەرکـەوتنی بەرهـەمی ئـەدەبی و هونەریـدا پشت بە کۆمەڵێ هۆکار دەبەستن. (تین) ئەو هۆکارانـە بـە (نـەژادو دەوروبـەرو سـەردەم) لـە قەڵەم دەداتو، ئەمە جێگەی گفتوگۆیە. سـەرەتا دەبـێ بپرسـین مەبەسـت لـە نـەژاد چییە؟ بریتییە لە کۆمەڵو ئامادەیی و سیفاتی بۆمـاوەیی کـە لەگـەڵ مرۆڤـدا لـە دایك دەبـن؟، خـۆ ئەمانـە زۆربـەی کـات بـە شـێوەی میـزاج و بنیـادی جەسـتەیی جیـاواز لەگـەڵ مرۆڤەکانـدا دەردەکەون، کەوابێ مرۆڤیش هەروەکو ئەسپ و کۆتر جۆری جیاوازی هەیە. نەژادی ئاریـایی کە لە سەرانسەری جیهانێدا بلاوبۆتەوەو لە ماوەی سی سەدەی رابردوودا بە چەندین قۆنـاغی جیاوازی گۆڕانو کامڵبووندا تێپـەڕیوە، هـەروەها لـە زمـان و ئـاین و داب و نەریتیانـدا جـۆرە پێکچـوونێکی ئاشـکرا بـەدی دەکرێـت، بـەڵام (دەوروبـەر) کۆمـەڵێ چـلۆنایەنی سروشـتی و جوگرافییە.(**راتزل**) لە کاریگەری دەوروبەر یان ژینگەی جوگرافیاییـدا زێـدەڕۆیی دەکـاتو بـە سەرچاوەو بنچینەی هەموو دژایەتییەکانی نێوان میللەتانی دادەنێت.

(هیگـڵ) لـەو باوەڕەدایـە، کـە ژینگـەی جـوگرافی لـە پەیـدابوونی بیروبـاوەڕدا هـیچ کاریگەرییـەکی نییـەو سـەرزەمینی یۆنـان بـە نموونـە دێنێتـەوەو دەڵێـت یۆنانییـەکان لـە ژینگەی جوگرافیایی یۆناندا بەرهەمی زەوق و هونـەر و مەعریفـەتی خۆیـان گەشـەپێدا. لـە کاتێکدا لە هەمان ژینگەی جوگرافی، تورکەکان هیچیان لە دەست نەهات.

هەڵبەتە ئەم بۆچوونەش زێدەڕۆیی تیایە، ژینگەی جوگرافی بەبێ سەرجەم هۆکارەکانی تر کاریگەرییەکی بەرچاوی نییە،بـەڵکو تـەنیا بـەبوونی هـەموو هۆکارەکـانی تـر کاریگـەری دەبێت، کەوابێ ژینگەی جوگرافی هـەموو هۆکارەکـە نییـە بەشـێکی هۆکارەکەیەوهەڵبەتـە نابێ وابزانـرێ، کـە بـە بەشـێکی هۆکارەکـان، بەرهـەم بـە دەسـت بێـت. لەگـەڵ ئەوەشـدا کاریگـەری ژینگـەی جـوگرافی لـەزەوق و هونـەر و مەعریفـەدا نـاتوانرێ نکـوڵی لێ بکرێـت. ئەوەی لە ئەدەبی یۆنانیدا، کە لە ژێر کاریگەریی ژینگەی جوگرافی دەریاییدا دێتە بەرهەم،

بێگومان ناتوانرێ لە ئەدەبی عەرەبیدا، کە لە ژێر کاریگەری ژینگەی جوگرافی وشکانیدایە بێتە بەرهەم.

ئەو لێکچوونو وەسفانەی لـە شـیعری شـاعیرێکی هینـدی هـەن، بـەحوکمی زەروورەت ناتوانرێ لە شیعری شاعیرێکی سویدی یان رووسیدا بەدی بکرێت. هـەروەکو چـۆن بناغـەی خانوو قەبر لە هەرێمی ساردو فێنك لەگەڵ هەرێمی وشکانیدا جیاوازی هەیە، بناغەی شـیعر و عیرفانیش تیایاندا جودایە. کاریگەریی رۆژگار یان سەردەم جێگەی گومان نییە، سەردەم لە سەر نەژادو دەوروبەریش کاریگەری هەیـە. هـەروەکو چـۆن گیـا لـە هـەموو وەرزەکـانی ساڵدا وەکو یەك نەشونما ناکات، مرۆڤیش لە هەموو سەردەمو رۆژگارێکی مێژوودا بـە یـەك شێوە گەشەی نەکردووە. هەر سەردەمەو ئەرکو پێویستی خۆی هەبووە، بە هەرحاڵ، ئـەو سـێ هۆکـارە هـیچ کامێکیـان بـە تـەنیا کاریگـەرییان نییـە، بـەڵکو کاریگەرییەکـە هـی هەرسێکیانە پێکەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی کە نابێ کاریگەریی ئەو سێ هۆکـارە لـە سـەر یـەکتریش پشـتگوێ بخرێـت، راسـتە، کـە تـاك بەرهـەمو لـە دایکبـووی کۆمەڵـە، بـەڵام لـە هەمانکاتدا زۆر جاریش هۆکارو بزوێنەری کۆمەڵیشە.

زەوق و داهێنانی تاك بە حوکمی ئەوەی لـە مێـژوودا هـاتووە، زۆر جـاران لـە گـۆڕان و کـامڵبوونی جیهاندا،کـە هەڵبەتـە تـا ئەندازەیـەك بزاوتێکـی حـەتمی هەیە،کاریگـەری خـۆی بەخشیوە. توانای داهێنان و ئەفراندنی تاك زۆر لە توانای سەردەم و نەژاد لە هاتنەکایـەی کاریگەریی زەوقو هونەردا بەهێترە.

سـەرەتا لـە بەرهــەمی زەوق و ئەدەبیاتــدا، سـۆزو بیروبۆچــوونی تــاك زۆر رەســەنترو هونەرمەندانەترەو هەر چەندە بزاوتی تاکخوازی لە شیعردا بەرجەستەتر بێت ئـەو شـیعرانە رەسـەنترو داهێنانـەترن،جیاوازی نێـوان شـاعیرانی لاسـاییکەرەوەو شـاعیرانی داهێنـەر لەوەدایە، کە لاساییکەرەوەکان تەنیا هەست و سۆزی گشتی و هاوبەش و ئاسایی بێگومان ناچیزو بێ نرخ دەردەبڕن بە پێچەوانەشەوە،ئەوانی دی هەستو سۆزی خودی و تاکەکەسی راستەقینەی خۆیان دەردەبڕن.

ئەمە بجگە لـەوەی کـە هـەر تاکێـك لـە ژێـر کاریگـەری ژینگـەی خێـزان و پـەروەردەی تایبەتی خۆیەتی، بە کورتی ئـەو رەخنەیـەی کـە لـە میتـۆدی رەخنـەی کۆمەڵایـەتی و بـە تایبەتی میتۆدی **(تین)** گیراوە ئەوەیە کە بە تەواوی و جوودی تاکی فەرامۆش کردووە.

## رێبـازی رەخنەی دەروونی:

هەنـدێ لـە رەخنــەگران، لـە رەخنــەی ئەدەبیـدا پشـت بـە خاسـیەت و بنــەماکانی دەروونناسیی دەبەستن.ئەو رەخنەگرانە هەوڵ دەدەن بـاری دەروونـی و عـەقڵی شـاراوەی شاعیر یـان نووسـەر دەربڕن،توانـای دانـان و ئامـادەیی پێکهاتـەی زەوق و قەریحـەی ئـەو هەڵسەنگێنن، هێزی سۆزو خەیاڵاتی وی دیاری بکەن و ئـەو کاریگەرییانەی،کـە دەوروبـەرو کۆمەڵ و دابونەریت لە هاتنەکایەی ئەو بارە دەروونییەدا بخەنە بەرباس و لـەو رێگەیـەوە جۆری بیرو بنیادی گیانی و زەوقی شـاعیر نیشـان بدەن.ئـەم میتـۆدە رەخنەییـە سـەرەتا دەیەوێ لە مەسەلەی ماددەی شیعر و ئەدەب بکۆڵێتەوە،لـەو خاڵـەدا کـە شـیعر و ئـەدەب وەکو هەموو بەشەکانی هونـەر بـەر لـە هـەموو شـتێك بـرییتین لـە هێنانەکایـەی دنیایـەکی تازە،کە رۆح و دڵی بنیادەم تیایدا دەشڵەژێو لە هێنانەکایـەو داهێنـانی دنیایـەکی وەهـادا هەموو توانای دەروونی هونەرمەند بەشدار دەبێت،مەسەلەیەکی ئەوتۆیە، کـە زۆربـەی ئـەو فەیلەسـووف و حەکیمانــەی پێـڕەوی بنــەماکانی (کانـت) دەکـەن، پشـتیگری دەکەن.لـە نەزەری (کانت)دا بۆ یەکەمجار ئەو مەسەلەیەی بەشێوەیەکی زانستی خستەڕوو،کە شیعر و هونەرەکانی دی،بریتین لە جۆرە چالاکییەکانی هەماهـەنگ و رێکـوپێکی تـەواوی چـالاکییە دەروونییەکان، کە بێ هـیچ کـۆتو بەنـدێکی جیهـانی وێنەکێشـراو سەرچـاوە دەگرێت.لـەم رووەوە دەتــوانرێ بگوترێ،کــە هونــەر لــە رووی ســایکۆلۆژییەوە بریتییــە لــە رێکــی و هاوسەنگییەك لە نێوانی خەیاڵ و هێزی ئیدراك،کە لە هەمانکاتدا شتێکی دەرەکیش لەگـەڵ ئەم دوو هێزەدا لەبەرچـاو گیرابن،کـەوابوو هـەروەکو دەرکـەوت هونـەرێکی بـە شـێوەیەکی گشتی و تایبەتی شیعرو ئەدەب بریتییە لە گونجان و هاوسەنگییەکی دەروونی و زەینی،کە لە ئەنجامی هۆکاری مەعریفییەوە بە دەسـت دێـت و لـە بـارێکی هەسـتیدا دەردەکـەوێت، وەستان و هەستی مرۆڤ بەرامبەر ئەو هەماهەنگییـە بڕیـاری (جوانناسـیی) لێدەکەوێتـەوەو هـەر ئـەو بڕیاردانەشـە کـە پرەنسـیپی چـێژ لـە بینینـی هونـەرە جوانـەکان و سەرچـاوەی رەخنەو هاوسەنگی هونـەریی و ئـەدەبی دیـاری دەکات.بـەم شـێوەیە، شـیعر و ئـەدەبیش هەروەکو هونەرەکانی دی دیاردەیەکی دەروونین، لە لایەکی کەوە کە شـاعیر یـان نووسـەر کە داهێنان دەکات لەلایەکی ترەوە کە خوێنەر دڵخۆش دەکات،چـونکە لـە ڕووی پێوەنـدی یان لایەنی شاعیر و نووسەرەوە شیعر و ئەدەب دەسـتکردنی خـەیاڵێکی داهێنەرانەیـەو بـە

بەرهەمی ئیلهامی هونـەریو جەزبـەی زەوقـی دەژمێردرێت.ئەمـە ئـەو مەسـەلانە لـە وتـەی دەروونناسەکاندا دەردەکەوێتو ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنێ کـە شـیعرو ئـەدەبیات جگـە لـە دیاردەیەکی دەروونی هیچی تر نییە،بەلاَم لە رووی لایەنی پەیوندیـدار بـە خوێنـەر، شـیعرو ئەدەبیات بزوێنەوی دەروونییە کە لە مرۆڤدا دەبێتە هۆی لەززەتو غەمو کاری تێـدەکاتو دەیوروژێنێ هەنـدێ جـار وادەکـات، کـە ئـیرادەو کارێك ئـەنجام بـدات، ئـەو مەسـەلانەیش دیسـانەوە کـاری دەروونناسـەکانەو بـەو پێیـەش شـیعر و ئـەدەبیات مەسـەلەیەکی دەروونناسییە.

لە شیعری شاعیرێکدا دەتوانرێت کە سۆز و ئەندێشەی ئەو دیاری بکرێت؟ بزوێنەری ئەو یان لە ئەندێشەو ئیلهامی خۆیدا چ شتێك کـاری تێکـردووە؟ زۆربـەی کـات سـیفات و بـاری دەروونی سەردەمی خـۆیو هاوچـەرخەکانی دەتـوانرێ بـە سـەر ئـەودا دیـاری بکرێـت. بـە کـورتی شـیعری هـەر شـاعیرێکی ناسـراو خاسـیەتو تایبەتمەنـدیی خـۆی هەیـە یـان بەدەستەواژەیەکی تر بە دەروونناسی ئەو لە قەڵەم دەدرێت، بە هەمان شێوە رەخنەش، لە دیدی لێکۆڵەرێك کە لە باری دەروونی دەکۆڵێتەوە بە دەروونناسیی ئەو یان هەڵسەنگاندنی ئەو دەردەخات هەر لەبەر ئەو خاڵەشە،کە رەخنەی دەروونناسی لە هەموو بەشەکانی تـری رەخنەو جۆرەکانی تر بە گرنگترو قووڵتر دادەنرێت.[1]

[1]: بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی رەخنەی دەروونی، بڕوانە: سامی الدروبی، علم النفس والادب (معرفة الانسان بین بحوث علم النفس و بصیرة الادیب والفنان)، القاهرة، ١٩٧١.د.عزالدین اسماعیل، التفسیر النفسی للادب، الطبعة الرابعة، مکتبة غریب للنشر، ؟. دکتر عبدالحسین فرزاد، دربارەء نقد ادبی، چاپ دوم، نشر قطره، تهران، ١٣٧٨، ص٧٨-٨١.

رەخنەی سایکۆلۆژی لە رەخنەی نوێدا پانتاییەکی گەورەی داگیر کردووە، تیری ئیگلتۆن دەڵێ (دواجار دەگەینەئەو ئاکامەی، کەگرفتی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لە بنچینەدا گرفتێکی ئابوورییە)، ئەمە فرۆید بوو نە وەکو کارل مارکس لە میانەی ((دەسپێکێك بۆ دەروونناسیی))دا ئەم دەستەواژەیەی خستەروو.هەروەها دەڵێ ئەگەر مارکس سەرتای پێویستییەکانی ئێمەی لە گۆشەی کۆمەلاَیەتی و چینەکانی کۆمەڵ وشێوازەکانی سیستمی سیاسی تایبەت بە خۆیان روون کردەوە فرۆید لە کاریگەری ئەوەی بەسەر ژیانی سایکۆلۆژیدا کۆڵییەوە.بڕوانە:تری ایگلتون، پیشدرامدی بر نظریەء ادبی، ویراست دوم، ترجمەء عباس مخبر، نشر مرکز، تهران، ١٣٦٨، ص ٢٠٨-٢٦٥.

## ڕێبازی ڕەخنەی مێژوویی:

ڕەخنەی مێژوویی شێوەیەکی یان میتۆدێکی ڕەخنەیی باوەو بەلای ئەو ڕەخنەگرانەوە ڕووداوی مێژوویی بەسە بۆ سەرنجدانو دەرخستنی چۆنیەتی و نرخ و بەهای بەرهەمی ئەدەب. لە ڕاستیدا ڕەخنەی مێژوویی بە هۆکارێك بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەب دادەنرێت. ئەڵبەتە مێژووی ئەدەب، لەو ڕووەو کە ناساندنی بارودۆخی کۆمەلایەتی هەر میللەتێکە گرنگییەکی زۆری هەیە،بەلام ڕەخنەو لێکۆڵینەوەی ئەدەبیات ناتوانێتو ناشێت بە تەنیا بە میتۆدی مێژوویی ئەنجام بدرێت. لایەنی جوانی هونەریی کە لە بەرهەمێکی ئەدەبیدا سەرنجی ڕەخنەگر بەلای خۆیدا ڕادەکێشتی بە تەنیا ڕەوتی مێژوویی ئەو بەرهەمە نییە.

شیعر و بەرهەمێکی ئەدەبی (بێ ناو) کە دلڕفێن و هەست بزوێن بێت، با سەردەم و زەمانی نووسەرەکەیشی دیار نەبێت دەتوانرێت بخرێتە بەر باری سەرنجەوە، زۆر پەرستگاو کۆشك و تەلاری کۆنی جوان لە کاتێکدا ناوی دروستکەر و مێژووەکانیشیان نازانین کەچی چێژ و لەززەت لە جوانییان دەبینین.

کەوابێ لە تێگەیشتنی شیعر و ئەدەبیشدا وەکو هەموو بەرهەمێکی جوان ڕەخنەی مێژوویی هەرچەند بە سوود و پێویستیش بێت، ناتوانێ ئەو بەرهەمە دەوڵەمەند بکات یان بە تەنیا هیچی بۆ بکرێت، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو کەسانەی هەوڵیانداوە لە ڕووی مێژووییەوە ڕەخنە لە بەرهەمی شاعیران و نووسەران بگرنو لێی بکۆڵنەوە، لە ڕاستیدا هەمیشە بە پێچەوانەی خواستی خۆیان زیاتر هیچیان نەکردووەو کە لەسەر ژیانی نووسەر و شاعیران پەردە لەسەر کاریگەری و هەست و سۆزی ئەوان لابدەن، ئەو سۆز و کاریگەرییانەی کە ڕاستەوخۆ دەبنە هاتنەکایەی بەرهەمی شاعیران و نووسەران، نووسەرانی مێژووی ئەدەب ئەگەر ئەو شاعیر و هونەرمەندەی باسی دەکەن پەسەندی بکەن و خۆشیان بوێ، ژیان و بارودۆخی ئەو بە شێوەیەك باس دەکەن کە کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هەست و بۆچوونی پاك و ڕەسەن و بەرزەوە، خۆ ئەگەر ڕقیشیان لێ بێت پێوەندیی ژیانی ئەو یان ڕەنگدانەوەی ژیانی دی لە بەرهەمەکانیدا بە شێوەیەکی ناهەمواری بێ بایەخ و ڕەونەق دەردەخەن.

بە کورتی ڕەخنەی مێژوویی لە چەندین شێوەدا خۆ دەنوێنێ. هەندێ جـار هەوڵـدەدات لە نێوانی ژیانی شاعیر و بە بەرهەمەکەیدا جۆرە پێوەندییەکی ڕۆنان ئامێز بدۆزێتەوە. لـەو حاڵەتـــەدا بابـــەت و قارەمـــانی داســـتانی ڕووداوەکـــە شـــاعیر خۆیـــەتی و لـــە دەربـــڕی سەرگوزەشتەی ژیانی خۆی زیاتر شتێکی تر نییە. هەندێ جاریش هەوڵدەدەن کە بەرهەمی شـاعیر وەکـو ئاوێنەیـەك نیشـان بـدەن کـە ڕووداو و بەسـەرهاتی مێـژوویی بۆتـە هـەوێنی بەرهەمەکە، لە ڕاستیدا ئەم جـۆرە ڕەخنەیـە تـەنیا هەوڵدانێکـە بـۆ دۆزینـەوەی پێوەنـدیی نێوان دوو گوتەکە کەم و زۆر پێوەنـدییان پێکـەوە هەیـە، بـە هـەرحاڵ ڕەخنـەی مێـژوویی لەگەڵ ئەو هەموو ڕەخنەو نارەزاییەی کە لەسەریەتی، ڕێبازێکـە وەکـو هـەموو ڕێبازەکـانی دی سوودی خۆی هەیە ئەگینا بێ سوودی کەم و کورتی هەیە.

لە ڕەخنەی مێژووییدا وەکو مێژوو یەکەمین هەنگاو لێکۆڵینـەوە لـە ڕاسـتیو دروسـتیی بەڵگەکانە.بە کورتیی، مێژووی ئەدەب ئامانجو ئاکامی ڕەخنـەی مێژووییـەو لـە هەمانکاتـدا پێشینە و ئامرازی دەستی ئەوە، چونکە هەمیشە لێکۆڵینەوەو بڕیاری مێژووی ئـەدەب بـۆ لێکۆڵینەوەی دەقی تازە بە سوود و کاریگەرەو لە هەمانکاتدا ئەگەر وا بزانین لێکۆڵینەوەی دەقەکان بـۆ بڕیـاردان و لێکۆڵینـەوەی مێـژووی ئـەدەب ڕەخنەیـە لـە ڕابـردوو و ڕەخنـەی ئەدەبی بە تەنیا پێوەندی بە دەقی نوێوەە هەیەئەوا ئەم بۆچوونە ڕاست نییە.

جیاوازیی ڕاستەقینە لە نێوانی ڕەخنەو مێژووی ئەدەب لەوەدایە، کـە مێـژووی ئـەدەب وەکو هەر جۆرە مێژوویەکی دی تـەنیا دەبـێ لـە ڕێگـەی ڕەخنـەی بەڵگەنامـەو دیـدارو دان پیانانەوە لـە دەقـی ئـەدەبی بکۆڵێتەوە،بـەڵام (ڕەخنـە) جگـە لـەو شـێوازانە دەتوانـێ بـە شێوازی تر، بـۆ نموونـە سـوود لـە ڕێبـازی ڕەوشـتی کۆمەڵایـەتی، دەروونناسـی و بنیـادی هونەریی وەربگرێ.

بە هەرحاڵ ڕەخنەی مێژوویی یـەکێ لـە ڕێبـازە کاریگـەر و بـە سـوودەکانی ڕەخنـەی ئەدەبییەو هەڵبەتە ڕەخنەگر بۆ ئەوەی بە شارەزاییەوە کاری خۆی بکات، دەتوانـێ وەکـو ڕێبازەکانی دی سوود لە بەکارهێنانی ئەو ڕێبازەیش وەرگرێ و پشتگوێی نەخات.

# ڕەخنەی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی

هەواڵنامەی کتێب

## ناساندنی تیۆری ئەدەبی:

تیـۆری ئـەدەبی کۆمەڵـە یاسـاو دەسـتوورێکە، کـە لـە ئـەنجامی خوێندنـەوەی دەقـە ئەدەبییەکە بەرهەم هاتوون هـەوڵ دەدات شیکردنەوەیەك بۆ دەقـە ئەدەبییـەکان بکـات، واتاو رەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەو دەقە لە روانگەی جوانناسییەوە روون بکاتەوە، بەڵام بەو پێ یە تیۆری ئەدەبی لقێکی زیندووی ئەدەبیاتە بۆ کارئاسانی خۆی پێویسـتی بـەهاوکاری یارمــەتی هونــەرەکانی تــری ئــەدەبی هەیــە بــە تایبــەتی رەخنــەی ئــەدەبی و ئــەدەبی بەراوردکاری واتە بە هــەموویان دەتـوانن لـە لێکۆڵینـەوەی ئەدەبیـدا رۆڵـی چـالاك ببیـنن[١]. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی ئـەوەمان بـۆ روون دەکاتـەوە، کـە جـاران زانسـتە سروشـتییەکان و زانستە کۆمەڵایەتییەکان هێندە ژمارەیان زۆر بووە وە هێندە ئاڵۆز نەبووە، بەڵام ئەمڕۆ بە تایبەتی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمەوە چەمکی گەشەکردن و پێشکەوتن و پەرەسەندن و گـۆڕان وەك هەنـدێ چـەمکی تـازە لـە بـواری زانسـتیدا هاتوونەتـە پێشـەوە لـە هونـەرو ئەدەبیاتیشـدا بـە تایبـەتی لـە تیـۆری ئەدەبیـدا پـەیڕەویان لێ دەکرێـت، کـەوابێ لێـرەدا پرسیارێك سـەرهەڵدەدات ئـەویش ئەوەیـە، کـە ئایـا وەك زانسـتەکانی تـر گەشـە دەکـات؟ بێگومـان لەگـەڵ دەرکـەوتنی تیۆرەکـەی (چـارلس داروێـن)دا بـە ناوونیشـانی (بنەچـەی رەگەزەکان) لە بواری ئەدەبیشدا تاقیکرایـەوەو سـوودی لێبینـرا، بـە تایبـەتیش لـە سـاڵی (١٩٥٧) دا (سپینسەر) کتێبێکی بەناونیشانی (**پێشـکەوتن و یاسـاو هۆیـەکانی**) نووسـی و ئەوەی روونکردەوە، کە لە نێوانی مێـژووی هونـەرو ئەدەبیاتـدا هـەروەکو زانسـتەکانی تـر گەشەکردن بەدی دەکرێت، ئەمە بووە دەروازەیەك و دواتر چـەندین رەخنـەگر لەسـەر ئـەم بۆچوونە بەرهەمەکانی خۆیان نووسی، بەتایبەتی لـە بـواری رەخنـەی کۆمەڵایەتیـدا، واتـە چــۆنیەتی کاریگــەریی کۆمەڵگــەو داب و نــەریت و ئــەو گۆڕانکارییانــەی بەســەر ژیــانی کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئابووریدا دێن و لەسەر بۆچوون و رامـانی نوسـەر و لـە پێکهێنـانی دەقێکی ئەدەبیدا بە شێوەیەکی گشـتی رۆڵـی خۆیـان دەبیـنن، وەکـو ئـەوەی رەخنـەگری فەرەنسی (**تین Tain**) بە کاریگەری ژینگەو رەگەز ودەوروبەر ناوی دەنێت، ئەم کێشـەیە لە رۆژی ئەمڕۆدا لە ئەدەبیاتی میللەتانی رۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەستی پێ دەکرێت، بۆنموونە

---

[١]: بۆ پێناسەی تیۆری ئەدەبی و پێوەندی بە دەقی ئەدەبی و رەخنەی ئەدەبییەوە بڕوانە:
Roger Webster, Stuying Literary Theory,An Introduction, London,1990,P.4-30.

نووسەرێکی بەناوبانگی وەك (رێنیە ویلیك)، کە لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (چەمکەکانی رەخنە)[1] دا باسی ئەو لەیەك چوونەو بەیەك داچوونە دەکا،کە پێیوایە ئەستەمە بتوانرێت سنوورێك بۆ هەریەك لە ژانرە ئەدەبییەکان دابنرێت،چونکە ئەو تێکەڵاوی و بەیەکداچوونە لێك جیاناکرێتەوە یان کارێکی قورسە، بۆ نموونە لێکۆڵینەوەی دەقێکی ئەدەبی لە روانگەی تیۆری ئەدەبیدا بە بێ مێژووی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبی و تەنانەت ئەدەبی بەراوردکارییش جێبەجێ ناکرێت، ئەمە بێجگە لەوەی جیاکردنەوەی نێوان شیعر و پەخشان ئاسان نییە، بە تایبەتی لە رۆژگاری نوێدا، شیعری نوێ پشت بە کێش و قافیە نابەستێ بەڵکو لە رێگای مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکان هاوسەنگییەك لەنێوان وشەکان لە زەینی خوێنەردا دروست دەکات، بە تایبەتیش پشت بە هێما دەبەستێ، لەم بوارەدا لێکۆڵەر پێویستی بەوە دەبێ کە باری دەروونی نووسەری دەقەکە یا رۆژگار و سەردەمەکەی وەك پێوەرێك لەبەرچاو بگرێت.

- **چەمکی شیعر لای یۆنانییەکان:**


ڕەخنەگرەکان سەردەمی یۆنانییەکان بە سەردەمی پێش مێژوو یان سەردەمی گریك و ئەسینی ناودەبەن، ئەو سەردەمەی یۆنانی و رۆمانەکان بەسەردەمی زێڕینی فکری فەلسەفی لە قەڵەم دەدرێت، واتە مەبەست ئەو کلتوورە رۆشنبیرییەی بە تەنیا موڵکی ئەوان نییە، بەڵکو دەستکەوت و دەرئەنجامی رۆشنبیرییەکی جیهانی مرۆڤایەتییە واتە لە ئەنجامی تێکەڵاوبوونی شارستانییەتی رۆژهەلات و رۆژئاوادا دروست بووە، بەو مانایەی کە یۆنانییەکان لە ئەنجامی شەڕەکانی سوودیان لە رۆشنبیری رۆژهەلات وەرگرتووە، مێژوونووسەکان بە شێوەیەکی گشتی مێژووی ئەوروپا بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکەن: قۆناغی یەکەم لە سەرەتاوە تا سەدەی چوارەمی زایینی واتە سەردەمی بلاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ئەوروپا، قۆناغی دووەم لە سەدەی چوارەمەوە تا سەدەی شازدەهەم بە سەدەکانی ناوەڕاست ناو دەبرێت واتە زیاتر لە هەزار ساڵ لە مێژووی نەتەوەکانی ئەوروپا، کە لەو سەردەمەدا دوو دەسەڵات بەسەر ئەوروپادا زاڵ بووە، دەسەڵاتێکی ئایینی، کە پیاوانی کەنیسە بوون و هەروەها دەسەڵاتێکی ئابووری، کە ڕژێمی

[1]: بڕوانە: رينية ويليك، مفاهيم نقدية، ترجمة: د.محمد عصفور، سلسلة عالم المعرفة-الكويت، ١٩٨٧.

دەرەبەگایەتی بوون، قۆناغی سێیەم لە سەدەی شازدەهەمەوە تاکو ئەمڕۆ بەردەوامـە، بـە واتایەکی تر سەردەمی ڕێنیسانس (بووژانەوە)، لەو سەردەمەدا گۆڕانێکی گـەورەی بەسـەر فکرو رۆشنبیری ئەوروپادا هات.

## - ئیفلاتـوون و شیعر:

**(ئیفلاتـوون٤٢٧– ٣٤٧پ.ز.)**: وەك فەیلەسـووفێکی دیـار لـە شارسـتانێتی یۆنانـدا ئـەو بۆچوونانەی دەریبڕیوون نموونەیەکی زیندووی بیرکردنەوەی سەردەمی ئەون، بـە تایبـەتی لـە سەرچـاوەی یەکەمـدا بەناونیشـانی (گفتوگۆکـانی ئـەیۆن) سـاڵی٣٩٠ پ.ز) نووسـراوە، کتێبەکە لە شێوەی گفتوگۆ لە نێوان دوو کەسدا واتە کەسـێ پرسـیار دەکـا یـەکێ وەڵامـی دەداتەوە، بەڵام لەوە دەچێ، کە هەردوو کەسەکە ئـەفلاتوون خـۆی بێت ئەگەرچـی ئـەوە دەزانین، کە ئەیۆن یەکێك بووە لە پیاوچاکانی سەردەمی ئەو، ئیفلاتوون لـەو بەرهەمەیـدا، کە بە پێی تیۆری زانین شاعیران دەخاتـە خانـەی سـێیەم، واتـە لـە دوای جیهـانی ئایـدیاو جیهـانی هەسـتەکان لـە جیهـانی سـێبەردا جێگایـان دەکاتـەوە، واتـە دەیـەوێ بڵـێ ئـەو کەسانەن، کە لاسایی لاسایی دەکەنەوە، بەڵام لە بارەی ئیلهامی شیعرەوە بەهرەو ئیلهامی شاعیران بەم شێوەیە وێنە دەکێشێت:



لە ڕاستیدا دەیەوێت پێمان بڵێ پارچە موگناتیسی ئەڵقەی یەکەم بە توندی ڕادەکێشێ، ئەڵقەی دووەم کەمتر لە ئەڵقەی سێیەم بە لاوازی، ئەمەی لەسەر (بوون)دا تاقیکردۆتەوە،لە جێگـای خواوەنـدی شـیعردا ئەڵقـەی یەکـەم شـاعیر،ئەڵقەی دووەم شـیعرخوان سـێیەم شیعردۆست (جەماوەر)یش ئەڵقـەی چـوارەم واتـە شـاعیر ئەڵقـەی یەکـەم، دووەم شـیعری خـوان، سـێیەم جەماوەر.بـە پێـی ئـەو هێلکارییـە بێـت توانـاو بـەهرە لـە کەسـەکاندا جیاوازە،واتە شاعیر ئەو کەسەیە،کە ڕاستەوخۆ لە خواوەندەوە نزیکە بۆیـە توانـای دانـانی شیعری هەیە،بەڵام ئەڵقەی دووەم شیعرخوانە ئەگەر چی توانای دانانی شـیعری نییە،بـەڵام گوێچکەیەکی مۆسیقیی ئەوتۆی هەیە،کە دەتوانێ ژمارەیەکی زۆر شیعر لەبـەر بکا،ئەڵقـەی سـێیەم ئاسـاییە ئـەو دوو توانایـەی پێشـتری نیە،بـەڵام دەتـوانێ تـەنها چـێژ لـە شـیعر وەربگرێت، ئیفلاتوون هەوڵدەدات وەکو فەیلەسووفێك ئەو ڕاستییەی خۆی باوەڕی پێیـەتی بەسەر دیاردەکاندا جێبەجێ بکات.ڕاستی یان حەقیقەت بەلای ئەوەوە بریتییە لـە جیهـانی خواوەنـد یـاخود (ئایـدیا)، کـە مەڵبەنـدی وێنـەو ڕاسـتی و ڕووداوەکـانی ژیانە،بـەو پێیـە ئیفلاتـوون دژایـەتی شـاعیرانی کردووە،چـونکە شـاعیران بۆچـوونەکانیان یـان وتـەو بەرهەمـەکانیان لەسـەر سـۆزو خـەیاڵ و ئەندێشـەدا دامەزراوە،کـە لەگـەڵ پێـوەری ئەقڵـدا ناگونجێ و ناتەبایە،بە واتایەکی دی ئیفلاتوون پێیوایە شاعیر تا ئەو کاتەی ئیلهامی بۆ دێت و لە ئەقڵ دادەبـڕێ ئـەو کـات دەتـوانێ داهێنـان سـاز بکـات، ئەگـەر لـە جـۆرە شـێعرێکدا شارەزاو پسپۆڕە ئەوە بە دەست خۆی نییەو هێزێکی سەرووی خۆیەتی فـەرمانی بەسـەردا دەدا.دیسانەوە لە بارەی وەستایی و شارەزایی شاعیران ئیفلاتوون بە بـێ توانـا وەسـفیان دەکات و پێیوایە سەنعەتکار و پیشەوەرەکان لە کارەکانی خۆیان زۆر لـە هـۆمیرۆس زیـاتر دەزانن.ئەمە بێجگە لـەوەی لـە بـاری ڕەوشتیشـەوە شـاعیران نـابێ وەك مامۆسـتا چـاو لێ بکەین،چونکە قسەی بێ ڕێ و جێ دەکەن و قسەکانیان دروست نین.

ئیفلاتـوون لەسەرچـاوەی دووەمـدا، لـە کتێبـی (کۆمـاری خێرەومەنـد)، کـە لـە سـاڵی (۳۷۱پ.ن)نووسراوە داوا دەکات، کە دەبێ شاعیران لە کۆمارەکەمانـدا دەربکـرێن، چـونکە ئەوانە خەڵکی هەڵدەخەڵتێن، چەند نموونەیەك دێنێتەوە، ئاماژە بەوە دەکـات ئایـا شـاعیر وەکـو (**سـۆلۆن**) وەك یاسـادانەرێك دەتوانێـت یاسـایەك بـۆ کۆمـەڵ دابڕێـژێ، کـە سـوودی هەبێ؟!هەروەها ناشتوانێ وەك فەرماندەیەکی سەربازیی یان وەك جەنگاوەرێك بجەنگێ لە

پاراستنی یۆنـان دژی دوژمـن و داگیرکـەران دەور ببینێـت، بۆیـە ئەوانـە وەك كەسـانێكی مشەخۆر ژیانیان لەسەر خەڵكی ترە خۆیان هیچ كاریگیان لەدەست نایەت، لە بارەی ئـەرك و وەزیفەی شاعیران رەشبینانە دەڕوانێ و پێیوایە شاعیرێكی وەكو هادیس لاوەكان لـە ڕێ دەردەكات و وایان لێدەكات بەدوای هەوسو ئارەزووەكانی ژیاندا وێڵ بن و لە گیانفیـدایی و خۆبەختكردن بۆ خاك و نیشتمانەكەیاندا خـۆ ببوێرن.بنچـینەی ئـەو بیروبۆچـونانە لـەوەوە سەرچاوەی گرتووە،كە لە بەرهەمی یەكەمـدا ئیفلاتـوون وەك گـەنجێكی دڵ پـڕ لـە سـۆز و خرۆشان بیردەكاتەوە،حەزی بە شـیعرە تەنانـەت هەنـدێ سەرچـاوە ئامـاژە بـەوە دەكـات خۆشی دەسـتی شـیعر نووسـینی هـەبووە یـان هـیچ نـەبێ لـە ژێـر كاریگـەری شـیعرەكانی (هـۆمیرۆس)دا بـووە.دەبێ ئامـاژ بـەوەش بكـەین، كـە ئیفلاتـوون وەكـو پاسـاوێك بـۆ بۆچـوونەكانی پێیوایـە دەكـرێ شـاعیر لـە كۆمارەكەیـدا هـەبێت بـە مـەرجێ شـیعرەكانی سوودمەند بن و لە ژێر چاوەدێری فەرمانڕەوایاندا نووسرابنەوەو هەموو كەسیش بـۆی نییـە ئەو كارە بكات ئەوانـە بن،كـە لـە رووی كۆمەڵایەتییـەوە ئابڕوومەنـدن و جێگـەی دیارییـان هەیە.یـەكێ لـە جیاوازییـەكانی تێڕوانینـی **ئیفلاتـوون** لەگـەڵ دوای خۆیـدا ئـەوە بووە،كە ئیفلاتوون باوەڕی بە گۆڕان نەبووە بەڵكو لەسەر بنچینەی (**میتافیزیكی**) هەموو دیاردەكان شی دەكاتەوە واتە هەنگاو بە هەنگاو تاقیكردنەوە ساز ناكات بۆ ئـەوەی بگاتـە راسـتییەك بەڵكو بە پێچەوانەوە راستییەكی لـە مێشـك دایـە هـەموو دیاردەكـانی تـر لـەوەوە دروسـت بوون.

ئیفلاتـوون لـەبارەی شـیعر و هونـەر و ئەدەبیاتـەوە پێیوایە،كـە زانسـت هـەموو ژیـان دەگرێتـەوە هەروەها باوەڕی بە تـەواوی بـەوە هـەبووە، كـە تیـۆری لاسـاییكردنەوە دەبـێ رەتبكرێتەوە،بەڵام ناكرێ نكۆڵی لەوە بكرێت، كە ئیفلاتوون هەوڵیداوە توانای ئاوێتـەبوونی نێوان هونەرو فەلسەفە بدۆزێتەوە و ئەو ستاتیكایەی ئیفلاتوون لە رووی تیۆرییەوە هەستی پێكردبوو،یەكەمجار لە بوونە هەستییەكاندا دۆزییەوە.دواتر لەسەر كەساندا جێبەجێیكرد و لە ئاكامدا گەیشتە ئەوەی (هونەر سەرچاوەكەی ئیلهامە)[1].

ئەم بۆچوونانەی ئیفلاتوون ساڵەها لە دوای خۆیدا جێگەی مشتومڕ و قسەو بـاس بـوو، قەشە ئۆگستین بۆ مەبەستی ئایینی خۆی زۆری كەڵك لێ وەرگرت.

[1]: الدكتور شفيق يوسف البقاعي، نظرية الادب، منشورات جامعة السابع من ابريل، ص ٧١.

ئیفلاتوون لە سەردەمێکدا ژیاوە، کە (خۆری کەلتووری دەوڵەمەندی ئێمە تازە خەریکی هەڵاتن بوو، بەڵام لە روانگەی ئەوەوە بارودۆخ و رۆژگار لە خۆر ئاوابوون دەچوو. هەموو رووداو و بەسەرهاتە گەورەکانیش پێشتر روویاندابوو. ئەسینا بە خێرایی بەرەو هەڵوەشانەوە دەچوو. خەڵکی هونەرپەروەر و خەیاڵ ناسکی مێدیترانە وەکو مەڕ بە پێش لە خشتەبەرانی بێ باوەڕ بە رێو شوێنە ئەخلاقییەکان کەوتبوون. لە باری ئایینییەوە باوەڕیان بە خوداوەندە گەورەکان هەبوو، کە هەروەك لە بەرهەمەکانی هۆمیرۆسدا دەردەکەوێ زیناکارو درۆزن و شەڕانی بوون، خەڵکی ئەسینا لەم بارودۆخەدا پێویستییەکی زۆریان بە پەروەردەو ژیری بوو، کە فەیلەسووفەکانی وەکو ئیفلاتوون دەبوا فەراهەمیان کردبایە.)[1].

## ئەرستۆ و شیعر:

**ئەرستۆ** (٣٨٤-٣٢٢پ.ز.)،کە خوێندکاری ئەفلاتوون بووە لە مێژووی رەخنەی ئەدەبییدا شوێنیکی دیارو بەرچاوی هەیە،چونکە یەکەم کەسە،کە کتێب و نووسراوی خۆی بە شێوەیەکی فراوان بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەری تەرخانکردووە،ئەو کتێبانەی،کە ئەرستۆ نووسیونی: (پیوتیکا)[2]هونەری شیعر (ریوتیکا) هونەری دواندەری، کتێبی یەکەم سەرچاوەیەکی پڕ زانیاری و بە کەڵکە لە دوای خۆیشی تا ئەمڕۆش سوود و بایەخی خۆی هەیە،ئەمەش ئەوە دەنوێنێ،کە فەیلەسووفێکی هێندە زیرەك بووە شارەزاییەکی زۆری لە دەروونی مرۆڤدا هەبووە،هەروەها شارەزایی لە هونەرەکانی ئەدەبدا هەبووە، تەنانەت کۆمەڵێ لە رەخنەگرە دیارەکانی رۆژئاوا بە گەورەییەوە لە بەرهەمەکانی ئەرستۆ دەڕوانن،رەخنەگری ئەڵمانی لیسینگ دەڵێ:

کتێبی هونەری شیعری ئەرستۆ وەکو بنەما ئەندازەییەکانی ئەقلیدس بێ کەم وکورتییە)[3].هەندێ لە رەخنەگران لەو باوەڕەن شێوازی نووسینی ئەم کتێبە بە سادەیی و

---

[1]: ورنون هال، تاریخ کوتاه نقد ادبی، ترجمە؛ مجتبی عبداللەنژاد، چاپ اول، انتشارات ترانە، مشهد، ١٣٨٠، ص٦-٧.

[2]: ئەرستۆ، شیعرناسی، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٥.

[3]: دکتر عبدالحسین زرین کوب، اشنایی با نقد ادبی، چاپ ششم، تهران، ١٣٨٠، ص٢١٥.



هەواڵنامەی کتێب

دوور لە وشەی رازاوەو دەستەواژەی خەیاڵی نووسراوە، کە رەنگە وەکو تێبینـی بـۆ خـۆی نووسـی بێت،بـە پێچـەوانەی ئیفلاتـوون، کـە شـێوازێکی هونـەری بـە نووسـینەکانییەوە دیارە.ئەم کتێبـە وردەکارییـەکی زۆری پێـوە دیـارەو بـە تایبـەتی بۆچـوونەکانی لـەبارەی تراژیدیا و حەماسەوە هەتا ئەوڕۆش بە راست دەگەڕێتەوە.

ئەرستۆ هەوڵیداوە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ وەڵامی ئیفلاتوونی مامۆسـتای بداتـەوە یان ئەو پرسیارانەی ئەو وەڵامی نەداونەتەوە ئـەو خـۆی پێـوە مانـدوو بکـات، یـەکێك لـەو بابەتانەی رەخنە لە ئیفلاتوون دەگرێت ئەوەیە،کە دەبێ نرخ و بەهای رەوشتیی شـیعر لـە بەهای جوانی یان ستاتیکی شیعر جیا بکرێتـەوە.دواتر کتێبەکـەی بەسـەر چـەند بەشـێکدا دابەش دەکات و هەوڵ دەدات ئەرکی هەر یەکێك لە جۆرەکانی شیعر دیـاری بکات.سـەرەتا دەربـارەی ماهیـەتی شـیعر دەدوێ و پێیوایـە شـیعر دەرەنجـامی دوو هۆکـارە، یـەکێکیان ئارەزووی لاسایی کردنەوە Mimysis، کە مـرۆڤ هـەر لـە سـەردەمی منداڵییـەوە لاسـایی گـەورەکان دەکاتـەوەو لـەو لاسـاییکردنەوەدا چـێژ و سـوود وەردەگرێـت و زانیـاری زۆرتـر دەبێت، ئەوەی دووەمیان پێوەندی مرۆڤە بە ئیقاع و ئاوازەوە.

ئەرستۆ لە نێو جۆری شیعرەکاندا شیعری درامی بـەلاوە پەسـەندە، چـونکە پشـت بـە لاساییکردنەوە دەبەسـتێت، لـە شـیعری کـۆنی یۆنانیـدا لـە شـێوەی تراژیـدیا و کۆمیـدیادا دەرکەوتووە.

لـەبارەی کۆمیـدیاوە پێیوایـە لـە ئاکـامی هەڵـەو کـەم و کـورتی و ناتـەواوی کارەکـانی مرۆڤەوە سەریهەڵداوەو هەمیشە لە لاساییکردنەوەی سروشتدا مرۆڤ نزمتر لەوەی،کـە هەیـە پێشان دەدات،بە پێچەوانەی ئەوەش تراژیدیا نواندنی ژیانی میرو پاشـاکانەو بـەم شـێوەیە پێناسەی دەکات:تراژیدیا لاساییکردنەوەی کارێکی بەڕێز و بە نرخە.

ئەرستۆ زۆر گرنگی بە تراژیدیا داوە،پێیوایە ئەرکێکی گەورە ئەنجام دەدات، ئـەویش لە باری سایکۆلۆژییەوە پرۆسەی Catharses ئەنجام دەدا و دەروونی مرۆڤ لە تـرس و بەزەیی پاك دەکاتەوە.

جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە،کە (حەقیقەتی شیعریی دەلالەتی زیـاترە لـە حەقیقەتـە مێژووییەکان،چونکە مێژوو زیاتر گرنگی دەدا بە رووداو و کارەساتە وردەکان،ئەوانـەی کـە

لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا روویان داوە،بەڵام شیعر ئەڕوانێتە حەقیقەتـە گشـتییەکان، ئەوانەی کە قاڵبێکی چەسپاویان هەیە..)[1].

## شیعری لیریك Lyric

هەندێ لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە سەرەتاکانی شیعری لیریك لە یۆنان لای (سـاڤۆ)وە دەرکـەوتووە،دواتر لای رۆمانـەکان و لـە سـەدەکانی ناوەڕاستیشـەوە شـاعیرە گەڕۆکەکان بە یارمەتی ئامێری مۆسیقاوە شیعرەکانیان لەگەڵ ئاوازدا پێشکەش دەکرد.لای میللـەتانی ئەنگلۆساکسـۆنی لـە شـێوەی شـیعری میللیـدا دەرکـەوتووەو بـڵاو بۆتەوە،لـە فەڕەنسا قوتابخانە شیعرییەکانی تریفۆرم و ترۆبادۆر لە کەش و هەوایەکی میللیدا گەشەیان کرووە[2]،لە لای میللەتانی رۆژهەڵاتیشـدا شـوێنی تایبـەتی خـۆی هـەبوو تەنانـەت دەتـوانین ئاماژە بەوە بکەین، کە سەرجەم مەبەستەکانی شیعری کلاسـیکی کـوردی دەچـنە خانـەی شـیعری لیریکـەوە، ئـەو مەبەسـتە شـیعرییانە (شـعری وەسـف– سـتایش– پیاهەڵـدان– غەزەل– شیوەن– داشۆرین..... هتد). هەموو ئەم مەبەستە شیعرییانە لە هەسـت و نـاخ و خودی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێن،کە هەست و سۆزێکی زۆرو بـەکوڵ و لەسـەر بنچینەی ئـاواز دامەزراوە،یـەکێ لـە خاڵـە جیاوازەکـانی نێـوان شـیعری کلاسـیکی کـوردی و ئـەورووپی لەوەدایە،کە سەرجەم شیعرە کلاسیکییەکانی ئـەورووپا دەچنە خانـەی شـیعری درامییـەوە واتە لە دوو شێوەدا دەردەکەون،شیعری درامی تراژیدی یان شیعری درامی کۆمیدی.

لە فۆلکلۆری کوردیدا بەشێکی زۆری ئەو هۆنراوانەی،کە بۆ مەبەستی شایی و هەڵپەڕکێ یان شین و لاواندنەوە یان کارکردن گوتراون دەچنە خانەی شیعری لیریکەوە، شیعری لیریك لە سەدەی نۆزدەهەم لەئەورووپادا لەگەڵ دەرکەوتنی ڕێبازی رۆمانسییزمدا گەشـانەوەیەکی زۆری بە خۆوەبینی،لە ئەدەبیاتی کوردییشدا لە سەرەتای سەدەی بیسـتەمدا واتـە لەگـەڵ دەرکەوتنی شیعری نوێی کوردی لەلایەن (عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری و مستەفا شەوقی

[1]: مجید محمود مطلب، شیعر و فەلسەفە، وەرگێڕانی فوئاد مەجید میسری، بەغدا، ١٩٧٨، ل ٣٨.

[2]: بۆچەمکی شیعری لیریك و چۆنیەتی گەشەکردنی لە ئەدەبی ئەورووپیدا بڕوانە:

M. H. ABRAMMS, A Glossary of Literary Terms, Seventh Edition, Cornell University,1999, P.146-147.



هەواڵنامەی کتێب

قازی زادە، پیرەمێرد، شێخ نوری شێخ صالح، گۆران، دیلان، هەردی، کامەران) زۆرتر بلاّوبووەوە. شیعری فۆلکلۆری و میللی کوردی بە شێوەیەکی گشتی شیعری لیریکە، ئەوە نەبێ لە هەر ناوچەیەکی کوردستاندا بە پێی باری جوگرافی و ئاو و هەوای ناوچە و زارەکان کێشی شیعرەکان جیاوازی هەیە، بۆ نموونە وەکو دەردەکەوێ لە گەرمیان و شارەزوور تا هەڵەبجەو هەورامان کێشی (١٠) بڕگەیی زۆرتر بەکار دەهێنرێ و قەتار و ئەللاّوەیسی و هۆرەو سیاچەمانەو بەستەی شایی و هەڵپەڕکێ لەسەر ئەو کێشەن، بۆ نموونە:

شـەوان شـەو ناڵـە، ڕۆژان ڕۆ ڕۆمـە
یـەکجار پـەژارەی دووریەکـەی تۆمـە
هەڵسـە بێـرە لام، نـوور بـە پاتـەوە
دەرمـانی دەردم هـا بـە لاتـەوە
ئەترسـم بمـرم نـەت بینمـەوە
بـە جوانەمـەرگی سـەر بنێمـەوە
دڵـداری خۆشـە بـە هـەردوو سـەربێ
نـەك مـن بسـووتێم ئـەو بـێ خەبـەر بـێ
گەر بێ وەفا بوویت بۆچ بوویت بە یارم
بـۆچ پێـت نـەوتم لـە تـۆ بێـزارم[1]

کەچـی ناوچـەی دەشـتی هـەولێر وخۆشـناوەتی لـە هـۆنراوەی فۆلکلۆریـدا کێشـی (٧)بڕگەیی زۆرتر بەکاردێت، وەکو:

هـێ بـرام سـەرێ مـن دێشـی
غـەم لـە درێ مـن گەلەکـە
دەچـمە دەشـتێ قـەراجی
لـە مـن بەملەکـە ملەکـە
ڕاوکـردن لـەکێ خۆشـە
ڕووارە و غـەرابە لەکـە

[1]: د.شوکریە ڕەسول ئیبراهیم، ئەدەبی فۆلکۆریی کوردی، بەشی دووەم، هەولێر، ١٩٨٤، ل ١٤٣-١٤٤.

ئەشــقێ ســـــــــێ کیــژان لێـــدام
عەیشـــــــــێ و فاتـــێ و گورەکـــــە[1]

له زۆر بۆنەو کتێبی جیاوازدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایا کـام لـە جۆرەکـانی شـیعر لـەوانی تـر کـۆنترە؟ لـە راسـتیدا بـە پێـی گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی و کلتـووری میللـەت و نەتەوەکانەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە لە نیوەدوورگەی عـەرەبی و لـە ئـەدەبی کۆنی عەرەبیدا شیعری لیریك لـە سـەرەتادا هـەبووە و دواتـرێ شـیعری فێرکـردن هاتۆتـە مەیدان، یان مێژوونووسانی ئەدەبیاتی فارسیی لە ئێرانێ سروودەکانی گاتها لـە ئاڤێسـتا، کە دەچێتە خانەی شیعری لیریکەوە بە دەسپێکی شـیعری دادەنـێن، بـە پێچـەوانەی ئـەم بۆچوونانەشەوە زۆر بیروڕایش هەیە شیعری داستانی بە کۆنترین جۆری شیعر دادەنێن و بە تایبەتی لای یۆنان و ڕۆمانەکان، لای ئینگلیز و ئەڵمانـەکان هاوکـات لەگـەڵ جۆرەکـانی تـر وەکو شیعری لیریـك و فێرکـردن شـیعری داسـتانی هاتۆتـە مەیـدان و لەگـەڵ دروسـتبوونی نەتەوەکاندا ئەویش دروست بووە، ڕەنگە هەر ئەمەش بێت وای لـە ڤیکتـۆر هۆگـۆ کردبێـت شیعری داستانی بەسەر شیعری لیریکدا زاڵ کرد بێت و بڵێت شیعری داستانی پێوەنـدی بـە سەردەم و ڕۆژگاری منداڵی و شیعری لیریك پێوەنـدی بـە سـەردەمی گەنجیـەتی و شـیعری فەلسـەفی و عیرفـانی و نمایشـی پێوەنـدی بـە پیریـی کۆمەڵـە. ئەرنسـت بۆڤـە مێـژووی پێشکەوتنی بیری مرۆڤایەتی بەسەر سێ قۆناغـدا دابـەش دەکـات: (گـەنجی و کـامڵبوون و پیری)و لەو باوەڕەدایە، کە هەریەك لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکان لەو سـێ قۆناغـەدا جۆرێك لە شیعری گونجاویان وەبەر هێناوە، بەم پێیە شیعری لیریك پێوەندی بە سەردەمی گەنجی و جۆری داستانی بە دەورانی کامڵبوون و شیعری درامی بە دەورانی پیری کۆمەڵەوە)[2].

شیعری لیریك لەسەر دوو بنچینە دامـەزراوە، یـەکێکیان لەسـەر ئـاواز و ئـەوەی تریـان لەسەر دەربڕینی هەست و سۆزێکی بەکوڵ، کە لە ناخی یان خودی شاعیرەوە دەردەبڕێ و بۆ وەسف و ستایش و..هتد، بۆیە بە لای (دکتۆر عبدالحسین زرین کوب)ەوە شیعری لیریـك

[1]: د.هیمداد حوسێن، چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٦، ل١١.
[2]: دکتر خسرو فرشیدورد، دربارەء ادبیات و نقد ادبی، جلد اول، مؤسسە انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم، تهران، ١٣٧٨، ص ١٠٠-١٠١.

بۆ شاعیر هەست و سۆزە و بۆ خـەڵکی دی بـە خەیاڵداچـوون.[1] لـە بابـەتی بـەراوردی ئـەم جۆرە شیعرەو ئەوانی تر لە روانگەی زمانەوانی و بە تایبەتی بـەکارهێنانی جێناوەکانـەوە، شیعری لیریك زمانی کەسی یەکەمی تاك (من) و شیعری داستانی زمانی کەسی سێەمی تـاك (ئەو) و شیعری درامی زمانی کەسی دووەمی تاك (تۆ)یە.هەروەها ئەوەش دەگوترێـت، کـە شیعری لیریك پەیوەندە بە ئێستا و شیعری داستانی بە رابردوو و شیعری درامی پێەندی بە ئاییندەوە هەیە.[2]

## شیعری درامی:

مەبەست لە شیعری درامی ئەو جۆرە شیعرانەن، کە رووداوێك لـە شـێوەی شـیعردا یـان داستاندا دەردەکـەوێت، کـە شـاعیر هەوڵـدەدات بـە شـێوەیەکی هونـەری بیاننووسـێتەوە. شیعری درامی بەلای یۆنانییەکانـەوە بەتایبـەتی بـەلای ئەرسـتۆوە باشـترین جـۆری شـیعر بووە، شیعری تراژیدی یان شیعری کارەسات و نەهامەتی ئەو شێوازە شیعریەیە، کە شاعیر پاڵەوانەکانی لە چینی بـاڵاو مـیرو پاشـاکاندا هەڵدەبـژێرێ، کـە لـە مێـژووی یۆنانـدا نـرخ و بایـەخی زۆری هەیـە، سـەرەتاکانی شـیعری تراژیـدی پەیوەنـدی بـە جـەژن و سـەیرانی یۆنانییەکانەوە هەیە، کە لە بەهاراندا لە جەژنی خواوەندا (دایۆنیسیس) جۆرەها نمایشـیان پێشکەش دەکرد، لەو دیمەنە شانۆییانەدا، کـە بـە سـەرەتای یـان رەگ و ریشـەی شـیعری تراژیـدی دادەنرێـت، دیـارترین شـاعیرانی تراژیـدی سـەردەمی یۆنانییـەکان بریتییـە لـە **(ئەسخیلۆس، سۆفۆکلیس، یۆربیدیس).**

### ا- درامای تراژیدی

شیعری تراژیدی لە هەندێ خاڵدا لەگـەڵ شـیعری داسـتانیدا یـەك دەگرێتـەوە، بـەلاَم لـە هەنـدێ خاڵـدا جیاوازیـان هەیـە، بـۆ نموونـە هـەردووکیان لاسـایی کـاری بـەرێزو بـە نـرخ دەکەنەوە، هەروەها رەگەزە پێکهێنەرەکانیشیان لە بۆیە دەڵـێن رەگـەزەکانی داسـتان لـە تراژیدیا هەن، بەلاَم بە پێچەوانەوە هەموو رەگەزەکانی تراژیدیا لە داستان دا نین، هەروەها

[1]: دکتر خسرو فرشیدورد، دربارهء ادبیات و نقد ادبی، جلد اول، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، چاپ سوم، تهران، ۱۳۷۸، ص ۱۰۳.

[2]: سەرچاوەی پێشوو، ل ۱۰۳-۱۰٤.

لە مۆزیقاو سروود و گفتوگۆ و هونەری دەربڕین لە تراژیدیادا هەن، بەڵام لـە داسـتاندا نـین، بە شێوەیەکی گشـتی ئەرسـتۆ لـە کتێبەکیـدا هەنـدێ خاسـیەتی بـۆ داسـتان دەستنیشـان کردووە: دیمەنی شانۆیی، بەکارهێنانی یەك جۆرە کێش لـە داسـتاندا، بەتایبـەتی باشـترین جۆری کـێش کێشـی شـەش بڕگەییـە، ڕەنگـە بـەکارهێنانی هـەر کێشـێکی تـر ناشایسـتەو نەگونجاو بێت.

أ) **شێواز لـە داسـتاندا:** ئەرسـتۆ لەبـەر ڕۆشـنایی داسـتانەکانی (هـۆمیرۆس)دا، دەڵـێ: هۆمیرۆس شارەزایە، پسپۆڕە لە داستاندا، بـەو واتایـەی، کـە هـەرخۆی دەزانـێ، کـە لـە چ شوێنێ لە داستاندا شاعیر دەربکەوێ و لە کوێدا دەرنەکـەوێ، بـەلای ئەرسـتۆوە باشـترین شت ئەوە، کە شاعیر باس لە ڕووداوەکان بکات و خۆی دەرنەکەوێ.

ب) لە داسـتاندا هـەروەکو تراژیـدیا شـاعیر پـەنا دەباتـە بـەر شـتی بـاو، هـەروەها کـە زێدەڕۆیی لە بۆچوونەکانیدا نەکات، بەڵکو هەمیشە باس لەو شتانە بکات، کە لەگەڵ زانست و مەنتقدا دەگونجێ، بە شێوەیەکی گشتی بـە لای یۆنانییـەکان تراژیـدیا لـە چـەند بەشـێك پێکهاتووە، ئەو بەشانە بریتین لەمانە:

١- **سـەرەتا** یـان دەروازە: کـە تیایـدا شـاعیر هـەوڵ دەدات سـەرەتایەکی کـورت بـۆ پێشکەشکردنی بابەتەکەی بخاتە ڕوو بە تایبەتی لە دراما شـعرەکاندا ئەکتـەرێ یـان دوان دەست بە گفتوگۆکانی نێوانیان.

٢- **پارچە:** ئەو بەشەش لـە درامـای تراژیـدیا (کـۆڕاڵ) چـەند سـوودێك دەچـڕێ وەکـو پەردەی ئێسـتای دیمەنـە شـانۆیەکان بـۆ گواسـتنەوەی زەینـی بینـەر لـە دیمەنێکـەوە بـۆ دیمەنێکی تر.

٣- **دەرچوون:** بۆیەش ئەو ناوەیـان لێنـاوە چـونکە لـەم بەشـەدا لـە درامـای تراژیـدی یۆنانیدا شاعیر بابەتی پێشکەش دەکات، کە پەیوەندی بە درامای تراژیدیاوە نییە، چـونکە جۆرە دەرچوونێکە لە بابەتە سەرەکییەکە هەندێ ڕەخنەگر سەبارەت بەسەرەتاکانی ڕەگ و ریشەی تراژیـدیا بۆچـوونی جیاوازیـان هەیـە، بـۆ نموونـە یـەکێ لەوانـە پێیوایـە، کـە لـە سەرەتادا یۆنانییەکان کاتێ منداڵێکی ساوایان لێ دەمرد لەسەر گۆڕی ئـەو منداڵـەدا جـۆرە جووڵەو کردارێکیان پێشکەش دەکرد، کە هەست بزوین و پڕ ئازار بوو.

ســەرەتاکانی تراژیـدیا بــە شـێوەیەکی فـراوان بڵاوبـووەوە زاراوەی تراژیـدیا بـەلای یۆنانییەکانەوە بە واتـای (گۆرانی بزن)دێت، بۆیـە ئـەم ناوەیـان لێنـاوە لـە سـەیرانەکانی بەهاراندا پێستەی ئاژەڵان بـە تایبـەتی پێسـتەی بزنیـان دەپۆشـی و پـەڕی باڵنـدانیان بـە کڵاوەکانیانەوە دەبەست، کە دیمەنێکی سەیرو سەرسوڕهێنەریان هەبوو.

## ب- درامای کۆمیدی

### کۆمیدیای کۆن:

شـیعری کۆمیـدیای یۆنـانی هـەروەکو شـیعری تراژیـدیا بەچـەند قۆناغێکـدا تێپـەڕیوە، قۆناغی یەکـەم کۆمیـدیای کـۆن، کـە لـە سـەدەی (٥ پ.ز)دەسـت پـێ دەکـات، کـە چـەند شاعیرێك دەرکەوتن، بەرهەمەکانیان دەنووسییەوە، لەم قۆناغەدا هیچ کۆسپ و ئاستەنگێك لەبەردەم شاعیراندا نەبوو، واتە سەربەستییەکی رەهـا لـە پێشکەشـکردنی بابـەتاکانی لـەو سەردەمەدا و داڕشتنی هونەری بەرزدا هەبووە. لە رووی زمان و داڕشـتنی هونەرییـەوە بـە زمانێکی بەرزی هونەری بەرهەمەکانیان دادەڕشت، کە لە ئاستی تێگەیشتنی خەڵکی سادە و گشتیدا نەبوو.

### کۆمیدیای ناوەڕاست:

لەسەردەمی (٤) پ.ز دەرکەوتووە، سەربەستی و ئازادی بۆ شاعیر نەمایەوە، لـە رووی زمانیشەوە زمانی سادەی خەڵك بەکاردەهات، لە رووی ناوەڕۆك و بابەتیشەوە زیاتر باسـی خەڵکی مشەخۆرو کۆڕوکۆبوونەوەی ماسـی فرۆشـان و ئـەو بابەتانـەی، کـە لـە بازاڕەکانـدا مایەی سەرنجی خەڵك بوون دەخاتە روو، هەر لەم قۆناغەدا ژمارەی ئەندامانی کـۆڕاڵ کـەم کرایەوە، ئەگەر لە قۆناغی پێشتر ژمارەیەکی زۆرتر بەشدارییان دەکـرد، بـەڵام لـە قۆنـاغی ناوەڕاستدا ژمارەی ئەندامان بریتی بوون لە (١٢) کەس، کە زۆربەی کات (٦) کچ و (٦)کوڕ بەشـدار دەبـوون، هـەروەها کـۆڕاڵ و مۆسـیقاش لـە چـاو پێشـتر بەشـدارییەکی چاکتریان دەکرد.

### کۆمیدیای نوێ:

لەم قۆناغەدا بابەتەکان گۆڕانیان بەسەرهات ئەگەر جاران پاڵەوان خـەیاڵی ئەفسانەیی یان خواوەندەکان بەشداریان دەکرد، بەڵام لە قۆناغی کۆن و نوێدا ئـەو بابەتانـە دەخرانـە ڕوو، کە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە مایەی گرنگی پێدان بوو.

### شیعری داستانی[1]:

ئەو جۆرە شیعریە، کە بـەلای یۆنانییەکانـەوە بەتایبـەتی لـە مێـژووی کۆنیانـدا هەنـدێ ئاماژەی ئەوتۆ هەیە لە شەڕو نەبەردەکانیان لەگەڵ میللەتانی دراوسـێ، کـە شـاعیرەکانیان لەو ئاهانگانەدا شان بـە شـانی پیـاوانی ئـایین بەشـدار دەبـوون لـەوێ جۆرەهـا سـروودیان پێشکەش دەکرد بە یارمەتی ئامێرەکانی مۆسیقا ئەم ئاوازانە لە سەرەتای شیعری داسـتان لە قەڵەم دەدرێت پاشان ڕووداو سەرەڕۆییەکانی پاڵەوانەکانی یۆنان لە جەنگەکانی تەروادە لە جەنگەکانی تریشدا یارمەتی بەرەو پێش چوونی ئەم بابەتە شیعرەیان دەدا لە ئاهەنگ و بۆنانەدا شاعیرەکان وێنەی ڕاستەقینەی ئەو جەنگانەیان تێکەڵ بە خەیاڵی فراوانی خۆیـان دەکردو شاکاریان لێ دەخوڵقاند، هەروەکو نموونەی داستانە شیعرییەکانی (هۆمیرۆس)، لەم بوارەدا. ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمە بە تایبەتی ئەرستۆ لە کتێبی (پیوتیکا) بەسەرسامی و شانازییەوە باسی بەرهەمەکانی هۆمیرۆسی کردووە.

لە پێناسـەی داسـتاندا دەتـوانین بڵـێین داسـتان هەقایـەتێکی یـان چـیرۆکێکی شـیعری خەیاڵی لە ئاسا بەدەرە یـان کـارێکی پاڵـەوانی مـەزن و کاریگەریـەکی زۆری بەسـەر ژیـانی میللەتەوە هەیە، هەروەها دەتوانین بڵێین داستان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ مێـژوودا هەیـە چونکە داستان داهێنان و زێدەڕۆییە لە ڕێگەی وێنەی قسەییەوەکاریگەری خۆی دەنـوێنێ، بەڵام بە پێچەوانەوە مێژوو ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە نەوەکو داهێنانی تێدا بکا، بەڵکو مێژوو تەنها ڕووداوەکان ساغ دەکاتـەوە و ڕێکیـان دەخـات بـە شـێوەیەکی تـر، دەتـوانین بڵـێین داستان لە چەند خاڵێکدا لەگەڵ جیاوازی لەگەڵ تراژیدیادا هەیە.

---

[1]: لە بارەی شیعری داستانی و قۆناغەکانی شیعری درامی کۆمیدی و تراژیدی سوودمان لەو کتێبە وەرگرتووە:
د.بدوی طبانة، النقد الادبی عند الیونان، دار الثقافة، بیروت – لبنان، ١٩٨٦.

## بەراوردێك لە نێوان  داستان و تراژیدیا:

داستان:

١- لە داستاندا هەمیشە باسی ڕووداوێکی مێژوویی دەکا، کە ڕووی داوە.

٢- ململانێ و توندوتیـژی بـاری کۆمەڵایـەتی و فیکـری لـە نێـوان چـەند مللەتێکـدا پیشان دەدات.

٣- لە کاتی خوێندنەوەی داستاندا هەمیشـە هەسـتی شـانازی کردنمـان بەرامبـەر بـە پاڵەوان دەجولێ و وەکو قارەمانێك هێزی لەبن ناهاتنی مرۆڤ نیشان دەدات.

تراژیدیا:

١- لە درامای تراژیدیدا باس لە ڕووداوێکی سەردەم دەکا.

٢- کێشەو ململانێی کۆمەڵایەتی لە تراژیدیادا لە نێو یەك میللەت دایە.

٣- بە بینینی تراژیدیا هەمیشـە هەسـتی بـەزەیی پیاهاتنـەوە بەرامبـەر بـە قارەمـان دەجوولێ و هاوسۆزی دەبێ.

لە ئەدەبی کوردیدا نموونەی شـیعری داسـتانی بـە هـەردوو جۆرەکەیـەوە، قارەمـانی و دڵداری، بەدی دەکرێ، کە هەمان ئـەو بنەمایانـەی لـە شـیعری داسـتاندا هـەن لـە ئـەدەبی کوردیشدا هەن، بۆ نموونە لە داستانی (مەم و زین)ی (ئەحمەدی خانی)دا هاتووە:

**سـەرنامەیێ نامە نامـێ ئەللاه**
**بـێ نـامێ تە نـاتەمامە وەللا**
**ئەی مەگلەعێ حوسنی عیشقبازی**
**مەحـبووبێ حـەقیقی و مەجازی**
**نامی تەیە لەوحـێ نامەیا عیشق**
**ئیسمێ تەیە نەقشـێ خامەیا عیشق**
**بی نەقشێ تە نەقشـێ خامەخامە**
**بـێ نامێ تە نـامە ناتەمـامە**
**نامێ تەیە شاه بەیتێ مەقسـوود**
**فێهرستێ موکـاتەباتێ مـەحموود**
**مـەزموونێ موراسـەلاتێ لارەیب**

مەشـــهوودێ و موکاشـەفاتێ بیلغەیب
مەحبووبێ قوولووبێ مەن لەهولقەلب
قەلبان تو دکی ببال خوەڤە جەلب
مەعشووق تویی ب فەخر و نـــازی
عاشـــق تـــویی لێیك بێ نیازی
موتلەق تو موفید و موســـتەفادی
بێ شـــوبهە مـورید و هـەم مورادی
نوری تو د حوسن روویێ دلـدار
نـــاری تـــو د قەلـبێ عاشقێ ژار
شەمعی نە ژ قسمێ نوور و ناری
شـــەمسی نە عەیان تـو پەردەداری
گەنجی تو دنێڤ گیلێسمێ عالەم
کـــەنزی تـــو عەیان ژ ئیسمێ ئادەم
ئەڤ عالەم و ئادەمێ د مەشهوود
ئـــەڤ مومکێن و ماســـەوایێ مەوجوود[1]

[1]: بڕوانە: مەم و زین ئەحمەدی خانی، ڤەژاندنا پەرویز جهانی، مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی، ئورومیە، ١٣٦٣، ل ١-٤. لە ڕۆژنامەی کوردستاندا هەندێ جیاوازی لە دەقەکەدا هەیە، بڕوانە:کوردستان یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی١٨٩٨-١٩٠٢، کۆکردنەوەوپێشەکی دوکتۆر کەمال فوئاد، چاپی سێیەم، تاران، ٢٠٠٦، ل ١٨.

## شیعری فێرکردن Didactic Poem

ئەم جۆرە شیعرە، کە لەسەردەمی کۆنی یۆنانییەکانەوە دەستییپێکردووە کە شاعیر تیایدا هەوڵدەدات بابەتێکی زانستی یان رەوشتی یان کاروباری ژیانی رۆژانەی خەڵك بە شێوەی پەندو ئامۆژگاری پێشکەش بە خەڵك بکات رەخنەگرەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە کۆنترین شاعیری ئەم بوارە ناوی (هیسێودۆس)، کە ئەم شاعیرە دوو بەرهەمی شیعری لە دوای خۆیدا جێ هێشتووە:

**١- کار و ڕۆژانە.**

**٢- بنچینەی خواوەندەکان**

لە بەرهەمی یەکەمدا، کە سەدان دێرە شیعر دەبێت، شاعیر هەوڵیداوە وێنەیەکی گشتی سەرتاسەری ژیانی یۆنانییەکان بکێشێ و وەرزی چاندن و جۆری رووەکەکان و دروێنەو کات و ساڵ و مانگی و رۆژی ساڵەکان بخاتە روو، هەروەها لەکاتی پێویستدا یۆنانییەکان چۆن بتوانن کاروباری ژیانیان رێك بخەن و سوود لە کاتی خۆیان وەربگرن، بەلای هەندێ لە رەخنەگرەکانەوە بەرهەمی یەکەمی وەك Encyclopaedia وایە بۆ ژیانی یۆنانییەکان،بەرهەمی دووەمیشی بەناونیشانی **(بنچینەی خواوەندەکان)** لەو بەرهەمەدا باسی چۆنیەتی پەیدابوون و دەوری کاریگەری هەریەکێ لە خواوەندەکانی یۆنان لە ژیانی یۆنانییەکاندا پێشان دەدا، دوابەدوای یۆنانییەکان لە سەردەمی رۆمانییەکانیشدا شاعیرێکی دی، کە لە بواری شیعری فێرکارییەوە بەرهەمی زۆری بڵاوکردۆتەوە بەناوی (ڤێرجیل)،ئەم شاعیرە لە شیعرەکانیدا نموونەی هەستی خۆشەویستی خاك و نیشتمان و نەتەوە لە شیعرەکانیدا بەدی دەکرێ، تەنانەت هێندە پایەی لە شیعردا بەرز بووە لە دوای خۆشییەوە لە چەندین بەرهەمی ئەدەبی گەورەی جیهانیەوە ناوی هاتووە، بۆ نموونە شاعیری ئیتالی (**دانتی**) لە بەرهەمەکەی خۆیدا بە ناونیشانی (کۆمیدیای یەزدانی)دا بە شانازییەوە ناوی **(ڤێرجیل)**ی هێناوە.[١]

لە ئەدەبی کوردیدا سەرەتای شیعری فێرکردن لە شاعیری نەتەوەیی (**ئەحمەدی خانی**)یەوە دەست پێدەکات، بە تایبەتی لەو فەرهەنگە بچووکەی، کە بۆ منداڵان بە زمانی

---

[١]: بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە: دانته الیگیری، کمدی الهی، ترجمه: از متن ایتالیائی، با مقدمه و شرح و حواشی، از شجاع الدین شفا، چاپ چهاردهم، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران، ١٣٨٤.(٣ جلد)

عەرەبی و کوردییە بە ناوی(نووبهار) داینـاوە، بـە سـەرەتای شـعری فێرکـردن لـە ئـەدەبی کوردی دادەنرێت، بۆ نموونە کە دەڵێت:

**ژ پـــــــاش حەمـــــــــد و صـــــــــەلەواتان**
**ئـــــــەف چـــــەند کەلیمـــــــە ژ لوغاتـــــان**
**ڤێـــــك ئێخســـــــتن ئەحمـــــــەدی خـــــانی**
**نـــــاڤێ نووبهـــــارا بچـــــووکان لێ دانـــــی**[1]

دوای ئەویش **شیخ مارفی نۆدێ** بۆ ئەحمەدی کوڕی فەرهەنگێکی بچووکی بەناونیشانی (**ئەحمەدی**) داناوە، ئـەویش بـە شـێوەی (ئەحمـەدی خـانی) بـۆ منـداڵان بـە تایبـەتی بـۆ کوڕەکەی خـۆی بـە زمـانی عـەرەبی و کـوردی ئـەو بەرهەمـەی نووسـیوە. لـەو بەرهەمـەدا هاتووە:

**(کبد) جەرگە (گحال) سپڵە — (قلب) و (فؤاد) و (چمیر) دڵە**
**(سمن) ڕۆنە (شحم) پیوە — تراب) گـڵە (رکل) لێوە**
**(شاب) جوانە (هرم) پیرە — (قوس) کەوانە (سهم) تیرە**

لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا بـە هـۆی تازەبوونـەوەی شـیعری کـوردی هەنـدێ لـە شاعیرە کوردەکان بـە لاسـاییکردنەوەی شـیعر و سـروودە تورکییـەکان ئـەوانیش کۆمـەڵێ بەرهەمیان نووسیوە، کە ئەو سروودانە لە قوتابخانەکاندا دەخوێندران و ئەزبەر دەکران، بە تایبەتیش شاعیرانی وەکو (زێوەر– پیرەمێرد– شێخ نوری شێخ صالح – گۆران– ڕەشـید نەجیب– قانع–بێکەس) ئەمانە بەرهـەمی زۆریـان لـە بـواری شـیعری فێرکردنـدا بـە زمـانی کوردی نووسیوە.

لە ئەدەبیاتی فارسیشدا (فیردەوسی و ناصری خوسرەو و سەنائی و رودکـی) نموونـەی ئەم جۆرە شیعرانەیان لە سەردەمی ساسانییەکان و سەفەوییەکان و غەزنەوییەکاندا زۆرە.

[1]: نووبهارا سەیدایێ مەزن ئەحمەدی خانی، صادق بەهائەدین ئامێدی، بەغدا، ١٩٧٩، ل ١٩.



هەواڵنامەی کتێب

## نموونەی شیعری فێرکردن لە ئەدەبی کوردیدا:

### کەشتی، پاپۆڕ

لـــە دار و ئاسـن و ئــاگر، شــتێکم دی لـــە نــاو ئـــاوا
سـرەوتی نـابێ رۆژ و شـەو، چـە خـۆر کـەوتن، چـە خـۆر ئـاوا
لــە یــەك بـین رادەکـا بــەوئاوەدا، وەك ئــەپی پــڕ تــاوە
لـــە ئاوایـــەو ئەمەنــدە تینـــووە، نــاو جـــەرگی ســـووتاوە
لەســـەر ئـــەو تینوەتیەشـــدا، ئــاو گەیشــتە قـــورگی نکــاوە
ســەرو پــێ و دەســت و چــاو گــوێی نییــە، بــێ رۆحیشــەو ئـــەڕوا
بــە جــاریێ شــاریێ هەڵــدەگریێ، کەچــی هێشــتاکو جــێ مــاوە
نــەڕەی وەك شــێرە، ســەد شــێر و نەهــەنگ بــەحر ئەترســێنێ
بــە چــالاکی وەك بــازە، کەچــی بــێ بــازوو و هـــەنگاوە
بەســـەر پشـــتا تـــەرات ئـــەکرێ، ئەمەنـــدە ســـەختە نالەخشـــێ
لـــە پێشـــدا کـــاروانی بـــۆ دەهێنـــاین لـــەو پـــەڕی دنیـــاوە
لە ژێر بەحرا، بە گوللە ئەیکوژن، ڕێی راستی گیراوە[1]

## تێڕوانینی ڕۆمانییەکان بۆ هونەری شیعر:

**هۆراس**، کە یەکێ بوو لە رەخنـەگرە بەناوبانگـەکان لـە سـاڵی (٦٥–٨ پ.ز.)دا ژیـاوەو بەرهەمێکی نەناونیشانی یبەی (نامەیەك بۆ خێزانی پیـزۆ) نووسـیوەو دواتـر ئـەو بەرهەمـە ناوی لێنرا (هونەری شیعر)، چونکە هۆراس بۆچـوونەکانی ئیفلاتـوون و ئەرسـتۆی یۆنـانی، بەتایبەتی ئەرستۆی دووبارە کردۆتەوە لەگەڵ هەندێ زانیـاری تـازە، بۆیـە رەخنـەگرەکان وەك بەرهەمەکەی ئەرستۆ، کە بەناونیشانی پیوتیکایـە اهۆ(هونـەری شـیعر) بەرهەمەکـەی هۆراسیان ناونـاوە (هونـەری شـیعر)[2]، کتێبەکـەی هـۆراس لـە بـارەی (زمـانی شـیعر)ەوە

[1]: ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان و بەرهەمەکانی، بەرگی دووەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١٥.

[2]: ئەم کتێبەی هۆراس بۆ سەر زمانی کوردیش وەرگێڕدراوە، بڕوانە: هۆراس، هونەری شیعر، وەرگێڕانی؛ حەمید عەزیز، بەغدا، ١٩٧٩.

دەیەوێ پێمان بڵێ زمان دیاردەیەکی زیندووە،کە هەمیشە لە گۆڕاندایە، وشەی تازەی دێتە ناوەوەو لە هەمانکاتدا وشە کۆنەکانیش وردە وردە دەفەوتێن یان کـەمتر بـەکاردێن، تـەنیا لەفەرهەنگدا دەمێننەوە، هۆراس پێیوایە شاعیر نـابێ بەیـەك جـارەکی پشـت لـە کلتـووری رابردوو بکات،بەڵکو دەبێ وشە جوانەکان هەڵبژێرێت،کە لەگەڵ رەوتی سـەردەمدا بگـونجێ هەروەها خۆشی تواناو بەهرەی ئەوەی تیا بێت، کە بتوانێ وشەی تازە دابرێـژێ و لـەکاتی پێویستدا بەکاری بهێنێ، بۆیە زمان بـەوە دەچـووێنێت، کـە وەك درەختـێ هەمیشـە گـەڵا زەردەکان هەڵدەوەرێن و لە باتی ئەوان چرۆی تازە سەوز دەبێ و سەر دەردێنێ.

١) **لاسـاییکردنەوە**: تیـۆری لاسـاییکردنەوە[١] هـەر وەك چـۆن لای ئیفلاتـوون و ئەرسـتۆ بەبایەخەوە سەرنجی لێدراوە بـەلای هۆراسیشـەوە جێگـەی سـەرنج بـووە ئـەم رەخنـەگرە لاساییکردنەوە لە دوو شێوەدا دەبینی:

أ) لاساییکردنەوەی ژیانی رۆژانەی یۆنانییەکان کە خاوەن یاساو دەسـتوورو ئاکـارێکی جوان بوون واتە یۆنانییەکان بکرێن بەسەر مەشق بۆ رۆمانییەکان.

ب) لاساییکردنەوەی نموونەی دەقە ئەدەبییە بـەرزەکانی یۆنـان، بـەو پێیـە کـە دەقـی ئەدەبی سروشت جوانتر پیشان دەدات لـەوەی کـە هەیـە، بـۆ نموونـە وەرزی پـایز هێنـدە جوان نییە بەقەد ئەوەی، کە لە دەقێکی شیعردا هەست و سۆزمان دەجولێنێت، بۆ نموونە پایز بۆ کەسێکی ئاسایی نیگەرانی و تۆز وخۆڵ و پـیس بـوونی ژینگـە بێـت، بـەلأم بـە لای شاعیرەوە مانایەکی قووڵی هەیە و هەڵوەرینی گەڵاکان و کۆچکردنی باڵندەکان و نیگـەرانی و خەمۆکی و حەسرەتی شاعیر بۆ هەڵوەرینی گوڵێك، رووتانەوەی قژی درەختەکان بە قژی بووکێکی ناکام بچوێنێ، هەروەکو لای گۆران، کە دەڵێت:

**پایز ! پایز !**
**بووکی پرچ زەرد،**
**من مات، تۆ زیز:**
**هەردوو هاودەرد !**
**من فرمێسکم، تۆ بارانت،**

---

[١]: بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی چەمکی لاساییکردنەوە بە درێژایی مێژوو، بڕوانە: د.شکری عزیز ماضي، فی نظریة الادب، بیروت، ٢٠٠٥، ص ٣٦-٣٨.

**من هەناسەم، تۆ بای ساردت،**

**من خەم، تۆ هەوری گریانت..**

**دوایی نایە: دادم، دادت،**

**هەرگیز، هەرگیز،**

**پایز! پایز!**

**پایز! پایز!**

**شان و مل رووت،**

**من مات، تۆ زیز،**

**هەردووکمان جووت**

**هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین،**

**ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگرین،**

**پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین،**

**بگرین..بگرین..چاومان نەسڕین،**

**هەرگیز، هەرگیز،**

**پایز! پایز!**[١]

**پاك وبێگەردی جۆرەکان:** مەبەست لـەم زاراوەیـە ئەوەیـە کـە دووشـتی دژ بەیەکـەوە کۆناکرێتەوە بۆ نموونە لەکاری ئەدەبیدا درامای کۆمیدی و تراژیدی تێکـەڵ بەیـەك ناکرێـت چونکە هەریەکەیان نوێنەرایەتی دوو چینی ئابووری جیـاواز دەکـەن پاڵەوانـەکانی تراژیـدیا میر و بـەگزادەکانن بـە پێچـەوانەوە پاڵەوانـەکانی کۆمیـدیا خـەڵکی سـادەو هـەژارن بـەلای یۆنانییەکانەوە پاشاو هەژار نابێ لە یەك ئاستی کۆمەڵایەتی دابن بەڵکو هەریەکەیان دەبـێ لە هونەر و ئەدەبیاتدا هونەری تایبەت بە خۆیان هەبێ، ئەم خاڵە دواتـر لەسـەردەمی دوای (بووژانەوە) لەسەردەمی دوای کلاسـییزمدا زاراوەی (پـاك و بێگـەردی جۆرەکـان) بپـارێزێ هەمان دووبارەکردنەوەی ئەو بۆچوونەی هۆراسـە، کـە پێـی وابـوو نـابێ جۆرەکـان تێکـەڵ بەیەك بکرێن.

---

[١]: سەرجەمی بەرهەمی گۆران بەرگی یەکەم دیوانی گۆران، محمدی مەلا کریم کۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووەو پێشەکی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، بەغدا، ١٩٨٠، ل ١٦٣-١٦٤.

٢) **گرنگی کێشی شیعریی**: کێشی شیعریی پێشتر بەلای ئەرستۆوە زۆر بایەخی پێ نەدرابوو بەڵکو بە پلەی یەکەم لاساییکردنەوە وەکو بنچینەیەك بۆ شیعر لەبەرچاوگیرابوو، بەڵام هۆراس بە پێچەوانە کێشی شیعری وەکو خاڵێکی بنچینەیی لە شیعردا تەماشا دەکات، چونکە پێیوایە جۆری کێشەکانیان ژمارەی بڕگەکانی شیعرەکە جۆری شیعرەکە دیاری دەکات واتە هەریەکێ لە جۆرەکانی شیعر شیعری لیریك، داستانی، درامی، فێرکردن) کیشی تایبەت بە خۆی هەیە، کە ناشێ ئەوە لەبەرچاو نەگیرێ.

٣) **راستگۆیی**: راستگۆیی لە واقیعدا جیاوازە لەگەڵ چەمکی راستگۆیی لە هونەرو ئەدەبیاتدا بۆ نموونە شاعیر لە شیعردا بیر لەوە دەکاتەوە کە وێنەی هونەری جوان زمانێکی رازاوە خەیالی بەکاربهێنی کە کار لە هەستی بەرامبەر بکات یان هونەرمەندێکی شێوەی گوێ گونجانی نێوان رەنگەکان نادات بەڵکو بیر لەوە دەکاتەوە کە بە شێوەیەکی جوان بیرۆکەیەك یان مەبەستێکی هونەری بگەیەنە بەرامبەر بۆیە هۆراس دەڵێ: بۆ ئەوەی دەبێ خۆت ئازارو زانست هەبێ مەبەست لەم وتەیە ئەمە نییە، کە چیرۆکنووسێك ژیاننامەی خۆی لە چیرۆکێکدا بنووسێتەوە یان وەسفی رووداوێکی مێژوویی بکات بەڵکو باسی لە شتی دەکات، کە دەلێت لە واقیعدا رووبدات و تا رادەیەکی زۆر قەناعەت بە خۆی بێت بتوانێت بڕوا بە بەرامبەر بهێنێ.

## چەمکی شیعر بە پێی رێبازە ئەدەبییەکان:

رێبازە ئەدەبییەکانی رۆژئاوا مێژوویەکی زۆر کۆنیان نیە، لە سەرەتای سەدەی حەڤدەمدا دەست پێدەکات،سەرەتا بە رێبازی کلاسیزم هەوڵدەدات چەند کۆت و پەیوەندییەك لە بەرامبەر سەرچاوەو ئەرکی شیعردا دابنێن، بۆ نموونە شیعر دەبێ لەسەر یاساو دەستوورو بڕوات لە شیعرەکانی لە خزمەتی دەسەلآتدا بێت، هەروەها لە رووی زمانەوە سادەو رەوان بێت و گیانی یاخیبوونی تیانەبێت هەموو کەس لێی تێبگات لە رووی بابەتەوە بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی تایبەتیدا زاڵ بکات، بەڵام بە پێی چەمکی شیعر لای رۆمانسییزەکان بەپێچەوانەوە گەڕانەوەیە بۆ پێوەندی تاکەکانی کۆمەڵ لە سروشت و لادێکاندا، کە ئەمەش بە لایەنەوە پەیوەندییەکی پاك و بێگەردە هەروەها گەڕانەوە بۆ فەرهەنگی زمانی دەوڵەمەندی گوندەکان، کە زۆر وشەو زاراوەیان هەیە تا ئێستا کەمتر لە بواری شیعردا بەکارهاتووە. بەلای رۆمانسییزمەکانەوە شیعر لە دایکبووی

ساتەوەختێکی دیاری کراوە، کە شاعیر پێشتر کۆمەڵێك زانیاری لە مێشکدا کۆبووتەوە بەڵام پاڵنەرێك وا دەکات، کە ئەو شیعرە لە دایك ببێت. بە پێی چەمکی شیعر لای ریالیزمییەکان بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی، کە لە کۆمەڵگای ئەوروپای سەدەی نۆزدەهەمی دوای شۆڕشی پیشەسازی بەرهەم هات زولم چەوساندنەوەی رژێمی بۆرجوازی بۆ خەڵکی نەدارو هەژار بوو بووە هۆی ئەوەی، کە شیعر تا رادەیەك بەرەو کزی لاوازی بچێ بە پێچەوانەوە پەخشان و هونەرەکانی پەخشان بە تایبەتی هونەری چیرۆك و رۆمان زیاتر گەشە بکات،چونکە بەلای رەخنەگرەکانەوە مەیدانی پەخشان شیاوترەو لەبارترە بۆ دەربڕینی چەندین بیری فەلسەفی و بۆچوونی سیاسی و ئایدۆلۆژی دوور لە سۆز و خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیرانە هەر بۆیە هەندێ لە رەخنەگرەکان دەڵێن ئەگەر زمانی شیعر زمانی دەربڕینی ویژدان و سۆزو خەیاڵ بێت، بەڵام زمانی پەخشان زمانی عەقڵ و ژیری و مەنتیقە،کە دەتوانرێت زیاتر بۆ شیکردنەوەو روونکردنەوە بەکاربێت.

لە سەرەتای سەدەی سێزدەمدا کۆمەڵێك فۆرمالیستی یان روخسارخوازی بەهۆی جەنگی یەکەمی جیهانی و ئاکامە خراپەکانی لەسەر تاکی ئەوروپی لە بواری شیعر و هونەر و ئەدەبیاتدا کاریگەرییەکی گەورەیان بەجێ هێشت، وەکو رێبازەکانی سوریالیزم و دادایزم و سیمبۆلیزم و پەرناسیزم[1]، ئەم رێبازانە بە شێوازێکی تازە مامەڵەیان لەگەڵ شیعردا دەکرد، بەلای ئەوانەوە شیعر بریتییە لە پیشەیەك یان سەنعەتێك، کە شاعیر هەوڵ دەدات وردەکاری و شارەزایی خۆیدا تێدا تاقی بکاتەوە بۆ ئەوەی شاکارێکی پراوپڕ لە جوانی بەرهەم بێنێ ئەویش بە بەکارهێنانی چەندین رەمزو هێما هەروەها لە رووی بەکارهێنانی هونەرەکان رەوانبێژییەوە سوودمەند بێت واتە بەلای ئەوانەوە رەمز و تەمومژاوی بەشێکە لە جوانناسی (ئیستاتیکا).

[1]: بۆ زانیاری زۆرتر لەبارەی ئەم رێبازە ئەدەبییاەوە بڕوانە: د.هیمداد حوسێن، رێبازە ئەدەبییەکان، هەولێر، ٢٠٠٧.

**سەرچاوەکان:**

– ئەرستۆ، شیعرناسی، وەرگێڕانی عەزیز گەردی، سلێمانی، ٢٠٠٥.
– ئومێد ئاشنا، پیرەمێرد و پێداچوونەوەیەکی نـوێ بـە ژیـان و بەرهەمـەکانی،ب٢، هـەولێر، ٢٠٠١.
– پەرویز جیهانی، مەم و زین ئەحمەدی خانی،ئورومیە، ١٣٦٣.
– سـەرجەمی بەرهـەمی گـۆران، بـەرگی یەکـەم، دیـوانی گـۆران، محمـدی مـەلاکریم کـۆی کردۆتەوەو ئامادەی کردووەو پێشەکی وپەراوێزی بۆ نووسیوە، بەغدا، ١٩٨٠.
– د.کەمال فوئاد،کوردستان یەکەمین رۆژنامەی کوردی١٨٩٨–١٩٠٢، (کۆکردنەوە)، چاپی سێیەم،تاران، ٢٠٠٦.
– مجید محمود مگلب، شیعر و فەلسەفە، و: فوئاد مەجید میسری، بەغدا، ١٩٧٨.
– هۆراس، هونەری شیعر، وەرگێڕانی حەمید عەزیز، بەغدا، ١٩٧٩.
– د.هیمداد حوسێن، چەپکێ هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، بەغدا، ١٩٨٦.
– د.هیمداد حوسێن، رێبازە ئەدەبییەکان، هەولێر، ٢٠٠٧.
– د.بدوی طبانة، النقد الادبی عند الیونان، دار الثقافة، بیروت – لبنان، ١٩٨٦.
– رینیة ویلیك، مفاهیم نقدیة، ترجمة: د.محمد عصفور،عالم المعرفة–الكویت، ١٩٨٧.
– د. شفیق یوسف البقاعی، نظریة الادب، منشورات جامعةالسابع من ابریل، ص ٧١.
– د.شکری عزیز ماضی، فی نظریة الادب، بیروت، ٢٠٠٥.
– د. خسرو فرشیدورد،دربارەو ادبیات و نقد ادبی، ج١، چ٣ ، تهران، ١٣٧٨.
– دانته الیگیری، کمدی الهـی، ترجمـه: از مـتن ایتالیـائی، بـا مقدمـه و شـرح و حواشـی، از شجاع الدین شفا، چاپ چهاردهم، مؤسسه انتشارات امیر کبیر، تهران،١٣٨٤.(٣ جلد).
– د. عبدالحسین زرین کوب، اشنایی با نقد ادبی، چاپ ششم، تهران، ١٣٨٠.
– ورنون هال،تاریخ کوتاه نقد ادبی،ترجمه:مجتبی عبداللەنژاد،چ ١، مشهد، ١٣٨٠.

- Roger Webster, Stuying Literary Theory, An Introduction, London,1990,P.4-30.
- M.H.ABRAMMS, A Glossary of Literary Terms, Seventh Edition, Cornell University,1999, P.146-147 .

# ڕەخنەی سەردەمی ڕێنیسانس

هەواڵنامەی کتێب

## ڕەخنەی سەردەمی ڕێنیسانس

لەگەڵ ئەوەدا، کە بەرهەمی سەرەکی سـەردەمی ڕێنیسانسـیی فەڕەنسا لـە زەمینـەی ڕەخنەی ئەدەبیدا هاتنەکایـەی پـەیامی ناسـراوی (دیبیللیـە) لـە (١٥٢٥–١٥٦٠ز) بـوو بـە ناونیشـانی (لـە بـەرگریی و ڕازاندنـەوەی زمـانی فەڕەنسـییدا)یە، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەم لێکۆڵینـەوە ئەدەبییـە بـە شـێوەیەکی خیتـابی بـوو، ڕەخنـەی ئـەدەبی زۆربـەی کـات لـە فەڕەنسادا لەسەر بنچینەی بیری ڕەخنـەیی دامـەزرابوو، هەرچـەند لەبەرامبـەر کەلـەپووری ناسراوی (**دیکارت**) دا(بیردەکەمـەوە، کەواتـە هـەم)و هەنـدێ لـە ڕەخنـەگرەکان پێڕەویـان دەکردو جارجاریش بە دروشمی جۆرێك لە (هەست دەکەم، کەوابێ هەم) دەست بەکاربوون و هەروەکو دەردەکەوێـت بە درێژایی مێژوویەکی درێژ (بیر) شانبەشـانی (ڕەخنـە) بـووەو ئەدەبیاتی فەڕەنسـیی لـە ڕێگـای ڕەخنـەی لـە(بیر) گرتـووەو بـوونی خۆیشـی لەگـەڵ ئـەو ئەندێشەیەدا دۆزیوەتەوە.

پـەیامی (**دیبیللیـە**)ش ئەڵبەتـە لـە ئەدەبدا پـێش ئـەویش، هـەتا لـە ڕەخنـەی ئـەدەبی سەدەکانی ناوەڕاستیشدا لە ئەدەبیاتی فەڕەنسـیی ئـەو مەسـەلەیە هەسـتی پێکراوە، بـەڵام زۆربەی لێکۆڵـەرەوەکان بـە یەکـەمین بەرهـەمی سـەرەکی ڕەخنـەی ئـەدەبی فەڕەنسـیی لـە قەڵەمی دەدەن.

لە ڕاستیدا ئەم پەیامە بـەرگریی کردنـە لـەو خاسـیەت و بنچینانەی، کـە **پێـر ڕۆنسـار** (١٥٢٤–١٥٨٥ز)و کۆمـەڵی ناسـراوی ئـەدەبی لـە پلـەیێاد (حـەوت کچـەکەی پـەروین– pleiada) لە پەیڕەوکردنی شێوەی کۆنی یۆنان و ڕۆمان پشتیوانیان دەکردو هەر بۆیەش لەو پەیامەدا ڕەخنە لە شێوەی شاعیریی **کیلمان مارۆ** (١٤٩٤–١٥٤٤ز) دەگرێت، کـە جگـە لە بلیمەتی شاعیرانەو ڕووکردنە ئایینی پرۆتستانت هەموو بیروبۆچـوونەکانی بـە تـەکنیك و شێوەو ناوەڕۆك و ڕووخساری سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست دەردەبڕێ. پەیامی دیبیللیە بەرگریی لە زمانی فەڕەنسیی دەکرد لە بەرامبەر دەستەڵاتی لاتینی، لە ڕاستیدا هاوشێوەی پەیامی (قسەی میللی) بەرهەمی دانتی ئیتاڵییەو هاوشێوەی دیکەش لە ئەدەبیاتی ئیتاڵیدا هەیە.

(**دیبیللیە**) لەو پەیامەیدا ئەوە دەردەخات، کە زمانی فەرەنسیی دەتوانێ بە لاسایی کردنەوەو وەرگرتنی ئەدەبی کۆنی یۆنان و ڕۆمان خۆی دەوڵەمەند بکات. ئەڵبەتە دەوڵەمەندکردنی ئەو زمانە تەنها لە ڕێگای وەرگرتنی وشەی یۆنانی و لاتینییەوە نابێت.

وەرگرتنی ئەم وشانە دەبێ لە شێوەزارە ناوخۆییەکانەوە وەربگیرێن، بەلاّم زمانی شیعر بە ڕای (**دیبیللیە**) بەوە دەوڵەمەند دەبێت کە لە جۆر و هونەرە باوەکانی شیعری یۆنانی سوود وەربگیرێت و بەم شێوەیە دەتوانرێت ئەدەبیاتی فەرەنسی فراوان بکرێت و بۆی زیاد بکرێت. دەبێ ئەو ڕووخسارو تەکنیکە سادەو بازاڕی و پەیوەند بە گۆڕانی و سەما لە بەرهەمی کەسانی وەکو کیلمان مارۆدا پێڕەوی لێ دەکرێت، وازی لێ بهێنرێتو ڕوو لە ژانرە بەهێز و گرنگەکانی شیعری یۆنانی و لاتینی سەردەمی کۆن بکرێت. بێگومان پەیامەکەی (**دیبیللیە**) لە ڕووی گرنگیو ڕەسەنییەوە گرنگترین بەرهەمی هونەری شیعر و مەسەلەکانی تایبەت بە ڕەخنەی سەدەی شازدەهەمی فەرەنسییە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین بەرهەمی تر لەو سەردەمەدا هاتنەکایەوە لەوانە پەیامێك بەناوی (**پێنجین** Le Quintil) کە لایەنگرانی مارۆ لە بەرپەرچی دیبیللیەدا بلاّویان کردەوەو ناڕەزایی توندیان بەرامبەر گوتەکانی ئەو دەربڕی، بەتایبەتی لەبەرامبەر ئەو قسەیەی دیبیللیەدا، کە دەیگوت زمانی فەرەنسیی بە وەرگرتنو خواستنی وشەی بێگانە دەوڵەمەند بکرێت بە توندی ناڕەزاییان دەبڕیو گوتیان ئەگەر ئەو قەسەیە بەرگریکردن و جوانکردنی زمانی فەرەنسیی بێت گلەیی و سەرکوتکردنی زمانی فەرەنسیی چ پێویست دەکات؟

هەولێرنامەی کتێب

سەرباری ئەوەیش ئەو ژانرە تازانەی دیبیللیە داوای دەکرد کە لە یۆنانەوە وەربگیرێت دانەری ئەو پەیامە نەفرەتی لێدەکرد لەو ژانرانە، کە **هونەری شیوەن** (Elegie) بوو و دیبیللیە بە چاکی دەزانی و ئامۆژگاری بۆ دەکرد، سەرچاوەی خەم و پەژارەیە، کەچی شیعر دەبێ وەکو وێنەکێشان ببێتە هۆی خۆشی و شادی و لەو جۆرانەش وەکو (تراژیدی)،کە دیبیللیە دیسان ئامۆژگاری بۆ دەکات لەڕووی شاعیرییەوە نرخێکی ئەوتۆی نییە.



**Du.Bellay**

لەو بەرهەمانەی دی کە لەو سەردەمەدا هاتە ئاراوەو لە بابەتی ڕەخنەی ئەدەبیدا شایستەی ئاماژە پێکردنە هونەری شیعری (پلەتیە)و هۆنراوەی (**ڤیکلن**)ە لە بارەی (**هونەری شیعر**)ەوە، **پلەتیە** (Pelletier) پێڕەوی لە ڕێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی **دیبیللیە** کردووە، بە تایبەتی لە بارەی پێویستی ڕووکردنە تراژیدیا و کۆمێدیا بە شێوەی یۆنانی ئەو بۆچوونانەی لە (**هونەری شیعر**)ەکەیدا (١٥٥٥ز) دەربڕیون لە ڕواڵەتدا سوودی لە وتەی

هەندێ لـەو کەسـانە بینیـوە، کـە (هونـەری شـیعر)ەکەی ئەرسـتۆیان بـە زمـانی ئیتـاڵی شیکردۆتەوە، بە تایبەتی لەوانە لە (**ئیسکالیجرۆ**) سوودی بینیوە.

هەروەها **ڤیکلن** (١٥٣٦–١٦٠٨ز) لە هۆنراوەی (هونەری شیعر)ەکەی خۆیدا سوودی لـە ڕاڤەکەرە ئیتاڵییـەکان و تاڕادەیـەکی زۆریـش سـوودی لـە (هونـەری شـیعر)ەکەی هـۆراس بینیوەو ئیلهامی لێ وەرگرتووە.

لە ڕاستیدا ئەو دوو بەرهەمە هەردووکیان ناسـاندنی شـێوازی ئەنجوومـەنی ئـەدەبی لـە پلەیێادن لە بارەی شیعر و شاعیرییەوە ڕێخۆشکەرن، بۆ ئـەو خاسـیەت و بنەمایانـەی ئـەو ڕێبـازەی بـە کلاسـیزم ناودەبرێـت. لـە مێـژووی بـیری ئـەدەبی فەڕەنسـیدا ئەنجوومـەنی لەپلەیێاد گرنگییەکی تایبەتی هەیـەو بۆچـی ڕێنوێنییـەکانی ئـەو ئەنجوومەنـە بـووە هـۆی ئەوەی کە شیعر هەندێ خاسیەت و بنەمای خۆی وەربگرێـت.

ئەڵبەتە بیری فەڕەنسیی لەو ماوەیەدا بلیمەتی دیـار و بەرچـاوی وەکـو ڕابلـێ (١٤٩٠–١٥٥٣)و مۆنتینی (١٥٣٣–١٥٩٢) لە میانەی پەخشاندا تیـا دەرکـەوت، هـەروەکو چـۆن لـە شیعردا کەسانی وەکو ڕۆنسـار (١٥٢٤–١٥٨٥)و مـالێرب (١٥٥٥–١٦٢٨) ڕەونـەقیان پێدا، لەگەڵ ئەوەی کە دەورەی ڕێنیسانس لە فەڕەنسا، بە پێچەوانەی ئیتاڵیا، شـتێکی ئـەوتۆی شایانی سـەرنج لـە بـواری ڕەخنـەی ئەدەبییـدا نەهاتـە بەرهـەمو ئـەوەی کـە هەشـبوو لـە چوارچێوەی گفتوگۆی ئەدەبی بەدەر نەبوو، زۆربەی کات شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی هونەری شیعریی ئەرستۆ یان گفتوگۆی بۆچوونی لێکۆڵەرە ئیتاڵییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس بوو.

هەربۆیە ئەوەی، کە لەو سەردەمە لـە بـواری ڕەخنـەی ئـەدەبی فەڕەنسـیدا بـاوی بـوو پێوەنـدی بـە توێژینـەوەکانی دەسـتوور (Les Regles) بـوو، زۆربـەی ڕۆشـنبیران لـەو بـاوەڕەدابوون، کـە شـتێك بـەناوی جـوانیی ئایـدیا (Le Beau ideal)ەوە هەیـە، کـە یۆنانییە کۆنەکان بۆی چوونو بەرهەمەکانی ئەوان ئێمەی بە دوای خۆیدا کێش کردووە، تا زیاتر لێی بکۆڵینەوە.هـەتا بەیارمـەتی چـەند دەسـتوورێکی هونـەری شـیعرەکەی ئەرسـتۆ بەتایبـەتی لەبەرهـەمی ڕاڤەکـەرەکانی ئیتاڵیـایی لـەبارەی ئـەوەوە ئـەمڕۆش دەتـوانرێ داهێنانی شاکاری وەکو بەرهەمی ئەوان سەرکەوتن بە دەست بێنێ، کەسانی وەکو شـاپلن (١٥٩٥–١٦٧٣)، دۆبنیاك (١٥٥٠–١٦٣٠)و ئەوانی دی لە دوو تـوێی پـەیام و بەرهەمـەکانی

خۆیانـدا ئـەو مەبەسـتەیان بـە شـێوەیەك دەرخسـتووە کـە پێویسـتی پێڕەویکردنـی دەستوورەکانی کۆنیان لەلای هەمووان بە پەسند زانیوە.


لەکۆتاییدا چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو دەستوورانەو دەستووری بەکارهێنانیان بێگومـان بووە هۆی ئەوەی بۆچوونی جیاواز لەلای شاعیران و نووسەرانی لێبکەوێتەوەو لە دیباچەی کتێب و لە نامەگۆڕینەوەکانیاندا قڕەو ناکۆکی بکەوێتە ناوەوە.

لـەو قڕەو دەمەقاڵیانەدا دەتوانین ئـاماژە بەنـاکۆکی پەیوەند بە سید( Querelle du cid) بکەین،کە ڕیشیلیۆ وەزیری گەورەی ئەو سەردەمە لەدژی کورنـێ بـەرپای کـرد، لەزۆر ڕووەوە تا ڕادەیەك لەناکۆکی نێوان لایەنگرانی(**صـاحب بـن عبـاد**)و ئارەزوومەنـدانی (**متنبی**) لە ئـەدەبیاتی عـەرەبی دەچێت. مەسـەلەکەش ئـەوەبوو، کـە ڕیشـیلیۆ (١٥٨٥–١٦٤٢) سـەرۆك وەزیرانـی ناسـراوی فەڕەنسـا لـە نمایشـنامەی (**سـید**)ی بەرهـەمی کۆرنـێ (١٦٠٦ – ١٦٨٤)، کە لە واقیعدا قبوڵ کرابوو، هاتە دەنگ و ڕیسوای کرد.

هەر بۆیە هەندێ لە ڕەخنەگرانی ناچار کرد هەروەکو ئـەو لـەدژی شـاعیر بجووڵێنـەوەو هەجوی بکەن و هەندێکیشیان بە بەرهەمێکی دزیاریو خوازراوی لە قەڵەم بدەن. کە شاعیر خۆی ئەوەی دەرخستبوو، کە لە بەرهەمێکی ئیسپانییەوە وەریگرتووە.

(**کۆرنێ**)ش وەڵامی ئەو ڕەخنانەی دایەوەو جەنگی بێنەو بەردە گـەرم بـوو سـەرەنجام کەسـێکی دیـاریی (**شـیر و قەڵـەم**) بـەناوی **سـکۆدەری** (١٦٠١–١٦٦٨)،کـە خۆیشـی شانۆنامەنووس بوو، بەڵام زیاتر لە نووسیندا کارامەتر بوو لە ئامادەیی شـانۆیی پـەیامێکی بەناونیشانی(**چەند سەرنجێك لەبارەی سید**)ەوەی نووسـی و تیایـدا (**کۆرنـێ**)ی گوناهبـار کردبووو ڕەخنەی لێ گرتبوو، ئەو لەو پەیامەدا ئەوەی دیاری کردبوو، کە هەنـدێ نووسـین وەکو کرمی درەوشاوەی شەو وان لە دوورەوە دەدرەوشێنەوە، بەڵام لە نزیکەوە لە کرمێك زیاتر نین.

شـۆرەت و ناوبـانگی (**کۆرنـێ**)ش بنچـینەی نییـەو بـە بـڕوای ئسـکۆدەری زۆر شـتی تێکەوتووە، لەوانە بنچینەو بابەتی چیرۆکەکە خۆی شـتێکی ئـەوتۆ نییـە، ئەمـە سـەرباری ئـەوەی نووسـەر لـە زۆر ڕووەوە لـەو شـانۆنامەیەدا دەسـتوورەکانی تایبـەت بـە هونـەری تراژیدی بەزاندووە.



کتێبخانەی هەولێر

**کــۆرنێ**

هــەروەها لـــەو شـــانۆنامەیەدا زۆر شــیعری ناپەســـەندو بـــێ بایـــەخ هەیـــەو بـــیروڕا جوانکارییەکانیشی، کە هەستی پێ دەکەی سواوو دزراون، بڵاوبوونەوەی ئەو سەرنجانە لـە بارەی (**سید**)ەوە ناکۆکییەکانی توندتر کردو لایەنگران و نەیارانی خستە شەڕەوەو چەندین پارچە هەڵبەستو پەخشانیان بۆ لایەنگری کۆرنێ و ئسکۆدەری نووسی و سەرەنجام بۆ داوەری لەم بابەتە کـار گەیشتە (ئـەکادیمیای فەڕەنسا) کـە لـەو ڕۆژانـەدا تـازە ڕیشـیلیۆ دروستی کردبوو و پاشان (بۆچوونی ئەکادیمی لەبارەی سید)ەوە بڵاوبـووەوە کـە هەنـدێ کەس بە شاکارێکی ڕەخنەیی دەژمێرنو هەندێکیش بـە ڕەخنەیـەکی نـاواقیعی لـە قەڵـەم دەدەن. لەو پەیامەدا ئـەکادیمیا هـەموو بۆچوونەکانی سکۆدەری قبـوڵ نـەکردبوو، بـەڵام زۆربەیانی پەسند کردبوو، کەچی لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕیشـیلیۆش خۆشـی لـەو حەکیمیەتـەی

ئەکادیمی نەهاتو (کۆرنێ)ش لەگەڵ دانی بەو ڕایەدا نەناو لەوە بەدوا لە پەیڕەوکردنی یاسا و دەستوورەکانی ئەرستۆ وردتر بوو و زیاتر چووە ژێر باری خاسیەتەکانی ڕێبازی کلاسییزم.

ڕێبازی کلاسییزمی فەڕەنسیی لە ڕووی خاسیەت و بنەماکاندا زیاتر قەرزباری بنیادنەرانی فەلسەفەی فەڕەنسیی ئەرستۆو بەتایبەتی ڕاڤەکەرانی ئیتاڵی بۆ (**هونەری شیعر**)ە وەکو **ڤیدا**، **سکالیگرۆ و کاستلوترۆ** بوو.

لەو بابەتە سەرەکییانەی کە لەلایەن ڕەخنەگر و شاعیرانی سەر بەو ڕێبازە دەخرانە ڕوو، بریتی بوو لە مەسەلەی ئامانج و مەبەستی هونەر، مەسەلەی لاساییکردنەوەو سروشت، بەهرەو توانای شاعیر بۆ ناسینەوەی جۆرەکان، پێڕەوی و لاساییکردنەوەی کۆنەکان، ڕۆڵو کاریگەری (عەقڵ) و (چێژی ڕاستەقینە) لە کارو ئەرکی شاعیردا.

لەنێو هەموو ژانرەکاندا زۆربەی باس و لێکۆڵینەوەکان تایبەت بوون بە پێڕەوی ئەرستۆو ڕاڤەکەرەکانی لەبورای نمایش و هونەری شیعرەکەی ئەرستۆوە.

## ڕەخنەی ڕۆمانسی

ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە پەیوەندی نێوان ڕۆمانسییزم و ڕەخنەی ئەدەبییە.

أ. پەیوەندی وشەی ڕۆمانس و ڕۆمانسییزم ئەوەیە هەردووکیان نقوومی خەیاڵن و بە تەنیا بە لاساییکردنەوەی واقیع ناوەستن.

ب. دیارترین ڕەخنەگری ڕۆمانسی شاعیری ئینگلیزی وۆردزۆرس (words worth 1770-1850) وکۆلردیج Coleridge (1772- 1834) وۆردزۆرس لە کتێبی Lyrical Ballads

أ- زمانی شیعر دەبێ سادەو ڕەوان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بێت.

ب- شیعر هەڵچونێکی لە خۆوەو خۆڕسکی هەست و سۆزێکی بەکوڵە لە ورووژان (emotion)ەوە هەڵدەقوڵێ و شاعیر بە هێمنی و بە پرۆسەیەکی گەڕانەوە (نۆستالژیا) پرۆسەیەکی تازەی بۆ ئەنجام دەدات، یان داهێنان و ئەفراندێکی نوێی لێ بەرهەم دێنێت.


**کۆلردیج**: ئەگەرچی ئەم شاعیرەیش لەسەر هەمان ڕێبازە (ڕۆمانسییزم)، بەلام لە هەندێ خاڵدا لەگەڵ وۆردز وۆرسدا یەك ناگرێتەوە، لەوانە:

ا – وشـەی سـادە و ئاسـایی و هەسـت و سـۆزی خـەڵکی ئاسـایی بـە تـەنیا نابێتـە کەرەسـتەی شـیعر بـەڵکو هەسـت و سـۆزی شـاراوەی دەروونـی مـرۆڤ و پـەی بـردن بـە قووڵبوونەوەو پێگەیشتن لە هەڵوێستە گەورەکاندا شیعر دروست دەکات.

ب – هەروەها لەوەشدا پێچەوانەی ئەو بوو، کە وشەکان لە شیعرو پەخشاندا جیاوازیان نییە، بەڵکو هەندێ وتەی جوان و سەرنج ڕاکێش و میتافۆر لە شیعردا دەورێکی جەوهـەری دەبینن، بەڵام لە پەخشاندا بەهۆی بارێکی تایبەتییەوە لە بازنەی هونەر دەردەچن.

ت– لە کتێبەکەی خۆیدا biographia literaria زۆر گرنگی بە (**خـەیاڵی شـیعریی**) داوەو بە پێوانەی جوانی و مەزنی شیعری دادەنێ. ئەو جیاوازی دەخاتە نێوان بۆچوون و وەهم fancy و خەیاڵ imagination خەیاڵ بەو هێزە نـاو دەبـات، کـە لـە دەروونـی شـاعیردایەو دەتـوانێ پـەنای بـۆ ببـات بـۆ جیاکردنـەوەی شـتە درکپێکراوەکـان و شیکردنەوەیان بۆ ئەفراندێکی تازە، کە بە پێچەوانەوە بۆچوون و وەهم توانـای توانـەوەو سەرلەنوێ دارِشتنەوەیەکی نوێی نییە، دەبێ ئەوە بزانین، کە خـەیاڵی خولقێنـەر (الخیـال الخـلاق) لـە قەسـیدەدا دەتـوانێ وابکـا شـتەکان پێکـەوە گـرێ بـدات و کارلێـك بکـەن و ئەفراندنی نوێ بەرهەم بێنێ، بە شێوەیەك کە شتەکان یان ماددەکان بە تەنیا و بە پەرش و بلاوی ئەو مانایە نابەخشن.

پ– لایـەنێکی تـر جگـە لـە خـەیاڵ ئەویش(یەکیـەتی ئۆرگـانی organic unity) بـەلای کۆلردیجـەوە گرنگـە. پرۆسـەی خـەیاڵ بـە لای ئـەوەو وەکـو گەشـەکردنی ئۆرگـانی یـان بایەلۆژی وایە، ئەرکی شاعیر کۆکردنەوەی بەشە پەرش و بلاوەکان نییە، بەڵام لە ڕێگـەی خـەیاڵ دووبـارە لـە بنیـادێکی زینـدوو و گەشـەداردا دەیخولقێنێتـەوە هـەر بۆیـە بـەلای کۆلردیجـەوە قەسـیدەی درێـژ هـەمووی شـیعر نییـە، ئـەو بەشـانەی لـە ئەزموونـەوە هەڵنەقولابن بارن بەسەر




coleridge 1772- 1834

شیعرەوە، هەروەها دەڵێ قەسیدەی باش، کە بنیادێکی پتەوی هەیە زۆر قورسە بتوانێ لێی زیاد بکەیت یان لێی فڕێ بدەیت. لـەم ڕووەوە گوتەیـەکی ناسـراوی هەیـە، کـە دەڵـێ (ئاسانترە بـە دەسـتی خۆمـان بـەردێك لـە ئەهراماتـەکان دەربێـنین، نـەوەکو وشـەیەك لـە قەسیدە لیریکەکانی شکسپیر دەربێنین بێ ئەوەی بنیادی بنچینەی بڕوخـێ یـان نـەبێ بـە قەسیدەیەکی دی.) واتـا هێـزی قەسـیدەو کاریگـەری لـە هـەموو بەشـەکانیدا شـاراوەتەوە هەروەکو لە بنیادی گشتی قەسیدەکەدایە.

هەروەها لە ڕەخنەگرە ڕۆمانسییزمەکانی ئەو سەردەمە، کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر دروستبوونی رەخنەییەکی پتەو و چەمکێکی تازەی جیاواز لە ڕەخنـەی کـۆنی کلاسـییزمدا هەبوو، شاعیری ئینگلیزی shelley (1792 – 1822) خاوەنی کتێبـی (بـەرگریکردن لە شیعر defense of a poetry) بـوو. بـەلای (**شـیللی**)یـەوە حەقیقـەت ئەوەیـە، کـە شاعیر لە

ڕێگەی خەیاڵەوە پێی دەگات نەوەکو لە ڕێگەی (**لۆجیـك**)، کـە هـەروەکو فەیلەسـووف بانگەشەی بۆ دەکات.

دەربارەی زمان، (**شیللی**) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتـەوە، کـە شـاعیر پێوەندییـەکی پتەوی بە زمانەوە هەیەو هەر ئەو دەتوانێ زمان تازە بکاتـەوە، وشـەکان بوونـەوەرێکی جیهانی شیعرن و شیعر بە زیندوویی دەهێڵنەوە. ئەگەر شاعیرەکان وشەکانیان دووبـارە نەکردایەوە بە تێپەڕبوونی کات زمان دەبووە ئامرازێکی بێ توانا بۆ دەربڕین لە مەبەستە مرۆڤایەتییە بەنرخەکان. بەڕای ئەو شاعیرەکان، کە یاسا دارێژەرن، بناغەداری کۆمەڵن، داهێنەری مەدەنیەتن، خولقێنەری هونەرەکانی ژیانن، مامۆستای ڕاسـتەقینەن بـۆ نزیـك بوونەوە لە جوانی و ڕاستییەکان. تەنانەت شاعیر بە پێغەمبەر دەچوێنێ، لەوەدا کە تەنیا



Percy Bysshe Shelley

بەوەند ناوەستێ، کە سەرنجی ئێستا بدات بەڵکو لە ئێستاوە بۆ داهاتوو دەڕوانێ.

لە بارەی زمانی مۆسیقییەوە یان زمانی کێشدار و جیاوازی لەگەڵ نامۆسیقیدا دەڵێ، زمانی مۆسیقی ئەو زمانەیە، کە دەچێتە ژێر باری سیستمێکی دەنگی و ڕەوتێکی دیار،کە ئەمە زمانی شیعرەو ناشێ شیعر بە بێ ئەو زمانە لە دایك ببێ. یان شیعر بتوانێ واز لە کێش بێنێ.هەر لەسەر ئەو بنچینەشە پێیوایە وەرگێڕانی شیعر بێهوودەییە،بەلاّم ئەمە ئەوەش ناگەیەنێ،کە (شیللی) لەگەڵ ئەوەدا نەبێت شاعیر مافی تازەکردنەوەی کێشەکانی نەبێت.

بزووتنەوەی ڕۆمانسییزم لە ئەڵمانیاشدا لە بزوتنەوەی زریان strum and drong دا خـۆی دەنوێنێ،بـە تایبەتی(گۆتە)بـە ڕەخنـەگری ڕۆمانسـییزمی ئـەڵمانی دەژمێردرێ،کـە ئەویش وەکو کولردیج پێیوایە دەبێ مەعریفە لەگەڵ هەست و سۆزدا تێکەڵ بکرێ.

هەریەکە لە فەیلەسووف و شاعیر باس لە حەقیقەت دەکەن، بەلاّم ئامانجی شاعیر ئەوەیە، کە بە جوانترین شێوە شاکارێکی هونەری لێ بەرهەم بێنی، بۆیە دەبێ ماددەکە بخاتە ژێر ڕکێفی خودی خۆیەوە، بۆیە دەبێ بوترێ " تاکخوازی لە دەربڕیندا بنچینەی هەموو کارێکی هونەری و مەبەستەکەیەتی " واتا شێواز نیشانەیەکە لە نیشانەکانی تاك بۆیە سەرنج دەدەین بەلای (گۆتە) وە هێزی ڕاستەقینەی قەسیدە، یان ڕۆمان یان وەسف یان بۆچووندا نیە بەڵکو لەو هەڵوێستەی یان دەورەی، کە هەموویان پێکەوە دەبینین لە پێش هەموو شتێکەوە واتا (گشت) لە پێش (بەش)ەوەیە.

دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین، کە ڕەخنەکانی ڕەخنەگری فەڕەنسی سانت بێڤ (١٨٠٤ – ١٨٦٩)، کە شێوازەکەی ئەو بە (ڕەخنەی شەخسی) ناسراوە، کۆمەڵە وتارەکانی بە ناونیشانی (لێدوانی دووشەمووان)، کە لە

نێوان ساڵانی ١٨٢٩ – ١٨٦٩ دا بلاّوی دەکردەوە دیارترین پرەنسیپەکانی ڕەخنەی ڕۆمانسییزمی چەسپاند، ئەم ڕەخنەگرە دەڵێ: (بە بۆچوونی من ئەدەب لە ئینسان جیا نییە، دەکرێ چێژ و زەوق لە دەرهەمێکی ئەدەبی وەرگرم، بەلاّم ناکرێ بڕیاری لەسەر بدەم بە بێ ناسینی نووسەرەکەی، وەك ئەوە وایە، کە دارەکە نەناسم بەرەکەیشی ناناسم.

**هەر بۆیە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبدا بەرەو لێکۆڵینەوەی ئەدیب دەچم ئەمەش بـە کـارێکی سروشتی دەزانم)، ئەمەش وای لە(سانت بێڤ) کرد بۆ لێکۆڵینەوەی کاری ئەدەبی پشت بە دەروونناسیی و کۆمەڵناسیی ببەستێ.)**

هەواڵنامەی کتێب

# ڕەخنەی شێوازگەرایی و دەقی ئەدەبی



Michael Riffaterre (1924-2006)

بـۆ لێکۆڵێنــەوە لــە (شـێوازگەرایی) و چـۆنیەتی مامەڵـەکردنی لەگـەڵ دەقــی ئەدەبیـدا سەرەتا،دەبێ چەمکی شێوازگەرایی وەکو میتۆدێکی رەخنـەیی روون بکەینـەوە، بێگومـان دیارە هەر لـە زووەوە لێکۆڵـەران سـەرنجی جواننـاسـی زمـانی ئـەدەبی یـان ئێسـتاتیکایای دەقی ئـەدەبیان داوە و هـەوڵیان داوە خاسـیەت و پێکهاتـە و ئاسـتە جیاوازەکـانی دیـاری بکەن لە پێناو دەرخستنی توانای شاراوەی زمان و دیاریکردنی شێوازەکانی دەقی ئەدەبی لەوەی تا چەند دەتوانێ کاریگەریی و ئەرکی ئیستاتیکی ببەخشێت.

(شارلبالی) دامەزرێنەری شێوازگەرایی، یـان زانسـتی شـێواز وەهـا دەناسـێنێ کـە ئـەو زانستەیە لە رەگەزەکانی زمان دەکۆلێتەوە کە تاچەند ناوەرۆکەکەی دەربڕ کاریگـەرە...) ئەو وای دەبینی،کە زمان لە ئاراستەی خۆیدا بارگاوی کراوە،هەربۆیەشە واقیعی زمانـەوانی یان خیتاب بەسەر دوو جۆردا دابەش دەکات:

یەکەمیان ئەو خیتابەیە،کە خودی خۆی هەڵگرتووە و بارگاوی نـەکراوە بـەهیچ ئـەوەی دیکەیان هەڵگری سـۆز و رووژاندنـە، لـە شـێوازگەراییدا مەبەسـت لـە لایـەنی سـۆزداری لـە خیتابدا ئەوەیە، بڕی ئەو سۆزەی، کە قسەکەر لە خیتابەکەی خۆیدا بەکاری دێنێ.

شێوازگەرایی بەلای (**بالی**) یەوە لـە بنچینەدا "دیـاریکردنی وزەی شـاراوەی دەربڕینـی زمانە لای تاك، کەوابێ بابـەتی شـێوازگەرایی، بـەپێی ئـەم بۆچـوونە لێکۆلێنـەوەی بـەهای سۆزداری زمانە، یان لێکۆلێنەوەی کایەکانی دەربڕینی زمانە لە رووی ناوەڕۆکی ویژانیەوە، کـەوابێ مەبەسـتی سـەرەکی (**بـالی**) تـەنیا نـاوەڕۆکی ویژدانییـە لـە دەربـڕین یـان لـە خیتابدا،بەڵام لیۆر سپێتزەر مەبەستی، لێکۆلینەوەی سروشتەکانی، یان جۆرەکانی شێوازە لە کاری ئەدەبیدا، کە رەنگدانەوەی کەسایەتی خاوەن دەقە. بێگومان ئەوەی کە ئـەو دوو رێباز یان ئـەو دوو بۆچـوونە جیـاوازەی شـێوازگەرایی لەیـەکتر جیادەکاتـەوە ئەوەیـە، کە یـەکێکیان گرنگـی بـە نـاوەڕۆکی ویـژدانی و سـۆزداریی دەربـڕین دەدا و لایـەنی سـتاتیکی فـەرامۆش دەکـات ئـەم روانینـە لای (**شـارل بـالی**) رەنگـی داوەتـەوەو ئـەم رێبـازە بـە (**شێوازگەرایی دەربڕین**) ناسراوە و ئەوەی دووەمیان گرنگی بە زمانی ئەدەبی دەدات و ئەو خاسـیەتانەی لـە نووسـەردا دەردەکـەون و بـەم رێبـازەش دەوترێـت" شـێوازگەرایی تاکخوازی"(الاسـلوبیە الفردیە).نووسـەرێکی دی، کـە (**بیـار جـیرۆ**)یـە لـە پێناسـەی شـێوازگەراییدا دەڵێـت: لێکۆڵینـەوەی گۆرانکارییـەکانی زمانـە بەرامبـەر بـە بنـەماکانی

دەستوور...) لێرەدا دەستوور مەبەست کۆمەڵ یاسایەکە یـان کۆمەڵـە دەسـتوورێکە، کـە سیستەم و ئاستەکانی زمـان دیـاری دەکـەن شـێوازەگەرایی جـۆری ئازادییـەکانی نێـو ئـەم سیستمانە دیاری دەکات. دەستوور ئەم زانستییە کە نووسەر ناتوانێ دروستی بکات، بەڵکو ئەرکی شێوازگەراییە ئەم کارە بکات شێوازگەراییە ئەم کارە بکات شێوازگەرایی بەپێی ئەم بۆچوونە ئیستیکای بزاڤی نووسەر دەگرێتەوە کە تاچەند دەتوانـێ داهێنـان و دیاردەکـانی زمان بە شێوەیەکی تازە بەکاربێنی، هەربۆیەشە بە (شێواز) دەگوترێت، (بـواری کـارکردن – مجـال التصـرف) جاکۆبسـن لـە ناسـاندنی (شـێوازگەرایی)دا وەهـای بـۆ دەچـێ، کـە لێکۆڵینەوەیەکی وتەو گوفتارە جیا لـە ئاسـتەکانی دیکـەی خیتـاب لەلایەکـەوە، لەلایـەکی دیشەوە، لەگەڵ سەرجەم هونەرە مرۆڤاتییەکانی دیکەدا جیاوازە، کـەوابێ شـێوازگەرایی و مەیدانی لێکۆڵینەوەکانی بریتییە لە ئاستی هونەر خیتاب، کە لە نێـوان هـەموو گروپـەکانی دیکەی خیتابدا جیایە و بەمە لەگەڵ هونەرەکانی دی جیادەبێتەوە، کە لە دەربڕیندا لەگەڵ ئەدەبدا یەك دەگرنەوە، بەڵام لە هۆکار و شـێوەی دەربڕینـدا لـە هـەموویان جیایـە، بـەڵام (عبدالسـلام المسـدی) دەڵێ:(شـێوازگەرایی گرنگـی لێکۆڵینـەوەی ئـەو خاسـیەتانەی زمـان دەدات، کە وتە و قسەکردن بە تەنیا بـەهۆکارێك نـازانێ بـۆ راگەیانـدن بـەڵکو دەیکـات بـە ئامرازێکی کاریگـەریی هونـەریی، لـەو خاسـیەتانەی زمـان دەکۆڵێتـەوە کـە ئـەرکی جـوانی (ستاتیکی) بەخیتابی ئەدەبی دەبەخشن، هەروا لەو نهێنییەی کەوا دەکات خیتابی هونەری ئەرك و مەبەسـتی دوو لایەنـە ببەخشـێت، نـەوەك بـە تـەنیا وتـەی ئاسـایی، کـە گەیانـدنی پەیامێکی دەلالییـە، هاوکـات لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـەو کاریگەرییـەی وتـە لەسـەر بەرامبـەردا دەینووێنێ و تاچەند وروژاندنی لەلا دروست دەبێت.)

بەپێی ئەو پێناسانەی لەسەرەوەدا ئاماژەمان پێکرد، زانستێکە لـەو دیـاردە ئەدەبیـە دەکۆڵێتەوە،کە بەهۆی رەگەز و خاسیەتە تایبەتییـەکانی زمـان دەکۆڵێتەوە،کـە ئـەرکێکی دوولایەنــەی لــە ئەســتۆدایە، کــە (گەیانــدن و کاریگەرییــە) بوارەکــانی لێکۆڵینــەوەی شـێوازەگەرایی و رێکاکـانی پیادەکردنی:شـێوازەگەرایی هەوڵـدەدات لـە هەڵبژاردنـەکانی نووسـەر (اختیـارات الکاتـب) بکۆڵێتـەوە، کـە لـە هـەموو دەقێکـی ئەدەبیـدا دوو لایـەن بەرجەستە دەکات، چێژو بەهای جوانناسی. دەق دەوڵەمەند دەکات و گرنگی پێدەدات، بە پێچەوانەی رێبازە رەخنەییەکانی دی کە هۆکارێك بەکاردەهێنن بۆ گەیشتن بـە ئامـانجێکی

دەرەکی پەیوەند بە بارودۆخێکی مێژوویی یـان بەخششـێکی دەروونـی و کۆمەڵایـەتی یـان هەر هۆکارێکی دی کەوا دەکات، کە کارتێکردنەکە تەنیا لە ڕێگەی ئەوەوە بێت،بۆیە یەکێك لە لێکۆڵەرەکان دەڵێ ڕەخنەی شێوازگەرایی،ڕەخنەیەکە سیفەتێکی زانسـتی هەیە،چـونکە لـە دەق خـۆی و لـە نـاوەوەی دەق دەکۆڵێتەوە،ئـەوەش لـە ڕێگـەی جـەختکردن لەسـەر ڕەگەزە شێوازگەراییەکانی دەق خۆی، و پێوەندی نێوان ئـەو ڕەگەزانـە و ئـەرکی شـێواز و جوانناسییان،کەوابێ هەروەکو دەردەکەوێت بواری لێکۆڵینەوەی شێوازگەرایی تایبەتـە بـە دەق و پێکهاتە ناوەخۆییەکانی و پەیوەندی کردە دەرەکییەکانـەوە نییە،کـە لـە دەرەوەدا کار لە دەق دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە تـەنیا سـەرنجی پێوەنـدی ڕەمـز و هێماکـانی زمان لەگـەڵ یـەکتر نادات،بـەڵکو سـەرباری ئـەوە پێوەنـدی پتـەوی نێـوان (بیرکردنـەوە و دەبڕین) دەدات،بە شێوەیەك کـە پێوەنـدی نێـوان بـیرو دەربـڕین تـا چـەند کاریگەریشـیان بەسەر یەکترەوە هەیە،بەم هەنگاوەش تۆژینەوەی شێوازگەرایی لە ئاستی وەسـفییەوە بـۆ ئاستی بە ئەدەبی بوونی دەق و دەلالاتە شاراوەکانی شێواز دەگوازرێتەوە.

شێوازگەرایی، لێکۆڵینەوەی لایەنە شێوازگەراییەکانی دەقـی ئەدەبییە،بـەهۆی هۆکـارە جیاوازەکانی دەربڕینی و پێکهاتەکانیان،وەکو وشە وێنە و باری گرامەر و مۆسیقییەوە، کە لێکۆڵەر لە ڕێگەی ئەمانەوە دەتوانێ هۆکار دەروونـی و کاریگەرییـە سـتاتیکییەکان دیـاری بکات.لێکۆڵینەوەی شێوازگەرایی بـۆ خۆنزیککردنـەوە و ڕاڤـەی دەقـی ئـەدەبی پشـت بـەو چەمکانە دەبەستێت هەڵبژاردن ـ ڕۆنان ـ لادان.

## هەڵبژاردن

هەڵبژاردن پەیوەندی بە چەمکی شێوازەوە هەیە و بەخاڵێکی گرنگ و بەرچاو دادەنرێت لە نێوانی (ستاتیکی) و سیفەتی شێوازگەرایی وەرناگرێت تەنیا ئەو کاتە نەبێت،کە کۆمـەڵا دیاردەو ڕەفتاری دەربڕینی کاریگەری لەلایەن شاعیر یان ئەدبییەوە پێ دەبەخشـرێت، کـە بە بۆچوونی یان دیدی خـۆی ئـەوەی هەڵبـژاردووە ئەلتـەرناتیڤێکی دیکـەی نییـە وئـەوەی هەڵیبژاردووە لوتکەی کاریگەرییە بۆ دەربڕینی هەڵوێستێکی دیاریکراو دیارە لێرە مەبەست لە هەڵبژاردن،هەڵبژاردنی شێوازگەراییە، کە بـە **(هەڵبـژاردنی ڕێزمـانی)** ناسـراوە، بـەواتای هەموو ئەو شتانە دەچێتە خانەی دەنگ و وشەسازی و دەلالەی **(سیمانتیك)**.

کەوایە هەڵبـژاردنی وشـە یـان دەسـتەواژەیەك لەلایـەك داهێنەرەکەیـەوە بەراسـتترین و چاکترین زانراوە بۆ گەیاندنی مەبەست بۆیە هەڵبژاردراوە، ئەمەش وامان لێ دەکات کە بلێێن شـێواز پرۆسـەیەکی هۆشمەندانـە و بـە قەسـدەوەیە و داهێنـەر دەزانـێ هـەموو نیشـانەو هێمایەکی زمان لە شوێنی خۆیدا بەکاربێنێ و شێوازی خۆڕسك و خۆڕپـە یـان ئیلـهام ڕەت دەکاتەوە کە پێشتر هەندێ ڕێبازی ئەدەبی و ڕەخنەیی ئاماژەیان بۆ دەکرد، (**هەڵبـژاردن**) یش لەچەندین وێنەدا خۆدەنوێنێ لە ئاستی گوتەیەك یـان فەرهەنگسـازیدا پەسـەند کردنـی گوتەیەکی بەسەرگوتەکانیدا دیکەدا). هەیانە لەسەر ئاستی ڕۆنانی ڕێزمانی بـە شـێوەیەکی پەسەندکردنی شێوەیەکی ڕۆنان بەسەرئەوانی تردا بۆ گەیشتن بە بنەچەی واتا.

چەمکی ئەو (**هەڵبژاردن** = اختیار)ە لە تیۆری چۆمسکی لە بارەی (ڕۆنـانی سـەرەوە– ڕۆنـانی ژێـرەوە) لـەو بارەوەیـە و بـەو شـێوازە دەگـوترێ کـە هەڵبـژاردن بـۆ مەبەسـتی بەرهەمهێنان و بە کارهێنانی توانا شاراوەکانی زمان بەکاردێنێ هەر ئەو تیۆرەی چۆمسکی هەوڵ دەدات ئەو توانایانە دیاری بکات و مەوداکانی دەربخات بە هۆی (**ڕێزمانی گوێزانەوە**) لە ئاکامدا بۆمان دەردەکـەوێت (سـیمای شـێوازگەرایی) وێنەیـەکی هەڵبژاردەیـە لـە نێـوان گوێزانەوەیەکی هەڵبژاردندا کە لەگەڵ دەلالەتەکەیدا دەگونجێ و لە هەموویان گونجاوترە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەکرێ بلێێن لە میانەی وێنەکانی هەڵبژاردندا دەربڕینە ڕەگەزدۆزییـەکان یان مەجازییەکان هەموویان دەچنە ئـەو خانەیـەوە چـونکە هەڵبژاردنەکـە لـەم جـۆرە یـان وێنەیەدا لەسەر ئاستی تاکـە گوتەیەکدا دەچـێتە دەرەوەو دەبێتـە ڕۆنـانێکی جیا،بـەوەی دارشتنەوەو ڕۆنانێکی تازەی وشەیە بۆ وێنەیەکی ئەدەبی ئەرکی کـارتکردنێکی گەیانـدن و جوانناسی لە هەمانکاتدا بگرێتەوە.

لێکۆڵینەوەکانی بواری شێوازگەرایی نـرخ و بەهایـەکی زۆر بـۆ (**ڕۆنـانی شـێوازگەرایی**) دادەنێن، تەنانەت بەلایەنێکی کاریگەری پرۆسەی نەفراندنی ئەدەبی دەزانـن و بـە هۆیـەوە وێنـەی دەربڕینـی زمانـەوانی لەمـەودای بـوونی بـە زۆرەملـێ بـۆ بـوونی ڕاسـتەقینە دەگوازورێتەوە ڕۆنان ڕوخساری ئەدەبییە چونکە ئیستاتیکا لە دەقی ئەدەبیدا پەیوەنـدی بەتێکچڕژان و کارلێکراوی ڕەگەزە بنیادییەکانی دەقەکە خۆیەوە هەیە.

لە دەقی ئەدەبیدا ڕۆنان دەبێتە هۆی ڕێکخستنی وشە هەڵبژاردەکان بـە هـۆی هـەردوو کرداری ئامادە و نائامادەیی یان بە واتایەکی دی لە دەقی ئەدەبیدا وشەکان لەسـەرهەردوو

ئاستی ئامادەیی و نائامادەیی دادەرێـژرێن و لەسـەریەكی هێـڵ لـە سـیاقدا دادەڕێـژرێن بـۆ ئەوەی كاریگەرییەكی دەلالی و دەنگی و ڕۆنانی بنوێنێ.

بـەپێی ئـەم بۆچـوونەمان بـۆ ئەفرانـدن یـان داهێنـانی ئـەدەبی لـە هـەمان بازنـەی بۆچـوونەكانی جاكبسـۆن ناچـێنە دەرەوە كـە دەڵـێ ڕووداوی شـێوازگەرایی ڕۆنـانی دوو پرۆسەی یەك بەدوای یەكە كە بریتین لە هەڵبژاردنی ماددەی تـەعبیریی لـە زمانـدا پاشـان ڕۆنانی ئەو ماددەی زمانەوانییە كە لەگەڵ دەسـتوورەكانی ڕێزمانـدا بگونجـێ و ئـەوەی لـە بەكارهێناندا ڕێگەپێدراوە.

بەم شێوەیە شێواز لای جاكبسۆن گونجان ئـەو دوو پرۆسـەیە یـان ڕێكـەوتنی خشـتەی هەڵبژاردنە لەگەڵ خشتەی دانان وانەی شێوازگەرایی لە دەقی ئەدەبیدا بەتەنیا وەسفكردنی بنیادی ڕۆنانەكە نییە، بەڵكو گرنگیدانە بەمەودا دەلالییەكان و ئەو لقانە لێی دەبێتـەوە لـە بەكارهێنانـدا، وەكـو پێشخسـتن و دواخسـتن هێنـان و لابـردن ناسـاندن و نەناسـیاوی واتـا هـەموو ئـەو وردەكارییـە زمانەوانییانـە خەسـڵەتی شـێوازگەرایین، لێـرەوە دەڵـێن: ڕۆنـانی زمانەوانی دەقێكی ئەدەبی وا دەكات ئەو دەقە قەوارەو خاسـیەتی تایبـەتی خـۆی هـەبێت هەر بۆیەشە میشال ریڤاتیر جەخت لەسەر دەق خۆی دەكاتەوە و لە هەموو بارێكی خـودی و كۆمەڵایەتی دایدەبڕێ، خیتابی ئەدەبی ڕۆنانێكی ستاتیكییەكەكانی زمانـە دەردەكـەوێت ئینجا ئەركی ئەدەبی خۆی بەرجەسـتە دەبێـت، كـە ئەمـە خـۆی لـە خۆیـدا نهێنییەكـە لـە نهێنییەكانی خەسڵەتەكانی ڕۆنانی بینادگەری و ئەركەكەی. لە كورتەی ئەم قسانەدا بۆمان دەردەكـەوێت كـە ڕۆنـان لـە دەقـی ئەدەبیـدا ئامازەكـانی زمـان بـە شـێوەیەكی تایبـەتی بەكادەهێنێ و ئەو بەكارهێنانەیش بە هۆشیاری بە قەسدەوەیە بۆ بەرهەم هێنانی دەلالەتی ئەدەبی.

### لادان:

لادان بە ئامازەیەكی بە ئەدەبی بوونی دەق و شیعرییەتی دەق دادەنرێ چونكە لادان و دەرچوون لە دەستووورە ئاساییەكانی زمان لـە هـەر یـەكێك لـە ئاسـتەكانی دەنگـی ڕۆنـانی شێوازی ڕەوانبێژی خۆی لە خۆیدا ڕووداوێكیشێوازگەراییە.

لادان پێوەندی خۆی لەگـەڵ دەق لـە رێگـەی پـەیام دەردەبـڕێ هەربۆیەشـە پێناسـەی شێواز بە لادان لە دەستوور باوەکان دەکرێت یان جیاوازی نموونەیەك لە نموونەیـەکی تـرە لە دووانەی سیستمی رۆنانی زمانی دەقی ئەدەبی لەگەڵ سیستمەکانی تر.

رایـەك هەیـە پێیوایـە پێوانـەی لادان لـە زمانـدا پشـت بـە توانسـت یـان توانـای زمـان دەبەستێت،کە حاڵەتێکی نموونەییە لە زماندا ئەم نموونەییە بەرای چۆمسکی و لایـەنگرانی لەلای کەسانی سەربەیەك زمان دەتوانن سێ ئاسـت لـە رۆنـانی زمانـدا لەیەکترجیابکەنـەوە رۆنـانی تـەواو و مانـا دەبەخشـێ جـۆرێکی دیکـەیان ناتـەواوە و هـیچ نابەخشـێ ئـەوەی سێیەمیان سەر بەهیچیان نییـە لەلایەکـەوە زۆر تـەواو دروسـت نییـە لەبەرئـەوەی بنیـادی رۆنانەکەی جیاوازە یان لایداوە رستەی نارێزمانی یان رستەی هاوشێوە بـەپێی بۆوچـوونی ئەوان بەکارهێنانیان لە زماندا لە سێ ئاستدا پیـادە دەبـێ! ئاسـتی رێزمـانی نارێزمـانی و ئاستی رەتکراو مەبەستیان لە ئاستی نارێزمانی دیاردەی شێوازگەراییە بەو پێیەی لادانە لە نموونە میسالی توانستی زمانە چونکە پێوەرێکە بۆ پێوانەی ئەوەی کەتا چەند رستە لەیەك نزیك یان هاوشێوە و نارێزمانییەکان لایانداوە.

هەندێ بیروڕای تر پێیان وایە لادان دیاردەیەکە پێوەنـدی بـەناوەوەی دەقـەوە هەیـە و شـتێکی دەرەکـی نییـە ئـەو بۆچوونەشـە وای لـە میشـال ریڤـاتیر کـردووە کـە لەدەسـت نیشـانکردنی لادان بڵێیـت لادان دیاردەیـەکی شـێوازگەراییە لەسەرکەسـی بەرامبـەر و پێوەرێکە لە معیارەکانی شێوازگەرایی، دیاردە شێوازگەراییەکان بـە بۆچـوونی ریڤـاتیر لـە رێگەی بنیادە تایبەتییـەکانی زمانـەوە دیـاری ناکرێـت، کـە دەبنـە هـۆی لادان (الانحـراف) بەڵکو بە وردبوونەوە و روانـین لـەوەی ئـەو بنیـادە تـا چـەند لای کەسـی بەرامبـەر ورووژان دروست دەکات و وەریدەگرێ*.

سەرچاوە: حسین بوحسون: الاسلوبیة والنص الادبی مجلة الموقف الادبی اتحاد الکتاب العرب دمشق ع ٣٧٩، ٢٠٠٢.

# زمانەوانی و رەخنەی ئەدەبی

هەواڵنامەی کتێب

## پـێـشەکی[1]:

لێکۆڵینەوە لە زمان بە شێوەیەکی گشتی و دەقی ئەدەبی بە تایبەتی مێژوویـەکی کـۆنی هەیە و لە بەرهەمەکانی داستاننووسی بەناوبانگی یۆنانی (هـۆمیرۆس)دا بـە نـاوی (ناونـان) ئامـاژەی بـۆ کراوە،ئـەو سـەردەمەی یۆنـانی کـۆن زمـان لـە چوارچـێوەی فەلسـەفەدا شیدەکرایەوەو لە کۆنترین دەقی بەجێماوی ئەواندا بە ناوی(نامەی کراتیلۆسی ئیفلاتوون)دا وەکو فەلسەفەی زمان سەرنجی لێدراوە. دواتـر لـە کتێبـی پیۆتیکـای ئەرسـتۆ و بەرهـەمی هسیۆدۆس دا بەرجەستە بووە. بەم شێوەیە لە زمانەوانی کۆندا زمان وەکو مەبەسـتێك بـۆ پێوەنـدی و گواسـتنەوەی هەسـت و سـۆزو بـیری کەسـەکان لێـی کۆڵراوەتـەوە.دواتر لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا قەشـە ئۆگسـتین(٣٥٤–٤٣٠)ئامـاژە بـۆ بۆچـوونەکانی ئەرسـتۆ دەکـات و دەڵێت:(ئەرستۆ هەقی بووە ناو و کاری وەکو نیشـانەی بیرکردنـەوە ناونـاوە و سێ جۆر وتەی لە یەکتر جیـا کردۆتـەوە: وتـەی نووسـراو، وتـەی گـۆکراو، زمانێـك کـە لـە زەینداـیە)( زبانشناسـی و ادبیـات :٣٩).ئـەمڕۆ لـە بـواری زانسـتی زمانـدا بـە تایبـەتی لـە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لقێکی نوێ لە بواری زمانەوانیدا بە ناوی (زانستی زمانی دەق) زۆر بە خێرایی گەشـەی کـردووەو لـە بنـەماکانی دەق و داڕشـتنی لـە میانـەی رەوتی گەیاندن و کۆمەڵایەتی و دەروونی دەکۆڵێتەوە. (بڕوانە: ڤولنجانج هاینە مان و دیتر فیهـڤجر، مدخل الى علم لغه النص).

زمان،وەکو زۆربەی زمانەوانەکان،لەسەر ئـەوە رێکـەوتوون دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتییـە، بەتایبەتی زمانەوانی کۆمەڵایەتی **Sociolinguistics** زۆرتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، زمان لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان و هەرەوەزیدا لە دایك بووەو گەشەدەکات و هەر خۆیشی شێوەی تازە بە کۆمەڵ دەبەخشێ.ئەم تیۆرییە زۆرتر قـەرزاری بۆچـوونەکانی قوتابخانەی زمانەوانی (چۆمسکی) و (قوتابخانەی بەرهـەمهێن **Generative Linguistics** )ی ئەوە.

[1]: بە هاوبەشیی لەگەڵ د.صباح رەشید قادر.

## تیۆرییەکانی زمانەوانی و بنیادی دەق :

بەرهەمی بیری ئەو فەیلەسوف و زمانەوانیانەی بەر لە (سۆسێر) بیرۆکەی لێکۆڵینەوەی بنیـادی دەقیـان دارشـتبوو ، ئەمـە ئـەوە ناگەیـەنێ ، کـەوا رابـەری یەکـەمی ئـەو تیـۆرە (سۆسێر)ە و لە پانتاییەکی بەتاڵدا ئەم هـزر و بـیرەی هێنابێتـە کایـەوە، یـان لـە هیچـەوە دروستی کردبێ ، بەڵکو (سۆسێر) قالبێکی زانستی و چوارچێوەیەکی مەعریفی لە بنیادێکی وردەکاری چاکتر دارشتەوە (بروانە عبدالقادر هـنی ١٩٩٧ : ٢١٢) . بەمـەش بنیـادی دەق ، کە دواتر بنیادگـەری لێکەوتـەوە شـوێن هـەڵگری رێگەیـەکی بیرکردنەوەیـە سـەبارەت بـەو جیهانەی بە گشتی گرینگی بە پێکهاتە و بنیاد دەدا و بەپێی ئەو پێناسەی بۆ بنیاد کـراوە بەو ناوەی کەوا گرینگییەکی پێشکەوتووانەیە لەلایەن بیربێژە نوێخوازەکانی وەکـو فیکـۆ : ئـەم قازییـە ئیتالییـە پێـی وایـە ئـەوەی، کـە پێـی دەڵـێن " مرۆڤـی سـەرەتایی" بـە هەڵسـەنگاندنێکی دروسـت وا دەردەکـەوێ ، کـە نـە نـەزان و نـە درنـدە بـووە ، بـەڵکو لـە هەڵکـەوتوو سروشـتدا و بـە بنەچـە و زگماکـەوە شـاعیرانە وەڵامـی دەوروبەرەکـەی خـۆی داوەتـەوە و لـە ناخـەوە پەنـدو بەنـدێکی شـاعیرانەی هـەبووە و لـە چوارچـێوەیەکی میتافیزیکیانە و لە شێوەی خوازە و هێما و داستان دایرشتوون .(ترینس هۆکنز ١٠) .

گەلێك هەوڵ و لێکۆڵینەوەی جیاواز بۆ لێکدانەوەی پرەنسیپ و تەوەرەکانی بنیادگەری لای سۆسێر دراوە ، کە بوونـە مایـەی رەنگرێـژکردنی سیمای بنجـی تیۆرەکـە ، بۆنموونـە (پیاجیە) یەکێك بوو لەو زانایانەی، کەوا بنیادگەری لەچەند بنەمایـەکی سـەرەکی خەسـت دەکاتەوە و بەو سێ بیرە سەرەکییەی خوارەوەی دەبەستێتەوە :

بیرۆکەی گشتیەتی (فكرة الكلية) .

بیرۆکەی گواستنەوە (فكرة التحول).

بیرۆکەی رێکخستنی ناوەکی ( التنظيم الذاتي )

ئەم سێ بنەما یان بیرۆکە سەرەکییە وەنەبێ بەسەر بەخۆیی و لێك ترازاوی کار بکەن ، بـەڵکو کارەکـانی ئـەم بیرۆکانـە و خسـتنەگەریان لـە چوارچـێوەی بنیادگەریـدا وەکـو تەواوکەرییەك و تەواوکردنی فیکرەی سیستمی بنیادگەریدا کار دەکەن.

سەبارەت بە بیرۆکەی گشتیەتی ( پیاجیە) بە یەکگرتنی ناوەکی (تماسك الداخلي) لێکی دەداتەوە ، بەمەش رێکەوتن و رێکخستن و قەوارەکان لە خودی خۆیانەوە تەواو دەبن، نەك

تەنیا لە کۆکردنـەوە و کەڵەکە کردنـی پێکهاتـەکان بـێ و بـە سـەربەخۆیی و دابـڕاوی لـەو سیستەمەدا کـار بکـەن . بەشـە پێکهێنـەرەکانی ئـەو قەوارەیـە بەسـتراوەی یـەکن بـەهۆی هەندێ یاسای خودی، کە سروشتی بنیاد و بەشە پێکهێنـەرەکان دەسنیشـانی دەکەن.ئـەو یاسایانەش تایبەتمەندییەکی گشتی گەورەتر بە بەشـە پێکهێنـەرەکانی بنیادەکـە دەدات ، کە لەو تایبەتمەندیانەی لە هەر بەشە پێکهێنێك بەسەر بەخۆیی بەدی دەکـرێ لـەدەرەوەی بنیادەکە گشتی و گەورەترن. بەمەش بنیادنان بەتەواوی لـە کۆکردنـەوە جیـاوازە. لـەوەی کە بەشە پێکهێنەرەکان ئەو بوونە سەر بەخۆیەیان لە دەرەوەی بنیادەکە وەکو ئەوەی لـە بنیادەکەدا دەیانبێ، نابێ.

بیرۆکەی دووەم : بنیاد جێگیر و وەستاو نییە ، ئـەو یاسـایانەی، کـە بـەڕێوەی دەبـات تەنیا بنیاد دروست ناکات ، بەڵکو وای لێدەکات ، کە بنیاددەر بێ ، جا بۆ ئەوەی بنیادەکە بەرە و ئاستی فـۆڕمێکی سـلبی دانەبـەزێ . دەبـێ بنیادەکـە لـە ئاسـت کردەکـانی گـۆڕین توانادار بێ ، کە بە پێی ئەو توانایە دەکرێ ماددە تازەکان بە بـەردەوامی هـەرس بکـرێن، بەمەش زمان بەهۆی ئەوەی بنیادێکی مرۆیی گرینگە توانای گۆڕینی ڕستەی بنجی و جۆراو جۆری بۆ دروستەی فراوانتر لە دەربڕینی نوێ هەیە لەو کاتەی زمانی ئەو ڕستانە لە بنیادی تایبەتی خۆی دەپارێزێ . دوا بیرۆکەش : کەوا بنیاد ڕێکخسـتنی خـودی هەیـە واتـە خـۆی ڕێکدەخاتـەوە ، بـە واتـای پێویسـتی بـە هـیچ شـتێکی دەرەوەی خـۆی نییـە بـۆ ئـەوەی ڕەنگێکی یاسایی بە کردەکانی گۆڕین ببەخشێ و گۆڕینەکان ببنە مایەی پارێزگاری کردنـی یاسـا خودیـەکان کـە ئـەو گۆڕینانـە ئـەنجام دەدەن و دابـینی دەکـەن .ئـەو سیسـتەمەش دادەخەن بۆ ئەوەی نەکەونە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی سیستەمی ترەوە .

زمانیش بە پێی ئەو باری سەرنجەی سەرەوە لەسەر ئەوە بنیاد نانرێ کـەوا ئامـاژە بـە نموونـەکانی واقیـع نـادات بـۆ دروسـتکردنی وشـەکانی ، بـەڵکو لەسـەر بنچـینەی یاسـا ناوخۆییەکانی کە لە خودی خۆیانەوە خۆیان تەواو دەکەن (ترێنس هۆکز ٩٨٦ : ١٣).

دەکرێ ئەو بۆچونانەی بیاجیە بکرێت بە بنج و بنەما گشتیەکانی بنیادگەری، بەڵام بـۆ گواستنەوەی بنچینەی بنیادگەری بـۆ بـواری زمـان وردتـر و ڕوونـتر دەکـرێ بۆچـوونەکانی سۆسێر لە چوارچێوەی چەند تەوەرێکدا کۆبکەینەوە، کە بریتین لە :

## یەکەم : زمان و گوتن Language and Parole .

زمان توانای گوتنە ، کە لە هەموو مرۆڤێکی ئاساییدا بەدی دەکرێ و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیـەکی تـر لـە ئـەنجامی هۆکـاری بۆمـاوەوە دەڕوا. لەڕێگـەی تاقیکردنـەوەی مێشـکی بەکارهێنەری زمانەکە پەی پێ دەبردرێ . ئەم توانایە وای لەئادەمیزاد کردووە، کە بدوێ و سوود لە ئەندامانی ئاخاوتن وەربگرێ بۆ دەرهێنانی دەنگ، هەر چـەندە ئـەم ئەندامانـە لـە بنەڕەتدا بۆ مەبەستی تر دروستکراون.زمان بەم پێیە لەتوانستی(Competence)ی لای چۆمسکی نزیك دەبێتەوە.بەمەش زمان تایبەتمەندییەکی ڕەوشتی بەربڵاوە و بابەتێکە جگە لە زمانەوان ، زینـدەوەرزانیش گرینگـی پێـدەدات .(سۆسـێر) زۆر بەتونـدی بـەرگری لـەوە دەکات کەوا زمان لە مێشکدایە زۆر ئەبستراکت نییە و زمان هەندێ شتە، کە تاکە قسـەکەر دەتـوانێ بـەکاری بـێنێ ، بـەڵام بەتـەنیا نـاتوانێ کـاری تێبکـات ، هـەروەها بریتییـە لـە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ، یان ڕاستیەکی کۆمەڵایەتییە ، کەلە مێشکی مـرۆڤ هـەڵگیراوە و (کۆگایەکە بۆ هەموو ئەو وشە و وێنا کردنانـە کـە لـە مێشـکی تاکـە کەسـێکدا هەڵدەگیرێ (Crystal 62) . کەواتە زمان لایەنی بنچینەیی زمانەوانییە کە مەبەستی زمانە و لایەنی کۆمەڵایەتییە و دابڕاوە لە تاك هەروەها ئەم لایەنەی(زمان) لایەنێکی دەروونیشە لە هـەموو ڕوویەکەوە (سۆسێر ٣٧).بەپێی ئەم ڕوونکردنەوانـەی سـەرەوە دەکرێ بڵـێین کـەوا زمـان بریتیە لە کۆمەڵـەیـەکی ڕێکخـراوی هێماکـان ، کۆمـەڵ پـەیڕەوی دەکـات بـەو پێیـەی کـەوا تواناکانیـان ڕێگـەیان پـێ دەدات بـۆ ئاخـاوتن و لەیـەك گەیشـتن، بەمـەش زمـان لـە ژێـر دەسەڵاتدا نییە چونکە زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی هاوبەشە. سۆسێر لەو بارەوە دەڵێ : زمان ئەوسەرمایەیە کە لە مێشکی کەسانی ناو کۆمەڵێك هەڵدەگیرێن بە هۆی ئەوەی دەست بەقسەکردن دەکەن. سیستەمێکی ڕێزمانییە بونێکی مەزەندەیی لەهەموو مێشکێکدا هەیە ، یان لە مێشکی کۆمەڵە کەسێکدا . هەموو سیستەمەکە لـە یـەك تاکـە کەسـدا بـەدی نـاکرێ بـەڵکو بـە هاوکـاری مێشـکی هـەموو کەسـەکان سیسـتەمەکە تـەواودەکرێ، بـەڵام گـوتن_Parole لای سۆسـێر، کـە بەرامبـەر بـە توانـا (Performance) ی لای چۆمسکی دەوەستێ ، لای سۆسێر گوتن ئـەو چـالاکییە داینەمیکییـە کەسـییەیە کـە دێتـە گـوێ ، بـە پێچـەوانەی زمانـەوە گـوتن دەخرێتـە ژێـر سـەرنجەوە ،تۆمـار دەکـرێ ، لێـی دەکۆڵرێتـەوە ، دووبـارە دەکرێتـەوە و لـە ژێـر دەسـەڵاتدایە وکـات و شـوێن داگیردەکـا .

لێکۆڵینەوە لە گوتن بە مەبەستی لێکدانەوەی زمانە ، واتە هۆیەکـە بـۆ گەیشـتن بـە زمـان . (Crystal 162 )



Ferdinand de Soussure(1857-1913)

گوتن زۆر پێویسـتە بـۆ جێگیرکردنـی بنـەماکانی زمـان ، گـوتنیش سـەرەتا لـە لایـەنی مێژووییەوە دەست پێدەکا ، بۆ نموونە قسەکەر چۆن دەتوانێ بیرۆ کەیەك بە وشـەیەکەوە گـرێ بـدات ، ئەگـەر بێـت و ئـەو بەسـتنەوەیە لـە یـەکێك لـەکردە قسـەییەکان دووبـارە نەبوبێتـەوە ، لـەوە دا پـەنا دەباتـەوە بـەر ئـەو زەخـیرە زمانییـەی کـە وەکـو شـتێکی کۆمەڵایەتی لە مێشکدا هەیە ، بەمەش ئەو دوو لایەنـە یـەکتر تـەواو دەکـەن ئەگـەر لایـەنی جیاوازیشیان هەبێ . بەمەش گوتن ڕێگەیەکی کۆمەڵایەتی نییە بەڵکو ڕووکەشی تاکی ماوە کورتە .

چـەمکی گـوتن لای سۆسـێر کردەیـەکی کۆنکریتی و سروشـتیە لـە گـوتن بەمەبەسـتی لێکدانەوەی زمانە ( Crystal 62 )، بەو پێیە سۆسێر جیاوازی نێوان زمان و گوتن بەو شێوەیە لێك دەداتەوە: کەوا زمان بریتیە لە سیستەمێکی ئەبستراکت یان ڕۆنانێك (بنیـاد) ێکی زەینی لای قسەکەرانی زمانەکە ، هەروەها گوتن بریتیە لە بەکارهێنانی ئـەو بنیـادە و بەدەسـتهێنانیەتی . زمـان و گـوتنیش ئـەو جووتـە زمانیەیـە کـە بـواری کـارکردنی دەقـی ئەدەبی لە دوو ئاراستەدا ڕوون دەکاتەوە کە ئەویش بنیـاد و شـێوازە . بنیادگـەری شـوێن پێی زمانەوانی هەڵدەگرێ لە بارەی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بنیادە گریمانە کراوەکە ، کـە لەنێو دەقەکەدا ون بووە ، بەڵام ڕۆڵی هەیە لە ڕێکخستنی کەرەسەکانی ئـەو دەقـەدا ، کـە دەبنە مایەی ئەوەی سیمای ئەدەب و شێوەیەکی تایبەتی بەو دەقە ببەخشن ، ئـەو دەقـە ون بووە ڕەهەندی سـتوونی دەقەکـە دەنـوێنێ . کەچـی بـواری شـێواز لـە جێبەجێکردنـدا بەهۆی بەدوا داچونی جێبەجێ کردنە هەست پێ کراوەکان لە جەستەی دەقەکەداولە سـەر ڕووی سەرەوەی دەقەکەدا کە بە هەموویانەوە تۆڕێك لە وروژێنـەرە شـێواویەکان دروسـت دەکەن بە ناوەڕۆکێکی زمانییەوە لە تێکڕای ڕەفتـارە زمانییەکان،کـە شـێوازی ئەدەبیەکـە پێك دێنێ ، بە مەش زمانەوانی دەستنیشانی بواری کـارکردن و میکـانیزمی شـیکردنەوەکە دەکات،دەقـە دەرکەوتووەکـە، کـە شـێوازی پارچـە ئەدەبییەکـە دەناسـێنێ دەکەوێتـە چوارچێوەی ڕەهەندی ئاسۆییەوە. لێرەدا گەیاندنی پەیامەکە ئەرکێکی زمانە، بە مـەرجێك دەبێ ڕێکەوتنێك لە نێوان دەقنووسەکە و وەرگرەکەدا هەبێ لە وەرگرتنـی زمانەکـە وەکـو ئامرازێکی گەیاندن ، لەم بارەدا ئەرکی زمان گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەکانە لـە شـێوازێکی زمانیدا کە هەردوو لا لە سەر واتا و ناوەڕۆکەکەی ڕێکەوتوون بەبێ هیچ ڕەفتـارێکی خـودی یان کەسی لە هیچ کامێکیانـەوە سـەبارەت بـەو سیسـتەمەی، کـە ئـەو شـێوازەی لـە سـەر بنیادنراوە، لە ڕووی دەنگسازی و ڕێزمان و واتاسـازییەوە ( بڕوانـە عیاشـی ٥٧ ). بەمـەش هەر بارگەیەکی دەربڕاو لە سەر سێ بنەما یـان تـوخم جـێگیر دەبـێ : پـەیامنێر و پـەیام و پـەیام وەرگـر ، هـیچ یـەکێك لـەو سـیانە بـەبێ دووانەکـەی تـر بوونیـان نـابێ . لێـرەدا لێکۆلەرەوەکان بۆ دەسنیشان کردنی هەر شێوازێك لـە گۆشـەی هـەر دەقێکـەوە جیـاوازی دەکەن لە نێوان باری زمان لە دووتویی فەرهـەنگ و بـاری زمـان لـەو کاتـەی دێتـە بـواری بەکارهێنان ، بەمەش زمان بەو جۆرە مامەڵەی لە گەڵـدا دەکـرێ، کـەوا دوو ئاسـتی هەیـە:


ئاستی وەستاو، کە ئەو بارە دەنوێنێ بەر لەوەی زمان بێتە دەرەوە بۆ بواری بە کارهێنان،بارەکەی تری بزوێن و جولاوە،واتە دوای هاتنە دەرەوەی زمان لە چوارچێوەی فەرهەنگ و هاتنە بواری وشەسازی و ڕستەسازییەوە. بە کورتی سیستەمی زمان دەچێتە دوو ئاستەوە، ئاستی زمان، کە هەموو یاسا بنجییەکانی ڕۆنانی زمان لە خۆدەگری،هەروەها ئاستی گوتن ( دواندن )، کە ئاستی زمانە لە کاتی بەکارهێناندا (فتح الله احمد ١٦).

## دووەم : تەوەری ئێستایی و مێژوویی زمان

تەوەرەی ئێستایی ئاماژە کردنە بە وەسفی زمان لە چرکەیەکی دیاری کراودا (Trask 272) دابڕاو لە ڕەوتی مێژوویی زمانەکە ، سۆسێر لەو جوتە تەوەرەیدا کە دوو بەرنامە بەرامبەر یەك دەکات بە ڕوونی جیایان دەکاتەوە و هەر یەکەیان دەخاتە ژێر یاسای کارکردنی تایبەتی خۆیەوە . ((زمانەوانی دایکرۆنی لێکۆڵینەوە لە بارەی پەیوەندی نێوان کەرەسە زمانییەکان لە بارێکی دیاریکراودا ناکات ، بەڵکو پەیوەندی نێوان کەرەسە یەك لەدوای یەکەکان ، کە بە درێژایی کات هەر کەرەسەیەك شوێنی کەرەسەکەی تر دەگرێتەوە.

نەگۆڕانی ڕەها نییە، هەموو بەشێکی زمان دەکەوێتە ژێر گۆڕانەوە، هەرقۆناغێکیش هەندێ گۆڕانی بەرچاو لە خۆ دەگرێ،بەڵام گۆڕانەکانیش لە ڕووی خێرایی و توندیەوە دەگۆڕێ،بەڵام ئەمە کار ناکاتە سەر بنەمای گۆڕانەکە.خشتەی گۆڕانی زمان بە بەردەوامی و بێ پچڕانەوە ڕوودەدات ، جا گۆڕانەکە هێمن بوو یان شەپۆڵدار بوو . هۆی دەرك نەکردن بەو گۆڕانانە یان گەشەی زمانەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە ئێمە گرینگی بە زمانی ئەدەبی دەدەین ، ئەم جۆرە زمانەش زاڵە بەسەر زمانی هەمەکی (عامی) ، زمانی ئەدەبیش تاڕادەیەك نەگۆڕو جێگیرە بنیادی خۆی دەپارێزێ بە هۆی خۆ بەستنەوە بە زمانی نوسین ئەمەش جۆرێك لە دابین کردنی مانەوە بە زمانی ئەدەبی دەدات ، لەبەر ئەوەیە ئەو زمانە کە لە کۆتبەندە ئەدەبیەکان دەرباز دەکرێ مەودای گۆڕانەکانمان پێنابەخشێ، دەبێ ئەوەش بوترێ کەوا دەنگسازی–بەهەموو بەشەکانییەوە زیاتر دەکەوێتە بەر کاریگەری ئەو گۆڕانانەی زمان و زیاتریش دەبێتە بابەت و بواری زمانی مێژوویی ، بیرۆکەی دەنگەکانی زمان بەرامبەر بەبارە زمانییەکان دەوەستێ ، بۆ نموونە بەراوردکردن لە نێوان کۆمەڵە

فۆنیمێك لە قۆناغێکی پێشتر لەگەڵ کاتی ئێستای ئەو فۆنیمانە لە ڕووی جۆری دەربـڕین و جۆر و شـوێن و شـێوەی دەربـڕین و گـرو کپـی و گـەلێ لایـەنی تـر ، پێـوەرێکی دایکرۆنـی دەگەیەنێ.لەوانەشە قۆناغێك پەیوەندییەکی توندی لەگەڵ قۆناغەکەی پـێش خـۆی هـەبوو بێ بەمەش دەکرێ ڕاڤەکردنێك بۆ گۆڕانکارییەکان دابنرێ ، بەڵام زۆرجـار ئـەو پەیوەندییـە لە ناو دەچێ و تەنیا ئەوەی بۆ دەکرێ وەسفی ئـەو کۆمەڵە دەنگە لـە ئێسـتادا بکـات، چـونکە زۆرجـاریش لـە لێکۆڵینـەوەی مێـژوویی دەنگـەکانی وشـەیەکدا دەتـوانین واتاکـە پشتگوێ بخەین تەنیا بەرگی مـاددی وشـەکە بـە هەنـد هـەڵبگرین ، ئەمـەش ئـەو ڕاسـتییە دەسەلمێنێ ، کە ئەو جۆرە پەیڕەوە وایکردووە کەوا گیرەکەکان لە واتای خۆیان دابـڕێن و وەکو گیرەك لە پاڵ ڕەگەکاندا کـار بکـەن.دەکرێ ئـەو دوو تـەوەرە بـەو وێنـەی خـوارەوە بنوێنرێ:




هەواڵنامەی کتێب

تەوەرەی ( أ ◄── ب) بریتیە لە تەوەرەی هاوتایی و هاوبەستەیی کەلـە سـەر بنـەمای ڕێژەی پەیوەندی نێوان کەرەسە هاوتاکان کاتێکی دیاری کراو ڕوون دەکاتەوە کەچی

(جـ◄── د) تەوەرەی بەدوای یەکدا هـاتوو نیشـان دەدات ، لێـرەدا شـتەکان یەکـە یەکە و بەدوای یەکدا دێن و لێك دابڕاون و بەراورد ناکرێن هەموو شتەکان تەوەری پێشـتری تێدایە، بەڵام بە گۆڕانکاریەکانییە و (عبدالقادر هنی:٢٢٨) . ڕێبازی سـینکرۆنی تـەنیا ئـەو ڕوانگەیە لەبەرچاو دەگرێ، کـە بریتییـە لەناسـینی خـودی قسـەکەر و ڕێبازەکـەش ئـەوە دەگرێتەوە دەبێ قسەی دەمی ئـەو قسـەکەرانە وەر بگـیرێ ، کەچـی زمانـەوانی دایکرۆنـی دەبێ دوو ڕوانگـە لێـك جیـا بکاتـەوە ، ڕوانگـەی داهـاتوو (پێشـوازی زەمـەنی ئاینـدە ) و

چـاوەدێری ڕەوتـی زەمەنەکـە دەکـات و ڕوانگـەی ڕابـردوو (وەبیرهێنانـەوە ) لـە میانـەی زەمەنێکی بەسەر چوودا . لە لایەکی ترەوە ناکۆکییەك هەیە لە نێوان سنووری بـواری ئـەو دوو زانستەدا، دەکرێ بوترێ کۆڵکەیەکی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو ڕێبـازەدا نییـە ، بـەڵام سـوود لـە بـارو بـواری لێکۆڵینـەوەکانی یـەکتر وەردەگـرن . ئـەو دوو ڕێبـازە بـەوە جیـا دەکرێنـەوە کـەوا یـەکییان هۆکـاری زەمـەن لـە لێکۆڵینـەوەکانی خـۆی دوور دەخاتـەوە (سینکرونی ) و ئەوەی تریان دەستەبەری دەکات (دایکرۆنی) ( حنون مبارك ٦١) .

## سێیەم : سیستەم و بەهای زمان

سەبارەت بە بەهای زمانی دەبێ لە دوو گۆشە نیگای جیاوازەوە سەیر بکرێت : زنجیرەی ڕیز بوونی بەهاکان لە ناو خۆیانـدا ، واتـە لـە پەیوەندییـەکی یـەك لـە دوای یـەکیی لـە نـاو خۆیاندا ، لە گەڵ ئەو بەهایانەی ، کە بە زەمەنـەوە گرێـدراون . لێـرەدا ئـەوەمان بـۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا ئەو شتانەی پەیوەندییان بە تەوەری ئێستاییەوە هەیە بارێکی نەگۆڕ ، یـان جـێگیر دەنـوێنن و ئـەو شـتانەی پەیوەنـدییان بـە تـەوەری مێژووییـەوە هەیـە قۆنـاغێکی گەشەسەندوو دەنوێنن. گەر لـە چوارچێوەی سیسـتەمەکەدا سـەیری بـەهای کەرەسـەکان بکەین، هەر هێمایەك لە ناو سیستەمەکەدا بەهای خۆی هەیە ، بە ئاماژە کردن بە هێماکانی تری ناو سیستەمەکە بەهای خۆی وەردەگرێ ( Crystal 165 ).

چەمکی بەها لای سۆسێر زۆر جیاوازە لە چەمکی واتا ، واتا بریتییـە لـە گونجـانی یـان ڕێککـەوتنی دال و مەدلولەکـە لـە چوارچـێوەی هـەر دەربڕاوێکـدا ، کەچـی بـەها لـەوەدا دەردەکەوێ کە یەکەیەکی زمانی لە گەڵ یەکەکانی تردا بەرامبەر دەکرێ . بە واتای ئەوەی تەنیا لە سەر ئاسـتی سیسـتەمەکەدا نـەبێ نـاتوانرێ پـەی بـە بـەها بـبردرێ ، بەمـەش لـە دەرەوەی سیسـتەمەکەدا بـەها مەزەنـدە نـاکرێ ( عبـدالقادر هنـی: ٢٣٨ ) بـۆ نموونـە لـە وشەیەکی وەکو ( کۆشـکی سپی)دا:وشـەی کۆشـك بـە تـەنیا و وشـەی سـپی بـە تـەنیا لـە دەرەوەی وشـە لێکدراوەکـەدا هـیچ بـەهایکییان نـابێ ، چـونکە کۆشـك لـە پەیوەندییـەکی ستوونیدا بە وشەی تری وەك : تەلار ، بینا ، خانوو بەستراوەتەوە وشەی ( سپی ) یش بە هەمان پەیوەندی لە گەڵ هەموو ڕەنگەکانی تر بەستراوەتەوە ، بەڵام بەهای هـەردووکییان لە ناو سیستەمی ڕیز بوونی کۆشکی سپی دا دەبینرێتەوە . کەواتە واقعەی زمان بریتیە لە

کۆمەڵە بەهایەك . بەهای هەر هێمایەك لە خۆوەیە ، بەهای هەر هێمایەك لـە شـتەکە خـۆی وەرناگیرێ بەڵکو لە بەهای هاوسێکانییەوە وەردەگیرێ ، بەمەش دەکرێ بەهای زمـانی لـە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە سەیر بکرێ :

*ڕوانگەی ڕیزبوونی بەهاکان لە خوودی خۆیانەوە .

هەروەها ڕوانگەی پەیوەندی بەهاکان بە زەمەنەوە .

لەسـەر بنـەمای سیسـتەم و بـەها زمانـەوانی کـرا بـە زمانـەوانی وەسـتاو (جـێگیر ) و زمانەوانی گەشەسەندوو گەشە کراو .

لە پاڵ جیاکردنەوەی نێوان زمانەوانی وەستاو (جێگیر) و زمانەوانی گەشەکراو سۆسـێر جیاوازی لە نێوان بار و سەرهەڵدان ( الحاله و التنشئه ) کرد بار بریتیە لە ئێستای زمـان ، وەسفی ڕووداوەکانی زمان پێویستی بە شوێن گیری لە بارێکی دیاریکراودا هەیە و دابڕاو لە بارەکانی تری زمانەکە ئـەم بارە گرینگـی خـۆی هەیـە چـونکە بـە میکـانیزمی کـارکردنی زمانمـان دەناسـێنێ لـە بـارێکی دیـاریکراودا ، کەچـی درووسـت بـوون سـەرهەڵدان بریتیـە لەزانینی سـەرهەڵدان و دروسـت بـوونی ئـەو بـارەی کـە دراوە بـەدوادا چـونی ئـەو گۆڕانـە لەناکاوانەی بەسەر ئەو بارەدا هاتوون . ئەمەش پێویست بەوە دەکات کـەوا تێبینیکـار لـە شوێنێکەوە بچێ بۆ شوێنێکی تر و لە قۆناغێکەوە بچێ بۆ قۆناغێکی تر بەمەش سینکرۆنی یەکسـانە بـە جـێگیری و دایکرۆنـی یەکسـانە بـە زمانـەوانی گەشـە کـردوو و مێـژوویی .(Crystal 65 )

هەولێرنامەی کتێب

**چوارەم : ناو و ناولێنراو : ( الدال و المدلول ).**


ئەمەش یەکیکی ترە لەو دووانانەی، کە سۆسیر لێیکۆلیوەتەوە . سۆسیر بە تەواوی ئـەو بۆچوونە رەت دەکاتەوە ، کە زمان بریتییە لە کۆمەلە دەربراویك ، یان لیستێکی ناو . ئێمە وتمان زمان لای سۆسیر بریتییـە لـە پـەیرەوێکی هێمـایی ، هێمـاش لای سۆسـیر دانەیـەکی سەرەکی پەیوەندی کردنـە ، لەبـەر ئـەوە بـە لایـەوە هێمـا بەشـیکە لـە زمـان و دانەیـەکی هۆشەکییە و بەشیك لەو پەیرەوە پێکدێنی (Crystal 161)

وشە لای سۆسیر دوو لایەنییە و بریتییە لە دوو توخمی نا ماددی :

**١– وێنە (شێوەی دەنگی )** ، سۆسیر مەبەستی دەنگی ماددی ، یـان لایـەنی فیزیکـی دەنگەکان نییە ، بەلکو ئەو شوینەوارە (کاریگەرییە) دەروونییەیە ، کە دەنگە مادديیـەکان لە زەینی مرۆڤدا جێی دێلن .

**٢ –چەمك ( واتا )** : وێنە زەینییەکەیە ، لیرەدا مەبەست ناولینراوەکە نییە .

ئەو دوو وێنەی سەرەوە بوونیان نییە ، تەنیا لە مێشکی (زەینی ) قسە کەرەکان نەبێ . سۆسێر وێنە دەنگییەکـە بـە ( دال _ signifier) نـاو دەبـات و وێنـە زەینییەکـە بـە ( مدلول _ signified ) ناو دەبات .




دەبێ ئەوەش بزانین ، کەوا دەربڕاو (الدلیل اللغوی) کۆکردنەوەی نێوان وشە و شـتێکی سەرەکی نییە، بەڵکو کۆکردنەوەی نێوان وێناکردنێکی زەینـی و وێنـەی دەنگییـە بـەوەش هێمای زمان (الدلیل اللغوی) جیاوازە لەو زنجیرە دەنگە یەك لە دوای یەکەی و وێنەکەی بە نوسین دەنوێنرێ. بەڵکو بریتیە لە گرێدانێکی دەروونی خۆمـان لـە نێـوان دال و مـدلول دا. ئەو پەیوەندییە ناچارییە دروستی دەکات و وامان لێدەکات بلێین (دال) هیچ بوونێکی نییـە بەبێ مدلول و پێچەوانەکەشی ڕاستە ، ئەگەر ئەو بەستنەوەیە لێك تـرازا ئەوکاتـە زنجـیرە دەنگێکی بێ واتامان دەست دەکەوێ (عبدالقادر هنی (٢٣٣).

((ئەگەر بێنەوە سەر بواری واتا،کە بریتیە لەپەیوەندی نێوان دەربڕاوێك و مدلولەکـەی بـەڵام وێنــەی واتــایی نـەگۆڕ و گـۆڕاوی هەیە،هـەردەم گـۆڕانیش لـە جێگیرەکـەوە بـەرەو جولاوەکە دەڕوات . گۆڕان لەواتا ئەو کاتە پەیدا دەبێ. زۆرجار مدلولێکی نـوێ بـۆ دالێکـی کۆن زیاد دەکرێ ، یان وشەیەکی نوێ بۆ مدلولێکی کۆن زیاد دەکرێ ، هۆی ئەم گۆڕینەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێك پێویستمان بـە وشـەیەکی نـوێی توانـادارتر دەبـێ بـۆ ئـەوەی مەبەستەکە بە هێزترو ڕوونتر دەرببڕین (ستیڤن اولمان ١٦٨) ئەمەش زیـاتر کـاری شـاعیرو نوسەرانە بۆ ئەوەی دەقە ئەدەبییەکە کاریگەرییەکی زۆری هەبێ، بە دوای وشـەی پڕمانـاو بـەهادارتردا دەگەڕێن.قـەوارەی زمـان بـوونی خـۆی لـە پەیوەنـدی نێـوان دال و مـەدلول هەڵدەهێنجێنێ ، ئەگەر ئێمە لایەکیان بهێڵینەوە قەوارەکە لە ناو دەچێ، هیچ شتێك نابینی تەنیا شتێکی نابەرجەسـتە نـەبێ لـە بـری شـتێکی هەست پێکـراودا. زۆر جـار بەشـێك لـە قەوارەکە دەبینین وا دەزانین هەموو قەوارەکەیە ، بۆ نموونە : ئەگەر ئێمە هـەر دەربڕاوێك دابەشی سەر برگە بکەین برگەکان بە تەنیا هیچ بەهایەکیان نابێ تـەنیا لـە نـاو سیسـتەمی فۆنۆلۆجی ئەو زمانەدا نەبێ . بە دوای یەکداهاتنی دەنگەکان هیچ نییە ئەگەر گوزارشت لـە فیکرەیەك نەکات. بە کورتی دەتوانین بڵێین، زمان لە سەر بنچینەی جیاوازی دروست بووە ، جیاوازیش بە گشتی لایەنی سەلبی و ئیجابی دەگرێتـەوە، بـەڵام لـە زمانـدا تـەنیا لایـەنی سەلبی دەگرێتەوە . گەر ئێمە دال یان مەدلول وەرکرین ، زمان بە تەنیا خاوەنی دەنگەکان ، یان فیکرەکان نییە لە دەرەوەی سیستەمەکەدا ، یان بەر لـە سیسـتەمەکە ، ئـەوەی کـە زمان بە تەواوی خاوەنییەتی بریتییە لەو جیاوازییە دەنگی و فیکرییانەی لە سیستەمەکەوە سەر چاوە دەگرن .

پێنجـــەم: پەیوەنـــدی ئاســـۆیی( Syntagmatic و پەیوەنـــدی ســـتوونی (Association

ڕستە لای سۆسێر بریتییە لە زنجیرەیەك هێما ، هەر هێمایەکیش شتێك بۆ واتای گشتی ڕستەکە زیاد دەکات و جیاوازە لە هێماکـانی تـرو ، بەرامبـەر بـە هـەموو هێماکـانی تـر لـە زمانەکەدا دەوەستێ.ئەو زنجیرەیە دەکرێ وەکو پەیوەندییەکیڕاستە هێڵی ، یان ئاسـۆیی ( Syntagmatic Relation ) سەیر بکرێ ، کە پەیوەندییەکی ڕاستە هێڵییە لە نێوان ئەو هێمایانەی لە ڕستەکەدا هاتوون ، بۆ نموونە ، لە ڕستەی :

**ئەو بەیانی دەڕوات .**

ئێمـە پەیوەندییـەکی سـینتاکماتیکیمان هەیـە ، کـە لـە چـوار هێمـا و لـە ڕیزبـونێکی تایبەتیدا خۆی دەبینێتەوە. دەتوانین ئەو شێوە تایبەتییەی ڕیزبوونە بە ڕێگەیەکی زۆر نا بەرجەستەتر بنوێنین :

( جێناوی سەربەخۆ + ئاوەڵکار + کار ) ، کە بە ڕۆنان ( Structure ) ناو دەبرێ .

لە پاڵ ئەو پەیوەندییەی سـەرەوە پەیوەندییـەکی تـر هەیـە لـە زمانـدا بـە پەیوەنـدی ستوونی ناسراوە ، کە لای سۆسێر بە پەیوەندی ( لە جیاتی _ لە بـری ) Associative ناوی بردووە ، ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی گریمانە کراوە ، و دوای سۆسێر لە لایەن ( Hilmslev )و(Jacobson ) بە پەیوەندی ستوونی (Paradigmatic) ناو برا و بە کارهێنرا . کەواتە پەیوەندی ئاسۆیی بریتییە لە پەیوەندییە ئامادەبووەکان ، کە پشـت بـە دوو کەرەسـە یـان زێـتر دەبەسـتێ ، کـە لـە زنجیرەیـەکی ڕاسـتەقینەدا هـاتوون ، کەچـی پەیوەندی ستوونی کەرەسـە گریمانـە کراوەکـان بـە شـێوەیەکی نـا ئامـادەیی و بـە پشـت بەسـتن بـە مێشـکەوە گـرێ دەدات( بڕوانـە سۆسـێر: ١٤٣ ، (Crystal : Matthews : 30،165 ) .

هەموو بارێکی زمان پشت بە پەیوەندی دەبەستێ ، بەڵام ئـەو پەیوەدییانـە چـۆن کـار دەکەن ؟ پەیوەندی و جیاوازی لە نێوان کەرەسە زمانییەکاندا دەبن بە دوو پۆل ، لـە هـەر یەکێك لەو دوو جۆرە پەیوەندییەدا جۆرێك نرخ ، یـان بـەها پەیـدا دەبـێ ، بـەراورد کردنـی هەردووکیان چاکترین ڕێگەیە بۆ تێگەیشتن لە سروشتی پەیوەندییـەکانیان ، ئەمانـەش دوو شێوازی عەقڵی دەنوێنن ، کە زمان نـاتوانێ دەسـتبەرداریان بێـت . وشـە لـە قسـە کردنـدا هەندێ پەیوەندی بە دەست دێنێ ، ئەم پەیوەندییانە لـە لایەکـەوە پشـت بـە سروشـتێکی ئاسۆیی دەبەستێ ، چونکە لە گەل وشەی پاش خۆی و پـێش خـۆی بەسـتراوەتەوە ، ئـەو ڕاستییەش ڕێگە لەوە دەگرێ کە یەك کەرەسـە لـە یـەك کاتـدا دەرببڕێن.ئـەو کەرەسـانە ( یەکانە ) بە شێوەیەك ڕێکخـراون ، کـە یـەك لـە دوای یەکدا بـن لـە زنجیرەیـەکی گوتنـدا. بەسـتنەوەی ڕاسـتەهێلی نێـوان کەرەسـەکان پێکهاتـەی گـەورە تـر ( سـینتاگم ) ی لێدەکەوێتەوە ، کە لە دوو یەکەی یەك لە دوری یەك ، یان زیاتر پێکدێ ، وەکو :

**( شا۔ سوار ، ها ۔ ت ۔ ن ۔ ەوە ) .**

ئەم وشانەش جگە لەو پەیوەندییەی ناو گوتنەکە ، پەیوەندییەکی تر لە دەرەوەی گوتنەکە بە دەستدێنن ، کە جیاوازە لەو پەیوەندییەی سەرەوە و لە مێشکی قسەکەردا بە شتێکەوە گرێدراون ، کۆمەلەیەك دروست دەکەن بە پەیوەندی جیاوازەوە.

**شا** ـــــ **سوار** .

**گەورە**

**تاکە**

لە نێوان کۆمەڵەی پێکهاتەکاندا ، کە لە سەر بنەمای پەیوەندی و ڕیزبەندییەك دروستبوونە ، پەیوەندییەکی جێگۆڕکێیان لە نێواندا هەیە ، بوونی هەندێکیان مەرجە بۆ بوونی ئەوانی تر ، لە ڕاستیدا گونجان و ڕێکەوتنی ئاسۆیی هاوکارە لە دروستکردنی ڕێکەوتنە ستوونییەکاندا ( حنون مبارك :١١٣ ) . بۆ نموونە :

| | |
|---|---|
| هەڵ ـــــ گرت | دا ـــــ گرت |
| هەڵ ـــــ خست | ڕا ـــــ گرت |
| هەڵ ـــــ ڕشت | هەڵ ـــــ گرت |
| هەڵ ـــــ دا | پێ ـــــ گرت |

ئەو پێوەندی و هاوکارییەی لە نێوان ئەو دوو ڕەهەندەدا هاتنە کایە ، دواتر بوونە مایەی ئەوەی کە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا زاراوەی هاودەقی ( التناص ) پەیدا ببێ و فراوان بکرێ ، بۆ ئەوەی لایەنی (دەقی ونبوو ـ النص الغائب ) ، جێگرتنەوە و لادان ـ الاحلال و الازاحە ) ، سیاق ،وەرگر ـ المتلقی )،کە دواتر دەما نگەیە نێتە وەسف کردنی ئەو پێوەندییەی، کە حوکم لە سەر بەستنەوەی دەقی دواهاتوو ( النص اللاحق ) بە دەقی پێشتر(النص السابق) بدات( حسین فحام : ١٢٣ )( crystal : 130 ). ناتوانرێ پەی بە بەها ببردرێ تەنیا لە سەر ئاستی سیستەمەکەدا نەبێ ، بەمەش لە دەرەوەی سیستەمەکەدا بەها مەزەندە ناکرێ ( عبدالقادر هنی٢٣٨). لە لایەکی ترەوە ڕەهەندی ئاسۆیی لە دیاردەی فۆنۆتاکتیکدا گرنگە ، فۆنۆتاکتیك : بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە ژینگەی دەنگیی هەر فۆنیمێك بەرامبەر بە فۆنیمە دراوسێکانی، یان بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە بە دوا یەکداهاتنی فۆنیمەکان.

## ڕەهەندی ئاسۆیی و ستوونی و ئاستەکانی زمان

**١ ـ ئاستی دەنگسازی** : هەموو یەکە زمانییەکان ، دەنگ ، بڕگە ، وشە ، فرەیز و ڕستە دەتوانن لە یەکەی ئاڵۆزتر گرێ بدرێن ، کە پێیان دەوترێ پێکهاتـە ( syntagm ) ، کـە لە ( Syntagma ) ی گریکی وەرگیراوە و بە واتای لێکدراو ، فرەیز وەکو سینتاگمای مۆرفیم ، و ڕستە وەکو سینتاگمای فرەیز لە قەڵەم دەدرێ . بۆ هەر جۆرێکی ئەو پێکهاتانە یاسا و ڕێگەی تایبەتی هەیە بۆ بەستنەوەیان بە یەکەوە ، زاراوەی گشتی بۆ بەستنەوەی پێکهاتـەکان پێـی دەوتـرێ پەیوەنـدی ئاسـۆیی Syntagmatic لـەم پەیوەندییـەدا کەرەسەکان لە سەر بنەمای سیمای ڕێکەوتن یان تایبەتی گونجان بە یەکەوە گرێ دەدرێن . با بگەڕێینەوە ئاستی دەنگسازی بۆ نموونە ، بڕگەی هات وەربگـرین / هـ / ، / ا / ، / ت/ . سێ شوێن لە بڕگەدا داگیر دەکا لە یەك زنجیرەی ڕاستە هێڵیدا و بەم شێوەیە : سەرەتا ) onset ( ، کرۆك( nucleus ) ، کۆتا ( coda ) ، لەم ڕیز بوونەدا دەبێ سەرەتا پـێش کرۆك و کرۆك پێش کۆتا بێت ، لە لایەکی ترەوە کرۆك و کۆتـا لـە پەیوەندییـەکی تـردا بـە یەکـەوە دروسـت دەکـەن لـە چوارچـێوەی سـەروا دا ( Rhyme) ، بەمـەش ئـەو پەیوەندییەی لە نێوان کرۆك و کۆتادا هەیە داخراو و جیاوازە لە چاو ئەو پەیوەندییـەی لـە نێوان سەرەتا و کرۆکدا هەیە . لە پەیوەندییەکی تردا کـە پەیوەنـدی شـوێن گرتن،یـان لـە جیاتی دانـانی کەرەسـەکان،کە لـە وشـەی paradigm ی گریکـی وەرگـیراوە بـە واتـای شتێك لە بری شتێکی تردا ، بۆ نموونە لە قالبی ئەو بڕگەی سەرەوەدا شوێنی / هـ / ، کە لە سەرەتای بڕگەدایە و نەبزوێنە و پەیوەندی بە هەموو نەبزوێنـەکانی زمانەکـەوە هەیـە ، لـە پەیوەندییەکی ستوونی ون بوودا ، بەڵام ئەمەش لە ژێـر مـەرج و کۆتبەنـدی زمانەکـەدا بـە ڕێوە دەچێت ، بـۆ نموونـە نـاکرێ دەنگـی / ف / بـە دەنگـی / هـ/ بگـۆڕینـەوە ( بڕوانـە ( Lobner : 129 . لە لایـەکی تـرەوە هـەر لـە چوارچـێوەی دەنگسـازیدا ، دەتـوانین لـە چوارچێوەی جیاوازی نێوان دال و مەدلولدا پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونی ڕوون بکەینەوە ، دال خۆی وێنەی دەنگییە و ڕیز بوون و زنجیرەی دەنگییە و ڕیـز بوونەکـەش لـە سـیاقێکی فۆنەتیکی تایبەتـدا دەردەکـەوێ بـۆ نموونـە لـە دابەشـبوونی فۆنیمەکانـدا لـە ڕەهەنـدێکی ئاسۆییدا دەنگی ( گ ) بەم شێوەی خوارەوە دەردەکەوێ :

**گرتن ، زەنگییانە ، ڕەنگ .**

سەبارەت بە مەدلول و ڕەهەندی ستوونی گۆڕینی هەر دەنگێك لـە زنجـیرە دەنگەکـەدا دەبێتە مایەی گۆڕینی مەدلولەکە ، ئەو ڕەهەندە لە جێگۆڕکێی دەنگەکاندا مامەڵە لە گەڵ پاشماوەی زمان لە مێشکدا دەکات . بە واتای ئەوەی کارکردنـە سـەر یـەك فـۆنیم مـەدلول دەگۆڕێ .

د ———— دەنگ

ڕ ———— ڕەنگ

**٢ ـ ئاستی ڕێزمان :**

لەو ئاستەدا ئاستی وشەسازی و ئاستی ڕستەسازی تێکەڵ دەبێ ، لە بەر ئەوە هەردوو ڕەهەندەکە لەم ڕستەی خوارەوەدا ڕوون دەکەینەوە :

**ئێمە بەیانی دەڕۆین**

ڕەگەزەکانی ئەم ڕستەیە ( ئێمە ـ جێنـاو ) ، ( بـەیانی ـ ئاوەڵکـار )،( دەڕۆیـن ـ کـار ) دەکرێ ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە سەر بنەمای ( بکەر ـ ئاوەڵکـار ـ کـار ) دروست بکـەین ، بکەر لە جیاتی بکەر و ئاوەڵکار لە جیاتی ئاوەڵکار و کار لە جیـاتی کـار بـە کـار بهێنـرێ ، ئەمەش ڕەهەندی ستوونی زمان پێکدێنێ ، هەر کەرەسەیەکی ناو ڕستەکە لە جـۆری خـۆی پەیوەندی بە هەموو کەرەسەکانی دەرەوەی ڕستەکە هەیە :

**ئێمە بەیانی دەڕۆین**

**ئەو ئەمڕۆ دێت.**

**ئێوە ئێستا وەرن.**

لە پاڵ ئەو پەیوەندییە ستوونیە ( بـۆ نموونـە ) جێنـاوی ئێمـە کـە لـە نـاو سیسـتەمی جێناوەکاندا پەیوەندییەکی ستوونی دەنوێنێ ، لـە لایـەکی تـرەوە پەیوەندییـەك لـە گـەڵ کەرەسە ئامادە بووەکانی ناو ڕسـتەکە دروسـت دەکـات ، کـە پەیوەندییـەکی ڕۆنانییـە ( structure) کە ڕەهەندی ئاسۆیی زمان دەنوێنێ ( بڕوانە سەلام ناوخۆش : ٣١، ٣٢ ).

### ٣ ـ ئاستی واتا :

### پەیوەندی ستونی و ئاسۆیی لە ئاستی واتاسازیدا :

واتای وشە یان ڕستە بەئاسانی ناخرێتە ژێر دەسەڵاتەوە ، واتاناسەکان تا ئێستاش بەتەواوی لەسەر یەکەی سیمانتیکی ڕێك ناکەون ، بەڵام ئەوە ئاسانترە کە پەیوەندی سیمانتیکی هەر دەربڕاوێك یان ڕستەیەك دروست بکەین شوێنی ڕۆناکە ئەوەی دەرخستوە کەوا وەسفی مانا بەڕێگەی وەسفی پەیوەندی واتایی ساغ دەبێتەوە : پەیوەندی واتایش گەلێك لایەن دەگرێەوە (Lobner 85) کەدابەشی سەر دوو جۆر پەیوەنی دەبن ئەویش پەیوەندی ئاسۆیی و پەیوەندی ستونییە ، سەبارەت بە پێوەندی ستونی :

**١-دا پۆشتن (گرتنەوە)** Hyponymy .

داپۆشینی تایبەت دەکرێ بەم شێوەیە پێناسە بکرێت دەربڕینی A دەربڕینی B دادەیۆشێ ئەگەر : واتای B بەشێك بێت لە واتای A و شوێنکەوتووی A بێ ، لە پاڵ واتای B ، واتای A دەبێ گەلێك مانای تر لەخۆ بگرێ و لە واتای A یدا توابێتەوە . هایپۆنیم لەمانای B فراوانترە . ئەگەر A هایپۆنیمی B بێ ئەوا B هایپرۆنیمی A یە . Hyperonym.واتە B بەشەواتایە لەA 85 ( Leech )

بەمەش داپۆشین ـ گرتنەوە ( تچمین ) بریتیە لە :

پەیوەندییەك کە تێدا وشەیەك(وشەی گشتی) دەبێ و چەند وشەیەکی تر لە ڕووی واتاوە دادەپۆشێ :

گوڵ : دالیا ، نەسرین ، مێخەك ، هێرۆ .

بە پێی ئەو ڕوونکردنەوەی سەرەوە

ئەمە A یە ——— ئەمە ⟍ B یە .

ئەمە گوڵە ئەمە / ~~نەسرینە~~ . ——

بەڵام ئەمە B یە = ئەمە A یە

ئەمە نەسرینە = ئەمە گوڵە.

### ٢ ـ جیاوازی ـ Opposition

ئـەم پێوەندییـە بەبـەراوردکردنی هەنـدێ وشـەی وەك نێـر و مـێ دەردەکـەوێ ، کـە ڕەتکردنەوەی یەکێکیان پەسندکردنی ئەوی تریانە و پێچەوانەکەشی ڕاستە ، بۆ نموونە کە دەڵێین ئەو کۆترە نێرە ، ئەوا ئەو ڕاستیەمان ڕەتکردۆتەوە کەمێیـە ، یـان پەیوەنـدی لـە نێوان ژن و پیاو و کوڕدا بەدەردەکەوێ لە دیاردەی ژن هێنان و شوکردن ، کەدەڵێین بێری کچە واتە دیاردەی شوکردنمان لە بێری ڕەت کردۆتـەوە ، یـان کـەدەڵێین ئاسـۆ کـوڕە واتـە دیادەی ژن هێنانمان لەئاسۆ ڕەتکردۆتەوە .

لەم جۆرە پەیوەندییەدا جەمسەر گرتن (أستقگاب) هەیە ، واتە ئەو سەر و ئـەو سـەری پەیوەندییەکە دەگرن . بۆ نموونە لە نێـوان نێرومـێ دا نـاکرێ هـەمان کـەس نێـریش بـێ و (مێ)ش بێ و سنوری نێوانیان لە نێوانیاندا نییە.

### ٣ـ دژواتایی – antonym

ئەم پەیوەندییە بەبەراوردکردنی وشەی خراپ (سالب) و (چاك) موجەب بەراورد دەکرێن ، ئـەم پەیوەندییـەش بـەوە لـەو پەیوەندییـەی سـەرەوە (جیـاوازی) جیابکرێتـەوە ، کـە دژواتایی (پلەدارە) ، مەبەست لە پلەداری ئەوەیە کە دوو وشەکە بەراورد دەکرێن ، پلە لـە نێوانیان هەیـە ڕووە و چـاکتر و خـراپتر . ئەمـەش دوو جـۆرە (١)بـەراوردی دووکـەس یـان دووشتی جیاواز ، بۆ نموونە:

ژیلە لە شیلان ئازاترە

(٢) بەراوردی دووباری جیاوازی یەك شت یان یەك کەس : ئازاد لە جاران وریاترە .

کەسەکە هەر ئازادە بەڵام لە دووباری جیاوازدا .

کەوابێ دژواتاییش لە بنەڕەتـدا جۆرێکـە لـە جیـاوازی ، بـەڵام جیـاوازی ئەوەنـدەی لـە دژواتایی زیاترە، کە جەمسەر گرتنی تێدایە و پلەی بەراوردی تێدانیە چـونکە کـۆرتر و کـچ ترمان نییە.جەمسـەرگرتنیش سـیمایەکی دژواتایـە و جەمسـەرێکی ئیجـابی و یـەکی سـلبی دەبێ،هـەردەم ئیجابەکـە بەهایـەکی چـاك پیشـان دەداو دیاردەیـەکی بنیادنـەرە لـە ڕووی ڕێزمانیشەوە بە نەفی کردنی ئیجاب سەلب دەدەچێ :

پاك ـ ناپاك . خۆش ـ ناخۆش

بەڵام دووبارەکردنەوەی سەلبەکە هەندێ جار دەیکات بە ئیجاب



هەولێرنامەی کتێب

درۆکە درۆیە : واتە ڕاستە .

لە نیشانەکردندا واتە (تەئشیرکردندا) جەمسەرە ئیجابە وەردەگرێ

ئەم ژورە چەند درێژە ؟

ئەم چیایە چەند کورتە ؟ (بڕوانە محەمەد مەعروف فتاح ١٦٥ )

**٤ ـ پێچەوانەیی (Converses):**

ئەمەش جۆرێکی تری دژواتاییە ، کە دەکرێ ، واتای دژایەتییەکە بپارێزرێ بـەگۆڕینی یەکە فەرهەنگییەکـە ، بەمـەش پێچـەوانەییەکە لـەناو خۆیـدا هـەردوو چـەمك هەلـدەگرێ و دەشکرێ هەردوو چەمکەکە لەڕوویەکی ترەوە وەکو هاوواتاییSynonym سەیر بکرێ :

**ئەحمەد باوکی ئازادە**

**ئازاد کوڕی ئەحمەدە**

لێـرەدا دوو ڕێگـە لـە خـۆ دەگـرێ گۆڕانکـاری لـە یەکـە فەرهـەنگی و ڕیزبـوونی سینتاکسـی ڕسـتەکە . شـوێنی ئـازادو ئەحمـەد دەگـۆڕێ و وشـەی (بـاوك و کـوڕ) کـە لەچوارچێوەی پێچەوانەیی لەنگەر دەگرن دەگۆڕدرێنەوە .

ئەمە دووڕستەیە لەپاڵ بوونی پێچەوانەیی لە ڕووی واتاوە هاوواتان :

**من کتێبەکەم دا بە ئازاد**

**ئازاد کتێبەکەی لەمن وەرگرت**

(بڕوانە Crystal : 110 . محمد معروف ١٦٥ . Lobner :86 ....)

سەبارەت بەپەیوەندی ئاسۆیی دیسانەوە لـە هـەموو ئاسـتەکان دەردەکـەون : ئاسـتی فۆنۆلۆجی _ فۆنیم _ برگە _ ڕێزمان _ واتا .

ئاستی واتا : پەیوەندی ئاسۆیی واتـایی لـە نێـوان کەرەسـەکان پێکهاتـە سـیتاگمەکان بەدەردەکەون ، بوونی ڕێگەیەکە کـە چۆن واتـای کەرەسـەکان لەیـەکتر گـرێ دەدرێـن بـۆ ئەوەی واتای هەموو پێکهاتەکە بدات بەدەستەوە ئەمـەش لـەدوو شـێوەدا بەدەردەکـەوێت دووجۆر ڕستەمان بۆ بەرهەم دێنێ :

ڕستەی سیمانتیکی ئاسایی

ڕستەی سیمانتیکی نائاسایی

ئەو ڕستانەی لە ڕووی ڕێزمان و سیمانتیکەوە پەسەندن .

**وەستاکە دیوارەکەی ڕوخاند**

کاری ڕوخاندن چەند سیمایەك لەبەرکارەکە داوا دەکات :

+ماددی

+ڕەق

+بۆشکاندن بشێ

ڕستەکە ئاسایی دەبێ لـە ڕووی ڕێزمـان و واتـاوە دوور لەبـەکارهێنانی میتـافۆری ، بـۆ نموونە :

ورەی پێ ڕوخاند

داواکاری کار تـەنیا لەبـەرکار نییـە بـەڵکو دەبـێ لـە بکـەریش دا بـوونی هـەبێ ، بـەڵام ڕستەی نا ئاسایی دەکرێ لە ڕووی ڕێزمانەوە ڕاست بێ ،بەڵام لە ڕووی واتاوە ناوێزەبێ

**ئاوەکە پیاوەکەی خواردەوە**

کـاری خواردنـەوە داوا لەبکـەر دەکـات : کـەتوانای خواردنـەوەی هـەبێ داوالـە بـەرکار دەکات بۆ خواردنەوە بشێ . لێرەدا شاعیر سوود لەو ناوێزەییە وەردەگرێ بۆ جوان کردن و ڕازاندنەوەی ناوەڕۆکی ڕووکەشی شێوەکان :

**سەگەکە بە مانگە شەو وەڕی**

دەشێ ، بەڵام کاریگەری بەسەر بەرکارەوە نییە چونکە مانگە شەو هەست بەو ترسەی سەگەکە ناکات (Lobner : 46) .

**٥ ـ هاوواتایی** (Synonymy) **:**

وەکو بیرۆکەی هاوواتایی ، هاوواتایی ئەوە دەگەیەنێ کە دوو وشە هاوواتا دەبن ئەگـەر هاتوو هـەردوو وشـەکە هـەمان واتایـان هـەبێ . بـە فیکرەیـەکی تەسـك وەری بگـرین پێـی دەوترێ هاوواتایی تەواو totalsynonymy کە پڕاوپڕ هەموو واتایەکان دەگرێتەوە یـان هەموو واتـــاکانی پارچـــەکانی واتاکـان بگرێتـەوە ئـــەمەش بەتـــەواوی نـــایەتە دی ( Lobner 46 ) . لەبەرامبەر ئەمەدا وشە هەن واتاکانیان لێك نزیکن و زۆر جار دەکرێ لە هەندێ سیاقی تایبەت دا لە بری یەك بەکاربێن بەڵام بە ڕای زۆربەی زمانەوانەکان هاوواتایی تەواو پڕا وپڕ لەزماندا دەس ناکەوێ یان زۆر کەمە .هاوواتایش بە گـەلێك هۆکـار لـە زمانـدا پەیدادەبێ بۆ نموونە بە هۆی شێوازەوە . **جەناب / بەڕێز**



هەواڵنامەی کتێب

یان بۆ دوو دیالێکتی جیاواز وەکو کیژ / کچ ، بەفر /سەهۆڵ /بوز بە گەلێك هۆکاری تر دروست دەبن (بڕوانە محەمەد مەعروف ١٦٤) . بەمەش لە هاوواتایی تەواودا وشە هاوواتاکاندا دەتوانن شوێنی یەکتر بگرنەوە وەکو :

**نانم کڕی**

**نانم سەند**

**نانم پەیداکرد**

بەڵام زۆربەی هاوواتایەکان ناتەواون.

## دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی

وشەی رەخنە لە زماندا بەواتای پەسەندکردنی شتێك یان لە هەڵبـژاردنی شتێك لەنێو کۆمەڵێ شتی تردا دێت. هەروا سەرنجدانە بە قەولی زمانەوانەکان جیاکردنەوەی سەرە لە ناسەرە. بەواتای دیاریکردنی خەوش و کەم و کورتییش لە واتای کۆنی وشەکەدا هاتووە، بەهەرحاڵ لە زۆر کۆنەوە، بەشێوەیەکی خوازەیی بۆ ناسینی جوانی و ناشیرنی قسە و نووسین بەکارهاتووە، بەهەمان ئەو مەبەستەی کە ئەمڕۆ لە ئەدەبی ئەوروپاییدا بەکاردێت، خۆی لەبنچینەدا بەواتای بڕیاری و داوەری کردنە لەبابەت ناسینی چاکی و خراپی و پێشەنگی ئەو بەرهەمانەی کە پێویستیان بەناسین و لێ وردبوونەوەو قووڵبوونەوەی زۆرتر هەیە، (لێرەوەیە کە بۆ رەخنەی ئەدەبی چەمکێکی فراوانترو پێناسەیەکی بەربلاوتر لەخۆدەگرێت و لەهەڵسەنگاندنی کاری ئەدەبیدا ناوی شارەزایی و وەستاییان لێناوە.)(بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە د.عبدالحسین زرینکوب:٥-٦ ).

بوونی رەخنەی ئەدەبی لە هەموو سەردەمێکدا پێویستییەکی زۆر بەرچاو بووە،چونکە ئامانجی رەخنە پەی بردنە بە پرۆسەیەکی سێ لایەنە( راڤەکردن و رێنوێنی و بەراوردکردن و بەهادانان)(دکتر نصرالله امامی: ٤-١٠).

ئەگەر ئەدەب بە ئاراستە جیاوازییەکانی و شێوە هونەرییە جیاجیاکان و وێنە چاولێکەرییە پێشکەوتووەکانییەوە ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییە بێت، کە لەنێوان بیر و واقعی مرۆڤایەتی لەئارا دایە ، ئەوکاتە ڕەخنە ڕوویەکی تازە و نوێباوی ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکیە دەبێ، کە هەوڵ دەدات ئەزموونی ئەدەبی بە ڕەهەندە بینراو و

نەبینراوەکانییەوە ببەستێتەوە ، ئەو کاتە هەوڵ دەدات ، کە ڕەگی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و دەروونی ئەو بەرهەمە ئەدەبییە بدۆزێتەوە ، ئەمەش لە ڕێگەی شـیکردنەوە و تاقیکردنەوە بۆ گەیشتن بە هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەیی ، کە دەکرێ پشتی پێ ببەسـترێ وەکو بەرنامەیەکی دەستنیشان کردنی بەهای هونـەر و سـتاتیکی ئـەم بەرهەمـە ئەدەبییـە بەپێی ئەوەی بەرهەمێکی ئەزموونی خودی نوسەرە و بەرهەمێکی مرۆییە و پەیوەستە بـە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە وەکـو چـەمکێکی شارسـتانی سـەیر بکرێـت. بـەم هۆیـەوە زاراوەی ڕەخنــەی ئــەدەبی لــەو زاراوە فەرهــەنگی و فیکیرییــە ئاڵۆزەیــە، کــە ئەســتەمە وردەکاری تێدا بکرێ بەهۆی گشتگیری مەعریفەی مرۆڤایـەتی لـە لایـەك و قـوڵی ئـەزموونی ئــەدەبی و بابــەتی ڕەخنــەکاری خــۆی لەلایــەکی تــرەوە ، لێـرەدا لێکۆڵـەرەکان نـاکۆکن سەبارەت بە دەست نیشانکردنی سروشت و نـاوەڕۆکی ئـەم زاراوەیـە : ئایا ڕەخنـە کـاری ئەدەبە یان ڕووکاری ئەدەبییە؟ یان لێکدانـەوەی ئـەزموونێکی ئەدەبییـە یـان توێـژکاری و هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەزموونـە ئەدەبیەیـە؟ یـان شـیکردنەوە و لێکدانـەوەی توخمـەکانی ناوەوەی ئەو بەرهەمەیە یان ئاشکراکردنی ڕەگ و ڕیشەی ئەو ئەزموونە ئەدەبیەیە لەوەی، کە دیاردەیەکی شارستانییە، یان کۆمەڵە حوکمێکی یاسابەندە ئەو ئەزموونە لە مانا فیکری و شارستانییەکە دادەماڵێ ( واتسون ١٩٧٩ : ٧–٨).

ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕەوتی مێـژووی بەرەوپێشەوەچوونی خۆیدا بـە چـەندین قۆناغـدا تێپەڕیوە و چەندین بیرو ئایدیۆلۆژیای فیکری و فەلسەفی بەخۆوەگرتووە،لەوانـە ڕەخنـەی بڕیـاردان و ڕەخنــەی بابــەتی و کۆمەڵایــەتی و دەروونــی و مێـژوویی و دواجـار ڕەخنــەی زمانەوانی ، کە هەموو هەوڵ و توناکانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کردووە بنیـادی دەق بکاتـە مەیدانی لێکۆڵینەوەو دەق وەکو یەکەیەکی سەربەخۆو گشتگیر بناسێنێ.

## زمانی دەقی ئەدەبی بە پێی ڕێبازە ڕەخنەییەکان

مەبەست لە ڕێبازە ڕەخنەییەکان ئەو ڕێباز و تەوژمە ڕەخنەییانەن ، پەیوەندییان بە مێژووی بەرەوپێشەوەچوونی بیر و فەلسەفەی ڕۆژئاواوە هەیە، لە هەر سەردەم و ڕۆژگارێکی ئابووری جیاوازدا ئەدەبیاتێك لە ئارادا بووە، بۆ نموونە لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا ڕێبازی کلاسیزم و دواتر لەگەڵ شۆڕشی بۆرژوای فەرەنسی ڕۆمانسییزم و دواتر گەشەکرنی بیر و ئاوەزی مرۆڤ و چەوسانەوە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و ململانێی ئایدیۆلۆژی و بە ئامێربوون،ڕێبازی ڕیالییزم و سەرەتای سەدەی بیستەمیش ئاکامەکانی هەر دوو جەنگی جیهانی و دەرکەوتنی چەندین تیۆری دەروونناسی و زانستی و ئەبستمۆلۆژی شێوازی فۆرمالیستی نوێی وەکو سۆریالییزم و دادایزم و سیمبۆلییزم و بتیادگەری و هەڵوەشاندنەوەی دەق و شێوازگەری...هتد هێنایەکایەوە.

### ١- ڕەخنەی کلاسیکی ( ڕەوشتیی ئیفلاتوونی ):

ڕەخنەی کلاسیکی یان (ڕەخنەی ڕەوشتیی ئیفلاتوونی) یشی پێدەڵێن، ئەم زاراوەیە (کلاسییزم) یان (کلاسییزمی نوێ) لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا ئاماژەیە بۆ ئەو شێوە نووسینانەی لە چارەکی یەکەمی سەدەی حەڤدەهەمدا دەکرێت، کە لە دراماکانی کۆرنێ و راسین و مۆلییێر دا دەرکەوتووە،وەکو ڕەخنەی ئەدەبی لە سەدەی شازدەهەمەوە کۆمەڵەی (**لەپلییاد**) لە ڕێگەی **ڕۆنسار** (١٥٢٤– ١٥٨٥) و هاوڕێکانییەوە هەوڵیان دەدا بۆچوونەکانی ڕەخنەی سەردەمی یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکان بە تایبەتی ئیفلاتوون و ئەرستۆ و هۆراس دووپات بکەنەوە، بۆ نموونە ئەرستۆ لە (پیۆتیکا) دا دەڵێ : من سوورم لەسەرئەوەی کە دەبێت چارەسەری شیعر لە خودی خۆیدا بکەم و دواتر جۆرەکانی و سیما سەرەکییەکانی ئەو جۆرانە دیاری بکەم) ئەمە ئەوە دەگەیەنێ نووسەر بە بۆچوونێکی نوێ لە ناوەوەی دەقدا کاردەکات و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دیاری دەکات لە رووی کاریگەری زمان و چێژ و پێکەوە گونجانی وشەکان و ڕەوانبێژی و داڕشتنەوە،زمان بە لایەوە لە شیعردا لە پلەی یەکەمدا دێت بۆیە دەڵێت: ئەو هونەرانەی تەنیا زمان بەکاردەهێنن،ئەو زمانە پەخشان بێ یاخود شیعر– شیعریش لە چەند کێشێکی ئاوێتەکراو یان لەیەك کێش پێکهاتبێ– ئەو هونەرە تا ئێستا ناوێکی تایبەتی نەبووە، ئێمەش ناتوانین هیچ ناوێك دابنێین پڕ بەپێستی ئەمانە بێت) (ئەریستۆتلیس :٢١ ).بۆچوونەکانی **مالێرب**(١٥٥٥ – ١٦٢٨) و **بوالۆ**(١٦٣٦ –

١٧١١ )یش بنـەماکانی کلاسـیزمییان دارشـت.دەبێت ئـەو راسـتییەمان لەبەرچـاو بێت،کـە مێـژووی دەرکـەوتن و گەشـەکردنی رێبـازی کلاسـیزم لـە رۆژئـاواو رۆژهەڵاتـدا وەکـو یـەك گەشـەی نەکردووە،بۆیـە لـە پرەنسیپەکانیشـیاندا،بە تایبـەتی لـە رووی زمـانی شـیعرو ئەدەبیاتدا جیاوازن.شیعری کلاسیکی کوردی لاسایی شیعر و سەبکی رۆژهەڵاتی ئیسلامییە و شاعیری کورد تا ئەوپەڕ، بەهۆی رۆشـنبیری و شـارەزایی لـە زمـانی فارسـیو عـەرەبی و کەمێکیش تورکی، لە وشەو زاراوەی عیرفـانیو سـۆفیگەری ئـەو زمانانە،کـە لـە حـوجرەدا خوێندوویـەتی سـوودمەند بووە،بۆیـە زمـانی شـیعرییان پـڕ لـە میتـافۆر و هونـەرەکانی رەوانبێژی و بە تایبەتی خوازەو درکە و خواستن...هونەرەکانی تر بووە،ئەمەش وا دەکـات زمانی شیعریی ئاڵوز بێت و خوێنەری ئاسایی لێی تێنـەگات ،گەمـەی زمـان لای شـاعیرانی کورد ببێتە ئامرازێك بۆ ستاتیکا(جوانناسی)،بەڵام لە شیعری کلاسـییکی رۆئاواییـدا روون و ئاشکرایی لە دەربڕین و دوورکەوتنەوە لە تەمومژ سیمای سەرەکی شیعرە، چونکە تەمومـژ دەبێتە هاندانی ئاژاوە و کاری تاکەکەسی ئەمەش لەگەڵ ئەرك و پەیامی شیعری سەردەمی دەسەڵات و دەرەبەگایەتیدا ناگونجێت . ( بوالۆ) دەیگوت (دەبێت شـــاعیران گـــــرنگی بە دیاردە مـــاقووڵ و گشـــتییەکان بدەن و لە دیاردەی شێواو و نامۆ دوور بکەونـەوە) ( نەسرین : ١٠).

### ب-رەخنەی رۆمانسیی:

رۆمانسییزم وەکو رێبازێکی ئەدەبی و رەخنەیی بەر لەوەی لـە ئەدەبیاتـدا دەربکـەویت لە بواری فەلسەفەدا دەرکەوتووە،بۆچوونەکانی رۆسۆو بزاڤی رۆشنگەری و ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و رامیاری و فیکرییانەی دوابەدوای شۆڕشی فەرەنسی هاتنە پێشەوە پێویستی بە رەوتێکی ئەدەبی نوێ و جیاواز لە سەردەمی دەرەبەگایەتی هەبوو،لەگەڵ رۆحـی بـۆرژوای نوێدا بگونجێ و بتوانێ ئەدەبیات لە کۆشك و تەلاری پاشاکاندا دەربێنێ و زمـانی رۆژانـەی خەڵك بکات بە بنچینەی داهێنان،لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین شـاعیرو نووسـەری رۆمانسـی وشـەکان وەکو هیمایەك بـەکاردێنێ، تـیری ئیگلتـۆن دەڵـێ: ( زمـانی دەقـی ئـەدەبی، بـە تایبەتی شیعر ،خۆیان لە ناخی خۆیاندا کاردەکـەن و تایبـەتن بـە شـیعر جیـاواز لـە زمـانی ئاسایی.)ئەمەش ئەوە دەگەیـەنێ گەڕانـەوە بـۆ فەرهـەنگی دەوڵەمـەندی زمـانی خـەڵك بـە مانای لاوازی و بێ دەستەڵاتی شاعیر نییە بەڵکو شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ وشە

دیارترین ڕەخنـەگرانی ڕۆمانسـی ئینگلیـزی وۆردز وۆرس Words Worth (١٧٧٠-١٨٥٠ )و کـۆلردیج Coleridge (١٧٧٢- ١٨٣٤ )ن، وۆردز وۆرس لـە کتێبـی Lyrical Ballads دا ڕوانینی خۆی وا دەردەبڕێ:

زمانی شیعر دەبێ سادەو ڕەوان و ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بێت.

شـیعر هەڵچـونێکی لـەخۆوەو خۆڕسـکی هەسـت و سـۆزێکی بەکوڵـەو لـە وروژان( Emotion) ەوە هەڵدەقولێ و شـاعیر بە هێمنی و بە پرۆسەیەکی گەڕانـەوە ( نوسـتالژیا) داهێنانێکی نوێ دەخولقێنێ، یان داهێنان و ئەفراندێکی نوێی لێ بەرهەم دێنێت .

**کۆلردیج**:ئەگەرچی ئەم شاعیرەیش لەسـەر هـەمان ڕێبـازی (ڕۆمانسـییزم)یە، بـەڵام لـە هەندێ بابەتی ڕەخنەییدا لەگەڵ وۆردز وۆرسدا یەك ناگرێتەوە،لەوانە :

ا – وشــەی ســادەو ئاســایی و هەســت و ســۆزی خــەڵکی ئاســایی بــە تــەنیا نابێتــە کەرەسـتەی شـیعر، بـەڵکو هەسـت و سـۆزی شـاراوەی دەروونـی مـرۆڤ و پـەی بـردن بـە قووڵبوونەوەو تێگەیشتن لە هەڵوێستە گەورەکان شیعر دروست دەکات .

ب – هەروەها لەوەشدا پێچەوانەی ئەو بوو ، کـە هێـز و جـوانی و ئەفسـوونی وشـە لـە شیعرو پەخشاندا جیاوازی نییە ، بەڵکو هەندێ وتەی جوان و سەرنج ڕاکێش و میتـافۆر لـە شیعردا ڕۆڵێکی جەوهـەری دەبینـن ، بـەڵام لـە پەخشـاندا بـەهۆی بـارێکی تایبەتیـەوە لـە بازنەی هونەر دەردەچن .

پ– لە کتێبەکەی خۆیـدا ( ژیاننامـەی ئـەدەبی Biographia Literary )(محسـن حیدریان: ٣٣٩-٣٤١) ، کە لە ساڵی ١٨١٧ دا بڵاوبووەوە، زۆر گرنگی بە(خەیاڵی شـیعریی )داوەو بە پێوانەی جوانی و مەزنی شیعری دادەنێ . ئەو جیاوازی دەخاتە نێوان بۆچوون و وەهم fancy و خەیاڵ imagination خـەیاڵ بـەو هێـزە ناودەبـات ، کـە لـە دەروونـی شــاعیردایەو دەتــوانێ پــەنای بــۆ ببــات بــۆ جیاکردنــەوەی شــتە درکپێکراوەکــان و شـیکردنەوەیان بـۆ ئەفرانـدنێکی تـازە ، کـە بـە پێچـەوانەوە (وەهـم) توانـای توانـەوەو سەرلەنوێ داڕشتنەوەیەکی نوێی نییە ، دەبێ ئەوە بزانین ، کە خـەیاڵی داهێنەرانـە(الخیال الخلاق) لە قەسیدەدا دەتوانێ وابکا شتەکان پێکەوە گرێ بدات و کارلێك بکەن و ئەفراندنی نوێ بەرهەم بێنێ، بە شێوەیەك کە شتەکان یان ماددەکان بە تـەنیا و بـە پـەرش و بـڵاوی ئەو مانایە نابەخشن .

دەربـارەی زمان،(شـیللی١٧٩٢– ١٨٢٢)جـەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتەوە،کـە شـاعیر پێوەندییەکی پتەوی بە زمانەوە هەیەو هەر ئـەو دەتـوانێ زمـان تـازە بکاتـەوە ، وشـەکان بوونـەوەرێکی جیهـانی شـیعرن و شـیعر بـە زینـدوویی دەهێڵنەوە.ئەگـەر شـاعیرەکان وشەکانیان دووبارە نەکردایەوە بە تێپەڕبوونی کات زمان دەبـووە ئـامرازێکی بـێ توانا بـۆ دەربڕین لە مەبەستە مرۆڤایەتیە بەنرخەکان . بەڕای ئـەو شـاعیرەکان،کە یاسا داڕێـژەرن، بناغـەداری کۆمەڵن،داهێنـەری مەدەنیەتن،خوڵقێنـەری هونـەرەکانی ژیـانن ، مامۆسـتای ڕاستەقینەن بۆ نزیك بوونەوە لە جوانی و ڕاستییەکان.

تەنانەت شاعیر بە پێغەمبەر دەچوێنێ ، لەوەدا کە تەنیا بەوەند ناوەستێ،کە سەرنجی ئێستا بدات بەڵکو لە ئێستاوە بۆ داهاتوو دەڕوانێ .

لـە بـارەی زمـانی مۆسـیقییەوە یـان زمـانی کێشـدارو جیـاوازی لەگـەڵ نامۆسـیقیدا دەڵێ،زمانی مۆسیقی ئەو زمانەیە،کە دەچـێتە ژێـر بـاری سیسـتمێکی دەنگی و ڕەوتێکـی دیار،کە ئەمە زمانی شیعرەو ناشێ شیعر بە بێ ئەو زمانە لە دایك ببێ.یان شیعر بتوانێ واز لە کێش بێنێ.هەر لەسەر ئەو بنچینەشە پێی وایە وەرگێڕانی شیعر بێهوودەییە،بەڵام ئەمـە ئەوەش ناگەیەنێ ، کە(شیللی) لەگەڵ ئەوەدا نەبێت شاعیر مافی تازەکردنەوەی کێشەکانی نەبێت .

### پ-ڕەخنەی بنیادگەری:

بنیادگەری میتۆدێکی وەسفییە بۆ خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی پشـت بـە دوو هـەنگاوی سەرەکی دەبەستێ، کە بریتین لە: هەڵوەشانەوەو پێکهاتەیی.هەروەها گرنگی بە ناوەرۆکی ڕاستەوخۆ نادات،بەڵکو ڕووناکی دەخاتە سەر شێوەی ناوەڕۆك و ڕەگەزە پێکهێنـەرەکان و بنیادیان، کە ڕەوتی نزیك و نەسـەقی دەقەکـە پێکـدێنن. کەواتـە دەق بریتییـە لـە گەمـەی جیـاوازی و پێکـەوەگونجانی بنیاد،کـە لـە ڕووی ئەرکـەوە لـەناو سیسـتمێکی نـەگۆڕی پێوەندییەکاندایە.لـە ڕووی مێژووییـەوە بەرهـەمی فۆرمالیسـتەکانی ڕووس بـە تایبـەتی بڵاوبوونەوەی وتـارێکی ڤیکتـۆر شکلۆڤسـکی بـە ناونیشـانی (بووژانـەوەی وشـە) (بڕوانـە: المنهج البنیوی– ئینتـەرنێت) ،سـەبارەت بـە شـیعری ئاییندەخوازەکانی ڕووس لـە سـاڵی ١٩١٤ دا بە پێشەنگی هەوڵی ئەڵقەی زمانەوانی ئەدەبی ڕووسی دادەنرێ، کـە لـە ئـەنجامی بۆچوونەکانی زانای بەناووبانگ فردیناند دی سۆسێر Ferdinand de Soussure لـە

(کۆرسێك لە زامانەوانی گشتی) دا هاتە کایەوە.سۆسێر زمان وەکو هاوگونجانێك لـە نێـوان چـەند رەگـەزێك سـەیر دەکات،کـە کارلێکـەرییکی ئـەرکی وەسـفی بەیەکـەوەیان کۆدەکاتـەوە.دواتر بیروڕاکـانی سۆسـێر چـەند قوتابخانەیـەکی لێکەوتـەوە دیارترینیـان قوتابخانـەی ئـەرکی وەسـفی ئەنـدرێ مـارتینی A.Martinet و رۆمـان یاکۆبسـن R.Jakobson و دواتـر قوتابخانـەی بنیادگـەری راڤـەکاری نـوام چۆمسـکی N.Chomsky، کە تیایدا ئاستی سەرەوەو ژێرەوەی لە رێگەی هێرمۆنیتیکا(التاویلیـە) پێکەوە گرێداو دواتریش بە هۆی ڤان دیك و هالیـدای بنیادگـەری شـێوازێکی پراگمـاتیکی و ئەرکیی بەخۆوەگرت. ئەو سیماو خەسڵەتانەی، کە هەمیشە بنیادگەری پێدەناسرێتەوە ،لە فەرامۆشکردنی تاك و دیاریکردن و گەمە بە وشەو خۆ بە دوورگرتنی لە چەمکی جوانناسـی باو و باوەڕهێنان بە مەرگی نووسەر بۆیە زۆرجار وایکردووە رەخنەگرەکان بـە رەشـبینی و ناماقووڵ تێی بڕوانن و تەنیا لە سنووری ئاستێکی گشتی و بـاو دا بمێنێتـەوەو شـێوەیەکی تێۆری لە پراکتیکی زۆرتر وەربگرێ.

لە ڕاستیدا خۆ بەدوورگرتن لە هەموو ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتی و ژینگەییانەی کاریان لـە نووسەر کردووەیان یان بـەهرەو داهێنـانی تاکەکـەس و توانـای خوێنەریشـی لـە بڕیـاردانی راست و دروست بۆ دەقی سەرکەوتوو،وا لە رەخنەگر دەکات بتـوانێ بڵـێ بنیادگـەری هـیچ شـوێنێکی بـۆ (خـود) نەهێشـتۆتەوە،کە بڵـێین ئـەو بەرهەمـە دەربـڕی خـودی نووسـەرە، تەنانەت لە رووی (بابەت)یشەوە رەنگە ئەمە بە ڕاست بگەڕێتەوە،لە جیاتی هـەموو ئەمانـە (سیمانتیك)جێگەی خود و بابەتی گرتۆتەوە.رۆژییە گارودی دەڵێ: بنیادگـەری برێتییـە لـە فەلسەفەی مردنی مرۆڤ. (رۆلان پارت)یش بە پرۆسـەی (مـەرگی نووسـەر) نـاوی دەبات.بـە واتایەکی رەخنەییتر بنیادگـەری گرنگیـدانی خـۆی لـە دەسـتەڵاتی نووسـەرەوە(کە پێشـتر رێبازەکـانی رۆمانسـییزم و رێبـازە دەروونییـەکان بانگەشـەیان بـۆ دەکـرد) گواسـتەوە بـۆ (دەستەڵاتی دەق) لە رەخنەی ئەدەبیدا.دەق لە تێڕوانینی رەخنەی بنیادگەریدا بریتییە لە هاوبەندی کۆمەڵێ پێوەنـدی ،کـە هـەموویان پێکـەوە دەور دەبینن.هـەموو ئـەو رێبازانـەی زمانـەوانی و شـێوازگەری و بنیادگـەری نـوێ دەسـەڵاتێکی رەهایـان بـە دەق بەخشـیوەو زۆربەی بابەتەکانی تری پێوەنـد بـە داهێنـانی ئـەدەبییان پشـتگوێ خسـتووە،وەکو رۆڵـی خوێنەر و بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی و دەروونـی و ئایـدیۆلۆژی بۆیـە بنیادگـەری لـە دەقـەوە

دەست پێدەکات و لەوێدا کۆتایی دێت.ڕۆڵی سەرەکی ڕەخنەگرو خوێنەر ئەوەیە کۆدەکانی ئەو دەقە بدۆزێتەوە.

یاکۆبسن دەیەوێ پێمان بڵێ جیاوازی لە نێوان شیعرییەت و ناشیعرییەت لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی زمانەوانییە. واتا جەخت لەسەر خودی ئەو پەیامە دەکاتەوە کە پەیامنێر ئاراستەی پەیاموەرگری دەکات، نەوەکو ئەو هۆکارانەی پەیامەکە ئاماژەی بۆ دەکەن یان کاریگەری لەسەر پەیاموەرگر.

پەیامنێر ⟵ پەیام ⟵ پەیاموەرگر

لێرەدا شیعرییەت وەکو زاراوەیەك کە زۆر لە بواری ڕەخنەی بنیادگەریدا ناوی دێت لەوەوە دێت، کە زمانەوانی زانستێکە لە بنیادەکانی زمانی ئەدەبی دەکۆڵێتەوەو پێوەندی بە شیعرییەتەوە هەیە لە ڕوانگەی ئەرکی ستاتییکیەوە، یان دەکرێ بڵێین کۆمەڵێ بنەمای ستاتییکییە نووسەر لە بەرهەمی ئەدەبیی خۆیدا بە کاری دێنێ .)( غالیە خوجە ١٩٩٩: مفهومات فی بنیە النص– ئینتەرنێت).

بنیادگەری فۆرمالیستی گرنگییەکی زۆر بە (زمان) دەدات، بەو پێیەی کە دەق فۆرمە نەوەك ناوەڕۆك، هەر بۆیە ئەرکی ڕەخنە بۆ بە ئەدەبکرنی دەقە، ئەویش بە هەڵوەشاندنەوەی دەق بۆ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی، واتا دەق جیهانێکی داخراوەو بەهای خۆی لە بنیاد و دارشتنی خۆی وەردەگرێ و داخراوی لە ڕێگەی زمانەوە دەنوێنێ .هەر بۆیە ڕۆلان پارت دەڵێ:( نووسینی ئەدەبی قسەیەو هیچی تر).ڕستەکان لە ڕووی دەنگ و ڕێزمانەوە وەسف دەکرێن و دواتر لە ئاستێکی دەلالیدا هەندێ بۆچوونت لەلا دروست دەبێت ڕەنگە چەترێك هێما بێت بۆ نێر یان بۆ هەر شتێکی تر شاعیر یان دەقنووس خۆی مەبەستی بێت.کێشەکە ئەوەیە ڕەخەگر ئایدیاو بیرۆکەیەکت ناداتێ بە قەد ئەوەی خەریکی ئامارو دیاریکرنی بەشەکانی ڕێزمان وەکو ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکارەو ... پرۆسەیەکی میکانیکی ئەنجام دەدات ، واتا پێچەوانەی ڕەخنەی کلاسیکی زمان خۆی ئامانجە نەوەکو هۆیەك بێت بۆ ئامانجێك.

بنیادگەری چەندین جۆری هەیە، لەوانـە: بنیادگـەری زمانـەوانی سۆسـێر و یاکۆبسـن و بنیادگـەری پێکهاتـەیی لۆسـیان گۆڵـدمان و بنیادگـەری فەلسـەفی جـاك دریـدا و فۆكـۆ و ئاڵتۆسـێر و بنیادگـەری گێڕانـەوەیی Narratologie ڕۆلان پـارت و جـیرار جینێـت و بنیادگەری شێوازگەرایی stylistique ریڤاتیر و پیرگیرۆ و بنیادگـەری سـایكۆلۆژی جـاك لاكـان و شـارل مـۆرۆن و بنیادگـەری ئـەنترۆپۆلۆژی شـتراوس و پـرۆپ..( البنیویـە والنقـد البنیوی– ئینتەرنێت).

لە ڕەخنەی بنیادگەریدا بە لای یاکۆبسن(Jakobson)ەوە زمان بەگشـتی دەکـرێ بـە دوو بەشەوە یان لەسەر دوو ڕەهەند axes یان جەمسـەر لەنگـەر دەگـرێ ، کـە ئـەوانیش بریتیین لە خواستن ـ metaphor و درکە metonyme لە لایەکی ترەوە لە بنچینەدا لە هەندێ تێبینی پزیشکیەوە سەرچاوەی گرت ، کە بە نەخۆشی گرتنی زمان – aphasia ناو دەبرێ ، یان گرێ کردن لە قسەکردندا. میتافۆڕ و میتۆنیم ئاماژە بە شێوەی قسەکردن دەکەن ، لێکۆڵینەوەی یاکۆبسن لەبارەی زمان گرتن ناوەڕۆکێکی گرینگی خستە ئاراوە،کە بریتیـە لـەوەی لایـەنی زمـانی کۆکردنـەوە (واتـە ڕەهەنـدی ئاسـۆیی لای تـوش بـوو بەنەخۆشییەکە بەهێزترە،چونکە لای نەخۆشـەکە هێـزی لێکچـواندن و جیاکردنـەوە لـەناو دەچێت ئەم لاوازییەکە وا لەنەخۆشەکە دەکات دەستەوەستاو بێ لە ئاست مامەڵەکردن لە ئاست پەیوەندی بەستنەوە یان لە بری دانان (أسـتبدالی) ، واتـە ڕەهەنـدی سـتونی وەکـو ناوهێنان و پێناسەکردن و بەکارهێنانی وشە هاوواتاکان ، واتە کەرەسـەی خـاوی خواسـتن لەم جۆرە نەخۆشانەدا زیاتر درکە بەکار دێنن لە قسەکردندا . لەوانەیە چەقۆ بگۆڕنەوە بـە چەنگاڵ و چرا بە مێز ، ئاگر بە دوکەڵ . یاسا ڕێزمانییەکان کە وشەکان لـە یەکـەی بـەرزتر ڕێـك دەخـات لـە لایـان ون دەبـێ و پـەنا دەبەنـە بـەر ئـەو وتانـەی کـەزیاتر سروشـتێکی خوازەییـان لـە گەڵدایـە ( ebster : 42 )دەتـوانین بڵـێین ئەمەڕێگـە خۆشـکەرە کـە بەشێوەیەکی یەکجارەکی بنیادگەری دەقی داخراو ڕەت یکاتەوەو باوەڕی بە دەقـی کـراوە بێت، بەو واتایەی لە هەموو سەردەمێکدا و لە یەك کاتدا خوێندنەوەی جیاوازمان بۆ دەقـی ئەدەبی هەبێت.

هەموو ئەوانەی لەسەرەوە وتمان ڕێگەمان پێ دەدات کەوا بنیادگەری بکەین بە پێوەر و پێوانەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی لەشیکردنەوەی هەر دەق و ئەزمونێکی ئەدەبی بە هەموو

جۆرەکانیەوە پەیڕەو بکرێت ، دەکرێ ئەوەش بوترێ ، کـەوا بنیادگـەری زیـاد لـە هـەموو تیۆرە زمانییەکانی تر بەشێکی فراوانی لە بـواری ئـەدەب بەرکـەوتووە وەکـو پێوەرێـك بـۆ شیکردنەوەی دەقی ئەدەبی لەژێر ڕۆشنایی ئەو بنەمایانەی ، کە سـەرەتا لای سۆسـێرەوە بـۆ ئـەم تیـۆرە دانـراو دواتـر وەکـو پێوانـە و تـەرازووی ڕەخنـەی ئـەدەبی هاتـە کایەوە.کردنـەوەی دەرگـەی زمانـەوانی لـە ڕووی لێکۆڵینـەوە ئەدەبییەکانـەوە بەقـەد لێکۆڵینەوە زمانییەکان پڕ نرخ و بەهادارە ، کە لە ئەژمار نایەت . ئەوەنـدەش بەسـە، کـە دەقی ئەدەبی لە دەرەوەی گرینگیدان بوو بەهۆی دوو لایەنی جیاکردنەوە بـووە تیشـکۆی وەسف و شیکردنەوە .

### ئەنجــــام

سۆسـێر لـە بنیـادی تیۆرییەکەیـدا ڕەهەنـدی (لـەبری دانـان Associative)ی بـەکارهێناوە نـەوەك ڕەهەنـدی سـتوونی– pradigmatic، بـەڵام لـەلای زۆربـەی زمانەوانـەکان بـە هەڵـە بـە ڕەهەنـدی سـتوونی نـاوبراوەو دەیدەنـە پـاڵ سۆسـێر.زاراوەی ستوونی pradigmatic دواتر لای هیلمسلیف و یاکۆبسن بەکارهێنرا.

سەرەتای لێکدانەوەی سۆسێر قورسایی دەخاتـە سـەر ئـەو تەوەرانـەی کـە دەکەونـە ئاستی ئاسۆیی زمانـەوە وەکـو کاردانەوەیـەك بـۆ بـەراوردکارەکان، کـە ڕەهەنـدی مێـژیی زمنیان بە توندی دەستەبەر دەکرد، بەڵام دواتر سۆسێر دان بە گرنگی هەر دوو ڕەهەنـدی ئاسۆیی و ستوونی دا دەنێت، کە لە پڕاوپڕکردنی سیستەمەکە،بە تایبەتی ئەمە لـە نێـوانی دال و مەدلول دا ساغ دەبێتەوە،لەوەی کە (دال) دەکەوێتە ئاستی ئاسۆیی و (مـەدلول)یش دەکەوێتە ئاسـتی سـتوونی، بـە لادانـی هـەر یـەکێکیان ئـەو سیسـتەمەی دروسـتی کـردوون تێکدەچێ.

هەموو ڕەهەندەکانی زمان و ئەدەب دەکرێت لە نێوان هەردوو ڕەهەندی ئاسۆیی (ڕۆنان Structun) و ئاسـتی سـتوونی (لـەبری دانـان Association لێـك بدرێتـەوە،وەکو لـەم هێڵکارییەی خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە:

ئێستایی ← مێژوویی

گوتن ← زمان

بەکارهێنان ← فەرهەنگ

بار ← گەشەکردن

جێگیر– وەستاو ← جوڵاو

بەها ← سیستەم

دال ← مەدلول

ئاستی سەرەوە ← ئاستی ژێرەوە

پارچەکانی برگە ← گۆڕینی فۆنیم

شێواز ← دەقی ونبوو

دەقی ئامادە ← دەقی نائامادە

میتافۆر ← میتۆنیم

لادانی ڕێزمان ← لادانی واتایی

ڕۆنان ← لەبری دانان

٤– هـەر لـە کۆنەوە،لـە ئـەدەبیاتی یۆنانـەوە لـە ڕێبـازە ئەدەبییـەکانی کلاسـییزم و ڕۆمانسییزمەوە تاوەکو ئەمڕۆیش زمـان وەکـو یـەکێ لـە ڕەگـەزە سـەرەکییەکانی بنیـادی دەقی ئەدەبی سەرنجی لێدراوە،بـەڵام زۆرتـر لـە تێڕوانینێکـی ئایـدیۆلۆژی و نەتەوەییـەوە بووە، زمان هۆیەك بووە نەوەکو مەبەست.

قوتابخانە ڕەخنەییە نوێیەکانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، بە تایبەتی دوای داکشانی ئایدیۆلۆژیای سیاسی، لە شەڕی میدیا دا زمان لە پێشەوە بووە، لە مەیدانی ئەدەبیاتیشـدا، ڕێبازی بنیادگەری لە پێشـەوەی ئـەو ڕێبازانـە دێـت تیۆرییـەکانی زمانـەوانی نـوێ دەکاتـە بنەمایەك بۆ تۆژینەوەی دەق لە ناوەوەی خۆیدا، دوور لە هەموو کارتێکەرییەکی دەرەکی.

## ســـەرچاوەکان

### - بە زمانی کوردی:


١- ئەریستۆتلیس،هونەری شیعر پۆیتیکا، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە د.حەمید عـەزیز، سلێمانی،٢٠٠٥,

٢- جبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق ١٩٥٠-١٩٧٠،(نامەی ماستەر)،کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٥,

٣- سەلام ناوخۆش، پوختەیەك دەربارەی زماننناسی، هەولێر ، ٢٠٠٥,

٤- عەزیز گەردی،ڕەوانبێژی لەئەدەبی کوردیدا، ب١، بغداد، ١٩٧٢,

٥- محمد معروف فتاح، زمانەوانی ، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر ، ١٩٩٠.

٦- نەسـرین رەئـوف ئیسـماعیل، ئـەرکی شـیعر لـە ئـەدەبی کوردیـدا سـالآنی ١٩٢٠-١٩٥٨، (نامەی ماستەر)، زانکۆی کۆیە، کولێژی زمان، ٢٠٠٧,

٧- د.هیمدادی حوسێن،ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای موکریانی، هەولێر،٢٠٠٧.


### بە زمانی فارسی:


٨- دیوید دیچز، شیوەهای نقد ادبی، ترجمە محمد تقی صـدقیانی و دکـتر غلامحسـین یوسفی،چاپ پنجم، تهران،١٣٧٩,

٩- زبان شناسی و ادبیات(تاریخچە چند اصطلاح)، ترجمـە کـورش صـفوی، انتشـارات هرمس، تهران،١٣٧٧.

١٠- راجرفـالر و دیگران،زبـان شناسـی و نقـد ادبـی، گـرداوری و ترجمـەمریم خـوزان و حسین پاینده، ویراست دوم، چاپ دوم ، نشر نی، تهران ، ١٣٨١,

١١- سیماداد، فرهنگ اصطلاحات ادبی،انتشارات مروارید،چاپ سوم،تهران،١٣٨٥.

١٢- د.عبدالحسین زرین کوب ، نقد ادبی، جستجو در اصول و روشهاو مباحـپ نقـادی، جلد اول، تهران ١٣٧٨.

١٣- محسن حیدریان، سرامدان اندیشە وادبیات از دوران باستان تـا اغـاز قـرن بیسـتم، سلسلە انتشارات قطرە ٦١٧، تهران ،١٣٨٦,

١٤-د.نصرالله امامی،مبانی و روشهای نقد ادبی،چاپ ٣،تهران،١٣٨٥.

**- بە زمانی عەرەبی:**

١٥- ترنس هوكز ، البنوية و علم الأشارة ، ترجمة : مجيد الماشطة ، بغداد ، ١٩٨٦,

١٦-حسين فحام، التناص ، مجلة الغة والأدب ، ع ١٢، جامعة الجزائر ، ١٩٩٧,

١٧-حنون مبارك، مدخل للسانيات سوسير ، دار البقاء، المغرب،١٩٨٧

١٨- دي سوسير،علم اللغة العام : ترجمة د. يوئيل يوسف عزيز ،الموصل، ١٩٨٤.

١٩- ستيفن اولمان، دور الكلمة في اللغة، ترجمة،د.كمال محمد بشير،:القاهرة (١٩٨٦)

٢٠- عبدالقادر هنى، اللسانيات البنوية في مطلع قرن العشرين ، مجلة الغة والأدب ، العدد (١١) جامعة الجزائر، الجزائر، ١٩٩٧.

٢١- فتح اللة أحمد سليمان، الأسلوبية ، مكتبة الأدب، القاهرة، ٢٠٠٤.

٢٢- ظولنجانج هاينه مان و ديتر فيهظجر، مدخل الى علم لغة النص، ترجمة و علق عليه ومهد له ا.د.سعيد حسن بحيرى،القاهرة،٢٠٠٤.

٢٣- مارك شورد و اخرون،النقد اسس النقد الادبى الحديث ١- ٣، ترجمة هيفاء هاشم ، ط ٢،دمشق ، ٢٠٠٦.

٢٤- د.منذر عياشى، الأسلوبية وتحليل الحظابر ، مركز الأتحاد المضاري ، حلب- سوريا، ٢٠٠٤.

٢٥- د. وفاء كامل، البنوية في اللسانيات ، مجلة عالم الفكر، المجلد السادس والعشرون،الكويت ،١٩٩٧.

**- بە زمانی ئینگلیزی:**

26- Crystal,(1980) Linguistics, London: UK.

Blackwell ، (2000) Essential Introductory Linguistics،27- Hudson .G Oxford : UK

Blackwell Oxford : UK .، (1975)Semantics ، G ،28- Leech

Arnold : Hodder ،29- Lobner . S (2002) Under Standing Semantics Headline London .

Cambridge University Press . UK ،30- Lass . R (1998) Phonology

31- Trask,( 1993), A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics.

**- ئینتەرنێت:**

٣٢ - غالية خوجة، مفهومات فی بنية النص، جريـدة الجزيـرة،الخميس ٣-٣-١٩٩٩
http://www.suhuf.net.sa/1999jaz/mar/3/cu3.htm

٣٣- المنهج البنيوي أسسه ومفاهيمه،الاسس الجمالية والفلسفية للمنهج البنيوى
http://thaqafa.sakhr.com/motanaby/manaheg/0025.asp

٣٣- البنيوية والنقد البنيوي
http://www.annabaa.org/nbanews/62/152.htm

کتێبی هەوڵنامەی

# ناوەروکی کۆمەلایەتی
# لە چیرۆکی هونەریی کوردیدا

هەواڵنامەی کتێب

ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی لە چیرۆکی کوردی نێوان ساڵانی (١٩٢٥ — ١٩٧٠)دا، کارێکی وا سووك و ئاسان نییە،بەڵام من لێرەدا وەنەبێ هەموو ئەو چیرۆکانەی لەو ماوەیەدا دەرچووبێ بێنم و یەکە یەکەشیان بکەمەوە و بڵێم:

لە ڕووی تەکنیکەوە بەم شێوەیەن و پاڵەوانەکانیان ئاوەهان، نەخێر، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی کرۆکی باسەکانیان بە دەوری چیدا سوڕاوەتەوەو چۆن کێشەی چینایەتی و زۆرانبازی نێوان دەرەبەگ و جووتیاری کوردیان وێنەکێشاوەو چۆن ڕەخنەیان لە واقیعە کۆمەڵایەتییەکە گرتووە، چۆن وەك مرۆڤێك بۆ ژنیان ڕووانیوەو کێشەکانی ژیانیان بۆ باس کردووین، ئەمانەو گەلێ پرسیاری دی لە لێکۆڵینەوەکەدا، خراونەتە بەرباس. بێگومان بۆ دەرخستنی ئەو خاڵانەی یان ئەو لایەنانەی لە سەرەوەدا ناوم بردن، دەبێ پێشەکی سەرەتایەکی خێرای دروستبوونی چیرۆکی کوردی باس بکەین و چۆن و لە چ سەردەمێکدا وەك شێوەیەکی هونەری خۆی نواندو ئەو هۆیانەی یارمەتی هاتنەکایەوەیان دا، چی بوون؟

بۆ ئاسانکردن و باشتر چوونە ناوەوەی بابەتەکە، ماوەکە دابەش دەکەمە سەر چەند قۆناغێك و لە هەر یەکەیاندا ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتیەکە، لەگەڵ کورتەیەکی باری سیاسی لەو کاتەدا دەخەمە ڕوو، چونکە هەر بارە سیاسی و ئابوورییەکە بە شێوەیەکی زەق لە چیرۆکەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەمە لە لایەك،لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی بزانین بەرهەمەکە سەر بە چ سەردەمێکە و بەپێی ئەو سەردەمە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، چونکە (ئارنست فیشەر) دەڵێ: هەموو هونەرێك لە دایکبووی سەردەمی خۆیەتی).

## سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردی

هەر لەگەڵ کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی بـەرەو رووخـان دەچوو، وردە وردە ئینگلیزەکان پەلبزافتیان بـۆ ناوچـەی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت دەکـرد. هەر لەگەڵ هاتنی ئینگلیز بۆ ئەو ناوچـەیە گۆڕانکارییـەکی تـەواو بەسـەر بـاری ئـەدەبی و سیاسی ئەو ناوچانەدا هات.

هـەر لەسـەرەتاوە ئینگلیزەکـان هـەوڵیان دەدا بـە هـەر شـێوەیەك بێـت ڕۆشـنبیر و کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمە لە خۆیـان کۆبکاتـەوە، هـەروەها لـە لایـەنی ئەدەبییشـەوە زیاتر هانی نووسەران و قەڵەم بە دەستانی ئەو کاتەیان دەدا، هەرچەندە من لەو باوەڕەدام قەت ئینگلیز مەبەستی پێشکەوتنی ئاستی ڕۆشنبیرانی کوردو وریابوونەوەی میللەتی کورد نەبووە، بەڵکو شارەزای باری سایکۆلۆژییەت و عادات و خووڕەوشتی کورد بن و ئینجا بـە گوێرەی بەرژەوەندی خۆیان بازرگانیان پێوە بکەن و بەکاریان بهێنن.

هەر لەو ماوەیەدا ئینگلیز هەوڵی دەرکردنـی چـەند ڕۆژنامـەو گۆڤـارێکی کوردیانـدا، بـۆ بڵاوکردنـەوەو سـەپاندنی فیکـری خۆیـان و بانگەشـە بـۆ خۆیـان و تـەرخانکردنی چـەند لاپەڕەیەکی کەمیش بۆ پەخشان و کورتە نووسینی نووسـەرانی ئـەو سـەردەمە. هـەر لـەو ماوەیـەدا چـەند نووسـەر و ڕۆشـنبیرێکی کورد،کە پێشـتر بـە هـۆی بـارودۆخی سیاسـی و جەنگـەوە پەڕاگەنـدەی وڵاتـانی ڕۆژئـاوا بـوو بوون،گەڕانـەوەو ڕۆشـنبیرییەکی زۆرو خووڕەوشتی ئەستەمبوڵیان لەگـەڵ خۆیانـدا هێنایـەوە. لێـرەدا دەتـوانین دووخـاڵی گـرنگ دەستنیشان بکەین،کە بوون بە هۆی دروستبوونی یـان ڕێگـە خۆشـکەر بـۆ هانـە نـاوەوەی فۆرمی چیرۆکی هونەری بۆ نێو ئەدەبیتی کوردی، ئەوانیش ئەمانەن:

١- دەرکـەوتنی ڕژنامــەو گۆڤـارو چـاپەمەنی و بڵاوکردنــەوەی پەخشـان و کورتـە نووسراوی تر تیایاندا، وەکو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ڕۆژی کورد (١٩١٣) و تێگەیشتنـی ڕاستی (١٩١٨) پێشکەوتن (١٩٢٠-١٩٢٢) و ڕۆژنامەی ژیـان (١٩٢٥)...هتـد. بێجگـە لـە ڕۆژنامـەو گۆڤاری تورکی و عەرەبی سەرەتای سەدەی بیستەم لە عێراقدا.

٢- گەڕانەوەی هەندێك لە ڕۆشـنبیرانی کـورد لـە دەرەوەی وڵات، لـە سـاڵانی جـەنگی یەکەمی جیهانی و حەزکردنیان بە نووسینی ئەو فۆرمە هونەرییە ئەورووپییە (چیرۆك)و، کە تا ئەو کاتە نەنووسرابوو، بە جۆرێك لە ژینگەی کوردەوارییەوە هەڵقوڵابێ و پاڵەوانەکان لـە

ژیانی ڕۆژانـەی کۆمـەڵی کـوردەواری بـن، هـەروەها هەنـدێ لـە ڕۆشـنبیرو ڕووناکبیرەکـانی کوردستان، کە دەیانتوانی لە زمانی ئینگلیزی و فەڕەنسی کەڵك وەربگرن.

بـۆ یەکـەمجار لـە ڕۆژنامـەی (ژیـان)دا لـە ڕۆژی ١٩٢٥/٧/١ یەکـەم چـیرۆکی کـوردی بڵاوکرایەوە، بەناوی (لە خەوما)، هەرچەندە نووسەرەکەی نـاوی خـۆی نەنوسـیووە، بـەڵام لەو کاتەدا جەمیل صائیب، کە خۆی سەرنوسەری ڕۆژنامەکە بووە هەر خۆی نووسیویەتی.

یەکەم چیرۆکی هونەری کوردی لە ساڵی (١٩٢٥)دا دەرچووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە ئێمە بەر لەو مێژووە چیرۆکمان نەبووبێت، بەڵکو زۆر چـیرۆکی فۆلکلۆریمـان هـەبووە، کـە دەماو دەم خەڵکی لە گوێ ئاگردان و دیوەخانان گێڕاویانەتەوە،بەڵام یەکەم چیرۆك، کە لە قاڵبێکی هونەریدا بێت و مەرجەکانی تەکنیکی چیرۆکی کوردی تێدا بەدی بکرێت، چیرۆکی (لە خەوما)یـە، هـەروەها بـەر لـەو مێـژووەش نووسـراوێکی ترمـان هەیـە، کـە ئـەویش هـی (فوئادی تەمۆ) یە [1] بەناوی (شویش).

هەنـدێ کـەس لـەو باوەڕەدایـە ئەمـە یەکـەم چـیرۆکی کوردییە،بـەڵام ئـەوەی ئـەم نووسـراوە بخوێنێتـەوە هـەر زوو تێـدەگات، کـە ئەمـە چـیرۆك نییـەو حیکایەتـە یـان یاداشتنامەیەکە بە شێوەیەکی زۆر سادەو ساکارانە ڕووداوێکی ئاسایی ژیـانی ڕۆژانـەمان بۆ دەگێڕێتەوەو دوورە لە هـەموو جەوهـەرێکی هونـەری، کـە سـەرکەوتوویی بـە چـیرۆك دەدەن،وەك د.مارف خەزنەدار دەڵێ:

(چیرۆکی سەرکەوتوو ئەوەیە، کە بزووتنەوەی قارامانەکان ڕێکوپێك بـن و سووچـێك لـە ژیان و سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ دەربخا، پارێزگـاری ئـەو جەوهەرانـە بکـات، کـە مـەرجن بـۆ کارێکی هونەری) [2].

---

[1] : فوئادی تەمۆ، شڤانی کورد، گۆڤاری ڕۆژی کورد، ژمارە ١ – ٢، ساڵی ١٩١٣.

[2] : د. مارف خەزنەدار، ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارە (٥)، ڕۆژی ٦ -٢ – ١٩٧٠.

## قۆناغی یەکەم ( ١٩٢٥ – ١٩٣٩ )

ساڵی (١٩٢٥ – ١٩٣٩) کە بەو ماوەیە دەڵێن (قۆناغی سـەرهەڵدانی چـیرۆکی کـوردی و چەکەرەکردنی)، لەو ماوەیەدا سەرجەم حەڤدە[1]، چیرۆکی کوردی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکـانی ئەو سەردەمەدا بلاّوکراونەتەوە.

من نامەوێ لێرەدا یەکە یەکە شییان بکەمەوە. چونکە هەر یەکێ بیەوێت، دەتوانێت لە بیبلۆگرافیـادا سـەیری،بەلاّم وەکـو لـە پێشـەکییەکەدا وتم تـەنیا ناوەڕۆکـە کۆمەلاّتیەکـەی وەردەگرم تا بزانین چۆن ڕەخنەیان لە واقیعەکـە گرتـووە کـە ئەمـەش مـۆرکێکی چـیرۆکی کوردییە کە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە، ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەی وەرگرتـووە، واتە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کورد چیرۆکی کلاسیکی و ڕۆمانتیکی نییە.

ناوەڕۆکی زۆربەی هەرە زۆری چیرۆکەکانی ئەو سەردەمە لە خاڵێکدا کۆدەبنەوە:

ئەویش دەرخستنی گیروگرفتەکانی کۆمـەڵ و ناڵانـدنی بـە دەسـت هـەژاری و برسـێتی، هەرچەندە لێرەدا دەبێ ئەوە بڵێین،کە چیرۆکەکان سەرجەم لـە ڕووی داڕشـتن و تـەکنیکی چـیرۆکەوە کـەموکورتییان تێـدا بـەدی دەکرێت، بـەلاّم توانیویانـە ناوەڕۆکەکـە بـە چـاکی دەربخەن و باری دواکەوتوویان بە باری سیاسی و پاشکۆ ئابوورییەکەوە بەندبکـەن و چـاو نەترسانە پەردە لە ڕووی جەور و سـتەمی ئیمپریالیسـت و نۆکەرانـدا هـەڵماڵن، بـە کـورتی توانیویانە ببنە شاهیدی سەردەمی خۆیان.

بۆ نموونە:هەر لە یەکەم چیرۆکی کوردیدا (لە خەوما)سەیردەکەین لەبـەر هـۆی هـەژاری کـابرا (خەوبینـەر) شـارەکەی بـە جێـدەهێڵێ و ڕوو لـە شـارێکی دی دەکـا بـۆ کاسـبی و کارکردن، بەلاّم لە ڕێگا لە سنووری شارەکەی دی تووشی چەرمەسەری و گیروگرفتی خۆی دەبێ،هەروەها لایەنێکی تریشمان بۆ دەخاتە ڕوو، ئەویش بلاّوبوونـەوەی دزی و جـەردەیی و بـەرتیل وەرگرتنـە کـە لـە سـایەی ڕژێمـەوە ئـەم کـارە ناهەموارانـە لـەناو کۆمەڵـدا بلاّوبونەتەوە.

هەرچەندە چیرۆکەکە زیاتر ناوەڕۆکەکەی مەسەلەیەکی سیاسی گرتۆتەوە و بەمەبەستی نووسەرەکەی تاوانبارکردنی حوکمی شێخ مەحموودی نەمرە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لایەنی دیاریکردووە کە کۆمەڵ دووچاری بووە. لێرەدا ئەوەمان دەکەوێتەوە بیر کە دەڵێ:

---

[1]: عومەر مەعروف بەرزنجی، لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی، بەغداد، ١٩٧٨، ل ١٦٤ – ١٦٦.

(ئەدەب و سیاسەت وەکو دوو قوتبی کارەبان پێکەوە نەبێ ڕوناکی نـادەن، لـە پێویستیشدا ئاگر هەڵناکەن)[1].

لەبەر ئەمە زیاتر ئەم وتەیە بۆ ئەو چیرۆکە، دەگونجێ کە بە هۆی ئەدەبەکەوە توانیویەتی ڕەخنە لە بارە سیاسییەکە بگرێت و فەرمانڕەوایی شێخ مەحموود تاونبار بکات. لە چیرۆکی (مەسەلەی ویژدان)ی (ئەحمەد موختار جاف)یشدا هەر هەمان ئەو ڕەخنانە دەبینین، کە لە کۆمەڵی گرتوون.ئەویش بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و ساویلکەیی عەقڵی خەڵکەکەو ڕوونکردنەوەی ڕژێمە سیاسیەکەیە. ئەگەر هەنگاوێك بۆ پێشەوە بێنین، تووشی چیرۆکەکانی پیرەمێرد دەبین. پیرەمێرد لە چیرۆکەکانیدا زیاتر بایەخی بە کەلەپوور و فۆلکلۆر داوەو بە شێوەیەکی زەق لە چیرۆکەکانی ڕەنگی داوەتەوە.

لەگەڵ کۆمەڵێ پەندو ئامۆژگاری بۆ کۆمەڵ.بە شێوەیەکی گشتی پوختەی چیرۆکەکانی باسی سەربەستی ژن و سیفەتی ئازایی کوردو میوانپەروەری و هەندێ لایەنی ئایینی دەکەن و وەك هۆیەك بۆ چارەسەر کردنی گرێی کۆمەڵایەتی بەکاری هێناون. هەر لە چیرۆکنووسانی ئەو سەردەمە (محەمەد عەلی کوردی)مان بەرچاو دەکەوێ کە لایەنێکی تری هەڵبژاردووە لە دەردەکانی کۆمەڵ و خستوونیەتە نێوقاڵبی چیرۆکەکانیەوە.

ئەویش سەرخۆشی و ڕابواردنی شەوانەی کەسانی نامرۆڤانەو کەم عەقڵ و چۆن دەسبەرداری خێزان و ماڵ و منداڵەکانیان بوون و بەجارێ پشتگوێیان خستوون. نەبوونی ڕێزو میهر و وەفا و گیانی لێبووردن لەنێو خێزانەدا، بابەتێکی تری چیرۆکەکانییەتی.جگە لەوەی باسی ئافرەتی کوردی کردووە کە چۆن لەژێر باری گرانی ئیشی لادێدا پشتی چەماوەتەوە یان یەکێکی تر ناوی خۆی نەنووسیوە،تەنیا پیتی (ﮪ)ی داناوە چیرۆکێکی بڵاوکردۆتەوە بەناوی (کردەوەی دەروێش): کە ڕەخنە لە ساویلکەیی ئەقڵی کۆمەڵ دەگرێ بە باوەڕکردنیان بەکاری جادوگەری و نووشتە و شێخ و دەروێش، هەروەها ئەوەی دەرخستووە کە چۆن ئەم کەسانە لەژێر پەردەی دینەوە کەتوونەتە گیانی کۆمەڵ.ە دوای ئەم کورتە ڕوونکردنەوەیەدا دێینە سەر تایبەتمەندییەکانی چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەدا.ئەمەش لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

---

[1]: محەمەد مەولوود مەم، گ، کاروان، ژمارە (١) و تشرینی یەکەمی ١٩٨٢، ل١٨.

چـیرۆکەکان زیـاتر ناوەڕۆکـەکانیان سیاسـین،لەوەی بایـەخ بـە دەردەکـانی کۆمـەڵ بدەن.چـیرۆکەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی زۆربـەیان بـە نیوەچـڵی بـەجێ هێڵـراون و تەواونەکراون،جا ئەگەر نووسەرەکەی خۆی تاقەتی چووبێ و چیرۆکەکەی تـەواو نـەکردبێ یان بە هۆی داخستنی ڕۆژنامەکە یان گۆڤارەکە بووبێت.

ئەگـەر لـە ڕووی تـەکنیك و دارشـتنەوە بـە پێـی ئـەمڕۆ حیسـابیان بـۆ بکـەین ئـەوە شێوەیەکی کاڵ و کرچ وەردەگرن و زیاتر خۆیان لە قەرەی ڕاپۆرتێکی وشك دەدەن وەك لە چیرۆك.

### قۆناغی دووەم ساڵی ١٩٣٩ –١٩٥٠

هــەر لەســـەرەتای ســـاڵی(١٩٣٥)ەوە بـــاری سیاســـی ڕۆژبـــەڕۆژ بـــەرەو خراپـــی دەچوو،هەڵگیرسـانی جـەنگی دووەمـی جیهانی،بـاری دنیـای بـەجارێك شـێواند،ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، کە بەشێکی جیهانە،هەمان ئەو بارەی بە خۆیـەوە دی. لەگـەڵ بینـەو بـەردەی ئەم جەنگە زۆر لە گەلانی ژێردەستەو چەوساوە بە هەڵیان زانـی و لـە کـیس خۆیانیـان نـەدا مافی ڕەوای خۆیانیان وەرگرت.

کوردیش لە عیراقدا جموجوڵێکی سیاسیی کەوتە ناو و چەند بـەرەو پارتێـك دامـەزران، کە هەموویان ئامانجیان ڕزگارکردنی کوردستان بوو، ئەو بارە سیاسییە بەشێوەیەکی زەق لـە نووسـینی نووسـەرانی ئـەو سـەردەمەدا ڕەنگـی داوەتـەوە، چـیرۆکیش وەکـو ژانرێکـی ئەدەبی ئەو کاتە جێگـەی بایـەخ بوو،لـە دەرخسـتنی ئـەو بارودۆخـەدا درێخـی نـەکردووە. قۆناغی دووەمی چـیرۆکی کـوردی، کـە سـاڵانی پێشـوو (١٩٣٩– ١٩٥٠) دەگرێتـەوە. دوای ئەوەی لە قۆناغی پێشوو چـەند هـەوڵێکی سـەرەتایی لـە لایـەن چـەند چیرۆکنووسـێکەوە دراون،بە دەرکەوتنی گۆڤاری گەلاوێژ لە ساڵی (١٩٣٩) زیاتر ئەم هەوڵ و تێکۆشانەیان برەوی سەند،هەر لەگـەڵ دەرکـەوتنی یەکـەم ژمـارەی گۆڤارەکـە بەشـێکی تایبـەتییان بـۆ چـیرۆکی خۆماڵی و چیرۆکی وەرگێردراو تەرخانکرد. لێرەدا دەبێ تیشکێکی بخەینە سەر ڕۆڵی گەلاوێـژ لە وەرگێڕانی چیرۆکی بێگانە و بە ئاشناکردنی خوێندەواری ئەو سەردەمە بە ئەدەب و ئەدیبی ڕۆژئـاوایی، جگـە لـە بلاوکردنـەوەی چـیرۆکی چیرۆکنووسـانی کـورد. (لـە لاپـەڕەکانی(١٠٥)

ژمارەكەیـدا (٨٢) چـیرۆكی وەرگێـردراو دەخوێنینـەوە بەرامبـەر بـە ٣٢ چـیرۆكی هونـەریی خۆمان)[١].

زۆربەی هـەرە زۆری ئـەو چـیرۆكە وەرگێردراوانـە لـە بەرهـەمی چیرۆكنووسـەكانی وەك موپاسـان، ئۆسـكار وایلـد بـەلزاك، ئـەناتول فـرانس، شكسـپیر،هانز ئەندرسـن، چـیخۆف، گوركی، تولستوی، ئیلیا ئەهرنبورگ–ن. جگە لـەوە (گەلاوێژ)،نەبەردانـە پـەردەی لـەڕووی ئیمپراڵیزم و نۆكەرانی هەڵماڵیوەو دەردە كۆمەڵایەتییەكانی خستۆتەڕوو.

لـە چیرۆكنووسـانی(گەلاوێژ) بلـەو عەلائـەدین سـجادی و شـاكر فتـاح و سـەلامی شاعیر،پیرەمێردو فازیل محەمەد عیرفان و كۆمەڵێكی ترمان بەرچاو دەكەون،بەڵام ئەوانەی زیاتر چیرۆكەكانیان بڵاوكردبێتەوە (شاكر فتاح وعەلائەدین سەجادی و بلە)ن.[٢]

شـاكر فـەتاح، هـاتووە كۆمـەڵێ چـیرۆكی بڵاوكردۆتـەوە لەوانـە (مدیربـەگ)[٣] و (بـوك و خەسـو)[٤](دەس پـاكی)[٥] و (سـەرێكی هەیـە هـەزار سـەودا)[٦] و كۆمـەڵێ چـیرۆكی دی، بـە شێوەیەكی گشتی لە چیرۆكەكانیدا هەندێ ناهەمواری وكـەموكورتیی كۆمـەڵی كـوردەواریی دەرخستووە، بە تایبەتی لە ڕوانگـەی ئاینییـەوە بۆیـان دەڕوانـێ و لەسـەر هێـزی چاكەو خراپە چارەیان بۆ دەدۆزێتەوە.

هەروەها بۆ یەكەمین جار لەم قۆناغەدا چیرۆك بۆ منداڵان كەوتە ڕووو پەندو ئامۆژگـاری و باسی پەروەردەیی لە چیرۆكەكانیدا خرایە ڕوو، هەروا باسی كێشەی نێوان بـووك و خەسـووی كردووەو ڕەخنەی ئەوەی لە كۆمەڵ گرتووە، كە بە زوویـی ژن دێـنن و هەڵپـەی ژنهێنانیانـەو هەروا كێشـەی نێـوان زانسـت و ئـایین لـە دیـدی پیـاوانی ئایینیـەوە روون دەكاتەوە.لـەڕووی تەكنیكیشەوە زۆر بەهێز نییەو شێوەیەكی سـادەو سـاكاری وەرگرتـووەو زیـاتر بایـەخی بـە ناوەڕۆكی داوە وەك لە رووخسار و تەكنیكی هونەریی.

---

[١]: حوسێن عارف، چیرۆكی هونەری كوردی، بەغدا، ١٩٧٧.

[٢]: محمد دلێرمحمدامین، رۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەكردنی ئەدەبی كوردیدا (نامەی ماستەر)، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین، ١٩٩٢.

[٣]: شاكر فەتاح، مدیر بەگ، گ، گەلاوێژ، ژ(١)، س٤، تشرینی یەكەمی ١٩٤٣.

[٤]: شاكر فەتاح، بووك و خەسوو، گ، گەلاوێژ، ژ (٥)، س٥، تەمووزی ١٩٤٤.

[٥]: شاكر فەتاح، دەس پاكی، گ، گەلاوێژ، ژ (٧ )، س٥، تەمووزی ١٩٤٤.

[٦]: شاكر فەتاح، سەرێكی هەیەو هەزار سەودا، گ؛ گەلاوێژ، ژ (١٢)، س٤، كانوونی یەكەمی، ١٩٤٣.

یەكێ لە چیرۆكنووسە دیارەكانی دی ئەو سەردەمە عەلائەدین سەجادی-یە، كە كۆمـەڵێ چیرۆكی لە گۆڤـاری گەلاوێـژدا بلاوكردۆتەوە،لەوانە:(ڕاوەژیـژك)[1] و (سـیوەنگ و مـام ڕێـوی)[2] و(شاییەكەی ڕەشەی خەجەلاو)[3] و(لە پێناوی ئافرەتا)[4] و كۆمەڵێ چیرۆكی دی. بەشـێوەیەكی گشتی چیرۆكەكانی ئەم چیرۆكنووسەمان زیاتر چەوساندنەوەی جووتیـاری كـورد دەردەخـات بە دەست دەرەبەگەكانەوە.جگە لەوەی هەندێ چیرۆكیشی بۆ منداڵان نووسیوە تێیـدا پەنـدو ئامۆژگارییـان دەكـات و بەسـەرهاتی سـەیرو سـەمەرەیان بـۆ دەگێڕێتـەوە،هـەروەها زۆر بـە ڕێكوپێكی باسی ئەوەشی كردووە كاتێ، كە زەماوەندو تازیەیان دەبن. زیاتر ئـەم لایەنـەی لە چیرۆكی (شاییەكەی ڕەشەی خەجەلاو)دا بەرچاو خسـتووە.هەروەها باسـی دڵدارییـەكی بێگەردو پاكی كردووە ئەوەشی ڕوونكردۆتەوە كە زۆرجـار بـە هـۆی بەشـوودانی كچێكەوە ناكۆكی دەكەوێتە نێوان كەسانی خێزانێكەوەو شەڕو كوشتار دێتە گۆڕێ. وەك لە چـیرۆكی (لە پێناوی ئافرەتا) بۆمان دەردەكەوێ كە كۆمەڵێك كەس دەكوژرێن و ژیانی ئافرەتەكەش بە شێوەیەكی تراژیدی كۆتایی دێت.

هەروەها لێرەدا دەبێت پەنجە بـۆ ڕۆڵـی (بـاوكی شـەرعی چـیرۆكی سیاسـی كـوردی)[5] ڕابكێشـین،ئەویش ئیـبراهیم ئەحمـەد (بلە)یە.نووسـەر بـەو پـەڕی زیرەكییـەوە هـاتووە ڕووداوەكان و پاڵەوانی چیرۆكەكانی لە ژینگەی كوردەوارییەوە وەرگرتووەو بە شـێوەیەكی خۆماڵی دایڕشتوون.

هەواڵنامەی کتێب

---

[1]: عەلائەدین سەجادی، ڕاوە ژیژك، گۆڤاری گەلاوێژ، ژ (٥)، ساڵی ١، مارتی ١٩٤٩.

[2]: عەلائەدین سەجادی، سیوەنگ و مام ڕێوی، گ؛ گەلاوێژ، ژ (٥ )، س ١ مارتی ١٩٤٩.

[3]: عەلائەدین سەجادی، شاییەكەی ڕەشە خەجەلاو، گ؛ گەلاوێژ، ژ (١٢)، س ٧، كانونی یەكەمی ١٩٤٦.

[4]: عەلائەدین سەجادی، لە پێناو ئافرەتا، گ؛ گەلاوێژ، ژ (٩)، س ٧، ١٩٤٦.

[5]: سەباحی غالب، ئافرەت لە چیرۆكی كوردیدا، بەغدا، ١٩٧٩، ل ١٤١.



**ئیبراهیم ئەحمەد( بله )**


ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیش وەك کامێرایەك وێنەی ئەو وەزعە سیاسییە و کارە نابـەجێ و کەمانەی ڕژێمی کێشاوە،هەروەها جیاوازی چینایەتی کۆمەڵی کوردەواری دەرخستووە.. بۆ ڕاستی ئەم قسەیەشمان چیرۆکەکانی (کوێرەوەری)[1] و (خـازێ)[2] و (کـەرەلۆتی)[3] و ڕۆمـانی

[1]: ئیبراهیم ئەحمەد، گ؛ گەلاوێژ، ٤، س ٦، نیسانی ١٩٤٥، بەناوی (هـ.ل.ب).

[2]: ئیبراهیم ئەحمەد، گ؛ گەلاوێژ، ژ (١)، س ٧، ١٩٤٤، بەناوی (هـ.ل.ب ).

[3]: ئیبراهیم ئەحمەد، گ؛ گەلاوێژ، ژ (١ )، س٧، کانوونی دووەمی ١٩٤٦.

(ژانی گەل)[1] بەلگەن، هەرچەندە ڕۆمانی (ژانـی گـەل لـە سـاڵی ١٩٧٣) بلاوکرایـەوە، بـەلام خۆی لە ساڵی ١٩٥٦ دانووسراوە.


هەمیشە بەهار

[ ئەمە چیرۆکێکە هەمو جۆرە گۆبەندێکی کوردەواری پیشان ئەدا. لەجەرگەی ژیانی کۆمەلایەتی ئەو گەلەوە هاتوونە دەرەوە کە پەردەکانی وەکو پەردەی دیوجامەرانە ئا. ].

نوسینی
عەلائەدین سجادی

٢٦٦٠ ک — ١٩٦٠م

نرخی
[ ] فلسە

چاپخانەی مەعارف ـ بەغدا

هەواڵنامەی کتێب

---

[1]: ئیبراهیم ئەحمەد، ژانی گەل، بەغدا، ١٩٧٣.




حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتیی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە
زنجیرە (١٣٨)

# ژانی گەل

نووسینی
برایم ئەحمەد

چاپی دووەم
٢٠٠٢


کوێرەوەری
ئیبراهیم ئەحمەد

هەروەها نابێ ڕۆڵی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە) ش فـەرامۆش بکـەین لـە خزمـەتکردنی چیرۆکی کوردی لەم سەردەمەدا، هەرچەند گۆڤارێك بوو لە لایەن باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدا دەردەچوو بۆ بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەو کاری نابەجێی خۆیان، بەڵام لەسەر ڕووی لاپەڕەکان زۆربەی ژمارەکانی بە گشتی هـەموو ژمارەکـانی بەشـێکی تایبـەت بـۆ زمـان و ئەدەبی کوردی تێدا بەرچاو دەکەوێت،بەتایبەتی چیرۆك کە چەند چیرۆکنووسێك لە ڕێگـای ئـەو گۆڤـارەوە چـیرۆکەکانیان بڵاودەکـردەوە وەك: حوسـێن حـوزنی موکریـانی و دڵسـۆز ئیحسان مستەفا و فایەق زێوەرو مـەلا عەبـدولا سـەعیدو (ح) ناوێـك و هەنـدێکی تـر، بـەڵام ئەوانەی، کە زۆر چیرۆکەکانیان بڵاوکردبێتەوە حوسێن حوزنی موکریانی بە پلەی یەکـەم و دڵسۆز (تاهیر ئەحمەد حەوێزی) بە پلەی دووەم.

## (١) <u>حوسێن حوزنی موکریانی</u>

حوسێن حوزنی موکریـانی کۆمـەڵێ چـیرۆکی نووسـیوە لەوانـە (مـام پیـاو) و (سـەپان جووتیار) و هەندێکی تر.

هەر لە چاوخشانێکی خێرا بە ناونیشانی چیرۆکەکانەوە. بۆمـان دەردەکـەوێت شـتێکی ئەوتۆ نین و زۆر سـادەن و سـاکارن و زیـاتر پەنـدو ئامۆژگـاری و قسـەی نێـو دیوەخانیـان گرتۆتەوە.واتە بە شێوەیەکی سەرەکی فۆلکلۆر بەسەر چیرۆکەکانیدا زاڵەو باسی وەفایی و ڕاستگۆیی میوانپەروەری کورد دەکەن. لەگەڵ پەندو ئامۆژگاری بۆ منداڵانی کورد.

## (٢) دڵسۆز – تـاهیر ئەحمەد حەوێزی

هەر لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازەدا دڵسۆز کۆمەڵێ چیرۆکی بڵاوکردۆتـەوە لەوانـە (کـورد بـە ڕەحمـە) و (چـاکە لەگـەڵ ناکـەس بەچـە خراپەیـە) و هەنـدێکی دی.نووسـەر هـەروەك چیرۆکنووسانی پێش خۆی هەندێ لایەنی کۆمەڵایەتی خستەتە ڕوو، وەك هەژاری و برسـێتی و چـاکەکردن و ڕێـی ڕاسـت گـرتن. وەنـەبێ شـتێکی نـوێی هێنابێتـە نـاوەوەو شـێوەی نووسینەکەشی زۆر ڕووکەشانە خستوچتە بەرچاو، وەك حیکایـەتخوازان چـۆنی دیبێـت یـان بیستبێت وای گێڕاوەتەوە.

## قۆناغی سێیەم: ساڵی ١٩٥٠ – ١٩٦٠

بارێكی ئاڵۆزو پەڵە هەورێكی چڵكنی كۆنەپەرستانەو ئیمپریالیزمی جیهانی بارانی بە خووڕی زۆرداری و ستەمی بەسەر میللەتدا باراندا، هەروەها بڵاوبوونەوەی حوكمی عورفی لەسەرانسەری وڵات و بەرەنگاربوونەوەی حوكمی پاشایەتی لە عێراق، باری ئەدەبیش بە جارێك فەرامۆشكراو ڕووی لە كزی كرد. هەر لە ساڵی ١٩٤٩ەوە لە لایەن حوكمی بۆگەنی پاشایەتی و ئیمپریالیزم، كە دەستی بەسەر ئەو بارەدا گرتبوو، گۆڤاری (گەلاوێژ) داخرا، چونكە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر وشەكانی دەبوون بە چقڵ بۆ چاویان و زیاتر لە دەستمایە و قازانجی ئەوانی دەدا، تەنیا چرای ڕۆژنامەی ژین نەبێ بە عاستەم دەچرووسكایەوە، بەڵام ئەوبارە ئاڵۆزە زۆری نەخایاندو زوو كۆتایی پێهات، ئەمەش بە بەرپابوونی شۆڕشی (١٤ی تەمووزی ١٩٥٨) بوو، حوكمی پاشایەتی ڕووخێنرا و تاڕادەیەكی زۆر توانی چەكەرەی هیوای ئینگلیز بپلیشێنێتەوە، دووبارە خۆری چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێكی كوردی هەڵهات و ڕووناكی خستەوە دڵی جەماوەری كورد، وەكو (هیوا،شەفەق،ڕزگاری، پێشكەوتن و هەتاو).زۆربەی ئەو چیرۆكانەی ئەو گۆڤارانە بڵاویان دەكردنەوە.هەر بەرهەمی چیرۆكنووسەكانی قۆناغی پێشووتر بوون و هەندێكیشیان تازە بوون، بەڵام بەداخەوە ئەو بارە ئاڵۆزەی پێشتر باسم كرد چ لە ڕووی سیاسیەوە، چ لە ڕووی كۆمەڵایەتیەوە زۆر كەم لە چیرۆكەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە بەڵكو هەر لەسەر ڕێڕەوی پێشتر یان لاساییكردنەوەی چیرۆكنووسانی پێش خۆیان كردووە، بەدەرخستنی هەندێ كەموكوڕی لایەنی كۆمەڵایەتی،كە ئێمە لێرەدا زیاتر مەبەستمانە، وەكو بڵاوبوونەوەی هەژاری و دواكەوتوویی،لە ئەنجامی ئەو بارە سیاسییەی پێشوو. چیرۆكەكانی (حسنۆك)و (نانی سیلاوی)و(هەژاری ئادەمیزاد)و(ئەمەیە بەشمان)و (پەنجا فلس) و(ژیانی هەژاری) و (دز نیم)[١] و گەلێ چیرۆكی دیكە، بەڵگەن بۆ ڕاستی ئەم قسەیەمان. هەروەها چیرۆكنووسەكانمان زۆر بایەخیان بە لایەنێكی كۆمەڵایەتی داوە، ئەویش چەوساندنەوەی ئافرەتە لە سایەی ڕژێمی دەرەبەگایەتی،كە چۆن ئەو خەڵكەیان چەوساندۆتەوەو دەستیان بەسەر زەوی زارو ماڵی جووتیاراندا دەگرت، ئاوا دەستیشیان بۆ ناموسیان درێژ دەكردو كچەكانیان لە

---

[١]: بۆ خاوەنی ئەم چیرۆكانە و ساڵی دەرچوونیان بڕوانە، لێكۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆكی كوردی، بەشی بیبلیۆگرافیاكەی ١٩٧٨.

کوڕەکانیان یان لە پیاوەکانیان بەزۆری مارە دەکرد. چیرۆکەکان (سزا)، (گوڵچین)، (ژن هێنان بەزۆرە ملیّ) نموونەی ئەم بابەتەن یان خۆشەویستی پاخود بێگەردی ژنی کوردیان نیشانداوە بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی کە چۆن گیانیان لە پێناو یەکتردا بەتکردووەو زۆربەی جار فوویان لە چرای ژیانیان کردووەو بە شێوەیەکی تراژیدی کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە، وەك لە چیرۆکەکانی (چای شیرین)،(بریا نەهاتیتایەوە)و(شاری خامۆشان)و گەلیّ چیرۆکی تردا بۆمان دەردەکەوێت. یان قارەمانی و پاڵەوانییەتی ئافرەتی کوردیان پیشانداوە کە چۆن بەشداری براکانیان کردووە لە ڕێگای خەباتی دوورو درێژی نەتەوەکەیاندا کە چۆن بەرانبەر بە ئیستعمار بێگانە نەبەردانە جەنگاون و بەشانازییەوە ناوی خوچیان بۆ هەزاران نەوەی داهاتوو لە لاپەڕەی مێژوودا تۆمار کردووە. چیرۆکەکانی (بووکە شوشە) و (ڤیان) ی دەستگیرانی عەودالّ بەگی و چیرۆکی(شەهیدانی قەلاّی دمدم) و (پرشنگ) ی پاڵەوانی (چۆن لەبیرم بچێتەوە)، بەڵگەی ئەم ڕاستیەن. هەروەها باسی شیربایی و کچ بە زۆر بە شوودانیان بە کارێکی ناڕەوا زانیوەو بە ناپەسەندییان داوەتە قەڵەم، بۆیە هاتوون بە هەستی جوان و تەعبیری ڕێکوپێك و وشەی ڕازاوە واقیعیان بە هونەر بەستۆتەوەو قوڵی نووسین ئەو دیمانەیان لیّ هەڵماڵیوە، وەك لە چیرۆکەکانی (دوا پێکەنین) و (ژن هێنان بەزۆرە ملیّ) و هەروەها گەلیّ چیرۆکی دیدا دەردەکەوێت.

یەکیّ لەو دیاردە هەرە گرنگەکانی تری چیرۆکی کوردی لەو سەردەمەدا، بۆ یەکەمجار هاتنە پێشەوە کێشەیەکی وا بۆ ناو قاڵبی چیرۆکی کوردی، ئەویش چیرۆکی کرێکارانە بوو کە دەڵێم چیرۆکی کرێکارانە، مەبەستم پێوەندی بە ژیانی کرێکاری کوردەوە، چ لە پێوەندییەکانی خێزان و چ لە کارکردن و کریّ وەرگرتنیان واتە بە کورتی پاڵەوانی چیرۆکەکانی کرێکاری ڕەش و ڕووت و چەوساوەی کوردن و ڕۆڵی سەرەکی لە چیرۆکەکانیدا دەگێڕن، بەلاّم با ئەوە بڵێین ئەم چینە چەوساوەیان کە بە پرۆلیتاریا ناویان دەبەن، کێن؟ بۆ وەلاّمی ئەم پرسیارە، ڕەوف حەسەن بە زمانی مانیفێستەوە دەڵیّ:

**(کۆمەڵە کرێکارێکی هاوچەرخن و جگە لە فرۆشتنی هێزی کارکردنیان، هیچ هۆیەکی بەرهەمهێنانی تر شك نابەن)**[1] یان بە **(کلۆڵترین و ئازار چەشتووترین چین)**[2] ناویان دەبات.

[1]: ڕەوف حەسەن، کرێکار و چیرۆکی کوردی، ١٩٨٢، ل٣.
[2]: هەمان سەرچاوە، ل٢١.

ئەوەش کە پێوەندی بە کرێکاری کورد هەبێ لە چـیرۆکەکانی (کارمـان ئـەوێت)ی محەمـەد مەولوود (مەم)و چیرۆکی (ئەمەیە بەشمان)ی د.کاوس قەفتان و (دز نیم)ی سەلاح ئەحمەد و هەروەها لە گەلێ چیرۆکی تر بەرچاو دەکەون. هەروەها لـەم ماوەیـەدا کۆمـەڵێ چـیرۆکی سیاسی ڕووتیش نووسراون. هەندێکیان بلاّوکراونەتەوەو هەندێکیشـیان بلاّونەکرانـەوە، جـا لەبەر هەر هۆیەك بێت گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە لەو ماوەیەدا نووسـراوە بـۆ نموونـە (ژانـی گەل) ی ئیبراهیم ئەحمەد (بلە)، کە هەرچـەندە سـاڵی ١٩٧٣ بلاّوکراوەتـەوە، بـەلاّم خـۆی لەساڵی ١٩٥٦ دا نووسراوەتەوە.

لەوانـەش، کـە بلاّوکرانـەوە(زرەی زنجـیر)ی مسـتەفا سـالح کـریم و(ڕێگـای خـەبات)ی ئەمینی میرزا کەریم (نامەیەك لە بەندیخانەوە)ی محەمەد مەولوود مەم و کۆمـەڵێ چـیرۆکی دی.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم کورتە ڕوونکردنەوەیـەی سـەرەوەدا ئـەوەمان بـۆ ڕوون دەبێتـەوە، دەگەینە ئەو ئامانجەی کە (**لەهەر کۆمەڵگایـەکی فرەچـیندا، جـا پێوەنـدی کۆمەلاّیـەتی، کۆیلایەتی بێت یان دەرەبەگایەتی یان سەرمایەداری، موڵکایەتی تایبەتی بەرکەماڵە. تـا موڵکایەتی تایبەتیش بـەردەوام بێـت، چەوسـاندنەوەی ئـافرەت هـەر بەردەوامـە، تـەنیا شێوەکەی دەگۆڕێت**)[1] هەر هەمان پێناسە بۆ کرێکاریش دەگونجێ بـوترێ، تـا موڵکایـەتی تایبەتی و ڕژێمی سەرمایەداری بەردەوام بێت، کرێکاریش هەر لە چەوساندنەوەیە و لەگـەڵ هەژاری و برسێتی دەستەو یەخە دەوەستن و دەست دەنێنە بینی یەکتر.

[1]: حەمە سەعید حەسەن، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیداو کۆمەڵێ پرس، گ؛ نووسەری کورد، ژ: (٦) ساڵی١٩٨١.


صطفی صالح کریم
احمد محمد کریم
یەکێتی ئەدیبانی عێراق
شەهیدانی قەڵای دمدم
کۆمەڵە چیرۆکێکی کوردی یە
رمەتی نەقابەی مامۆستایان لە چاپ دراوە

## قۆناغی چوارەم: ۱۹٦۰ – ۱۹۷۰

هەروەکو لە قۆناغەکانی تر، سەرەتا باسی بارودۆخە سیاسییەکەمان کرد، ئێستا بۆ ئـەم قۆناغەش دەبێ سەرەتا کورتەیەکی خێرای ئەو بـارە سیاسـییە بخەینـەڕوو، چـونکە کـاتێ باسی هەر بابەتێکی ئەدەبی دەکرێ پێویستە شارەزایی ئەو کـات و سـەردەمیش بـین، کـە بەرهەمەکەی تێدا نووسراوە، نەك بێین و بـە پێـی ئـەمڕۆ مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەین و دەبـێ شـارەزای بـاری سیاسـی ئـەو سـەردەمە بـین، چـونکە هـەر ئـەو بـارە سیاسـی و پاشـکۆ ئابوورییەیە لە بەرهەمە ئەدەبییەکەدا ڕەنگی داوەتەوە، جا ئەمەش بە پێـی ئـەو بەرهەمـە دەگۆڕێ یان ئەوەتا گیانی نەمری بۆ خۆی دابین دەکات و شیاوی هەموو سەردەمێکە یان ئەوەتا هەر بۆ سەردەمەکەی خۆی سوودی لێوەردەگیرێت.سەرەتای ساڵانی شەست وردە وردە ئاگری شۆڕش و جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی کورد لە جۆشـدا بـوو، تـا بەشـێوەیەکی یەکجارەکی کڵپەی سەندو ڕوو بە ڕووی حوکمی عەبدولکریم قاسم بووە، واتە بارێکی ئاڵۆز دروستبوو، ڕێگای لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا گـرت و زۆربـەیان داخران.تـەنیا چـەند گۆڤارێـك مانــەوە وەك (ڕزگــاری و بڵێســەو ڕۆنــاهی و.. هتد).ئەوانــەش گــەر شــتێکیان بڵاوکردبێتەوە شتێکی وا نەبووە شایانی باس بێت. لەبەرئەوە هەنـدێ کـەس ئـەو ماوەیـە (۱۹٦۲ – ۱۹٦۹) بە ماوەیەکی کپ و بێدەنگی چیرۆکی کوردی ناودەبەن، بـەڵام مـن نـالێم ماوەیـەکی کـپ و بێدەنگ،چـونکە ئەمـە ئـەوە دەگەیـەنێ لـەو سـاڵانەدا (۱۹٦۲ – ۱۹٦۹) چیرۆکمان نەبووبێ، بەڵام کـە بیبلۆگرافیـای چـیرۆکی کـوردی هەڵدەدەینـەوە،دەبینین کـە ژمارەیــــەکی زۆر چــــیرۆکی کــــوردی بڵاوکراونەتــــەوە، بــــە تایبــــەتی لەســــاڵی (۱۹٦۷)بـەدواوە.دەتوانین مـاوەی نێـوان (۱۹٦۲– ۱۹٦۷) بـە مـاوەی کـپ و بێـدەنگی نـا ببەین،چونکە سەرجەم دوازدە[1] چیرۆك بڵاوکراوەتەوە،بەڵام وەکو گوتمان ماوەکەی تر کـپ نییە، بەڵکو شتێکی تر هەیە، دەتوانین بڵـێین: نووسـەرەکانی ئـەو سـەردەمە دیـاریکراوە، شـتێکی نوێیـان نەهێنایـە کایـەوە،چ لـە ڕووی تـەکنیك چ لـە ڕووی نـاوەڕۆك و چ لـە ڕووی ڕوخسارەوە، بەڵکو هەر لەسـەر ڕێبازەکـەی جـاران ڕۆیشـتن و هـەر لایەنـەکانی پێشـوویان دووبارە کردۆتەوە،هەروەکو جاران باسی کێشەی ژنیان کردووە، بەڵام شێرکۆ بێکەس، لـە چیرۆکی (لە دەریای بیردا) لەوە دەدوێ، کە چۆن کچ هـەموو خۆشەویسـتییەك لـە پێنـاوی

[1]: عومەر مەعروف بەرزنجی، لێکۆڵینەوە و بیبلیۆگرافیای چیرۆکی کوردی، بەغدا، ۱۹۸۷، ل ۱۹۰ – ۱۹۱.

خشڵ و ساماندا پێشێڵ دەکا،لە کاتێکدا ئەو کەسەی خۆشی دەوێت هەموو خۆشەویستی و دڵسۆزییەك بە بەرانبەری دەبەخشێ.

کاکەمـەم بۆتـانی لـە چـیرۆکی (بەسـەرهاتی کنێـر)دا بەپێچـەوانەی چـیرۆکەکەی شێرکۆبێکەسەوە لـە دەرگـای باسێکی تـری داوە،ئـەویش ئەوەیە،کـە کچـی وایش هەیـە، نایـەوێ شـوو بـە سـامان و پـارە بکات.کۆمـەڵێ چیرۆکنووسـی تـریش بـیرە سیاسـی و شۆڕشگێڕییەکەیان خستۆتە قـاڵبێکی ڕازاوەو ناسـکی چـیرۆکەکانیانەوە،پاڵەوانەکانیان بـە شێوەیەکی گشتی کەسانێکن لە واقیعی خۆیان یاخین، کاتێ دەڵێم یاخیبوون، مەبەستم لـە وشەی یاخیبوو (ئەو کەسەیە ئامانجێك بۆ ژیان بەدی دەکا، بـڕوای بـەوەهێناوە، کـە ژیـان هەرگیز ناوەستێ و هەر بەرەو گۆڕانێکی باشتر دەڕواو هەوڵدەدا، کە لەو گۆڕنەدا بەشـداری بکات).[1] هەر لەسـەرەتای ئـەو ماوەیـەدا، واتـە(١٩٦٠ — ١٩٦١) چـیرۆکی کـوردی لـە بـرەو پێدانێکی تیژڕەودا بوو، کۆمەڵێ بەرهەمی بە پێز بلاْوکرانەوە چ لە ڕووی سیاسییەوە، وەك (دوا پێشمەرگە)[2]ی کامەران موکری و (پێشمەرگە)ی د. ڕەحیمی قازی و (بەلاْم کـوردم) ی د.کـاوس قـەفتان. هـەروەها لـە ڕووی کۆمەلاْیەتیشـەوە، کۆمـەڵێ بەرهـەمی زۆربـاش بلاْوکرانـەوە، وەك (برسـیمە)ی محەمـەد ڕەشـید فتـاح و (شـەرم و هـەژاری) ی مـەحمود ئەحمەد و (کەشـکۆڵی جـادوویی) ی حەسـەنی قزڵجـی و هـەروەها گـەلێ بەرهـەمی دی. لـە کۆتایی ئەم قۆناغەوە کۆمەڵێ چیرۆکنووسی نوێ هاتنـە نـاو جیهـانی چـیرۆکی کوردییـەوە وەك جیهان عومەر، عەبدوللاْ عـەزیز ئـاگرین، ئـەمینی مـیرزا کـەریم، عەبدولمجیـد مـاوەتی، ئەحەمەد محەمەد  ئیسماعیل و ڕەوف حەسەن و گەلێکی دی.

## سەرچاوەکان


١. عومـەر مـەعروف بـەرزنجی، لێکۆڵینـەوەو بیبلۆگرافیـای چـیرۆکی کـوردی، بەغدا،١٩٧٨.

٢. سەباحی غالب، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا، بەغدا، ١٩٧٩.

٣. ڕەوف حەسەن، کرێکار لە چیرۆکی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٢.


[1]: محەمەد مەولوود مەم، گ، کاروان، ژمارە(١)، تشرینی یەکەمی ١٩٨٢، ل١٨.

[2]: ئەم چیرۆکە بەناوی (لاڤارتۆ) لە گ، ڕۆژی نوێ، ژ (٥)، ئابێ ١٩٦١، ل ٥٤دا بلاْوکراوەتەوە.

٤. ساجید ئاوارە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نوێی کورد، سلێمانی، ١٩٦٧.

٥. حسێن عارف، چیرۆکی هونەریی کوردی (١٩٢٥ – ١٩٦٠)، بەغدا، ١٩٧٧.

٦. محەمـەد مولـوود مـەم، محەمـەد مولـود مـەم و تاقیکردنـەوەی لـە چیرۆکنووسـیندا، گ،کاروان، ژ(١)، ١٩٨٢.

٧. رەوف حەسەن، خۆماڵێتی لە چیرۆکی کوردیدا، گ، کاروان، ژ(٣)، ١٩٨٢.

٨. حەمـە سـەعید حەسـەن،پاڵەوان و ڕووداو لـە چـیرۆکی کوردیـدا، گ کـاروان،ژ(٤)، ١٩٨٣.

٩. سـەباحی غالـب، کورتـە لێکۆڵینەوەیـەکی کتێبـی چـیرۆکی هونـەری کـوردی، گ" ڕۆشنبیری نوێ، ژ(٦٧)، ١٩٧٨

١٠. عەبدوڵا عەباس، حوسێن عارف و نوێخوازی لە چـیرۆکی کوردیدا، گ" ڕۆژی کوردستان، ژمارەی تایبەتی.

١١. کەمال مەمەند، مەسەلەی ئافرەت و تـەکنیکی چـیرۆك، گ" نووسـەری کـورد، ژ(٤)، ١٩٨٠.

١٢. جەمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری کوردی، بەغدا، ١٩٧٣.

١٣. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لـە سـاڵەکانی شـەڕی یەکـەمی جیهانیـدا، بەغدا، ١٩٧٥.

١٤. جەمیل سائیب، لە خەوما، بەغدا، ١٩٧٥.

١٥. ئەحمەد موجتار جاف، مەسـەلەی ویـژدان، پێشـکی و لێکۆڵینـەوەی د. ئیحسـان فوئاد، بەغدا، ١٩٧٥.

١٦. فازل ئەحمەد، سەرەتای پەیدابوونی چیرۆکی کوردی،گ بەیان، ژ(٢٩)، ١٩٧٥.

١٧. حەمە سەعید حەسەن، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیداو کۆمەڵێ پـرس، گ" نووسـەری کورد، ژ(٦)، ١٩٨١.

١٨. محی الدین زنکنه، مقدمة الولقعیة الانتقادیة فـی القصـة الكردیـة، مجلـة الاقـلام، ع (٢)، ١٩٧٥

# چەمك و رەگەزەكانی چیرۆكی منداڵان
# لە ئەدەبی كوردیدا ( ١٩٩١-٢٠٠٥ )

کتێبخانەی هەواڵنامەی کتێب

## چەمکی چیرۆکی منداڵان[1]

ئاشـکرایە چـیرۆك شـوێنێکی بـەرزی لـە نێـو هونـەرەکانی ئەدەبدا هەیـە، ئـەدەبی هـەر نەتەوەیەك بخوێنیتەوە و لە هەر قۆناغ و مێژوویێکدا، بۆت دەردەکەوێ کـەوا چـیرۆك تـا چ رادەیەك بایەخ و گرنگی خۆی نواندووە و بۆتـە جێگـەی بایەخـدانی هـەموو نەتەوەیـەك لـە گشـت قۆناغـەکانی ژیانـدا، کەواتـە چـیرۆك ئامـادەگی خـۆی هـەبووە لـە کـۆن بـە گشـتی، ئـەمڕۆش لـە ئـەدەبی نوێـدا، شـوێنێکی گـەورەو بـەرزی داگـیر کـردووە. سـەبارەت بـە منداڵانیش، زۆربەی شارەزایانی ئەم بوارە بۆ ئەوا دەچن، چیرۆك لە هەموو جۆرەکانی تری ئەدەب خۆشەویسـتتر وبـەربڵاوترە، لەگـەڵ ئـەم هـەموو گرنگـی و بایەخـەش کـە هەیـەت، ساکاترین جۆری ئەدەبە لای منداڵ، لە هەمووشیان زیاتر چێژ بە منداڵ دەگەیێنێت.

دەتوانین چەمکی چیرۆکی منداڵان لەم چەند پەیڤانەی خوارەوەدا ئاشکرا بکەین:

چیرۆکی منداڵان: "نووسینێکە بۆ منـداڵ بـە شـێوەی پەخشـان، بـە مەبەسـتی گەیانـدنی خـۆش گـوزەرانی و رۆشـنبیر کردنـی. واتـە گێڕانـەوەی چـەند رووداوێکـە کـە بەسـەر چـەند کەسێکی دیاریکراودا دێن و تێدەپەڕن، لە کـات و شـوێنێکی دیـاریکراودا. کەسـایەتییەکانیش ڕەنگە ئادەمیزاد یان ئەفسانەیی بن، یاخود سەر بە جیهانی گیانداران یانیش بێ گیانیان بـن، ئەمانەش گشتی بە مەبەستی دروست کردنی کەسایەتیێکی رێك و پێك و جوانە بۆ منداڵ"[2].

هەرچەندە ئامانج و مەبەستی چیرۆکی منـداڵان لـەلای نووسـەراندا جیـاوازی هەیـە، بـەڵام گشتیان لەوەدا کۆکن کە چیرۆکی سەرکەوتووی منداڵان بـە شـێوەیەکی گشـتی دوو ئامـانجی هەیە:

یەکـەمیان، شـارەزایی پێدانـە لـە گشـت بوارەکـانی ژیـان و زۆرکردنـی زانیارییـە.

دووەمیشیان، کات بەسەر بردن و خۆش گوزەرانییە.

لە کۆنیشدا "هەقایەت لەلایێکەوە، شێوازێکی کات رابواردن بوو لەلایەکی تر تۆمارێکی سەرگوزشتەکانی مرۆڤ و خـەباتی نەپسـاوەی بـوو لـە ژیانـدا، ئـەم دوو سـیفەتەش لەگـەڵ شـێوازەکانی هونـەری چـیرۆك بـوون بـە هـەموو شـێوازەکانی بـە درێـژایی چـاخەکان لـە

---

[1]: بە هاوبەشی لەگەڵ رازاو رەشید صبری، لە نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٩١-٢٠٠٥، ٢٠٠٧

[2]: محمد عبدالرزاق ابراهيم ويح و اخرون، ثقافة الطفل، ص٣٣٢.

سەردەمی نوێشدا، ناکرێ بڵێین چیرۆك وازی لەم دوو سیفەتە هێناوە، تا ئێستاش خەڵك چاوەڕێ دەکەن چیرۆك لە پاڵ چێژ وەرگرت، شارەزاییان پێ بەخشێت. زۆر دەگەمنیش چیرۆکێك جێگای ڕێز و پلە دانانە گەر ئەم دوو ئەرکە بە جێ نەهێنێت."[1].

سەبارەت بە ئامانجی یەکەم، زۆر کردنی زانیاری و شارەزایی لە سەرێکدا هەردوو لایەنی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، چونکە خوێندنەوەی منداڵ بۆ ئەم جۆرە ئەدەبە شێوازێکی گرنگی وەرگرتنی زانیاری و پەرەسەندنی تواناکانی منداڵە، چیرۆك وا لە منداڵ دەکات، هەگبەی وشەکانی زمان لەلایدا زیاد بکات و یارمەتی دەدات بۆ گەشەکردنی دەربڕین لە کاتی قسە کردن لەگەڵ دەوروبەری. هەروەها یارمەتی دەدات کە بیرۆکەیەکی دروست لەسەر ماناکانی خێر و شەڕ و چاکە و خراپە پەیدا بکات، ئەمەش زیاتر لە میانەی گوێگرتنی بۆ چیرۆکە پەروەدەییەکان. لەلایەکی تریشەوە چیرۆکی سەرکەوتووی منداڵان کارگەرییەکی گەورەی لەسەر گەشەکردنی لایەنی پەروەردەیی و رۆشنبیری منداڵاندا هەیە. چونکە چیرۆکی منداڵان لەگەڵ ئەوەی زادەی خەیاڵێکی بەرز و بیر و لێووردبوونەوەیەکی فراوانە، چەندین زانیاری جۆراوجۆریشی لە بارەی مێژوو، ئایین، زانستی، جوگرافی، هونەری، ئەدەبی، دەروونی، ..هتد، بە خۆوە هەڵگرتووە، بۆیە دەتوانێت بە هۆی ئەو فەنتازیا و خەیاڵەی کە هەیەتی دەروونی منداڵ تێر بکات. چونکە سروشتی منداڵ وا خولقاوە، زۆر ئارەزووی خەیاڵ کردنە و پێویستی بە ئەندێشە یە. لە ناو ئەمانەشدا کە باسکران چیرۆك ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی منداڵ و دروست کردنی کەسایەتییێکی دروست و جوان کە قابیلی شانازی پێکردنی کۆمەڵ بێت و، توانای خۆ گونجاندنی هەبێت لەگەڵ دەوروبەردا،چونکە چیرۆك وێنەیەکی ڕاستگۆیانەی ژیانی ناوەوە و دەرەوەیە، کە ئامانجی چارەسەرکردنی ئەو گیر و گرفتانەیە،کە ڕوو بە ڕووی تاك و کۆمەل دەبنەوە، پێداویستی و ئارەزووەکانیان جێ بە جێ دەکات، توانای عەقڵی و هزرییان گەشەپێدەکات و لە کۆتاییشدا کەسایەتییێکی وامان بۆ بونیات دەنێت، کە توانای هەست بە لێپرسینەوەیان هەبێت بەرامبەر کۆمەڵ و وڵات و هەست بە ئەرکی مرۆڤایەتی بکەن و لە داب و نەریتە باوەکانی کۆمەل لانەدەن. لەسەرووی هەمووشیانەوە بڕوای پشت بە خۆ بەستنیان لەلادا گەشە دەکات. دەتوانین بڵێین ئەمانەش گشتیان لە میانەی ئەو

[1] د.عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب، ص١٩٩.

گفتوگـۆ پرسـیار و وەڵامدانەوەیەکـە لـە نێـوان منـداڵان و هەقایـەتخوانان لـە کۆتـایی چیرۆکەکەدا دروست دەبێت.[1].

مەبەست لە ئامانجی دووەمیش، کاری چـیرۆك بـۆ منـاڵ بێـت یـان گـەورە، پێویسـتە لـە تەکنیکدا پشت بە رەگەزی خۆشی و لا خۆش کردن ببەستێت، بە مانایـەکی تـر لـە ڕێگـەی ئەو رەگەزەوە خوێنەر یان گوێگری منداڵ دەتوانێ چـێژی تـەواو لـە چـیرۆك ببینێـت، ئـەو رەگەزانەش کە ئەم خۆشگوزەرانییە لە لای منداڵاندا دروست دەکەن لە چەند شـتێکی وەك (چۆنیەتی بەکار هێنانی کەسایەتیەکان، گرێچن، بابەت یـان بیرۆکەکـە و چـەندانێکی تـردا) خۆی دەبینێتەوە، بۆ نموونـە پـەنا بردنـی چیرۆکنووسـی منـداڵان بـۆ چـەند کەسـایەتێکی جۆراوجۆر و گونجاو لەگەڵ قۆناغی تەمەنی منداڵ، لە مرۆڤ، ئاژەڵ، رووەك، یان هەموو ئەو کەسایەتیانەی، کە لە جیهانی منداڵانـدا خۆشەویسـتن، تەنانـەت هەنـدێ جار کەسـایەتییە ئەفسانەییەکانیش، چـونکە زۆر جـار منـداڵان ئـارەزووی چـیرۆکە ترسـێنەرەکان دەکـەن و چێژیان لێ دەبینن، ئەمەش ڕەنگە بۆ بەرجەستە کردنی ئەو تـرس و دوو دڵیـە بێـت کـە لـە ناخیاندایە، وەك هەوڵێکە بۆ زاڵ بوون بەسەریاندا، جگە لەوەش چـیرۆکی منـداڵان زۆربـەی پێداویسـتییەکانی منـداڵان لـە ڕووی سـایکۆلۆژی و کۆمەڵناسـییەوە دابـین دەکـات، وەك خەونێك وایە بۆ منداڵ وچەند بابەت و بیرۆکەیەکیان بۆ دەوروژێنێت کە لە سروشتی واقیعی ئەواندایـە، ئـەو هاوسـەنگییە دەگەڕێنێتـەوە کـە منـداڵان لـە ژیـانی رۆژانـەیان لـە دەسـتی دەدەن، بۆیـە چـیرۆك دەرگایـەك لەبـەردەم مناڵانـدا دەکاتـەوە، کـە روداو و وێنـە و شـتی سـەیری ئـەوتۆیان لێـوە دیـار بـێ کـە لـە مەڵبەندەکـەی خۆیـدا نییـە، کەواتـە چـیرۆك سەرچـاوەیەکی تێـر کردنـی ئـارەزووی ئاگـاداری و فێـر بـوون و شـت زانینـی منداڵـە بـۆ دۆزینـەوەی ئـەو شـتانەی کـە حـەزی پێـدەکات، یـا خـەیاڵی دەبـزوێنێ، یـا لـە مەڵبەنـدە تەسکەکەی خۆیدا بێگانەیە. هەروەها ئارەزووی مناڵ لە خەیاڵ و پێشبینی کردندا خاڵێکی ترە کەوای لە منداڵ کردووە چێژو و خۆشی لە چیرۆك وەربگرێت، چونکە مناڵ لە چـیرۆکدا

---

[1]: شجاع العانی، قصص الاطفال، مجلة الاقلام، ع (٣)، بغداد، ١٩٧٩، ص٥-٦. هتروةها: مصطفى بدران و اخرون، الوسائل التعليمية، ١٩٥٩، ص ٤٥.

بوارێکی فراوانی بۆ هەڵدەکەوێت، تا خەیاڵە خۆشەکانی خۆی تێدا پەل بهاوێژێ و دنیای بەر چاو بە خەیاڵ بڕازێنێتەوە[1].

دەتوانین ئەم مەبەستانەی چەمکی چیرۆکی منداڵان لەم پێناسەیەی خوارەوەدا بەرجەستە بکەین:

**چیرۆکی منداڵان:** هونەرێکی جوانە، دەکرێت ئەدەبی منداڵانی سەرکەوتوو، لە رێگەیەوە ئامانجە فرەخاسەکانی بهێنێتە دی، بە چەند رێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، منداڵان لە چێژوەرگرتن بێبەش نەکات. هەروەها نابێت چیرۆك لە کۆمەڵێك زانیاری و ئامۆژگاری رێنماییکەر خۆی بەرجەستە بکات، لە هەمانکاتیشدا لە میانەی رووداو و هەڵوێست و کارەکتەرەکان بیرو بۆ چوونە نەتەوایەتیەکان پێشکەش بکات، دەبێ بۆچوونە مەبەستدارەکان لە چیرۆکدا بەشدار بن لە بنیاتنانی کەسایەتی نەوەی نوێ[2].

## رەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان

بێگومان چیرۆك خاوەن ڕوخسارێکی هونەری و ناوەڕۆکێکی تایبەتی خۆیەتی، بینای هونەری چیرۆك بە بێ ئەم دوو لایەنە، یاخود باشتروایە بڵێین بە بێ یەکێك لەم دووانە لەنگی بەخۆیەوە دەبینێ. کەواتە "بەرهەمی ئەدەبی لە دوو بەشی بنچینەیی پێکهاتووە، یەکەم ناوەڕۆك، کە ئەو بابەتەیە کە دەقە ئەدەبییەکە باس دەکات یان دەخاتە روو، دووەم شێوەی هونەری کە وەك چوار چێوەیەك ناوەڕۆك دەگرێتە باوەش و نرخی هونەری بەو چەشنە یان بەو توخمە دەدات"[3].

ئەوەی پێویستە بوترێت ئەوەیە، هەر نووسەرێك یا خود چیرۆکنووسێك لە کاتی نووسینی بەرهەمەکەیدا دەبێ رەچاوی ئەم دوو لایەنە بکات و یەکێکیان نەکاتە قوربانی ئەوەی تریان. ئەمەش لە پێناو ئەوەی بتوانێ بەرهەمێك لە قاڵبێکی ئەدەب و هونەری جوان و چێژدار پێشکەش بە خوێنەران بکات. سەبارەت بە رەخنە گران و لێکۆڵەرانی

---

[1]: د.فاچل مجید محمود، قایلکاری لە چیرۆکی منداڵان، گ" زانکۆی سلێمانی، ژ (١٤)، حوزیرانی ٢٠٠٤، ل١١٢-١١٣. هەروا: محمد رشید فتاح، ئەدەبی منداڵان و نموونە... ل٢٥.

[2]: محمد محمود رضوان و اخرون، ادب الاطفال – مبادؤە و مقوماتە الاساسیة، ص ٢٧.

[3]: اسماعیل رەسول، چەند بابەتێك دەربارەی ئەدەب، ١٩٨١، ل٣٣.

پەرێز صابر محمد، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل٧٤.

ئەدەبیش بە هەمان شێوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەرهەمێکی ئەدەبی بە شـێوازێکی دروسـت و زانستیانە هەڵبسەنگێنن و باسی لێوە بکـەن، دەبـێ نـاوەڕۆك و شـێوەی هونـەری پێکـەوە بکەن بە پێوەر بۆ هەلسەنگاندنەکانیان. ئەگەرچی هەندێ جار دەبینین لێکۆڵـەرانی بـواری چیرۆك، پێ تەنها لەسەر لایەنێك دادەگرن بۆ هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکانیان و، لایەنەکەی تر فـەرامۆش دەکـەن، بـۆ نموونـە زیـاتر بایـەخ بـە نـاوەڕۆك دەدەن و ئـەو بابەتانـەش کـە رووخساری هونەری چیرۆکەکان دەنوێنن بەلاوەی دەنێن. راستە نـاوەڕۆك گرنگـی تایبـەتی هەیە لە چـیرۆکدا، وەك ئاوێنەیـە کـە گوزارشـت لـە راسـتییەکانی تـاك و کۆمـەڵ دەکـات، رەنگدانەوەی رووداوەکانی واقیع سـەرووی واقیعـە، تەنانـەت زۆر جـار شـتەکانی نـاوەوەی مرۆڤیش باس دەکات و رەنگە خوێنەر خەون و خەیاڵاتی خۆی تێداببینێتەوە "بەڵام لەپاڵ ئـەم هـەموو بایـەخ و گرنگییـەی نـاوەڕۆك دەینوێنێـت، نـاتوانێ ببێتـە تاکـە پێـوەری هەڵسەنگاندنی کارە ئەدەبییەکان، بـەڵکو چـۆنیەتی بـە کـار هێنـان و لێکدانی ئـەو بنـەما هونەرییانەی کە ئەنجامی کارلەیـەك کـردن بـە هـۆی ئـەو پەیوەندییانـەی یاسا خۆییـەکان بەڕێوەیان دەبەن و یەکیان دەخەن و دانەیـەکی یـەکگرتوویان لێپێك دێـنن ئینجا لـە پـاڵ ناوەڕۆکێکی گونجاو، ئەمانە پێویستە بکرێنە پێوەری هەڵسەنگاندن" [١].

ئەمەش ئەوا دەسەلمێنێت لە چیرۆکدا یان هەر دەقێکی ئـەدەبی کـە شـایەنی ئـەوە بێـت ناوی ئەدەبی لێبنێین،ناوەڕۆك هەر چەند بە هایەکی زۆری هـەبێت، ئەگـەر نەخرێتـە قـالبێکی ئـەدەبی و هونـەری جـوان، ناتوانێـت بەتـەنیا نرخـی ئێسـتاتیکا بـە بەرهەمـە ئەدەبییەکـە ببەخشـێت، چـونکی نووسـەر بێـژەرێکی نێـو کەناڵـەکانی رادیـۆ و تەلـەفزیۆن نییـە هـەواڵ بگەیێنێت، بەڵکو کەسێکە ئـەوەی کـە دەیـەوێت بیلێـت بـە شـێوازێکی جـوانی ئێسـتاتیکانە دەخاتە نێو رووخسارێکی هونەری و رواڵەتێکی جـوانی پـێ دەبەخشـێت، بـۆ ئـەوەی بتـوانێ چـێژ بـە بەرامبەرەکـەی بگەیـەنێت، لـەو کاتەشـدا بەرهەمەکـەی نـاوی لێ دەنرێـت ئـەدەب و خۆیشی ئەدیب.

چیرۆکی منداڵانیش هەروەك چیرۆکی گەوران، لەو شـتانەی کـە باسـکران خـاڵی نـین و، خـاوەن رووخسـارێکی هونـەری و نـاوەڕۆکێکی تایبـەتی خۆیـانن، کـە بـە فەرامۆشـکردنی

[١]: پەرێز صابر محمد، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لە سەرەتاوە تاکو کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، ل ٧٤.

لایەنێکیان ئەوی تـر ناتـەواو دەبێـت و لـە جـوغزی ئـەدەب دێتـە دەرەوە. بۆیـە ئێمـە کـە لێکۆڵینـەوە لەسـەر چـیرۆکی منـداڵان ئـەنجام بـدەین دەبـێ بـە پێـی ناوەڕۆکەکـە و، ئـەو رەگەزانەی کە لە نێو چیرۆکەکەدا بە دی دەکرێن وەکو چەند بنەمایەکی هونەری، بـاس لـە چیرۆکی منداڵان بکەین و هەڵیانبسەنگێنین.

"شتێکی هەڵەشە کەسێك بـیر بکاتـەوە کـە ئـەدەبی منـداڵان ماددەیەکـە دابـڕاوە لـە ئەدەبی گەوران، یاخود ئەدەبێکە بە شێوەیەکی گۆشەگیر گەشەی کردووە و جیا بۆتـەوە لە ئـەدەبی گـەوران. هـەر چـەند ئەگـەر نووسـەر کـە پەیوەسـتیش بێـت بـە گـیر و گرفتـە کۆمەلایەتییەکان، یاخود سەر چڵییەکان، یان زانیارییەکان، یاخود خۆشەویستی نیشتیمان ئایین... تاد، هەمان ئەو بنەماو پێوەرانەی، کـە ئـەدەبی گـەورانی پـێ هەڵدەسـەنگێنرێت، دەتـوانین بیانسـەپێنینە سـەر ئـەدەبی منـداڵانیش و بەرهەمـە ئەدەبییـەکانی پـێ هەڵبسەنگێنین"[1].

لە گرنگترین ئەو رەگەزانەش، کە وەك چەند بنەمایەکی شـێوە و ڕوخسـارێکی هونـەری بە چیرۆکی منداڵان دەبەخشن، بریتین لەمانەی خوارەوە:

## ١- بابەت یان بیرۆکە Theme

کە یەکێك گوێبیستی چیرۆکێك دەبێـت، ئەگـەر لـە بـارەی چـیرۆکەکەوە لێـی بپرسـین، پێش هەموو شتێك رەنگە بڵێین، چیرۆکەکە لەسەر چی بوو؟ بۆیـە هـەموو چـیرۆکێك بـە دەوری بابەتێك دا دەخولێتەوە، دانەرەکەی تیایدا مەبەستی دەرخستنی ئامانجێکە.

بابەت "بریتیە لەو بیرۆکەیە کە چیرۆکنووسەکە دەیەوێ لە کارێکی هونەری جواندا بـۆ منداڵانی بخاتەڕوو، بابەتەکـە دەکاتـە هـەوێن و لەگـەڵ رەگـەز و پایـەکانی تـری چـیرۆکدا، بەسەر هەموویانەوە (زمان) دەقێکی هونەری رەنگینیان لێ دروست دەکات"[2].

ئەو بیرۆکەیەش کە چیرۆکنووسی منداڵان دەیخاتەڕوو، کە بابەتی سەرەکی چـیرۆکەکەیە، دەبێت لەگەڵ چێژ و حەوسەڵەی منداڵاندا بگونجێـت و، سـەرنجی منـداڵان بـۆ لای چـیرۆکەکە رابکێشێت و سـوود بـەخش بێـت، لەسـەر بنەمایـەکی راسـتی، دادپـەروەری، دەسـت پـاکی، خاوێنی، رەوشت بەرزی، رەفتاری چاك، بەها مرۆڤایەتییەکان دامەزرابێت، کە باوەڕی منـداڵ

[1]: علي الحديدى، في ادب الاطفال، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٨٢، ص ٦٥.

[2]: حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کوردی، ل٧٧.

بـەم بەهایانـە سـەقام گـیر دەبـن، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە لەسـەر بنەمایـەکی ئـەدەبی دامەزرابێت. بەڵام نابێت بیرۆکەکە شێوازی ئامۆژگاری و ڕێنمـایی بگرێتـە بـەر، نـەوەك بنـەما هونەرییەکەی و ئامانجەکەی لە دەست بدات. بۆیـە بابـەتی بـاش و نایـاب ئـەو بابەتەیـە کـە زینـدوویی و راسـتگۆیی پێشـکەش بکـات و لـە واقیعـەوە نزیـك بێـت، وەك ئـەوەی راسـتییە زانستیی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان بدۆزێتەوە، واتە ڕووداوەکانی چەند راستییەك بنوێنن، کە شایەنی نەمرین وپەیام ببەخشنە هەستی ناوەوەی مرۆڤ ئەم جۆرە بابەتانـەش یارمـەتی منداڵان دەدەن بەشداری لە سۆز و هەستی مەسـەلە گـەورەکانی مرۆڤـدا بکـەن، بەڕێزیشـەوە تەماشای بەهای ژیانی مرۆڤ بکەن و، نرخ و بەهای ژیانی ئاژەڵ و رووەکـەکانیش بـزانن و فێـر ببن[1].

ئەو ڕاستگۆییەش کە دەبێ لە بابەت و بیرۆکەکاندا هـەبێت، تـەنها لـە واقیـع وەدەسـت نایێت، بەڵکو "راستگۆیی لە جیهـانی منـداڵان و جیهـانی ئەندێشـە و خـەیاڵ بـوونی هەیـە، تەنانەت لە جیهانی قۆشمەبازی (الفكاهە) و خوڕافیات و هەقایـەتی جنۆکـان، هـەروەها لـە چیرۆکی گیانداران و سەرچڵییەکانی پاڵەوانان و، شـاعیری ئەفسـانە کۆنـەکان و، هەقایەتـە میللییەکانیشدا هەیە، هەروەها ڕاستگۆیی لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا هەیە، لە کارگە و کێڵگە و دارستانەکانیشدا هەیە."[2].

کەواتە گرنگترین ئەو سیمایانەی کە دەبێ لە بابەتدا هەبێت:

١– بابەتەکـە یـان بیرۆکەکـە ئامـانج و مەبەسـتێك بگەیـەنێت، ئامانجەکـەش ڕوون و ئاشکرا بێت و ئاڵۆز نەبێت.

٢– لە هەر چیرۆکێکدا تەنها یەك بیرۆکە بخرێتەڕوو، کە بیرۆکەکان زۆر بوون، بیرۆکـە سەرەکییەکە گرنگی کەم دەبێتەوە.

٣– بابەتەکە بـە هێـز و سـوودبەخش بێـت، شـایەنی ئـەوە بێـت پێشکەشـی منـداڵان بکرێت، لە سەرووی هەمووشیانەوە راستگۆیی بنوێنێت.

٤– بیرۆکەکە لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی تەمەنی منداڵ بگونجێت.

---

[1]: الدكتور عبدالفتاح ابو المعال، ادب الاطفال، ص٤٠.

[2]: علي الحديدي، الادب و بناء الأنسان، ص١٢٠.

٥- بابەتەکە یان ناوەڕۆکەکە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری نێـو چـیرۆکەکە هاوتـا بێـت و، هەماهەنگی پێك بهێنێت و، لەکارێکی هونەری جواندا بخرێتەڕوو.

## سەرچاوەکانی بابەت:

بێگومان ئەو بابەتانەی کە چیرۆکنووس لە چیرۆکەکەدا بە کاریان دەهێنێـت، دەبـێ لـە سەرچاوەیەکەوە هەڵقوڵابن. چیرۆکنووسیش پـەنا بـۆ ئـەو سەرچـاوانە دەبـات کـە منـداڵ بابەتی بیر و خەیاڵی خـۆی لێ هەڵدەبـژێرێت، بۆیـە چـیرۆکنووس بـۆ هەڵبـژاردنی تیمـەکان دەبێت ڕەچاوی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ بکات، شارەزایی لە هەموو قۆناغەکاندا هەبێت و بزانێت بۆ منداڵی کام قۆناغ دەنووسێت. چونکی منداڵان لە هەر قۆناغێکی تەمەنیاندا جۆرە بیرکردنەوەیەك و حەز و ئارەزووێکی تایبەتیان هەیە، بۆیە پێویستیان بە جۆرە ئـەدەبێکی تایبەتی هەیە.

منداڵانی تەمەن (٣-٦) ساڵان بەوە ناسراون، کـە ئەندێشـە و بیریـان زۆر تیـژە، لـەو شوێنەوارەی تیایدا دەژی دەرناچێ، بۆ نموونە منداڵانی ئـەو تەمەنـە زۆر جـار کـە یـاری دەکەن لەبەر خۆیاندا و لەگەڵ کەلوپەلەکانی دەوروبەریان دەست دەکـەن بـە گفتوگـۆ و قسە کردن، دەکەونە ئەندێشەیەکی قووڵەوە، بۆ نموونە قاپلەمەیەك دێنن و دەیکـەن بـە سوکانی ئۆتۆمبیلەکانیان لێی دەخورن، یاخود وایان بە خەیاڵدا دێت، بووکە شووشەکەی مرۆڤێکـە یـان گیاندارێکـە قسـەی لەگەڵـدا دەکـات، لێـی تـووڕە دەبێـت، لێـی دەدات، دەیلاوێنێتــەوەو ژیـری دەکاتەوە،بۆیـە دەبـێ چـیرۆکنووس سـەرنجی ژیـانی منـداڵ و جیهانەکـەی بـدات و بابـەتی چـیرۆکەکەی لـە واقیعـی ئەوانـەوە هەڵبـژێرێت. منـداڵ لـەو تەمەنەدا بێزار دەبێت لەو چیرۆکانەی کە باسی جنۆکەو خێوو ئەفسونبازیو تاوانباری و ترس و تۆق و توندوتیژی دەکەن،چونکە ئەم چیرۆکانە بیرێکی ترسناك لەلای منداڵان بـە جـێ دێڵـن و کـار دەکەنـە سـەر کەسـایەتییەکەی و دوایـیش منـداڵێکی ترسـنۆکیان لێ دەردەچـێت. چـیرۆکەکانی ئـەم قۆناغـە دەبـێ پـڕ بـن لـە بابــەتی خۆشەویســتی، پێکەنیناوی،ڕەوشت بەرزی، ئارامگرتن، یارمەتیدانی یەکتری، چالاکی،زیرەکی ...تاد.

کەواتـە چیرۆکنووسـی منـداڵان یـەکێك لـەو سەرچـاوانەی کـە بابەتەکـەی لێ وەردەگرێـت بریتییە لە (ئەندێشەو جیهانی پڕ لە ئەزموونی منداڵ). چیرۆکنووس دەبێ بابەتێك هەڵبـژێرێت

لە چوار چێوەی شارەزایی و تێگەیشتنی منداڵان بێت، واتە دەبێ سوود لە خەیاڵی منداڵانەوە وەربگرێت و دوور بکەوێتەوە لە خەیاڵی خۆی و ئەو شتانەی کە خۆی هەستی پێ دەکات، ئەو ئەندێشەیەش کە منداڵ تیایدا نقوم دەبێت هیچی لە واقیع بەدەرنییە. بەڵگەشمان بۆ ئەمە "ئایا دەکرێت وێنە خەیاڵییەکانی بیرو مێشکی مرۆڤێکی بینەر بە هەمان شێوەی بیر و مێشکی کەسێکی هەر لە سەرەتاوە لەزگماکی نابینابێت؟ بێگومان نەخێر. کەواتە خەیاڵ و گەشەکردنی دەرەنجامی ئەزموونی ژیانە و هیچ کاتێکیش خەیاڵ لە رووی وێناندنەوە لە سەرووی ڕواڵەتە (واقیعی)یەکانەوە دەرناچێ لەم بارەیەشەوە مارکس گوتوویەتی:– کاتێک ئادەمیزاد هەندێك شت لە خەیاڵیدا پەروەردە دەکات وادەزانێ لەسەرووی ڕواڵەتەکانی واقیع دان. ئەوە لەڕاستیدا جگە لە ڕێکخستنەوەی بەشەکانی واقیع هیچ کارێکی تری ئەنجام نەداوە"[1].

سەرچاوەیەکی تر لەو سەرچاوانەی کە چیرۆکنووس بابەتی لێ هەڵدەهێنجێ، بریتییە لە (هەقایەت و بابەتە فۆلکلۆرییەکان). نووسەری چیرۆکی منداڵان زۆر جار دەتوانێت فۆلکلۆر و هەقایەتی میللی و ئەفسانییەکان وەك سەرچاوەیەك بۆ بابەت و ڕووداوەکانی بەکاربهێنێت، بەڵام دەبێ ڕەچاوی ئەو تایبەتمەندیانە بکات کە دەبێ لە ئەدەبی منداڵاندا هەبێت. منداڵ لە تەمەنی (٦–٨) ساڵان هەر چەندە زیاتر بەرەو واقیع دەڕوات، بەڵام ئەندێشەکەی فراوانتر دەبێت لە جاران تا رادەیەك شارەزایی لە ژینگەی خۆی و دەوروپشتی پەیدا دەکا و هەوڵ دەدا لە دەرەوەی ماڵەوە پەل بۆ شتەکانیش درێژ بکا، منداڵ لەم قۆناغەدا حەز لە جمو جۆڵ و پرسیار کردن دەکا، دەیەوێت نهێنی شتەکان و هۆ و هۆکارەکانیان بزانێت بۆیە ئەم قۆناغەی منداڵ زۆر جار بە قۆناغی واقیعییەت و ئەندێشەی هەڵچوو ناو دەبرێت، منداڵ تیایدا ئارەزووی گوێ بیستی چیرۆکە پڕ ئەندێشەییەکان دەکات، بە پەرۆشە بۆ گوێگرتن لەو چیرۆك و هەقایەتە ئەفسانەییانەی کە پاڵەوان هەردەم لە گێژاوی گیروگرفت و مەترسی و قووڵایی دەریاکان لە دەست دێو و جنۆکە و درندەی کێوی لە پەلەقاژێدابێت، بە لام گێڕانەوەی ئەم جۆرە چیرۆکانە بۆ منداڵان رەنگدانەوەیەکی خراپ لەسەر دەروون و کەسایەتییەکان بە جێ دەهێڵێ، رەنگە ئەم گروپە منداڵانە کە زۆر گوێ بیستی ئەم چیرۆکانە دەکەن سەرشێت و شەڕانگێز دەرچن

[1]: نزار حەمید حنا، منداڵ و خەیاڵ، رۆژنامەی رێگای کوردستان، ژ" (٢٦٧)، ١٩٩٧/٩/١٠سالی٥٣، ل٤.

و، لـە دوارۆژیشـدا رێگـای چـەوت و گەنـدەڵی هەڵبـژێرن. بۆیـە وا باشـە چـیرۆکنووس بـۆ هەڵبژاردنی بابەتەکەی تەنها سـوود لـە گرێچـنەکانی ئـەم جـۆرە هەقایـەت و ئەفسـانانەوە وەربگرێت.[1].

لە م بارەیەشەوە (جۆن ئەیکن) دەڵێ: "لە هەڵبژاردنی چـەند بابـەتێك بـۆ چـیرۆکی منداڵان، بـە زۆری وا بـە سـوودە کـە سـەرنجێکی تـر بدەینـە گرێچـنە بنچینەییەکانی ئەفسانە و هەقایەتە میللییەکان"[2].

ئەگەرچـی رەنگـە ئـەم جـۆرە چـیرۆکانە کاردانەوەیـەکی خراپیـان بەسـەر دەروونـی منداڵاندا هەبێ، وەلێ لە هەمانکاتیشدا دەبێ هۆکارێك هەبێت کە ئایا بۆچـی منـداڵانی ئـەم تەمەنە ئـارەزووی گـوێ بیسـتی ئـەم جـۆرە چیرۆکانە دەکـەن؟ رەنگـە ئـەم ئـارەزووەش بگەڕێتەوە بـۆ بەرجەسـتە کردنـی ئـەو تـرس و دوو دڵییـەی کـە لـە ناخیانـدا هەسـتی پـێ دەکەن، واتە ئەمە وەك هەوڵێکە بۆ زاڵ بوون بەسەریاندا.

لە ئەدەبی کوردیدا ئـەم جـۆرە چیرۆکانە نموونـەیان هەیـە و زۆرن، یـەکێ لەوانـەش بریتییە لـە چـیرۆکی ئەفسـانەی (شـێتۆکە وئاقلۆکـە)، کـە ئـەم ئەفسـانە چـیرۆکێکە بـۆ مێرمنداڵان، باس لە بەسەرهاتی دوو برا دەکات بە ناوی (شێتۆکە و ئاقلۆکە)، کـە لەبـەر نەبوونی و بێداری تووشی کوشتنی دوو پیـاوی حـەس حـەس دێـن، کـە ئـەم دوو پیـاوە دەیانەوێ فێڵیان لێ بکەن و سامانیان داگیر بکەن، هەر لەبەر نەبوونی و هـەژاری روو لـە شار و چۆڵ و چیا دەکەن و تووشی چەند بەسەر هاتێك: دێن، دواتر تووشی حەوت دێوی گەورە وەك کەڵە شاخ دێن، کە هەمیشە مەنجەڵێکی رەشـی گـەورەیان لەسـەر ئـاگرە و، بلّق بلّق دەکوڵێ و پڕە لە خواردنی دێوەکان،ئەم دێوانە کەس ناتوانێ لێیان نزیك بێتەوە و شوێنێکی زۆر خۆشیان داگیر کردووە، کە هەسـت بـەوە دەکـەن ئـەم دوو برایـە لێیـان نزیك بوونەتەوە و هاتوونەتە شوێنی ئەوان، بە دەنگێکی زۆر گەورە کە ئەم ناوچەیە پـڕ دەکات بانگیان دەکەن و دەیانەوێ بیانکەن بە خۆراکیان، بەڵام خۆش بەختانە بە هـۆی

---

[1]: رۆستەم باجەلان، کە منالّ هەولّ دەدا بەرهەمی ئەدەبی بنووسێت، گۆڤاری (نووسەری نوێ) ژ (٤)خولی دوای راپەرین تەمووزی ١٩٩٨، ل ٤٣. هەروا: جەلال سنجاوی، چۆن حەکایەت بۆ منداڵەکەت دەگێڕیتەوە، رۆژنامەی(یەکبوون) ژمارە (٨)، ٢٥/نیسان/١٩٩، ل٦.

[2]: جون ایکن، کاظم سعدالدین، بغداد، ١٩٨٨، ص١١٣.

هۆشـیاری و بـیر كردنـەوەی عاقڵانـەی (عاقڵۆكـە)، دەتـوانن بەسـەر دێوەكانـدا زاڵ بـبن وخۆشی و شادی دەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی كە دێوەكان تیایدا دەژیان[1]

چیرۆكنووس لـە چـیرۆكدا دەبـێ هـەوڵی ئـەوە بـدات، هەمیشـە لـە بابەتەكانیـدا هێـزی چاكەكار و خێر خواز سەربكەوێت و شـەڕانگێز و نـەیارەكان لـە خـاك بگـەوزێنرێن، چـونكە "تۆڵـە سـەندنەوە، بابـەتێكی بـاوە لـە هەقایەتەمیللییەكانـدا... منـداڵان بـە شـێوەیەكی سروشتی ئەم چیرۆكانەیان زۆر پێخۆشە، هێشتا منداڵەكان زۆر سەرەتایین، پێخۆشحاڵن كە شەڕانگێزببینن لە خاك بگەوزێنرێ و سوكایەتی پێ بكرێ... دەرباز كردنی كەسایەتییەكی چارەگران لە گوناهەكەی، بابەتێكە زۆر بە دڵی منداڵانە."[2]

سەرچاوەی سێیەم، كـە چـیرۆكنووس دەتـوانێ بابەتەكـەی لێ وەربگرێـت، بریتییـە لـە واقیع، بێگومان منداڵانیش وەك گەوران كاریگەر دەبن بەو واقیعەی كە تیایـدا دەژیـن، ئـەو ڕووداو و گۆڕانكارییانەی كە منداڵ لە ژیانیدا دەیبینێت یاخود هەندێ جار بەسـەر خۆیشـی دا دێن، كار دەكەنە سەر گۆڕانی بیركردنەوەی منداڵ. ئەمەش بێگومان لەمیانـەی گـۆڕان و گەشەكردنی قۆناغی تەمەنیدا ڕوودەدات. "منداڵ كە تەمەنی گەیشتە دوازدە ساڵ لە شێوازی ژیانی ڕابردووی یاخی دەبێت، تەنانەت هەندێك جار بە ڕووی دایك و باوكیشـیدا دەتەقێتـەوە، قایل نابێت وەك منداڵ سەیری بكرێت و خولیاو ئـارەزووە تازەكـانی لێ تێكبـدرێت، منـداڵ لـە تەمەنی دوازدە تا پازدەساڵیدا، ڕازی نییە گوێ بۆ چیرۆكێك شل بكات باسی نوقڵی تێدا بێت، وەلێ چـونكە بـەروە هـەرزەكاری دەڕوات، چـیرۆكی دڵـداری سـەرنجی ڕادەكێشـێ، لــە ناخـەوەدەیبزوێنێت."[3]. منـداڵانی قۆنـاغی (٨-١٢) سـاڵن و بـە سـەرەوەش، لـە كـاری پـڕ ئەندێشەیی تا ڕادەیەك دووردەكەونەوە و لەڕاستی و واقیع نزیك دەبنەوە، حەز دەكەنن٢ لە شتەكانی دەوروبەریان تێبگەن. پەی بردنی چیرۆكنووس بە بابەتی واقیعـی، ئـەو واقیعـەی كـە وێنـەی ژیـان دەكێشـێت بـەو شـێوەی كـە منـداڵ دەیبینـێ، دەتـوانێ بەشـداری لـە گەشەكردنی سروشتیاندا بكات ئەمەش لە ڕێگەی گوزارشت كردن لـەو گرفتانـەی كـە دێنـە ڕێگای منداڵەكە و خێزانەكـەی و ژیـانی، بۆیـە لـەم سـاڵانەدا منـداڵان لـە قۆنـاغی چـیرۆكی

---

[1] مەغدید ڕواندزی، ئەفسانەی شێتۆكە و ئاقلۆكە، بۆ مێرد منداڵان، هەولێر، ١٩٩٨.

[2] جۆن ئەیكن، و. كەمال غەمبار، چۆن بۆ منداڵان دەنووسی، ل٧٦.

[3] حەمە سەعید حەسەن، هزر و شێواز لە چیرۆكی كوردیدا، ل ١٢٩.

خەیاڵی و هەقایەتی خورافی دەگوازرێنەوە بۆ قۆناغی ئەو چیرۆکانەی کە زیاتر لـە واقیعدا نزیکن، منداڵ لەم قۆناغانەی تەمەنی دا دەتوانێ پێناسـە بـۆ شـتەکان دابنێـت و هەڵـەکان ڕاست بکاتەوە. هەروەها دەتوانێ پێناسەی هەندێ وشە بکات کە خاوەنی هێما و ڕەمـزی مەعنەوین وەك، چاکە، دادپەروەری، بەزەیی پیاهاتن...تاد. دەشتوانێ پەند و ئامۆژگـاری و مەغزاکانی نێو چیرۆکەکان تێبگات هەستیان پێ بکات، کەواتە لەم قۆناغەدا چیرۆکنووس دەبێ هەوڵی ئەوە بدات ئەو بابەتانە هەڵبـژێرێت، کـە لـە ڕاسـتییەوە نـزیکن، منـداڵان لـەم قۆناغەی تەمەنیاندا زیاتر حـەز لـەو ڕاسـتیانە دەکـەن، کـە بڕوایـان پێیـەتی و دەیانـەوێت پەردە لەسەر ئەو کێشانە لابدەن کە بەڕاستی ئەزانن و ڕووبەڕوویان دەبنەوە[١].

لە ئەدەبی کوردیدا چیرۆکی لەم نموونەیەمان زۆرە، کـە چـیرۆکنووس بابەتەکـەی لـە واقیع وەرگرتبێ. یەکێ لەو نموونانـەش، چـیرۆکی (لاســـاری)یە. ئـەم چـیرۆکە بـاس لـە کوڕێکی تەمەن (١٠)ساڵان دەکات بە نـاوی (هەنـدرێن)، منـداڵێکی لاسـارو گـوێ نـەگرە، هەمیشە لە قسەی دایك و باوکی دەردەچێت و گـوێ بەئامۆژگارییـەکانیان نـادات، ئەمـە جگە لەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکی بە ناوی (میران) زۆر جار بە بیانووی (نـان کـڕین)، گوایـە دەچنە نانەواخانە، لەماڵەوە دەردەچن و پارەکـە لـە سـەرەی نانەواخانەکـە دادەنـێن و خۆشیان دەچن یەکەیەکەی ماڵەکان ئەوەندەی لە توانایاندا بێت،زەنگی بەر دەرگاکانیان لێدەدەن و رادەکەن، هەروەها دەچنە سەر دەرگا و دیواری خەڵك و سێو و هەرمێکانیان دادەڕنـن، بـەدزی خـاوەن ماڵەکـە. تـا ڕۆژێـك هەنـدرێن و مـیران خـەریکی لێکردنـەوە و داپچڕینی دارەکـانی حەوشـەی ماڵێـك دەبـن، لـە ناکـاو خـاوەن مـاڵ لێیـان دێتـە دەر و (هەندرێن) دەستگیر دەکات و میرانیش رادەکات، خـاوەن مـاڵ بەنـەرمی و لەسـەر خـۆی چەند قسەیەك بە (هندرێن) دەڵێت و چـەند سـێو و هەرمێیەکیشـی لـە دەسـت دەنێـت و بەڕێی دەکات. (هەندرێن) بەشەرمەزارییەوە ملـی ڕێگـا دەگرێـت و بـەو کـارە نالـەبارەی خۆی زۆر دڵتەنگ دەبێت، یەکە یەکەی قسەکانی خاوەن ماڵی لەگوێدا دەزرنگێتەوە، بـە تەواوی پەشۆکاو دەبێ. بەدەم خەیاڵەوە ڕووە و ئۆتۆمبیلێك دەڕوات. ئۆتۆمبێلەکە ملـی لێ دەنێـت و(هەنـدرێن) لـە هـۆش خـۆی دەچـێت و قاچێکیشـی دەشـکێت و دەیبـەن بـۆ نەخۆشخانە. کە بە هۆش خۆی دێتەوە زۆر هەست بە شەرمەزاری دەکات بەرامبەر دایك و

---

[١] محمد بن السيد فراج، الاطفال و قراءاتهم، ص٣٩-٤١.

باوکی و ئەو کارانەی، کە کردوونی. بە دەم گریان و پەشیمانی ئەوەی کردوویەتی بۆیان دەگێڕێتەوە، لە کۆتاییدا بڕیار دەدا ئەوە دووایین کارە ناشیرینەکانی بێت. لـەو ڕۆژەوە بە دواوە (هەندرێن) لاپەڕەیەکی نوێی لە ژیانی خۆیدا تۆمار کردوو، نموونەی گۆڕایەڵی و ژیری بوو بۆ منداڵان.[1]

دەتوانین هـەمان چـیرۆکی سـەرەوە،بۆ رەگەزی(بابـەت)پراکتیزە بکـەین. چـیرۆکنووس زیرەکانە توانیویەتی بابەتێك هەلبژێرێت نموونەیەك بێت لە واقیع و لەگەڵ سروشتی واقیعی منداڵاندا بگونجێت.

ڕووداوەکانی چیرۆکەکە (لاساری) منداڵێکە،کە بابەتی چیرۆکەکە دەنوێنێت. مەبەست و ئامانجی چیرۆکنووس ئەوەیە دەیەوێت لە منداڵان بگەیەنێت،گەر منداڵ (لاسـار) بێـت و لـە گوێی دایك و باوکی و کەسانی لەخۆی گەورەتر دەربچێت، چارەنووسێکی خـراپ چـاوەڕێی دەبێت. چیرۆکنووس زانایانە توانیویەتی، ئەو خاسیەت و مەرجانەی کە دەبێت لە رەگەزی (بابەت) دا هەبێت، لە چیرۆکەکەدا بەرجەستە بکات، چیرۆکنووس تـەنها یـەك بیرۆکـەی لـە چیرۆکەکەدا ئاماژە پێکردووە. واتە چیرۆکەکە تەنها لە دەوری (بیرۆکەکـەدا کـە لاسـارییە) دەخولێتەوە، لەگەڵ رەگەزەکانی تری نێو چـیرۆکەکەش گونجـاون و هەماهـەنگی دروسـت کردووە.


---

[1]: سازان جەلال، ژیکەڵە، تاران، ٢٥٥٠، ل ١٦-٢٥.

# شەش قوتابی نوێ

نووسینی:فرانتس براندبێرگ

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سۆما سەرۆ



وێنەکان: وەجیهەلای موقەدەم

## ٢- ڕووداو – Event

ئاشکرایە چیرۆك  هی گەوران یان منداڵان بێت، لە کۆمەڵێك کـار و کـردەوە و بەسـەر هات و گیروگرفت پێك دێت، کە بەسەر پاڵەوانـەکانی چـیرۆکەکەدا دێـن و تێدەپـەڕن، لـە ئەنجامدا ڕووداوی چیرۆکەکە پێك دەهێنن. چـیرۆکیش بـە بـێ ئـەم ڕووداوانـە هـەڵناکاو ناچـێت بـەڕێوە، چـونکە ڕووداوەکـان بـە بناغـەی بنیاتنـانی چـیرۆك دادەنـرێن. هـەر ڕووداویشە کە هێز و توانا و جموجۆڵ دەداتە چیرۆکەکە و یەکەمین ڕەگەزە کە سـیفەتی چـێژ بەخشـینە بـۆ منـداڵ، "بۆیـە پێویسـتە لەسـەر نووسـەرەکە بـەردەوامی بـدات بـە بزووتنەوەی ڕووداو و، جموجۆڵی ڕووداوەکان بپارێزێ."[١].

دەتوانین چەمکی ڕووداو لەم پێناسەیەدا ڕوون بکەینەوە کەدەڵێت:

"ڕووداو، بریتییـە لـە کۆمـەڵێك بەسـەرهاتی یـەکگرتووی بـە دوای یەکـدا هاتوو،کە دەبێت بەشێوەیەکی هونەری دا بچنرێت و بگێڕدرێنەوە،کە بتوانێ کاریگەری خۆی بنوێنێت بەسەر هەست و ئەندێشەی منداڵان وسەرنجیان بـۆ لای خۆی رابکێشێت."[٢]

واتە ڕووداو پارچەیەکی بچـووکە و یـەك چـنین دەیگرێتـە خـۆ، دەبـێ لـە زنجیرەیـەکی یەکگرتووی گونجاو پێك بێت، بە شێوەیەکی یەك لە دوای یەك ڕووداوەکان لە یەکتری گـرێ بدرێن، تاوەکو کارلێك دەکەن و دەگەنە لووتکە، بەمـەش (گرێ)یـەك دروسـت دەبێـت، کـە منداڵان زۆر ئارەزوو بە کردنەوەی ئەم گرێیە دەکەن.

ڕووداوەکان نابێت تەنها کۆمەڵێك هەواڵ بن، نووسەر لە نێوانیانـدا پەیوەنـدی دروسـت کـراو بخولقێنێت، چونکە ئەرکی چیرۆکنووس گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان و گەیاندنی هەواڵـەکان نییـە، بە شێوەیەکی ڕووت و کۆپیکراو بەو شکلەی کە لە واقیعدا هەیە، بۆیـە "چـیرۆکنووس پێویسـتە ئاگاداری ئەوە  بێـت، کـە ڕۆژنامـەنووس نییـە، هـەواڵ بگەیـەنێت، بگـرە نووسـەرێکە نەخشـەی جیهانێکی بالأتر لە جیهـانی واقیـع دەکێشـێت، جیهانێـك نـە پاشـکۆی واقیعـە و نـە ڕاسـتگۆیی هونەریشی تێدا فەرامۆش دەکرێت، خۆ ئەگەر دەقاودەق ڕووداوێکمان گێڕایەوە، یان بـەو پـەڕی دەسپاکییەوە، بەسەرهاتی کەسێکمان نووسیەوە، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا، دیرۆکنووسـین نـەك

---

[١]: جون ایکن، کیف تکتب للاطفال، ترجمة، کاظم سعدالدین، ص١١٧.

[٢]: دکتور نجیب الکیلانی، ادب الاطفال في ضوء الاسلام، ص ٥٩.

چـیرۆکنووس."[1]،بـەڵکو چـیرۆکنووس دەبـێ ڕووداوەکـان و بەسـەرهاتەکان بـە شـێوەیەکی زنجیرەیی و یەکگرتوویی بچنێت. بەشێوەیەك لەگەڵ یەکەکانی تری نێو چـیرۆکەکە هەماهـەنگی بنوێنێت و هەموویان بەیەکەوە بەشـێکی خـاوەن واتـای دیـاریکراوبهێنن وبەشداری لـە دروست کردن و کردنەوەی (گرێ) یەکە بکەن.

چیرۆکنووسی منداڵان دەبێ ڕۆڵی نواندن ببینێت، لە کاتی نووسینی چیرۆکەکەدا، واتـە بە شێوازێکی وا چیرۆکەکە بنووسێت، ئەندێشەی منداڵان بووروژێنێت و بە ئاگایـان بێنێـت، بۆ ئەوەی خۆیان بتوانن بچنە نێو ڕووداوەکان، وەك ئەوەی پاڵـەوانێك بـن تیایـدا، ئەمـەش رادەوەستێتە سەر رادەی ئاشکرایی و ئەو هێزەی کە چیرۆکنووس ڕووداوەکانی پێ دەخاتە ڕوو بۆیە "بونیاتنانی چیرۆك بە رادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر ڕوونی (وضوح)ی دانەر لـە خستنە ڕووی ڕووداوەکاندا."[2].

خاڵێکی تر لـەبارەی ژمـارەی ڕووداوەکـان و چـۆنیەتی بەکارهێنانیان،"بـە شـێوەیەکی گشتی، نابێت لە چیرۆکی منداڵانـدا ڕووداوی زۆر بـەکاربهێنرێت، ئەمـەش تـاوەکو منـداڵ سـەری لێ نەشـێوێت، هـەڵی وەرگرتنـی ڕووداوی سـەرەکی لێ وون نـەبێت، مانـای چیرۆکەکەش لە دەست نەدات"[3].

ڕووداویش وەکو بابەت دەتوانێـت سەرچـاوەکەی ئەندێشـە، واقیـع، هەقایەتـە میللـی و ئەفسانەییەکان بێت، بەڵام دەبێ ئەوە لـەبیر نەکـەین، سـاڵانێك بـوو ڕووداوەکـانی زۆربـەی چیرۆکی منداڵان، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانـدا، سروشـتێکی ترسـناك و توندوتیـژی بـەخۆوە گرتبوو، ڕەنگە ئەمەش هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەقایەتە میللی و ئەفسانەییانەی کە لە کۆندا دەتوانین بڵێین سەرچاوەیەك بوون بـۆ لـە دایکبـوونی چـیرۆك و ئـەدەبی منـداڵان لـە هەموو جیهاندا، هەر وەك لـە بەشـی یەکەمدا ئاماژەمـان بـەو مەسـەلەیە کرد. بـەڵام ئـەم دیاردەیە لە ماوەی ساڵانی دواییدا، بەرەو کزی و نەمان ڕۆیشـت و گـۆڕانی بەسـەر داهـات، داهێنانێکی نوێ بۆ چیرۆك سەری هەڵدا، ئەم گۆڕانە چیرۆکی منداڵانی لـە ئـەدەبی کـوردی لە دوای ڕاپەڕینیشدا گرتەوە، تەنانەت ئەو گۆڕانە ئەو هەقایەتە کۆنانەشی گرتەوە کـە زۆر

---

[1]: حەمە سەعید حەسەن، قارمان و ڕووداو لە چیرۆکی کوردیدا، گ" (شین)، ژ (١٠)ئادری ٢٠٠٥، ل٨٤.

[2]: علی الحدیدي، الادب و بناء الانسان، ص١١٨.

[3]: الهیتی، ادب الاطفال، ص١٤١.

باو بوون لە ناو کۆمەڵدا، تیایدا وێنەکانی توندوتیژی و تۆقاندن و کوشتن و خیانـەت کـردن لادران، هەروەها کەسایەتییەکانی وەکو جنۆکە و مۆتەکە و ئەفسوونبازەکانیش تا رادەیەك دوورخرانەوە.

هەر بۆیە نابێت چیرۆکی منـداڵان لـە هەڵوێسـتی نابـەجێ و ترسـناك پێـك بێـت، بـەو رادەیەی کە وروژاندن و هەڵچوونێکی تیـژیان بـۆ سـەر دەروونـی منداڵدا هـەبێت، وەکـو تــەعزیبێکی زۆری کاریگــەر، ســتەم و تــاوانی نابــەجێ ی ڕەق، چــونکە ئــەم جــۆرە هەڵوێســتانە،کاریگەرییان بەســەر پێکهــاتنی عــەقڵ و ویــژدانی منداڵانــدا دەبێــت، کاریگەرییەکی زۆر خراپ. بۆیە دەبێت چیرۆکنووس هەولبدات ئەو ڕووداوانە هەڵبـژێرێت، کە بەهەڵچوونی دڵخۆشکەرو خۆشەویستی و پێکەنیناوی دەناسرێنەوە.[1]، هەر بۆیەشە " گرنگترین رەگەز لە منداڵاندا، کە دەبێ ئێمە سوودی لێ وەربگرین بریتییە لە (ئەندێشە)، چونکە ئەندێشە بنچینەیە بۆ هەموو گەشەکردن و داهێنانێك، دەبـێ ئـەوەش بـزانین کـە منداڵ داوای ڕووداوی واقیعی دەکات لەرێگەی ئەندێشەوە"[2].

راستە نووسەری منداڵان دەبێت لە زۆر بابەت دا سوود لە واقیع وەربگرێت و بیکـات بـە سەرچـاوەیەك بـۆ ڕووداوەکـانی، بـەڵام ئـەو واقیعـەش دەبێـت لەگـەڵ واقیعـی منداڵانـدا بگونجێت، بە رەچاوکردنی ئاستی تەمـەنیان و، لـە رێگـەی ئەندێشـەوە پێشـکەش بکرێـت نابێت ئەوەش لە بیر بکەین، "ئەو ڕووداوانـەی گرێیەکـە دەکەنـەوە، یـان ڕووداوی دراماکـە هێوردەکەنــەوە، دەبــێ بــە وردی هەڵبــژێردراوبن و هــەموویان لەگــەڵ ڕووداوی ســەرەکی بگونجێن، کەوا پڕۆژەی چیرۆکەکەی لەسەر بنیات نراوە و پەیوەستە بە ئـەو."[3]. لێرەشـدا ئـەوەمان بـۆ روون دەبێتـەوە کـە لـە چـیرۆکدا دوو جـۆر ڕووداو هـەن، یـەکێکیان ڕووداوی سـەرەکییە، کـە بەشـێکی گرنگـی نێـو چـیرۆکە و بەرنامـەی چـیرۆکەکەی لەسـەر دەڕوات، دووەمیشیان ڕووداوی لاوەکییە، کە ئەویش ڕووداوێك یاخود چـەند ڕووداوێکن و گەشـە بـە ڕووداوی سەرەکی دەدەن و بەشداری دەکەن لە کردنەوەی (گرێ)ی ناو چیرۆکەکە.

---

[1] فهیم مصطفی، الطفل و القراءة، ص ١٥٩.

[2] رشاد رشدی، فن القصة القصیرة، ص١٠٠.

[3] سمیر عبدالوهاب، قصص و حکایات الاطفال، ص ١٩٩.

لێـرەدا ئێمـە نموونـەی چـیرۆکێك دەهێنینـەوە و تایبەتمەندییـەکانی رەگـەزی رووداوی بەسەردا پراکتێزە دەکەین. چیرۆکەکەش بریتییە لە (کۆتر و رێوی).

سەرەتای رووداوەکە بەدروست کردنـی هێلانەیـەك لـە شـوێنێکی بـەرز، لەلایـەن دایکـە کۆترەکەوە دەست پێدەکات، رێویش هەوڵ دەدات کۆترەکە و بێچـووەکانی بخـوات، بـەڵام پێیـان ناگـات، بۆیـە هەڕەشـە لـە کۆترەکـە دەکـات، ئەگـەر بێچـوەکانی بـۆ فـڕێ نەداتـە خوارەوە، ئەوا سەردەکەوێت و بێچوەکانی دەخوات، کۆترەکە بە ناچاری و بەچاوی پڕ لـە فرمێسکەوە بێچووەکانی بۆ فڕێ دەداتە خوارەوە، بۆ ساڵێکی تر کۆترەکە بەچکەی جوانتر هەڵدەهێنیّ، بەڵام دیسان خەم دایدەگرێت، لە ترسی ئـەوەی دیسـان رێـوی بێتـەوەو داوای بێچووەکانی بکات و بیانخوات. قەلەڕەشکەیەك ئامۆژگاری دەکـات کـە گـویّ بـە قسـەکانی رێوی نەدات، چونکە ئەو لە شوێنی بەرزە و رێوی ناتوانیّ پێی بگات. بۆیە لە کۆتاییدا داوا و مەبەستی مام رێوی جێبەجیّ ناکریّ و بە سەرشۆڕی دەڕوات[1].

نووسەری چیرۆکی (کۆتر و رێوی) مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ ئەم رەگـەزەی چـیرۆکدا کردووە. لەم چیرۆکەدا یەك رووداوی سەرەکی بەدی دەکرێت ئەویش (خـواردنی بێچـووەکانی کۆترە لەلای رێوی). کە پرۆژەی چیرۆکەکەش لەسەر بونیات نـراوە. رووداوە لاوەکییـەکانیش بـریتین لـە (دروسـت کردنـی هێلانـە)، (گفتوگـۆی نێـوان دایکـە کۆترەکـە و قەڵەڕەشـکەکە) بەڵگەشمان لەوەدا ئەوەیە چیرۆکنووس توانیویەتی بە شێوەیەکی وورد رووداوە لاوەکییـەکان هەڵبژێرێت، کـە لەگـەڵ رووداوە سـەرەکییەکەدا بگونجێـت و بەشـداری بکـەن لـە کردنـەوەی (گریّ) یەکە. (گریّ)ی چیرۆکەکەش بریتییە لە (چۆنیەتی پاراستنی بێچووەکان لەلایەن دایکە کۆترەکەوە.)

[1]: شاخەوان علی حمد، ورچ و شێر و مام رێوی (کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە)، هەولێر ٢٠٠٢، ل ١٨.


ورچ و شێر و مام ڕێوی
کۆمەڵە چیرۆکێکی فۆلکلۆری منداڵانە
ئامادەکردنی
شاخەوان علی حمد
پێشەکی
ڕۆستەم باجەلان
چاپی یەکەم
٢٠٠٢زاینی، ٢٧٠٢کوردی
هەولێر

### ٣- گرێچن (تەون)- The plote:

دەتوانین بڵێین گرێچن پرۆژەی ڕێکخستنی ڕووداوەکانە بـە شـێوەیەکی هونـەری، واتـە کاتێك چـیرۆکنووس، بـاس لـە ڕووداوەکـان دەکـات لـە چـیرۆکەکەیدا، دەبـێ بـەردەوامی و جموجۆڵیـان پـێ بـدات و، بـە شـێوەیەکی هونەرییانـە بیانچـنێت، بەمـەش ڕووداوەکـان، بەرەبەرە گەورە دەبن تاوەکو دەگەنە ترۆپك، ئەمەش پێی دەڵێن گرێچن یان (پلۆت).

بۆیە " گرێچن ئەو خاڵە دەنوێنێ، کە ڕووداوەکانی چیرۆك تیایدا لێك دەئاڵێن، هەروەها گرێچن، پلانی چیرۆکە، لە ناویدا ڕوداو بەسەر کارەکتەرەکاندا دێت، یـان بـەهۆی ئەوانـەوە ڕووداو ڕوودەدات، گرێچـن بریتیـە لـەو دەزووەی، کـەوا سـەرەداوی چـنینی چـیرۆك و بونیاتنانیـەتی، ئـەمیش وا دەکـات، خوێنـەر حـەز بـە خوێندنـەوەی چـیرۆکەکە بکـات"[1]، گرێچنیش دەبێت زۆر بە هێز و مانا بەخش بێت، چونکە یەکێکە لەو ڕەگەزانەی، خوێنەر بۆ لای چیرۆك کێش دەکات، ئەگینا بە پێچەوانەوە، ناتوانێ سەرەنجی منداڵان لـەو ماوەیـەدا، کە چیرۆکەکەی تیایدا دەگێڕدرێتەوە، بۆ لای چیرۆکەکە ڕابکێشێت، چونکە بێ مانایی وبـێ هێزی گرێچن، منداڵان تووشی بێزاری دەکات و، ئارەزووی ئـەوەیان نابێـت تاکۆتـایی گـوێ بیستی چیرۆکەکە بن.

چیرۆکنووسی منداڵان، دەبێ هەوڵی ئەوە بدات، چیرۆکەکەی لە یەك گرێچن پێك بێـت و سادە و ساکار بێت، واتە " گرێچن لەکتێبی منداڵە بچوکەکاندا، پێویست بەوە ناکات ئـاڵۆز بێت."[2]، چونکە گرێچنی ئاڵۆز (الحبكة المركبة)، سەرەنجامی هەبوونی زیاتر لە ڕووداوێکـی سەرەکییە، لە چیرۆکی منداڵانیشـدا، دەبـێ هـەوڵ بـدرێت، یـەك ڕووداوی سـەرەکی بـەکار بهێنرێت، چونکە منداڵی بچووك، توانای پەی بردنی تەواویان نییە تاوەکو لە یەك کاتـدا بـە دوای چەند گرێیەکدا بکەون یاخود لە چیرۆکی ئاڵۆز تێبگەن.

سەرچاوەی دروستبوونی هەر گرێچنێك لە چیرۆکێکد، بوونی کێشەیەکە، یـان گـەورە بوون و پـەرەسەندنی ڕووداوێکە بۆ لووتکە و ترۆپك،ئەم گرتەش (کێشـەکە)،جموجۆڵی و گەرم وگوڕی دەداتە ڕووداوەکان.بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین، کاتێك کە ڕووداوەکـان گەورە دەبن و پەرە دەسێنن، دەبنە هۆی لە دایکبوونی گرێچنێك (پلۆتێك)،کە گرێچنیش

---

[1]: د.سمير عبدالوهاب احمد، قصص و حكايات الاطفال، ص١٩٩.

[2]: جون ايكن، كيف تكتب للاطفال، ترجمة: كاظم سعدالدين، ص ٦٥.

دروست بوو، پێویستی بە چارەسەر کردن دەبێ،بۆیە ڕووداوەکان لەبەردەوامی و گەرم و گوڕیدا دەبن،تاوەکو گرێیەکە (گرفتەکە) چارەسەر دەبێت و چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی.کەواتە "گرێچن ئەو گرێیە(عقدە)یە دەگرێتە خۆ، کە گرفتەکە (کێشەکە)دەنوێنێ، لە کاتی کارلێك کردنی ڕووداوەکان دەردەکەوێت، ئەویش ئەو کێشە و هەڵوێستە نادیارەیە، کە پێویستی بە ڕاڤە کردن هەیە و، کار دەکاتە سەر ئارەزووکردن (الرغبة) بۆ دۆزینەوە و زانینی ئەوەی لە دوایدا دێت."[1]، بۆیە بەم شێوەیە، بۆمان دەردەکەوێت، گرێچن (سەرەتاو، ناوەڕاست(گرێ) و، کۆتایی) هەیە:

## ١- سەرەتا- Exposition

سەرەتا لە چیرۆکدا، بە بەشێکی گرنگ ناو زەت دەکرێت، چونکە چیرۆکنووس لە ڕێگەییەوە، دەبێت هەست و خەیاڵی خوێنەر بۆ ناو چیرۆکەکە رابکێشێت، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت، کە پێشەکییەکە بە دەستەواژەی بە هێز و سەرنجڕاکێشەر دەست پێبکات، هەروەها هەوڵیش بدرێت لە پێشەکییدا، کەسایەتییە سەرەکییەکان ببردرێنە نێو چیرۆکەکە و، بە منداڵان بناسرێنرێن. بۆ نموونە، چیرۆکی "تۆم سوێر، بە پوورە بۆلی دەکرێتەوە کەوا ڕاوی تۆم دەنێ، کە مورەببا دەدزێ"[2]. ئەمەش وا لە منداڵ دەکات، لەگەڵ ئەو باس و خواستانە سەر قاڵ بێت، تاوەکو ڕەوتی چیرۆکەکە و پەیکەرەکەی پەرەدەسێنێ. ئەگینا بە پێچەوانەوە منداڵ تووشی بێزاری دەبێت و ئارەزووی تەواو کردنی چیرۆکەکەی نامێنێ. هەروەها دەبێ سەرەتا پەیوەندییەکی پتەو و نەپچڕاوی لەگەڵ بەشەکانی دوای خۆیدا هەبێت، چونکە سەرەتا، پارچەیەکی هونەری بەرزە و بەستراوەتەوە بە بەشەکانی دی تێکستەکە و، لێی جیا ناکرێتەوە.[3].

[1]: د.سمیر عبدالوهاب احمد، قصص و حکایات الاطفال، ص١٩٩.

[2]: جۆن ئەیکن، چۆن بۆ منداڵان دەنووسی، و. کەمال غەمبار، ل٨٠.

[3]: د.پەرێز صابیر، بینای هونەری چیرۆکی کوردی..، ل١١٣.

## ٢- گــرێ- Conflict

گرێچنی بـاش، ئـەو گرێچـنەیە، کـە (گرێ)یـەك بگرێتـە خـۆی، گـرێش پـەرەدەسـێنی و دەگاتە ترۆپك، لە ئەنجامی بەیەکدا چوون و پەرەسـەندنی رووداوەکـان و هاتنـە نـاوەوەی کەسایەتییەکان. گرێش، کێشەیێکە، یاخود هەڵوێستێکی نادیارە، کـە پێویسـتی بـە راڤـە کردن هەیە، بۆیە کار دەکاتە سەر ئارەزووەکان، بـۆ دۆزینـەوەو زانینـی ئـەوەی لـە دوایـدا دێت. کێشە و قەیرانی چـیرۆك، بـۆی هەیـە رەوانـی بـێ، دەشـگونجێ لـە بـەرەنگار بـوونی کردەوەی باش و هەستی دەروون سەرچاوە بگرێ، دوور نییە لە دۆخێکی گاڵتەجاردا بەدی بێ، بە هەرحاڵ دەبێ سروشتی و لە راستی نزیك بێ و لە چیرۆك بوەشێتەوە، زۆر جـار لـە گرێچندا، گرێ لە ئەنجامی ململانێ، پێچەوانە بوون، دووبارەبوونـەوە، یـان دژایـەتی کـردن دروست دەبێت، لێرەشدا مەبەست لە ململانێ، "شێوەکانی خەبات کردن و بەرگری کردنە، جا چ بە شێوەی هێمایی (سیمبولی) بێ، یاخود واقیعی. ئەو چیرۆکانەی، کە ململانێکانیـان لە نێوان هێزە بەرهەڵستکارەکانە، لەو کاتـەدا ململانێیەکـە رەمـزی دەبێـت، لـە کاتـەکانی تریشدا واقیعی دەبێت. ململانێیەکانیش، یان لـە نێـوان گیانلەبەرانـدا دەبێـت، یـەك لەگـەڵ یەکێکی تر، لە نێوان چاکە و خراپە دا (شەڕ)دا، ئەم جۆرە ململانێیـەش لـە منـداڵانی پـۆلی یەکەمی سەرەتایی بە رێژەی ٦٥٪، لە پۆلی دووەمدا بە رێژەی ٤٠٪، لە پۆلی سـێیەمدا بـە رێژەی ٤٧٪ دەبێت، یانیش ململانێیەکان لە نێوان هێزە ماددی و روحییەکانـدا دەبێـت، ئەم جۆرەش لە چیرۆکی ئایینی و پێغمبەراندا بەدی دەکرێت و، رێژەکەشـی (٢٢٪)ە بـۆ منداڵانی پۆلی یەکەم و دووەمی سەرتایی. جۆرە ململانێیەکی تریشمان هەیە، کە لە نێوان حەق و نا حەق دایە، ئەمەش لە چـیرۆکە کۆمەڵایەتییەکانـدا بـەدی دەکرێـت، یـاخود لـە نێوان مرۆڤ و ژیانی زەحمـەت و کوولەمـەرگی. رێژەکەشـی، بـۆ منـداڵانی پـۆلی دووەمـی سەرەتایی١٧٪ و پۆلی سێ یەمیش ١٢٪ یە"[1]، بەڵام لە هەموو ئەمانەشدا، نابێـت شـتێك باڵ بەسەر رووداوی سەرەکییدا بکێشێت، ئەمەش دەبێت چیرۆك لەسەری بروات، بە بـێ پچڕان یان راوەستان. هەروەها دەبێ هێڵی (گرێ) بە روونی دیار بێت، تـا ئـەو رادەیـەی گەر مرۆڤێك ویستی چیرۆکێك بگێڕێتەوە، ناسینەوە یـان بەدواداچـوونی گرێـی لا ئاسـان

---

[1]: د.حسن شحاتة، ادب الطفل العربي، ص ١٦٨-١٦٩.

بێت، لە کاتی گێڕانەوەکەدا. بۆیە دەتوانین بڵێین (گرێ)، ئەو خاڵەیە، کەکێشەکە تیایدا لەو پەڕی توندی و چڕبوونەوە دایە.

## ٣- ئەنجـــــام- Denouement

گرنگی کۆتایی لە چیرۆکدا، لە رەگەزەکانیتری ناو چیرۆکەکە کەمتر نییە، چونکە لەگەڵ ئەوەی کۆتایی خاڵی تەقینەوە و چارەسـەر کردنـی کێشـە و ململانێیەکانـە و، خوێنـەر بـە هۆیەوە دەگاتە ئەنجامێك، جگە لەمە کۆتایی، ئەو بەشەیە کـە ئامـانج و مەبەسـتی گشـتی چیرۆکەکە تیایدا دەخرێتەڕوو، بۆیە زۆر لە لێکۆڵەرانی چیرۆك، ئەم بەشە بە (ساتی رووناك کردنەوە– لحظه التنوير) ناو دەبەن. واتە "هەموو ئـەو کێشـەو گرفتانـەی کـە لـە چـیرۆکدا روودەدەن، بەرەو خاڵی رووناك کردنەوە دەڕۆن، کە کۆتایی چیرۆکەکەیەو، تیاشیدا مانـای گشت شتەکانی پێشوو روون دەکاتەوە و دەردەخات."[1]، کۆتاییش دەبێ ببێتە مایەی رازی کردن و قایل بوونی منداڵان، چـونکە کۆتـایی بـەلای منداڵانـەوە سـەر لێشـێواندن و گومـان دەنـوێنی ئەگـەر بۆشـایی و تێنەگەیشـتن رووبـەڕوویان بێتـەوە، بۆیـە کۆتـایی لاوازیـان ناقەناعەت پێکەر، خراپترین گوناهە کە نووسەر دەیکات، هەموو نووسەران دەداتـە دەسـت پڕوپووچـی و بـەتاڵی، لەبـەر ئـەوە کـە کۆتـایی دێـت، دەبـێ بـە هێـز بێـت و مەبەسـتێك بگەیەنێت، قەناعەت پێهێنەر بێت. جا بۆ ئەوەی کە هیچ گومانێـك نەمێنێتـەوە و، خوێنـەر هەسـتێکی تـەماوی بەرانبـەر بـە چـیرۆك و چارەنووسـی کەسـایەتییەکانی نێـوی نـەمێنیّ، نووسـەر زۆر جـار رەگـەزێك لـە رەگـەزەکانی لـە پـڕی دەخاتـە سـەر، واتـە دەخاتـە سـەر کۆتاییەکە، بەمەش گشت کەلێن و قوژبنە تاریکەکانی ناو چیرۆکەکە بۆ خوێنەر یان گـوێگر روون دەبێتـەوە. ئـەم رەگـەز و خسـتنە سـەرانەش هەنـدێ جـار بەرێککـەوت دێنـە نـاو چیرۆکەکە، هەندێ جاریش چیرۆکنووس بە نا چاری پەنایان بـۆ دەبـات، هـەروەك باسمـان کرد تەنها بە مەبەستی ئەوەی خوێنەر یان گوێگرەکە بڵێ (بەڵێ من تێدەگەم)[2].

لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات، ئایا کۆتـایی دەبێـت دڵخۆشـکەر و شـادی بێـت، یـان غەمگینی؟! چارەسەرێکی تەواو و ئامادەکراو پێشکەش بکات، یاخود نا؟! بۆ وەڵامی ئەم

---

[1]: الدكتور رشاد رشدي، فن القصة القصيرة، ط٣، ١٩٧٠، ص١١٢.

[2]: جۆن ئەیکن، چۆن بۆ منداڵان دەنووسی، و: کەمال غەمبار، ل ٨٣-٨٤.

پرسیارەش لێکۆڵەرانی بواری چیرۆك و ئـەدەبی منـداڵان، راو بۆچـوونی جیاوازیـان هەیـە، جیاوازییەکـەش بـە پێـی جیـاوازی قۆنـاغی تەمـەن سـەری هەڵـداوە، بـەڵام هەنـدێ لـە رەخنـەگران کۆتـایی بەختـەوەریان لـە چـیرۆکی منداڵانـدا پـێ باشە،چـونکە بـەپێی ئـەو لێکۆلینەوانەی لەم رووەوە لەسەر منداڵاندا ئەنجام دراون،دەرکەوتووەکـە ئـەو چـیرۆکانەی کۆتاییان بە خۆشی و شادی دێت، بە رێژەیەکی زیـاتر لەلایـەن منداڵانـدا وەردەگیرێـت لـەو چیرۆکانەی، کە کۆتاییان دڵتەنگی و ناخۆشییە، ئەو لێکۆڵەر و رەخنەگرانە،پێشبینی ئەوە دەکەن،کە ئەو چیرۆکانەی کۆتاییـەکانیان ناخۆشـییە، پێویسـت بـەوە ناکـات کـە منـداڵان گـوێی لێ رابگـرن، چـونکە جیهـانی منـداڵ،جیهانی دڵخۆشـی زەردەخەنـە و شـادییە، بۆیـە پێویستە لەسەرمان، کـە هەسـت و سـۆزی منـداڵ بـەم کۆتاییـە ناخۆشـانە ئـازار نـەدەین. هەروەها سەبارەت بە چارەسەریش بۆ کۆتـایی، دەکـرێ چـیرۆك کۆتـایی پـێ بێـت، بـەبێ ئەوەی هیچ چارسەرێك پێشکەش بە منداڵان بکرێت، بەڵکو بۆ منداڵان بە جـێ بهێڵرێـت کـە خۆیان بە ئەنجام بگەن و بیرو هۆش و هەستەکانیان بخەنە گڕ تـاوەکو بگەنـە کۆتاییەکـە، بـەڵام ئـەو چـیرۆکانەی کـە کۆتاییـەکانیان، چارەسـەرییەکی تـەواویان پێشـکەش بـە منداڵانکردووە،بیر و هۆش و هەستی منداڵان ناخاتە کار بۆ وەدەست هێنانی ئـەنجامی نێـو چـیرۆکەکە، لـەم حاڵەتەشـدا، توانـای یـادەوەری منـداڵان گەشـە دەکـات نـەوەك توانـای داهێنانەکانیان.

لێـرەدا بـۆ نموونـە چـیرۆکی (دارکونکـەرە)[1] دەهێنینـەوە، تایبتمەنـد و خاسـیەتەکانی (گرێچن)ی بەسەردا پراکتیزە دەکەین. چیرۆکنووس لە چیرۆکی (دارکونکەرە)دا، ورد بینانە تان و پـۆی رووداوەکـانی چـنیووە و، نوێکـاری بەروخسـار و شـێوەی گشـتی چـیرۆکە کـە بەخشیوە. سەرەتای (گرێ)یەکە لەم چیرۆکەدا، بە سووتانی شاخ دەست پێدەکات. وەك (گرێی یەکەم)، دواتر گوێگر یان خوێنەر لە دڵی خۆیدا چاوەڕێی دۆزینەوەی ریگاچارەیەکە، تاوەکو ئەم (گرێ– کێشەیە) دابمرکێتەوە،کەچـی چـیرۆکنووس زانایانـە (گـرێ– کێشـە)ی چیرۆکەکە بەرەو لووتکەو هەڵکشان دەبات و (گرێ)ی تر دروست دەکات، ئەویش سووتانی داربەرووەکەیە، وەك (گرێی دووەم).رەنگە گوێگر یان خوێنەر هەم دیسان دڵەکووتە بیگرێ

[1]: سەلام مەنمی چیرۆکی (دارکونکەرە)، گوڵزارا چیرۆکان، لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ئامادەی کردووە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٩٠.

و،چـاوەڕێی چارەسـەرێك بێـت بـۆ ئـەم كێشـەیەش.نەبادا سـووتانی دارسـتانەكەو داربەڕووكە،هێلانەی داركونكەرەشی لێبكەوێتەوە،بەڵام چیرۆكنووس هەر لەگـەڵ ڕۆیشـتنی ڕەوتـی چـیرۆكەكە (گرێ)یـەكی تـر دروسـت دەكـات، ئـەویش سـووتانی هێلانەكـەی داركونكەرەیە وەك (گرێی سێیەم)،مەبەستی چیرۆكنووس لێرەدا،تووندكردن و گەورەكردنی (گرێ) یەكانە،تاوەكو بتـوانی بـەرەو لووتكـە بیانبـات و بەهۆیانـەوە (گرێچـن)ێك دروسـت بكـات و خوێنــەر یـان گـوێگر چـێژ و هەسـتی خۆشەویسـتی گـەورەی خـۆی لەوێـدا ببینێتەوە،بۆیـە لێـرەدا لەگـەڵ توونـدبوونی(گرێ– كێشــە)كان و هەڵكشـانیان بـەرەو لووتكە،گرێچـنێك دروسـت دەبێت،كـە ئـەویش (سـەرگەردان بـوون– بـێ هێلانـەبوونی داركونكەرەیە).ئەمە لووتكەی كێشـەكانەو لێرەدا منـدالآن دەیانـەوێت چارەیەك بـۆ ئەمـە بدۆزنەوە،تاوەكو داركونكەرە بێ جێگاو ڕێگـا نەمینێتەوە،بۆیـە چـیرۆكنووس شـارەزایانە، بەرەبەرە(گرێچـن)نەرم دەكاتــەوەو دواتـر كۆتـایی پێـدێنێ، ئـەویش بـە (دۆزینـەوەی هێلانەیەكی تر)لەلایـەن داركونكـەرەو دڵخـۆش بوونی.دەتـوانین هاوكێشـەكە بـەم شـێوەی خوارەوە دەربخەین:

١– سەرەتای گرێچنەكە = ناسینی كەسایەتی داركونكـەرە بـە منـدالآن + كـونكردنی داربەڕووێك لەلایەن داركونكەرە + دروست كردنی هێلانـە لـە داربەڕووكـە + پـەیدا كردنـی بژێوی ژیان.

٢– ناوەڕاستی گرێچنەكە (گرێیەكان) = سووتانی شاخ (گرێی یەكـەم) + سـووتانی دار بەڕووەكە(گرێی دووەم) + سووتانی هێلانەی داركونكەرە (گرێی سێیەم).

٣– لووتكەی گرێچن=سەر گەردان بوون و پەڕاگەندەبوونی داركونكەرە.

٤– كۆتایی گرێچن=دۆزینەوەی هێلانەیەكی تر لەلایەن داركونكەرەوشێبوونەوەی گرێچنەكە.

## ٤- كەسایەتی - Character

كەسایەتی ڕاست و دروست، خاڵێكی تـرە لـە خاڵـەكانی چـیرۆكی بـاش، چیرۆكنووسـی بەهرەدار ئەوەیە، كە بتوانێت بە وردی كەسایەتییەكان وێنە بكات، بـە جۆرێـك كـە لەگـەل ڕەگەز و بەشەكانی تری نێو چیرۆكەكە بیانگونجێنێت و، وەك كارەكتەری ڕاستەقینەش بـە

خوێنەر یان گوێگرانی بناسێنێت. واتە خوێنەر یان گـوێگر راسـتگۆییان تێـدا ببینێتـەوە و، لەگەڵیاندا هەست بە بـوونی ژیـان بکـات. کەواتـە نووسـەر چـەند لێزانانـە وێنـەی قارەمـان بکێشێت، چەند هونەرمەندانە رووداو بچنێت و پەیوەندییەکی هارمۆنی لە نێوان قارەمـان و رووداوەکاندا بەرجەستە بکات،هێنـدەش زیـاتر دەتوانێـت سـەرکەوتن بـە دەسـت بهێنێـت. چونکە قارەمـان و رووداو، وەك دوو رەگـەزی گـرنگ و بنچینـەیی، رۆڵێکـی کاریگـەر لەبـەر هەمهێنانی هەموو چیرۆکێکدا دەبینین،دەتوانین کەسـایەتی وا پێناسـە بکەین"کـە نوانـدنی کەسانێکە لە نەوەی ئادەمیزاد– کە هەمیشە بایەخێکی گەورەیان لـە چـیرۆکدا هەیـە و بـە زۆری گرنگترین رەگەز لە رەگەزەکانی چیرۆك دادەنرێن. هەتا ئەگـەر گیانـداریش بـن، ئـەم گیاندارانە هەمیشە وێنەی خەڵکانێ دەنوێنن یا دەکێشـن، یـا لـە بـاتی سـیما مرۆڤاییـەکان بەکاردێن."[١].

لە چیرۆکی منداڵانـدا کەسایەتی دروسـت، ئـەو کەسـایەتیانەن،کە منـداڵان رازی بکـەن بـەوەی راسـتەقینەن یـاخود هاوتـای راسـتییەکانن.جا ئـەو کەسـایەتیانە مـرۆڤ بن،یـان ئاژەل،یـان ڕووەك(بـێ گیانـەکان)،یان کەسـایەتی نێـو ئەفسـانەکان بـن، یـاخود هـەر کەسـایەتییەك بـن، کـە لـە جیهـانی منداڵانـدا خۆشەویسـتن.کەواتە رادەی قایـل بـوون و بڕواکردنی منداڵان بۆ کەسایەتییە دروستەکان، دەوەستێتە سەر توانای دانەر لە بەخشینی ئاکاری راستەقینە لە رەفتارو کاری سەرووی هێزەکان(الاعمال الخارقة)و، هێزی لاوازی ئـەم کەسایەتیانە،لە وێنە راستەقینەکانی خۆیان،بۆ نموونە کاتێك نووسەر، وێنەی کەسایەتێکی وەك (سپایدرمان یا خودسوپەرمان) دەکێشـێت، رەچـاوی ئـەوە بکـات ئـەو کەسـایەتیانە، هەمان ئەو کار و هەڵسوکەوتانە بکەن کـە هاوتاکانیـان لـە ژیانـدا دەیکەن،واتـە دەبێـت لـە ئاستی واقیعی خۆیاندا پیشانیان بدات،ئەگەر کەسایەتییەکان خەیاڵیش بن یاخود ئـاژەڵ و بـێ گیانـەکان بن،دەبـێ هەڵسـوکەوتەکانیان وەك ئەوانـە بـن، کـە لـە واقیعـی ژیانـدا روویانداوە،هەر چـەندە ئەندێشـەی منـداڵیش یارمـەتی دەدات، بەخسـتنە سـەر و لکانـدنی چەند سیفاتێکی ئادەمیزادی بۆ جۆرەها ئاژەڵ و بێ گیانیش.بەمەش چیرۆکنووس دەتوانێ زیندوویی راستگۆیی بە کەسەکان ببەخشێت، ئەمـەش دەبێتـە مایـەی ئـەوەی کـە منـداڵان سۆز و خۆشەویستی لەگەل ئەو کەسانەدا پەیدا بکـەن. خـاڵێکی تـر، کـە چـیرۆکنووس لـە

---

[١] لین ئۆلنبیرند– لیزلی لویس، کورتەیەك لە بارەی لێکۆلینەوەی چیرۆکەوە، و: سەلاح عومەر، ل ١٢٥.



هەولێرنامەی کتێب

وێنـاکردنی کەسـایەتیەکاندا دەبـێ ڕەچـاوی بکـات ئەوەیـە، دەبێـت کەسـایەتیەکان کـاری سروشـتی ئـەنجام بـدەن، بـە جۆرێـك کـە لەگـەڵ لۆژێـك و دابونەریتـە کۆمەڵایەتییەکانـدا بگونجێت،ئەو ڕۆڵ و کارەی کە پێی دەسپێردرێت ن ئەوشتانەی کـە دەیلێـت، یـاخود ئـەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ کەسانی تری نێو چـیرۆکەکە ئـەنجامی دەدات، دەبـێ گشـتیان لەگـەڵ تەمەن و ڕادەی ڕۆشنبیری و لە سـەرووی هەمووشـیانەوە لەگـەڵ تایبەتکارییـەکانی خۆیـدا بگونجێت،واتە" کەسەکە بۆ ئەوەی بچێتە ئەقڵـەوە دەبـێ لەگـەڵ تایبـەتکارەکانی خۆیـدا بگونجێ،کابرایەکی ترسنۆك والێ مەکە لە پڕێکا شێر بە گوێ بگرێ،چونکو ئەگـەر شـتێکی وای کرد لە ڕاکاری دەرچوو، ئـەوا تۆلـە بڕواکـاری لات داوە"[١]، هـەروەها هـەروەك باسمـان کرد،دەبـێ کەسـایەتییەکە لەگـەڵ ژینگـە و دابونـەریت و کلتـووری نەتەوەکەشـیدا بگونجێت.ئەگەرچی زۆر جار وابووە کە چیرۆکێکی منداڵان لە زمانێکی بێگانە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کـوردی، نـەیتوانیووە ئـەرك و مەبەسـتی تـەواوی خـۆی بپێکێـت، چـونکە ئـەو ژینگەو دابونەریت و کلتوورەی،کە دانەر کەسـایەتیەکەی لێ هەڵهێنجاوە،ڕەنگـە زۆر لەگـەڵ هی کوردییەکەدا جیاواز بێت.

هەروەها کەسایەتییەکانی چیرۆکی منداڵان دەبێـت گونجـاو و ئاشـکرا بـن، جیـاکراوە و سەرنج ڕاکێش بن، گونجاو بن واتە ئـەو کارەکتەرانـەی کـە چـیرۆکنووس هەڵیاندەبـژێرێت، منداڵان حەزی لێبکەن و،پێشکەشکردنیان بەشێوازێك بێت، کە لەگەڵ قۆناغەکانی گەشـەی منداڵ و ئاسـتی بـیر کردنەوەیانـدا بگونجێت،ئاشـکراش بـن مەبەسـتمان لێـی هەسـتپێکراو وبەرجەسـتە کـراو بـن، بـەجۆرێك کـە بـۆ منـداڵ گـران نـەبێت لـە خـەیاڵ و ئەندێشـەی خۆیدا،وێنەکەی بەهەمان شێوەو خاسیەت و ڕەنگەکانییەوە بکێشێ، لێرەشدا مەبەسـتمان ئەوەنییە،کارەکتەر هەر دەبێ لە جۆری ئادەمیزاد بێ،نەخێر، چونکە زۆرجـار لـە چـیرۆکی منداڵاندا وا دەبێ کارەکتەر، ئاژەڵ، یان بێ گیان،یاخود مۆتەکەیـەکی جنۆکـە بێـت، بـەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم کەسایەتییەی کە ڕۆڵ دەگێڕێـت، واقیعـی و لەسـەر شـێوەی ڕاسـتەقینە بێت،چەند سیفاتێکی ئادەمیزادی بە خۆوە هەڵگرتبێ لە قسـە کـردن، ڕەفتـار، جووڵانـەوە ... تاد.

---

١: هونەری کورتە چیرۆك نووسین، وەرگێرانی لە عەرببییەوە: مستەفا صالح کەریم، ل ١٦.

هەروەها کە دەڵێین، دەبێ کەسایەتییەکان جیاکەرەوەو سەرنج راکێش بن،واتـە نابێـت ژمارەیان زۆر بێت،یان سیفاتیان لێك نزیك بێت،یاخود ناویان لێك نزیـك بێـت، بـەڵکو دەبـێ هـەر کەسـایەتێك، تایبەتمەنـدی و جیاکـەرەوەی خـۆی هـەبێت،تاوەکو منـداڵان تیکـەڵاوی یەکتریان نەکەن.[1] یـەکێك لـەو خاڵانەش،کـە یارمەتیـدەردەبن لـە جیاکردنـەوەی کەسـەکان لەیـەکتری و تێکـەڵاو نـەبوونیان لـەلای خوێنـەر یـان گوێگر،دانـانی نـاوە بـۆ کەسـەکان. چـیرۆکنووس دەبـێ مامەڵەیـەکی سـەردەمانە لەگـەڵ نـاوی کەسـایەتی نێـو چـیرۆکەکان بکات،گـەر نـاوی کەسـەکان لەگـەڵ کەسـایەتی نـاو چـیرۆکەکە و سـەردەمەکەیدا نەگونجێ،نەشارەزایی چیرۆکنووس نیشان دەدات،هەروەك (حسـێن عـارف) لـەم بارەیـەوە دەڵێ:

*"ئـەو چیرۆکنووسـەی، نـاوی کەسـەکان لەگـەڵ کەسـایەتی نـاو چـیرۆکەکە و سەردەمەکەیدا نەگونجێنـێ، هەر زوو نەشـارەزایی خـۆیم پـێ ڕائەگەیـەنێ، لـە بنچینەیەکی هەرە گرنگی هونەری چیرۆك نووسینا، هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆکەکەیە."[2].*

کەسایەتییەکانیش دابەش دەکرێنە سەر دوو جۆر:

**کەسایەتی پێگەیشتوو (بگۆڕ) – Daynamic Character**

ئـەو کەسـایەتیانەن،کە لەگـەڵ هەڵوێسـتەکانی نێـو چـیرۆکەکە گەشـەدەکەن و پەرەدەسێنن.واتە ئەو کەسایەتیانە لەگەڵ ڕەوتی چیرۆکەکە بەردەوام دەبن،هـەروەها بـە درێـژایی ڕووداو و هەڵوێستەکانی نێـو چیرۆکەکە،هەڵوێسـتەکانی ئـەم جـۆرە کەسـایەتیانە بەرە بەرە لایەنی نوێیان لێ دەدۆزرێتەوەو بەدەردەکەوێت،کـە ڕەنگـە لەلایـەن گـوێگر یـان خوێنەرەکـە، لــە سـەرەتای ناسـینی کەسـەکە ڕوون و ئاشـکرا نـەبووبن. نووسـەری بەهرەمەنـدیش، گەشـە و پەرەسـەندنی کارەکتـەر بـە شـێوەیەکی پلـە دراو سـەلمێندراو دەکـات، تـاوەکو لەگـەڵ ئـەو سروشـتە کـە لـە واقیعـدا هەیـەتی بگونجێـت. ئـەم جـۆرە کەسایەتییەش پێکهاتـەی تـەواو نابێـت، تـەنها لـە نزیکـی تـەواوبوونی چیرۆکەکە نـەبێت،

---

[1]: احمد نجیب، فن الکتابة للاطفال، ص ٧٨-٨٠.

[2]: حسێن عارف، ناوی کەسانی چیرۆکمان چۆن هەڵبژێرین؟ گ (بەیان)، ژ (٣)، نیسانی ١٩٧٠، ل ١١.

زۆربەی کەسایەتییەکان لە چیرۆکی منداڵاندا،لەم جۆرەیە،کە بەنەمری لە یادەوەری دەمێنێتەوەو لەگەڵ ویژدانی مرۆڤدا دەژێت.

## کەسایەتی جێگیر – رووکەش (نەگۆر)- Static character

کەسایەتی جێگیر، ئەو کەسایەتییەیە کە هیچ گۆڕانێك لە پێکهاتەکەی نییە، هەروەك ئەوە وابێت هیچ نەجووڵێ لە ژیان لە ماوەیەکی دیاری کراوی تەمەن واتە کەسایەتییەکی خاوەن یەك رەهەندەو، هەمیشە هەڵسوکەوتەکانی لەنێو چیرۆکدا بەیەك سروشت و رەوشت دەبینرێت.کاتێکیش لە چیرۆکدا دەردەکەوێت،بە شێوەی تەواو پێگەیشتوو دەردەکەوێت لە پێکهاتندا،واتە بە درێژایی قۆناغەکانی چیرۆکەکە،لەسەر یەك سروشت دەمێنێتەوە و گەشە ناکات.دەبێ لایەنە تایبەتمەندی و خودییەکانی ئەم کەسایەتییە و خاسیەتەکانی،بەروونی دیار بێت و بە جوانی وێنا کرا بێ. نموونەی ئەم کەسایەتیانەش: سندباد، عەلائەددین، شێتۆکە و ئاقرۆکە، مەلای مەشهور... هتد.

ئەمانە ناگۆڕێن و پەرەسەندنیان بەسەردا نایەت، لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتییەکانیان لەهەر سەرچڵییەکدا، هاوشێوەی سروشتی خۆیانە، ئەم کەسایەتیانەش لە چیرۆکدا زۆر گەورە و مەزنن و ناوبانگ دەردەکەن.[1]

بۆ رەگەزی (کەسایەتی)، چیرۆکی (خاوێنی)[2] بە نموونە دەهێنینەوە،بەپێی ئەم رەگەزە پراکتیزەی دەکەین.

لەم چیرۆکەدا نووسەر مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ رەگەزی (کەسایەتی)دا کردووە،ئەو تایبەتی و خەسڵەتانەی، کە دەبێ لە کەسایەتی دا هەبن،لە دروستکردنی کەسایەتەکاندا،لەبەر چاوی گرتوون.بەپێی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کە منداڵانی تێدا دەژین، کەسایەتییەکان و ناوەکانیانی هەڵبژاردوون.چیرۆکنووس چەند کەسایەتییەکی لەم چیرۆکە دا بەکارهێناوەو دروست کردووە،کە (دانا و ساوێن) سەرەکین و (پیاوێکی سەر رێگا، مامۆستا و قوتابییەکان)یش لاوەکین.چیرۆکەکە باس لەوە دەکات کەسایەتی (دانا)، کە کەسایەتییەکی پێگەیشتووە، هەست بە کەم لێپرسینەوەیی دەکات بەرامبەر ئەرك و

---

[1]: د. سمير عبدالوهاب احمد، قصص و حكايات الاطفال، ص ٢٠٣. هةروا: علي الحديدي، الادب و بناء الانسان، ص ١٢٣ -١٢٤.

[2]: بەهار رەشید، چیرۆك بۆ منداڵان (خاوێنی)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

هەڵوێستەکانی دەورووبەری،بە ئەرکی سەرشانی نـازانیٚ یارمـەتی خـەڵك بـدات و ژینگەکـەی خاوێن راگرێت، بەڵام(سـاوێن)ی هاوڕێی،کـە ئـەویش کەسـایەتییەکی پێگەیشـتووە چـونکە هەردووکیان واتە (دانا و ساوێن) لە گەشەسەندن و بەردەوامی دان لەگەڵ ڕەوتی چیرۆکەکە بـەردەوام ئامۆژگـاری (دانـا) دەکات،لـە ئەنجامـدا دەیگۆڕێـت بـۆ کەسـێك،کە هەسـت بـە لێپرســـینەوەیی دەکـــات و گیـــانی یارمەتیـــدانی لـــەلادا دروســـت دەبێـــت. لـــەم چیرۆکەدا،کەسـایەتییەکان ئـەو کارانەی،کـە پێـی هەڵدەسـتن،کارێکن منـداڵان بـە ئاسـانی دەتوانن ئەنجامی بدەن و لەگەڵ توانای سروشتی واقیعی ئەواندان.

## ٥- کات و شوێن – The Setting

کات و شوێن دوو رەگەزی پێویستن، کە بەشداری لە سازدانی چـیرۆکدا دەکـەن، شـێوەی هونەری پیٚ دەبەخشن چونکە "ڕووداوەکـان لـە بازنەیەکدا دەسـووڕێنەوە، ئـەویش (کـات و شوێن)ە.

ئـەم پەیڤانـەی سـەرەوە بـۆ ئـەوەمان دەبەن،کـە بڵێین،(کـات و شـوێن)لە چـیرۆکدا، پەیوەندی بە هەریەکە لە ڕووداوەکان و کەسایەت و بابەتی چیرۆکەکەشـەوە هەیـەو تەنانـەت کاریشیان تێدەکات،بۆیە دەڵێین"کـات و شـوێن دەفرێکن(بـە مانـا زاراوەییەکـەی)، سـەرجەم کەسان و کارەسات و ڕووداو بەسەرهاتەکان لە خۆدەگرن"[١]، لەبەر گرنگـی رەگـەزی (کـات و شوێن)لە چیرۆکدا،لە خوارەوەدا هەریەکیان بەتەنیا باس لێوە دەکەین.

### شـــوێن:

هـــەموو مـــرۆڤ و گیانلەبەرێك،تەنانـــەت بـــیٚ گیانێك،لەســـەر رووی ئـــەم زەمینـــەدا پەیوەندییەکی توندوتیژ هەیە،کە بـەو شـوێنەی تیایـدا جێگیربـووە دەیبەسـتێتەوە.لێرەدا ناڵێم تیایدا ژیاوە،بەڵکو دەڵێم تیایدا جێگیربووە، چونکە مردووەکانیش لـە گۆڕسـتانەکاندا شوێنێکیان هەیە. زۆر مەسەلە و شتی تریش هەن، لە نێو خەیاڵەکانماندا دەخولێنەوە.

کەواتە هەموو شتێك لەسەر رووی ئـەم زەمینـەدا، حەتمـەن شـوێنێکیان داگیرکـردووە، تەنانەت گەردیلە و ماددەکانیش، گەر باسی شتەکانی نێو ئەندێشە و خەیاڵیش بکەین، خۆ

---

[١] حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری...، ل ٢٧٨.

ئەمانیش وێنەیەکی شتە راستی و واقیعییەکانن، کـە هـەم دیسـان جێگەیـەکیان هەیـە لـەم بوونەوەرەدا، ئەمانە راستییەکن ناکرێ خۆیان لێ لابدەن.

چیرۆکیش بەو پێیەی کەوا رەنگدانەوەی واقیعە،نابێ راستییەکان فەرامۆش بکات، بۆیە چیرۆکنووس گەر بیەوێ بەرهەمەکـەی سـیفەتێکی زینـدوو و راسـتگۆ وەربگرێـت، دەبێـت شـتەکانی نێـو واقیعـی تیایـدا بـەر جەستەبکات،بۆیە"شـوێن،بریتییە لـەو واقیعـە کۆمەڵایەتییەی،کە چیرۆکنووس هەڵیدەبژێرێت و رووداوی چـیرۆکەکەی تێدا دەهۆنێتـەوە، یان پاڵەوانی چیرۆکەکە لەم شوێنەدا ژیان دەباتە سەر."[١]، هـەر چـەندە ئـەو شـوێنەی کـە لەچیرۆکدا هەیە،هەمان ئەو شوێنە نییە،کە لەواقیعدا بەرچاو دەکەوێت، چـونکە بـە لایـەنی کەمـەوە شـوێنی نێـو چـیرۆك پێکهاتەکـەی وشـەیە، وەلێ شـوێنی راسـتەقینەی رووداو لـە واقیعدا بەدی دەکرێت و هەست پێ دەکرێت، بۆیە چیرۆکنووسی بەهرەدار هەمیشە هـەوڵی ئەوە دەدات،بە چەند شێوەیەك و ڕێگایەك، شوێنی نێو چیرۆك لـە شـوێنی راسـتەقینەکەی واقیع نزیك بکاتەوە.

"نووسینی چیرۆك بۆ منـداڵان، گەڕانـەوەی چیرۆکنووسـە بـۆ ژیـانی منـداڵی یـان ژیـان لەگەڵ منداڵاندا،یان ژیانی ئەمڕۆی بەشێك دەبێت لەدوو توێی ئـەو ناوچـانەی،کە منـداڵی لێ دەژێت، گەلێك جاریش نووسەر، بەخەیاڵ واقیعێك دروست دەکات،بەڵام هـەر دەبێـت نزیـك بێـت لـە ژیـانی منـداڵان یـان بـە شـێك بێـت لـە ژیانەکـەیان یـان بەشـێك بێت،لـە رەوتـی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆ کە منداڵی لێ بژێت"[٢].

کەواتە ئەو شوێنەی کە لە چیرۆکی منداڵاندا هەڵدەبژێردرێت، دەبێ لەگەڵ ئەم واقیـع و راستیانەی سەرەوە،کە باسکران،بگونجێت و راستەقینە بن و بەراستگۆییانە باسـیان لێـوە بکرێ، چونکە"ئەگەر شوێنی رووداني چیرۆك وەراست نەچـێ،خوێنەر ئیمـان بەراسـتەقینە بوونی کەسایەتییەکانیش ناهێنێ،جا بۆ ئەوەی شوێنی رووداني چیرۆك لە روانگەی خوێنەر راست بنوێنێ،یەکەمجار پێویستە خودی نووسـەر ئـەوەی بەچـاوی، شـوێنێکی راسـتەقینە ببینێ و بە باشی بیناسێ"[٣].

---

[١]: نەوزاد عەلی ئەحمەد، مندال و ئەدەب، ل ٧٧.

[٢]: س.پ، ل ٧٧-٧٨.

[٣]: ئیبراهیم یونسی، گوڵبژێرێك لە هونەری چیرۆك نووسین، و: نەبەز جەهانگیر پور، ل ٦٦.

لەلایەکی تریشەوە، چیرۆك گەر لە ژینگەیەکی دیار یکراو ڕوودات،دەبێ کـەش و هـەوای ئـەو ژینگەیـە نیشـان بـدات و مـرۆڤ وا هەست بکـات لەهـەمان ئـەو شـوێنە راسـتەقینەیە،کە چـیرۆکەکە باسـی لێوەدەکـات.بۆ نموونـە کـە باسـی (لادێ) دەکـات وەك شــوێنێك لــە چـیرۆکەکەدا،کە کەسـایەتییەکانی رۆڵـی تێـدا دەگێـڕن و ئاکسـیونی[1] چـیرۆکەکە لەوێـدا ڕوودەدات.دەبێ مرۆڤ لەوێدا هەست بـە سـادەیی و جـوانی سروشـت و دڵئـارامی بکا،یـاخود هەست بە هەژاری و نەخوێندەواری بکات، یانیش هەست بەو هاوکاری و دڵسۆزییە بکات، کـە لە نێوان تاکەکانیدا هەیە. ئەمانەش گشتیان رەنگە رەوتی چیرۆکەکە بنوێنن،کەواتـە "ژینگـە یان شوێنی ڕوودانی چیرۆك دەبێ بە چەشنێك بێ،کە ئاکسیۆینی چیرۆك لێوەشاوە و شـایانی وی بێت"[2].

ئەم قسانەش بۆ ئەوەمان دەبات، کە بڵـێین چـیرۆکنووس دەبـێ لـە کـاتی هەڵبـژاردنی شـوێن بـۆ چـیرۆکەکەی،لە ژینگـەی خـۆی داینـەبڕێت و لـە شـوێنێکی نـامۆو دەسـتکردا داینەنێت، بۆ نموونە لە چیرۆکی منـداڵانی کوردیـدا کاتێـك چـیرۆکنووس بـاس لـە شـوێنێك دەکات،دەبێت شوێنەکە لەگـەڵ ئـەو دابونـەریت و ژینگەیـەدا بگونجێت،کـە رۆڵـەی یـاخود بلێین منداڵی کوردی تێدا دەژی. کەچی هەندێ لە نووسەرانمان ئەم کارە بەهەند هەڵناگرن، بە تایەتی لە کاتی وەرگێڕانی چیرۆکێك لە زمانانی بێگانەدا،زۆرجار هەمان ئەو شوێنانە بـە کاردێنن، کە لـە چـیرۆکەکەدا هەبووەلـەم حالەتەشـدا (شـوێن) کـارێکی ئـەوتۆی ناکەوێتـە سـەر،تەنانەت ئەوەنـەبێت رەنگـە کەسـەکانی لەسـەر بـێن و بچـن،بۆیە"هەندێ جـار شوێن،شتێکە هەرئەوەتا ڕووداوکەی تێدا ڕوودەدات یان ئەوەتا کەسـەکانی لەسـەر دێـن و دەچن و ئیتر ئەرکی دیکەی ناکەوێتە سەر، (شوێن)ی چیرۆکی کـوردی ئـەم بیست ساڵەی رابردوو، تاك و تەرای ئـەم و ئـەوی لێدەرچـێت ئـەگینا لـەم جـۆرەن، راسـتە بایـەخیان بـە مرۆڤـی کـورد داوە،بـەڵام لـە ژینگـەی خـۆی دایبڕیـوەو لـە شـوێنێکی نـامۆ و دەسـتکردا دایناوە.گوندو شارو گەڕەك و شەقام و شۆسـتە و وێسـتگە و پـاس و فەرمانگـە و ئوتێـل و چاخانە و مەیخانە و نەخۆشخانەی نادیار و بێ ناونیشانە و ئەوەندەش گشتییە،کە دەشـێ

---

[1]: ئاکسیۆن: رەوتی چیرۆك.

[2]: ئیبراهیم یونسی، گوڵبژێرێك لە هونەری چیرۆك نووسین، و: نەبەز جەهانگیر پور، ل٦٢.

بلێین سیفاتی تایبەتییان تێدا نییە و تام بۆی خاك و ئاوی خۆمان نـادات"[1]، ئـەم کـارە لـە ئـەدەبی منداڵانـدا، کـارێکی نارەوایـە، چـونکە هـەروەك لـە پێشـتردا ئاماژەمـان پێدا،ئـەو کاروکردەوانەی چیرۆکنووس باسیان لێوە دەکات،دەبێت لەگەڵ ئەو شوێن و ژینگەیەی،کـە تیایـدا روودەدەن گونجـاو بـن ئـەگینا چـیرۆکەکە زینـدوویی و راسـتگۆییەکەی لـە دەسـت دەدا،بۆیە چیرۆکنووس کە شوێنێکی راستەقینە هەلیژێرێت، کە لەواقیعدا نزیك بێت، دەبێ زانیـاری و شـارەزایی تـەواوی لـە بـارەی ئـەم شـوێنەدا هـەبێت، چـونکە نابێـت شـوێنەکە دەقاودەق وەك خۆی بـە کـاری بێنێتەوە،بـەڵکو دەبـێ هەنـدێ گۆڕانکـاری تییـادا بکـات و جوانییەکی هونەری پێ ببەخشێت،بۆیە نابێت هەرگیز ئەو شوێنانە هەلبژێرێت،کـە زانیـاری تەواویان لەسەر نازانێ، چونکە لەو کاتەدا ناتوانێ هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر ئـەو شـوێنە دا بێنێت ناچار وەك خۆی دایدەنێتە نێو دەقەکە.

لەلایەکی تریشـەوە زۆر لـە لێکۆڵەران،رەگـەزی (شـوێن) وەك ناسـنامەیەکی نەتـەوەیی نیشتیمانی لە قەڵەم دەدەن،چونکە "شوێن لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دیکە جیـاوازە و تـەوزیفکردن و بەکارهێنانیشـی جیـاوازەو لـە هەمانکاتیشـدا، ناسـاندنی پێناسـەو مـۆرکی میللــەتان بــەدیاردەخات و دەناســرێنەوە"[2] بۆیەشــە زۆر جار،کــە چــیرۆکی میللــەتێك دەخوێنینەوە،ئەو مۆرکە تایبەتییەی کە میللەتەکەی پێ ناسراوە،لەم چیرۆکەدا بەرجەستە دەکەین.

کەواتە "شوێن هەر ئەوە نییە کە رووداوەکانی تێدا روودەدات،بەڵکو بە تونـدی کـار لـە دەروون و هەڵسـوکەوتی مـرۆڤ و کاردانـەوەو چـالاکییە سـایکۆلۆجی و سۆسـیۆلۆجی و... تەنانەت بیرو بۆچوون و ژیانی رۆحی و هەڵوێستی رۆژانە و خەون و خەیاڵیشی دەکات."[3]

ژینگەی ئەو شوێنەی،کە بـۆ منـداڵان دەسـت دەدا، لـە قۆناغـەکانی تەمـەنی زوویانـدا، بریتییــە لــە دارســتان و باخــەکان، ســەردارو درەختــەکان،ماڵ و قوتابخانــە...تاد، چــەند شوێنێکی تری سادە و ساکار،کە منداڵان دەتوانن پێشبینیان بکەن،بەڵام کاتێك شوێنەکان بۆ ئەشکەوت و چۆڵ و چیا و دەریا و رووبارەکان بگوازرێنەوە،رەنگە لەم حاڵەتـەدا منـداڵ

---

[1] زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەریی کوردیی- شێواز و بونیاد، ل ٢٧٦.

[2] سابیر رەشید، چیرۆکی کوردی، رەخنەو لێکۆڵینەوە، ل ٢٧.

[3] زاهیر رۆژبەیانی، چیرۆکی هونەری کوردی...، ل ٢٧٧.

پێویستی بە ئەزموونێکی فراوانترو تەمەنێکی عـەقڵی پەرەسـەندووتر بێت.لـەم گۆشـەیەدا چیرۆکی منداڵان لەگەڵ هی گەوراندا جیـا دەبێتەوە،بـەڵام منـداڵ لـە قۆناغـەکانی تەمـەنی پێگەیشتوویدا، لەبەرئەوەی زیاتر سەرنجی بۆ چیرۆکی واقیعی) دەچێت و کەمتر بایـەخ بـە چیرۆکی خەیاڵی و ئەفسانەییەکان دەدات،بۆیە بۆ ئـەوە دەچـێت، کـە ئـەو ڕووداوانـەی لـە ژیاندا ڕوودەدەن،هـەر دەبـێ لـە شـوێن و کـاتێکی دیـاریکراودا ڕوو بـدەن، ڕووداوەکـانیش پەیوەستن بە باروذۆخ و داب و نەریت و پرەنسیپە تایبەتییەکانی ئـەو کـات و شـوێنەی،کە تیایانـدا ڕوودەدەن.پەیوەسـت بـوونیش بـە هـەموو ئەمانـە، شـتێکی گرنگـە بـۆ زینـدوویی چیرۆکەکەو ڕەگەزی هاندان و پەرۆشی تێدا زیاد دەکات،چونکە ئەمـە ڕووپۆشـی دەروونـی چـیرۆکە،بۆیە ئـەو چـیرۆکەی بـاس لـە شـوێنێکی دەستنیشـانکراو و دیـار دەکات،دەبێـت ڕاستەقینە بێت،ڕاستگۆیانە باسی لێوەبکات.

ژینگـەی شـوێن لـە چـیرۆکی منـداڵانی کـوردی لـە دوای ڕاپەڕینـدا،زۆرجار بریتیـە لـە لادێ، دارسـتان،دارو درەخـت، مـاڵ و قوتابخانـە، کـانی و سەرچـاوەکان...و چـەند شـوێنێکی تر،کـە تایبەتمەندی نەتەوەیی میللەتی کوردی بەخۆوەگرتووە و ڕەسەنایەتییەکەی پاراستووە.

لەم بارەیەشەوە(غالب هلسا) لە پێشەکی کتێبی (جوانکاری شوێن)ی (باشلار) دا دەڵێ:

"هەر کارێکی ئەدەبی ئەگەر شوێنی فەرامۆشـکرد، ئـەوا تایبەتمەنـدی و ڕەسـەنایەتی خـۆی لـە دەست دەدات، لای مـن شـوێن تایبەتمەنـدی نەتـەوەیی بەخۆیـەوە هەڵـدەگرێ و گوزارشـت لـە ڕوانینیش دەکات."[1]

**کـــــات:**

کات وەك ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان،ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت،بـە هـەمان شێوەی شوێن،یاخود باشتر وایە بڵێین لەگـەڵ شـوێن چوارچـێوەیەك بـۆ ڕەگـەزەکانی نێـو چـیرۆکەکە سـاز دەکـات، هـەروەك حسـێن عـارف دەڵێـت:"کـات و شـوێن لـە هونـەری چیرۆکنووسـیندا، بـە پێـی چـەند دەسـتورێکی تایبـەتی، دەبنـە چوارچـێوەیەك بـۆ کەسـان و کارەسات و ڕووداو و بەسەر هاتەکان"[2].

---

[1]: غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة: غالب هلسا، ص٨.

[2]: حسێن عارف، نووسینەکانم لە بواری ڕەخنە و لێکۆلینەوەدا، ل ٢٧٨.

کەواتە ئاکسیۆنی چیرۆك،بە پێی ماوە ناتوانێ بەرێوە بچێ، بۆیە لە هەموو چیرۆکێکدا ڕووداوەکان لە ماوەیەکی دیاریکراو ڕوودەدەن.کەواتە ژینگەی کات:"بریتییـە لـەو مەودایـە کاتییەی کەڕووداوەکانی چیرۆك تیایدا ڕوودەدەن"[1].

کاتەکانیش زۆر جار کورتن، وەك ئەوەی سەعاتێکن یاخود ڕۆژێـك یـان چـەند ڕۆژێکـن، لەوانەیە خۆی بگەیێنێتە هەفتەیەکیش، زۆر جاریش کاتەکان دوور و درێژ دەبن،وەك ئەوەی خۆیان لـە قـەرەی مانگێك،یـان وەرزێـك یـاخود سـاڵێك و لەوانەیـە زیـاتر بـدەن. هـەروەها کاتەکان لە نێوان دەمەکانی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو) دا دەخولێنەوە.

کاتیش سەبارەت بە منداڵ و چیرۆکەکانیان، تا ڕادەیەك جیـاوازی بەخۆیـەوە دەبینـێ، چونکە منداڵ لە قۆنـاغی سـاڵەکانی سـەرەتاییدا، تێگەیشـتنی تـەواو و ئاشـکرای نییـە بـۆ کاتەکان. کەچی لەوانەیە هەستکردنی بۆ ڕەگەزی شوێنەکان تۆزێك باشتر بێت،بۆیە چیرۆك گێڕەوەکان زۆر جار دەستەواژەی (هەبوو نەبوو،لە دێر زەمانان،کـەس لـە خـوای گـەورەتر نەبوو) بەکاردەهێنن،لێرەدا ڕاستە دەستەواژەکە گوزارشت لەکاتی ڕابردوو دەکات،بەڵام بە بێ ئەوەی دیاریکردنێکی تـەواوی ئـەم ڕابـردووە بکات،بـەڵام منـداڵان لەسـەرەتای قۆنـاغی تەمەنیاندا، قۆناغی (٣-٦) سـاڵان دەتـوانن جیـاوازی لـە نێـوان شـەو و ڕۆژدا بکـەن،دواتر جیاوازی لەنێوان وشەی ئەمڕۆ و بەیانی (سـبەینێ)دا بکەن،ڕەنگـە ئەمـە بەرەبـەرە بـڕوات تـاوەکو دەگاتـە ڕۆژەکـانی هەفتە،بـەڵام ڕەنگـە نـەتوانێ مانـای سـەردەم و سـاڵەکان بزانێت،ئەم تێگەیشـتنەش بـە پێـی گەشـەکردنی قۆنـاغی تەمـەنی زیـاد دەکـات. بۆیـە بـە شێوەیەکی گشتی چیرۆکنووسی لێهاتوو ئەو کەسەیە، کە بتـوانێ هاوسـەنگییەك لـە نێـوان پێداویستییە هونەرییەکانی چیرۆکی منداڵان و، توناکانی عەقڵی، ڕادەی وەرگرتنی دا بکات، بەرەچاو کردنی ئەو قۆناغە تەمەنییەی کە بۆی دەنووسێ و ئەو بابەت و ڕەگەزەش،کە لـە چیرۆکەکەدا بە کاری دێنێ،بۆیە منداڵانیش لەگەڵ بەرەو پێشچوون و گەشەسەندنی قۆناغی تەمـەنیان،زیاتر بـەرەو شـتی واقیعـی هـەنگاو دەنـێن و دەتـوانن درك بـەوە بکـەن، کـە ڕووداوەکـانی نێـو چـیرۆك بـەبێ کـات و شـوێن ڕوونـادەن، بۆیـە ئـەو چـیرۆکەی بـاس لـە سەردەمێکی دیاریکراو یان کاتێکی دیاریکراو دەکات،دەبێـت ڕاستگۆیانە باسی لێوە بکـات و ڕاستەقینە بێت، هەروەها ئەگەر کاتەکان درێژ خایەن بن، وەکو ئەوەی خۆیان لە وەرزێك

[1] محمد عبدالرزاق ابراهيم ويح و اخرون، ثقافة الاطفال، ص٣٥٠.

یا ساڵێك یاخود زیاتر بدەن،دەبێ لەم حاڵەتەدا چیرۆکنووس ئاگاداری گشت ئەو گۆرانکارییانە بێت،کە لەو ماوەیە دوور و درێژانە بەسەر رووداو و کەسانی نێو چیرۆکەکەدا دێن.هەروەها گەر بۆنموونە رووداوەکان لەشەو روویدەن، دەبێت مرۆڤ تیایدا هەست بە دڵەڕاوکێ و ترس و چاوەڕوانی و خەیاڵات بکات، کەوا لە ئەندێشەی مرۆڤدا دەخوولێتەوە وێنایان دەکات، کەوا لەپشت ئەم تاریکییە، چەند جیهانێکی تر هەیە، کە گیانەوەری تر تیایدا دەژین.

لە چیرۆکی (دیاری و سەردان)[١]،چیرۆکنووس مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ رەگەزی (کات و شوێن) کردووەو بە ئەندازەی پێویستیی رووداو و هەڵوێستی کەسایەتی و پاڵەوانی چیرۆکەکە کەڵکی لێوەرگرتوون.

لەسەرەتایی چیرۆکەکەدا نووسەر ئاماژە بە شوێنەکە دەکات،کە (دارستان)ەو دەڵێت: (لە دارستانێکدا کۆمەڵێك گیانلەبەر دەژیان). چیرۆکنووس زانایانە ئەو شوێنەی هەڵبژاردووە کە (دارستان)ە، ئەو کەشوهەوایەی لە چیرۆکەکەدایە شوێنەکەی بەخشیووە هەمان ئەو کەش و هەوایەیە،کە لە واقیعدا لە ژینگەی دارستاندا بەدی دەکرێت.هەروەها شوێنەکە لەگەڵ سروشتی واقعی نەتەوەی کورددا دەگونجێت و سەبارەت بە منداڵانیش شوێنێکی نامۆ نییە،تام و بۆی خاك و ئاوی میللەتی کوردی لێدێت.

لە جێگەیەکی تردا چیرۆکنووس دەڵێ:- (کە ئەوان رۆیشتن، مەیموون چووە سەر دارگوێزێك و سەبەتەیەکی پڕ کرد لە گوێز، ئینجا خۆی گەیاندە ماڵی سمۆرە). لێرەشدا چیرۆکنووس زانایانە دوو شوێنی تری بە منداڵان ئاشنا کردووە و بیر و هۆشی خستوونەتە سەر، شوێنەکانیش (سەردار گوێز، ماڵی سمۆرە)ن. ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە (سەردارو درەخت، ماڵ) دوو شوێنن کە بوونیان زۆرە لە نێو چیرۆکی منداڵانی کوردی، سەبارەت بە منداڵانیش شوێنی نامۆنین.

**کات:** هەر لە هەمان چیرۆکدا (دیاری و سەردان)،چیرۆکنووس وەك رەگەزێکم لە رەگەزەکانی بینای چیرۆك باسی(کات)ی کردووە،هەروەك لە شوێنێکی چیرۆکەکەدا دەڵێ: (بۆ بەیانی هەموو لە ماڵی ورچ کۆبوونەوە) یاخود دەڵێ: (بۆ رۆژی دواتر لە

---

[١] عەلی حەمە رەشید بەرزنجی، دیاری و سەردان (دە چیرۆك بۆ منداڵان)، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٧-١٨.

گەرمەی یاریکردندا، بەردێك کەوت بە قاچی کەروێشکە سپی). بـە گشـتی کاتـەکانی ئەم چیرۆکە رابردوون.

## ٦- گێڕانەوە و گفتوگۆ و وەسف:

چیرۆکنووسی باش بۆ ئەوەی رووداوەکان بەیەکەوە ببەستێتەوەو کارکتەرەکانی ئاشـکرا بکات،لایەنـە هونەرییـەکانی دەق پێکـەوە گرێبـداو جۆرەسـیحرێك بـە چـیرۆکەکەی ببەخشـێت،تا لـە رێگەیـەوە گـوێگر بـۆ خۆی(چـیرۆکەکە)کێش بکـات، لەسـەرووی هەمووشیانەوە جۆرێك لە متمانە و باوەڕ بـە بەرامبـەر ببەخشـێت،دەبێت ئـەم رەگەزانـەی سەرەوە(گێڕانەوە، گفتوگۆ،وەسف) لە چیرۆکەکەیدا بەرجەستە بکات،کـە نـا ڕادەیـەك لـە ئەرکەکانیان دەتوانین بڵێین کەمێك لێك نزیکی و خزمایەتیان هەیە.

**گێڕانەوە–Narrative**:یەکێکە لـە بونیـادە سـەرەکییەکانی دەق و بـە شـێوەیەکی ئێستاتیکی سەرجەمی دەقەکـە بـەڕێوە دەبات،لایەنـە هونەرییـەکانی دیکـە پێکـەوە گـرێ دەدات،ئەمـە جگـە لـەوەی رووداوو هەڵوێسـتەکان لـە وێنەیـەکی واقیعـی بـۆ وێنەیـەکی زمانەوانی دەگوازتێتەوە،کە بە جۆرێك بەرامبەر (گوێگر یان خوێنەر)وا هەست بکـات ئـەم رووداو و هەڵوێستانە دەبینێت و لەبەر چاوی دایە.وەزیفـەی گێڕانـەوەش هـەر تـەنها ئـەوە نییە،بەڵکو دەکرێت گێڕانەوە خاوەن سیحرێك بێت بۆ پەلکێشکردنی خوێنەر بـە دوای ئـەو بابەتەی دەیخاتە روو.[1]

لە چیرۆکی منداڵاندا دانەر بەهۆی رەگەزی گێڕانـەوە،دەتوانێ کەسـەکان و رووداوەکـان بە شێوازێکی راستگۆیانەو لە چوارچێوەیەکی هونەری جوانکـاری بـە منـداڵان بناسـێنێت و سەرنجی منداڵان بۆ چیرۆکەکەی رابکێشێت،چونکە منداڵانیش لەنێو خۆیانـدا ئـەو کارانـەی کە کردوویانەو ئـەو شـتانەی بینیوویانە،بـە گێڕانـەوە بـۆ یـەکتری بـاس دەکـەن. بۆیـە لـە چیرۆکدا رەگەزی گێڕانەوە تاموچێژی تایبەتی خۆی هەیە بۆ منداڵان.

---

[1] سیامند هادی، دوو چیرۆکنووس لەبەردەم پێنج پرسیاردا، گ" ئایینده، ژ (٤٩)، ل١٠٢.

**وەسف:** ئەو ڕووداوانە ڕوونتر دەکاتەوە کەوا خوێنەر لە خەیاڵیدا لێکیان دەداتەوە، وا لە منداڵ دەکات وێنەکە بە جۆرێك ببینێت و خەیاڵی بکات وەك ئەوە وابێت،کە سەیری دەکات.ئەدیبیش لە گێڕانەوەی چیرۆکدا تەنها بە گێڕانەوەی چیرۆکەکان وازناهێنێ،بەڵکو لەهەمانکاتدا هەوڵ دەدات وێنایان بکات.لە واقیعدا کە خوێنەر لە خوێندنەوەی چیرۆکێك،یاخود گوێگرێك لە گوێگرتنی چیرۆکێك دەبێتەوە،بە زۆری پارچە وەسفییەکانی بیردێتەوە،حەز دەکات جارێکی تر بگەڕێتەوە سەریان.

"وەسفیش لە چیرۆکدا وەك هەر یەکێك لە ڕەگەزەکانی دی بۆ ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو مەبەستێکی دیاریکراو دەگەیەنێت و بەشێکە لە ڕووداو، پێویستە ئەو شتە وەسفکراوە لە چاوی نووسەرەکەیەوە تەماشا نەکرێت،بەڵکو لە چاوی کەسایەتییەکەوە ببینرێت."[1]

بۆ گێڕانەوەی چیرۆکیش سێ ڕێگا هەن، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن:

١- ڕێگای ڕاستەوخۆ:لێرەدا دانەر لە دەرەوەی ڕووداوەکان دەوەستێت، کاتێك باس لەو بەسەر هات و ڕووداوانە دەکات کە بەسەر کەسانی تردا هاتوون.ئەم ڕێگایەش لە هەموو ڕێگایەکانی تر بەربڵاوترەو لەگەڵ منداڵاندا گونجاوە،بە جیاوازی قۆناغەکانی گەشەیان،بە تایبەتیش بۆ قۆناغی زوو،چونکە ڕووداو و وێنەکان لە زەینی منداڵدا نزیك دەکاتەوە لە ڕێگەی ئەو وەسف و گێڕانەوانەدا.

٢-**ڕێگای خودگێڕانەوە**:ڕووداوەکان لەسەرزمانی قسەکەر دەگێڕدرێنەوە، لە زۆربەی بارەکاندا ئەو پاڵەوانی چیرۆکەکەیە.

٣-**ڕێگای دیکۆمێنتەکان**:لێرەدا دانەر پشت بە چەند وتارو یادەوەرییەکی ڕۆژانەو شتی تر دەبەستێت و دەیانکاتە کەرەسەی دروستکردنی چیرۆکەکەی.

کەواتە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکیش،بە زۆری سوود لەدوو ڕاناو وەردەگیرێت ئەوانیش:

١-**کەسی سێیەمی تاك(ئەو)**: بۆ نموونە لە چیرۆکی (سەلکە شەیتانۆکە)[2]،نووسەر دەڵێ: (زینا، منالێکی زرنگ و پاك و خاوێن بوو، هەرگیز بە تەنها نەدەچووە دەرەوە لە ماڵ، کە لەگەڵ دایك و باوکیشیدا دەچووە دەرەوە، هەر چی دەیبینی دەکەوتە پرسیارکردن لە دایە و بابە، زۆربەی وەڵامەکانیشی لەبەر دەکرد و کاتێك دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە پەڕاوێکی دانا بوو

[1]: رشاد رشدی، فن القصة القصيرة، ص١٠٠.

[2]:عزیز ئالانی، مەدالیا، (٧ کورتە چیرۆکی فێرکاری بۆ منداڵان)، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل١٦-٢٤.

وەڵامـەکانی تێـدا دەنووسـیەوە، بـەم جـۆرە رۆژ بـە رۆژ زیـرەکتر دەبوو.کاتـەکانی رۆژگـاری دابەش کردبـوو بەسـەر یـاری و کۆشـش و خوێندنـەوەو سـەیری تەلـەفزیۆن کردن..هـەروەها نووسەر لە جێگایەکی تر دەڵێت:زیبا لە پێش میوانەکان دەستی برد بۆ پەرداخە ئاوەکـان، کاتێك دایکی زیبا ئاوی دەگێرا، زیبا هێندە بـە خێرایـی پـەلاماری دا پەراخـەکان لـە دەستی دایکی قلْپ کردەوە.ئاوەکە رژا..پەرداخەکان شکان..زیبا لە ترسـان رایکـردە دەرەوە.دایکـی زیبا خەمی خوارد..تـەریق بووەوە.لەبـەر رێزی میوانـەکان دایکـی زیبـا تـوڕە نـەبوو، هیچـی نەگوت، بەڵکو بە ناچاری و هەناسە ساردی پەرداخە شکاوەکانی کۆکردەوە...)

بەم شێوەیە چیرۆکنووس بە بەکارهێنانی راناوی کەسی سێیەمی تاك،وەسـفی حاڵـەتی (زیبا)و (دایکی زیبا)دەکات و رووداوەکان دەخاتە روو.

٢- **کەسی یەکەمی تاك( من ):** ئەم راناوەش کە لـە چـیرۆکدا بـە کاردێـت،دەبێ نووسـەر هەوڵ بدات لەسەر زمانی خۆی بەکاری نەهێنێت.–هەروەك باسمان کرد– چونکە"گێڕانەوە لە کاتی خستنە رووی دەقدا یەکێك لەو ئەرکانەی،کە پێویستە لـە ئەسـتۆ بگرێـت راگرتنـی ئاسـتی خـۆیی و ئاگـادار بـوون لـەو پێکهاتـە هونەرییـەی دەکەوێتـە نێـو خـودی گێڕانەوەکە"[1]،واتە کە خوێنەر یان گوێگر گوێبیستی دەقەکە دەبێت، هەست بـەوە نـەکات کە خاوەنی ئەو دەقە ئاگاداری ئـەم گێڕانەوەیە،ئەمـەش دەبێتـە خـاڵی سـەرنج راکێشـانی بەرامبەر،بۆیە وا چاکە لە کاتی گێرانەوەدا کە راناوی کەسی یەکەم بـەکار دێـت، دەبـێ بـە دوو شێوە بە کار بێت:

لەسـەر زمـانی قارەمـانی چـیرۆکەکە یـاخود لەسـەر زمـانی یـەکێك لـە کەسـایەتییە لاوەکییەکانی چیرۆکەکە.

بۆ نموونە لە چیرۆکی (سـەگی پیـاوانی ئەشـکەوت)[2] دانـەر زۆر زانایانـە لەسـەر زمـانی (سـەگەکە) رووداوەکـانی نێـو چـیرۆکەکە دەگێڕێتـەوە و دەڵـێ: (مـن سـەگی نێـوی ران بووم،لەگەڵ شوانی دڵ نەرم و چاك، لە نێوی دێ رەقیم بـوون، رانمـان دەبـردە لـەوەڕ، لـە هاوین و لە زستان، لـە بـەهار و پایزان،لەگـەڵ شـوان دەردەچـووم،خواناس و بـە رەحـم و

---

[1]: سیامەند هادی، دووچیرۆکنووس لەبەردەم پێنج پرسیاردا، ئاییندە، ژ(٤٩)، ل١٠٢.

[2]: مەرسووم گەشبین، سەگی پیاوانی ئەشکەوت (زنجیرە چیرۆکی گیانلەبەران لە قورئانی پیرۆزدا بۆ منداڵان)، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٠-١٣.

پاك،دەچووینە کێوێکی بەرز، بەرزتر لەدەریاو لە ئەرز، لەسەر سنگی ئەو کێوە،ئەشکەوتێ لە نێو دێوە، دەبینراو دیار بوو،رانمان دەبرد بۆ ئـەوێ، دەمـان لەوەڕاند لەوێ،جاربـەجار شـوانەکە دوور دەکـەوت لـە رانەکە،هەڵدەکشا بـۆ ئەشـکەوت،منیش جـارێ بـە رێککـەوت شوانەکەم لە ئەشکەوت دی،لەگەڵ چەند لاوێکی دی،لەسەر سوجدەوە چۆك وا دەپاڕانـەوە لەخودا،بۆیە منیش مامەوە،لەوێ نەجوولامەوە...تاد.)

هـەر چـەند شـێوازی گێرانــەوە لــە چـیرۆکی منداڵاندا،شـێوازێکی زاڵــەو زۆر بـەکار دەهێنرێت،بەڵام بۆ ئەوەی منداڵ لە گوێگرتنی یان خوێندنـەوەی چـیرۆکەکە بێزارنـەبێ، وا چاکترە لەگەڵ شێوازی گێڕانەوە،شێوازی گفتوگۆش بەکاربهێنرێت.

**گفتوگۆ:** بریتییە لەو قسە و وتووێـژە جۆراوجۆرانەی،کـە کارەکتـەرکان لـە نێـوان خۆیانـدا ئـاڵوگۆڕی دەکەن.بـە هۆکـارێکی گـرنگ دەژمێردرێـت بـۆ سـەرکەوتنی چـیرۆك، چـونکە بنەمایـەکی سـەرەکییە لـە بنـەماکانی بینـای هونـەری چیرۆك،هەسـتێکی زینـدوو دەداتـە چیرۆکەکە،ئەویش بەهۆی ئەوەی یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ هەستکردنی بـە خۆشـی و لـە بەدواداچوون و بێزاری دووری دەخاتەوە.هەروەها یارمەتیدەرێکە بۆ بـەدیهێنانی سـۆزداری لە نێوان چیرۆکخوان و گوێگر و خوێنەردا.بەم جۆرەش چیرۆکەکە لە دیـدی منداڵانـدا زیـاتر واقیعـی دیـار دەبێت.هـەروەها گفتوگـۆ یارمـەتی دەرخسـتنی بیرۆکـەی چـیرۆك دەدات و ڕووداوەکانی بەرجەستە دەکات و گوزارشت لە نـاخی کارەکتـەرەکان دەکات،واتـە یەکێکـە لەو شێوازانەی کـە نووسـەر پشـتی پـێ دوبەسـتێت بـۆ وێنەکێشـانی کارەکتەرەکانی،واتـە یارمەتیدەرێکە بۆ نووسەر تاوەکو بە ڕوونی بتـوانێ کارەکتـەرەکان وێنـا بکات،چـونکە لـە سـەرەتادا کارەکتـەرەکان زۆر ڕوون و ئاشـکرا نـین، بـەڵام لـە میانـەی ئـەو گفتوگـۆ و وتووێژانەی،کە دەیکەن لە چیرۆکدا زیاتر ئاشکرا دەبن. سەرەڕای ئەمانـەش گفتوگۆ زیـاتر سەرنجی منداڵ بۆ چیرۆك رادەکێشێ، کاتێك کە منداڵ دەبینێ کارەکتـەرەکانی چـیرۆکەکە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ و ململانێ دەکەن، هەروەك چۆن ئەمـە لـە هەڵوێسـتەکانی ژیانـا لـە نێوان کەسەکاندا ڕوو دەدات، منداڵانیش گوێ دەدەنە کاردانەوەیان لە بۆ گفتوگۆ، چیرۆکی (کێز خاتوین)[1] دەکەینە نموونە، ئەم چیرۆکە لە سەرتا تا کۆتایی گشتی گفتوگۆ و ووتووێژ

---

[1]: موئەیەد تەیب، کێز خاتوین، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، دهۆك ٢٠٠٤، ل٦.

کردنە لە نێوان ئەکتەرەکانی چیرۆکەکە، هەروەك لە شوێنێکی چیرۆکەکەدا گاوانێك لەگـەڵ کێژ خاتووین دەکەونە گفتوگۆ و دەڵێت:

**گاڤانی ژی گۆتیێ:**

**– تو ژ کیڤە دهێی، دێ کیڤە چی؟**

**کێژێ گۆتیێ:**

**– دێ چم بۆ خۆ شوی کەم**

**گاڤانیێ گۆتیێ:**

**– تو شوی ب من ناکەی؟**

**کێژێ گۆتیێ:**

**– ئەگەر کەربێت تە ڤەبوون دێ من ب چ قوتی؟**

**گاڤانیێ توپزێ خۆ هەلگرت و گۆت:**

**– من ژ ڤی پێڤەتر نینە ئەز تە پێ بقوتم.**

**کێژێ گۆتیێ:– دێ زوی ژ ڤێرە هەرە !**

**زاڵمۆ ما ئەز گامێشم دێ من ب وی تۆپزی قوتی؟**




هەواڵنامەی کتێب

ئەو گفتوگۆیەش کە چیرۆکنووس بەکاریاندەهێنێت،دەبێ بـە شـێوازێکی جـوان بخرێتـە روو،بـە جۆرێـك کـە لەگـەڵ تەمـەن و عـەقڵی منداڵانـدا بگونجێـت و وشـە و دەسـتەواژەی قورسیان تیا نەبێت کە ببنە مایەی ئەوەی منداڵان لێی تێ نەگـەن و تووشـی بێـزاری بـبن. لەگەڵ ئەمەش دەبێ گفتوگۆیەکان سوود بە منداڵان بەگەیێنێت لە هەموو لایەنێك.

**٧- شێوازی خستنە روو:**

پاش ئەوەی چیرۆکنووس بیرۆکەیەکی لەلادا دروست بوو، کۆمـەڵێك رووداوی بۆسـازدا، چەند کەسانێکی دیاریکراویشی بۆ پێکهێنان، ئینجا هەڵدەسـتێت بـە خسـتنە رووی هـەموو ئەمانە بە شێوازێکی گونجاو ورێك، لە چوار چێوەیەکی ئەدەبی هونەریدا.

کەواتـە شـێوازی نووسـەر:" بریتییـە لـە هەڵبـژاردنی ئـەو بـۆ وشـە و پێکهاتـەکانی لـە دروستکردنی رستەو برگەدا بە شێوەیەکی دیاریکراو تاوەکو ئـەدەبێك پێشکەشـی خوێنـەر بکات.شێوازی چیرۆکنووسی باشیش بریتییـە لـە شـێوازی گرێچـنی گونجـاو و رێك لەگـەڵ بابەت و بیرۆکەکە و کارەکتەرەکانی نێو چـیرۆکەکە واتـە چیرۆکنووسـەکە کـەش و هـەوای چیرۆك دروست دەکات و هەسـت و سـۆزەکان نیشـان دەدات."[١]، کەواتـە چـیرۆکنووس لـە رێگـەی ئـەو شـێوازەی هەیەتی،بیرۆکەکـەی و وێنـەکردنی کارەکتـەر و رووداوەکـان دەردەخا.لەمەشدا دەبێ چیرۆکنووسی منداڵان گشت شارەزایی خۆی بەکاربێنێ،تا ئـەوەی پێشکەشیان دەکات گونجاو بێت لەگەڵ فەرهەنگی زمانەوانیان و قۆناغی تەمەنیان،چـونکە منداڵ ناتوانێ لەمانای هەندێ وشە تێبگات ئەگەر لە ئاستی تێگەیشـتنی ئـەودا نەبێ،بۆیـە دەبێ نووسین بۆ منداڵ بە پێی قۆناغی تەمەن بێت،واتە دەبێ چـیرۆکنووس پـێش ئـەوەی دەسـت بداتـە نووسـین پرسـیار لـە خـۆی بکات،ئـاخۆ بـۆ کـێ دەنووسـێ؟ئەوانەی بۆیـان دەنووسێ تەمەنیان چەندە؟تاوەکو ئاگاداری ئەو تایبەتمەندی و خاسـیەتانە بێت،کـە هـەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی منداڵ هەیەتی.ئەگینا ئەو هەرگیز ناتوانێ بابەت و کارەکتەرو زمان و شێوازێکی گونجاو بەکاربهێنێت تا منداڵەکە بتوانێ سوودی لێوەربگرێت.

ئـەو شـێوازەی لـە چـیرۆکەکان بـەکاردەهێنرێت بـە باشـترین هۆکـار دادەنرێت،کـە لـە رێگایانەوە نـاوەرۆکی جـۆراو جـۆر پێشـکەش بـە منـداڵان دەکرێت،بۆیـە پێویسـتە لەسـەر چیرۆکنووس لە پێش هەموو شتێك هـەوڵی ئـەوە بـدات ئـەو وشـەو گوتانـە بەکاربێنێت،کـە

[١]: علی الحدیدي، الادب و بناء الانسان، ص١٢٤.

سادە و ساكارن و منداڵ لێیان تێ دەگات،واتە بەكارهێنانی وشـە بەرجەسـتەكان زیـاتر لـە وشە ڕووتەكان. مەبەستمان لە وشە بەرجەستەكان ئەو وشـەو دەسـتەواژانەن كەمنـداڵ لـە ڕێگەی یـەكێك لـە هەستەكانییەوە(بینین،بیسـتن،جووڵە، دەسـتلێدان، بـۆنكردن) دەتـوانێ ڕاڤـەیان بـۆ بكات،چـونكە منـداڵان زیـاتر لـە ڕێگـەی هەسـتەكانیانەوە دەتـوانن جیهـانی دەروربەری خۆیان بناسن،لەوەی لە ڕێگەی وشەكانەوە بیناسن.[1]

ئەوەی بۆ منداڵ دەنووسێت، دەبێت ڕەچاوی كورتی وشەكان بكـات و هەوڵبـدات پیتـە ئاسانەكان زیاتر بەكاربهێنێت واتە ئەو پیتانەی كە زۆر بەكار هاتوون و ئاسان دەنووسـرێن و نزیك بن لە تێگەیشـتنی منـداڵ، سـەبارەت بـە دەسـتەواژەكانیش دەبێـت بـە شـێوەیەك هەڵبژێردرێن كەوا ئەو منداڵەی گوێی لێیەتی،یاخود ئەوەی سـەرەتایە لـە خوێندنـەوەدا لـە ناوەڕۆكەكەی تێبگات و لە ئاستی وان بەرزتر نەبێت، بۆنموونـە دەسـتەواژەیەكی وەك (بـە دوای كڵاوی بابردوو كەوتبوو)،یان هاوشێوەی ئەمانە بۆ منداڵان بەكارنەهێنێت، چونكە ئەم جۆرە دەستەواژانە سەر لە منداڵ دەشێوێنن و منداڵ تووشی بێزاری دەكەن. كەواتـە نـابێ چیرۆكنووسن وشە و دەستەواژەیەك یاخود باشتروایە بڵێین زمانێك بەكاربێنێت كە شێوازی ڕەوانبێـژی پێـوە دیـار بێـت. هـەروەها چـیرۆكنووس هەوڵبـدات هەنـدێ جـار زاراوە و دەسـتەواژەی نـوێ دووبارەبكاتـەوە، چـونكە دووبـارە كردنـەوە لـە چـیرۆكی منداڵانـدا كاریگەری زیاتر دەبێت و ماناكەشی زیاتر ڕوون دەكاتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی كە درەنـگ تێدەگەن.

كەواتـە چیرۆكنووسـی منـداڵان دەبێـت ئاگـاداری دەوروبـەری منـداڵان بێـت و ئـەو شتانەی،كە بۆی دەنووسێت لەگەڵ ژینگە و جیهانی منداڵانـدا بگونجێت ولەگـەڵ ئەوەشـدا نابێت لە فەرهەنگی زمانەوانی ئەوان دەربچێت، بەڵكو زمانێـك بـەكاربێنێت نزیـك بێـت لـەو زمانەی كە ڕۆژانە منداڵەكە بە كاری دێنێت، لێرەدا ناڵێین زمانی چیرۆكەكە كت و مت زمانی منداڵەكە بێت چونكە ئەگەر وابێت منداڵەكە فەرهەنگی زمانەوانی بـەرفراوان نابێـت و، هـیچ پەرسەندنێك لە زمانەكەی ڕوو نادات و سوود لە زمانی چیرۆك وەرناگرێ.

شێوازی نووسین لە چـیرۆكی منداڵانـدا، هـەروەك نووسـەر (نجیـب احمـد)بۆی دەچـێت، دەبێ ڕوونی و جوانی و هێزی تێدا بێت، بەم شێوەی خوارەوە:

---

[1]: يعقوب الشاروني، الفروق الاساسية بين كتب الاطفال..، ص٢١٨.

١– روونی مانا:– واتە لە توانای منداڵدا هەبێت، لە زاراوەو دەستەواژەو بیرۆکەکان تێ بگات. واتە نابێت وشەی نەبیستراو و جووت واتا بە کاربێت، هەروەها نابێ رستەی درێژ و پەند ناواخنەکراو و تێهەڵکێشراوی تیا ئاخێنرابێ، ئەمەش بەرجەستە دەبێت گەر وشەکان سانا و روون بن و دووربن لە جوانناسی و رەوانبێژی.

٢– هێزی شێواز:– ئەمە خۆی دەنوێنێ لە وشیارکردنەوەی هەستەکانی منداڵ و وروژاندن و سەرنج راکێشانیان، تاوەکو لەگەڵ چیرۆکەکەدا تێکەڵ بن و کاری تێبکەن، لە رێگەی گواستنەوەی هەڵچوونەکانی نووسەر لە میانەی کارەکەی و دروستکردنی وێنە هەستی و زەینییەکان (الصور الحسية و الزهنية).

٣– جوانی شێواز:– واتە نووسینی رستە و دەستەواژەکانە بە ریتمێکی گونجاو لەگەڵ دەنگ و مۆسیقادا.

## ئەنجـــــام:

١. سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لە کۆنەوە ئێستاشی لەگەڵدابێ، لەلای کوردو هەموو میللەتانی جیهان لەسەر بناغەی ئەفسانەو ئەدەبی میللی بنیات نراوە، واتا نووسەرانی ئەم بوارە بەرهەمە ئەفسانەیی و میللییەکانیان کردووە بە هەوێنێك بۆ دارشتن و سازدانی ئەو ئەدەبەی کە ناوی لێنراوە ئەدەبی منداڵان.گرنگترین ئەو پاشماوە ئەدەبییە میللیی و ئەفسانەییانەش کەوا نووسەرە یەکەمینەکانی ئەدەبی منداڵان لە زۆربەی وڵاتانی جیهان سوودیان لێ وەرگرتنبێ،بریتین لە هەقایەتەکانی بانجاتنترا، کۆمەڵە چیرۆکە ئەفسانەییەکانی (ئیسۆپ)، هەقایەتەکانی (کەلیلە و دیمنە)،چیرۆکەکانی هەزارو یەك شەوە...هتد.

٢. زۆربەی ئەو نووسەرو رووناکبیرانەی،کە لە بواری ئەدەبی منداڵانی کوردیدا کاریان کردووە،ساڵانی حەفتاکان بە سەردەمی زێڕینی ئەدەبی منداڵانی کورد دادەنێن، بە تایبەتی دوای ١١ی ئازاری ١٩٧٠ چاپەمەنی منداڵان بە شێوەیەکی بەرفراوان رووی لە زیادبوون کردوو زیاتریش بایەخی پێدرا،ژمارەیەکی زۆریش لە کتێب و نامیلکەی کۆ چیرۆکی تایبەت بە منداڵان لەو ساڵانەو ساڵانی هەشتاکان بە چاپ گەیەنران و هاتنە مەیدان.

٣. چیرۆکی منداڵان لە دوای راپەڕینی ١٩٩١ لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی،چ لە رووی ناوەڕۆك یان فۆرمدا، ژمارەی نووسەرانی

چیرۆکی منداڵان روویان لە زیادبوون کرد،ژمارەی ئەو گۆڤارانـەی بـۆ منـداڵان دەردەچـوون رۆژ بە رۆژ بەرەو زیادبوون دەچن،ئارەزوومەندییەکی فراوانیش سـازبووە لەلایـەن کەسـانی ئەکادیمی بۆ نووسین و توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە.

٤. ئەدەب و چـیرۆکی منـداڵان لـە دوای راپـەڕین تـا رادەیـەك دوو ئامـانج لـە خـۆ دەگرێـت ئەوانیش،یەکەمیان بۆ کات بەسەربردن و خۆش گوزەرانی و بەخشـینی چـێژێکی ئەدەبییـە بە منداڵان.دووەمیشیان پەروەردەکردن و رۆشنبیرکردنی منداڵانە لە هەموو لایەنەکانی ژیان داو هەوڵدانە بۆ دروستکردنی مرۆڤێکی خاوەن کەسێتی بەرز لە دوارۆژدا بۆ نەتەوەکەی.

٥. نووسەرانی چیرۆکی منداڵان لە دوای راپەڕیندا تا رادەیـەکی بـاش توانیویانـە مامەڵـە لەگەڵ رەگەز و بنەما گرنگەکانی چیرۆکی منداڵان لە (رووداو، کەسایەتی، گرێچن،ژینگە، ژینگەی کات و شوێن...تد)بکەن و لەنێو بەرهەمەکانیاندا بەرجەستەیان بکەن.ئەمە جگە لەوەی بەشێکی زۆر لە کتێب وناملکە چیرۆك ئامێزەکان رەگـەزە تەکنیکییـەکانی وەك رەنگ، وێنە و نیگار، شێوەی بەرگی دەرەوەو ناوەڕۆکی کتێبەکان،جۆری فۆنت...هتـد) یان تیادا بەکارهاتووە.

٦. لە رووی لایەنی سـایکۆلۆژیای منداڵ،لەبـەر کـەم شـارەزابوونی چـیرۆك نووسـانمان لـەم بوارەدا،ژمارەیـەکی کـەمیان لێدەرچـێت ئـەگینا نـەیان توانیـووە چـیرۆکەکان بـە پێـی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان جیا بکەنەوە ئەوەیش،کە لـەم بـوارەدا سـەرکەوتنی بەدەست هێناوە هەوڵیداوە لە رێگەی بەرهەمەکانی لە منداڵەوە بۆ منداڵ سوود وەربگرێ،کە ئەمەش یەکێکە لەو سیما گرنگانەی کە چیرۆکی منـداڵان لـەدوای راپـەڕین بەخۆیـەوەبینی، چـونکە لەرێگەی ئەو بەرهەمانەی کەوا منداڵان دەینووسن،چیرۆکنووسان دەتوانن شارەزایی لە ناخ و دەروونی منداڵان پەیدا بکەن.

٧. لەرووی ناوەڕۆکەوە چیرۆکی منداڵان چەند جۆرێکن، بـەڵام چیرۆکنووسـان تـا ئێسـتاش نەیانتوانیوە بەرهەکەکانیان بخەنە ناوخانەی جۆرەکـانی چـیرۆك بـەپێی ناوەڕۆکـەکانیان و ئەو قۆناغەی کەوا بۆی دەنووسن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەی باسکران،دەتوانین بلێین بەبەراورد لەگەڵ ساڵانی بەر لـە راپـەڕین چیرۆکی منداڵان پێشڤەچوونێکی دیـاری بـەخۆوە بینی،بـەڵام هێشـتاش نـەیتوانیوە بگاتـە

هەواڵنامەی کتێب

ئاستی چیرۆك و ئەدەبیاتی منداڵانی جیهان یاخود وڵاتە پێشکەتووەکان لەم بوارەدا، بۆیـە چیرۆکنووسانمان هێشتا پێویستیان بە هەوڵ و تەقلای زیاتر هەیە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: (بەکوردی)

١-سماعیل رسول،چەند باسێك دەربارەی ئەدەب ورەخنەی ئەدەبی، بغداد، ١٩٨١.

٢- ئیبراهیم یونسی، گولبژێریك لە هونەری چیرۆك نوسین، و. نەبەز جەهانگیر پور، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣- بەهار رشید، چیرۆك بۆ منداڵان (خاوێنی)، هەولێر، ٢٠٠٥ .

٤- پەرێز صابر محمد، بینای هونەری چیرۆکی کوردی - لەسەتاوە تاکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٢.

٥- جەلال سنجاوی، چۆن حەکایەت بۆ منداڵەکەت دەگێریتەوە، رۆژنامەی (یەکبوون)، ژ (٨)،٢٥ی نیسانی ١٩٩٩ .

٦- جۆن ئەیکن، چۆن بۆ منداڵ دەنووسی، و. کەمال غەمبار، هەولێر،٢٠٠٤ .

٧- حەمەسەعید حەسەن، هزر و شێواز لە چیرۆکی کوردیدا، چ١ ،هەولێر، ٢٠٠٥ .

٨- حەمە سەعید حەسەن، قارەمان ورووداو لە چیرۆکی کوردیدا، گ (شین)،ژ (١٠)، ٢٠٠٥ .

٩- حەمە کەریم هەورامی، ئەدەبی منداڵانی کورد لێکۆڵینەوە..مێژووی سەرهەڵدانی، ب١ ، چ١، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٠- حسین عارف، نووسینەکانم لە بواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا، ٢٠٠٢.

١١- حسین عارف،ناوی کەسانی چیرۆکمان چۆن هەڵدەبژێرین،گ (بەیان)،ژ (٣)،١٩٧٠ .

١٢- رۆستەم باجەلان، کە منداڵ هەوڵ دەدات بەرهەمی ئەدەبی بنوسێت، گۆڤاری(نوسەری نوێ)، ژ(٤)، خولی دوای راپەرین، ١٩٩٨ .

١٣-زاهیررۆژبەیانی،چیرۆکی هونەری کوردیی-شێوەو شێواز، بونیاد، هەولێر، ١٩٩٧.

١٤- د.زاهـیر لـەتیف کـەریم و د.فـازل مجیـد محمود،قایلکـاری لـە چـیرۆکی منداڵانـدا، گۆڤاری(زانکۆی سلێمانی)، ژمارە(١٤)،٢٠٠٤، بەشی B.

١٥- سابیر رەشید،چیرۆکی کوردی رەخنەی و لێکۆلینەوە، هەولێر، ٢٠٠٥ .

١٦- سازان جەلال، ژیکەڵە، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەهارات، تاران،

١٧- سەلام مەنمی، چیرۆکی (دار کونکەرە)، گوڵزارا چیرۆکان، هەولێر، ٢٠٠١,

١٨- سیامەند هادی،دوو چیرۆکنووس لەبـەردەم پێـنج پرسـیاردا،گ (ئاینـدە)،ژ (٤٩)، ٢٠٠٣ .

١٩- شاخەوان علی محمد،ورچ و شێرو مام رێوی، کۆمەلـە چـیرۆکی منداڵانـە، هـەولێر، ٢٠٠٢ .

٢٠- عەلی حەمە رەشید بەرزنجی،دیاری و سەردان (دە چیرۆك بۆ منـداڵان)، سـلێمانی، ٢٠٠٤ .

٢١- عزیز ئالانی، مەدالیا،(٧ کورتە چیرۆکی فێرکاری بۆ منداڵان)، سلێمانی،٢٠٠٢ .

٢٢- لین ئۆانبیرند- لیـزی لـویس، کورتەیـەك لـە بـارەی لێکۆڵینـەوەی چـیرۆکەوە، و. سەلاح عومەر، سلێمانی، ٢٠٠٣ .

٢٣- مەرسوم گەشبین،سـەگی پیـاوانی ئەشـکەوت، (زنچیرە چـیرۆکی گیانلەبـەران لـە قورئانی پیرۆز دا بۆمنداڵان)، هەولێر، ٢٠٠٥.

٢٤- مەغدید رواندوزی، ئەفسانەی شێتۆکە و ئاقلۆکە بۆ منداڵان،١هەولێر، ١٩٩٨.

٢٥- محمد رشید فتاح، ئەدەبی منداڵا ن و نموونە و لێکۆلینەوە لە ئـەدەبی منـداڵانی ، چاپخانەی راپەرین،سلێمانی، ١٩٧٤ .

٢٦- موئەیەد تەیب، کێز خاتون، دهۆك، ٢٠٠٤ .

٢٧- نـــزار حمـــد حنا،منـــداڵ و خـــەیاڵ، رۆژنامـــەی(رێگای کوردســـتان)، ژ(٢٦٧)، ١٩٩٧/٩/١٠ .

٢٨- نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب، چ دووەم،سلێمانی، ٢٠٠٦ .

٢٩- ؟، هونەری کورتـە چـیرۆك نوسـین، کـازم سـەعدەدین کردوویـەتی بـە عـەرەبی، مستەفا صالح کەریم کردوویەتی بە کوردی، بغداد، ١٩٨٥.

**دووەم: (بە عەرەبی)**

٣٠– احمد نجيب، فن الكتابة للاطفال، دار الكتب، القاهرة، ١٩٦٨.

٣١ – جون أيكن، كيف تكتب للأطفال، ترجمة: كاظم سعدالدين،بغداد، ١٩٨٨ .

٣٢–د.حسن شحاته، أدب الطفل العربية دراسات وبحوث، ط الثالثة،القاهرة، ٢٠٠٤.

٣٣– د.رشاد رشدى، فن القصة القصيرة، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧٠,

٣٤ – د.سمير عبد الوهاب احمد، قصص و حكايات الأطفال و تطبيقاتها العلميـة،عمان، ٢٠٠٤.

٣٥– شجاع العانى، قصص الاطفال، مجلة الاقلام،ع ٣، س١٥، ك١ ١٩٧٩.

٣٦– د.عبدالفتاح ابو المعال، ادب الاطفال دراسة وتطبيق، ط٢، ٢٠٠٠.

٣٧– د.عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للأدب،الطبعة الرابعة،مكتبة غريب.

٣٨– د.على الحديدى، الادب وبناء الانسان، بيروت ، ١٩٧٣.

٣٩ – د.على الحديدى، في الادب الاطفال، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة، ١٩٨٢.

٤٠– فهيم مصطفى، الطفل والقراءة،ط٢، دار المصريةاللبنانية، القاهرة، ١٩٩٨,

٤١– محمد بن السيبد فراج، الاطفال وقرءاتهم، شركة الربيعان، الكويت، ١٩٧٩، .

٤٢– محمد محمود رضوان وآخرون،ادب الاطفال مبادؤه–ومقوماتـه الاساسـية، القـاهرة، ١٩٨٢ .

٤٣ – محمد عبد الرزاق ابراهيم ويح وآخرون، ثقافة الطفل، عمان، ٢٠٠٤,

٤٤– مصطفى بدران وآخرون، الوسائل التعليمية، القاهرة، ١٩٥٩ .

٤٥– د.نجيب الكيلانى، ادب الاطفال في ضوء الاسلام، ط الرابعة، بيروت ,١٩٩٨

٤٦– د.هادى نعمان الهيتى، ادب الاطفال، فلسفته، فنونه، وسائطه، بغداد، ١٩٧٧ .

٤٧– يعقـوب الشـارونى،الفروق الاساسـية بـين الكتـب الاطفـال المواجهـة الى مختلـف الاعمار،القاهرة، ١٩٨٦.

هەواڵنامەی کتێب

# فەزای گێڕانەوەیی لە هەقایەتی فۆلـــکلۆری کـــــــوردیدا

زانكۆی سەڵاحەددین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# سیمیۆلۆژیای گێڕانەوە
## هەقایەتی ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی بە نموونە

تێزێکە
پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە، وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

لەلایەن
محەمەد ئەحمەد حەسەن
بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، کۆلێژی زمان- زانکۆی سەلاحەددین- ٢٠٠٥
ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا، سکووڵی زمان- زانکۆی سلێمانی- ٢٠١٣

سەرپەرشتیار
پ.د.هیمداد حوسێن بەکر

هەولێر- کوردستان
کانوونی دووەم ٢٠١٨

هەولێرنامەی کتێب

## پوختە[1]

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ لێکۆڵینەوە لەدەقێکی کۆنی وەکوو هەقایـەتی فۆلکلـۆری کوردی بە کەرەسە و مێتۆدی نویێ. ئەمـەش هـەنگاوێکی تازەیـە بـۆ ئـەوەی ئێمـە بنیـاد و توخمی ژانری نویێ لەنا ژانری کۆندا بدۆزینەوە.

سنووری توێژینەوەکـەمان کارکردنـە لـەناو تـوخمێکی گرینگـی وەکـوو فـەزا لـەناو دەقـی هەقایەت، بۆ ئەمەیش پـەنامان بـۆ ئیشـکردن لـەبارەی دوانـەدژوازەکان بـردووە. ئامـانجی توێژینەوەکە سەلماندنی ئـەو تیۆرییـە، کـە دەتـوانین بەکەرەسـەو مێتـۆدی نـویێ لـەبارەی دەقی کۆن کاربکەین، بەو هۆیەوە دەتوانین گەلێك کەلێن و تەکنیکی نویێ لەو دەقە کۆنانە کشف بکەین.

مێتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە مێتۆدی سیمیۆلۆژیا ئەویش بۆ لێکدانەوەی ئـەو نیشـانە و هێمایانەی لەناو دەقدا هاتوون. بنیاتی توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بەناوی چـەمك و زاراوەی فـەزا، هەوڵێکـە بـۆ دیـاریکردنی چـەمك و زاراوەی فـەزا لـە ڕووی تیۆرییەوە. هەرچی بەشی دووەمە،بەناوی فەزای دوانە دژوازەکـان لـە هەقایـەتی فۆلکلـۆری کوردیدا، بەشێکی پراکتیکییە بە نموونەی هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی. واتـە لێـرەدا ڕۆڵـیێ هێندیێ لە دوانە دوازەکانی وەکوو: وەستاو/جولاو، باو/ نـامۆ، جووڵانـەوە/ ڕۆیشـتنمان لـە هێنانەدی فەزای گێڕانەوە شیکردۆتەوە.

[1]: بە هاوبەشی لەگەڵ د.محەمەد ئەحمەد حەسەن(حەمە مەنتك). لە نامەی دکتۆراکەی( سیمیۆلۆژیای گێرانەوە لە هەقایەتی ئەفسانەیی فۆلکلۆری کوردیدا)، ٢٠١٨.

## پێشەکی

هەمووماں لە ناو جۆرێك لە فەزادا دەژین، کەواتە فەزا پێوەندی ڕاستەوخۆی بەسەر ژیان و بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی ئێمەوە هەیە. هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیش وەکوو دەقێکی گێڕانەوەیی ڕووداوەکانی لەناو شتێکی بەتاڵدا ڕوونادەن، بەڵکوو فەزایەك هەیە ڕووداوەکان لە چوارچێوە دەگرێت. ئەم توێژینەوەیەی ئێمە (فەزای گێڕانەوەیی لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردیدا) هەوڵێکە بۆ توێژینەوەلە چەمکێکی نوێی وەکوو فـەزا لـە دەقگـەلی کـۆنی وەکـوو هەقایەتی فۆلکلۆری.

توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم بـەناوی چـەمك و زاراوەی فـەزا، هەوڵێکـە بـۆ دیـاریکردنی چـەمك و زاراوەی فـەزا لـە ڕووی تیۆرییـەوە. هاوکـات دەستنیشـانکردنی بۆچـوونی فەیلەسـووفان و توێـژەران بـە درێـژایی مێـژوو لـەبارەی ئـەم چەمکەوە. هەرچی بەشی دووەمە، بە ناوی فەزای دوانە دژوازەکان لـە هەقایـەتی فۆلکلـۆری کوردیدا، بەشێکی پراکتیکییە بە نموونەی هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی. واتـە لێـرەدا ڕۆڵـی هێندێ لە دوانە دوازەکانی وەکوو: وەستاو/جوڵاو، باو/ نـامۆ، جووڵانـەوە/ ڕۆیشـتنمان لـە هێنانەدی فەزای گێڕانەوە شیکردۆتەوە. لـە کۆتاییـدا گەیشـتووین بـە چـەند ئـەنجامێك و لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.

### بەشی یەکەم: چەمك و زاراوەی فەزا

چەمکی فەزا مێژوویەکی درێژی هەیە، جونکە لەزۆر باردا لەگەڵ شوێن و کات بەیەك شت دادەنرێن بەتایبەتی لەگەڵ شوێندا. مەبەستیشیان لەوە ئەوەیە خەڵك لەسەر شـوێنێك، لـە ناوەنـدێك دەوەسـتی و کـار دەکـا. لێـرەدا فـەزا گوزارشـتە لـە پێگەیـەك. کەواتـە فـەزا چوارچـێوەیەکە، یـان کەشـوهەوایەکە شـتەکانی لـەناودا دوجـوولێن، ئـەم کەشـوهەوایە کاریگـەری ڕاستەوخۆی لەسەر بە هونەریکردنی دەقەکـە هەیـە. هاوکـات کاریگـەری لەسـەر دەروون و خەیال و چێژی خوێندنەوەی خوێنەر هەیە. بۆیەیش زۆر جار لەگەڵ شوێن و کات تێکەڵ کراوە. ((ڕەخنـەگرە ئینگلیزەکـان لەگـەڵ ئـەم فراوانیـەی فـەزادا نـەبوون، چـونکە وشـەی Place/ space شـوێن یـان فـەزا بـە تـەنیا نـەبوو، وشـەیەکی دیکـەی وەکـو locationبە واتای پێگە بۆ گوزارشتکردن لە شوێنێکی دیاریکراو بۆ ڕوودانـی ڕووداوێـك، یان بوونی شتێك.)) ﴿قاسم،١٩٨٤،ص٧٥﴾ لەگەڵ دادەنا. لێرەوە ڕەخنەگرانی کلاسیك بە

بـەکار هێنـانی وشـەی (شـوێن (Place/بـۆ گوزارشـتکردن لـە هـەموو جۆرەکـانی شـوێن ڕازیبوون. بـەڵام دواتـر فرەنسـییەکان تـەنیا بـەو وشـەیە بـۆ گوزارشـتکردن لـە فـەزا ڕازی نەبوون، بۆیەیش لەجیاتی ئەوە وشەی(Lieu) ، کە بە واتەی (Space) دێت بە کاریـان هێنا. بەمەیش بە شێوەیەکی وردتر و باشتر گوزارشتیان لە واتای فەزا کرد. لەلایەکی دیکە پێگە (location) نرخێکی مەعنەویی و پلەیی لـە ژیانـدا هەیـە. کەواتـە فـەزا فـراوانتر و گشتیترە، شوێن وەکو بەشێکە و زیاتر دیاریکراوە. کەواتە شوێن بە ڕۆڵگێڕانەکەی دەبێتـە بەشێك لە فەزا، فەزایش بێ شوێن نایەت، هەروەك دەڵێن فـەزا جەوهـەری شـوێنە، کەواتـە ناتوانین جیاوازییەکی تەواو لەنێوانیاندا بکەین. بەپێی تێڕوانینە نوێیە ڕۆژئاواییەکە ((شوێن جەستەی فەزایە، لە کاتێکدا فەزا زیندوویی پێدەبەخشـێت.)) ﴿سـتیتی،٢٠١٣،ل٦٠﴾ واتـە فەزا ڕووح و جووڵێنەری شـوێنە. ئەگـەر لـە ئەفسـانەکانی کـۆن بنـۆڕین، شـوێن و پێگـەی خواوەندەکان لە ئاسمان، چیایە. ئەو شوێنانەیش شوێنی بەرجەستە نین، واتە پانتاییەکی دیاریکراویان نییە، هاوکات زۆرێك لە خواوەندەکان لـە چـوار وەرزی سـاڵ، وەکـو جـوانی، هێز، تورەیی، باو باران تێیدا خۆیان بەرجەستە دەکەن. هـەموو ئـەو ناوانـە گوزارشـتن لـە شوێنی بەرز، واتە بەڕێوەبردن و فەرماندان لە شوێنی بەرزەوە دەکرێت. هاوکات نشتیمانی خواوەنـدەکان لـە ئاسمانـە، ئەمـەیش نیشـانەی نموونـەیی و باڵاییـە. کەچـی نشـتیمانی مرۆڤـەکان سـەر زەوییـە، ئـەوە مرۆڤەکانـە فـەرمانڕەواییان بەسـەردا دەکرێـت، هەرچـی خاسیەتی لاوازی هەیە بە مرۆڤ دراوە. کەواتە دوو جۆر فەزا لە ئەفسـانەکانی کۆنـدا هەیـە، یەکیان فەزای ئاسمانە، ئەویدیکەیان فەزای سـەرزەوییە. لـەنێوان هەردووکیانـدا فەزایـەکی دیکە هەیە، بۆ نموونە کاتێك مرۆڤ دەمرێت ڕووحەکەی لە جەستەوە لە ئاستی زەوییەوە بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، بە فەزای نێوان ئاسمان و زەوییدا تێپەڕ دەبێت.

ئەگـەر بـۆ بۆچـوونە فەلسـەفییەکان لـەبارەی فـەزاوە بگەڕێینـەوە، دەبـی ئامـاژە بـە بۆچوونی فەیلەسووفەی کۆنی یۆنانی "تـالیس" لـە سـەدەی شەشـی پـێش زایـن بکـەین. ((ئـــەم فەیلەســـووفە بـــڕوای وایـــە مـــاددەی ســـەرەکیی لـــە گـــەردوون ئـــاوە.)) ﴿اکستنر،٢٠٠٣،ل١٨﴾ ئاشکرایە ئاویش ماددەیەکی هەستپێکراوە، واتە دەتـوانین ببیـنین و دەستی لێبدەین. کەواتە ئەو ماددەیەی، کە گەردوون و کۆی بوونەکانی لێ دروستکراوە. بەڵگەیشی بۆ ئـەوە ئەوەیـە، ئـاو بەشـێکە لـە هـەموو شـتێك لـە زەوی، لـە لەشـی مـرۆڤ و

ئاژەڵ...تاد. ئەم بۆچوونە لەگەڵ ئایەتێکی ناو قورئان یەکدێتەوە، کە باسی ئەوە کراوە هەموو شتێك لە ئاو دروستکراوە. لێرەوە ئاو دەبێتە یەکەم ماددەی پێکهێنەری فەزاکان، بەتایبەت ئەو فەزایانەی هەستیان پێدەکەین. هەرچی فەیلەسووف "ئەناکسیماندێرس"ە دژی بۆچوونەکەی پێشتر دەوەستێتەوە، کە ئاو بنەڕەتی هەموو بوونەکان بێت. ئەم فەیلەسووفە بڕوای بە بێکۆتایی و بێسنووری لە گەردووندا هەیە. ئەم فەیلەسووفە ((ئەو هەستپێکراوەی تالیس ڕەت دەکاتەوە و باوەڕی بە ناهەستپێکراو هەیە. کاریگەری زۆری لەسەر هزرمەندان دانا، هاوکات نەخشەیەکی بۆ جیهان کێشا، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر گرینگیدانی بە فەزا.)) ﴿حرب،١٩٧٩،ل٢٨﴾ کەواتە فەزا لای ئەم فەیلەسووفە هیچ سەرەتا و کۆتاییەکی نییە. ئێمە لەناو فەزایەکدا دەژین، کە ناتوانین کۆتایی و سنوورەکەی دیاری بکەین. دەبینین پیش ئەم فەیلەسووفانە، کە سەر بە قوتابخانەی ئایۆنین، بیەمەندان لەبارەی خواوەندەکانەوە قسەیان کردووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئەم فەیلەسووفانەی قوتابخانەی ئایۆنی، خواوەندەکان لە جووڵەی ماددەکانەوە بەرجەستە دەبن. کەواتە توێژینەوەکان چیتر لەبارەی ئاسمانەوە نەبوو، بەڵکو هاتن لەو شتانەی لەسەر زەوین و بەرجەستەن وەکو: ئاو، هەوا، خاك و ئاگر...تاد دەکۆڵیەوە، دیالۆگیان لەبارەوە دەکرد. لەم ڕێیەوە ڕێیان بۆ زانستی سروشت و توێژینەوە لێی خۆشکرد. بەڵام نابێ ئەوەمان بیربچێت ئەم چەمك و بۆچوونە فەلسەفیانە شێوەیەکی سادەی بۆچوونن لەبارەی فەزاوە لەچاو پێناسە و چەمکی نوێ بۆ فەزا.

ئەگەر ئایۆنییەکان چەمکی فەزایان لە چوارچێوەی ماددەی هەستپێکراو و هەستپێنەکراودا کورت کردبوویەوە، ئەوا تێڕوانینی فیساگۆرسییەکان ((چەمکی فەزا لەناو ئەو تیۆریانەی، کە ژمارە دەکەنە ڕەگەزی یەکەمینی گەردوون دەبیننەوە. لە بۆچوونەکانیاندا لەبارەی بۆشایی فەزاکان ئەوەیان درککرد، کە هێندێ دوانەی دژواز لە فەزادا هەیە وەکو ناکۆتایی هەوا و بۆشایی.)) ﴿اکستنر،٢٠٠٣،ل١٨﴾ لەم بۆچوونەوە دەزانین ئەوان وردتر لە چەمکی فەزا دەنۆڕن، ئەویش بە لێ سەندنەوەی ماددییەت لە فەزا، هاوکات فەزا هەمیشە ئامادەیی هەیە و وەکو پێکهاتەیەکی گەردوونی تەماشا بکرێ.

"ئەفلاتوون" وەکو دیارترین فەیلەسووفی سەردەمی خۆی، بڕوای وایە ((فەزا هەستی پیدەکری بەڵام نابیندرێت، ڕەگەزێکی سەرەکیی بوونە، سێستەمێکی خاوەن ڕەهەندە،

شوین بۆ هەموو ئەو شتانەی لە بوون دەردەکەون دابین دەکا، هەرچـی شـوێنە پێگەیـەکی سەربەخۆیە بۆ ئەو شتانەی لەناو فەزادا هـەن.)) ﴿الخفـاجي،٢٠٠٣،ل٥﴾ ئـەم فەیلەسـووفە پیـداگری لەسـەر ڕەگـەزە پێکهێنـەرەکانی گـەردوون دەکاتـەوە، بەتایبـەتی ئـەو چـوار ڕەگەزەی، کە پێش خۆی بە ڕەگەزی پێکهێنەری گەردوون دادەنران، ئەوانیش: ئاو، ئـاگر، خـاك، هـەوا بـوون. هەریـەك لەمانـە بـەپێی جووڵـە و دیـاریکردنی گەردیلـەکانیان لەسـەر شێوەیان فەزایەك دروست دەکەن. هەرچەندە لە بۆچوونەکەی ئەم فەیلەسووفەدا شـتێکی عەقڵانیمان لەسەر شێوەیەکی ئەندازەیی بۆ ڕەگەزە پێکهێنـەرەکانی سروشـت و گـەردوون نـاداتێ. لەلایـەکی دیکـە هێشـتا تێکـەڵاوی لـەنێوان فـەزا و شـوێن لای ئـەم فەیلەسـووفە دەبیندرێت.

هەرچی "ئەرستۆ"یە وردتر و لۆژیکیتر لە جیـاوازی نیـوان شـوێن و فـەزا وەکـو لایـەنی تیـۆری دەڕوانێـت. ئـەم فەیلەسـووفە جیاوازیـان وەکـو لەبـەرکردنی جـل بـۆ تاقیکردنـەوە دەبینێ. شوێن وەکو جلەکـە وایـە، سـنوورەکەی تـا ڕووتـی و پێسـتی مرۆڤـە، بـەڵام فـەزا سنووری ناوەوەی هەیە. واتە شوێن دیواری دەرەوەی بابەتە و بەسەردەچێت، یـان لـەناو دەچێت. هەرچی فەزایە لەناو ناچێت و دەمێنێـت، بۆیـەیش کارەکتـەر هەمیشـە فەزایـەکی دیاریکراوی هەیە، بەڵام شوێنێکی جێگر و دیاریکراوی نییە، زوو زوو شوێنەکان دەگۆڕێت. هاوکات گرینگی زۆر بە جووڵە و گۆڕانکاری دەدات. ((جووڵە لە سێ چەمکی چۆنیەتی، بـڕ و شـوێن دەبینێتـەوە.)) ﴿غالـب،١٩٨٨،ل٣٦﴾ ئیشـکردنە لەسـەر چـۆنیەتی جووڵەکـە، چەندێتی و بڕی جووڵەکە، کە زۆرە یان کەمە و لـە چ شـوێنێکە، جوولـەیش ڕاسـتەوخۆ بـە شوێنەوە بەستراوەتەوە. لەلایـەکی دیکـە بـە بـڕوای ئـەم فەیلەسـووفە هێنـدێك وێنـاکردنی تایبەت بە جووڵە لە مێشـکی خەڵکدا هـەن، ئـەوانیش: بێکۆتـایی، شـوێن، بـەتاڵ و کـاتن. بەهۆی ئەم بۆچوونەوە ڕوون دەبێتەوە جیاوازی لەنێوان شوێن وەکو پێکهاتەیەکی ماددی، فەزاش وەکو بەتاڵی هەیە.

لـە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا بابـەتی ئـەوەی فـەزا ڕێژەییـە، یـان ڕەهایـە دێتـە ئـاراوە. "دیکارت" لە کتێبی (بنەماکانی فەلسەفە)دا لە ساڵی (١٦٤٤)دا دەڵێت: ((جیاوازی لەنیوان ماددە و فەزادا نییە، جیاوازییەکەی ئەرستۆ لەنێوان شـوێن و فـەزادا جیاوازییـە لـە فیکـر، ناتوانین درێژی و پانی و قووڵی فەزا دیاری بکەین.)) ﴿اکستنر،٢٠٠٣،ل٢٠﴾ لەم بۆچوونەوە

دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ، نابی بە تەنیا لە چمکی فەزا بنۆڕین، چونکە بە تێـروانین لـە بۆچوونەکان لەبارەی فەزا و شوێنەوە، دەبیـنین پێوەنـدی بەناویەکداچـوویان هەیـە. هـیچ یەکیان بەبێ ئـەویتر دەرناکـەوێ، هەریەکـەیان کۆمـەڵی بـارودۆخ بـەڕێوەیان دەبـات، ئـەو بارودۆخانە ڕۆڵیان لە بەیەکەوە بەستنی هەردوو چەمکەکەدا هەیە. واتە بەردەرخستنی ئەو بارودۆخانە ڕێژییبوونی هەریەکەیان دەردەکەوێت.

هەرچی "جۆن لۆك"ە لە کتێبەکەیدا بـە نـاوی (نامەیـەك لـە تێگەیشـتنی مرۆڤـەوە) لـە ساڵی (١٦٩٠)دا دەڵێت: ((فەزا ماوەی نێوان دوو پنتـە، هەرچـی شـوێنە پێوەنـدی مـاوەی نێوان پنتێك، یان دوو پنت زیاترە.)) بەم واتایە لە فەزادا تەنیا دوو پنتمان هەیە و مـاوەی نێوانیان بـە فـەزا هـەژمار دەکـرێ، هەرچـی شـوێنە لـە دوو پـنت زیاترمـان هەیـە، چـونکە شوێنەکان لە گۆڕاندان. لێـرەدا چـەمکی کـاتیش خـۆی دەخزێنێتـە نێـوان چـەمکی فـەزا و شوێن، چونکە لێرەدا کات هیچ واتایەکی نابی ئەگەر فەزا نەبێت، لەبەرئـەوەی دوو پنتمـان هەیە، ئـەو دوو پنتـە دەبـێ ماوەیەك(مسـافە) لەنێوانیانـدا هـەبێ. ئـەو ماوەیـە فەزایەکـە، نێوانی دوو پنتەکەیش بە کات دەپێورێت کەواتە ئەگەر بۆشایی و فەزایەك نەبێت بۆ ئەوەی ماوەیەك(مسافە) دروست بکات، چۆن نێوان یان مـاوەی ئـەو ماوەیـە (مسـافە) دەپێـورێ. کەواتە فەزا بە درێژەدان و بەردەوامی جودادەکرێتەوە، لێرەوە دەردەکەوی فەزا لە شـوێن وەکو چەمك فراوانترە.

" گریماس" ئەو ((کاتە ڕەتدەکاتەوە، کە لە دەرەوە گوتار ئاراستە دەکات، بـاوەڕی بـە فەزای ناوەوە بۆ گوتار هەیە.)) ﴿المرابط، ٢١٠،ل١٤٣﴾ لەمەوە دەردەکەوێ چەمکی فـەزا چـەمکێکی هەمەکییـە، نـاتوانین تـەواو دیـاری بکـەین، چـونکە پێوەنـدی بـە تـوخم و هونەرەکانی دیکەی گێڕانەوە هەیە. تەنانـەت فـەزا کاریگـەری لەسـەر چـۆنیەتی ڕاڤـەکردن لەلایەن خوێنەر دەبێت، ئەویش بەو پێوەندییە دینامیەی خوێنـەر لەگـەڵ دەقـدا هەیـەتی. هاوکات فەزا لە گێڕانەوەدا تـەنیا بـە بـوونی خوێنـەر خـۆی لـەناو دەقـدا ئاشـکرا دەکـات، بەمەیش شێوەی فەزای گێڕانەوە تەواو و کامڵ دەبێت.

"جیرار جینێت" فەزای گێڕانەوە/ ڕۆمان بە لایەنی دەلالی پێوەست دەکات. لە کتێبەکەیـدا (وێنە ١) پـارێکی تایبـەت بـەناوی (فـەزا و زمـان) تـەرخان دەکـات. لەوێـدا لـەباری فـەزای ڕۆمان/ گێڕانەوەی نوێ دەپەیڤێت. فـەزای ڕۆمـان/ گێڕانـەوە لـە یـەکێتیی نێـوان ((زمـان،

بیرکردنەوە و هونەری هاوچەرخدا دەبینێتەوە، ئەمانـە چوارچـێوەیەکی گشـتی بـە چـەمکی فەزا دەبەخشن [Genetee,1966,p:101] ((.زمان بوونێکی زیندووە، واتە بـەردەوام دەگۆڕێ و گەشە دەکات، وەکـو شـێوازی ژیـانی خـەڵکی بـەپێی سـەردەمەکان دەگۆڕێـت. کەواتە دیاردەکان، کەرەسەکان دەلالەتی تازە وەردەگرن، ئەویش بەهۆی گۆڕانی سەردەم و گەشەکردنی زمانەوە. لێرەدا واتای تازە بۆ فەزا بریتیی دەبێت لە فەزا شێوازی ژیانە. بە بروای ئەم ڕەخنەگرە بە هـۆی شـێوازی ژیانـەوە دەلالـەتی تـازە پەیـدا دەبـن، بۆیەیشـپتر گرینگی بـە زمانـدا گوایـە کۆمەڵـە وێنەیەکـە. هەرچـەندە ئـەم بۆچـوونە پـتر ژانـری شـیعر دەگرێتەوە، چونکە لە شیعردا وێنەکان پتر دەلالەتیان هەیە. واتە لـە شـێعردا گرینگـی بـە دروستکردنی وێنە دەدرێت بۆ ئەوەی ئێسـتاتیکایەك بـە دەقەکـە ببەخشـرێت. هەرچـەندە ئەمە لە گێڕانەوەشدا هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی ئەم ڕەخنەگرە باس لە وشە دەکات، بەوەی وشە دوو ڕەهەندی هەیە، ڕەهەندێکی فەرهەنگی (قاموسی) و ڕەهەنـدی دەلالـی، بەمـەیش بونیادی فـەزای دەلالـی پێکـدەهێنێت. بـە بـڕوای ئـەم ڕەخنـەگرە ((فـەزا لـە دوو ڕەگـەز پێکـدێ، ئـەوانیش دەلالـەت و وێنـەن.)) ﴿ژینیـت،٢٠٠٢،ل١٦] لـە یەکەمیانـدا فەزایـەکی دەلالی دروست دەبێت، وەکو لەسەرەوە باسمانکرد، ئەویش بەرهەمی دەلالەتی فەرهەنگی و دەلالەتی خواستنە. هەرچی دووەمە ڕەمزێکـە لـە زمـانی ئەدەبیـدا پێوەنـدی بـە واتـاوە هەیە، چونکە دەقە ئەدەبییـەکان بـە خـوازە و وێنـەکان سەرشـارن، لـە هـەردوو بارەکـەدا فەزای دەق پێوەستە بە واتای دووەمی وشەوە.

" گریماس" لەگەڵ "ژینێت" بەرانبەر چەمکی دالی فەزا هاوڕایـە، واتـە فـەزا بونیـادێکی دەلالی هەیە. کەواتە بونیادی دیکـە لـە دەرەوەی دەق هەیـە، کـە بونیـادی قـووڵی دەقـە. لێرەدا مەبەستمان لە دەرەوەی دەق ئەوەیە دەبێ لە دەرەوەی دەق بۆ واتای دەلالی وێنە و وشـەکان بگـەڕێین. لـەم ڕێیـەوە پێوەنـدنی نێـوان دال وەکـو ڕووی ئاشـکرا و دەرەوە و مـەدلوول وەکـو ڕووی نادیـار و نـاوەوەی دەقمـان بـۆ دەردەکـەوێت. ئـەم تیۆرزانـە لـە چوارچێوەی تۆبۆلۆجیا(زانستی بۆشایی) لە فـەزا دەکۆڵێتـەوە. ئـەم زانسـتە گرینگـی بـەو خاسیەتە ماتماتیکیانە دەدات، کە لە بۆشاییەکەوە بۆ بۆشاییەکەی دیکە دەگوازرێنـەوە. کەواتە لە ڕێی زمانی وەسفکراوەوە (بەوەی وشە کۆمەڵێ نیشانەی دالییە)، ئێمە دەتـوانین پێوەندی وشەکان و لە ئاستێکی گەورەتردا پێوەندی دەقەکە لەگەڵ نیشانە و دالـەکان لـە

دەرووبــــەری دەرەوەی دەق بدۆزێتـــــەوە. کەواتــــە ((دەلالــــەتی فـــەزایی بەرهـــــەمی جوودابوونەوەی دال و مەدلوولە، بەمـەیش دوو لایـەنی هاوتامـان دەبێـت، ئـەوانیش: دالـی فەزایی و مەدلوولی ڕۆشنبیریی

[Greimas,1976,p:11] (.سیمیۆلۆژیای فەزا کار لـەبارەی دیـاریکردنی بـارودۆخی بونیـادی شـتەکان دەکـات، ئـەویش وەکـو کـارێکی تۆبۆلۆجیانـە بـۆ ئـەوەی هـەردوو ڕەهەندەکەی سەرەوە هاوسەنگ بن. لەلایـەکی دیکە گرینگـی بـە وەسـف و ڕاڤـەی زمـان دەدات، هاوکـات جیـاوازی مـاوەی نێـوان دژوازەکـان دەپـارێزێ، چـونکە لـە ڕێـی ئـەم دوانەدژوازانەوە واتا بەرهەم دێت. ئەو ماوەیەی دوو دوانەی دژواز لەنێوان خۆیاندا دروستی دەکەن، فەزایەکە بۆ ئەوەی بەردەوام لەناو بەرهەمهێنانی واتادا بـین. فـەزای تـەوبیقی لای "گریماس" پشت بە کۆمەڵێ پێوەندی بەرانبەری دەبەستێت، ئەم پێوەندیانە ئارەزوویەکی دیـاریکراو لای خود(کـارا) بـۆ هـەنگاونان بـەرەو ئامانج(بابـەت) دروسـت دەکـەن. کەواتـە خود(کارا) شوێنێکی دیاریکراو بۆ خۆی دیاری دەکات، بە واتایەکی دیکە ڕۆڵێك دەنوێنیت، ئەو ڕۆڵەیش لە چوارچێوەی دوانـە دیارەکـانی سـیمیۆلۆژیان، ئـەوانیش: نێرەر/بـۆنێردراو، یارمەتیدەر/بەرهەڵستکار، کارا/بابەت.

ئەگەر وەکو ڕوانینێکی تۆبۆلۆجیانە وەك "گریماس" دیاری کردووە لـە فـەزا بنـۆڕین، ئـەوا دەبی هەوڵی دۆزینەوەی واتا لە ئاستی نـاوەوە، یـان بونیـادی قـووڵی دەق بـدەین. دەبـێ ئەوەمان لەبەر چـاو بـێ ئەمـە تـەنیا لـە چوارچێوەی مـەدلوولی ڕۆشـنبیریی دەرناکـەوێ، چونکە بە بڕوای "گریمـاس" بونیـادی پێکهاتـەیی گوتـار زۆرجـار تووشـی گـۆڕان دەبێـت، ئەویش بـەهۆی بـە کـار هێنـانی زمـان لەسـەر ئاسـتی تـاك. واتـە ئـەو تاکـە لـە چ پێگـە و دەورووبەرێکدا ئەو مەدلوولە وەکو گوتارێك دادەمەزرێنێ. "گریماس" پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە زمان لە هەموو دەلالەتە بەرانبەرییەکان بەشێوەیەکی بابەتی وەکو فەزایەك بـۆ وەرگر خۆی بەرجەستە دەکـات. کەواتـە فـەزا لای "گریمـاس" واتـای بابـەتیبوون دەدات. لێرەدا هەوڵدەدەین فەزای گێڕانەوەیی هەقایەتی فۆلکلۆری کوردی لە ڕێی کۆمەڵێ دوانـەی دژوازەوە دیاری بکەین.

## بەشی دووەم: فەزای دوانەی دژواز لە هەقایەتی فۆلکۆری کوردیدا

### ١ - فەزای جوولاو/ وەستاو

مەبەست لە وەستاو/جوولاو هەموو ئەو شوێنانەن، کە جێگرن و ناتوانن بجوولێندرێن. ئەو شوێنە جێگرانە بەرانبەر ئەو شت و شوێنە جوولاوانەی تر فەزایەکی هونەری دروست دەکەن. لە هەقایەتی (جامی جیهانبین)دا، سولتان مەحموود رۆژێك جلی دەرویشایەتی لەبەر دەکا بۆ ئەوەی بزانی دەنگوباسی شار چۆنە. رێی دەکەوێتە گۆڕستانێك، دەبینی کوڕێك و پەرییەك لەسەر گۆڕێك خەریکن یاری دەکەن. ((بەرەو قەراغ شار دەکەوێتەڕێ و لەوێوە دەچێتە گۆڕستانی شار و لە دوورەوە تەماشا دەکا لەبن دارێکا کوڕێك و پەرییەك لەپاڵ گۆڕێکدا پێکەوە دانیشتوون و خەریکن یاری نەرد دەکەن. سولتان مەحموود بە جاری شێت و شەیدای پەری دەبێ و بە ئەسپایی خۆی دەگەیەنێتە پاڵ کێلی گۆڕەکە بەبێ ئەوەی ئەوان ئاگایان لێ بێت.)) ﴿تۆفیق،٢٠٠٠،ل٣٠٨﴾ لە سەرەتادا دەبی لە رووی سیمیۆلۆژییەوە واتای گۆڕستان لێکبدەینەوە. گۆڕستان شوێنێکە مردووەکانی تێدا دەنێژرێت. دەلالەتە لە ترس، شوێنێکی ترسناکە، تەنانەت لە زۆربەی کتێبەکان بە دەلالەتی زیندان و شوێنی کاتی هاتووە. لەلایەکی گۆڕ شوێنی کاتییە و مرۆڤ دوای مردنی بۆ ماوەیەکی کاتی لەوێ دەمێنێتەوە، دوایی بۆ مەیدانی لێپرسینەوە دەبردرێت، جا بۆ بەهەشت، یان دۆزەخ. لەم هەقایەتەدا گۆڕستان هەمان رۆڵ دەبینێت، شوێنێکی جێگر و وەستاوە، بەڵام رووداوەکانی لەسەر و لە دەوردا روودەدەن. هاوکات گۆڕستان وەکو شوێنێك فەزایەکی دیاریکراوە، هەقایەتخوان وەکو وێستگەیەکی گواستنەوە وێنای دەکات، گواستنەوە لەنێوان دوو دنیادا. دنیای واقیع و دنیای پەرییان. ((کاتێ ئەوان سینیە قاورمە لەسەر گۆڕەکە دادەنێن و پشتی پێ هەڵدەکەن و دەگەڕێنەوە، کوڕەکەچەڵ خێرا پەلاماری گۆشتەکە دەدا تا بیخوا. لەو ساتەدا دوو سێ پەری ئامادە دەبن و سینیە قاورمە و کوڕەکەچەڵ هەڵدەگرن و دەڕۆن. کەم یان زۆر دەڕۆن کەس نازانێ خوا خۆی نەبێ تا دەگەنە کۆشکێك لەسەر قولەی قاف.)) ﴿تۆفیق،٢٠٠٠،ل٣٠٩﴾ گۆڕستان فەزایەکی وەستاوە، هەرچی گۆڕانکارییە لە دەورووبەریدا روودەدەن، ئەو تەنیا هۆکارێکە بۆ زەمینەسازی و رەخساندنی بوار بۆ روودانی رووداوەکان، بۆ جوولەی پاڵەوان و کەسەکان. کات دیاریکراو نییە، چونکە دەبێ پێوەندییەکی لۆژیکی لەنێوان فەزای گۆڕ و گۆڕستان

لەگەڵ واقیع هەبێت. ئێمـە دەزانـین بـەپێی تێـڕوانینی ئایینـەکان کـاتی مـردن دیـار نییـە، هاوکـات کـاتی ڕۆژی دوایـیش دیـار نییـە، بۆیـەیش لـەم هەقایەتـەدا کـاتی گواسـتنەوەی کوڕەکەچەڵ و وەزیر و سوڵتان بۆ دنیای پەرییان، یان کۆشکی سەر قوللەی قاف نادیـارە. بـە ڕسـتەی (کـەم یـان زۆر دەڕۆن ە کـەس نـازانی خـوا خـۆی نـەبێ)، هـەمان نادیـاری و دیارنەبوونی کاتەکە پاتە دەکاتەوە. ئەم فـەزا وەسـتاوە بیرۆکـەی ئـەوەمان دەداتـێ، کـە کاتی گۆڕ، یان وێستگەی گواستنەوە بۆ دنیایەکی دیکە دیار نییە. فـەزای گۆڕسـتان وەکـو شوێنێکی نەجووڵاو ڕۆڵی گواستنەوەی نێوان دوو دنیا دەبینێت. لەپشت ئەمـەوە ڕەهەنـدو فەزای ئاییني دەدۆزینەوە، چونکە شوێنەکە (گۆڕستان) دەبێتە ناوەندێك بـۆ ڕەوانـەکردنی چەندین کـەس لەوانـە سـوڵتان، وەزیرەکـان و کوڕەکەچـەڵ. سـوڵتان و وەزیرەکـان وەکـو خاوەن دەسەڵات لەوێ زینداني دەکرێن، واتە سزا دەدرێن، کەچی کوڕەکەچەڵ وەکو چینی هەژار پاداشت دەکرێ و لەگـەڵ یـەکێك لـە پەرییـەکان شـەو ڕادەبوێرێـت. لەلایـەکی دیکـە شوێنی دیکە، وەکو شوێنێکی جووڵاو فەزایەکمان بۆ دروسـتدەکات، چـونکە ئـەم شـوێنانە دەگۆڕێن. لیرەدامەبەستمان لە جووڵانەوەی شوێن ئەوە نییە شوێنەکە لە جێیەکەوە بچێتە جێیـەکی دیکـە، بـەڵکو مەبەسـتمان گـۆڕانی شـوێنەکانە، بەمـەیش فەزایـەکی جووڵاومـان دەداتێ. دوای ئەوەی کوڕەکەچەڵ دەبەنە لای شاژنی پەرییان، ئەویش دەڵـێ بچـۆ لەگـەڵ یەکێك لە پەرییەکان بە دڵی خۆت ڕابوێرە. ((کوڕەکەچەڵ ئێستا کـە تـۆ بـووی بـە میـوانی ئێمە بە ئارەزووی خۆت پەرییەك هەڵبژێرە و کەیف و سـەفای لەگـەڵ بکـە تـا بـەیانی. بـۆ بەرەبەیان شـاژنی پـەرییان نـاردی بـە شـوێن کوڕەکەچـەڵدا و وتـی: هـا ئـەم شـەو چـۆنت ڕابوارد؟ ئەویش وتی: خانم زۆر خۆش بوو بەڵام هیچیان بە تاڵێ لە زوڵفی تۆ نابێ. هەر ئەو قسـەیەی کـرد شـاژنی پـەرییان زللەیـەکی لێـدا، کـاتێ کوڕەکەچـەڵ هاتـەوە هـۆش خـۆی تەماشای کـرد لـەنێوان هەسـەن مەیمـەنی وەزیـری سـوڵتان مـەحموود و ژنەکەیدا لەسـەر جێگەی خەوتنیاندایە.)) ﴿توفیـق،٢٠٠٠،ل٣٠٩﴾ جێـی خـەوتن دەبێتـە شـوێن و فەزایـەکی جووڵاو، چۆن؟ سێ جار کوڕەکەچەڵ دەچێتەوە سەر گۆڕەکـە، ئـەویش بـە فـەرمانی هـەر یەك لە وەزیرەکان و سوڵتان، بـۆ ئـەوەی بچێتەوە وڵـاتی پـەرییان، چـونکە هـەرموو جـار شاژنی پەرییان ئەو پرسـیارە لـە کوڕەکەچـل دەکـا شـەوەکەت خـۆش بـوو؟ ئـەویش هـەر دەڵێ: ناگا بە تاڵێ زوڵفی تۆ. ئەمەیش هەموو جارەکان زللەیەکی لێدەدا و فڕێیدەداتـە نـاو

جێی خـەوتنی هەریـەك لـە وەزیرەكـان و سـوڵتان. بـۆ ئـەوەی بـۆ وەزیرەكـان و سـوڵتانی بسەلمێنێ لای پەرییەكان هاتووە، دەچێتەوە سـەرگۆڕەكە. كەواتـە گۆڕەكـە هـەر شـوێنی خۆیەتی، بەڵام جێی نووستن وەزیرەكان و سوڵتان دەگۆڕێت، واتە لە ڕووی مەعنەوەییەوە جێگاكان گۆڕان و تووشی باری جووڵان بوون. خوێنەریش بیركردنەوە و وێناكردنـەكانی بـۆ جێنووستنەكان دەگۆڕێت. شاژنی پەرییان بۆ ئەوەی هەردوو وەزیر و سـوڵتان بگوازێتـەوە لای خۆی بۆ لێپرسینەوە، دێ بەو ڕێیە زەمینەسازی دەكات، ئەویش سێ جار كوڕەكەچەڵ دەنێرێتەوە دنیای واقیع، بەڵام هەر جارەی بۆ ناو جێی یەكێك لە وەزیرەكـان و جـارێكیش بۆ ناو جێی سوڵتان.

وەگێڕ بۆ ئەوەی بە لێكدانی ڕووداو و شوێنەكان فەزایـەك بـۆ خوێنـەر دروسـت بكـات، هەندێ ڕێی ناڕاستەوخۆ و هونەری دەگرێتەبـەر، خوێنـەریش ئـەم شـتانە لـە چوارچـێوەی فـەزای گێڕانـەوەدا ئاشـكرا دەكـات، بەتایبـەتی گواسـتنەوەی كورەكەچـەڵ بـۆ نـاو جێـی وەزیرەكان و سوڵتان. ئەم گواستنەوەیە بۆ دەكرێت؟ بـەپێی لێكدانـەوە و بـاوەڕی ئـایینی (بەتایبەتی ئایینی ئیسلام) مرۆڤ لە دوای مردنی دەگوازرێتەوە بۆ ناو گۆر و لـەوێ زینـدانی دەكرێت تا ڕۆژی دوایی بۆ ئـەوەی لەسـەر ئـەو كردەوانـەی لـە دنیـای واقیعدا كردوویـەتی لێپرسینەوەی لەگەڵ بكرێت. وەزیرەكان و سوڵتانیش بەم هۆیەوە لـە دنیـای واقیعـەوە بـۆ دنیای پەرییان (دنیای قیامەت) دەگوازرێنەوە و زیندانی دەكرێن. بەڵام "هەیاس" دەتوانێ بە زیرەكی خۆی ڕزگاریان بكات. كەواتە وەزیرەكان و سوڵتان دەكەونە نێوان دنیای واقیـع و دنیای پەرییان. واتە فەزای (ئێرە) و (ئەوێ). سەرەتای هەقایەتەكە كاتێك سوڵتان چاوی بـە پەرییـەكان دەكـەوێ، عاشـقایان دەبێـت، هەوڵـدەدات ئـەو ڕێیـە بدۆزێتـەوە، كـە بـە پەرییەكانی دەگەیەنێت. دوای زانینی نهێنی ڕێیەكە فەزای وەستاو لە كار دەكـەوێت، واتـە چیتر گۆڕەكە بیری سوڵتان داگیر ناكات، بەڵكو پەرییـەكان واتـە چـێژ و خۆشـی دەروون و مێشكی داگیردەكەن. كەواتە (ئەوێ) لە زەین و بیری سوڵتاندا فەزایـەك دروسـت دەكـات و خۆی ، لە مێشكیدا بەرجەسـتە دەكـات، هەرچـی (ئێرە)یـە ئـەوا لـە كـاتی ئێسـتادا خـۆی بەرجەستە دەكات. لەنێوان (ئێـرە)ی كـاتی ئێسـتا و (ئـەوێ)ی كـاتی داهـاتوودا، لـە ڕێـی لێكدانی فەزای جووڵاو وەستاودا هەردوو كاتەكـە بـە یـەك دەگەیەنـدرێن. بەمـەیش ڕەوتـی هەقایەتەكە دەگاتە خاڵی كۆتایی.

**٢- فەزای باو/ نامۆ**

لە دەقی هەقایەتی فۆلکلۆرییدا شار زۆرترین پانتایی داگیر دەکات، هاوکات هەقایەتخوان هەولدەدا هەموو بیرکردنەوەی بخاتە سەر وەسفێکی نایاب. ئێمە کە دەڵێین شار لە هەقایەتدا، مەبەستمان چەمکی شار بە واتا مۆدێرنەکەی نییە، بەڵکو وەکو شوێنێك مرۆڤەکان بە کۆمەڵدا تێیدا دەژین. هەرچەندە لە ڕێی وەسفەکانەوە بۆ شار لە هەقایەتی فۆلکلۆرییدا دەردەکەوێ، شار هێندێ بنەمای شاری تێدایە، وەك کۆشك و تەلاری پاشا،خانووی بەرز، خوێندنگە...تاد. کەواتە شار سەرچاوەی ژیان و جووڵەیە، چوارچێوەیەکە خەڵك بەشێوەیەکی ئاسایی و باو تێیدا دەژین. ئەمە فەزایەك لای خەڵکی دروست دەکات، لە چوارچێوەی ئەو فەزایەدا دەژین. بەڵام هەر کاتێ بارودۆخ گۆڕا، بیرکردنەوەی شارستانی و دەسەڵات گۆڕا، ئەوا فەزایەکی نامۆ لای خەڵکی دروست دەبێت. ((هەموو ئەو شتانەی نووسەر لە دەقی گێڕانەوەییدا بە دەستودڵەوە دەیکات، تەنێ دیکۆر و چوارچێوەیەك نین، بەڵکو فەزایەك لە دەربڕین و دەستەواژەکانی تێدا بەرجەستە دەکات.)) ﴿کریفل،٢٠٠٢،ل٧٤﴾ کەواتە شار تەنیا چوارچێوەیەکی ڕووت نییە، بەڵکو فەزایەکە خەڵك تێیدا دەژین و هاتووچۆ دەکەن، بە درێژایی کاتیش ژیان شێوەیەکی ئاسایی و باو وەردەگرێت، هەر کاتێ گۆڕانکاری ڕوویدا ئەو ژیانە باوەکە دەگۆڕێ بۆ بارودۆخێکی نامۆ و سەیر.

لە هەقایەتی (پاشای حەوت کوڕە)دا، پاشایەك حەوت کوڕی هەیە، خێزانەکەی دووگیانە و خۆی دەچێتە سەفەر، بە کوڕە گەورەکەی دەڵێ: ئەگەر سکەکەی دایکت کوڕ بوو بیکە ئاهەنگ، ئەگەریش کچ بوو بیکوژە. دوای ئەوەی دایکی کچێکی دەبێت، کوڕە دڵی نایەت بیکوژێ و دەیداتە ئاشەوانێك. دوای چەندین ساڵ کچە گەورە دەبێت، ڕۆژێك پاشا ڕێی دەکەوێتە ئەوێ، چاوی بە کچە دەکەوێ و شەیدای دەبێت. داوای دەکات، کوڕەکەیشی زۆر هەولدەدا، بەڵام پاشا پێداگری دەکات، ناچار دەڵێ ئەوە کچی خۆتە، پاشاش لە داخان هەم کچە و هەم کوڕە لە شار دەردەکات. ((برا و خوشك یەکی سواری وڵاخێك بوون و چییان پێویست بوو بردیان و لە وڵات و مەملەکەتی باوکیان دەرچوون. کەم یان زۆر ڕۆیشتن کە نازانێ خوا خۆی نەبێت تا ڕێیان کەوتە شارێك. تەماشایان کرد شار مات و خامۆشە. خەڵکەکەی دەڵێ خۆڵی مردوویان بەسەردا کراوە.))

﴿تۆفیق،٢٠٠٢،ل٣٢٩﴾ لەم شارەدا پێشتر خەڵکەکە ژیانێکی ئاسایی و باویان هەبووە. ڕۆژانە خەڵك ڕۆیشتوونەتە سەر کاریان. خەڵك بەو ژیانەیان ڕاهاتوون و شێوەیەکی باوی وەرگرتووە، بەڵام ئەم شێوە باوە تێکدەچێ، واتە فەزای ژیان و فەزای شار تێکدەچێت. ((کوڕی خۆم ماوەیەکە تووشی بەڵایەك بووین و گرفتاری دەردێکین هەرچەند دەکەین تیمار ناکرێ. ئەژدیهایەك سەرچاوەی ئاوی شارەکەی لێگرتووین و هەر ڕۆژەی داوای کچێکمان لێدەکات بیخوا و ئەوجا ئاومان بۆ بەردەداتەوە.)) ﴿تۆفیق،٢٠٠٢،ل٣٢٩﴾ هاتنی ئەژدیهایەك بۆ شار و گرتنەوەی سەرچاوی ئاوی شار، ئەو شێوازە باوەی ژیان تێکدەدات. دوای هاتنی ئەو ئەژدیهایە ناخۆشی و فەزایەکی نامۆ باڵ بەسەر تەواوی ژیانی خەڵکدا دەکێشێ. لێرەوە شار فەزایەکی ترسێنەر وەردەگرێت، جوانییەکانی بەهۆی ئەو ترس و فەزا نامۆیە بزر دەبن. هەموو خەڵك لەگەڵ خۆرهەڵاتن چاوەڕێن، ئەندامێك لەوان پێشکەش بە دیو بکرێ، تاکوو ئاوی ئەو ڕۆژەیان بۆ بەربداتەوە. لەلایەکی دیکە هەموو خێزانێك ئەوانەی کچیان هەیە، ناویان لە لیستێکدا نووسراوە، بۆ ئەوەی هەرکە نۆرەیان هات، کچەکەیان بکەن بە قوربانی. ئەم فەزا نامۆیە بۆمان دەردەخات، کچ لە کۆندا بۆ قوربانی بووە، قوربانیش چ لە میتۆلۆژیا و چ لەهەقایەتی کۆندا هەمیشە لا کاتی بوونی مەترسی و توندوتیژییدا بووە. ((قەیرانی قوربانیدان لە ترۆپکیدایە و لە باڵادەستی توندوتیژی دوولایەندا مانای خۆی دەدۆزێتەوە.)) ﴿ئەلرەبیعۆ،٢٠٠٧، ل٥٧] کۆمەڵی کۆن کاتێك هەستی بە مەترسی و توندوتیژی کردووە، یەکڕاست وەکو بەهایەکی پیرۆز پەنای بۆ قوربانی بردووە. لە کۆندا مرۆڤ بۆ قوربانی بووە، لەوەشدا ڕەگەزی کچ زۆرتر ئەم ئەرکەی بەرکەوتووە. بەڵام ئەوەی لەم هەقایەتەدا بۆمان دەردەکەوێت، کاتێ نۆرەی قوربانی دەگاتە کچی پاشا، پاڵەوان و کەسی ڕزگارکەر دەردەکەوێت. ئەم تێڕوانینە ڕەهەندی فیکریی لە پشتەوەیە، کە جینی باڵادەست و بۆرژوا نابێ ببن بە قوربانی، بەڵکو ئەوەی دەبێ ببێتە سووتەمەنی و بکرێتە قوربانی چینی هەژارە. بۆ ڕەواندنەوەی ئەو فەزا ڕەشبینی و نامۆیە، هاوکات بۆ ڕزگارکردنی کچی پاشا، پاڵەوان دەردەکەوێت. دوای کوشتنی ئەژدیها لەلایەن خۆشی و شادی بۆ شار دەگەڕێتەوە. ئەژدیها هەرچەندە وەکو هێزی خەراپەکار دەردەکەوێ، بە بڕوای ئێمە مرڤی کۆن بۆ وێناکردنی سروشت ئەمەی کردووە.، چونکە نەیتوانیوە باری هێزی سروشت ببات، هاتووە لە شێوەی دێو و ئەژدیها

وێناکردوون. هەر ئەم ڕزگارکەرە دوای ئەوەی دەیانەوێ بۆ شـارەکەی خۆیـان بگەڕێنـەوە، بـە هـەمان شـێوە تووشـی شـارێکی دیکـە دەبـن، هـەمان فـەزای نـامۆیی تێدایـە و دێوێك سەرچاوەی ئاوی گرتۆتەوە.

لـە ڕەهەنـدە سـیمیۆلۆژییەکەیدا شـار دوای ئـەوەی فـەزا و بـارودۆخێکی ئاسـایی و بـاو وەردەگرێت و لەسەر شـێوازێك دەڕوات، دەبێتـە ناوەنـدێك بـۆ بەرهـەمهێنانی بـیر و هـزر و شارستانییەت، لێرەوە گەورە دەبێت، گەشە دەکات. هزرەکان تێیدا لە دایك دەبن، بەریەك دەکەون. ئـەم بەرهەمانـەی مـرۆڤ لەلایـەن هێزێکـی لـە خـۆی گـەورەتر و بـەهێزتر تووشـی هێرشکردن دەبێت. شار و فەزاکەی هەمیشە بەر ئەم جۆرە هێرشانە دەکـەون. هەرچـەندە ڕەنگە ئەم بۆچوونەی ئێمە پتر بۆ ڕۆمان وەك بەرهەمی شاری مۆدێرن دروستتر بێت، بەڵام بەپێی پێوانەی بیرکردنەوەی مرۆڤی کۆن بۆ فەزای شار لە کۆنیشدا ڕاستە.

شار لـە هەقایـەتی فۆلکلـۆری کوردییـدا وەسـفی وردی ناکرێـت، بـۆ نموونـە شـەقامەکانی، کۆڵانەکانی، باخچەکانی، خانووەکان...تاد، بەڵکو تەنیا ناویان بە گشـتی دەهێنـدرێت. بـە بروای ئێمە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە. یەکیان شار بـە واتـا مۆدێرنەکـەی هێشـتا دروسـت نەبیوو، واتە مرۆڤ هێشتا تەواو لە سروشت دانەبڕابوو. دووەمیـان وەگێـڕ و کارەکتـەرەکان لەســەر بابــەتی گــەورە کاریــان کــردووە، بــۆ شــتە بچــووکەکانی دەوروبــەری مــرۆڤ شۆڕنەبوونەتەوە، وەکو پێشتریش باسمـان کـرد ململانێیەکـە، ململانێـی نێـوان دوو هێـزی چاکە و خەراپەیە. کەواتە ململانێیەکە هێشتا بـۆ ئاسـتی چینایەتی دانەبـەزیوە. بۆیـەیش وەسفەکان زۆر کەمن، وەسف بەگشتی لە هەقایەتی فۆلکۆرییـدا زۆر کەمـە، تـەنیا وەسـفی پاڵەوان و هێزی خەراپە دەکرێ، جارجاریش وەسفی شتەکانی دەروروبـەری ئـەم دوو هێـزە دەکرێت.

### ٣- فەزا لەنێوان مانەوە و ڕۆیشتندا

هەقایـەتی فۆلکـۆری کـوردی وەکـو تایبەتمەنـدی هەقایـەتی گشـت میللـەتان زۆرتـرین کۆنتاکتی لەگـەڵ سروشـت هەیـە. لێـرەوە ئێمـە مامەڵـە لەگـەڵ دوو شـوێن دەکـەین، هـەر یەکەشیان ڕۆڵیان لە دروستکردنی جۆرێك لە فەزا هەیە، ئەوانیش چیا و دەشتودەرە.

دەشـتودەر پانتاییـیـەکی گـەورە و شـوێنێکی کراوەیـە، پـتر دەلالـەتی ڕۆیشـتن و ڕێبـوار دەگەیەنێت. لە زۆربەی هەقایەتەکاندا دەشت ڕۆیشتن تێیدا ئاسانترە. مرۆڤ بە دەگمەن لـە دەشت و پانتایی دەمێنێتەوە و جێگر دەبێت. ئەگەر بۆ مانـەوەیش هەڵیبـژێرێت، ئـەوا بـۆ ماوەیەکی کەم و کاتی دەبێت. کەواتە دەشت و تەختایی شوێنێکە بۆ جووڵە و بزووتن. لـە هەقایەتی (ئەحمەد و کچی قاقانی چین)دا، پـیرەژن و پیرەمێردێك تاقـە کوڕێکیـان هەیـە. دوای ئەوەی پیرەمێرد دەمرێ، کوڕە هەوای سەفەر و گەڕان لەسەری دەدات، بۆیـەیش بـە دایکی دەڵێت: دەڕۆم. هەرچەندە دایکی ڕازی نابێت، بەڵام کوڕە پێداگری دەکـات. دایکـی شـیرێکی دەداتـێ بـۆ بـەرگریکردن لـە خـۆی. ((ئەحمـەد دەسـتی پیرەداکـی مـاچ کـرد و شیرەکەی لە مل کرد و سواری ئەسپەکەی بو و ڕۆیشت. زۆر دەشتی سەوز و چیای سەخت و ڕووباری خوڕی بینی. هەر ڕۆیشت ڕۆیشت تا شل و شـەکەت بـوو. ئینجا لـە ئەسـپەکەی دابەزی. ئەسپەکەی بەڕەڵڵای ناو سەوزە گیـا کـرد بـۆ ئـەوەی بـۆ خـۆی بلـەوەڕێ خۆشـی لەسەر زەوی دانیشت و سفرەی ڕاخست ئەو خواردنەی هێنابووی لەسەر سفرەی دانا و کـە ویسـتی دەسـت بـە خـواردن بکـا، سـوارێك لەسـەر سـەری حـازر بـوو.)) [گەردی، ٢٠١٤،ل١٨٨] لە ڕێی هێندی وەسفی کورتی دەشتەوە فەزایەك دروست بـووە، فەزایەکـە لـە شـوێنێکی کراوەیـە. پاڵـەوان و کەسـەکان دەشـت وەکـو وێسـتگەیەك بـۆ پشوودانێکی کورت بەکار دەهێنن. هەقایەتخوان لە ڕێی هێندێ وەسفی خێرا و سەرپێی بـە فەزای ئەو دەشتەمان ئاشنا دەکات. بۆیەیش ئەمە دەکات ((چونکە ئێمە شتەکان تەنیا بە چاو دەبینین، بەڵام ئەوان لەبارەی خۆیانەوە بـە ئێمـە دەڵێن، یـان کەسـانی تـر لـەبارەی ئەوانەوە بە ئێمە دەڵێن، بەڵام ئەو کەسانە نین کە دیانناسین، بەڵکو لەبارەیانەوە هەواڵمان پێـدەدرێت. ئەمـەیش تـەنیا لـەبارەی مرۆڤەکانـەوە نییـە، بـەڵکو لـەبارەی هـەموو شـت و شوێنێکە، بۆ نموونـە ئـەو شـوێنانەی بۆیـان نەچـووین، بـەڵام بۆمـان وەسـف دەکرێت.)) [بوتور،١٩٨٢،ل٥] لە ڕۆمان و چیرۆکدا ڕەنگە وەسفەکان درێـژ بـن، بـەڵام لـە هەقایـەتی

فۆلکلۆرییدا هەمیشە وەسفەکان کورت و خێران. بۆ نموونە لـەم هەقایەتـدا کاتێـك وەسـفی دەشت دەکرێ تەنیا بە وەسفی: دەشتی سەوز، وەسفکراوە. لە ڕێی ئەم وەسـفە کورتـەوە دوو دەلالەتمان دەبێت، یەکیان ئەوەیە شوێنەکە زۆر بایەخی لەناو هەقایەتەکەدا نییـە، بـە واتای ئەوەی شوێنێکی کاتییـە، شـوێنێکە فەزایـەکی کـورتی هەیـە، دووەمیـان کاریگـەری کەمی لەسەر ڕووداو و کەسەکان هەیە. ئەم بۆچوونەمان بـە واتـای سـفرکردنەوەی پێگـەی ئەو شوێنە نییە، چونکە بارتەقای قەبارەی خۆی ڕۆڵ دەبینێت. بۆ نموونە لەو کاتە کەمەی دانیشتنی پاڵەوان لەوێ، سـی سـوار دێـن و هەرسـێکیان دادەنیشـن و لەگـەل پاڵـەوان نـان دەخۆن.

هەرچـی چـیا و شـوێنی بڵنـدە، دەلالـەتی مانـەوە و خۆقـایمکردن دەگەیـەنێت. دەبیـنین کۆشکی پاشاکان، کۆشکی دێوەکان و کۆشکی شای پەرییان دەکەونە چیای بەرز و شوێنی سەخت و دژوارە. هەر لەم هەقایەتەدا دوای ئـەوەی پاڵـەوان لـەناو سـتوونێکی بـەرد کچـی قاقانی چینی دەرهێنا و بـردی. ((ئەحمـەد کچەکەی لـەناو سـتوونەکە دەرهێـنا و سـواری پاشکۆی ئەسپی خۆی کرد. کچەکە ڕێگای کۆشـکی بـاوکی پیشـانی ئەحمـەددا و ئەحمـەد ئەسپی تاودا و ڕۆیشت. هاژوای تا گەیشتە کۆشـکی قاقـان و چـووە ژوورەوە.....ئەحمـەد داوای لە قاقان کرد کۆشکێکیان بۆ لە ناوەندی دەریا دروسـت بکـات بـۆ ئـەوەی کچـەکەی شــوێنی ئــەمین بــێ و دەســتی نــەیارانی پــێ نــەگا و ئــەویش لــەوێ بپــارێزێ.)) [گەردی، ٢٠١٤،ل٢٠٠] بە بڕوای ئێمە و بـەپێی لێکدانـەوە و لـۆژیکی گێڕانـەوە دروست ئەوەیە ئەو کۆشکە لەناو دەریا دروست ناکرێ، بەڵکو دەبێ شوێنەکە سەر چیا و شوێنێکی بڵند بێت، چونکە دوای ئەم پەرەگرافە باسی قاندرمە دەکرێت. ((ئەحمـەد کەچـکەی بـردە ناو کۆشکەکە و داوای لێکرد هەرچی ببێ قاندرمە بۆ کەس شـۆڕنەکاتەوە. خۆیشـی هـەموو جـارێ کـە دەچـووە دەرەوە قاندرمـە پەتەکـەی لەسـەر کۆشـکەکە شـۆڕ دەکـردەوەو بەپەتەکــەدا دەهاتــە خــوارێ.)) [گــەردی، ٢٠١٤،ل٢٠١] ئاشـکرایە شـۆڕکردنەوە و هەڵکێشانی قاندرمە ئاماژەیە بۆ بوونی شوێنێکی بڵند و سەخت، چونکە بوونی دەریا و ناو دەریـا لەگـەڵ شـۆڕکردنەوەی قاندرمـە نایەتـەوە و لۆژیك نییـە. ڕەنگـە ئـەم هەڵەیـە بـۆ بیرکردنـەوە و خستنەسـەری هەقایـەتخوان بگەڕێتـەوە. چـونکە یـەکێك لـە خەسـڵەتەکانی هەقایەتخوان لە هەقایـەتی فۆلکلـۆری کـوردی، هەقایـەتخوان دەتـوانی دەسکاری ڕووداوو

ناوی کەسەکان و شوێنەکان بکات، چونکە هەقایەت بەشێوەیەکی زارەکی دەگوازرێتـەوە، جا لە هەر سەردەمێك هەقایەتخوانێك دەیگێڕێتەوە.

چیا و بڵندایی بەشێکن لە فەزای جوگرافی، مرۆڤەکان بـۆ خۆشـاردنەوە و بـەرگریکردن لەخۆ پەنا بۆ چیا دەبەن. پاڵەوان بۆ ئەوەی خۆشەویستەکەی لە دەستی دوژمن بپارێزێت، کۆشکێکی لە شوێنی بەرز بۆ دروست دەکات کەواتـە بردنـی خۆشەویسـتەکەی بـۆ شـوێنی بەرز دەلالەتی بوونی بەرەی خەراپە و دوژمنە. لە کۆشکەکە پاڵەوان پتر هەست بە ئـارامی و پارێزراوی دەکات. بۆیەیش داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات، بە هـیچ شـێوەیەك قاندرمـە بۆ کەس هەڵنەداتە خوارەوە. لێرەوە دوانەی دژوازی (بەرز/نزم) هەیە، بـەهۆی ئـەم دوانـە دژوازەوە هاوسـەنگی فـەزای بـەرزی و نزمـی ڕاگـیراوە، چـونکە خوێنـەر دەکەوێتـە نـاو فەزایەکەوە، هەست دەکات مەترسییەك لەسەر ژیانی خۆشەویستەکەی پاڵەوان هەیە.

## ٤- فەزای خەون و ئەفسانە

کاتێـك باسـی خـەون دەکـەین، دەروون و کاریگەرییـەکانیمان لەسـەر دەروونـی مـرۆڤ بیردەکەوێتەوە. ئاشکرایە دەروونناسێکی وەکو "فرۆید" لە ڕێی خەونەوە لێکدانـەوەی بـۆ کێشە و نەخۆشییە دەروونییەکانی مرۆڤ دەکرد. لەلایەکی دیکە "گریماس" گرینگی زۆر بـە خود دەدا. بەتایبەتی لەڕووی دەروونییەوە لە توێژینەوە سـیمیۆلۆژییەکاندا خـود بایـەخی زۆرە. کەواتـە هـەر کردەوەیـەك خـود ئـەنجامی دەدات، بـە دوو قۆناغـدا دەڕوات. قۆنـاغی هەست و قۆناغی بیرکردنەوە. کەواتە سـەرەتا خـود هەسـت دەکـات، دواتـر بیردەکاتـەوە، ئینجـا کردەوەیـەك ئـەنجام دەدات. ((پـێش هـەر کردەوەیـەك بیرکردنـەوە هەیـە، کـە هەستکردن لە پێشتریەتی، واتە پرۆسێسەکە بەشێوەی زنجیرەیی و قۆناغ بە قۆناغـە. ئـەو ژیانەی گۆشەنیگایەکی هەستەکی بەسەریدا زاڵـە، کارێکـە لـە دەسـت مـرۆڤ نییـە، چـونکە بیرکردنەوەی مرۆڤ ناتوانێ جەوهەری نموونەیی شتەکان دیاری بکات، تاکوو بەم قۆناغانەدا نەڕوات:

ئاگەدارکردنــەوە شــێوەگرتنی یادگــە ســـەرەتای هەســتکردن بیرکردنــەوە.)) ﴿یوسف،٢٠٠٥،ل٧٢﴾، کەواتە مرۆڤ لەناکاو بە قۆنـاغی بیرکردنـەوە ناگـات، بـەڵکو یەکـەم جار شتەکان بە هەستیدا تێپەڕ دەبن. وەکو "داڤید هیوم" پێداگری دەکات لەسەر ئـەوەی

هەموو بیرەکانمان ((لەبەرگرتنەوەی هەست و هەڵچوونەکانمانن، هـەروەك یەکـەم جار لـە ڕووحـــەوە دەردەکـــەون.)) ﴿الحـــداوی،٢٠٠٦،ل٩٣﴾ زۆرێـــك لـــە سیمیۆلۆژیســـتەکان پـــتر گرینگیان بە ماددییەت لەجیاتی هەستەکان دا، بـۆ نموونـە "چـارلس پێـرس" کـە چـەمکی هەستەکانی لە توێژینەوە سیمیۆلۆژییەکاندا سنووردار کرد.

خەون وەکو بەشێك لـە ژیـانی مـرۆڤ، لـە زۆر بـاردا وەکـو پێویسـتییەك دەردەکـەوێت. ئێستایش زۆرێك لە مرۆڤەکان بۆ ڕاڤەکردنی ژیانیان خەون دەکەنە پێـوەر و ژێدەر. خـەون بارێکی دەروونییە، مرۆڤ بە جەستە و دەروون لەگەڵی دەژیـەت. بـە بـڕوای "فرۆیـد" تـاکو عەقڵی ئاگایی مرۆڤ کار بکات، خەون پەیدا نابێت. بەڵام هەر کاتێ مرۆڤ عـەقڵی ئاگـایی لـە کار کەوت، بۆ نموونە خەوت، ئەوا عەقڵی نائاگایی و خەون دەردەکەون. خەونیش باشترین مەیدانێکـە عـەقڵی نائاگـایی غـەریزە چـەپێندراوەکانی پرۆسێسـە دەکـات. هـەر ئـەم دەروونناسە خـەون وەکـو زمـانێکی هێمـادار بـۆ هـەموو ئـەو شـتانەی لـە یانـدا ڕوودەدەن دادەنێت.

لە زۆرێك لە هەقایەتی فۆلکلۆری کوردییدا خەون دەبێتە داینەمۆی ڕووداوەکان، هـەر لـە سەرەتاوە پاڵەوان یان یەکێك لـە کەسـایەتییەکان خـەونێك دەبـینێ و لـەوێوە ڕووداوەکـان ئاراستە دەکرێن. لە هەقایەتی (ئەحمەد و محەمەد)دا، پاشایەك هەیـە و خـەونێك دەبـینێ. ((ڕۆژێك پاشایەك دەبێت، خەون ئەبینێت، لـە خـەویا هێلکەیـەك لەسـەر بزمارێـك دانـراوە، بەیانی لە خەو هەڵدەستێ، ژنەکەی و کوڕەکانی بانگ دەکات، دەڵێ: من ئەمرم. ماوەیەکی پێ ئەچێ پاشا ئەمرێ، هەردوو کوڕەکەی منداڵن.)) ﴿حەسەن،٢٠٠٦،ل٢١﴾ ئـەم خەونـەی پاشا دەبێتە بزوێنەری ڕووداوەکانی پاشتر. سەرەتا دەبێ بزانین دەلالـەتی هێلکـە چییە؟ ئەمە کۆمەکمان دەکات تاکوو پتر لە ڕووداوەکان بگەین و بزانین چۆن ئەم خەونە فەزایەکی ئێستاتیکی دروست کردووە. هێندەی سەیری خەوننامەکانی (ئیبن سیرین، ئبن شاهین)مان کـرد، هــەردووکیان لێکدانــەوەکانیان بــۆ هێلکــە لــە خەونــدا بــۆ دەلالــەتبوونی منــداڵ دەگەڕانـدەوە. لەلایـەکی دیکـە هێلکـە دەلالەتـە بـۆ بـوونی مـاڵ و سـامان. بۆیـەیش لـە هەقایەتەکەدا هەمان پێشبینی دێتەدی. ئەمە دروستکردنی فەزایەکە بۆ خوێنەر، بۆ ئەوەی ئاماژەکان لێکبداتەوە. ((جا منداڵەکان هەموو ڕۆژێك ئەو هێلکەیە دەبەنە بازاڕ دەیفرۆشن، تاجرێك هەیە، تاجرەکە هێلکەکانیان لێ دەکڕێ و سێ ڕۆژ هێلکەی بۆ دەبەن. داوایـان لـێ

دەکا جێگەی کۆترەکەیان پیّ بلّێت ئەو کۆترەش پێی دەلّێن کۆتری ئەفسوناوی، هەرچی کەسێك سەری کۆترەکە بخوات بۆ بەیانی کوپەیەك لیرە لەبن سەریا ئەبێت. ئەوەی بگەری بخـوات ئـەوا پلەوپایـەی بـەرز ئـەبێت.)) ﴿حەسـەن،٢٠٠٦،ل٢١﴾ لـەم پەرەگرافـەدا لێکدانەوەی و ئامـاژەی خەونەکـە ڕوونکراوەتـەوە. کەواتـە سـەرەتا خـەونێك هـەبوو، ئـەو خەونە خوێنەر و ڕووداوەکان ئاراستە دەکات. هاوکات فەزایەك بۆ خوێنەر چێدەکا بۆ ئەوەی لەناویدا بە دوای سەرەداو و ئاماژەکاندا بڕوات.

## ئەنجام

١ .فەزا چوارچێوەیەکە، یان کەشوهەوایەکە شتەکانی لەناودا دوجوولّێن، ئەم کەشوهەوایە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بە هونەریکردنی دەقەکە هەیە. هاوکات کاریگەری لەسەر دەروون و خەیال و چێژی خوێندنەوەی خوێنەر هەیە.

٢ .لە فەزای وەستاو/جوولّاو هەموو ئەو شوێنانەن، کە جێگرن و ناتوانن بجوولّێندرێن. ئـەو شوێنە جێگرانە بەرانبـەر ئـەو شـت و شـوێنە جوولّاوانـەی تـر فەزایـەکی هونـەری دروست دەکەن، بەمەیش بەردەوامی بە ڕەوتی گێرانەوە دەدەن.

٣ .شار سەرچاوەی ژیان و جوولّەیە، چوارچێوەیەکە خەلّك بەشێوەیەکی ئاسایی و باو تێیدا دەژین. ئەمە فەزایەك لای خەلّکی دروست دەکات، لە چوارچێوەی ئەو فەزایەدا دەژین. بەلّام هەر کاتیّ بارودۆخ گۆڕا، بیرکردنەوەی شارستانی و دەسەلّات گۆڕا، ئەوا فەزایەکی نامۆ لای خەلّکی دروست دەبێت.

٤ .هەقایەتی فۆلکۆری کوردی وەکو تایبەتمەندی هەقایەتی گشت میللەتان زۆرترین کۆنتاکتی لەگەلّ سروشت هەیە. ئێمە مامەلّە لەگەلّ دوو شوێن دەکەین، هەر یەکەشیان ڕۆلّیان لە دروستکردنی جۆرێك لە فەزا هەیە، ئەوانیش چیا و دەشتودەرە. دەشتودەر پانتاییەکی گەورە و شوێنێکی کراوەیە، پتر دەلالەتی ڕۆیشتن و ڕێبوار دەگەیەنێت.

## سەرچاوەکان:

### ا- بە زمانی کوردی

١ .ئـەلڕەبیعۆ (ترکـی عـەلی)، ٢٠٠٧، توندوتیـژی و پـیرۆزی و سـێکس لـە میتۆلۆژیـای ئیسلامییدا، و:ئاوات محەمەد، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

٢ .تۆفیـق (محەمـەد حەمەسـالْح)، ٢٠٠٠، هـۆنراوە و چـیرۆکی فۆلکلـۆری کـوردەواری، کۆکردنەوە و ئامـادەکردن، بـەرگی یەکـەم، وەزارەتـی ڕۆشـنبیریی، بەڕێوەبـەرێتی چـاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

٣ .حەسەن (مەولوود ئیبراهیم)، ٢٠٠٦، هێلکەی نامی، کۆکردنەوە و پێشـەکی و پـەراوێزی بۆ نووسیوە، بەرگی یەکەم، بەشی دووەم، ئەنستیوتی کەلەپووری کوردی، هەولێر.

٤ .گـەردی (عـەزیز)، ٢٠١٤، سـێ دەرمـان (هەقایـەتی کـوردەواری)، کۆکردنـەوە و ئامادەکردن، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

### ب- بە زمانی عەرەبی:

٥ .اکسـتنر (جوزيـف)، ٢٠٠٣، شـعرية الفضـاء الروائـي، ت:لحسـن حمامـة، افريقيـا الشرق/المغرب، الدار البيضاء/بيروت.

٧ .بوتور(ميشال)، ١٩٨٢، بحوث في الرواية الجديدة، ت:فريد انطونيوس، منشورات عويدات، ط٢، بيروت.

٨ .جينيت (جيرار)، ٢٠٠٢، الادب والفضـاء (مقـال ضـمن كتـاب :الفضـاء الروائـي، مجموعـة المولفين، ت: عبدالرحيم حزل، افريقيا الشرق/المغرب والدار البيضاء/لبنان.

١٠ .حـرب (حسـين)، ١٩٧٩، الفكـر اليونـاني قبـل افلاطـون (سلسـلة الفكـر اليونـاني)، دار الفارابي، بيروت.

١١ .الحداوي (طائع)، ٢٠٠٦، سيميائية التآويل (الانتاج الدلائل)،المركز الثقـافي العربـي والـدار البيضاء، المغرب.

١٢ .الخفاجي (عماد هادي)، ٢٠٠٣/٨/٢٩، مفهوم الفضـاء والمكـان والحيـز، جريـدة التـآخي، انترنت.

١٣ .بن ستيتي (سعدية)، ٢٠١٢/٢٠١٣، فنيـة التشـكيل الفضـائي وسـيرورة الحكايـة في روايـة الامير لواسيني الاعرج (دراسة سيميائية)، اطروحة دكتوراة، جامعة ستيف٢، الجزائر.

١٤ .غالب (د.مصطفي)، ١٩٨٨، ارسطو في سبيل موسوعة فلسفية، دار الهلال، بيروت.

١٦ .كريفـل (شـارل)، ٢٠٠٢، المكـان في الـنص، مجموعـة مـن المـولفين، (الفضـاء الروائـي)، ت:عبدالرحيم حزل، افريقيا الشرق/المغرب والدار البيضاء/لبنان.

١٧ .المرابط (عبدالواحد)، ٢٠١٠، السيمياء العامة وسيمياء الادب (من اجل تصور شامل)،دار العربية للعلوم ناشرون/لبنان، منشورات الاختلاف/الجزائر، دار الامان/الرباط.

١٨ .يوسف (احمد)، ٢٠٠٥، السيميائيات الواصفة (المنطق السيميائي وجبر العلامات)، الـدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، المركز الثقافي العربي، الجزائر.

**ج- به زمانی فرەنسی:**

19. A.J.Greimas, (1976), Semiotiqye et sciences sociales du seuil, paris.
20. Genette, Gerard (1966), Figure1, Edition du seuil, Paris.

هەواڵنامەی کتێب

# بنیاتی هونەریی توخمەکانی گێڕانەوەی داستانی فۆلکلۆریی کوردی

کوماری فیدرالی عیراق
حکومەتی هەریمی کوردستان
وەزارەتی خویندنی بالا وتویژینەوەی زانستی
زانکوی کویە

UNIVERSITY

# بنیاتی هونەریی داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا

نامەیەکە پێشکەش بە فاکەڵتی پەروەردە

لە زانکۆی کۆیە کراوە وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا

کەیفی ئەحمەد عەبدولقادر

ماستەری لە (بواری ئەدەبی کوردی) لە (ساڵی ٢٠١١) لە کۆلیجی (زمان/ زانکۆی کۆیە) وەرگرتووە.

بە سەرپەرشتی
پ.د.هیمداد حوسێن بەکر

٢٠١٦ ز
٢٧١٦ کوردی

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی[1]

داستانەکان بریتیین لە ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ، کە لەدێر زەمانەوە لەلایەن گێڕەرەوەکان بەشێوەی زارەکی گێڕدراونەتەوە بۆ گوێگرەکانیان، گێڕەرەوەکان ئەو کەسە زانا و زیرەك و وشیارانەی نێو کۆمەڵ بوونە، کە بەشێوەیەکی زارەکی و گوتاری دەنگی شتێکیان بۆ خەڵکی گێڕاوەتەوە، هەر لەڕێگەی ئەوەوە پەیوەندی لەگەڵ وەرگر یان بینەر یان بۆگێڕدراوە پەیوەندییەکی پتەو دروستبووە، ئەو وەکو ناوەندێکی مەعریفی و وشیاری سەیرکراوە بۆ هێنانە ئارای ئەو پەیوەندییە دروستە، خۆی بڕیاردەدات کە لەو کۆڕ و دانیشتن و مەجلیسانە چی دەبێت بگوترێت و چیش فەرامۆش بکرێت و نەگوترێت، هەروەها دەبێت بە چ ڕێگە و ئامرازێك و چۆن چۆنی بگوترێت، لە چ گۆشەنیگایەکەوە و بە چ تێڕوانینێك بێت، بە چ شێوەیەك ڕێزبەندی ڕوودا و گێڕانەوە و توخمەکانی گێڕانەوە بکرێت، لێرەدا گێڕانەوە بریتییە لە خستنەرووی هەربابەت و شتێك، کە هەڵیدەبژێرن و بەلایانەوە شیا و گونجاو بێت، جا ئەمە دەقێك یان وێنەیەك یان نواندن یان تێکەڵەیەك بێت لەمانە، وەکو داستان و ئەفسانە و حیکایەت و...هتد، ئەو پرۆسەیەی گێڕانەوەیەش، لە هەموو کات و شوێنێکدا و لەناو هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە و هەبووە، دەسپێکی ئەو پرۆسەیە لەگەڵ دەسپێکی مێژووی مرۆڤایەتیدا سەریهەڵداوە، گێڕانەوەی زارەکی، کە خەسڵەتێکی ئەدەبی فۆلکلۆرییە بەگشتی، هاوکاری ئەو جۆرە ئەدەبە دەکات، بۆ ئەوەی ببێتە خاوەنی خەسڵەتێکی سادە و ساکار و نەرم و نیان و ڕاستگۆیی و واقیعی، وایلێدەکات کە بەپێی گۆڕانی کات و سەردەم خۆی لەگەڵ بارودۆخە جیاوازەکاندا بگونجێنێت، هەروەها ڕێگا بۆ گێڕەرەوەکان خۆش دەکات، کە بەپێی کات و سەردەم و شوێن شتی لێ کەم بکەن و شتی بۆ زیاد بکەن، بەپێی گونجان و بارودۆخی ئەو گوێگرەی کە بۆی دەگێڕنەوە، ئەمەش بۆ بنیاتی گشتی ئەدەبی فۆلکلۆری دەگەڕێتەوە، کە بوار بە گۆڕین و چاککردن دەدات، چونکە لەوانەیە لەبەرکردنی دەقا و دەق و وشە بە وشەی بابەتەکە وەك خۆی قورس بێت،

---

١: بە هاوبەشیی لەگەڵ د.کەیفی ئەحمەد" لە نامەی دکتۆراکەی (بنیاتی هونەریی داستان لة ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا)، ٢٠١٣.

بەتایبـەتی ئەگـەر هـات و بابەتەکـە دوورودرێـژ و ئـاڵۆز بێـت، وەکـو داسـتان و ئەفسـانە و حیکایەتەکان و..هتد.

ئەو پرۆسەیەش هەروا بەشێوەیەکی لە خۆوە و هەرەمەکی نایەتەکایەوە، بەڵکو بەهۆی کۆمەڵێك توخم و تەکنیکەوە ئەنجامدەدرێت، کە بەپێی جۆری ئەدەبەکە و بابەتەکـە، ئـەو توخم و تەکنیکانە ریزبەندی و شـوێنی خۆیـان دەگـۆڕن، کـە توخمێـك لـە جۆرێك گرنگـە، لەوانەیە لە جۆرێکی تر کەمتر گرنگ بێـت، یـان ریزبەندییەکـەیان دەگـۆڕن و پـاش و پـێش دەکەون.

لەبەرئەوەی داستان بەرهەمێکی گێڕانـەوە ئـامێزە، گێڕانـەوەش لەسـەر بنـەمای چـەند توخمێك بنیاتنراون، دیارە داستانە فۆلکلۆرییەکانیش خـاوەنی بنیـاتێکی بـەهێز و پتـەون، ئەو بنیاتانەش لەسەر بنەمای چەندین تـوخم و تـەکنیکێکی هونـەریی بنیـاتنراوە، ئێمـەش لێرەدا تەنها لەبارەی هەندێك توخم قسە دەکەین و دەوەستین، هەڵبژاردنی ئەو توخمانەش بـەپێی گرنگییانـە لـەنێو داسـتانە فۆلکلۆرییەکانـدا، ئـەو توخمانـەی لـەو لێکۆڵینەوەیـەدا هەڵمانبژاردوون، بۆئەوەی لەسەریان بوەستین و شیکردنەوە و لێکدانەوەیان بۆ بکەین، کە تا چەند خاوەنی بنیانێکی بەهێز و شیاو و پتەون و بوونەتە مایەی بنیاتێکی بەهێز و پتەو بۆ سەرتاپای داستانەکەو ئەوتوخمانەش بریتین لـە ( پاڵـەوان، رووداو، شـوێن، کـات)، کـە بەپێی گرنگیان لەنێو داستانەکاندا ریزمان کردوون و لێکۆڵینەوەمان لەسەر کردوون.

سنووری لێکۆڵینەوەکە لەڕووی بابەتەوە سنووردارمان کردووە، تەنها باسی توخمەکانی داسـتانە فۆلکلۆرییـە کوردییـەکانما کـردووە و بـەلای داسـتانە ئەدەبییـە نووسـراوەکاندا نەچـووین، هـەروەها لـەنێو توخمەکانیشـدا تـەنها توخمـەکانی (پاڵـەوان، رووداو، شـوێن، کات)مان هەڵبژاردووە و قسەمان لەسەر کردووە, چوار توخمی بەرچـاو و گرنگـی پرۆسـەی گێڕانەوەی داستانە فۆلکلۆرییەکانن

ئامـانجی لێکۆڵینەوەکـەمان ئەوەیـە کـە ئـەوە بسـەلمێنین و بخەینـە رووکـە تـا چـەند توخمەکانی (پاڵەوان، رووداو، شوێن، کات) رۆڵیان بینیوە لـە بنیاتنـانی داسـتاندا هـەوەها تاچەند ئـەو توخمانـە بوونەتـە مایـەی سـەرکەوتنی گێڕانـەوەی داسـتانەکان, تاچـەندیش لەگێڕانەوەکاندا پەنایان بردووە بۆ بنیاتنـانی ئـەو توخمانـە کـە لەنجامـدا بوونەتـە مایـەی بنیاتێکی پتەوی دەقەکە.

لێکۆڵەر هەردەم بەدوای ڕێباز و میتۆدێکدا دەگەڕێت کە لەگەڵ بابەتەکەیدا بگونجێت، ئەم بابەتەش بۆ ئەوەی لەسەر بنەمایەکی زانستی ئەکادیمی بەڕێوەبچێت ، ئێمە دوو جۆر میتۆدمان بەکار هێناوە ئەویش میتۆدی ( وەسفی و شیکاریی)ە.

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و ئەنجام و سەرچاوەکان و ناوە ڕۆکی باسەکە پێکهاتوە .لە پێشەکیدا کورتەی باسەکە و سنووری لێکۆڵینەوەکە و ئامانجی لێکۆڵینەوەکە و میتۆدی لێکۆڵینەوەکەمان باسکردوە. پاشان ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە خراوەتە ڕوو کە پێکدێت لە چوار تەوەر. لە تەوەری یەکەمدا باس لە توخمی (پاڵەوان) کراوە, دوای پێشەکییەکی کورتی تیۆری هاتووینەتە سەر لایەنی پراکتیکی, لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی بنیاتنانی پاڵەوان کراوە، ئەویش بە نموونە هێنانەوە و شیکردنەوەی نمونەکانی نێو هەندێ داستانی فۆلکلۆری کوردی. تەوەری دووەمیش تەرخانکراوە بۆ قسەکردن و شیکردنەوەی توخمی ڕووداو, کە بەهەمان شێوەی تەوەری یەکەم جێبەجێ کراوە. تەوەری سێیەم لەسەر گرنگی و بنیاتی شوێنە لەنێو داستانەکاندا کەتا چەند خاوەنی بنیاتێکی بەهێزە و کاری کردۆتە سەر توخمەکانی تر، تەوەری چوارەم و کۆتایش بریتییە لە کات، کە هەمیشە کات ڕابردوو و زنجیرەییە بەپێی کاتی ڕوودانی بەدوای یەکدادێت ، کە ئەمەش خەسڵەتێکی کاتی نێو داستانەکانە. لە کۆتایشدا ئەو ئەنجامانەی کە لە میانی ئەو لێکۆڵینەوەیەدا پێیگەیشتووین لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان و کورتە لێکۆڵینەوەکە بە هەردوو زمانی عەربی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## تەوەری یەکەم: پاڵەوان:

دیارە ڕەگەزی هەرە سەرەکی داستان قارەمان یان پاڵەوانە، پاڵەوان لە کۆندا و پێش ئەوەی ئەو جۆرە ئەدەبە نوێیانەی ئەمڕۆ لەبەر دەستدان سەرهەڵبدەن، بەتایبەتی لە پێش( سەرهەڵدانی ڕۆماندا چەمکی کاراکتەر هەموو لەپاڵەواندا کۆکراوەتەوەو باڵادەستییەکە هەر بۆ پاڵەوان گەڕاوەتەوە و هەر ئەویش بە تەنها توانیویەتی کار لە ڕووداوەکان بکات و بیانگۆڕێت، هەتا دەقەکەش لەسەر پیاهەڵدان و بەدیارخستنی پاڵەوان بووە، چونکە کاری وای کردووە، کە خەڵکی ئاسایی نەیتوانیوە ئەنجامی بدات، بۆیە

خوێنەر بەبێ ویستی خۆی لایەنگری پاڵەوان بووە)[1]، دیارە هەموو ئەو توانا و هێزە لە ئەفسانە و خورافە و داستانەکان بەرجەستە دەبوو، بەتایبەتی داستانەکان، چونکە ئەفسانە و خورافەکان زیاتر پاڵەوانەکانیان خوداوەند و نیمچە خوداوەندەکان بووە، بەڵام لە داستانەکاندا بووە بە پاڵەوان، ئەوەش ڕاستییەکی بەرچاو و حاشا هەڵنەگرە، کە پاڵەوانی داستان زۆر گرنگە و ڕووداوی سەرەکی داستانەکەو هەموو کەسێتییە بەشدارەکانی ناو ن٢ڕووداوەکە لە خزمەت و بەرزکردنەوەی پاڵەوانی سەرەکی دان.[2] هەروەها پاڵەوانی داستان، کەسێکە خاوەنی تایبەتمەندی قووڵی نەتەوەییە، هاوکات خاوەنی هێزێکی لە ڕادەبەدەری سەروی سروشتی مرۆڤی ئاساییە، پاڵەوانی نێو داستانەکان خاوەنی هێزێکی پەرجو(سیحر)ین، لەرووی هێزی جەستەیی و هێزی دەروونییەوە.[3] لە داستانی ( ناسر و ماڵماڵ) دا، هێز و توانای پاڵەوان بەقەد دەیان هێزی مرۆیی ئاساییە، کە بەم شێوەیە خراوەتەروو.

( ئەگەر ناسر هات و گەیشتە پلی عومانێ، تووشی ئەو چل سوارەی بوو ئەگەر شێخی عارەبان بۆ کوشتن و ڕووتکردنێ ناردبوونییە سەر ڕێیە یان. هەندێك دەڵێن ناسر بە نێویان کەوت و هەر چل سوارەکەی کوشتن و وەکو داری قەڵاشکەری لەسەر یەکدی دانان و ڕۆیشت. هەندێکیش دەڵێن: وەکو هەڵۆی دوو سێ جاریان بە نێودا هات و ڕۆیشت و سێ چوار کەسی لێکوشتن و لە پەلەپەلیان لەنێویان دەرپەڕی و خۆی لێ ڕزگار کردن)[4]، لێرەدا توانای پاڵەوانەکەمان بۆ بەدیار دەکەوێت، کاتێ شێخ چل سوار لە ئازا و شۆڕەسوارانی عێلەکەی هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی بچنە سەر ڕێی ئەو دوو پاڵەوانە، بەڵام تەنها یەکێکیان دێت، واتە شێخ حیسابی هەردووکیانی کرد بوو بۆیە چل سواری ناردووە، خۆ ئەگەر بیزانییایە تەنها یەکێکیان دێت، ئەوا تەنها بیست سواری دەنارد، کەچی ئەو سوارە (ناسر) بەتاقی تەنیا هەر هەموویان لەمەیدانی شەڕدا دەکوژێت، بەبێ ئەوەی ئەوان بتوانن برینداریشی بکەن، ئەوەش بەتوانایی پاڵەوانی داستانمان پیشاندەدات.

---

١ بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، جەوهەر شێخانی، چا. ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤،ل١٥.

٢ الموتیف فی الادب الشعبي والفردي، د.سلێمان العطار، ص٦٤.

٣ شناخت داستان، جمال میر صادقی، ص٦٤.

٤ مامان برازا بزر کرد خاڵان خوارزا مەزن کرد، کۆکردنەوەی، زیاد موحەمەد ئەمین، ل٤٦.

لەداستانی (لاس و خـەزاڵ)دا چـەندین دیمـەنی توانـا و هێزمـان لـەبارەی پاڵەوانەکـەوە پیشاندەدات، لە یەکێك لەو دیمەنانەدا باسی هێزی دەست و پەنجە و بازووی (لاس) دەکات و دەڵێت:

( وەستا عەباس هەگبەیەکی ناڵ لۆ دەرهێنا لەپێشی رۆکردییە .

کاکە لاس دەستی دەگەیاندە هەر ناڵەکی بە دوو پەنجان ئەو ناڵەی دەشکاند دەیگو وەستا عەباس تەنەکەیە، ناڵ نییە.

لەبۆ شێخەزاڵێ ئەو ناڵە لێمەدە، قیمەتی نییە،

هەتا چل جووتە ناڵی لە وەستا عەباسی خەسارکردییە

هەمووی فڕێ دەدا بەبێ قەیدییە)[1]

وەك ئاشکرایە کە ناڵی وڵاغەبەرزە لە ئاسنێکی پتەو دروست دەکرێت بۆ ئەوەی بەرگـە بگرێت، زۆرجار تەنها لەبەرئەوە دەیگۆڕن، چونکە لوس دەبێت، وڵاغەکە لـە شـوێنی لێـژی بەردەڵان خلیسك دەبات، بۆیە دەیگۆڕن و دووبارە ناڵی دەکەنەوە، کەچی کاکە لاس تەنها بە دوو پەنجان وەکو مەقەبا دەینوشتێنێتەوەو دەیشکێنێ، پێویسـتە ئـەوەش بـزانین، کـە وەستا عەباس ناڵی زۆر باشی بۆ هێناوەو لەبەرئەوەی هەر لەسـەرەتاوە (لاس)ی کەوتۆتـە بەر دڵی، بەڵام مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی دەست و بازو و پەنجەی کاکە لاس، نەك خرابی ناڵەکان.

لەداستانی( چەتۆی کـوڕی فـەرحۆ)دا، چـەتۆ پاڵـەوانێکی بـێ وێنـەو بـەهێزە هـەر وەك باوکی، پێش ئەوەی بەتەمەندا بچێ کەس نەبووە شان لە شانی بدات، بەڵام چـەتۆ لـەویش تێدەپەڕێنێ و چەندین لەشکر و هۆزی تێکشکاندووە، تاڵانی چەندین هۆزی هێناوە، تاڵـانی خۆشی لە چەن هۆز و پاڵەوانێك ستاندۆتەوە.

( ئەو ڕۆ حەسەنێ پیرکانی ئێزدییا ،

سێ عەگیدان لبۆ چەتۆ بدەر هێخستییا ،

سینگێ مەیدانێ پێشیێ چەتۆ دگرتییا ،

بسێ دەنگان گازی چەتۆ دکردییا

چەتۆ گوێی خۆ گران کردییا

---

[1] بەیتی لاس و خەزال، ئامادەکردنی، عەبدولەتیف عەبدولمەجید گولی، ل٨٤.

دگۆ هۆ خورتێ ئێزدییا

بەس بزانم خەبەر و مرادێ دلێ هنگۆ چییا

هەتا ئەوان بخەبەران قانع دکردییا

پییێ خۆ لرکێبێ هەزمانێ قایم کردییا

بەرێ خۆ لوان کوچك بابا و ڤراندییا

یەکی لوان عەگیدان کوشتییا

لنگی یێکێ دی شکاندییا

ئەوێ دیکە زمانی لغولغولەی دەرئانییا..)[1]

لەداستانی (دەروێشی عەبدی)دا، دەروێش کەسێکی هێندە بەهێز و توانایە و پاڵەوانێیکی بێوێنە و بێدەنگە، بەبێ ئەوەی خۆی بەدیاربخات و شانازی بەخۆیەوە بکات. ئاشقی کچی ئاغاکەیەتی، ئەویش دیەوێ لەناوی ببات، بۆیە دەینێرێ بۆ سەر ئەو جەردە و ڕێگرانەی لە شوێنێکی عاسێ خۆیان قایم کردووە، ژمارەیان چل کەسە، بەسەرکردایەتی کەسێکی یاخی و بەهێز و ئازا، ئەو ڕێگرانە خەڵکی ناوچەکە هەراسان دەکەن و هەموو ڕۆژێ ڕاووڕووت و کوشت و کوشتار لەو ناوچەی دەکەن، هیچ کەسێك دەرەقەتیان نایەت و خەڵکی ئەو ناوچانە ئەو ڕێگایەیان تەرك کردووە و بەوێندەرێدا هاتوچۆ ناکەن، هەربۆیەشە، کە ئاغا دەروێش بۆ ئەوێ دەنێریت، چونکە دەزانێت کە ناگەڕێتەوەو دەیکوژن،بەوەش بە بەردێك دوونیشانە دەپێکێت، ئەگەر دەروێش سەرکردەی دزەکانی کوشت یان چەند دز و ڕێگرێکی کوشت ئەوا خۆی و خەڵکەکەی لەدەستی ئەو گروپە ڕزگارییان دەبێت، خۆ ئەگەردەروێشیش بەدەستی ئەوان کوژرا دوای ئەوەی کە چەند کەسێکی لێ کوشتن، ئەوا ئەو باشتر و دەروێشیان لەکۆڵ دەبێتەوە، بەڵام ئەو پێشبینیانەی ئاغا زۆر هەڵە دەرچوون، چونکە دەروێش ئەو کەسە لاواز و بێهێزەی ئەوان بیریان لێکردبۆوە نەبوو، هەر بۆیەش ئەنجام جۆرێکی تر بوو و لەناویان دەبات و سەری سەرکردەکەش، بەدیاری بۆ ئاغا دەهێنێتەوە، لەگەڵ خۆشی کارمامزێك ڕاودەکات و دەیهێنێتەوە بۆ ئاغا، هەرچەندە ئاغە بواری بۆ هەموو ئازا و کەڵەمێردانی عەشیرەت خۆش کرد، کە هەرچی بچێت بۆ ئەو شەڕە و سەرکەوێت، ئەوا کچەکەی خۆی لێ مارەدەکات،

---

[1] پێنج داستانی کوردی،کۆکردنەوەی. یاسین گۆران، ل١١٨،١١٩.

بەڵام کەسیان نەیانوێرا و بێدەنگ بوون، نیشـانەی ڕەزامەنـدیش ئـەوە بـوو، هەرچـی ڕازی بێت بڕوات، ئـەوا قـاوەی لـە قاوەچـی وەردەگرێت و دەیخواتـەوە، دوای ئـەوەی قاوەچـی قاوەی بەسەر هەمووانـدا گێـڕا کەسـیان دەسـتیان بـۆ فنجانـەی قاوەکـە نـەبرد، دواکـەس دەروێش قاوەکەی وەرگرت و خواردییەوە.

(دەروێش عەبدی شێخان قاویٚ خۆ وەرگرت و خواردیۆ ،

ئەوجا دەروێش دەستی خۆی دایە داری دار رمێۆ ،

سوار بوو لە جوانە ماینیٚ عودبێۆ .

بەویٚ نوێژیٚ نیوڕانیٚ، بەتاقی تە نێۆ ،

ئاژۆت و داکەوتە دەشتی مەجەڕڕانێۆ

سەری سەرۆکی تەڕیدە باشیانی بڕی

دابووی لە تۆپیٚ ڕمبێۆ

تالعی تالعداران لە گەڕانەوەیدا ،

فەرخێکی کارمامزی لەنێو پووشیٚ ڕابیۆ

دەروێش کارمامزی دەکوشت، بەزەبری داری شەلغێۆ...)[1].

لە داستانی(شیرین و فەرهاد)یشدا،فەرهاد ئەو پاڵەوانە ئازاو بەتواناو ئەفسوناوییەیە کە، هێزی شان و باز و جەستەی دەچێتە بواری ئەفسانەوە، کاتیٚ کە ڕانی ئەسـپەکەی شـیرین واتە شەودێز دەشکیٚ، شیرین زۆر عادز و غـەمبار دەبێـت بـەو ڕووداوە، کاریگـەری لەسـەر فەرهاد دەبێت، بۆیە وەك واشـە و بـاز ڕوو دەبێتـە شـەودێز و دەیخاتـە سـەر شـانی، وەك ڕەشەبا و بەپڕتاوی بەرەو مەنزڵی شیرین دەکەونە ڕیٚ و دەگەڕێنەوە بۆ کۆشکی خەسرەو، هەر بەو شەوە نایەڵێت بەیان دابێت و کەس پیٚ بزانێت، دەیگەیەنێتەوە کۆشك.

( لەپاش چەند سعات فەرهادی کوکەن

خستییە سەرشانی شیرینی ارمن

شیرین و شەودێزی هەڵگرت بەسەر شان

ڕۆیشت بەرەو رووی شاری کرماشان

لە ماهی دەشت چو بۆ هارون اوا

---

١ جوانستان، کۆکردنەوەی، زیاد موحەمەد ئەمین، ل١٩١.

گەیشتە کرند وەکو ڕەشەبا...تاد)[1]

کـاتێ کـە پاڵـەوانی داسـتان بەمشـێوەیە بـەهێزە،دەبێت کەسـانێکی بـەهێزیش لـە بەرامبەریاندا هەبێت، بۆ ئەوەی ململانێکە گەرم بێت و بنیاتی هونەریی پاڵەوانەکە بەهێزتر بکات و خزمەتی بەدیارخستنی ئەو هێزەی پاڵەوان بکات، چونکە ئەگەر پاڵەوان ڕووبەڕووی کەسێکی ئاسایی ببێتەوە، ئەوا هیچ ئازایەتی تێدانییە، ئەگەر سەریش بکـەوێت، هـەروەهـا هێزە لەتوانا بەدەرەکەشی بەدیار ناکـەوێت، ئەگـەر هێزێکـی هاوتـای خـۆی یـان سـەرووی خۆی ڕووبەڕووی نەبێتەوە، ئەو بتوانێ ئەو هێزە تێکبشکێنێ و لەناوییبات، بۆیە لە هـەمان کاتـدا لـە دەوروبـەری پاڵەوانـدا، پاڵـەوانی دژ و کەسـی بەهـەمان تایبەتمەنـدی و هێـزی پاڵەوانەوە هەن. کـە ئـەوان زیـاتر هێزێکـی شـەیتانی و شـەڕانگێزن و بـەرەنگاری پاڵـەوان دەبنەوە، بەڵام سەرەنجامیان تێکشکان و لەناوچوونە و، سەرکەوتن بۆ پاڵەوانی داسـتانە، کە هەمیشە هێزێکی ئاشتی خواز و چاکەکار و خۆشەویستی خەڵکن[2].

لە داستانی (ناسر و ماڵماڵ)داچەندین کەس و پاڵەوانی بەهێز ڕوو بە ڕوویـان دەبنـەوە و دەتوانن هەموویان لەناو ببەن، بۆ نموونە یەکێك لەو کەسانەی کە ڕوو بە ڕوویان دەبێتەوە( شـۆخاڵ)ە، کـە دەزگیرانـی (ماڵمـاڵ)ی، مـارە کـردووە و کـەس و کارەکەشـیان دەچەوسـێنێتەوە، ئەمـەش لـە ئامادەنـەبوونی هـەردوو پاڵەوانەکەوەیـە، بـەڵام کـە دەگەڕێنەوە، سەرەتا بەرەنگاری (شۆخاڵ) دەبنەوە، کە هێز و تواناکـەی بەمشـێوەیەیە، (جا، کە تەماشای شۆخاڵیان کرد و دیتیـان: ئەگـەر گـوێنی هەڵدەقەنـد و بـۆ سـەر مـەڕی هەڵدەدا، گوێنی وەکو هەوری بەهارێ دەیگرماند. کە زانـی بـۆ لای وی دەچـن، گۆچـانێکی پێ بوو هێندەی تیرەگێکی ئەگەر گۆچـانی سـەرەو بـن کـرد و دایهێنایـە ماڵمـاڵی، گۆچـان لەسەر سەری ماڵماڵێرا ڕۆیشت و لەو بەری لە کەرتکە شاخێکی داو بەقەدەر لا دیوارێکی لە شاخەکەی پچڕی...تاد)[3]، کاتێ فەرهاد شیرینی دەبردەوە بـۆ کۆشـك لـە ڕێگـادا (گـەرا)ی دڕندە و بەتوانا ڕێی پێدەگرێت و دەبێتە شەڕیان تا لەئەنجامدا دەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت و سەربکەوێت و لەناوی ببات، لێرەدا شیرین بەچاوی خۆی هێز و توانـای فـەرهادی بـینی و

١ شیرین و فەرهاد، ئەرکی چاپکردن، محمدامین عصری، ل٢٦.

٢ شناخت داستان، جمال میر صادقی، ص٦٤.

٣ مامان برازا بزر کرد خاڵان خوارزا مەزن کرد، کۆکردنەوەی، زیاد موحەمەد ئەمین، ل٥٥، ٥٦.

هێندەی تر ئاشقی بوو،واته دەتوانرێ بنیـاتی خۆشەویسـتییەکە زیـاتر پتـەو بێـت بـەهۆی توانا و ئازایەتی و چاونەترسی پاڵەوان.

( لەبەر گاقا چل نفر زەنگی
راداری ڕێ بوون وەك فیلی جنگی
گەرای بێ ایمان سەرداری یان بو
دایم شەرر و شور هەر کاریان بو
نۆبەچی لە دور کە دی هات فرهاد
بەر بووە هاوار بە داد و بێ داد
گەرای سەگ صفت کە فرهادی دی
هاتە ڕێ بەقار بەحدت ووتی
ئەرێ ڕێ بوار شێتی بێ خێر
بۆ چی وا هاتووی بێ خوفو خگر...تاد)[1]

لە داستانی (بـارام گوڵئەنـدام)دا، کـاتێ بـارام دەڕوات بـەرەو مـەنزڵی خۆشەویسـتەکەی (گوڵئەندام) لە ڕێگادا ڕێی دەکەوێتە شوێنێك، کە ماڵی ژنێکی فێڵبازە، سێ کـوڕ و کچـێکی هەیە، کچەکە کە بارام دەبینێ ئاشقی دەبێت و دەیباتـە ماڵـەوە، بـەڵام پێـی دەڵێـت، کـە ئاگات لەخۆت بێت، چونکە من سێ برام هەنە، کە هێـز و توانایـان بـێ سـنوورە، هـەر لـەو ڕووبـەڕوو بوونەوەیـەداو کـە (بـارام) دەتـوانێ بەسـەر هەرسـێکیاندا زاڵ بێـت و بیـان کـات بەژێردەستی خۆی، وەکو بەنـدەی ئـەویان لـێ دێـت، تـەنها مـەرجیان ئەوەیـە کـە نـەیان کوژێت، لێرەدا هێـز و توانـا و ئازایـەتی بـارام بـەدیار دەکـەوێت، کـە تـا ئـەو سـاتە کـەس نەیـدەزانی بـارام بـەو شـێوەیە ئـازا و بـەهێزە و سـەربکەوێت ، (سـەمەنبۆ )بـە (فـەرهاد) دەڵێـت:

(( هەمە برایەك نیو کاڕوبایە
زۆر بێ ڕەزایە، لە گوتن نایە
ملی وی وەکو ئی هەژدیهایە
یەکی دیم هەیە ئەرژەنگ ناویەتی

[1] شیرین و فەرهاد، ئەرکی چاپکردن، محمدامین عصری، ل٢٦، ٢٧.

بیست و پێنج گەز جاو کەڵلەی کڵاوێتی

یەکی دیم هەیە نێوی سەڕ سەڕە

ددانی پێوە وەکو پێمەڕە

حاسە بانییە، دایمە لە شەڕە

سەت بەڵای لێدا، چەندە بەدفەڕە...)[1]

وەك لەو نموونانەی پێشەوەدا بەدیاردەکەوێت، هەموو داستانەکان پاڵەوانی بەتوانا و بە هێز و ئازا ڕووداوەکان هەڵدەسوڕێنن، بەجۆرێك ((لە هەموو حیکایەتێکدا پاڵەوانێکی گەورە هەیە کەنەکەس پێی دەوێرێت و نەکەس دەتوانێت پشتی لە ئەرزی بدات))[2] ، پاڵەوانی سەرەکی داستان زیاتر پاڵەوان یان نیمچە خوداوەندێکە، کە بەئەنجامدانی کردەوەی گەورە و سەیر و سەمەرە چارەنووسی تیرە، هۆز، نەتەوە یان نەژادی خۆی دیاری دەکات. بۆ نموونە لە داستانی(شانامە)ی (فیردەوسی)دا، (ڕۆستەم)، خاوەنی هێزێکی سەرووی سروشتی مرۆڤی ئاساییە، یان (ئاشیل) لە داستانی (ئیلیادە)دا، خاوەنی ئەم جۆرە هێز و توانایەن .[3] پاڵەوان ڕەگەزێکی هێندە گرنگە، کە بەبێ بوونی ئەو بنیاتی داستانەکان هەرگیز ناتوانرێ بەپێتەوی دابمەزرێت و گێڕانەوە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو ئەنجام بدرێت، بۆیە هەموو ڕەگەزەکانی تر پشت بەبوون و بەهێزی پاڵەوان دەبەستن، هەروەها( گرنگی کەسایەتیش لەو کاتەدا بەدیار دەکەون کە زمان بەتەنها بەبێ کەسایەتی مەحاڵە بتوانێ ڕۆڵی خۆی ببینێ بەهەمان شێوە ڕووداویش بەتەنها لە غیابی کەسایەتیدا مەحاڵە ڕۆڵی خۆی وەك پێویست ببینێ، چونکە هەر کەسایەتییەکە ئەوانە بەرجەستە دەکات و بەرز و نویان دەکاتەوە )[4]، بۆ ئەوەی پاڵەوان خاوەنی بنیاتێکی بەهێز و جێگای تێڕامان و سەرنج ڕاکێشانی گوێگر و بینەران بێت، هەروەها خاوەنی، تایبەتمەندی و خەسڵەتی واقیعی بێت، واتە ئەو خەسڵەتانە جیگای قبوڵ کردن بن لەنێو خەڵکیدا، ئەو زیادەڕۆیییەی کە

١ گەنجینەی بەیتی کوردی، کۆکردنەوەیة قادر فەتاحی قازی، ل٥٧٧.

٢ ڕۆجینەیەک بۆ ئەدەبی کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان، شەریف فەلاح، چا. لەریا، سلێمانی ، ٢٠٠٨، ل٤٥٤.

٣ فرهنگ اصطلاحات ادبی، سیما داد، ص٢٠٥.

٤ تەکنیک لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵلا سەراج)دا،ئارەزوو محەمەد عەلی، ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٩، ل١٣١.

دەشکرێت لەپێناو زیاتر گـەورەکردن و تواناکـانی خۆشەویسـتی خـەڵکی دا بێـت، نـەك بـۆ ئەوەی ببێتە کەسـێتییەکی خـوراق و ئەندێشـەیی،بۆیە(ئەو کاەکتەرانەی،کەبۆداسـتانەکان هەڵدەبژێردرێن و لاسایی کەسانی دیکەیان پێدەکرێتەوە، دەبێ واقیعی بن و بڕواپێهێنەر بن و کـرداری وا ئـەنجام نـەدەن کـە لەگـەڵ کەسـایەتی ئـەو کەسـانەدا نـەگونجێ، کـە کارەکتەرەکان لاساییان دەکەنەوە، چونکە ئەو کەسایەتییانە کەسانی لـەرادەی ناوەنـدی بەرزترن، واتە زیاتر خانەدانەکانن ))[١]، ئەگەر ئاوڕێك لە داستانە فۆلکۆرییـەکان بدەینـەوە، ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، بۆ نموونە، پاڵەوانی داستانی(قەڵای دمدم) واتە( خانی لەپزێڕین)، کە مـیر و ئاغـای ناوچـەکەیە، هـەروەها لـە داسـتانی (مـەم و زیـن) دا، هـەردوو پاڵەوان( کاکەمەم و خاتوو زین)، هەردووکیان کوڕ و کچە پاشای وڵاتی خۆیانن، لەداستانی (بـارام و گوڵئەندام)یشـدا، هـەردووکیان کـوڕ و کچـە پاشـای وڵـاتی خۆیـانن، پاڵـەوانانی داستانی( ناسر وماڵمـاڵ)یش هـەردووکیان کـوڕی سـەرۆك هـۆزی ناوچـەکەی خۆیـانن، لـە داسـتانی (لاس و خەزاڵ)یشـدا، هـەردوو ئاشـقە پاڵەوانەکـە کـوڕ و کچـی ئاغـا و سـەرۆك عەشـیرەتی دوو ناوچـەی جیـاوازی کوردسـتانن، لـە داستانی(شـێخی سـەنعان)دا، شـێخ پێشـەوای دینیـی و ڕابـەرێکی گـەورەی وڵاتـە، هـەروەها (سـەرتەم)ی کچـە گـاوری خۆشەویسـتی، کچـی سـەرکردەی وڵـاتی خۆیـەتی، هـەروەها هـەردوو پاڵـەوانی داسـتانی (زەمبیل فرۆش)، زەمبیل فرۆش پاشای وڵاتەکەی بووە و لە ترسی خـودا و لێپرسـینەوەی ڕۆژی دوایی، دەستی لە دەسەڵات هەڵگرتووە و بووە بە دەروێش و کار و کاسبی دەکـات و بە ئارەقەی نێوچەوانی خۆی نان پەیدا دەکات، خـاتوونیش خوشـکی پاشـای ئـەو وڵاتەیـە کە(زەمبیل فرۆش) ڕووی تێدەکات و ئاشقی زەمبیل فـرۆش دەبێـت، هەرچـەندە لـە چـەند گێڕانەوە و لەسەرزاری زۆر کەس (خاتوون) بە خێزانی پاشـا دادەنـێن، بـەڵام ڕاسـتییەکەی ئەوەیە کە خوشکی پاشـایە، هـەردوو پاڵـەوان (خورشـید و خـاتوو خـەرامان) لـە داسـتانی (خورشید و خاوەر)دا کوڕ و کچە پاشای وڵاتەکانی خۆیانن، (دەروێشی عەبدی) پاڵەوانیش کوڕی میری ئێزیدیانـە و لـە کـەس و کـاری دەڕەنجـێ و دێتـە ناوچـەیەکی تـر و لـەوێ لای ئاغایەك دەبێتە نۆکەر، هەر لەوێندەرێ تووشی داوی خۆشەویستی دەبێـت و ئاشـقی کچـی ئاغاکەی دەبێت، هەروەها لە داستانی (چەتۆی کوڕی فـەرحۆ)دا (چـەتۆ)ی پاڵـەوان کـوڕی

١: بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، جەوهەر شێخانی، ل١٥.

سەرۆك هۆزێکە، ئەو کچانەی کەخۆشی دەوێن و دەیانهێنێت کچی سەرۆك هۆزەکانی تـرن، (عەبدولعـەزیزە کـوێر)ی پاڵـەوانی داسـتانی (سـەیدەوان)یش سـەرۆك هـۆێکی ناوچـەی ئێزیدییانە، ..تاد، ئەمانە چەندین داستانی تر هەر هـەموو پاڵەوانـەکان لـە کەسـانی چـینی ئەشراف و سەرەوەی کۆمەڵن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو سەردەمەی ئەو جۆرە ئەدەبەی تێدا سەرهەڵداوە و باوبووە، ئەو چینانە لەو کاتەدا باڵادەست بوونە، کاریگەرییان هەبووە لەناو کۆمەڵدا، بۆیە زیاتر باس لە ژیانی ئەو جۆرە کەسانە کراوە، لـەپاڵ ئەوەشـدا کەسانی تر هەبوونە لە چینەکانی خوارەوە بوونە، کەچی بوونەتە پاڵەوانی داستانەکانیش، وەکـو( سـیامەند) لـە داسـتانی( خـەج و سـیامەن)دا، (برایمـۆك) لـە داسـتانی(برایمی مەلازێندینان) و (محەمەد) لەداستانی (محەمەد و سێوێ)دا و...هتد.

پاڵەوانی نێو داسـتانەکان بەشـێوەویەکی جـوان و سەرسـوڕهێنەر هـەموو ڕەهەنـدەکانیان لەسـەر بنەمایـەکی بـەرز و تـەواو بنیـاتنراوە، ئەمـەش باسـکردنی ئـەو تایبەتمەنـدی و خەسـڵەتانەی کـە لـەبواری ئـەو ڕەهەنـدەدا پێویسـتە باسـبکرێت، بـۆ نموونـە ڕەهەنـدی جەستەیی یاخود فیزیکی کارەکتەر بەشێوەیەك بنیـاتنراوە کـە لـەڕووی جـوانی و تـەواوی گشت ئەندامەکانی جەستەی ببێتە جێگای تێڕامان و لەسـەر وەسـتانی کەسـانی بەرامبـەر، ڕەهەندی فیزیکی یان جەستەیی، یان مەتریالیستی یەکێکە لەو ڕەهەندانە کـە بەمەبەسـتی (( وێنەکێشان و ناساندنی کارەکتەر و هەموو ئەندامەکانی جەستەی دەگرێتـەوە، جـوانی و درێـژی، ڕەنگـەکان وەك هـی چـاوی، لـوتی، دەسـت و پێـی، کەللـەی سـەری...هتد))[1]، گێڕەرەوە بەهۆی چەند تەکنیکێك دەتوانێ یاخود بواری هەیە کە ئەو خەسڵەتانەی پاڵەوان بخاتەڕوو، وەکو دیالۆگی کارەکتەرەکانی تر، بەڵام باشترین و گونجاوترین ئامراز و تەکنیك وەسفکردنە، کە بەهۆیەوە دەتوانرێ بەشێوەیەکی تێر و تەسەل کارەکەی ئەنجام بدات، جا بۆیـە(( ڕەهەنـدی فیزیکـی زۆرجـار لـەڕێی وەسـفەوە دەخرێتـە ڕوو زیـاتر حیکـایتخوانی هەمووشتزان بەخوێنەری دەناسێنێ ))[2]، لەبـەر ئـەوەی ئـەمجۆرە حیکایەتخوانـە ئاگـادار و شارەزایی لە هەموو ورد و درشتی کارەکتەر هەیە، ئەوانەی ئاشکراو نهێنی، لەوانەیـە ئێمـە زۆرجار بەچاو نەیانبینین، چونکە هەندێ شت شاراوەیە و کەسـێتییەکە دەیشـارێتەوە، بـۆ

١ بنیاتی کارەکتەر لە رۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، جەوهەر شێخانی، ل٦٢.

٢ س. پ، ل٦٣.

ئەوەی کەسانی بەرامبەری نەیبینن، بۆ ئەوەیە بە کەم و کوڕی بۆی حیساب نەکرێت، بەڵام حیکایەتخوانی هەموو شتزان ئاگاداری ئەم کارانەشە.

لە داستانی (لەیل و مەجنون)دا، لەسەرزاری کارەکتەرێکی تر کە دایکی (مەجنون)ە، باسی جوانی لەش و لاری (لەیلێ) دەکات و دەڵێت:

( گاڤا چوو، مەجرووم گۆ:

–دایێ ، تە لەیلێ من ڕاخاست ؟

گۆ: ئەز قوربانا تەمە.

ئەو لەیلاتە دییە،

من ژی دییە،

خوبەرا تەیە ،

ئەو لەیلێ رندە ،

هەم ئەشل – ئەساسا ،

گەرۆکا ئاڤا گوندە...)[1]

هەروەها گێڕەرەوە لە ڕێگای وەسفکردنەوە بەمشێوەیە وەسفی جوانی جەستە و ئەندامەکانی (خەزاڵە شۆڕ) دەکات و دەڵێت: (( بەژن و باڵایەکی گەلەك شیرین و ڕێك و پێکی هەیە. دەڵێی داریێ سووسنییە. سینگی دەڵێی کافوری سپییە. هەردوو مەمکی دەڵێی سێوی بەغدادییە. هەردوو ڕوومەتی دەڵێی گوڵی ئەشرەفییە. چاوی دەڵێی بازی دەشتێ شارەزوورییە. دەڵێی مامزە پەروەردە و گەورە بووە لە بنەی مەخموورییە. پەنجەی دەڵێی قەڵەم و قەڵەمبازییە. قەدی گەلەك باریکە. کەمبەرێکی زیوی تێدا ختم کردییە))[2] ، هەروەك بەدیار دەکەوێت وەسفێکی هێندە ورد و جوانی خەزاڵی کردووە، کە هەرچی جوانی دنیایێ هەیە، خوا بەوی بەخشیوە، پەرییێکە بۆخۆی لەسەر ئەرزی، وەسفکردن لەسەر زاری خودی کارەکتەریش دەبێت، کاتێ کارەکتەرەکە بۆ دڵنەوایی و ئارامی بەخشین بە بەرامبەرەکەی وەسفی خۆی دەکات، بۆ نموونە ( خەزاڵ) بەمشێوەیە وەفای خۆی بۆ(لاس) دەردەبڕێت و پەیمانی پێدەدات کە ئەو موڵکی (لاس)ە و کەسی تر

١ فۆلکلۆرا کورمانجا، کۆکردنەوەی، حەجیێ جندی و ئەمینێ عەڤدال، چا. ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨،ل٣٥٦.

٢ بەیتی لاس و خەزال، ئامادەکردنی، عەبدولەتیف عەبدولمەجید گولی، ل١٢.

مـاف بەسـەرەوە نییـە، لـەو کاتـەدا هـەموو قسـەکان دەبنـە وەسـفێکی جـوانی جەسـتە و ئەندامەکانی خۆی و، دەڵێت:

( لاسە، ئەو پەرچەمانەم بۆ تۆ پەروەردە کردوون هەر وەك ئاوریشمی دووکانێ ،

ئەمن ئەو هەنییەم بۆ تو نگا داشتیی کردووە، هەزار و حەوت سەد مەلایکەتی جلۆکێشە،

وەك مانگی منەوەر وایە، شەوقی داوەتە ئەرز و ئاسمانێ ،

ئەو برۆیانەم بۆ تو پەروەردە کردوون، دەبی شاری هیندی بۆ بدەی بە دەرمان،

دەستی بکەی بەوەسمە کێشانێ ،

ئەو چاوانەم بۆ تو پەروەردە کردوون دەڵێی ئەستێرەی گەلاوێژیـە لـە هەوشـار و هـەجمان هەڵدێ،

هەر ئاشقێك کە ببینێ، گوناهی نامینێ رۆژی ئاخر زەمانێ ،

ئـەو کولمانـەم بـۆ تـو پـەروەردە کـردوون دەڵێـی فانۆسـە لـە دیـوانی سـوڵتانی ئەستەمبۆڵێ...تاد)[1]

لێـرەدا گێـڕەرەوە لـە ڕێـی خـودی کارەکتـەر و لەسـەر زاری خـۆی وەسـفی گشـت ئەندامەکانی جەستەی خۆی دەکات و هەریەکەیان بە جوانترین و نایابترین شت دوچوێنێ.

ڕەهەنـدێکی تـری پاڵـەوان بریتییـە لـە خۆشەویسـتی خـاك و نیشـتیمان، لـە داسـتانە دڵدارییـەکان، خۆشەویسـتی خـاك و نیشـتیمان دەبەسـتێتەوە بـە خۆشەویسـتی دڵـدار و دڵخوازەکەی و هەردووکیان لەبەر خاتری یەکتری خۆشدەوێن و ناتوانێ لێیان جیا ببێتەوە، بەڵام لە داستانەکانی قارەمانێتی خۆشەویسـتی خـاك و نیشـتیمان زیـاترە، هـەموو توانـای پاڵەوان دەکەوێتە خزمەتی خاك و نیشتیمانەکەی، ئەو خۆشەویستییەش وای لێـدەکات کـە بەرگری لە نیشتیمانەکەی بکات و بە هەموو شتێکی بە بەها و بە نرخ دەکەوێتە قوربانیدان لەو پێناوەدا، ئەو خۆشەویستییە هەر لە منداڵییەوە لە ناخیدا سەرهەڵداوە، چونکە(( ئـەڤ لایەن و ئاسۆیە یێ گرێدای وێ حەژێکرنا زکماکی یا کەسایەتێیە بۆ نەتەوێ خۆ))[2]، پاشـان

١ توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. عەلی نانەوازادە، ل١٥٨.

٢ ئاڤا کرنا رویدانێ د رۆمانا(داویا شەرڤانەکی و سۆتنگەهـ)دا، نیهایەت محەمەد ساڵح عێزەددین، ماستەر، زانکۆیا دهۆکێ، کۆلیژیا ئادابێ، ٢٠٠٩، ل٥٤.

ورده ورده لەگەڵیدا گەوره و فراوان بووه، هەتا وایلێهاتووه هەموو شتێك دەبەستێتەوه بە نیشتیمان، بەبێ نیشتیمان هیچ شتێك بوونی نییە.

کاتێ شا عەباس ئامادەیە کە هەرچی خان بخوازێت بیداتێ بە مەرجێ واز لـە ئـاواکردنی قەڵا بهێنێت و بچێتە خزمەتی شا عەباس و لەوێ ماڵ و دەسەڵاتی پێ دەبەخشێت، بـەڵام خان بەهیچ شێوەیەك سەری بۆ شۆڕ ناکات و خۆی و نەتەوەکەی بە کەمتر نازانێت لە شا و نەتەوەکەی و دەڵێت:

( خان دەڵێ: " ئەو شا بێ، ئەمنیش خانم

خالەق بێ بە پشتیوانم ،

غوڵامی ڕەوێك شێرانم

قاتلی کوللی شیعانم...تاد)[1]

هەڕەشـــەکەی خـــان لـــە شـــا عـــەباس و ســـوپاکەیەتی، هەرچـــەندە زۆر کـــەس وای لێکدەدەنەوە کە ئەو شەڕە شەڕێکی مەزهەبییە لەنێوان شیعە و سوننە، بـەڵام بـەڕا ئێمـە ئەوە بۆچوونێکی هەڵەیە، هەرچەندە خان هەڕەشە لە هەموو مەزهەبی شـیعەکان دەکـات، بەڵام سروشتی هەردوو بەرەکەی دژ بەیەك وایە کە نەتەوە و لەشکری شا عەباس هەموویان لە مەزهەبی شیعەن و نەتەوە و لەشکری خانیش سوننە مەزهەبن، ئەمە وای کردووە کـە وا لێکبدرێتەوە، کەچی شەڕەکە لەسەر دین و مەزهەب نییە، بەڵکو لەسەر خاك و نیشـتیمانە، بەرگری کردنی خانە لە داگیرکاری دوژمنان، هەروەها هەڵپەی دوژمنانیش بۆ داگیر کـردن و دەستبەسەرداگرتنی خاکی کوردان، هەر لێرەدا ڕەهەندێکی تـر بـەدیار دەکـەوێت، ئـەویش ڕەهەندی ئایدیۆلۆژییە، چونکە ئەو بیروباوەڕەی پاڵەوان یان کەسێتی بەدیاردەکەوێت، کـە خۆی بڕوای پێی هەیە، بەهیچ شێوەیەك مل نادات بۆ هیچ بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژیایەکی تـر، لەبەرئەوەی ( ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی پەیوەندی بە هۆشـیاری تاکـەوە هەیـە، جـا ئـەو تاکـە هەڵگری هەر هزرێك بێت، بە هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنییەوە)[2].

ڕەهەندێکی گرنگی تر بریتییە لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، کەوا لە کارەکتـەر یـان پاڵـەوان دەکات کە پابەند بێت بە نەریت و کولتووری باوی نەتەوە و ناوچەکەی کە تێیدا دەژییەت،

١ توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. عەلی نانەوازادە، ل٦٧.

٢ بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، جەوهەر شێخانی، ل٦٦.

خۆ ئەگەر لەو ڕەهەندە لابدات ئەوا بنیاتی ڕۆنـانی کارەکتـەر لـەق دەبێـت و لەگـەڵ واقیـع نایەتەوە، بۆیە دەبیَ پابەندی ئەو سروت و کەش و هەوایەی کە نەتەوەکەی خولقاندوویەتی بێـت، کەواتـە ڕەهەنـدی کۆمەڵایـەتی( ڕەهەنـدێکی گرنگـی بنیـاتی کارەکتەرە،ئـەویش پەیوەسـتە بـەو ژینگـە و کۆمەڵگەیـەی کارەکتـەری تێـدا دەژی. ڕەهەنـدی کۆمەڵایـەتی کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەسەر زمان، جوڵانەوە، ڕەوشت...هتد، هەتا هیوا و ئاوات و خولیای کارەکتەریشدا دەبێت)[1] .

ململانیَ ڕەگەزێکی دیار و پێویسە لەنێو گشت ئەو جۆرە ئەدەبانەی کـە خـاوەنی شـێوازی چیرۆکین و، بوونەوەری زیندووی تێدایە، جا مرۆڤ بن یان گیانلەبەر، لە داستانیشدا ململانیَ لەنێوان قارەمانەکاندا ڕەگەزێکی دیارە، ململانیَ لەنێو قارەمانەکانی داستاندا ململانێیـەکی کۆمەڵایەتییە، لەوانەشە ململانیَ بێت لـەنێوان دوو کەسـێتییدا...، کـە چـاکە و خرابـە یـان خێر و شەڕ لە زۆرانبازیدان و لە کۆتایشدا لایەنی چاکە بەسەر خرابەدا سەردەکەوێت.[2]

لەوانەیە پاڵەوان لەگەڵ زۆر لـەو داب و نـەریت و کولتـورە بـاوەی نـاو کۆمەڵەکـەی یـەك نەگرێتەوە، بەڵام ڕەوشتی گشتی ڕێگەی پێنـادات هەرچـی بیـەوێت و ئـەو پێـی باشـە بـەو شێوەیە ڕەفتار بکات، ئەگەر دەیەوێت ببێتـە کەسـێکی خۆشەویسـتی نـاو کۆمـەڵ دەبێـت لەگـەڵ واقیعـی کۆمەڵەکـەی خـۆی بگونجێنێـت، بۆیـە( نەشـێت هـەرچ کـارەکیَ هـەی کوزارشتکرنیَ ژیَ بکات، چونکی سنج و ڕەوشتێن جڤـاکیَ وی خـودان کـۆت و زنجیرێـن ویَ بەربەند کرنیَ نە)[3].

لـە داسـتانی ( مـەم و زیـن)دا، هـەر لەسـەرەتاوە ئـەو داب و نەریتـەی کۆمەڵگـە بەدیاردەکەوێت، کاتیَ پەرییەکان دەیانەوێت (مـەم و زیـن) بگەیـەنن بـە یـەکتری، سـەرەتا خوشکی بچووك دەڵیَ: با مەم) ببەین بۆ کۆشکی (خاتوو زیـن)، بـەڵام خوشـکی نـاوەنجی پێیان دەڵێت، کە داب و نەریت ڕێگە نادات کە مێرد ببەین بۆ لای ژن و هەر دەبێـت ژن بـۆ لای مێرد بچێت، هەروەها ئەوە ژنە ئەگەر پیاوێك بچێتە ژوورەکـەی، دیسـان داب و نـەریت ڕێگەی پێنادات و دەبێتە جێگەی لۆمە و سەرزەنشتی خەڵکی، بۆیە دەڵێت:

---

١ س.پ، ل٦٣.

٢ مبادئ الشخصية فى العرض المسرحي المعاصر، د. يحيى البشتاوي، دار الكندى للنشر والتوزيع، ٢٠٠٤، ص٢٥.

٣ ئاڤا کرنا رویدانێ درۆمانا(داویا شەرڤانەکی و سۆتنگەھ)دا، نیهایەت محەمەد ساڵح عێزەددین، ل٥٤.

( خوشکی نێونجی کوتی بە خوشکانە،
خوشکێ ، بە قانوون و قاعدانە ،
کەس نەیدیوە مێرد بچێ لە دووی ژنانە ،
هەر ژن هاتوونەوە لە بۆ مێردانە.
ئەمە ئەوە کاکە مەممان هەڵگرت و بردمانەوە چزیر و بۆتانە،
نەکا خوڵا ڕەزای لێنەبوو ئەمە کاکە مەممان نەگەیاندەوە ئێرەکانە،
کاکە مەم دەبێتەوە بێحورمەت و قەدر نەزانە،
دڵێی ئەوە شوانە یان گاوانە... تاد )[1]

لە داستانی ( خەج و سیامەند)یشدا، کاتێ، کە سیامەند لە چیای سیپانێ هەڵدەدێرێ و گیان دەدات، بە خەجێ دەڵێت، کە بچێتەوە بۆماڵەوە، بەڵام خەجێ ئـەوە ڕەتدەکاتـەوە، لەبەر ئەوەی لەناو کۆمـەڵی کوردەواریدا(ڕەدوو کـەوتن)، کـارێکی ناشـیرینە و خـەڵکی بـە چـاوێکی سـووک سـەیری دەکـەن، بۆیـە خـەجێ نایـەوێت بـە سـەر شـۆڕی بگەڕێتـەوە نـاو خێزانەکەی و کۆمەڵ، چونکە هەموو ڕۆژێك لەولا و ئەولا تانە و تەشەر و پەلاری لێ دەدەن، بۆیە مردنی لەگەڵ خۆشەویستەکەی پێ باشـتر و شـەرەف مەندانـە تـرە، لـەو ژیانـە سـەر شۆڕییە، خەجێ دەڵێت:
( سەری سیپانێ بە قوڕێگیراو لەمن بە دار بەڵالووکە،
ئەمن بۆت هەڵدەدەمەوە خیوەتێکی کەسك و سووری سەر بە گڵۆوکە،
ئامۆزا، چۆن ئەتۆ بە پەلی دارە بەنێوە بناڵی و
ئەمنیش بچمەوە ماڵێ باب و برایان بە سووك و چرووکە؟!))[2]

لە داستانی (چەتۆی کوڕی فەرحۆی)دا،کاتێ کە هۆزی (قیرۆ)ی بەسەرهۆزی (فەرحۆ)ی دادەدەن و هەرچی زیندەماڵ هەیە بە تاڵانی دەیبەن، کاتێ کە (چەتۆ) دێتـەوە دایکـی بـە هـات و هـاوار و عـادزی دەبێنێـت زۆر مشـەوەش دەبێـت و لێـی دەپرسـێت چـی بـووە؟ ، دایکیشی باسی تاڵانییەکەی بۆ دەکات، ( چەتۆ) هیچ بەلایەوە گرنگ نابێت و دەڵێت هـەر گوێیشی مەدەیێ، سبەینێ تۆڵەی خۆمان بەزیادەوە دەکەمـەوە، هـەلێکیش بـۆ ئێمـە هـەر

١ توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. عەلی نانەوازادە، ل٨٢
٢ مامان برازا بزر کرد خاڵان خوارزا مەزن کرد، کۆکردنەوەی، زیاد موحەمەد ئەمین، ل١٨٥.

هەڵ دەکـەوێت و خـەم مـەخۆ، بـەڵام کـاتێ دایکـی باسـی بـڕینی کـەزی (شـیرینی)خێزانی دەکات، (چەتۆ) یەکسەر شێت و هار دەبێت، چونکە ئەمە ئـەتك كـردن و سـووکایەتییەکی گەورەیە لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا، بۆیە بە دەست و برد و بێوەستان بەدوایان دەکەوێت.

( دایکی گۆت: کوڕێ من خۆ خەمێ هەندەم نییا

شوان و گاوانێ مەی هەتك کردییا

ئەو کەزییەکی سەرێ شیرینێ لێوە کردییا...تاد)[1]

له داستانی ( قەڵای دمدم)دا، کاتێ ئاو لەسەر قەڵا دەبڕن و بێئـاوی ڕوو لـە خـەڵكی نـاو قەڵا دەكات، ئـەم كـارەش دەبێتـە جێـی نـاڕەزایی و قسـە و قسـەلۆكی ژنـان، هـەر كـەس هەڵدەسـتێ و دادەنیشـێ نـاڕەزایی بەرامبـەر خـان دەردەبـڕێ، كـە بۆچـی چارەسـەرێك نادۆزێتەوە، ئاو نییە بۆ خواردنـەوە و ماڵـات و ڕێـژە و پێـژە و پێداویسـتییەكانیان، بۆیـە خان، وەك نەریتێكی كوردەواری، كە ئەو بەرپرسە لە خەڵكەكـەی و دەبێـت چارەسـەرێكی خێرا بدۆزێتەوە، هەر بۆیە بڕیاری هێرش دەدات بۆ سەر دوژمن، یان ڕێگـای ڕزگـار بـوون و دەرچوون دەكەنەوە یان هەموویان لە مەیدانی شەڕ بە سەر بـەرزی شـەهید دەبـن و چـیتر ئەو سەر شۆڕییە قبوڵ ناكەن.

( خاتوونێك دێتە مەیدانێ

له دڵی خانی دەدا تانێ

لێت حەرام بێ جێی کابانێ

ئاو نییە پێ بکەین شێلانێ

خاتوونێك دێ و دەبەزیی

ڕەببی خانە، مارت گەزیی

لێم ڕەش بوون سەر و کەزیی

خاتوونێك دێ بە فەقیریی

چۆکی دادا لە پێش میریی

خان، سەلا لە منی فەقیریی!

خان، ئاو نییە پێ بکەین هەویریی،

[1] پێنج داستانی کوردی، کۆکردنەوەی. یاسین گۆران، ل١٢٤.

خان، حەیفە، تو بیٚ مودەبیریی...تاد)[1]

پاڵەوانەکانی داستانە فۆلکلۆرییە کوردییەکان، خو و خەسڵەتییان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵی کوردەوارییە، و هەمیشە لە بەرەی خەڵکیدا بوونە و بەرگرییان لـە خـاك و نیشـتیمانەکەیان کـردووە، چـونکە (( ئەگـەر سـەیری داسـتانەکانی کـوردەواری بکـەین دەبیـنین قارەمـانی داستان کەسایەتییەکی بەرزە لە رووی ئازایەتی و حەق ویستی و دەست و داوێـن پـاکی و مل کەچ نەبوونی بەرامبەر بە دوژمن و بەرگری کردن لە ستەم لێکراوان)[2]

ڕەهەندێکی تری کارەکتەر بریتییە لە ڕەهەنـدی دەروونـی، کـە ناکرێـت ئـەو ڕەهەنـدەی پاڵەوانی داستانەکان فەرامۆش بکرێت، چونکە ئەوانیش مـرۆڤن، بـە خۆشـییەکان دڵخـۆش دەبـن و بـە ناخۆشـی و کارەسـاتەکانیش دڵتـەنگ دەبـن، لـە هەلۆێسـتەکانیاندا دووچـاری هەڵچوون و گرژی دەبن، بۆیە ئەو لایەنەش بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرچاو دەکـەوێت، کـە لەڕێگەی گێڕەرەوە ئەو جۆرە دۆخانە دەخرێنـە ڕوو، دیـالۆگ و مەنـەلۆگیش یـەکێکن لـەو ئامرازانـەی کـە بەهۆیـەوە لایـەنی دەروونـی کەسـێتییەکان بەدیاردەخـەن، بەتایبـەتی لـە هونەریی شانۆدا زیاتر پشتییان پێدەبەسترێت، بـەڵام ئـەو جـۆرە ئەدەبانـەی کـە خـاوەن سروشتی گێڕانەوەن، بەو تایبەتمەندییـە بـە ناوبـانگن کـە ڕەگـەزی گێڕانـەوە تیایانـدا باڵا دەسـتە، ئـەوا زیـاتر لـە توانـادا هەیـە بـەهۆی هونـەرەکانی گێڕانـەوە لایـەنی دەروونـی کەسێتییەکان لەلایـەن گێـڕەرەوە ئاشـکرا بکرێـت و بخرێنـە ڕوو، وەکـو چـیرۆك و ڕۆمـان، هـەروەها داسـتانیش یەکێکـە لـەو جـۆرە ئەدەبانـەی، کـە بەگێڕانـەوە نـاوزەد دەکرێـت و گێڕانەوە تیایدا باڵا دەستە، کەواتە لێرەدا گێڕەرەوە دەتـوانیٚ بـەجوانی لایـەنی دەروونـی پاڵەوان و کەسێتییەکانی تر وێنا بکات و بیانخاتەڕوو، بۆ ئەوەی بینەرو گوێگر بەو لایەنەی پاڵەوان ئاشابێت.

لایەنی دەروونی لە هەموو جۆرەکانی ئەدەب بەڕێـژەی جیـا جیـا بـەدیار دەکـەوێت، کـە هەندێکیان بەڕێژەیەکی زۆر و هەندێکی تریان بە ڕێژەی کەمتر، بەڵام ئـەم ڕێژەیـە بـە زیـاد کردنی خاسیەتی گێڕانەوە لەو بابەتەدا زیاد دەکات، بـۆ نموونـە چـیرۆك لـە شـانۆ زیـاترە،

١ توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. عەلی نانەوازادە، ل٦٩.

٢ ڕوونکردنەوەیەك بۆ داستانەکەی(سەری چەتویە و بنەوەی لاس، فەرهاد گۆمەشینی، گ. ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ(٦)، ٢٠٠٤، ل٥٩.

ڕۆمانیش لە چیرۆك زیـاترە، چـونكە گێڕانـەوەكانیش بـە هـەمان ڕێـژەن. كـە لەڕۆمانـدا لـە هـەموویان زیـاترە، هەرچـەندە داسـتانەكانیش گێڕانـەوەیان لەهـەمووان زیـاترە، بـەڵام لەبەرئەوەی جۆری حیكایەتخوان و شوێنەكەی لە گێڕانەوەدا جیاوازە لەو جۆرانەی تر، كە دەكەوێتە دەرەوەی ڕووداوەكان، بۆیە لەوان كەمتر ئەو لایەنە بەدیار دەكەوێت، هەروەك لە كۆندا و لەسەردەمی گەشانەوەی داستانەكان، ئەو هونەرە بـۆ مەبەسـتی تـر و لـە پێنـاوی ئامانجی تر بەكار هاتووە، بۆیە نەیتوانیوە بگاتە ئاستی ڕۆمان و لایەنی دەروونی ناوەوەی كەسێتیی و پاڵەوان گرنگی پێبـدرێت و زیـاتر بخرێتـەڕوو، چـونكە ئـەو كـات ئامانجیـان لـە داستانەكان زیـاتر بـۆ خسـتنە ڕوو و بەرجەسـتە كردنـی ڕووداو و كارەسـاتە مێژوویـیەكان بووە، نەوەكو كێشەی تایبەتی و تاكە كەسییەكان و گیر و گرفتە دەروونییەكان، كە ئەمانە زیاتر لـەدوای سـەدەكانی ناوەڕاسـت سـەریان هەڵدا، ئـەوەش زیـاتر بـەهۆی بـەكارهێنانی جێناوی كەسی یەكەمی تاكەوە ئـەو كێشـە دەروونـی تایبەتییانـە دەخرێنـە ڕوو، كەسـەكە لەناخی خۆی دەدوێت، كە بەهۆی گێڕانەوە و خۆدواندن نهێنییەكانی ناخی ئاشكرا دەكات، مەرجیش نییە كە تەنها ئەو دۆخە بەو شێوەیە و لەڕێی ئەو جێناوە ئـەم پرۆسـەیە ئـەنجام بدرێت، چونكە لە تواناندا هەیە لـەڕێی هـەردوو جێنـاوی كەسـی دووەم و كەسـی سـێیەمی تـاكیش ئـەو كـارە بكرێـت، ئەمـەش دەتوانرێـت بەسـەر ئـەو جـۆرە گێڕانەوەیـەی كـە لـە داستانەكاندا هەیە جێبەجێ بكرێت، كە گێڕەرەوە لەڕێی ئەو جۆرە جێناوانەی وەكو كەسی سێیەمی تاك و كۆ ئەنجام بدات و لایـەنی دەروونـی پاڵـەوان و كەسـێتییەكانی تـر دەخاتـە ڕوو.[1]

لە داستانی(شێخی سەنعان)دا، كاتێ شێخ ئاشق دەبێت بە كچی گاور (سـەرتەم)، دەبـێ دووچـاری چ دڵـەڕاوكێ و ئـازاری دەروونـی بووبێـت، كـە لـەنێوان دیـن و ئیمـان و خۆشەویستەكەی یەكێكیان هەڵبـژێرێت، چـۆن مریـد و تەكییەكـەی بـەجێ بێڵـێ و بـەدوای ئیشقەكەی بكەوێت، لێرەدا گێڕەرەوە دەڵێت:

(( عاشق بوو دڵی سووتاوە

شەو و ڕۆژ لە دڵی قاوە قاوە

---

١ ڕەهەندی دەروونیی لە چیرۆكی درێژی من و قالە و سەگەكەی بافلۆف دا، د. عادل گەرمیانی، ٢٠٠٦، ل١٧،١٨،٣٠،٤٠.

هۆش و ڕەهبەتی نەماوە

جەماعەتی لە مریدان تێك داوە...))[1]

هەروەها لەشوێنێکی تردا گێڕەرەوە لەسەرزاری شێخ دەڵێت:

(( شێخ هاتە نێو مریدەکانی، گوتی:

براله لێم تەڵخ بووە ئەحواڵە

لێم تاڵ بووە ماڵ و حاڵە

نامەوێ ژن و منداڵە

ڕەهبەتی دینم بەتاڵە

سەبارەت بەو چاو کاڵە...)[2]

کەسێك بەو تەمەنە پیرییە، ژن و منداڵ و پلە و پایە و بیروباوەڕەکەی وازلێبێنێت و بەدوای خۆشەویستەکەی بکەوێت، دەبێت لایەنی دەروونی چۆن بێت، هەروەك لەسەرەوە بەجوانی بەدیاردەکەوێت، کە لە چ جێژاوێکی گەورەی دەروونیدا دەژیێت، گێڕەرەوە بەجوانی وێنای کردووە بۆ گوێگر، ئەویش لەو بارودۆخە ناهەموارە دەگات و شتەکانی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

لە داستانی (لاس و خەزاڵ) دا، کاتێ کە لاس بریندار دەبێت و پاشان گیان دەسپێرێت،(خەزاڵ) هەموو خۆشی دنیای لەبەرچاو ڕەش دەبێت و هەرچی هیوا و ئومێدە لەو دنیایەدا نایمێنێ، ئەو خەزاڵەی کە هەموو کات بەوپەڕی جوانی بە زێڕ و زەبەند و جلوبەرگی جوان خۆی دەڕازاندەوە، ئەوانە هەمووی فڕێدەدات و لەبەر خۆیان دادەماڵێت، سەرتاپای جەستەی خۆی ڕەشپۆش دەکات و لە خمیی دەگرێت، دەڵێت:

(( حەیفە پاشی لاسە شۆڕی باڵەکان خەزاڵ بمێنێ

ئەوە خەزاڵ دایدەمالی زێڕ و گەردن کەش و ئەشرەفییە، قەرەنتی و زێڕی سپییە

قۆپتاسان گە ڕاست و چەپ دەبوو دەگەڵ گۆی مەمکییە

گوارە و کرمەك و شۆڕابەیان بۆ چییە

خوناوکەی گەردنێ میرانییە

[1] گەنجینەی بەیتی کوردی، کۆکردنەوەی. قادر فەتاحی قازی، ل٨.

[2] س. پ، ل٢٦.

هەموویان کڵفەتان بێنن بیانبەن بۆ سەر کوپەڵەی خمییە
لەپاش لاسە شۆڕ قرانێك بە من پێویست نییە
جا کێ هەیە لە قابیلیەتی ئەودا بێ ئەگەر لە نیوە شەودا خەزاڵ لەخەو ڕاپەڕێنی
لەسەر سەرینێکی قومەجاز سەری خەزاڵێ ڕابژێنێ...تاد)[1]

هەروەها لە داستانی (بارام و گوڵئەندام)دا ئەو کاتەی کە بارام تـەختی پاشایی بـەجێ دێڵـێ و بەتـەنیا و لەگـەڵ دەروێشـی سـەرهەڵدەگرێ بـۆ وڵـاتی غـەریبی، هەرچـەندە ئـەو هەڵبژاردەیە زۆر گرانە، کە واز لە دەسـەڵات و بـاوك و دایـك و ئـەو نـاز و نیعمەتـە بێنێـت، ناخۆشتریش ئەوەیە ، کە بەرەو وڵاتێکی غەریبی دەڕوات و نازانێ کە ئەو کەسـەی بـەدوای دەکەوێت هەڵوێستی چۆنە و دڵی ئەو چی تیایە بەرامبەر بە ئەو، بۆیە دەکەوێتە جێژاوێکی دەروونی ناخۆشەوە، گێڕەرەوە لەسەرزاری ئەوەوە دەڵێت:

(( عیلاجم ناکرێ ئەمن قەت بە قەت
بەجێم هێشتووە تەختی زومەڕڕەد
ئەمن پادشاهم جەرگم بووە لەت لەت
لەسوێی دوو چاوت، خاڵی هەنییەکەت
جەرگ و هەناوت پاك کردووم لەت لەت...تاد)[2]

هـەروەها لـە شـوێنێکی تـر لەسـەرزاری ئـەو شـازادەیەی کـە لـەپێناوی خۆشەویسـتی کەنیزەکەی گوڵەندام لە بەرگی دەروێشیدا سەری هەڵگرتووە، گێڕەرەوە بەمشێوەیە بـاری دەروونی ئەو شازادەیەمان لەسەرزاری خۆی بۆ دەگێڕێتەوە، کە دەڵێـت:

(تیری ئەبەدیان لە جەرگم داوە
دایم دەروونم خوێن و زووخاوە
دەروێش نیم، تەختم لێ بەجێ ماوە
تیری ئبرۆیە و لە جەرگ دراوە
مردن خۆشترە نەك ئەو ژیانە
ئەو پیادەڕۆی و عەزیەت کێشانە

[1] گەنجینەی بەیتی کوردی، کۆکردنەوەی. قادر فەتاحی قازی، ل٢٤٠.

[2] س. پ، ل٥٥٩.



هەواڵنامەی کتێب

لە جەرگ و دڵم خەدەنگ کێشانە...)[1]

جەرگ سوتان و مردنـی ئـازیزان یـەکجار کـارێکی نـاخۆش و دژوارە  و دەروونـی هـەموو کەسـێك دەکاتــە کــورەی ئـاگر، کــاتێ دووچــاری ئــەو کارەســاتە دەبنــەوە، ئــەی ئەگــەر کارەساتەکە لە مردنی یەکێك زیاتر بێت، ئـەوجا وەرە ئەگـەر کەسـەکانیش کـوڕ و منـداڵی کەسەکە بن، ئەو کارەساتە بەسەر پاڵەوانی داستانی(سەیدەوان)دا هـاتووە، کـە هـەر سـێ کوڕەکەی بەهۆی هەڵە و سەرسەختی و لووتبەرزی خۆیەوە بووە، جـا دەبـێ ئـەو پاڵەوانـە هەڵوێستی چۆن بێت و دڵ و دەروونی چـۆن وەکـو کـورەی ئاسـنگەران جـۆش بسـەنێ بـۆ خۆشەویستەکانی، ٠عەبدولعەزیزە کوێر)، کە سەرۆك هۆزێکە پێی عەیب و نەنگییـە کـە بـۆ دوو کوڕەکەی لەبەرچاوی دەست و پێوەندەکانی بگریێت، بۆیە بە بیانووی ڕاو ڕوودەکاتـە شاخ، بۆ ئەوەی کوڵی دڵی خۆی بە ئارەزووی خـۆی برێـژێ، بـەڵام لـەوێ بەدەسـتی خـۆی کوڕی سێیەمیشی (سەیدەوان) دەکوژێت، ئەوسـا، هیچـی تـر بەرگـەناگرێت و وەك بورکـان ناخی دەتەقێتەوە و دەست دەکات بەشین و ڕۆ ڕۆ و هات و هاوار و گریان.

( گەلی دە دۆستان و گەلی دە داسنیان
ئەوە ئەمن چەپۆکێکم بەسەری خۆمدا دەدا،
سەرم لێ دەشێوا، دەستم ڕەق دەبوون،
ڕووناکییە لە چاوانم دەهاتە کزی !
بەو بەهارەی، سەهۆڵبەندان لە عەبدولعەزیزی پەیدا دەبوو،
قرچە قرچم لەنێو زگی دەهات و
بۆنسۆش لە جەرگی و دڵم دەتەزی !
مەلکەوانم ڕۆ ، نێچیرەوانم ڕۆ، سەیدەوانم ڕۆ !

بەسەری بابی خۆیان دەکردەوە خـۆڵی لـەوی دە هەرامـە بـەکۆ...تاد)[2]، بـەم شـێوەیە پاڵەوانی نێو داستانەکان بەشێوەیەکی بەهێز و پتەو لە هەموولایەنەکان و ڕەهەندەکانـەوە بنیاتنراون، بۆ ئەوەی ببنە مایەی بنیاتێکی بەهێزی داستانەکە، چونکە پاڵـەوان گـرنگترین توخمی داستانە.

---

١ گەنجینەی بەیتی کوردی، کۆکردنەوەی. قادر فەتاحی قازی، ل٥٥٦، ٥٥٧.

٢ جوانستان، کۆکردنەوەی، زیاد موحەمەد ئەمین، ل١٧٧، ١٧٨.

## تەوەری دووەم: ڕووداو

ڕووداو لە داستاندا زۆر گرنگە و هەموو مەبەستەکە لە داستاندا خستنەڕوو و باسکردنی ڕووداوە، پاڵەوان، کە بە ڕەگەزێکی گرنگ لەنێو داستاندا دادەنرێت، بەڵام دیسان دەخرێتە خزمەت پیشاندانی ڕووداوە گەورە و مەزنە مەبەستدارەکە، چونکە هەروەك(حەسەن بەحراوی) دەڵێت: ( چ کەسایەتی ژ دەرڤەی رویدانێ نین، هەروەکی چ رویدان بێ کەسایەتیێ رۆلێ خۆ ناگێڕن)[١]، لێرەدا دەستلەملانێی هەردوو ڕەگەزەکەمان بۆ بەدیاردەکەوێت، کە هیچیان بەبێ ئەوی تر ناتوانن کارەکانی خۆیان بکەن، داستان لە ڕووداوێکی سەرەکی گەورە و مەزن پێکدێت، پاڵەوانی سەرەکی هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی ڕووداوەکە بە هاوکاری کەسێتییە ناوەندی و لاوەکییە بەشدارەکانی تر، ئەو ڕووداوە سەرەکی و بنەڕەتییەش کەوا ڕووداوی گەورە و بچووکی تری لێدەکەوێتەوە، کە ئەوانیش لە خزمەتی ڕووداوە سەرەکییەکەدان، بۆ ئەوەی پاڵەوانی سەرەکی زیاتر توندوتۆڵتر بە ڕووداوە سەرەکییەکە ببەستنەوە[٢]. لە هەمان کاتدا هەموو کەسێتییەکان لە خزمەتی ڕووداوی سەرەکیدان، هەروەها ئەمانەش لە ڕێگای بەیەکداچوون و بەرەنگار بوونەوەی کەسێتییەکان لەناوخۆیان و لەگەڵ دژەکانیان ڕووداوەکان بەرەو پێشەوە دەبەن بە هاوکاری پاڵەوانی سەرەکی، بۆ ئەوەی بابەتێکی بەرز بێتە کایەوە. داستانە فۆلکلۆرییەکان هەرچەندە بۆ خۆیان حیکایەتێکی درێژن و ڕووداوەکانیان لە حیکایەتە فۆلکلۆرییەکان درێژتر و پڕ ڕووداو تر و بەرفراوانترن، بەڵام لە بوونی حیکایەتخواندا (گێڕەرەوە) هەردووکیان هاوبەشن، هەردووکیشیان پێویستییان بە گوێگر و وەرگر هەیە، کە لەگەڵ حیکایەتخوانەکە بەشدارن و گێڕانەوەکە بە ئامادەبوونی هەردوولا تەواو دەبێت، بەڵام لێرەشدا جیاوازییان هەیە، ئەویش سروشتی گێڕانەوە و ئەداکردنە، چونکە حیکایەتخوان لە داستاندا پشت بە هێز و توانای دەقەکە نابەستێ، ئەوەندەی پشت بەهێز و توانا و ئەداکردن و نواندنی خۆی دەبەستێت، کە ئەو توانایە دەبێتە تەواوکەری دەقەکە، چونکە بەبێ بوونی ئەو جۆرە توانایە پرۆسەی گێڕانەوە و ناوەرۆکی دەقەکە کەم و کورتی تێدەکەوێت، کە پڕیەتی لە هەڵوێستی خۆش و چێژبەخش و جوڵەی دووبارە و سەرنج

١ ئاڤا کرنا رویدانێ د رۆمانا(داویا شەرڤانەکی و سۆتنگەه)دا، نیهایەت محەمەد ساڵح عێزەددین، ل٥١.
٢ شناخت داستان، جمال میر صادقی، ص٦٦.

ڕاکێش و ڕووداوی لەناکاو و لەخۆوە، زۆرجار ڕێـڕەوی ڕووداوە سـەرەکییەکە دەوەسـتێت، کە پاشماوەیەك چالاکییەکە تەواو بوو دووبارە دەچـنەوە سـەر ڕووداوەکـانی داسـتانەکە و دەست پێدەکەنەوە [1]. گێڕانەوە بە چەند جۆرە تـەکنیکێك دەگێڕدرێتـەوە، یـەکێگ لەوانـە بنیاتنی گێڕانەوەی بازنەییە، کە لەناوەڕاستی ڕووداوەکاندا دەسـتپێدەکات، هەنـدێ ڕووداو ڕوویانداوە پێش دەستپێکردن، بۆیە گێڕەرەوە دەچێت بۆ داهاتوو پاشان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئێسـتا و رابـردوو، بەمشـێوەیە لـەنێوان کاتـە جیاوازەکانـدا هاتوچـۆ دەکـات، بـەڵام لەبەرئەوەی ڕووداوەکانی داستان هەموویان ڕوویانداوە و کەسێك دێت دەیانگێڕێتەوە، بۆیە بنیـاتی گێڕانەوەکـە بـە شـێوەیەکی ڕیزبەنـدی ڕوودانـی ڕووداوەکـان دەبێـت، کـە پێـی دەگوترێت بنیاتی شوێنکەوتە، کە بەپێی کاتی ڕوودانی ڕووداوەکە یەك بەدوای یەکدا دێـن، ئەمجۆرەی بنیاتی گێڕانەوەش لە هەموو جۆرەکانی تر کۆنترە، کەواتە بنیاتی شوێنکەوتە( یەکێکە لەو بنیاتانەی مێژووی بەکارهێنانی هاوکاتی مێژووی سـەرهەڵدانی دەقـە گێڕانـەوە بەندەکانـە هـەر لـە چـیرۆك و حەکایەتـە میللییەکانـەوە هـەتا ئەفسـانە و داسـتانەکان)[2]، ڕووداوی هــەموو داســتانەکان بــریتین لــەو ڕووداوانــەی کــە لــە کــاتێکی دووری ســەردەم ڕوویانداوە و بوونەتە بەشێك لە مێژوو و کەلەپووری ئەو نەتەوەیە, بۆیە داستانەکان دەبنە جێگای شانازی نەتەوەکانی خاوەن ئەو داستانە، گێڕەرەوەکان بە شانازییەوە بـۆ خـەڵکی دەگێڕنـەوە، کەواتـە(( داسـتان ڕووداوێکـی ڕابـردووی نەتەوەییـەو مـۆرکێکی کەلـەپووری تایبەتمەندی بەسەرابراوە، وەکو ناسنامەیەکی ئەم نەتەوەیە حیساب دەکرێت، کە باس لـە پاڵەوانییەتی تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیە دەکات، یان کێشە و گرفتێکی باوی ئـەو سـەردەمەی خۆی بووە، باسی لێوە دەکات)[3] .

گوێگر هەر لەسـەرەتای دەسـتپێکردنی داسـتانی(قەڵای دمـدم)دا، هەسـت بـە کارەسـات و ڕووداوێکی گەورە دەکات، هەست دەکات کە ڕۆژێکی ڕەش بەڕێوەیـە و شـەڕێکی گـەورە و زۆردارانە ملـی نەتەوەکـەی دەگرێت، چـونکە هـەر لـە دێـڕی یەکـەم لەگـەڵ هاتنـە قسـەدا گێڕەرەوە دەڵێت:

---

١ الموتيف في الادب الشعبي والفردي، د.سلێمان العطار، ص٥٥.

٢بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، میران جەلال محەمەد، چا. ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩،ل٦٦.

٣ ڕوونکردنەوەیەك بۆ داستانەکەی(سەری چەتویە و بنەوەی لاس)، فەرهاد گۆمەشینی، ل٥٦، ٥٧.

( دڵم ڕاناوەستی لەبەر ئەویٚ غەمی لەبەر ئەویٚ ژانیٚ
بانگێکم وەبەر خوڵای، ئەوی دیکەم بەر پێغەمبەری ئاخر زەمانی
بانگی دیم وەبەر چاکی گەرمێنیٚ و لە کوێستانی)[1]

بەمشـێوەیە بـەردەوام دەبێـت لەسـەر بـەهاناوەهاتنی هەرچـی چـاك و پـیرو کەسـایەتی ناسراوە، پاشان دێتەسەر باسی کردنی پاڵەوان، بۆ ئەوەی بەو پەڕی گیانفیدایییەوە بەرگری لەخاك و نەتەوەکەیان بکەن، هەروەها گەورەیی ڕووداوەکە لەوەدا دەردەکەوێت، کە لایەنی دژ و دوژمنکـار و هێرشـکەر ئیمپراتۆریـەتێکی گـەورە و زەبـەلاحی وەکـو ئیمپراتۆریـەتی سەفەوییە، کە یەکێکە لە زلهێزەکانی سەردەمی خۆی و، خـاوەنی سـوپایەکی بێشـومار و چەکێکی زۆر پێشکەوتوو بووە بە بەراورد بە سوپا و چـەکی کوردەکـان، لـە هـەمان کاتـدا بڕیار و تەکبیر و هەڕەشە و گوڕەشەکان لە کەسی یەکەمی ئـەو دەسـەڵاتە کە(شـاعەباس) بووە، دەرچووە و دەڵێت:

( شا عەباس دەڵیٚ: حەسەن خانە !
بڵا بکەین تەگبیر و ڕایانە ،
بەسەرمان داهات زستانە ،
زستان چوو و ڕابرد هاوینە ،
ڕابە بە دڵ و یەقینە،
زووکە شوغلم بۆ پێك بینە ،
دمدم لە بۆ بستینە.
ئەو ساڵ حەوت ساڵە لەمن یاغینە...)[2]

وەك دەبینین قسەکانی (شا عەباس) هـەمووی فەرمانکردنـە بەسـەر سـەرکردەکان، لـەو کورتە وتەیەدا چەندان فـەرمانی تێدایـە، وەکـو( ڕابـە، زووکـە ، پێـك بینـە، بسـینە)، هـەر بۆیەش چاوەڕێی کارەساتە گەورەکـە دەکرێـت، کـە بـە یەکداچـوونی ئـەو دوو سـوپایەیە. ڕووداوە سەرەکییەکە بریتییە لە شەڕی نێوان سـوپای شـا عـەباس و جـەنگاوەرانی خـانی لەپ زێڕین، مەبەستی لایەنی یەکەم داگیرکردن و وێرانکردنی قەڵای دمـدم و کوشـت و بـڕی

[1] توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. هێمن موکریانی، ل١٢٨.
[2] توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. هێمن موکریانی، ل١٢٩.



هەواڵنامەی کتێب

جەنگاوەر و خەڵکەکەیە، بەڵام ئامانجی لایەنی دووەم بەرگری کردنە لە زێد و نیشتیمان و کەس و کارەکانیان لەناو قەڵادا، چەند ڕووداوێکی لاوەکیش لەخۆ دەگریت، کە هەموویان لە دەوری ڕووداوە سەرەکییەکە دەسوڕێنەوە وەکو چوونی خدری بریندار بۆ لای سوڵتانی عوسمانی و کۆبوونەوەی گەورەپیاوانی عوسمانی و ناکۆکییان لەسەر یارمەتیدان و نەدانی خانی لەپ زێڕین، پاش ئەوەی ئاو لە قەڵا دەبڕدرێت باسی هەندێ ڕووداو دەکرێت کە لەنێو خەڵکەکە ڕوویانداوە بەو هۆیەوە، خیانەتکردنی هەندێ سەرکردەی سوپاو باوەڕپێکراوانی خانی، هاتنی سوپای عوسمانی و شەڕکردنی لەگەڵ سوپای شا عەباس و شکاندنیان...تاد، هەروەها ڕووداوەکان بەشێوەیەکی زنجیرەیی و بەدوای یەکدا دەگێڕدرێنەوە بەپێی زەمەنی ڕوودانیان، بۆ نموونە، سەرەتا باس لە دروست کردنی قەڵا دەکات، پاشان دوزمانی قزلباشییەکان لەنێوان شا و خانیدا، پاشان پەرچەکرداری دەست و دایەرەی شاعەباس بەرامبەر کارەکەی خانی و بانگکردنی بۆ ئەوەی کارەکەی ڕابگرێ، خانی لەوێ بەڵێنی پێدەدات، بەڵام کە دەچێتەوە دەستدەکاتەوە بەکارەکەی، یاخود هەر لە بنەڕەتەوە کارەکەی ڕانەگرتووە، پاشان خۆئامادەکردنی هەردوولا بۆ شەڕ و بەرێکەوتنی سوپای سەفەوی بەرەو قەڵا و دوایە بەریەك کەوتن و بەیەکداچوونی هەر دوولا و ڕوودانی شەڕ لەنێوانیاندا و داگیرکردن و وێرانکردنی قەڵا لەلایەن سەفەوییەکانەوە...تاد.

ڕووداوی سەرەکی داستانی( سەیدەوان) باس لە ئەنجامی لەخۆبایی بوون و شانازیکردنە بە دەسەڵات و حیساب نەکردنە بۆ هیچ ڕایەکی بەرامبەر، یاخود بەرەنگار بوونەوەی قەدەر و چارەنووس، کە مرۆڤ بیەوێت ڕوو بە ڕووی ئەو قەدەرە بوەستێتەوە کە لەچارەی نووسراوە، دیارە کە ئەمەش ئاکامی باشی لێناکەوێتەوە، لەوانەیە بەرەو خراب تریش بڕوات، ئەوەیە سەرەتا(عەبدولعەزین) خەون دەبینێ و خەونەکەی بۆ کەسانی شارەزا دەگێڕێتەوە،ئەوانیش پێی دەڵێن کە خەونەکەی باش نییە،بەڵام (عەبدولعەزین) بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوان دەڵێ، دەبێ خانەوادەکەی و هۆزەکەشی دڵخۆش بکات، بۆیە بڕیار دەدات، کە بە یەکجار و یەك ڕۆژ ژن بۆ هەر سێ کوڕەکەی بهێنێت، هەرچەندی ئامۆژگاری دەکەن، کە ئەمە کارێکی باش نییە و نیشانەی غرووری و لەخۆبایی بوونە، بەڵام ئەو گوێیان پێنادات و خۆشی و شادی ڕادەگەیەنێت، بەڵام لە شەوی پەردە، کوڕی گەورە و ناوەنجی پەردەگیر دەبن و لە شەرمان دڵیان دەوەستێ و دەمرن، ئەویش بۆ ئەوەی

خۆشی و شادی کوڕی سێیەمی تێکنەچێ، دەچێت بۆ شاخ بە بیانووی ڕاوکردن، لەولاشەوە کوڕە بچووکەکەی (سەیدەوان)، بەهەمان مەبەست ڕوو لە شاخ دەکات و دەچێتە ڕاو، جا (عەبدولعەزین) کوڕەکەی لەبەرچاو دەبێت بە کوورە کێوی و تەقەی لێدەکات و دەیکوژێت، دوای ئـەوە بڕیـار دەدات هـۆز و ناوچـەکەی بـەجێبهێڵێت و بـڕوات، هـەروەها دینەکەشـی دەگۆڕێـت و دەبێتـە موسـڵمان و تـا مـردن لـە مەکـەی پـیرۆز دەمێنێتـەوە، بەمشـێوەیەی باسکرا، ڕووداوەکان بە زنجیرەیی گێڕدراونەتەوە و بەپێی زەمەنی ڕوودانیان بەدوای یەکدا هاتوون.

( ئەورۆ سەری من دەئێشێ
دڵی عەبدولعەزیزەکەی ماڵوێران دەکاتەوە بێنە بێنێ.
ئەمن ئەو شۆ خەونێکم دیوە، لەمن وابوو
ئاخیری بەهارێیە و دەگەڕام لە تیلەگی دەکوێستانان ،
قەت وەگیرم نەدەکەوت قولەمێك گیایە بەشێ باقەبێنێ
توخوداکەی ئەو کەسانەی ئەگەر خودا شوناسن ،
وەرن " تەعبیرێ ئەو خەونەی بۆ من لێك بدەنەوە
ئەمن زۆر دەترسام ئەگەر خوداوەندی میری مەزن، پاشایە کەرەمێ ،
موسیبەتێکی گەورەم بەسەر بێنی...تاد))[1]

ئەمجۆرە کێشە و بـەرەنگار بوونـەوەی قـەدەر و چـارەنووس لـەنێو ئـەدەبی جیهـانیش بەدیار دەکـەوێت، بـۆ نموونـە لـە بەسـەرهاتی (ئۆدیـب)دا، هـەمان شـت هەیـە، کـە بـاوکی (ئۆدیـب)، لەلایـەن سـاحیر و فاڵگرەوەکـان ئاگـادار دەکرێتـەوە، کـە کـوڕێکی دەبێـت و بەدەسـتی ئـەو کـوڕەی دەکوژرێـت، هـەروەها ئـەو کـوڕەی ژنەکـەی واتـە دایکـی خـۆی مارەدەکات، (پاشا) زۆر دەترسێت لەو چارەنووسەی، هەر بۆیە، بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەو قەدەر و چارەنووسە ببێتەوە و نەهێڵی شتەکە وەڕاست بگەڕێت، کاتێ کوڕەکـەیان لـەدایك دەبێت، دەیداتە دەستی خزمەتکارێك و فەرمانی پێدەکات کە لەناوی ببـات و فڕێـی بـدات، کەچی خزمەتکارەکەی دڵی نایەت بیکوژێ و لە چۆڵەوانییەك دایدەنێ و جێیـدێڵێت، یـەکێك هەڵی دەگرێتەوە و دەیداتە پاشای ناوچەیەکی تـر کـە منـداڵیان نییـە و زۆر پێـی دڵخـۆش

---

١ جوانستان، کۆکردنەوەی، زیاد موحەمەد ئەمین، ل١٧٥، ١٧٦.

دەبن و دەیکەنە کوڕی خۆیـان، لـەوێ گـەورە دەبێـت، کـاتێ گـەورە دەبێـت و پێـدەگات، فالگرەوەکان ئەوجارە بەو ڕادەگەیەنن کە لە چارەی نووسراوە کە باوکی خۆی دەکوژێت و دایکـی خـۆی مارەدەکـات، ئـەویش وادەزانـێ ئەوانـەی ئێسـتا لایانـە دایـك و بـاوکی ڕاستەقینەینی، بۆیە سەرهەڵدەگرێت و دەڕوات بۆ ئـەوەی بـەرەنگاری ئـەو چارەنووسـەی بێتەوە، لەجێگایەك لەگەڵ کەسێك تێکدەگیرێتو بەشـەڕدێن و دەیکوژێت،ئـەویش پاشـای باوکی ڕاستەقینەیەتی، وەك نەریتێکی ناوچەکە ئـەوەی پاشـا دەکوژێـت دەچـێتە جێگـای پاشا و ژنەکەشـی مارەدەکـات، (ئۆدیـب) دەبێتـە پاشـا و دایکـی خـۆی واتـە ژنـی پاشـای کوژراویش مارە دەکات، دوای ئەوەی کە دوومنداڵیان دەبێت، وڵاتەکـە بـەرەو نەهامـەتی و نەخۆشی و کارەسات دەچێت، فالگرەوەکـان پێـی دەڵـێن کـە یـەکێك لـەو وڵاتـە گونـاه و تاوانێکی گەورەی کردووە بۆیە وڵات دووچاری ئەو نەهامەتییە هاتووە، لە کۆتاییدا ڕاسـتی ڕووداوەکە دەردەکـەوێت، بۆیـە ئۆدیـب هەردووچـاوی خـۆی هەڵـدەکۆڵێت و سـەری خـۆی هەڵدەگرێت و ژنەکەشی واتە دایکی خۆی دەکوژێت. ئەو لەیەکچـوونەش لـە ملنـەدانی هـەر دوو پاشاکەیە بۆ ئەو قەدەرەی کە پێشبینی کراوە کـە ڕوویـان تێبکـات، بۆیـە بـەرەنگاری چارەنووسیان دەبنەوە، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا کارەکان خرب تر دەبـن و کارەسـاتی گەورەتر و شتی ناخۆشتری بەدوادادێت، ئەمەش بۆ عینـادی و نەسـەلمێنی ئـەو دوو لایەنـە بـەدیاردەخات، ئەگـەر بـاوکی ئۆدیـب سـەرەتا ڕازی بوایـە بـە قەدەرەکـە، نـە کورەکـەی دەربەدەر دەبوو لەدەست ئـەویش دەچـوو، نـە ژنەکەشـی خـۆی دەکوشـت و کوڕەکەشـی سـەرگەردن دەبـوو، ڕووداوەکـان جـۆرێکی تردەبـوون، لە(سەیدەوان)یشـدا، ئەگـەر (عەبدولعـەزیز) بەقسـەی زانایـانی کردبـا ئـەو هـەموو کارەسـاتی وەکـو دەربـەدەری و جێهێشتنی عێڵەکەی و گۆڕینی بیرو باوەکە بەدوادانەدەهات.

**تەوەری سێیەم: شوێن**

شوێن یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە هەموو کارێکی ئەدەبی کەم و زۆر پشتی پێدەبەستێ، هەر کارێکی ئەدەبی کە باس لە ژیان و سەربردەی مرۆڤ و زیندەوەری تر بکات، ناتوانی پشت لە شوێن بکات، چونکەهەموو شتێکی زیندوو لە ژینگەیەکی تایبەتی خۆی دەژییەت و چالاکییەکانی ئەنجام دەدات، بەبێ بوونی شوێن ئەو کارە لەواقیع دوور دەکەوێتەوە و بەهیچ شێوەیەك ناتوانێ پێگەی خۆی لەنێو دڵ و دەروونی کۆمەڵدا بکاتەوە، هەر بۆیە(( شوێن لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ئەو گۆڕەپان و مەیدانەیە سەرجەم کێشە و ململانێکانی نێوان کارەکتەرەکانی تێدابەرپا دەبێت، بۆیە شوێن لەو بەرهەمە ئەدەبییانەی کە وەك بنیاتێك تیایاندا بەکار دەهێنرێ، هەڵگری بەهای جوانیە))[1]، سەرەڕای ئەوەی کە شوێن کۆکەرەوەی هەموو ڕەگەزەکانی تری کاری ئەدەبییە و دەبێتە مایەی جوانی ئەو کارە ئەدەبییە، چونکە جوانترین و بە بەهاترین شت لای مرۆڤ سروشت و دیمەنە جوانەکانی شوێنە سروشتییەکانە، ئەگەر بەجوانی و لەکات و شوێنی خۆی لەناو کاری ئەدەبی بەکاربێت، دەبێتە مایەی ڕازاندنەوەی ئەو کارە، دیارە ئەم ئەرکەی شوێن زۆر کۆنە و لەلایەن دێرینەکانەوە بەکار هاتووە، بەڵام شوێن زۆر ئەرکی گەورە و گرنگتری دەکەوێتە ئەستۆ، چونکە(( دەبێتە بەشێك لە بنیاتی چیرۆك و کاریگەری لەسەر ڕووداو و کارەکتەرەکان و هەروەها لە دروستکردنی کێشە و ململانێکاندا دەورێکی سەرەکی دەبینێت))[2]، لێرەدا شوێن دەبێتە بنیاتی دەقە ئەدەبییەکان، دەتوانرێ وەکو توخمێکی هونەری بەکار بهێنرێت، بۆ ئەوەی بنیاتی کارەکەی بەشێوەیەکی پتەو ڕۆبنرێت و باڵەخانە مەزنەکەی دەقی بەشێوەیەکی توند و تۆڵ لەسەر دروستبکرێت، بەکارهێنان و دەرکەوتنی شوێن لەنێو دەقە ئەدەبییەکان بەپێی سروشتی ئەو کارە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لە شانۆدا شوین زۆر بەرتەسکە و ناتوانرێ لە جێگەیەکی دیاریکراو زیاتر پیشانبدرێت، لە چیرۆك ڕێژەکە زیاتر دەبێت و لە ڕۆماندا لەویش زیاتر دەبێت، بوار هەیە کە نووسەر چەندین شوێنی واقیعی و خەیالی بخاتە ڕوو، بەڵام مەیدان و گۆڕەپانی ڕووداوەکانی نێو داستانەکان

١ بنیاتی توخمەکانی گێرانەوە لە چیرۆکەکانی(شێرزاد حەسەن)دا، معتصم احمد حمدامین، ل٧٠.

٢ بنیاتی توخمەکانی گێرانەوە لە چیرۆکەکانی(شێرزاد حەسەن)دا، معتصم احمد حمدامین، ل٧٠، ٧١.

هەولێرنامەی کتێب

گەلێك فراوان و بەربڵاوە، ئەرز و ئاسمان و ژێر ئەرز و فراوانتریش لەوان پێکدێنێ[1]. کەواتە شوێن لەنێو بەرهـەمی داسـتاندا پانتاییـەکی یـەکجار گـەورە و بـەرفراوانی هەیـە، تەنانـەت ڕەنگە بەقەد گەورەیی جیهان بێت، لەوانەشە لـەویش تێپـەڕێنێت و گـەورەتریش بێـت، بـۆ نموونە، داستانی(ئۆدیب) سەرانسەری پانتایی دەریای سپی ناوەڕاست دەگرێتەوە، کە ئەو سـەردەم پێیـان وابـووە هـەموو جیهانـە، هـەروەها پانتـایی داستانی(بەهەشـتی ونبـوو)ی (ڤرجیل)، هەموو جیهانـە، چـونکە ڕووداوەکـان لـە بەهەشـت، دۆزەخ و جیهـانی نێوانیانـدا ڕوودەدەن[2].

شوێن لە داستانە فۆلکلۆرییە کوردییەکانیشـدا پێگەیـەکی گرنگـی هەیـە، بەشـێوەیەکی بەرفراوان لەنێو ئەو داستانانەدا بەکار هاتووە، بۆ نموونـە، لـە داسـتانی (قـەڵای دمـدم)دا، شوێن زۆر گرنگە، چونکە ڕووداوی سەرەکی داستانەکە لەپێناوی شـوێن و لەسـەر شـوێنە، واتە ململانێیەکە لەسەر شوێنە، هـەر وەکـو لـە قسـەی (شـاعەباس)دا بـەدیار دەکـەوێت و دەڵێـت:

(( زووکە شوغلم بۆ پێك بینە ،

دمدم لەبۆ بستینە)) هەروەها هەر لەو مەجلیسەدا شاعەباس بە حەسەن خان دەڵێ

( هەستە لە پێشم ڕابەزە

لە هیمدادت دەیەم ئەزە

دمدم لە زگی بە غەرەزە...تاد)[3]

کەواتە هەموو تووڕە بوون و غەزەبی شاعەباس لەسـەر ئەوەیـە کـە خـانی و هاوڕێکـانی شوێنێکیان بۆ خۆیان دیاریکردووە و تیایدا دەسەڵاتی خۆمـاڵی خۆیـان ڕاگەیانـدووە، بۆیـە شـاعەباس دەیـەوێ ئـەو شـوێنە تێـك و وێـران بـدات، چـونکە بـە وێرانکردنـی شـوێنەکە دەسەڵاتی دژەکانی نامێنێ، لە داستانەکەدا، زۆرتـرین جـار نـاوی شـوێنەکان هـاتووە، کـە پشکی گەورە بـەر نـاوی (دمـدم) دەکـەوێت، دیـارە دوای نـاوی پاڵـەوان و کەسـەکان، کـە پارێزەری شوێنەکەن.

١ شناخت داستان، جمال میر صادقی، ص٦٤.

٢ فرهنگ توصیفی اصطلاحات ادبی، ام.اچ.ایبرمز/ جفری گالت هرفم، ص١٢٤، ١٢٥.

٣ توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. هێمن موکریانی، ل١٢٩.

هەروا فراوانی شوێنی ڕووداوەکانی داستانی(قەڵای دمدم) یـەکجار فراوانـە، گێـڕەرەوە باسی هەموو خاکی کوردستان، ناوچە بە ناوچە دەکات، هەر لە(دمدم) هەتا دەگاتە خـاکی فارسـەکان و شاری(ئیسـفەهان)، هـەروەها ناوچـەکانی کوردسـتانی باشـور و بـاکور هـەتا دەگاتە پایتەختی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی شاری(ئەستەمبۆڵ)، ئەو هەموو ناوچـانە لـەنێو داستانەکە باسکراون مەیدانی ڕووداوی سەرەکی و لاوەکی نێو داستانەکەن.

( کافر داژۆن لە مەجێزە ،
مەلعوونە دێن ڕێز بە ڕێزە ،
مەنزڵێکیان دەشتی تەورێزە ،
دێ لرفە لرفی بەیداغان ،
دێ دەنگی زرێ و قۆڵجاغان ،
مەنزل لە بناو لە مەراغان ،
قۆشەن دێ ڕێ بە ڕێیە،
دەڵێ: " خانی موکریی لە کوێیە؟ "
مەنزڵێکیان دەەشتی خزێیە...)[1]

شـوینی ڕوودانـی ڕووداوەکـانی داسـتانی(مەم و زیـن) یـەکجار بەرفراوانـە هـەر لـە وڵاتی(یەمەنێ) کە شوێنی نیشتەجێ بوونی (کاکەمەم)ە، هەتا شـاری(جزیرێ) کـە شـوێنی نیشتەجێ بوونی(خاتوو زین)ە، هەمووی دەبێتە مەیدانی ڕووداوەکان، ئـەو دوو شـوێنە زۆر لە یەکتری دوورن، چـونکە پاڵـەوان بـەماوەی (١٢)مـانگ و(٢٤) ڕۆژ بەسـواری ئەسـپ ئـەو ڕێگایەی بڕیوە، هەروەك گێڕەرەوە دەڵێ:

( ڕێی دوازدە مانگ و بیست و چوار ڕۆژان ئەمن هاتوومە ئێرەکانە
شاری یەمەنێم بەجێ هێشتووە، چەند شارێکی گەورە و گرانە...)[2]

جگە لەو شوێنانە چەند شوێنێکی تـر لـەناو وڵـاتی جزیـرە و بۆتـان باسدەکات، کـە بـۆ ڕاوکردن و کار و کاسبی خەڵکی بۆی دەچـن، یـان ئـەو شـوێنانەی کـە (قـەرەتاژدین) بـۆی دەچێت، چونکە حەقی ئەرزانە و حەقی میر زەینەدین نادەن، دەچێ بـۆ ئـەوەی تـەمبێیان

١ توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. عەلی نانەوازادە، ل٦٦.
٢ توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. هێمن موکریانی، ١٨٢.

بکات و بیان گێڕێتەوە ژێر دەسـەڵاتی مـیر و حەقەکانیشـیان لـێ بسـێنێت. (مـیر گـوتی:" کوڕینـە ! ئەمـە چ بکـەین، وڵـاتێکم هەیـە ئیتاعـەتیم ناکـەن، خـەرجیم نـادەنێ" گوتیـان "قوربان ! چ دەفەرمووی وادەکەین" میر گـوتی:" مەسـلەحەتە ئـەنگۆ بچـن، کاکـە مـەمی بۆمن بەجێ بێڵن"...)[1]

هەروا باسی ناوی چەندین خانوو و کۆشك و تەلار دەکات، کە هەموویان شوێنن و ڕۆڵیان هەیە لە بنیاتنان و بەرەوپێش چوون و پەرەسەندن و گۆڕانکاری ڕووداوەکاندا.

کـاتێ گـوێگر یـان خوێنـەر گوێبیسـتی شـوێنی ڕوودان و کارەسـاتەکانی نێـو داسـتانەکان دەبێت، بە جوانی بۆی دەردەکەوێت کە بنیـاتی ڕووداوەکـان وا لـە شـوێنەکان دەکـات کـە بەپێی گۆڕانی ڕووداوەکان ئەو شوێنانەش بگۆڕێن، واتە ئەو شوێنە لـە شـوێنێکی خـۆش و دڵڕفێن دەگۆڕێت بۆ شوێنێکی ناخۆش و ناهۆگر، کاتێ ڕووداو بەرەو کارەسات و ناخۆشـی دەڕوات، چونکە لەناو فۆلکلۆری کوردیدا پێشینان گوتویانە کە ئـەو شـوێنە خۆشـە کـە دڵ لێی خۆشە، واتە دڵی مرۆڤ تێیدا ئاسوودە و خۆش بێت، هـەروەها ئـەو شـوێنەش نـاخۆش ناهۆگرە کە دڵی مرۆڤ تیایدا تەنگـە و هەسـت بـە ناخۆشـی و ناڕەحـەتی دەکـات، بەوپێیـە شوێنی هۆگر( ئەو شوێنەیە کارەکتەر پێی هۆگرە و ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا کـردووە، دوور لە دڵە ڕاوکێ و ترس و ناخۆشی هەست بە سۆز و ئـارامی و گـەرم و گـوڕی ژیـان دەکـات و تیایدا دەژیت)[2]، بە پێچەوانەی ئەوە، کاتێ کە پاڵـەوان و کەسـێتییەکانی نێـو ڕووداوەکـان هەسـت بـە تـرس و ناخۆشـی و نائـارامی دەکـەن، هەرچـەندە ئـەو شـوێنە لـە پێشـدا زۆر بەلایانەوە خۆش و دلگیر و هۆگر و ئارام بووە، بەڵام یەکسـەر لەگـەڵ گـۆڕانی ڕووداوەکـان ئەویش هەموو خەسڵەتەکانی پێشووی خۆی لە دەست دەدات و لـە بەهەشـتەوە دەگۆڕێـت بـۆ دۆزەخ، بـۆ ئـەو کەسـانەی کـە بارودۆخەکـەیان گـۆڕاوە، کەواتـە شـوێنی نـاهۆگر( ئـەو شوێنەیە کە کارەکتەر تیایدا هەست بەنائارامی و نامۆیی دەکات، هەروەها لەبەرامبـەر ئـەو شوێنەدا هەست بە ڕق و کینە و دوژمنایەتی دەکات)[3]، ئەمەش بـۆ خـودی سروشـتی مـرۆڤ دەگەڕێتەوە، هەتا ئاژەڵ و پەلەوەرانیش بەمشێوەیەن، چونکە ئەگەر لەو شوێنە هەست بە

١ س. پ، ل ٢١٢.

٢ بنیاتی توخمەکانی گێرانەوە لە چیرۆکەکانی(شێرزاد حەسەن)دا، معتصم احمد حمدامین، ل٧٥.

٣ بنیاتی توخمەکانی گێرانەوە لە چیرۆکەکانی(شێرزاد حەسەن)دا، معتصم احمد حمدامین، ل ٧٦.

ترس و هەڕەشە نەکات، ئەوا شوێنەکە بە لانەو ماڵی خۆی دەزانێت و تێیایدا دەمێنێتەوە و لە هەر شوێنێکی تر بێ بۆی دەگەڕێتەوە و لێی هەڵنایەت، بـەڵام بەپێچـەوانەوە، هەمیشـە هەولدەدات لێی دوور بکەوێتەوە.

لە داستانەکانیشدا ئەو شوێنانە زۆر بەجوانی وێنا کراون، بۆ نموونە، لە داستانی(شیرین و فەرهاد)دا، شیرین لە کۆشك و سەرای خۆی، کە خۆشترین شوێنە و لە ژیاندا هەسـتی بـە ناخۆشی و ناهۆگری ئەو کۆشك و شوێنەی خۆی نەکردووە، بەڵام کاتێ کـە دڵدارەکـەی لـە شـوێنێکی تـرە، هەرچـەندە ئـەو شـوێنە چـۆڵەوانی و دوورەدەسـتە و هـیچ هۆکـارێکی خۆشگوزەرانی تێدانییە، کەچـی لای ئـەو دەبێتـە شـوینێکی خـۆش و هـۆگر، هـەر بەشـەو بەدزی سواری(شەودێز) دەبێت و دەچێتە ئەو شوێنە، کە کێـوی (بێسـتوون)ە، گێـڕەرەوە دەڵێت:

( سواری شەودێز بوو شیرینی ارمن
اورنگی لێدا بە یادی کوکەن
شۆخی نازەنین بەبێ چەندو چون
بە غار گەیشتە کێوی بێستون...تاد)[1]

هەر لەهەمان داستاندا کاتێ (فەرهاد) شوێن و ماڵ و حاڵی خۆی لـێ دەبێـت بـە دۆزەخ، بەهۆی خۆشەویستی (شیرین)، کێوی بێستونی لێ دەبێتە کۆشـك و سـەرا و مـاڵی هـۆگری خۆی، چونکە دەبێتە مەرج و ئامرازی بەیەککەیشـتنی لەگـەڵ یارەکـەی، لێـرەدا (فـەرهاد) لەگەڵ کێوی بێستون دەکەوێتە قسە و گفتوگۆ و پێی دەڵێت:

( لە پاشان امجا بە سۆزی دەروون
خوا حافقی کرد لە کێوی بێستون
گوتی بێستون هاودەمی غم خوار
من ئەچم بو لای شیرینی نازدار
وصیت ئەکەم بۆت ئەی کێوی ازاد
لەبیرت نەچێ وصێتی فرهاد...تاد)[2]

---

١ شیرین و فەرهاد، ئەرکی چاپکردن، محمدامین عصری، ل٤٨.

٢ س. پ، ل٤٨.

لە داستانی(مەم و زین)دا، ئەو ساتەی کە مەم ئاشقی زین دەبێت کۆشکی (بەلەك)ی لـێ دەبێتە دۆزەخ و چاوی بـە هـیچ خۆشـییەکی وڵـات و شـار و کۆشـکەکەی هەڵنایـەت و بـە زیندانییان دەزانێت و دەیەوێت بـڕوات بـۆ ئـەو شـوێنەی کـە مەعشـوقەکەی لێیـە و ئـەوێی پێخۆشە، وەك بە دایکی دەڵێت:

( چ بکەم تیری پەیکانیان لە جەرگم داوە

خوێن دەکوڵێ و بۆ چاوم هێرشی هێناوە

قالبم لێرەیە و روحم لە جزیرێ حەفس کراوە.

بەوە کەم ئەگەر بێ مەکانە

پێم خۆشە دانیشم لەکن دای و بابانە

قالبم لێرەیە روحیان لە جزیرێ بردوومە حەفسخانە...)[1]

لە داستانی(خەج و سیامەند)دا، هەر لەو ڕۆژەوەی کە سەرهەڵدەگرن و دەڕۆن بۆ چـیای سیپانێ، ئەو شوێنە خۆش و دلگیر و هەواری کوێستانە، کە ڕازاوەتەوە بە گوڵ و گـوڵزار و ئاوو کانی جۆگەلەی بەفراو، هەموو جوانییەکانی سروشت لەوێدا کۆبوونەتـەوە، هـەر لـەوێ تاوڵ هەڵدەدەن و دەبنە بووك و زاوا، شوێنەکە بۆیان دەبێتە شوێنی مانگی هـەنگوێنییان، بۆیە ئەو شـوێنە زۆر هـۆگر و دلگـیرە بـۆ ئـەو دوو دڵـدار و دڵخـوازە، هـەروەك (سـیامەند) بە(خەجێ) دەڵێت:

(( خەجێ سەری کێلێ سیپانێ مەوتەنی باب و باپیرانە

دەرۆیشتن و بۆ ڕۆژێ دەگەیشتنە سەر کێلی سیپانێ و

لێیان هەڵدەدایەوە خیوەتێکی ڕستە کەتانە))[2]

کاتێ کە نەگبەتی و بەدبەختی ڕوویان تێدەکات، ئـەو شـوێنە خـۆش و دلگیرەیـان لـێ دەبێتـە دۆزەخ و چـۆڵ و بیابـانی عەرعـەر و دێوەزمـە، کۆتـایی بـە ژیانیـان و بـە هـەموو خۆشییەکانیان دەهێنێت، خەجێ دەڵێت:

(( سەری سیپانێ بە قوڕێگیراو لە من بەدار و گێژە ،

ئەمن بۆ تۆ هەڵدەدەمەوە خیوەتێکی کەسك و سۆری ڕستە درێژە ،

---

١ سێ بەیتی فۆلکلۆریك، گرد و کۆ. قادر فتاحی قازی، ل٣٩.

٢ مامان برازا بزر کرد خاڵان خوارزا مەزن کرد، کۆکردنەوەی، زیاد موحەمەد ئەمین، ل١٧٩.

ئامۆزا، ئەوە بیست و چوار وەختە ، خودا دەیزانێ دەستم بە دەستنوێژە.

پاش ئامۆزا سیامەندی جەرگی خەجێ ، گەرمە برێژە...))[1]، بەم شێوەیە گرنگی بە بنیاتی تـوخمی شـوێن دراوە لـەنێو داسـتانە فۆلکلۆرییـە کوردییەکانـدا، کـە بـەکارهێنانیان بەشـێوەیەکی بەرفراوانـە و خـاوەنی بنیـاتێکی بـەهێزە، چـونکە شـوێن بـە خـۆڕا و بـەبێ مەبەسـت بەکارنـەهاتووە، بـەڵکو لـەپێناو بنیـاتی گشـتی داسـتانەکە و پـەرەدان بـە توخمەکانی تر بەکارهاتووە، بەجۆرێك کاریگەری لەسەر پتـەوی تـوخمی پاڵـەوان و ڕووداو هەیە، دەبێتە مایەی گۆڕانکاری و گەشەیاە هـەروەها گۆڕانکـاری لـەوانیش دەبێتـە گـۆڕان لەبنیاتی شوێن، واتە بەشێوەیەکی دینامیکی ئاوێزانی یـەکتر کـراون، هـەروەها بـە بنیـاتی جۆرەکانی شوێن دراوە، وەکو کراوە و داخراو و هۆگر و ناهۆگر.

## تەوەری چوارەم: کات

کات و سەردەم توخمێکی سەرەکی و گرنگە لـە کـارە ئـەدەبی و هونەرییەکانـدا، بـەڵام نـاتوانین بەشـێوەیەکی ڕەهـا ئـەو گرنگییـە بگشـتێنین بەسـەر هـەموو جۆرەکـانی ئـەدەب بەشـێوەیەکی یەکسـان، بـەڵکو بەشـێوەیەکی ڕێـژەیی دابـەش بـووە بەسـەر جۆرەکـانی ئەدەبـدا، هەیانـە سـەرەکیی و بنەڕەتییـە، هەشـیانە بـە ڕێژەیـەکی ناوەنـدی و هەشـیانە بەشێوەیەکی لاوەکی و کەم گرنگی بە کات دەدات، لەهەمان کاتـدا جۆرەکـانی کـات لـەنێو جۆرەکانی ئەدەبدا جیاوازییان هەیە، چونکە جۆری ئەدەبی هەیە زۆر جەخت لەسەر ئێستا و داهاتوو دەکات، هەشیانە لەسەر بنەمای ڕابردوو بنیاتنراوە، کە ئەمجۆرەیان، ئەفسانە و حەکایەتی فۆلکلۆری و داستانە فۆلکلۆرییەکان دەگرێتەوە، بەمشـێوەیە کـات لـە داسـتاندا کاتێکی ڕابردووە و بەسەرچووە، لەو کاتە ڕابردووەدا کارەسات و ڕووداوی مەزن ڕوویانداوە و بوونەتە جێگای شانازی مرۆڤایەتی بەگشتی و ئەو نەتەوانەی خۆیان بە خـاوەنی دەزانـن بەتایبەتی، هەر لـەو ڕوانگەیـەوە ئـەو ڕووداوانـە زیادەڕۆییـان تێداکراوەوهەنـدێکیان پشـت بەئەفسانە دەبەستن و ڕوخسارێکی ئەفسانەییان وەرگرتـووە، دەتـوانین بڵـێین ئەفسـانەی نیشتیمانی و نەتـەوەیی لەگـەڵ ڕابردوویـەکی مـەزن و شـکۆدار بوونەتـە بنیـات و ڕەگـەزی بنەڕەتی داستانەکان و بوونەتە مایەی گەشانەوەو پرشنگدار کردنیـان، چـونکە ئەفسـانە و

---

[1] س . پ، ل١٨٥.



هەواڵنامەی کتێب

ڕابردووی شکۆدار، دوو بنیات و داواکاری پیرۆزن لە دووتوێی داستانەکاندا بەدیاردەکەون، شایانی باسە، کە ڕابردووی داستان بەشێوەیەکی تەواو دابڕاوە لە کاتی داهاتوو، بەشێوەیەك ناتوانین تێی پەڕێنین، لەو ڕابردووە شکۆدارەدا وێنەی ئەفسانەی نیشتیمانی و نەتەوەیی لێ وەردەگیرێت، ئەمەش ڕەگەزێکە کە بەتەنها تایبەتە بە داستان، دەتوانین بڵێین ئەگەر ڕابردوو بابەتی داستان بێت ئەوا ئەفسانە سەرچاوەکەیەتی. جیهانی ڕابردووی پڕ لە ئازایەتی و نیشتیمانپەروەری، لە ڕاستیدا بریتییە لە جیهانی پێشینان و باوك و باپیرانی ئەو نەتەوانەی کە شانازی بەو ئازایەتی و نیشتیمانپەروەرییە دەکەن، ئەم جیهانەش بەتەنها تایبەتە بە بابەتی داستانەکان، ڕابردوو  مادده و کەرەستەیەکی زیندووی نەتەوە و قارەمانێتییەکانیەتی.

داستانی شکۆدار و مەزن و پڕشنگدار، بەهیچ شێوەیەك بەواتای قەسیدە (چامە)یەك ناگەیەنێ، کە تیایدا ڕابردوو چارەسەر بکرێت، بەڵکو بریتییە لە خستنەڕووی ئەو ڕووداوانەی، کە لەو کاتەدا ڕوویانداوەو لەو کاتەدا ڕێکخراون، بەپێچەوانەی ئەمە ڕۆمان بریتییە لە هەڵمەژین و خستنە ڕووی ڕووداوەکانی ئێستا و سەردەمیانە، بەجۆرێك ببنە مەیدان و جێگای هەڵوەستە و مشتومڕ و لێدوان، لەمەشەوە گرنگی کاتی ئێستا لە ڕۆماندا و کاتی ڕابردوو لەداستاندا بەدیاردەکەوێت، گرنگی ئێستا لە ڕۆماندا دەگەڕێتەوە بۆ پشتبەستن بە پێشبینیکردن، بەڵام ڕووداو لە داستاندا، چونکە لەچوارچێوەیەکی ڕەهای ڕابردوودا ڕوویداوە،کە نووسەر و گێڕەرەوە و خوێنەر و گوێگر لەو کات و سەردەمەدا نین، کە ڕووداوەکان تیایدا ڕوویانداوە، لە کاتێکدا لە ڕۆماندا بڕیار لەسەر داهاتووی نووسەر و خوێنەریش بەشێوەیەکی یەکسان دەدات [1]. دیارە هەموو داستانەکانیش بە یەك شێوە و قالب نین و جیاوازییان تێدا بەدی دەکرێت، لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆك و هەندێ لایەنی هونەریی، لەبەرئەوەی داستانەکانیش بەپێی قۆناغەکان و کات و سەردەمی ڕوودانیان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، چونکە ( هەر قۆناغێك دابونەریتی تایبەتی خۆی هەیە، وەك چۆن لە قۆناغی فیودالیدا کولتووری فیودال زاڵە، هەرواش لە قۆناغی سەرمایەداریدا، کولتووری بۆرژوا سەروەرە) [2].

١ نێت، العناصر المکونة للروایة والملحمة، د. حسین الباس حدید

٢قارەمان و ڕووداو لە چیرۆکی کوردیدا، حەمەسەعید حەسەن، گ. شین، ژ(١٠)، ٢٠٠٥، ل٨٤.

تۆمـارکردن و گێڕانـەوە و گرنگـی پێـدانی ئـەو کارەسـات و ڕووداوانـەی کـە لەمێـژووی ڕابردوو ڕوویانداوە و هیچ بوونێکی سـەردەمیانەی نییـە، بێگومـان مەبەسـتی خـۆی هەیـە، ئەویش زانین و تێگەیشتنە لە ڕابردووی نەتەوە و مرۆڤایەتی، بۆ ئەوەی دەرس و پەند لـەو ڕووداو و کارەسـاتانە وەربگـرین و لەسـەریان بوەسـتین و بـە لێکدانـەوەی جیـاواز شیانبکەینەوە، ئەگەر هات و بۆ کاری تری ئەدەبیش سوودیان لێوەرگیرا و کرانەتە بنەمای جۆرێکی نوێی ئەدەبی، ئەوا نووسەر دەتوانی بەپێی تێگەیشتن و تێڕوانینی خـۆی کـارێکی نوێی لێ بەرهەم بێنێ، مەرج نییە کە دووبارە کـۆپی بەرهەمـە کۆنەکـە دووبـارە بکاتـەوە، کەواتە(( هێنانی ڕابردوو، و باسکردنی لە ئێستادا بۆ ئەوە نییە ئـەو ڕابـردووە وەکـو خـۆی دووبارە بکاتەوە و هەمان دەلالەتی جارانی پـێ بـدات، بـەڵکو بـۆ ئەوەیـە گوتـارێکی نـوێ بخاتە بەر دیدی خوێنەران و ئەوانیش بەشدار بن لە بەرهەمهێنان و دامەزراندنی واتای دیکە لە ڕێی قەناعەت و خوێندنەوەکانی خۆیانەوە ))[1].

ڕووداوی داستانە فۆلکلۆرییەکانی کوردیش هەموویان لەسەر بنەمایەکی ڕابردوو بنیاتنراون، ئەو ڕابردووە بەشـێوەیەکی شـکۆدار و مـەزن خراوەتـە ڕوو، چـونکە ڕووداوەکـان گـەورە و شکۆدارن و جێگای هەڵوەستەکردنی مرۆڤە، جا ئەو ڕووداوانە، ڕووداوی نیشتیمانپەروەریی و فیداکاری بێت لەپێناوی گەل و نیشتیمان یان ڕووداوی سـۆزداریی و خۆشەویسـتی نێـوان دوو ڕەگـەزی جیـاواز بێـت، کـە ئـەوانیش ڕووداوی قارەمانانـەو هەڵوێسـتی جوامێرانـەی ئازایـەتی مرۆڤانـەی تێدایـە، کـە هـەموویان لەلایـەن گێڕەرەوەکـان بەشـێوەی زارەکـی گوازراوەتەوە، بۆ نموونە کاتی ڕوودانی ڕووداوی داسـتانی (قـەڵای دمـدم) دەگەڕێتـەوە بـۆ زیاتر لە(٤٠٠)ساڵ بەر لە ئێستا، بۆ نموونە گێڕەرەوە دەڵێت:

( وەدەرکەوت لە ئیسفەهانێ.
لە قۆشەنێ ، لە توغیانێ
دار و بەرد هاتە هەژانێ،
تۆز گرتی بەری ئاسمانێ
بوە ڕۆژی ئاخر زەمانێ..)[2]

---

١ دەقئاوێزان لە ڕۆمانی(پێنجەمین کتێب)ی جەبار جەمال غەریب دا، د. نەجم خالد ئەڵوەنی، ل٤٦.

٢ توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. عەلی نانەوازادە، ل٦٥.

باس لەوکاتە دەکات، کـە شـاعەباس لەشـکرێکی گـەورەی دژی خـانی کۆکردۆتـەوە لـە پایتــەختی ئیمپراتۆریــەتی ســەفەوی کە(ئیســفەهان)بووە و لــەوێوە لەشــکرە گــەورە و زەبەلاحەکە بۆ سەر قەڵا بەڕێکەوتووە، بەچاودێری خودی شاعەباس، دیـارە ئـەو لەشـکرە ماوەیەکی بـردووە هـەتا گەیوەتـە کوردسـتان و شـوێنی قـەڵای دمـدم، بـە چـەند قۆنـاغ و چەندین شار و ناوچەی بڕیوە هەتا لە کۆتاییدا گەیوەتـە دامـێنی قـەڵا و لـەوێ لەشـکرەکە هەڵیداوە و دامەزراوە بۆ شەڕکردن.

( ڕۆژێکی بەیانی بەردا،
لەشکری شای هات لەسەردا
داپۆشیبوو دار و بەردە.
هات لەبن دمدمی وردا...)[1]

هەروەها لە داستانی (مەم و زین)دا گێڕەرەوە کاتی ڕووداوەکان بۆ سـەردەمێکی زۆر کـۆن دەگەڕێنەوە و دەڵێت:

( بەقوەتی حەق کارسازی قەدیم پادشایەك بوو لە یەمەنێ، شەهنشاهێکی زۆر قورس بوو، نێوی برایم پاشا بوو.
ڕۆژێکی ئەگەر چۆوە ماڵێ، بە ژنەکەی گوت: ئاوێنەم بۆ بێنە،
روخسەتی خۆم تەماشا دەکەم، زۆر لەمێژە خۆم نەدیوە...)[2]

ئەوە دەبێتە سـەرەتای بنیـاتێکی بابـەتی بـۆ ڕووداوەکـانی داهـاتووی نێـو داسـتانەکە، چونکە لەو سەرەتایە پاشا کوڕ و جێگرەوەی نییە یان هیچ منداڵێکی نییە، بۆیـە لـە خـودا دەپاڕێتەوە کە کوڕێکی پێ ببەخشێت، بۆ ئەوەی ببێتە میرتگری تەختی پاشـایەتییەکەی، خوا نزا و پاڕانەوەکانی گیرا دەکات و مرازی دێتەجێ، کوڕێکی پێ دەبەخشێ و کوڕ گەورە دەبێـت، لـە خـەودا ئاشـقی خوشـکی پاشـای جزیـرێ بۆتـان دەبێـت و لـەوێ ڕووداوەکـان دەستپێدەکەن و بەرەو شاری جزیرێ دەکەوێتە ڕێ.

( وەزیرەکان بە دایکی مەم دەڵێن
لەخۆمان ئەخسیرێ

---

١ س. پ، ل٦٧.
٢ سێ بەیتی فۆلکلۆریك، گرد و کۆ. قادر فتاحی قازی، ل٢٥.

ئەتو تازەکە دەبێ کوڕی خۆت وەبیرێ
بورجی بەڵەك چۆڵ و ئەحەدەولقەندەهار بوو بە سەفەر ڕۆیی بۆ شاری چزیرێ..)[1]

داستانی شێخی سەنعان داستانێکی کۆنە و باس لە گەورەیی و زانایی دەسەڵاتی شێخێك دەکات، کە سەرپەرشتی چەندین مرید و دەروێشی کردووە، وەك ڕیبەرێکی دینیی لە شاری بەغدا خەڵکی ڕێنوێنی کردووە بۆ سەر دینی پیرۆزی ئیسلام، بەڵام لەخەودا کچێکی گاور بەناوی(سەرتەم) دەبینێت و ئاشقی دەبێت، سەرەنجام بۆی لە دین وەردەگەڕێت و دەچێتە سەر دینی گاوران و حاشا لە هەموو پلە و پایە و هێز و دەسەڵاتێکی دەکات، بەرەو وڵاتی مەعشوقەکەی دەکەوێتە ڕێ. ئەو داستانە داستانێکی سۆفیانەیە و باس لە خۆشەویستییەکی خودایی و پاك و بێگەرد دەکات، هەردوو پاڵەوانەکە(شێخ و سەرتەم) ئاشقی یەکتر دەبن، پاشان هەردووکیان ئاشقی گەورەیی و دەسەڵاتی خودا دەبن و لەو پێناوەدا گیاندەسپێرن و هەردووکیان دێنەوە سەر دینی پیرۆزی ئیسلام.

( پەیدا بوو شێخە سەنعانی
لەگەڵ پێنج سەد موریدانی
ڕێی لە مەکەو لە بەغدا بوو
لە دینێ خۆ بە ئاگا بوو...)[2]

بەمجۆرە داستانەکانی فۆلکلۆری کوردی لەسەر بنەمای رابردوو بنیاتنراون، ئەو رابردووە پڕ لەشانازییە، کە لەنێویدا نەتەوەکە دەیەوێت ئەو کاتە رابردووە بەبیر نەوەکانی ئێستا بێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانن کە نەتەوەکەیان لەرابردوودا بە چ شێوەیەك ژیانیان بەسەربردووە، کە مایەی شانازییە بۆ نەوەکانی ئێستا و داهاتووش.

١ توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. عەلی نانەوازادە، ل١٠٠.
٢ پێنج داستانی کوردی، کۆکردنەوەی. یاسین گۆران، ل٢٠٨.

## ئەنجام

١. لەبەرئـــەوەی تــوخمی پاڵــەوان گــرنگترین و بەرچــاوترین تــوخمی نێــو داســتانە فۆلکلۆرییەکانە، ئەو هەڵسوڕێنەری هـەموو توخمـەکانی تـری نێـو ئـەو داستانانەیە، بۆیـە بەشێوەیەکی سفت و سۆڵ پتەو بنیاتی ئەو توخمەیان ناوە، تـا بتـوانی هەڵسـوڕاندنی ئـەو ئەرکە قورسەی هەبێت و بتوانێت بەرگەی هەموو دژواری و ناهەموارییەکان بگرێت.

٢. پاڵەوانی نێو داستانەکان خاوەنی هێز و توانایەکی جەستەیی بێوێنەن، بەشێوەیەك ئەو لایەنـەی پاڵـەوان بنیـاتنراوە، کـە بتوانـۆ بکەوێتـە ململانـێ و کێشـمەکێش لەگـەڵ هـەموو پاڵەوانـە دژەکـانی، کـە لـەنێو ڕووداوەکـانی ئـەو داسـتانانەدا بـەرەو ڕووی دەبنـەوە، لـە کۆتایشدا بەسەریاندا سەربکەوێ.

٣. پاڵەوانـەکان، لـەرووی هـەموو ڕەهەندەکانــەوە گرنگـی بـە بنیاتنانیـان دراوە و هـیچ ڕەهەندێك فەرامۆش نەکراوە، بۆ ئەوەی نەبێتەمایـەی کـەم و کـوڕی لـە پێکهاتـەی بنیـاتی پاڵەوانەکە. بۆ نموونە ڕەهەندی دەرەکی و جەجستەیی ، کە خاوەنی لەش و لار و جوانی و ڕێك و پێکییەکی بێوێنەیە و دەبێتە مایەی تێڕامان و سەرنج ڕاکێشانی دەوروبـەرێ، لـەروو ڕەهەنــدی دەروونـــی و ڕەهەنـــدی کۆمەڵایـــەتی و ڕەهەنـــدی نیشـــتیمانی و ڕەهەنـــدی ئایدیۆلۆژیشەوە، خاوەنی بنیاتێکی بـەهێز و شـیوە و هـەموو حیسـاباتێکی بـۆ کـراوە، بـۆ ئەوەی نەبێتە کسێکی نامۆ بێبنەما، بەڵکو ببێتە کەسـێکی واقیعـی خـاوەن ڕەگـو ڕیشـەی نەتەوەیی.

٤. ڕووداوەکانی نێو داستانە فۆلکلۆرییـەکان هـەموویان ڕووداوی گـەورەی و کارەسـاتبار و جەرگبڕ و دڵتـەزێنن، جاڕووداوەکـان قارەمـانێتی یـان ئـەڤین و دڵـداری یـان باسـکردنە لـە بــڕواداری و ســۆفیگەرێتی، ئــەو ڕووداوانـــەش هـــەموویان ڕوویانــداوە و کەســێك دێــت دەیانگێڕێتەوە، بۆیە بنیـاتی گێڕانەوەکـە بـە شـێوەیەکی ڕیزبەنـدی ڕوودانـی ڕووداوەکـان دەبێت، کە پێی دەگوترێت بنیاتی شوێنکەوتە، کە بەپێی کـاتی ڕوودانـی ڕووداوەکـە یـەك بەدوای یەکدا دێن، ئەمجۆرەی بنیاتی گێڕانەوەش لە هەموو جۆرەکانی تر کۆنترە.

٥. شوێن و مەیدان و گۆڕەپانی ڕووداوەکانی نێـو داسـتانەکانە، هـەر بۆیـەش بـەکارهێنانی گەلێك فراوان و بەربڵاوە، ئەرز و ئاسمان و ژێر ئەرز و فراوانتریش لـەوان پێکـدێنێ. کەواتـە پانتایی شوێن لە داستانە فۆلکلۆرییە کوردییەکاندا پێگەیەکی گرنگی هەیـە، بەشـێوەیەکی

بەرفراوان لەنێو ئەو داستانانەدا بەکار هاتووە و خاوەنی بنیاتێکی پتەو بەهێزە، بـەجۆرێك کاریگەری هەیە لەسـەر توخمـەکانی تـر، بەپێچەوانەشـەوە ئـەوانیش کاریگـەرییان لەسـەر بنیاتی ئەو هەیە و ئاوێتەی یەکتری بوونە.

٦. کات لە داستاندا کاتێکی ڕابـردووە و بەسەرچـووە، لـەو کاتـە ڕابـردووەدا کارەسـات و ڕووداوی مەزن ڕوویانداوەو بوونەتە جێگای شانازی مرۆڤایەتی  بە گشتی و ئـەو نەتەوانـەی خۆیان بە خاوەنی دەزانن بەتایبەتی.

ڕووداوی داسـتانە فۆلکلۆرییـەکانی کـوردیش هـەموویان لەسـەر بنەمایـەکی رابـردوو بنیاتنراون، ئەو رابردووە بەشێوەیەکی شکۆدار و مەزن خراوەتە ڕوو، چـونکە ڕووداوەکـان گـەورە و شـکۆدارن و جێگـای هەڵوەسـتەکردنی مرۆڤـە، ئـەو ڕووداوانـەش، ڕووداوی نیشـتیمانپەروەریی و فیـداکارین لـەپێناوی گـەل و نیشـتیمان یـان ڕووداوی سـۆزداریی و خۆشەویستی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز ڕوویانداوە.

کتێبی ئەلیکترۆنی

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی

**کتێب:**

١. ڕەهەنـدی دەروونیـی لـە چـیرۆکی درێـژی مـن و قالـە و سـەگەکەی بـافلۆڤ دا، د. عـادل گەرمیانی، ، بەغداد، ٢٠٠٦.

٢. رۆجینەیەك بۆ ئەدەبی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، شـەریف فـەلاح، بەڕێوەبەرایـەتی چاپ و بڵاو کردنەوەی سلێمانی، سلێمانی ، ٢٠٠٨.

٣. بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)دا، جەوهەر شێخانی، یەکێتی نووسەرانی کورد، چا. ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤،

٤. بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردیدا، میران جەلال محەمـەد، مەڵبەنـدی کوردۆلـۆجی، چـا. ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٥. بەیتەکانی فۆلکلۆری، محی الدین برشان، پیرانشهر، ١٣٨٥.

٦. بـەیتی لاس و خـەزاڵ، ئامـادەکردنی، عەبدولـەتیف عەبدولمەجیـد گولی،چـا. ئـاراس، هەولێر، ٢٠١١.

٧. پێـنج داسـتانی کوردی،کۆکردنـەوەی. یاسـین گـۆران، بەڕێوەبەرایـەتی بڵاوکردنـەوەی هەولێر، چا. ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١١.

٨. توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. عەلی نانەوازادە، چا.حاجی هاشم ، هەولێر، ٢٠١٢.

٩. توحفەی موزەفەرییە، کۆکردنەوەی، ئۆسکار مان، و. هێمن موکریانی، چ٣، چا. ئاراس، هەولێر، ٢٠١١.

١٠. جوانسـتان،کۆکردنەوەی، زیـاد موحەمـەد ئـەمین، ئینسـتیتیوتی کەلـەپوری کـورد، سلێمانی، چا. ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩.

١١. خورشید خاور، وەرگێرانی لە هەورامییەوە. کەرکوک ، ١٩٥٧

١٢. سێ بەیتی فۆلکلۆریك، گرد و کۆ. قادر فتاحی قازی، هەولێر، ٢٠٠٩

١٣. شیرین و فەرهاد، ئەرکی چاپکردن، محمدامین عصری، بغداد، ١٩٩٩

١٤. فۆلکلۆرا کورمانجـا، کۆکردنـەوەی، حـەجیێ جنـدی و ئـەمینێ عەڤدال، چـا. ئـاراس، هەولێر، ٢٠٠٨

١٥. گەنجینەی بەیتی کـوردی، کۆکردنەوەیـە قـادر فـەتاحی قـازی، چـا. ئـاراس، هـەولێر، ٢٠٠٧.

١٦. مامان برازا بزر کرد خاڵان خوارزا مـەزن کـرد، کۆکردنـەوەی، زیـاد موحەمـەد ئـەمین، ئینستیتیوتی کەلەپوری کورد، سلێمانی، چا.ئاراس، هەولێر،٢٠٠٨.

**گۆڤار:**

١٧. دەقئـاوێزان لـە ڕۆمانی(پێنجـەمین کتێـب)ی جـەبار جـەمال غـەریب دا،د. نـەجم خالـد ئەڵوەنی، گ. زانکۆی کۆیە، ژ(٢٧)، ٢٠١٣.

١٨. ڕوونکردنەوەیەك بۆ داستانەکەی(سەری چەتۆیە و بنەوەی لاس، فـەرهاد گۆمەشـینی، گ. ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ(٦)، ٢٠٠٤.

١٩. قارەمان و ڕووداو لە چیرۆکی کوردیدا، حەمەسەعید حەسەن، گ. شین، ژ(١٠)، ٢٠٠٥.

**نامەی ئەکادیمی**

٢٠. بنیـاتی توخمـەکانی گێڕانـەوە لـە چیرۆکەکانی(شـێرزاد حەسـین)دا، معتصـم احمـد حمدامین، ماستەر، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، ٢٠١٢.

٢٠. تەکنیك لە رۆمانەکانی(عەبدوڵڵا سەراج)دا، ئـارەزوو محەمـەد عـەلی، ماسـتەر، زانکـۆی سەلاحەددین، کۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٩.

٢٢. ئاڤا کرنا رویدانێ درۆمانا(داویـا شـەرڤانەکی و سـۆتنگەهـ)دا، نیهایـەت محەمـەد سـالَح عێزەددین، ماستەر، زانکۆیا دهۆکێ، کۆلیژیا ئادابێ، ٢٠٠٩.

**بە زمانی عەرەبی:**

٢٣. الموتيف في الادب الشعبي والفردي، د.سليَمان العطار، القاهرة، ٢٠١٢.

٢٤. مبادئ الشخصية في العرض المسرحي المعاصر، د. يحيي البشتاوي، دار الكندي للنشـر والتوزيع، الاردن، ٢٠٠٤.

**بە زمانی فارسی**

٢٥. شناخت داستان، جمال مير صادقى، مؤسسه ، تهران، ,١٣٩٣

٢٦. فرهنگ توصيفى اصـطلاحات ادبـى، ام.اچ.ايبرمـز/ جفـرى گالـت هـرفم، مترجـم سـعيد سبزيان م، رهنما: تهران، ,١٣٨٧

٢٧. فرهنگ اصطلاحات ادبى، سيما داد، چ سوم، چاپ ديداور، ١٣٨٥.

**ئەنتەرنێت**

٢٨. نێـــت، العناصــــر المكونــــة للروايــــة والملحمــــة، د. حســــين البــــاس حديــــد http://www.alnoor.se/article.asp?id=87168

# بنیاتی هونەریی حەیران
# لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا

هەرێمی کوردستانی ـ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر

# بنیاتی هونەریی حەیران لەئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا

هەواڵنامەی کتێب

نامەیەکە

پێشکەش بەئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردە-بەشە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددین کراوە، بەشێکە لەپێویستییەکانی پلەی ماستێر لەئەدەبی کوردیدا

لەلایەن
ئەحمەد محەممەد ئەمین عەبدولخالق-بەکالۆریۆس لەزمان و ئەدەبی کوردیدا-زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر-١٩٨٩

بەسەرپەرشتی
پرۆفیسۆری یاریدەدەر د.هیمداد حوسێن بەکر

گەلاوێژ ٢٧١١ ی کوردی    شوال ١٤٣٢ ی کۆچی    ئەیلول ٢٠١١ ی زاینی

## پێشەکی

دەتوانین حەیران لە جۆری گۆرانی ڕەسـەن، لـە هونـەرو ئـەدەبی کوردیـدا بەتایبـەتی لـە ئەدەبی فۆلکلۆری دابنێین، کە پانتاییەکی زۆری لە جوگرافیای کوردسـتان داگـیر کـردووە، نووسەران وشارەزایان لە مەیدانی ژانری حەیراندا چەندین پەرتووك و وتارییـان نووسـیووە، بەلاّم بەو شێوەیە نەبووە، کە حەقی خۆی بدرێ،حەیران زۆر لایەنی شاراوە لـەخۆدەگرێت. حەیران لەکات و ساتێکی دیاریکراوی خۆی لە مێژووی میللەتەکەمانـدا دەورێکـی کاریگـەرو بەرچاوی، لەناو چینی سادەدا هەبووە، حەیران لەخەباتی کوردایەتی و بەرگریکردن لەخاك ونیشـتیمان بەرامبـەر بـە دوژمنـان چـەکێکی بـەهێز بـووە خـەڵکی بـۆ بـەرگریکردن هانداوە.وەکو پێویست لەچاو گـەورەیی و قـەبارەو سـنووری خۆیـدا نەخراوەتـە قـاڵبێکی ئەکادیمیەوە.

**میتۆدی لێکۆڵینەوە:**

لەلێکۆڵینەوەکەماندا میتۆری مێژوویی،وەسف،شیکاریمان بەکارهێناوە

**بنیادی لێکۆڵینەوە:**

لێکۆڵینەوەکـەمان لەپێشـەکییەك و ودوو بـەش وئـەنجام و لیسـتی سەرچـاوەکان پێـك هاتووە،بەشی یەکەم دارشتنی فۆرمی هونـەریی حـەیرانی لـەخۆگرتووە. بەشـی دووەمـیش بریتییە لە حەیران لە رووی ك۞ش و سەرواوە.

**تەوەری یەکەم : داڕشتنی فۆرمی هونەریی حەیران:**

هـەر بابـەتێکی ئـەدەبی، کـە بەشـێوەیەکی زانسـتی بەسـەر زمـانێکی تـەواو لـە ڕووی مۆرفۆلـۆژی و سینتاکسـی، تـەواو داڕێـژرا بێـت، بـە دڵنیاییـەوە پوخـت دەبێـت و زیـاتر نووسەران و چێژ وەرگران لە بەرهەمەکانی ئەدەب حەز و ئارەزوویان زیـاتر دەبێـت بـۆ وە دەست هێنانی بەرهەمی تـر. ئـەمیش بـە هـۆی دانـان و ڕێکخسـتن و هێنانـەوەی و وشـەی گونجاو، کە ڕووخساری شیعری لە خـۆ گرتبێـت. ئینجا ئـەوەش دەکەوێتـە سـەر ئیلـهام و زانایی ئەو کەسەی، کە بەرهەمەکە دەهێنێتە بوون، بە تایبەتی ئەدەبی فۆلکلۆری و میللـی یەکان. تەماشای بکەین زۆر سەرسوڕهێنەرە ! لە ڕووی داڕشتنەوە، لەبـەر ئـەوەی زۆربـەی خاوەنەکانیان نەخوێندەوار بووینەو ئەو جۆرە وشانەیان بـەکارهێناوە لـە جێگـای خۆیـان داناوە لە ڕێك وپێکی ڕووخسارو واتاو شیعری بێبەش نییە، لە ناو جەرگەی گیانی میللـەتی سادەو ساکاری شارو بە تایبەتی گوندی هەڵقوڵاوە، کە زۆر بە ئاسانی لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکی تر گواستراوەتەوە، لەسـەر زارو ئەزبـەرکردنی ئاسـان بـووە، تـاکو ئەمڕۆکـەمان لەبـەر ئـەوەی ـ بـەزمانی ڕۆژانـە بـووە. جۆرەکـانی زۆرن بـەڵام لێـرەدا مەبەسـتی ئێمـە حەیرانەکە بزانین چۆن داڕێژاوە لـەڕووی ڕووخسـارەوە. حـەیران بابـەتی هونـەری زۆربـەی لایەنەکانی بنەماو ڕەگەزەکانی شیعری تێدا هەیە، دەتوانین بڵێین شیعرە، ئەگەر تەماشای بکـەین، کـە چـۆن داڕێژراوەکـە کـێش و قافیـەی تایبـەتی خـۆی هەیـە بـە سیسـتەمێکی زانسـتیانەوە دابەشـکراوە بەسـەر دێرەکانـدا لـە ڕووی فۆرمـەوە کـە هـەموو حـەیرانێك دێرەکانی لەسەر چەند(بەندێك)دامەزراوە کـورت و مانـادارە چـێژ بەخشـە. حـەیرانی تـەواو لەسەر سێ بەند دانراوە هەر بەندێك بەم شێوەیە کاری خۆی دەکات:

**١ـ سەربەند:** سەرەتایە بۆ کردنەوە و چوونە ناو بابەتی دەقی حەیران ، وەك وتار گووتن، کە بە چەند وشەیەك بۆ مەبەست گەیاندنی وتار خوێن دەست پێدەکات، بـەڵام سـەربەندی حـەیران بـە چـەند وشـەیەك، کـە سـۆزدارو هەسـت ڕاکێشـە ئاگادارکردنـەوە و پـەیام ناردنێکە.حەیرانبێژەکەیـە بـۆ بەرامبـەری کـە گـوێگرە وەك لەمـەوپێش بەدرێـژی باسمـان کرد،کە هەڵدانی دەنگ و بەرزکردنەوە و دەستنیشانکردنی مەبەسـتە، بـە ئـامرازێکی بـانگ کردن،کە لـە دوای خۆیـدا بـە کـات و شـوێن دادێـت وەك(ئـامرازی،( ناو(تـاك+کۆ) + کـات،

شوێن) سەرەتایی دەست پێکردنی سەربەندی حەیرانە بە قافیەکی دیاریکراو کۆتایی پێدەهێنێت،کە(سەرواکەیەتی بە پێی ئارەزووی حەیرانبێژەکە،کە چۆن دایدەڕێژێت.

**٢ـ ناوبەند:** لە پاش وەستانێکی کورتر و هەناسەیەکی نوێ وەردەگرێت و پشوویەکی کاتی زۆر کورت. دەچێتە ناو مەودایەکی درێژتر بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست و گەیاندنی ڕووداوەکان، لە لایەن پاڵەوانی ناو دەقەکە بە هۆی دروستکردنی زەمینە و پانتایی ڕووبەرێکی گەورە بۆ سیناریۆ و زنجیرەی ڕووداوەکان وەك لەسەر شانۆیەك دەخاتە ڕوو مامەڵەی وەستایانەی لەگەڵ دەکات ئەمیش بە هەمان قافیەی سەربەندی یەکەم کۆتایی پێدەهێنێت.

**٣ـ دوابەند:** لە دوای ناوەند بەند دێت،کە بە هەمان شێوە هەناسەیەکی نوێ و پشویەکی کورت دەست پێدەکاتەوە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی و دەرکەوتنی ئامانجی ڕووداوەکە بەرەبەرە بە هێنانەوەی چەند وشەو دەستەواژەو ڕستەیەك بۆ کردنەوەی گرێچنەی ڕووداوەکە و کۆتایی هێنانی دەقی حەیرانەکە و گرێدانی و گەڕانەوەی بۆ سەرەبەندو بە هەمان قافیەی کە دایرێژتبوو. ئەوەی جێی سەرنج بێت زۆربەی سەرواکان بە پیتی بزوێن کۆتایی پێدێت.(جاران کە ناوی حەیرانە دەهات، بە سالاّ چووان دەیان گۆت: حەیران دوو بەندە، سەربەندو دوابەند، سەربەند هەیە لە دوو نیوەبەندپێك دێت، نیو بەندی دووەمیان پتر گران دەکرێ، حەیرانەش هەیە لە سێ بەند پێك دێت. سەر بەند و دوابەند دوو وشەی ناسك و رێك و لێوەشاوەن، یەك سەروایان هەیە، زۆربەی سەرواکان ئەوانەن: (ا، ە، ی، ێ، یی، یێ) (ان)لە شێوەی کۆدا. هەر حەیرانەیە بەندەکانی یەك سەروایان هەیە، بەندەکانی پیتی پێش سەروای کۆتاییان یەکە، یەکبوونی هەر دوولا، سەربەندو سەروا بەرێکی لە بەهای حەیرانە زیاد دەکات، بەر زانستی ڕەوانبێژی دەکەوێ).[(١)]

بەراوردکردنی حەیران لە ڕووی داڕشتنی فۆرمیدا بەرامبەر جۆرێك لە مۆسیقای کلاسیکی کۆنی شارستانی ولاّتانی ئەوروپا کە چۆن دابەشکراوە بۆ چەند بەشێکی جیاواز وەك مۆسیقای (سۆناتا فۆرم) بۆ سێ بەش دارێژراوە،کە بریتییە لە بەشی یەکەم چوونە ناوەوەی دامەزراندنی مۆسیقایەکەیە،کە نەمایشکردنەو دەرخستنێتێ، بەشی دووەمیش زیاتر ڕوونکردنەوە و چوونە ناو قوڵی نۆتەکانی مۆسیقا بۆ ئاوازەکەوە بۆ پەرەسەندنی بەشی سێیەم وە بە چەند نۆتەیەکی مۆسیقای دارێژراو،کە پەیوەندی بەیەکەمەوە هەیە بۆ

گرێدانی دەیگەڕێنێتـەوە بـۆ بەشـی یەکـەم.(تۆ بڵێـی بێتهـۆڤن حەیرانبێـژ بووبـێ؟ دەبـێ جوتیارێکی کورد ئاگای لە سیمفۆنیەکانی نەبوو بێ؟ گۆیگری ئازیز بـە شـێتم دامـەنێ! بـا جارێ لە قسەکانم ببمەوە ئینجا لە پاشان حەز دەکەم تۆش قسیەکی لێ بکەی. ئەوەی کە شـارەزای مـۆزیکی کلاسـیك بـێ دەزانـێ کـە جـۆرە فۆرمێـك هەیـە بـە نـاوی سـۆناتافۆرم.(Sonat form)سـۆناتافۆرم شـێوەی داڕشـتنی یـان هەیکـەلی دانـانێکی مۆزیکاڵییە. دانەر چیرۆکە مۆزیکالییەکـەی خـۆی بـە چـەند بەشـێك دەگێڕێتەوە،کە پێـی دەڵێت(Movement). واتە بزووتنەوە. ئەوەی کە باوە بزووتنەوەکان سێ یان چوار یان کـەمتریش، بـە لایـەنی کـەم بزووتنـەوەی یەکـەم هـەر پارچـە مۆزیکایـەك لەبـەرە بـەری سەردەمی کلاسیکەوە بگرە تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەمیش جـا سـۆناتا، سـیمفۆنی، کونچەرتۆ، مۆزیکی ژوور، سترینگ کوارتێت، پیانۆتریێو، یان هەچ فۆرمێکی دیکـە بـێ، لـە شێوەی سۆناتا فۆرم داندراون، سۆناتا فۆرمیش بریتییە لەسـێ بـەش: بەشـی یەکـەم پێـی دەگـوترێ(Exposition)واتـا نمایشـکردن و پێشاندان،بەشـی دووەم پێـی دەڵـێن Development واتـا رسـکان پەرەسـەندن، بەشـی سـێیەمیش پێـی دەڵـێن Recapitulationواتا گەڕانەوە بۆ بەشی **یەکەم:** جاری وا هەیە کـە موزیککـار پارچـە مۆزیکەکـەی تـەنها بـە یـەك بزووتنـەوە دادەنـێ وەك کردنـەوەکان واتـا Overtures ئالێرەشدا ئەو تاکە بزووتنەوەیەی لە شێوەی سۆناتا فۆرم دادەرێژێ واتـا بەشـی یەکـەم و دووەم و سێیەمی تێدایە. بەشی نمایش کردندا، دانـەر بیرۆکـە سـەرەکیەکەی چیرۆکەکەی خۆی دەخاتە ڕوو. لە بەشی پەرەسەندن دانەر بە دووڕو درێژی دەچێتە ناو وردەکاریەکانی بابەتەکەی و بەشی سێیەمیش ئاماژەو نیمچە گەڕانەوەیە کە بۆ بەشی یەکەم شایانی باسە ئەرکی بەشـی یەکـەم تـەنها نمایشـکردنی بیرۆکـەی پارچـە موزیکالییەکەنیـە ئـەوە شـەوە دەست نیشانکردنی کلیلی مۆزیکاڵی پارچەکەیە کە پێی دەگوترێ(Home key)واتا ماڵ کلیل یان تۆنیك(Tonic)بۆ نموونە ئەگەر بزووتنەوەکە بە(A-Major)دەست پێـی بکـا واتا کلیکی ماڵەوە(A-Major)  بێ دەبێ لە بەشـی سـێیەمدا دانـەر بگەڕێتـەوە بـۆ مـاڵ کلیل واتا(A-Major)و بەم جۆرە کۆتایی بە پارچەکە دێنێ، بەڵام سۆناتا فۆرم هەمیشە هەر ئـەو سـێ بەشـە نییـە. زۆربـەی دانـەرانی سـەردەمی کلاسـیك وەك هایـدن و مـۆزات و بیتهۆڤن دوو بەشی چکۆلانەی تریشیان دەخستە سەر ئەم فۆرمە. یەکێکیان لەبەرائییدا بوو

واتا لە پێش بەشی یەکەم، کە پێی دەگوترێ پێشەکی واتا (Introduction)ئەوی تریان لە پاش بەشی سێیەم کە پێی دەگوترێ(Coda)واتـا کلك یـان پاشـکۆ.ئەم دووانـە مـەرج نییە لـە هـەموو پارچـە مۆزیکایەکدا هـەبن بـەڵکو دەمێنێتـەوە بـۆ وەسـتایی و ئـارەزووی هونەرمەند خۆی. جا پاش نمایشکردنی سۆناتا فۆرم بابگەڕێینەوە بۆ حەیرانەکەی خۆمان. تۆ ئێستا ئەگەر بێت و بـەوردی سـەرنج بدەینـە دارشـتنی فـۆرمی هونـەریی حـەیران، تـێ دەگەی بۆچی من پێشتر پرسیارم کرد تۆ بڵێی بیتهۆڤن حەیرانبێژ بوو بـێ، یـان جوتیـاری کورد ئاگای لە سمیفۆنیـەکانی مـۆزارت نـەبوو بـێ؟ دەفـەرموون بـابتگێڕم بـە نـاو فـۆرمی هونەری حەیران. وەك پێشتریش بە دوورو درێژی باسـم کـرد حـەیران بریتیـە لـە(٣)بەنـدی کورت. لە بەنـدی یەکەمـدا حەیرانبێـژ کـت و مـت وەك سـۆناتا فـۆرم لەلایەکـەوە بیرۆکـەی چیرۆکە گۆرانیەکەی خۆی دەخاتە ڕوو، لە لایەکی کەوە دوا دەنگ واتا قافیە بـۆ هـەر سـێ بەندەکانی حەیرانەکەی دەستنیشان دەکات و لە لایەکی تریشەوە کلیلی دەسپێك و کۆتایی نۆتەکەی دادەنێ. بۆ نموونە ئەگـەر بەنـدی یەکـەمی حـەیرانێك ئەمـە بـوو.... حـەیران لـە پـەرێزە جۆیێ.. ئـەوا هـەم شـوێنی ڕووداوەکـە کـە پـەرێزە جۆیـە دەردەکـەوێ و هـەم دوا دەنگ.... بێ دەستنیشان دەکاو هەم بڕیار دەدا بەچ(Tonic)دەست پێی بکـا لـە بەنـدی دووەم حەیرانبێژ دەچـێتە نـاواختنی چـیرۆکەکەی و لـە وردەکارییـەکان دەدوێ لـە بەنـدی سێیەم ئیتر بە ئاواتە خوازی بێ بە بڕیار بێ، بە هەر جۆرێکی بێ کە گرێدانی بە بەشەکانی پێشترەوە هەیە دوایی بە حەیرانەکـەی دێنـێ. حەیرانبێـژیش وەك مۆزیکـارە کلاسـیکەکان بەندی یەکەمی لە چ کلیلێك دەست پێی کرد بێ، دەبێ دوا بەندەکەی بەو کلیلـە بـە دوایـی بێنێ بێجگە لەوە وەك(Introduction)واتا پێشەکیەکەی سۆناتا حەیرانبێژیش بە پـێش بەندێك دەست پێ دەکات، کە هەڵدانی دەنگیەتی و دوا وشەکانی بەنـدی سـێیەمیش دەکـا بـە دوا بەنـد، کـە ئەمـەیان بـە سـۆزترین و هەسـت بـزوێنترین بەشـی حەیرانەکەیـە ئەگـەر حەیرانبێژەکە حەیرانبێژی چاك بێ دیسان وەك سۆناتا و سیمفۆنیاو کۆ نچـەرتۆ، جـاری وا هەیـە، هـەر چـەندە کـە ئەمـەیان مـەرج نییـە، کـە حەیرانبێـژ کـوڵی دڵـی بەسـێ بەنـدە دانامرکێتەوە، لە پاش دوا بەندەکەی ئیتر کۆدا واتـا کلـك یـان پاشـکۆیەکی دەخاتـە سـەر پاشکۆکەش هەندێ جار بریتی دەبێ لە ستانزایەکی سەربەخۆو دوا دەنگ و مەترۆی لەگەڵ حەیرانەکە جیا دەبێ حەیرانبێـژ ئـەم هەیکەلـە زۆر بـە وەسـتایی دارێـژراوە و پـڕ لـە تێـك

هەڵکێشانی ئاڵۆزی هونەری بەسێ بەندی زۆر کـورتی حـەیران دەخاتـە ڕوو کـە لـە(٥ ـ ١ ـ ٣)دەقیقە پتر ناخایەنێ و واتا ماوەی هەر حەیرانێك هەر(٣ ـ ٣)دەقیقەیە. جا لێـرەدا ئـەم لایەنەی حەیران دیسان ڕامـان دەکێشـێ و دەمانبەسـتێتەوە بـە جـۆرە فـۆرمێکی دیکـەی موزیکی کلاسیك کە پێی دەڵێن: (Song cycle)سۆزیك سـایکل. حـەیران وەك ( Song cycle): لە سەدەی نۆزەدەمی ڕۆمانسیزم جۆرە گۆرانیەك پەیدا بوو،کە بریتـی بـوو لـە چەندین کورتە گۆرانی کە، لە ڕووی دارشتنی فۆرمی ئەدەبی و هونەرییەوە هاوبەش بوون و لە یەك خانـەی هەڵبەسـت و ئـاوازدا دادەنـدران، بـەم جـۆرە گۆرانییانـە دەگـوترا( Song cycle)واتا زنجیرەیەك یان بازنەیەك لە گۆرانی گۆرانیبێژەکە ژمارەیەکی لە کورتە گۆرانی ڕۆمانتیکی وەك(لید)ی ئەڵمانی یەك بە دوای یەکدا دەگوت و هەموو بەسەریەکەوە دەبوو بە زنجیرەیەکی بازنە بازنەکە لە یەك بابەت دەدوان و ئاوازەکانیشیان لە یەك دەزگای موزیکی دا بوون و زۆر لێك نزیك بـوون. زۆربـەی دانـەرە گـەورەکانی سـەردەمی ڕۆمانتیـك ئاوازیـان بۆ(Song cycle)داناوە لەسەرووی هەموویان بیتهۆڤن و شوبێرت و شومان. من کە تێـی ڕادەمێنم دەبینم حەیران دەکەوێتە نـاو ئـەم خانـەی سـۆنگ سایکلیشـەوە. تۆ،کـە داوا لـە حەیرانبێژێك دەکەی حەیرانت بۆ بڵێ، ناکرێ یەك تاکە حەیران بڵێ، کە بریتییە لە(٣)بەندی کورت و ماوەی گوتنەکەی لە نێوان دەقیقەیەك و(٣)دەقیقە پتر ناخایەنێ. بۆیە حەیرانبێـژ کە دەست بە حەیران دەکا تا ژمارەیەك، لە حەیران نەڵێ ڕاناوەستی وەك سۆنگ سایکل لە ڕووی بابەتی هونەری ئەدەبی و گۆرانییەوە هاوبەشن.)[٢]

هەر لەسەر ئەو سیستەمەی کە حەیران وەك بنەڕەتێك بنیاتنراوە بۆ سەربەندو ناوەند بەندو دوا بەند، هەندێ لەشارەزایانی مۆسیقا کە باسی زۆربەی بەشـەکانی ئـەدەب دەکـەن مۆسیقا بە گیانی ڕاستە ڕۆی زیندوو دادەنێن بە هەمان شێوە باسی لە(سـۆناتا)دەکات کـە هونەرێکی مۆسیقاییەو پەیوەندی بە ئاوازە گۆرانییەوە هەیە کە چۆن دابەشکراوە بـۆ سـێ بەش وەك حەیران پەیوەندێکی بەتین هەیـە لـە نێوانیـان بەشـە ئاوازەکـەی کـە بەسـتراون بەیەکەوە بۆ گەیاندنی لەسـەر سیسـتەمێکی ڕێك و داڕێژراو(سـەردەم و ڕۆژانـیش دیاریـان خست کـەوا مۆسـیقا بـە تەنیا(بـەبێ وشـە) توانایـەکی زلی هەیـە بـۆ تـەعبیرکردن لـە هـەر شێوەیەکی ژیانی ئادەمیزاد، چیرۆك، داستان، مێژوو، شەڕو شۆڕ، شۆرش، دڵداری... تـاد. ئەمانە هەمووی، مۆسیقا دەتوانێ بە ڕاشکاوی و ڕاستگۆیی دەریـانبڕێ لێـرەوە، دەتـوانین

سۆناتە (Sonata)بە یەکـەم جـۆری هونـەری مۆسـیقا لـە ئـەورووپا، دابنێیـت و بـژمێرین. سۆناتە، واتە کۆمەڵێك ئاواز کەوا بە سێ یـان چـوار قۆناغـدا دەڕۆن، بـەڵام بـە زۆری سـێ بەشە یا سێ قۆناغە: سەرەتاو ناوەندو کۆتایی سەرەتای سۆناتە دوو ئاوازە، یەکیان توندە ئەوی دووەمیان سوکە، لە پاشان هـەر دوو ئاوازەکـە تێکـەڵی یـەکتر دەبـن و لـە ناوەنـدی سۆناتەکە کە ئەمەش پێی دەوترێ گۆڕین یا پێشخستن. بەرامبەر بەمە لە ئەدەبدا شـتێکی وا هەیـە یـان ئـەم جـۆرە دابەشـکردنە هەیـە لـە ئـەدەبی ئەرِسـتۆیی، واتـە جـۆری دابەشکردنی(ئەرِستۆ)کەوا دابەشکردنێکی مەنتیقیە بە ڕەسەن: واتـە، بـۆ نموونە،لـە شـانۆ نامەدا، بەشی یەکەم یان(دەسـپێکردن)یان بڵێن: پـەردەی یەکـەمی شـانۆ نامـە کـەوا لـەم بەشەدا پاڵەوان و ئەو کەسانەی کە ڕۆڵی سـەرەکییان دراوەتـێ، دەبینـرێن، یـان پاڵـەوانی چیرۆکەکەو شەیتانەکە یان کەسە خراپەکەی چـیرۆکەکە، یـانیش پاڵـەوان و دڵدارەکـەی... تاد بە گوێرەی بابەتی شانۆنامەکە. لە دوای ئـەم بەشـە بەشـی ناوەنـد دێـت و ڕووداوەکـە بەرەو پێشتر دەچێ و پەیوەندی نێوان پاڵەوان و کەسەکانی تر ڕوونتر دەبێتەوە تا دەگاتە نزیکی پەردەی سێیەم (ئەگـەر گریمـان پێـنج پـەردە بـێ). ئـالێرەدا، لـە پـەردەی سـێیەم چنینی چیرۆکەکە دەگاتە لوتکە(نروە). لە سۆناتەش، کاتـێ ئەگـەر ئاوازەکـە لـە گـۆڕان و بەرەو پێشچوون گەیشتە ناوەندی، یـان ناوەنـدی بەشـی سـێیەمی، سـەیر دەکـەی بـەرەو کۆتایی نزیك دەبێتەوە و جا لەوانەیـە بگەڕێتـەوە بـۆ ئـاوازی سـەرەتایی و سـەرەکی، یـان بەشێکی ئەو ئاوازە، یانیش ئاوازێکی نوێ دەبیستین!)[٣]

خوێندنەوە بۆ بیرو بۆچوونەکانی شارەزایانی حەیران لە ڕووی فۆرمـەوە دەگەڕێنـەوە بـۆ سێ بەشی وەك سەرەبەند و ناوەند بەندو دوابەند پێکهاتووە، جاری وای هەیە بە دوو بەند کۆتایی بە حەیرانەکە دەهێنـدرێت، بـەڵام ڕەسـەنایەتی حـەیران لـە کـورتی و سـێ بەنـدی پێکهاتووەکە زیاتر ڕەسەنەو لای گوێگران چـێژی خۆشـترەو تێگەیشـتنی ئاسـانەو بێـزاری لێناکرێت، بەڵام پێویستی حەیران هەندێ جار وا لەحەیرانبێژ دەکات زۆرتر ڕوونکردنەوەی مەبەست و مانای ڕووداوەکە، حەیرانەکە درێژ دەکـات بـۆ زیـاتر لـە نـاو بەنـدێك کـە وشـەو رسـتەو زاراوەی تـازە دەهێنێتـەوە، ئـەم ئەفراندنـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ توانـاو زیرەکـی لێهـاتووی حەیرانبێژەکە.کـەواتا دەتـوانین بـۆ وەڵامـی شـارەزایان و لێکۆڵـەوەرانی

حەیران،بەپێی زنجیرەی ناو بەندەکانی حەیران هەتا (٨) هەشت ناو بەند دەربخەین بەپێی ئەم حەیرانانەی خوارەوە:

**یەکـەم:** حـەیران کـە لەسـەربەندو دوا بەنـد پێکهـاتووە. وەك حەیرانبێژ((مسـتەفا کـۆر خۆشاوی)) دەڵێت:

**ئەرێ براینە چەندم گاز دەکرد.ئەم دەگۆ براینە ئەوڕۆبەوێ ئێواری**

**ئەم دەگۆتە برادەران**

**لۆو بەکێندەرێ دا هەر برێم**

**دیسان ئەم دەگۆ حەیران لە دێمە کاری،**

**رۆینێ کیژۆران چەندە لە مجێزە**

**شۆڕ دەبۆوە لە زار کەرکێ حوسێنێ غازی**

**ڕەت دەبوون لە شۆو وەردی کاولە مەخموری**

**دادەبەزین لە گۆمێ سێ قولینچك**

**ئەرێ براینە چەندە شیرن لە گۆمەیێ معێجیلەو کاولە مشاری.** [٤]

ئەم کۆپلە حەیرانە تەنها سەربندو کۆتایی بەدوابەند دێت. ناو بەندی نییە).

١ـ سەربەند: ⟵ لە دێمەکاری

٢ـ دوابەند: ⟵ کاولەمشاری

**دووەم:** حەیران لە سەر بەندو ناوەند بەندو دوا بەند پێکهاتووە وەك حەیرانبێـژ (مسـتەفا کۆر خۆشاوی) دەڵێت:

**ئەرێ براینە چەندم گاز دەکرد ئەم دەگۆ براینە**

**ئەمن ئەم دەگۆتە برادەران حەیران لە دوو شیوانێ**

**بەژنەکەی باریك کۆترە باریکەکی گەردەن بەخاربوو**

**چەندە شیرنم دەدی لەسەر هێلانێ**

**دەوجە براینە حەیفم دەمینێ**

**بەژنێ باریکیان بە لوولەی دەمانچەی**

**دەدا گولەیێ مێردان**

**ئەو سار بەوێ بوارێ ێخستیانە حەپسە و زیندانێ،** [٥]

ئەم کۆپلە حەیرانە لەسەر بەندو ناوبەندو دوا بەند پێك هاتووە. وەك

١ـ سەربەند: ⟵ لە دووشیوانێ

٢ـ ناو بەند: ⟵ لەسەرهێلانێ

٣ـ دوا بەند: ⟵ حەپسەو زیندانێ

**سێیەم:** ئەم حەیرانە لەسەربەندو دوو ناوەندو بەندودوا بەندێك پێکهاتووە،وەك(مستەفا کۆر خۆشاوی) دەڵێت:

**ئەرێ براینە چەندم گاز دەکرد ئەم دەگۆ قەراتی پیرە هەولێرێ لە**

**من دێمە،**

**ئەو سارەکە بەویێ دەرەبوارەی،حەیرانەکەم لە گێیانی گوارەدا**

**چاوەکەم دەرێم لە کەپوانی خەزێمە،**

**ئەو سارەکە سەرییێ حەفت سارە**

**سەبارەت بە حەیرانێ بەڕەبەنی لێمە،**

**گیژ دەرێ: کورە تیمە حەیران لەگە کۆمەرەکێ براو برا دەران وەرە**

**کن بابم ماریژگەت وێران بی**

**دەوجە دەرێ ئەگەر ئەمنی نەدایێ**

**بە قەبری شێ عەلی بە دوازدە ئیمامان شەو لە سێ بارێ نیوە شەوێ**

**بەگرێی چارۆکی لە گەرت دێمە.** (٦)

ئـەم حەیرانـەی سـەرەوە کەلەسـەربەندو (دوو) ناوەبەنـد پێکهـاتووە. کۆتایەکەشـی دووابەندە.

١ـ سەربەند ⟵ لە من دێمە ٢ـ ناوندبەند ⟵ کەپوانی خەزێمە

٣ـ ناوندبەند ⟵ بەڕەبەنی لێمە ٤ـ دوابەند ⟵ لەگەرت دێمە

**چوارەم:** ئەم حەیرانـە لـە ڕووی فۆرمـەوە پێکهـاتووە. لـە سەربەندو(سـێ)ناوبەند لەگـەڵ دوابەند. وەك مستەفا کۆر خۆشاو)) دەڵێت:

**بابـە چـەندم گـاز دەکـرد. دەرێـم: پـایز وەعـدی**

**سەرپەرێ،**

**بە حسێبی سێ مانگ، سێ مانگ**

**زستان ئەوا تەواو بوو.**

**ئەمن ناچمە هەمزاغەی. مەڕ لەسەر غەرێ،**

**تژدەکی مامکان بەویێ سەر پەرێ**

**حەیران تێکە جغاران. عاشقی بەدرێ من.**

**نەمدگۆ حەز لە دوو کەرێ.**

**دەوجا براینە چیکەم لە بۆ برادەرەکی بە بەقاو متمانە.**

**ئەورێ ئێوارێ لە بۆ من**

**جوابەکی بداتە خوشکە وەسمەرێ.)[٧]**

١ـ سەربەند ⟵ سەر پەرێ     ٢ ـ ناوبەند ⟵ لەسەر غەرێ

٣ـ ناوبەند ⟵ سەر پەرێ     ٤ ـ ناوبەند ⟵ لەدووکەرێ

٥ـ دوابەند ⟵ وەسمەرێ

**پێنجەم:** لە ڕووی فۆرمەوە ئـەم حەیرانـەش پێکهـاتووە لەسـەر بەندو(چـوار)ناو بەنـدو دوا بەند.

وەك حەیرانبێژ (مستەفا کوڕ خۆشاوی) دەڵێت:

**ئەو ڕۆ بەویێ ئێوارێ. چەندم گۆتە برا دەران**

**نەمدەگۆ عەزەو تەندورە.**

**لە من ئەوبەر. ئەوبەرە،**

**سێوەکم هەردا. ئەو سەر ئەوسەرە،**

**چاوێ ئەو زاڵم بابەی گەلە ڕەشن**

**دوو برۆ لەسەرە،**

**هەوری لەسەری حەیرانێ.**

**حیسان شێت کەرە،**

**ئەگەر ڕۆژێ دوو جاران نایێی**

**سێ جاران وەرە،**

**تا لە درێ عاشقان**

**پەرتبی ئاخا لەگەر کەسەرە.)**[٨]

١ـ سەربەند ⟵ ئەوبەرە  ٢ـ ناوبەند ⟵ ئەو سەرە

٣ـ ناوبەند ⟵ لەسەرە  ٤ـ ناوبەند ⟵ شێت کەرە

٥ـ ناوبەند ⟵ وەرە  ٦ـ دوابەند ⟵ کەسەرە

**شەشەم:** لە حەیرانێکی تر کە لە ڕووی فۆرمەوە پێکهاتووە لە سەربەندو لە(شەش)ناوبەندو لەگەڵ دوابەند.

**(چەندم گاز دەکرد**

**ئەو سارەکە بەوێی دەرە زستانەی**

**لە بۆو بەکێندەرێ دا هەر برێم.**

**نەمدەگۆ: حەیران لە گردەچاری،**

**ئەتوو نەینۆکەم لۆبنێرە. کلدان بە دیاری،**

**وەکی خەرکی بە بەژنێ بارێك دەدا پێنج سەدی،**

**ئەمن لەبۆ کەیفێ درێ خۆ**

**چونکێ بەژنێ بارێك گەلە عاشقە**

**پێی دەدەم هەزاری،**

**گێژدەرێ: کوڕە حەیران ئەتوو سوار بە لە بۆرەیـێ**

**خارخاری**

**بەڕانان ببزێوە ڕکێبێ**

**بە دەستان بکە عەمەڵی پیرەکار خانێ**

**ئەوا لەشکرت گەینە پاری.**

**دەوجە دەست هەرنیانەکی لە بۆ من بکە.**

**هەر بە تەنیا سواری)**[٩]

١ـ سەربەند ⟵ زستانەی  ٢ـ ناوبەند ⟵ لە گردە چاری

٣ـ ناوبەند ⟵ بە دیاری  ٤ـ ناوبەند ⟵ پێنج سەدی

٥ـ ناوبەند ⟵ هەزاری  ٦ـ ناوبەند ⟵ خارخاری

٧ـ ناوبەند ⟵ گەینە یاری  ٨ـ دوابەند ⟵ سواری

**حەوتەم:** ئەم حەیرانە پێکهاتووە لە سەربەندو حەوت ناوبەندو دوابەند.

**دەرێم برایینە برادەرینە ئەورۆکە بەویَ سبیانیَ گازدەکەم.**

**دەرێم:بەستۆرە وای وای گەلەشینە،**

**ئەمن دوونیَ ئێواریَ**

**لەدەراوییَ سێتاقان**

**لەسیلەییَ ڕەزی عەتەڵلأی**

**گەیمە ئەوان شل و مل چاو بەکل.**

**گەردەن کێلە،**

**گۆتمیَ بینە ماچ کەم...خەت وخارییَ گەردەنیَ.**

**( دەبا بۆن کەم**

**چەرخەبیا ڕومەتیَ**

**بگرم جۆتە شەمامەی**

**ئەورۆ ئێواریَ زاڵم باب گەلە عێدزی.**

**لۆ گفت و گۆییَ جارانت نینە،**

**ئەوجا دەریَ:هێتیمە لاوە**

**ئەمن دونیَ ئێواریَ.**

**لەرێگەییَ سراویَ.**

**لەپرو پیرێژنیَ گوندی خۆمانم پرسینە،**

**دەرێن ئەتو سیَ یارت لەسەرە من گرتینە،**

**ئەمن لۆییَ عادزم گفت و گۆییَ جارانم نینە،**

**گۆتم گیژیَ**

**قسیَ تۆ راستە دەرێم درۆنینە،**

**–**

**ئەوان یارەکانی ئەمن گرتینا،**

**ئەستی و ئەسمەرەو نەخشینە،**

**ئەمان شەرتبی.**

هەواڵنامەی کتێب

**یەکت بکەم بەکۆلە،**

**یەکیان بکەم بەکارە کەرە،**

**ئەوە شەویٚ زستانان گەلە ساردن زاڵم باب.**

**ئەوی دی دەکەمە لانگ ژینە.)**(١٠)

١–سەربەند←گەلە شینە   ٢–ناوبەند←پرسینە   ٣–ناوبەند←جارانت نینە

٤–ناوبەند←گرتینە   ٥–ناوبەند←درۆ نینە   ٦–ناوبەند←نەخشینە

٧–ناوبەند← بەکۆڵە   ٨–ناوبەند← بەکارەکەرە   ٩–دوابەند←لانگ ژینە

هەشتەم: حەیرانێکی تر کە لە ڕووی فۆرمەوە لە سەر بەندو(هەشت)ناو بەند و دوا بەند پێکهاتووە:

**حەیران حەیرانە.**

**حەیران هەمینە.**

**قۆندەرەی زەردو گۆریەی چەلینە،**

**بەژنی ڕەشە رحانە.**

**گەردەنی شانە شینە.**

**روومەتی بەفرو خینە.**

**سەری مەمکانی شەکرن، بنیان هەنگینە.**

**بڕۆننە کاری خودای گەلە گەلەك ڕەنگینە...کیژ دەریٚ:ـ لاویٚ نەرمۆکە.ئەمن دوونیٚ ئێوارێم زانیە.**

**لە رێی سحراویٚ.**

**لە گۆڕیٚ بەرماران.**

**لە مەودائی بیریٚ.**

**لە پلکە پێناویٚ.**

**زانیتم ئەتو سیٚ یارت بەسەرە من گرتینە،**

**گۆتم ڕاستە درۆنینە.**

**ئەستی و پەری و رابینە.**

**شەویٚ سیٚ باری نیوە شەویٚ.**

**وەرە مەرکەزی ژوانێ.**

**یەکیانت دەکەم بە کۆلە.**

**یەکیانت دەکەم بەکارە کەرە.**

**ئەوی دیکەت دەکەم بە لانك ژینە.**

**ئەو جا کیژ دەرێ:ـ هێتیمە لاوە**

**ئەورۆ ئێوارێ وەرە مارێ مە**

**دەستێ ڕاستە باوێ سە شاملیێ بە کەزی.**

**بۆن بکە خاری گەردەنێ**

**ڕاست و چۆپی قەنەفران.**

**دەربینە شەمامان.**

**هەتا مەلای سبەێنێ دەرێ الله أکبر.**

**ئەستێرەی جەددی هەردێ و کازیبەی دەدا.**

**لە بۆ خۆت شەمامان بۆنکەو غەمان بڕەوینە !)**[11]

| | |
|---|---|
| ١ـ سەربەند ← چەلینە | ٢ـ ناوبەند ← سینە |
| ٣– ناوبەند ← خینە | ٤ –ناوبەند ← هەنگینە |
| ٥ـ ناوبەند ← ڕەنگینە | ٦ـ ناوبەند ← گوتینە |
| ٧ـ ناوبەند ← درۆنینە | ٨ـ ناوبەند ← رابینە |
| ٩ـ ناوبەند ← ژینە | ١٠ـ دوابەند ← بڕەویننە |

ئەگەر تەماشای دارشتنی حەیران بکەین بە پێی دێرەکانی دەقەکە، کە لە لەسەروا شیعری سەربەست داڕێژراوە کە هەموو بەندەکان دێرەکانی سەروای یەککگرتووی خۆی هەیە کە زۆربەیان لە پیتە بزوێنەکانە.

هەواڵنامەی کتێب

**تەوەری دووەم : حەیران لەرووی كێش و سەرواوە:**

حـــەیران كێشـــی سەربەســـتە وەبەهەوەســـی حەیرانبێـــژ دەگۆڕێ.(گەیشـــتمە ئـــەو ئەنجامە،حەیران،نە پەخشانەو نەهیچ بەڵكو هۆنراوەیەكە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە:بەنـدو سەروا،ناوەڕۆك، كێش.)[١٢]

هەر لە بارەی ئەوەی،كە حەیران وەك شیعرێكی میللی سەربەسـت و ئـازاد دادەنـدرێت كـە هـەموو ڕەگـەزەكانی شـیعری تێدایـە بـە تایبـەتی كـە لـە كـێش وقافیـەدا. لـە ڕووی رووخسارەوە بە شێوەیەك كـە قافیـە دەبێتـە جـووت كـردن و بـە سـتنەوەی دێرەكـان بـە یەكەوە، وە كێشی حەیرانیش دەكەوێتە سە حەیرانبێژ بە هۆی ئاوازەو دارشتنی رسـتەكان كێشـەكە دیـار دەخـات. وەك((د. مـارف خەزنـەدار)) باسـێك لـە حـەیران و بەرهەمەكـەی ((عومەر شێخەڵڵا)) لە كتێبەكەی دا.دەڵێت:(حەیران ناوی ئەو جۆرە شـیعرە میللـی یـە بـە دیالێكتی كرمانجی خواروو، بە تایبەتی بەشی سۆرانی دەهۆندرێتەوە لەناوچەكانی دەشتی هەولێر ڕۆژئاوای كۆیە و خۆشناوەتی و تا ڕەواندز دەكێشی تا دەگاتە مەباهاد، زۆر لـە نـاو خێڵەك ی و دەشـتەكیەكان دا بـاوە. حـەیران و لاوك هونـەرێكی میللـی رەسـەنی نەتـەوەی كوردن، لە ڕووی كێش و قافیەوە لەبەرهەمە شیعرییەكانی تر سەربەسترە،كێش و قافیـەی دێرەكـــان بـــە پێـــی مانـــا دەگۆڕێن.قافیـــە لـــە حـــەیران و لاوك دا دەوری لـــە كـــێش گرنگترە،شـیعرییەتی لاوك و حـەیران لـە قافیـەدا روون و دیارترە.لـە زۆربـەی حـەیران و لاوكەكاندا قافیەی.

یەكـەمین دێـر لەگـەڵ قافیـەی دوا دێـردا جـووت دەبـن، ئـەم دیاردەیـە لـە هەنـدێ لـە مووەشەحەكانی ئەندەلوسیدا بـەدی دەكـرێ، لای ئەوان(خەرجـە)ی پـێ دەوتـرێ. ڕەنگـاو ڕەنگی گۆڕانی كێش لە حەیران و لاوك دا پەیوەندی یان بە ئاوازەوە هەیە، حەیرانبێژ تیپی دەنگداری وشەی ڕستەكان بە پێی كورتی و درێژی(ماوەی زەمەنی)كلیلی مۆسیقاكە كورت و درێژ دەكاتەوە.)[١٣]

هەر لە بارەی كێش و قافیەی حەیرانەوە قافیەكە دیارە، بەڵام كێشی هەیـە. كێشـێكی نادیارە لەبەر ئاوازو ڕستەی داهێنان لە لایەن حەیرانبێژەوە،كە چۆن ئاوازەكـە دادەرێـژێت جـاری وا هەیـە لەبـەر تـۆنی كۆتـایی وشـەكان و زیـاتر درێژكردنـەوەی دێرەكـان بـۆ زیـاتر ڕوونكردنەوەی مەبەستەكان و دەربرینی خۆشی پابەندی كێش دیاریكراو نا بەسـتێتەوە لـە

دێرەکان تێدەپەڕێنێ. (حەیران ـ لاوك: هونەرێکی شەعبی نەتەوەی کوردە، لەلایەن کێش و قافیەوە لە بەیت سەربەستترە، ئەویش لەبەر ئەوەی کێشی شیعرەکانی ئەگۆڕێن، هەروەها قافیەکانیش بە پێی پێویستی مانا، ئەم جۆرە هونەرە زیاتر لەگەڵ پێویستی کورد رێك ئەکەوێ. وا بزانم قافیە لە حەیران و لاوك دا ڕۆڵی لە کێش گرنگترە، هەستی شیعریەتی لە قافیەدا ئاشکرا ترە، زیاتر لە کێش، بە تایبەتی دوا دێری شیعر کە قافیەکەی وەکو قافیەی دیرە شیعری یەکەمی حەیران و لاوك ئەبێ، یا وەکو قافیەی بەندی دوایی ئەبی. کێش لاوك و حەیران و گۆرانی کێشەکانی پەیوەندی بە ئاوازەوە هەیە ئەوی پێی ئەوترێ، لاوك بێژ حەیران بێژ تیپە دەنگدارەکانی وشەکان بە پێی کورتی و درێژی کلیلی مۆسیقاکە کورت و درێـژ ی ئەکەن. وشەی(حەیران)بۆ ئەم بابەتە شیعرە بەکار ئەهێنرێ کە بە شێوەی کرمانجی خواروو(سۆرانی)هەڵئەبەسترێ، وەزیاتر لە ناوچەکانی هەولێرو کۆیە و ڕەواندزو مەهەبادو سنە بە تایبەتی لە ناو خێڵەکاندا باوە.)(١٤)

هەر لەبارەی بە شیعربوونی حەیران،کە بە جۆرێك لە بەیت دەستنیشان دەکرێت و بە ئاوازێکی تایبەتەوە لەسەر شیعریکی هیجائی کێشی پەنجەیی خۆماڵی دا گوزارشتکردنە لە دڵداری و ئەڤینی. (بە شێوەیەکی گشتی بەیت ئەو پەخشانە کێشراوانەو شیعرانەیە کە بە هۆی وەسفێك لایەنێکی مێژووی و تایبەتی گوترابی لەم بەیتانەدا ئەم بەشەی کە پێی دەڵێن((حەیران))جۆرە شیعرێکی (هیجائی)یەکە بە ئاوازێکی تایبەتی و جیاواز دەربارەی دڵداری وەیا وەسفکردنی شتێکە، یا جەنگی سەرۆك هۆزێکی ستەم کار هۆندراوەتەوە و ناو لێنانەکەشی هەر لەوێوە هاتووە کە مرۆڤ سەرگەردان و حەیران دەبێ).(١٥)

هەندێ لە حەیرانبێژی ناودارلە بواری حەیراندا چەندها حەیرانی دارێشتووە و زۆر شارەزایە لە سیستەم و بێژەیدا دەڵێت حەیران شیعرە، نموونەی زۆری لە بەرهەمەکانی ئەڤینی ناوداری فۆلکلۆری هێناوەتەوە. (حەیران شیعرە... سەرەبەندو بنی بەندی هەیە لە سێ... چار... پێنجی تێناپەڕی بۆ نموونە دەڵێ: ناسرومارمار ـ عەیشە گولە، لاس و خەزالە،مەم وزینە، حەسن و مریەمە، قەرو گولەزەر گولەیە، هەموو بەند بووینە، هەمووی لە وەختی خۆی(دڵدارێکی پاك بووینە). هەموو بە تەواوەتی لە سەریان گۆترایە... ئەو بەندانەی بە قسەیە بە قسە گوترایە(وترایە) ئەوەی بە گۆتنە بە گۆتن گوترایە، لە کێ رادەوەستی کێش و.

هەولێرنامەی کتێب

قافیه سەرای کو دەڵێ: ئەو هانێ دوابەند سەرای کو تەسلیم دەکات ئەوها دوا بەندی تەسلیم دەکات).[١٦]

ئـەوەی بەڵگـە هـەبێت، کـە حـەیران وەك شـیعرێك کـێش و قافیـەی هەیـە و بـەڕیتم و مۆسـیقاوە بـە ئـاوازێکی تایبـەتی دەوترێـت. (هۆنراوەکـانی ـ حـەیران) ـ لـە ((کـێش))دا (فرەماوە) و (پشوو درێژی)یان تیا هەیە و لە بارەی (قافیـە)وە لـە زۆر جـێ دا جەمسـەری هۆنراوەکان بە شارەزایانە لێك دراون).[١٧]

بەیتەکانی شیعری فۆلکلۆری کوردی، کە لە دروستبووندا مێژوویەکی کۆنی هەیە لەسەر دەق و تێکستەکان لەلایەن کێشەوە دیاریکراوی تایبەت بە خۆیان دەر ناکـەوێ بـە تایبـەت ئەوەی زۆر میللین تەنها لە لایەن بێژەرەکانییەوە نەبێت بـە هـۆی قورگـەوە کێشـەکەی لـە کاتی چرینیدا دەپارێزرێت.(هەر بۆیە بە پشت بەستن بە توژینەوەی ژیرانـەی ئۆسـکارمان، ئاکامگیریی لە کێش(وەزن)ی شـیعری فۆلکلـۆری کوریـدا دەکـات و دەڵـێ: کێشـی شـیعری فۆلکلۆری کوردی(کە مەبەستی لە بەیتەکانی موکریان و لاوژەکانی کوردسـتانی بـاکوورە)، نزیکترین نموونەی کێشی تێکستەکانی یەستا ئاڤێستان، کە زۆر لە پێش بـرەو پەیـداکردنی شیعری عەرووزدا، ڕەگ و ریشەیان لەم هەرێمانەدا هەبووە و ئەم تێکسـتانە، کـە زۆربـەیان حەماسـی و مـیللین و بەسـەرهاتی قارەمـانێتی کوردان،یـان بـەلای زۆرەوە قافیـەی دوایـی دێرەکان کێشێکی تایبەتیان نییە، بەڵکو هیچ پەروایەکیان لە پاراستنی کێش نییە و تـەنیا بەیتبێژو ئاواز چڕان، لە کاتی خوێندنیایدا، بـە هـۆی قورگـەوە لەنگـەری کێشـی شـیعرەکە دەپارێزن،یـان بـەلای زۆرەوە قافیـەی دوای دێرەکـان ئاهـەنگێکی شـیعریی، بـۆ بەیتەکـە دروست دەکەن).[١٨]

ئەگەر پرسیارێك بکرێت و بگوترێت.. ئایا حەیران چ جـۆرە شـیعرێکە؟ ئایـا پەخشـانە شیعرە یان شیعرە. و ڕەگەزەکانی تێدا هەیـە کێشـی هەیـە یـان ئەوەتـە لـە کـاتی بێـژەی حەیرانبێژدا دروستی دەکات، چەند سەرنجێك لەو بارەوە هەیە وەك.(لـە بـارەی کێشـەوە، هێشتا لێکۆلینەوەیەکی ورد و زانستی و فراوان لەم بارەیەوە ئەنجام نەدراوە و بـە تـەواوی یەکلانەکراوەتـــەوە. ئـەگـــەر لـــێرەو لـــەوێ لـــە لێکۆڵینەوەکانـــدا بـــە تـــەواوی ســـاغ نەکراوەتەوە.هەندێ دەیبەنەوە سـەر پەخشـانە شـیعرو هەنـدێ بـە کێشـی بازنـەیی لێکـی

دەدەنەوە، بەڵام پێویستی بەلێکۆڵینەوەی ڕەسەن و قووڵ هەیە تا بـە تـەواوی هەقیقـەتی دەربخەن).[١٩]

زۆر لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی دەقـە حەیرانـەکان لـە ڕووی ڕەخنەگرانـەی بنیـات نانـەوە زیـاتر لایـەنی ڕاسـتییەکانی شـیعری حـەیران بۆمـان ڕوندەبێتـەوەو لەسـەر ئـەو بـیرو بـۆ چوونانەی، کە لە بارەیەوە نووسراون بەڵگەی بۆ هێنراوەتەوە هەر لە پەیدابوونییـدا، بۆیـە لێرەدا لە ئەنجامی چەند بیرو بۆ چوونێکی جیاواز دەگەینە ئـەوەی کـە حـەیران شـیعرێکی ئازادە بە پێی پەیدابوونی جۆرەکانی پۆلینی شیعر. هەردوو بەڕێزان دکتۆر مارف خەزنەدار و عومەر شێخەڵڵا لەو باروەڕەدان، کە حەیران بەرهـەمی شـیعری بـن. (حـەیران نـاوی ئـەو جـۆرە شـیعرە میللییەیـە بـەدیالێکتی کرمـانجی خـواروو بەتایبـەتی بەشـی سـۆرانی دەهۆندرێتەوە لە ناوچەکانی دەشتی هـەولێرو ڕۆژئـاوای کۆیـەو خۆشـناوەتی و تـا ڕاوانـدز دەکشێ تا دەگاتە مەهاباد). عومەر شێخ ڵلا دەڵێت:حەیران نە پەخشانە و نە هیچ، بـەڵکو هۆنراوەیەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە: بەندو سەروا، ناوەڕۆك، کـێش، خالیـد وجوتیـار و ئەسعەد عـەدۆ و ئەحمـەد حـەیران، لـەو بـاوەڕەدان و جـەختیش دەکەنـەوە کەوا(حـەیران پەخشـانە شـیعرە).ئێمەش لـەو بارەیـەوە رایـەکی خۆمـان هەیـە و دەپرسـین، ئایا ئـەو سەردەمەی، کە حەیران پەیدا بووە، هەر چەندە سەرسەدەی پەیدابوونیشی دیار نیـە، تـۆ بڵێی هونەری شیعری کوردی ئەوەندە پێشکەوتوو بێ تاکو شیعری سەربەست دابنێن؟)[٢٠]

هەندێ دەڵێن حەیران پەخشـانە شـیعرەو بـەزمانێکی پـاراو لـە نـاو میللـەتێکی گونـدی سادەو ساکاردا هەڵقوڵاوە. دەڵێن شیعری ئـازاد نییـە، لەبـەر ئـەوەی پارچـە کۆپلـەکانیان لەگەڵ شەترەکانیان وەك یەك نییە نـاتوانین پێـی بڵـێن شـیعری ئـازاد لـە هـەمان کاتیشـدا شیعری ئازاد لە زمـانێکی سـاکارو دێرەکـانی وەك یـەك نـین لـە کـورتی و درێـژی و قافیـەو کێشەکانیش لە ژمارەو وەك یەکبوون جیاوازیشی هەیە. ئەمـەش لـە حەیرانـدا بـە زۆری لـە دەقەکاندا بەرچاو دەکەوێت: (حەیران. پارچە پەخشـانێکی کورتـە کـە پڕیـەتی لـە وشـەی ناسك و بە سۆزبە زمانێکی پاراو دەردەبڕدرێ. کـە نزیکـە لـە ژیـانی ڕۆژانـەی کـوردەواری خۆمان وشەی بێگانەیشی کەم تیـادا بـەدی دەکرێ. لەبەرئـەوەی ئـەم کەسـانەی دەیڵـێن سادەن و لە ژیانی شارستانیەت بە دوورن. هەندێك دەڵێن دەتـوانین پەخشـانە شیعریشـی پێ بوترێ، هی تریش هەیە دەڵێن(ئەگەر بێتوو)هۆنراوەکانی لاوك و حەیران لە کوردیـدا بـە

هۆنراوەی پەخشانی دانەنێین ئەوا ئـەتوانین بڵـێن هـۆنراوەی ئـازادە، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی پارچـە لەگـەڵ پارچـە کۆپلـە لەگـەڵ کۆپلـەدا شـەطرەکانیـان وەك یـەك نیـە نـاتوانین بـە هۆنراوەی ئازادی دابنێین.)(٢١)

حـەیران وەك هونـەرێکی گـۆرانی پەیوەنـدێکی زۆری بـە مۆسـیقا و ئـاوازەوە هەیـە، لەسەرێکی تریش وەك ئەدەبێکی ڕاستەقینە جۆرێك لـە ئـەدەبی فۆلکلـۆری کـوردی گـەلێك پەیوەندی هەیە بە چیرۆك لە ڕووی ڕووداوە بەسەرهات دەتوانین بلێین وەك شیعری شانۆیی زۆر کارەکتەرو جوڵەی پاڵەوانەکانی تێدایەو، کە گوزارشـت لـە پـەیام و خۆزگـە و مـەرامێك دەکـات. بـە شـێوەی دیـالۆگ و گفتوگـۆ لـە نێوانیـان بـۆ زیـاتر ڕوونکردنـەوەی مـەرام و خۆزگەکان بە گوێچکەی گوێگر دەگەیـەنێت. بـە شـێوەیەکی سـادەو سـاکاری ناوچـەیەکی دیـاریکراو دەخولێتـەوە، زیـاتر سـیمای ئـەو شـوێنەی بەخۆیـەوە گرتـووە، لـە ڕووی هونەریشەوە زۆر ساکارە، گرنگیەکی وەها پێنەدراوە زۆر بێخزمەت بووە. بەڵام هەر لەسەر پێداگرتن لە لایەن هەندێ لە نووسـەران و شـارەزایان لـە بـواری حـەیران، دەبـن بـە چـەند کۆمەڵێك هەر یەکە بیروبۆچوونی تایبەتی خـۆی هـەیە بـە پێی ئـەو تێگەیشتنەی، کـە بـۆی چـووینە کۆمەڵێك دەڵێن حـەیران و پەخشانە وەیان پەخشانە شـیعرە و کێشـی تایبـەتی و سەروای هەیە کۆمەڵێکی تر دەڵێن نەخێر بەڵکو حەیران شیعرێکی سەربەستی تـەواوە، کـە لـە ڕووی ئـەدەبی فلکلۆرییـەوە سـوودێکی زۆری گەیانـدووە هـەروەها لـە ڕووی کێشـەوە نەعەرووزی عەرەبیەو نەکێشی پەنجەی هەیە بەڵام لـە ڕووی مۆسـیقای دەرەوەدا سـەروای زۆر بەسەری زاڵەو بـە تـەواوی دیـارە، بـەڵام لـە ڕووی کێشـەوە گومـانی لێـدەکرێت.( ئایا حەیران پەخشانە وەیان شیعرە و بەکێشی خۆماڵی پەنجەی هۆنراوەتەوە وەیان بە عەروزی عەرەبی. لێرەدا دەڵێن: لاوك و حەیران، بەیت ئەوەشیان بالـەوێ بوەسـتێت، کـە لـە ڕووی نێوەڕۆکەوە بـە هـایـەکی مـەزنی مێژووییـەوە، ئـەتنۆگـرافی و، ئـەنترۆپـۆلـۆژی زۆریـان هـەیـە و پێویسـت بـە

تۆژینەوەی زانستیانە دەکەن. لە ڕووی هونەریشەوە بیـان گرێـت هەمـدیس هـەتا بلێـی بـە پێزو پیت و فەڕن و،ئەگەر بە وردی لێیان وردبینەوە دەبینین لەسەرێکەوە پەیوەنـدیان بـە هونەری گۆرانی و مۆسیقاوە هەیەو لەسەرێکی دیکەشەوە پەیوەندیان بە ئەدەبـەوە هەیـە، لە ئەدەبەکەش دا(گەلێك پەیوەندی بەتینیان بە چیرۆك و پەخشان و، شانۆو، شیعریشـەوە

هەیەو، ئەگەر لێیان بکۆڵینەوە گەلێك ڕەگەزی هونەریی وەك. وێنـەی شـیعریی و، ڕووداو و بەسـەرهات و، کێشـەی کۆمەڵایـەتی وـ کەسـایەتی جیـا جیـا و، گفتوگۆ(حـوار)و دەنگـی جیاوازو، شێوەکانی گێڕانەوە وەیان تێدا بەرچاو دەکەون. کەچی ئێستا بایـەخی پێویست بەم لایەنەیان، لایـەنی هونـەریی نـەدراوەو، ئەوانەشـی بەرووکەشـی و لەلاباسـی دا خۆیـان لێـداوە دەتـوانین ئـەم سـێ بـۆ چـوونەش ئاواشـی بکەینـەوە. ئەسـعەد عـەدۆ، کـە دەڵـێ: حەیران(پەخشان)ە، واتا دەڵێ نە شیعرەو، نە(کێشی)هەیە. کاك(ئـازاد عبدالواحـد)یش کـە دەڵـێ: مامۆسـتا(گۆران)بۆ نـوێ کردنـەوەی شـیعری کـوردی سـوودی لـە (کـێش)ی لاوك و حـەیران دیـوە، بـە واتایـەکی دیکـە دەڵـێ: حـەیران و لاووك پەخشـان نـین و شـیعرن، شیعرێکی(کێشدار)یشـن و (کـێش)ە کەشیان(کێشـی پەنجی)یـە، چـونکە(گۆران)لە شـیعرە نوێیەکانی دا کێشی پەنجەیی بەکار بردووە. هەرچی مامۆستا(عەلی فەتاح دزەیی)یشە دژی بـۆ چوونەکەی(ئەسـعەد عـەدۆ)دەڵێ: لاوك و حـەیران و بـەیت پەخشـان نـین و شـیعرن و (کێش)یشـیان هەیـە، وەلی تـا سـەریش پشـتگیری ڕایەکـەی(ئازاد)ناکات و ئەگەرچـی وەك ئەویش. دەڵێ: لاوك و حەیران شیعرن و، (بەیت)یشان دەخاتە پاڵ، بەڵام بۆ(کێش)ەکەیان دژی دەوەستێت و دەڵێ: نە بەکێشـی عـەرووزی واتـە بە(کێشـی پەنجەیی)ناکێشـرێت. بـۆ چـوونەکەی مامۆسـتا(کەریم مسـتەفا شـارەزا)ش، ئەگـەر چـی هـەردووبارە کردنـەوەی دەسپێشکەری یەکەی(عەلی فەتاح دزەیی)ئەوەندە لە یەکەوە دوورن و ئەوەندە جیاواز بۆی چوون کە دەتوانم بڵێم: دەگەنە ڕادەی نـاکۆکی و دژایـەتی. ﴿حـەیران (...)ئـەو پەخشـانە ڕازاوەی سەرو بن گرێدراو..) ( ئەسعەد عەدۆ)

( مامۆستا گۆران ـ سوودی لە چەند کێشـێك وەرگـرت ،کـە وێنـەیان لـە لاوك و حـەیران دا هەبوو .                                   (ئازاد عبدالواحد)

( یەکێتی شنەو ئیقاعی شـیعرییان(لاوك و حـەیران و بەیت)بـەر چاوە، ئەگەرچـی، بڕگـەی دەنگەکانی دێرە شیعرەکانی، بە تـەرازووی کێشـی(عەرووز)ی یـا کێشی(پەنجەیی)بەسـتەو گۆرانی و شیعری تازەمان کێشانە ناکرێت..)

(عەلی فەتاح دزەیی)

﴿هەست دەکرێ کێشی لاووك و حەیران، کە نە کێشی عەرووزەو نە کێشی پەنجەیە، خـۆی گەیاندۆتە کاروان و...)         ( کەریم مستەفا شارەزا )

بەدڵنیاییــەوە باســی (بــوون) و (بڵاوەکردنی)ئــەو کێشــە نهێنــی و بــێ نــاوە (نــە عەرووز)ونەپەنجەیی دەکات. خوێنەر لە ئاستی بیرو بۆچوونانەدا ، کە ڕێکەوت وایە هەر چواریشیان خەڵکی مەڵبەندی لاوك و حەیران و بەیتین ـ تووشی دڵەراوکی و سەرەگێژکێ دێت، ئەگەر خۆی بۆ خۆی چنگە کرێ یەك نەکات. ئێمە ئەوەش دەزانین، کە کێش هەر(کێش عەرووز)ی و، (کێشی پەنجەیی)نی یەو ببڕێتەوە، لە شیعری گەلانی دیکەی وەك(ئینگلیــز) و (لاتینی)و(یابــانی)و ...دا، کێشــی دیکــەش بــەکار دەبرێــت کــە نەوەك(عەرووز)یەکــە حیســابی کــورت و درێــژی بڕگــەی تیــدا دەکرێــت و، نەوەك(پەنجەیی)یەکەش ڕێژە یا یەکسانی ژمارەی بڕگەی تێدا ڕەچاو دەکرێت، وەلێ بۆمان هەیە رووی دەم لە مامۆستایان(عەلی فەتاح دزەیی) و (کەریم مستەفا شارەزا)بکەین و بپرسین: سروشتی ئەو کێشە نهێنی و بێ ناوە چی یە و چۆنە کە ئەم دێرو رستە شیعری یە کورت و درێژانەیان پێ دەکێشرێت؟!)[٢٢]

کەواتە ئەگەر ڕاو بۆچوونەکان شرۆفە بکەین بە ئەنجامێك دەگەین، کە حەیران وەك شیعرێك کێش و سەروای هەیە، کێشەکەش کێشی پەنجەی خۆماڵیە،کە دەڵێن بە ئاوازێکەوە دەچڕێت، خۆ دەبێت کێش و ریتمیشی هەبێت، کە بتوانێ مۆسیقای دەنگەکان لە ناویەکدا زنجیرەی ماناو واتایی پێك بهێنین وەك گۆرانیەك جگە لە مۆسیقای ناوەوەش کە لێرەدا دیسان (هەرچی چۆنێك بێت، ئەگەر چی من بەش بەحاڵی خۆم لە شوێن کەوتنی ئەم سێ بۆچوونەدا نەگەیشتمە نهێنی کێشی نە عەروزی و نە پەنجەیی، وەلێ مایە پووچیش لێی دەرنەچووم و هەندێ بیروڕام لەلا گەڵاڵە بوون،کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا وەکو(بۆچوونی چوارەم)دەیان خەمە پێش چاو. یەکەم: مۆسیقای شیعری دێرین و باوی داهێنراو، کوردی و نا کوردی بە شێوەیەکی گشتی، لە تێکڕژانی ڕەزمی ناوە و ئاوازی دیوی دەرەوە پێك دێت، ئاوازە دەرەکی یەکەش لە ئاوێتە بوونی کێش و سەرواوە پەیدا دەبێت، بە واتایەکی دیکەش دەتوانین بڵێن: مۆسیقای شیعری باو لە تێکڕژانی ئەم ڕەگەزانەوە پێکدێت.

## ڕەزمی ناوەوە + کێش +سەروا

بۆ مۆسیقای شیعری هاوچەرخی کوردی و جیهانیش دەتوانین بڵێن: شـاعیری هاوچـەرخ بۆ بە دەست هێنانی سەربەستییەکی پتری دەربڕین دێت، پشت بـە دوو ڕەگـەزی یەکـەم و دووەم دەبەسـتێت و، ڕەگـەزی سـێیەم، کە(سـەروا)کەیە دەکاتـە قوربـانی واتـاو، لـە ڕێکخستنی(سەروا)دا زۆر لە خـۆی ناکـات و دوای ناکـەوێت، مەگـەر خـۆی بەڕێکـەوت بێتـە پێشەوە بە شێوەیەکی دیکە بۆمـان هەیـە بڵـێن: مۆسـیقای شـیعری هاوچـەرخ لـە ئاوێتـە بوونی:ڕەزمی ناوەوە + کێش پێك دێت و، (سەروا) ڕۆڵێکی لاوەکی تێدا دەبینێـت وەلی لـە شیعری لاوك و، حەیران و بەیت دا حاڵەتەکە سەبارەت بـە ڕۆڵـی(کێش) و(سەروا)پێچـەوانە دەبێتەوە واتا حەیران بێژو، لاوك بێژو، بەیت بێژ، بە پێچەوانەی شاعیری هاوچەرخەوە، لە پێنـاوی بـە دەسـت هێنـانی سەربەسـتیەکی پـتری دەربـڕین دا، دێـن ڕەگەزی(کێش)ەکـە دەکەنە قوربانی و بۆ پاراستنی مۆسیقای شیعریش پشـت بەڕەگـەزی یەکـەم و سـێ یـەمی ڕەگەزەکانی شـیعری دێـرین و بـاو دەبەسـتن و شـاعیری هاوچـەرخ چـەند بایـەخ و گرنگـی بە(سـەروا) دەدەن،ئـەمانیش هـەر ئەوەنـدە بـە تـەنگ(کێش)ەوە دێن،واتـا ئـەمانیش بـۆ تەرازووکردنەوەی کێش زۆر لە خۆناکەن،مەگەر خۆی بە ڕێکەوت بێتە پێشەوە،بە کورتیش دەتوانین بلێن مۆسیقای شیعریی لاوك و حەیران و بەیت لەم ڕەگەزانەوە پێك دێت.

## ڕەزمی ناوەوە + سەروا

کـە واتـای ئـەمجا لێرەدا(کێش)ڕۆڵـی لاوەکـی دەدرێتـی ئینجـا ئەگـەر(ئاوازی ناوەوە)+(کێش)تێکستی ئەدەبی بکـەن بـە شـیعر، ئـەبی بۆ(ئـاوازی ناوەوە)+(سـەروا)ئەو ئەرکەیان پێ ڕەوا نەبینرێت؟! لە کاتێکدا بۆ ڕاگرتنی

ئاوازە دەرکییەکەی شیعری (سەروا) لە (کێش) بەکارترەو ئەوانەی دەقی شیعری فۆلکلۆری لە زاری خەڵکییەوە کۆ دەکەنەوە پتر هەست بـەم ڕاستییە دەکـەن و دەزانن، کـە خـەڵکی لە گێڕانەوەی شیعردا وشە دەگۆڕن و پـاش پێشـیان پێـی دەکـەن و هەنـدێ جـار هـەر بـە تەواوی لە بیریشی دەکەن ـ ئەمانەش هەموو کار لە کێش دەکـەن ـ وەڵـی زۆر بـە دەگمـەن وشەی کۆتایی لە بیردەکەن و دیگۆڕن، چونکە(سەروا)کەی پێوەیە. ئێمە ئەمانـەمان تـەنها وەکو ڕاستی یەك خستنە پێش چاو، دەنا لێك جیاکردنەوەی(شیعر) و (پەخشان) بە بـوون

ونەبوونی(کێش)و(سەروا)وە بەند نییە و بە دەیان پارچە شیعری بێ(کێش)و (سەروا)مان هەیە کە هەر بە تەنها بە هۆی جوانی (ڕەزمی ناوەوە)گەیشتونەتە پلەی شیعری نەمرو، بە دەیان بگرن بە سەدان(هۆنراوە - نثم)ی بە کێش و سەروامان هەیە کە ناتوانین بە دڵنیاییەوە بیان خەینە خانەی شیعرەوە. (ت. س. ئەلیوت)لە چاو پێکەوتنێك دا وتویەتی (درامای شیعریی)دەبێ (سەروا)دار بێت. بەڵام بۆ(کێش)ئاوا پێی دانەگرتووە... (حاتم محمد صگر)یش، لە لێکۆڵینەوە یەك دا لە مەڕ درامای شیعریی عەرەبی یەوە وتویەتی: (... ئەگەر بمانەوێت شیعری نوێمان لە شانۆدا کاریگەر تر بێ(..)دەبێ لە گرفتەکانی(کێش)ی ڕزگاربکەین) . (کێش)کۆسپێکی گەورەیە لە ڕێی سەرکەوتنی شیعری درامی ئامێزدا، بۆ نموونە، جاری وا هەیە (گفتوگۆ - حوار)ەکە تەواو دەبێت، بەڵام(کێش)ەکە پڕ نابێتەوە، بە پێچەوانە شەوە جاری وا دەبێت(گفتوگۆ)کە تەواو نابێت، بەڵام (کێش)ەکە پڕ دەبێتەوە حاڵەتی یەکەم شاعیر ناچار دەکات بۆ پڕکردنەوەی(کێش)وشەی زیادە بەکار بەرێت، حاڵەتی دووەمیش ناچاری دەکا لەسەر حیسابی واتا وشە بقرتێنێت. وەك دەزانین شیعری لاوك و حەیران و بەیتیش شیعری درامی ئامێزن و لەوە دەچێت لاوك بێژو حەیران بێژو بەیت بێژانی کورد. زۆر زووتر هەستیان بەم کۆسپە کرد بێت سەروا(یان گرتووە و کێش)یان هێشتۆتەوە بۆ ڕێکەوت لەبەر ڕۆشنایی ئەم دیاردەیەش دا، دەتوانین بڵێین: شێوازی شیعری لاوك و حەیران و بەیت لە شێوازی کێشدارە باوەکانی ئێستامان لە بارترە بۆ شیعری درامی ودرامای شیعریی و سترانە شانۆو، ئۆپەرێت و ئۆپێراو چامەی درێژو باڵادە شیعریش لە هەمووشی چاکتر ئەوەیە، کە بوونی ئەم شێوازە ڕەسەنە لە ئەدەبی دێرینمان دا ئەو بیانووە نابەجێیە دەبڕێ کە گوایە شیعری بێ کێش نامۆیە بە ئەدەبەکەمان و، گوایە گوێی مرۆڤی کوردی پێی ئاشنا نییەو، چێژی لێ نابینێ.

دووەم: شیعری باو، شیعری نووسراو - ئەوەی بۆ خوێندنەوە دەگوترێ - هەستی بینین دەدوێنێو ، پانی و درێژی و، ڕووبەری کاغەز کار لە ڕادەی کورت و درێژی دێرەکانی دەکەن و، نووسینیش لە شێوەیەکی دیاریکراوی نەگۆڕدا مۆمیایان دەکات، وەڵی شیعری لاوك و حەیران و بەیت شیعریی سەرزارەکی یەو، هەسی بیستن دەدوێنێ و، بۆ(چڕین)ە، واتا بۆ (خوێندن)، نەك بۆ (خوێندنەوە)ئەمەش بواری زیندوویی و ئەفراندنی دووبارەو

گەشەکردنی بەردەوامی بۆ مسۆگەر دەکا هەر ئەمەش یارمەتی بەیت بێژو حەیران بێژو لاوك بێژان دەدات کە بـەهۆی خێرا(خوێنـدن)ی دێـڕە درێـژەکان و خـاوکردنی دێـرە کورتـەکان، یالێکـدانیان، یـا دووبـارە کردنـەوەیان، واتـا بـە هـۆی گـۆڕینی ڕەزمـی چـڕین و لـە ڕێـی بەکاربردنی هەندێ وشەی وەك(ئای و، ئاخ ئۆف و ئەمان و...)و، هەندێ وشـەی دەنگداری بـێ واتـای وەك(لێ لێ)(لـۆ لـۆ) وە بەسـەر(نەبوونی)ی(کێش)دا زاڵ بـن و، ئـەو بۆشـایی یـە پڕبکەنەوە، کە ئەو نەبوونی یە دروستی دەکات.

**سـێیەم:** لـە شـیعری حـەیران ولاوك و بەیتـدا تەنانـەت پـەیڕەوی داب و نـەریتی بەکارهێنانی(سەروا)ی شیعری ئاسایش ناکرێ و لەم بوارەش تارادەیەك سەربەستی هەیـە. لە شیعری ئاساییدا(دێر)یەکەی بناغەیی یە، بۆیە(سـەروا) ش لـە کۆتـایی دێـردا دادەنـرێ، بەڵام لە شیعری لاوك و حەیران و بەیتدا، ( رستە شـیعری) بـە یەکـەی بناغـەیی دادەنـرێ، بۆیە لە دانانی(سەروا) دا حیساب بۆ کۆتایی(واتا)، یا کۆتایی(وێنەی شـیعری)دەکرێ، نـەك کۆتایی(دێر)، مەگەر ڕێکەوت وای بێنێ واتا،یا وێنە شیعرییەکە رستە شیعرییەکەو دێرەکـە پێکەوە کۆتاییان بێت. سـەروا، لـە لاوك و حـەیران و بەیتـدا بـە زۆری(جووتـە سـەروا)یەو، حەیران و لاوك و بەیت بێژان خۆیان بە(سەروای ئەستوونی) یەو نابەستن، مەگەر بـەبێ زۆر لە خۆکردن بۆیان هەڵکەوێ زۆر جاریش نیشانەی کۆ(ان)و(ن)، یا یەك وشـە هـەر بەهـەمان واتاوە لەبەر ڕاگرتنی سەروا لە دوو دێری یەك لە دوای یەکدا بەکار دەبن، هەندێ جـاریش ـ سەورا ـ کە تـەنها لەیـەك پیت، یا هـەر لـە پیتـە بزوێنێـك پێـك دێـت، بـە تایبـەتیش پیتـە بزوێنی(ێ)بـە زۆری لـەم جێیانـەدا بـەکار دەبـرێ، بـەبێ ئـەوەی گـوێ بەلێکچـوون و لێـك نەچوونی پیتەکەی پێشی بدرێت، ئەم دیاردە و ئەم جۆرە مامەڵەکردنانـەش هـەموویان لـە شیعری ئاساییدا دا بە خەون دادەنرێت، بەڵام لە لاوك و حەیران و بەیتدا کارێکی ئاساین و جگە لەمانە(سەروا)ناوەوەشیان تێدا بەکار دەبرێت.

**چوارەم:** لەبەر ڕۆشنایی ئـەم بـیرو بۆچـوونانەدا، دژ بـە بۆچـوونەکەی (ئەسـعەد عەدۆ)کـە دەڵێ: حەیران پەخشان، لەگەڵ (ئازاد عبدالواحد، عەلی فەتاح دزەیـی و، کـەریم مستـەفا شـارەزا)دا دەڵـێن: حـەیران و، (لاوك و بـەیت)یش شـیعرن و پەخشـان نـین، بـەڵام بـە پێچەوانەی ئەمانیشەوە دەڵێم لاوك و حەیران و بەیت ئەگەر چی شیعریشن وەلێ شیعری بێ کێشن. ئەگەر لەبەیتێك دا ، یا لـە حـەیرانێك لـە لاوکێکدا، چـەند دێرێکـی هاوکێشـیش بـە

ڕێکـەوت هەڵبکـەون، ئەوسـاش هــەر بە(کێشــی پەنجەیی)دەکیشـرێن، نـەك بـە کێشــی نەعەرووزی و پەنجەیی. لە کۆتاییدا دەڵێم: حەیران و لاوك و بەیت ئەنجامی کەڵەکە بوون و تێکڕژان و خەست بوونـەوەی چالاکی هونـەریی و ئـەزموونی داهێنەرانـەی سـەدان ساڵەی نەوەکانی پێش خۆمانن و لە شێوەو شێوازیشدا گەلێك لە شیعری نویێ جیهانی یەوە نزیکن و، گەلێك ڕەگەزی هونەریی بەرچاویان تێدایە کە بۆ نـوێ کردنـەوەی شـیعری هاوچـەرخی کــوردی، لــە ئــەدەبی بیانیــان دەخــوازین، یــا بــە بیــانووی پاراســتنی ڕەســەنایەتی ئەدەبەکەمانەوە بەرەبەرەکانیان دەکەین و هەوڵی سەرکوت کردنیان دەدەین بۆیە خۆزگـە دەخوازین شارەزایان و پسپۆران خۆیـان لەگـەڵ شـیکردنەوەیان مانـدوو بکـەن کـێ دەڵـێ: بۆچوونی پێنجەم و شەشەم و هینی دیکەش پەیدا نەدەبوون؟!)[٢٣]

پۆلێنکردنی چەشنی شیعر بە پێی بەیت و برگەیی و عەروزی و شیعری نوێیەوە حەیران بە هـۆی ڕەسـەنایەتیەوە لـە ئـەدەبی فۆلکلـۆری کوردیـدا بـە شـیعری وتـاری دادەنـدرێت، هەروەها شـێوەی ڕێکخسـتنی دێرەکـان و بەنـدەکانی حەیرانـەوە بـە درێـژو کورتیـەوە بـە پێوەری ژمارەی برگەی کێشی پەنجەیی دیار دەخرێت دەبێتە هۆی بنیاتی دەقـی حـەیران بە هۆی پەیڕەوکردنی کێشی برگەیی.(سوارەی ئیلخانی زادە، لە ناو ئەدەبی کوردیدا، چوار شێوە شیعر بەم چەشنە لێك جیا دەکاتەوە.

١ـ شیعری وتاری یان بەیتی ٢ـ شیعری برگەیی ٣ـ شیعری عەرووزی ٤ـ شیعری نوێ

حـەیران نموونـەی ڕەسـەنترین شـێوەی شـیعری وتارییـە، تایبەتمەندییـەکانی ئـەم جـۆرە شیعرە،بەم شێوەیەن:

أ ـ پابەندنەبوون بە کێشێکی برگەیی دیاریکراو.

ب ـ نارێکی درێژایی دێرەکان.

ج ـ نارێکی درێژایی بەندەکان

د ـ مەیلی دێرەکان بۆ درێژ بوونەوە و خۆ لەبەریەك کێشانەوە لـە مەنزوومـەی فۆلکلۆریـدا، کـە بـە گـوێرەی بۆچـوونی سـوارە، پێکهاتەکـەی بـە شـیعری برگـەی هەڵدەچـنرێ چـوار تایبەتمەندی جیاواز لەم تایبەتمەندیانەی سەرەوە، واتـە پـەیڕەوکردنی کێشـێکی برگـەیی، ڕێك بوونی درێژایی دێرەکان و جاری وایە بەندەکانیش و مەیلی دێرەکان بۆ کورت بوونـەوە بونیـادی دەق پێـك دێـنن. مەنزوومـە، لـە چـوار چـێوەی ئـەو ئـاڵ و گـۆڕە فۆرمییانـەدا

دەمێنێتەوە و گۆڕانی زیاتری بەسەردا نایەو هاوسەنگی ناسراوی نێوان سێ ڕەگەزکانی گۆڕین ئیلغاچێ. هەڵبەت لە قالب درانی تەواوی دەق بە شێوەی نەزم، لە مەنزوومەی فۆلکلۆریدا، نابێتە هۆی چوونە سەری ڕێژەی ئامادەبوونی ڕەگەزەکانی شیعری.نەزم و شیعر، هەر بە تەنیا لە شیعری شاعیرانی گەورەدا بە شێوەیەکی قەراردادی، هاونشین بوونە و پێویستییەکی ئەوتۆلێکیان نابەستێتەوە. (٢٤)

حەیرانبێژ، هەندێ جار گوێ بە کێشی دەقی حەیران نادات لەبەر خۆشیی ئاوازو درێژو کورتی ڕستە هێنانەوە زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەست دادەڕێژێت، بەم شێوەیەش لەبەر تۆنی کۆتایی وشەکە لە دێرەکەدا کێشەکە وندەبێت و دیار ناکەوێت، جاری واش هەیە لەبەر ڕێکخستنی دێرە شیعرەکان بە هۆی مۆسیقاو ریتمی ئاوازەوە گەمە لەگەڵ پیتی وشەکاندا دەکات، بۆ زیادبوون و قرتاندنی بۆ ڕێکخستنی سەرواى شیعری دەقی حەیرانەکە ڕێك دەخات، ئەمەش دەبێتە هۆی کارتێکردن لە کێشی دێرە شیعرییەکەیەوە،(جگە لە بابەتی نەزمی فەزایی، چەند ڕێسای تریش هەن،کە ئامادەبوونی ڕەگەزەکانی شیعری لە ناو بەیتدا، تۆختر دەکەون و بریتین لە سەرواى بەیتی و کێشی بڕگەیی. لێرەدا زاراوەی سەرواى بەیتی ـ مان بە قیاس لەگەڵ زاراوەی سەرواى شیعری بەکارهێناوە. لە شیعردا، شاعیر مافی کەم کردنەوەیان زیاد ـ کردنی بڕگەی بۆ ڕێککردنی سەروا نییە، بەڵام لە بەیت و باودا، ڕێسایەکی ئەوتۆ دێتە بەرچاو. بە گشتی سێ جۆری سەرواى بەیتی لە دەقی بەیتەکاندا، وەبەرچاو دەکەون:

**ئەلف: سەرواى ئاسایی:** ئەو جۆرە سەروایە، لەگەڵ سەرواى شیعریی هیچ جیاوازییەکی نییە:

**ئای دەلال ژارۆ دڵی منۆپرچەکا هەورێ ل سەر مێردینێ**
**گەلی هەوال و هۆگرا یارێ منێ مینا کەوا گۆزێ، کەوا بارێ دخوینێ**
**دگەرێ ل کویستانا ل زۆزانا، هۆهۆ هەوارە بەرهێلینێ**
**لۆما من نەکەن، بێ لۆمەیە دەردێ عەشقێ و ئەوینێ**
**مانێ کەسێ ترانێ کا ئەوینا من خۆشترە، یان هێ مەم و زینێ**

**ب ـ سەرواى دەستکرد:** ئەو جۆرە سەروایە بە زیاد کردن یان کەمکردنی بڕگەیەك بە وشەوە ساز دەکرێ:

**ئێستا ئەمن چۆن وەدەر بکەم. بۆ هیچ شاران ناچێ ڕێگایە**

**وەرە میر بمکوژە چاترە گەردنت ببێ خۆش و ئازایە**

**نەوەك گورگ و جانەوەر بمخۆن لە سەحرایە**

**بەس نیە ئەگەر ئەتوو بمکوژی، ئەمەکم ناچێ بەزایە**

لە وشەکانی (ڕێگایە) و (ئازایە)دا، بڕگـەی دوایـی زیـادکراوە هـەتا لەگەڵ(سـەحرایە) و (بەزایە) ڕێك بن. لە نموونەی خوارەوەدا، لە جیاتی زیادکردن، کەمکردنی بڕگە وە بەرچـاو دەکەوێ:

**پایز لە خەڵکی زووە، لە منی غەریبە ماڵێ ئەوە ڵی جستانێ**

**ئەوە گەلی دەدۆستانێ، گەلی دەخزمانێ، گەلی دەبرایان**

**توخودا، ئەوڕۆ، زەینێك خۆ بدەنەوە خووسی ئەوێ پیرەپایزێ**

لە کۆتایی وشەی(جستانێ) دا بڕگەیەك قرتێندراوە ـ واتە دەبوایە جستانێ یـە بوایـە ـ هەتا لەگەڵ وشەکانی دۆستانێ و خزمانێ ڕێك بێ، خاڵێکی سەرنج ڕاکێشی تر لەم بەنـدەدا ئەوەیە، کە سەرواکان هەر بە تەنیا لە کۆتایی دێرەکاندا نە هاتوون بەڵکو و لـە نـاو بەنـددا بڵاوبوونەتەوە.

**پ: سەروای بێ مانا:** بریتییە لە بەکارهێنانی وشەیەك وەك سەروا، کە یا بـێ مانایـە یـان لەو زەمینەیەی تێیداجێگیرکراوە، مانایەکی تایبەتی نییە.

لەو نموونانەی خوارەوەدا، سەرنج بدەنە سەروای دێری یەکەم:

**حەیران لێکە لێکە**

**کە مەرەی حەیرانێ ئەونێك ئەونێکە**

**دوونێ هێوارێ: گەیشتمە پلکە پێناوێ، پێم گوت، توخوا گەلەکە سەرداری**

**دوو چاوی کارم، ئەگەر گەییە حەیرانێ گەلە سەلامی لێکە**

**حەیران بێشی بە ێیشی**

**دەچمە دەشتی قەراجێ، لێم دەدا تاوەکی بارانێ لێم دەدا لەدا بێرێ مەڕی**

**لۆتۆ نەمایمە لە هۆبەرەشماری پێشی**

کێشی بڕگەییش لە ناو بەیتدا دیاردەیەکی نامۆنیە، شیعری نوێ، بەم یاساوە ـ ڕاست یان ناڕاستە ـ لە ئـەدەبی کوردیـدا، زەمینـەی بـۆ خۆشـکرا، کـە گەڕانەوەیەکـە بـۆ کێشـەکانی

خۆماڵی بەیتی كوردی. گەرچی كێشی بڕگـەیی لـە نـاو بەیتـدا ئامادەیـە، بـەڵام پێكهاتـەی شیعریی بەیت، زیاتر بەستراوەتەوە بە سەروا.)[٢٥]

لە باسی پێشوودا لە بارەی حەیرانەوە بە پێی ئەم خوێندنەوەی،كە بۆی كراوە بـە پێـی جۆری سروشتی ڕەگەزەكانی دەنگی شـیعری فۆلكلـۆری وا پێشـاندرا، كـە حـەیران هـەموو بەشەكانی ڕەگەزی شیعریی تێدایە، تەنها لە كێش بێبەشە، بەڵام لە ڕووی ریتمەوە بێبەش نەبوو. كەواتە دەبێت كاریگەری ریتم لەسەر حەیران چیبێت؟ لە ڕووی ڕەگەزەكانی زمان و ئەو ڕستانەی، كە دەقەكـەی لێداریـژراوە ئۆرگـانی دەنـگ و واتـای تێكـەڵبوونیان بـە هـۆی ژمارەی ئەو بڕگانەی، كە دێرە حەیرانەكەی لێپێكهـاتووە. دەسـت نیشـانكردنی كاریگـەری كێش دەبێتە هۆی بنیاتی مۆسیقا، ئینجا پێكهاتەی رستەكە لە راناوەكان، كە ڕۆڵی بكـەر ـ دەبیـنن و لەگـەڵ فرمانـەكانی نـاو دەمـی دەقـی حەیرانـدا دیاربكرێـت. ئیـدی دەگـەین بەئەنجامێك كامە راناو لە بەشداربوونی دەقەكەدا ڕۆڵـی سـەرەكی دەگێرێت و ئـەو پەیامـە چـییە؟ كـە پەیامـدەر دەیگـەێنی بـۆ پـەیامگر لـە ڕووی ئامانجـەوە بـە كۆمـەڵێ ئـامرازی زمانیەوە. (سیسـتێمی ریتـم.. لـە شـیعرە بـێ كێشـەكاندا. حـەیران: (حـەیران) وێنەیـەكی سادەمان لە گۆڕانكاری ڕەگەزەكانی زمان پێشان دەدات. لێـرەدا ڕەگەزێكـە ریتمـی وەكـو سترێس، كە لە ڕوونترین شێوەدا كار دەكات بە هۆی فشاری پێویستییەكانی ڕێكخسـتنەوە ناچار نابێت جێگا، یان پلەی خۆی بگۆڕێت. لە ئاستی سیمانتكیشدا، زاڵبـوونی ڕسـتەیەكی سەرەكی بەسـەر دوای ڕسـتە لاوەكییەكانـدا، دەبێتـە هـۆی ئاوێتـەبوونێكی ئۆرگـانێكی لـە نێـوان هـەر دوو ئاسـتی دەنـگ و واتـادا. لـەم دەقـەی خـوارەوەدا، كـە نموونەیەكـە لـە تۆماركراوەكانی(ئاڕ ـ ئێس ـ سۆلێكی)، ئەو تێبینیانە بـە شـێوەیەكی روونـتر دەردەكـەوێ (١٥).

((حەیران ئەورۆ سبیانێ ............................ (٧)

دەچمەوە سەرگردی سەرخمێ ...........................(٩)

لەبەر خەمی پیرە دونیایێ...............................(٩)

گەلەك بڵندو چاو دەگێرم لە هەموو...................(١٢)

ئەرێ برایینە دەلێم چاو دەگێرم لە دوو هەموو بنارێ...(١٩)

گەلی برایینە برادەرینە من نازانم....................(١٥)

بەژنی باریك و دوو چاوی ڕەشکۆکە....................(١١)

چوویتە دەری لە گۆندی..........................(٧)         برگە

لە بۆ هەراش کردنێ..............................(٧)

لە بۆ کۆزی بەرخان))...............................(٦)

سەرنجێکی سەرپێی لە ژمارەی بڕگەی دێرەکان، پێشانی دەدات ئاستی کێش، بنیاتی مۆسیقیی دەقەکەی مۆسیقایی دانەڕشتووە.لە دۆخێکی واشدا،مەڵبەندی قورسایی ئاهەنگی شیعرەکە،لە ئاستی ریتمدا دەردەکەوێت.ئەگەر بمانەوێت بنیاتی ریتمی دەقەکە بەوردی دەستنیشان بکەین،پێویستە سەرەتا لە شیکردنەوەی بنیاتی سیمانتی و دیاریکردنی بزووتنەوەی گشتی دەقەکەوە دەست پێبکەین. بۆ ئەم مەبەستەش، دەبێ ڕێژەی فرمانەکان و ڕاناوەکانیان لە چوار چیوەی کاتی شیعرەکەدا دەستنیشان بکرێن،کە دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە دیاری بکەین:

| فرمان | ڕاناو | کات |
|---|---|---|
| دەچمەوە | کەسی یەکەمی تاك | ئێستا |
| دەگێڕم | کەسی یەکەمی تاك | ئێستا |
| نازانم | کەسی یەکەمی تاك | ئێستا |
| دەڵێم | کەسی یەکەمی تاك | ئێستا |
| چووینە | کەسی سێیەمی تاك | ڕابردوو |

وەکو لە سەرەوەدا دیارە،ڕاناوی کەسی یەکەمی تاك، زاڵبوونی خۆی بەسەر زۆربەی فرمانەکاندا سەپاندووە.ئەو دیاردەیە هەموو هێزێکی پەیامە شیعرییەکە لە دەوری پەیامدەردا کۆدەکاتەوە،واتە پەیامەکە لە(خود)ی پەیامدەرەوە ئاراستەی پەیامگر دەکرێت،بەڵام لەبەر ئامادە نەبوونی پەیامگر، پەیامەکە بە مەبەست ناگات و جارێکی دیکە لە دۆخی سەرسوڕمان و هەناسە ساردیدا بەرەو(خود)ی پەیامدەر دەگەڕێتەوە.

ئــەم بزوتنــەوە بازنەییــەی پەیامەکە،سیســتێمێکی داخــراو بــە بنیــاتی ریتمەکــەش دەبەخشێت،بەو شێوەیە،پەیامدەر دەبێتە مەڵبەنـدی سیمانتیکی لـە دەقەکـەداو پـەیامگر دەبێتە تەنیا خولگەیەکی هێمایی بۆ سۆزو هەڵچوونەکانی پەیامدەر.

بەڵام ئەو دۆخە،لەگەڵ مەبەستی بنچینەیی پەیامـدەردا ناگونجێت کەدەیـەوێت لـەو بازنـە داخراوە دەرچێت.

بەوشێوەیە پەیامدەر لەنێوان دوو هێزی ڕاکێشەردا دەبزوێت:لە لایەکەوە(ئامادە نەبوون)ی پەیامگر وای لێ دەکـات بەناچـاری بـە دەوری (خۆ)یـدا بخوولێتــەوە، لەلایـەکی دیکەشــەوە تەکان دەدات لەو خولانەوەیە(خۆ)ی دەرباز کات.)[٢٦]

هەر لەبارەی ئەو رستانەی کەبەندی حەیران دروسـت دەکـەن کەلـە چـەند دەگێکـی جیـا جیاو فۆنێمێك پێکهاتووە. بـۆتە هـۆی کـاریگەری لـە بـەهێزکردن و هەڵچـوونی دەنگـی بـۆ دەربرینی مۆسیقا دەکەن،لەگەڵ سەرەتاییەکان ئارەزووەکان گـرێدراون ئـەو هـەمــەڕنگییە لـەدووبارە کـردنەوەی وێنەکان هـاوتەریبی ڕستەی

هــاوفۆێنم تایبەتیـەکی دیـاریکراوی بە(قافیـە)ی کـوردی بـە خشـیوە،دەیکەن بـەکارتێکی ڕیتمی شیعرەکان و

کێشــی خۆماڵی.لـە شـیعری فۆلکلـۆری کوردیـدا.کێشـی شـیعری بـەپێی جـۆری هونـەری گۆرانییەکانی کوردی لەهەندێکیاندا بەشێوەیەکی بەرچاو بـە پێـی برگـەکان دەردەکـەون و کێشدارن،بەڵام لەهەندێکیاندا دەرناکەون.

هەندێ لە شارەزایان پێیانوایە وەك حەیران و لاوك.بەڵام کێشیان نییە لەڕووی قافیەوە زۆر بەزەقی دیار دەکەوێت و بەچەند فۆنێمێکی دەنگی دەنگدارەوە،کـە زاڵـە بەسـەر کێشـەوە زیاتر ئیستاتیکی داوە بە بەدێرە بەندەکانی حەیرانەوە.حەیران بەکۆنترین شیعری فۆلکلـۆر دادەنـدرێت لــە مێــژووی ئــەدەبی دێرینــی کوردیدا.(سیستێمی(بەند)ەکان،شــەبەنگێکی هەمەڕەنگی دووبارەکردنەوەی هەندێ دەنگ و وێنەی سەرەکی،سەربەستیدان بە زرمەیەکی دەنگیــی بــەهێز لــە دەوروبــەری مەڵبەنـدە ســیمانتکیەکاندا، ئەمانــە هــەموو بەشــداریی کـارلێککردنێکی بـەتینی هەڵچـوون و دەربـڕین و مۆسـیقا دەکـەن، لەگـەڵ سـەرەتایترین ڕەگەزەکانی ئارەزوودا گرێدراون. ئەو هەمەڕنگییە لە دووبارەکردنەوەی وێنەی هاوتەریب و ڕسـتەی هـاوفۆنیم تایبەتمەندییـەك بە(قافیـە)ی کـوردی دەبەخشـن، دەیکـەن بەکـەرتێکی


بنیاتی ڕیتمی شیعرەکان و کێشی خۆماڵی پتر وەکو رووکەشێکی ستاتیکی دەهێنێت. لـەم خشتەیەی خوارەوەدا،سروشتی ڕەگەزە دەنگییەکانی شیعری فۆلکلۆری پێشان دراون.

| ز | جۆرەکان | کێش | ریتم | قافیه: هونەری | قافیه: ڕواڵەتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | شیعری گۆرانی | + | + | + | + |
| ٢ | بەیت | + | + | + | + |
| ٣ | لاوک و حەیران | | + | | + |

## جۆرەکانی شیعری فۆلکلۆری بە گوێرەی ڕەگەزە دەنگییەکانیان

وەکـو دەبیـنین، ئاسـتەکانی کـێش و ریـتم لـە شـیعری گۆرانیـدا بـە ڕوونـی دیـارن، بەرامبەربەوە(حـەیران و لاوک)هـیچ دیاردەیـەکی هاوکێشـی پێشـان نـادەن، بـەڵام هـەموو قورساییان لە ئاستی ریتمدا دەرکەوتووە، لە نێوان هەردوو جۆرەکەشدا، (بەیت)بە شێك لە ئەدگاری هەر یەکێکیانی تێدایە، بەڵام سروشتی دوو ڕەگیی زمانەکەی، ئاستەکانی کـێش و ریتمی پێکەوە لکاندووە. (قافیەکان)هێمایەکی سەیر بـۆ قۆنـاغی جیـاواز مێـژووی و پلـەی رۆشنبیریی ئەو دیوی جۆرەکان دەکەن. لە کاتێکدا لە(حەیران و لاوک)دا(قافیە)ی ڕواڵـەتی، واتــە دووبــارە کردنــەوی هــەمان دەنــگ لــە کۆتــایی رســتە شــیعرییەکاندا، ســیمای سەرەکیی(قافیە)یە، لە شیعری گۆرانیدا، ڕەچاوکردنێکی هونەریانە تری(ڕەوی)دەبینرێت. (بـەیت)ە کـانیش، بـە دەسـتووری ئاسـاییان، وەکـو ڕەگـەزێکی دوولانـە، لـە هـەر دوو جۆرەکەیان تێدایە. سەرنجەکانی سەرەوە، ڕێڕەوی مەبەستەکان بـەرەو ئـەنجامێك دەبـەن کە(حەیران و لاوک)بە دێرنترین جۆری شیعری فۆلکلۆری کوردی دەژمێرین. بە دەربڕینێکـی گشتیتر، جۆرەکانی شیعری فۆلکلۆری بە هەموویانەوە دۆخێکی یەکگرتووی مێـژوویی پێـك دەهێنن ،کـە لـە ڕێگـای هەمـەڕەنگی سیسـتێمەکانیانەوە، وەڵامـی زۆربـەی مەبەسـتەکانی مرۆڤی کوردیان داوەتەوە ڕەنگەئەمە ـ تاڕادەیەك ئەو دیـاردە سـەیرە لـە مێـژووی شـیعری

کوردیدا لێك بداتەوە، کە هیچ کێشێکی دەرەکی، نەیتوانیوە بنکەیەکی هەمیشەیی لـە نێـو ریزەکانی شیعری کوردیدا داگیر بکات دەتوانێت جۆرەکانی شیعری فۆلکلۆریی کوردی لـەم زنجیرەیەی خوارەوەدا ریز بکەین.




( د. مارف خەزنەدار)، لە (مێژووی ئەدەبی کوردی تازە)دا،کە لە هێمایەکی روونی مێژووی دوور نییە).[٢٧]

ڕەنگدانەوەی ریتم لە دەقەکانی حەیران، کە بە چەند رستەیەك دارێژراوە،رسـتەی ئاوێتـە پێکدێنن، لەرسـتەی ئاوێتەشـی چـەند فرمـانی تێدا بێـت ئەوەنـدە رسـتەمان هەیـە،ریتمی واتایش لە فرمانە بەهێزەکانی رستەکان دیار دەبێت بۆ گەڕان بـە دوای خۆشەوسـیەکەدا.. بە هۆی ئەو چەند بەندییەی کە فۆرمی حەیرانی لێپێکهاتووە حەیرانبێـژ بـەکاری دەهێنێـت بۆ دۆزینەوەی دڵدارەکەی لە شێوەیەکی بازنەی داخراودا، لێرەدا حەیرانبێژ وەك پەیامـدەر ئەو سۆزو خۆشەویستیەی لە دەروونی پەنگی خواردوو دەویەوێت دەریبڕێـت بـۆ پەیامـدەر ئەویش شکاندن ئەو بازنەیە. بە هـۆی هێنانـەوەی چـەند دەسـتەواژەیەك و زارەوەیـەك بـۆ گوزارشت کردن و گەیاندنی مەبەست بە ڕاناوی(خودی)بەکار دەهێندرێت. وەك نا ئومێدی و سەرسورمانی شێتانە، لـە خۆدەگرێـت. بـە چـەند فـۆرفیم و ئامرازێکـەوە لـە ڕوی رسـتەی سێنتاکسیەوە،کە دروست دەبێت. (ئێستا بزانین ئەو بنیاتە ناکۆکە، چۆن لە بنیاتی ریتمدا ڕەنگی داوەتەوە. دابەشکردنەکەی پێشوو. بارمەتیمان دەدات بە ئاسانی( ریتمی واتـا) لـە دەقەکـەدا دەسـت نیشـان بکـەین. بـە ریـتم لـە رسـتە شـیعرییەکاندا لـە رێگـای فرمانـە بەهێزەکانەوە دیاری بکەین: ( دەچمەوە، دەگێرم، نازانم). ئەم دەست نیشـانکردنە بـواری ئەوە دەدات ڕستەی سەرەکیی دەقەکە(گەڕان بە شوێن خۆشەویسـتدا)، بەسـەر ئـەم سـێ رستەی خوارەوە دابەش دەکەین.


١- (حەیران ئەو ڕۆسبیانێ (دەچمەوە) سەرگردی سەرخمێ).

٢- ( لەبەر خەمی پیرە دونیایێ گەلەك بڵندو چاو((دەگێرم) لە هەموو).

٣- (من (نازانم) بە ژنی باریك و دوو چاوی ڕەشکۆکە... هتد).

وەکو دەبینین، رستە شیعرییەکان، لەگەڵ جیاوازیاندا لە دارشتنی هاوتەرییبی فریزەکـان و دەرنەوکەتنی دیاردە دەنگییە هاوفۆنیمـەکان، بـە هـۆی ئـەو سـێ مەڵبەنـدە ریتمیـە بـە هێزەوە ڕیتمی واتاییان دابین کردووە. بەڵام ئەو ریتمە، کـە دەرکێشـراوی لایـەنی یەکـەمی بنیاتە، سیمانتییەکەیە:(بزووتنەوەی بازنەیی)، لەگەڵ هەوڵدانی پەیامـدەردا بـۆ دەرچـوون لەو بازنەیە، لە ناکۆکیدایە، ئەمەش بە ناچاری دەبێ لەو بنیاتەدا رەنگ بداتەوە. هەوڵدانی پەیامدەرو تێکشکاندنی ئەو بازنەیە، لە ڕێگای دووبارە کردنەوەی شێوازێکی مۆرفیمییـەوە خۆی دەنوێنێت، کـە دەتوانێـت ریزەکـانی مەبەسـتە پـەنگخواردووەکانی وەکو(گـەڕانی نـا ئومێدانە، سەرلێشێواوی) و بـە کـورتی هـەموو ئـەو مەبەسـتانەی بازنـەی داخـراوی ڕسـتە لاوەکییـەکان ئابلۆقـەی داوون، بەتونـدی ببڕێـت. ئـەو شـێوازە مۆرفیمییـە، بریتییـە لـە دەستەواژەی وەکو (بڕایینە، برادەرینە... هتد)، کە پەیامدەر لە ڕێگایانـەوە هـەوڵ دەدات دەروویەك بکاتەوە. بەم شێوەیە، هاوسەنگییەك لە نێوانی ڕستە لاوەکییە بەهێزەکان ـ کـە بنیـاتی داخراویـان پێکهێناوەـ و دەسـتەواژە تێکـدەرەکان ـ کـە بنیـاتی دەربازبوونیـان بەرجەستەکردووە، دروست دەبێت.

ئەمەش دوومەبەست لەبنیاتی سیمانتیکیدا بـەدی دەهێنێـت کەئـەم نەخشـەیەی خـوارەوە سیماکانیان دەنوێنێت




هەموو ئەو خاڵانەی لە شیکردنەوەکەی پێشوودا ئاماژەیان بۆ کرا،لە خشتەکەدا بـە ڕوونـی دەرکەووتوون و پێویست بە دووبارەکردنەوەیان نییە.

ئێستا دەبێ شوێنەواری دەرکەوتنی ریتمی واتایی،لەریتمی دەنگیدا دەستنیشان بکەین.

ئەگەر سەرنجی ڕستە لاوەکیەکان بدەین، دەبیـنین هـەر ڕستـەیەك مەڵبەنـدێکی ڕیتمـی بـە هێزی تێدایە کە کرۆکـی سـیمانتیی ڕستـەکەیە. لـە کۆتـایی هـەر ڕستەیەکیشـدا،مۆرفێمێك هەمیشـە بـە ڤـاوڵێکی درێـژ دوایـی دێت،ئـەو ڤاوڵـەش لەبـەر ئـەوەی کۆتـایی بـە ڕسـتە شیعرییەکە دەهێنێت، ئاسایی بەهێز دەبێت.

بەو شێوەیە،بنیاتی داخراوی سیمانتی،لە ڕێگای ئەو مەڵبەندە بە هێزانەوە سیستێمی خۆی دەپارێزێت، لەبەرامبەردا، پەیامدەر بۆ دەرچوون لەو بازنە بـەهێزە، پێویسـتی بـەهێزێکی پـتر هەیە،لەبـەر ئـەوە دەبیـنین دەسـتەواژەکان بـۆ هـەر کەلەبـەرتێکردنێکی ئـەو دیوارە،شێوازی هێرشبردنی(١:٣، ٣:١)بەکاردەهێنن،ئەمەش بەڕوونی لەنەخشەکەدا دیارە.

دەتوانین پوختەی شیکردنەوەکانی پێشوو،لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆ بکەینەوە.

(یەك)بنیاتی سیمانتی لە دەقەکەدا، بنیاتێکی بازنەییە لەو دوو بزووتنەوە پێکهاتووە، یەکێکیان بزووتنەوە بنەچەییەکەیە، کە بەشەکانی ڕستەی سەرەکی دایانڕشتووە.

هەواڵنامەی کتێب

دووەمیشیان بزووتنەوەی تێكدەری بزووتنەوەی یەكەمە.

(دوو)ئـەو بزووتنەوانـە لـە ڕێگـای دوو جـۆری دووبارەكردنـەوە لـە بنیـاتی دەنگیـدا ڕەنـگ دەدەنەوە:

یەكەمیان دووبارەكردنەوەی فۆنیمییە، كە دەتـوانین نـاوی (قافیـەی سـترێس)ی لێ بنـێین: چونكە فۆنیمەكانی كۆتـایی ڕسـتە لاوەكییەكان،ئەوەنـدەی بـە هـۆی سترێسـی بـەهێزەوە ئەركی ڕیتمیی خۆیـان دەگێـڕن، ئەوەنـدە بایـەخ بـە هـاودەنگی نادەن.دووبارەكردنـەوەی دووەم مۆرفیمییە و لە ڕێگای چەند فرەیزو دەسـتەواژەیەكی وەكو(برایینـە، برادەرینـە...) هتد..بنیاتی ریتمی واتایی لە بنیاتی ریتمی دەنگیدا بەرجەستە دەكات.

دەتـوانین ـ ئەگـەر بـواری فراوانكردنـەوەی دوو ئەنجامەكـەی سـەرەوەمان هـەبێت ـ بڵـێین هەموو ئەو شیعرە فۆلكلۆرییە بێ كێشانەی لـە خانـەی شـیعری(خود)یدان، هـەمان بنیـاتی بازنەیی سیمانتی و سیستێمی داخراوی

ریتمییان هەیە.)[٢٨]

لەرووخسـاری حەیرانـدا چـەندین تـەكنیكی هونـەری تـر دێتـە بەرچـاو لـە نێـوان دێـڕە شیعرییەكانی بەندەكان ئەویش خاڵبەندی، بەتایبەتی كاری ئەم خالەش وەك ڕاوەستانێكی تەواو پێشاندەدات، لە كۆتایی هەر ڕستەیەكی تەواودا. هەروەها كۆما نیشانەی كورت ترین ڕاوەستانە پشووە، كە لە دوای ناوی بانگكردن و لە نێوان جێگرو جێ لێگیراودا هەروەها بۆ جیاكردنـەوەی زنجـیرە وشـەیەك، بـۆ دەربرینـی زنجـیرە وشـەیەك لـە یـەكتر، لـە دوای گێڕانەوەیەكی یەكسەر، یان لە پێش ئامرازی لێكدەر، لە دوای گرێیەكی درێژ بـۆ پاراسـتنی واتای رستە لە لەنگی و لە بری كاری قرێنراو هەرسێ پارستا لـە ڕسـتەی ئاوێتـە و ڕسـتەی لێكدراودا هەروەها لەبری (كـە) ئـامرازی لێكـدەر دادەنـدرێت .(چـەند هۆكـارێكی هونـەری، ڕۆڵیان هەیە لە دروست بوونی تەریبی و ناتەریبی لە نێوان كێش و واتا(یان كێش و رۆتـان) دا. هەڵوەستە، یان(وەستان) یان نیشانەكانی خاڵبەنـدی كـە گوزارشـت لـەئاوازی دەنگیـی دەكەن لەشیعری نوێی كوردیدا لەبـەر ئـەوەی كـورتی و درێـژی برگـەكان فەرامۆشـكراوە، كەلێنێك لە ئاوازی شیعردا پەیدا بووە، بە دانانی نیشانەكانی خاڵبەندی بەشێك لەو كەلێنـە پڕكراوەتـەوە، ئەمـەش لـە پێنـاو پتـەوكردنی مۆسـیقای شـیعرەكە، گـرنگترین ئـەو نیشانانەیش(خاڵ و كۆما) ن(كۆما)وەستانێكی واتایی بچووك و(خاڵ)یش وەستانێكی واتایی

گەورە دروست دەکات، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، سووکە ڕاوەستان لە نێوان پێیەکانی کێشی پەنجەیی ئاوازی شیعرەکە جێبگیر دەکات).[٢٩]

کاریگەری ڕووخسار دەرکەوتنی ڕووی دەقی شیعری دەبێتە هۆی پەیدا بوونی واتا لە ڕووی ئەو وشانەی کە لە زماندا دادەڕێژرێت کە بە چەند دەنگێکی جیاواز بە سیستەمێکی مۆرفۆلۆژی ریز دەکرێت بە دروستبوونی ڕەگەزەکانی شیعریش. (واتاکان بە تنیا نابنە هۆی داهێنانی،شیعر ڕووخساری حەیران واتا ناتوانین بڵێین: ئەم واتایە شیعرییە و ئەمەیان شیعریی نییە و نابێت بکرێتە بابەتی شیعر، بەڵکو شێوازی دارشتنی زمانەکە کە ڕەگەزە شیعرییەکانی وەك: مۆسیقا وێنەی شیعریی... تیایدا دەردەکەوێت، دەبێتە مایەی داهێنانی دەقی شیعریی).[٣٠]

بەندەکانی حەیران لە ڕووی کێشی خۆماڵی و سەروادا بە یەك سەروا کۆتایان دێت. بەڵام لەم دێرانەی کە بەندەکە پێکدەهێنن مەرج نییە هەموویان یەك سەروایان هەبێت، بەڵکو جیاوازی لە دارشتن و کۆتایی دێرەکان هەندێ پیتیی جیاواز هەیە، لە ڕووی فۆرمەوە تەنها کۆتایی بەندەکان بە یەك سەروا دێت. لەم بارەیەوە لە باسی سەروادا لە شیعری تازە (بۆ نموونە شیعری تازەی کوردی لە ڕووی کێش و سەرواوە گەڕانەوە بوو بۆ کێش و سەروای خۆماڵی، بەڵام شاعیران تەنیا بە بەکارهێنانی یەك جۆر کێش و جووت سەروا ڕانەوەستان، بەڵکو هەوڵی تێکەڵکردنی کێشەکانیان دەدا، لە ڕووی سەروایشەوە مەرج نیە هەردوولەت یەك .

سەروایان هەبێت، جاری وا هەیە بە چەند لەتێك یەك سەروایان هەیە..).[٣١]

حەیران شیعرە شیعرێکی سەربەستە،لە ڕووی ڕووخسارو ئەو ڕەگەزانەی،کە شیعری لەسەر بەندە،وەك هونەرێکی ئەدەبی پێگەی خۆی لەئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا هەیە.(شیعری سەربەست Free – Verse).لە ئەدەبی ئینگلیزیدا ئەم زاراوەیە بۆ شیعری بێ کێش بەکاردەهێنرێت،بەڵام لە عەرەبیدا بەو شیعرانە دەوترێت،کە بەسەربەستی تەفعیلەی کێشە عەرووزییەکان تیایدا بەکاردەهێنرێت"واتە شیعرەکە لەسەر کێش بنیات دەنرێت.لە کوردیشدا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆسەرەتای بەکارهێنانی زاراوەکە،بەرامبەر بەشیعری بێ کێشی و سەروا بەکارهێنراوە،بەڵام دواتر وەك چەمکە عەرەبییەکەی لێهات.. لەبەر ئەوەی سەربەستی ڕەگەزێکی سەرەکی داهێنانە، شاعیری نوێ شیعری سەربەستی

هەڵبژارد بۆ گوزارشتکردن لەبیرو هەست و سۆزو خەیاڵە رەهاکانی،بـەڵام دەبێـت هەمیشـە سەربەستی و بێسەروبەریی لە یەکتر جیا بکرێتەوە،چونکە سەربەستی لەشیعردا مانای بـێ سیستمی نییە،بەڵکو بە ئازادی مامەڵەکردنە(یان وازهێنانە) لەگـەڵ ئـەو یاسـایانەی رێگـای داهێنانی شیعری تەسك دەكەنەوە).(٣٢)

چـەند وشـە و دەسـتەواژەیێك لـەزاراوە چـەند رسـتەیەك،لە قـالبێکی تـەکنیکی هونەریـدا دەرێژرێت،بەو بەهرەیەی کە شاعیر بۆی دێت بەکارلێکردنێکی هەستی و سـۆزەوە بەچـەند واتایەکی مانابـەخش دەریـدەبڕێت لـەڕووی رووخسـارەوە کـە کاریگـەر بێت.(بـەڵکو گـرنگ لەوەدایە چۆن وەك شیعرێك خولقێنراوە،یان چۆن سیفەتی شیعرییەتی پێبەخشراوە. ئەمـە لەڕووی واتاوە،لەڕووی رووخساریشەوە بەهەمان شـێوە،ئەو وشـەیەی(یان گوزارشـت ـ یـان وێنە)لەناو شیعرێکدا جوانە،رەنگە لەشوێنێکی تردا ئـەو بەهایـەی نەبێت.واتـە ئـەو شـیعرە وەك یەکەیـەکی یـەکگرتوو و گشـتی،بەها دەبەخشـێتە هـەر بەشـێك لەبەشـەکانی،ناتوانین بەشێك(یا پێکهاتەیەك،یان رەگەزێك)بە تـەنیا وەرگـرین و بـە دابڕانـدنی لەبەشـەکانی تـری دەقەکە،بەهاکەی دەستنیشان بکەین).(٣٣)

دەبێت بزانین کـێش لەچـەند تریپـەیـەکی مۆسـیقا پێکدێت،بـەپێ تریپـە کـێش بەتـەواوی لەنگـەری خـۆی لـەدێرە شـیعرییەکان نـاگرێ.(زۆر جـار سـەیردەکەی کـە دوو دێـرە قسـە دەکێشین دەبینین لەژمارەی بڕگەو رێکخستنی کورتی و درێژیی بڕگەکاندا واتە لە کـێش دا وەکو یەکن،بەڵام زەوق و شەوقێکی مۆسیقا پێـك ناهێنن،کێشـانەکەیان مەکینـە بابەتـە... بۆیە کێش بەبێ مۆسیقا ناتەواوە).(٣٤)

بنیاتی هەر شیعرێك و هەڵبەستی گۆرانی،هەروەها حەیران کەوەك شیعر باسی لێدەکەین لەسەر زمان و وشەو زارەوەو رسـتە ساسـزیەوە،کەکێش وەسـتاوە بـۆ دەربرینـی ئـاوازە و مۆسیقادا،(کێش وتریپە و مۆسیقا بنەمایەکن لە بنەماکانی هەڵبەسـت،بە یەکـەوە پێوەنـدی دارن و بوونیان پێکەوە پێویستەو نەبوونی هەر یەکێکیان کەمو کووڕی یەك بەلەشی واتایی و رووخساری هەڵبەست دەدات.کێش بریتییە لەسەر جەمی ئەوپێ یانەی دێرە هەڵبەسـتێك دروست دەکەن،کە لە عەرووزی عەرەبی دا تەفعیلەی پێ دەڵێن).(٣٥)

مۆســـیقا بنیـــاتی دەرەوەو نـــاوەوەی دێـــرە شـــیعر پێکـــدەهێنێت دروســـتکەری ئاوازە.(مۆسیقاش هەستکردنی خوێنەر یان گوێگرە بەو ئاوازانەی، کە دەنگەکانی وشـەکان

و جۆری هەست و سۆزی دەروون و مانای وشەکان لە ئەنجامی ترپەی برگەکان و پێکهاتنی پێ یەکاندا بە کێشی هەڵبەستەکەی دەدەن).[٣٦]

هەر لە بارەی جۆری کێش دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتنی زمان و چۆنیەتی قۆناغەکانی پێشکەوتنی شیعر. بە چەند سیستەمێك ڕێکخستنی دەنگی داڕێژراو و مۆسیقا دامەزراوە.(کێش:لەشیعردا چەند جۆرێکی هەیە،بە پێی سروشتی زمانی دەقەکەو قۆناغەکانی مێژووی پەرەسەندنی شیعری هەر میللەتێك دەگۆڕێت،کە فۆرمی مۆسیقی لە هەر زمانێك بە سیستمی دەنگیی برگەکانی پەخشانی ئەو زمانە بەستراوەتەوە).لە شیعری کوریدا دەتوانین بڵێن:هەموو جۆرەکان بەکارهێنراوە" هەرلە(کێش چەندێتی)یەوە- کە لە عەرووزی عەرەبییەوە وەرگیراوە- تا دەگاتە(برگەیی) یان(پەنجەیی)،جگە لەڕۆڵی سترێس لە گۆڕینی ئاوازی وشەو واتاکەی لە زمانی کوردیدا کە لە شیعری فۆلکلۆریدا زیاتر بەرچاو دەکەوێت).[٣٧]

ڕەگەزێکی تری شیعری، کە بنیاتی ڕووخساری شیعری دیار دەخات بۆ ئیستاتیکای دێرەکان بە تایبەتی لە بەندەکانی حەیران، کە دێرەکانی کۆتایی بە چەند فۆنیمێکی دەنگی مۆسیقای دێت.. بە یەك دەنگ و چەند جۆرێك لە پیتی دەنگدارەوە بە زۆری کە ماناو واتای تەواو دەکات ئەویش(سەروا) یە. (سەروا بریتییە لە دەنگێك یان زیاتر لە دووبارە بوونەوەی لە کۆتایی دێرەکانی تردا، مۆسیقایەك بە شیعرەکە دەبەخشێت، ئەو وشەیەش،کە ئەو دەنگە(یان دەنگانە)بەشێکە لێی، پێی دەوترێت(وشەی سەروا)، (وشە هاوسەرواکان دەبێ مانایان جیا بێ، ئەگەر نا دەبێ بە پاش سەروا(ڕەدیف)و وشەی پێش ئەو، دەنگەکانی سەروا هەڵدەگرێ). ئەگەر وشە هاوسەرواکان واتایان جیاواز بێت(بە مەرجێك زۆربەی دەنگەکانیان وەك یەك بێت)، لەم حاڵەتەدا دوو ئەکەر ئیستاتیکی دەبینن، لە لایەنی مۆسیقای شیعرەکەوە ئەرکی وشەی سەروایان هەیە،لە ڕووی ڕەوانبێژیشەوە، دەبنە ڕەگەزدۆزی (تەواویان ناتەواو).[٣٨]

بەکارهێنانی کێشی خۆماڵی یان کێشی پەنجەیی لە شیعری تازەو لە ناو شیعر فۆلکلۆری بەکاردێت زیاتر کێشی(١١)برگەیی بەکار دێت. (کێشی(١١)برگەیی، ئەم جۆرە لە فۆلکلۆردا، هەندێجار لە ناو دێرەکانی لاوك و حەیراندا دەبینرێت، چەند دابەشبوونێکی هەیە: (٦+٥)، (٥+٦)، (٤+٤+٣).[٣٩]

زیاتر روونبوونەوە لە کێش و قافیەی حەیران و جـۆری ئاوازەکـەی لەدەقەکـەی دا وەك بەیت و گۆرانیەکانی کوردی بەچ جـۆرە کێشـی خۆمـاڵی بـەکار هاتووە.(جۆرەکـانی شـیعر لەشێوە زارەکانی کوردیدا.بەشێوەیەك کەنوسەر لێکۆڵینەوەی لەبەرهەمی شێوەکانی زمانی کردووە ئەم بەرهەمانەی بەسەر سێ بـەش دا دابـەش کـردووە: ١-شـیعری عـەرووزی ٢- بەیت ٣-گۆرانی .

**بەیت:** لەئەدەبیاتی ئەم بەشە بەدیالێکتی کورمـانجی یـەوە تایبەتە.شـیعرەکان بریتیـە لـە وەزنی هیجایی کە لەباشووری کوردستان بەتایبەتی لەشارەکانی هەولێرو کۆیـەو (سـنجاق) وە رەواندوزو ناحیەکانی دەورو بەریاندا بلاّوە.بەتایبەتی (حەیران)، کە لە بەشی ڕۆژئـاوای ڕووباری زێی گەورەی باشووری کوردستان، بەتایبـەتی لەناوچـەکانی بادینـان کـە دهـۆك و ئاکرێ و زاخۆ و زێبار دەگرێتەوە بەزۆری بەدیالێکتی زازایی دەگوترێ (لاوك) بە بەشـێوەی سـۆرانیش (حـەیران) ی پـێ دەڵـێن واتـە بەشـێوەی کرمـانجی مـوکری و سـلێمانی وئـەو شێوانەی لێوە نزیکن .بەشێوەیەکی گشتی ئەم شیعرانە (بەیت) ی پێ دەڵێن بـەلاّم لەبـەر ئـەوەی بـەئاوازەوە دەگـوترێ پێشـی دەڵێن(گۆرانی)بـەلاّم لەراسـتی دا نـاوی گـۆرانی لەئاوازەکەیـەوە هاتووە.بەشـێوەیەکی گشـتی (بـەیت) ئـەو پەخشـانە کێشـراوانەو ئـەو شیعرانەیە کەبەهۆی وەسفێك لابەنێکی مێژووی وتایبەتی گـوترابێ لـەم بـە بەیتانـە دا ئـەم بەشەی کە پێی دەڵـێن (حـەیران) جـۆرە شـیعرێکی (هیجـائی) یەکـە بـەئاوازێکی تایبـەتی وجیاواز دەربارەی دڵداری وە یا وەسف کردنی شتێکە یان جەنگی سەرۆك هـۆزێکی سـتەم کار هۆندراوەتەوەو ناو لێنانەکەشی هەر لـەوێوە هـاتووە کـە مـرۆڤ سـەرگەردان و حـەیران دەبێ.)[٤٠]

کۆپلە حەیران بە شیعری ئازاد دادەندرێت بەبێ ناوبەند دەچرێت لە لایەن حەیرانبێژەوە بە یەك هەناسەی درێژ دێـرە شـیعریەکان دایدەرێـژێت و دەری دەخـات چـەند پشـودانێکی کاتی وەستانی هەناسەخواردنەوە لە ڕێگای بێژەکانی ریتمی مۆسیقادا سـوود وەردەگرێـت وەك لەم دوو حەیرانەی کە حەیرانبێژ(عوسمان حەیران سنجاوی)دەڵێت:

**ئەوڕۆکە بەویێ سبیانێ.**

**ئەمن گاز دەکەم**

**دەرێم: ئەوڕۆ هوڕەیە**

**ئەوا دەرێم: سبەینان بایە،**

**بەوی سبیانێ‌دەرێن**

**مارەبابی نازدار حەیرانێ باردەکا**

**لە گردەسۆرێ سیانان**

**دەپەریەوە لە عاوێ گردلایکەو مەخشومەی.**

**ئەمان لە زورگەزراویێ خۆمان**

**لە کەندی کەندیناوێ**

**دەکو مارت وێران بی.**

**هەریان دەدا لە زارکەڕکێ یە،**

**ئەمان بەویێ سبیانێ.**

**ئەمن سوار دەبوم لە بۆرەییێ.**

**وەکی دەڕۆیمە خوارێ**

**ئەوا دەرێم:۔**

**بە دەشتی کاولە قەراجی.**

**لەکەلەش خانی.**

**لەدوازدە هەواری**

**لە گۆمێ عەڤدالی**

**دەگەڕێم دەرێم:**

**حەفت سارە ماری بابی نازدار حەیرانێ.**

**ئەوا دەرێم شوانکارەیە کەلە دەگەرێم ئەمن نازانم لە کێی هەردایە).**(٤١)

بەهەمان شێوە لە حەیرانی دووەمدا حەیرانبێژ حەیرانێکی شیعری ئازاد دەچرێت. بەبێ ناوبەند لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەیەك(قافیە)و بە کێشی پەنجەی خۆماڵی ـ وەك دەڵێت:

**(دەرێم: براینە برادەرینە.**

**ئەوڕۆکە بەویێ سبیانێ گاز دەکەم.**

**دەرێم: لە سیلەی یا رەزی**

**ئەنگۆ برۆننە ئەستێرەی سیوەیلی**

**گەلە گەلە شیرنە وەکی سبیانان هەردێ.**
**شەوقێ خۆی دەداتەوە**
**لە ڕەشە ڕحانان.**
**لە خونچە گوران**
**گەلە شیرن لە باغی ڕەشید بەگی،**
**ئەمان دەرێم:**
**خوا بکا بە خورامی شەو بایێ شەوێ.**
**وەکی دێ لە باغان لە باغی جەننەتێ.**
**دەدا لە داری باغی جەننەتێ.**
**لە سێوەکانی لاسۆر**
**لە زولفێ هەمینێ بابان وێرانەی.**
**ئەمان گەلە گەلە شۆڕە ناوەندێ بسکانی،**
**دەرێم: گروازەی خواردیە.**
**کەتتە سەڕانکێ روومەتی.**
**بن پەری پیرە خەزێمێ.**
**ئەوا سەرێ بسکی وی بابان وێرانەی گەلە شۆڕە.**
**شەوێ لە سێ باری نیوە شەوێ.**
**دێتە خوارێ بەسە گۆییێ مەمکی).**[٤٢]

کەواتە ئەو بیرو بۆ چوونانەی،کە لەم سەرچاوانەی پێشوو خرانە ڕوو،کە هەر یەکەیان لێکدانەوە و توێژینەوەی بۆ کرابوو، لە ڕووی ڕووخساری شیعر بە گشتی و حەیران بە تایبەتی لە ڕووی دارشتنی فۆرمی و ڕەگەزەکانی شیعری بابەتی سەرواو کێش و ریتم و مۆسیقا و وێنەیدا، لە ئەنجامدا هەموو لە ناو پێکهاتەی بنیاتی هونەری شیعری لێدروست بووە. کە دەتوانین بەو هەموو بەڵگە هێنانەوە دەقی حەیران بە شیعری ئازاد،دابندرێت.

## پەراوێزەکان

(١)عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی،داستان و گۆرانی لـە فۆلکلـۆری کوردیـدا، چ٢،چـاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری،هەولێر، ١٩٩٨،لـ١٩٣.

(٢)هۆمەر دزەیی، هەوڵێك بۆ تێگەیشتنی حەیران، سەنتەری راگەیاندن و بڵاوکردنەوەی (خاك)سلێمانی،٢٠٠١، ل ٥١ ـ ٢٧.

(٣)باکووری، پەیوەنـدی نێـوان مۆسـیقا و ئـەدەب، گ رامـان ، ژ (١٢) ، ١٩٩٧/٦/٥، ل ١٠٤ ـ ١٠٥.

(٤)س.پ ، ل ١٨ ـ ١٩.

(٥)س.پ، ل ١٧ .

(٦) س.پ،ل ١٦ـ ١٧.

(٧) س.پ،ل٢٥ –٢٦.

(٨) س.پ، ل٢٠.

(٩)س.پ، ل٣٨.

(١٠) س.پ،ل٦١–٦٢

(١١) س.پ، ل ١١٣ ـ ١١٤.

(١٢) عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی،داستان و گۆرانی لـە فۆلکلـۆری کوردیـا،چ٢، ١٩٩٨،ل ١٩٠.

(١٣) س.پ، ل١٨٤ـ ١٨٥.

(١٤) مارف خەزنەدار،کێش و قافیە لە شیعری کوردی دا ،بەغداد، ١٩٦٢، ل ٣٨ ـ ٣٩.

(١٥) د.محەمـەد موکری،گـۆرانی یاترانـەهای کـوردی،و: د.شـوکریە رەسـوڵ ،هـەولێر، ١٩٩٩،ل ٢١.

(١٦) تاریق جامباز،بەبۆنەی ساڵرۆژی ماڵئاوایی یەکجاری مام رەسول گەردی گ رامـان ، ژ(١٠)، ١٩٩٦، ل١٠٢.

(١٧) عوسمان شـارباژێری، گـۆرانی و هەڵپـەرکێ و مۆسـیقا لـە ((پەنـدی پێشـینان))ی کوریدا، گ بەیان ، ژ(٥٤) ، ١٩٧٩، ل ٤٩.

(١٨) محەمەد حەمە باقی، مێژووی مۆزیکی کوردی ،هەولێر،چ٣ ، ٢٠٠٩، ل ٢٤٨ـ ٢٤٩.

هەواڵنامەی کتێب

(١٩) د.عزیز گەردی، شتێك لە یادو بیرەوەریدا، دارە شەكران ( رسول بێـزار گـەردی)، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٢.

(٢٠) پیرداود مەخموری، پیرە هەولێر،لێكۆلینەوە، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٤٤.

(٢١) ئەحمـەد حـەیران، ئاشـناییەك لەگـەڵ لاوك و حـەیران دا، گ كـاروان ، ژ (٢١)، ١٩٨٤، ل٨٠.

(٢٢) زاهیر ڕۆژبەیانی،بۆچوونی چوارەم لێكۆلێنەوەیەكە لە بارەی(كێش)لاوك و حەیران و بەیتی كوردییە،گ(بەیان)ژ.(٦٤)،تەموزـ ١٩٨٠، ل ٣٤ـ ٣٨.

(٢٣) س.پ، ل ٣٦ ـ ٣٨.

(٢٤) ڕەهبەر مەحمود زادە، پێكهاتەی بـەیتی كـوردی ،سـنە، كوردسـتانی ڕۆژهـەڵات، ٢٠٠٣، ل٨١ ـ ٨٣.

(٢٥) س.پ،ل٥٤ـ ٥٦.

(٢٦) د. محەمەد بەكر: كێش و ریتمی شیعری فۆلكلۆری كوردی، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٢٥ ـ ١٢٧.

(٢٧) س.پ، ل١٢١ ـ ١٢٣.

(٢٨) د. محەمەد بەكر: كێش و ریتمی شیعری فۆلكلۆری كوردی، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١٢٩ ـ ١٣٠.

(٢٩)جەبار ئەحمەد حسێن: ئیستاتیكای دەقی شیعری كوردی كوردستانی عێراق ١٩٥٠ ـ ١٩٧٠ ، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ١٨١ ـ ١٨٢.

(٣٠)س.پ، ل ٧٢.

(٣١)س.پ، ل ١٤١ ـ ١٤٢.

(٣٢)س.پ، ل ١٠٠.

(٣٣) س.پ، ل ٧٨.

(٣٤)عبدالرزاق بیمار، كێش و مۆسیقا هەڵبەستی كوردی ، بغداد ، ١٩٩٢، ل٩.

(٣٥)س.پ، ل ١٠.

(٣٦) س.پ، ل ١١.

(٣٧) جەبار ئەحمەد حسێن، ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق ١٩٥٠–١٩٧٠، سلێمانی،٢٠٠٨،ل٨٥.

(٣٨) س.پ ، ل ١١١.

(٣٩)س.پ ، ل ١٤٣.

(٤٠) د.محەمەد موکری، گۆرانی یاترانەهای کوردی، و: دکتۆرەشوکریە رەسوڵ ، هەولێر ، ١٩٩٩،ل١٩-٢٠.

(٤١) ئەحمەد حەیران،دیوانی حەیرانبێژان، بەغدا،١٩٨٨ ،ل٤٧ ـ ٤٨.

(٤٢)س.پ ،ل٥٢ ـ ٥٣.

(٤٣)د.ئیدریس عەبدوڵڵا، شێوازو شێوازگەری، هەولێر،٢٠١٠،لـ٢٩.

هەواڵنامەی کتێب

# مێژووی شـــــانۆی کـــوردی
## (قۆناغی یەکەم ١٩١٩- ١٩٣٩)

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی

لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و هونەری شانۆیی بە گەشتی کارێکی ئاسان نییە،چونکە دراما بەتەنیا، لەنێو شێوە ئەدەبییەکانی دیکەدا،پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ شێوەکانی هونەردا هەیە.(دراما لە جەوهەرکەیدا، هەر بە تەنیا ژانرێك لە ژانرەکانی ئەدەب نییە، بەڵکو نمایش دەکرێت،

سەرباری ئەویش تا ڕادەیەك لە سنووری ئەدەب دەچێتە دەرەوە،چونکە دەکرێ لەشی کردنەوەیدا.هەر پشت بە تیۆری ئەدەب نەبەسترێت بەڵکو بە تیۆری شانۆیش ببەسترێت)[1].

لەم ڕووەوە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەو نووسینەوەی مێژووی شانۆی کوردپش دەبێ ئەدەبی شانۆیی (دراما)و هونەری نواندنی شانۆیی لە بەرچاو بگرێت،چونکە هەر تێکستە ئەدەبییەکە بەتەنیا بەس نییە و سەرەتای درامایش بە تێکست دەستی پێنەکردووە. ئەگەر تێکستی شانۆیی نووسراو لەلایەن نووسەران هەشبێت،تا بینەر بەچاوی خۆی جووڵەو گفتوگۆ و لایەنە هونەرییەکانی دی وەکو ڕووناکی و ئێکسسوار و ماکیاج و جل و بەرگ...نەبینێ کاریگەرییەکی ئەوتۆ نابەخشێت. نووسەرانی شانۆیش،کە بیر لە نووسینی تێکستێکی شانۆیی دەکەنەوە،بە ئومێدن لە پاشەڕۆژدا تیپێکی هونەری بتوانن نمایش بکەن. بەڵام ئەمە ئەوەش ناگەینێت،کە ئێمە ئاگاداری ئەوە نەبین هەر لە گرێکەوە تا ئێستایش، تێکستی شانۆییش نووسراوە و دەنووسرێت بۆ خوێندنەوە،بەڵام ئەم جۆرە تێکستە پێویستی بە عەقڵێکی ئامادەکراو هەیە،کە بتوانێت ئەو گفتوگۆ فەلسەفی و قووڵانەی کەسەکان تێبگات،لەم ڕووەوە گفتوگۆکانی ئیفلاتوون لە (گفتوگۆکانی ئەیۆن)دا نموونەی ئەم جۆرە تێکستەن.دەربارەی مێژووی شانۆگەری کوردی بە پەرش و بڵاوی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا وتار و کورتەنووسین بەرچاو دەکەوێ، بەڵام وەکو هەوڵی ئەکادیمی تایبەت بۆ مێژووی شانۆی کوردی کەم بەرچاودەکەوێ[2].

ئەم هەوڵەی ئێمە هەولێکە بۆ نووسینەوەی مێژووی شانۆی کوردی تا دووەمین جەنگی جیهانی،ئەم مێژووەیش لەو ڕوانگەیەوە لەبەر چاو گیراوە،کە بەلای ئێمەوە قۆناغی یەکەم و

---

[1]: م.س کور کینا، الدراما، ترجمة: الدکتور جمیل نصیف التکریتی، ص ٥٠

[2]: لەم ڕووەوە نامەیەکی ماجستێر بە ناوی (کەسایەتی لە درامای کوردیدا) لە لایەن سەلام فەرەج پێشکەش بە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە لە ساڵی ١٩٩٠دا

**سەرهەڵدانی شانۆی کوردییە،چ وەکو تێکستی درامی و چ وەکو نواندنی شانۆیی، ئەگەرچی بیروڕای جیاوازییش لەم بارەیەوە هەیە[١].**

**ئامانجی ئـەم لێکۆلینەوەیـە ناسـاندن و دەستنیشـانکردنی هـەردوو لایـەنی (تێکسـت و نواندن)ی کوردی یە لە ڕووی مێژووییەوە، بۆیە ڕێبازێکی مێژوویی بەراوردکاری هونەرییـە، چونکە چاکتر لە ڕووی مێژووییەوە، ئەو بارودۆخ و گۆڕانانەی بەسـەر کۆمـەڵی کوردەواریـدا هاتوون و دەوریان لە بزووتنەوەی درامی کوردیدا بینیـووە. سـنووری لێکۆلینەوەکـەش بـە شێوەیەکی گشتی لە باشووری کوردستانە، بەڵام بەناچارییەوە بۆ سـەرەتای کـاری درامـی بۆ یۆنان گەڕاینەوە.**

---

[١]: بۆ نموونە، حسێن عارف پێی وایە، بۆ نووسینەوەی سەرەتای شانۆی کوردی دەبێ لە (١٩٣٨-١٩٣٩)ەوە دەست پێ بکەین، بێ ئەوەی ئەم گوتەیە لە سەر هیچ بنەمایەکی فیکری و ئەدەبی دامەزرابێت، بەڵکو لەبێ ئاگایی (ئەو کاتەی نووسەرەوە) سەرچاوەی گرتتووە، بروانە: حسین عارف، چیرۆکێکی شانۆی کوردی لە نێو سەدەی رابردوودا، گ بلێسە، ژ: ١١، ١٩٦٠، ل٩ ٠ مصگفی صالح کریم لە وتارێکدا بە زمانی عەرەبی بە ناونیشانی (صفحات مشرقة فی مسار المسرح الكردی) بە سێ بەش لە ژمارەکانی (١٢١٦، ١٢١٩، ١٢٢٢)ی رۆژنامەی (العراق) رۆژانی ١٩٨٠/٢/٢٥، ١٩٨٠/٢/٢٨، ١٩٨٠/٣/٣ وەڵامی (حسین عارف)ی داوەتەوە٠

## ئاوڕدانەوەیەك لە سەرەتاكانی شانۆ

گەڕانەوە بۆ مێژووی دێرینی دراما،ئەو ڕاستییە دووپات دەكاتەوە،كە لە(كۆتایی سـەدەی پێنجـەم و سـەرەتایی سـەدەی چـوارەمی پـێش زاییـندا)[1] لـە شارسـتانیەتی گریـك و پاشـان ڕۆمانەكانـداو لەسـەر دەسـتی گـەورە درامـا نووسـەكانی وەكو:ئەسـخیلۆس و سـۆفۆكلیس و یۆربیدیسدا، بە تایبەتی ئـەوەی دواییـان، گەشـەی كـرد و زیـاتر شـێوەی هونـەریی بـەخۆوە گرت[2].

هەروەكو لە مێژووی درامای گریكیدا هاتووەو(ئەرستۆ)بە پێی بۆچـوونی خـۆی هەنـدێ بنەمای بۆ كـاری درامـی دەستنیشـان كـردووەو درامایشـی بـە شـێوەیەكی گشـتی دابـەش كردۆتە سەر هەردوو شێوەی تراژیدیا و كۆمیدیا.

تراژیـدیا و كۆمیـدیای گریكـی سـەرەتاكەی دەگەڕێتـەوە بـۆ جەژنـە ئایینیـە كۆنـەكانی خواوەندی (دایۆنیسـیس)، لـەو ئاهەنگانـەدا جۆرەهـا نوانـدن و دەمەتـەقێی هونـەری لەسـەر شێوەی دیاردەی درامی نمایش دەكران، كە گوزارشتیان لە (ئەسینا)دا دەكردو نوێنەری هـۆز و ناوچەكانی دیكـەیش تیێـدا ئامـادە دەبـوون و پێشـبڕكێ سـاز دەكـرا، ئاهەنگـەكان لـە دوو وەرزی ساڵدا ساز دەكران. یەكێكیان لە بەهاران و ئەوەی تریان لە پاییزان.((ئەوەی بـەهاران لە نێوان ٩–١٣ی مانگی ئاداری لە ئەسینا ساز دەكراو گرنگی زۆری پێدەدرا، ئـەوەی تریـان،

---

[1]: دەربارەی ئەو سەرەتایە، زۆر سەرچاوە دووپاتیان کردۆتەوە، بڕوانە:

د٠ بدوی طبانة، النقد الادبی عند الیونان، ص٧٦ ٠

د٠ محمد غلاب، مصابیح المسرح الاغریقی، ص٩ ٠

م٠س٠ کورکینا، الدراما، ص ٨-٩ ٠

[2]: هەندێ سەرچاوە، باس لەوە دەکەن، کە بەر لە گریکەکان لای میسرییە کۆنەکان سەرەتاییەکی کاری درامی (لە ئاهەنگە ئایینییەکاندا هەستی پێدەکرێ وەکو دیاردەی درامی هەیە. بە تایبەتی نواندنی شانۆگەری (سەرکەوتنی حۆرس)، کە لە گۆڕەپانی داخراوی پەرستگەی ئەنۆ لە نزیك دەریاپەی پیرۆز بە هۆی کاهین و کۆراڵ و ئەکتەرەکانەوە نمایش کراوە، بەڵام نووسەر خۆیدا، احمد کمالب زکی بروای وایە جیاوازییەکە لەوەدایە، کە گریکەکان توانیان شانۆگەری لە دەست پیاوانی ئایینی دەربهێنن ولایەنی ئەفسانەیی لێ داماڵن و بیخەنەوە دەست مرۆڤ، بڕوانە: د٠ احمد کمال زکی، دراسات فی النقد الادبی، ص ٥٣-٥٤. فاضل عبدالله قصاب، ئاوڕێك لە سەرەتایی شانۆ، ڕۆژنامەی هاوکاری، ١٠٦، ل٦ ٠

لە کۆتایی پاییزان واتا لە مانگی (بوسیدیون)ە، دەکاتە دیسەمبەر و ناوی جەژنی (مەی) یـان لی نابوو))[1].

ئەم ئاهەنگسازییە لە مێـژووی کـۆنی میللـەتانی تریشـدا بەرچـاو دەکەوێ،لـە چـیاکانی زاگـرۆس و لەسـەردەمی میدییەکانـدا هەسـت بـەو ئاهەنگسـازی و نواندنانـە دەکرێت،کـە گوزارشت لە گەورەیی پاشاو بیروڕای ئاینیان دەکات و لە جەژنی نەورۆزدا،پاشان لـە سـەر سەکۆیەك دادەنیشێت و دانیشتوان بە جلی تایبەتی ڕەنگاوڕەنگەوە بـە دەوری سـەکۆکەدا دەسوڕانەوەو ئاویان دەڕژاند،هەروەها (لە سـەردەمی میدییەکانـدا چـوار جـۆرە قوتابخانـە هەبوو، لەوانە قوتابخانەی لاوان، کەتایبەت بوو بە لاوانەی کە تەمـەنیان ١٦ تـا ٢٦ سـاڵیدا بوو، بێجگە لە وانەکانی ئایینی و تەقسی فێرە جۆرەها مەشقی دوانـدنی شـانۆیی و گەمـەو فێڵەکانی سەربازی و جەنگی دەکران)[2].بەم شـێوەیە هـەموو سـاڵێك ئـەو گەمـەو نواندنانـە نمایش دەکران، پاشان (لەو ڕۆژەدا کۆرش تاجێکی لە سەر دەنا، کـە هـەمووی بـە ئالقـەی خڕی وەکو خۆرو ئالقەی نیوە بازنەیی وەکو هیلال و ئەستێرەکان ڕازابۆوە،ئەو کەسـانیش کە بەشداری ئەو ئاهەنگانەیان دەکرد[3]،خاوەن کلاوی قووچەکی بوون و دیارییان پێشکەش پاشـا دەکرد).ڕێـی تێناچـێت ئـەو ئاهەنگسـازییەی لـە جەژنـەکانی نـەورۆزی میدیـەکان و کوردیی ئێستایش هەروا بە ڕێکەوت لە هـەمان وەرز و مانگـدا بووبێت،ڕەنگـە هـەردووکیان پێوەندی زیاتریـان بەلایـەنی ئابووریـیـەوە هـەبێت و شـینبوونی دەغـڵ و سـەرەتای وەرزی کارکردن و بەروبووم بێت،ئەمە لەپاڵ بیروڕای ئایینی و ئەفسانە کۆنەکانی ناوچەکەدا.

پاشان لەگەڵ دروستبوونی نەتەوەی کورددا، دۆکیۆمێنتێکی وامان لە بەر دەستدا نییە، کە بڵێن بزووتنـەوەی شـانۆییمان هـەبووە، بـەڵکو (نـەریتی وا هـەبووە کـە بـۆنی شـانۆی لێهاتووە)[4].

---

[1]: دکتور محمد غلاب، مصابیح المسرح الاغریقی، ص١٠ ٠

[2]: محمد تیمور، نەورۆزو و شانۆی نەورۆز، گ" ئۆتۆنۆمی، ژ١، س١١، ١٩٨٦، ل٧٦.

[3]: مجلە خواندنیهاش (٥٢)، تهران، ١٣٣٦، ص٣٧ ٠

[4]: لەوانە: (هۆزەبانە) و (کۆتەلە) و (غارغارێن) و (میرمیرێن) و (ئارمانجانیێ) و (کەری بە قالآن)٠٠٠
بڕوانە ئەحمەد غەفور، شانۆ و نەتەوەی کورد، گ" نووسەری کورد، ژ١، ١٩٧١، ل٢٤.
عبدالرزاق بیمار، کورد و شانۆ، گ" پێشکەوتن، ژ١٢، ١٩٥٨، ل٦-٨ ٠

ئەمەش دیاردەیەکی سەرسووڕهێنەر نییە،بەڵکو لای میللـەتانی دیکـەش بـەو قۆناغـەدا تێپەڕیوە و ئەو ئاهەنگسازییەی بەخۆیەوە دیوە،دەتوانرێ ئەم جۆرە ئاهەنگسـازییە نـاوی (درامای راگوزاری) لێ بنرێت.

**کورتەیەك لە باری شانۆی تورك و فارس و عەرەب:**

کەلەپوورو ئەتنۆگرافیای میللەتانی ڕۆژهەڵاتی موسڵمان،بەحوکمی ئایین و جۆری ژیـانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری یان لە زۆر ڕووەوە پێك دەچـێت.هەڵبژاردنی بزووتنـەوەی شانۆیی لای ئەو میللەتانەی دراوسـێی کـورد لـەو ڕۆشـەنبیرییەوە کاریـان لـە ڕۆشـەنبیریی کوردی  بە گشتی و بزووتنەوەی شانۆیش لەگەڵدا کردووە.

سەرەتای کاری شانۆی تورکی بۆ چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و شانۆنامەنووسی گەورەی تورك ئەحمـەد مەدحـەت ئەفەنـدی (١٨٤٤–١٩١٢) دەگەڕێتەوە،کـە لـە مێـژووی ئـەدبیاتی تورکیدا،بە (ئینسکۆپیدیای میللی) ناسراوە[١].(لە میانەی ئەو چیرۆکانەی بە ناوی ( **لطـائف الروایات** ١٨٧٠–١٨٩٥) نووسیویەتی،بەرگی حەوتەمی ئەو چـیرۆکانەی تـەرخان کـراوە بـۆ چیرۆکی شانۆیی)[٢] یەکێك لەو شانۆنامانە ئەو نووسەرە بـە ناونیشـانی (کچـە کـورد–کـورد قزی) لـەباری ژیـانی کوردەکـانی کوردسـتانی تورکیـای نووسیوە،سـاڵی ١٨٧٧ لـە شـاری ئەستەمبۆل لەسەر شانۆ پێشانی خەڵك دراوە)[٣].

ئەدەبی چیرۆك و ڕۆمان و ژانرەکانی ئەدەب بە گشتی لەو سەردەمەی ئەدەبی تورکیدا، چەند سیمایەکی بە خۆوە گرتبوو،لەسەرووی هەمووانـدا، جـەختکردن بـوو لـە سـەر لایـەنی ڕەوشت بەرزی و هەڵبژاردنی بابەتەکان لە کەلەپووری نەتەوایەتی و نقووم بوون لە خەیاڵ و فانتازیادا و گوێ نەدان  بە لایەنی هونەری.

---

[١]: ئەحمەد مەدحەت ئەفەندی (١٨٤٤-١٩١٢)لە یەکێ لە گەڕەکە میللییەکانی ئەستەمبۆل لە دایکبووە، بە رەگەز لە نەتەوەی چەرکەسە، زۆربەی بابەتەکانی ژیانی ئەو سەردەمەی نووسیوە، وەکو بلێی وسیتویەتی میللەتی تورك رۆشنبیر بکات، بۆیە یەکێ لە مێژوو نوسەکانی ئەدەبی تورك ناوی (ئینسکلۆپیدیای میللی)لێناوە، بروانە: مختارات من القصة القصیرة، ترجمة و دراسة اکمل الدین احسان، ١٩٧١، ص٢٩ ٠

[٢]: هەمان سەرچاوە، ص٥٤ ٠

[٣]: فەرهاد پیربال، کورتە پێشەکییەك بۆ سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبی کوردیدا، گ هیوا، ژ ٨، ١٩٩٣، ل٥٣.

ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا بە سەر دەوڵـەتی عوسمـانی داهـات بـووە بوژانـەوەی ئـەدەب و هونـەر و ڕۆژنامەنووسـی،کە تـا ئـەو کاتـە سەربەسـتی لێ قەدەغەکرا بوو،بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی دەستووری دووەمی عوسمانی لە سـاڵی ١٩٠٨ دا.

ئەم گۆڕانکارییە میللەتانی ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانیشی گرتەوە، کە کوردیش یەکێك بوو لەوانە،بووە هۆی ئەوەی شەپۆلی تازەی ئەدەبی و هونەری لەڕێگەی ئەورووپاوە بگاتە ناو ئەدەبی تورکییەوە،لە ڕووەوە شانۆیش وەکو هونەرەکانی تر لـەو تازەکردنەوەیـەدا بێبـەش نەبوو.

(ماوەی ساڵانی ١٩٠٨–١٩٢٣ بـە قۆنـاغێکی تـازە دەژمێـردرێ لـە بـواری پەرەسـەندن و بووژانەوەی ژیانی شانۆیی و هونەری شانۆگەری لە تورکیادا هەر لەگەڵ هاتنەسـەر حـوکمی تورکە لاوەکان لە ساڵی ١٩٠٨دا، وردەوردە چـەندین گـروپ و کۆمپانیـا و کۆمەڵـەی شـانۆیی تـازە لەشـاری ئەسـتەمبۆڵدا دامـەزران، گرنگترینیـان ئەمانـە بوون:دارولتەمسـیلی عوسمانی،ئەسـتەمبۆڵ کۆمپانیسـی، ئـەرتوگوول تیایرۆسـی، عوسمـانلی دۆنانمـە جەمعیەتی،سـحنەی هـەوەس،میناکان تیاترۆسـی،عوسمانتانی تیاترۆسـی، بینەمـەجیان تیاترۆسی، عوسمانلی تیاترۆکلەبی)[١].

لە ئەدەبی فارسیدا مێژووی بزووتنەوەی شانۆگەری لەگەڵ مێـژووی شـانۆی تـورکی لـە یەك نزیکن و هەروەکو یەك و میللەتانی تری ڕۆژهەڵاتی موسڵمانیش لەئاکامی ئاهەنگسازییە کۆنەکان و ئەفسانەو کەلەپووری ئەو میللەتانـەوە سەرچـاوەی گرتـووە[٢]. سـەرەتای کـاری درامی لە ئێـران لـە کۆتـایی سـەدەی نۆزدەهـەم و سـەرەتای سـەدەی بیسـتەمدا دەسـت پێدەکات.ئەویش لە ڕێگەی وەرگێرانی تێکستی شانۆگەری بیانییـەوە بـوو بەتایبـەتی لـەم

---

[١]: سەرچاوە پێشوو، ل٥٤ .

[٢]: چەند نووسەرێ: سەبارەت بە ئەدەبی و نواندنی شانۆیی لە ئێران جەخت لە سەر ئەو ئاهەنگسازییەی، کە خۆی لە دیاردەی درامیدا دەدۆزییەوە، دەکەنەوە، بڕوانە: یحیی ارین پور، از صبا تا نیما، تاریخ١٥٠ سال ادب فارسی، ج ١، تهران ٢٥٣٥، ص٣٢٢-٣٣٦ .

علی اشرف درویشیان، افسانها، نمایشنماهاو بازیهای کردی، ج٢، ص٧-٨. وتوویژیك لەگەڵ مامۆستا بیهرۆز غەریب پور، شانۆ و شانۆگەری، گ" ئاوینە، ژ٩، ل١٠-١١

ڕووەوە دەوری ئەکتەر و وەرگێر و دیکۆرسازی ئێران (میر سیف الدین کرمانشاهی) زۆر دیار و بەرچاوە،بە هەوڵی ڕاستەوخۆی چەند شانۆگەرییەك لە زمانی تورکییەوە بۆ سەر زمانی فارسی وەربگێڕێ و خۆیشی بەشداری نواندن و دیکۆرسازی بکات، یان چەند شانۆگەرییەك ڕاستەوخۆ لە مێژوو و ئایین وەربگرێت، وەکو (یوسف و زولێخا)و(ئاغا محەمەدخانی قاجار)و(عەزیز و عەزیزە)و(لەیلێ و مەجنوون)....هتد[١]

فەتح عەلی ئاخوندزادە(١٨١٢–١٨٧٥) لە نێوان سالآنی (١٨٥٠–١٨٥٦) بە تورکی چەند شانۆنامەیەکی ڕەخنەگرانەی بە لاسایی شانۆگەرییەکانی گۆگۆل و مۆلییێر نووسیوە و ئەو شانۆ نامانە قەرەچەداغی هێناویەتییە سەر زمانی فارسی و بۆ یەکەم جار ئەو حەفت شانۆنامە لەگەڵ دیباجەیەك دەربارەی نرخ و بەهای نواندن و کاریگەری لە سەر پەروەردە و دەروونی خەڵکی بە چاپ گەیاند[٢].

هەر لەو ڕۆژگارەدا،کەسانیتریش سەر گەرمی کاری هونەری و نواندن و دراما نووسین و وەرگیران بوون، لەوانە پێنچ شانۆنامەکەی میرزا ئاغای تەبرێزی جێگەیان دیارە[٣].

لە سالآنی (١٩٠٨)دا لە تاران ڕۆژنامەیەك بە ناوی (تیأتر– تیاترۆ) مانگی دوو جار چاپ و بلأدەکرایەوە[٤] .

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی نووسەر و کارەکانی بڕوانە: محمد رضا فرهنگ، میرسیف الدین کرمانشاهی، مجلە (ئاوێنە) پیك بیستون ضمیمە مجلە کردی ئاوێنە، شمارە(١٧، ١٨)ص٨٩-٩٢، یحیی ارین پور، از صبا تا نیما، ج٢، ص٣١١.

[٢] دکتر محمد استعلامی، بررسی ادبیات امروز، ص١٦٩-١٧٠ ٠ یحیی ارین پور، از صبا تا نیما، ج٢، ٣٤٢-٣٥٨.

[٣] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: حمید سالك، چند گفتار پیرامون پنج نمایش نامەی میرزا اقا تبریزی، تبریز، ١٣٥٧.

[٤] ڕۆژنامەی تیاتر (تیاتر، کە هەر پازدە ڕۆژ جارێك بلأو دەبۆوە، لە سەر لاپەڕەکانی خۆی دیمەنی دراماتیکی بە شێوەی گفتوگۆ و پرسیار و وەلأم، کە مەبەست تیایدا ڕەخنە گرتن بوو لە شێوەی حوکم رانی دەورەی قاجاری و پیاوانی ستەمکاری ئەو کاتە، بلأو دەکردەوە، ژمارەی یەکەمی لە ٢٤ ربیع الاول ١٣٢٦ی هجری بووە، میرزا رچاخان طباطبائی نائینی، نوێنەری دووەمی مەجلیس، بلأوی دەکردەوە، یەکێ لە ڕۆژنامە باشەکانی ئەو سەردەمە بوو، بڕوانە: یحیی ارین پور، از صبا تا نیما، ج٢، ص٢٢ ٠

دوای ساڵانی شۆڕشی (مەشروتە)یش زۆر شـانۆنامەی وەرگێـراو بەتایبـەتی نووسـەرانی فەڕەنسی وەکـو (مـۆلیێر) لـە شـارە گـەورەکانی تـاران و و تـەبرێزو ڕشـت و ئیسـفەهان و شارەکانی تردا نمایشکراوە[1].

تەلاری شانۆ دروستکراوە و کۆمەڵەی هونەری شانۆیی دامـەزراون. لـە تـاران کۆمەڵـەی نمایشی (شرکت فرهنگ ۱۹۱۳)و (تاتر ملی ۱۹۱۳)بە هـەوڵی محقق الدولـە سـید عبـدالکریم خان)دامەزراو ئەکتەری ناسراو(سید علی نصر) لە هونەرمەندە ناسراوەکانی ئەو تیپـەبوو و هەر خۆیشی یەکەم کۆمەڵەی (کۆمیدی ئێران– ۱۹۱۸)ی دامەزراند.نابێ ناوی هونەرمەنـدی بەتوانا (عەلی نەورۆز– حسـن مقـدم) لـەیاد بچێت، کـە کۆمەڵـەی (ایـران جـوان– ۱۹۲۲)ی دامەزراندو شانۆگەری(جەعفەر خان لە فەرەنگ گڕاوەتەوە)[2] ی نمایش کرد.

بەم شێوەیە ئەم هونەرە پرشنگی بە هەموو لایەکدا بڵاوکردووەوە،رضا کمال (شهرزاد) و دکتۆر مهدی نامدار و مصطفی ئێسکۆئی[3] و علی اصغری گەرمەسێری لە چارەکی یەکـەمی ئەم سەدەیەدا نوێنەری بوون.

لـە ئـەدەبی عەرەبیشـدا،کە خـاوەن کەلـەپوورو ئەفسـانەو داسـتانی فۆلکـۆریی دەوڵەمەندە،بێگومان زۆر دیاردەی ئەوتۆ هەن،کەبۆنی شانۆیان لێدێت و ئەمەش شـێکی

---

[1]: زۆربەی تیپە هونەرییەکانی تفلیس و تەبرێز و تاران و شارەکانی تری نەوەکو هەر ئێران و لە ئەدەبی فارسی، هەتا وەکو لای کورد و میللەتانی تری ڕۆژهەڵاتیش، شانۆنامەکانی (مۆلییێر)هەمیشە، وەکو خۆی یان بە دەستکارییەوە لە گەڵ واقیعی خۆییاندا گونجاندوویانە و بڵاویان کردۆتەوە٠ ئەم دیاردەیە لە سەرەتای ئەدەبی تورکی و فارسیدا زۆر باو بووە، بڕوانە: یحیی ارین پور، ازصبا تا نیما، ج۲، ص ۲۸۹.

[2]: ئەم بەرهەمە یەکەم کاری نمایش کۆمەڵی ( ایران جوان )، بووەو لە ساڵی ۱۹۲۲ لە تەلاری (گراند هۆتیل) لە تاران پێشکەش کراوە، بڕوانە: یحیی ارین پور، ج۲، ص۳۰۵ ٠

[3]: بەداخەوە شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ئەو هونەرمەندە کوردە دەست نەکەوتووە، تەنها ئەوەندە دەزانین لە ساڵی ۱۹۱۸ یەکێك بووە لەو کەسانەی لە گەڵ چەند هونەرمەندێکی تر (کومدیای ایران) یان دامەزراندووەو بۆ ماوەی ۱۰ ساڵ بەردەوام بوون، بۆ یەکەم جار ئەوان توانیان هەندێ ژنی ئەرمەنی و تورکی بێننە سەر شانۆی ئێران، کە تا ئەو کاتە پیاو دەوری ژنی دەبینی٠

هاورێکانی وەکو: میرسیف الدین کرمانشاهی و عنایت الله خانی شیبانی و طبیب زادەو حسین خێرخوا و غولام علی فیکری، بڕوانە یحیی ارین پور، ج۲، ص۲۹۲ ٠

ئاساییە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە (غەریزەی نواندن)ی گەوران و لاسـاییکردنەوەی گـیر و گرفتەکانیان دەکات)[١].

ڕەخنەگرە عەرەبەکان سەرەتایی شانۆی (تێکسـت و نوانـدن) دەگەڕێینـەوە بـۆ کـارە درامییەکانی (مارون النقاش)،کە لەساڵی ١٨٤٧ بـەدواوە ژمارەیـەك شـانۆگەری نووسـیوەو نمایش کردووە.سەرتایی ئەو کارانەیشی (شانۆگەری (پیسکە)ی نووسی و هەر خۆی ئاوازی بۆ داناو لـە پێنج بەشدا بـە شـێوەی ئۆپـەرێت لـە (سـەیدا) پێشـانیدا،دوای ئـەوەش شانۆگەری (هاروونە رەشید)ی پێشکەش کرد)[٢].

جووڵانـەوەی شـانۆی عـەرەبی لـە عێراقیشـدا،کە ئێمـە لێـرەدا زیـاتر مەبەسـتمانە و کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر قۆناغی یەکەمی شانۆی کوردیدا هەیە،بە پێی هەندێ بیروڕا سـەرەتاکانی دەگەڕێتـەوە بـۆ چـارەکی دوایـی سـەدەی نۆزدەهەم،بـە تایبـەتی ئـەو شانۆنامانەی کە لە کلێساو دێرەکانی شاری مووسڵ لـە(١٨٨٠ بـە دوواوە) لەلایـەن (حـەننا حەبەشی)یەوە نمایشکراوە[٣].

پاشان ناوی ئـەدیب و وەرگێـر و هونەرمەنـد (نعـوم فـتح اللـە سـحار (١٨٥٥– ١٩٠٠) هاتۆتە مەیدان و سەرەتایی کارەکانی بە وەرگێڕان و چاپکردنی یەکەم تێکستی شـانۆیی لە شێوەی کتێبی سەربەخۆ لە ساڵی ١٨٩٣ دا،دەستی پـێ کـردو شـانۆگەری (لـەتیف و خۆشابا)ی بڵاوکردۆتەوەو دوای دوو ساڵ لە ١٨٩٥دا تێکستی شانۆگەری (میر دیل)ی لـە فەڕەنسییەوە وەرگێڕاوە[٤]، گۆیا هەر ئەم شانۆگەرییە لە شاری هەولێر لە ١٩٠٥ واتا دوای دە ساڵ نمایشکراوەتەوە[٥] .

تا دوای دامەزراندنی حکومەتی عێراقی لە ١٩٢١دا بە شێوەیەکی گشـتی،تیپی هونـەری شـانۆیی بەرچـاو نەکـەوتووەو زیـاتر قوتابخانـەکان لـە بۆنـە تایبەتییەکانـدا بـۆ هاوکـاری

---

[١]: س. و. داوسین، الدراما والدرامية، ترجمة: جعفر صادق الخليلى، ص١٥ ٠

[٢]: حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، ل٤٣ ٠ هەروەها: د٠علی جواد الطاهر، من حديث القصة و المسرحية، ص٣٣٦ ٠

[٣]: بۆ زیاتر شارەزایی بڕوانە: احمد فياض المفرجى، الحياة المسرحية فى العراق، ص ١٥.

[٤]: سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥.

[٥]: بڕوانە: محمد تیمور، دەربارەی دراماو رەخنە، گ" کاروان، ژ٤١، ١٩٨٦، ل٦٧.

مامۆستایان و قوتابیـان نمایشـی مێـژوو رابـردووی نەتـەوەیی، کـە دوای یەکـەمین جـەنگی جیهانی زیاتر ئەو هەستە گەشەی دەکرد.

له ساڵی ١٩٢١دا (صلاح الدين ايوبى وەکو یەکەم شانۆگەری لەسەر شانۆی قوتابخانەی ئیسلامی له مووسڵ نمایشکراوه (ارشد افندى العمرى) ئەندازیاری شارەوانی دەریهێناوه)[١].

پاشـان لـه ناوەڕاسـتی بیسـتەکاندا چـەند تیپێکـی شـانۆیی عـەرەبی دامـەزراوە، دیارترینیـان مدرسـة التفـيض الاهليـة (١٩٢٤) و الفرقـة التمثيليـة الوطنيـة (١٩٢٧)، کـە هونەرمەنـدی پێشـڕەو (حقـى الشـبلى)له نیسـانی ١٩٢٧دا دایمەزرانـدووەو لـه ١٩٢٩دا، سەردانی شارەکانی هـەولێر و سـلێمانی کـردووەو چـەند شـانۆگەرییەکی نمایشـکردووە، لەوانه (صەلاحەدین ئەیوبی) و (هاملت)[٢].

(پیرەمێـرد)ی شـاعیر زۆر بـه توانـای ئـەو هونەرمەنـدە سەرسـام بـووە[٣]. بـەم پێیـە جووڵانەوەی شانۆیی عەرەبی له عێراقدا چ له ڕێگـەی سـەردانی ئـەو تیپانـه بـۆ شـارەکانی کوردسـتان و چ لـه ڕێگـەی قوتابیـانی کـورد لـه شـارەکانی بەغـداو مووسـڵدا هانـدەرێکی گەورەبووە بۆ بەرەوپێشەوەچوونی جووڵانەوەی شانۆیی.

**قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەکردنی شانۆی کوردی:**

دوا به دوای خستنه ڕووی ڕەوتی شانۆیی لای میللەتانی دراوسـێی کـورد و بـه حـوکمی بارودۆخی جوگرافی کوردستان و دابەش بوونی خاکی کوردستان به سەر عێراق و ئێـران و سووریا و تورکیادا بێگومان بزاڤـی شـانۆیی لای ئـەو میللەتانـه کاریگـەری بەسـەر پانتـایی ڕۆشـەنبیری کـوردی بـه گشـتی و شـانۆییش لەگەڵیـدا دیارە.هـەروەکو لـه پێشـەوە روون کرایەوە،یەکێ له بنیاتنەرانی شانۆی فارسی له ئێران شانۆکاری کوردی کوردستانی ئێرانـه بەناوی (مير سيف الدين كرمانشاهى)،له عێراقدا نمایشەکانی (بشاره واكيم) و تیپی نمایشی میسـری و تیپـەکانی بەغـدا کاریگەرییـەکی روون بەرچـاوی لـه ڕەوتـی شـانۆی کـوردی لـه کوردستانی عێراقدا هەیە، له تورکیایش له ڕێگـەی ئـەدەبی تـورکی، بـه تایبـەتی لـه دوای

---

[١]: احمد فياض المفرجى، الحياة المسرحية فى العراق، ص١٨ ٠

[٢]: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨، ٢٥.

[٣]: بڕوانه: ڕۆژنامەی ژیان، ژ٤٦٢، ١٤-١٢-١٩٣٥ ٠

سەردەمی (تنظیمات) و شۆڕشی (توركـە لاوەكـان)ەوە هـەلێكی لـە بـار بۆ هاتنـە كایـەی یەكەم دەقی شانۆی كوردی لە لایەن نووسەر و ڕۆژنامەنووس و شانۆنووسی كوردی توركیا عەبدولڕەحیم ڕەحیم هەكاری بە ناوی (مەمی ئالان)[1] هاتەكایەوە، لە هەمانكاتدا لە ڕێگـەی حاجی تۆفیق بەگ (پیرەمێـرد) ی شـاعیرەوە ئـەو كاتـە لـە ئـستەمبۆڵ لـە ژێـر كاریگـەری ڕەوتی ئەدەبی (سەروەتی فنـون) و شـانۆنامە نووسـەكانی ئـەو كاتـە دابـوو، ئـەم خولیـاو حەزە پاشان پاڵی بە (پیرەمێرد)ەو نا لە دوای گەڕانەوەی بۆ سلێمانی لـە دوای یەكـەمین جەنگی جیهانی زۆر بە پەرۆشەوە روو لە كەلەپوور و سامانی نەتەوەیی خۆی بكاو بیكاتـە كانگەیەكی ڕوون و گەش بۆ داهێنانە ئەدەبیەكانی خۆی لە نووسینی شانۆ نامەی مێژووی و فۆلكلۆری، كە ئەدیب و شـانۆنامە نووسـەكانی توركیـای سـەردەمی (تنظیمـات) پێـوەی ناسرابوون.

یەكێ لە سیما دیارەكانی ئەدەبی توركی بـە ماوەیـەك بـەر لـە چـوونی (پیرەمێـرد) بـۆ ئەستەمبۆڵ و تا چەند ساڵێكیش، كە ئەو لەوێ بوو، ئەوە بووە، كە (چیرۆكە میللییـەكانی چـیرۆكنووس و ڕۆژنامەنووسـیی تـوركی ئەحمــەد مەدحــەت ئەفەنـدی (١٨٤٤–١٩١٢) و ڕۆمانەكانی هەمان نووسەر، كـە ڕاسـتەوخۆ سـوودی لـە مێـژوو و كەلـەپووری نەتەوەكـەی وەرگرتبوو و بە زمانێكی سادەی جەماوەری دەینووسی جۆرێ لە خەیاڵ و ڕۆمانسییەتیشی پێـوە دیـار بـوو، پاشـانیش ڕێبـازی نەتـەوەیی، كەلـە ئـەدەبی توركیـدا بـە (ئـەدەبی نەتەوەیی)بـە ناوبانگـەو (چیاو گـوك ئالـب (١٨٧٥–١٩٢٤) و عمر سـیف الـدین (١٨٨٤ – ١٩٢٠) و فوئـاد كۆپرلـو (١٨٩٠–١٩٦٦) ئـەم نووسـەرانە (بـەدوای بابـەتی نـوێ لـە وڵاتـدا دەگەڕان، و بەتایبەتی لە ناو خەڵكی دەشتەكیدا) بڵاوكراونەتەوە.[2]

---

[1] دەربارەی ئەم شانۆگەرییە بۆ یەكەم جار دكتۆر كەمال مەزهەر ئەحمەد باسی كردوە، بڕوانە د٠كمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسی كوردیدا، ل٩٥، تێكستی ئەو شانۆگەرییەو لێكۆڵینەوەیەك دەربارەی نووسەر و شانۆنامەكە لە لایەن فەرهاد پیربال بڵاو كراوەتەوە، بڕوانە: گ" هیوا، ژ٦، ١٩٩٣، ل ٦٧-٧٣ ٠

[2] مختارات من شعر التركي، ترجمة: فاضل جتكر، ١٩٩٥، ص٦ ٠

تا ئێستا سەرەتای نووسینی شانۆی کوردی وەکو (تێکست)، تێکستەکەی نووسەری کوردی کوردستانی بن دەستی تورکیا (ع. ڕەحمی)یە، کە لە گۆڤاری (ژین) لەساڵی ۱۹۱۹دا بەناوی (مەمی ئالان) لە ئەستەمبوڵ بڵاوکراوەتەوە.[١]

ناوەڕۆکی ئەم شانۆنامەیە هیچ پەیوەندییەکی بە چیرۆکی فۆلکلۆری (مەمی ئالان) یان (مەم وزین)ەکەی (ئەحمەدی خانی)یەوە نییە،بەڵکو ڕەنگە لاکردنەوەیەك بێت بۆ هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە وەکو بەشێك لە کەلەپووری میللی کوردی، کە ئەو ڕۆژگارە لە (۱۹۱۱) بەدواوە ئەدەبی نەتەوەیی و کەلەپوور و مێژووی نەتەوەیی ببووە بەشێك لە سیماکانی ئەدەبی ئەو ڕۆژگارە،هەروەها لە خوێندنەوەی ئەو شانۆنامەیەدا بۆمان دەردەکەوێت،بیری یەکیەتی ئیسلامی،کە لە دوای ڕاگەیاندنی دەستووری دووەمی عوسمانی لە ۱۹۰۸ لە لایەن شاعیر و نووسەری تورك محمد عاكف ئارسۆ (۱۸۷۳-۱۹۳۹) سەرپەرشتی دەکراو کاریگەری بەسەر (ع. ڕەحمی)یەوە هەبووە، بۆیە پاڵەوانی شانۆنامەکە (مەم)، بووك (خەزال)بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە غەزا لە دژی گاوران و بە ئەرکێکی سەر شانی خۆی دەزانێ، هەروەها نووسەر هەر لە سەرەتای شانۆنامەکەیش دا نووسیویەتی:

(**تیاترۆیا کوردان فەزیلەتا کوردان نۆشی ددەت**)، کە پەیوەستی نووسەر لەو سەردەمەدا بە مەسەلەی ڕەوشت پێشان دەدات، کەلە هەردوو تێڕوانینی مەزهەبی و نەتەوەیی یەوەیە.

کەسەکانی شانۆنامەکە، بەم شێوەیە ڕیزکراون:

**مەمێ ئالان**

**لەوەند-هەڤاڵی مەمۆ، خولامی میر**

**چاڤڕەش - دایکا مەمۆ**

**خەزال- ژنا مەمۆ**

لە ڕووی بنەماکانی (پیەس) یشەوە،ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووەو بە قەڵەمی شارەزایەکی خاسیەتە هونەرییەکانی شانۆنامە نووسراوە،ئەو گفتوگۆ و ناکۆکی و یەکەتی

---

[١] دەربارەی ژیان وکەسایەتی ئەو نوسەرە، بڕوانە:د.فەرهاد پیربال، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژ۸۲۹، س۳، یەك شەممە ۱۹۹۵/۱۱/٦، ل٦.

کات و شوێن و بابەتەی لە درامای تراژیدیدا پێویستەو دراوەتە پاڵ (ئەرستۆ)وە بە ئاسانی هەستی پێ دەکرێ.ئەمەش ڕەنگە دەرئەنجامی تەوژم و ڕێبازە ئەدەبییەکانی ڕۆژئـاوا، بـە تایبەتی فەڕەنسە بێت، کە لەو ڕۆژگارەدا لە ناو ئەدەبیاتی تورکیدا پەرەی دەسەند.

لـــە **کـوردستانی عێراقـدا**، هێشتا بە تەواوی ساغ نەبۆتەوە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ و ماندووبوونی بێ وچان لە لایەن نووسەران و دڵسۆزانی بواری شانۆیی بەردەوامە، یەکێ لە گیروگرفتـــە ســـەرەکییەکانی ئەوەیە،زۆربـــەی مەکتـــەب و قوتابخانـــەکان لـــە شـــارەکانی کوردستاندا نمایشی شانۆییان (هـەر چـەند بـە شـێوەیەکی سـاکاریش بووبێـت) پێشـکەش کردووە.

بۆ نموونە قوتابخانەی یەکەمی هـەولێر لـە پـاییزی سـاڵی ١٩٢١ شـانۆیی (سـەلاحەدین ئەیوبی) یان بۆ چەند ڕۆژێك پێشکەش کردووە، لە پاش هەولێکی زۆر سەخت هەر ناوی ئەو چەند ئەکتەرەمان دۆزییەوە (عەبدوللا عەزیز کارگەچی، غەریب سەلیم، حسام الدین یحیی، عەبدول موتەڵیب سەید جەمیل، عەلی ئەدیب).(خەڵکێکی زۆر لە باوکانی قوتابیـان و پیـاوە دیار و ناسراوەکان و هونەر دۆستان ئامادە بوون.....)[1].

ڕەنگە ئەم شانۆگەرییە هەر هەمان ئەو شانۆگەرییە بێ،کە لەو ساڵەدا (١٩٢١)لـە لایـەن قوتابخانەی ئیسلامی لـە شـاری مووسـڵ نمـایش کـراوە لەلایـەن هونەرمەنـد (ارشـد افنـدی العمری) بۆ سەر شانۆ دەرهێنراوە،وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد،ئاساییە، بە تایبـەتی لـە ڕێگەی قوتابیەکانی شاری هەولێرەوە، کە لەوێ خوێندوویانە.

شـانۆی مەکتەبەکان،لەگـەڵ سادەییشـیاندا، نـاتوانرێ چاوپۆشـی لێ بکرێ،چـونکە لـە مێـژووی جووڵانـــەوەی درامـــای کـــوردی و عـــەرەبیش لـــە عێراقـــدا تـــا دوای دامەزرانـــدنی حکوومـەتی پاشـایەتی عێـراق تیپـی مۆڵـەت پـێ دراوی یاسـایی نەبوو،هـەر بۆیـە یاسـاو دەستووری دامەزراندنی کۆڕو کۆمەڵەکانیش لەو مێژووە بە دواوەیە.

دامەزرانــدنی (کۆمەڵـــەی زانســـتی کـــوردان) لەســـاڵی ١٩٢٦ لـــە شـــاری ســـلێمانی،خاڵی وەرچەخانێکی گەورەبوو لە مێژووی ڕۆشنبیری و خوێندەواری ئەو شـارە و کوردسـتانی عێـراق بـە گشتی.

[1] محمد تیمور، دەربارەی دراما رەخنە، گ" کاروان، ژ٤١، ل٦٤.

ئەم کۆمەڵەیە، لە پاڵ گرنگی دانی بە خوێندن و خوێندەواری، هەوڵی ئەوەیداوە، کە دەوری شیاوی خۆی لە بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسیی و هونەریشدا هەبێت.

کۆمەڵە بە تایبەتی مامۆستا فوئاد ڕەشید بەکر و کەریم سەعید زانستی چیرۆکی تەمسیلی (عیلم و جەهل) یان لە شانۆگەری (لولا المحامی)ی (سعید تقی الدین)ەوە وەرگرتووە و بە شێوەیەکی سادە و بێ دیکۆر نمایشیان کردووە.[1] ئەم شانۆگەرییەش هەروەکو دیارە تێکستەکەی وەرگێڕاوە و کوردی نییە وە لە ڕێگەی شاگردانی بەغداوە تەرجەمە کراوەو لە سلێمانی پێشکەش کراوە.

دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٢٧ دا شانۆگەری (نیرۆن)نمایشکراوەو کۆمەڵەی زانستی لە سەرووی هەموویانەوە (پیرە مێرد) زۆر گرنگی پێداوە، تەنانەت لە ڕۆژنامەی (ژیان)دا (اعلان)ی بۆ کردووە و تیایدا هاتووە:

(شەوی ئەم پێنجشەممەیە کە تەسادووفی٢٧ – ٢٨ی تەمووزی ١٩٢٧ ئەکات لە زانستیدا تەمسیلێکی ئەخلاقی و تەئریخی ئیجرا ئەکرێ. بۆ ئەوانەی بلیتیان وەرگرتووە جێی دانیشتن تەرتیب کراوە، مەئمووری تەشریفات بە پێی بلیت جێگایان پێشائەدا، جێ گۆڕین مەمنووعە. بلیت هەر بۆ یەك کەس کار ئەکاو لە پاش دانیشتن وەر ئەگیرێتەوە.ڕەجامان وایە رعایەتی ئەم مەوادە بفەرمورێ، ئەم مەوادە تەتبیق ئەکات).[2]

دوای پێشکەشکردنی شانۆگەریەکە، ڕۆژنامەی (ژیان)بە ناونیشانی (لە بینای زانستیدا تەمسیل) هەڵسەنگاندنێکی لەبارەی ئەو شانۆگەریەوە نووسیووەو ئافەرینیان لێ دەکات و دەڵێ:

(.........ئەسلی تەمسیلەکە بە پێنج پەردە زوڵم و ئیستبدادی ئەوەدا بە واستەی سیناتۆ ئیمپراتۆرانی ڕۆماوە نەجات دانی ڕۆماییەکانی تەمسیلی ئەکرد، لە پەردەی ئەوەڵدا

---

[1]: چەند سەرچاوەیەك باسی ئەم شانۆگەرییەیان کردووە، بڕوانە: حسن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، ل٥١.
کاوە احمد میرزا، دراسات عن الحركة المسرحية فى مدينة السليمانية، مجلة كاروان، ع ١٨، ص١٠٦ .
مصطفى صالح كريم، صفحات مشرقة فى مسار المسرح الكردى، القسم الثانى، جريدة العراق العدد ١٢١٩، ٢٨-١-١٩٨٠، ص٣ .

[2]: ڕۆژنامەی ژیان ژ٧٥، س٢، ١٩٢٧، ل٣، (بە ڕێنووسی ئەمڕۆ نووسیومانە).

موفەسەلەن بۆ ڕزگارکردنی میللەت قەراری مەجلیسی سیناتۆ، سپۆت حیشمەتی ئیمپراتۆر نیرۆن نیشاندرا)[1]

پاشان بەردەوام دەبێ: (........ئـەم تەمسیلە بـۆ ئەوانـەی کـە میقرۆبـی ئیسـتبداد و فیکـری زوڵـم و تەحـەکوممیان لـە کەللەدایـە دەرسـێکی ئـەخلاقی و عیبرەتێکـی تـەئریخی بوو).[2]

لەو شانۆگەرییەدا (مامۆستا فوئاد رشید (هەزار ئافـەرین بـۆ فیـداکاریت) دەوری شـاژن وە کریم زانستی نیرۆنی زۆر داری گێرا).[3] جێگەی سەرنجە هەر لە ساڵی ١٩٢٧ دا ڕۆژنامەی (ژیان)ئاماژە بۆ کۆمپانیایەکی بیانی دەکات، کە لە سلێمانی نمایشی پێشکەش کـردووە، و تیاترۆی ئەوان، کە چۆن زیـان بـە بـاری ئـابووری دەگـەیێنێ و لـە هەمانکاتـدا بـە کـارێکی پێویستیشی دەزانێ بۆ ڕزگاربوون لە خەم و پەژارە و ئاسوودەیی دەروون، دەڵێ:

(تیاترۆ !..... لەمەودوا تیاترۆیشمان ئەبێ!.... قۆمپانیایەکی قـەومێك کـە چەند ڕۆژێ لەمەو پێش هاتبوون و ئیشیان دەکرد، تەشەبوسیان بە جەلب و هێنـانی تـاقمێکی تیـاترۆ کـرد، و ئـەم تەشەبوسـیان خـورج خسـتە قـاڵبی تەتبیقەوە. ئێسـتا تـاقمی تیاترۆیـان هێنـاوە و موسـاعەدەیان ئیستیحسـال کردووە که یاری بکەن، ئێمە لێرەدا باسی ئەووە ناکەین کە ئەمە عەجـەبا بەسەر ئەخلاقی عموومیەدا چەنەوعە تەئسـیرێك ئەبەخشـێت، ئایا حوسـنی تەئسـیری هەیـە یـان سـوئی تەئسـیرە؟..... و ئایـا ئەمـە دزی یـەك بـە ئیقتسـادیاتی وڵات ئەگەیـەنێ یـان نـا؟..... بـەڵام ئەوەنـدە ئـەڵێن کـە مەملەکەت لەم موئەسەسانە خاڵی نابێ!.... و خەڵقی لە پاش ئیش و کـار و مەتاعیبی یەومی بۆ تـەتبیبی دەمـاغ و ئیراحـەتی نـەفس بـە ئـەم تەرحـە شتانە لزوم ئیحتیاجی یەك حس ئەکا).[4]

---

[1] ڕۆژنامەی ژیان ژ٧٦، س٢، ١٩٢٧، ل١، (بە ڕێنووسی ئەمرۆ نوسیومانە).

[2] س.پ، ل١ .

[3] غەفور میرزا کەریم، تەقەڵلایەکی دڵسۆزانە بۆ لەناوبردنی خوێندەواریی و کۆمەڵەی زانستی لە سلێمانی، ١٩٨٥، ل١٢٦.

[4] ڕۆژنامەی ژیان ژ٧٦، س٢، ١٩٢٧، ل٣، (بە ڕێنووسی ئەمرۆ نووسیومانە).

بۆمان ڕوون نەبۆوە ، کە مەبەست لەو کۆمپانیایە کوێندەری بوون و چیان نمـایش کردووە و لە کوێ و چەند ماونەتەوە و چەندان پرسیاری تر؟....... تەنیا ئـەوە نـەبێ کە (ئەحمەد دەنگ گەورە) دەڵێ: وەکو زانراوە چـیرۆکی شـانۆگەری (جوولەکـەی کـۆڵ گێڕ) لە نووسینی بوێژی بە ناوبـانگ شـێخ سـەلام لـە سـاڵی ١٩٢٢دا نووسـراوە . لـەو سەردەمەدا تیپی هونەری شانۆگەری میسری بە سەرپەرشتی (بشارە واکیم) بەرهەمی نوانـدنی لـە سـلێمانی و شارەکانی تـری کوردسـتان پێشـکەش کـردووە)،[١] بـەڵام ئـەم نووسینەی (ژیان) لە ساڵی ١٩٢٧ دا بڵاوکراوەتەوە نازانین ئایا ئەو تیپە لوبنانییـە تـا ئەو کاتە لە سلێمانی ماوەتەوە یان نا؟!

درامـای میسـری بـە سەرپەرشـتی (بشـارە واکـیم) بەرهـەمی نوانـدنی لـە سـلێمانی و شارەکانی تری کوردستان پێشکەش کردووە.

هەر لێرەشەوە دەمەوێ ئاماژە بۆ هەندێ تێکستی بڵاوکراوەی رۆژنامەی (ژیان) بکـەم، بە شێوەی شانۆیی نووسراون و لە رەگەزەکانی شانۆییان تیا بەدی دەکرێت.[٢]

لە ساڵی١٩٢٧–١٩٢٨دا کۆمەڵـەی زانسـتی کـوردان، شـانۆگەری (یۆلیـۆس قەیسـەر)ی پێشکەشکردووە (مامۆستایان رەمزی قەزاز و شوکرو سەید حەکیم– شارکە رەش و رەشید هەندێ تیپی تر دەوریان بینیوە، و لە هەمان سـاڵا– یـان بـە شـێوەیەکی وردتـر بڵـێین لـە ساڵی١٩٢٨–١٩٢٩ دا ئەم مەکتەبە چیرۆکی شانۆگەری (شۆڕشی فەرەنسا)ی چیشاندا، کە بەرێزان فایـەق بێکـەس و کـەریم زانسـتی و ا.ب هـەوری و خەسـرەوی حـاجی ئاغـاو.. زۆر هونەرمەندیتری شارەکە بەشداری یان کردووە).[٣]

لە ساڵی ١٩٣٠دا مەکتـەبی زانسـتی کچـان، دوو نمایشـی پێشـکەش کـردووە یەکـەمیان (مـرۆڤ ئــەوەی بچــێنێت ئــەوە ئەدورێتــەوە) و دووەمیــان (دایکێکــی جاهیــل) هــەردوو

---

[١]: ئەحمەد دەنگ گەورە، مێژووی شانۆگەری کوردەواری، رۆژنامەی هاوکاری، ژ١١٦، ١٩٧٢، ل٦٠.

[٢]: بڕوانە: شاکر فتاح، هاواری وگنە خۆشەویستەکەمان، رۆژنامەی ژیان، ژ٥٢، س٢، ٣ی شوباتی ١٩٢٧، ل٣- ٤.

گفتوگۆ نە افراط نە تفریط، لە نێوان (ع)و(م)، رۆژنامەی ژیان، ژ٦، س٢، ١٩٢٧، ل١-٢.

[٣]: حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، ل٥٣-٥٤.

شانۆگەرییەکە درامای فێرکردنن و لە بارەی ژیانی قوتابی و گرنگی خوێندەواری و کاریگەرییە بیروباوەڕی کۆن و دواکەوتوی بەسەر پەروەردەی منداڵ دایە.[١]

هەر لە هەمان ساڵدا جارێکی، تر شانۆگەری (صلاح الدین ئەیوبی) پێشان دراوە. لە ساڵی ١٩٣١ دا، شاری کۆیە هەر لە کۆنەوە شانۆگەری (نیرۆن) یان نمایشکردووە (عومەر عەبدوللا) و (سەید نەزیف) بەشداریان تیا کردووە، لە هەمان ساڵیشدا شانۆگەری (کچی کوردستان) یان نمایش کردووە، کە چەند هونەرمەندێکی شارەکە بەشداریان تێدا کردووەو ئەو شانۆگەرییە بۆ ساڵی دواتر ١٩٣١–١٩٣٢ [٢] لە هەولێر جارێکی تر پێشکەشکراوە (سەید نەزیف) دەوری (کچی کوردستان)ی دیوە.[٣]

دەربارەی ئەو شانۆگەرییە (عزەدین فەیزی) دەڵێت: (مامۆستا شێخ نەزیف بۆ یەکەم جار لە مێژووی شاری هەولێر شانۆگەری (کچی کوردستان)ی پێشکەشکرد، هەر چەندە بەربەرەکانێشی دەکرا، لە شوێنی (چێشتخانەی کۆماری)ی ئێستا، کە ئەو وەخت (چایخانە)بوو... واتە شانۆگەرییەکەی لەو چایخانە پێشکەشکرد. بەشداربووانی شانۆگەرییەکەش ئەمانە بوون، کاك فتاح جبار، کاك حیدر سلیم،بەخۆیشی دەوری کچی کوردستانی).[٤]

لە ساڵی ١٩٣٣ دا (ا.ب.هەوری شانۆگەری (دڵداری و پەیمان پەروەری)[٥] نوسیوەو لە هەمان ساڵدا نمایشکراوە. ئەم شانۆگەرییە باس لە خۆشەویستییەکی راستەقینە لە نێوان کچ و کوڕێکی گەنجی کۆمەڵی کوردەواری دەکات،کە ئامادەن لە پێناوی خۆشەویستی و ئەڤیندا، ئەو هەموو جەزرەبەو فیداکارییە بنوێنن. شانۆگەرییەکە سروشتێکی تراژیدیی

---

[١] مەغدید حاجی بە کورتی باسە ناوەڕۆك و نموونەیەکی کورتی لێ وەرگرتووە بڕوانە: مەغدید حاجی، ئافرەت لە شانۆی کوردیدا، بەغدا ١٩٨٩، ل٢٢٥-٢٧.

[٢] ساڵی پێشکەشکردنی ئەو شانۆگەرییە لای حەسەن تەنیا لە ساڵی (١٩٣٤-١٩٣٥)ە، بەڵام محمد تیمور راستی کردۆتەوە ساڵە راستەکەی نووسیوە(١٩٣٢) لە هەولێریش جارێکی تر نمایشکراوە بڕوانە: محمد تیمور، دەربارەی دراماو رەخنە، گ کاروان، ژ٤١، ل٧٢، هەروەها: گاهر احمد حەوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، ل ٢٤٨ .

[٣] محمد تەیمور، دەربارەی دراماو رەخنە، ل ٦٢ .

[٤] رۆژنامەی هاوکاری، ژ١١٧، ١٩٧٢.

[٥] ا.ب.هەوری، دڵداری و پەیمان پەروەری، چ٢، سلێمانی، ١٩٧١.

هەیـە، بـەڵام کۆتاییەکـەی بـە خۆشـی و زوڕنـای زەماوەنـدی هـەردووکیان کۆتـایی دێـت، نووسەری شانۆگەرییەکە خۆیشی دەوری تیا بینیووە.

لە ساڵی ١٩٣٥ دا لە شاری سلێمانی شـانۆگەری (سـەربازی ئـازا)، لەلایـەن شـاگردانی (کۆمەڵی زانستی)یەوە پێشکەشکراوە، لە بەشدارانی ئەو شـانۆگەرییە عبدالواحیـد نـوری و رەمزی قـەزاز و حامیـد فـەرەج و چـەند کەسێکی دی بـوون. دەربـارەی ئـەم شـانۆگەرییە (پیرەمێرد) لە رۆژنامەی (ژیان)دا دەڵێت:

(ئەم درامـە زۆر شـتی لێ دێتـە بەرهـەم، یەکـەمیان تەمسـیل ینعەتـەو زۆر پەسەندەو دووەم چاو لێ کـەری و پێـرەوی و لاسـایی مـەردانی نەبـەرد لـە مەعزوو ریشەی دڵی نەوجەواناندا بنج بەسـتی ئـەبێ، سـبەی رۆژی زۆر بـە ئارەزووەوە فیداکاری خاکە پاکەکەیان ئەکەن).[١]

پیرەمێرد ناوی لێناوە (سوپاهییەکی مەرد).لە هەمان ساڵدا (مەم و زین)، کە لە نوسینی (پیرەمێرد)ە، لەلایەن کۆمەڵەوە نمایش کراوە، نووسەر ئەوەندە سەرسام بـووە بـە جوڵـەو گفتوگـۆ و مامەڵـەی سـەرکەوتووی هونـەرییان لـە گـەڵ تێکسـتەکەو دابـەش کردنـی دەورەکانیانـدا ناچـار بـووە، بڵـێ لـە پەیەسـەکەی منیشـیان رەتـداوە، بۆیـە دوای پێشکەشکردنی تێکستەکە پیرەمێرد دەڵێ: (بەتەرەف داریی ناڵێین، بە چاوێکی تەنقیـد و تەدقیق ڕوانیومانە ئەتوانین بڵێین هێشتا تەمسیلی وا لێرەدا نەکراوە)[٢].

لە ساڵی ١٩٣٦دا چیرۆکی شـانۆگەری (مـەحموود ئاغـای شـیوەکەل)٣ی پیرەمێـرد لـە لایـەن کۆمەڵـەی زانسـتییەوە دواتـریش لـە ١٩٣٧دا (شـەریف هەمەوەنـد)ی پیرەمێـرد نمایشکراوە، هەردوو شانۆگەرییەکەی پیرەمێرد لـە مێـژووی نەتەوەییمانـەوە وەرگێـراون و پیرەمێـرد بـە شـێوەیەکی هونـەری دایڕشـتووەو کردوونـی بـە شـاکارێکی هوونـەری و ناوەڕۆکەکەشـی پەنـد و عیبرەتێکـی باشـە بـۆ لاکردنـەوە بـە لای بەرهـەمی نەتـەوەیی و

---

[١] رۆژنامەی ژیان، ژ٤٢٦، ١٢-١-١٩٣٥.

[٢] رۆژنامەی ژیان، ژ ٤٦٣، ١٩٣٦٠ تێکستی هەر دوو نوسینگەی رۆژنامەی (ژیان) دەربارەی هەردوو شانۆگەری (سەربازی ئازا) و (مەم و زین) جارێکی تر لە گ کاروان، ژ٤٩، س ٥، ١٩٧٦ ، لە لایەن یاسین قادر برزنجی، ل٦٣، ٦٤ بلاو کراوەتەوە.

[٣] پیرەمێرد، محمود ئاغای شیوەکەل، چ٢، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، ١٩٨٥.

هۆشیاری نەتەوەیی، کە ئومێدی ڕابردوو و ئێستای میللەتی کوردە، لەو دوو شانۆگەرییەدا پەنجە بۆ توانای شاعیرو و هونەرمەندی بە توانا (حاجی باقی بەنگینە) درێژدەکەین، تەنانەت لە چیرۆکی (مەم وزین) یشدا کە نمایش، پیرەمێرد ستایشی ڕۆڵی ئەو هونەرمەندە دەکات لە دەورەکەیدا.

دوا شانۆگەری ئەو قۆناغە، نمایش شانۆیی (ئافاتی تاعوون لە ناو حەیواناتا)یە، کە لە نووسینی (شێخ سەلام)ی شاعیر و لە ساڵی ١٩٣٧–١٩٣٨ لە لایەن قوتابی قوتابخانەی (فەیسەڵی کۆن)ەوە پێشکەش کراوە[١].

بەم شێوەیە یەکەمین قۆناغی شانۆی کوردی، قۆناغی سەرهەڵدانو چەکەرەکردن و نەشونماکردنی ئەو هونەرە ژیاری و شارستانییە، کە دواتر لە مێژووی درامای کوردیدا بووە سەرچاوەو هاندەرێکی باش بۆ بەرەوپێشەوەچوونی ئەو هونەرە.

**ئەنجـــام:**

لە ئەنجامی ئەم لێکۆلینەوەیەدا گەیشتینە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. مێژووی شانۆی کوردی، مێژوویەکی کۆنی هەیەو بە تەواوی ساغ نەکراوەتەوە، بەڵام ئەوەی تا ئێستا تێکستەکەیمان لە بەر دەست دابێت پیەسی (مەمی ئالان)ەکەی عەبدولرەحیم رەحمی هەکارییە، کە لە ١٩١٩دا لە گۆڤاری (ژین) لە ئەستەمبوڵ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام وەکو نمایش لە کوردستانی عێراقدا لە ساڵی ١٩٢١ لە هەولێر شانۆگەری (سەلاحەدینی ئەیوبی) لەلایەن هونەرمەندانی کوردەوە نمایشکراوە.

٢. رەخنە گرەکان بە شێوەیەکی گشتی دوو دیدو بۆچوونی جیاوازیان بۆ سەرەتای درامای کوردی هەیە، هەندێکیان دەیگەڕێننەوە بۆ پێش زایین (سەردەمی میدییەکان)و هەندێکیشیان مێژووی درامای کوردی بە سەرەتای ئەم سەدەیە دەستنیشان دەکەن، بەڵام ئێمە رەگ و ریشەی درامای کوردی لە فۆلکلۆرو کەلەپووری کوردیدا دەبینین، بەڵام روانیمان بۆ بزووتنەوەی شانۆی کوردی (بە چەمکی ئەوروپی) بۆ سەرەتایی ئەم سەدەیە دەگەڕێتەوە بەتایبەتی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی.

٣. دراما و شانۆی کوردی لە ژێر کاریگەری دراماو شانۆی میللەتی دراوسێ دا هاتۆتە کایەوە و لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا رۆشەنبیری شانۆیی ئەو میللەتانە کاری

[١] حەسەن تەنیا، (شانۆ و شانۆی کوردەواری)، ل ٥٧.

تێکـردووە٠ ئەگـەر چـی هـەوڵی تاکـە کەسـی هونەرمەنـدی کـورد لـە ئێرانـدا، وەکـو بنیاتنانەوەی شانۆیی ئێـران لـە سـەرەتایی ئـەم سـەدەدەیە گـەواهی بـۆ دەدرێ، بـەلاّم بوونی زمانی فارسی و تورکی و ئازەری و بەکارهێنانی لـە نمایشـدا نـاتوانین بـە تـەواوی بڕیاری هونەری کوردی وەربگرین، بـۆ نموونـە مـیر سـەیفەدین کرمانشـاهی، علـی اصـغر گەرمەسێری، سەرهەنگ احمد علی زەند لەو هونەرمەندانەن٠

٤. کۆمەڵەی زانستی کوردان لە سلێمانی (١٩٢٦)و رۆژنامـەی (ژیـان)و پیرەمێـرد لـە سەرووی هەموویانە دەورێکی دیارو بەرچاوی لە قۆناغی یەکەمی شانۆی کوردیدا دیوە، بە هاندان ورەخنەی گەنجەکانی کۆمەڵە و نووسین لە رۆژنامەی (ژیان)داو نووسـینی تێکسـتی شانۆیی بە کاریگەری شانۆنامەنووسی تورك لە ئەستەنبۆڵ سوودی لێ بینی بوون٠

٥. فوئاد رەشید بەکرو کەریم زانستی و رەمزی قەزاز و فایـەق بێکـەس و بەنگینـەی شاعیر و شێخ نوری شێخ جەلال و ا٠ب٠ هەوری و عبدالله عزیـز کارگەچـی و شـێخ نـەزیفی کۆیی (طاهر صادق) و چەندین هونەرمەنـدی دی، وەکـو نوانـدن و وەرگێـڕان و دەرهێنـانی شانۆیی سەر دەستەی یەکەمی شانۆیی کوردین٠

٦. لە قۆناغی یەکەمی شانۆی کوردیدا، پیاو دەوری ژنی دیوە و جل و بـەرگی ژنـانی پۆشیوە، ئەمـەش بـە تـەنیا هـەر کێشـەی شـانۆی کـوردی نـەبووە، بـەڵکو لای میللـەتانی موسڵمانی دراوسێش هەر وابووە، لە ئێرانیٚ مەدام پەری ئاغا بابیان لە ساڵەکانی یەکـەمین جەنگی جیهانی بەدوواوە بەشداری شانۆیی کردووە، لای عەرەبەکانیش لە بیستەکانی ئـەم سەدەیە بەدوواوە بووە٠

٧. وەکـو لـەناو نیشـانی شـانۆگەرییەکاندا دیـار دەکـەوێ، لـە قۆنـاغی یەکەمـدا بـە شـێوەیەکی گشـتی ناوەڕۆکـەکانیان لـە مێـژوو و فۆلکلـۆری نەتەوەییـەوە وەرگێـراون و زۆربەیان وەکو وانەیەکی رەوشت و هاندان و بەرزکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی بوون٠

٨. مەکتەبی زانستی کچانیش بۆ یەکەمجار لە مێژووی شانۆدا دوو درامایان پێشکەش کردووە، کـە ناوەڕۆکەکـەیان فێرکـردن و گرنگـی دان بـە خوێنـدەواری و شـیکارکردنەوەی نەوەی نوێی کچان بوو٠

## سەرچاوەکان

### أ: بەزمانی کوردی:

– ئەحمەد غەفور، شانۆ و نەتەوەی کورد، گ" نووسەری کورد، ژ۱، ۱۹۷۱.

– پیرەمێرد، مەحموود ئاغای شیوەکەڵ، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی،۱۹۸٥.

– پیرەمێرد،لە بینای زانستیدا تەمسیل،رۆژنامەی ژیان،ژ۲،۷٦ی ئاغۆستۆسی۱۹۲۷.

– پیرەمێرد، تمثیل، سەرگوزشتە نمایی، بەغدا، ۱۹۸٥ ۰

– حەسەن تەنیا، شانۆ و شانۆی کوردەواری، بەغدا، ۱۹۸٥ ۰

–حسین عارف،چیرۆکی شانۆی کوردی لە نێو ڕیردوودا، گ"بڵێسە، ژ۱۱،سلێمانی، ۱۹٦۰.

– سەلام فەرەج،کەسایەتی لە درامای کوردیدا،کۆلیژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەدین، ۱۹۹۰، (نامەی ماجستێر)۰

–شاکرفتاح،هاواری وطنە خۆشەویستەکەمان، رۆژنامەی ژیان، ژ٥۲٥، س۳،۲ی ۱۹۲۷.

– طاهر احمد حوێزی، مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ۱۹۸٤ ۰

– عبدالرزاق بیمار، کوردو شانۆ، گ پێشکەوتن، ژ۱۷، بەغدا،۱۹٥۸.

– غەفور میرزا کەریم، تەقەللایەکی دڵسۆزانە بۆ لە ناو بردنی نەخوێندەواری و کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی، بەغدا، ۱۹۸٥ ۰

– د۰فەرهاد پیربال، کورتە پێشەکییەك بۆ سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، گ" هیوا، ژ۸، ماریس، ۱۹۹۳ ۰

– د۰فەرهاد پیربال،ع۰رەحمی هەکاری، کوردستانی نوێ، ژ۸۲۹، س۳، یەکشەممە٦/۸/۱۹۹٤.

– فاضل عبدالله قصاب، ئاوڕێك لە سەرەتای شانۆ،هاوکاری، ژ۱۰٦،٤ی ئازاری ۱۹۷۲.

– د۰کمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە رۆژنامەنووسی کوردیدا، بەغدا،۱۹۷۸.

– مەغدید حاجی، ئافرەت لە شانۆی کوردیدا ،بەغدا، ۱۹۸۹.

– محمد تیمور، دەربارەی دراما و ڕخنە، گ کاروان، ژ٤۱، ۱۹۸٦.

– محمد تەیمور، ، نەورۆز و شانۆی نەورۆز، گ ئۆتۆنۆمی، ژ۱، س۱۱ ۱۹۸٦

- هەوری. أ. ب. دڵداری و پەیمان پەروەری، چ٢، سلێمانی، ١٩٧١.
- یاسین قادر بەرزنجی، دوو شانۆگەری ساڵی ١٩٣٥، لە سلێمانی، گ کاروان، ژ٤٩، س٥، تشرینی یەکەمی ١٩٧٦.
- ڕۆژنامەی هاوکاری، ژ١١٧، ١٩٧٢.

**ب: بە زمانی عەرەبی:**

- احمد فياض المفرجي: الحياة المسرحية فى العراق، بغداد، ١٩٨٨.
- د.أحمد كمال زكى: دراسات فى النقد الادبى، ط٢، بيروت، ١٩٨٠.
- اكمل الدين احسان، مختارات من القصة القصيرة، القاهرة، ١٩٧١.
- د.بدوى طبانة: النقد الادبى عند اليونان، بيروت، ١٩٨٦ .
- س.و. داوسن: الدراماوالدرامية، ترجمة جعفر صادق الخليلى، بيروت، ١٩٨٠.
- د.على جواد الطاهر:من حديث القصةوالمسرحية، بغداد، ١٩٨٨.
- كاوة احمد ميرزا: دراسة عن الحركة المسرحية فى مدينة السليمانية، مجلة كاروان، ع١٨٠، س٢، ١٩٨٤.
- د.محمد غلاب:مصابيح المسرح الاغريقى،القاهرة(سنة الطبع بلا).
- مجموعة من المؤلفين:مختارات من الشعر التركى،ترجمة فاضل جتكر، دمشق،١٩٩٥.
- م.س كوركينيان: الدراما، ترجمة الدكتور جميل نصيف التكريتى، بغداد، ١٩٨٦
- مصطفى صالح كريم: صفحات مشرقة فى مسارالمسرح الكردى، جريدة العراق، الاعداد: (١٢١٦، ١٢١٩، ١٢٢٢)، ١٩٨٠.

**ج - بە زمانی فارسی:**

- حميد سالوك، چند گفتار پيرامون پنچ نمايشنامەى ميرزا تبريزى، تبريز، ١٣٥٧
- على أشرف درويشان: أفسانەها، نمايشنامەو بازيهاى كردى، ج٢، تهران، ١٣٦٧.
- د.محمد استعلامى: بررسى ادبيات أمروز، دفتر تخست، چ٣، تهران، ١٣٥١.
- محمدرضا فرهنگ:ميرسيف الدين كرمانشاهى، مجله(ئاوێنه) ش (١٨،١٧) ، ١٣٧٣.
- مجله خواندنيها، شماره ٥٢، تهران، ١٣٣٦ .
- د.يحيى ارين پور: ازصبا تا نيما، (تأريخ ١٥٠سال ادب فارسى)، جلد(١، ٢) چ٤، تهران، ٢٥٣٥.

# بنەما هونەرییەکانی دەقی شانۆی منداڵانی کورد (١٩٧٠ـ٢٠٠٥)

زانکۆی سەلاحەددین_هەولێر

Salahaddin university Erbil

# بنیاتی دەقی شانۆی منداڵانی کورد

# (٢٠٠٥-١٩٧٠)

# (کرمانجی خواروو)

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردە کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین هەولێر وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردی

لەلایەن

**ڕەنجدەر ئازاد عەزیز**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی–زانکۆی کۆیە–٢٠١٢

بە سەرپەرشتی

**پ.د.هیمداد حوسێن بەکر**

تشرینی یەکەم ٢٠١٦

**پێشەکی**[1]

لەسـاڵی(١٩٧٠بـەدواوە)، کۆمـەڵێک نووسـەر لـە بـواری شـانۆی منـداڵان دەرکـەوتن، لـەو مەیدانـەدا دەسـتیاندایە نووسـین و چەنـدین دەقـی شـانۆیی تایبـەت بەمنـداڵانیان بڵاوکـردەوە، لێـرەدا هـاتووین ئـەو لێکۆڵینـەوەمان بـۆ لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی بنەما هونەرییەکانی نێو ئەم دەقانە تەرخانکردووە، کە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠ـ٢٠٠٥) بۆ منداڵانی کوردیی ناوەڕاست نووسراون .

هۆی هەڵبژاردنی:

١ـ دەقی شانۆی منداڵان لەچاو دەقی (چیرۆک و شیعر)ی منداڵان لەئەدەبی کوردیدا گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوە، چ وەک لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ،چ وەک نووسین و بڵاوکردنەوە .

٢ـ بە کەم سەیرکردن و گوێنەدانی نووسەرانی کورد بەئەدەبی شانۆی منداڵان لەئێستادا، بە بەراورد بەساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان یەکجار کەمبۆتەوە، ئەگەرچی ئەوسا ژمارەیەکی کەمیان لێ بڵاودەکرایەوە، کەچی لەئێستادا ئەو هەموو سەرچاوەی چاپ و بڵاوکردنەوەمان هەیە، بەڵام گرنگی ئەوتۆی پێنادرێت. ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە، ڕوونکردنەوەی بایەخ و سوودەکانی ئەو جۆرە ئەدەبەیە بە نووسەران و خەمخۆرانی بواری ئەدەبی منداڵان، هاندانیان بەرەو خزمەتکردنی زیاتری منداڵان، بە لەبەرچاوگرتنی لایەنی دەروونی و قۆناغەکانی تەمەنی منداڵان .

**بنەما هونەرییەکانی دەقی شانۆی منداڵانی کورد (١٩٧٠ـ٢٠٠٥):**

هەر جۆرێک لە جۆرەکانی ئەدەب پێکهاتە و بونیادێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەسەری دادەمەزرێت دەقی شانۆش وەک هەر دەقێکی تری ئەدەب لەسەر کۆمەڵێک ڕەگەزی هونەری دامەزراوە، هەر یەکە بەئەرکی خۆی هەڵدەستێت، بەیەکەوە بەشێوەیەکی تۆکمە یەکتری تەواو دەکەن، بەم پرۆسەیە دەوترێت پرۆسەی بونیادێکی دەقی شانۆیی، کە **"جەستەیەکی درامیی تەواو، کە لەچەند ڕەگەزێکی ڕێکوپێک دروست دەبێ، تاوەکو**

[1]: بە هاوبەشی لەگەڵ م.ڕەنجدەر ئازاد لە نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی( بنیاتی دەقی شانۆی منداڵانی کورد ١٩٧٠ـ٢٠٠٥

**کاریگەرییـــەکی دیـــاریکراوی لەســـەر بینـــەران هـــەبێت**" (یاســـین قادربەرزنجی،٢٠٠٨،ل٢٠)، ئەم ڕەگەزانەش بریتین لە:

(بیرۆکـە ← بابـەت ← ڕووداو ← کەسایەتی ← ململانـێ ← دیـالۆگ ← کات و شوێن) ← چنین

یـەک بـەدوای یـەک بەشـێوەیەکی زنجیرەیی بەشـداری لـە بونیـادی دەقـی شانۆیدا دەکەن. سەرجەمی ئەو ڕەگەزانە لە گشت دەقێکی شانۆییدا هـەن، جا ئەو دەقە بۆ گەورە نووسرابێت، یاخود منداڵ، لەسـەر ئـەو بنەمایە هاتووین دەربـارەی چـەمک و پێناسـەی هـەر ڕەگـەزێک دواویـن و دواتـر بەسـەر جەسـتەی ئـەو دەقـە شـانۆییانەدا پراکتیزەمـان کردوون،کـە لـەو قۆناغـە مێژووییـەدا، لـە لایـەن نووسـەرانی کـوردەوە بـۆ منـداڵانی کـورد نووسـراون،خاڵی لاوازی و بـەهێزی هـەر دەقێـک خـراوەتـەڕوو لەچۆنیـەتی مامەڵـەکردنیان لەگـەڵ هـەر ڕەگەزێکـدا، بـەپێی ئـەو خەسـڵەت و تایبەتمەندییانەی، کە پێویستە لەگەڵ منداڵدا بگونجێنرێت.

## _ بیرۆکە و بابەت: Motif_Theme

نووسـەر لـە ئـەنجامی ئەزموونـەکانی ژیانیدا شت گـەلێکی زۆر دەبینێت و تاقیاندەکاتـەوە، ململانێیـان لەگەڵـدا دەکـات، دەبیسـتێ و دەبینـێ، لەگـەڵ دەورووبەرەکـەی ئاشـنادەبێت و شـارەزایی بـاش پەیـدادەکات، لەنێوانیانـدا شتێک یان ڕووداوێک یان دیاردەیەکی ناو کۆمەڵ سـەرنجی ڕادەکێشـێت و دەیوروژێنێت، لەمێشکیدا پەنگ دەخواتـەوە و دەیهێنێ و دەیبا، بیرۆکەیەکی لـێ دروسـت دەکـات، دواتـر هەوڵـدەدات لـەچوارچێوەی دەقەکەیـدا ،گیـانێکی درامی بەبـەردابکات، ئەمـەش دەبێتە یەکەم هـەنگاوی نووسـەر لـە نووسینی دەقە شانۆییەکەیدا، هەروەها پێویستە نووسەر لـە نووسینی دەقەکەیدا پشت بەبیرۆکەی گونجاو و سەرنجڕاکێش ببەستێت

ئەگـەرچی بیرۆکـە و بابـەت لـەڕووی واتـاوە جیاوازیـان زۆرە، بیرۆکـە سەرچاوە و نەخشە ڕێگا و سەرەتاکانی دروستبوونی هەر کارێکی ئەدەبییە، هـەرچی بابەتـە مەبەسـتە گشـتییەکەیە، کـە لەپێکهاتـەی هـەر دەقێکـی ئەدەبیدا

دەردەکەوێت(سیماداد،١٣٨٥،ص٢١٩)، بەڵام هەمیشە لەنێو دەقدا یەکدەگرنـەوە و ناتوانرێ لەیەکتری داببڕێن، چونکە نووسەر بەرلەوەی دەقەکەی بنووسێت بیرۆکەیەکی هەیە، ئەم بیرۆکەیە بابەتێکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، یانیش نووسـەر خـۆی بابـەتێکی دەخاتـە پـاڵ "بابـەتیش بـەهۆی خولْقانـدنی ڕووداو دەخرێتـەڕوو، بـەو مانایـەی ڕووداو شـێوە ئەندازەیەکـە بـۆ پێشکەشـکردنی بابەت"(عەبدوڵلا رەحمان،٢٠١١،ل٣٢١)، دوای ئەمە نووسـەر دێت بیرۆکەکەی دەکات بەچەقی دەقە شانۆییەکەی و سەرجەم ڕەگەزەکانی تریشی بەدەوریدا دەخولێنێتـەوە، کەواتە"بیرۆکـە کرۆکـی درامایـە و خـاڵی دەسـپێکردنی دەقـە و بزوێنـەری هـەموو ڕەگـەزەکانی تـری درامایـە ئامـانجی درامـا وێنـە کێشـانی بیرۆکەیە"(پەروین عەبدوڵلا،٢٠٠٦،ل٥٤)، کەواتـە "بیرکردنـەوەی چـاک بناغـەی نووسینی چاکە"(ئیبراهیم سمۆ،٢٠٠١،ل٨٦)، هیچ دەقێکی ئـەدەبی بـەبێ بـوونی بیرۆکە نایەتە کایەوە،

مەرج نییە هەموو کات نووسـەر بیرۆکە و بابـەتی ئامادەبێت لە دارشتنی دەقەکەیـــدا، بـــەڵکو هەنـــدێجار نووســـەر بابـــەتی ســـەرەکی دەقەکـــەی دەخاتـــەڕوو،ئینجا کەســـایەتی و ڕووداوەکـــان ... دادەڕێژێـــت، هەنـــدێ نووسـەریش هەیـە لەسـەرەتاوە بیرۆکـەی نییـە، بـەڵکو چەنـد کەسـایەتییەک دەهێنێت و کەسیەتی جیاجیایان پێدەدات و ڕووبەڕووی یەکترییان دەکاتەوە،

لەئەنجامی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە ڕستە و وشـە لـەنێوان کەسایەتیەکان دێنێتەکایـەوە، بـەم شـێوەیە ململانـێ و ڕووداوەکـان خۆیـان بابـەت دروسـت دەکەن .

نووسـەر بـەر لەدەسـتپێک پێویسـتە پرسـیاربکات، کـە چ بابـەتێک دەبێـت هـەڵبژێرێت ؟بیرۆکـە و پلانـی سـەرەتای دەقەکـە چییـە ؟بـۆچی پلانـی سـەرەتا گرنگـی هەیـە ؟و ... ،ئەمانـە هـەموو ئـەو پرسـیارانەن، کـە دەبێـت نووسـەری شـانۆی منـداڵان بیانکـات، چونکـە منـداڵان وەک گـەوران نـین، نابێـت هـەر بابـەتێکی پـێ خۆشـبوو بیکـات بـە بابـەتی دەقەکـەی، چونکـە منداڵان دونیـای تایبەت بەخۆیانیان هەیە و هـەموو بابـەتێک سـەرنجیان ڕاناکێشـێ، جگـە لەمـە هەڵبژاردنی بابەتی دەقەکەش لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر دەگۆڕێت بـەپێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵەکە .

لـە دەقی شـانۆی منداڵانـدا بۆ هـەڵبژاردنی بابـەت و بیرۆکـەی دەقـەکان، پێویستە نووسەر لەناو جەرگەی منداڵدا بژی و بیرۆکە و بابەتی دەقەکەی لـە ژیانی ئەوانەوە وەربگرێت، زۆرێک لە نووسەرانی شانۆیی منداڵ، لـە دونیای منداڵان یا لـەتێڕوانینی زهنـی منداڵێکـەوە دەنووسـن، نووسـەر کـە نـەتوانێت خـۆی بێنێتـەوە ئاسـتی منداڵی، ئـەوا ئـەو نووسـەرە ناتوانێت دونیـای منـداڵ بەباشـی تێبگـات، بێگومـان ناتوانێت نووسـەرێکی باشـی منـداڵ بێت، نابێت هەوڵبدات بیرۆکە و بیروباوەڕی تایبەتی خۆیان بەسەردا بسەپێنێت، هەروەها زۆربـەی زۆری شـانۆگەرییەکانی حـەفتا و هەشـتاکان نمایشـکراون "هـەوڵ دراوە ڕەخنەی حزبی و سیاسی بەزاری منداڵەوە بڵێن، کە ئەمـەش شـێواندن و تێکـدانی جیهـانی پـاک و بێگـەردی منداڵانە"(نیگارحەسـیب قـەرەداغی، ٢٠٠٢،ل١٢٦)، چونکـە "گـەلێک جـار بیرۆکـە بەشـەپۆلەکانی ڕووداوەکـان و خەیاڵـەکانی پاڵەوانـەکان داپۆشـراوەو بەزەحمـەت خوێنـەر بـۆی جیادەکرێتەوە"(شـوکریە ڕەسـوڵ،١٩٨٩،ل١٥٧)، وەک لـە دەقی شـانۆی منداڵی (داپیرەی دانـا)ی (سـمکۆ ناکـام)دا دەبینرێت، نووسـەر بیرۆکەیـەکی هەیـە لـەو ژینگەیەدا سەرچاوەی گرتووە ،کە دەقەکە تێیدا لـەدایکبووە، چیرۆکی دەقەکە بـاس لەوەدەکات،(لـە دارسـتانێکدا کۆمـەڵێک ئـاژەڵ بەیەکـەوە دەژیـن، بـەڵام بـوونی (ڕاوچی)یـەک لەدارسـتانەکەدا تـەنگی پێهـەڵچنیون،بێهێزی پاشـا (گـا)و ناپاکی(جرج و شـەمشـەمە)ش کارەکـەی زیـاتر لـێ ئـاڵۆز کـردوون)، نووسـەر هاتووە بیرۆکەکەی بەسەرجەم دەقەکەدا بڵاوکردۆتـەوە، هەوڵیداوە بیرۆکـەی نەتەوایـەتی و خـەباتی چەکـداری ببەسـتێتەوە بـەدونیای منداڵەوە،کۆمـەڵێک بابەتی پەندوئامۆژگاری لەدەقەکەیدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ خستوەتەڕوو، ئـەوەی جێگـەی سـەرسـوڕمانە مەبەسـتی نووسـەر ناپاکی و خـەباتی میللـەتی کوردە، بەڵام بوونی سانسۆرو چاودێری بـەهێزی لەسـەر دەقـەکانی سـاڵانی حـەفتا، نووسـەری ناچـارکردووە لەڕێگـەی شـانۆی منداڵانـەوە پەیامەکـەی بگەیەنێت .

دەقە شانۆییەکە پڕاوپڕە لەپەندو ئامۆژگاری و لەسـەر بنـەمای ئازایـەتی و قارەمانی دامـەزراوە چێژی زۆر بـە منداڵانی (٩ - ١٢)سـاڵان دەبەخشـێت، کـە

یەکێکە لەبابەتە هەرە گرنگەکانی شانۆی منداڵان، دەتوانین لە ڕێگەی ئەم دەقەوە کۆمەڵێک پەند بگەیەنین بە منداڵ :

ئـ ـ کاتێ ڕاوچی (سوێسکە) بریندار دەکات ،سەرجەم ئاژەڵەکان چاوەڕێی پاشا (گا) دەکەن :

( گا : چی یە ئەوە ،لە چی زیزبوون ؟ بەمروموچ وا بۆم ڕیزبوون .

شێر : قوربان ڕاوچی .

گا : ڕاوچی ، .. ئێ .. چی ؟

شێر : ئەو ناپیاوە ئەمرۆ سوێسکەخانی پێکاوە .

گا : خەتای ئێوەیە خۆتان توش ئەکەن نەمووت خۆتانی پیشان مەدەن ؟ سوێسکە خۆی گێژە ! فرمێسکی بۆ مەڕێژە، سوێسکە گەمژە .)

(بەیان،ژ٥٧،ل٧)

لەم پارچە گفتوگۆیەدا نووسەر لەسەر زمانی ئاژەڵان بە ناڕاستەوخۆی دوو ئامۆژگاری دەگەیەنێت، نووسەر دەیەوێت بڵێت بێ هێزی و ترسنۆکی پاشا هەمیشە پاشای ناچارکردووە بڵێ :(( دەست بەکڵاوەکەتەوە گرە با (با) نەیبا ))، جگە لەمە نووسەر دەیەوێت شتێکی تر بخاتەڕوو ئەویش ئەوەیە: (ئەوەی بەرز بفڕێ نزم دەنیشێتەوە)،خۆبەگەورە زانی و لووتبەرزی پاشا وایکرد پاشا پلەوپایەیی خۆی لەدەست بدات .

ب ـ پاش ئەوەی ئاژەڵەکان لەتواناکانی پاشا بێ هیوابوون، بەشوێن چارەسەرێکدا بوون بۆ ڕزگاربوونیان لەڕاوچی :

(پڵنگ : ئاخ و داخ ! چاک گیرمان خواردووە

شێر : هەر ئەبێ ڕێگایەک پەیدابکەین ...

مەیمون : ئەی بۆ لە پاشای بلیمەتمان نەپرسین ئەو ڕێگایەکمان بۆدانێ .

ڕێوی : ئەو خوائەکا توشی فەرتەنەیەکمان ناکا ،قەیناکا ڕاوێژی پێ ناکەین)

(ل٩)

لێرەشدا نووسەر دەیەوێت بڵێت:(سەرت نایەشێ پرێچکەی لێ مەبەستە)،ئەگەرچی مەبەستی نووسەر زۆر لەوە گەورەترە، بەڵام دەیەوێت وا لەمنداڵ بگەیەنێ هیچ کات پشت بەکەسێ مەبەستن، کە شایەنی پشت پێ

بەسـتن نـەبێت، چونکـە بـوونی ئـەو کەسـانە هەمیشـە زیانیـان زۆرتـرە لـە سوودیان .

٣ـ دوای ئـەوەی (شـەمشـەمە و جرج) دەبن بـەناپاک و داروودەستـەی ڕاوچـی، لێرەشدا نووسەر ئامۆژگاری و پەندی زۆر جوان دەدات بەمندالّ :

( هەلّۆ : چاوم لـێ بوو بەجووتـە چونـە بـەردەم ڕاوچـی و تـۆزێ چپـەچپیان لەگـەلّ کـرد ئینجـا ڕاوچـی چـووە سـەرداریٚکی بـەرز و تیروکەوانەکـەی بەدەستەوە گرت ،ئەو دارەی بەسەربانی بن شۆڕەبی یەکاندا ئەی ڕوانی .

کەرکـەدەن : مـن هـەر لەهەوەلّـەوە چـارەی ئـەم دوو پیسـەم بـەدلّ نـەبوو .) (ل١٠)

ئامۆژگاری لـەم گفتوگۆیانـەدا، کورد وتـەنی ((دار کرمـی لـەخۆی نـەبێت هـەزار سـالّ تەمـەنی یـەتی))، پـەیامی نووسـەر بۆمندالّ ئەوەیـە، کاتێ لەگـەلّ یـەکتری دا هـاوڕێن، بـا هاوڕێیـەتی یەکـەتان لەسـەر بنـەمای دلّسـۆزی بێـت، دوور لەناپاکی .

٤ـ هـەروەها کـاتێ ئاژەلّـەکان پـلان دادەنـێن، بۆئـەوەی (تیروکەوان)ەکـە لـە ڕاوچی جیابکەنەوە، کێشـەیەکیان دێتەڕێ، ئـەویش ئەوەیـە کێ تیروکەوانەکە لەدەستی ڕاوچی جیابکاتەوە

(سوێسکە : جا کێمان ئەتوانێ دەستی ڕاوچی لەکاربخات .

هەنگە زەرد : من !! ) (ل١٠)

ئەمـەش مانـای ئەوەیە،کـە(ژیری بەگـەورەی و بچـووکی نییە)،بەمشـێوەیە هەنگـەزەرد بەدەسـتی ڕاوچییـەوە دەدات و مـەیموونیش تیروکەوانەکـەی لـێ دەبـات، بابـەتی دەقەکـە لێـرەدا بەتـەواوەتی خـۆی دەردەخـات، ئـەویش ( بەیەکـەوە ژیـان و هاوکـاری و یەکڕیزییـە)، بـەلاّم بـوونی پاداشـت و سـزا هەمیشە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر دەروونی مندالاّن، مندالّ کاتێ کارێکی بـاش دەکـەن پێویسـتیان بـە پاداشـتە،تا کـاری باشـتر بکەن،لەهـەمان کاتـدا لەئەنجامدانی کاری خراپیشدا پێویستە سزابدرێن، بەم پێیە نووسـەر لـەکۆتایی دەقەکەدا پاداشت و سزای چاکە خواز و شەرخواز دیاری دەکات .

٥ـ پاداشت و سزای (جرج و شـەمشـەمە)، وەدەرنانیان دەبێت لـە دارستان و شاربەدەر دەکرێن، بەلاّم نووسـەر لەکاتی سزادانی (گا)دا ئامۆژگارییـەکی تر

دەدات، ئەویش ئەوەیە ،کە گەورەیی و پاشایەتی شیاوی هەموو کەسێک نییە، بـەڵکو کەسـێکی بەهەیبـەت و لـەخۆبوردووی دەوێت، کورد دەڵێت: (نـان بۆ نانەوا ،گۆشت بۆ قەساب) .

( مەیمون : ئەی خۆ بڕیارمان نەدا وە کێ بکەین بەپاشا ؟

ڕێوی : دوان هەن لەهەمووومان لەبارترین بۆئەم بابەتە ،چونکە سـەلماندویانە کەدڵسۆزی ژیانی کامەڕانی دارستان ئەو دوانـەش یەکـەمیان شـێرە و دووەم پیاو عەیبە باسی خۆی بکات .

گیانداران : شێر شێر شێر.)(ل١١)

ئەوەی بۆ منداڵ گرنگە لەدەقدا ئەو بابەت و ناوەرۆکەیە هـەڵیگرتووە، بـەڵام ئامـانج و مەبەسـتی نووسـەر گەیانـدنی ئـەو بیرەیـە، کـە دەقەکـەی لێـوە سـەرچاوەی گرتـووە، لـەم دەقـەدا نووسـەر بیرۆکەکـەی لـەناپاکی و بـێ سەرکردەیی و بێ پلانی میللەتی کوردەوە وەرگرتووە :

١- پاشا (گا)، سەرکردەی لاواز و بێ پلان و لوت بەرز .

٢- (جرج و شەمشەمە)، جاش و خۆفرۆشەکانی کوردستان .

٣- شێر و ڕێوی و هەنگە زەرد، پلاندانەر و خەمخۆری دارستان (کوردسـتان) .

٤- گیاندارانی تر چەوساوە و خەڵکی بێ دەسەڵات .

٥- ڕاوچی حکومەتی زۆرداری بەعس .

ئەو بیرۆکەیەیی، کە بابـەتی دەقەکەی هـەڵگرتووە پێویسـتە "پەیوەندییـەکی بـەتینی بـە گیروگرفتێکی کۆمەڵایـەتی ،نەتەوایـەتی یـان دەروونـی و فیکـری و فەلسـەفییەوە هـەبێ، نووسـەر بـەناو سـەرجەم دەقەکەیـدا پەخشـی دەکـات و دەیخاتـە ڕوو "(حەمەکـەریم هـەورامی،٢٠٠٧،ل٢٥٦)، بەشـێوەیەکی گشـتی لـە وڵاتـانی جیهانـدا "بابەتـەکانی شـانۆی منـاڵ لـەم مەبەسـتانە بـەدەرنابێ، ڕۆشنبیری گشتی، کۆمیدی ،نیشتمانی ،ڕەوشتی ،تەنانەت هەندێ کەس بـەپێی ئەو مەبەستانە شانۆی منال دابەش دەکات"(ئەحمەدسـالار،١٩٨٠،ل٧٠)، ئەگـەر سەیری ئەدەبی شانۆی منداڵانی کورد (١٩٧٠-٢٠٠٥) بکـەین، دەبینین بابـەتی دەقەکان بەهەمان شێوە لەو بابەتانە دەرناچێت :

مێژوویی
کۆمیدی و قۆشمەبازی
کۆمەڵایەتی
فێرکاری
پیشاندان و دەرخستنی بەهای مرۆڤایەتی
پەند و ئامۆژگاری
نیشتمانی و نەتەوەیی

ئەگـەر بمانـەوێت بابـەتی کۆمەڵایـەتی بهێنینـەوە، دەکرێـت دەقـی شـانۆی (ئاهـەنگی مامۆسـتای مـەزن) بکـەین بـە باشـترین نموونـە، ئـەویش پیشـاندانی دیاردەیەکی ناشـیرن و زەقی کۆمەڵگـەی ئەوسـای کوردەوارییـە، کـە بـاس لـە ڕێبوارێک دەکات، (کە بێ شوێن لەناو سەرما و سۆڵەیەکدا ماوەتەوە، ماڵێک هەیـە، کەچەنـدین سـاڵە کـەس سـەردانی نـەکردووە، هۆکارەکەشـی بۆئـەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو ماڵە پیرێکی تێدادەژی لەگەڵ کوڕەکەی، کە ڕووخساری تەواو شێواوە و ناشرین بووە، بەهۆی کارێکی مرۆڤایەتییەوە،بەڵام ڕەوشتی بەرزی ڕێبوار بۆیەکەم جار ڕێبوار دەکات بـەمیوانی ئـەو ماڵـە، ئـەوانیش زۆر دڵیـان خۆشـدەبێت بـەهاتنی میوانەکـە)، لـەم دەقـەدا نووسـەر دەیـەوێت ئـەوە بگەیەنێتە منداڵ کاتێ هاوڕێیەکتان ڕووخساری ناڕێک یاخود کەم ئەندام بوو، پێویستە ڕێزیان بگرن و گاڵتەیان پێ نەکەن، ئەمـەش پەند و ئامۆژگارییە بۆ منـداڵ، هـەمیش پیشـاندانی بابـەتێکی زەقـی کۆمەڵگـە و ڕەوشـتی بـەرزی مرۆڤایەتییە :

١- پیشاندانی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی:

(باوک : وەک داوای لێبوردن بکات .جەناب وەک پێم وتن لەوەتەی ئـەم کوڕە وای لێهاتووە کەس هاتوچۆی ئێمە ناکات و هـەرگیز چاومـان بـەهاوڕێ یـەک ناکەوێت.)(کاروان،ژ٤٢،ل١٠٧)

٢- پیشاندانی ڕەوشتی بەرز :

کاتێ کوڕە ڕووخسار تێکچووەکە دەکەوێت :

(ڕێبوار : بەسەر مێزەکەدا دەستی بۆدرێژ دەکات و زۆر بەگەرمیەوە تەوقەی لەگەڵ دەکات . نا ـ نا ـ نا هەڵەکە هەڵەی من بوو داوای بەخشین ئەکەم ،هیچی وانەبوو)(ل١٠٧)

پێشاندانی دیمەنێکی لەم جۆرە لەبەرچاوی منداڵدا، وا لەمنداڵ دەکات، کە هێزی بەزەیی و یارمەتی بۆ منداڵانی کەم ئەندام و جەستە شێواوەکان بجووڵێت،دووربکەوێتەوە لە گاڵتە پێکردنیان.

جگە لەمە بابەتی (نیشتمانی) کراوە بەبابەتی بەشێک لە دەقەکانی شانۆی منداڵانی کورد لەو قۆناغەدا، بۆنموونە لە دەقەکانی (دایە گەورە)ی (عومەر عەلی ئەمین) و ئۆپەرێتی (زەوییەکەی مام باپیر)ی (محەمەد حوسێن هەڵەبجەیی)، لە هەردوو دەقەکاندا خۆشەویستی نیشتمان و بەرزی و پیرۆزی نیشتمان کراوە بە بەهای بەرزی دەقەکە .

نووسەری ئۆپەرێتی (زەوییەکەی مام باپیر) هاتووە، نیشتمانی چواندووە بە زەوی جوتیارێک خاوەنی زەوییەکە ناوی (مام باپیر)ە، کە پارێزەر و خەباتکەری زەوییەکەیەتی، دەیەوێت گرنگی و بایەخی زەوییەکە بۆ منداڵان ڕوونبکاتەوە و تاوەکوو دوای مردنی ئەویش، پارێزگاری لێ بکەن، بەم شێوەیە نووسەر ناڕاستەوخۆ لەسەر زمانی مام باپیر و منداڵەکانی خۆشەویستی نیشتمان لەدڵ و دەروونی منداڵدا چەکەرە پێبکات :

(مام باپیر : (دەست دەخاتە سەرشانی هەردوو کوڕەکەی و دێتە پێشی شانۆکە)

ئێوەش هەتاکو دەتوانن<br>
هەتاکو لەسەر ژیانن<br>
نەیەڵن کەس داگیری کات<br>
ڕەنجی چەند ساڵی من ببات.......)(کاروان،ژ٣٢،ل٥٤)

هەروەها لە شانۆگەری (دایە گەورە)دا، نووسەر دەیەوێت لەڕێگەی خۆشەویستی دایکەوە خۆشەویستی نیشتمان لە دڵ و دەروونی منداڵدا بچەسپێنێ دەشێ بۆ منداڵانی (٦ ـ ٩)ساڵان پێشکەش بکرێت، ئەم دەقە باس لەوە دەکات(کۆمەڵێک منداڵ لەگەڵ مامۆستادا چوون بۆ گەشت و گەڕاونەتەوە، کەسوکارییان چاوەڕوانن، کاتێ دێنە ناو کەسوکاریان، مامۆستا

دیارییـەک ئامادەدەکـات دەیـدات بـەو کەسـەی یەکـەم کـەس دەسـتی دایکـی ماچبکات، بەڵام لەنێوانیاندا ....):
( {قوتابییەک بەدەم مۆسیقاوە ،لەسەر ئاوازێک دێتە خوارەوە ،بە هەردوو دەست ئاماژەی خەڵکی سەر شۆستەکە دەکات کە ڕێگەی بۆ چۆڵ بکەن ،ئەوانیش دەبنە دوو ڕیزی بەرانبەر لەسەر شۆستەکە ،قوتابییەکە کە دەگاتە پێشەوە ،هەردوو ئەژنۆ دادەدات و سێ جار زەوییەکە ماچ دەکات و دەڵێت }..

قوتابی : دایە گەورەمان
خاکی نیشتمان !
مامۆستا : (لە کۆرەپانەگەورە)
سەد ئافەرین
سەد ئافەرین
ڕۆڵەی شیرین !) (ڕامان،٣٤،ل٢٢٦)

بەم شێوەیە دیاری یەکەمی دەدرێت بەم قوتابیە ژیرە، بێنینە پێش چاو، ئەگەر ئەم دیمەنە بخەینە سەر تەختی شانۆ، ئەوا ئەو منداڵانەی لەو هۆڵەدا بینەری ئەو دیمەنە دەبن، بەدڵنیاییەوە، تا مردن دیمەنەکە لەیادیاندا دەمێنێتەوە .

هەروەها لە دەقی شانۆکانی ئەو ماوەیەدا، بابەتی (فێرکاری)ش دەبینرێت، بۆ ئەم مەبەستە دەقی شانۆگەری (ئاو)ی (شاهین نەجمەددین) باشترین نموونەی ئەو جۆرە بابەتەیە، کە بۆ منداڵانی قۆناغی (٦ - ٩)ساڵان دەشێ، نووسەر هەوڵدەدات لە شێوەی پرسیار و وەڵام، لەسەر زاری مامۆستا و قوتابی بایەخی ئاو فێری منداڵ بکات و بۆیانی ڕوونبکاتەوە، بەم شێوەیە :
(مامۆستا : کێ دەزانێ لە ژیان دا کێ پێویستی بە ئاو هەیە ؟!
بەختیار : مامۆستا مرۆڤ تاوەکو لە تینوێتی ڕزگاری بێ و هەروەها جل و بەرگی پێ بشوات
مامۆستا : ئافەرین بەڕاستی وەڵامدانەوەیەکی جوانە ئافەرین .

پشتیوان : مامۆستا ،گیانلەبەر و ڕووەکیش پێویستیان بە ئاو هەیە ،ئەوانیش وەکـو مـرۆڤ سـوودی لـێ وەردەگـرن بەتایبـەتی دەغـڵ و دان .)(سینەماوشانۆ،ژ٥،ل١١٣)

بەم شێوەیە لەنێوان مامۆستا و قوتابییەکان سوودی زیاتری ئاو بۆمنداڵ ڕووندەکرێتەوە .

زۆرجار نووسەر چەند بابەتێک لە دەقەکەیدا تێکەڵ دەکات، بەمەبەستی جوانکردن و گەیاندنی بابەتی پەروەردەیی و فێرکاری، هەندێجار نووسەر لەڕێگەی تێکەڵکردنی واقع و خەیاڵ هەوڵدەدات مەبەست و پەیامەکەی بگەیەنێتە منداڵ، ئەمەش بەڕوونی لە ئۆپەرێتی (باوەنەورۆزی)ی (عومەر عەلی ئەمین)دا دەردەکەوێت، بیرۆکەی دەقەکەی لە (جەژنی نەورۆز) وەرگرتووە، کۆمەڵێ بابەتی پێکەوە گرێداوە، بابەتی دەقەکەی لە واقع وەرگرتووە، دواتر تێکەڵی خەیاڵی دەکات، سەرەتای دەسپێکردنی ئۆپەرێتەکە نووسەر هاتووە باسێکی سەرپێی جەژنی نەورۆز دەکات و لای منداڵ خۆشەویستی دەکات :

(منداڵان : لەداڵان و لەساڵان

وەرنە دەرێ مناڵان

وا نەورۆز هات بەشادی

هێنای جەژنی ئازادی

بەیاری و بە پیکەنین .....) (ڕامان،ژ٧٥،ل١٩٩)

دواتر نووسەر لەبابەتی کۆمیدی و گۆرانییەوە دێتە سەر باسکردنی بابەتێکی مێژوویی ئەویش پیشاندانی قارەمانییەتی (کاوە)ی ئاسنگەرە، بەسەر (زوحاک)ی خوێنڕێش و خراپەکار، کە بەسەرەتای مێژووی میللەتی کورد دادەنرێت لەمێژوودا، لە هەمانکاتدا دەرخستنی بابەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانیە .

(باوەنەورۆز : بەرخۆلەکانم .. باوکی ئەو برادەرەمان ڕاست ئەکا .. من ئەو ڕۆژە لەدایک بووم کە زوحاک تیا لەناوچوو

منداڵی /٣ : زوحاک کێیە ؟

باوەنەورۆز : زوحاک پاشایەکی زۆرداری ستەمکاربوو بەرانبەر بەگەل ،ئیتر جەماوەری گەلی کوردی نەبەردمان بە پێشەنگیی کاوەی ئاسنگەری قارەمـان بـەخۆی و چەکوشـەکەیەوە بەڕاپـەڕینێک ،هەڵیانکوتایـە سـەر ئـەو پاشـایە و لەناویان برد ..

منداڵی /٤ :ئەو ڕۆژە کەی بوو باوەنەورۆز ؟

باوەنەورۆز : ئازیزەکەم ،ئەو ڕۆژە (٧٠٠)ساڵ پێش لەدایک بـوونی حـەزرەتی عیسا بوو دروودی خوای لێ بێت .)(ل٢٠٠)

بەم پێیـە بابـەتی دەقی شـانۆی منداڵانی کورد لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٧٠ ـ ٢٠٠٥) خراوەتەڕوو، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجدان و تێڕوانینە، بابەتـەکانی پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیا لەدەقـەکانی ئـەو قۆناغـەدا نـابینرێن، ئەگـەریش هـەبن بەدەگمەن دەست دەکەون .

**ڕووداو:** Action

دەقی شـانۆیی لەشـێوەی دونیایـەکی گەورەدایـە، مرۆڤی زۆری تێدادەژی، هەر یەکەشیان ڕۆڵ و کەسایەتییان دیاریکراوە، لـەو ژیانـەدا کۆمـەڵێ ڕووداو ســـەرهەڵدەدەن، بەشـــێک لـــەڕووداوەکان کاریگـــەری بنچینـــەییان دەبێـــت لەژیانماندا، ئەوانی تـریش دەبن بە یاریدەدەری ڕووداوە بنچینەیەکە، ئێمـەی مـرۆڤ بـەڕووداوێکی گـەورەوە دێینـە دونیـاوە، لـەپێناو مانـەوەمان لـە ژیـان، ڕووبـەڕووی کۆمـەڵێک ڕووداوی تـر دەبینــەوە، کــە دەبـن بــە یاریـدەدەری ڕووداوە بنچینەییەکە .

لـەدەقی شـانۆییدا ڕووداو بـە ڕەگـەزێکی بنچینـەیی دادەنرێـت، دەق بـەبێ بـوونی ڕووداو بـەڕێوەناچێت، هـیچ جـۆرە جوڵـە و جێبـەجێکردنی کـار و فرمـــانێکی تێدابـــەدی ناکرێـــت، ڕووداوەکـــان گیـــان و جوڵـــە بـــە بـــەر دەقەشانۆییەکەدا دەکەن، بوونی ڕووداوە سەرنجراکێشـەکان لـەنێو دەقەکاندا وامان لێدەکەن پەنا بۆ خوێندنـەوە یا بینینی شـانۆگەرییەکان بـەرین، چونکە ئـەوەی لـەدەقی شـانۆییدا لەسـەرەتاوە سـەرنجی خوێنـەر یـا بینـەر ڕادەکێشـن بوونی ئەو ڕووداوەیە، کە لەسـەرەتای دەقەکەوە خۆی دەردەخات، بـەهێزی ڕووداوەکـانیش کاریگـەری گـەورەی دەبێت لەسـەر سـەرنجڕاکێشـی و جـوانی دەقە شانۆییەکە .

بـوون و گرنگـی ڕووداو لـەدەقی شـانۆییدا وایکـردووە، بـاس و خـوازی زۆری لـەبارەوە بکرێـت، لەبەرئـەوەی سـەرجەم ڕەگـەزەکانی تـر بەخۆیـەوە بەنـددەکات و هـیچ کامێکیـان بـەبێ بـوونی ئـەو بـەڕێوەناچن، بۆنموونـە "کارەکتەر بوونی نییە ،بێ بوونی ڕووداو ،چونکە ڕووداوەکان دەستنیشانی کەسایەتیەکان دەکـەن و بـەردەوامی کارەکتـەرەکان دەخاتـە جووڵە"(پـەروین عـەبوڵڵا،٢٠٠٦،ل١١)، جگـە لەمـە ڕووداوی دەقەکـە بڕیـار لەسـەر هـەڵبژاردنی کەسایەتییەکان دەدات، هیچ کاتێک ڕووداوێکی تراجیدی پاڵەوانێکی قۆشمەباز و گاڵتـەجار قبـووڵ ناکـات، کەواتـە ڕووداوی شـانۆیی "هـەر ڕووداوێ کارەکتـەرەکان بیخـوڵقێنن لـەکات و شـوێنی خۆیاندا بەڕووداوی درامـی نـاو دەبرێت و بەشداریی لەپێکهێنانی جووڵەی درامی و کرداریی شانۆییدا دەکات" (یاسـین قـادربرزنجی،٢٠٠٨،ل٤٩)، کەواتـە ڕووداوی درامـی جیـاوازی زۆرە لەگـەڵ ڕووداوی ڕۆژانـەدا، چونکـە ئێمـەی مـرۆڤ لـەژیانی ڕۆژانەمانـدا ڕووبـەڕووی ڕووداوی جۆراوجـۆر دەبینـەوە، بـەڵام لـەدەقی شـانۆییدا تـەنیا سوود لەو ڕووداوانە وەردەگیرێن، کە سەرنجڕاکێش و کاریگەرن، ململانێیـان تێدایـە، هـەروەها هەسـت و سـۆز و ئەندێشـەی نووسـەرەکەشـی پێوەدیـارە، (شـوکریە ڕەسـوڵ) لـەکتێبی (ئـەدەبی کـوردی و هونـەرەکانی ئـەدەب)دا دەربـارەی ڕووداو دەڵێـت :"بریتییـە لـەو زنجیـرە گۆڕانـەی بەسـەر ڕەوشـی کەسەکاندا دێت لە پەیوەندی و کارلێککردنیان لەگەڵ ئەو شـوێنەوارەی تێیدا دێن و دەچن "(شوکریە ڕەسوڵ،١٩٨٩،ل١٥١)،کەواتـە یەکـەم کـاری ڕووداو لـە دەقدا گۆڕینی ڕەوشـی کەسـایەتییەکانە،لە چـەق بەسـتوییەوە بـەرەو جووڵـەو فرمان،چونکـە ئەگـەر ڕووداو نـەبێت کەسـایەتی بـەمردوویی لـەدایک دەبێـت تاکۆتایی دەقەکە بەمردوویی دەمێنێتەوە، ڕووداوەکان چەند بەسـەرهاتێکن لـە ژیـانی ڕاسـتەقینە، یـا لەخـەیاڵی نووسـەر لـەدایک دەبـن، لـەکات و شـوێنی دیـاریکراودا ڕووبـەڕووی کەسـایەتییەکان دەبنـەوە، لەسـەرەتا و ناوەڕاسـتدا گرێیەکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە، لـەکۆتایی دەقەکـەدا لەسەردەستی پاڵـەوان گرێیەکە دەکرێتەوە .

یەکێک لەو خاڵانـەی کـەدەقی شـانۆی منداڵ جیادەکاتـەوە لـەدەقی گـەوران، جۆری خستنەڕووی ڕووداوەکانـە لـەناو دەقـە شـانۆییەکەدا، چونکـە بونیـادی

ڕووداو لەو دەقانەی بۆشانۆی گەوران دەنووسرێن جۆراوجۆرن لەشێوەی (زنجیرەی - تیکچڕژاو - بازنەیی - هاوتەریب)، بەڵام لەدەقی منداڵاندا ڕووداوەکان و خستنەڕووی جۆری ڕووداوەکان بەجۆرێکن، کە لەتوانا و تێگەیشتنی ئەواندایە، بونیادە (تیکچڕژاو - بازنەیی - هاوتەریب)کان بۆ شانۆی منداڵ دەست نادەن، بۆیە دەبێت هەمیشە ڕووداوەکان بەشێوەی زنجیرەیی یەک بەدوای یەدا بێن، بۆئەوەی لەگەل تێگەیشتنی منداڵدا یەکبگریتەوە، جگە لەمە ڕەچاوکردنی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ زۆر گرنگە لەخستنەڕووی ڕووداوەکان، پێویستە نووسەری دەق وریابێت، هەرگیز نابێت ئەو ڕووداوانەی پەیوەندییان بەمنداڵانی شەش و حەوتساڵان هەیە بکرێنە ڕووداوی دەقێکی منداڵانی دوانزدە ساڵان، چونکە منداڵانی (٣ - ٩) ساڵان پێویستیان بە تاکە ڕووداوێکە لەدەقەکەدا، کەچی منداڵانی (٩ - ١٨) ساڵان توانای بەیەکەوە بەستنی ڕووداوێک زیاتریان هەیە، ئەوەی گرنگە بۆمنداڵ لەدەقی شانۆییدا، بیرۆکە و بابەتی دەقەکە نییە، بەڵکو بینینی ئەو ڕووداوانەن کەبەسەر کەسایەتییەکاندا دێن، بەتایبەتی ئەو ڕووداوەی کەسایەتی پاوڵەوان دەخەنە مەترسییەوە،چونکە ئەوان لەبینینی ڕووداو و جووڵەی کەسایەتییەکانەوە بەناڕاستەوخۆ بابەتەکە وەردەگرن .

هەرچی پەیوەستە بەدەقەکانی شانۆی منداڵانی کورد، لەو قۆناغە مێژووییەدا، بەشێوەیەکی گشتی دەقەکان هەڵگری ڕووداوێکن کەلەسەرەتاوە وەک ڕووداوی سەرەکی خۆی دەنووێنێ و چەند ڕووداوێکی لاوەکی لەخزمەتی ڕووداوە سەرەکییەکە دێنەناوەوە، ڕووداوە سەرەکییەکان ئەو ڕووداوانەن لەسەرەتای دەقەکەوە خۆی دەنوێنێ و سەرجەم ڕەگەز و ڕووداوە لاوەکییەکان لەپێناو فراوانکردنی ئەودا هەوڵدەدەن، هەرچی ڕووداوی لاوەکییە ئەوان ئەو ڕووداوانەن، کە لەدەقەکەدا ڕووداوە سەرەکییەکان بەیەکەوە گرێدەدەن و ڕێگەخۆشکەرن بۆ ڕووداوی سەرەکی (ابراهیم یونسی،١٣٨٤،ص١٥٤)، لەدەقی شانۆیی (خەپان و خرپن)ی (عومەر عەلی ئەمین)دا، لەسەرەتای دەقەکەوە یەک ڕووداوی سەرەکی باڵی بەسەر دەقەکەدا کێشاوە، خەپان و خرپن دوو بێچوە ورچی بچوکن، کاتێ دەچن بۆ ڕاوە ماسی ڕووداوێک دێتە پێش، (هەردووکیان لەیەک کاتدا ،قولاپەکانیان

ڕادەکێشن ،دەبینن هەر دوو قەلاپەکە یەک ماسی گرتووە ،واتە ماسیەک بووە بـەهـەردوو قولاپەکـەو ) (بـەیان،ژ١٤١،ل٣٩)، بـەڵام پـاش ئـەوەی ماسـیەکە دەردەهێنن، لەو کاتەدا (ڕێوی) دەکەن بەدەم ڕاست تا بڕیاربدات کە ماسیەکە بۆ کامیانە، لەو کاتەدا ڕووداوێکی لاوەکی لەخزمەت ڕووداوە سەرەکییەکەدا دێتە ناوەوە، ئەویش فێڵکردنی ڕێویە:( ڕێوی ماسیەکە دەبات و بەفیکە لێدان و خۆشیەوە دەڕوات،خەپان و خرپن بە ڕقەوە سـەیری ڕۆیشتنەکەی دەکـەن و چەمۆڵـەی لـێ دەنـێن)(ل٤٠)، ئـەم ڕووداوە خـەپان و خـرپن ناچاردەکـات دەسـت بـە ڕاوەماسـی بکەنـەوە، جارێکی تـر ڕوواوە سـەرەکیەکە لەشـێوەی ڕووداویکی لاوەکی دەردەکـەوێت، بـەڵام ئـەمجارە (مـام ورچ) دەبێت بـە دەم ڕاسـت و بڕیـاردەدات، کـە ماسـیەکە ئـی هەردووکیانـە، دووبارەکردنـەوەی ڕووداوەکـە لـەپێناو گەیاندنی مەبەست و ئامـانجی نووسـەرە، کـە دەیـەوێت ئەوە بەمندال بڵێت، کاتێ شتیک مافی هەردووکتانە بەیەکەوە بە ئاشـتییانە دابەشی بکەن، ئەگینا بۆ هیچ کامێکتان نابێت .

ڕووداوی نێو دەقە شانۆییەکان لەو قۆناغـەدا وەک یەک دابەش نـەبوون، وێنـەی ڕووداوەکـانی شـانۆکان لەسـاڵانی حـەفتاکان و هەشـتاکاندا زیـاتر خسـتنەڕووی وێنـەی ئـەو ڕووداوانـەن، کـە بەشـێکن لـەدونیای گـەوران ،لەڕوانگەی خۆیانـەوە دەقـەکانیان بۆمنداڵانی کورد داڕشتووە، بەبێ ئـەوەی بیـر لـەدونیای تایبـەتی ئـەوان بکەنـەوە، بۆنموونـە (عومـەر عەبدولڕەحیم) لـە کتێبەکەیدا، ڕووداوی سـەرەکی لەزۆربـەی دەقەکانیدا ئـەو ڕووداوانـەن، کـە ڕووبـەڕووی گـەوران دەبنـەوە، کەواتـە کێشـەی گـەوران کراوەتـە بابـەت و ڕووداوی نێودەقە شانۆییەکانی منداڵ، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا گشت دەقـەکان بەو جۆرەنین، نووسـەر لەدەقی شـانۆیی (جـوو جـوو جـوو جـوو)دا، ڕووداوی دەقەکە لەو کاتەوە دەست پێدەکات :

( مام هۆمەری خاوەن قەرز خۆی ئەکا بەژووردا ئەڵێ :

مام نەریمان ،پیاوی چاک بە قەرزەکەم بدەرەوە .

مام نەریمان :برا خۆمن هەر قەرزاری تۆنیم ،قەرزاری زۆری وەکو تۆم .)

(شانۆگەری بۆ منداڵ،ل١١)

من دەپرسم لەژیانی ڕۆژانەی منداڵیمان کاممان ڕۆژانە قەرزار هاتۆتە سەرمان، چ منداڵێک ڕووداوێکی لەوجۆرە بەرۆکی گرتووە، باشە ئەگەر ئەم دەقە بۆ گەوران نمایش بکرێت هەست بەوە دەکەن، کە ئەم دەقە دەقێکی منداڵانەیە، ئەم دەقە نەک هەر شیاونییە بۆ منداڵان، بگرە ڕووداوی دەقەکە و تەکبیری مام هۆمەر ئەوەندەی زیان بەمنداڵ دەگەیەنێ ئەوەندە سوودی نابێت، بەڵام نووسەر لەدەقی (شێخەوڵا)دا ،تاڕادەیەک تێکەڵی دونیای منداڵ بووە :

(خافاتم لەژوورێکی پرفەرش کراوی دۆشەک لێ ڕاخراوا بەکزی و ماتی یەوە بەرامبەر ڕابینی کوڕی دانیشتووە ،ڕابین کە قوتابی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی یە تێک چووە و قسەی هەڵش و پەڵش ئەکات)(ل٢٤)، نووسەر لێرەدا باس لەڕووداوێک دەکات، کە نەخۆشکەوتنی ڕابینە کاتێ تووشی (گەشکە) دەبێت، ئەم ڕووداوە شتێکی ئاساییە گەر بکرێت بەڕووداوی شانۆی منداڵان، لەژیانی ڕۆژانەدا ئەم ڕووداوە بەسەر زۆر منداڵ داهاتووە، تەنانەت گەورانیش تووشی دەبن نووسەر چەند ڕووداوێکی لاوەکی دەخاتە ناو دەقەکەوە،(خافاتم) لەئەنجامی تێکچونی کورەکەی دەنێرێت بەشوێن (شێخ)دا، گوایە شێت بووە تا جنەکانی لە لەشیدا دەربهێنێت، نووسەر ئەو ڕووداوەی لەکۆمەڵگەی خۆیدا بینیوە و دەقەکەی لەسەر داڕشتووە، ئەم دەقە بۆمنداڵانی تەمەن (١٢ـ١٨)ساڵان لەو سەردەمەدا بەشیاو دەبینرێت، بەڵام بۆتەمەنی خوار دوانزدەساڵی شیاونییە .

ڕووداوەکان بەشێوەیەکی گشتی لەدەقی شانۆییدا لەڕووی بابەتەوە دابەشی سێ جۆر ڕووداو دەبن، ئەوانیش (تراجیدی ـ کۆمیدی ـ تراجیدی بەرەو کۆمیدی)، ئەم سێ جۆرە ڕووداوە ناوەرۆکی هەر دەقێکی شانۆی داگیرکردووە، ئەمە لەدەقی منداڵانیشدا هەر بەم شێوە دەردەکەوێت، کە لەدەقی گەوراندا هەیە، بەڵام جیاوازییەکەی لەوە دایە،کە وێنای ڕووداوەکان لەدەقی منداڵاندا هەمیشە بە کۆمیدیا هەنگاودەنێت، یاخود لە ڕووداوێکی تراجیدییەوە دەست پێدەکات بە کۆمیدیا کۆتایی پێدێت، بەهیچ جۆرێک دروست نییە بابەتی تراجیدی کۆی گشتی دەقەکە داگیر بکات، لە(٩٩٪)ی ئەو دەقە شانۆییانەی بۆ منداڵانی کورد نووسراون لەم ماوەیەدا بە (کۆمیدیـ

کۆمیدی بـەرەو تراجیـدی) هـەنگاودەنێن، تاکـە دەقـی ئـەم قۆناغـەش، (بـەیتی ڕیزانکێ)ی (سمکۆناکام)ـە،کە کۆتاییەکی خەمناک و ترجیدی هەیە،ئـەم جۆرە ڕووداوانـە لەدەقـە شـانۆییەکانی منداڵانی ئـەو مـاوە مێژووییـەدا بـە ڕوونـی هەسـتی پێدەکرێت:لـە دەقی شـانۆیی (پێکـەنینی سـابرێنەکە)ی (عومـەر عـەلی ئـەمین)دا، دەقەکـەی لەسـەربنەمای ڕووداوێکـی کۆمیـدی داڕشـتووە، کـاتێ سـابرێن دەچێـت بـۆلای قەرسـیل، کەچاکـەی زۆری بەسـەرییەوە هەیـە، تـا کارژۆڵەکـەی تێیدا بلـەوەڕێت، کـە چەنـد ڕۆژێکـە دەستی بریندابووە، بـەڵام قەرسـیل لـە وەڵامـدا سـپڵەو بێ ئەمـەک دەردەچێت و درۆی لەگـەڵ دەکـات، دەڵێت ئێسـتا هـیچم بەدەسـتەوە نییـە دوای چەنـد ڕۆژێـک دەنێرم بەشـوێنتا، ئەمـەش پێکـەنینی زۆر لای سـابرین دروسـت دەکـات، وادەزانێت گوایـە بـڕوا بەدرۆکـەی دەکـات، لەئـەنجامی ئـەم هـەموو پێکەنینـە سـابرین قـاچی دەدات بەبەردێکا زامدار دەبێت، تا کۆتایی دەقەکە هەر بەکۆمیدی دەمێنێتەوە .

لەدەقی شانۆیی منداڵانی (دایکم لەکوێ یە) لەنووسینی (ئازاد ئەرگوشی)دا، نووسـەر بـە ڕووداوێکـی تراجیـدی دەسـتپێدەکات:( کاریلەیـەکی سـەرگەردان لەسەرماندا هەڵدەلەرزێ دەروانێتە ئەملا و ئەولای خـۆی و چاو بـۆ پەنایـەک دەگێـڕێ هــەرچارە و بەسـەر لێشـێوانەوە بـەرەو شـوێنێک هــەنگاو دەنـێ )(کـاروان،ژ١٦٨،ل١٩٤)، دەکرێت بکرێت بەنموونـەی قۆنـاغی (٣ ـ ٦) سـاڵان، بەڵام سەرنجی منداڵانی (٦ ـ ٩)ساڵیش ڕادەکێشێت ،نووسەر لەدەقەکەیدا زۆر بـەوردی وێنـەی ئـەو ڕووداوانـەی کێشـاوە کـاتێ منداڵێک لـەدایکی ونـدەبێت، چـۆن سـەری لێدەشـێوێ و هەمیشـە دەگـری و چـی بەسـەردێ، نووسـەر ڕووداوێکی لەژیانی منداڵەوە هێناوە و ڕووداوی دەقەکەی لەسەر داڕشتووە، ئەویش (ونبوونی منداڵێکە لە کۆمەڵدا)، بـەڵام نووسـەر ئەو ڕووداوە تێکەڵی ژیـانی ئـاژەڵان کـردووە، تـاوەکوو زیـاتر سـەرنجڕاکێش دەربکـەوێت، لـە بەرامبەر منداڵە ونبووەکەشدا سوودی لە ئاژەڵێکی لاواز وەرگرتووە ئـەویش (کاریلە)یە، بەم شێوەیە هەر لەسەرەتاوە دەقەکە بەتراجیدیا دەست پێدەکات، نووسـەر لەزۆربـەی گفتوگۆکانـدا وێنـەی دیمەنـە تراجیدییـەکان لـەناو دوو کەوانـەدا نیشـاندەدات،وەکو: (بـەنیگەرانی)،(بەگریانەوە)،(هـەموویان خـەمبار و دڵتــەنگ و نیمچــە گریان)،(خــەمێکی زۆر دایگرتــووە )...، بــەڵام لــەکۆتایی

دەقەکەدا نووسەر ئەم ڕووداوە هەر بەتراجیدی ناهێڵێتەوە، بەڵکو ڕووداوێکی تری کۆمیدی و شادیهێنەر دینێتە ناو دەقەکەیەوە، ئەویش شادبوونەوەی کاریلەیە بەدایکی :

(ئەسپ : (ئەسپ دێتە سەر شانۆ کە چاوی بەبزن دەکەوێ بەرەو ڕووی دێ)، (کاریلەکەشیلەگەڵە) .

کاریلە : دایەگیان دایەگیان (خۆی دەخاتە باوەشی دایکی) .)(ل٢٠٤)

ئەم دیمەنە دڵخۆشکەرە دەقەکە پێچەوانە دەکاتەوە، نووسەر ناو دوو کەوانەدا، چەندین دیمەنی کۆمیدی دەخاتەڕوو : (بەپێکەنینەوە) ،(هەموویان دەست بەپێکەنین دەکەن ) ....، لەکۆتاییشدا بەئاهەنگ و ستران کۆتایی بەدەقەکە دەهێنرێت :

(ئالەم وەرزی بەهارە
خۆشی لە مێرگوزارە
نەما خەم و پەژارە
جەژنی ئێمەی گیاندارە ....) (ل٢٠٤)

هەرچی پەیوەستە بەو دەقانەی کە بەڕووداوی تراجیدی کۆتاییان دێت، ئەم جۆرە دەقانە لە دەقی شانۆی منداڵانی کوردا لەو قۆناغەدا یەکجار کەمن، تەنها لەدەقی شانۆی (بەیتی ڕیزانکێ)ی (سمکۆ ناکام)دا ،کە ڕووداوێکی تراجیدی ڕێزان ناچاردەکات لەژێر زەویدا بمێنێتەوە و شانۆ کۆتایی پێبهێنرێت، ڕەنگە ئەمەش تاکە دەقی ئەو قۆناغە مێژووییە بێت

ئەگەر بەوردی دەقە شانۆییەکانی ئەو قۆناغە بخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت لەهەندێ باردا دوو دەق یەک سەرچاوەیان هەیە، بەڵام ئەوەی جێگەی ئاماژەیە خستنەڕووی ڕووداوەکان لە هەر دەقێکیاندا بەجۆرێکە، بۆنموونە هەردوو دەقی (داپیرەی دانا)ی (سمکۆناکام) و (دڕندەی دارستان)ی (هیوا سوعاد) یەک سەرچاوەیان هەیە، لەم لێکچوونەدا نووسەری دووەم کەوتۆتە ژێر کاریگەری نووسەری یەکەم، ئەوەی لێرەدا گرنگە جۆری پیشاندانی ڕووداوەکانە، خاڵی لێکچوو لەنێوان هەر دوو دەقدا بەم جۆرەیە :

١ـ حیکایـەتخوان لەهـەر دوو دەقدا چیرۆکەکـە دەگێڕێتـەوە، لـەدەقی (داپیـرەی دانـا)دا منداڵـەکان داوا لـە داپیـرە دەکـەن چیرۆکەکـەیان بـۆ بگێڕێتـەوە، بـەڵام لەدەقی (دڕندەی دارستان) منداڵەکان داوا لە باپیرە دەکەن .

٢ـ شـوێنی هـەردوو دەقـە دارسـتانە، ڕاوچـی خۆشـی و شـادی دارسـتان تێکدەدات .

٣ـ هێزی خراپەکار لەهەردوو دەقەکەدا ڕاوچیە .

جیاوازی هەردوو دەقەکە لەچۆنیەتی پیشاندانی ڕووداوەکانی ناودەقەکـەوە دەردەکەوێت :

١ـ ڕووداوەکان لەهەردوو دەقەکەدا بەجیاوازی دەردەکەون، لەدەقی (داپیرەی دانـا)دا ڕووداوی سـەرەکی برینـدارکردنی (سوێسـکە)یە بەدەسـتی (ڕاوچـی)، لــەدەقی دووەمــدا ڕووداوی ســەرەکی دەرکــەوتنی ڕاوچییــە، کــە شــێری کوشتووە .

٢ـ لـەدەقی داپیرەی دانـادا، ڕاوچـی (ئاسک) دەسگیردەکات، ئەگـەرچی پلانـی شێر بـۆ ڕزگـارکردنی ئاسـک ناپاکی تێدەکـەوێت، بـەڵام ئاسـک هـەر ڕزگـاری دەبێت، لە دەقی (دڕندەی دارستان)دا، ڕاوچی (مامز) دەگرێت، بـەڵام کیسـەڵ و سمۆرە و لەقلـەق ڕزگـاری دەکـەن، بـەڵام ڕاوچـی بـەوە ناوەسـتێ (کیسـەڵ) دەزگیر دەکات و دەیەوێت بیکوژێت .

٣ـ ڕووداوی ڕزگـارکردنی دارسـتان لـەدەقی (داپیـرەی دانـا) جێبـەجێکردنی پلانــی (ڕێوی)یــە، ئــەویش سەرلێشــێواندنی ڕاوچییــە تــا تیروکەوانەکــەی لەدەسـتی جیابکەنـەوە، هـەرچی دەقـی (دڕنـدەی دارسـتان)ە، جێبـەجێکردنی پلانی (مامز)ە، کە خۆی وەک مردوو نیشـاندەدات و لەقلـەق گۆشـتی لاشـەی دەخـوات گوایــە مــردووە ،بــەم شــێوەیە هــەوڵی دروســتکردنی تارمــای و دەنگەدەنگ دەدەن و ڕاوچی دەترسێت و دارستان جێدەهێڵێت، بـەڵام لـەدەقی (داپیرەی دانـا)دا چارەنووسـی ڕاوچـی بـەنادیاری دەمێنێتـەوە، لێرەدا ئـەوەی وادەکـات، هـەر یەکـەیان تـام و چێـژی خـۆی هـەبێت لای منـداڵ، چۆنیـەتی پیشاندانی ڕووداو جێبەجێکردنی پلانەکەیە .

## _ کەسایەتی: Character

کەسایەتییەکان لە دەقی شانۆییدا ئەو کەسانەن، کە لەمێشکی نووسەرەوە دروستدەبن و ڕووخساری جیاجیایان پێدەدات، ڕووبەڕووی یەکیان دەکاتەوە، دەیانکات بەچەکی دەستی خۆی و هەڵسوڕێنەرو جێبەجێکاری سەرجەم ڕەگەزەکانی دی، گفتوگۆیان لەنێوان دروستدەکات و ڕووبەڕووی ڕووداوەکانیان دەکاتەوە، لە ڕێگایانەوە بیرۆکە و بیروباوەڕی خۆی بەسەرجەم دەقەکەدا پەخش دەکات و دەیگەیەنێتە وەرگر.

دەربارەی چەمک و پێناسەی کەسایەتی، بە زۆر شێوە باسکراوە،هەریەکەو بە جۆرێک خستویەتیەڕوو لەوانە:" کەسایەتی،کەسێکی دروستکراوە لەشێوەی کەسایەتی ڕاستەقینە، ڕووخسارێکی هەیە بەو ڕووخسارەوە لەدەقی چیرۆک و شانۆدا دەردەکەوێت" (سیماداد،١٣٨٥،ص٣٠١)، یاخود دەوترێت " کەسایەتیەکان کەسانێکن ،کە لەبەرهەمێکی شانۆیی یان گێڕانەوە پێشکەش دەکرشێت ،لەمیانەی ڕەفتار و گفتوگۆکانیانەوە خورەوشت و باری سۆزدارییان بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکرێت" (ام.اچ.ایبرمز،جفری هرفم،١٣٨٧،ص٥٥)، هەرچی پێناسەی (کامەران سوبحانە) لە کتێبی (فەرهەنگی شانۆیی)دا بەم جۆرە خراوەتەڕوو **"کارەکتەر ،یەکێکە لە کەسایەتیەکانی نێو دەقی شانۆگەریەکە ،کە موڵکی نووسەرە و نووسەر دروستی کردوە و ئەکتەر هەڵدەستێت بە بەرجەستەکردن و زیندووکردنەوەی لەسەر تەختی شانۆ"** (کامەران سوبحان،٢٠٠٤،ل٢٥)،ئەو کەسایەتیەی نووسەر لەمێشکی خۆیدا دروستی کردووە، بێگومان یەکێکە لە بەهێزترین ڕەگەزەکانی دەقی شانۆیی "چونکی هەر تشتەکی کو د دەقێ دراماییدا ڕوبددەت ،پەیوەندیەکا ڕاستەوخۆیا دگەل کەسایەتیاندا هەیێ" (شڤان قاسم،٢٠١١،ل٤٦).

لەمبارەوە(برنادشۆ)(١٨٥٦-١٩٥٠)دەڵێت:"کەبمەوێ درامایەک بنووسم هەر ئەوەندەم دەوێ بینای پاڵەوانەکان بکەم ، ئیتر وازیان لێ دەهێنم خۆیان ڕێگە دەگرنەبەر و بەرەو کۆتایی دراماکە ڕەوت دەکەن" (حەمەکەریم هەورامی،٢٠٠١،ل٢٤)، لەم بارەوە دەکرێت بڵێین، کەسایەتییەکانی ناو دەقی

شانۆیی کەسانی ڕاستەقینەی ژیانن لـەدەقی نووسـەردا گیان لەدەست دەدەن و لەسەر تەختی شانۆدا ئەکتەر گیانی بەبەردا دەکاتەوە .

گـەر سـەیری وێنـەی کەسـایەتی و پاڵەوانـەکانی بەرهەمـە ئەدەبییـەکان بکـەین، بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە بـەپێی هـەر ڕێبـاز و قوتابخانەیـەک گۆڕانی بەسـەرهاتووە، نووسـەرانی کلاسـیک وێنـەی پاڵەوانـەکانیان لـەچینی بـاڵای کۆمەڵـەوە وەردەگرت، هـەرچی ڕۆمانسـیەکان بـوون، ئـەوان بـۆ وێنـایکردنی کەسـایەتییەکانیان سـوودیان لـە چینـی ناوەنـد (بـورژوا) وەردەگـرت، بـەم شێوەیە لەگەڵ سەرهەڵدانی هـەر ڕێبازێکی ئەدەبی گۆڕانی بەسـەرداهـاتووە، بەڵام لەئەدەبی شانۆی منداڵاندا هیچ ڕێباز و قوتابخانەیەک لەئارادانییە، بەڵکو دەبێت بـەو جۆرەبێت سـەرنجی منداڵ ڕابکێشـێت، وێنـەی کەسـایەتیەکانیش لەدونیای ئەوانەوە وەربگیرێن .

کەسـایەتییەکانلەدەقی شـانۆی منداڵـدا لەشـێوەی ڕووخسـاری جیاجیـاوە دەردەکـــەون لەبەرئـــەوەی منـــداڵان بـــە پێچەوانـــەی گەورانـــەوە زیـــاتر ئارەزوویانلەدەقێکە، کەسایەتیەکانی لەدونیای ئاژەڵ و باڵندە و ڕووەک... بێ گیانـەکان وەربگیـرێن، سـوود وەرگـرتن لەکەسـایەتی ئـاژەڵ لـەدەقی شـانۆی منداڵدا یا هەر دەقێکی تری ئەدەبی منداڵان، لەبەرئەوەیە کە ئـەوان نـزیکن لـە خـەیاڵی منداڵەوە،چونکـە لەخـەیاڵی منداڵـدا ئـەوانیش زمانیـان هەیـەو وەکـو مرۆڤەکان قسەدەکەن (سرگوڵ محمدامین، ١٩٨١، ل٤٣)، پێویسـتە نووسـەرانی شانۆی منداڵ بۆ وێناکردنی کەسایەتی و پاڵـەوانی دەقـەکانیان شـارەزاییەکی باشی دونیای منداڵ بن،لەدونیای تایبەتی ئەوانەوە کەسـایەتی نێـو دەقـەکانیان دابڕێژن .

سەبارەت کەسایەتی دەقی شانۆی منداڵانی کوردە لـەماوەی نێوان سـاڵانی (١٩٧٠-٢٠٠٥) یەک ئاڕاستە وەرناگرێت، دەقەکانی ساڵانی (١٩٧٠-١٩٩٠)"منداڵ بەتایبەتی کوڕ کراوەتە سیمبول و بۆخۆبەخت کردن لەپێناوی کوردو خاک و نەتـەوەدا بـەکارهاتووە ،هەمیشـە کچـیش وەک منـداڵێ لـە چـاوەڕوانی ئـەم ڕزگارکردنـە بـووە لەسـەر دەسـتی منداڵـە کوڕەکـە" (نیگارحەسـیب قـەرەداغی ،٢٠٠٢،ل١٢٦)، وێنەی کەسایەتییەکان لەدەقەکانی ئەو قۆناغەدا بەم شێوەیەیی خوارەوە دابەشکراون:

**یەکەم: لەڕووی ڕاستی و دروستی وێنەی کەسایەتی یەکانەوە** : دابەش دەکرێن بۆ دوو جۆر کەسایەتی:

١کەسایەتی واقیعی:لـەدەقی شـانۆی منداڵدا ئـەو کەسـایەتییانەن، کە نووسـەر لـەواقعی ژیـان وەریانـدەگرێت، کـە خۆیـان لـەو کەسـایەتییانە دەبیننـەوە، کـە منـداڵ دەیانبینێـت و دەیانناسـێت، واتـە لـەواقیعی ژیانـدا بوونیـان هەیـە،وەک (مـرۆڤ، ئاژەڵ، ڕووەک،بێ گیان )، بۆنموونـە لـەدەقی شـانۆی (قوتابخانـە)ی (شـاهێن نەجمـەددین)دا دەردەکـەوێت،وێنای کەسـایەتیەکانی ئەمانـەن:(ئازاد، ماردین،ڕەوا،بـەختیار، مامۆسـتا)، نووسـەر نـاوی کەسـایەتییەکانی لـەواقعی ژیانی کوردەوارییەوە هەڵێنجاوە .

(مامۆسـتا: دەی بـا منیش پرسـیارێکتان لـێ بکـەم.... ئایا ئێوە حـەز لـە بـاران دەکەن ؟

ماردین : مامۆستا من حەزم لە باران نییە .

ڕەوا : من حەزم لە بارانە .

بەختیار : منیش حەزم لە باران نییە .)(ڕامان،ژ:٧٠،ل١٩٨)

٢ـ کەسـایەتی ئەفسـانەیی: لـە دەقـی شـانۆی منداڵدا ،ئـەو کەسـایەتیانەن، کـە نووسـەر وێنـەکانیان لـەچیرۆک و حیکایەتـە ئەفسـانەیەکانەوە وەرگرتـووە ،لەشـێوەی (دێـو، درنـج، پـەری ،...) ،ئەگـەر سـەیری ئـەم جۆرە کەسـایەتییانە بکـەین لەدەقـەکانی ئـەو قۆناغـەدا دەرناکـەوێت ئەگـەر هەشـبن بەدەگمـەن دەستدەکەون .

**دووەم : لەڕووی گیانداریی و بێ گیانییەوە:** دوو جۆر کەسایەتیمان هەیە :

**١ــ کەسـایەتی گیانـدار:** ئـەو کەسـایەتییانەن، کـە لـە زانسـتدا بەزینـدەوەر دەناسـرێن، وەک (ئـاژەڵ، مرۆڤ،ڕووەک،باڵنـدە)، سـەرجەمیان لـەناو دەقـی شـانۆی منـداڵانی کـورد، لـەم قۆناغـەدا دەردەکـەون، بـەڵام بـەهیچ جۆرێـک کەسـایەتییە ڕووەکیـەکان بەتـەنها لـەناو دەقەکانـدا دەرناکـەون، بـەڵکو لەگـەڵ (ئـاژەڵ ـ باڵنـدە ـ مـرۆڤ) بەیەکـەوە ڕۆڵیـان گێـڕاوە، لەسـەدا (٣٩٪) کەسـایەتییەکان مرۆڤن، لەسـەدا (٣٥٪)کەسـایەتییەکان ئاژەڵن، لەسـەدا (٢١٪)

بەیەکەوە بەشداریان پێکراوە، ئەو لە (٥٪)ی دەمێنێتەوە بۆ ئەو چەند دەقە دەگەڕێتەوە، کە دەستمان نەکەوتوون، یان ڕەنگە بەوردی نەمان خوێندبنەوە.
_کەسایەتی مرۆڤ: وەک لەدەقی شانۆیی (قوتابخانە)ی (شاهێن نەجمەددین) سەرجەمی کەسایەتییەکانی دەقەکەی مرۆڤن، هەروەها لە دەقی (دارستان)ی (جیهاد دڵپاک) و (گوڵە پەلکەزێڕینە)ی (عومەر عەلی ئەمین) و چەندان دەقی دی، کە وێنەی کەسایەتییەکانی لە ژیانی ئادەمیزادەوە وەرگیراوە، لەدەقی (گوڵە پەلکەزێڕینە)دا سەرجەمی کارەکتەرەکان مرۆڤن: (کچ ـ داپیرە ـ دایک ـ کوڕ ـ کۆمەڵێک منداڵی کوڕ و کچ) .
(کچ ـ سوپاست ئەکەم! من پارەی کەسم ناوێت داپیرە !
داپیرە ـ من پارەم نی یە بت دەمێ .)(بەیان،ژ:١٥٣،ل٣١)
**_کەسایەتی ئاژەڵ و باڵندە:** کتێبی (دیاری بۆ شانۆی منداڵ)ی (عومەر عەلی ئەمین) باشترین نموونەی ئەم جۆرە کەسایەتیانە لە ١١دەق پێکهاتووە، سەرجەمیان لەسەر زمانی ئاژەڵ و باڵندەن، جگە لەمە نموونەی ئەم جۆرە دەقانە لای نووسەرانی تریش دەبینرێن، وەک دەقی (دایکم لە کوێیە)ی (ئازاد ئەرگوشی)، (تیتیلە و بیبیلە)ی (مۆفەق عارف لهۆنی)، (گۆرانیبێژانی شار)ی (شاهێن نەجمەددین) و چەندانی دی، دەقی (گۆرانیبێژانی شار)ی (شاهێن نەجمەددین) سەرجەمی کارەکتەرەکان ئاژەڵن: (گوێدرێژ ـ سەگ ـ پشیلە ـ کەڵەشێر ـ دز) .
**( پشیلە: من هیچم لە دڵدا نەماوە بەرامبەر ئەو سەگە هارە ...**
**گوێدرێژ: زۆر چاکە... هاوڕێیان پێویستە ئێمە بە برایەتی بژین...**
**کەڵەشێر: (لە دوورەوە شتێک دەبینێ) سەیر، سەیری ئەو هەموو خواردنە بکەن لێرە دانراوە)** (کاروان،ژ:١٦٨،ل٢١١)
**-کەسایەتی ئاژەڵ و باڵندە و مرۆڤ بەیەکەوە:** نموونەی ئەو جۆرە کەسایەتیانە بەیەکەوە،لەدەقی شانۆی منداڵانی (هاوڕیی گیانداران) ی(شەفیق محەمەد)دا بە ڕوونی دەردەکەوێت:لەم کەسایەتیانە پێکهاتووە:(نووسەر،ئازا،پاسەوان،خزمەتکار،زەردە، کەروێشک، گوێدرێژ،مەڕ،مەیمون،بەران، ئاسک، ژیژک، ئەسپ، هۆها، سەگ، باڵندە ...) .
**( مەڕ: ئەوە دەزانین ،بەڵام بەتەنیا چیت پێدەکرێ.**

**ئازا: بەتەنها هیچم پێ ناکرێ بەڵام من تەنهانیم ،بۆ تەنهام ئەی ئێوە؟ بۆ ئێوە هەست بەبوونی خۆتان ناکەن؟**

**گیانداران: با هەستی پێدەکەین .)**(کاروان،ژ:٢٣،ل٩٨)

**_کەسایەتی ڕووەک:** لەدەقی شانۆی منداڵانی کوردا ،نموونەی کەســایەتی ڕووەک زۆر کــەمترە لــەچاو کەســایەتی ئــاژەڵ و باڵنــدە و مرۆڤ،لـەهیچ دەقێکدا ئـەم جۆرە کەسایەتییە بەتـەنیا نـەهاتووە ،بـەڵکو لەگـەڵ کەســایەتی مــرۆڤ و ئاژەڵــەکان بەیەکــەوە هــاتوون ،وەک لەدەقــەکانی (دار قەیسـی)ی (عومـەر عـەلی ئـەمین) پێکهـاتوون لـە (دار قەیسـی ،پێـنج منـداڵی کوڕوکچ ،چەقەڵ،ڕێوی،گورگ)،هەروەها لەشانۆگەری(بەیتی ڕێزانکێ)ی (سمکۆ ناکـام) ،وەک نموونــەی بۆمنـداڵی (٩ـ١٢) سـاڵی گونجـاوە، نووســەر لەچەنـد گفتوگۆیەکـدا (شــاتوو)ی بەشـداری پێکردووە،لەوکاتەی(ڕێزان)بەدوای(گـەنجی سلێمان)دا دەگەڕێت، داوای یارمەتی لە (شاتوو)دەکات :

**(شاتوو :منم .سەیری لای چەپتەوەکە. ڕێزان :تۆ ؟تۆ کێ ی ؟**

**شــاتوو : مــن داری شــاتووم،لێم پرسـیت تاکـەی سـوێی دڵـت بەفرمێسـک ئەگۆڕیتەوە.)** (بەیان،ژ٥٦،ل٢٤

٢ـ کەسایەتی بێ گیان: لەشانۆی منداڵدا ئاسایی یە کاتێ بێ گیانـەکان گیانیان بەبــەردابکرێت و گفتوگــۆ لەگــەڵ یــەکتری بکــەن، (بیاجیــە) لــەم بــارەوە دەڵێت:"منداڵان هەر لەسـەر ئـەو باوەڕە دەمێننەوە،کە هـەر شتێک تـا تەمـەنی باڵقبوون ڕوحێکی هەیە ،لەو باوەڕەدان کە شتی بێ گیان، چەند ڕۆح و چەند حەز و ئارەزوویان هەیە ..."(جۆن ئـەکین،٢٠٠٤،ل١١٧)، ئەگـەر نموونـەی ئـەو جـۆرە کەسـایەتییە لـەدەقی شـانۆی منداڵانی کـورد بهێنینـەوە، لەشـانۆگەری (هاوڕێیانی کێڵگە)ی (ئەرسەلان دەروێش)دا، کەسایەتی (خۆر) دەبینرێت :

**(پاساری : چۆن لێت نزیک ببینەوە ؟ تۆ زۆر دووریت .**

**خۆر : ڕاستە من دوورم ،بەڵام تیشکەکەم لێتان نزیکە.)** (کاروان،ژ٢٣،ل٢٤٩)

هـەروەها لـە دەقـی شـانۆی (شەخسـیەتی قـاز)ی (عومـەر عـەلی ئەمین)یشـدا، کەسایەتی (کۆلارە) نموونەیەکی جوانی ئەو جۆرە کەسایەتییەیە .

| ژ | دەق | نووسەر | چاپ | کەسایەتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | جوو جوو جوو | عومـــــــــــەر عەبدولڕەحیم | ١٩٧٢ | مرۆڤ |
| ٢ | کفر ئەحمەد | عومـــــــــــەر عەبدولڕەحیم | ١٩٧٢ | مرۆڤ |
| ٣ | شێخە وەڵڵا | عومـــــــــــەر عەبدولڕەحیم | ١٩٧٢ | مرۆڤ |
| ٤ | حەمە نەخۆشە | عومـــــــــــەر عەبدولڕەحیم | ١٩٧٢ | مرۆڤ |
| ٥ | پیـــــــــری دەروونبەرز | عومـــــــــــەر عەبدولڕەحیم | ١٩٧٢ | مرۆڤ |
| ٦ | کۆمەڵی کەران | عومەر عەلی ئەمین | ١٩٧٢ | مرۆڤ |
| ٧ | بەزمی ئاوێنە | عومەرعەبدولڕەحیم | ١٩٧٢ | مرۆڤ |
| ٨ | پشکۆ و شێرکۆ شەڕیانە لەسەر دەنکێ ژەنگیانە | فەرەیـــدون عـــەلی ئەمین | ١٩٧٢ | مرۆڤ |
| ٩ | بەیتی ڕێزانکێ | سمکۆ ناکام | ١٩٧٩ | ئـــــاژەڵ و مرۆڤ |
| ١٠ | خولەی تەمبەڵ | کـــاوەی ئەحمـــەد میرزا | ١٩٧٩ | ئـــــاژەڵ و مرۆڤ |
| ١١ | داپیرەی دانا | سمکۆ ناکام | ١٩٧٩ | ئاژەڵ |
| ١٢ | شادی | کـــاوەی ئەحمـــەد میرزا | ١٩٧٩ | ئـــــاژەڵ و مرۆڤ |
| ١٣ | وەنەوشــــــەی خەمبار | حەسیب قەرەداغی | ١٩٧٩ | ئـــــاژەڵ و مرۆڤ |
| ١٤ | چاوەڕوانی | عبدولکەریم پەرەنگ | ١٩٧٩ | مرۆڤ |
| ١٥ | دارستان | جیهاد دڵپاک | ١٩٧٩ | ئاژەڵ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٦ | جەژن و دەولەمەندی شەڕ | عەبدولڕەزاق بیمار | ١٩٧٩ | مرۆڤ |
| ١٧ | بووکە بە بارانێ | عومەر عەلی ئەمین | ١٩٨٢ | مرۆڤ |
| ١٨ | هاوڕێی گیانداران | شەفیق محەمەد | ١٩٨٤ | ئاژەڵ و مرۆڤ |
| ١٩ | زەوییەکەی مام باپیر | محەمەد حوسێن هەڵەبجەیی | ١٩٨٥ | مرۆڤ |
| ٢٠ | دار قەیسی | عومەر عەلی ئەمین | ١٩٨٥ | ئاژەڵ و مرۆڤ |
| ٢١ | شارەکەمان | کاکەی فەلاح | ١٩٨٦ | مرۆڤ |
| ٢٢ | ئاهەنگە مامۆستای مەزن | عومەر عەلی ئەمین | ١٩٨٦ | مرۆڤ |
| ٢٣ | خەپان و خرپن | عومەر عەلی ئەمین | ١٩٨٨ | ئاژەڵ |
| ٢٤ | گوڵە پەلکەزێرینە | عومەر عەلی ئەمین | ١٩٨٩ | مرۆڤ |
| ٢٥ | کورە ئەستێرە | عوسمان چێوار | ١٩٩٠ | مرۆڤ |
| ٢٦ | دەرگاکە نەکەنەوە | موحسین محەمەد | ١٩٩٠ | ئاژەڵ |
| ٢٧ | باپیرە گەورە | دلاوەر قەرەداغی | ١٩٩٣ | مرۆڤ |
| ٢٨ | کوردستان خۆشەویستە | عومەر عەلی ئەمین | ١٩٩٧ | ئاژەڵ |
| ٢٩ | دایە گەورە | عومەر عەلی ئەمین | ١٩٩٩ | مرۆڤ |
| ٣٠ | دڕندەی دارستان | هیوا سوعاد | ١٩٩٩ | ئاژەڵ |

هەواڵنامەی کتێب

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣١ | کەلیلە و دیمنە | موحسین محەمەد | ١٩٩٩ | ئاژەڵ |
| ٣٢ | تیتیلە و بیبیلە | مۆفەق عارف لهۆنی | ١٩٩٩ | ئاژەڵ |
| ٣٣ | مـن دەنـگ بـۆ مریشک ئەدەم | عومەر عەلی ئەمین | ٢٠٠٠ | ئاژەڵ |
| ٣٤ | دیـــــاری بەرخەکان | عومەر عەلی ئەمین | ٢٠٠٠ | ئـــاژەڵ و مرۆڤ |
| ٣٥ | گورگی گرینۆک | عومەر عەلی ئەمین | ٢٠٠٠ | ئـــاژەڵ و مرۆڤ |
| ٣٦ | بیـــــرەوەری سەگەکە | عومەر عەلی ئەمین | ٢٠٠٠ | ئاژەڵ |
| ٣٧ | کـــەس کـــەس نـــاتوانێ ئەمـــە بکا | عومەر عەلی ئەمین | ٢٠٠٠ | ئاژەڵ |
| ٣٨ | بـــەس نییـــە گورگ نیم | عومەر عەلی ئەمین | ٢٠٠٠ | ئاژەڵ |
| ٣٩ | شەخسیەتی قاز | عومەر عەلی ئەمین | ٢٠٠٠ | ئاژەڵ |
| ٤٠ | پیکـــــــەنینی سابرێنەکە | عومەر عەلی ئەمین | ٢٠٠٠ | ئاژەڵ |
| ٤١ | ســـــوعبەتی ئاسکەکە | عومەر عەلی ئەمین | ٢٠٠٠ | ئاژەڵ |
| ٤٢ | بـــەوری بـــەیان نەخۆش کەوت | عومەر عەلی ئەمین | ٢٠٠٠ | ئاژەڵ |
| ٤٣ | هاوڕێیانی | ئەرسەلان دەروێش | ٢٠٠١ | ئـــاژەڵ و مرۆڤ |
| ٤٤ | تیکۆشـــــان بنچینـــــەی سەرکەوتنە | کەمال غەمبار | ٢٠٠١ | مرۆڤ |
| ٤٥ | قوتابخانە | شاهێن نەجمەددین | ٢٠٠٢ | مرۆڤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٦ | گـــــۆرانیبێژانی شار | شاهین نەجمەددین | ٢٠٠٢ | ئاژەڵ |
| ٤٧ | دایکم لەکوێ یە | ئازاد ئەرگوشی | ٢٠٠٢ | ئاژەڵ |
| ٤٨ | ڕێویەکـــــــەش فێڵی لێکرا | ئازاد ئەرگوشی | ٢٠٠٢ | ئاژەڵ |
| ٤٩ | باوە نەورۆز | عومەر عەلی ئەمین | ٢٠٠٢ | ئـــــــاژەڵ و مرۆڤ |

**سێیەم : بەپێی جوڵە و دەرکەوتنیان:**

دوو جۆر لەخۆدەگرن :

١ـ کەسـایەتی نـەگۆڕ: ئـەو کەسـایەتییانەن، کـە لـەناو دەقەکـە شـانۆییەکەدا، ڕووخســار و ڕەفتـارێکی جێگیریـان هەیـە و لەگـەڵ ڕووداوەکـانی دەقەکـە بەرەوپێش ناچن، وەک کەسایەتی (گا) لەدەقی (داپیرەی دانا)، کـە لەسـەرەتای شـانۆکەوە، تـا کۆتـایی دەقەکە یـەک شـێوەی هەیـە و بەنـەگۆری دەمێنێتـەوە، ئەگـەرچی (پاشـا)ی دارسـتانە بـەڵام ترسـنۆک و بـێ دەسـەڵاتە لەسـەرەتاوە خـۆی لـەڕووداوەکان دەدزێتـەوە تاکۆتـایی دەقەکـە دەرناکـەوێت، کـاتێ ئـاژەڵـەکان (ڕاوچـی) لـە دارسـتان وەدەردەنـێن لـەکۆتایی دەقەکـەدا (گـا) دەردەکەوێتەوە .

**(گا: چۆن ئەوێرێ قسەی وابکەی من پاشام .**

**ڕێوی: ببورە خاوەن شکۆ بڕیارمان دا تۆش لەپاشایی بخەین**

**گا: چۆن ؟ چۆنی؟**

**ڕێوی: چونکە بەکەڵکی پاشایی نایەیت .....)** (بەیان،ژ:٥٧،ل١١)

٢ـ کەسـایەتی گـۆڕاو: ئـەو جـۆرە کەسـایەتییانەن، کـە لـەناو دەقەکـەدا لەگـەڵ بەرەوپێش چوونی ڕووداوەکان ئەوانیش بەرەوپێش دەچـن و دەگۆڕێن(جمـال میرصادقی ،١٣٨٥، ص١١٤)، بوونی ئەم جۆرە کەسایەتییە، لـەدەقی (دڕنـدەی دارســـتان)ی(هیوا ســـوعاد) بەدەردەکـــەوێت، هـــەر لەگـــەڵ ســـەرهەڵدانی ڕووداوەکانـەوە دارستان، کەسـایەتی (سـمۆرە، مـامز، لەقلـەق)، لەگـەڵ بـەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان، ئەوانیش بەرەو پێش دەچن و بەنەگۆڕی نامێننەوە .

**(لەق لەق: چاوەڕێی دەکەن من خۆم گوێم لێ بوو ڕاوچییەکە وتی دەتبەمە سەر شاخەکە و فڕێت دەدەمەخوارێ .**
**سمۆرە: پێویستە بەزووترین کات فریای بکەوین ئەم نەفرەت لێ کراوە وازمان لێ ناهێنێ.**
**مامز: هاوڕێیان گوێ بگرن .. ئێمەی مامزان فێڵێکمان هەیە کەلەگەڵ دوژمنان بەکاری دێنین.)**(ڕامان،ژ:٣٤،ل٢٨٨)

**ـ چوارەم : لە ڕووی ڕۆڵبینینەوە :** دوو جۆرن :

١ـ کەسایەتی سەرەکی:کەسی یەکەمی چیرۆک یا نمایشنامەیە، کە شوێنی قارەمانی دەقەکە دەگرێت(سیماداد، ١٣٨٥،ص٣٠٣)، بێگومان لە زۆربەی دەقە شانۆییەکانی منداڵانی کوردا، قارەمانێک ڕۆڵی کەسی یەکەمی شانۆگەرییەکە دەبینێت، لە شانۆگەری(پێکەنینی سابرینەکە)ی(عومەرعەلی ئەمین)،سابرێن کەسایەتی سەرەکی دەقەکەیە،بەهۆی پێکەنینی زۆرەوە قاچی لەبەردێک دەدات و زامدار دەبێت، دەچێت بۆلای دکتۆر ئەسپ، زۆرجاریش وا پێویست دەکات چەند کەسێک ڕۆڵی سەرەکی شانۆییەکە بگێڕن، وەک دەقی شانۆی (داپیرەی دانا)ی(سمکۆ ناکام)دا، هەریەکە لە(ڕێوی ـ شێر) کەسایەتی سەرەکین .

٢ـ کەسایەتی لاوەکی: بێگومان هیچ دەقێکی شانۆی، بەتەنیا کەسایەتییەکی سەرەکی ناچێت بەڕێوە، بۆیە پێویستیان بەچەند کەسایەتیەکی لاوەکی دەبێت، تا لەگەڵ یەکتردا ململانێ بکەن و گفتوگۆ لەنێوانیان دروست بێت، بەڵام ئەم جۆرە کەسایەتییانە لەدەقەکە بەپێی تواناکانیان ڕۆڵیان پێدەدرێت، وەک کەسایەتی (ورچ ـ ئاسک) لەدەقی (بیرەوەری سەگەکە)ی (عومەر عەلی ئەمین)دا ،لەسەرەتای دەقەکەوە گوێبیستی (سەگ) دەبن، لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکەی .

**_ پێنجەم : لە ڕووی ڕەوشت و هەڵسوکەوتەوە:**

بەپێی ئەو خوڕەوشتانەی کەسایەتییەکان لەدەقە شانۆییەکان وەریدەگرن، بۆ سێ جۆر دابەشدەکرێن:

١ـ کەسایەتی چاکەکار: هەموو خوڕەوشت و ڕەفتارە جوان و باشەکان دەگرنەوە، وەک (دڵپاکی، زیرەکی، لەخۆبردووی، لێبووردەیی،چاکەخوازی)،لەدەقی(تێکۆشان بنچینەی سەرکەوتنە) ی (کەمال غەمبار)دا، کە تاکە دەقی شانۆیی منداڵانی(١٩٧٠ـ٢٠٠٥)ـە،کە بۆ هەرزەکاران نووسراوە، لەم دەقەدا (نەوزاد) هەڵگری ڕەفتارێکی وریا و زیرەک و ژیرە، لەهەمانکاتیشدا چاکەخوازە،هەمیشە لەهەوڵدایە بۆ ئامۆژگاری کردنی (دڵشاد)ی برای .

(نەوزاد ڕوودەکاتە دڵشاد: بۆ واداماوی؟ بۆ تۆش وەکو من دەست نادەیتە کتێبەکانت و خەریکی خوێندنەوەبی؟ ئایا نازانی چەند ڕۆژێکی تر تاقیکردنەوەمان دەست پێ ئەکات؟

دڵشاد: چ بخوێنمەوە؟ هەموو شت ئەزانم. خۆ ئەگەر شتێکیشم نەزانی قۆپیە خۆش بێ ناهێڵم لە هیچ دەرسێک بکەوم .)(ڕامان،ژ:٢٤٥،٥٨)

یاخود (وەفداری سەگ) لەدەقی (شەخسیەتی قاز)دا :

**(سەگ : ماندووبوونی چی ئازیزان ،ئێوە گەورەتان کردین ،دەمێک بوو یەکترمان نەدی بوو ،**

**وتم با زیافەتێکیان بۆبکەم گەورەمان کەن .**

**چەقەڵ : ئەوە هەستی خۆشەویستی خۆتانە.)** (دیاری بۆ شانۆی منداڵ،ل٥٣)

٢ـ کەسایەتی خراپەکار: مەبەست لەو ڕەوشتە خراپانەیە، کە دەدرێنە پاڵ کەسێک لەدەقی شانۆیی دا، وەک فێڵکردنی ڕێوی لەدەقی شانۆیی (ڕێوییەکەش فێڵی لێکرا)ی (ئازاد ئەرگوشی)دا دەردەکەوێت:ڕێوی فێڵباز تورەبوونی کەروێشک بەهەلدەزانێت و خۆی نزیک دەکاتەوە :

**(ڕێوی : چی قەوماوە ،من لە خزمەتدام .**

**کەروێشکی(١) : خزمەت لەمنەوە .**

**ڕێوی : کێ ئازاری داوی ؟ بڵێ تا پشتی بشکێنم .. خۆ مام ڕێویت نەمردووە ؟......**
**کەروێشکی(١) : قوربان ئەو وای دەگوت .. ئەو .... دەیگوت فێڵبازە درۆزنە ..پیلانگێڕ و تـەفرەبازە .. جـا مـن بڕیـارم داوە هـەموو ڕۆژێ هـەواڵی لـەم جۆرەت بۆ بهێنم.**
**(ڕێوی لەناکاو پڕدەداتە کەروێشکەکە و دەیگرێ)** (ڕامان،ژ٧٠،ل١٩٣)
٣ـ کەسـایەتی خراپـەکار بـەرەو چاکـەکاری: ئـەم جـۆرە کەسـایەتیانە لـەدەقی شانۆی منداڵدا باشترینی کەسایەتییەکانن و ڕۆڵ بینینیان لەدەقەکەدا، دەبنە باشترین پەند و ئامۆژگاری بۆ منداڵان، چونکە ڕەوشتی خراپی کەسایەتی و پەشـیمان بوونـەوەی، هـانی منـداڵی لاسـار دەدات ڕێگـەی ڕاسـت بگرنەبـەر، گـۆڕانی کەسـایەتی خراپـی (کـوڕە ئەسـتێرە) لـە لوتبەرزییـەوە بـەرەو چاکەخوازی و لێبووردەیی، هەروەها لـەدەقی شـانۆی منداڵانی (قوتابخانـە)دا، کەسـایەتی(بەختیار) لـە گاڵتـەجاڕی و جوێندانـەوە بـەرەو چاکـەخوازی و ڕەوشت بەرزی دەگۆڕێت، ئەم دەقە یەکجار بەسوودە بۆ منداڵانی تەمـەن (٩ ـ ١٢)ساڵان، کاتێ بەختیار ئازادی هاوڕێی دەبینێ، لێ دەپرسێت، باشە بۆچی بەو بەیانییە هەموو منداڵانی گەڕەکەکە هەریەکەیان کارێک دەکەن، لەو کاتەدا ئازاد دێتە وەڵام ئەوەی کار نەکات ناتوانێت بژی، ئامۆژگاری دەکات کارێک بۆخۆی بدۆزێتەوە:
**(بەختیار : کاری چۆن .. دەتۆ پێم بڵێ ؟**
**ئازاد : وەرە با من کارێکت بۆ بدۆزمەوە .. وەرە بتبەم بۆ قوتابخانە بۆخۆت فێری نووسین و خوێندن دەبی ..**
**بەختیار : ئەوە فێربووم ... ئینجا نووسین و خوێندن سوودی چییە ؟**
**ئازاد : چۆن ،بۆخۆت لەدواڕۆژدا دەبی بەمامۆستا یان دکتۆر یان هەر کارێک لەو کارە باشانەی کەوا دەتوانی خزمەتی کۆمەڵی پێ بکەین .**
**بەختیار : چۆن .. ئەوە بەڕاستە ،..**
**ئازاد : بێ گومان**
**بـــەختیار : کەواتـــە هـــەر ئێســـتا بمبـــە لەقوتابخانـــە داممەزرێنـــە .)** (ڕامان،ژ٧٠،ل١٩٧)

**_دەربارەی کەسایەتییەکانی دەقی شانۆی منداڵان پێویستە چەند خاڵێک لەبەرچاو بگیرێت :**

١ـ خستنەڕوو و ناساندنی کەسایەتییەکان: ئەویش یا لەڕێگەی خۆناساندن، نووسەر لەسەرەتای دەقەکەوە ناوی کەسایەتییەکانی دەقەکەی بۆ منداڵان دەخاتەڕوو، تا بەرچاو ڕوونییەک بدات بەمنداڵان، لە ئۆپەریتی (گوڵەپەلکە زێڕینە)ی (عومەر عەلی ئەمین)دا، کەسایەتی (داپیرە) بەم شێوەیە خۆی دەناسێنێت:

**(داپیرە۔ من داپیرەیەکم.**

**خاوەنی باخچەی گوڵەپەلکە زێڕینەم .**

**گوڵەکانم، دەست کردی تیشکی خۆرو، دڵۆپی بارانن .....)**(بەیان،ژ:١٥٣،ل٣٠)

زۆر جایش گێڕەرەوەیەک کەسایەتییەکان دەناسێنێت، وەک لای (کاوەی ئەحمەد میرزا) لەدەقی (خولەی تەمەڵ)دا، لەسەر زاری (حیکایەت خوانی یەکەم و دووەم) کەسایەتی (خولە) دەناسێنرێت :

**(حیکایەت خوانی یەکەم: ئەگێڕنەوە ئەڵێن ..**

**کوڕێک ئەبێ .. ناوی خولە ئەبێ !..**

**حیکایەت خوانی دووەم: خولە تابڵێ ی**

**تەمەڵ و تەوەزەلە !..**

**ئەوەی بیری لێنەکاتەوە..کارکردنە)**(بەیان،ژ:٩٤،ل٥٤)

یانیش زۆرجار کەسایەتییەکان لەڕێگەی (مەنەلۆگ)ەوە خۆیان دەناسێنن، وەک کەسایەتی ڕێوی لەدەقی (ڕێوییەکەش فێڵی لێ کرا) :

**( ڕێوی : ئووی .. ئووی .. ئووی برسیمە برسیمە خوایەگیان برسیمە .. زۆرم برسییە ،سەد بریا ئێستا کەڵەشێرێک قازێک مریشکێک لێرەبوایە .... خۆ جاروبار کارمامزێک سەری لەم ناوە دەدا )** (ڕامان،ژ٧٠،ل١٩٢)

لەم مەنەلۆگەدا ڕاستەوخۆ کەسایەتی ڕێوی دەردەکەوێت، هەروەها چەندین شێوەی دی هەیە، بەهۆیانەوە کەسایەتییەکان خۆیان دەردەخەن، ئەوانیش لەڕێگەی، گفتوگۆ، کار و کاردانەوە، دەربڕینی هەست و سۆز .

هەولێرنامەی کتێب

**٢. "دەبێت کەسێتی دژ و خراپەکار لەکۆتاییدا بەسزای یاسایی بگەیەنرێن ،بەڵام بەدوور لە توندوتیژی و کوشتن ،بەڵکو زۆرجاریش گیانی لێبوردەیی**" (بورهان قەرەداغی،٢٠١١،ل٣٠١)، چونکە نەگەیاندنی خراپەکار بەسزا، وا لەمنداڵ دەکات هەمیشە ئارەزووی لە ئەنجامدانی کاری خراپ و سەرپێچی بێت، ئەمە بەڕوونی لای (کەمال غەمبار) لەدەقی (تیکۆشان بنچینەی سەرکەوتنە)، کەسایەتی (دڵشاد) هەر لەسەرەتاوە گوێ نادات بە ئامۆژگارییەکانی (نەوزاد)ی برای و هەمیشە وانەکانی قوتابخانەی فەرامۆش دەکات، بۆیە لەکۆتاییدا (نەوزاد) دەبێت بە دکتۆر و (دڵشاد)یش وەک پاککەرەوەی نەوزاد:

**(دکتۆر نەوزاد: هەر تەنیا ئەوەندەم پێ ئەکرێت، کە لەبەر دەرگا بوەستی و ئەوەی ئەیدەم بە**

**یەکێکی تر ئەیدەم بەتۆ .**

**دڵشاد: بە کوردی بڵێ ببمە فەڕاشت، وەک بەزیادی خێرم نەکرد، ببم بە فەڕاشت، فەڕاشی نەوزادەفەندی ئەو چاکەم لەگەڵ مەکە برا خۆشەویستەکەم ......)** (ڕامان،ژ:٥٧،ل٢٤٦)

٣ـ کەسایەتی سەرەکی چاکەخواز بێت، یاخود دەکرێت لەخراپەکارییەوە بەرەو چاکەکاری هەنگاوبنێت، بەڵام هەنگاونانی بەرەو خراپەکاری، بەگەورەترین هەڵەی نووسەر دادەنرێت، لەبەرئەوەی چاوی منداڵ هەمیشە لەسەر کەسایەتی پاڵەوانە، هەر هەڵەیەکی پاڵەوان بەلاڕێدابردنی منداڵە .

٤ـ **"دەبێت پاداشت و سزادان گونجاوبێت ،لەبەرامبەر کار و کردەوەی کەسێتیەکاندا"** (بورهان قەرەداغی،٢٠١١،ل٣٠١) .

٥ـ کەسایەتی قارەمان لە کۆتایی دەقەکەدا سەربکەوێت، چونکە کەوتنی کەسایەتی قارەمان، کەسایەتی منداڵ لاواز دەکات لە هەنگاونان بەرەو سەرکەوتن، ئەمەش وەک لەدەقی شانۆی (بەیتی ڕێزانکێ)دا، لەکۆتایی دەقەکەدا (ڕێزان)ی پاڵەوانی دەقەکە، پاش ئەوەی دەگات بە (گەنجی سلێمان) لەژێر زەویدا گیر دەخوات و شانۆکە کۆتایی دێت .

٦ـ ئەگەر کەسایەتی دەقەکە لەژیانی ئاژەڵان وەرگیرابوو، واباشە کەسایەتی ناودەقەکە بگونجێت لەگەڵ ڕەوشت و سیفەتی ئاژەڵەکە، تاوەکوو

بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە بخرێنەڕوو، بۆنموونە (فیڵ و تەڵەکەبازی بۆ مام ڕێوی، پاشایەتی بۆ شێر، وەفا بۆ سەگ،....)، وەک لە دەقی شانۆی (دڕندەی دارستان)دا دەردەکەوێت، نووسەر هاتووە سیفەتی (ڕێوی) داوە بە (مامز) و سیفەتی (قەڵەڕەش)یشی داوە بە (لەقلەق)، ئەم دیمەنە هیچ ڕاستگۆییەکی تێدانابینرێت :

**( مامز : پێش هەموو شتێک پێویستە ئەوە بزانین ڕاوچی بەکامە ڕێگادا سەردەکەوێتە شاخەکە، ئینجا من وا خۆم نیشان دەدەم کەمردووم .با لەقلەقیش لەسەر لاشەکەم بوەستێ و وا نیشانبدات گۆشتم دەخوات .)** (ڕامان،ژ٣٤،ل٢٨٨)، ئەمە کارێکی هەڵە لەدەقی شانۆی منداڵاندا، چونکە ڕاستگۆی تێدا نابینرێت.

## _ ململانێ : Conflict

ئەو ڕووداوانەی دێنە ژیانی هەر تاکێکمانەوە، دەمانخەنە ناو ململانێی زۆرەوە، ئەو ململانێیانەش یا ئەوەتا لەناو خودی مرۆڤێکدا دێنەکایەوە، یا ئەوەتا لەنێوان مرۆڤەکان و سروشت...، ئەمەش لەپێناو ***"مانەڤا مرۆڤی و گەوهەری هەبوونا وییە"*** (مکنون محەمەد، ٢٠١٠،ل٦٨)،بێگومان سەرچاوەی هەموو ئەمانەش کۆمەڵە، چونکە سەرجەم ململانێکانی ناو دەقی شانۆکە لەتێڕوانین و بینینەکانی نووسەرە لەو کۆمەڵگایەی تێیدادەژی لەدایک دەبن .

ململانێ ڕەگەزی سەرەکییە لەشانۆدا، دەقی شانۆیی بەبێ بوونی ململانێ هیچ جۆرە چێژێک نابەخشێت، چونکە هەمیشە نووسەر لەڕێگەی ململانێکانەوە سەرنجی خوێنەر یا بینەر ڕادەکێشێت، ململانێکانیش لەو ڕووداوانەوە سەرچاوە دەگرن، کە نووسەر لەڕێگەی کێشە و نانەوەی ئاژاوەگەرییەوە دروستیان دەکات، **"ململانێ کرۆکی ئەو بەیەکداچوونەیە ،کە هۆنینەوە شانۆییەکەی لەسەر ڕادەکێشرێ و ڕۆنانە دراماییەکەی لەسەر هەڵدەسێنرێ ،بەهێزی و گرنگی ململانەکەش شێوەی گشتی دەقە شانۆییەکە ،لەنمایشێکی سەرکەوتوودا دەخاتە بەرچاو و گوێی بینەران"** (شڤان قاسم،٢٠١١،ل٥١)، دەقی شانۆیی خستنەڕووی ناکۆکی نێوان کەسەکانە ،کە دابەشی دوو هێزی جیاواز دەبن، هێزی چاکە و هێزی خراپ، ئەم دوو هێزە



هەواڵنامەی کتێب

لەسەرەتای دەقەکەوە لە ململانێدان، کە **"ڕۆڵەکێ مەزن دبینیت دپێکئینان و ئافراندنا (( گرێ ))یا دراماییدا ، چونکی هەر ململانێیە کو دبیتە ئەگەرێ هندێ کو دەقی درامایی بگەهیتە چەند گرێیەکان و ل دوماهیکێ چارەسەر دبیت"** (شڤان قاسم،٢٠١١،ل٥١)، ئەمەشە خوێنەر پەلکێش دەکات بۆ خوێندنەوەی دەقەکە تا کۆتایی و کردنەوەی گرێیە درامیەکە، ئەو دەقەی نووسەر دەیخاتەڕوو، پیشاندانی چەند کەسایەتییەکە،کە کارو جووڵەکان ئەنجام دەدەن، ئەوانیش هەر یەکەیان ڕێگەی تایبەتی هەیە بۆگەیشتن بە مەبەست، ئەم ڕێگە جیاوازانە ململانێیان لەنێواندا دروست دەکەن، چ جای ئەوەی نووسەر **" کەسایەتی دوو شەڕکەر بهێنێت ،ئەوان بەبێ بوونی بەکارهێنانی زمانی قسەکردن لەگەڵ یەکتری ناکۆکن و دەجەنگن ،یەکیان ژێر دەکەوێت و ئەویتریش سەردەکەوێت"** (استیوتیلیس،١٣٩٣،ص٤٥)، بەم پێیە هیچ دەقێکی شانۆیی بێبەش نییە لە ڕەگەزی ململانێ .

ململانێکان لەدەقی شانۆی منداڵاندا، ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی چاکەیە بەرامبەر هێزی خراپە، کە هەمیشە بەسەرکەوتنی هێزی چاکە کۆتایی دێت، بوونی ململانێکان لەدەقی منداڵاندا خۆشی و شادی زۆر بەمنداڵ دەبەخشن، بەتایبەتی لەکاتی بینینی نمایشەکەدا، بەمەرجێ ململانێکان نزیکبن لە دونیای منداڵ، پێویستە سوود لەو ململانێیانە وەربگیرێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەی منداڵاندا دەبینرێن، کە لەلوتکەی ململانێدا ئاشبوونەوە ڕوودەدات، جگە لەمە **"پێویستە ململانێ و کێشمەکێشمەکە گونجاوبێت لەگەڵ عەقڵ و تەمەنی منداڵدا"**(بورهان قەرەداغی،٢٠١١،ل٣٠١)، منداڵ لەهەر تەمەن و قۆناغێکدا بەپێی سروشت و تایبەتمەندیەکانی قۆناغەکە ململانێ و کێشمەکێشمەکانیان جیادەبنەوە، منداڵانی (٣ ـ ٦)ساڵان هەمیشە ململانێکانیان لەسەر ئەو بنەمایە دەخەنەڕوو کە هەموو شتێک بەهی خۆیان دەزانن، بەڵام لای منداڵانی (٩ ـ ١٢)ساڵان ئەوان پاڵەوانن هەمیشە ململانێکانیان لەسەر بنەمای جەنگ بنیاد دەنێن، تا یەکێکیان زاڵدەبێت بەسەر ئەوانی تردا .

خستنەڕووی ململانێکان لەدەقی شانۆی منداڵانی کورد ساڵانی(١٩٧٠ـ٢٠٠٥)لەو قۆناغە، بەچەند جۆرێک خراونەتەڕوو، بەشی زۆری ململانێکان ئەو ململانێیانەن، کە لەنێو مرۆڤەکاندا دێنەکایەوە لەئەنجامی

بیـروڕا جیـاواز و دژەکـان، هـەر لەدەقـەکانی ئـەم قۆناغـەدا جـۆری تـری ململانێش دەبینرێن وەک ڕووبەڕووبونەوەکانی مرۆڤ لەگەڵ سروشت، جگە لەمـە جۆرێکی تـری ململانـێ هەیـە، کـە زیـاتر لـەدەقی گەوراندا هەیە، بـەڵام نووسـەری دەق هەوڵیـداوە بەشـێوازێکی منداڵانـە و بۆمنـداڵانی بنووسـێت، ئەویش ململانێی مرۆڤە لەگەڵ چارەنووس، کە شێوازی باوی خستنەڕووی ململانێکان بوو لە تراجیدیای کۆندا، بەجۆرێک پێویست بوو قارەمانی دەقەکە لەململانێـدابێت لەگـەڵ ئـەو چارەنووسـە نەگریسـەی بـۆی دانـراوە، دەکرێـت ململانێی نێو دەقەکانی شانۆی منداڵان لەو ماوەیەدا بەم شێوەیە پۆلێن بکەین

**١. ململانێی منداڵ لەگەڵ منداڵ:**

هـەموو ئـەو ململانێیانـە دەگرێتـەوە، کـە لـەنێو خـودی منداڵانـدا ڕوودەدەن، ئەمەش شتێکی ئاساییە، چونکە دەق بێ کەسایەتی نابێت، ئەم کەسایەتیانەش لەدەقدا بە ئەنجامدانی کار و جووڵە ئەنجام دەدەن، هەر یەکەشیان جۆرێک لـەبیروڕای تایبـەتی خـۆی هەیـە، ئـەم جیاوازی بیرکردنەوەیە لەسـەر شـتێک نـاکۆکی لـەنێوان کەسـایەتییەکان دێنێتـە ئـاراوە، ڕووبـەڕووی یـەکتر دەبنـەوە شـــەردەکەن، دانووســـتان دەکـــەن، ڕێکدەکـــەون،... لـــەپێناو گەشـــتنە ئـــەو مەبەستەی، کە هەریەکـەیان ڕێگـای تایبـەتی خـۆی هەیـە بۆگەیشـتنی، ئەمـەش لەدەقی شانۆی منداڵانی کوردا بەم شێوەیە دەردەکەوێت :

ئ ـ ململانێی منداڵێک لەگەڵ کۆمەڵێک منداڵ: ئەو ململانێیانە دەگرێتەوە، کە منداڵێکی وریا و ژیر لەدەرەوە یا لەقوتابخانە یا هـەر شـوێنیکی دی ململانـێ لەگـەڵ کۆمەڵـە منـداڵێک دەکـات، کـە گاڵتـەی پێدەکـەن یـانیش دەیـەوێت ئامۆژگارییـان بکـات لـەبارەی ڕەفتـارێکی ناپەسـەندە، بێگومـان ئـەم جـۆرە ململانێیانە شتێکی باون لەنێو منداڵاندا، چونکە ئەوان هەمیشە بەیەکەوە یاری دەکـەن هـیچ کامێکیشـیان لەڕەوشـتی خـراپ بێبـەری نـین، بـەڵام لەنێویانـدا منداڵێکی وریا و چالاک دەبینرێت، کە هەمیشە لەململانێدایە لەگەڵیان لەسـەر ئەو ڕەوشتە خراپانەی کە هەڵیانگرتووە، لەدەقی (گورگی گرینۆک)ی (عومـەر عەلی ئەمین)دا، کەسایەتی یەکەمی دەقەکە (گورگ)ە، لەسـەرەتای دەقەکـەوە لـەململانێ و گریاندایە بەرامبـەر ڕەوشـتێکی ناپەسـەندی چەنـد کەسـانێک، کە

هەمیشـە قسـەکانی خۆیانیـان بـەلاوە گرنگـەو گـوێ بـەئامۆژگاری کەسـی تـر نـادەن و لەئەنجامـدا دەکەونـە هەڵـەوە، بینینـی ئـەم دیاردەیـە، وا لـە گـورگ دەکـات دەسـت بکـات بـەگریان، ئەگـەرچی کەسـایەتی گـورگ هەمیشـە شـەڕانگێزە، بـەڵام نووسـەر بەمەبەست ئـەوەی کـردووە، تـاوەکوو کاریگـەری زیاتر بخاتە دڵ و دەروونی منداڵەوە:

**(کچی١. حەی حەی ! جا عەقڵی ئەو شوانانە بەزەیی پیاهاتنەوەیان بۆ چییە گورگی گرینۆک؟**

**گورگ: ئاخر تۆ منالی کچەکەم، لە ژیان تێ نەگەیشتوویت جۆرە کەسانێک ئاوا بە خۆیان بنازن**

**و ئاوا بەسووک بڕواننە ڕاستگۆیی کەسانی تر ... ... بەڕێزان باوەڕ بفەرمون بەڕادەیەک**

**بەزەییم بەعـەقڵی یـەتی ئـەو شـوانانە دا هاتـەوە، خۆمم پێ ڕانـەگیراو لەوێدا دامە پرمەی**

**گریان بۆیان ، ....)**(دیاری بۆ شانۆی منداڵان،ل٢٨)

ب ـ ململانێی کۆمەڵە منداڵێک لەگەڵ تاکە منداڵێک: ئـەم ململانێیە بەرامبـەر کۆمەڵـە بـەهێزی شـەرانگێزی تاکـە منداڵێکـە، زۆرجـار کۆمەڵـە منـداڵێک لـەو دەوروبەرەی بەتەبای و ئارامی تێیدا یاری دەکەن، خراپەکاری تاکە منداڵێک منداڵان ناچار دەکات لە ململانێدابن بەرامبەری، تاوەکوو لەدەسـتی ڕزگاریـان ببێـت، یـا ئـەوەتا بیهێننـە سـەر ڕێگایـەکی ڕاسـت، خسـتنەڕووی ئـەم جـۆرە ململانێیانـە لـەدەقی شـانۆی منداڵانـدا جـوانی و سرنڕاکێشـی بەدەقەکـە دەبەخشێت، چونکە ئـەو ململانێیانـە لـەنێو منداڵاندا شتێکی باون، زۆرجاری واهەیـە کۆمـەڵێک منـداڵ بەتـەبایی یـاری دەکـەن، بـەڵام بـوونی منـداڵێکی شەڕانگێز خۆشییەکانیان لێ تێکدەدات، یا زۆرجار ڕەوشتێکی ناشرینی تاکە کەسێک کۆمەڵ ناچار دەکات لەگەڵیدا ململانێ بکەن، وەک لای (عومـەر عـەلی ئەمین) دەردەکەوێت لەدەقی(کەس کەس ناتوانێ ئەمە بکات)،ئەگەرچی لەسـەر زمانی ئاژەڵان ئەم جۆرە ململانێیە دەخاتەڕوو، لەم دەقەدا کۆمەڵ لە (ئەسـپ ـ مـەڕ ـ بزن ـ کەڵەشێر ـ ئێستر ـ سـەگ) پێکهاتووە، هـەموویان لەململانێدان

لەگەڵ ڕەوشتێکی نابەجێی (مریشک)، کاتێ هێلکەیەک دەکات هەمیشە باسی دەکاتەوە، لەناو کۆمەڵیشدا ئەو کەسانەی خاوەن ئەو ڕەوشتەن هەمیشە لەلایەن کەسانی ترەوە ململانێیان لەگەڵدا دەکرێت:

**(مریشک: کەس کەس ناتوانێ ئەمەبکات ! کەس کەس ناتوانێ ئەمەبکات ! کەس کەس ناتوانێ**

**ئەمەبکات ! .. کەس کەس ناتوانێ ئەمەبکات !{ئیتر هەر نای بڕێتەوە بەڕادەیەک**

**ئاژەڵەکان پەست دەبن و دێنە قسەکردن}**

**مەڕ: ئەرێ خوشکێ باش ، هێلکەیەک ئەم هەموو هەراوهۆریاو خۆهەڵکێشانەی پێویست نییە .**

**بزن: نەوەڵا هێلکەیەک هەرگیز ئەوە هەڵناگرێت ئەم هەموو شانازیەی پێوەبکرێت .**

**سەگ: هەر هیچ نەبێ لەبەر تەندروستی خۆت بادەنگت نەنووسێ .**

**ئیستر: ئاخر تۆ ئەبینی ئەم بەڕێزانە دانیشتوون و قسەئەکەن و ئەسپی شۆخ و شەنگ**

**سەرگوزەشتەی سەفەرەکەیمان بۆ ئەگێڕێتەوە و ، ئەبێ هێلکەیەک نرخی چی بێت وا**

**دنیای بۆ بخرۆشێنیت .))**(دیاری بۆ شانۆی منداڵان،ل٤٠)

ج ـ ململانێی منداڵێک لەگەڵ منداڵێکی تر: منداڵان هەمیشە ژیانیان پەیوەستە بەکەسێکی ترەوە، هەموو منداڵێک لەژیانیدا پێویستی بەکەسێکە لەگەڵیدا بێت و هاوڕێیەتی بکات، یانیش هەموو منداڵێک لەماڵەوە ژیانی پەیوەستە بەتاکەکانی خێزان، سەرەڕای لێک نزیکیان، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازی بیروڕایان هەیە، ئەمە ناکۆکی لەنێوانیان دروستدەکات، بێگومان بوونی ئەم جۆرە ململانێیانە لەدەقی منداڵدا سەرنجی منداڵ بۆلای دەقەکە ڕادەکێشێت، لەبەرئەوەی منداڵان هەمیشە لەماڵەوە لەگەڵ منداڵی لەخۆیان بچووکتر یا گەورەتر لەململانێدان و هەمیشە لەسەر شتێک ناکۆکن، وەک لە ململانێی نێوان (نەوزاد - دڵشاد)دا دەردەکەوێت لەدەقی (تێکۆشان بنچینەی

سەرکەوتنە)، دوو تاکن هەردووکیان بران، بەلام هەمیشە بۆگەیشتنە مەبەست بیر و ڕێگەی جیاوازیان هەیە، ڕێگەی ڕاست و هەوڵەکانی (نەوزاد) بۆ سەرکەوتن و ڕێگەی هەڵە و تەمبەڵی (دڵشاد)، ئەم دوو هەوڵە بۆ گەیشتنە مەبەست لەململانێدان تا کۆتایی دەقەکە بەردەوامی دەبێت، بەڵام بە سەرکەوتنی (نەوزاد) کۆتایی دێت و (دڵشاد)یش باجی هەڵەکانی خۆی دەدات:

**دڵشاد: چ بخوێنمەوە؟ هەموو شت ئەزانم. خۆ ئەگەر شتێکیشم نەزانی قۆپیە خۆش ناهێڵم**
**لەهیچ دەرسێک بکەوم .**
**نەوزاد: بەخوا جوانە، کەواتە هەر لەبەرئەوەشە کە وازت لە دەرسەکان هیناوە و ڕۆژێک ناتبینم**
**کە وەکو من کتێبێک بگریتە دەست و دەرسەکانت لەبەرکەیت ... ملت داوەتە قۆپیەکردن و**
**بەس .ئایا نازانی کە ئەم قۆپیەکردنە مل شکانی تیدایە، ڕۆژێک لەرۆژان هەر ئەبێ**
**مامۆستا بتگرێت، قۆپیەکردنیش دزی کردنە لە مامۆستا و دیسانەوە سەختەکردنە...)**
**ئیستر: ئاخر تۆ ئەبینی ئەم بەڕێزانە دانیشتوون و قسەئەکەن و ئەسپی شۆخ و شەنگ**
**سەرگوزەشتەی سەفەرەکەیمان بۆ ئەگێڕێتەوە و ، ئەبێ هێلکەیەک نرخی چی بێت وا**
**دنیای بۆ بخرۆشێنیت .**)(ڕامان،ژ:٥٨،ل٢٤٥)

٢ـ ململانێی منداڵ لەگەڵ سروشت: منداڵ هەر لەگەڵ هاتنی بۆ زەوی، لەململانێدایە لەگەڵ سروشت و دەوروبەرەکەی خۆیدا، بۆئەوەی زیاتر دیاردەکانی بۆ ڕوونببێتەوە، چونکە بوونی ئەو دیاردانە ترسی لەدڵی منداڵدا دروستکردووە، هەوڵیداوە سەرچاوەی ئەو هێزە بزانێت، بۆیە هەمیشە لە ململانێدایە لەگەڵ سروشت، بوونی ئەو جۆرە ململانێیانە لەدەقی منداڵاندا

ســەرنجی منــداڵ ڕادەکێشــن، ئــەوان هەمیشــە دەربــارەی سروشــت و ئــەو دەورەبەرەکەی تێیدا دەژین پرسیار گەلێکی زۆریان هەیە، کە لێیان تیناگات و دەیـەوێت بـۆی ڕوونببێتـەوە، نموونـەی ئـەم جـۆرە ململانێیانـە لـە ئۆپـەرێتی (شـادی) ی (کـاوەی ئەحمـەد میـرزا)دا دەردەکـەوێت، ململانێـی (پەپولـە)یـە، لەگـەڵ (ئـاگر) ،لـەڕووی ئامۆژگارییـەوە بـۆ منـداڵانی (٣ ـ ٦)سـاڵی گونجـاوە، ئەگەرچی کەسایەتی ئۆپەرێتەکە (پەپولـە)کانن، بـەڵام دواجـار ململانێکان ئـەو ململانێیانەن، کە لەنێوان مرۆڤەکان ڕوودەدەن:

**٣ـ ململانێی مرۆڤ لەگەڵ چارەنووس:**

بەشــێوەیەکی گشــتی مــرۆڤ و چــارەنووس زیــاتر لــەدەقی گەورانــدا دەخرێنـەڕوو، بەتایبـەتی لەکۆنـدا ململانێـی سـەرجەم دەقـە تراجیدییـەکان بـەم شـێوەیە دەخرانـەڕوو، بـەڵام لێـرەو لـەوێش لـەدەقی منداڵانـدا دەردەکـەون، لـەدەقی شـانۆیی (کـورە ئەسـتێرە)دا، ئەسـتێرەیەک دێتـەخوارەوە منـداڵێکی بچـووک (کـورە ئەسـتێرە) دەدات بـە (داربڕ)ەکـە، پـاش ماوەیـەک دایکـی ڕاســتەقینەی دەردەکــەوێت، بــەڵام قبوڵنــەکردنی دایکــی ڕووبــەڕووی چارەنووسێکی ناخۆشی دەکات، ئەویش شێواندنی ڕووخساریەتی، تاکۆتـایی دەقەکـە ململانـێ لەگـەڵ ئـەو چارەنووسـەیدا دەکـات، بۆئـەوەی ڕووخسـاری بگەڕێتـەوە بـاری جـارانی، هـەروەها لـەدەقی (بـەیتی ڕێزانکێـی)ی (سـمکۆ ناکام)دا، (ڕێزان) قارەمانی دەقەکە، لەسـەرەتای دەقەکەوە پێ بە پێ لەگـەڵ ئەو چارەنووسـەی بـۆی دانراوە هـەنگاو دەنێـت، تـا لـەکۆتایی دەقەکـەدا ئـەم چارەنووسە شومەی بەرەو ڕێگایەکی نادیاری دەبات .

**(دەنگ: ئەمرکە ڕێزان خاتون ..**

**ڕێزان: نەتفەرموو چۆن گەنجەکە بەرمە سەرێ؟!**

**دەنگ: ئەوەیان .. ئەوەیان نازانم !**

**ڕێزان: تێ ناگەم ؟!**

**دەنـگ: چونکـە ئـەم ژێـر زەمینـە ڕێ ی هاتنـە دەرەوەی نـی یـە ! ....)**

(بەیان،ژ:٥٦،ل٢٦)

بـەم شـێوەیە سـەرجەمی ئـەو ململانێیانـەی لـەناو دەقـەکانی ئـەو قۆناغـە مێژووییەدا خراونەتەڕوو.

## گفتوگۆ: Dialogue

یـەکێک لەڕەگـەزە هـەرە گرنگـەکانی دەقـی شـانۆیی جـۆری داڕشـتنی گفتوگۆکانیـەتی، گرنگـی و بایـەخی ئـەم ڕەگـەزە ژانـری شـانۆ لەسـەرجەم ژانرەکانی تری ئەدەب جیادەکاتەوە، ئەگەرچی گفتوگۆکان ڕەگەزی سـەرەکی ژانرەکـانی گێڕانـەوەی چیـرۆک و ڕۆمـان و کورتـەچیرۆک ...، بـەڵام ئـەم ڕەگەزە لـە ژانـری شـانۆدا بنچینـەیی و جێگیرە، ئەمـەش بۆ زمـانی گفتوگۆی دەقەکە دەگەڕێتەوە، چونکە"**زمانی گێڕانەوە خودی نووسـەرە ،کەچی زمـانی دیـالۆگ زمـانی کارەکتەرەکانـە**" (نجـم نجـم الـدین،٢٠٠٥،ل٢٨٥)، کەواتـە ئەگـەر کـێش و سـەروا نیشـانەی جیاکردنـەوەی هـۆنراوەبن، ئـەوا وتـراوە دەقـی شـانۆیی بـە هونـەری گفتوگـۆ ناسـراوە (حەمەکـەریم هـەورامی،٢٠٠١، ل٣٠)، ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێ کـە هـیچ دەقێکـی شـانۆیی بـەبێ بـوونی گفتوگـۆ نایەتـەئاراوە، بەشـێوەیەکی گشـتی دووجـۆر گفتوگۆمـان هەیـە، یەکـەمیان گفتوگۆی دەرەوە (دیالۆگ)، دووەمیان گفتوگۆی ناوەوە (مۆنۆلۆگ) .

## یەکەم: دیالۆگ: Dialogue

لەبارەی چەمک و پێناسـەی دیالۆگ، کۆمـەڵێک قسـە و باس وتراون، هـەر لێکۆڵەرەو بەجۆرێک لە لێکۆڵینەوەکەیدا ناساندویەتی لەوانە، دیالۆگ "بـەواتای قسـە و وتـوێژ لەگـەڵ یـەکتری دێـت ،مەبەسـتی گۆڕینـەوەی بۆچـوون و بیروباوەڕە ،یاخود قسەیەکە کە لـەنێوان دووکـەس یا زیاتر ،یا بەشێوەیەکی کاریگـەر تـر لـەهزری تاکـە کەسـێک سـەرچاوە دەگرێت"(پخشـان محمـود،٢٠٠٩،ص٩٢)، هـەر قسـە و باسـێک لـەنێوان دوو کەسـدا ڕوودەدات بـەدیالۆگ ناودەبرێت، بـەڵام ئایا ؟ئـەو دیالۆگانـەی خـەڵکی ئاسـایی ڕۆژانـە ئەنجامی دەدەن لەگـەڵ دیالۆگی کەسایەتییەکانی نـاو دەقی شـانۆکان هـەمان شـتن، بێگومـان نـەخێر، چونکـە مەبەسـت لـەدیالۆگ "ئـەو ڕسـتەو وشـانەیە لەنێوان کارەکتەری شانۆگەریەکاندا دەوترێن "(کامەران سـوبحان،٢٠٠٤،ل٣٥)، کاتێ باس لەدیالۆگ دەکرێت، واتە زمانێک لە ئارادا هەیە، زمـانی دیالۆگـەکان زمـانی گوزارشـتکردنی ڕووداو و کـار و جوڵـەی کەسـایەتییەکانن لـەدەقی شانۆییدا، هەروەها شتێکی گرنگە بۆ وەسف و ناسینی کەسایەتییەکان،گیانیان

بەبـــەردادەکات و بەزینـــدوویی دەیانهێڵێتـــەوە و بنـــەماکانی تاکیـــەتی بەکەسایەتییەکانی ناو دەقە دەبەخشن (ولیام نوبل،١٣٨٥،ص٧١)، بـەڵام لەهـەر کاتێکدا باس لـەدیالۆگ بکرێت، لەگەڵیدا هەست بـەبوونی کەسایەتی دەکرێت "بێی هەبوونا کەسایەتیان د هەر بەرهەمەکێ ئەدەبیدا دیالۆگ ناهێتە ئافراندن "(مکنون محەمەد،٢٠١٠،ل٧١)، جگە لەمە لەڕێگەی دیالۆگی کەسایەتییەکانەوە ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕی نووسـەریش لەدەقەکەدا دەبینرێت، کەواتـە"دیالۆگ ئـەو ئاخاوتنەیـە کـە بـە شـێوازێکی سـفت و ناسـک لەسـەر زاری کەسـانی دراماکـەوە ،بـۆ نـاو گـوێی بینـەران پلـووره دەکـات و دەڕژێتـە ناویـەوە" (حەمەکەریم هەورامی،٢٠٠١،ل٣٣)، یـاخود دەوترێت بڵێن دیالۆگ ئـەو قسـەو باسـانەیە، کــە لەلایــەن نووسەرەوە،بەســەر کەســایەتییەکی دەقەکەیــدا دابەشــدەکرێن،تا بەشــێوەیەکی خۆڕســک لــەنێو خۆیانــدا مەبەســت و بیروباوەڕەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن.

ئەگەرچی خستنەڕووی دیالۆگ و دابەشکردنیان بەسەر کەسایەتییەکاندا یـەکجار گرنگـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا کـارێکی هـەروا سـانانییە، چونکـە "گرنـگ ئەوەیـە دیـالۆگی شـانۆگەری دیـالۆگێکی چـاک بێـت ،بـەوەی کـە ئاشـکەراتر نزیکتـر بێـت لـە دڵ و مێشـکی بینـەرەوە"(ئیبراهیم سمۆ، ٢٠٠١،ل٨٤)، چ جـای ئەوەی ئەم دیالۆگانە لەدەقی منداڵاندا بخرێنەڕوو، لەبەرئەوەی دیالۆگی ئەوان بەپێی قۆناغەکانی تەمەنیان دەگۆڕێت، بۆیە دەبێت نووسەری شانۆی منداڵان زۆر وریابێت، بچێتە بنج و بناوانی بەکارهێنانی زمانی منداڵ لەهەر قۆناغێکدا، ئەگەر نووسەری دەقەکە،دەقەکەی بۆ منداڵانی تەمـەن یـانزدە دوانزدە سـاڵان نووســی،ئایا هــەمان ئــەو تایبەتمەندیانــە لــەخۆ دەگرێــت، کــە دەقــی شــانۆی منـداڵانی ئـەم قۆنـاغـە پێویسـتی پێیـەتی، بـەم پێیـە نووسـەر دەبێت لـەدونیای تایبەتی ئەوانەوە قسە و دیالۆگەکان وەربگرێت لەناو منداڵاندا بتوێتەوە، نـەک بەخـەیاڵی خـۆی دایانڕێژێـت، پێویسـتە زمـانی دیالۆگـەکان زمـانێکی سـادە و پـاراو بێگـرێ بـن، هـەروەها داڕشـتنی دیالۆگـەکانیش دەبێـت بـەپێی جـۆری کەسایەتییەکان بخرێنەڕوو، هەمیشە نووسەری بەتوانای بـواری منداڵان لـەو کاتەدا دەردەکەون، کە جیاوازی بکات لەنێوان زمانی دیالۆگی پیرەمێردێک و منداڵێک،بـەو زمانـەی کـە منـداڵ لێیتێدەگات، لەبەرئـەوەی"بۆ بەرجەسـتەکردنی

ڕووی ڕاستەقینەی کەسایەتییەکان و دیاری کردنی ئاستی ڕۆشنبیری و دەروونییان ،دیالۆگ فاکتەری گرنگن بۆ لێک جوداکردنەوەی هەر کارەکتەرێک و ڕەسم کردنی کەسایەتییەکانییان بەپێی سروشتی کۆمەڵایەتی و تەمەن..."(حەیدەرعەبدولڕەحمان،٢٠١٣،ل١٣٦)، سەرەڕای ئەمەش دیالۆگەکان چەندین تایبەتمەندی تریان هەیە، لەوانە ڕۆڵیان هەیە لە بەرەو پێشچوونی ڕووداوەکان، وا لەبینەر دەکەن نمایشەکان بەواقع بزانن، هەموو ئەمانە گرنگی و بایەخی ئەم ڕەگەزە لەدەقی شانۆیی دەخەنەڕوو، بۆیە دەوترێت دیالۆگ ڕەگەزی بنچینەییە لە نووسینی دەقی شانۆییدا .

داڕشتنی دیالۆگەکان لەنێو دەقەکانی شانۆی منداڵانی کوردا (١٩٧٠ - ٢٠٠٥) ،یەک شێوە و قاڵبی وەرنەگرتووە، بەپێی قۆناغەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بۆ نموونە بەشێکی دەقە شانۆییەکانیساڵانی حەفتا، دیالۆگەکان ئەوەندەی بۆ گەوران دەست دەدەن ئەوەندە خۆیان لە دیالۆگی منداڵان نابیننەوە، بەتایبەتی لە دەقەکانی (شانۆگەری بۆمنداڵ)ی(عومەر عەبدولڕەحیم)دا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک لەسادەیی و ڕەوانی تێدادەبینرێت، بەشێوەیەکی گشتی خستنەڕووی دیالۆگەکان لەدەقی شانۆی منداڵانی ئەم قۆناغەدا بە جۆر و شێوەی جیاجیا خراونەتەڕوو:

**_ داڕشتنی دیالۆگ لەڕووی شێوازی دەربڕینەوە:**

١ـ دیالۆگی ڕاستەوخۆ: ئەو جۆرە دیالۆگەیە لەدەقی شانۆییدا، بەنۆرە لەنێوان دووکەس ڕاستەوخۆ ئەنجامدەدرێت، بەشێوەیەکی گشتی لەدەقی شانۆی منداڵدا پشت بەم جۆرە دیالۆگانە دەبەسترێت، نموونەی ئەم جۆرە دیالۆگە لەسەرجەم دەقەکانی ئەم قۆناغەدا خۆیان دەنوێنن، دیالۆگی نێوان (مامۆستا و خۆشی) لەدەقی شانۆی منداڵانی (تیتیلە و بیبیلە)ی (مۆفەق عارف لهۆنی)دا دەردەکەوێت :

(خۆشی : مامۆستا

مامۆستا : بەڵێ خۆشی ئەڵێ ی چی ؟

خۆشی : بۆچی بەهەمووومانەوە تەمسیلی ئەو شانۆیی یە نەکەین ؟

مامۆستا : ئەی ئەوەنیە خەریکی وێنە کێشانن .) (شاکار،١٩٩٩،ل٣٩-٤٠)

٢ـ دیـالۆگی ناڕاسـتەوخۆ: ئـەو جـۆرە دیالۆگەیـە، کـە دیـالۆگی ڕاسـتەوخۆی نێوان کەسایەتییەکان لەڕابردوودا، لەسەر زاری نووسەر یاخود حیکایەتخوان یـانیش لەسـەر زاری کەسـایەتییەکانی دەقەکـەدا لـە کـاتی ئێسـتادا دەگوێڕدرێتـەوە، وەک لـەدیالۆگی نێـوان (دایـک و خولـە)دا دەردەکـەوێت، کـە لەسەر زاری حیکایـەتخوان دەگێڕدرێتـەوە، لـەدەقی شـانۆی منداڵانی (خولـەی تەمبەڵ)ی (کاوەی ئەحمەد میرزا)دا بەم شێوەیە :

(حیکایەتخوانی یەکەم : ڕۆژێ دایکە ڕووئەکاتە خولە و پێ ی ئەڵێ :

دایک : خولە .. ئابەم جۆرە بێ کاربیت ،لەبرسانا ئەمرین !..

خولە : ڕاستە هەژارین .. بەڵام بەم نزیکانە دەوڵەمەند دەبین !..

دایـک : چـۆن چـۆنی ؟.. تـۆ ڕۆژ تـا ئێـوارە بـێ کـارو کاسـبی بـەرامبـەرم دانیشتوویت .

خولە : ئەڕۆم بۆلای پیری چاکان ،تەکبیرمان بۆ بکات .) (بەیان،ژ٩٤،ل٥٥)

ئـەم جـۆرە دیالۆگانـە لەدەقـەکانی منداڵانی ئـەم قۆناغـەدا زۆر بـەڕوونی هەستی پێدەکرێت، چونکە بنـەمای زۆربـەی دەقـەکان گێڕانـەوەی چیرۆکێکە، کـە لەلایـەن حیکایەتخوانـەوە دیـالۆگی ڕاسـتەوخۆی کەسـایەتییەکانی نـاو چیرۆکەکەی پیشاندەدات .

جگە لەمە دیالۆگی ناڕاستەوخۆ زۆرجار لەسەرزاری کەسایەتیەکانی ناو دەقەکـەوە دەگێڕدرێتـەوە، لەشـێوەی (وتـی ،وتیـان ،...) ،لـەدەقی شـانۆی (پێکەنینی سابرێنەکە)دا بەڕوونی هەستی پێدەکرێت،کە بۆ منداڵان(٦-١٢)ساڵان گونجاوە،لەسـەرزاری (سـابرێن) دەسـتەواژەی (وتـی)، دیـالۆگی خـۆیی و (قەرسیل) بۆ (ئەسپ) دەگێڕێتەوە:

(سـابرێن : کـەپێم ووت خـوا هـەلناگرێ ،بـەدەم هیچـی نەهێشـتەوە ،وتـی ئـەی بەسەرچاو سابرێن

هاوڕێم ،کارژۆڵەی تۆیە ،کارژۆڵەی ئێمەشە ...

سـابرێن : کـە بـەو قسـانە دڵـی خـۆش کـردم ،لەدواییدا وتـی :بـەڵام سـابرێنی هاوڕێ ،حەز ئەکەم

ئەم داوایەت بکەوێتە دووسێ ڕۆژی تر من خـۆم ئەوسا ئەنێرم بـەدواتانا .)

(دیاری بۆ شانۆی منداڵ،ل٦٢)

زمانی دیالۆگەکان لەدەقی شانۆیی بە گشتی لەڕووی نووسینەوە دوو قاڵب و شێوە وەردەگرن:

١ــ دەقی شانۆیی شیعری: ئـەو دەقانـە دەگرێتـەوە، کـە بەشـێوەی قاڵـب و بۆتەکانی شیعر دەنووسرێن، لەسەرەتادا هونەری شانۆ تەنیا لەشێوەی شیعر دادەڕێـژران، تـا سـەرەتای سـەرهەڵدانی ڕێبـازی ڕۆمانسـییەت ئـەم قاڵبـەی نووسـین گـۆڕانی بەسـەرداهات، بـەڵام ئەمـەش مانـای ئـەوە نییـە، کـە ئیتـر لەنووسـینی دەقە شـانۆییەکاندا پەنا بـۆ هونـەری شـیعر نـەبرابێت، بـەڵکو تـا ئێسـتاش بەشـێک لـە نووسـەرانی شـانۆیی لەنووسـینەکانیاندا پـەنا بـۆ زمـانی شیعر دەبەن، ئەمەش لەدەقی شانۆی منداڵانی ئەم قۆناغە بەرچاو دەکەوێت، کە زمانی داڕشتنی دیالۆگـەکانی سـەرجەم ئۆپـەرێتیکی منداڵانـە، لەبەرئـەوەی منـداڵ بەوەناسـراون، کـە زۆر حـەزیان بـەئاواز و مۆسـیقا و ڕیتمـی دەقـەکان هەیـە، بەتایبـەتی لـەدەقـەکانی منـداڵانی (٦ ـ ٩)سـاڵان، چونکـە ئـەوان زۆر بەتوانان بۆ لەبەرکردنی دەقەکان، بۆیە پەنابردن بۆ زمـانی شـیعری باشـترین ڕێگەیە، هەروەها لەدەقـەکانی ئـەم قۆناغـەدا بەشـێوەیەکی گشـتی دەقـەکان بـۆ دووجۆر دابەش بوون، بەشێکیان بەشێوەی (ئۆپەرێت) داڕێژراون، بەتایبـەتی لەماوەی حەفتاکاندا زۆربەی دەقەکان لەشێوەی قاڵبی شیعر داڕێژراون:

لەئۆپەرێتی (شادی)ی (کاوەی ئەحمەد میرزا)دا دەردەکەوێت :

(گولەکان : گوڵاڵە سوورەی کێوانین
دۆستی گیانی ی کوردانین
ئەی پەپوولەی باڵ نەخشین
ئێسک سووکی باڵ ڕەنگین ...
پەپولەکان :{ بەدەم هەڵپەڕکێوە}
ئێمە پەپوولەی جوانین
ئاشنای گوڵ و ڕێحانین
لەم چڵ بۆ ئەو چڵ ئەفڕین
شیلەی خۆشەویستی ئەمژین ...) (بەیان،ژ٥٧،ل٢٦)

ڕاستە ئۆپەرێتەکانی منداڵانی کورد زیاتر لە حەفتاکان خراونەتەڕوو، بەڵام لەساڵانی هەشتاکانیش نموونەی ئۆپەرێتی منداڵان بەرچاو دەکەون، وەک لەئۆپەرێتی (دارستان) لەنووسنی (جیهاد دڵپاک)دا هاتووە :

(پیاوی ((١)) :ئێمە هاتووین پیاوی میری گەورەین .

پیاوی ((٢)) :ئەوچی فەرموو وائەڕۆین وائەکەین .

پیاوی ((٣)) :تەوری تیژمان لەسەر شانە وا هاتووین .

پیاوی ((٤)) :کێ ڕێگر بێ پێستی لەشی بۆ ئەگروین .) (بەیان،ژ١٥٣،ل٤٤)

٢- دەقی شانۆی پەخشانی: بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە نووسینە لەدوای ساڵانی نەوەدەوە دیالۆگی دەقەشانۆییەکانی منداڵانی پێداڕێژراوە، ئەم جۆرە دەقانەن، کە لەنووسینیاندا سوود لەنووسینی پەخشانی وەردەگیرێت، واتە لەداڕشتنی دیالۆگەکاندا هەست بەکێش و سەروای ئاوازدار ناکرێت، بەڵام نووسەر بۆئەوەی دووبارەبوونەوەی دیالۆگی دەقەکە منداڵان بێزار و ماندوو نەکات، ناوەناوە پارچە مۆسیقایەک یا سترانێک دێنێتە ناوەوە، لەگەڵ ئەوەشدا زمانی نووسینی دیالۆگەکان هەمیشە نووسینی پەخشانی دەبێت،لەدەقی (دەرگاکە نەکەوە)ی (موحسین محەمەد)دا، نووسەر دەقەکەی لەسەر بنەمای پەخشان داڕشتووە :

(شلە : قاچم شل بوو ،کتە ماندوو بووم ،تۆپەکەم بدێ .

کتە : هەر هاوار بکە ،منیش دەمەوێ بەتەنیا یاری بە تۆپەکە بکەم .

شلە : ئێ دەی کتە تۆپەکەم بدێ .)) (کاروان،ژ٨٨،ل١٠٢)

_ زمانی دیالۆگ لەناو دەقە شانۆییەکاندا چەند ئەرکێک دەگرنەخۆ:

بێگومان پێکهاتەی دیالۆگ زمانە، زمانیش لەچەند وشە و ڕستەیەک پێکهاتووە، هەر ڕستەیەکیش لەڕووی گەیاندنی مەبەست و واتاوە چەند ئەرکێک دەبینن، کە نموونەی هەموو ئەو ئەرکە زمانیانە لەناو دەقە شانۆییەکانی نیوان ساڵانی (١٩٧٠-٢٠٠٥)دا :

ئـ - ڕستەی هەواڵدان: ئەو جۆرە ڕستەیەیە، کە قسەکەر دەیەوێت هەواڵێک بدات دەربارەی ڕاستی و ناڕاستی شتێک یا دیاردەیەک پیشانبدات، لە کۆتاییدا ( . ) خاڵێک دادەنرێت، کەواتە "دیالۆگ بەهێزترین ئامرازی گەیاندنی زانیارییە لەنێوان کارەکتەرەکان ،چونکە کارەکتەری کەسی یەکەم بەبەخشینی

زانیاری هەڵدەستێت بۆ کەسی دووەم ،ئینجا تاک بێت ،یان کۆ ،کە وەرگری زانیارییەکانن" (پەروین عەبدوڵلاخدر،٢٠٠٦،ل٣٦)، دیالۆگی کەسایەتییەکانی سەرجەم دەقەکانی منداڵانی کورد، نموونەی ئەم جۆرە ڕستانەی تێدا بەدی دەکرێت، لەدەقی شانۆی منداڵانی (بەوری بەیان بێ هۆش کەوت) لەنووسینی (عومەر عەلی ئەمین)دا، دیالۆگی نێوان (سەگ ـ بەور) لەسەر بنەمای هەواڵ دامەزراوە، لەو کاتەی، کە (سەگ)ی خزمەتکار (بەور)ی گەورە لەهاتنی کۆمەڵێک کەروێشک ئاگادار دەکاتەوە، کە شکایەتیان هەیە:

(سەگ : گەورەم کۆمەڵێک کەروێشک هاتوون شکاتیان هەیە .

بەور (خۆی ڕاست دەکاتەوە) : دەرگا هەمیشە کراوەیە بابێنە ژوورەوە .)

(دیاری بۆشانۆی منداڵ،ل٦٩)

ب ـ ڕستەی پرسیارکردن: ئەم جۆرە ڕستانە لەدەقی شانۆی منداڵاندا، باشترین ڕێگان بۆ ئامۆژگاری کردن و زانیاریدان بەمنداڵان، ئەم جۆرە ڕستانە لەدەقەکاندا لەڕێگەی نیشانەی پرسەوە ( ؟ ) دەخرێنە ڕوو، لەدەقەکانی ئەم قۆناغەدا نموونەی ئەم جۆرە دیالۆگانە یەکجار زۆرن، کە بە ڕستەی پرس دەربڕاون، وەک لەدەقی (کەلیلە و دیمنە)ی (موحسین محەمەد)دا دەبینرێت، کاتێ (دیمنە) دەیەوێت بڕوات و خۆی لێ نزیک بکاتەوە تا بگاتە پلەیەکی بەرز، لەو کاتەدا (کەلیلە) دەپرسێت:

(کەلیلە : ئەوە دامانتا چوویتە لای پاشا ،چۆن دەگەیتە پایەی بەرز ؟

دیمنە : دەبمە دۆستی لەگەڵیدا ڕێک دەکەوم چۆنی بوێ وادەکەم ئارەزووەکانی جێبەجێ دەکەم

... ئامۆژگاری دەکەم ڕێی ڕاستی بۆ دەدۆزمەوە .))

(ڕامان،ژ٣٤،ل٢٩٢)

ج ـ ڕستەکانی هەڵچوون: وەک ڕستەکانی (فەرماندان، سەرسوڕمان، داخوازی، هەڕەشەکردن، ئازارچەشتن، ...)، ئەم جۆرە ڕستانە بەشێکی زۆری دیالۆگی دەقە شانۆییەکانی منداڵانی کوردی لەسەر بنیادنراوە، هەر لەدەقی (کەلیلەو دیمنە)دا، ئاخاوتنەکانی (ڕێوی)دا بەڕوونی نموونەی ڕستە هەڵچوون و هەڕەشەکان دەردەکەون :

(ڕێوی : لەمرۆ بەدواوە ،گوێدرێژی چەپەڵ ،لەبەرچاوی پاشای سەروەر ون دەکرێ ،

هەر گیانداریٚ درۆبکات شای گەورەمان شێری دارستان بەقەپی ددان هەنجن هەنجنی دەکات .) (ل٢٩٢)

لەهەمان دەقدا هەردوو ڕستەی داخوازی و فەرماندانیش بەیەکەوە دەردەکەون، ڕستەی فەرماندان ئەو ڕستانەن، کە لەلایەن دەسەڵاتدارەوە بۆ کەسی خوارخری دەدرێت، هەرچی ڕستە داخوازییەکانن، ئەو ڕستانە دەگرنەوە، کە لەلایەن کەسی خوارەوە بۆ کەسی بالاتر دەوترێن، وەک داواکردنی شتێک لەبەرپرسێک، نموونە کاتێ دەنگێکی بەرز لەدارستان دێت، ئەمەش ترس لەدڵی (شێر)دا دروست دەکات، (دیمنە) بەهەلی دەزانێت، تا خۆی لە شێر نزیک بکاتەوە، لەو کاتەدا دیالۆگێک لەنێوان شێر و دیمنەدا ڕوودەدات لەسەر بنەمای داخوازی و فرمان :

(دیمنە : ئەگەر پاشام ڕێگام بدا ئەوە دەچم هەواڵی ئەو دەنگەت بۆدێنم .

شێر : برۆ ... خێراکە برۆ با لەو دەنگە ،ترسناکە ڕزگاربین .) (ل٢٩٤)

بێگومان دیالۆگی دەقەکان لە ڕستە سەرسوڕمانەکانیش بێبەری نین، ئەم جۆرە ڕستانە بەشێوەیەکی گشتی لەڕێگەی نیشانەی سەرسوڕمان ( ! ) و دەستەواژەکانی وەک (ئەها، وای، بەە بەە،...) دەناسرێنەوە لەناو دەقەکاندا، دەقی شانۆیی (شەخسیەتی قاز)ی (عومەر عەلی ئەمین)دا، نووسەر لەڕێگەی دەستەواژەی (بەە، بەە، بەە) و نیشانەی سەرسوڕمانەوە چەند ڕستەیەکی سەرسوڕمانی خستوەتە ناو دیالۆگی (سەگ)، کاتێ گۆشتە سووورکراوەکان دەبینێت:

(سەگ : بەە !بەە !بەە !بەە ! چەند قەڵەو و چەورن برای برام ،بەربەنار سورکراوەتەوە ربەنار !

هێشتا چزەچز ڕۆنیان لێ ئەتکێ کەسەکەم !) (دیاری بۆ شانۆی منداڵ،ل٥٤)

هەروەها ڕستەکانی (ئازارچەشتن)یش دەچنە قالبی ڕستە هەڵچوونەکانەوە، ئەمەش لای (عومەر عەبدولڕەحیم) لە دەقی (پیری دەروون بەرز)دا دەردەکەوێت، لەوکاتەی(شەفە سوالکەر)، داوا لە (مام سلێمان) دەکات

خێری پێبکات دوای دەمەتەقێ یەک مام سلێمان وەک لەخۆ دورخستنەوەیەک پاڵێک دەنێ بە سواڵکەرەکەوە :

(کابرای سواڵکەر بەخۆی و کۆڵ و گۆچانەوە خۆی ئەدا بەزەوی دا و دەست ئەکات بە باوکە ڕۆ :ئای باوکەڕۆ ،ئای باوکە ڕۆ ،ئەم ئەفەندی یە خوانەناسە کوشتمی .(شانۆگەری بۆ منداڵ،ل٥٤)

د  ـ ڕستەی ناتەواوەکان: ئەو جۆرە ڕستانەن لەناو دیالۆگەکاندا، کەسایەتییەک قسەدەکات و یەکێکی دی قسەکانی دەبڕێ، ڕستەکانی بەناتەواوی دەمێنێتەوە ماناکەی تەواونابێ (عەبدولوەهاب،١٩٩٨،ل١٢)، ئەم جۆرە ڕستەیە لای (ئازاد ئەرگوشی) لەدەقی (ڕێویەکەش فێڵی لێ کرا)دا دەردەکەوێت :کاتێ (کەروێشک) دەیەوێت بە (مام ڕێوی) بڵێ گوایە (سمۆرە) قسەی پێ وتووە، ڕێوی قسەکەی دەبڕێت ناهێڵێت تەواوی بکات .

(کەروێشک (١) : سمۆرە دەیوت گوایە مام ڕێوی .

ڕێوی : ئێ !!! .) (ڕامان،ژ٧٠،ل١٩٣)

و ـ ڕستەی لەناوخۆگرتن: کاتێ کەسایەتییەک بۆ پشتڕاستکردنەوەی شتێک یاخود بۆ بێ بایەخ کردنی، سوود لە وتە و ئاخاوتنی کەسێکی دی وەردەگرێت، وەک لەدەقی شانۆی (قوتابخانە)ی (شاهێن نەجمەددین)دا، لە دیالۆگی (ڕەوا)دا دەردەکەوێت، کە بۆ پشتڕاستکردنەوەی و وتەکانی سوود لەوتەکانی دایکی وەردەگرێت، واتە قسەکانی دایکی دەخاتە نیو دەقەکانی خۆیەوە:

(ڕەوا : مامۆستا باران بەسوودە ،دایکم دەڵێ باران دەغلودان ئاو دەدات و هەژاران تێردەکات .

مامۆستا : ئافەرین .) (ڕامان،ژ٧٠،ل١٩٨) .

### دووەم: مۆنۆلۆگ : Monologue

لـەدەقی شـانۆییدا ئاخـاوتنی کەسـایەتییەکان، هەمیشـە بەشـێوازی دیـالۆگ ناخرێنەڕوو، بەڵکو زۆرجار لەخودی کەسێکدا پەنگ دەخۆنەوە و خۆدواندن ڕوودەدات، ئەمەش "ئەوکاتە لـەدایک دەبێت ،کە دیالۆگ نـەتوانێت گوزارشـت لەزمان و باری دەروونی ناخە پەنگ خواردووەکەی کارەکتەر و نووسـەرەکە بکـات "(پـەروین عەبـدوڵڵا،٢٠٠٦،ل٤١)، کەواتـە مۆنۆلـۆگ ئـەو جۆرەیـە لـە گفتوگـۆ، کـە نووسـەر بەشـداری ناکـات و کەسـیش گـوێ بیسـتی قسـەکانی قسـەکەر نابێـت، وەک قسـەکردنی منـداڵان کـاتێ لەگـەڵ خۆیانـدا دەدوێـن (سـیماداد،١٣٨٥،ل١٥٩)، بێگومـان نموونـەی ئـەم جـۆرە گفتوگۆیـە لـەدەقی شـانۆییدا بـەبڕی پێویسـت لەلایـەن نووسـەرەوە دەخرێنـەڕوو، زۆرجـار بۆمەبەستی خۆناساندنی کەسایەتیەکان و خستنەڕووی باری دەروونییان دەیخەنـەڕوو، مۆنۆلـۆگ لـەدەقی شـانۆییدا زۆربـەی کـات لەڕێگـەی دەسـتەواژەکانی، وەکـوو (لەبەرخۆیـەوە، بـەبێ دەنگـی، بۆخـۆی ئـەدوێ ...) دەردەبڕدرێن، بێگومـان مۆنۆلـۆگ لـەدەقی شـانۆی منداڵانیشـدا دەردەکـەون، بگـرە ئـەم جـۆرە خۆدواندنانـە لـەدەقی منداڵانـدا بـە پێویسـتیەکی گـەورە دەزانرێـت، بەتایبـەتی ئـەو دەقانـەی بۆمنداڵانی(٣ ـ ٦) سـاڵان دەنووسـرێن، ئەوان بەوە دەناسرێن، کە هەمیشە لەگەڵ خودی خۆیاندا دەدوێن و لەڕێگەی خۆدواندنیانـەوە هەوڵـدەدەن بـاری دەروونیـان بخەنەڕوو،هـەروەها ئـەم دیاردەیە لای هەرزەکاریش بەشێوەیەکی بەرچاودەردەکەوێت، نموونەی ئەم جـۆرە مۆنۆلۆگانـە لای (مۆفـەق عـارف لهۆنی)لەدەقی(تیتیلـەو بیبیلـە)دا دەردەکـەوێت، نووسـەر لەڕێگـەی مۆنۆلۆگـەوە کەسـایەتی گـورگ و بـاری دەروونیمان بۆدەخاتەڕوو :

({ژوورەکەی بزنەکان تاریک دەبێت، بەر دەرگا کەیان گورگە بۆری لێ یە زۆر خۆشحاڵە و بۆ خۆی بەچرپە ئەدوێ}

گورگ : (پێ دەکەنێ) ها .. ها ..ها ئەمە ڕۆژی منە ،وەی خۆشی لەخۆم...) (شاکار،١٩٩٩،ل٤٢)

دواتر (گورگ) هەر لەسەر مۆنۆلۆگەکەی بەردەوام دەبێت، بەڵام ئەمجارە نووسەر لەڕێگەی دەستەواژەی (بۆ خۆی ئەدوێ)وە ئاخاوتنی (گورگ) لەگەڵ

خۆیدا دەخاتەڕوو :

(ئەوە چی یە بۆرە خەریکە خۆت بیرئەچێتەوە ،وەی کە برسێتی ناخۆشە ،(ئەیەوێ پەلاماری دەرگا بدات ،ئەوەستێ ،بۆ خۆی ئەدوێ) ئەوەچی یە فشەکەر ئەتەوێ ئەو دەرگا بەردە بشکێنی ... نەء وا نابێ ئەبێ مێشک بخەیتەکار ....) (ل٤٢)

لەم مۆنۆلۆگەدا بەتەواوی کەسایەتی گورگ ڕووندەبێتەوە، کە هەڵگری چەند سیفەتێکی خراپ و شەڕانگێزە، هەروەها بەڕوونی باری دەروونی خۆیمان بۆ دەخاتەڕوو .

هەروەها لەدەقی شانۆی (ڕێویەکەش فێڵی لێ کرا) نووسەر بەبێ بەکارهێنانی هیچ دەستەواژەیەک ئاخاوتنی (کەروێشک(١) ) لەگەڵ خۆیدا دەخاتەڕوو :

(کەروێشکی (١) : ئای دەردت لەگیانم سمۆرە .. مەرج بێ مەرجی کەروێشکان وات لێ بکەم

کەڕۆژانە مردن بە ئاوات بخوازی .) (ڕامان،ژ٧٠،ل١٩٢)

## _ کات : Time

ژیانی هەر تاکێک بەزنجیرەیەک لەکات تێدەپەڕێت، لەو شوێنەی تێیدا دەژین بەپێی ڕۆڵەکانیان ڕووبەڕووی ڕووداوی جیاجیا دەبنەوە، ململانێیان لەگەڵدا دەکەن لەپێناو بەدیهێنانی داهاتوویەکی باشتر، هەموو ئەمانەش لە سنوور و کاتێکی دیاریکراودا ڕوودەدەن، کەواتە ئەنجامدانی هەر جووڵە و کارێکی کەسایەتی و بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان لە سات و کاتێکی دیاریکراودا دەخرێتەڕوو .

خستنەڕووی کاتەکان و دابەشکردنیان بەسەر ڕووداوەکاندا لەژێر کۆنترۆڵی نووسەری دەقە، ئەو بەئارەزووی خۆی کاتەکان دەستنیشان دەکات، بەمەرجێ توانای گونجاندنیان هەبێت لەگەڵ سەرجەم ڕەگەزەکانی تری دەقەکە، هەروەها زیرەکی و لێهاتووی نووسەریش دەردەخات، چونکە "بەشێکە لەپێکهاتەکانی تەکنیک و لەڕێیەوە شوناسی زەمەنی ڕووداو و کاراکتەر و ڕەگەزەکانی تر بەدیار دەکەون (کات) بوونێکە لەدەستی

نووســـــەردا ئــــەو لەگـــــەڵ ڕووداوەکانـــــدا دەیگـــــونجێنێ "(یاســـــین ڕەشـید،٢٠٠٤،ل١٠٦)، ئـەو کاتەشـی ڕووداوەکـەی تێدا دێتـەبوون لەسـەرەتای دەقەکەوە خۆی دەنوێنێ، لەشێوەی (ئێستا ـ داهاتوو ـ ڕابردوو) بـەم شـێوەیە بەردەوام دەبێت، تا کۆتایی دەقەکە، گرنگترین جۆری کاتیش لەشانۆدا (کاتی ئێستا)یە،"کە بوونی تێدا بەرجەستە دەکرێت مـرۆڤ لـەئاگایی دایە بـەم واتایە کـاتی ئێسـتا کـاتی چەقـە ،ئەگـەر ئێسـتا نـەبێت نـاتوانین ڕابـردوو بـەیادمان بهێنینەوە "(پەروین عەبدوڵلا،٢٠٠٦،ل٢٨)، جگە لەمە مرۆڤ لـەکاتی ئێستاشدا پلان بۆ داهاتووی دادەنێت .

لـە کۆنـدا کـات یـەکێک بـوو لەسـێ پێکهێنـەرە گرنگانـەی، کـە تراژیـدیایان لەســـەر دەدەمـــەزرا، یەکـــەمین کەســـیش دەربـــارەی ئـــەم ڕەگـــەزە دوابێـــت (ئەرستۆ)ی ڕەخنـەگر و فەیلەسـوفی یۆنانییـە، کـاتی لەگـەڵ (شـوێن ـ بابـەت) باسکردووە، ناوی ناوە سێ بنەما سـەرەکیەکەی دارشـتنی تراجیـدیا، لـەبارەی کاتەوە دەڵێت: "نابێت تراجیدیا ماوەکەی لە شەو و ڕۆژێک زیاتر بێت"، بـەڵام پێ بە پێ لەگـەڵ بـەرەو پێشـچوونی هونـەری شـانۆ و سـەرهەڵدانی ڕێبـاز و قوتابخانـە نوێیەکانـدا ئـەم چەمکـە گـۆڕانی بەسـەرداهات، چونکـە شـانۆ خـۆی دونیایـەکی فـراوان و مەزنـە، کـات و شـوێنی بـێ سـنوورە، بۆیـە نـەدەکرا ئـەم دونیا فراوانە لەچوارچێوەی شەو و ڕۆژێکدا کورتبکرێتـەوە، جگـە لەمـە بنـەمای دەقـی شـانۆی چیـرۆک و بەسـەرهاتە، جـا ئـەم چیـرۆکە ڕەنگـە خـستنەڕووی ڕووداوێک یا جەنگێکی درێژخایەن بێت، بۆنموونە جەنگی (تەڕوادە) کەماوەی دەساڵی خایەند، گەر بێین لە دەقی شانۆیی بیخەینەڕوو، چۆن بتوانین دەساڵ لـەماوەی شـەو و ڕۆژێکدا پیشـانبدەین، بـۆ ئـەم مەبەسـتە نووسـەر دەکرێت لەڕێگـەی پـەردە و دیمەنەکانـەوە کاتـەجیاوازەکان دابـەش بکـات، هــەروەها دەتوانێـت سـوود لـە تەکنیکـەکانی (خێراکـردن و کورتکردنـەوە و بـازدان) وەربگرێت، واتە نووسەر بۆ ئەوەی خۆی لـە گێڕانـەوەی بەسـەرهاتێکدا بکات دەشێ لە هەندێ باردا بەخێرای و سەرپێی باسی بکات، یاخود بەسـەرهاتەکە کورتبکاتـەوە و درێژەدادڕی نـەکات، یـانیش ئـەوەتا لـەو شـوێنەی بەپێویستی نازانێت بەسەریدا بازبدات .

دابەشکردنی کات لای نووسەری دەق کارێکی هـەروا سانا و سـەرپێیی نییـە، چونکـە نووســەر دەبێـت کاتـەکان بـەجۆرێک دابـەش بکـات، بـوار بۆسـەرجەم ڕەگـەزەکانی تـر برەخسێنێت، هـەروەها دەبێت بـەپێی مـاوەی ڕووداو و ململانێـی کەسـایەتییەکان کـار لەگـەڵ کاتەکانـدا بکـات، چونکـە پێویســتە کـاتێکی دیـاریکراو هـەبێت، تـا سـەرجەم ڕووداو و ململانێکـان بەئازادی تێیدا بەرەوپێش بچن بۆ کردنەوەی گرێیە شانۆییەکە .

کـات وەک ڕەگـەزێکی سـەرەکی دەقی شـانۆ پێوەندییـەکی بـەتینی لەگـەڵ سەرجەم ڕەگـەزەکانی تردا هەیە، لەگەڵیاندا بـەرەوپێش دەچێت، لەوانە هیچ کاتێک ناتوانرێت کـات و شـوێن لەیـەکتری دابڕێت، چونکـە ئـەوان هەمیشـە بەیەکەوەدێن و وەک دووڕووی یەک دراو وان، یاخود "هـەر ڕویدانـەکا چـێ دبیـت د دەمــەکێ دەســت نیشــانکریدا ڕوی د دەت ،ب ڤــێ ئــاوایی پێکڤــە گرێدانەک دناڤبەرا دەم و ڕویدانێدا دروست دبیت و ژ بلی هندێ دەمێ پێکڤە گرێدانــەک د گــەل هــەمی ڕەگــەزێن دەقــێن دارمــایی هەیــە "(مکنــون محەمەد،٢٠١٠،ل٦٦)، بەمەش ناتوانرێت کات لـە ڕەگـەزەکانی تـری نـاو دەقـی شانۆ لەیەکتری دابڕێت .

دابەشکردنی کاتەکان لەدەقی شانۆی منداڵاندا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگـەڵ دەقی گەوراندا نییە، چونکە دەقی منداڵانیش بێبەری نین لەڕووداو و ململانێ، بێگومـان ئەمانـەش لەسـات و کـاتی دەسـت نیشـانکراودا دێنەکایـەوە، بـەڵام جیاوازییەکـە لەچۆنیـەتی مامەڵەکردنـە لەگـەڵ کاتەکانـدا نووسـەران زیـاتر هەوڵدەدەن لەڕێگەی ئەو کاتانەوە دەقەکە بخەنەڕوو، کە لـەتوانای تێگەیشـتنی ئەوانـدان، بەشـێوەی گشـتی لەهونـەری شـانۆدا دوو جـۆر کاتمـان هەیـە، یەکـەمیان ئـەو کاتەیـە، کـە پەیوەسـتە بـە ڕووداوەکـانی نـاو دەقەکـەوە و سـەرجەم ململانـێ و ڕەگـەزەکانی تـری نـاو دەقەکـەی تێدا جێدەکرێتـەوە، دووەمیان ئەو کاتەیە، کە تێیدا دەقە شانۆییەکە دەبرێتە سـەر تەختـەی شـانۆ بۆنمـایش، بـەڵام ئـەوەی لێرەدا گرنگـە کـاتی ناودەقـە، ئـەویش بـەدووجۆر دەردەکەوێت لەدەقەکانی شانۆی منداڵانی کوردا

ئـ ـ کـاتی دەرەوەی دەق: " ئـەو کاتانـە دەگرێتـەوە ڕووداو لـەناو دەقدا لـە کـاتێکی ئێسـتاییەوە هـەنگاو بـەرەو کـاتی ڕابـردوو یـان داهـاتوودا دەنێت و

لەوێوە بەهۆی فلاش باک ڕووداو گەلێک دێنێتە بوون ،کە دەکەونە دەرەوەی بازنەی کاتی دیاریکراوی دەقەکە "(عبدوڵلارەحمان عەولا،٢٠١١،ل٣٥٩)، بەشی زۆری نووسەرانی دەقی شانۆی منداڵانی کورد لەو ماوەیەدا ،سوودیان لەکاتی ئێستا وەرگرتووە،بەڵام کاتەکە هەر لەئێستادا نامێنێتەوە، پێ بە پێ بەرەو کاتەکانی تر هەنگاودەنێت، ئەمە بەڕوونی لە دەقەکانی نێو (شانۆگەری بۆ منداڵ)ی (عومەر عەبدولڕەحیم)دا دەردەکەون،کاتی دەقەکان ئێستایە،بەڵام لەڕێگەی(پێشکەوتن ـ گەڕانەوە) هەنگاو بەرەو کاتی (ڕابردوو ـ داهاتوو) دەنێت، لەدەقی (جوو جوو جوو جوو)دا، ئەو کاتەی دەقەکەی لەسەر بنیادنراوە کاتی ئێستایە، بەڵام نووسەر لەڕێگەی تەکنیکی (پێشکەوتن)ەوە کاتی دەقەکە بەرەو داهاتوو دەبات، لەو کاتەی (پاشا و وەزیر) تەکبیر بۆ (مام نەریمان)دادەنێن، ( سبەینێ بۆمان ڕوون دەبێتەوە) (ل١٥)، پاش ئەوەی کاتە داهاتووەکە دێت و تەکبیرەکە سەردەگرێت بۆ ڕۆژی دواتر ( نا ڕاستە دوێنێ ئێمە بووین کە دینارەکەمان دایتێ ،شێتی بەکەڵکت نایەت ،بڕۆن بێ خەنە زیندانەوە) (ل١٦)، نووسەر لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکەی دوێنێ، کاتەکە لەئێستاوە بەرەو ڕابردوو دەگەڕێنێتەوە.

ب ـ کاتی ناوەوەی دەق: بریتییە لەو کاتە سروشتییەیی (فیزیکی) کە لەسەرەتای دەقەکەوە لەگەڵ ڕووداوەکاندا گەشەدەکات و تاکۆتایی دەقەکە خۆی دەنوێنێت، لەڕێگەی ئەو دەستەواژانەوە دەناسرێتەوە، کە سنووری کاتیان پێ پێوانە دەکرێت، وەک (ساڵ و مانگ و ڕۆژ ،وەرزەکان ...)، ئەم جۆرە کاتانەش لەدەقی شانۆی منداڵانی کوردا لەو قۆناغە مێژووییەدا، بەم شێوانەی خوارەوە لەنێو دەقەکاندا خراونەتەڕوو :

١ـ ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی ناونیشانی دەقەکەوە دەردەکەون: زۆرجار نووسەر لە دەقەکەیدا کاتێک دەکات بەناونیشانی دەقەکەی وەک ناوی وەرزەکان،بەڵام ئەوەی سەرنجمان ڕادەکێشێت لەو ماوەیەدا، ڕاستەوخۆ هیچ کاتێک نەکراوە بە ناونیشانی هیچ دەقێکی شانۆی منداڵان، بەڵکو بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ لەلای(عومەر عەلی ئەمین)دا دەردەکەوێت لەدەقی (باوەنەورۆز)دا،نووسەر کاتێکی کردوە بەناونیشانی دەقەکەی، ئەویش (٣/٢١)یە، کە لای سەرجەم

میللەتی کورد ئاشکرایە، بەڵام نووسـەر ئاماژەی بەو بەرواره نەداوه، بەڵکو لەڕێگەی یادی (نـەورۆز)ەوە بەناڕاستەوخۆی کاتەکە دیاریدەکات، نووسـەر هاتووه گیانی بەبەر نەورۆزدا کردووه، پلەیەکی کۆمەڵایەتی پێداوه، لەلایەک کردوویەتی بەکەسی یەکەمی دەقەکە، لەلایەکی تریشەوه بە ناڕاستەوخۆی کاتی دەقەکە دیاری دەکات، ئەویش دەقی شانۆی (باوه نەورۆز)ی (عومەر عەلی ئەمین)ە .

٢ــ دوای خستنەڕووی ناونیشان: زۆرجار نووسەر ڕاستەوخۆ دوای هەڵبژاردنی ناونیشان، لەڕێگەی پیشاندانی دیمەنێکەوه، ڕاستەوخۆ کاتەکە دەست نیشاندەکات، وەک لای (موحسین محەمەد) دەردەکەوێت، لەدەقی (دەرگاکە نەکەنەوه)دا، نووسەر دوای (ناونیشان) ڕاستەوخۆ کاتەکەشمانبۆ دەستنیشاندەکات :

( شوێن کوخێکە ،کات ئێوارەی سەری ساڵە ( کتە و شلە دوو کەروێشکن بەتۆپ یاری دەکەن، کتە هەوڵ دەدات تۆپەکە لەشلە بستێنێ ،شلە ماندوو دەبێ ،...) (کاروان،ژ٨٨،ل١٠٢)

هەروەها نووسەر لەدەقی (کەلیلە و دیمنە)شدا، پێڕەوی هەمان شێوازی خستنەڕووی(کات) دەکات، بەڵام ئەمجارە کات بەرەبەیانە :

( کات : بەرەبەیانە ،شوێن دارستانێکە ،دووسەگ کەڵەشێک(لاشە) لەنێوان خۆیاندا لەیەک ڕادەکێشن و مرەمرِیانە ...) (ڕامان،ژ٣٤،ل٢٩١)

دیاریکردنی کات لەهەردوو دەقەکەدا، بەڕوونی شێوازی نووسەرمان بۆ دەردەخات، نووسەر هەوڵدەدات کاتی دەقەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوه مەودای گۆڕانکاری کاتەکە بۆ دەرهێنەر ناهێڵێتەوه، ناچاری دەکات پابەند بێت بەو کاتەی نووسەر ڕووداوی دەقەکەی تێدا خستوەتەڕوو .

٣ــ خستنەڕووی کات لەڕێگەی دیالۆگی کەسایەتییەکانەوه: نووسەر لەدەقەکەیدا دوای ناونیشان و ناساندنی کەسایەتییەکانی،ڕاستەوخۆ دەست بەدیالۆگی کەسایەتییەکان دەکات و کاتەکە ناخاتەڕوو، هەوڵدەدات لەڕێگەی دیالۆگی کەسایەتییەکانەوه ئاماژە بە کاتی دەقەکە بکات، وەک لەدەقی شانۆی منداڵانی(ئاو)ی (شاهین نەجمەددین)دا،لەسەرەتای دەقەکەوه کاتەکەی

نەزانراوە، بەڵام دواتر لەناو دیالۆگی (مـەیمون)دا هەست بـە کاتەکـە دەکرێت، کە وەرزی (بەهار)ـە:

( مەیمون : هاورێ یان چۆنن چاکن ،من مەیمونی هاورێتانم ،بۆئـەوە هـاتووم تۆزێ لەگەڵتان دەربارەی ئاو بدوێین ،کە گرنگترین سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە ... هاورێیان ساڵ لەچوار وەرز پێکهاتووە ،کە ئەمانـەن :ـ بـەهار هـاوین پـایز زستان ،ئەمڕۆ ئێمە لەسەرەتای وەرزی بەهارین ...) (سینەماوشانۆ،ژ٥،ل١١١)

هەروەها لەدەقی شانۆیی (من دەنگ بەمریشک ئەدەم) لەنووسینی (عومـەر عەلی ئەمین)، کات لەناوەڕاستی دەقەکەدا لەڕێگەی سڵاوکردنی نێوان (واشە ـ ڕێوی) دەردەکەوێت، کە کاتەکە ئێوارەیە :

( واشە : ئێوارەت باش خاڵە ڕێوی .

ڕێوی : ئێوارەت باش و خۆشهاتی واشە ،بەڵام ئەم ئێوارەیە درەنگ هاتی پیانەگەیشتی،

سابرێنی سکرتێر شیعرێکی جوانی داناوە خوێندیەوە .) (دیاری بۆشـانۆی منداڵ،ل١١)

٤ـ خستنەڕووی کات بەشێوەیەکی جیاواز لەسـەرەتای هـەر دیمەنێکدا: جـاری واهەیـە لـەدەقێکی شـانۆییدا ڕووداوێـک بـاڵ بەسـەر دەقەکـەدا دەکێشـێت ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت، نووسەر ئەو ماوەیە بەسەر چەند دیمەنێکدا دابەشدەکات، لە هەر دیمەنێکدا دەست نیشانی (کات)ەکـەش دەکات ،لـەدەقی (تیتیلـە و بیبیلـە)ی (مۆفـەق عـارف لهـۆنی)دا، نووسـەر بەشـێوازێکی سـەرنجڕاکێش لەگـەڵ خسـتنەڕووی هـەر دیمەنێکـدا ئامـاژەی بـەکاتی ڕووداوەکان دەدات :

(دیمەنی دووەم / هەمان دیمەنی یەکەمە و بەڵام زستانە و سـەرمایە و بـەفر دەبارێ ...) (شاکار،ژ٤،ل٤١) ،بەڵام نووسـەر لەدیمـەنی سـێیەمدا، بـەبێ ئـەوەی ئاماژە بە وەرزی زستان بکات، لەڕێگەی ئاماژەکردن بۆ هـەمان دیمـەنی پێشووتر کاتەکە دەخاتەڕوو :

( دیمەنی سێ یەم / هـەمان دیمـەنی پێشـووە و گورگەبۆر لەبـەردەم دەرگـای بزنەکانە و گۆرانیەکە دەڵێ )(ل٤٣)، لەدیمـەنی چوارەمدا جارێکی تر کاتەکە دیاری دەکات :



هەولێرنامەی کتێب

( دیمـەنی چـوارەم : مـاڵی ورچەیـە و كەروێشـك میوانیـەتی و ئێوارەیـە نـان ئەخۆن ...)(ل٤٤) ، بەهەمان شێوە دیمەنەكانی شـەش و حـەوت و ... تاكۆتـایی لەهەر دیمەنێكدا سنوری كاتەكە دیاری دەكات .

٥ـ خستنەڕووی كات لەڕێگەی (كۆرس و گۆانی)یەوە:

لە بەشێكی دەقە شـانۆییەكانی منداڵان لـەم قۆناغـەدا، كـاتی دەقەكە لەڕێگەی كـۆرس و گۆرانییـەوە دەستنیشـاندەكرێن، دەكرێت ئەمـە بكرێت بەشـێوازی تایبـەتی (عومــەر عــەلی ئــەمین)، لــە هــەردوو دەقــی (باوەنەورۆزــ گوڵــە پەلكەزێڕینە)دا، ئەگەرچی دەقی (باوەنەورۆز) خـودی ناونیشـانی دەقەكـەخۆی كاتە، بەڵام نووسـەر لەڕێگەی (كۆڕس)ی گۆرانییـەوە زیـاتر ڕوونكردنـەوە بۆ كاتەكە دەكات :

(منداڵان : لەداڵان و لەماڵان

وەرنەدەرێ مناڵان

وا نەورۆز هات بەشادی

هێنای جەژنی ئازادی ....) (ڕامان،ژ٧٥،ل١٩٩)

هـەروەها لـەدەقی (گەلـە پەلكەزێرینـە)دا، نووسـەر لەسـەرەتای دەقەكـەوە ئاماژەی بۆ هیچ كاتێك ناكات، بەڵام لەناوەڕاستی دەقەكەدا لەڕێگەی (كۆڕس و گۆرانی)منداڵانەوە دەستنیشانی كاتمان بۆدەكات :

( منداڵان : كش كش كۆللارە !

جووجك مەخۆ بەهارە !

بەهار وەرزی گوڵانە

كاتی شایی و سەیرانە ....) (بەیان،ژ١٥٣،ل٣١)

لــەم ڕێگەیــەوە نووســەرانمان كاتــەكانیان لــەدەقی شــانۆی منداڵانــدا خستوەتەڕوو، بۆ بەشێكیان بوە بە شێواز و لای هەندێكیان تەنیا دیاردەیە.

_ **شوێن**: Place

مرۆڤ لەو سەرزەوییەی تێیدا دەژی، هەمیشە لەململانێدایە لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی ڕووبەڕووی دەبنەوە لەپێناو مانەوە و پاراستنی خۆی جا ئەو شوێنە وشکانی بێت، یاخود ئاو گرنگ ئەوەیە بوونی هەر تاکێک دەسەلمێنێ، چونکە مرۆڤەکان بوونیان پەیوەستە بەو شوێنەی تێیدا دەژین،"مرۆڤ ڕۆڵەی شوێنەواری خۆیەتی مل کەچی، یاساکانیەتی و ئەو یاسایانە دەیخاتەڕو و ئاڕاستەی دەکەن و بەسەریدا زاڵن "(شوکریەڕسوڵ،١٩٨٩،ل١٥٦)، دواجار دەبێت بەناسنامە و نیشتمانی .

هەرچی شوێنی ناو دەقی شانۆیە، جیاوازە لەگەڵ ئەو شوێنەی لەواقیعدا هەیە، چونکە مەبەست لەشوێنێکە، کە لەپێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا لەلایەن نووسەری دەقەوە دەخرێتەڕوو، یاخود "جوگرافیای دروستکراوە "(نەوزاد عەلی،٢٠٠٦،ل٧٥)، لەژێر دەسەلاتی نووسەردایە، بێگومان نووسەریش بێبەری نییە لەکاریگەری، ئەویش وەک هەرتاکێک ملکەچە بۆ یاسا و نەریتەکانی ئەو شوێنەی تێیدا دەژی، هەمیشە ژینگە و زیدی لەدایک بوونی ڕەنگدانەوەی دەبێت لەدەقە شانۆییەکەیدا، لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە نووسەر بە بەردەوامی شوێنی ناو دەقەکەی لەواقیعێکی کۆمەڵایەتییەوە وەرگرتبێت، چونکە زۆرجار لەخەیاڵی و هزری تایبەتی خۆیەوە بنیادی دەنێت لەسەر ئەو بنەمایە شوێن لەدەقی شانۆییدا بەسەر دووجۆردا دابەش دەبێت :

"أ- شوێنی ڕاستەقینە: ئەو شوێنەیە کەخوێنەر هەست بەبوونی ڕاستەقینەیان دەکات و وێنەکانیان گەلێک لەواقیع نزیکە .

ب - شوێنی گریمانکراو: ئەو شوێنەیە کە ئەندێشەی نووسەر دەیخوڵقێنێ و ناتوانرێت وێنەیەکی حەقیقی لەواقیع دا بۆ بدۆزرێتەوە "(یاسین ڕەشید،٢٠٠٤،ل١٦٠)، ئەم دووجۆرە شوێنە گشت دەقێکی شانۆیی لەسەر بنیاد دەنرێت .

شوێن ڕەگەزێکی هەرە بنچینە و تایبەتە لەدەقی شانۆیدا، سەرجەم ڕەگەزەکانی تر هەر لەڕووداو و ململانێ و دیالۆگ ... گشتیان لەناو شوێندا کۆدەکرێنەوە لەگەڵیدا بەرەوپێش دەچن، بەتایبەتی پەیوەندی بەتینی لەگەڵ (کات)دا هەیە"شوێن و کات چوارچێوەی ڕووداون و هەمیشە هاو مەبەستن

"(نەوزەت ئەحمەد،١٩٩٩،ل٩٨)، هەروەها خودی شانۆ خستنەڕووی ڕووداوە، شوێن "ئەو دەڤەرەیە کە دەبێت ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکە لێ ڕووبدەن "(کارۆ،٩١،٢٠٠٦)، جگە لەمە تایبەتمەندی و خوڕەوشتی کەسایەتییەکانیش پابەندن بەشوێنەوە، لەبەرئەوەی مرۆڤ بوونی خۆی لەبۆشاییدا نابینێتەوە، بەڵکو لەو شوێنەدایە کەتێیدا دەژیت و ملکەچە بۆی، جگەلەمە هەر کاتێکیش نووسەر بیەوێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەسایەتییەکانی بەوەرگر بناسێنێت لەڕێگەی کات و شوێنەوە ئەو کارە ئەنجام دەدات (ثریاقزل ایاغ،١٣٩٣،ص١٩٣)، کەسایەتییەکانیش کەسایەتی ڕاستەقینەن لەژێر کاریگەری ئەو شوینەی تێیدا دەژین هەڵدەکەون.

ئامانج لەدەقی شانۆیی منداڵان پیشاندانی ژیانە بەمنداڵ، واتە پیشاندانی ڕووداو و ململانێی مرۆڤەکانە لەگەڵ ئەو جیهانەی تێیدا دەژین، کە منداڵ بەشێکە لەو جیهانە ،بۆیە بەشێوەیەکی گشتی شوێن لەدەقی شانۆی منداڵدا ڕاستەقینەیە، شوێنێکە کە لەلایەن منداڵەوە وێنادەکرێ و بەئاسانی دەناسرێتەوە، بۆیە نووسەران هەمیشە لەهەوڵدابوونە بەجۆرێک مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، تا بەڕوونی و ئاشکرا بیخەنە بەرچاوی منداڵان "چونکە سروشتی شوێنەکە ڕۆڵی کاریگەری خۆی بەسەر دەروونی منداڵەوە دەبینێ "(خالیدە قادر،٢٠١٣،ل١٣٢)، بۆیە خستنەڕووی شوێن لەدەقی شانۆی منداڵاندا وردی و لێهاتوویی نووسەری دەوێت، دەبێت بەسەرنج و وردبین بێت لەوێناکردنی کەسایەتییەکانی ناو دەقەکەی، دەبێت بەپێی وێنای کەسایەتییەکان و کار و جووڵەکانیان هەڵبستێت بە بنیادنانی شوێنی ڕووداوەکان، بۆیە بەرلەوەی دەسنیشانی شوێن بکات، پێویستە بەباشی هەڵیان بسەنگێنێ، تاوەکوو بتوانێت هاوگونجاوی لەنێوانیاندا دروست بکات، بۆنموونە ئەگەر نووسەر کەسایەتییەکانی دەقەکەی لەدونیایی ئاژەڵانەوە هێنابوو، ئەوا پێویستە ئاژەڵ و شوێنی ڕووداوەکان لەگەڵ یەکتریدا بگونجێنێ، بۆئەوەی بتوانێت سەرنجی منداڵ ڕابکێشێت و ڕاستگۆی لەنێوانیاندا ببینرێت .

ئەوەی پەیوەستە بەدەقی شانۆی منداڵانی کورد و دابەشکردنی (شوێن) لەناو دەقەکاندا دەبینین بەشێوەیەکی سەرەکی شوێن لەسەرجەم دەقەکاندا

شـوێنی ڕاسـتەقینەن و لەواقیعـەوە وەرگیـراون، هەوڵدراوە وەسـفێکی کـورتی بۆبکـەن تـا بـەڕوونی بیخەنـە بـەرچاوی منداڵانـەوە، نووسـەران دوور کەوتوونەتەوە لە (شوێن)ێک، کە لەخـەیاڵ و هـزری تایبـەتی خۆیاندا وێنایان کردبێت، بەڵکو سوودیان لەو شوێنانە وەرگرتووە،کە لەواقیعدا منداڵ وێنایان دەکـات و دەیانناسـێتەوە، لەبەرئـەوەی نووسـەرانی ئـەو مـاوە مێژووییـە، دەقـەکانیان لەسـەر زمـانی ئـاژەڵان بنیادنـاوە بۆیـە بـەناچاری پیشـاندانی زۆربەی دیمەنەکان و خستنەڕووی ڕووداوەکان لەدارستاندایە، بۆیە شوێن لـەناو زۆربـەی دەقەکانـدا دارسـتانە، هـەروەها گشـت دەقـەکانی (عومـەر عەبـدولڕەحیم)، لـەکتێبی (شـانۆگەری بـۆ منـداڵ)دا پیشـاندانی واقیعـی کۆمەڵایـەتی کوردەوارییـە، هـەرچی (عومـەر عـەلی ئـەمین)ە دەقـەکانی بـەوە دەناسرێنەوە، کە وەسفێکی جوانی بۆ شوێنەکانی ناو دەقەکەی کردووە، بگرە زۆرجـار بـواری شـوێنێک زیـاتر دەرەخسـێنێ بـۆ دەرهێنـەر، لـەدەقی (باوەنـەورۆز)دا، نووسـەر لـەناو دوو کەوانـەدا، چەنـد شـوێنێک دەخاتـە بەردەسـتی دەرهێنەر(گۆڕەپانێکە لەئاوەدانیەکدا { دێ - شارۆچکە - شـار} )(ڕامـان،ژ٧٥،ل١٩٩)، یـاخود لـەدەقی (دایەگـەورە)دا زۆر بـەوردی شـوێنی ڕووداوەکـان وەسـف دەکـات، (بەشـی دواوەی شـانۆکە گۆڕەپانێکی گـەورەی گەراجێکـە کـە دووسـێ پلیکانەیـەک لەشۆستەکەی بەردەمی بەرزترە ،بەشـی ناوەڕاسـت و پێشـەوەی شـانۆکە ،شۆسـتەیەکی پـان و بەرینـە لەبـەردەم گۆڕەپانە کەدایە ) (ڕامان،ژ٣٤،ل٢٢٦)،

لێـرەدا نووسـەر هـیچ بوارێـک بۆدەرهێنـەر بـەجێ ناهێڵێـت، چونکـە زۆر بـەوردی شـوینەکەی لەگـەڵ ڕووداوەکـانی نـاو دەقەکـە گونجانـدووە، ئێمـە ئەدەبی شانۆی منداڵانی ئەو قۆناغە مێژووییەمان بەسـەر سـێ جۆر شـوێندا دابەشکردووە :

١- شوێنی کراوە و داخراو: گومانی تێدانییە سەرجەم ئەو شوێنانەی لەواقیعدا بوونیان هەیە، یا ئـەو شـوێنانەی لەپێکهاتەیـەکی ئەدەبیدا دەخریتـەڕوو یـەک شێوە و قەبارەیان نییە، بـەڵکو شـێوەی جیاوازیـان هەیە، هەندێکیان کـراوەن، واتـە بـوونی هـیچ ڕێگریـەک (سـەقف) نییـە نـەتوانێ ئاسـمان ببینـێ، وەک (حەوشـە ،باخچـە ،شـەقام ...)،جگـە لەمـە هەنـدێ شـوێن هەیـە داخـراون

چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەیە، هەست بەبوونی ڕێگر دەکرێت (سەقف) ناتوانرێ بەئاسانی ئاسمان ببینی، وەک (ژوور،پۆلی وانەوتنەوە،هۆڵ ... ) ،نموونەی ئەم دووجۆرە شوێنە بەئاسانی لەدەقەکاندا دەردەکەون، لەدەقی (هاوڕێیانی دارستان) لەنووسینی (شەفیق محەمەد)دا دەردەکەوێت، نووسەر لەڕێگەی (ناونیشان)ی دەقەکەیەوە شوێنێکی کراوەمان پیشاندەدات، کە شوێنی سەرجەم ڕووداو و ململانێکان لەدەقەکەدا، (دارستان) شوێنێکی کراوەیە ئاسمانێکی کراوەی (فضا) هەیە، هەروەها لەدەقی (دارقەیسی)ی (عومەر عەلی ئەمین)دا نووسەر دوای ناونیشان و ناساندنی کەسایەتییەکان، ڕاستەوخۆ شوێنی ڕووداوەکانمان بۆ دەردەخات، کە شوێنێکی کراوە و دڵڕفێنە( جێگا ـ نزارێکی سەوزی جوانە ـ دارقەیسییەکی سەوز پێنج شەش دەنک قەیسی پێوەیە : لەناوەڕاستی نزارەکەدایە ـ لەپشتەوە شاخێک دیارە) (کاروان،ژ٣٢،ل١١١)، بەڕوونی هەست بەکراوەیی شوێنەکە دەکرێ ،چونکە بەهەر چواردەوری خۆیدا دەڕوانێ .

هەرچی شوێنە داخراوەکانن، ئەوانیش بەهەمان شێوەی شوێنە کراوەکان بوونیان لەناو دەقە شانۆییەکاندا بەڕوونی دەبینرێ، وەک لەلای (موحسین محەمەد)دا بوونی هەیە، نووسەر لەدەقی (دەرگاکە نەکەنەوە)دا لەڕێگەی ناونیشانی دەقەکەوە ڕاستەوخۆ هەست بەبوونی شوێنێک دەکرێت کە داخراوە، شوێن لەدەقەکەدا (کوخێکە : کات ئێوارەی سەری ساڵە ...) (کاروان،ژ٨٨،ل١٠٢)، هەروەها نموونەی شوێنی داخراو لەلای (عومەر عەبدولرەحیم)، لەدەقی (حەمە نەخۆش)دا، نووسەر لەڕێگەی وەسفێکی جوانەوە واقیعی کۆمەڵایەتی کوردیمان پیشاندەدات(شوێن،ژوورێکی کوردانەی خۆمانەیە ،بەشی زۆری ئەم ژوورە بەفەرش و بەڕەی نیوداشت پڕکراوەتەوە ،بەشێکی کەمی خوارەوەشی بە بۆشی ماوەتەوە شوێنی پێڵاوداکەندنە ...)(شانۆگەری بۆ منداڵ،ل٣٣)، ئەم دیمەنە لەبەرچاوی هەریەکێکمان شوێنێکی داخراوی کوردەواریمان بۆ وێنادەکات.

**٢. شوێنی تایبەتی و گشتی:**

ئـەو شـوێنانەی لـەدەقی شـانۆییدا دەخرێنـەڕوو، بـەپێی ئـەو پێگـە و واقیعـە کۆمەڵایەتییـەی بـۆی دانـراوە جیادەبنـەوە، شـوێنی تایبـەتی ئـەو شـوێنەیە، کـە تایبەتـە بەکەسـێکی دیـاریکراو، یـا چەنـد کەسـێکی دیـاریکراو، هـەموو کـەس ناتوانێت بچێتـە ناویـەوە، نموونـەی ئـەم جـۆرە شـوێنانە لـەناو دەقی منداڵانی کوردا بـەڕوونی لـە ئۆپـەرێتی (زەویەکـەی مـام باپیر)دا ڕاسـتەوخۆ لەڕێگـەی ناونیشــانی ئۆپەرێتەکــەوە خاوەندارێــەتی دەردەکــەوێ، لەڕێگــەی لکانــدنی زەویەکەوە بەتاکە کەسێک، کە خاوەنداریەتی دەکات، بۆ هـەموو کەسـێک نییە بــەئازادی لەناویــدا بێــت و بــڕوات، یــاخود لــەدەقی (تێکۆشــان بنچینــەی سـەرکەوتنە) لەنووسـینی (کـەمال غـەمبار)دا، دوای ناونیشـان و خسـتنەڕووی نـاوی کەسـایەتییەکان، وێنـای شـوێنەکەمان دەخاتـە بـەرچاو، کـە شـوێنێکی تایبەتـە ،( **شــوێن مــاڵی وەســتا ڕەشــیدە، نــەوزاد و دلشــاد لــەژوورەوە دانیشتوونە ...**)(ڕامان،ژ٥٨،ل٢٤٥)، هەر لەبیستنی ماڵی وەستا ڕەشید ئەوەمان بۆ دەردەکـەوێت، کـە مـاڵی کەسـی تر نییـە ،بـەڵکو تـەنیا تایبەتـە بـە وەسـتا ڕەشید و ماڵ و خێزانەکەی .

کاتێ دێینە سەر شوێنی گشتی، مەبەست لەو شـوێنانەیە، کە تایبـەت نییە بەکەسێک، یا چەند کەسێکەوە، بەڵکو بۆ هـەموو کەسێک گشـتییە، ئـەم جـۆرە بەشێوەیەکی بەرچاو لەزۆربەی دەقە شانۆییەکانی منداڵانی کوردا شوێنی ناو دەقەکـە پێکـدەهێنێت، چونکـە منـداڵان هەمیشـە ئارەزوویـان لـەیاریکردن و بەسـەربردنی کـاتی خۆشــە، بێگومـان هـەموو شــوێنێک بۆئـەوان بەشـیاو نازانرێت، بۆئەم مەبەستە زیاتر بەرەو شوێنە گشـتییەکان هـەنگاودەنێن، وەک (بـاخ ،یاریگـا ،کـۆڵان...)،وەک لای (حەسـیب قـەرەداغی) دەبینرێـت، لەئۆپـەرێتی (وەنەوشـەی خـەمبار)دا،(**جێگا: سـەیران گەیەکە لەبەهاردا.**) (بـەیان،ژ٥٥،ل٥)، سـەیرانگا شـوێنێکی گشـتییە هـەموو کەسـێک بـێ جیـاوازی ئـەتوانێ ڕووی تێبکات، بەتایبەتی بۆمنداڵان شوێنێکی دڵگیر و سەرنجڕاکێشە .

کـاتێ بـاس لەشـوێنی گشـتی و تایبـەتی دەکـەین ئەمـە مانـای ئەمەنییـە، هەریەکـەیان لەسـەرەتاوە تـا کۆتـایی دەقەکـە خـۆی بنوێنێ، چونکـە نووسـەر لەدەقەکەیـدا تــەنیا پشــت بەیــەک شــوێن نابەســتێ، زۆرجــار ســەرەتای

ڕووداوەکان لەشـوێنێکی گشـتیدا ڕوودەدەن، دواتـر وردە وردە ڕووداوەکـان گەشـەدەکەن چەنـدین ڕووداوی تـر لەشـوێنی تایبەتیـدا دێنـە ئـاراوە، شـوێن لـەدەقی (تیتیلـە و بیبیلـە)ی (مۆفـەق عـارف لهۆنی)دا بەسـەر چەنـد دیمەنێکدا دابەشکراوە، لەدیمەنی یەکەمدا **(شـوێن / دارسـتانێکی سروشـتی یـە لـەبناری شـاخێکدا ...)** (شـاکار،١٩٩٩،ل٤٠)، دارسـتان شـوێنێکی گشـتییە مـافی هـەموو گیاندارێکـە تێیـدا بـژی، بـەڵام لەدیمـەنی دووەمـدا **(دیمـەن / هـەمان دیمـەنی یەکەمە و بەڵام زستانە و سەرمایە و بەفردەبارێ ،ئەشکەوتەکە ڕێک و پێک کراوە و بزنەکە خەریکی چاکردنی ئەشکەوتەکەیە)**(ل٤١)، لێرەدا (ئەشـکەوت) شوێنێکی تایبەتییە بوە بەماڵی (بزن) و بۆهەموو کەس نییە بێتەناوییەوە .

**٣ـ شوێنی هۆگر و ناهۆگر:** بێگومـان هـەموو ئـەو شـوێنانەی لـەوەوپێش باسـمان لێیانـەوەکرد، بـۆ ئـەو کەسـانەی تێیـدا دەژیـن بەشـێکیان دەبـن بـەهۆگر،وەک (ماڵ، قوتابخانە، باخچە...)، بەشەکەی تریشیان دەبن بە ناهۆگر، وەک (دادگا، زینـدان، نەخۆشـخانە ...)، سـەرجەمی شـوێنە داخـراو و کـراوەو تایبـەتی و گشـتییەکان لــەدەقی شــانۆی منــداڵانی کوردا،بەشــێکیان دەبــن بــەهۆگر بۆکەسـایەتییەکانی نـاوی، ئـەوانی تـر دەبـن بـەناهۆگر، لـەدەقی (بیـرەوەری سەگەکە)ی (عومەر عەلی ئەمین)دا، **(کات ـ شەوێکی ساردی زستانە ،جێگا ـ نێـو ئەشـکەوتێکە کـە لانـەی مـام ورچـە)**(دیـاری بـۆ شـانۆی منـداڵ،ل٣٠)، ئەشکەوت شوێنێکی داخراو و تایبەتییە، لەهـەمان کاتیشدا شـوێنێکی هـۆگرە بۆ (مـام ورچ)، بەئاسـوودەی تێیدا دەژی و میوانـداری هـاوڕێ گیاندارەکانی دەکـات و بەیەکـەوە شـەو بەسـەر دەبـەن، هـەروەها لـەدەقی (گـۆرانیبێژانی شـار)ی (شـاهێن نەجمـەددین)دا، **(شـوێن : دارسـتانێکی چڕوپـڕە ... دەنگـی چۆلەکـەو بولبـول و خـوڕەی ئـاو دێـت)** (کـاروان،ژ١٦٨،ل٢٠٩)، ئەگـەرچی دارستانەکە بۆئەوان نامۆیـەو هـیچ کات لەوێدا نەژیاون، بـەڵام زەبروزەنگی خاوەنـەکانیان، کـە وای لێکـردوون بـەناچاری روو لـەو دارسـتانە بکـەن، وای کردووە دارستانەکە بۆیان ببێت بەشوێنێکی هۆگر .

ئـەو شـوێنانەی لـەدەقی شـانۆی منداڵانـدا دەخرێنـەڕوو، هـەموو کـات هـۆگرنین، زۆرجـار لـەنێو خـودی منداڵانـدا هەنـدێ شـوێن بۆیـان نـاهۆگرە و هەمیشـە لەملمانێدان بـۆ دەربـازبوون لێـی، نموونـەی شـوێنە ناهۆگرەکـان

پێکهاتــەی شــوێنی زۆربــەی دەقــەکانی (شــانۆگەری بــۆ منــداڵ)ی (عومــەر عەبدولڕەحیم) پێکدەهێنن، لەدەقی (کفرە ئەحمەد)دا **(شوێن دادگایە و داددەر کەبەرهەمە فەندی یە لەسەر مێزێک دانیشتووە ...)**(شانۆگەری بۆ منداڵ،ل١٨)، دادگا لەڕووی دەروونییەوە بۆکەسە تاوانکارەکان بەشوێنێکی ناهۆگر لەقەڵەم دەدرێت .

لەگەڵیشیدا مەرج نییە هـەردەم شـوێنە ناهۆگرەکان بـەم شـێوەیە بمێننـەوە، بە پێچەوانەشەوە شوێنە هۆگرەکانیش زۆرجار بۆکەسایەتیەکانی نـاوی دەبن بـەناهۆگر، وەک لای (هیـوا سـوعاد)دا هەیـە، لـەدەقی (دڕنـدەی دارسـتان)، لەدیمەنی دووەمدا **( دارستان .. گیاندارەکان کۆبوونەتەوە .مانگا و لەقلـەق و ڕێوی و کیسـەڵ و سـمۆرە)**(ڕامـان،ژ٣٤،ل٢٨٦)، دارسـتان شـوێنێکی هـۆگرە بـــەلای گیاندارەکانـــەوە، بـــەڵام بـــوونی (ڕاوچـــی) لەدارســـتانەکە ژیـــانی هەراسانکردوون، شوێنەکەی لە هۆگرەوە لێکردوون بە ناهۆگر .

خستنەڕووی ئەمجۆرە شـوێنانەش لـەناو دەقـەکانی ئـەو قۆناغـەدا بەچەند ڕێگایەک خراونەتەڕوو:

١- ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ناونیشانی دەقەکەوە .
٢- ڕاستەوخۆ دوای خستنەڕووی ناونیشان .
٣- لەڕێگەی کۆرس و گۆرانییەوە .
٤- لەڕێگەی گفتوگۆی کەسایەتییەکانەوە .

جگـــە لەمـــە شـــوێنە وشـــکانیەکان لەپێکهاتـــەی ســـەرجەم دەقـــەکانیان بنیادنراوە،تـەنها لـەدەقی (خـەپان و خـرپن)دا نـەبێت، **(شـوێن گۆمێکـە لـەناو دارسـتاندا)**(بـەیان،ژ١٣١،ل٣٩)، شـوێنە وشـکانیەکانیش زیـاتر لـەو شـوێنانە سـوود وەرگیـراوە، کـە پەیوەنـدی بـەتینیان بـە منداڵـەوە هەیـە و سـەرنجی ڕادەکێشـن، وەک (دارسـتان،دێ، کێڵگـە، قوتابخانـە، شـەقام، ئەشـکەوت، بـازاڕ، باخچـە، ...)، بێگومـان لەناویشـیاندا شـوێنی خراپیش هەیـە، کـە زیـانی زیاترە لەسـوودی، لـە بەشـێکی دەقـەکانی (شـانۆگەری بۆمنـداڵ)دا سـوود لەشـوێنی وەک (دادگـا) وەرگیـراوە،هیچ پەیوەندییـەکی دووروونزیکـی بـەژیانی منداڵـەوە نییە.

## _ حیکایەتخوان : Narrator

لە ژیانی منداڵی هەر تاکێکماندا داپیرەیەک، یا باپیرەیەک هەیە، هەمیشە لەپێناو ئامۆژگاری و دڵنەواییمان ڕۆڵی حیکایەتخوانی بینیوە، سەری بەگشت کونج و کەلەبەرێکی ئـەدەبی فۆلکلـۆردا کـردووە، لـەپێناو ئاشـنابوون بـەو چیـرۆک و بەسـەرهاتانەی کـە لەکۆنـدا ڕوویانـداوە یـاخود هەڵبەسـتراون، تابتوانن لەڕێگەی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەوە کەشێکی لەبار بۆ خۆشکردنی کات و ساتەکانی منداڵیمان بهێننە ئاراوە.

هەروەها هەست بەبوونی پێوەندییەکی بەتین لەنێوان حیکایەتخوان و دەقی شانۆییدا دەکرێت، چونکە دەقی شانۆیی لەخودی خۆیدا پیشاندانی چیرۆک و حیکایەتێکـە، کـاتێکیش شـانۆ سـەرهەڵدەدات "لەسـەرەتادا هـەموو ڕووداو و بابەتەکانی لەلایەن حیکایەتخوانەوە پێشکەش دەکران بۆ بینەر دەگێڕدرانەوە ،بـەڵام گۆڕانکـاری و پێشـکەوتنەکان وردە وردە ڕۆڵەسـەرەکییەکەی لـێ سەندەوە و کەسێتی هاتە ناو دەقی شانۆ"(کەیفی ئەحمەد،٢٠١١،ل٨٢)، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە، کە ئیتر بەتەواوەتی ڕۆڵی حیکایەتخوان ونکرابێت، زۆرجـار نووسـەر دێـت چیرۆکێـک دەکـات بـە بنـەمای دارشـتنی دەقـە شانۆییەکەی، بۆئەوەی بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ بەشداری لەدەقەکەدا بکات، ڕۆڵـی حیکایـەتخوانێک دەبینێـت، بـەهۆی هونـەری گێڕانـەوەوە بابـەت و ڕووداوەکانی چیرۆکەکە دەگەیەنێتە وەرگر .

ئـەدەبی فۆلکلـۆری کوردیمـان بـووە بەسـەرچاوەیەکی بـەپێزو بـەهێز بـۆ دارشـتن و بنیادنـانی دەقـی نووسـراو،چەکێکی بـەهێزی دەسـتی نووسـەرانی کـورد بـووە لـە هێنانەکایـەیی بەرهـەم و داهێنـانی تـازەتر، زیـاتریش لـەو بەرهەمانـەدا ڕەنگیانداوەتـەوە، کـە تایبـەتن بـە دونیـای منداڵان و لەخزمـەتی ئەوانـدا خراونەتـەڕوو، بەتایبـەتی ئـەو چیرۆکانەی،کـە بـەزمانی ئاژەڵانـەوە وتـراون و دەمـاو دەم گێڕدراونەتـەوە، ئەمـەش خـۆی لەخۆیـدا دوو ڕووی جیاوازی هەیە، ڕوویەکی بۆ نەزانی و دواکەوتوی میللەت دەگەڕێتەوە، کە لایـان وابـووە هـەموو ئاژەڵێک زمـانی خـۆی هەیـەو لەنێوخۆیاندا پێدەدوێن، ڕووەکەی تریشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،کە ویستویانە ئەو ئاژەڵ و گیاندارانە بکەن بەڕەمز و نیشانە بۆ پیشاندانی ڕووە ڕاست و ناڕاستەکانی مرۆڤایەتی

لەسەر زەوی، لەگەڵیشیدا هەر گیانداریێکیان کردووە بەڕەمزی هەر ڕەوشت و سیفەتێکی مرۆڤەکان،لەوانە(شێر) هەمیشە لەچیرۆکەکاندا وێنای (پاشا)ی کردووە (عیزەددین مستەفا،١٩٧٩،ل٢٦)، بەڵام لەسروشتی خۆیدا دڕندەیەکی گۆشتخۆرە و هیچی تر، بەم پێیە ئەو ڕووداوانەی لە ژیانی ئادەمیزاد دا ڕوویانداوە بەزاری ئاژەڵانەوە کراونەتە چیرۆک و بەسەرهات، لەدەقی شانۆی منداڵاندا لەسەر زاری حیکایەتخوان دەگێڕدرێنەوە، کەواتە حیکایەتخوان "واتا گرێدانی هەموو ڕایەڵەکانە بە سەرچاوەیەکەوە، چیرۆکخوان ئەو ڕووناکییەیە لەتاریکیدا بەسەر دێرەکاندا دەکشێت "(کەیفی ئەحمەد،٢٠١١،ل٨٣) .

بەشێوەیەکی گشتی حیکایەتخوان لەرووی گێڕانەوەی حیکایەت و بەسەرهاتەکان لەهەر دەقێکی ئەدەبیدا، بەسێ جۆر دەردەکەون:

١- هەموو شت زان.

٢- هەمان شت زان.

٣- کەم شت زان.

بێگومان حیکایەتخوان لەدەقی شانۆی منداڵانی ئەم قۆناغە مێژووییەدا هەمووشت زانە لەسەرەتای دەقەکەوە، چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە تا کۆتایی چیرۆکەکە .

بەشێک لەنووسەرانی شانۆی منداڵانی کورد لەو قۆناغە مێژووییەدا، لەپێناو ڕاکێشانی سەرنجی منداڵ بۆ بابەت و ڕووداوەکانی دەقەکە،سوودیان لە بوونی حیکایەتخوان وەرگرتووە، بۆئەوەی چێژ و خرۆشی زیاتر بخەنە دەروونی منداڵانەوە، هەمیش بەشێوەی ناڕاستەوخۆی بوونی خۆیان لەدەقەکەدا بخەنەڕوو، تەنانەت لەهەندێ دەقدا خودی حیکایەتخوان کراوە بەناونیشانی دەقەکە، وەک لە (داپیرەی دانا و باپیرەگەورە)دا دەردەکەوێت، لەهەردوو دەقەکەدا حیکایەتخوان هەموو شت زانە، ئەم دوو کەسایەتییە ڕۆڵی حیکایەتخوانی دەقەکە دەبینن،لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکەوە دەقە شانۆییەکە بنیادنراوە، لەدەقی (داپیرەی دانا)ی (سمکۆ ناکام)دا: داپیرە لەسەرەتای دەقەکەوە لەڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکێکەوە بۆمنداڵان تا کۆتایی دەقەکە هەست بەبوونی نووسەری دەق دەکرێت :

هەواڵنامەی کتێب

( داپیرە : ئەگێڕنەوە بەر لەئێستا دارستانێ بوو .
هەرچی گیان لەبەر هەیە تیادابوو
لەو جەنگەڵە دا ئەژیان بەشادی
بەسەریان ئەبرد ژینی ئازادی
گەرچی تاکو سەر وانەمایەوە
کامەڕانیان لێ کوژایەوە
منداڵان : لەبەرچی داپیرە! (چی ڕوویدا؟)
داپیرە : پەلەمەکەن ڕۆڵەکانم پێتان ئەڵێم .) (بەیان،ژ٥٧،ل٧٠)

لەم دەقەدا حیکایەتخوانی چیرۆکەکە لەسەرەتاوە، تا کۆتایی دەقەکە باڵی بەسەر سەرجەم ڕوگەکانی دەقەکەدا کێشاوە، بەڵام مەرج نییە هەمیشە ڕووداو و بابەتی دەقەکە لەسەر بنەمای گێڕانەوەی چیرۆکێکەوە بنیادنرابێت، هەندێجار نووسەر بۆ بەهێزکردنی بابەتی دەقەکەی، وا پێویست دەکات لەدیمەنێک لەدیمەنەکان پەنا بۆ حیکایەتخوان بەرێت لەدەقی (خولەی تەمبەڵ)دا نووسەر لە تابلۆی پێنجەمدا لەڕێگەی دوو حیکایەتخوانەوە، لەسەر زاری (دایک)ی بەسەرهاتێک بۆ (شلەخان)ی کچی دەگێڕێتەوە، بۆ ئامۆژگاری کردنی کچەکەی:

(حیکایەت خوانی یەکەم :
ئەگێڕنەوە ئەڵێن ..
کوڕێک ئەبێ .. ناوی خولە ئەبێ !..
حیکایەت خوانی دووەم : خولە تابڵێ ی
تەمەڵ و تەوەزەلە !.. ....
دایک : خولە .. ئا بەم جۆرە بێ کاربیت، لەبرسانا ئەمرین! ..
خولە : ڕاستە هەژارین .. بەڵام بەم نزیکانە دەوڵەمەند ئەبین! ..
دایک : چۆن چۆنی؟.. تۆ ڕۆژ تا ئێوارە بێ کاروکاسبی بەرامبەرم دانیشتووی..) (بەیان،ژ٩٤،ل٥٤)

لێرەدا بەسەرهاتەکە لەسەرەتای دەقەکەوە خۆی دەرناخات، بەڵکو لە ناوەڕاستدا، دەقەکەدا وادەخوازێت پەنا بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتێک بەرێت، تا

بە ناڕاستەوخۆی ئامۆژگارییەک بگەیەنێت، بۆئەم مەبەستە حیکایەتخوان دێتە ناو باسەکەوە .

**حیکایەتخوان وەکو ڕەگەزێکی لاوەکی لەنێو دەقە شانۆییەکانی منداڵانی کوردا لەژێر چەند ناوێکدا دەردەکەون :**

**١ـ لەژێر ناوی کەسێکەوە:** وەک لەدەقی (داپیرەی دانا)ی (سمکۆ ناکام) و (باپیرە گەورە)ی (دلاوەر قەرەداغی)دا دەردەکەوێت، لەیەکیاندا (داپیرە)یەک ڕۆڵی حیکایەتخوان دەبینێ، لەوی تردا (باپیرە)یەک ئەم ڕۆڵە دەبینێ .

**( باپیرە گەورە : دەگێڕنەوە .. هەبوو نەبوو کەس لەخوا گەورەتر نەبوو**
**پادشای مەملەکەتێک**
**هەبوو داخی گەورەی و گرانی ئەوەبوو بێ وەچە بوو !**
**ساڵانێکی دوورو درێژ**
**خەونی بەوەوە دەبینی کە خوا کوڕپەیەکی بداتێ ....)**

(کاروان،ژ٧١،ل٧١)

دوای ئەمە ڕاستەوخۆ شانۆکە دەست پێدەکات .

٢ـ لەژێر ناوی حیکایەتخوان : وەک لەدەقی (خولەی تەمبەڵ)دا دەردەکەوێت .

٣ـ لەژێر ناوی خۆشخوان (شایەر): وەک لەدەقی (بەیتی ڕێزانکێ)یدا نووسەر سەرجەم ڕووداو و ململانێکانی (ڕێزان) بۆ گەڕان بەدوای (گەنجی سلێمان)دا لەسەر زاری (شایەر) دەگێڕدرێتەوە لەسەرەتادا (شایەر) وەک دەروازەیەک بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکات:

**( شایەر : بەنێوی خوڵای میهرەبانێ**
**بەپێغەمبەری ئاخر زەمانێ**
**بەدوعای خێر و بەرەکەت**
**بۆ وەڵاتی ئاوەدانێ**
**وا داستانەکەی ئەو شەوتان**
**بۆ دەگێڕێتەوە وورد وورد**
**شایەرەکەی خۆشخوانێ .**

هەولێرنامەی کتێب

**دایک : ئینجا گوڕنەتەلە گەنجی سلێمانی بردەوە ماڵێ و دێ یەکەیانی ئاوەدان کردەوە ......منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ ...(ماوەیێک بێ دەنگی) ڕێزان .. کچم .. نوستی؟**

**ڕێزان : نەء**

**دایک: بۆ؟**

**ڕێـزان : بیـر لەگـەنجی سـلێمان ئەکەمـەوە. دایـە .. گـەنجی وا هەیـە؟ )**

(بەیان،٥٦،ل٢١)

بـەم شـێوەیە نووسـەرانمان لـەناو دەقەکانـدا، لـەپێناو پێگەیانـدن و خزمـەتکردنی منداڵانی کورددا، هـەم ڕۆڵـی نووسـەری دەق و هـەمیش ڕۆڵـی گێڕەڕەوەیان بینیوە.

## _ چنین : plot

ڕەگـەزێکی سـەرەکی دەقـی شـانۆگەرییە، تۆکمـەیی و سـەرنجڕاکێشـی دەق پەیوەسـتە بـەو چنینـەی، کـە نووسـەر دەیگرێتەبـەر لـە بەیەکـەوە گرێـدانی سـەرجەم ڕەگـەزەکانی تـری دەقەکـە، ***"ئـەم تەکنیکـەش بەسەردەسـتی دراما نووسـێکی خـاوەن بـەهرەو شـارەزا و کارامـەدا دێتەکایـەوە*** (حەمەکـەریم هـەوارمی،٢٠٠١،ل٢٣)، چونکـە هـەر چەشـنە لاوازییـەک لەداڕشـتنی دەقەکـەدا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەو چنینەوە هەیە، کە دەقەکەی لەسەر بنیادنراوە.

لەڕووی زاراوەییەوە، چنین زیاتر بۆئەو هێڵکاری و نەخشانە بەکارهاتووە، کە وێنەکێشان بۆ چوارچێوەی وێنەکانیان لەسەر کاغەزێک کێشاویانە، یاخود ئەو نەخشەسازییەیە لەلایەن ئەندازیارەوە دەکێشرێت، خـانوو یـا کۆشـکێکی لـەسـەر دادەمـەزرێت (سـیماداد،١٣٨٥،ص١٠٠)، هــەر کـەم و کورتییـەک لەنەخشەکەدا، زیانی گـەورە بـەکۆی گشـتی خانووەکـە دەگـەیـەنێت، بەهـەمان شێوە ئـەم زاراوەیـە لـەبواری ئەدەبیشدا سـوودی لێوەرگیراوە، بەتایبـەتی لـە ژانرەکـانی گێڕانـەوە و نمایشـنامەدا بـەکارهاتووە، نووسـەر سـەرجەم بنـەما هونەرییـەکانی لەمێشـکیدا گەڵاڵـەبووە، ئەگـەر نـەتوانێت بەشـێوەیەکی جـوان بیانچنێت بەیەکەوە، ئەوا دەقێکی لاواز و نەزۆکی لێدەردەچێت .

نووسـەر لەڕێگەی ئەم هونەرەوە گرێیەک یا چەند گرێیەک دروست دەکات و بەیەکیانــەوە دەلکێنێـت، ئاڵۆزییــەکی تــەواو لەمێشـکی وەرگــردا دروســت دەکـات، لــەپێناو ملکــەچکردنی بــۆ خوێندنــەوەی دەقەکــە، یەکــەم کەســیش دەربـارەی ئـەم هونــەرە دوابێـت (ئەرسـتۆ)ی گــەورە ڕەخنــەگری یۆنانییــە، لـەکتێبی (هونـەری شـیعر)دا بـەم جۆرە دەدوێت : ***"ڕووداو دەبێ سـەرەتا و کۆتایی و ناوەندی هەبێت، ئەمەش پێویستی بەکێشەیەکە چونکە پلۆت بەبێ کێشە دروست نابێت"*** (خالیدە قادر،٢٠١٣،ل١٢٨)، کە بـوە بـەپێوەر لەداڕشتنی گشت دەقێکی شانۆییدا، پێویستە ڕەچاوبکرێت، جا ئەو دەقە بۆگەوران بێت، یا منداڵان ،هـەروەها (دایانـاداو بتغایر) لـەکتێبی (ڕۆمـان و پیشـەی نووسـینی ڕۆمـان)دا دەربـارەی گرێچین دەڵێت: ***"وەک ئـەوە وایە لەچەمێکی تـەنکاوا، بەسـەر بـەردەبازا بپەڕیـەوە، وە لەبەردێکـەوە بـۆ ئەویکـە بـەرەو بـەرزتر بازبدەی ،کەناری دوری ئەو چەمە، ئەو کۆتاییە کە بەگران دروستت کردوە"*** (ئـەدوارد - دایانـاداو،١٩٨٢،ل٣٩)، هونـەری چنـین هـەموو ئـەو هەنگاوانـە دەگرێتەوە، کە نووسـەری دەق خاڵێک دەکات بە سەرەتای ڕووداو کێشـەکانی دەقەکە، چەندین ڕووداوی تری لاوەکی دێنێتە ناوەوە لـەپێناو دروسـتکردنی ئـاڵۆزی و گەیشـتن بـە ترۆپک و کردنـەوەی گرێکـان، ، نووسـەری شـانۆی منـداڵ هـەموو ئـەو مەرجانـە ڕەچـاو دەکات، کە لـەدەقی گەورانـدا پێویسـتن، بەڵام بەشێوەیەکی سادە و ساکار، کە بۆ منداڵ دەست بدات، ***"پێویستە گرێ بەشـێوەیەکی زنجیرەیـی و بـەدوای یەکـدا هـاتنێکی گونجـاو و ڕێکوپێـک دابڕێژرێت، کە ئاسان بێت بۆمناڵ تا لەگەڵیدا ڕەوتبکات و موتابەعەی بکات"*** (بورهــان قــەرەداغی،٢٠١١،ل٢٩٩)، هــەروەها پێویســتە نووســەر لــەکاتی ئاڵۆزبوونی گرێکاندا پەنابات بۆ پێشکەشکردنی (هونەری مۆسیقا - گۆرانی و سـتران - مەتـەڵ - یـا نووکتەیـەکی خـۆش ....)، تـا بیروهۆشـی منـداڵ لەڕووداوەکانی ناو دەقەکە دوورنەخاتەوە .

هونـەری چنـین لـەدەقی شانۆییدا،بەسـێ هـەنگاوی یـەک لـەدوای یـەک دەخرێتەڕوو،جا ئەو دەقە بۆ گەورە، یاخود منداڵ نووسرابێت :

**١ـ هـەنگاوی (سـەرەتا):** هـەنگاوی یەکـەمی نووسـەرە لەداڕشـتنی دەقەکەیدا، ئەویش سەرهەڵدانی ڕووداوێکی سـەرەکییە بـەهۆی کێشـەیەکەوە، کە خـودی

نووسـەر دروسـتیکردووە بۆ هێنانەکایـەیی گرێیـەکی هونـەری، ئـەم گرێیـەش چێژ و خرۆش بەمندال دەبەخشێ، پێ بە پێ لەگەڵیدا ڕەوتدەکات و چاوەڕێی دیمـەن و ڕووداوەکـانی دواتـر دەکـات، لـەم هـەنگاوەدا پێویسـتە نووسـەر سـەرەداوێکی کـەم بـۆ منـداڵ بهێڵێتـەوە بـۆ پێشـبینیکردن و هـەنگاونان بـۆ ناوەڕاست و قوڵای دەقەکە .

**٢ـ هەنگاوی (ناوەڕاست):** هەنگاوی دووەمی نووسەرە، بریتییە لـە ئاڵۆزکردن و تێکچڕژانی ئـەو گرێیانـەی لەئـەنجامی ڕووداوەکانـەوە پەیدابوون، مەبەست لێی ئاگادارکردنەوەی خوێنەر یا بینەرە لەو پێشبینیە هەڵەی، کە لەخەیاڵیدا بۆ کۆتایی دەقەکە کردوویەتی، بەڵام ئەم هەنگاوە زۆرجار بێزاری وەرسی لای منداڵ دروست دەکات، لـەم بـارەدا پێویسـتە نووسـەر سـوود لەبـەکارهێنانی تەکنیکی تازەتر وەرگرێت، بۆئـەوەی منداڵ هەست بـەبێزاری نـەکات، بۆ ئـەم مەبەستە، (مۆسیقا و گۆرانی) باشترین ڕێگەچارەیە .

**٣ـ هەنگاوی (ترۆپک):** دوا هەنگاوی نووسەرە لەداڕشتنی دەقەکەیدا، کە تێیدا سـەرجەم ئەنجامی ڕووداوەکان بۆ وەرگر ئاشکرادەکرێت، نووسـەری بـەتوانا ئــەو نووســەرەیە، کــە بــواری پێشــبینی کۆتــایی دەقەکــەی بــۆ وەرگــر نەڕەخسـاندبێت، دەبێـت ئـەو ئەنجامــەی چارەسـەرەی لەکردنـەوەی گـرێ هونەرییەکان پێی گەیشتووە، نابێت لەدەرەوەی توانا و هۆشی منداڵدا بێت .

هـەرچی پەیوەسـتە بەهونـەری چنـین و دەقـەکانی شـانۆی منـداڵانی کـورد لەنێوان ساڵانی (١٩٧٠ ـ ٢٠٠٥)، هەسـت بـەبوونی تـەکنیکی بەهێز و لاوازیش دەکرێت، ئەمەش پێوەندی بـەو سـەردەم و کاتانـەوە هەیـە، کە دەقـەکانی تێدا نووسـراوە، دەقـەکان بەچەنـد شـێوەیەک دابـەش دەبـن، بەشـێکیان هەسـت بەبوونی هیچ گرێیەک ناکرێت، تا ئەوەی تەکنیکێکی باش لەداڕشتنی دەقەکەدا بـەکارهاتبێت، هـەروەها دەقیش هەیـە لەخستنەڕووی کێشـە و گرێکانـدا هـیچ پێـوەندییـەکی دوور و نزیکـی بـەدونیای منداڵانــەوە نییــە، گــەر چاوێـک بەدەقەکانی (عومەر عەبدولڕەحیم)دا بخشێنین لە کتێبی (شانۆگەری بۆ منداڵ) دەبینین لە بەشێک لەدەقەکاندا هەست بەبوونی هیچ گرێیەک ناکرێت، لە دەقی (کۆمەڵــەی کــەران)دا، (لەپــەردەی یەکــەم: خێزانێکــی هــەژار بەڕێککــەوت هەموویان کەڕن، لەئـەنجامی لێک تێ نەگەیشتن، دەنگە دەنگ و هـەرا کێشـە

دروسـت دەبێت لـەنیوان (مـام هەسـەن و مـام حەیدەر)، لەپـەردەی دووەم: کێشەکە دەچێتە دادگا دواتر (دادوەر) بۆی ڕووندەبێتـەوە، کە کەڕن و ناگاتـە هیچ ئەنجامێک )، ئـەم دەقە هیچ پێوەندیەکی بەدونیای منداڵەوە نییە ، تـەنیا پیشـاندانی چەنـد دیمەنێکـە لەڕێگـەی گفتوگـۆی کەسـایەتییەکانی دەقەکـەوە، هەست بـەبوونی هـیچ جۆرێک لـە گرێ ناکرێت، ڕاسـتە دەقەکـە لەئـەنجامی کێشـەیەکەوە سـەرهەڵدەدات، بـەڵام هـیچ گرێیـەک دروست ناکات، ئەگـەرچی ئاشکرابوونی کەڕی خێزانەکە بۆ دادوەر ڕوون نییە، بەڵام لەپەردەی یەکەمدا منداڵ ئاشنابووە بەخێزانەکە و بگرە پێش داددەر کێشەکە دەزانێت .

لەگەڵ ئەوەشدا لەو قۆناغەدا دەقی تریش بەرچاودەکەون، کە تـەکنیکێکی بەرزی تێدا بـەکارهاتووە، لەسـەر بنـەمای خستنەڕووی ڕووداو و گرینگیدان دامـەزراون، ئەگـەرچی سـەرەتای حـەفتاکان دەقـەکان لـەڕووی تەکنیکـەوە لاوازییـان پێوەدیـارە، بـەڵام لـەکۆتایی حـەفتاکان چەنـد دەقێک دەبینـرێن، کـە چنینێکـی جوانیـان بـۆکراوە، بەتایبـەتی لای (سـمکۆ ناکـام)دا دەردەکـەوێت، لەهـەردوو دەقـی (داپیـرەی دانـا - بـەیتی ڕێزانکـێ)دا، نووسـەر لەسـەرەتادا کێشـەیەک دەخاتـەڕوو بۆ دروسـتکردنی ڕووداوێک، لـە ناوەڕاسـتدا چەنـدین ڕووداوی تـر لەخزمـەتی ڕووداوە سـەرەکییەکە دێنێتە نـاوەوە، تێکچڕژانێک دروسـت دەکـات، بـەڵام بەشـێوەیەکی زنجیـرەی ڕووداوەکـان بەشـوێن یەکدادێن، تـا منـداڵ پەلکێشـی کۆتـایی دەقەکە بکـات، لەکۆتاییشـدا ترۆپک و لوتکـەی گرێکـە بۆمنداڵ ئاشـکرادەکات، لـەدەقی (بـەیتی ڕێزانکـێ)دا، نووسـەر لەڕێگـەی ئـەو چنینـەی بۆ دەقەکـەی کردووە، لەسـەرەتادا پشتی بەهونـەری گێڕانەوە بەستاوە، لەڕێگەی (شایەر)ەوە، دێتە نـاو ڕووداوەکـان، لەسـەرەتادا گرێ یەکی هونەری بەخۆیـەوە گرتووە، ئـەویش ئەوەیە، کە ڕێزان بۆگـەڕان بەدوای (گەنجی سلێمان)دا، هەڵەیەک دەکات، دایکی و ماڵەوە جێدەهێڵێت، ئـەم گرێیە تاکۆتایی دەقەکە ناکرێتەوە .

ئایا ؟ڕێزان دەگات بەگەنجەکە .

ئایا ؟ پەشیمان نابێتەوە بۆماڵەوە .

ئایا ؟ کەگەیشت بە گەنجەکە دەتوانێت سوودی لێوەرگرێت .. ئەمانە هـەموو ئەو پرسیارانەن لەئەنجامی نەکراوەیی گرێکەوە دروست بوونە، نووسـەر بۆ

گەیشتن بە لوتکە و کردنەوەی گرێکان چەند ڕووداوی لابەلا دێنێتە ناوەوە، لە کۆتاییدا ڕێزان گەنجەکەی دەست دەکەوێت، بەڵام لەژێر قوڵای زەمیندا گیردەخوات .

تەکنیک لەلای نووسەرانی هەشتاکان بەهێزتر دەردەکەوێت، لە چاو نووسەرانی حەفتاکان، (لەدەقی ئاهەنگی مامۆستای مەزن)ی (عومەر عەلی ئەمین)دا، نووسەر ئەوپەری لێهاتوویی و زیرەکی خۆی لەدارشتنی دەقەکەیدا پیشانداوە، دیمەنێک پیشاندەدات (ناو هۆڵێکە میوانان چاوەڕێ بینینی شانۆگەرییەک دەکەن، لەپڕ نووسەر نمایشەکە وەلا دەنێ، (ڕێبوارێک) بە گۆچانێکەوە دێتە سەر تەختی شانۆ، بەسەرهاتەکەی دەگێڕێتەوە، کە دەقەکەی لەسەر بنیادنراوە، نووسەر کێشەیەک دروست دەکات لەکاتی گەڕانەوەی ڕێبوارەکە بۆماڵەوە، ئەویش ئەوەیە کاتێ دەگەڕێتەوە ماڵیان چۆلکراوە، پەنا بۆشوێنێ دەبات ڕووی تێبکات، کێشەکە ناچاری دەکات پەنا بۆشوێنێک بەرێت، کە چەندین ساڵە کەس ڕووی تێ نەکردووە، ئەمەش گرێیەک دروست دەکات .

ئایا ؟ بۆچی کەس ڕووی تێ ناکات .

ئایا ؟دیوەزمەی تێدا دەژی ،

ئایا ؟ڕێبوارەکە دەچێت بۆماڵەکە

ئایا ؟لەکاتی چونیدا ڕووبەڕووی ترس نابێتەوە...، ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە بینەر پەلکێش دەکەن، تاکۆتایی دەقەکە هەنگاوبنێت، لە کۆتایی دەقەکەدا نووسەر گرێکە دەکاتەوە، کە ئەنجامێکی پێشبینی نەکراوە، ئەویش تێکچوون و ناشیرینی کوڕی ماڵەکەیە لەوەو پێش مامۆستابووە، لەئەنجامی ئاگر کەوتنەوە هەوڵی ڕزگارکردنی قوتابیەکانی داوە ڕووخساری ئاوای بەسەر هاتووە .

لەدەقی (کوڕە ئەستێرە)دا، (عوسمان چێوار) زۆر بەوریایی و شارەزاییەوە ڕەگەزەکانی بەسەر دەقەکەدا چنیوە، لەسەرەتادا بۆ سەرنجراکێشانی منداڵان بۆ ڕۆچوونە ناو ڕووداوەکان، سوودی لە (کۆرس و گۆرانی) وەرگرتووە، نووسەر لەسەرەتاوە کێشەیەک دەخاتەڕوو، (( دوو داربڕ لەدارستانێکا کێشە و دەمەقاڵێ دەکەوێتە نێوانیان، لەو کاتەدا ئەستێرەیەک لەئاسمانەوە دێتە

خـوارەوە، منـداڵێک دەخاتـە باوەشـی یـەکێک لـە داربڕەکـان، لایـان دەبێـت بەکوڕی ئەستێرە، لەتابلۆی پێنجەمدا نووسەر لەڕێگەی کۆڕسـی گۆرانییـەوە، سەرەداوێک دەخاتەڕوو دەربارەی گەورەبوونی منداڵەکە :

**(کۆڕس : (لەسەر ئاوازی مۆسیقا بە گۆرانی یەوە)**

**کاتی شانۆ و بێ بینەر**
**وەک یەک نابێ هەتاکو سەر**
**ڕۆژ و مانگ و ساڵی ئێوە**
**زۆر هێواش ئەڕوا بەڕێوە**
**ڕۆژتان لای ئێمە چرکەیە**
**مانگتان لای ئێمە خولکەیە**
**بۆیە عومری کۆرپەی مناڵ**
**لای ئێمە گەیشتە دەساڵ )** (کاروان،ژ٨٦،ل١١٢)

گەورەبوونی منداڵەکە ڕووداو گەلێک دێنێتە پێشـەوە، لـە تەمـەنی دەسـاڵیدا ئەوباوکـە ڕەتدەکاتەوە،کـە بـەخێوی کرد،دواتـر نووسـەر کێشـەیەک دروستدەکات لە ڕێگەی هینانەناوەی (پیرێژنێک) کەدایکی ڕاستەقینەی کوڕە ئەستێرەیە، لە(تابلۆی پێنجەم و شەشەم)دا کوڕە ئەستێرە تف دەکاتە چاوی و ڕەتی دەکاتەوە،لەو کاتەدا دایکی نەفرەتی لێدەکات و ڕووخسارە جوانەکەی لەدەست دەدات و شێوەی دەگۆڕێت بۆ (بۆق)ێکی ناشرین، نووسەر لەو کاتەدا گرێیەک دروست دەکات لای بینەر چەند پرسیارێک دێنە پێشەوە:

ئایا ؟کوڕە ئەستێرە هەر بەو ڕووخسارەوە دەمێنێتەوە تاکۆتایی دەقەکە .

ئایا ؟ پەشیمان نابتەوە لەکارە چەپەلەکانی .

ئایا ؟ هەوڵدەدات بگات بەدایکی و داوای لێبوردنی لێبکات ... هـەموو ئەمانە کۆمـەڵێک پرسـیارن لای بینـەر، کە گرێکە دروسـتی کـردون ،دواتـر نووسـەر (تابلۆکـانی حـەوت و هەشـت) تـەرخان دەکـات بـۆ هێنانـە کایـەیی چەنـد ڕووداوێکی لاوەکی ،بۆئـەوەی قارەمـانی دەقەکە لەگەڵیدا ڕێبکات، لـە پێنـاو چابوونەوەی ڕووخسـاری و گەیشـتنەوە بەدایکی، کە بووەتـە گرێی دەقەکـە، لـەتابلۆی کۆتاییدا سـەرجەم ڕووداوەکان دەوەسـتن، لێرەدا نووسـەر دەسـت دەکات بەکردنەوەی گرێکان کوڕەئەستێرە بەپیرەژنی دایکی شـاد دەبێتـەوە و

دەگەڕێتەوە باری جارانی، داوای لێبوردن لەدایکی دەکات و دایکی دەیبورێ، بـەڵام ئـەوەی لای قارەمـانی دەقەکـە گرنگـە چابوونـەوەی ڕووخسـاری نییـە، بەڵکو ترسی ئەو بە نەفرەتکردنەیە کەدایکی لێی کردووە .

بەشێوەیەکی گشتی سەرجەم دەقەکانی شانۆی منداڵانی کورد لەو قۆناغە مێژووییەدا،ئـەنجامی کۆتـایی دەقەکـەیان بـەڕەهای جێنەهێشـتووە بـۆ بینـەر یاخوێنەر،تا خۆی ئەنجامەکە دیاری بکات، چونکە بینـەری دەقـەکان منداڵن و منـداڵیش پێویسـتی بەکۆتاییـەکی داخـراو هەیـەو ئـەنجام و دەسـکەوتەکانی دەقەکـــەی بــۆ بخرێتـــەڕوو، هـــەروەها مەبەســـت لـــەدەقی شـــانۆی منـــداڵ ئامۆژگارییـە بەشـی زۆری ئامۆژگارییـەکانیش لـەکۆتایی دەقەکـەدا خۆیـان دەردەخەن .

**ئەنجـام**

١ـ لەئـەنجامی دابەشـکردنی ئـەم قۆناغانـەی تەمـەنی منـداڵی، دەگەینـە ئـەو بڕوایـەیی بڵێـین، منـداڵانی نێـوان (٣ ـ ٦) سـاڵی، لەبەرئـەوەی لـە سـنووری خێزاندایـە پێویسـتە بـۆ دەقـی شـانۆی منـداڵانی ئـەم قۆناغـە پـەنا بـۆ زاری ناوچەیی بەرین، بۆ منداڵانی (٦ـ ٩) ساڵی، چونکە ئەوان لە سنووری زاری ناوچـەیی دەرنـەچوون و لەسـەرەتای فێربـوونی زمـانی خوێنـدن و نووسـین دان، پێویستیان بە زمانێکی تێکەڵ هەیە لە زاری ناوچـەیی و زمـانی فـەرمی نووسین، هەرچی منداڵانی (٩ ـ ١٢) ساڵییە، ئەوان شارەزای زمانی نووسـینن، پێویستە بەو زمانە دەقە شانۆیەکانیان بۆ بنووسرێت، کاتێکیش دێنە سـەر هـەرزەکاران، بـەهۆی ئـەوەی لـە گەورەسـاڵان نزیـک دەبنـەوە پێویسـتیان بەزمانێکی جوان و سەرنج ڕاکێشی پڕ لە ڕەمز و خوازە هەیە، بۆیە دەکرێت پەنا بۆ زمانێکی ئەدەبی جوان و پاراو بـەرین، بـەجۆرێک جیابکرێتـەوە لەگـەڵ ئەو زمانە ئەدەبیەیی کە بۆ گەورەساڵانی پێ دەنووسرێت .

٢ـ بیرۆکە و بابەتی بەشی زۆری ئەو دەقە شانۆییانەی لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا بڵاوکراونەتەوە، کێشەی گەورانن و بەمەبەست تێکەڵی دونیای منـداڵان کـراون، هەوڵیانـداوە خـەباتی چەکداری و نەتـەوەیی میللـەتی کـورد لەدەقەکانـدا ڕەنگبداتـەوە، ئەمـەش لەئـەنجامی ژێردەسـتەیی و چەوسانەوەی

میللەتی کوردەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەبەرئەوە نووسەران ئەوەندەی بەلای بابەتە نەتەوەیەکەدا ڕۆیشتوون، ئەوەندە ئاوڕیان لە بابەتەکانی پێشکەوتن و تەکنۆلۆژیا نەداوەتەوە، کە لەهیچ دەقێکدا نابینرێن .

٣- وێنای ڕووداوەکان لەنێو دەقەکانی شانۆی منداڵانی کورد (١٩٧٠ـ٢٠٠٥)دا، گشت دەقەکان بە (کۆمیدیا ـ تراجیدیا بەرەو کۆمیدیا) هەنگاو دەنێت، جگە لەدەقی (بەیتی ڕیزانکێ)ی (سمکۆ ناکام) نەبێت، کە ڕووداوەکان بەتراجیدیا کۆتاییان دێت ئەمەش تاکە دەقی ئەم قۆناغە مێژووییەیە .

٤ـ سەرجەم نووسەران ئەم قۆناغە لەناو دەقەکانیاندا بەهیچ جۆرێک سوودیان لە هەڵبژاردنی کەسایەتییە ئەفسانەییەکانی لەشێوەی (دێو ـ درنج ـ پەری ...) وەرنەگرتووە، زیاتر پەنایان بۆ ئەو کەسایەتییانە بردووە، کە منداڵ پێیان ئاشنان، وەک (مرۆڤ ـ ئاژەڵ ـ باڵندە ـ ڕووەک)، کە بەم شێوەیە دابەشکراون: لەسەدا (٣٩٪) کەسایەتییەکان مرۆڤن، لەسەدا (٣٥٪)کەسایەتییەکان ئاژەڵن، لەسەدا (٢١٪) بەیەکەوە بەشداریان پێکراوە، ئەو لە (٥٪)ی دەمێنێتەوە بۆ ئەو چەند دەقە دەگەڕێتەوە، کە دەستمان نەکەوتوون، یان ڕەنگە بەوردی نەمان خوێندبنەوە .

٥- نووسەرانی کورد لە ساڵانی (١٩٧٠ـ٢٠٠٥)دا، لەنووسینی دەقی شانۆیی بۆمنداڵانی کورد، هەر چوار قۆناغی تەمەنی منداڵیان وەک یەک لەبەرچاو نەگرتووە، لەم ڕووەوە منداڵانی خوارتەمەنی ١٢ساڵی (هەرزەکار)پشکی شێریان بەردەکەوێت، هەرچی هەرزەکارانن بەدەگمەن ئاوڕیان لێ دراوەتەوە، (تێکۆشان بنچینەی سەرکەوتنە)ی (کەمال غەمبار) لە تەواوی ئەم چەند ساڵەدا تاکە دەقە کە بۆ هەرزەکاران نووسرابێت.

**سەرچاوەکان**

## سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:


- ئەحمەد سالار(١٩٨٠)، هەندێ مەسەلەی شانۆیی، چ.خ:الحوادث ،بغداد.
- ئـەدوارد بلّشنـ دایانـاداو بتغـایر(١٩٨٢)، ڕۆمـان و پیشـەی نووسـینی ڕۆمان،و: سامی محمد، مط: واوفسیت الشرق ،بغداد .
- ئیبراهیم ئەحمەد سمۆ(٢٠٠١)، کاریگەری کەلەپوری کوردی لەشانۆی کوردیدا،چ: یەکەم،چاپخانەی خەبات،دهۆک .
- بورهـان قـەرەداغی(٢٠١١)، شـانۆی منالّ(مێژوو_ ببلۆگرافیا_ تیۆر_ پڕاکتیک)، چ:یەکەم، چ.خ:کارۆ، سلێمانی .
- جۆن ئـەیکن(٢٠٠٤)، چـۆن بـۆ منـدالاّن دەنووسـی، و:کـەمال غـەمبار، چ:یەکەم، چ.خ:ئاسۆی پەروەردەیی، هەولێر .
- حەمەکـەریم هـەورامی(٢٠٠٧)، ئـەدەبی منـدالاّنی کـورد،ب:دووەم ،دەزگای ئاراس،هەولێر .
- خالیـدە قـادر فـەرەج(٢٠١٣)، چیرۆکـی منـدالاّن لەئـەدەبی کوردیـدا، چ:یەکەم ،چ.خ:شەهاب، هەولێر
- شوکریە ڕەسولّ(١٩٨٩) ،ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب، مط: تعلیم العالی،اربیل .
- عەبدوللاّ ڕەحمان عەولاّ(٢٠١١)، شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا باشوری کوردستان (١٩٢٥ـ١٩٦١ز)، چ.خ: حاجی هاشم،هەولێر .
- عومـەر عـەلی ئـەمین(٢٠٠٠)، دیـاری بۆشـانۆی منـدالاّن، چ:یەکـەم، چ.خ:وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی .
- عیـزەدین مسـتەفا ڕەسـوولّ(١٩٧٩)، لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی فۆلکلـۆری کوردی،چ.دووەم، چ.خ،زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
- کـارۆ (٢٠٠٦)، فەرهـەنگی زاراوەی شـانۆیی، چ:یەکـەم ،چ.خ:ئارابخـا، کەرکوک .
- نـەوزاد عـەلی ئەحمـەد(٢٠٠٦)، منـدالّ و ئـەدەب، :دووەم، چ.خ:ڕوون، سلێمانی .

- یاسـین قـادر بـەرزنجی(٢٠٠٨)، فەرهـەنگی شـانۆ،ب:یەکەم، چـاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

## نامەی ئەکادیمی بەزمانی کوردی:

- پەروین عەبدوڵلا خدر(٢٠٠٦)، ڕەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا(کرمانجی خواروو ١٩٨٠- ڕاپەڕین)، نامەی ماستەر،زانکۆی کۆیە.
- شڤان قاسم حەسەن(٢٠١١) ،ڕۆڵی دەقی د ئاڤاکرنا درامایا کوردیدا، نامەی ماستەر ،زانکۆی دهۆک
- کـەیفی ئەحمـەد عەبـدولقادر(٢٠١١)، ڕیـالیزم لەشـانۆی کوردیدا(١٩٧٦-٢٠٠١)، نامەی ماستە ، زانکۆی کۆیە .
- مـەکنون محەمـەد تـاهر مقـداد(٢٠١٠)، دیـالۆگ د درامایـا کوردیـدا د دەڤەرا بەهدینان وەک نموونە، نامەی ماستەر، زانکۆیا دهۆک.
- نـەوزەت ئەحمـەد عوسـمان زێبـاری(١٩٩٩)، ڕەگـەزەکانی چیـرۆک لـە داسـتانی (مـەم و زیـن)ی خـانی دا، نامـەی دکتورا،زانکـۆی بەغـدا، کۆلێژی پەروەردەی (ابن الرشد)
- یاسین ڕەشید حەسـەن(٢٠٠٤)، نـاوەرۆک و تـەکنیکی درامـای کـوردی (١٩٩١-٢٠٠٢ز)، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی .

## _سەرچاوە بەزمانی فارسی:

- ابـراهیم یونسـی(١٣٨٤)، هنـر داسـتان نویسـی،چ: هشـتم ،چ.خ: نوبهـار، انتشـارات نگاه، تهران.
- اسـتیو تیلـیس(١٣٩٣)، زیباشناسـی عروسـک،مت: پوپـک عظـیم پـور تبریزی،چ:اول، نشر قطره،تهران.
- ام.اچ ایبرمز ـ جفری گالت هرفم(١٣٨٧)، فرهنگ توصیفی اصطلاحات ادبی، مت :سعید سبزیان، چ،اول، چ.خ:رهنما، تهران.
- ثریـا قـزل ایـاغ(١٣٩٣)، ادبیـات کودکـان و نوجـوان و تـرویج خوانـدن، چ:یازدهم ،سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی ،تهران .

– جمال میرصادقی(١٣٨٥)، عناصر داستان،چ:پنجم، چ.خ: بهمن ،انتشارات سخن،تهران .

– سیماداد(١٣٨٥)، فرهنگ اصطلاحات ادبی،چ:سوم، انتشارات مروارید،تهران .

– پخشان محمد محمود(٢٠٠٩)، دیالوگ در داستانهای فارسی و كردی كودكان برمبنای مجلات كیهان بچەها و هنگ (١٩٩٣ ـ ٢٠٠٠)، كارشناسی ارشد، دانشگاه صلاح الدین،اربیل.

**رۆژنامەو گۆڤار:**

– حەیدەر عەبدولڕەحمان(٢٠١٣)، خەسڵەتەكانی دیالۆگ لە شانۆگەرییە كوردییەكاندا،گ.ڕامان، ژ:١٩١.

– سرگوڵ محمد أمین(١٩٨١)، گیاندار لەچیرۆكی منداڵان دا، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ:٨٩ ،چ.خ: الادین البغدادیە، بغداد،

– كامەڕان سوبحانی(٢٠١٠)، دیمانە لەگەڵ حەمەرەشید هەرەس، ڕۆژنامەی ئەدەب و هونەری كوردستانی نوێ، سالی نۆزدەم، ژ٥١٣٢، ٣/٢٥ .

– موحسین محەمەد(٢٠٠٢)، شانۆی كوردی(١٩٨٠ـ١٩٨٩)B، گ.ڕامان، (٣ـ٣)، ژ:٦٨ .

– موحسین محەمەد(٢٠٠٢)، پانۆڕامای شانۆ لەگۆڤاری ڕاماندا،C، گ.ڕامان ،ژ:٧٠ .

– نجم خالد نجم الدین(٢٠٠٥)، تەكنیكی دایەلۆگ لەهەندێ نموونەی هاوچەرخی كورتە چیرۆكی كوردیدا، گ.زانكۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان،ژ:٢٤، هەولێر.

– نیگار حەسیب قەرەداغی(٢٠٠٢)، چاوپێكەوتن،گ.ڕامان ،ژ:٧٠ .

**سەرچاوەی نموونەكان :**

**كتێب :**

– عومەر عەبدڕەحیم(١٩٧٢)،شانۆگەریی منداڵان،چ.خ:كامەڕانی، سلێمانی.

- عومـەر عـەلی ئـەمین(٢٠٠٠)، دیـاری بۆشـانۆی منـدالآن، چ:یەکـەم، چ.خ:وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی .

**گۆڤار :**

- گ.بەیان، ژ:٥٧، ١٩٧٩.
- گ.بەیان، ژ:٩٤، ١٩٨٤.
- گ.بەیان، ژ:١٤١، ١٩٨٨ .
- گ.بەیان، ژ:١٥٣، ١٩٨٩ .
-گ.ڕامان، ژ:٣٤، ١٩٩٩.
- گ.ڕامان، ژ:٧٥، ٢٠٠٢ .
- گ.ڕامان، ژ:٥٨، ٢٠٠١ .
- گ.ڕامان، ژ:٧٠، ٢٠٠٢ .
- گ.سینەما و شانۆ ،ژ:٥، ١٩٩٩ .
- گ.شاکار، ژ:٤، ١٩٩٩ .
- گ.کاروان، ژ:٤٢، ١٩٨٦ .
- گ.کاروان، ژ:٣٢، ١٩٨٥ .
- گ.کاروان، ژ: ٨٦ ، ١٩٩٠ .
- گ.کاروان،ژ:١٦٨، ٢٠٠٢ .

کتێبخانەی هەولێرنامە

هەواڵنامەی کتێب

# شیعری نوێی کوردی



شێخ نووری شێخ سالح
لە سالانی چلەکاندا

هەواڵنامەی کتێب

## ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە شیعری کوردی

ئەگەر چاوێك بە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەدەبی کوردییش وەکو زۆربەی میللەتانی دنیا سەرەتا بەشیعر دەستی پێ کردووە، یان راستتر بڵێین، ئەو دەقە ئەدەبییانەی لەبەر دەستدان، لەکۆنەوە بەشیعر دەست پێ دەکەن و مێژووی پەخشانی نووسراو بە شێوەیەکی سەرەکی لەگەڵ چاپەمەنی و بڵاوبوونەوەی رۆژنامەو گۆڤارەوە دەست پێ دەکات. ئەمەش گەلێ هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، رەنگە لە هەموویان دیارتر ئەوەبێ، کە ژیانی مرۆڤ لە سەدەکانی رابردودا ئەوەندە ئاڵۆز نەبووبێ و لەتوانای شیعردا بووە بابەتە سادەکانی ئەو قۆناغە دەرببڕێت، ئەمە لەپاڵ ئەوەی شیعر بەچەند بەیتێکی سەروادارو مۆسیقی، کە لەبۆ زیاتر ئەزبەرکردن ئاسانە، توانیویانە بیپارێزن، بەپێچەوانەی پەخشان، کە پێویستی بە کاغەزو رووپەڕی رۆژنامەکانەو لەڕووی قەبارەوە درێژترەو بابەتەکانی فراوانترەو کەمتر لا لەسۆز و مۆسیقا و خەیاڵ و ئەندێشە دەکاتەوەو لەسەر بناغەیەکی ژیری و مەنتیق و بیرو هزرەوە دەڕوات، ئەمەش وەنەبێ تەنیا لە ئەدەبی کوردیدا ئەم دیاردەیە هەبێت، لە مێژووی ئەدەبیاتی میللەتانی دراوسێش دا بەرچاو دەکەوێت[١].

کۆنترین دەقی شیعری بەجێماومان چوارینەکانی(بابا تاهیری هەمەدانی)یە، کە لە سەدەی چوارەمی کۆچی دا ژیاوە.[٢]

زانیارییەکی زۆرمان دەربارەی ژیانی ئەو شاعیرەمان لەبەر دەستدا نییەو ساڵی لە دایکبوون و مردنیشی تەواو ئاشکرا نییە. ئەمە سەرباری ئەوەی بیروڕای وەهایش هەیە، کە باباتەیەر بە شاعیرێکی کورد نازانن و هەر لوڕەکان بەکورد لەقەڵەم نادەن[٣]، شیعرەکانی

---

[١]- بڕوانە: حنا الفاخوري، تأريخ الادب العربي، الطبعة السادسة،بيروت،١٩٤٢، ص٤٢. سەرەتای پەخشانی فارسیش لە نیوەی یەکەمی چوارەمی کۆچییەوە دەست پێ دەکات، بڕوانە: دکتر خطیب رهبر، گزین نثر فارسی، بخش سوم، چاپ پنجم، انتشارات صفی علیشاه، تهران، ١٣٥٥، ص٥٩.

[٢]- وحید دستگردی، دیوان بابا طاهر عریان، چاپ دوم، مؤسسه مطبوعاتي امیر کبیر، تهران، ١٣٣٣، مقدمه، دەربارەی ساڵی لەدایك بوون و مردنی باباتاهیر.

[٣]- رای جیاواز زۆرە بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە، محمدامین زەکی، بابا تاهیر، گ" گەلاوێژ، ژ٧، س١، حوزەیرانی ١٩٤٠، ل ٥-٩.

باباتاهیر بەدیالێکتی لوڕییەو سەرجەم شـیعرەکانی لـە بابـەت تەسـەوفەوەیە و غەزەلیشـی هەیە، فەلسەفەی ئەو تێڕوانینی ئەون بۆ بوون و ژیان و وەکو خواناسێکی گەورە ناوبـانگی بەزۆر لادا بڵاوبۆتەوە، فارسەکان دەسکاری زۆری چوارینەکان یان دوو بەیتییەکانی ئەویان کردووە، بەڵام مۆرکە کوردییەکەی خۆی پاراستووە.

بەرلەوەی باسی شیعر بکەین دەبێ ئاماژە بۆ خاڵێکی گـرنگ بکـەین، ئـەویش ئەوەیـە، بەهۆی ئەوەی کورد قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆی نەبووە، کە بتوانێ زمانی یەکگرتووی نووسین و ئەدەبیاتی هەبێ، بۆیـە ئـەدەبی نووسـراو (بەتایبـەتی شـیعر)ی کۆنمـان بـەپێی حوکم و دەستەڵاتی میرنشـینەکان، کـە ئـەو سـەردەمە دیـالێکتی ئـەو ناوچـەیە باڵادەسـت بووە، زمانی شیعر، بەو دیالێکتە بووە ئەمەش وای کـردووە، شـیعری کۆنمـان بـەدیالێکتی لوڕی و گۆرانی و کرمانجی سەروو و خواروو بێت، هەریەکـەیان لـەو دیالێکتانـە سـەردەمێك بوونەتە زمانی شیعر و شاعیران شیعریان پێ نووسیوە.

عـەلی حـەریری و فـەقێ تـەیران و ئەحمـەدی خـانی و باتـەیی.. لەناوچـە جیاجیاکـانی کوردستاندا دەرکەوتن و شیعرەکانیان نموونەی گیانی خواپەرستی و غـەزەلن. سـەبارەت بـە ژیان و بەرهەمی ئەو شـاعیرانەش زانیارییـەکی تـەواو لەبەردەسـت دانییـە، (**عـەلی حـەریری**) ناسراو بووەو هاوچەرخی شاعیری گەورەی فارس (فیردەوسی) بووە، بۆیە لـە شـاهنامەکەیدا ناوی بردووە:

**مردی دیدەام در جزیر** **شیر دیدەام در حریر**[1]

فەقێ تـەیران، یەکێکـە لەشـاعیرەکانی ترمـان، د. عیـزەدین مسـتەفا رەسـوول دەڵـێ: (دەتوانین تەواو لەو رایەوە نزیك بینەوە فـەقێی تـەیران لـە کۆتـایی سـەدەی شـانزەهەم و

---

شێخ محەمەدی خاڵ، بابا تاهیری هەمەدانی مەشهور بەعوریان، گ. کۆڕی زانیاری کورد، ب٥، ل ٣-٣١

عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چ٢، ل١٧٠.

د. محمد نوری عارف، باباتاهیری هەمەدانی، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ١٠٨، ل١٠٩ - ١٢٩.

د. محمد نوری سەبارەت بە کۆنترین دەقی شیعری کوردی رایەکی دیکەی هەیەو دەڵێ: (مەلا پەرێشان کۆنترین بەرهەمی نووسراوی ئەدەبی کوردییە، کە تا ئەمڕۆ پێمان گەیشتبێ، بڕوانە/ تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبێ کوردی، گ، کۆلیجی ئەدەبیات: زانستگەی بەغدا، ژ١٨، ل٧٢.

بۆ وێنە بڕوانە: د.کمال فوئاد، گ" نووسەری کورد، ژ١٢.

[1]- ڕێکێش ئامێدی، توری کوردیێ کەڤن و ئاڤڕییەك، گ. نووسەری کورد، ژ٤، خوولی سێهەم، ل١٧.

**سەرەتای حەڤدەهەمی میلاد دا ژیاوە)[١]، شیعرەکانی بـەنازناوی (مـیم و حـێ) یـان (مـیم و هێ) نووسیوە، شاعیر (لەچیرۆکی شێخی سەنعاندا بەشـارەزایەکی ڕێبازەکـانی فەلسـەفەی ئیسلام خۆی دەنوێنێت، بەڵام شێوەی زۆربەی ئەم هۆنراوانـەی سـادەیەو لـەو ریزەیـە کـە بەهۆنراوەی میللی ناودەبرێت)[٢].**

**ئینجا مەلای جەزیری وەکو شاعیرێکی بەتوانا (ریزی پێشەوەی لە ئەدەبی کوردیـدا بـۆ خۆی گرتووە)[٣] شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ محەمەد ناسراو بـە (مـەلای جـەزیری لـەکۆتایی سەدەی دەهەمی هیجریدا ژیاوە، واتە لەپاش ساڵی (٩٥٠هـ) عەرەبی[٤].**

**مەلای جەزیری لەژێر کاریگەری شیعری فارسی بە تایبەتی (حـافزی شـیرازی)دا بـووەو شیعرەکانی نموونەییێکی بەرزی شیعری غەزەل و خواپەرستین.**

**(ئەحمەدی خانی) وەکو شاعیرێکی نەتەوەیی توانی گیانێکی تازە بەناوەڕۆکی شـیعری کوردی ببەخشێ و داستانی (مەم و زین) بەهۆنراوە بنووسێتەوەو تێکەڵ بەرازی دڵی خۆی بکات، کە بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی و هاندانی شاعیرانە بۆ ئەوەی بە زمانی شیرینی کوردی بنووسن، بۆیە دەڵێ:**

**شەرحا غەمێ دل بکم فەسانە**
**زین و مـەمێ بکـم بەهـانە[٥]**

**خانی وەکو خۆی نووسـیویە لـە (١٠٦١)ی کۆچـی بەرامبـەر بـە (١٦٥٠)ی زایـینی لـەدایك بووە:**

**لەورا کو دەما ژ غەیبێ فـەك بـوو**
**تەئریخ هەزارو شەسـت و یەك بوو[٦]**

---

[١]- د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ، شیعری کوردی، ژیان و بەرهەمی شاعیرانی، بەشی یەکەم، ل١٨.
[٢]- کۆمەڵێ نووسەر، زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چ٨، ل٨٣.
[٣]- کاکەی فەللاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، چ٢، بەغدا، ١٩٨٠، ل٢٥٧.
[٤]- د.محمد نوری عارف، تێکستی ئەدەبی کوردی، بەشی دووەم، ل١٦٥.
[٥]- ئەحمەدی خانی، مەم و زین، ئامادەکردن و پەراوێز نووسینی" هەژار، ل٣٠.
[٦]- زمان و ئەدەبی کوردی، بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، چ٨، ل٨٠.

لەو شاعیرانەیشی، کە بە دیالێکتی گۆرانی شیعرییان نووسیوە، مەلا پەرێشان و خانای قوبادی و مەولەوی و بێسارانی و سەیدی هەورامی.. لەشاعیرە دیارەکانن.

مـەلا پەرێشـان، کـۆنترین شـاعیری کـوردە، کـە بەشـێوەی گـۆرانی شـیعری ئـایینی نووسیووەو ئەم شاعیرە ناوی محەمەدەو خەڵکی دینـەوەرە لـە ناوچـەی کرماشـان، وەکـو خـۆی نووسـیویە: لەسـاڵی ٨٠١ ی کۆچـی ١٣٩٨ – ١٣٩٩ی زایینیـدا ژیـاوە. نـاوەڕۆکی هۆنراوەکانی ئایینییەو شیعەمەزهەب بووە[١].

(خانای قوبادی)یش ئەو شـاعیرەیە، کـە بەسـەرکەوتوویی (خوسـرەو و شـیرین)ەکەی شاعری گەورەی فارس (نظامی گەنجەویی)[٢] وەرگێڕاوەتە سـەر زمـانی کـوردی، دەربـارەی بایەخی ئەم کارە ئەدەبییە.

**محمدی مەلا کەریم** دەڵێ: (ئەگەر بەچاوی هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبییەوە ئەم بابەتانە بخوێنینەوە بۆمان دەرئەکەوێ خانا چۆن هونەرمەندی بووەو کارەکەی لەجیهانی ئەدەبدا چ شـاکارێکەو مایـەی چـۆن شـانازێکە بـۆ ئـەدەبی کـورد)[٣] هـەروەها دەڵـێ:(هـەر لـەو بابەتانەی ئەتوانین وەك کەرەستەیەکی فۆلکلۆری کەڵکێکی باشیان لێ وەرگرین و خانـا لەم کتێبەدا جێی کردونەتەوە)[٤].

(مەولەوی) لەشاعیرە زۆر ناسراوەکانی دیالێکتی گۆرانە، مەولەوی (سەید عەبدولڕەحیم نازناوی (مەعدومی)یە،لەساڵی ١٢٢١ی کۆچی لەناوچـەی تـاوەگۆزی لەگونـدی (سەرشـاتە) لەدایك بووەو لە ١٣٠٠ کۆچیدا مـردووە.[٥] زۆربـەی شـیعرەکانی بـۆ شـێخەکانی نەقشـبەندی نووسیوەو خۆی بەموریدی ئەوان زانیوە، بێجگـە لـەوەش هەنـدێ شـیعری بـەپێزی لەسـەر سروشتی کوردستان نووسیوەو هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان لەوەدا یەکدەگرنـەوە، کـە سـیما

---

[١]- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. مارف خەزنەدار، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ل١٠٨.

[٢]- شاعیرێکی ناسراوی فارسییە، لەسالآنی ٥٣٤- ٥٤٠ ك لەدایك بووەو لە سالآنی ٥٩٩- ٦٠٢ مردووە، لەشاری (گەنجە) لەدایك بووەو دایکی ناوی (رئیسە) بووەو کورد بووە، بەرهەمەکانی: مخزن الاسرار، خسر و شیرین، لیلی و مجنون، هفت پیکر، اسکندرنامە، بڕوانە: کلیات خمسە حکیم (نظامي گنجەوی)، انتشارات امیر کبیر، تهران، تیرماه، ١٣٤٤، ص١.

[٣]- محمدی مەلا کەریم، شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی، بەغدا، ١٩٧٥، ل ٢٣.

[٤]- سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١.

[٥]- مەلا عبدالکریمی مدرس، دیوانی مەولەوی، ل(٨-١٠).

دیارەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەئەدەبی کوردیدا لەمەولەوییەوە دەست پێدەکات لە رووی روخسارەوە، کێشی شیعرەکانیشی لەسەر کێشی پەنجەیە، یان کێشی خۆماڵییە.

ئەمەش وەنەبێ هەر لەشیعری مەولەوی بەڵکو لە شاعیرانی دیالێکتی گۆرانیدا هەستی پێدەکرێ، کە رەنگە یەکێ لە هۆکارە گرنگەکانی ئەوەبێت، کە ناوچە جوگرافییەکەی وای کردووە لە کاریگەری عەرەب و ئایینی ئیسلام بەدووربوونەو زیاتر ئەو کێشانە لە (سرودهای گاثها)ی ئاڤێستای زەردەشتدا وەرگرتبێت، هەروەها کێشی خۆماڵی (١٠)دە کەرتی کێشی هۆنراوەی فۆلکلۆرییە، مەولەوی بەکاری هێناوە.

د. مارف خەزنەدار دەڵێ: (شیعری کوردی شێوەی گۆرانی شیعرێکی رەسەن و بەئەسڵ و بنیادە لەرووی روخسارەوە، بەتایبەتی کێشی خۆماڵی (سیلابی)و قافیەی مەسنەوییە. زۆربەی هەرە زۆری کێشی شیعری شێوی گۆرانی کێشی دەکەرتی یە)[1]

شیعری کلاسیکیی کوردیش بەشێوەی کرمانجی خواروو، لەسەردەمی میرنشینی بابان و لەسەر دەستی (نالی) و (سالم) و (کوردی) شیعریان گەیاندە ئاستێکی بەرزی هونەری ووردەکاری و رەوانبێژی. لەکات و سەردەمێکدا ئەوان شیعرییان بەو شێوازە نووسی، کە نووسینی کوردی بە زمانی کوردی نەدەنووسراو زیاتر زمانی فارسی زاڵ بوو، شاعیرەکانیش هەوڵیان دەدا بەزمانی فارسی بنووسن بۆ ئەوەی ناوبانگ و شۆرەت پەیدابکەن و زمانی کوردی رەواجی نەبوو و خوێندەواری نەبوو، بۆیە (نالی) غەمی گەورەی ئەوەبووە خەڵکەکە لە شیعرەکانی تێ نەگەیشتوون و ڕێزی زمانی کوردی ناگرن، دەڵێ: **عومرێکە بەمیزانی ئەدەب توحفە فرۆشم**

**زۆرم گوت و کەس تێ نەگەیی ئێستە خەمۆشم**[2]

**نالی** (خدری کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی میکایەلییە)، لەدێی (خاك و خۆڵ) لە ١٨٠٠ز لەدایك بووەو لە (١٨٧٣)ز لە ئەستەمبۆڵ کۆچی دوایی کردووە)[3] نالی بێجگە لە زمانی کوردی، زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی باش زانیوەو شیعری پێ نووسیوەو خۆی دەڵێ:

---

[1]- د. مارف خەزنەدار، لەبابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، ل٩٢.

[2]- د. مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل٧٧.

[3]- د. عبداللە حداد، (نالی) هەندێ زانیاری تازە، گ" کاروان، ژ ٨٠، ل٣١.

**فارس و کـــورد و عەرەب هەرســـێم بەدەفتەر گرتووە**

**(نالی) ئەمڕۆ حاکـمـی ســێ موڵکە دیـوانی هەیە**[1]

شـیعر لای (**نـالی**) سـەلیقەو وردەکـاری و سـەنعەت بـووە، شـیعرەکانی لەسـەر کێشـی عەرووزی عەرەبییە و قاڵبەکانی غـەزەل و قەسـیدەو موسـتەزاد لـەناو شـیعرەکانیدا بـەدی دەکرێ. زمانی شیعرەکانی زمانێکی تێکەڵ لەزاراوەی فارسی و عەرەبییە، هاوکـات لەگـەڵ (نـالی)دا، سـالم (عەبـدولڕەحمان بـەگی سـاحێبقران) وەکـو شـاعیرێکی نیشـتمانپەروەری بەتوانا لەو سەردەمەدا ژیاوەو شـیعرەکانی ئاوێنەیـەکی بـێ گـەردی سـەردەمی میرنشـینی بابـان و رووخاندنیـەتی و هەسـتی نەتـەوەیی لـە شـیعرەکانی دا ئاشـکرایە، تێگەیشـتنی شیعرەکانی سالم ئاسان نین، لە شیعرەکانیدا سـەبکی هینـدی پێڕەو کـردووەو زۆر شـوێن گەڕاوەو لە زمانی فارسی و زاراوەی ئەدەبی کلاسیکی رۆژهەڵات دا شـارەزابووە، سـالم لـە ساڵی ۱۸۰۰ز لە سلێمانی لەدایك بووەو هەر لەوێش لە ۱۸٦٦ز مردووە[2].

حاجی قادری کۆیی، شاعیرێکی نیشـتمانپەروەری کـوردە، لـە سـاڵی ۱۸۱۷ ز لـە گونـدی (گۆڕقــەرەج) لــەدایك بــووە[3].ســەرەتا لــە کۆیــەو پاشــان لــە ئەســتەمبوڵ لای خێزانــی بەدرخانییــەکان گیرســاوەتەوەو شـیعرەکانی نەتەوەییـەکانی بەهـەموو لایـەکی کوردسـتاندا بڵاوبۆتەوە.

لە غەزەل و وەسفی سروشتیدا دەستێکی بـاڵای هەیە.لـە شـیعرەکانیدا هـانی میللـەتی کوردی داوە بۆ عیلم و خوێندەواری و بەتاقە رێگەی نەجات بوونی داناوە.

شێخ رەزای تاڵەبانی لـە سـاڵی ۱۸۳٥ز لـە گونـدی (**قـرخ**)ی سـەر بـە کـەرکووك لـەدایك بـــووەو بەهـــۆی شـیعـــرە هەجووەکـانییەوە زۆر ناسراوەو شاعیری تری لەو بابەتـە و بـەو توانایەمان نییەو کەلێنێکی گەورە لەم مەبەستەی شـیعری پڕکردۆتـەوە. شـاعیری شـیعرە

هەواڵنامەی کتێب

---

[1]- د. مارف خەزنەدار، دیوانی نالی و فەرهەنگی نالی، ل١١٥.

[2]- حەمە سەعید حەمە کەریم، دیداری شیعری کلاسیکی کوردی، ل٢٢، لێرەدا حەسیب قەرەداغی (١٨٦٨)ز داناوە، هەروەها رەفیق حیلمی دەڵێ: ١٢٢٠ هـ لەدایك بووەو لە ١٢٨٦ هـ مردووە، بڕوانە: رەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، ل٥٤.

[3]- سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا دەڵێن: (١٨١٥ - ١٨١٦)ز بووەو لە ١٨٩٧ز، مردووە، بڕوانە، سەردار حمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی، بەغدا ١٩٨٦، ل١٠-١٧.

فارسـی و تورکییەکانیشـی لـە ئاسـتێکی هونـەری بـەرزدان و نیشـانەی دەسـتەڵاتی ئـەون لەزانینی ئەو دوو زمانەدا. دووجار سەردانی ئەستەمبوولی کردووەو زۆر شـوێنی کوردسـتان گەڕاوە، دواجار لە ١٩١٠ ز کۆچی دوایی کردووە[١].

شاعیرانی وەکو حەمـدی و بێخـود و کـەمالی و ویصـالی لـە سـەرەتای ئـەم سـەدەیەدا تاوەکو ناوەڕاستی ئەم سەدەیەش لاسایی ئەو شاعیرانەی سەرەتایان دەکردەوە.

دەتوانین خاسـیەتی شـیعریی شـاعیرانی کـۆن لـەم خاڵانـەدا کۆبکەینـەوە: هـەموویان. بێجگە لەو شاعیرانەی بەدیالێکتی گۆرانی شیعریان نووسیوە) هونەرەکانی شیعری عەرەبی و فارسـییان بـەکارهێناوە، لەکێشـی عـەروزی عـەرەبی و هونـەرەکانی شـیعریی وەکـو موستەزادو مولەممەع و پێنج خشتەکی و چوارین و تێهـەڵکێش و تـەرجیع بەنـد. هـەروا لـە هەڵبژاردنی مەبەستەکانی شیعردا، وەسف و سـتایش و پیاهەڵـدان و داشـۆرین و غـەزەل و نیشتمانپەروەری و کۆمەلأیەتی و ئایینی پێڕەوی شیعری میللـەتانی ڕۆژهـەلأتیان کـردووەو لـە هەڵبـژاردنی دەسـتەواژەو زاراوەی ئـەدەبی کلاسـیکی میللـەتانی ڕۆژهـەلأت درێغیـان نەکردووە، وێڕای پێڕەوی شێوازەکانی (خوراسانی، عیراقی، هیندی..)[٢]

(باسێکی دیار لە شیعری کلاسیکی کوردیدا– کە ڕەنگـە تـا ڕادەیـەك لـە زۆر بەرهـەمی تری ڕۆژهەڵاتی جیابکاتەوە، ئەوە باسی وڵات و نیشتمانپەروەرییە، کە زۆر زوو لە شـیعری کوردیدا سەری هەڵداوە.[٣]

---

١- دکتۆر محمد نوری عارف، تێکستی ئەدەبی کوردی، لا١٢٥، سەبارەت بە ژیان و مردنی شێخ ڕەزا، عەلی تالەبانی دەڵێ: لە ١٢٥٣ ك لەدایك بووەو لە ١٣٢٧ ك مردووە، بڕوانە: علی تالەبانی، دیوانی شێخ ڕەزای تالەبانی، بەغدا، ل٣-٥.

٢- ئەم شێوازانە تایبەتن بەشیعر (سبك)یان پێ دەوترێ، ئەگینا لە پەخشانیشدا شێوازی تر هەیە، بڕوانە: **محمد** تقی بهار (ملك الشعرا)، سبك شناسی یا تأریخ تطور نثر فارسی، جلد ٢ چاپ سوم، تهران، اذرماه ١٣٤٩.

٣- د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، شیعری تازەی کوردی، گ. ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٥، ل١٩٤.

## تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا

دوابــەدوای جــەنگی یەکــەمی جیهــانیی، ســەرەتاو خــاڵی وەرچــەرخان بــەرەو قـۆنـگـ٢اغێکـی نـوێ لـە شـیعری کوردیـدا دەسـتییپێکرد، ئەمـەش لـە رێگـەی کاریگـەری خوێندنەوەی ئەدەبیاتی تازەی تورکەوە، کە ئەوانیش لـەو رۆژگـارەدا بـە هـۆی کاریگـەری رێبازە ئەدەبییەکانی رۆژئاوا لە هـەوڵی نـوێ بوونـەوەو تازەکردنـەوەدا بـوون. بـارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی کوردستانیش کەوتبووە قۆناغێکی نوێوەو تەنانـەت د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ دەڵێ:

(تازەکردنــەوەی شــیعری کــوردی دەبەســتێن بەبزووتنــەوەی ئازادیخوازانــەی نەتــەوەیی کوردەوە..)[1] پاشان دەڵێ: (یەکەم گۆڕینی کێش و قافیەی شیعری کوردی، بەرەو شـتێکی تازەی سەر بەجیهانی شیعری جیهانی لە سروودی کوردی دا بوو)[2]

لێرەدا د.عیـزەدین بـاس لـە(زێوەر)دەکات، کـە ئـەو سـروودانەی لەسـەر ئـاوازی سـروودو گۆرانی تورکی هۆنیوەتەوە، بەمەش ساڵی تازەکردنـەوەی شـیعری کـوردی بـۆ ناوەڕاسـتی بیستەکان دەگەڕێنێتەوە، بەڵام رۆڵی شێخ نوری لەم بـوارەدا نـاکرێ چاوپۆشـی لێبکرێت، وەکو رەفیق حیلمی دەڵێ:(تا ماوەیێك زەعیمی ئەو ئینقلابە بووە..)[3]

ئەگەر بە وردی بۆ سەرەتای ئەو تازەکردنەوەیە بچین، ئـەوا (پیرەمێرد) و (عبدالرحمن بەگی نفووس) و(شێخ نووری شێخ سالح) و (گۆران)و (رەشید نـەجیب) و (عبدالواحد نـوری) بەڕابەرانی ئەو بزووتنەوەیە دەژمێردرێن و هەمووشیان بەئاشکرا کاریگەری ئەدەبی تورکییـان بەسەرەوەبوو.

(گۆران) دەڵێ: (نووسەر و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نووری و رەشید نجیب و من، کە پێکەوە بەئەدەبی تورکی متأسر بووین و پێکەوە ئەمان نووسی، بەڵام تـەنها شـێخ نـوری شـعرەکانی بلاوئـەکردەوەو مـن بـلاوی نەئـەکردەوەو ئـەو لـەم بارەیـەوە نشـاگی دەرئەکەوت و ئەدەبی تورکی قوتابخانەی شعری تازەی تیا پەیدا ببـوو، کـە پێیـان ئـەوترا (ادبای فجری ئاتی) لەوان (توفیق فیکرەت)و (جلال ساهر) بوون.. وە ئەدیبێکی تری تورك

---

[1] د. عیزەدین مستەفا رەسول، شیعری تازەی کوردی، گ. رۆشنبیری نوێ، ژ ١٠٥، ل١٩٥.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٥.

[3] رەفیق حیلمی، ئینقیلاب لەشیعری کوردی دا، گ. پێشکەوتن، ژ١، س١، ١٩٥٨.

كە (عبدالحق حامد)ە ئەگەرچی لەم كۆمەڵە نـەبوو، بـەڵام دیسـان هـەر پێـی متأسـربووین، هەمووومان بەیەكەوە ئەمان روانییە یەك كلاورۆژنە، بەڵام ئـەتوانرێ بـە شـێخ نـوری بـوترێ سەرۆك بەهۆی:

١– زۆری بەرهەمی.

٢– بلاوكردنەوەی بەرهەمەكـەی كـە بـێ گومـان تەئسـیری ئەبەخشـییە سـەر ئەدەبی كوردی). سەبارەت بە سیماكانی ئەو تازەكردنەوەیەش دەڵێ:

(تازەكردنەوە كە چی بوو؟

١– یەكیەت بابەت (وەحدەی موچوع)یان هێنایە كایەوە.

٢– تەرتیبی قافیەكان گۆڕران.

٣– ئەگەر شعر هەر لەسەر عەرووزی عـەرەب هۆنراوەتـەوە لـەم سـەردەمەدا، بەڵام مجزوئەكانی بحری عەروزیان وەرئەگرت.

لێرەدا لـە ئاسـت خـاڵێكی گـرنگ دەوەسـتین، ئـەویش ئەوەیـە بـەپێی قسـەكانی (گـۆران) خۆیشی لەرووی مێژووییەوە بێگومان (شێخ نوری شێخ ساڵح) رچەشكێنی شیعری كۆن بوو یان وەكو(كامەران موكری) شاعیر واتەنی (مامۆستا ماوەی گوێزانەوەیە (فترە الانتقـال) لـە هۆنراوەی كوردیدا).

## هۆكارەكانی تازەكردنەوەی شیعری كوردی:

ئەم تازەكردنەوەیەش هەروا بەخۆڕایی یان بـە ئـارەزوو نـەبوو، بـەڵكو چـەند هۆكارێـك یارمەتیدەرو رێگەخۆشكەری ئەو تازەبوونەوەیە بوون، لەوانە:

بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی كورد لەو رۆژگارەدا، پێویستی بە ژیـانێكی نـوێ و سەربەستی و گۆڕان لە چەمكی شیعرییشدا هەبوو وەكو بەشداری كردنێك لـەو پرۆسـەیەدا، شـۆڕش و راپەڕینـەكانی كـورد و ئـەو گۆڕانكارییانـەی لـە بـاری سیاسـی و رۆشـنبیری و كۆمەلایەتی و ئابوورییانەی بەسەر نەخشەی رۆژهـەلاتی ناوەڕاسـتی دوای هەڵوەشـانەوەی دەوڵەتی عوسمانیدا هات و پەیماننامەی سیڤەری لێكەوتەوەو هۆشیاری نەتەوەیی وهەوڵدان بـۆ دامەزرانـدنی قەوارەیـەكی سـەربەخۆی سیاسـیی لـە چوارچێوەی دەوڵەتێكـدا بابەتـە گەرماوگەرمەكانی ئەوێ رۆژێ لە ناوەڕۆكی شیعری كوردیشدا رەنگی دایەوە.

لـە بـاری ڕۆشـنبیرییەوە بڵاوبوونـەوەی چـاپخانەو چـالاکی ڕۆژنامـەوانی کـوردی و دامەزراندنی هەنـدێ و قوتابخانـەو کۆمـەڵی ڕۆشـنبیر و پـەروەردەیی هۆکـارێکی تـری ئـەو وریابوونەوەو سەرهەڵدانی بیری تازەو ڕەوتی تازەی ئەدەبی بوون بـە تایبـەتی لـە ڕێگـەی نمایشی شانۆیی و کردنەوەی خولی فێربـوونی خوێنـدن بـۆ هـەموان، وەکـو چـالاکییەکانی جەمعیەتی زانستی کوردان لە سلێمانی (١٩٢٦). هەروەها گەڕانەوەی هەندێ شاعیری کورد لە تورکیای عوسمانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە سەرووی هەموانەوە حاجی تۆفیـق بـەگ (پیرەمێـرد)، لەگـەڵ گەڕانەوەیـدا هـەوڵی دەدا بـە کاریگـەری بـیری نەتـەوەیی و بـە لاسایکردنەوەی شاعیرە تورکەکان وەکو عومەر سەیفەدین کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردیی و فەرهەنگی زمانی لادێیەکان زیندوو بکاتەوەو لە شیعرەکانیدا بەکاری بێنێ. بۆیە پیرەمێـرد بە سەردەستەی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لە ڕووی زمانێکی سادەو ڕەوانـی کـوردی و بەکارهێنانی کێشی بڕگە بە کاریگەری شاعیرانی زاری گۆران دەژمێردرێت.

ئەوەش دیارە سەرەتاکەی لەلای کەسانی خـاوەن ڕۆشـنبیرییەکی بـەرز دێتەکایـەوە، شـێخ نـوری تـوانی یـاخی بـوونی خـۆی ڕابگەیـەنێ و بەرهەمـەکانی بەقەناعەتـەوە بـوێرێ بڵاوبکاتـەوە. (ئەگـەر خوێنـەر بـە وردی شـوێن پێـی شـیعر و نووسـینەکانی شـێخ نـووری هـەڵگرێ، ئـەوەی بـۆ ڕوون دەبێتـەوە، کـە لەگـەڵ (نوێبوونەوەکـە) سـەرپێی و ڕاگوزارانـە نـەبووە، بـەڵکو بـەدڵ و بـەگیان و لـەقووڵایی نـاخییەوە لەگـەڵی هەڵتـەکاوەو چـووەتە نـاو ئەزموونی تازەی شیعری کوردییەوە، یەکەم جار کـە ویسـتی بەشـیعری تـازەی تـەعبیر لـە ژیان و ڕوانینی تازە بکات..)[١].

ئەم دەست نیشانکردنە مێژووییە بۆ سـەرەتای تازەکردنـەوەی شـیعری کـوردی، ئـەوە ناگەیەنێ، کە کەسی تر بەشـداری نـەکردووە یـان ڕادەی داهێنـانی شـاکاری شـیعری فـلان لەفلان باشترە، نەخێر، هەر شاعیرەو بەپێی بەرهەمەکانی پایەی خۆی دەستنیشان دەکات و بەرهەمـەکانی گـەواهی بـۆ ئاسـتی شـیعری ئـەو دەدەن، بـەڵام لـە نووسـینەوەی مێـژووی تازەکردنەوەی شیعری کوردیشـدا نـابێ ئـەو ڕاسـتییە پشـتگوێ بخرێت، کـە سـەرەتا کـێ دەستی پێ کردووەو ڕچەکەی شکاندووە، شێخ نـووری هەسـتی بـەوە کـردووە، کـە دەبـێ ئـەدەبی کـوردی و شـیعری کـوردییش خاسـیەتی خـۆی هـەبێ و نـابێ هـەر چـاوی لـە

[١]- ئازاد عبدالواحد، دیوانی شێخ نوری شێخ سالح، ب١، بەشی یەکەم، ل١٥٧.

لاساییکردنەوەی عەرووزی عەرەبی بێت، بۆیە دەڵێ: (مەعلوومی عالیتانە زیانێکیش، کە مەوجوودیەتی خۆی ئیسپات بکا لازمە بەڵکو واجبە ئەدەبیاتی ببێ، لە نووسیندا ریعایەت بکرێ، چونکە تەرزی تەکللوم و شێوەی تەحریریەی هەموو قەوم و میللەتێ جیاوازە. ریعایەت کردنی ئەم نوقتەیەش بە و جودی عیلم و ئەدەبیاتەوە مومکینە کە ئەم جیهەتەش مەعەل ئەسەف مەفقوودە.)[١]

(گۆران) زیاتر لەناو هاوەڵەکانی دەرکەوت و بووە لوتکەیەکی بڵند لە پرۆسەی تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا، کەئەمەش بێگومان چەند هۆکارێك یارمەتیدەری بوون، وەکو زانینی زمانانی تری غەیری کوردی بەتایبەتی ئاشنایەیی لەگەڵ ئەدەبی ئینگلیزی و تورکی و عەرەبی و فارسی[٢] و شارەزایی لەئەدەبیاتی کۆن و تازەی رۆژهەلأت و ئەزموونی شیعری یان و بەردەوام بوون لە گەشت و گوزارو باری ناگزووری خێزانی و لەسەرووی هەمووشیانەوە تێکەلأو بوونی بە سیاسەت و لەبەر گرتنی رێبازی ریالیزم.

(**گۆران**) خۆی ئەمەی روون کردۆتەوە: (پاش ئەم ماوەیە کە سەرمەستی ئەدەبی تورکی و فارسی بووین، بەرە بەرە ئەدەبی تازەی عەرەب و ئەدەبی ئینگلیزی هاتنە کایەوەو بلأو بوونەوە، وە هەروەها (تیار)ی سیاسی و کۆمەلأیەتی کەوتە ناومانەوە وە من بەتەئسیری ئەم دوو ئەدەبە کەوتمە هەوای واقیعیەتەوە.)[٣].

بۆ زیاتر روونکردنەوەی سیماو خەسڵەتەکانی شیعری کوردی و جیاوازی لەگەڵ قۆناغی پێش خۆی (گۆران)بەم شێوەیە بیروڕای خۆی دەربڕیوە:

---

[١]- م. نوری، ئەدەبیاتی کوردی، رۆژنامەی ژیان، ژ٢٠، س١، (١٠)ی حوزەیرانی ١٩٢٦.

[٢]: بۆ زیاتر شارەزایی لەو کاریگەرییە بڕوانە: نەورۆز فاروق ئەحمەد، گۆران و کاریگەریی ئەدەبیاتی بێگانە(نامەی ماستەر)، کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٧.

[٣]: عبدالرزاق بیمار، دانیشتنێك لەگەڵ - گۆران — دا، گ" بەیان، ژ٢، ل٣٠.

## کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا[1]

هاورێییەکی (هەڵبەست دۆست) جیاوازیی ناوەندی هەڵبەستی کـۆنو تـازەی لێ پرسـیم، ئـەوەی تـوانیم بـەدەم وتم، بـەڵام ئـەو ئەوەنـدەی پـێ بـەس نـەبوو، وەلێـی خواسـتم لـەم بابەتەوە شتێك بنووسم، بەوەشەوە نەوەستا ئەم خواستەی چەند جارێك دووبارە کردەوە.

جیاوازیی لە ناوەندی هەڵبەستی کۆن و تازەدا چییە؟ ئەمـە پرسـیارێکە لـە هـەنگاوی یەکەمی سرنجا وەڵامەکەی زۆر ساکار دێتە بەر چاو. بەڵام پیاو هەتا وردتر لێ وردەبێتەوە گیروگرفت لە رێی سرنج دانیا زۆرتر سەر هەڵ ئەدا.

ئـەمجا لەگـەڵ هـەموو دیشـوارییەك، لـەماوەی رەتـی ئـەو شـوێنەدا کـە لـە لاپـەرەی گۆڤاریکی وەك (هیوا)دا چنگم دەکەوێ، وەڵامی پرسیاری هاورێی خوشەویست دەخەمـەوە بەر چاوی گشتی، نەك لە بەر پەرموونەوە بە توانستی خۆما، بەڵکو بەو نیازە کە ئەم چەند دێرە وەك سەرەتایەکی کردنەوەی باس بخەمـە بـەر چـاوی رۆشـنبیرەکانمان بـۆ لێـدوان و لێکۆڵینەوەو، بۆ دۆزینەوەی وەڵامی وردترو نـزیکتر لـە راسـت: چـونکە ئاشـکرایە کـە ئـەم جۆرە پەیجورییانە لە ویژەی کوردیدا شتێکە نەك هەر بەر کەڵك، بەڵکو زوریش پێویستە.

لە پێش هەموو شتێکا ئەبێ وەکو سەرەتا (مبدء) ێك، ئەو راستییە بخەینە بەر چاو، کە لـە جیـا کردنـەوەی هەڵبەسـتی کـۆن و تـازەدا، هـەتا قەڵـەمی درشـت بگـرین بەدەسـتەوە نیشانەکردن و دیاریکردنی سنوور ئاسانتر دەبێ، بەڵام کە چـوینە نـاو باسـی وردەکارییـەوە شتەکان وا بە سەر یەکا ئاڵۆزکێن و تێکەڵ دەبـن، کـە سـەر دەرکـردن لـە بریـارێکی دڵنیـایی بـەخش لـە وزە ئەچـێتە دەرەوە. بـەڵام دروسـتە بـۆ ئاسـانکردن، تـەنیا بـۆ سـەردەمی درێژەکێشانی باسو بەراوەردەکەمان، چاو بپۆشین لەو نموونە دەگمەنانەو، لەتایبەتییـەکانی سەردەمو زرووفی دەستەی کۆن و تازە، جگە لەوەش، چاو بپۆشین لە جیاوازیی موسـتەوای بەرهـەمی تێکڕایـی و تاکـە و تـاکی هەردوولایشـیان، بـۆ ئـەوەی بتـوانین بچـینە بـەراورد و سرنجدانێکی واوە، کە سەرمان بۆ لێ دەربکرێ.

بەر لە گشت، با لەوێنە (شکل)ەوە دەست پێ بکەین، نەك لەبەر گرنگیـی وێنـە، بـەڵکو لە بەر ئاسان بوونی بەراورد لەم مەیدانەی بابەتە درشتەکانی هەڵبەستا:

---

[1] بۆ ئەم وتارەی گۆران بڕوانە:گۆران، کۆنی و تازەیی لە هەڵبەستا، گ" هیوا، ژ٣١، ساڵی ٤، کانوونی دووەمی ١٩٦١، ل٥-١٢.

هەواڵنامەی کتێب

١. هەڵبەستی تازەی کوردی، بەزۆری، چووەتەوە سـەر کـیش (وزن)ە نەتەوەییەکـەی حونجە– پەنجە (هجا– مقطع)، لـە کاتێکا کێشـی هەڵبەسـتی کـۆن (عـروض) بـوو، کـە ئێستایش هێشتا لایەنگیری لە بوێژگەیەکی کۆنن. جگە لەوە بوێـژی بـەناوبانگ مەولـەوی و بوێژەکانی تری شێوەی گۆرانی ﴿هـەورامی﴾ یـش، بەعـەروزنا، بـە کێشـێکی دە حونجـە (هجا) یی هەڵبەستیان داناوە.

٢. قاڵبی هەڵبەستی کۆن قەسیدە، غەزەل، پێنج خشتەکی، چوار خشتەکی، تەرکیب بەند، تەرجیع بەند... بوو. لە کاتێکا قـاڵبی هەڵبەسـتی تـازە ئەگـەر لیریـك (غنـائی) بـێ، پارچەیەکی کورت یان درێژ دەبێ، کە پیك هاتووە لە ژمارەیەك بەنـدی دوو دێـڕی، یـان ٣، ٤، ٥، ٦، تاد...کە قافیەی ئەم بەندانەش، بەمەرجێك لە دوو دێڕی کـەمتر نـەبێ، بـە گـەڵێ جۆری جیاواز پێکەوە دەبەسترێن. لە هەڵبەستی تازەدا وێنەی قاڵبی دراماتیکی هەیـە کـە لە هی کۆنا نییە. بەڵام قاڵبی داسـتان (ملحمـە) و هەڵبەسـتی چـیرۆکی لـە کـوردیی کـۆن و تازەدا– تێکڕا– وەکو یەکن.

٣. هەڵبەستی کۆن دوایی هەموو بەیتەکانی بە درێژیی کشانی قەسیدە یان غەزەل لە سەر یەك قافیە دەڕوا، بەڵام یـەك قافیـە لـە هەڵبەسـتی تـازەدا دێڕەکـان زۆرتـر– دوو دوو دەبەستێ پێکەوە، لای ئەوپەڕی لە قافیە بەندی دێڕەکان یەك بەند زیاتر تێناپەڕێ.

٤. لە هەڵبەستی کۆنا نرخی وێنە لە پێش نرخی ناوەڕۆك ﴿محتوی﴾ دا دی. لە بـەر ئەوە نیشانەی وشەبازی لە هەڵبەستی کۆنا زەق دەکەوێتـە بەرچـاو (جنـاس، لـف و نشـر، تاد...) بـەڵام لـە هەڵبەسـتی تـازەدا، بـە تایبـەتی لـە هـی قوتابخانـەی ریـالیزمی تـازەدا، وشەبازی‌و زەرکەشی کردنی ئوسلووب باوی نەماوە، و لەباتی ئەوە لەنگەری بایـەخ پێـدان خراوەتە سەر ناوەڕۆك.

٥. بایەخدان بە ڕازاندنـەوەی وێنـە، لەگـەڵ ئـەو مـاوە تەسـکییەی یەکیـەتیی قافیـە دروسـتی دەکـا، هەڵبەسـتی کـۆنی ناچـارکردووە یەکیـەتیی بابـەت (وحـدە الموچـوع) بترنجێنێتە ماوەی بەیت. لە غـەزەل یـان قەسـیدەیەکا بـەیت لـە واتـا (معنـی) دا ئەوەنـدە سەربەخویە، کە پیاو دەتوانێ بەیتـەکان بـە هەوەسـی خـۆی پـاش و پـێش بخـات بـە بـێ ئەوەی هەست بە جیاوازییەك بکرێ. لە هەڵبەستی تازەدا یەکیەتیی بابەت دابەشـکراوە بـە سەر هەموو پارچە هەڵبەستەکەدا. لە بەر ئەوە لە پارچەیەك هەڵبەستی تازەدا، نەك هەر لە

بەر جیاوازیی قافیە، لەبەر تێکنەچوونی ریز پێـوەگرتنی بابـەتیش، زۆر گرانـە تاقـە دێڕێـك چییە، لە شوێنی خۆی بگوێزرێتەوە.

لـە وێنـەی ویـژەیی دا ئەمانـەبوون — بـە قەڵـەمی درشـت — جیاوازییـەکانی ناوەنـدی هەڵبەستی کۆن و تازە. ئەمجا با چاوێك بگرین بە ناوەرۆکا:

ئاشکرایە ناوەڕۆکی هەڵبەستێك لەم گەوهەرانە پێك دێت: بیر، ئەندێشە (خیال)، هەست (عاطفة). هەرچی هەڵبەسـتی هـەرە تـازە (ریـالیزم)، پایـەی یەکـەم بـە بـیر دەدات. ئەمـە سەرەڕای ئەو جیاوازییانەی لە ناوەندی چەنیەتی و چۆنیەتیی ئەم سێ گەوهەر (عنصر)،دا هەیە لەهەردوو جۆری هەڵبەستا:

**بیـــر:** بیری هەڵبەستی کۆن شەقڵی تایبەتیی رژێمی دەرەبەگیی پێوەی. لەسەرێکەوە ئایدیالی (مثالی) یە بەرامبەر بە ریالیستی بیری هەڵبەستی تازە، لەسەرێکتریشـەوە زۆربـەی ئەم (کۆن)، خۆیی (ذاتی)یە، لـە کاتێکـا زۆربـەی بـیری هەڵبەسـتی تـازە لـەدنیای بابـەتی موضوعی) وەردەگیرێت ئەگەرچی لە دەربڕینا رەنگی بۆتەی هونەریی بویژ دەگرێ.

بـەها هونەرییـەکانی سـەردەمی دەرەبـەگی سـەر دەفتـەریان پاڵـەوان پەرسـتی بـوو. پاڵەوانی بابەتی هەڵبەست سێ کۆچکەی یار و میر و پیر بوو. سەرچاوەی بیرێك، کـە وتـەو واتای پیاهەڵدانی میری پێ دەڕازایەوە ئەفسانە بوو. میر لەشی هەرە ساغی چـوار پـەلێکی ئیفلیجیش بوایە، هەمیشە، بەزۆری بازوو رۆستەمی داستان، بەسێبەری دەرگـا سـولەیمانی زەمـان، بەسـامو شـکۆ ئەسـکەندەری صـاحیب قـران بـوو. جادووکـاری و تەلیسـمەکانی ئەفسوونیش سەرچاوەی زانیاری بوون بو هەڵبەستی  ستایشی بیر. نوێنەری جوانییـەکانی سروشت و ژوور سروشت هەموو کە لای بوێژە دڵدارەکان یار بوو، ئەمیش زۆر جار پڕیشکی ئەفسوونو ئەفسانەی لی دەپژا، دەبوو بە سەرکردەی لەشکریك کە برِوکـانی دوو شمشـیری تیژ و بژرانگەکانی ریزە تیری ناو تیردان و پرچی کەمەنـدی لەشـکری دلأن بـێ. لـە سـەری ئەفسـوونی پیریشـەوە، چـاڵی چـەناگەی بـیری زەمـزەم، خـالی روومـەتی زەنگـی پەچـەو، سێبەری زولْفی کافرستان و خەتی تازەی رووی ئایەتی قورئان بوو بوێژی تازە ئەو جووتـە پاڵەوانەی دەمیکە ناشتووە کە میرو پیران پی دەڵێن. یاریشی رزگار کردووە لـەو دەربـڕین (تعبیر)ە بێزراوە، کە باڵای شۆخەکەی کردبوو بـە سـنگی دیوەخـان، هەرچـی چـەکە ئاغا هەیە هەمووی پیا هەڵواسیوو.

له هەڵبەستی کۆنا ئەوەی له پاڵەوان بـەجێهێنانی دەخـوازرا هـەموو ئـاوات‌و ئـارەزووە خۆییەکانی بوێژ بـوو، بەرژەوەندییـەکانی خـۆی بـوو. ئێسـتا ئـارەزوو و ئاواتـەکانی گـەل، داخوازی و پێویستییەکانی کۆمەڵ له پاڵەوانی هەڵبەست داوا دەکرێ.پاڵـەوانی هەڵبەسـتی تازەش: تێکۆشەرە. تەنانەت یاریش به جوانییـە دڵ چەسـپ‌و سروشـتییەکەی ئێسـتایەوە هاوبەشی خەباتی پاڵەوانە، ئەگەر، راستەوخۆ، خۆی نەبێ، پاڵەوان!

**هەست:** وەکو له سەرەوە گەیانمان، واز له بەرهەمی بوێژە بەرزە دەگمەنەکانمان بهێنین به جۆرێکی جوێ کراوەیی، و تەنیا له نموونه بدوێن، که لـە تێکـڕای بەرهەمـەکانی وێـژەی کۆن، بەخەیاڵ، لەسەر یەکتری گەلەکەمان کردووە. دەبینین راستە ئەم بەرهەمە ژاوەی دێ له جۆشی هەستا. بەڵام رەخنەگرەکانی وێژە ناونیشانی هەستی وێـژەیی بـەم جـۆرە هـەڵ ئەدەن: هەستی وێژەیی نابێ کەسی (شخصی) بێت‌و، تەنیا بـە شـوێن بەرژەوەنـدیی بوێـژ خۆیا بسووڕێتەوە. دوایی نابێ هەستەکانی خەم‌و خەفەت به جۆرێك بن ژیان له بەر چـاوی مرۆڤ بکەن به دوزەخی ئازارو بێ هیوایی. هەروەها هەستکردن به جوانی دەبێ له سنووری تەسکی جوانییەکانی ئافرەت و سروشتا رانەگیرێ، و پەرەی پێ بدرێ تـا ئەوپـەڕی رادەی هەستکردن به جوانیی بەرهەمێکی هونەری، یان رەوشتێکی جوان، یان بیرێکـی بـەرز، یـان خوێکی شیرین، یان فرمانێکی بەکەڵك به وێنەی— له پێش هـەموو شـتێکا — کردەوەیـەکی شۆڕشی خۆبەختکەرانەی تێکۆشەر.

جگە له مانەش ڕەخنەوانەکان شتێکی تریش دەکەن بـە مـەرج بـۆ بـەهای ئیسـتەتیکی (القيمة الجمالية) ی هەست بـە گشـتی لـە هونـەرە جوانـەکاناو بـە تایبـەتی لـە هەڵبەسـتا: هاوهەستی کردن لەگەڵ ژیان ! واتا، به هەست لەگەڵ ئەو شتانە نەبین، که ژیان لەبەرچاو ئەخەن، بەڵکو چێژ لەو شتانە وەرگرین، کـە پترمـان دەنووسـێنن بـە خۆشـی و شـیرینیی ژیانەوە. ئەم پێوانەیە له بازاڕی هەستا، رەنگـە بەشـێکی هەڵبەسـتی تـازەش نەگرێتـەوە، بەڵام هەڵبەستی کـۆن بـە زۆربەییـەکی نزیـك لەسـەر جـەم هەسـتی پێچـەوانەی دەربڕینـە بەرامبەر بەژیان. لەراستییشا ئەو شتەی پێی دەڵێن ﴿گیـانی سـەردەم﴾، مـاوەی نـەداون بتوانن به جۆرێکی تر تەماشای ژیان‌و دنیا بکەن.

**ئەندێشە:** هەڵبەستی کـۆن بـاڵی ئەندێشـە (خیـال) ی زۆر تیـژ بـووە. بـەڵام ئەندێشـە کاتێك نرخێکی هونەریی دەبـێ کـە نیگارکێشـی هەسـتە پەسـەندەکانی لای سـەرەوە بـێ.

ئەندێشەیەك پاڵەوانەکانی ئەسکەندەر نامەو دیوەکانی کێوی مازیندەران بهێنێتە دی تـەنیا دەتوانیٚ هاو تەمەن و هاو مێشکی منـاڵ ژیرکاتـەوە، و هـەرگیز نـاتوانیٚ تێنـوێتیی خـاوەن چێژێکی ویژەیی بشکێنیٚ. ئەم جۆرە ئەندێشانە لە ریزی کەڵکەلەو ئەوهام دا دەژمێرڕێن.

لە جۆرەکانی ئەندێشەدا ئەوەی هەڵبەستی کـۆن دەوڵەمەنـدە تیایـا، ئـەو جۆرەیـە کـە پێی دەڵێن ئەندێشەی لێ دانـەوە (تفسـیری)، وەك لێ چـواندنی چـاو بـە نێـرگس، بـەژن بـە سەروی رەوان، روومەت بە پەڕەی گوڵ.. لە کاتێکا هەڵبەستی تـازە بایـەخ بـە ئەندێشـەی داهێنەرانە، کە ئەم جۆرە ئەندێشەیە بەرهەمی سـرنج دانـی بوێـژە لـە دنیـای (جـوانی) بـە درێژایی تەمەنی. لە پاش ئەوە یەکخستنی ئەو هەسـت و بیرانەیـە بـە وێنەیـەکی جـوان لـە قاڵبی پارچەیەکی هونەری کەپێی دەڵێن هەڵبەست.

جیاوازییە سەرەکییەکانی هەڵبەستی کۆن و تازە لە وێنەی هەڵبەسـت و لـە ناوەڕۆکیـا ئەمانەن. لە تەکنیك و یەکگرتنی گشـتی (الترکیـب العـام)ی هەڵبەستیشـدا هەنـدیٚ بابـەتی جیاوازی لە ناو کۆن و تازەدا هەیە، بە کورتی بییان خەینە بەر چاوی سرنج بیٚ کەڵك نییە:

١. لەهەڵبەسـتی کۆنـا شـەقڵی لاسـایی بـە ئوسـلووبەوە ئاشـکرایە، لـە قاڵبـا کـەس نەیویستووە لە نەریتی مامۆستا پێشینەکان لا بدات. غەزەل هەر دەبیٚ ژمارەی بەیتـەکانی تاك بیٚو لە ١٥ بەیت تیٚ نەپەڕێت. قەسیدە دەبـیٚ لـە سـەر یـەك قافیـە تـەواو ببێـت. وتـەو دەربڕینەکانی ئەبیٚ هەر کلێشەی پێشینان بن: نێرگسی شەهلاو هێلانەی سەمەندەر...

٢. لە بەرهەمی کۆنا ئەو ئارەقەی دانەر رشتوویەتی لە نـاو رازاوەیـی هەڵبەسـتەکەیا دیارە، لە کاتێکا کە بوێژی تازە رەنج و ماندوو بوونەکەی دەشارێتەوە.

٣. بوێژی تازە ئەوەندەی بوێژی کۆن لە هونـەری یەکخسـتنی وشـەو سـفت چـینینی وتەدا وەستا نییـە بـە تایبـەتی بوێـژەکانی ئێسـتامان هێشـتا لـە دەوری تاقیکردنـەوە تـیٚ نەپەڕیون. لە سەردەمێکیشا دەژین، کە تەنانەت ئەو فەرهەنگەی وشەی لیٚ هـەڵ دەبـژێرن بۆ بەرهەمیان هێشتا لە قاڵبا نەمەییوە. ئەم هۆیە دەستی زۆرە لەوەدا، کە پشتی تازە زوو نەتوانیٚ شوێن پـیٚ پتـەوکا لـە مەیـدانی هونەرەکـەی خۆیـا. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی هێزێکی تازەیەو ئەو شەقامەی گرتووە، کە کاروانی مێـژووی بـە سـەرا پـێش دەکـەویٚ لـە ئـەنجاما گرەو هەر ئەو دەیباتەوە !...

# ئیستاتیکاو پەرناسیزمیی شیعریی(گـــــــۆران)



**گـــــــــۆران**

## پێشەکی:

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانە بۆ پێوەندی ئیستاتیکا بە دەقـی ئەدەبییـەوە کـە زیـاتر لـە ڕێبازە فۆرمالیستییەکانی نویێ و بە تایبەتی ڕێبازی پەرناسییزم پێشەنگی ئەو ڕێبازانە بوو کە هاوکێشەکانی رابردوو بە تایبەتی پابەندبوونی ئەدەب و ڕەنگدانـەوەی ئلیـدیالۆژیا وەك مەرجی سەرکەوتوویی دەقی ئـەدەبی چاوی لێـدەکرای ڕەتکـردەوە و بنـەما هەنرییـەکانی شیعرییەت و بە تایبەتیش ئیستاتیکای کردە پێوەر.

سـنووری لێکۆڵینەوەکـە،پرکتیزەکردنی چـەمکی ئیسـتاتیکییە لـە ڕوانگـەی پەرناسـییزمەوە لەسـەر دەقـی شـیعریی و جیهـانبینی (گـۆران)ە بـۆ ئـەو چـەمك و ڕێبـازە ئەدەبییە.

ئامـانجی لێکۆڵینەوەکە،پیشـاندانی کاریگـەریی شـیعری نـوێی کـوردی و هۆکـاری تازەبوونـەو سـوود وەرگرتنیـەتی بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ یـان ناڕاسـتەوخۆ لـە ڕێبـازو کانگەکانی ئەدەبی و هونەری و هزریی ڕۆژئاوایە و (گۆران)یش نوێنەری ئەو تازەبوونەوەیە.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکـە، میتـۆدێکی وەسـفی شـیکارییە و بـۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕوانگـەی مێـژوویی لەبەرچـاو گـیراوەو بـۆ سـەلماندنی بۆچـوونەکانیش بـە شـێوەیەکی پراکتیکـی شیعرەکانی (گۆران) کراون بە نموونە.

بنیاتی لێکۆڵینەوەکە،لە پێشەکی و دەروازەیەك و دوو پار پێکهاتووە.لە پاری یەکەمـدا دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت.تەوەری یەکەم بریتییـە لـە ئیسـتاتیکاو هونـەری شـیعروتەوەری دووەم:دەروازەیەك بۆ پەرناسییزم(هونەر بـۆ هونـەر). پـاری دووەمـیش دوو تـەوەر لـەخۆ دەگرێت.تەوەری یەکەم: گۆران و ڕێبازی پەرناسییزم.تەوەرەی دووەم برێتییە لـە جـوانیی سروشت و جوانیی هونەر لە شیعریی (گۆران)دا.

**دەروازە:**

پێوەندی نێوان جوانی و ئـەدەب و ژیـان پێوەندییـەکی تێکئـالأوە و سروشـتی مـرۆڤ وا هەڵکـەوتووە و بـەو پێیـەی جـوانی خـۆی لـە خۆیـدا بەشـێك لـە چاكیشـی لـە خۆیـدا هەڵگرتووە.ئەو سروشتەی دەووبەرمان بـە شـێوەیەك جـوانیی تێـدا بەرجەسـتە بووە،کـە هەستەكانی مرۆڤ بە تەنیا دەرەقەتی ئەوە نایێت ببێتـە پێوەرێك بـۆ هەڵسـەنگاندنی و بـە تایبەتی لە كار و بەرهەمی ئەدەبیدا.فەلسەفەی كۆن هەمیشـە لـە سـوقراتەوە لەسـەر سـێ بنەما كاری دەكرد پێوەندی نێوان ( راستی و جوانی و چاكی).

(ئیسـتاتیكا) لـە لێكۆڵینـەوەكانی خۆیـدا تـا رادەیـەكی زۆر سـوودی بـە زانسـتە سروشتییەكان گەیاندووەو سوودیشی لێ وەرگرتوون،بە تایبەتی دەروونناسی و كۆمەڵناسی و زۆربـەی رێبـازە رەخنەییـە ئـەدەبی و هونەرییـەكانیش لـە كێشـەی نێـوان رووخسـار و ناوەرۆكدا كاریان بە جوانناسی كردووە،ئەمە بێجگە لەوەی دەقئاوێزانی ئەدەبی لە رەوتـی رەخنەی نوێدا بۆ دیاریكردنی رادەی وەرگـرتن و جـوان دارِشـتنەوەی دەقـی ئـەدەبی وەك پێوەرێكی سەرەكی خۆی پشـتی پـێ دەبەسـتێ،هەروەها لـە پێوەنـدی نێـوان سروشـت و هونەردا.

شاعیر و هونەرمەندی پەرناسی هەوڵدەدات خۆی لە هەموو كۆت و بەندەكانی دەووبەر و لایەنـە كۆمەڵایەتییـەكان دەربـاز بكـات و ئـازادی و رەهاییـەكی زۆر بـە خـۆی دەدات بـۆ داهێنـانی دەقـی ئـەدەبی و بەرهـەمێك، كـە پڕاوپـڕ بێـت لـە هوشـاری و ئاسـتێكی بـەرزی سـتاتیكی.لێرەدا پرسـیار ئەوەیـە سـتاتیكا بـە تـەنیا پشـت بـە هەسـتی جـوانی و خێـر و بەرژەوەندی دەبەستێت؟

هەنـدێ لەوانـە سـتاتیكای دەقـی هونـەریی دەبەسـتنەوە بـە كـامڵبوونی چـێژو ئەزموونەوە،شـاعیر وشـەو زمـان دەكاتـە هۆكارێـك بـۆ دەربـڕین و ێنەیـەكی هونـەری لێ دەخولقێنێ و( شیعرییەت ) دەخولقێنێ.(پشت بـە چـڕكردنەوەی زمـان دەبەسـتێ بـەهۆی پێكهاتەیی هاوسەنگی دەنگی و ریتمی و لە رێگەی ئەو وێنانەی لە دەقەكەدا دروست دەبـن و دوورخستنەوەی وەرگر لە دەلالەتە فەرهەنگییەكانی وشەكان)١.

---

Error! Reference source not found. رينية ويليك و استن وارين، نظرية الادب، ترجمة محي الدين صبحي،المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت،١٩٨١،ص٢٥٢.

### ١-١: ئیستاتیکا و هونەری شیعر:

زاراوەی ئیستاتیکا لە بنچینەدا لـە زاراوەی(Aesthetics)ەوە هاتووە،لـە سـەرەتادا لقێکی فەلسەفە بووە. بە واتای لێکۆڵینەوەیە لە فەلسەفەی ئیستاتیکی هونـەرو ئـەو بـەها هونەرییانەی دەربڕینی هونەری دەخولقێنن و هەستی وەرگر دەوروژێنن بۆ ئەوەی چێژ لـە جوانی وەرگرن.پێناسەی زۆر بـۆ ئـەو زاراوەیـە کراوە،بـەڵام ڕەنگـە کێشـەی سـەرەکی لـە ناونانی خودی زاراوەکە خۆی بێت،ئەوەی لە هەمووی باوتر بێت،چەمکە یۆنانییەکەیە، کـە ئیستاتیکا بە واتای ئیدراکی هەستی یان مەعریفەی هەستی بەکارهاتووە.ئیستاتیکا دەکرێ تایبەت بکرێ بە کاری هونەری و ئەدەبییەوە،ئەگینا جوانناسـی مەوداکـەی فـراوانترەو زۆر لایـەنی تـریش دەگرێتەوە.زۆربـەی لێکۆڵینـەوەکانی ئیسـتاتیکا لـە (ئیفلاتـوون)ەوە تـا (کرۆتشە) و (بۆمگارتن) جەخت لەسەر ئیدراکی جوان دەکەنەوە.

هەسـتکردن لای دەروونناسـەکانەوە وەهـا دەناسـێندرێ،کە برێتییـە لـە (لـەوەرگرتنی وزەی وروژێنەر (تیشك، دەنگ، گەرمی) لەلایـەن ئەنـدامی هەسـتەوە پاشـان گواسـتنەوەی وزەی وروژێنەرەکە لەرێی دەماری هەستییەوە بۆ ناوەندی دەماغی تایبەت بەخۆی.)، بەڵام پـەیبردن (ئـەو پرۆسـەیەیە کـە بەهۆیـەوە داتـاو زانیارییـە وەرگیراوەکـان لـەجیهانی دەرەکییەوە، ڕێکدەخەینو لێکی دەدەینەوە.)

جـوانی لای (ئـەفلاتون ٤٢٧– ٣٧٤ پ.ن) "وێنەیـەکی عەقڵییـە وەك وێنـەکانی خێـر و ڕاستی" (سوکرات)یش جـوانی بـەخێرو چاکەو کەڵکـەوە بەسـتۆتەوە، بـەڵام بـەجۆرێك لـە خـووی خـراپ نـاوی دەبـات. لەلایـەکی تـرەوە سۆفسـتائیەکان پێیانوایـە هـیچ شـتێك لـە سروشـتی خۆیـدا جـوان نییـە، بـەڵکو جـوانی پەیوەسـتە بـە ئاسـتی کلتـوریو ئاکـاریی و ئارەزووی خەڵکیی خۆیانەوە. واتا جوانی مەسەلەیەکی ڕێژەییە.

(ئیفلاتون) جـوانی پابەنـد دەکـات بـە جـوانی ئایدیاوە،چـونکە ئـەو هـەر لـە بنچـینەدا جیهانی مەعریفەی بەسەر سێ جیهاندا دابەشکردووەو جوانی ڕاستەقینە لە جیهانی یەکەمدا دەدۆزێتەوە،کـە خولقێنـەر و ئەفرێنـەری هـەموو شـتەکان و خێـر و ڕاسـتی و حەقییقـەت

لەودایە،کەواتە بڕیاردان لەسەر جوانیی هونـەر خـۆی لـە خۆیـدا لاسـاییکردنەوەی هەسـتەو ئەویش لە جیهانی سەرەوە.١

(ئیفلاتوون) جوانیی دەخاتە خانەی میتافیزیك و ڕەوشتەوەو لە عەقڵ دووری دەخاتەوە. (ئەرستۆ ٣٨٤– ٣٢٢ پ.ز) بە پێچەوانەی مامۆستاکەی لە پێناسەی جوانیدا (عەقڵ دەکاتە پێوەر بۆ جوانی و دەیکاتە پرەنسیپێکی ڕێکوپێك بـۆ هونـەر)٢.ئەرسـتۆ پێـی وایـە هونـەر لاساییکردنەوەی جوانی نیە بە قەد ئەوەی لاسـاییکردنەوەیەکی جـوانی شـتەکانە جـا ئـەو شتە غەمگین یان ناشیرنیش بێت. چونکە ئەوە دەزانین لاسـاییکردنەوەی سروشـت بـە لای ئەوەوە لاساییکردنەوەیەکی دەقاودەق نییە،بـەڵکو(کامڵکردنی ئـەو شـتانەیە کـە سروشـت خۆی نەیتوانیوە بە دیانبێنێت.سروشت ئەو بەهرە و دەستە بە هێزەی بەخشیوە بـە مـرۆڤ بۆ ئەوەی بە هونەرەکەی کەموکورتییەکانی سروشت پڕبکاتەوە)٣.

(ئەفلۆتین ٢٠٤– ٢٧٠)٤یش پێی وایە جوانی حەقیقەتێکی باڵای میتافیزیکیـە ڕۆح لێـی تێـدەگات نــەوەکو هەســتەکان، بــەڵام هونــەر دەتــوانێ کەموکوڕییــەکانی سروشــت پڕبکاتەوە.خێر و جوانی دوو دیـوی یـەکترن.)٥،بـە واتایـەکی دی (لـە نێـو دەروونـی مـرۆڤ جوانی هەیە، واتە دەروونی مرۆڤ خۆی جوانە وەك هەر دیوێکی ناوەوەی بوونەوەر)٦.

---

١: بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: جمهورية افلاطون،نقلها الى العربية حنا خباز، مطبعة بابل، مكتبة النهضة-بغداد،،١٩٨٦، ٢٨٢-٢٨٨.

٢: د.عزالدين اسماعيل، الاسس الجمالية في النقد العربي، دار الفكر العربي،ط٣، القاهرة، ص٣٧.

٣: شـارل لالـو، مبادئ علم الجمـال ، ترجمة خليل شطـا، دمشـق، ١٩٨٢، ص١١.

٤: فەیلەسوفێکی یۆنانییە لە شاری لیکوبولیس لە میسر لە دایکبووە و لە شاری کامبانیا لـە نزیـك ڕۆمـا کۆچی دوایی کردووە.بە دامەزرێنەری قوتابخانەی (ئیفلاتوونیەی نوێ) دادەنرێ.کتێبێکـی لێ بـە جێمـاوە بـە ناونیشانی (ئینیادس)، کە لە چەند بەشێك پێکهاتووە و لە بەشـی یەکەمـدا نـۆ لێکۆڵینـەوەی لـەخۆگرتووەو یەکێکیان بە ناونیشانی (جوانی) یە، بەرهەمەکانی لەلایەن خوێنـدکارێکی خـۆی بـە نـاوی (بۆرفیریـۆس)ەوە بلاوکراوەتەوە.بڕوانە: نصرالله پورجوادی،درامدی به فلسفه افلوطين،مركز نشر دانشگاهی،چاپ سوم،١٣٧٨.

٥: فضيلة بن عيسى، روميات ابي فراس الحمداني دراسة جمالية، كلية الاداب و العلوم الانسانية و العلوم الاجتماعية،جامعة ابي بكر بلقايد، جزائر،٢٠٠٤، ص ٦٥.

٦: د. ناجي التكريتي، جمالية النفس عند افلوطين ، مجلة الموقف الثقافي، ع ٣٩، بغداد ٢٠٠٢.

سالآنێکی زۆر دوای ئەوە فەیلەسوفانی فەلسەفەی ئەزموونکاریی گرنگییەکی زۆریان بـە هەست دەدا و پێوەندیان دەکرد بە چێژی هونەرییەوە،کە ئەویش خۆی لەهەستـی ناسـك و فراوانی خەیاڵدا دەبینێتەوە. بەو واتایەی ئەو کارە هونەرییەی پێکـەوە گونجانێکی رێکـی تیایە و کەسێك چێژی لێوەرناگرێ،کەموکورتی لەوانەدا هەیە.

د.قاسم حسين صالح دەڵێ: (جوانی هەر شـتێکی مـاددی و نامادییـە، کـە لـە ناخمانـدا هەسـت بـە چـێژی خۆشـیو ئاسـودەیی بوروژێنێـت و هاوکـات سەرسـاممان بکـات بـەرەو بیرکردنـەوەو بمانخرۆشـێنێت.)١ پرۆسـەی چـێژوەرگرتن لـەجوانی لـەژێر کاریگـەری بـاری سایکۆلۆژی وەرگردایە، نەك بە تەنها لەڕووی جۆری میزاجەکـەوە، بـەڵکو لـەژێر کاریگـەری ئەو بارە هەڵچونیەشدایە، کە وەرگر لە کاتی بینینی بابەتێکی جواندا دەیبینیێ.٢

لەنێو ئەو فاکتەرانەدا کـە چەشـنی چـێژوەرگرتن بەتایبـەتیش چـێژی هونـەری، دیـاری دەکەن، فاکتەری ئەزموونی جوانییە.

جۆری پەیوەستی: ئەمانە یادەوەرییەکانیان چییان تێدا بوروژێنێت، لەسەر ئەو بناغەیە بڕیار بەسەر شتەکاندا دەدەن. بـۆ نموونـە ئەگـەر ڕوداوێکـی کوشـتنی بـینی بێـت ئـەوا لـە بینینی ڕەنگی سور لە تابلۆ هونەریەکاندا، دور دەکەوێتەوە. خـۆ ئەگـەر ڕەنگـە سـورەکە، گولێکی سوری بخاتەوەیاد کە بەکەسێکی خۆشەویستی خۆی داوە، ئەوا رەنگی سووری لە تابلۆ هونەرییەکەدا خۆشدەوێت.

بـۆ یەکـەم جـاریش ئـەم زاراوەیـە لـە لایـەن فەیلەسـوف ئـەڵمانی ( بۆمگـارتن ١٧١٤-١٧٦٢) Alexander Gottlieb Baumgarten)٣ بـەکارهاتووە، ئـەو " وشـەی ( ئیستاتیکا) ی لە کتێبێکدا بە ناونیشانی (چەند تێڕوانینێکی فەلسـەفی بـۆ ماهیـەتی شـیعر ."Meditationes philosophicae de nunnullis ad poéma pertinentibus" ، کـە لـە سـاڵی ١٧٣٥ ی زایینیـدا نووسـیویەتی، بـەکارهێناوە لـەو

---

١: د.قاسم حسين صالح،الابداع و تذوق الجمال، دار دجلة، عمان،٢٠١٠، ص٥٧.

٢: سەبارەت بە جۆرەکانی چێژ وەرگرتن و پێوەندی بە ئیستاتیکا و جۆری خوێندنەوە بڕوانە: هەڤاڵ سەلیم تەیب،چێژی ئەدەبی لە شیعری نوێی کوردیدا،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی پەروەردە، ٢٠١٢،ل ١٤-١٥.

[3]: لە ١٧١٤- ١٧٦٢ ژیاوەو دیارترین کتێبی لەو بوارەدا بە ناونیشانی (چەند تێڕوانینێکی فەلسەفی لەبارەی ماهیەتی شیعر)ە.بڕوانە:

کتێبــەدا نووســەر ئیســتاتیکا وەهــا دەناســێنێ،کە (بریتیــە لــە زانســتی ئەپســتمۆلۆژی هەستەوەری یان تیۆری هونەرەجوانەکان،یان هونەری بیرکردنەوەی جوان) ١. (**بۆمگارتن**) دەیـەوێ زانسـتێکی نوێمـان لـە قـاڵبێکی فەلسـەفی سـەبارەت بـە هونەریـەتی شـیعر پـێ بناسـێنێ. زانسـتێك کـە تـەجاوزی رەوتـی لـۆجیکیی وێنـەیی رابـردوو بکات،کـەخۆی لـە هونەرەکانی رەوانبێژیدا دەدۆزییەوە،بەڵکو لەجێگـەی ئـەوەدا زانسـتێك کـە تـەنیا و تـەنیا پشت بە هەستی جوانی دەبەستێ و چێژ بە کلیلی سەرەکی دادەنێ.نووسەر بە تەواوی لەو چەمکە باوە دووردەکەوێتەوە، کە شتەکان تەنیا لاساییکردنەوەی سروشتن،بۆیە ئیستاتیکا لە میتافیزیك رزگار دەکات،کە بەردەوام سەرچاوەی شتەکانی دەبردەوە بۆ هێزی باڵا.ئـەو بۆچوونانەی (بۆمگارتن) لە دژی ئەوە بوو، کە نووسەرانی پێشوو دەیانویست بە شێوەیەك لە شێوەکان هاوتاییەك لە نێوان خود و بابەت دا دروست بکەن و بەڵام ئەو بە تەنیا خـودی کـردە کانگـە و جـاریکی دی مـرۆڤ بگەرێتـەوە بـۆ خـودی خـۆی و پـاش خۆیشـی بـوو بـە فەلسەفەیەك بۆ (کانت) و فەلسەفەی خودیی لەسەر بنیاتنا.

(کانــت ١٧٢٤-١٨٠٤)وەکــو فەیلوســوفێکی میتــافیزیکی ئــەڵمانی بــە تێفکــرین و وردبوونەوەکانی بـە سـەرەتایەکی نـوێی بـواری ئیسـتاتیکا دەژمێردرێ.ئـەو پێـی وایـە لـە دیاریکردنی جوانیدا ناتوانین پشت بە هیچ بنەمایـەك ببەسـتین و بڕیـاردان لەسـەر جـوانیی بڕیارێکی خودییـە و جیـاوازە لەگـەڵ بڕیـارێکی لـۆجیکی، کـە پشـت بـە بۆچـوونی عـەقڵی دەبەستێ،یان ئەوەتا سەرەتا بڕیارێکی خودییەو دواتر بە بابەتی دەکرێت و گشتاندنی بۆ دەکرێت و دەبێتە بابەتی،بۆیە دەڵێت(بڕیاردان لەسەر شتی جوان،خودی و تاکەکەسییە و تایبەتییە،بەڵام هاوکات گشتی و بابەتییە)٢ . هەستکردن بـە جـوانی لای (کانت)،بـە پێـی ئاراستەکانی ئیدراکی عەقڵی بـۆ شـیکردنەوەی حـەدس(زەین)ی بـاڵا دوو ئاراسـتـەی جـودا وەردەگرێ،یەکـەمیان هەسـتێکی جوانناسـی سـەرەتاییەو ئـەوەی دووەمیـان هەسـتێکی جوانناسـی بێگـەرد (باڵا).هەسـتە بەراییەکـە هەسـتێکی کـورت خایەنـەو پەیوەسـتە بـە

---

[1]:عبد العزيز بومسهولي،استطيقا الشعر في الأسس الفلسفية لعلم جمال الشعر، بروانە:
http://www.aljabriabed.net/n15_11busamhuli.htm

[2]: مارك جيمينز، ما الجمالية، ترجمة شربل داغر،المنظمة العربية للترجمة، بيروت،٢٠٠٩ ، ص ٢٠.

درکپێکردنـی هەسـتەوەری نێـوانی کـەس و ژینگـە و دەوروبـەری و ئـەم جـۆرە هەسـتە داهێنـانێکی جوانناسـی لێنـاخولقێ و تـەنیا کـارتێکردێکی سـاتەوەختیی سـنووردارەو تەواو،ئەوانەن بە لاساییکەرەوەی هونەر دادەنرێن،بەلأم ئەوەی دووەم هەستی جوانناسـیی بەرز پرۆسەیەکی هزریی شیکاریی درکپێکـراوە کـار بـۆ دۆزینـەوەی راسـتییە بێگـەردەکان دەکات لە کەرەسـتەو شـێوەو پێکهاتـەی بەرهەمەکـە و سـیفەتێکی خـەڵکێکی دەگمەنـە و دەگەنە جوانییەکی راستەقینەی پیرۆز لـە خـود و نـاخی خۆیانـدا و دواتـر هەوڵـدەدەن بـۆ خەڵکی تریشی بگوازنەوە وەلێ زۆربەی کات تیایـدا سـەرکەوتوو نابن.هـەر بۆیـە داهێنـەری راستەقینە ئەوانەن لەبنچینەدا خاوەن خودێکی داهێنەرن. بنچینەی چێژی جوانناسـی لای (کانـت) پەیوەسـتە بـە زەیـن و عەقڵـەوە و دوورە لـە هـەموو بەرژەونـدی و قـازانجێکی ماددییەوە.

(هیگڵ) و فەلسەفەی جوانناسی بابـەتێکی ئـاڵۆزو بەیەداچـووە,بنەمای ئیسـتاتیکا لای (هیگـل) لەسـەر گریمانـەی(رۆحی رەهـا) دامـەزراوەو بنچـینەی شـیکردنەوەو راڤـەکردنی فەلسەفیی خۆی لەوەوە وەرگرتووە.بێگومان ئەوەی زانراوە ئەم زاراوەیە (رۆحی رەها) لـە فەلسەفەی میتافیزیکی بریتییە لە بابەتی هەمیشەیی بێ سنوور و بێ مەرج و کامڵ.

(هیگل) لەو باوەڕەدایە هەموو ئـەو شـتانەی لـە وجودایـە،دیاردە بابـەتی و ماتریـالی و هزرییەکان دواجار رووخساری رۆحی رەهان.جوانیی هونەریی لای (هیگل) بـەرزترو بـالأترە لە جوانیی سروشتی لەبەر ئەوەی لە داهێنانی رۆحی رەهایەو جوانیی بیرۆکەیەکە لە زینـی مرۆڤ بە هۆی درکپێکردنمان بۆ جوانی ئەو هەستی جوانییە لە کەسێکەوە بۆ کەسـێکی دی بـی پێـی جیـاوازی هۆشـیاری دەگۆڕێت.کەواتـە هونـەر لای ئـەو پرۆسـەیەکی عەقڵییـە و بەرزترین ئاستی هونەر داهێنانە.١

**جوانناسی بە دوو ئاراستەدا کاری کردووە:**

یەکـەم: ئاراسـتەی خـودی، ئـەم ئاراسـتەیە لـە روانگـەی (کانـت)ەوە سەرچـاوەی گرتووە،بـەوەی کـە چـێژوەرگرتن رێژەییـەو لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر دەگـۆڕێ. هەستکردن بە جـوانی لـە خـودی خۆماندایـە.جوانی شـتەکان لـە رۆحدایـە و پێوەنـدی بـە

[1]: بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:م.محمد سعد حسان و اخرون،مقدمة في علم الجمال،ط٢،دار جنادين، الرياض،٢٠٠٧ ، ٦٨- ٧٣.

سروشتی شتەکانەوە نییە.بۆچوونی جوانیی ئێمەیە بۆ شتەکان کە لە بـیرو هێـزی خـەیاڵی خۆمان بـۆ شـتەکانی دروسـت دەکـەین.(هیگل) زۆر جـەختی لـەوە دەکـردەوە کـە جـوانی سروشت کاتیٚ دەردەکەویٚ، کە رەنگدانەوەی لە زەینی مرۆڤدا هەبێت.

دووەم: ئاراستەی بابەتی، ئەم ئاراستەیە کۆنە و لـە بۆچـوونەکانی (ئیفلاتـوون)ەوە تـا ماوەیـەکی زۆر درێـژەی هەبوو.ئەمانـە پێیانوایە،مەسـەلەی جـوانی هـیچ پێوەندبیـەکی بـە جیهانی ناوەوە و ناخی بنیادەمەوە نییە،بە پێی پێوەرەکانی عەقلٚ و شارەزایی و ئـەموون و لۆجیکەوە بڕیار لەسەر جوانی بابەتەکە دەدرێت ئەوە دواترە کاریگەریی دەروونی و چـێژ و جووڵاندنی هەسـتەکانی لێدەکەوێتـەوە.(ئیفلاتوون) دەڵێـت: (جـوانی کۆمـەڵیٚ خاسـیەتە ئگـەر لـە شـتێکدا دەرکـەوت ئـەوا ئـەو شـتە جوانە،ئەگـەر ئەوانـەی تیـا نـەبوو بێگومـان جوانییەکـەی لـە دەسـت دەدات.هـەر بۆیەشـە رێـژەی جـوانی لـە شـتەکەدا پێوەنـدی بـە چۆنیەتی بەشداریکردنیەتی لە ئایدیای نەمر.)١ ،کـەوابیٚ ئەمـە رەتکردنـەوەی (خـود)ەوە هیچ رێگریەك نیە لەوەی بڕیـار لەسـەر دەقێکـی ئـەدەبی یـان هونـەریی بدەیت،چـونکە لـە بنچینەدا بڕیارێکی عەقلانییە.

بۆچوونی سێیەمیش هەندیٚ جار دەردەکەوێت،بەوەی گوایە هاوتاییەك لە نێوانی خودی و بابەتییشدا دروست دەبێت،مادام مرۆڤ خۆی لە دووانەیەکی رۆح و جەستە پێکهاتووە،ئەم دووانەیش پێوەندییەکی بە هێزییان پێکەوە هەیە و هەروەکو لە دەقی ئەدەبییشدا لە فۆرم و ناوەرۆکدا ئاوێتە دەبێت.

هەولێرنامەی کتێب

١ :د.كريب رمضان، بذور الاتجاه الجمالي في النقد العربي القديم، مؤسسة قاعدة الخدمات الجديدة للطباعة،الجزائر ٢٠٠٣،ص ٣٧.

## ٢-١: دەروازەیەك بۆ پەرناسیزم (هونەر بۆ هونەر)

دیاره ئەو گوڕ و تینەی، کە لەسەرەتاوە هەڵگرانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم هەیانبوو، تاسەر بەو شێوەیە نەمایەوەو لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە مشتومڕێکی زۆر کەوتبووە نێوان شاعیران و نووسەرانی ڕێبازی ڕۆمانسیزمەوە و وای بۆدەچوون ، کە پێویستیان بەجۆرە دەربڕین و شێوازێکی نوێی ئەدەبی هەیە بۆئەوەی لەگەڵ هزرو بیرکردنەوەیاندا بگونجێ، لەم ڕووەیشەوە فەلسەفەی (هونەر بۆ هونەر) دەرکەوت ، کەتیایدا لەناو منداڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزمدا سەری هەڵدا .

سەبارەت بەو فەلسەفەو ئایدیا نوێیە، کە بە ڕێبازی (پەرناسیزم) ناسراوە، گەلێك تێڕوانین و بۆچوونی هەمەجۆر لەلایەن ڕەخنەگران و نووسەرانەوە خراوەنەتە ڕوو ، لەوانە هەندێکیان پێیان وایە کە زاراوەی (هونەر بۆ هونەر) لە موحازەرەکانی ( فیکتۆر کۆزان)ەوە لەساڵی ١٨١٨دا بەدەرکەوت و لەوێدا هاتووە:

( شەریعەت بۆ دین، ڕەوشت بۆ ڕەوشت ، هونەر بۆهونەر، واتە هونەر ناشێت ڕێگایەك بێت بەرەو چاکە یا کەڵك یان هیچ کاروبارێکی پیرۆز، بەڵکو هونەر تەنها و تەنها لە پێناوی هونەردایە)١، کەچی هەندێکی تر دەڵێن، گوایە ڤیکتۆر هووگۆ (لەساڵی ١٨٢٩دا کتێبی(شەرقیات)ی بڵاوکردەوەو بەمە بوو بە دامەزرێنەری قوتابخانەی هونەر بۆ هونەر).٢ ئەوەش پاش ئەو مشتومڕەی،کە لەگەڵ ( ڤۆڵتێر)دا هەیبووە،جگە لەوەش وا باس دەکرێت،کە (ڤیکتۆر هووگۆ) دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی(شەرقیات)ەکەی دەبێ بەدامەزرێنەری ئەو ڕێبازە ئەدەبییە نوێیە و بۆ ئەو مەبەستەش( چەند کەسێك لە شاعیران و شێوەکاران و پەیکەرسازانی لاو لە دەوری (هووگۆ)دا خڕبوونەوە و پێشەکیەکەی (شەرقیات) یان بە ئینجیلی هونەر داناو گوتیان، کە ئامانجداری یان پابەندبوون بە ئەرکی کۆمەڵایەتییەوە بایەخی هونەر لە نێو دەبات و گوتیان کە هونەر خوداوەندێکە کە دەبێ تەنیا لەبەر خاتری خۆی بپەرسترێ، هیچ جۆرە شەقڵێکی ئامانجداری یان ئەخلاقی و ئاکاری نەدرێتە پاڵ و چاوەڕوانی ئەو وێنایانەی لێناکرێ )٣.

---

١: د.فەرهاد پیربال،ڕێبازە ئەدەبییەکان،ل ١٣٢ .

٢: ڕەزا سەید حسەینی، قوتابخانە ئەدەبییەکان،و: حەمەکەریم عارف، هەولێر، ٢٠٠٦، ل ١٤٧.

٣: س.پ: ل ١٤٧-١٤٨.

هەر لەو چوارچێوەیەداو لە میانەی فەلسەفەی هونەر بـۆ هونـەرەوە، کـەخۆی لەخۆیـدا هەوڵدانێك بوو بۆ رزگارکردنی تاك لە جیهانی بۆرژوازی و سەرمایەداریدا دەبیـنن هـەڵگرانی ئەو ڕێبازە ئەدەبییە زیاتر ئارەزوویان بەلای بایەخدان بە ڕوخسارو جوانی شیعردا دەچوو، واتە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی، کە( تەنها جـوانی بەسـە بـۆ شـیعر واتـە سـودی شـیعر لەوەدایە، کە جوان بێت ئەو جوانییەش، کەشیعر هەیەتی وەکو ڕەنگ و بۆی گوڵ وایە، کە بەبێ دەستکاری مرۆڤ سودێك ببەخشێت ).

هەروەها یەکێکی تر لە رابەرانی ئەو ڕێبازە ئەدەبییە (تیۆفلێ گوتیە)یە، کە لەپێشـەکی دیوانە شیعرێکیدا دەڵێت:

(ئێمـە داکـۆکی لـە خۆیبـوونی هونـەر دەکـەین، هونـەر بـەلای ئێمـەوە ئـەوزار (وەسیلە) نییە، بەڵکو ئامانجە. هەر هونەرمەندێك کە لە بیری هەرشتێکدا بێت جگە لە جوانی لە روانگەی ئێمەوە هونەرمەند نییە)١.

ئەمــەش ئــەوە دەگەیەنێ،کــە شــاعیر بــۆ بــەدیهێنانی مەبەســتێکی دیــاریکراو شــیعر ناهۆنێتەوە، بەڵکو ئەوەی بەلای شاعیرانەوە گرنگە ڕووخسارو جوانی دەقی شـیعرییە نـەك ناوەرۆك، لەو ڕووەشەوە پێیان وابوو، کـە ڕوخسـاری جـوان و سـەرکەوتوو خـۆی لەخۆیـدا ڕووخساری جوان و سەرکەوتووە، هەربۆیە گومانی تیا نییە فەلسەفەو ئایدیایـەکی وا بـەبێ بەرنامەو پرەنسیپ نابێت، بۆیە یەکێك لەو پرێنسـیپ و بنەمایانـەی ئـەو ڕێبـازە ئەدەبییـە هەیبوو و جەختیشی لەسەر دەکرایەوە ئەوەبوو (هونەر پێویستە سـەربەخۆیی بپارێزێـت و نـابێ بکەوێتـە ژێـر کاریگـەریی سیاسـەت و نەریتـەکانی کۆمەڵـەوە، هـەروا نـابێ خـەڵکی چاوەڕێی ئەوە لە هونەر بکەن،کە هونەرمەند بکرێتە ئامرازێـك بـۆ جێبـەجێکردنی ئامانجـە کۆمەلأیەتی و ئەخلاقی و سیاسی و ئایدۆلۆجییەکان.

شایانی باسە لەچوارچێوەی ئەو قۆناغە مێژووییەدا پەرناسیزمەکان لـە سـاڵی ١٨٦٠ دا لـە دەوری یـەك کۆبوونـەوەو دەربـارەی ئـەدەبیات و جوانناسـی بابـەتی هەمەچەشـنەیان هێنەیە مەیدان بە تایبەتی شاعیرانی لاو، کە دژی ڕێبازی ڕۆمانسیزم بوون و بـە کاریگـەری ڕەوتی (هونەر بۆ هونەر) ئەنجوومەنێکی ئەدەبییان پێك هێناو (لۆکێنـت دی لیـل ١٨١٨-

[1]: س.پ: ل ١٤٨.

١٨٩٤)١ یش لەڕیزی پێشەوەی ئەو شاعیرانەدا بوو و بە نوێنەری ئـەو ڕێبـازە ئەدەبییـەش دەژمێردرێت.

لـە سـاڵی ١٨٦٦دا کۆمەڵـە هۆنراوەیـەکی هاوبەشـیان بـەناوی (پەرناسـی هاوچـەرخ) بڵـاوکردەوە٢.ئـیتر لـەوێوە وردە وردە ڕێبـازی پەرناسـیزم وەکـو ڕێبـازێکی نـوێ و سەردەمەکەی ئاشنایەتی لای گەلێك لە شاعیران و نووسەران پەیداکرد و بوو بە سەکۆیەکی نوێ بۆ بانگەشەی ئەدەبێکی نوێ بەشێوازێکی نوێ .

سەبارەت بەناوی (پەرناس)یشەوە دەوترێت، کە پەرناس ناوی کێوێکە لە یۆنان، گوایە خواوەندی شیعر لەوێدا نیشتەجێیە. جا ناونانی ڕێبازی پەرناسیزم نیسبەتە بۆنـاوی ئـەو کێوە .

بەشـێوەیەکی گشـتی ڕێبـازی پەرناسـیزم لەسـەر دوو بناغـەی فەلسـەفی دامـەزراوە، لەلایەکەوە پشـت بـە فەلسـەفەی ئیسـتاتیکی ئایدیالی (کانـت) و لەلایـەکی دیکەشـەوە بـە فەلسـەفەی ڕیـالیزمی و ئەزموونگـەریی دەبەسـتێ، کـە لـە ئـەوروپا تـا نیـوەی سـەدەی نۆزدەهەم باوبوو.

ئەو فەلسەفە ئایدیالییەی (کانت)یش بریتی بوو لەوەی، کە (شاکاری هونـەری خـاوەنی چەندین خاسیەتی جەوهەریی تایبەت بەخۆیەتی.)٣ جا هەروەکو لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا ئەم ڕێبـازە ئەدەبییـە لەسـەر چـەند پرەنسـیپ و بنەمایـەکی فەلسـەفی و هونـەری بنیـات نرابوو.

---

[1]: لۆکینت دی لیل شاعیرێکی فرەنسییە.سەرەتاکانی ژیانی ئـەدەبیی خـۆی بـە بلاوکردنـەوەی دوو کۆمەڵـە هۆنراوە دەستپێکرد،(چەند قەسیدەیەکی کۆن — ١٨٥٢) و ئەوەی تریان (چەپکێ قەسیدەو هـۆنراوە- ١٨٥٥) دوای ئەوەیش کۆمەڵی سێیەمی بە ناوی (چەند قەسیدەیەکی هەمەجی- ١٨٦٢) بلاوکردەوە، کە ناوبانگێکی زۆری بـۆ پەیـداکرد و ایکـرد ببێتـە ڕێبـەری پەرناسـییەکان.پیاوێکی ڕەشـبین بـوو،بڕوای بـە مەسـیحیەت نەبوو.باوەڕی بە هیچ ڕاستییەك نەبوو جگە لە مردن.تا ڕادەیەکی زۆر کـەوتبووە ژێـر کاریگـەریی ئـەدەبیاتی یۆنانی. بڕوانە:http://encyc.reefnet.gov.sy/?page=entry&id=209140

[2]: بۆزانیاری زۆرتر بڕوانە:د.هیمدادی حوسێن،ڕێبازە ئەدەبییەکان،دەزگای موکریانی،هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٠٥-٢٠٩.

[3]:س.پ:ل ٢٠٥.

یەکێکی تر لەو پرێنسیپانە ئەوەیە،کە هونەر و ئەدەبیات پێویستە سەرچاوەکانی خۆی لە فەلسەفەی کۆن و ئێستاتیکای گریکییەوە وەربگرێت، جگە لەوەش پەرناسیزمەکان پێیان وابوو، کە شێوازی نموونەی جوانی،ڕەسەنایەتی تەنیا لای گریکەکاندا هەیە)، لەو پێناوەشدا پەرناسیزمەکان گەلێك بەرهەمی گریکە دێرینەکانیان وەرگێڕا و گەڕانەوە بۆ ئەو سەرچاوانەو سوود لێوەرگرتنیان،بۆنموونە شاعیرێکی وەکو (لۆکێنت دی لیل) زۆربەی بەرهەمەکانی هۆمیرۆس و سۆفۆکلیس و (هۆراس)ی وەرگێڕایە سەر زمانی فڕەنسی).١

بەکورتییەکەی،بەلای پەرناسیزمەکانەوەو بەپێی نەریتی ئەوان شیعر سەنعەتکارییە، کە دەتوانێت دەست بەسەر هەڵقوڵینی سروشتدا بگرێت و لەباڵاترین قاڵبی هونەرییشدا دابڕێژرێت.

## ١-٢: (گـۆران) و ڕێبازی پەرناسیزم

گەر لە لاپەڕەکانی مێژووی ژیانی ئەدەبی(گـۆران١٩٠٤- ١٩٦٢)ی شاعیر بڕوانین بۆمان دەردەکەوێت وەکو شاعیرێکی نوێخواز لە بواری شیعری کوردیدا هەوڵیداوە لە گەلێك ڕووەوە ئاوڕ لە دیاردەو ڕێبازە ئەدەبییە ڕۆژئاواییەکان و شیعری شاعیرانی ڕۆمانسییزم و پەرناسیزم و ناتۆرالیزم بداتەوە،بە وەرگرتنی بیرۆکەو چێژ لێوەرگرتنیان سەرلەنوێ بۆ زمانی کوردی دایان بڕێژێتەوەو بیانکات بە کەرەسەیەکی شیعریی و بەدارشتنەوەیەکی هونەرمەندانە دایانبڕێژێتەوە.٢

یەکێکیش لەو ڕێبازە ئەدەبییە جیهانیانە ڕێبازی پەرناسیزمە، کە لەسەر بنەمایەکی میتافیزیکی و بایەخدان بە ئیستاتیکا دامەزراوە، بەلأم پێش ئەوەی ڕاستەوخۆ بچینە ناو باسەکەوە دەبێ ئاگاداری ئەو ڕاستییەبین،کە (گـۆران) زمانی بێگانەی وەکو (فارسی ، عەرەبی ، تورکی و تا رادەیەکیش ئینگلیزی ....) زانیوە و بەو زمانانەش بەرهەمی ئەدەبی

---

[١]: ڕەزا سەید حسەینی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، ل ١٥١.

[٢]: سەبارەت بە کاریگەری ئەدەبیاتی بێگانە و ڕیبازە ئەدەبییەکانی ڕۆژئاوا بەسەر چێژی شیعریی (گـۆران) بڕوانە: نەورۆز فاروق، گـۆران و کاریگەریی ئەدەبیاتی بێگانە ،زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی پەروەردە،٢٠٠٧.(نامەی ماستەر- بلأونەکراوە).

و فیکریی ئەو نەتەوانەی خوێندۆتەوەو سوودی لێوەرگرتوون، وەکو کەرەسەو سەرچاوەیەکی شیعریی لە دەقە شیعرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە[1].

(گۆران یەکەمین شاعیری کورد بووە، کە ڕێبازی پەرناسی لە شیعری کوردیدا داهێناوە، ئەم کاریگەربوونەشی بە پەرناسی لە قۆناغی سەرەتاییدا بووە.واتە لە سالأنی ١٩٣٩دا دوای دەرچوونی لەژێر کاریگەریەتی کلاسیزم)[2].هەروەها (د.مارف خەزنەدار ١٩٣٠ – ٢٠١٠)یش پێی وایە ئەو قۆناغی پەرناسیزمەی (گۆران) تا ساڵی ١٩٤٩بووە، بەملاوە (گۆران) لە لوتکەی پەرناسی بارەگای خواوەندی شیعری ئەفسانەی گریك هاتە خوارەوە.[3]ئەم بۆچوونەی د.مارف خەزنەدار ڕەنگشە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ شاعیر لە هەر سێ کۆمەڵەی یەکەمی شیعره بلأوکراوەکانی(بەهەشت و یادگار) و (فرمێسك و هونەر) و (سروشت و دەروون)، ئەگەر سرنجی پێشکەشکردنەکانیان بکەین هەندێ دەستەواژەی وامان بەرچاو دەکەوێت،کە ئەو راستییە رۆشنتر دەردەکەوێت، وەکو لە (بەهەشت و یادگار)دا دەڵێت:

(پێشکەش بۆ: ئەو شۆخ و نازدارانە کە جوانی یان وەك تیغ نابڕێ،وەك چرا پێش چاو رووناك ئەکاتەوە!) (دیوانی گۆران: ل٥).

لە پێشەکی کۆمەڵەی دووەمدا (فرمێسك و هونەر)دا نووسیویەتی:( پێشکەشە بۆ ئەو گیانە پیرۆزانەی لە پێناوی هونەری جوانا فرمێسك و ئارەقی زۆریان رشتووە!) (دیوانی گۆران: ل٧٧) ، لە کۆمەڵەی سێیەمیشدا، ( سروشت و دەروون) وەها هاتووە:( بۆ:خاوەندی ئەو دەروونە روونانە،کە دەرسی پێشکەوتن لەسروشتی جوان وەرئەگرن.) (دیوانی گۆران: ل١٥٩).

بە واتایەکی تر دەکرێ بوترێ، کە ئەدەبیاتی ئینگلیزی و شیعری ڕێبازی پەرناسیزم ئەو پرەنسیپانەی،کە لەو ڕێبازەدا هەبووە توانیان ئەزموونێکی ئەدەبیی گەورەتر بەشاعیر ببەخشن و لە قۆناغێکی ئەدەبییەوە بۆ قۆناغێکی تری ئەدەبی بیگوازنەوە،کە تیایدا بتوانێت جیهانێکی پڕ لە جوانی و خۆشەویستی لە هەردوو لایەنی (سروشت و ئافرەت)دا

---

[1]: گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی ،عومەر معروف بەرزنجی ، ل٧٥.

[2]: د.فەرهاد پیرباڵ،ڕێبازە ئەدەبییەکان، چ٢، هەولێر، ل١٣٣.

[3]: مێژووی ئەدەبی کوردی ،د.مارف خەزنەدار ، ب ٦ ، ل٥٧٧.

بهێنێتەدی. لەم ڕووەیشەوە (گۆران) گەیشتبووە ئەو باوەڕەی، کە جوانی و خۆشەویستی دوو شتن لەیەکتر دانابڕێن و تەواوکەری یەکترین و لەلای خۆیشیەوە زۆر بەجددی کاری لەسەر کردووە و جەختی لەسەر کردۆتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش (ڕەفیق حیلمی ۱۸۹۸–۱۹۶۰)[۱] سەبارەت بەو جوانپەرستییەی (گۆران) و ئەزموونە شیعرییەکەی دەڵێت:

(گۆران ئیلهامی شعری لە (جوان)ی وەرگرتووەو لە هەموو شتێکا جوانی پشکنیوە وە پەرستوویە، زۆرتر جوانی ئافرەت هێلانەی شعری وورووژاندووە.لە ئافرەتیشا ئەو جوانیانە تینوەتی بە رستشی شکاندوە، کە نایەتە دەسەوە، بەڵکو تەنیا لە کانی دڵ و گیانا (بوون)یان هەست ئەکرێ)[۲]. هەر لەڕوانگەی ئەو جوانی پەرستی و سەرسام بوونەی شاعیرەوە بەجوانییەکانی سروشت و ئافرەت دەبینین هەنگاوە سەرەتاییەکانی شاعیر بە ڕووکردنە دیمەنەکانی سروشت و خستنەڕووی ئەو جوانییانەی دیمەنەکانی سروشتی کوردستان دەست پێدەکات بە بەکارهێنانی زمانێکی کوردی سادەو ساکار و لەهەمان کاتیشدا بۆ بەکارهێنانی کێشی شیعری برگەیی.

## ٢-٢ جوانیی سروشت و جوانیی هونەریی لە شیعری (گۆران)دا:

بابەتی ئیستاتیکا بابەتێکی فەلسەفییە و وەکو پێوەندی نێوان جوانی و ناشیرینی بابەتێکی کۆنەو لە سەرەتاکانی فەلسەفەی یۆنانییەوە ئاماژەی پێکراوە،چونکە بە قەد ئەوەی جوانی جێگەی بایەخ بووە ئەوەندەش باس لە ناشیرینی وەکو بابەتێکی ئیستاتیکی کراوە.

[۱]: ڕەفیق حیلمی کەسایەتییەکی ڕۆشنبیریی و سیاسیی ناسراوە.لە ساڵی ۱۸۹۸ لە کەرکوك لە داکبووە. بە مەبەستی خوێندن سەفەری ئەستەمبولی کردووە. لە سەردەمی حوکمدارییەتی شێخ مەحموود لە بیستەکاندا ڕۆڵێی بەرچاوی هەبووە. بێجگە لە نووسینی چەند بەرك لە یاداشتەکانی، کتێبی (شیعر و ئەدەبیاتی کوردی) بەرهەمێکی دیاری ڕەخنەی ئەدەبیی کوردییە. زمانەکانی تورکی و عەرەبی و فارسی ئینگلیزی و فرەنسی زانیوە و چەند پۆستێکی حکومی دیوە.ماوەیەکیش سەرۆکی حزبی هیوا بووە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا.لە ۱۹۶۰ دا کۆچی دوایی کردووە.

[۲]: ڕەفیق حیلمی، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی،ل ۱۵۲- ۱۵۳.

(ئەرسـتۆ) پیـی وایـە کـە تـۆ جـوان بیـت و جـوانی لـە روانـین و ناختـدا بیـت شـتە ناشیرینەکانیش بە جـوانی دەبینـی.( هیگـڵ ١٧٧٠- ١٨٣١ ) دەڵـێ: (جـوانی لـە هونـەردا پایـەکی بـەرزتری لـە جـوانی سروشــت هەیە،لەبەرئــەوەی لــە داهێنــانی رۆح و خــەڵقی هۆشیارییەو بەرهەمی ئازادییە،شتێك کە بەرهەمی رۆح بێت ئەوا سروشتی ئەو وەردەگرێ و لە سروشت بالاتر دەبێت)١.لە بەرامبەردا لایەنگرانی بۆچوونی پێچەوانەیش هەن، دەڵێن کە جوانی سروشت بنچینەیەو ئیلهام بەخشی هونەرمەند و ئەدیبانە و شاعیر تێکەڵ بە ئیدراکی ئیستاتیکی خۆی دەکات.

(گۆران) سروشت جوانتر لەوەی کە هەیە پیشان دەدات،پاییز ئەو جوانییەی نییە،کە لە شیعری (گۆارن) دەبێتە تابلۆیەکی هونەری:

پایز! پایز!
بووکی پرچ زەرد،
من مات، تۆ زیز:
هەردوو هاودەرد!
من فرمێسك،تۆ بارانت،
من هەناسەم، تۆ بای ساردت،
من خەم،تۆ هەوری گریانت،
دوایی نایە:دادم،دادت،
هەرگیز،هەرگیز
پایز،پایز!
پایز! پایز!
شان و مل رووت،
من مات،تۆ زیز،
هەردووکمان جووت
هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگرین،
ئاڵتوونی دار ئەرژێ بگرین،

[1]: شـارل لالـو، مبادئ علـم الجمـال، ص٥٧.

پۆلی باڵدار ئەفڕێ بگرین،
بگرین،بگرین..چاومان نەسڕین،
هەرگیز،هەرگیز،
پایز!پایز! (دیوانی گۆران،ل١٦٣-١٦٤ )

ئەم شیعرە توانەوەی خودە لە سروشـت و بـە تایبـەتی پاییزدا،کـە خـەمێکی هاوبـەش کۆیان دەکاتەوە، زیزبوون و ماتی و خامۆشییەکی زۆری لەخۆوە گرتووە.

هەروەکو لەدەقی (گەشت لە هەورامان) دا دەڵێت :

کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش
سەرپۆشی لوتکەی بەفری زۆر سپی
بەدارستان ڕەش ناو دۆڵی کپی
جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو
هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو (دیوانی گۆران: ل٥)

شـاعیر لـەو دەقـەدا توانیویـەتی هونەرمەندانـە وێنـەی جـوانی بەشـێك لـە سروشـتی کوردستان بکێشێ، کە ناوچەی هەورامان و خۆشەویستی دڵگیری و جـوانی ئـەو سروشـتە بخاتە دڵی خوێنەرەوە.مەسەلەی سروشت و جوانی بابەتێکی قووڵـە و فەیلەسـووفەکان بـە شـێوەیەکی گشـتی لەسـەری وەستاون.(سـتیس) لـەو باوەڕەدایـە تیۆرەکـانی ئیسـتاتیکا پێویستە هەموو ئەزموونەکانی جوانی بگرێتەوە،جا لە سروشـت یـان هونـەردا بێت.دەبێـت جیاوازی بکەین لە نێوان جوانی سروشت خۆی و ئەو هەستە ئیستاتیکییەی لەلامان دروست دەبێت یان ئەو هەستی چێژوەرگرتنەی لـە بینینـی سروشـت لامـان دروسـت دەبێـت،وەکو تیشکی گەرمی خۆر یان فێنکایی ژێر سێبەری درەختێـك یـان بەرەبـەیانێك هـەموو ئەمانـە دەکرێ بە ئاسانی ئاوێتەی ئەزموونی جـوانی بنجـی بکرێن.جـوانیی هونـەریی ئەوەیـە، کـە مرۆڤ خۆی دەیخولقێنێ، لە ڕێگەی خستنەرووی بابەتێکی دەرەکییەوە بە پێی درکپێکردنی عـەقڵیی خۆیەوە،کەواتـە دەیکاتـە مەیـدانێکی جـوانیی ڕەسـەن و بـە پیت,بـە پێچـەوانەی جوانیی سروشت خۆی، کە هەژارە کە لە زۆر ڕووەوە پڕ لە کەموکورتییە.

هەر لەم رووەوەو لەچوارچێوەی کاریگەری ڕێبازی پەرناسیزمەوە (گــۆران)ی شاعیر ئاوڕی لە گەلێك کەرەسەو بابەتی جوانی سروشت داوەتـەوە، کـە هـەرگیز لـە ژیانـدا بـەو شـێوەیە ئاوڕیـان لێنەدراوەتـەوەو بگـرە فەرامۆشـیش کـراون، بۆنموونـە شـاعیر لـەدەقی (جوانی بێناو)ەکەیدا دەڵێت :

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە،

کە لە ژێر سێبەری تووترکا خامۆشە ! (دیوانی گۆران،ل٤٥ )

گۆران هێندە بەوردی تەماشای جوانی ئەو سروشتەی کردووە و هێندەی لێ وردبۆتەوە ، خۆی بەفیداو بەپەرۆشی چڵێك گوڵی وەنەوشـە پیشـانداوە، کـەزۆر جـار ڕەنگـە ڕۆژانـە دەیان شتی واببینین و هیچ کاریگەرییەکیشی لەسەرمان دروست نـەکردبێت، بـەڵام شـاعیر توانیویـــەتی هونەرمەندانـــە لـــە دەقێکـــی شـــیعریداو بەمۆســـیقایەکی ســـەرنجڕاکێش و ئاهەنگدارەوە بیخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە، کە وێنەی بەشێك لەو سروشتە فەرامۆشـکراوەی پیشانداوە،کە مرۆڤ ئاوڕی لێنەداوەتەوە.

(گۆران)ی شەیدای شـیعر و جـوانی و دنیـای پـاك و بێگـەرد و سـازگاری هـەوای پـاکی بەرەبەیان و بۆنی گوڵ و ڕۆژێکی نوێی پڕ لە ئومێد ورد دەبێتەوە:

ئەستێرەیەکی جوانی گەشی پڕ لە تەبەسسوم

دەرکەوت و، گەیشت لێوەبە دڵ زەوقی تەماشا...

بەحری هەوەس و شەوقم وەها هاتە تەلاگوم:

بۆ سەیری جەمال کردنی دنیایی بەیانی،

هێشتا شەوی زۆر مابوو کە من کەوتمە صەحرا،

وەك شێت.. بەڵام شێتی شیعر،شێتی جوانی!...(دیوانی گۆران: ل١٧٢)

سەبارەت بەو دەقە شیعرییە (د.فەرهاد پیربال) پێیوایە بەشێك لەو دەقە شـیعرییە لـە دەقێکی شیعری فڕەنسییەوە وەرگیراوە، (گــۆران) دەقاودەق وەریگرتووە:

(پرەنسیپەکانی پەرناسییەت بـە تـەواوەتی لای (گـۆران) ڕەنگـی داوەتـەوە وە زۆر وردبینانـە بـەکارهاتووە،(گۆران) دژی هونـەری بەسـوود بـووە،دژی جـوانی بەسـوود بـووە تەنانەت گەلێك جاران (گــۆران) کۆپلە شیعرێکی پەرناسـەکانی دەقـاودەق ڕاگواسـتۆتەوە بۆناو شیعرێکی خۆی بۆ نموونە لەم کۆپلەیەی (گـۆران) ورد بەرەوە:

كانی یەكی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو:

لە بنیا بلەرزێ مرواریی زیخ و چەو،

جوانترە لەلای من لە دەریای بێ سنوور

شەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ شلێپ وهوور! (دیوانی گۆران: ل ٤٦ )

ئەم كۆپلەیەی (گــۆران) بـەراورد بكـە بـەم كۆپلـەی شـاعیری پەرناسـی فرەنسـی (هێنری دورێنی)، كە لەشیعری (بەختەوەر)یدا هەیەو شاعیر لێی وەرگرتووە :

نەگوێ لە هاواری لافاو بگرە، نە لە بانگی زێ

با لەئەڵماس جوانتر بێ لات زیخ و چەوی ڕێ

لەچوار ڕیانەكان سڵ بكەوەو لە دەنگدانەوەكان ڕابمێنە....

هەر لە میانەی ئەو جوانی پەرستییەی (گۆران)ەوە بۆسروشت و كوردسـتان بەهەنـد وەرگرتنـی ئـەو شـتانەی لای مـرۆڤ فەرامۆشـكراوە دەبیـنین شـاعیر زۆر بـەجوانی و بـەورد بینییەوە و بە كامێرای شیعریی وێنەیان دەكێشێت و ئاوڕیان لێدەداتەوە، لـەم ڕووەشـەوە ئەوەتا لە دەقی (دارچوالەی پشكوتوو )ەكەیدا دەڵێت:

ڕیزێك نەمامی دارچوالەی نازدار

كە ڕێك وەستابوون لەسەر گیای بەهار

وەك بووك ئەندامیان لە سووراو نابوو،

لەنجەی تاوتاویان بۆ چپەی با بوو...

پەڕەی هەلاڵەی چواڵەی سوراو ڕەنگ

جارجار ئەوەری بەخشپەی پێی هەنگ،

تادەگاتە:

جوانترم نەدی وەك بووك وەستابێ،

سەیرانگای چەمی وا پێ ئاوابێ!...

(دیوانی گۆران،ل١٧٦-١٧٧ )

بـە سـەرنجدانێكی دەقەشـیعرییەكانی شـاعیر، لـەبارەی وێنـەی سروشـت و جـوانیی كوردستان و ئەو جوانییەی لە زۆرێك لـە دەقـە شـیعرییەكانیدا ڕەنگـی داوەتـەوە دەگەینـە ئـەوەی، كـە بڵـێین بەڕاسـتی شـاعیر كەسـێكی سروشتپەرسـت بـووەو پەرناسـیزمانە

هونەرەکەی لەپێناو هونەردا بەکارهێناوەو ڕەنگی پێداوەتـەوە بـە دەوری چـرای جـوانی و عەشـق و سروشـتدا سـوڕاوەتەوە،جوانییەکی بـێ مەبەسـت و بەرژوەنـدی بـەڵکو جـوانی هونەرێکی بێگەرد دوور لە هەر ئایدیا و بەرژوەنخوازییەك،هونەر خۆی و بەس.

بەهەرحاڵ جوانی سروشت لایەنێکی بـەهێزو کاریگـەرە لای (گـۆران) ئـا بەوشـێوەیەش دەبینین مەسەلەی جوانی ژنیش لایەنێکی کاریگەرتر و بەسۆزترەو شاعیر بە ئەندێشەیەکی بەرفراوانـەوە زەمینەیـەکی شـیعری بێهاوتـای پـێ بنیاتناوە،ئـەوەش بەشـێوەیەك ڕەنگـی داوەتەوەو بەرجەستەبووە، کە(ڕەفیق حیلمی) لە بەرامبەریدا دەڵێت :

گۆران (هەست بەوە ئەکا کە جوانی ئافرەت کانگەی هەمو جوانیەکانی تەبیعەتە وە بـە ئیلهامی جوانی ئافرەت هەست بەوە ئەکرێ، کە لە تەبیعەتا جوانی هەیە)[1].لەم ڕووەیشەوە شاعیر لەدەقی(ئافرت وجوانی)ەکەیدا دەڵێت:

بەئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە،
لە باغچەی بەهار گوڵم چنیوە،
شەونمی درەخت لەڕووم پژاوە،
لەزەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە،

تادەگاتە:

لە گەرووی شمشاڵ،لە تەلی کەمان
گەلێ هەڵساوەئاوازەی جوان جوان،
ئەمانە هەموو جوانن ، شیرینن،
ڕۆشن کەرەوەی شەقامی ژینن!
بەڵام تهبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکی یە بێ بزەی ئازیز! (دیوانی گۆران: ل ٩–١٠ )

لـــە هـــۆنراوەی (جـــوانی بـــێ نـــاو)دا جیهانبینییـــەکی گشـــتگیر لـــە شـــیعرەکەدا دەردەکەوێت،لە پێشدا بێ نـاوی جوانێـك یـان جـوانێکی بـێ ناو،چـەند ڕەهەنـدێکی لـەخۆ دەگرێت:

---

[1]: ڕەفیق حلمی،شیعر و ئەدەبیاتی کوردی،ب٢، التعليم العالى،اربيل،١٩٨٨،ل ١٦١.

بێ ناوی مەدلولێکە بۆ بێ بایەخی ناسین و ناساندن، ئەمەش دەچێتە دەرەوەی زەمەن و بەردەوامییەکی هەیشەیی پێدەبەخشێت.

ناولێنەنان لە رووی زمانی شیعرییەوە پشتگوێ خستنی رووخسارەو گرنگییەکە لە ناوەرۆك و خودی جوانییەکە،بۆیە دەشێ ئەو ناوە بۆ هەر جوانێکی تریش بەکار بێت بێ ئەوەی هیچ لە مەسەلەکە بگۆڕێت.کاری سەرەکی هونەرمەند خولقاندنی جوانییەو بەس.

قژ کاڵی،لێو ئاڵی،پرشنگی نیگا کاڵ،
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەختێك ئاڵ!
ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپەدوو،
گەندەمووی دەمووچاو، مەچەك هەڵنەگرتوو
ئەی ئەندام وردیلەی،نەرمۆڵەی ئێسك سووك،
ئەی بەرگی ساکارت دلگیرتر لە هی بووك!
راستە من رێبوارم،سەرپێیی ئەڕوانم،
بەڵام وا جوانی تۆ کاری کرد لە گیانم،
ئەڵیی نەك هەر ئێستا،عومرێکی درێژە
بەو دەست و پەنجانەت برینم سارێژە!..

تا دەگاتە:

هربەست نیم رێبوارم، دەربەست نیم رەوتەنیم،
دەزانی شپرزەو دەربەستی ئێجگار چیم؟
هی ئەوەی نیگارێك لە یادم کێشراوە،
شۆخێکی نایابە،بەڵام ئاخ، بێناوە!.. (دیوانی گۆران: ل٤٥-٤٦ )

شاعیر لەدەقی (ڕەوتێکی جوان) دا بە بەراورد لەگەڵ ڕەگەزەکانی تری سروشتدا وەکو( قاز، مراوی، کەو ، پۆڕ...) کە هەریەکەیان ڕەوت و ڕۆیشتنێکی تایبەتی خۆیان هەیە و بەڵام لەناو ئەو هەموو جوانیانەدا بەناز ڕۆیشتنی کچێکی پێ لە هەموویان جوانترە :

بەئاهەنگ تر ، بەخرۆشتر
بەگوێچکەی دڵ دەنگی خۆشتر
پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا

جوانیٚ لە بەژنێکی بەرزا    (دیوانی گۆران: ل١١)

شاعیر لەدیدی پرێنسیپێکی ڕێبازی پەرناسیزم و فەلسەفەی(جوانی لەپێناو جوانیدا) دەبینین لەلای( گۆران)ی شاعیر بەزەقی و بەرفراوانییەوە لەدەقی (بۆ جوانی سەرەڕێ)کەیدا ڕەنگی داوەتەوە :

سلٚ مەکە لەمەیلی بەگەرمی ڕوانینم
پیاوێکم جـــوانییە قیبلەگای ئایینم
سەرەنجێك من ئەیدەم لەو بەژن و باڵایە
لە سینەی پاکەوە بۆ جوانی تەنیایە  (دیوانی گۆران: ل٢٦ )

جوانی و ڕووخسار تاکە ئومێدی شاعیرە و هیچ شتێك لە ژیاندا هێندەی جوانیی سەرنجڕاکێش نییە، تەنانەت ئەو جوانیەشی کردووە بە تەنها ڕووگەو قیبلەی خۆی، جگە لەوەش سەرنجڕاکێشترین شت لە ژندا جوانییە، لەگەڵ ئەو هەموو جوانپەرستی و ڕۆچوونەی شاعیردا بەنێو دیوی جوانیدا دەبینین(گۆران بەچەشنی گەڕیدەیەکی شیعرو ئەدەب و ڕووناکبیرێکی  تینووی بواری خوێندنەوە لەو باوەڕە دابوو، کە ئەدەب تەنیا بریتی نییە لە شیعرو ناتوانیٚ ببێتە سەرچاوەیەکی تاقانەی هەڵگۆزین کەرەسەیەکی لەبار، چونکە چیرۆك ڕۆمانەو سەربووردەی ژیانی شاعیران و ڕووناکبیرانی جیهانەو پەخشانی هونەری و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و زۆری تریش. ئەمانە بۆسەرجەم شاعیرو ڕووناکبیر خۆراکێکی پێویستی ڕۆژانەیە.) لەو ڕووەشەوە شاعیر چیرۆکێکی شاعیری ئینگلیزی (ئۆسکار وایڵد١٨٥٤– ١٩٠٠ ) بۆتە کەرەسەو هەوێنی دەقی شیعری (گوڵی خوێناوی) لەلای شاعیر و بەشێوەیەی ئۆپەرێتێك دەیخاتە ڕوو:

کوڕ:

کچ لەڕێی جوانیتا ، کچ لەڕێی جوانیتا
کچ لەڕێگەی نێونیگای هاتووچۆی کانیتا      (دیوانی گۆران: ل١٦ )

بابەتێکی دیکەی بازنەی پەرناسییزم وەکو لای(هیگڵ) ئاماژەمان پێدا یەکیٚ لە بنەماکانی بەرزیی جوانیی بەرهەمی ئازادییە،کە ئەوە (گۆران) لە چەندین شیعری خۆیدا ئاماژە بۆ نەبوونی ئەو ئازادییە و بەربەستەکانی دەربڕینی جوانیی دەکات.لە شیعری (بۆ گەورەیەکی شیعردۆست)،کە داوای شیعری جوان لە شاعیر دەکات،دەڵیٚ:

بەسەر شیعرا کەسێ زاڵە سەربەست بێ،

بەرەڵڵا بێ، بە عارەقی عەشق مەست بێ،

بۆ من وەها ئەلوێ، ئیتر خامۆش بم،

با لە مەیدان ون بم و فەرامۆش بم!..    (دیوانی گۆران: ل١١٦)

لە زۆربەی شیعری شاعیرانی رۆمانسی و پەرناسییدا نەبوونی و لەمپەری ئەو نائازادییە بۆتە مایەی پەنگخواردنەوەیەکی ئەفراندن،لای (گۆران)یش لە شیعری (هەڵبەستی دەروون)دا وەها بۆتە داهێنان:

بەڵام ئەفسووس! کە ئەو شیعرە جوانانە

باڵدارێکن جێ ناهێڵن هێلانە،

لە ناوەوە ئەجریوێنن،ئەخوێنن

هەرگیز قەڵەم بە کاغەزا ناهێنن!..    (دیوانی گۆران: ل١٢١)

تەنانەت (گۆران) لە وتارەکانیشیدا بایەخێکی زۆری داوەتە جوانی و چەمکی جوانی.لە وتاری (کەڵکی ئەدەب) دا. لەبارەی جوانپەرستی و پەرناسەوە دەڵێت :

پیاوێك بێنە پێش چاو تووشی چەشنە نەخۆشییەك هاتبێ، ئەو جوانییانەی لەزەوی و ئاسمان هەیە، لە ڕەنگ و دەنگ و بۆ هەست بە هیچ کامیان نەکات، ئەو تامەی لە ناو ناوی خۆشدا هەیە،ئەو جوانییەی لە کردەوەی شیرینا هەیە،ئەو بەرزییەی لە رەوشتی چاك و پاکا هەیە، ئەو رووناکی و بریسکانەوەیەی لە بیروباوەڕی راستا هەیە، هەمووی لا هیچ بێ لە بەهرەی چێشتنی ئەمانە بەشبڕاو بێ، ، تکا ئەکەم ئەم پیاوە کلۆڵە، کە بە فەرزی مەحاڵ دروستی ئەکەین، ئەبێ نرخی ژیانی چی بێ؟باوەڕ بکە ئەدەب نەبوایە،–کە سوپاس بۆ کردگار– ئەم بوونی نە سەری ئەگرتە ئێمە هیچ کام بەوانەشەوە،کە بە چاوی سووك بە ئەدەبا ئەڕوانن،ژیانمان لە ژیانی ئەو پیاوە باشتر و خۆشتر و بە مەعناتر تە ئەبوو.[1]

کەواتە (گۆران)ی شاعیر بۆماوەی نۆزدە ساڵ هەڵگری پەیام و پرەنسیپەکانی ڕێبازی پەرناسیزم بووە و هونەرمەندانە لە دووتوێی گەلێك لە دەقە شیعرییەکانییەوە ڕەنگی

---

[1]: ئومێد ئاشنا، گۆران نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی، دەزگای ئاراس،هەولێر،٢٠٠٢،ل٢٢.

داوەتەوەو بەرجەستەی کردوون، کە ئەوەش بۆخۆی پرۆسـەیەکی داهێنـانی ئەدەبییـە بـۆ شاعیر لەمیانەی ئەزموونیی شیعریی ئەودا.

**ئە نجام:**

ئیستاتیکا وەکو بەشێك لە فەلسەفە،چۆن هەموو لایەنەکانی ئەبستمۆلۆژی گرتۆتەوە،لە مەیـدانی ئەدەبیشـدا لـە سـەردەمی گریکەکانـەوە جیگـەی بایـەخ بـووەو ئـەرك و بنـەماو سەرچاوەی شیعری خستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

١– ئیسـتاتیکا لـە شـیعری نوێـدا و لـە رەوتـی بەرەوپێشەوەچـوونی رێبـازە ئەدەبییەکاندا،بە تایبەتی لـە لەبـەر رۆشـنایی رێبـازە فەلسـەفەییەکانی سـەدەی هەژدەهەمەدا دەرکەوتووە،بەڵام لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە و لە رێبازە فۆرمالیستییەکاندا بە تایبـەتی پـەرناسـیزمدا بۆتـە بابـەتێکی زینـدووی رەخنـەی ئەدەبی نوێ.

٢– (گۆران)ی شاعیر وەکـو پێشـەنگی رێبـازی رۆمانسـییزم ودواتـر لـە چوارچـێوەی پەرناسـیزم و باوەڕهێنـان بـە ئیسـتاتیکای ئـەدەب و شـەیدا و پەرۆشـیی هونەرەجوانـەکان بەرهەمـەکانی  پێشـکەش بـە هـەوادارانی جوانناسـی هونـەری کردووە.

٣– بـیری جوانناسـی (گـۆران) لەچـەند بابـەتێکی هـزری و فەلسـەفیدا دەرکـەوتووە، لەوانە: سروشت و خود،ئافرەت و سروشت،نەبوونی ئازادی بۆ چێژی جوانی.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:

١- ئومێد ئاشنا،گۆران نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی،دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٢.

٢- دیوانی گۆران،کۆکردنەوەی (محمدی مەلا کریم)،بەرگی یەکەم،چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق،بەغدا ،١٩٨٠.

١- ڕەزا سەید حسێنی، قوتابخانە ئەدەبییەکان، و.حەمەکەریم عارف، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ،هەولێر، ٢٠٠٦.

٢- رەفیق حلمی،شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم و دووەم،مطبعة التعليم العالي، اربيل،١٩٨٨.

٣- عەبدولقادر محەمەدئەمین، وێنەی شیعری لەڕێبازی رۆمانسی کوردیدا،چاپخانەی سەردەم، سلێمانی ،٢٠٠٢.

٤- عومەر مەعروف بەرزنجی، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی،چاپخانەی (شڤان)، سلێمانی ،٢٠٠٦.

٥- د.فەرهاد پیربال ، ڕێبازە ئەدەبییەکان ،چ٢، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٦.

٦- کەمال مەمەند میراودەلی،فەلسەفەی جوانی و هونەر،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، ١٩٧٩.

٧- د.کامل حسن عزيز البصير،ڕەخنەسازی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق ، بەغدا،١٩٨٣ .

١٠- د.مارف خەزنەدار،مێژووی ئەدەبی کوردی،ب ٦،چاپخانەی ئاراس،هەولێر،٢٠٠٦.

١١- نەورۆز فاروق، گۆران و کاریگەریی ئەدەبیاتی بێگانە،زانکۆی سەلاحەدین-کۆلێژی پەروەردە،٢٠٠٧.(نامەی ماستەر-بلاونەکراوە).

١٢- عەبدولقادر محەمەدئەمین، وێنەی شیعری لەڕێبازی رۆمانسی کوردیدا ،چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ،٢٠٠٢ .

١٣- هەڤاڵ سەلیم تەیب ،چێژی ئەدەبی لە شیعری نوێی کوردیدا،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی پەروەردە،٢٠١٢( نامەی دکتۆرا).

١٤- د.هیمدادی حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان،چاپخانەی ئاراس،هەولێر ،٢٠٠٧.

**بە زمانی عەرەبی:**

١٥- رينية ويليك و استن وارين، نظرية الادب،ترجمة محى الدين صبحي،المؤسسة العربية للدراسات و النشر،بيروت،١٩٨١.

١٦- شارل لالو، مبادئ علم الجمال ، ترجمة خليل شطا، دمشق، ١٩٨٢,

١٧- فضيلة بن عيسى، روميات ابي فراس الحمداني دراسة جمالية، كلية الاداب و العلوم الانسانية و العلوم الاجتماعية، جامعة ابي بكر بلقايد، جزائر ، ٢٠٠٤ .

١٨- د.قاسم حسين صالح،الابداع و تذوق الجمال،دار دجلة،عمان،٢٠١٠,

١٩- عبدالعزيز بومسهولي،استطيقا الشعر في الأسس الفلسفية لعلم جمال الشعر، بڕوانە: http://www.aljabriabed.net/n15_11busamhuli.htm

٢٠- د.عزالدين اسماعيل، الاسس الجمالية في النقد العربي، دار الفكرالعربي،ط٣،القاهرة.

٢١- د.كريب رمضان ، بذور الاتجاه الجمالي في النقد العربي القديم، مؤسسة قاعدة الخدمات الجديدة للطباعة،الجزائر ٢٠٠٣.

٢٢- م.محمد سعد حسان و اخرون،مقدمة في علم الجمال،ط٢،دار نادين،الرياض،٢٠٠٧,

٢٣= مارك جيمينز، ما الجمالية، ترجمة شربل داغر،المنظمة العربية للترجمة، بيروت،٢٠٠٩ .

٢٤- د. ناجي التكريتي، جمالية النفس عند افلوطين، مجلة الموقف الثقافي، ع ٣٩، بغداد ٢٠٠٢.

**ئینتەرنێت:**

http://encyc.reefnet.gov.sy/?page=entry&id=209140 -

هەواڵنامەی کتێب

# زمانی شیعری نوێی کوردی
# کوردیی ناوەڕاست(١٩٥٠-١٩٧٠)



هەرێمی کوردستانی عێراق
زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی کوردی

نیستاتیکای دەقی شیعریی کوردی ـ کوردستانی عێراق
( ١٩٥٠ ـ ١٩٧٠ )

نامەیەکە
جەبار ئەحمەد حسێن
وەك بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا ، پێشکەشی کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە

بەسەرپەرشتی
پ . ی . د . هیمداد حسێن بەکر

( ٢٧٠٥ )ی کوردی ( ٢٠٠٥ )ی زاینی ( ١٤٢٦ )ی کۆچی

هەواڵنامەی کتێب

## بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان:[1]

شیعریی نوێی کوردی ساڵانی پەنجا و شەستەکان لە کوردستانی عێراقدا، لەسەر بنەمای ئەو قوتابخانە شیعرییە کلاسیکییە دامەزرا بوو، کە (نالی و سالم و کوردی) بناغەکەیان داڕشتبوو، زمانی شیعریی کلاسیکییش بە دیالێکتی کرمانجی خواروو، بناغەکەی نیمچە دیالێکتی ناوچەی سلێمانی بوو، کە بە کاریگەریی شیعر و ئەدەبیاتی کلاسیکی نەتەوە دراوسێکان" بە تایبەتی– فارسی و عەرەبی– ببووە زمانێکی کوردی تێکەڵ بە وشەی عەرەبی و فارسی، بەڵام لە چوارچێوەی یاسا فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسییەکانی زمانی کوردیدا داڕێژرا بوو.

پاشان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، تا دەگاتە پێش ئەم قۆناغە(پەنجا و شەستەکان)، زمانە شیعرییەکە بە قۆناغی بژارکردن و پاککردنەوەدا تێپەڕی، تەنانەت لەم قۆناغەیشدا ئەم پرۆسەی بژارکردنە هەر بەردەوام بوو" واتە (وەك قۆناغی پێش خۆیان) بژارکردنی زمانەکە لە وشە بێگانەکان و گەڕانەوە بۆ زمانی کوردی پەتی تایبەتییەکی زمانی شیعری ئەم قۆناغەیش بوو، هەروەك (گۆران) لە پێشەکی دیوانی (بەهەشت و یادگار)دا، زمانی شیعرەکانی کردۆتە پێوەری جیاکردنەوەی شیعرە کۆن و تازەکانی: ((رێگای هەرەچاك بۆ جوێکردنەوەی تازە و کۆنیان، وردبوونەوە لە زمان و لوغەتی پێ نووسینیان راسپێری ئەکەم، هەچ هەڵبەستێك وشە و ترکیبی عەرەبی و فارسی زۆر تیابێ، بە ئەندازەی ئەو کەمی و زۆری یە، کۆنە، پێچەوانەی ئەوەش دیارە پێچەوانەیە))[2].

ئەوەی جێگای سەرنجە" ئەوەیە لە شیعری هەندێك شاعیری ئەم ماوەیەدا، ئەم پرۆسەیە لەسەر حیسابی شیعرییەتی دەقەکاندا کراوە !..

بەگشتی دوو شێوازی زمانیی لە شیعری ئەم ماوەیەدا دەبینرێن، هەندێجار لە شیعرێکدا هەردوو شێوازەکە پێکەوە بەکارهێنراون ئەوانیش:

**١- شێوازی قسەی خەڵکی سادە:** ئەمەش واتە بەکارهێنانی زمانێکی سادە و روون و بێتەمومژ، نەوەك زمانێکی تۆکمە، کە تەنیا توێژێکی تایبەت لە رۆشنبیر و خوێندەواران

---

[1] بە هاوبەشی لەگەڵ د.جەبار ئەحمەد حسین، لە نامەی ماستەرەکەی (ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی کوردستانی عێراق ١٩٥٠-١٩٧٠)، ٢٠٠٥.

[2] گۆران (دیوان)، محمدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠.

لێی تێبگەن“ (وەك لە شیعری كلاسیكدا وا بوو)“ ئەم جۆرە بەكارهێنانەی زمان لە شیعردا، زۆرجار لە بەهای شیعریی كەم دەكاتەوە و لە قسەی راستەوخۆی نزیك دەكاتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە توانای شاعیرێتی هەر شاعیرێك لە بەكارهێنانی زمانە شیعرییەكەیدا هەیە.

هەر بۆ نموونە، (شێركۆ) لە (شەقامی كچان)دا بە زمانێكی سادەی خەڵك شیعرەكەی دارِشتووە، كە تەنانەت كەسێكی نەخوێندەواریش بە ئاسانی لێی تێدەگات، بەڵام ئەم سادەییە لە بەكارهێنانی زمانە شیعرییەكەیدا، لە بەهای شیعرەكەی كەم نەكردۆتەوە و توانیویەتی لەو زمانە سادەیەوە چەندین وێنەی شیعریی جوان و وەسفی ورد ساز بكات. ئەگەر سەرنجێك لە شیعرەكە بدەین وشە و گوزارشتەكان سادە و بازارِین و زۆربەشیان تایبەت بە جلوبەرگ و رازانەوەی كچانن، وەك: (شەقام، كۆگا، پێشانگا، بازارِ، هاروهاج، گلاراو، پرِپیاكردن، موغازە، عەتر، بازنگ، پێپلكە، قاچ لەسەر قاچ دانان، تەنوورەی تەسك، شیفۆن، لێوهەڵقورتاندن، لاكیسەی مەمك، تاكسی، دامێنی كورتی كراس، قارس، تەرتیبی تازە، چاوشاركێ، پشتێن، ژێر كراس، چاورِشتن، ملوانكە، مووروو، ئاوێنەی كۆگا، زنجیر، ئەتەك، ئەڵقە، دوگمە، موستیلە، رِەفتە، تەلەفۆن، جامخانە، پل و پێ، گوارە، ... هتد)، ئەم وشە و گوزارشتە سادانە بوونەتە بناغەی زمانە شیعرییەكە، بەڵام توانیویەتی چەند وەسفێكی وردیان لێوە سازبكات، ئەگەرچی سادەن، بەڵام تەنیا شاعیرێكی ورد دەتوانێت ئەو سەرنجانە بەو شێوەیە تۆمار بكات“ كە لە خوێندنەوەی شیعرەكەدا ئەو وتە بەناوبانگەی (شۆپنهاوەر)مان دێتەوە یاد، كە دەڵێت: (هونەرمەند چاوەكانی خۆیمان دەداتێ، تاوەكو جیهانی پێ ببینین).[1]

ئەمانەش هەندێك لەو وەسفە وردو وێنە شیعرییانەن:

**(هەر گۆی مەمكێ كە ماچ ئەكا شیفۆنێكی كاڵ)[2]**
**یان بینینی ملوانكەیەك كە موورووی دوای،**
**شۆرِە و ماچی مەمك ئەكا زۆر بەئەسپایی! !**[3]

---

[1]: د.شفیق یوسف البقاعی، الٲنواع الٲدبیە (مڑاهب و مدارس)، گ (١)، بیروت، ١٩٨٥، ص١٥٣.
[2]: شێركۆ بێكەس، تریفەی هەڵبەست، بەغدا، ١٩٦٨، ل١١٢.
[3]: سەرچاوەی پێشوو، ل١١٤.

یان بە ترازانی دوگمە مەمك دەردەکەوێت و دەتۆرێـت و زویـر دەبێـت، دوگمـەش داوای لێبوردنی لێدەکات:

**یان بینینی دوگمەیەکی سەر سنگ ترازاو**

**کەلێ بوردن داوا ئەکا لە مەمکی تۆراو ! ![1]**

یاخود لەم وێنە شیعرییەدا، دیمەنێکی سینەمایی پیشان دەدات:

**یان بینینی موستیلەیەك یاقووتەکەی سوور**

**لە پەنجەدا پرشنگ ئەدا بۆ لاوێکی دوور[2]**

هەروەها دەڵێت:

**یان گوارەیەك تۆزێك شۆڕە و کــە لە ئاوڕدا**

**خۆی هەڵئەسوێ لە لاجانگ و سەر لە کولْم ئەدا**

ئەم وێنە شیعرییە سـەرکەوتووانەی لـە زمـانێکی سـادەوە خـولقێنراون، ئـەوە دووپـات دەکەنەوە، کە شاعیری بە توانا لە هەموو کەرەستەیەکی خاو دەتوانێت داهێنانی شـیعریی بکات، هەروەها ئەوەش دووپات دەکاتەوە" کە وشەکانی ناو زمان هەموویان گونجـاون لـە بەکارهێنانێکی شیعرییدا ببنە وشەی شیعریی. بەڵام تەنیا بە ریزکردن و خستنە ناو قـاڵبی کێش و سەروا سیفەتی شیعرییەت وەرناگرن. بۆ نموونە" کاتێك شیعرێکی وەك (بـە بۆنـەی بیرەوەری ساڵی یەکەمی ١٤ ی تـەمووزی پـیرۆزەوە)ی (رەفیـق حلمـی) دەخوێنینـەوە، وا دەزانین لاپەڕەیەك لە یاداشـتەکانی دەخوێنینـەوە، بـەڵام لـە نـاو قـاڵبی کـێش و سـەروادا داڕشتووە، کە رەگەزی مۆسیقاش بە تەنیا شیعر ناخولْقێنێت!.

یان ئەگەر بڕوانینە شیعری (**ئیمشەو**)ی (**جەوهەر خەمگین**) لە رەگەزی کـێش و سـەروا بەولاوە، هیچ رەگەزێکی شـیعری تـری تێـدا نـابینین و لـە پارچـە پەخشـانێکی سـادە یـان یاداشـت و (خـاطرات)ێکـی رۆژانـە دەچـێت، هـەر بـۆ نموونـە کۆپلـەی دووەم و سـێیەمی وەردەگرین:

---

[1]: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥.

[2]: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥.

*ئیمشەو، ئیمشەو بۆ چووین*

**بۆ ماڵی دڵدارەکەم**

**هەر من و دایکم بووین**

**لەگەڵ دڵە بیمارەکەم**

**دانیشتین هەموو پێکەوە گشت**

**بیری جوان ناخۆش ششت**

**بە گفتوگۆی جوان و شیرین**

**جارجارەش بە پێکەنین**

**سەراپامان کردە بەهار – ژین –**

* * *

**ئەو شەوەم هەرگیز**

**لە بیر ناچێتەوە**

**شەوی چوارشەم، گونەری پاییز**

**هەردەم بەبیر دێتەوە**[1]

**٢ – شێوازی زمانی ئەدەبی:** مەبەست لەو شێوازەیە کە بە سوود وەرگرتن لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی و قۆناغی پێش خۆیان، زمانێکی ئەدەبی بەرزتر لە زمانی خەڵک داڕێژراوە، زمانێك کە وشە و گوزارشتی وای تێدا بەکاردەهێنرێت، لە زمانی ئاساییدا بەو شێوەیە بەکارنایەت.

**(کامەران)** دەڵێت:

**جاران دڵم بە مەئیوسی**

**دێڕی خەفەتی ئەنووسی**[2]

---

[1]: جەوهەر خەمگین، خاك و رۆژ و خۆشەویستی، چ ٢، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٣٠–٣١.

[2]: کامەران موکری (دیوان)، پێشەکی و پەراوێز نووسینی (عەبدوڵڵا عەزیز خالد)، بەغدا، ١٩٨٨، ل ٧٩.

(مەئیوس) وشەیەکی عەرەبییە و پاشماوەی کاریگەریی شیعری کلاسیکییە، گوزارشتی (دێڕی خەفەت) گوزارشتێکی شیعرییە و لە زمانی ئاساییدا گوزارشتی لەو شێوەیە بەکارناهێنرێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە" لە شیعری ئەم ماوەیەدا ئەگەرچی زمانەکە وشەی بێگانەیشی تێدا بێت، بەڵام بە بەکارهێنانێکی نوێ و بۆ دەربڕینی واتای نوێ و دروستکردنی وێنەی شیعری نوێ بەشداری کردووە، نەوەك لاساییکردنەوەی کلێشەکانی شیعری کلاسیکی.

**(دلزار)** لە **(بۆ هاوڕێ یانی نەمر)**دا[١]، کاریگەریی زمانی شیعریی کلاسیکی پێوە دیارە، بەڵام بابەتە شیعرییەکەی نوێیە و وێنە شیعری نوێی پێکهێناوە، وشەکان واتای تر" (جیاواز لە واتاکانی ناو شیعری کلاسیکی) دەبەخشن.

رەنگە هەندێجاریش بەکارهێنانی وشە و گوزارشتی کۆن لە شیعری نوێدا، بە مەبەست بێت، واتە ئاماژە بێت بۆ واتایەکی تایبەتی، یاخود کارە شیعرییەکە ئەو زمانە دەخوازێت" بۆ نموونە(گۆران) لەم دێڕە شیعرەدا باس لە غەزەلی ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتی ئیسلامی دەکات، وشەی (مەحزوون) بەکاردەهێنێت:

**غەزەل غەزەل عەشقی (فضوولی) و (مەجنوون)**
**بە دەنگی سۆز ئەخاتە بەستەی مەحزوون**[٢]

بەڵام ئەم دێڕە شیعرە لە چوارچێوەی شیعرێکدایە، کە بابەتەکەی هاوچەرخە و باسی رێبازی مارکسیزم دەکات و ناونیشانی شیعرەکەش **(رێگای لەنین)**ە.

یان سەراسەری ئەو شیعرە بەناونیشانی **(بۆ سالم)** نووسیویەتی[٣]، زمانەکەی کلاسیکییە، بە تایبەتی بە کاریگەریی زمانی شیعریی (سالم) نووسیویەتی" واتە بابەتەکە وای خواستووە و **(گۆران)** خۆی وای پێ جوان بووە، شیعرەکە دابڕێژێت.

ئەوەی لەو چەند لاپەڕەی پێشوودا ئاماژەمان بۆ کرد، مەبەستمان لەو زمانە بوو کە بۆتە بناغە، یان کەرەستەی خاوی زمانی شیعریی ئەو ماوە، بەڵام ئەوەی زیاتر مەبەستمانە لەم باسەدا بیخەینە ڕوو، زمانی شیعرییە بە واتا فراوانەکەی، واتە ئەگەر

---

[١]: دلزار، خەبات و ژیان، بغداد، ١٩٦٠، ل ٢٢–٢٣.
[٢]: دیوانی گۆران، محمدی مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٨٠، ل٣٠٨.
[٣]: سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٧.

ئەوەی ئاماژەمان پێدا بە کەرەستەی زمانی بەردەم شاعیری ئەم ماوەیەی دابنێن، ئەوا هەوڵدەدەین لە لاپەڕەکانی داهاتوودا" چۆنیەتی مامەڵەکردنی شاعیرەکان لەگەڵ ئـەو کەرەستــانەدا بخەینە ڕوو.

**سیماکانی زمانی شیعریی ئەم ماوەیە لە دوو ڕووەوە تەماشا دەکەین:**

یەکەمیان" زۆری و کەمی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان و دەستنیشانکردنی ڕێژەی بەکارهێنانیان" چ بە گوێرەی یەکتری (کەرەستەکان)، چ بە گـوێرەی شـاعیرەکان، یـان بـە بەراوردکردنی لەگەڵ شیعری کلاسیکی کوردیدا.

لە دووەمیشیاندا" لادانە شیعرییەکان لە پێوەری زمانە بەکارهاتووەکەدا دەخەینە ڕوو.

**تەوەری یەکەم: (بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکان):**

١ – **فەرهەنگی وشەکان:** یان (فەرهەنگی شیعری ئەو ماوەیە):

(س. م. باورا **C. M. Boura**) پێیوایـە: (هـەموو شۆڕشـێك لـە شـیعردا، بـە پلـەی یەکەم" کێشەی فەرهەنگی شـیعریی و بـەکارهێنانی وشـەیە.)[1] مامەڵـەکردنی شـیعر لەگـەڵ زماندا بەو شـێوەیە نییـە کـە خـۆی (زمـان) هەیـە، بـەڵکو بـە جۆرێکـە کـە دەبێـت ببێـت" مەبەستمان لەوەیە ئەو واتایانەی هێما زمانییەکان هەیانە شیعر مامەڵەیان لەگەڵدا ناکـات، بەڵکو دەیەوێت هێمای تریان بۆ بخوڵقێنێت. فەرهـەنگی شـیعریی لـەوەدا فەرهـەنگی زمـان جیادەبێتەوە، کە تەنیا ئەو واتایەی نییە لە فەرهەنگی ئەو زمانەدا هەیە، بـەڵکو واتـای تـر دەگەیەنێت، هەندێکیان دوور و نزیك پەیوەندیان بە واتـا فەرهەنگییەکانـەوە هەیـە" کاتێـك (هەردی) دەڵێت:

**ئەم چەند قسەیەم، وتووە بە تۆ، ئەمڕۆ بە چاکی**
**گەرچی ئەش زانی: دڵـی بـەردت نـی یە بـاکی![2]**

لەم دێڕە شیعرەدا" گوزارشتی (دڵی بەرد) لە دوو وشە پێـك هـاتووە، هـیچ کامیـان بـە واتا فەرهەنگییەکـەی خۆیـان بەکارنـەهاتوون، (دڵ) بـە واتـای ئـەو ئەندامـە ناسـراوەی مـرۆڤ

---

[1]: د. سلمى الخضراء الجيوسي، الاتجاهات و الحركات في الشعر العربي الحديث، ترجمة: (عبدالواحد لؤلؤة)، بيروت، ٢٠٠١، ص ٧٢٥.

[2]: ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، بەغدا، ١٩٥٧، ل٢٤.

بەکارنەهاتووە، (بەرد)یش واتـای ڕەگـەزە سروشـتییە ناسـراوەکەی نەگەیانـدووە، بـەڵکو دڵ واتایەکی ئەبستراکتی وەرگرتووە، کە جێگای (سـۆزەکانی) مرۆڤـە، بـەردیش تـەنیا سـیفەتی (ڕەق)یەتی لێوەرگیراوە، کە پێکەوە واتای (بێسۆز)یان (بێبەزەیی) دەگەیەنن، هەریەکـەیان پەیوەندییـەکی دوور و نزیکیـان بـە واتـا فەرهەنگییـەوە هەیـە، (دڵ) کـە جێگـای سـۆزە، لـە بیرێکـی هەڵـەی مرۆڤـەوە هـاتووە بـۆ ئـەرکی ئـەم ئەندامـە، (بـەرد)یش لەبـەر سـیفەتی (ڕەق)یەکەی بەکارهێنراوە.

بەڵام هەندێجار وشەکان هـیچ پەیوەندییـەکیان بـە واتـا فەرهەنگییەکانیانـەوە نـی یـە" ئەمەش بە لادان دادەنرێت، کە لە لاپەڕەکانی دواتر زیاتر ڕوونی دەکەینەوە.

**(دیلان)** لە شـیعری (ڕەز)دا[1] گوزارشـتی (گـڕی تـەڕ) بـەکاردێنێت، کـە پێکـەوە واتـای (شەراب) دەگەیەنن، لە ڕاستیدا دوو وشە کە هیچ بە واتای خۆیان بەکارنەهاتوون و پێکەوە واتایەکی (دژ) پێك دێنن، چونکە (گڕ) و (تەڕ) دوو ڕەگەزی سروشـتی دژی یـەکن و بـوونی یـەکتری نـاهێڵن، بـەڵام شـاعیر ئـەم پەیوەندییـەی لـە نێوانیـان دروسـت کـردووە، تـاوەکو واتایەکی تری جگە لە خۆیان بگەیەنن. ئەو پەیوەندییەش لەگـەڵ واتـا نوێیەکـەدا دروسـت بووە" لە وشەی (گڕ) سیفەتی (گەرمی) وەرگیراوە، کە هەمان سیفەت لە (شەراب)دا هەیە، دەنا لە فەرهەنگدا واتاکانیان هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە، بەڵکو ئـەم پەیوەندییـە شیعرییە، شاعیر خوڵقاندوویەتی، بـەڵام وشـەی (تـەڕ) و (شـەراب)، پەیوەنـدییان پێکـەوە هەیە، کە (تەڕی) سیفەتێکی (شەراب)ە.

یان لەم دێڕە شیعرەی **(گۆران)**دا:

**دەوروپشتی دەریای شینە و بە تەنیا،**
**سەرنج ئـەدا لە ئێوارەی ڕووی دنیـا..**[2]

لە گوزارشتی (دەریای شـین)دا، زۆر ئاسـاییە ئاوەڵنـاوی (شـین) بدرێتـە پـاڵ (دەریـا) و واتایەکی فەرهەنگی دەگەیەنن، بەڵام لە ناو کایە شـیعرییەکەدا واتایـەکی تـر دەبەخشـن دوور لەو واتای خۆیان، کە ئەویش (ئاسمان)ە" ئەمەش لەسەر بنـەمای لێکچـوواندن بنیـات نـراوە"

[1] محمد صالح دیلان، دیلان، بەغدا، ١٩٦٩، ل ١٣٢-١٣٦.

[2] گۆران، سروشت و دەروون لەگەڵ ئۆپەرێتی ئەنجامی یاران، سلێمانی، ١٩٦٨، ل ٢٥.

(ئاسمان وەك دەریـای شـینە)، لـەو چـوو نادیـارە و لێچـوو و رووی لێکچـوونەکەیش (رەنگـی شین) دیارن.

هەر لە باسی فەرهەنگی شـیعرییەوە، بابـەتی گونجـانی وشـەکانی نـاو شـیعرێك، دێتـە ئاراوە، لەلایەکەوە لەگەڵ یەکتری و لەلایـەکی تـرەوە لەگـەڵ کەشـی گشـتی نـاو دەقەکـە، ئەمەش کاتێك هەستی پێدەکرێت، کە هـەموو وشـەکان بچنـە نـاو یـەك کێڵگـەی واتاییـەوە (فێڵد)، یـان چـەند فیلدێکـەوە، کـە پەیوەنـدی بـە بابـەتی شـیعرەکەوە هەیـە، لەبەرئـەوە دەتـوانین لـە رێگـای فیلـدە دیارەکانـەوە لـە شـیعری ئـەو ماوەیـەدا (یـان لای شـاعیرێك)، دیـارترین و گـرنگترین بابەتـە شـیعرییەکانی ئـەو ماوەیـە دەستنیشـان بکـەین، یـان بـە پێچەوانەوە، لە رێگای بابەتە شیعرییەکانەوە کێڵگە واتاییەکان دەستنیشان بکەین.

کاتێك وشەکانی ناو شیعر (یاخود فەرهەنگی دەقی شیعریی) بە پێـی بابەتـەکان پـۆلین دەکەین، ئامانجمان بە دیارخستنی پێکهێنەرە واتاییە سـەرەکییەکانی نـاو دەقەکـە" (یـان شیعری ئەو ماوەیە بە گشتی)یە، بەلاَم نابێت ئەوە فەرامۆش بکەین" کـە دابرِینـی وشـە لـە ناو کایەی دەقێکدا، واتایەکی دوور لە واتای گشتی دەقەکە پیشان دەدات، چونکە (هـەموو یەکەیەکی سیمیایی (ئامازەیی) دابراو لە زمانی ئاساییدا، ناچێتە ناو زمانی شیعریی، تـەنها بـۆ بـەجێ هێنـانی ئـەرکێکی سـیمیایی ئـاڵۆز نـەبێت.)[1]، بـەلاَم ئـەم کـارە تـا رادەیـەك دەستنیشانکردنی واتای دەقەکە ئاسان دەکات.

### فیلدی ( جوانیی ئافرەت و سروشت ):

یەکێکـە لـە بابەتـە دیارەکـانی شـیعری شـاعیرانی پـەنجاکان و شەسـتەکان، ئەمـە تەنانەت لە ناونیشانی دیوانەکاندا رەنگـی داوەتـەوە" وەك: (نـازەنین، بەهەشـتی دڵـداری، گوڵی دڵداری، جەمیلە، شیرین، دڵی کچان، پەیمان و جوانی، ...هتد). یـان لـە ناونیشـانی شیعرەکاندا بۆ نموونە لای (گۆران) چەندین ناونیشانی لەم شـێوەیە دەبینـرێن: (ئـافرەت و جوانی، رەوتێکی جوان، بۆ جوانی سەرە رێ، بەستەی دڵدار، جوانی لە لادێ، بۆ خانمێك، بۆ گەورە کچێك، جوانی بێ ناو، بۆ کچێکی بێگانە، ... هتد)، یان لەلای (پیربال مەحموود) ئەم ناونیشانانە هەن: (پرشنگی دڵداری، پەروین، تـاجی جـوانی، گـوڵی دڵـداری، کیژۆڵـەی

[1] د. عمر محمد طالب، عزف علي و تر النص الشعري، دمشق، ٢٠٠٠، ص١٨٢.

بەناز، بۆ بووکی جوانی، نەسرین، کچی ئاسمان، ئەی کچ، کچانی کوردان، بەهەشتی جوانی، چەند جوانی، ... هتد).

بۆ نموونە، ئەگەر سەرنجی شیعری (جوانی بێ ناو)ی (گۆران) بدەین[١]، زۆربەی وشە و گوزارشتەکان دەچنە ناو دوو فیلدەوە: (جوانی ئافرەت) و (جوانی سروشت)، کە ئەمە یەکێکە لە تایبەتییە دیارەکانی شیعری (گۆران)" کاتێك وەسفی جوانی ئافرەت دەکات، جوانی شت و دیاردە سروشتییەکان لە ئاستی ئەم جوانییەدا بێ دەنگ و بێ رەنگ و بێ گیان پیشان دەدات.." ئەو وشە و گوزارشتانەی دەچنە ناو فیلدی (جوانی ئافرەت) وەك: (قژکاڵ، لێوئاڵ، نیگاکاڵ، کچە جوانەکە، سەرگۆنا، نەختێك ئاڵ، گەندەمووی دەموچاو، مەچەك هەڵنەگرتوو، ئەندام وردیلە، نەرمۆڵە، ئیسك سووك، بەرگی ساکار، دلگیر، بووك، جوانی تۆ، دەست و پەنجە، کچە کاڵەکە، نیگا، شۆخێکی نایاب، ...)، ئەو وشە و گوزارشتانەیش دەچنە ناو فیلدی (جوانی سروشت)ەوە وەك: (باغچەی بەهار، گوڵباخ، بەرخۆر، شاگوڵ، تەڵێ وەنەوشە، سێبەری تورك، ئاسمان، ئەستێرەی بەربەیان، کانی روون، تریفەی مانگە شەو، مرواری زیخ و چەو، دەریایی بێ سنوور، شەپۆل، تیژگی خۆر، ...).

زۆر جار ئەو وشانەی بە رواڵەت دەچنە ناو فیلدی (سروشت)ەوە، لە ناو دەقە شیعرییەکەدا ئاماژە بۆ بارێکی دەروونی تایبەت دەکەن" وەك بەکارهێنانی (بەهار، گوڵ، گوڵزار، ...) بۆ (خۆشی) و (پایز، گەڵاڕێزان، سیس بوون، ...) بۆ (ناخۆشی) و (شەو) بۆ (خەم) و (رۆژ) بۆ (هیوا) و ... هتد. بەڵام ئەم بەکارهێنانانەیش رەها نین، بەڵکو کایەی گشتی شیعرەکە دەستنیشانی واتاکانیان دەکات.

**(کامەران)** لە شیعری (پەشیمانی)دا [٢]، لە (هەشت) دێڕی سەرەتادا، فیلدی (سروشت) بە تەواوی بەسەر فەرهەنگی واتای شیعرەکەدا زاڵە، بەڵام هەموو ئەو رەگەزە سروشتیانەی لەو چەند دێڕەدا کۆی کردوونەتەوە، بەمەبەستی پیشاندانی باری دەروونی خەمناکی خۆیەتی، نەك سروشتی خۆی.

---

[١] گۆران، بەهەشت و یادگار، بەغدا، ١٩٥٠، ل١٣٨.

[٢] دیوانی کامەران موکری، پێشەکی و پەراوێز نووسینی (عەبدوڵڵا عەزیز خالد)، ١٩٨٨، ل٥٠.

**فیلْدی (خەم):** فیلْدی (خەم) یەکێکە لە فیلْدە فراوانـەکانی فەرهـەنگی شـیعریی ئـەم ماوەیە، لە ناونیشانی دیوانەکانیشدا رەنگیداوەتەوە: (فرمێسك و هونەر، ئـازار و ئـاوات، رازی تەنیایی، فرمێسك و یادگار، کسپەی سۆز، کلْپەی دەروون، ژیـانێکی پـڕ ئەندێشـە، سۆزی دەروون، فرمێسـك و زەردە خەنـە، فرمێسـك و زام، ناسـۆری دەروون، فرمێسـکی نهێنی، کەژاوەی گریان، ..).

بابـەتێکی بـڵاوی شـیعریی لـەم ماوەیـەدا خـەمی دووری و نەگەیشـتن بـە یـار و خۆشەویستە، کە ئەمەش فیلْدێکی دیار لە فەرهەنگی شیعریی ئەو سەردەمە دیاری دەکـات بە ناوی (خەم)، بۆ نموونە" بە چاوخشاندنێك بە دیوانێکی وەك (رازی تەنیایی)ی (ئەحمەد هەردی)دا، بە ئاشکرا زاڵبوونی ئەم فیلْدە لە سەراسـەری شـیعرەکاندا دەبینرێـت" چـەندین وشە و گوزارشتی لەم شێوەیەمان دێتە پێش چـاو: (بێچـارە، سـەرکز، دامـاو، زام و بـرین، تـاریکی، ئـاواتی بێگیـان، ژینـی پەسـتی، خـەمی دنیـا، تـەپوتۆزی خـەم، پـایزی ماتـەم، گۆڕپیچکە، هەوری ڕەش، گۆڕی تـەنگ و تـەنیا، گـۆڕی تـەنیایی، عـومری کۆتـایی، مـەرگی رووناکی، شیوەن، تێکشکاو، نائومێدی، ناسۆری، نامرادی، مەینەت، دەستی خەم، ئەشکی خوێنین، شەوی تەنیایی، زام، دەروونی پڕ لە ناکامی، باڵی غەمناك، ... هتد).

یـان جـۆرە خـەمێکی تـر، کـە بابـەتێکی تـری دیـارە لـەم ماوەیـەدا، ئـەویش (خـەمی نیشـتیمان و کوردسـتان)ە" ئـەوەتا (شـێرکۆ) دیـوانێکی بـە نـاوی (کـەژاوەی گریـان)ەوە دەکات، کە خەمەکان خەمی نیشتیمانن، (خـەم) بەشـێکی فراوانـی فەرهـەنگی دیوانەکـەی داگیرکردووە، وەك: (گۆڕستان، زستانی ژین، خۆزگەی نێژراو، ئاواتی دڵ نـەترووکاو، گـۆڕ، فرمێسك، شەهید، سەیوان، تەرم، بەستەڵەکی خەم، ...).

یەکێکی تر لە جۆرەکانی فیلْدی (خەم)، بابەتی شیوەن و لاوانەوەیە، کە لای زۆربەی شاعیرەکان دەبینرێت، بـە تایبـەتی لای (دیـلان و کامـەران و گـۆران..). لای دیـلان ئـەم شیعرانە: (بێخودی شاعیر، شێخ مەحمودی زیندوو، هاوڕێم حەسەن، مامە کرنوو، ...) و لای کامەران: (لافاو، شێخ مـەحمودی نـەمر، ئەختـەر، کامـل، گـوڵی وەریـو، ...) و لای گۆرانیش: (هـاوڕێم بێکـەس، لاوانـەوەی سـەرەڕێ، لەسـەرەمەرگی هیـوادا، گـوڵی کـەم خایەن، شیوەنی گوڵاڵە، ..) دەبینرێن.

دەتوانین بڵێین: بابەتەکانی خەم وناخۆشی و لاوانەوە، هەموویان یەك فیلدی گشتی پێك دەهێنن، کە فیلدی (خەم)ە، هەندێجار لە یەك شیعردا خەمەکان پێکەوە کۆدەبنەوە. ئەوەی ئێمە مەبەستمانە رەنگدانەوەی ئەم بابەتە فراوانەیە لە فەرهەنگی شیعریی ئەو ماوەیەدا و بۆتە هۆی کۆبوونەوەی کۆمەڵێك وشە، کە رۆڵی (نێگەتیڤ) یان هەیە لە ژیاندا.

## فیلدی (نیشتمان پەروەری):

فێلدێکی فراوانی تر لە شیعری پەنجا و شەستەکاندا بابەتی نیشتمان و خەبات و تێکۆشان و شۆرش.. ە، هەموویان کۆمەڵێك وشە و گوزارشتی زۆریان هێناوەتە ناو فەرهەنگی شیعری ئەم ماوەیە و دەکرێت لە ژێر ناونیشانی فیلدی (ئازادی و سەربەستی)دا کۆیان بکەینەوە، ئەمیش وەك فیلدەکانی تر بە ئاشکرا لە ناونیشانی دیوانە شیعرەکاندا هەستی پێدەکرێت: (پەیامی کورد، شەڕ و ئاشتی، ئاشتی، شۆڕش، ئاوازی ئاشتی و ئازادی، خەبات و ژیان، کوردایەتی، ئازادی و ژیان، کوردستان، ..)، ناونیشانی شیعرەکانیش وەك: (سەربازی نیشتیمان، قینی گەل، سەربەستی، داری ئازادی، سوێند، کوڕانی خەبات، کوردستان، یەکیەتی خەبات، هۆ داگیرکەر، شۆڕشی (١٤) ی تەمووز، لە خەو ڕاپەڕە، ...). ئەم فیلدەش لە فەرهەنگی شیعری زۆربەی شاعیرەکاندا جێگای خۆی گرتووە، بە تایبەتی لە دیوانەکانی (دلزار و کەریم شارەزا و گۆران و کامەران و دیلان..).

ئەو فیلدانەی ئاماژەمان پێدان" دیارترین و گرنگترین ئەو فیلدانە بوون، کە زۆربەی وشە و گوزارشتەکانی فەرهەنگی شیعری ئەو ماوەیە، بەسەریاندا پۆلین دەکرێن" ئەمەش رەنگدانەوەی بابەتی شیعریی لە زمانی شیعریی (بە تایبەتی فەرهەنگی شیعریی)دا پیشان دەدات.

هەر لە رێگای ئەو کێلگە واتاییانەوە، دوو ئاڕاستەمان لە شیعری ئەو ماوەیەدا بۆ دەردەکەوێت" ئاڕاستەیەکیان بەرەو ژیان دەڕوات و لایەنی پۆزەتیڤی ژیان پیشان دەدات، کە لە فیلدەکانی (خۆشەویستی ئافرەت و سروشت و نیشتیمان، خەبات بۆ ئازادی مرۆڤ)دا دەبینرێت. ئاڕاستەی دووەمیشیان خۆبەدەستەوەدان و مل نانە بەرەو مردن، کە لایەنی نێگەتیڤی ژیان پیشان دەدات، ئەمەشیان لە فیلدی (خەم)دا خۆی دەبینێتەوە. ئەمە نەك

تەنیا خاسیەتێکی شیعری ئەو ماوەیەیە، بەڵکو لە لای زۆربەی شاعیرەکان ئەم (دژایەتی)یە بوونی هەیە.

## پەیوەندی وشە و گوزارشتەکان بە بەشەکانی ناو شیعر:

هـەر لـە چوارچـێوەی فەرهـەنگی وشـەدا، بابـەتێکی تـر هەیـە" ئـەویش دابـەش بـوون و گونجانی وشە و گوزارشتەکانی (یان فیلـدەکانی)ناو شـیعرێکە" بـە پێـی سـەرەتا و ناوەنـد و کۆتایی شیعرەکە. بۆ روونکردنەوەیش نموونەیەکی شـیعری (گـۆران) وەردەگـرین، بـە نـاوی **(سەوزە گیای پاین)**[١].

دەتوانین شـیعرەکە بکـەین بـە دوو فیلـدی سـەرەکییەوە" یـەکێکیان نـاو لێ دەنـێین (پیریی)، کە ئەم وشە و گوزارشتانە دەگرێتە خۆی: (پـایز، یادگـار، ئێـوارە، تـەم، پـیر، بەسەرچوو، خەزانی پیریی، دنیای مردوو، خەم)، ئەویتریشیان بە (ژیانەوە) ناو دەبەین، کە زۆربەی وشە و گوزارشتەکانی شیعرەکە دەگرێتەوە: (گیا، سەوز، نەرمو نۆڵ، دڵگیر، جوان، بێ درك و داڵ، بەدیعی ساڵ، سەما، حەز، نەرموشـل، نەغمـەی مـەل، شـنەی بـا، عومری جوانی، دایك، تەبیعەت، زاوم (زایین)، ئارایش، سەوزە گیا، سەر لە نوێ، ئەڕوێ، عـەیش و نـۆش، تـازە، سـروە بـای قودسـیی (عیسـا— فـوو)، گیـان، دڵ فـەرەحاوی، سەرگەرم، سەودا، هەتاو، لەمـەوپاش، تیـژگی خـۆر، ناز، خەنـدەی یـار، گـەرمای ژیـن، شادی). لە هەردوو فیلدی شیعرەکەوە وا دەردەکەوێت" دژایەتی و رووبەڕووبوونەوەیـەك لە ناو بیری شیعرەکەدا هەیە، کە لە دێڕی حەوتەم (واتە ناوەڕاستی شیعرەکە) بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت" وەك خاڵی وەرچەرخانە لەناو دەقەکەدا:

**خـــۆم بـــە خـــۆم ئـــەڵێم یـــاران مـــن چـــیم کـــرد؟**
**بـــۆچ عـــــومری جـــــوانیم وەك پـــــیر بەســـــەر بـــــرد؟**[٢]

---

[١] گۆران، سروشت و دەروون لەگەڵ ئۆپەرێتی ئەنجامی یاران، سلێمانی، ١٩٦٨، ل١٨.

[٢] گۆران، سروشت و دەروون لەگەڵ ئۆپەرێتی ئەنجامی یاران، سلێمانی، ١٩٦٨، ل١٩.

لە ژمارەی وشەکانی ناو فیلْدەکانەوە، هەست بەوە دەکرێت لە ناو بیری شیعرەکەدا (ژیان و ژیانەوە) بەسەر (پیری و مردن)دا زاڵ دەبێت" لە کاتێکدا فیلْدی (پیریی) تەنیا (نۆ) وشە و گوزارشتی تێدایە، وشە و گوزارشتەکانی فیلْدی (ژیانەوە) نزیکەی (چوارئەوەندەی) فیلْدی یەکەمن. ئەگەر شیعرەکە بکەین بە دوو بەشی (٧ + ٧) دێڕییەوە، ئەوا وشەکانی فیلْدی یەکەم تا ڕادەیەکی زۆر (٥ / ٤) بە یەکسانی بەسەر هەردوو بەشەکەدا دابەش بوون، بەڵام وشەکانی ناو فیلْدی دووەم" وەك ڕەنگدانەوەی ڕووبەڕوو بوونەوەکە زیاتر کەوتوونەتە بەشی دووەمی شیعرەکەوە (حەوت دێڕی دوایی)" واتە لە بەشی دووەمدا هەڵوێستەکە یەکلاکراوەتەوە و بەلای (ژیانەوە)دا شکاوەتەوە، کەچی لە بەشی یەکەمدا" وەك لە وشەکاندا دەردەکەوێت، ئەم هێزی (ژیانەوە)یە سستییەکی تێدایە، کە جگە لەو دوو فیلْدە سەرەکی یە، فیلْدێکی (ناوەند)ی تێکەوتووە، دەکرێت بە فیلْدی (ڕامان)ی دابنێین، کە وەك مەودای گواستنەوەیە لە هەڵوێستێکەوە بۆ هەڵوێستێکی تر، ئەم فیلْدەش ئەم وشانە دەگرێتەوە: (مەست، بادە، نەشئە، خەیاڵ، تەئەممول، شاخی ئەندێشە).

وەك لەم نموونە شیعرەی سەرەوەدا دەردەکەوێت" وشەکانی ناو فیلْدێك یان فیلْدەکانی ناو شیعرێك، پەیوەندییەکی پتەویان بە شەپۆلی بیری ناو دەقەکەوە هەیە" کە بە پێی جێگای ناو شیعرەکە (سەرەتا و ناوەند و کۆتایی) جێگیر دەبن، (یان کۆ دەبنەوە).

**کۆدی شیعریی:**

هەر لە ناو فەرهەنگی شیعردا، لە ڕێگای ئەو وشانەی بەرزترین ڕێژەی دووبارە بوونەوەیان هەیە، لە ناو شیعرێکدا، یان دیوانە شیعرێکدا، یان لە لای شاعیرێك، دەتوانین (کۆد)ەکانی ئەو شاعیرە (یان دەقێك، یان لەناو دیوانێکدا) دەستنیشان بکەین. مەبەست لە وشەی (کۆد): (ئەوەیە کە ڕادەی دووبارەبوونەوەی لە کارێکی دیاریکراودا، یان لەلای نووسەرێکی دیاریکراودا دەگاتە ڕێژەیەکی بەرزتر لەوەی کە لە زمانی ئاساییدا هەیە)[1]، ئەمەش پەیوەندی بە بیروباوەڕ و باری دەروونی ئەو شاعیرەوە هەیە.

بۆ پیشاندانی ئەم دیاردە شێوازییە، دیوانی (ڕازی تەنیایی)ی (ئەحمەد هەردی) وەردەگرین و هەوڵدەدەین لە ڕێگای دەستنیشانکردنی کۆدەکانیەوە، واتاو بیری سەرەکی ناو دیوانەکە بخوێنینەوە:

---

[1]: د. صلاح فضل، علم الأسلوب (مبادئه و إجراءاته)، بیروت، ص ٢٣٩.

شیعرەکانی ناو (رازی تەنیایی)، هەموویان گوزارشتن لە دەروونێکی تێکشکاو و خەماوی، بە هۆی نەگەیشتن بە ئاوات و ئارەزووەکانی ژیان، بە تایبەتی ناکامی دڵداری و بەدی نەهاتنی خەوی گەیشتن بە یار. ئەم بیرۆکە گشتی یە لە فەرهەنگی وشـەکانی نـاو شـیعرەکەدا رەنگی داوەتەوە، بە تایبەتی ئەو وشانە کە لە زۆربەی شیعرەکاندا دووبارەبوونەتەوە، وەك (کۆد)ێك وان، کە رازی (رازی تـەنیایی) دەدرکێـنن. لـە ئـەنجامی جیاکردنـەوەی یەکـە یەکـەی وشـە و گوزارشتەکانی ناو شیعرەکانی دیوانەکە، ئەو وشانەمان دەستنیشانکرد، کە لـەوانی تـر زیـاتر دووبارەبوونەتـــەوە، وا لـــەم خشـــتەیەدا (پێـــنج) وشـــەی ســـەرەتا" بـــە پێـــی پلـــەی دووبارەبوونەوەیان دیاری دەکەین:

ئایا ئەم وشانە چۆن وەك (کۆد)ێك رۆڵ دەبینن، لە ئاشکراکردنی واتـا جەوهەرییـەکانی دیوانە شیعرەکەدا؟

ئەوەی سەرنج رادەکێشێت" ئەوەیە کە ئەم وشـە (کۆد)انـە بـەزۆری دەکەونـە نـاو ئـەو دێڕانەی، کە دەکرێت بە (دێڕە کۆدەکان)یان ناوببەین" واتە تەنیا ئەو چەند دێڕە، یان

| پلە | وشە | دووبارەبوونەوەی |
|---|---|---|
| ١ | دڵ | ٢٥ (جار) |
| ٢ | چاو | ١٨ (جار) |
| ٣ | ژیان (ژین) | ١٦ (جار) |
| ٤ | شەو | ١١ (جار) |
| ٥ | ئاوات | ١١ (جار) |

تەنانەت هەندێك دێڕیان بە تەنیا، بیری گشتی هەموو شـیعرەکانی تیـادا چـڕبووەتەوە، لەبەرئەوە هەوڵدەدەین دیارترین ئەو دێڕە شیعرانە دەستنیشان بکەین، کە ئەم وشە کۆدانەی لە خۆ گرتووە:

شیعرێکی ناو دیوانەکە بە ناونیشانی (نائومێدی)یە، کە لە چاپە نوێیەکـەدا کردوویـەتی بـە (دڵێکـی تێکشـکاو)، ئەمـەش وشـەی (دڵ) وەك (کۆد)ێـك لـە نـاو شـیعرەکەدا دووپـات

دەکاتەوە[١]. لە وەسفی دڵی خۆیدا" بە چوار دێڕ لەسەر یەك، بـەم شـێوەیە وەسـفی (دڵ)ی پێش تێکشکان دەکات:

ئەوەی یەك تۆزە ڕووناکی ئەدا بەم ژینە شێواوە
دڵێکی پڕ لە ئاهەنگ بوو، کە ئێستا پاکی ڕووخاوە
بەڵا ! ئەوسا دڵێکم بوو کە سەرچاوەی ژیانم بوو
دڵا مەڵبەندی ئاوات و تەوژم و تینی گیانم بوو
دڵا گوڵزاری دڵداری و بەهەشتی خۆشەویستی بوو
وەکو بتخانە مەیدانی بتی جوانی پەرسـتـی بوو
لەگەڵ هاوار و گریانی هەژارانا لە شـینا بوو
لەگەڵ ناڵەی کەساسانا لە خۆرپە و ڕاچەنینا بوو..[٢]

(دڵ) و (چاو) وەکـو دوو کـۆدی سـەرەکی شـیعرەکان، هەریەکـەیان دوو ڕۆڵـی واتـایی دەبینن لە پرۆسەی (خۆشەویستی و ئەنجامەکەی)دا، بەم شێوەیە:

(یار) کە سەرچاوەی خۆشەویستییەکەیە" (دڵ) ی جێگـای شـاردنەوەی نهێنـی جـوانی یە، لە کەناڵی (چاو)یشەوە نهێنییەکان ئاشکرا دەبن، وەك لەم دێڕەدا دەیبینین:

چ سـرێکت لە ناو دڵدا حەشار داوە بە پەنهانی؟
کە چاوت چەشنی ئاوێنە، وەها بێ پەردە درکانی[٣]

لەبەرئەوە بەلای (هەردی)یەوە، هەموو واتاکانی جوانی و خۆشەویسـتی لـەناو چـاودا کۆبوونەتەوە:

فاتمە ! دوو چاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانی یە
پڕ شەرابی خۆشەویستی و ئارەقی یـەزدانی یـە[٤]

---

[١]: شاعیر خۆیشی ئەم ڕاستییەی زانیوە، لەبەرئەوەیە لە چاپی دووەمی دیوانەکەدا، شیعرەکەی تەواو کردووە و بووەتە درێژترین شیعری ناو دیوانەکە. تەرخانکردنی ئەو هەموو دێڕە شیعرە بۆ وەسفکردن و باسکردنی (دڵ)، گرانایی و تەرکیزکردنە سەر چەقی واتاییە لای شاعیر.

[٢]: ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، بەغدا، ١٩٥٧، ل ٢٣.

[٣]: ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، بەغدا، ١٩٥٧، ل ٢٨.

[٤]: سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

لەم دێڕە شیعرانەی خوارەوەیشدا، ڕۆڵی (چاو)ی شاعیر لە پرۆسەکەدا بەدەردەکەوێت، کە بە هۆیەوە جوانی یار دەبینێت:

بە دوو چاوێ کە شەوقی چاوەڕوانی ئەی تررووکێنیێ
بە دوو چاوێ کە ســـرِی قووڵی لاوێتی ئەدرکێنیێ
سەرنجی ڕێ ئەدەم، ڕێگا هەموو شێوەی ئەوی تیایە
وەکو دنیا لە ناو جوانــی ئــەوا توابێــتەوە، وایە[1]

بەڵام کاتێك (چاو) ئاواتەکان نابینێت:

ئەگێرم چاوی بێ تینم، بە تاریکی شەوا، ســەرسام
نیە پرشنگی دوو چاوێ، کە ڕووناکی بکا، ڕێگام
بە غەیری باڵی غەمناکی
شەوی پڕ ترس و سامناکی
نی یە یەك تۆزە ڕووناکی[2]

لـە ئەنجامـدا (دڵ)ی شـاعیر تووشـی ئـەو خـەم و تەنیاییـە دەبێـت، کـە لـە (دڵێکـی تێکشکاو)دا پێناسەی دەکات.

وەك لە شیکردنەوەی ئەو دیوانەدا بۆمان ڕوونبوویەوە" بـە هـۆی ئـەم (کۆد)انـەوە، لـە کرۆکی واتا شیعرییەکان دەگەین، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، کە واتای وشەکانی ناو شیعر زۆر قووڵتر و فراوانترن لەوەی لە فەرهەنگدا بۆیان دەستنیشانکراوە.

### ٢- بەکارهێنانی بەشەکانی زمان:

بۆ گەیشتن بە ڕێژەی بەکارهێنانی هەریەك لە بەشەکانی زمان لە شیعری ئەو ماوەیەدا، سێ بەشی سـەرەکیمان وەرگـرت" ئـەوانیش (نـاو و ئاوەڵنـاو و کـار)ن، بـۆ ئـەم مەبەسـتە میتۆدی ئامـاری بـەراوردکاریمان پێـڕەو کـرد، بـە وەرگرتنـی (سـێ) شـاعیری کلاسـیکی و (پێـنج) شـاعیری سـاڵانی پـەنجاکان و شەسـتەکان، لـە لای هـەر شـاعیرێکیش (١٠٠) دێـڕە شیعر، یان (٢٠٠) لەتە دێڕمان وەرگرت و بەشەکانمان تێدا دیاری کرد[3]، بـەڵام لەبەرئـەوەی

[1]: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.
[2]: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.
[3]: وەرگرتنی نموونە شیعرییەکان لە لای هەر شاعیرێك بە پێی لاپەڕەکانی دیوانەکانیان بەم شێوەیە:

**درێژی و کورتی دێڕەکان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر و لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی تر دەگۆڕێت، ڕێژەی بەکارهێنانی هەر بەشێکی زمانمان لای هەر شاعیرێك بـە گـوێرەی ڕێـژەی**

---

١ – نالی – مەلا عبدالکریم: ل (٧٩ –٨٢ ) – (٩) دێڕ، ل (١٠١ –١٠٦) – (١٠) دێڕ، ل (١٤٨-١٥١) – (٨) دێڕ، ل (٢٤٢ - ٢٤٧) – (٩) دێڕ، ل (٣١٥ - ٣١٦) – (٥) دێڕ، ل (٣٤٠ - ٣٤٥) – (١١) دێڕ، ل (٧٠١ - ٧٠٣) – (٦) دێڕ، ل (٦٦٢ - ٦٦٦) – (٨) دێڕ، (٥٤٨ - ٥٥٥) – (١٥) دێڕ، ل (٤٠٦ - ٤١١) دێڕ – (٨) دێڕ، ل (٢٢٤ - ٢٢٨) – (١١) دێڕ.

٢ – مەحوی – مەلا عبدالکریم: ل (٣ - ٥) – (٧) دێڕ، ل (١٣ - ١٦) – (٩) دێڕ، ل (٣٥ - ٣٦) – (٥) دێڕ، ل (٣٦ - ٣٨) – (٧) دێڕ، ل (٨٠ - ٨٢) – (٩) دێڕ، ل (٨٧ - ٨٩) – (١١) دێڕ، ل (١٣٧ - ١٤٢) – (٢١) دێڕ، ل (١٦٧ - ١٧٠) – (١٣) دێڕ، ل (٢١٣ - ٢١٥) – (٧) دێڕ، ل (٢٧٠ - ٢٧٢) – (١١) دێڕ.

٣ – حاجی، سەردارمیران و کەریم شارەزا: ل (٣١ - ٣٤) – (٣٠) دێڕ، ل (٦٢ - ٦٣) – (٧) دێرش، ل (٧٣ - ٧٤) – (١١) دێرش، ل (٧٦) – (٧) دێڕ، ل (٧٧ - ٧٨) – (٧) دێڕ، ل (١٠٦ - ١٠٧) – (٧) دێڕ، ل (١٦٦ - ١٦٧) – (٨) دێڕ، ل (١٧٥) – (٥) دێڕ، ل (٢٦٣ - ٢٦٥) – (١٧) دێڕ، تاکە بەیتی ژمارە (٩) – ل (٢٧١).

٤ – گۆران – بەهەشت و یادگار: (ئافرەت و جوانی: ل ١) – (١٠) دێڕی سەرەتا، (بۆ جوانی سەرەڕێ: ل ١٧) – (١٠) دێڕ، (نیاز: ل ٣٤) – (١٠) دێڕی سەرەتا.

گۆران – سروشت و دەروون: (دیمەنێکی بەهار: ل ٢٠) – (٩) دێڕ، (بەسەرهاتی ئەستێرەیەك: ل ٢٥) – (١٠) دێڕ، (لە بەندینخانە: ل ٤٢)– (١٠) دێڕی سەرەتا.

گۆران (دیوان)، محەمەدی مەلا کەریم: (بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست: ل١١٤ – (١٠) دێڕی سەرەتا، (گەشتی هەورامان: ل١٢٧) – (١٠) دێڕی سەرتا، (گەشتی قەرەداخ: ل١٣٥) – (١٠) دێڕی سەرەتا، (بێدارییەك: ل ١٨١) – (١١) دێڕ.

٥ – کامەران (یوان)، عەبدوڵڵا عەزیز خالد: (یاد: ل٥٢) – (١٣) دێڕ، (ئەستێرە و مەل و خەزان: ل٦٤) – (٥) دێڕ، (جارانم: ل٧٩) – (١٢) دێڕ، (فریشتە: ل٨٠) – (١٠) دێڕ، (دیواری سەوز: ل١١٩) – (١٥) دێڕ.

کامەران – گوڵ ئەستێرە: (سەرنج: ل ٣٦) - (٥) دێڕ، (پەپوولەی بەهەشت: ل ٤٧) – (٨) دێڕ، (چرۆی شیعر: ل ٦٣) – (١٢) دێڕ.

کامەران – ئاوات رەنج: (فەرامۆشی: ل ٦٢) – (٥) دێڕ، (لایلایە: ل ٧٠) – (١٠) دێڕ، (گوڵە باخ: ل ٧٨)- (٥) دێڕ.

٦ – دیلان: (گەشتێ) ل (٦٥ - ٦٧) – (٣٠) دێڕ، (گوڵی سارای خواروو) ل (٧٦ - ٧٧) – (٢) دێڕ، (ڕەز) ل (١٣٢ - ١٣٦) – (٢٨)دێڕ، (بەهەشتی فرمێك) ل (١٣٩ - ١٤١) – (٢٢) دێڕ.

بەشەکانی تر وەرگرت لای هەمان شاعیر، نەوەك بە ژمارە" لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانمان بە یەکتری بەراورد کرد.

لە شاعیرە کلاسیکەکان" (نالی و مەحوی و حاجی) مـان وەرگـرت، لەمەشـدا تاڕادەیـەك سەرەتا و ناوەند و کۆتایی قۆناغی کلاسیکیمان لەبەر چاو گرتووە. لە شاعیرەکانی سالآنی پەنجاکان و شەستەکانی سـەدەی بیستەمیشـدا، لـە لایەکـەوە شـاعیرانی بەرچـاو و دیـاری ماوەکە و لە لایەکی تریشەوە هەمان هۆی قۆناغی کلاسیکیمان لەبەرچاو گرتووە.

دەتوانین ئەنجامی ئامارەکە لەم خشتەیەی خوارەوەدا بخەینە ڕوو:

| قۆناغ | شاعیر | ڕێـــــــژەی بەکارهێنانی ناو | ڕێژەی بـەکارهێنانی ئاوەڵناو | ڕێژەی بەکارهێنانی کار |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| کلاسیك | نالی | ٪٥٨ | ٪٢٣ | ٪١٨ |
| | مـەحوی | ٪٥٨ | ٪١٤ | ٪٢٧ |
| | حاجی | ٪٧٠ | ٪١١ | ٪١٧ |
| | تێکڕا | ٪٦٢ | ٪١٦ | ٪٢٠ |
| سالآنی پەنجا و شەستەکان | **گۆران** | ٪٦١ | ٪٢١ | ٪١٦ |
| | کامەران | ٪٥٨ | ٪٢٢ | ٪١٨ |
| | دیلان | ٪٦٠ | ٪٢٣ | ٪١٦ |
| | پەشێو | ٪٦٠ | ٪١٧ | ٪٢٢ |
| | شێرکۆ | ٪٦٥ | ٪١٥ | ٪١٨ |
| | تێکڕا | ٪٦٠ | ٪١٩ | ٪١٨ |

هەواڵنامەی کتێب

وەك دەبینین" ڕێژەی (ناو) بە گوێرەی (ئاوەڵناو) و (کار) لە هـەردوو قۆناغەکـەدا، زۆر بـەرز و زاڵە، واتـە ئەگـەر بـە دیاردەیـەکی شێوازگەریشـی دابنـێین ئـەوا بـۆ شـیعری کـوردی هـەردوو قۆناغەکەی لە قەڵەم دەدەین، نەوەك تەنیا بۆ یەکێکیان، بەڵام لە ڕێـژەی بـەکارهێنانی (کـار) و (ئاوەڵناو)دا جیاوازی لە نێوان هەردوو قۆناغەکە و لە نێوان شـاعیرانی قۆناغێکیشـدا دەبینرێـت،

بـەڵام بـە تێکڕایـی وا دەردەکـەوێت کـە لـە لای شـاعیرانی کلاسـیك ڕێـژەی (کـار) لـە ئاوەڵنـاو بـەرزترە، بـەڵام لـە لای شـاعیرانی پـەنجاکان و شەسـتەکاندا بـە پێچـەوانەوەیە" واتـە ڕێـژەی (ئاوەڵناو) بەرزترە لە (کار)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شیعری ئەم ماوەیە هەڵچوونی کەمتر بۆتـەوە، هـەروەها وەسـتان و خاوبوونـەوە و هێمنـی دەروونـی شـاعیرەکان پیشـان دەدات بـە گوێرەی شاعیرانی کلاسیکی، واتە زیاتر لەوەی ڕووداو و جووڵە پیشان بدات، وردەکاری دیـاردە و ڕووداوەکان و قووڵبوونەوە تیایاندا پیشان دەدات. بەڵام لە ڕووی زمـانی شـیعرییەوە" بـە پـێ لێکدانەوەی هەندێك لە شـێوازگەرەکان، وەك (بوزیمـان)[1]، لـە هێـزی شـیعرییەتی کـەم بۆتـەوە، بەڵام بۆ زیاتر وردبوونـەوە لـە ئەنجامـەکان، ڕێـژەی (کـار) و (ئاوەڵنـاو) بـەگوێرەی یـەکتر لـەم خشتەیەدا پیشان دەدەین، تاوەکو شێوازی هەر شاعیرێکیش بە جیا بەدەرکەوێت.

| قۆناغ | شاعیر | کار | ئاوەڵناو |
|---|---|---|---|
| کلاسیك | نالی | ٪٤٤ | ٪٥٥ |
| | مەحوی | ٪٦٦ | ٪٣٣ |
| | حاجی | ٪٥٩ | ٪٤٠ |
| | تێکڕا | ٪٥٦ | ٪٤٢ |
| ساڵانی پەنجا و شەستەکان | گۆران | ٪٤٣ | ٪٥٦ |
| | کامەران | ٪٤٥ | ٪٥٤ |
| | دیلان | ٪٤١ | ٪٥٨ |
| | پەشێو | ٪٥٥ | ٪٤٤ |
| | شێرکۆ | ٪٥٣ | ٪٤٦ |
| | تێکڕا | ٪٤٧ | ٪٥١ |

لەم خشتەیەدا بەئاشـکرا جیاوازی تێکـڕای بـەکارهێنانی (کـار) و (ئاوەڵنـاو)" بـە پێـی هاوکێشەکەی بوزیمان[2]، لە هەردوو قۆناغەکەدا دەردەکەوێت:

[1] د. سعد مصلوح، الأسلوب (دراسة لغوية إحصائية)، ط (٢)، القاهرة، ١٩٨٤، ص ٥٩-٦٨.
[2] د. سعد مصلوح، الأسلوب (دراسة لغوية إحصائية)، ط (٢)، القاهرة، ١٩٨٤، ص ٦٢.

ژمارەی کارەکان

ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو = ------------

ژمارەی ئاوەڵناوەکان

ئەم هاوکێشەیە دەتوانین بە (رکا) کورتی بکەینەوە، بەلاّم ئێمە لە جیاتی ژمارەی کـار و ئاوەڵناوەکان تێکڕای ڕێژەی بەکارهێنانیان وەردەگرین:

ئەم ڕێژەیـە لـە شـیعری کلاسـیکیدا، بـە پێـی ئـەو (١٠٠) دێـڕەی لـەو (سـێ) شـاعیرە وەرمانگرتووە بەم شێوەیە:

٪ ٥٦

رکا = ---------- = ٪١,٣

٪ ٤٢

بەلاّم بە پێی شیعری پەنجاکان و شەستەکان ڕێژەکە بەم جۆرەیە:

٪٤٧

رکا = ---------- = ٪٠,٩

٪٥١

کەواتە زمانی شیعریی ئەم ماوەیە" بە پێی زمانی شیعری کلاسیکی، تاڕادەیەك ڕێـژەی شیعرییەتی کەمترە" یەکێك لە هۆیەکانی نزمبوونەوەی ئەم ڕێژەیە دەگەڕێتەوە بـۆ ئـەوەی لە شیعری کلاسیکیدا درێژترین ڕسـتە (دێـڕە شـیعر) لـە (١٦) برگـە زیـاتر نییـە، بـەلاّم لـە شیعری نوێدا دێڕە شیعرەکان لە ڕووی واتاوە لە یەکتری داناپچڕێن و زۆر جار شیعرەکە لـە سەرەتاوە تاکۆتایی وەك ڕستەیەکی درێژی لێ دێـت، کـاتێکیش (قسـە خێـرا تـر دەکرێـت، ئاوەڵنـاو کـەمتر بـەکاردەهێنرێت)[١]، لەبەرئـەوەی لـە شـیعری نوێـدا قسـەکان (یـان دێـڕە شیعرەکان) زۆرتر درێژ دەکرێنەوە، ئاوەڵناو زیاتر بەکاردەهێنرێت و بەمەش ڕێژەکە کەمتر دەبێتەوە.

هۆیەکی تری نزم بوونەوەی ڕێژەی (رکا) لە شیعری ئەم ماوەیەدا، پەیوەندی بە بابەتی شیعریی یەوە هەیە، چونکە (بابەت کاریگەریی بەسەر (رکا)وە هەیە، تەنانەت ئەگـــەر لە

[١] د. سعد مصلوح، الأسلوب (دراسة لغوية إحصائية)، ط (٢)، القاهرة، ١٩٨٤، ص ٦٠.

شێوازی یەك نووسەریشدا بێت.)[١] بە گشتی" شیعری کلاسیکی بابەتەکانی (خودی) بوون و شاعیر گوزارشتی لە باری دەروونی خۆی و خـەم خـەیاڵ و ئازارەکـانی خـۆی دەکرد، لـەم بارەیشدا رادەی هەڵچوونی زیاتر دەبێت و لەگەڵیشیدا رێژەی (رکا) بەرزدەبێتەوە. هەرچی شیعری ئەم ماوەیەیە تا ڕادەیەکی زۆر بـەرەو (بابـەتی) بـوون هـەنگاوی نـاوە، لـە جیـاتی ئەوەی شاعیر تەنیا باسی خۆی بکات باسی خەمی کۆمەڵەکەی و هەندێجاریش (مرۆڤایـەتی بـە گشـتی) دەکـات، ئـەم بابـەتی بوونـەش زیـاتر بـەرەو ریـالیزم و عەقڵانییـەتی دەبـات، بێگومـان ئەمـەش لـە زمـانی شـیعرییەکەیدا رەنگدەداتـەوە و رێـژەی (رکـا)ش نـزم دەبێتەوە.ئەگەر بە گوێرەی قۆناغەکە خۆی (پەنجاکان و شەستەکان) بڕوانینە شیعری ئەو پێنج شاعیرە، رێژەکان بەم شێوەیە دەبن:

٪٤٣

رێژەی (رکا) لای (گۆران) = ---- = ٪٠,٧

٪٥٦

٪ ٤٥

رێژەی (رکا) لای (کامەران) = ---- = ٪٠,٨

٪٥٤

٪٤١

رێژەی (رکا) لای (دیلان) = ----- = ٪٠,٧

٪٥٨

٪٥٥

رێژەی (رکا) لای (پەشێو) = ---- = ٪١,٢٥

٪٤٤

[١]: د. سعد مصلوح، الأسلوب (دراسة لغوية إحصائية)، ط (٢)، القاهرة، ١٩٨٤، ص ٧٢-٧٣.

$$\text{ڕێژەی (ڕکا) لای (شێرکۆ)} = \frac{٪٥٣}{٪٤٦} = ٪١,١٥$$

بە ئاشکرا تێبینی ئەوە دەکرێت، کە ڕێژەی (ڕکا) لای دوو شـاعیری کۆتـایی قۆناغەکـە (پەشێو و شێرکۆ) بەرزتر بۆتەوە، ئەمەش پەیوەندی بە چەند هۆیەکەوە هەیە:

١- شیعرەکانی ناو هەر دوو دیوانەکەی (پەشێو)، زۆربەیان چیرۆکی دڵداری شـاعیرن، واتە (خودی)ن، وەك لە شیعری (هۆنراوەم) لە بارەی شیعرەکانیەوە دەڵێت:

سروودی گەرمی، تافی لاویمە
هەڵچوونی خوێنی، ئاگراویمە[1]

بەڵام بابەتی شیعرەکانی دوو دیوانەکەی (شێرکۆ) ئەگەر چی باس لە ئازار و خەمەکانی نەتەوەکەی دەکات، بەڵام لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە گشت، واتە خۆی کردۆتە ئاوێنەی گەلەکەی ئەمەش شێوازێکی دیاری شیعرەکانی (شێرکۆ)یە.

٢- تەمەنی نووسەریش کاریگەریی لەسەر بـەرزی و نزمـی ڕێـژەی (ڕکـا)ەوە هەیـە[2]، هەتا تەمەنی نووسەر (لاو) تر بێت، هەڵچوونی زیاتر دەبێت و کار زیاتر بەکاردەهێنێت و ڕێژەی (ڕکا)ش بـەرز دەبێتـەوە. لەبەرئـەوەش تەمـەنی (شـێرکۆ) و (پەشـێو) لـە کـاتی نووسینی شیعرەکانی ناو دیوانەکانیاندا، لە چاو شاعیرەکانی تر کەمترە، ڕێژەی (ڕکا) لە لای ئەم دووانە بەرزتر بۆتەوە.

هەولێرنامەی کتێب

---

[1] عەبدوڵڵا پەشێو، بتی شکاو، کەرکووك، ١٩٦٨، ل١٣.

[2] د. سعد مصلوح، الأسلوب (دراسة لغوية إحصائية)، ط (٢)، القاهرة، ١٩٨٤، ص ٦٧.

## ناوەکان بە پێی (مەتریالی) و (ئەبستراکتی)[١]:

هەر بەپێی هەمان ئاماری پێشوو، جۆرەکانی ناومان بە پێی (مەتریالی) و(ئەبستراکتی) جیاکردەوە، رێژەکان بەم شێوەیە بوون" وەك لەم خشتەیەدا دەستنیشانکراون:

| قۆناغ | شاعیر | ناوی ئەبستراکتی | ناوی مەتریالی |
|---|---|---|---|
| کلاسیك | نالی | ٪٣٢ | ٪٦٧ |
| | مەحوی | ٪٤٢ | ٪٥٧ |
| | حاجی | ٪٢٧ | ٪٧٢ |
| | **تێکڕا** | ٪٣٣ | ٪٦٥ |
| سالأنی پەنجا و شەستەکان | گۆران | ٪٣٦ | ٪٦٣ |
| | کامەران | ٪٣٦ | ٪٦٣ |
| | دیلان | ٪٣٤ | ٪٦٥ |
| | پەشێو | ٪٦٢ | ٪٣٧ |
| | شێرکۆ | ٪٥٨ | ٪٤١ |
| | **تێکڕا** | ٪٤٥ | ٪٥٣ |

لە رووی مێژووییەوە، تاوەکو زمان بەرەو پێشتر بچێت، وشەکانی زیاتر واتای ئەبستراکتی وەردەگرن، ئەمەش پەیوەندی بە پێشکەوتنی بیری مرۆڤەوە هەیە، چونکە بیرکردنەوەی مرۆڤ لە چوارچێوەی وشەی کۆنکرێتی دا رادەوەستێت و گەشە ناکات، لەبەرئەوە هەوڵدەدات پەنا بۆ وشەی ئەبستراکتی ببات، تاوەکو زیاتر بتوانێت گوزارشت لە بیروڕا و خەیاڵەکانی بکات.

---

[١] مەبەستمان لە مەتریالی (یان کۆنکرێتی) ئەوەیە کە ئەو شتە بەر یەکێك لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ بکەوێت. هەروەها وشە هەیە لە راستیدا (مەتریالی)یە، بەڵام زۆرجار بەواتای ئەبستراکتی بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە وشەی (دڵ) هەرچەندە بوونێکی کۆنکرێتی هەیە، بەڵام بەزۆری (بەتایبەتی لە بواری ئەدەبیاتدا) واتایەکی ئەبستراکتی وەرگرتووە، ئێمەش لە جیاکردنەوەی ناوەکاندا تاڕادەیەکی زۆر رەچاوی ئەم لایەنەمان کردووە.

ئەگەر سـەرنجێکی تێکـڕای ڕێـژەی نـاوی مـەتریالی و ئەبسـتراکتی لـەو دوو قۆناغـەی شیعری کوردی بدەین، ئـەو ڕاسـتییەی سـەرەوەمان بـۆ دووپـات دەکاتـەوە، چـونکە لـە شیعری سالانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیسـتەمدا، لـە چـاو شـیعری کلاسـیکی سـالانی سـەدەی (نـۆزدە)دا، ڕێـژەی بـەکارهێنانی نـاوی ئەبسـتراکتی بـەرزتر و ڕێـژەی بەکارهێنانی ناوی کۆنکرێتیش نزمتر بۆتەوە.

لـە ڕووی بابەتـەوە" لـە شـیعری کلاسـیکی دا بـەزۆری بابەتـەکان وەسـفی یـارە و لێکچوواندنییەتی بە شتە کۆنکرێتییەکان و دروستکردنی وێنەی شیعریی کۆنکرێتییـە، هـەر ئەوەشە وایکردووە تووشی دووبارەبوونەوە ببن، بۆ نموونە با لە وێنە تاکەکانی ئـەم دێـڕە شیعرەی (نالی) وردبینەوە" کە کە لەسەر بنەمای لێکچوواندن بنیـاتنراوە و هـەردوو لایـەنی (لەوچوو) و (لێچـوو) هـەردووکیان کـۆنکرێتین" (چـاویان وەك نێرگسـە، بالایـان وەك گـوڵی سـەمەنە، کورتـەکی بـەریان ڕەنگـی وەك گـوڵی وەنەوشـەیە، موویـان وەکـو سـونبولە، ڕوومەتیان وەکو گوڵە، کڵاویان وەك گوڵی لالەیە):

نەرگس نیگەهـ و ساق سەمەن، کورتە بەنەفشەن

موو سونبول و، ڕوومەت گوڵ و، هەم لالە کولاهن[1]

بەلام ئەوەتا ڕێـژەکان لـەلای (مـەحوی)" لەگـەڵ (نـالی) و (حـاجی)دا" تەنانـەت لەگـەڵ (گۆران) و (کامەران) و (دیلان)یشدا، جیاوازی هەیە و ڕێـژەی نـاوی ئەبسـتراکتی بـەرزترە، چونکە (مەحوی) بیری (تەسەوف) بەسـەر شـیعرەکانیدا زاڵـە، ئاشکرایشـە ئـەم ڕێبـازە – ڕێبازێکی (ڕۆحی) و ئەبستراکتی یە. بۆ نموونە لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت:

دەمێکە شـاری پڕ شوری مەحەببەت مات و خامۆشـە

بە قانوونی تەجەننون شۆڕشێ ئینشا نەکەم، چی بکەم![2]

لە شیعری سالانی پەنجاکان و شەستەکاندا، بە تایبـەتی لـە کۆتـایی قۆناغەکـەدا و لای (پەشێو) و (شێرکۆ)، بابەت و لێکچوواندن و وێنە شیعرییەکانیان بەرەو ئەبستراکتی چوون. بۆ نموونە (پەشێو) لە (خوای خەوتن)دا، لە جیاتی کەسێکی (یان شتێکی) مەتریالی ڕووی

[1]: دیوانی نالی، لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، بەغدا، ١٩٧٦، ل٣٤١.

[2]: دیوانی مەحوی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم)، بەغدا، ١٩٧٧.

دەمی شیعری دەکاتە (خوای خـەوتن)“ هـەر لـە ناونیشـانەوە ئەبسـتراکتی بـوونی بابـەتی شیعرەکەدا دیارە: (خوا) خۆی ناوێکی ئەبستراکتی یە و ناوێکی تری ئەبستراکتی (خـەوتن) دەداتە پاڵی وەك (دەرخەر)ێك.. لە دوا لەتەکانی شیعرەکەدا، بیری ئەبستراکتی تەواو زاڵ بووە بەسەر شیعرەکەدا“ وەك:

بلا ئەی یاد، بپێچەوە، بیرەوەری
بیرەوەری ی، ڕۆژانی خۆش، لەگەڵ پەری !
بلا: ئەی سۆز،
ئەندێشەکەی، تەلیسماوی، بیری ڕەوان
بڕۆن هەموو،
دەست کەنە مل، فریشتەکەی، شعری شەوان
بە جیٚ ی بێڵن، تەنها ئەم شەو
بۆ ساتیٚ خەو ![1]

## ڕاناوە سەربەخۆکان[2]:-

هـەر لـەو (سـەد) دێـرە شـیعرانەی بـە نموونـە لـە ئامارەکـانی پێشـوودا وەرمـان گرتبوون، ڕێژەی بەکارهێنانی ڕاناوە سەربەخۆکانمان لای هەر شاعیرێك بـە پێـی ئـەم خشتەیەی خوارەوە دەستنیشانکرد:

بە پێی ئەو ڕێژانەی لە خشتەکەدا دیارن“ ئەگەر بەراوردی شیعری سـاڵانی پـەنجاکان و شەستەکان بە شیعری کلاسیکی بکەین، جیاوازییەکی ئەوتۆ نـابینین، کـە بـە دیاردەیـەکی شێوازگەریی بۆ ئەم قۆناغەی بژمێرین. بەڵام ئەگەر شـاعیرەکانی ئـەم قۆناغـە بـە یـەکتری بەراورد بکەین، دەبینین لای هەندێکیان ڕاناوێك زیاتر یان کەمتر لەوانی تر بەکارهاتووە. بۆ نموونە بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی ڕاناوی سەربەخۆی (من) لـەلای (پەشـێو) دەبینرێت، ئەمەش پەیوەندی بە بابەتی شیعرییەوە هەیە، کە شیعرەکانی (پەشێو) زیـاتر (خـودی)ن،

---

[1] عەبدوڵڵا پەشێو، بتی شکاو، کەرکوك، ١٩٦٨، ل٣٧.

[2] (ئەم) و (ئەو) هەندێجار وەك ئامرازی نیشانە کار دەکەن، نەوەك (ڕاناو)، لەبەرئەوە لەو بارانەدا بە (ڕاناو)مان دانەناون.

نزمترین ڕێژەش لەلای (شێرکۆ) دەبینرێت، ئەمەش ئاماژەیـە بـۆ توانـەوەی بـوونی خـودی شاعیر لە ناو کۆمەڵەکەیدا (یان لە ناو گشتدا)، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیـە بـەرزترین ڕێـژەی بەکارهێنانی ڕاناوی (ئێمە) هەر لەلای (شێرکۆ)یە.

| قۆناغ | شاعیر | من | تۆ | ئەو | ئێمە | ئێوە | ئەوان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کلاسیک | نالی | ٣٩٪ | ٣٩٪ | ١٨٪ | ٣٪ | سفر | سفر |
| | مەحوی | ٥٠٪ | ٢٢٪ | ١٩٪ | ٧٪ | سفر | سفر |
| | حاجی | ٤٨٪ | ٢٣٪ | ١٣٪ | ١٣٪ | سفر | سفر |
| | تێکڕا | ٤٥٪ | ٢٨٪ | ١٦٪ | ٧٪ | سفر | سفر |
| ساڵانی پەنجا و شەستەکان | گۆران | ٤٧٪ | ٢٦٪ | ٥٪ | سفر | ٢١٪ | سفر |
| | کامەران | ٦٣٪ | ٣١٪ | سفر | سفر | سفر | ٤٪ |
| | دیلان | ٣٤٪ | ٤٥٪ | ١٧٪ | ٢٪ | سفر | سفر |
| | پەشێو | ٦٨٪ | ٢٦٪ | ٥٪ | سفر | سفر | سفر |
| | شێرکۆ | ١٢٪ | ٦٢٪ | سفر | ٢٥٪ | سفر | سفر |
| | تێکڕا | ٤٤٪ | ٣٨٪ | ٥٪ | ٥٪ | ٤٪ | ٠,٨٪ |

ئەگـەر هـەردوو ڕانـاوی (مـن) و (ئێمـە) شـێوازی گوزارشـتکردنی پیشـان بـدەن، ئـەوا ڕاناوەکانی تر (تۆ، ئەو، ئێوە، ئەوان) بە تایبـەتی (تـۆ) و (ئێـوە) شـێوازی ئاراسـتەکردنی پـەیامی شـیعری پیشـان دەدەن. لـەم ڕووەوەش بڕوانینـە ڕێـژەکان" بـەرزترین ڕێـژەی بەکارهێنانی (تۆ) لـەلای (شـێرکۆ) دەبینرێـت و بـەرزترین ڕێـژەی بـەکارهێنانی (ئێـوە)یش لەلای (گۆران) دەبینرێت، یان دەتوانین بڵێین: بە پێی ئەو ئامارەی کردوومانە بەکارهێنانی ڕانـاوی (ئێـوە) تـەنیا لـەلای (گـۆران) بەرچـاومان کـەوت، لـەلای ئـەم (گـۆران) تاڕادەیـەك هاوسەنگییەك لە نێـوان بـەکارهێنانی (تـۆ) و (ئێـوە)دا دەبینرێـت" واتـە ئـەم دوو شـاعیرە (گۆران و شێرکۆ)، پەیامی شیعرییان بۆ بەرامبـەریان ئاڕاسـتە دەکـەن، ئەمـەش (بابـەتی) بوونی شیعرەکانیان پیشان دەدات.

بە شێوەیەکی گشتی بەکارهێنانی راناوی سەربەخۆ، راستەوخۆیی دەبەخشێتە شیعر و لە شێوازی (دواندن) نزیکی دەکاتـەوە. هـەر لـەم لایەنەشـەوە بـە پێـی ئامارەکـە ژمـارەی راناوە سەربەخۆ بەکارهاتووەکان، لەلای هەر (سـێ) شـاعیرانی کلاسـیکی گەیشـتە (١١٩)، بەڵام شاعیرانی پەنجا و شەستەکان بە هەر پێنج شاعیرەوە گەیشتە (١١١)، ئەویش ئاشکرا جیاوازییەك پیشان دەدات" کـە رادەی بـەکارهێنانی راناوەکـان لای شـاعیرانی نـوێ کـەمتر بۆتەوە" واتە لەم لایەنەوە بەرەو زمانی شیعرییەت هەنگاویان ناوە و لـە زمـانی راسـتەوخۆ دوو کەوتوونەتەوە. ئەگەر بـە گـوێرەی (پێـنج) شـاعیرەکان خۆشـیان بـەراوردیان بکـەین، بەرزترین رادەی بەکارهێنان لەلای (دیلان)ە، کە گەیشتە (٣٥)، نزمترینیش لەلای (شێرکۆ) یە کە (١٦) راناوە" واتە بە گوێرەی قۆناغەکە خۆیشی، (شێرکۆ) لە هەموویان زیـاتر خـۆی لە زمانی راستەوخۆ دوورخستۆتەوە.

### ٣- درێژی و کورتی ڕستە:

ئەگەر لەم رووەوە شیعری ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان بە شیعری کلاسیکی بەراورد بکەین، ئەوا درێـژترین و کـورتترین رسـتەی شـیعریی لـە شـیعری ئـەم ماوەیـەدا دەبیـنین، چونکە لە شیعری کلاسیکییدا درێژترین رستە دەکەوێتە نـاو دوو لـەتی دێـڕە شـیعرێکەوە، درێژترین لەتە شیعری کلاسیکیش لە (١٦) بڕگە زیاتر نییە، بە هـەردوو لەتەکـەوە دەکاتـە (٣٢) بڕگە، بەڵام لە شـیعری نوێـدا جـاری وا هەیـە رسـتەیەك کۆپلەیـەکی شیعرەکە، یـان هەموو شیعرەکە داگیر دەکات. وەك (ع. ح. ب) لە شیعری (گەردانەیەك)دا[١]، لە (١٨) لەتـە شیعری یەکەمدا ئینجا رستەیەك تەواو دەکـات، کـە لـە ڕووی ڕۆنـان و واتـاوە تـەواو بێـت. ئەگەر بە شێوەیەکی سادە رستەکە بنووسینەوە، بەم شێوەیە دەبێت: (نیازمە گەردانەیەك بهۆنمەوە)، بەڵام ئەوەی لە شیعرەکەدا درێـژ کراوەتـەوە، چـاڵی تەواوکـەری شـیعرەکەیە، کاتێك دەپرسین: (لە چی ئەو گەردانەیە دەهۆنیتـەوە؟)، (١٦) لـەتی سـەرەتای شیعرەکە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و سنووری تەواوکەری رستە فراوان دەکاتەوە.

[١] ع. ح. ب. (محمد شێخ حسێن بەرزنجی)، ناسۆری دەروون، بەغدا، ١٩٦٨، ل ١٧٣-١٧٤.

ئەم درێژکردنەوەیـەی رستـە هەنـدێجار پەیوەنـدی بـە شـێوازی شـاعیرەوە هەیـە، کـە دەیـەوێت وێنـە شـیعرییەکانی زیـاتر و فـراوانتر بکـات" ئـەم شـێوازەش لای (شـێرکۆ) زۆر دەبینرێت.

بە هەمان شێوە، هەر لە شیعری ئەم ماوەیەدا رستەی شیعریی وا هەیە لە لـەتێکی (٤) برگەییدا جێگای بۆتەوە، لە کاتێکدا رستە لە شیعری کلاسیکی بەو کورتییە و سەربەخۆ لە لەتە شیعرێکدا نابینرێت.

(دیلان) دەڵێت:

سەر زۆر بڕا
خوێن زۆر رژا
کەچی لە جێگەی هەر سەرێ
سەد سەری تر دێتە دەرێ
لە جێی هەر دڵۆپە خوێنێ
سەد گوڵ سەری دەرئەهێنێ.. !![1]

دوو لەتی یەکەم و دووەم، هەر یەکەیان رستـەیەکی سـەربەخۆیە و تـەنها لـە (٤) برگەش پێکهاتوون.

هەندێجار شـاعیر تـەنیا بـۆ پڕکردنـەوەی کێشـی شیعرەکە – شـیعرەکەی بـە وشـە و ئامرازی زیادە درێژ دەکاتەوە، کـە بـە لابردنیشـیان رسـتەکە چ لـە رووی رۆنانـەوە و چ لـە رووی واتاوە هـیچ گۆڕانکارییـەکی بەسـەردا نایـەت، لـەم بارەیـەوە (ئـەزرا پاوەنـد Ezra Pound) دەڵێـت: (نەکـەی وشـەیەك یـان سـیفەتێکی زیـادە بـەکاربهێنیت، کـە واتایـەك پیشان نەدات)[2]، مەبەستی لە واتایەکی شیعرییە، کە بە لابردنـی ئـەو وشـە زیادەیـە واتـای شیعرەکە لەنگ نەبێت.

لە شیعری ئەم ماوەیەدا بەتایبەتی لای هەندێ شاعیر، هەندێ ئامرازی وەك (ئەی، کەوا، کە، و، ... هتد) زۆر بەکارهاتوون، کە زیاتریش بۆ پڕکردنەوەی کێشـی شـیعریی بـەکاریان هێنـاون،

---

[1] محمد صالح دیلان، دیلان، بەغدا، ١٩٦٩، ل ١٢٠.

[2] د. سلمى الخضراء الجيوسي، الاتجاهات و الحركات في الشعر العربي الحديث، ترجمة: (عبدالواحد لؤلؤة)، بيروت، ٢٠٠١، ص ٧٣.

ئەمەش بووەتە هۆی لاوازبوونی زمانە شیعرییەکەیان. (جەمال شارباژێری) لە (گوڵ و کـەژاڵ)دا دەڵێت:

وتم بە گوڵ..
ئەی گیان و دڵ.
هەرچەن کەوا تۆ فریشتەی: —
نازەنینی..
زۆر ناسك و جوان و پۆشتەی..
باخی ژینی[١]

لەم چەند لەتە شیعرەدا" چەند وشـە و ئامرازێـك دەبیـنین، کـە تـەنیا بـۆ پڕکردنـەوەی کێش و درێژ دادڕی هێنراونەتەوە، دەنا بە لابردنیان هیچ گۆڕانێك بەسەر واتای شیعرەکەدا نایەت" بەکارهێنانی ئامرازی (ئەی) لەوە زیاتر، کە زمانی شیعرەکە لە زمـانی راسـتەوخۆ و دواندن نزیك دەکاتەوە، هیچ خزمەتێکی بە زمانـە شـیعرییەکە نـەکردووە، بەهـەمان شـێوە (کەوا تۆ) زیادەیە و بۆ پڕکردنەوەی گشتی شیعرەکە دانـراوە. جگـە لـەوەش بـەکارهێنانی چـەند (دیارخـەر)ێکی بـاو و سـواوی وەك: (گیـان، دڵ، فریشـتە، نـازەنین، ناسـك، جـوان، پۆشتە) بۆ یەك (دەرخراو) کە (گوڵ)ە، لە درێژدادڕی زیاتر هیچ ئەرکێکی شیعرییان نییە.

هەروەها لە ناو ئەو ئامرازانەدا، بە تایبەتی (ئەی) و (کە)، لە لایەن هەندێ شاعیری ئەو ماوەیەوە زۆر بەکارهاتوون" (جەوهەر غەمگین) لە شـیعری (جـوانی)دا (٢١) جـار (ئـەی)ی دووبارە کردۆتەوە" کە شیعرەکەی زۆر نزیك کردۆتەوە لە زمانی (دواندن).

ئامرازی (گەلێ)ش یەکێکە لەو ئامرازانـەی زۆر دووبارەکراونەتـەوە، بـۆ نموونـە (پیربـاڵ مـەحمود) لـە (پەپوولـەدا) (١٢) جـار" بـەزۆریش بـەدوای یـەکتردا، ئـەم ئـامرازەی دووبارەکردۆتەوە.

***ئەمەش لە شێتی، لەشەکەی نەرمی***
گەلێ نەرمتر لە رووی منالان
گەلێ رووناکتر لە رووخساری مانگ

---
[١] جەمال شارباژێری، بەستەی مەبەست، سلێمانی، ١٩٦١، ل ١٢٠.

گەلێ ڕۆشەنتر لە خۆری ئاسمان

گەلێ بەسۆزتر لە بای بـــەیانــی

کەدێ ماچ ئەکا ڕوومەتی گوڵان

گـــەلێ پاکژتر لـە گیانی پـــەری

گـــــەلێ جوانتر لە تیشکی بەیان

گـەلێ بەتامتر لە مەی ی دڵداری

گەلێ شیرین تر لە شەکری لێوان[1]

ئەم هەموو دووبارەکردنەوەیە، لە هـیچ ڕوویەکـەوە هـیچ خزمـەتێکی بـە شـیعرییەتی شیعرەکە نەکردووە" نە لایەنی مۆسیقا و نە لایەنی زمـانی شـیعریی، بـەڵکو شـیعرەکەی لاوازی کردووە.

(مەدهۆش) لە شیعری (پارە)دا[2]، (٦) جار ئامرازی (کە)ی لە ناو دێڕە شیعرەکاندا بەکارهێناوە، بـە لابردنیـان جگـە لـە تێکچـوونی کێشـەکە، هـیچ زیـانێکی تـری نییـە، گرنگترین هۆی بەکارهێنانی ئەم ئامراز و وشـە زیادانـەی دەبنـە هـۆی درێژکردنـەوەی ڕستە شیعرییەکان و لاواز بوونی زمـانی شـیعریی، پەیوەنـدی بـە هـەژاریی فەرهـەنگی شیعریی ئەو شاعیرەوە هەیە.

[1]: پیرباڵ مەحموود، بەهەشتی دڵداری، کەرکووک، ١٩٥٨، ل٦٥.

[2]: مەدهۆش، شیرین، سلێمانی، ١٩٦٢، ل٦٤.

**تەوەری دووەم: ( لادان لە پێوەرەکانی زمانی ئاسایی )[1]:**

ئەو لادانانەی لە شیعری ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا دەستنیشانیان دەکەین، لادانی شیعریین، هەر شێوەیەك لەو شێوانەی باسیان دەکەین، بەزاندنی سنووری بنەمایەکی زمانییە، بەڵام ئەم لادانە تاوەکو بە لادانێکی شیعریی دابنرێت، پێویستە یاسایەکی تێدا بێت، جیای بکاتەوە لە لادانی ناماقووڵ، ئەمەش بەوەی لادانی شیعریی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و دەتوانرێت ئەو جیاوازییەی لە نێوان رەگەزەکانی زماندا دروست دەبن نەهێڵرێت ، بەڵام لادانی ناماقووڵ لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ ناکرێت و ناتوانرێت جیاوازییەکە لاببرێت، واتە هەردوو جۆرە لادانەکە لە ڕووی (نێگەتیڤ)ەوە لەیەك دەچن، بەڵام لە ڕووی توانای نەهێشتنی ئەو نیگەتیڤەوە جیاوازن، لەبەرئەوەیە (جان کوهن) دەڵێت: (شێواز هەڵەیەکە، بەڵام هەموو هەڵەیەك شێواز نییە)[2]، واتە دەکرێت لادانی شێوازگەریی بە هەڵەیەك دابنێین، بەڵام وەك (چارل برونیو CH.BRUNEAU) دەڵێت: (هەڵەیەکی بەمەبەست)[3]" بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش نموونە بۆ هەردوو جۆرە لادانەکە دەهێنینەوە:

(دیلان) بەم شێوەیە (نێرگس) دەدوێنێت:

***تۆ پرسیارت لە بای وەشتە***
کاتێ گۆپکە
لێوی گرژی ئەبزوێنێ
کاتێ چرۆ
چاوی نووستووی ئەترووکێنێ [4]

---

[1] لێکۆڵەرانی زمانی شیعریی، کاتێك باس لە پێوەری زمانی ئاسایی دەکەن، زیاتر مەبەستیان لە زمانی نووسینی پەخشانی زانستییە، نەوەك زمانی قسەکردن، چونکە زۆرجار لادانەکان لە زمانی قسەکردنی ناو خەڵکدا ئەوەندە دووبارە دەبێتەوە، ڕەنگە ئەگەر زمانی شیعریی پێ بەراورد بکەین، زۆر لادان (لە شیعردا) بەهای ئیستاتیکییان نامێنێت.

[2] جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، ترجمة: (محمد الولي و محمد العمري)، دار البيضاء، ١٩٨٦، ص ١٩٣.

[3] سەرچاوەی پێشوو، ل١٥.

[4] محمد صالح دیلان، دیلان، بەغدا، ١٩٦٩، ل ١٠١-١٠٢.

چەند جیاوازییـەك لـە نێـوان (دەرخـراو) و (دیارخـەر)ەکان لـەم چـەند دێـڕە شـیعرەدا دەبینین، کە بۆتە هۆی لادانـی واتـایی لـە زمانـدا: (لێـو بـزاوتن) کـاری مرۆڤـە، بـەڵام لێـی خوازراوە و دراوەتە (گۆپکە)ی درەخـت" کاتێـك گۆپکـەی درەخـت درزی تێدەکـەوێت، بـۆ ئەوەی چرۆی لێوە دەربچێت، شاعیر لێکچـوونێك لـە نێـوان ئـەم (درز)ە و (لێـو)ی مرۆڤـدا دەبینێت، لەبەرئەوە ئەو ئەندامە و کـاری ئـەو ئەندامـەی بـۆ خواسـتووە. کـە چـرۆیش لـە گۆپکەوە دەردەچێت، گەڵا وردەکان بەیەکەوە نووساون" وەك پێڵوەکانی چاوی مرۆڤـە لـە کـاتی نووسـتندا، ئـەم لێکچوونەیشـی قۆزتۆتـەوە، تـاوەکو سـیفەتی (نووسـتوو)یی چـاو و تڕووکاندنی ئەم چاوە بداتە پاڵ چرۆ.

کەواتـە هەریـەك لـەو جیـاوازی و لادانانـەمان گەڕانـدەوە بـۆ بنـەمای لێکچـوواندن و خواستن، ئەوانیش وەك دوو تەکنیکی ڕەوانبێژی لە شیعردا کاردەکـەن. بـەم شـێوەیەش لادانەکان دەکەونە ناو سنووری مەنتیقەوە و سیفەتی لادانی شـیعریی وەردەگـرن. بـەڵام تاوەکو لێکدانەوەکان بۆ نەهێشتنی جیاوازییەکان تەواو بن، پێویستە هەریەك لەو لادانـە شیعرییانە لە ناو کایە شیعرییەکەدا لێـك بدرێتـەوە" لـەم نموونەیـەی سەرەوەشـدا پـێش هەموو شتێك شاعیر (نێرگس) دەدوێنێت، پاشان (نێرگس)یش (بای وەشت) دەدوێنێـت، واتە سیفەتی مرۆڤی پێ بەخشراوە، ئەمەش لادانی مەنتیقی تێدایە، بـەڵام پاسـاوی ئـەم لادانـەیش" ئەوەیـە شـاعیر ویسـتوویەتی ئازارەکـانی نەتەوەکـەی خـۆی بـە شـێوەیەکی شیعرییانە بخاتە ڕوو، وەك لە کۆپلەی کۆتاییشدا تەواو ئاشکرای دەکـات" مەبەسـتی لـە نێرگس ((ئاواتی کورد))ە، کەواتە (گۆپکە) و (چرۆ)ی نووسـتوویش، هـەر گوزارشـتن لـە نەهاتنەدی هیوا و ئاواتەکان، مەبەست لە (بای وەشت)یش (بای هێزی تێکۆشـان)ە، کـە دەبێتە هۆی کردنەوەی چرۆی ئاواتەکان و گەیشتن بە ئازادی.

مەبەستمان لە لێکدانەوەی واتای گشتی شیعرەکە ئەوەیە" ئەو کایە گشتییە بخینە ڕوو، کە تیایـدا (نالۆژیکی)یـەکان لێکدانـەوەی لۆژیکییـان بـۆ دەکرێـت و لادانـە واتـایی و زمانییـەکان ناهێڵرێت.

لێرەشـەوە نموونـەی لادانـی جـۆری دووەم پیشـان دەدەیـن، کـە لادانـی نالۆژیکییـە، ئەمەیش کاتێك ڕوودەدات، کە خوێنەر توانای لێکدانەوە و نەهێشتنی لادانەکەی نابێت" لـە ڕستەیەکی وەك: (بەردەکە قسەی دەکرد و پێدەکەنی)، نـاتوانین پەیوەنـدی و لێکچـوونێك

(لە خـۆوە) دروسـت بکـەین لـە نێـوان (بـەرد) و (مـرۆڤ)دا تـاوەکو خواسـتنی (پێکـەنین) و (قسەکردن) لە مرۆڤەوە بۆ (بەرد) بە لادانێکی لۆژیکی دابنێین، بەمەش لادانی ئەم رستەیە بە لادانێکی شیعریی دانانرێت. ئەگەر هەمان رستە لـە نـاو کایەیـەکی شـیعرییدا، بتوانرێـت لێکدانەوەی لۆژیکی بۆ بکرێت، بۆ نموونە مەبەست لە (بەرد) کەسێکی دیاریکراو بێت، بەمە لادانەکە دەبێتە شیعریی" بەڵام جاری وا هەیـە کایـە شـیعرییەکە یاریـدەدەر نییـە بـۆ ئـەم پرۆسە شیعرییە" وەك لە شـیعری (دادایـی) و (سـوریالیزم)ەکاندا دەبینرێـت..، چـونکە لـە راستیدا ئـەو کاتـە نووسـینێك بـە دەقێکـی شـیعریی دادەنرێـت، کـە شـاعیر لـە داڕشـتنیدا چەندین رێگای کردنەوەی بۆ دەقەکەی، لەبەردەم لایەنی تەواوکـەری پرۆسـەکە (خوێنـەر) شیاو کردبێت.

لێـرەدا جێـی ئامـاژە پێکردنـە، ئـەو ڕێبازانـەی دەقـی شـیعریی بـەرەو داخراوەیـی و نالۆژیکی دەبەن، لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی شیعری کوردی– کوردستانی عێراقدا، هێشتا سەریان هەڵنەداوە، لەبەرئەوە دەقێکی وا بەرچاو ناکەوێت لە جـۆری دووەمـی لادان بێت، (کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا).

ئەو لادانانەی بە دیاردەیەکی شێوازگەریی دادەنرێن، دەبێت بـڵاو و ئاسـایی نـەبن و لـە پێوەرە گشتییەکان نەچن، بۆ نموونە (شێرکۆ) دەڵێت:

کوا پاشەڕۆژ بە پرشنگی ئاوات ڕووناك بوو؟
دەپێم بلێ ئەو سەردەمە بوونی تۆ چـی بوو؟
غەیرەز بەوەی بە پاچـــــی خەم گردی ژیانم
هەڵکەنی تیا گۆڕسـتـــانی مردووی رۆژانم !![1]

لە لەتی دواییدا رسـتەکە لـە ڕووی ڕۆنانـەوە پـاش و پێشـی پـێ کـراوە و (فرمان)ەکـە هێنراوەتە پێشەوە، کە دەبووایە لەتە شیعرەکە بـەم شـێوەیە بێـت: (گۆڕسـتانی مـردووی ژیانمی تیا هەڵکەنی)، بەڵام ئەم لادانە بە دیاردەیەکی شێوازگەریی نە بۆ (شێرکۆ) و نە بـۆ (ساڵانی پەنجا و شەستەکان) دانانرێت، چونکە لـە شـیعری پـێش ئـەم سـەردەمە، لای زۆر شاعیری تر بەرچاو دەکەوێت، هەر بۆ نموونە (نالی) دەڵێت:

نەمــــردم من ئەگەر ئەم جـاره بێ تۆ

---

[1] شێرکۆ بێکەس، تریفەی هەڵبەست، بەغدا، ١٩٦٨، ل٤٢.

نەچم شەرگ بێ، هەتا ئەم خوارە بێ تۆ[1]

لە هەر دوو لەتەکەدا فرمانەکان هێنراونەتە پێشـەوە، کـە بـە پێـی یاسـای سینتاکسـی زمانی کوردی دەبوایە بکەونە دواوەی رستەکان.

جگە لەوە لادانی شێوازگەریی ئەوەیە چەند جارێك، هەمان دیاردە دووبارە بووبێتەوە، لـە پـاڵ ئەمانەیشـدا دەبێـت بەهایـەکی ئیسـتاتیکی هـەبێت" واتـە (شـیعرییەت) لێکۆڵینـەوە و دۆزینـەوە و ناسـین و دەستنیشـانکردنی ئـەو لادانانەیـە لـە پێـوەری گشـتی" کـە بـەهای ئیستاتیکیان هەیە. بە گوێرەی شیعری نوێ، لادانـەکان وەك پێـوەرێکی ئیسـتاتیکی تەماشـا دەکرێت، بەڵام لە شیعری کلاسیکیدا بە پێچەوانەوەیە، ئەگەر لادانیش هەبێت، دەخرێتـە نـاو سنووری تەسکی یاساوە.

لەبەرئەوە دەتوانین دیارترین لادانە شیعرییەکان بە نموونەی شیعری ئەم ماوەیە پیشان بدەین، بەڵام دانانی لادانێك بە دیاردەیەکی شێوازیی شیعری ئـەو سـەردەمە، لـە سـنووری تەسکی ئەم باسەدا، شتێکی ئاسان نییە!.

زۆربەی لادانە زمانییـەکان لـە شـیعردا، (بـە تایبـەتی لادانـە دەنگییـەکان)، بـەهۆی مۆسیقای شیعرەوە دروست دەبێت" کە لە باسـی مۆسـیقای شـیعری ئـەو ماوەیـەدا، لـە تەوەری (مۆسیقای ناوەوە)دا، ئاماژەمان بەدیارترین لادانەکان کرد، چ لە ئاستی فۆنێم و چ لە ئاستی مۆنێمدا..، لەبەرئەوە لەم تەوەرەی باسی زمانی شیعرییدا، باس لە (لادان لە ئاستی واتایی و رۆنانی) دەکەین:

(رستە) تاوەکو واتا ببەخشێت، دەبێت بچێتە ژێـر بـاری دوو یاسـاوە: یەکـەمیان" یاسای رۆنانە (یان رێزمانی)، دووەمیشیان" دەبێت لۆژیك قبووڵی بکات، بەڵام لە زمانی شـیعرییدا ئـەم دوو یاسـایە دەشـکێنرێن، بـۆ نموونـە لـە زمـانی ئاسـاییدا دەوترێـت: (پەپوولەکـە بەسـەر گوڵەکـەوە نیشـتەوە.)، ئـەم رسـتەیە هـەردوو یاسـاکەی تیـادا رەچاوکراوە، لە ڕووی رۆنانەوە، بە پێی یاسای سینتاکسـی زمـانی کـوردی داڕێـژراوە (بکـەر+ تەواوکـەر+ کـار)، لـە ڕووی لۆژیکیشـەوە قبـووڵ دەکرێـت، لەبەرئـەوە بـە رستەیەکی واتاداری دادەنێین. بەڵام لەم دێڕە شیعرەدا:

هەر بە یەك سەرنج یەك ئاوڕ

[1] مەدهۆش، شیرین، سلێمانی، ١٩٦٢، ل٣٨٠.

بـەرت دا لـە دەروونــم گــڕ[1]

لەتی دووەم لە ڕووی ڕۆنانەوە تێکەڵ و پاشوپێش کراوە، کە دەبووایە بەم شێوەیە بێت:

(گڕت لە دەروونم بەردا.)، کاری لێکدراو لە کوردیدا، راناوی لکاو دەچێتە دوای بەشی یەکەمی، بەڵام لە شیعرەکەدا چووەتە دوای بەشی دووەم، کارەکە لە سێ بەش پێکهاتووە: (گڕ+ بەر+ دان)" بەرکارەکەش دەکەوێتە دوای راناوە لکاوەکە" کە (بکەر)ە، لە شیعرەکەدا ئەمیش لە جێگای خۆی نییە و کەوتۆتە دوای بەشی سێیەمی کارە لێکدراوەکە. واتە لەم لەتە شیعرەدا لادانێکی رۆنانی هەیە.

هەموو ئەو وێنە شیعرییانەی پشت بە خواستن دەبەستن دەبنە نموونەی لادانی لۆژیکی" (پەشێو) دەڵێت:

بابڕاکێ..
بابچەمێ..
گەردنی شەستپەڕی دوارۆژ
کە بە ئاوات بووم بیگەمێ
هەموو دەمێ ![2]

لەم وێنە شیعرییدا" دوارۆژ چوێنراوە بە شەستپەڕ، ڕووی لێکچوونیشیان (جگە لە جوانی)" زۆریی پەڕەکانی گوڵە شەستپەڕ و زۆری هیوا و ئاواتەکانی دوارۆژە، تا ئێرە نالۆژیکی دروست نەبووە، چونکە لێکچواندن تاڕادەیەکی زۆر لە زمانی ئاسایشدا بەکاردێت و لۆژیك بە ئاسانی قبوولی دەکات، بەڵام خواستنی ئەندامێکی مرۆڤ (گەردن) لە جیاتی لاسك بۆ گوڵە شەستپەڕ، وێنەیەکی نالۆژیکی دروستکردووە، کە بە دۆزینەوەی لێکچوونی نێوانیان لادانە لۆژیکییەکە ناهێڵرێت: لاسکی گوڵ وەکو گەردنی مرۆڤ وایە" گەردن (سەر)ی هەڵگرتووە و (لاسك)یش(گوڵ). مەرج نییە تەنیا بەهۆی خواستنەوە لادانی واتایی دروست ببێت، هەندێجار بەهۆی جێگۆڕکێی وشەکانەوە پەیدا دەبێت" وەك لەم دێڕە شیعرەی (شێرکۆ)دا دیارە:

[1]: کامەران موکری، ئاوات و رەنج، سلێمانی، ١٩٦٨، ل٧٨.
[2]: عەبدوڵڵا پەشێو، بتی شکاو، کەرکوك، ١٩٦٨، ل٢٨.

چەقەڵ بەسەر شێرا نێرە !
مشك. پشیلە راو ئەنێ [1]

دەکرێت بەهۆی پاش و پێش کردنی وشەکانەوە لادانە لۆژیکییەکە نەهێڵرێت" ئەگەر لە لەتی یەکەمدا (چەقەڵ) و (شێر)، لە لـەتی دووەمیشـدا (مشـك) و (پشـیلە) جێگاکانیـان بگۆڕدرێتەوە، بەم شێوەیەی لێدێت: (شێر بەسەر چەقەڵا نێرە// پشـیلە مشـك راو ئـەنێ)، بەڵام ئەم کارە تەنیا لە پێناوی شیکردنەوەدایە، دەنا بەو شێوەیە شیعرەکە دەمرێت.

## ١- ئاستی واتایی:

لەم ئاستەدا سێ ئەرك دیاریدەکەین" (هەڵسپاردن و دەستنیشانکردن و گەیاندن):

أ – (هەڵسـپاردن= الاسـناد): (واتـە هەڵسـپاردنی سـیفەتێك بـۆ شـتێك و ئـەم سـیفەتە بەتایبەتییەك دابنرێت، کە ئەم (شت)ە جیا دەکاتەوە.) [2]، هەروەك چۆن وشـەکان بـە پێـی مۆرفۆلۆژی هەر زمانێك دابەش دەکرێن بۆ چەند پۆلێك: (ناو، ئاوەڵناو، کار، ... هتد)، بەو شـێوەیەش وشـەکانی نـاو هـەر پۆلێـك بـە پێـی نزیکـی واتـا و بەکارهێنانـەکانیان پـۆلێن دەکرێنەوە، بۆ نموونە ناوێکی وەك (درەخت)، کۆمەڵێك کار و ئاوەڵناو لەگەڵیدا دەگونجێت بەکاربهێنرێن، بەڵام دەشێت لە شیعردا رەچاوی ئەم گونجاندنە نەکرێت" (بۆ نموونە) کارێك (یان ئاوەڵناوێك) بۆ ناوێك بەکاربهێنرێت، کە لەگەڵیدا نەگونجێت و بەمەش نالۆژیکی لە واتا دروست دەبێت" وەك لەم دێرە شیعرەی (گۆران)دا دەیبینین:

سەعات فڕی، شەو درەنگ بوو.
هێشتا نیوەڕۆی ئاهەنگ بـــوو! [3]

کاری (فڕی)" (بەزۆری) لەگەڵ (باڵندە) دا بـەکاردەهێنرێت، نـەوەك (سـەعات) کـە شتێکی بێ گیانە، واتە نەگونجانێك دروست بووە، کە بۆتـە هـۆی دروسـتکردنی وێنەیـەکی نالۆژیکی، مەبەستیش لە (فڕینی سەعات) خێرا تێپەڕ بوونی کاتـە. ئـەم رسـتەیە لـە رووی لۆژیکەوە قبووڵ ناکرێت ڕەت دەکرێتەوە، بەڵام ئەو واتایەی مەبەستەکەیە" (تەواو)ە.

---

[1]: شێرکۆ بێکەس، کەژاوەی گریان، سلێمانی، ١٩٦٩، ل١٠٣.
[2]: جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، ترجمة: (محمد الولي و محمد العمري)، دار البيضاء، ١٩٨٦، ص ١١٤.
[3]: گۆران، بەهەشت و یادگار، بەغدا، ١٩٥٠، ل ٤٩.

واتە لەم جۆرە رستانەدا" ئاستی دەنگیی دوو جۆر واتا دەبەخشێت، واتایەکی ئاشکرا و واتایەکی شاردراوە، یەکەمیان نالۆژیکییە و رەتدەکرێتەوە، دووەمیشیان مەبەستە شیعرییەکەیە.

(لابردن" یان ئاوەڵناوی زیادە" یان پێش خستن و دواخستن، هەموو ئەم شێوانە– لە ڕاستیدا– (کایەیی= Context)ن، بەڵام خواستن لادانی گۆڕینەوەیە).[1]، مەبەست لە گۆڕینەوە ئەوەیە" ئەو وشەیە لە جێگای راستەقینەی خۆیدا نییە، بەڵکو جێگاکەی لەگەڵ وشەی تری هەمان پۆل گۆڕیوەتەوە، یاخود ئاوەڵناوەکە (یان کارەکە)ی لە ناوێکی تر وەرگرتووە، گۆڕینەوەکەش لە ئاستی واتادا لادان دروست دەکات، دەنا لە ئاستی رۆناندا ئاساییە" واتە گۆڕینەوەیەکی (واتایی)یە، لەم بارەیەشەوە (جان کوهن) دەڵێت: (ستراتیژیی شیعرییەت یەك ئامانجی هەیە، ئەویش گۆڕینەوەی واتایە.)[2]

دیارترین نموونەی شیعریی، کە زیادترین نموونەی ئەم گۆڕینەوە واتاییەی تێدا ببینرێت لە شیعری ساڵانی پەنجاکان و شەستەکاندا، شیعرێکی (شێرکۆ)یە بە ناونیشانی (سەرسام مەبە)[3] تیایدا دژایەتی ناو ژیانی کۆمەڵەکەی پیشان دەدات، بۆ ئەم مەبەستەش بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە گۆڕینەوەی واتایی بەستووە، لە ئەنجامدا کۆمەڵێك رستەی نالۆژیکی دروست بووە، بەڵام کە ئەمە کایەی گشت واتای شیعرەکە بێت، هەموو نالۆژیکییەکان لە سنووری لۆژیکدا لێك دەدرێنەوە.

نموونەی بەکارهێنانە نەگونجاوەکانی ناو شیعرەکەش وەك:

نامەی ماندووی، دور وڵاتت
چاو پڕ لە.. فرمێسکی پرسیار..
سیمای دێڕی کش و ماتت[4]

بەکارهێنانی ئاوەڵناوی (ماندوو)" کە بۆ زیندەوەر بەکاردێ، بۆ (نامە)ی بێگیان، (چاوی پڕ لە فرمێسك) لە مرۆڤەوە خواستراوە بۆ نامە، ئاوەڵناوی (کش و مات) بۆ وشەی (دێڕ)

---

[1] جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، ترجمة: (محمد الولي و محمد العمري)، دار البيضاء، ١٩٨٦، ص ١١٠.
[2] جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، ترجمة: (محمد الولي و محمد العمري)، دار البيضاء، ١٩٨٦، ص ١١٠.
[3] شێرکۆ بێکەس، کەژاوەی گریان، سلێمانی، ١٩٦٩، ل٩٢-١٠٨.
[4] سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢-٩٣.

ناگونجێت، کە مەبەستی شاعیر لە (نامە) خاوەنی نامەکەیە، مەبەستیش لە دێڕ بیری خـاوەن نامەکەیە.

هەروەها کاری خنکاندن دراوەتە پاڵ (وشە):

وشەی سەربەست..
چۆن دێتە دەر بیدرکێنە..
توخوا لە ناو گەرووی ترسا
یان بە ئەنقەست..
مەی خنکێنە.. [١]

زمانی زیندەوەر دراوەتە پاڵ (قەڵەم)ی بێ گیان، کاری (وێران)یش بۆ مرۆڤ بـەکاردێت، نەوەك (قەڵەم):

کاکی برا..
وەك تۆ ویستت
زمانی قەڵەم نەی وێرا.. [٢]

هەروەها (زەردەخەنە) بۆ (وەرام) و (باڵ) یش بۆ (شەو) بەکارهاتووە...

کۆمەڵێك رستەی نـالۆژیکی لـەم شـیعرەدا دەبیـنین، کـە بـەهۆی ئـەم گۆڕینەوەیـە دروست بوون، وەك: (چاوی زستان) لە جیاتی باران (نمەی خوێنی لێ ئەبارێ).. لە رستەی (بەفر سوورە)دا، ئاوەڵناوی (سوور) جێگای ئاوەڵناوی (سپی) گرتۆتەوە. لە (گوڵاڵەی گۆنا گەش)دا گوڵاڵە جێگای (کچ)ی گرتۆتەوە، یان (گۆنای گەش) لە (کچ) خوازراوە بۆ گوڵاڵە.

مرد.. بەهاری خۆشەویستی
جاری جاران
مرد.. بەهەشتی..
مرد.. ڕەوشتی
پیرۆزی باو باپیران ! [٣]

---

[١]: س. پ، ل٩٥.
[٢]: س. پ، ل٩٦.
[٣]: س. پ، ل٩٩.



هەواڵنامەی کتێب

**کاری (مردن) لەگەڵ هیچ یەکێك لەو ناوانە ناگونجێت.**

**لە ((بەهار وەرزی گوڵ وەرینە !))دا" (بەهار) جێگای (پایز)ی گرتۆتەوە.**

**هەروەها کۆمەڵێك رستەی نالۆژیکی لە ناو شیعرەکەدا بەرچاودەکەون" وەك: ((خۆرهەڵاتمان خۆرنیشینە !))، ((لە باتی گوڵ درِك ئەرِوێن))، ((لە جێ مایین.. ئێستر ئەزێن !))، .. هتد.**

**بۆ پیشاندانی رادەی لادانی واتایی لە زمانی شیعری کوردی سالانی پەنجاکان و شەستەکاندا، بە بەراوردکردن لەگەڵ شیعری کلاسیکی، تەنیا (ئاوەڵناو)[1]مان بە نموونە وەرگرت و لە هەر قۆناغێکدا سێ شاعیر و لای هەر شاعیرەیش (سەد) ئاوەڵناومان وەرگرت[2] و ژمارەی ئاوەڵناوە جیاوازەکان (نەگونجاوەکان) لەگەڵ دەرخراوە) کانیانمان دەستنیشانکرد، ئەنجامەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:**

---

[1] ئەمەش لەبەر زیاتر بەکارهاتنی (ئاوەڵناو)، ئەو ئەنجامەی پێی دەگەین وردتر و ئاسانتر دەبێت" واتە (ئاوەڵناو) وەك (عینە) وەرگیراوە، ئەو ئەنجامانەی لە ئامارەکەدا پێیگەیشتووین، دەتوانرێت بەسەر بەشەکانی تری زماندا (ناو، کار، ..) پراکتیك بکرێن.

[2] ئاوەڵناوەکان لای هەر شاعیرێك لەم لاپەڕانەدا وەرمانگرتوون:

١- دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریم: ل (٩٥ — ٩٧ )، ل (١٣٧ — ١٤٤ )، ل (٢٠٤ — ٢١٧ )، ل (٢٢٥ — ٢٦٠ )، (٢٦٤ — ٢٧٠ )، (٣٥٥ — ٣٦٦ )، (٣٩٤ - ٣٩٨).

٢- دیوانی مەحوی، مەلا عەبدولکەریم: ل(٣ — ٥ )، ل(٢٥ — ٢٧)، ل(٤٩- ٥١)، ل(٧٢- ٧٤)، ل(٧٤- ٧٦)، ل(١٢٥ — ١٢٧)، ل(١٣٠ — ١٣٢ )، ل (١٣٧ — ١٤٢ )، ل (١٦٧ — ١٧٠ )، ل (٢٢٠- ٢٢٢)، ل(٢٢٨ — ٢٣٠ )، ل(٢٧٠ — ٢٧٢ ).

٣- دیوانی حاجی، کەریم شارەزا و سەردار میران: ل(٣١ — ٣٧ )، ل (٤٦ — ٤٧)، ل(٦٨)، ل(٩٦ - ٩٩)، ل(١٠٤ — ١٠٥)، ل(١٢٣)، ل(١٧١ — ١٧٢ )، ل (١٩٩ — ٢٠٠ )، ل (٢٠١ — ٢٠٧ )، ل (٢١١ — ٢١٢)، ل (٢٥١ - ٢٥٥)

٤- گۆران، بەهەشت و یادگار: (رەوتێکی جوان" ل ٣)، (نیاز" ل ٣٤).

گۆران، سروشت و دەروون: (دارچوالەی پشکووتوو" ل٩).

دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم: (گەشتی هەورامان: ل١٢٧ — ١٣١)، (بێدارییەك" ل ١٨١).

٥ — دیوانی دیلان، دیلان: (بۆ پۆڵدی" ل ١٨ — ٢٠)، (رووناکی" ل ٢١ — ٢٢)، (شیرین" ل ٥٣ — ٥٥)، (بۆ باڵدارەکان" ل ٥٦)، (مامە کرِنوو" ل ٩٠ — ٩١ )، (گەشتێ" ل ٦٥ — ٦٨)، (رەز" ل ١٣٢ — ١٣٣ ).

٦ - شێرکۆ، تریفە: (سێ هەڵبەستی تینوو" ل ٢٣ — ٢٦ )، (تاسەی هیوام" ل ٤٠-٤٢ )، (ئێوارەی خەمگین" ل ٥٣ — ٥٥ )، (تەنیایی" ل ٥٦ — ٥٧ )، (وەرام" ل ٧٤ — ٧٥ )، (بۆ چاوە شینەکانی" ل ٨٤ — ٨٧).

| قۆناغ | شاعیر | ژمارەی ئاوەڵناوە جیاوازەکان | تێکرا |
|---|---|---|---|
| کلاسیک | نالی | ٣ | |
| | مەحوی | ٦ | ٪٥,٦ |
| | حاجی | ٨ | |
| پەنجاکان و شەستەکان[*] | گۆران | ١٦ | |
| | دیلان | ١٩ | ٪٢٥,٦ |
| | شێرکۆ | ٤٢ | |

وەك لە خشتەکەدا دیارە، رادەی لادان لە یاسای هەڵسپاردن لـە زمـانی ئاسـاییدا ، زۆر جیـاوازە لـە نێـوانی زمـانی شـیعریی پـەنجاکان و شەسـتەکان و شـیعری کلاسـیکیدا، ئـەم جیاوازییە نەك تەنها بە گوێرەی دوو قۆناغەکە، بـەڵکو ئەگـەر بـە پێـی زنجـیرەی مێـژوویی بڕوانینە شاعیرەکان (لەسەرەوە بۆ خوارەوە) هەر شاعیرێك لەوەی پێش خۆی زیاتر پەنای بردۆتە بەر ئەم شێوە لادانە، ئەمەش دیاردەیەکی پۆزەتیڤە لە شیعری کوردی بە گشـتی و شـیعری ئـەم ماوەیـەدا (١٩٥٠–١٩٧٠) بـە تایبـەتی، چـونکە ئەگـەر هـەر شـاعیرێك وێنـە شیعرییەکانی خۆی و شاعیرانی پێش خۆی وەکو خۆی دووبارە بکاتـەوە، شـیعرەکانی لـە بازنەیـەکی سـنووردارا دەسـوورێنەوە و ناتوانێـت هـیچ جـۆرە داهێنانێـك بکـات، بـە پێچەوانەشـەوە پـەنا بردنـە بـەر شـێوەکانی لادان لـە زمـانی شـیعرییدا، دەبێتـە هـۆی دروستبوونی وێنەی شیعریی نوێ، کە بەهۆیانەوە گوزارشت لە بیری نوێ دەکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

[*] شێرکۆ، کەژاوەی گریان: (کەژاوەی گریان" ل ٧ – ٣٢ ).

بـۆ روونکردنـەوەی جـۆری ئاوەڵنـاوە جیاوازەکـان“ لـە شـیعری کـوردی پـەنجاکان و شەستەکاندا، ئاماژە بەو ئاوەڵناوە جیاوازانە دەکـەین، کـە لـە ئامارەکـەدا دەستنیشـانمان کردوون[1].

بـۆ نەهێشـتنی جیـاوازی ئاوەڵنـاوە جیاوازەکـان و دەستنیشـانکردنی جـۆری پلـەی جیاوازییەکە، (کە زۆبەیان لەسـەر بنـەمای لێکچـوواندن و خواسـتن بنیاتـدەنرێن)، بـەدوای پەیوەنـدی نێـوان واتـای راسـتەقینە و واتـای دووری (دیارخەر)ەکـە دەگـەڕێین، پێویسـتە واتاکانی دیارخەر و دەرخراوەکـە شـیبکەینەوە“ یـەکێك لـەو واتـا لاوەکییانـە پەیوەنـدی و گونجانەکە دروست دەکەن، واتە دۆزینـەوەی ئـەو واتایـەی کـە پاسـاوی لادانـە زمانییەکـە دەکات. دۆزینەوەی لایەنەکانی خواستن لەم کارەدا سوودی دەبێت.

بە کورتی“ (دیارخەر)ەکە لەگەڵ (دیارخراو)ەکـەدا ناگونجێـت، کـە بـە (جیـاوازی) یـان (لادان) دادەنرێت، بەڵام لە ئەنجامی شیکردنەوەی واتاکانی هەر دوو لایەنی (هەڵسـپاردن)، بە تایبەتی واتا سـیمانتیکییەکانی (دیارخەر)ەکـە، گونجانەکـە دروسـت دەکرێـت، ئەمـەش دەبێتە هۆی نەهێشتنی جیاوازییەکە.

دووری و نزیکی پەیوەنـدی نێـوان واتـای یەکـەم (ئاشـکرا) و واتـای دووەم (شـاراوە = مەبەستە راسـتەقینەکە) ی دیارخەرەکـە، لـە هـەر (جیاوازی)یەکدا مەوداکـەی دەگۆڕێـت، هەندێجار نزیکن لە یەکەوە و هەندێجاریش دوورن“ (بەم شـێوەیە دوو پلـەی خواسـتن (یـان جیاوازی = منافرە) دەستنیشان دەکەین، ئەمەش بـە پێـی پەیوەنـدی نێـوان دوو واتاکـە“ ئەگـەر پەیوەندییەکـە نـاوەکی بـوو“ ئـەوا جیاوازییەکـە لـە پلـەی یەکەمدایـە، ئەگـەریش پەیوەندییەکە دەرکی بوو“ ئەوا (جیاوازی)یەکە لە پلەی دووەمدایە)[2].

---

[1]: هەریەك لە واتاکانی (دیارخەر) و (دیارخراو )ەکان، لە ناو کایەی شیعرەکەدا لێکمان داوەتەوە، نەك بە دابڕاویی.

[2]: جان کوهن، بنیة اللغة الشعریة، ترجمة: (محمد الولي و محمد العمري)، دار البیضاء، ١٩٨٦، ص ١٢٤-١٢٥.

**گـــــۆران:**

– (تەمی رەش و تاریك) گوزارشـت لـە ناخۆشـی دەكـەن، كـە لـە راسـتیدا ئاوەڵنـاوی (سپی) و (لێڵ) لەگەڵ تەمدا بەكاردێت.

– (بێ نەغمـە بـوو باخچـەی ژیـانم)، (ژیـان) نـاوێكی ئەبسـتراكتییە و دەرخـراوە، (بـێ نەغمە)ش دیارخەرەكەیە، كە ناگونجێت لەگەڵیدا، بەڵام چواندنی ژیان بە باخچە، دیارخـەر و دەرخراوەكە لێك نزیك دەكاتەوە، بەو واتایەی باخچە باڵندە و بولبـوولی لێیـە و نەغمـەی باخچەكەش، واتە نەغمەی باڵندەكانی ناوی.

– ئەو ئاوەڵناوانـەی بـۆ (نـاو)ی ئەبسـتراكتی بـەكاردەهێنرێن، زۆربـەیان نـەگونجاون، و زۆربەشیان لە پلەی دووەمدان، چونكە ئاوەڵناو خۆی لە خۆیدا بۆ شتی مەتریالی بەكاردێت، نەك ئەبستراكتی" وەك: (تەبیعەتم زەرد و ژاكاو، بێ نەغمە بوو باغچەی ژیان، هیـوا تاریـك، ئەندێشەی بێ بن، ..)

ئەمەش هەندێك لە دەرخراوە مەتریالییەكان:

– (لەرەی دەنگی شادمانی و نەشئەم خنكاو بوو)، (دەنگ) دەرخـراوە و (خنكـاو) كـە دیارخەرە، ئاوەڵناوێكە بۆ زیندەوەر بەكاردێت، لە واتا لاوەكییەكانی (نەمان و لە ناوچوون و فەوتان..)ە، كە ئەم واتایانەش لەگەڵ دەرخراوەكەی ئێرەدا دەگونجێت.

– (ئاسمانی رەش)" لە واتـا سـیمانتكییەكانی دیارخـەرەكـە" گوزارشـت لـە (ناخۆشـی) دەكات، ئاسمانیش ئەگەر رەنگی رەش بێت (كە خۆی شینە)، گوزارشت لە باری دەروونـی یان ژیانی ناخۆشی شاعیر دەكات، لـە لایـەكی تریشـەوە واتـای (ئاسمـانی بـێ ئەسـتێرە و مانگ) دەگەیەنێت، كەواتە نزیكی لە نێوان هـەردوو واتـا دوور و نزیكەكـەی (دیارخەر)ەكـە هەیە.

– (كۆمەڵـە شـاخێك سـەخت و گـەردن كـەش)" ئاوەڵنـاوی (گـەردن كـەش) بـۆ مـرۆڤ بەكاردەهێنرێت، یەكێك لە واتاكانی (پتەوی و ئەستووری وبەرزی)یـە، كـە ئەمـەش لەگـەڵ دەرخراوەكەدا دەگونجێت.

– (دار چوالەی نازدار)" خواستنی ئاوەڵناوی (نازدار) لە كچەوە بـۆ (دار چـوالە)، ئەمـە تـەنیا لـە خـەیاڵی شـاعیر خۆیدایـە، بـۆ پیشـاندانی جـوانی و ناسـكی دار چـوالە، واتـە پەیوەندییەكە نیسبییە، دەكرێ بە پلەی یەكەم و دەشكرێت بە پلەی دووەمی دابنێین.

– (چوالەی تارا سوور)“ ئاوەڵناوی (تارا سوور) بۆ بووك بەکاردەهێنرێت، بـەڵام لێـرەدا چواله به بووك چوێنراوه، یاخود (تارای سـوور) لـه بـووك خـوازراوه بـۆ دار چـواله، واتـای دووەمی دیارخەرەکه (هەڵاڵەی سوور)ه، واتای یەکەم و دووەم لە ڕووی ڕەنگەوە وەك یەك وان“ واتە لە پلەی یەکەمدایە.

– (چـاوم یـاخی لـە وەنـەوز)“ (یـاخی) بـوون واتـە بـە گژاچـوونەوە، چـاویش نایـەڵێت وەنەوزی تێ بچێت، واتە بە گژیدا دەچێتەوە، ئەمیش بە پلەی یەکەم دادەنرێت.

دەتوانین بـە شـێوەیەکی گشـتی“ زۆربـەی ئاوەڵنـاوە جیاوازەکـانی (گـۆڕان) بـە پلـەی یەکەمی (جیاوازی) دابنێین“ ئەمەش شتێکی ئاساییە بەو پێیەی (گـۆڕان) بناغـە داڕێـژەری یاخیبوونی شیعری کوردی ئەم قۆناغەیە، لەبەرئەوە هەم لە ڕووی ڕێژەی (جیاوازی) و هەم لە ڕووی پلەی جیاوازییەکەوە، سەرەتای زمانە شیعرییە نوێیەکە پیشان دەدات.

**دیـــلان:**

لەو ئاوەڵناوە جیاوازانەی لەگەڵ ناوی ئەبستراکتیدا بەکارهاتوون:

– (شەوگاری تاڵ)“ (تاڵ) تامێکی ناخۆشە“ واتە شەوگاری ناخۆش.

– (ڕووناکی پاك)“ لەم جۆرە نەگونجانەدا، ناچارین بەدوای واتا لاوەکییە دوورەکانی دیارخەرەکەدا بگەڕێین، تاوەکو پەیوەندییەك بدۆزینەوە.. یـەکێك لـە واتـا لاوەکییـەکان ئاوەڵناوی (پاك) سپی یەتییە، کە ئەمە سیفەتێکی ڕووناکییە. دەتوانین ئەم جیاوازییە لە پلەی دووەمدا دابنێین.

– (ئامانجی زێڕین)“ لە واتا سیمانتکییەکانی ئەم ئاوەڵناوە: (جـوانی و درەوشـانەوە و بە نرخی)یە، کە ئەم واتایانە زیاتر لەگەڵ دەرخراوەکەدا دەگونجێن.

– (هەسـت پلیشـاوە)“ (پلیشـان) واتـە گـۆڕان و تێکچـوونی تـەواوەتی دۆخ و شـێوە و قەبارەی تەنێك بـەهۆی هێزێکـی زۆرەوە، کـە بەتـەواوی بـوونی ئـەو شـتە دەگۆڕێـت و لـە نەبوون نزیك دەبێتەوە، واتە لە نێـوان بـوون و نەبووندایـە، ڕەنگـە ئـەم واتایـە تاڕادەیـەك لەگەڵ (هەست)دا بگونجێت، واتە جیاوازییەکە لە پلەی دووەمدایە.

لەو ئاوەڵناوە جیاوازانەیش، کە لەگەڵ ناوی مەتریالیدا بەکارهاتوون:

– (بەستەی قژکاڵ)" لە واتا لاوەکییەکانی (قـژکاڵ)" (جـوان)ە، واتـە بەسـتەی جـوان، مەودای دوو واتاکە تاڕادەیەك لە یەکەوە دوورن و دەشێت بە پلەی دووەمی دابنێین.

– (وەنەوشەی ڕووشەنگ)" واتە وەنەوشەی جوان، ئەمیش لە پلەی یەکەمدایە.

– (وەنەوشـەی گێـژ)" لاسـکی گـوڵی وەنەوشـە خواردەبێتـەوە و گوڵەکەیشـی شـۆڕ دەبێتەوە، (گێژ)یش، بەو مرۆڤە (یان گیانلەبەرە) دەوترێت، کە سـەری کـەچ و شـۆڕە[1]، ئەمیش لە پلەی یەکەمدایە.

– (باڵی زێڕین)" درەوشەدار و بە نرخی دوو واتـای لاوەکـی (زێـڕین)ن، (بـاڵ)یش بـاڵی مەلی ئاواتە، واتا لاوەکییەکانیش لەگەڵ ئاواتدا دەگونجێن، کە ئەمیش بە (مەل) چـوێنراوە و (باڵ)ەکەش هی ئەم مەلەیە.

– (بولبول شەوان بێدار)" ئاوەڵناوی (شەوان بێدار) لە مرۆڤـەوە وەرگـیراوە و دراوەتـە بولبـول، مەبەسـت لـەو بولبولانەیـە، کـە بەشـەودا دەخـوێنن، ئەمـەش لـە پلـەی یەکـەمی جیاوازیدایە.

– (ڕەنـگ شـیرین)" یـەکێك لـە سـیفەتەکانی هەسـتپێکراوەکانی هەسـتی چەشـتن" (شـیرین)ە، کـە سـیفەتێکی (پۆزەتیڤـە)ە، چـێژێکی خـۆش دەبەخشـێت و دەتـوانین بـە سەرەکی ترین سیفەتی هەستپێکراوی ئەم هەستەی دابنێین، بەکارهێنانی ئەم ئاوەڵناوەش بۆ هەر هەستپێکراوێکی هەستەکانی تر" واتای پەسەندکردنی ئەم شـتە دەگەیـەنێت، وەك: (خـوێن و شـیرین، زمـان و شـیرین، ڕەنـگ و شـیرین، ڕوخسـار شـیرین، ... هتـد)، بـەڵام پەیوەندییـە واتاییـەکانی نێـوان واتـای یەکـەم و دووەم بـەوردی دەستنیشـان ناکرێـت، لەبەرئەوە دەکرێت ئەم جۆرە ئاوەڵناوە جیاوازە بە پلەی دووەم دابنێین.

ئـەم دیاردەیـە لای ڕەمزییـەکان پێـی دەوترێـت (گۆڕینـەوەی هەسـتەکان)" واتـە (وەسـفکردنی هەسـتپێکراوەکانی هـەر هەسـتێك بـە سـیفەتەکانی هەسـتپێکراوەکانی هەستەکانی تر.)[2].

---

[1]: وشەی (کەچ) و (کەژ) و (گێچ) و (گێژ) یەك وشەن و گۆڕانی فۆنۆلۆژیان بەسەردا هاتووە، هەموویان بە واتای (خوار) دێن.


[2]: د. محمد غنیمي هلال، النقد الأدبي الحدیث، القاهرة، ١٩٧٧، ص٣٩٥.

– (کۆڕی سوور)“ واتە کۆڕی خەبات وتێکۆشان و شۆڕش“ (خـوێنڕژان و ئـاگریش)، لـە واتاکانی ئەم کـارەن، کـە هـەردووکیان ڕەنگی سـوورمان دێنێتـە پـێش چـاو، بـەم جـۆرە جیاوازییەکە لە پلەی دووەم دادەنرێت.

– (بولبولی ناکام)“ بولبـول بـە عاشـقێك چـوێنراوە، کـە بـە (یـار) نەگەیشـتبێت، یـاری ئەمیش (گوڵ)ە، واتە پەیوەنـدی لـە نێـوان واتـای دووەمـی دەرخراوەکـە و دیارخەرەکـەدا هەیە، جیاوازییەکەش لە پلەی یەکەمدایە.

– (هەناسە ڕەشە)“ (ڕەش) ڕەنگی دووکەڵـە، واتـە هەناسـە لـە جیـاتی هـەوا دووکـەڵ هەڵدەمژێت، پەیوەندی واتای یەکەم و دووەمی دیارخەرەکە زۆر بە تینـە، جیاوازییەکـە لـە پلەی یەکەم دادەنرێت.

– (بانگ خنکاوە)“ ئاوەڵناوەکە بۆ گیانلەبەرێك بەکاردێت، کە هەناسـەی لێ ببڕێـت و بمرێت، بانگیش بە بێ هەناسە نایەتەدەر، واتە نەمانی بانگ دەگەیەنێت، جیاوازییەکە لە پلەی یەکەمدایە.



**دیـــلان**

**شێرکۆ:**

هەندێ لە ئاوەڵناوە جیاوازەکان، کە لەگەڵ ناوە ئەبستراکتییەکاندا بەکارهاتوون:

– (شەوگار تاڵە)" لە پلەی دووەمدایە.(لای دیلان ئاماژەی پێکرا).

– (خەم خۆشەویستە)" ئەم ئاوەڵناوە دوو جار جیاوازە" جارێکیان بـەوەی کـە لەگـەڵ ناوێکی ئەبستراکتیدا بەکارهاتووە، دووەمیش لەبەرئەوەی (خەم) ڕۆڵی نێگەتیڤی لە ژیانـدا هەیە و (خۆشەویست)یش ئاوەڵناوێکی (پۆزەتیڤ)ە.

– (دڵی کاس و وڕ)" لە ڕاستیدا ئاوەڵناوەکە بۆ (سەر و گوێ) بـەکاردێت، (کـاس و وڕ) ئـەنجامی خـەم و تێکچـوونی بـاری دەروونییـە، (دڵ) یـش بـە واتـا ئەبسـتراکتییەکەی بـەکارهاتووە" واتـای (هـۆش و ئـەقڵ و دەروون) دەگەیـەنێت، بەمـەش پەیوەندییـەك لـە نێوانیانـدا دروسـت دەبێـت" بـەڵام هـەردوو لایەنەکـەی (هەڵسـپاردن)، واتـای دووەمیـان بەشداری لەم پەیوەندیی و گونجانەدا دەکات، واتە مەودای پەیوەندیەکە دوورە.

– (نووسین لاڵە)" (لاڵ) نەبوونی توانای قسـەکردنە، نووسـینیش کـاری قسـەکردنە بـە وێنـە و هێمـا لەسـەر کاغـەز، واتـە پەیوەندییەکـە لـە نێـوان واتـای دووەمـی (دەرخـراو) و (دیارخەر)ەکەدایە، لەبەرئەوە دەتوانین لە پلەی یەکەمی دابنێین.

– (دەم ... داخـراو) و (دڵ تینـوو)" دەگەڕێنـەوە بـۆ (دەروون)" یەکـەمیان نـەبوونی توانای گوزارشتکردن دەگەیەنێت، دەروونیش پێویستی بە گوزارشـتکردنە، دووەمـیش (دڵ تینوو) ئاوەڵناوێکی لێکدراوە و خـۆی لـە خۆیـدا جیـاوازە، لەبەرئـەوە هـەردوو ئاوەڵنـاوە جیاوازەکە لە پلەی دووەمدان.

– (واق وڕ) و (سەرسـام)" بـۆ (دەروون) بـەکارهێنراون، هـەردووکیان گوزارشـت لـە تێکچـوون و شـڵەژان و و ناسروشـتی بـوونی دەروون دەکـەن" کەواتـە بـە پلـەی دووەم دادەنرێن.

– (سەرنجی وێڵ) و (سەرنجم ون)" (سەرنج) کاری وردبوونەوە و بینینە بۆ شتێك (یـان چەند شـتێك)ی دیـاریکراو و مەبەسـت، (وێـڵ) و (ون)یـش، مانـای نەدۆزینـەوەی مەبەسـت دەگەیەنن، کەواتە واتا شاراوەکانیان جۆرە پەیوەندییەکی تیادا دروست دەبێت.

– (ئاواتی دڵ قەشەنگ) و (هیوای نازدار)" (قەشەنگ و نازدار) دوو ئاوەڵناوی پـۆزەتیڤن، بۆ پیشاندانی پۆزەتیڤیی (ئاوات) و (هیوا) بـەکارهاتوون، چـونکە دەشـێت کەسـێك ئـاواتێکی

(یـان هیوایـەکی) نێگـەتیڤی هـەبێت لـە ژیانـدا، وەك: (ئـاواتی مـردن دەخـوازم، بـە هیـوای مردنم..).

– (گیانی رووناك)" (گیان)ی هەر کەسێك ئـەو کاتـەی پـڕ دەبێـت لـە هیـوا و ئـاوات، ئـەو کەسـە گەشـبین دەبێـت، ئەمـەش واتـای دووەمـی رووناکییـە" واتـە جیاوازییەکـە لـە پلـەی دووەمدایە.

– (خۆزگەی نێژراو)" (خۆزگـە) ئـەو ئارەزووانـەی مرۆڤـە، کـە دەیـەوێت لـە داهـاتوودا بێنـەدی، کاتێـك مـرۆڤ دەمرێـت و لـە نـاو خاکـدا دەنێـژرێت، ئـەم ئارەزووانـەیش لەگەڵیـدا دەنێـژرێن، واتـە ئاوەڵناوەکـە لەگـەڵ خـاوەنی (خۆزگە)کـەدا دەگونجێـت، واتـە مـەودای پەیوەندییەکە نزیکە.

– (ئاواتی دڵ نەترووکاو)، (ترووکان) بۆ هێلکە بـەکاردێت، ئامـانجی هێلکـە ترووکـان و دروستبوونی گیانلەبەرێکە، ئامانجی ئاواتیش هاتنەدییەتی" واتە هاتنیەتی بۆ ناو (واقیـع). لێکچوونێك لە نێوان هێلکە و ئاواتدا هەیە لە گەشەکردن و گەیشتن بە ئەنجام، لەبەرئەوەش (نەترووکاو) لە هێلکەوە خواستراوە بۆ (ئـاوات)، واتـە بـە ئـەنجام نەگەیشـتنی ئاواتـەکان، بەمەش جیاوازییەکە نزیك دەبێتەوە و بە پلەی یەکەم دەژمێردرێت.

ئینجـا بـا سـەرنجێك لـە ئاوەڵنـاوە جیاوازەکـان بـدەین کـە لەگـەڵ نـاوی مەتریالیـدا بەکارهاتوون:

– (هەوری پەستی زەبوون)" لێکچوونێك لە نێوان (هەور) و (خەفەت)دا هەیە، ئەنجامی (هەور)" (باران)ە و ئەنجامی (خەفەت)یش (گریان)ە، واتە شڵەژانی باری دەروونـی مـرۆڤ، هەردوو ئاوەڵناوی (پەست) و (زەبوون)یش گوزارشـت لـەم بـارە دەروونییـە دەکـەن، واتـە ئاوەڵناوەکـان لەگـەڵ واتـای شـاراوەی (هـەور)دا دەگـونجێن، لەبەرئـەوە لـە پلـەی دووەم دادەنرێن.

– (رێی رەش)" رەنگی (رەش) هەمیشە وەك رەمزێـك بـۆ لایەنـە نێگەتیڤـەکانی ژیـان بەکاردێت، مەبەست لە (رێ)یش" رێگای ژیانە بۆ گەیشتن بە هیوا و ئاواتەکانی مرۆڤ، کاتێك ئـەم رێیـە تاریـك و نادیـار بێـت و گەیشـتن بـە ئاواتـەکان ئەسـتەم بێـت" وەك لـە دەقـە شیعرییەکەدا دیارە، ئاوەڵناوی (رەش) لەگەڵیدا دەگونجێت.

- (بەهاری شۆخ و شەنگ)" ئاوەڵناوەکە لەگەڵ (کچ) یـان (بـووک)دا دەگونجێـت، نـەك لەگەڵ بەهاردا، بەڵام بە دوو شێوە دەتوانین گونجانەکە دروست بکەین: یـەکێکیان، بـەهار چوێنراوە بە (کچ)، واتە لەگەڵ واتای دووەمی بەهاردا دەگونجێت، دووەمیشیان، هاوواتـای ئاوەڵناوەکە (جوان)ە، کە ئەم واتایەیان لەگەڵ بەهاردا دەگونجێت.

- (هەنگی دڵدار)" (دڵدار) دەمی یارەکەی هەڵدەمژێت و هەنگیش شیلەی گوڵ" (کە لـە شـیعرکەدا بـە یـار دەچـوێنرێت). لـە ڕاسـتیدا مـەودای نێـوان واتـای ڕاسـتەقینە و واتـای شاراوەکە دوورە، بەڵام بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئەم جۆرە وێنەیە لە شیعردا، مەوداکە نزیك بۆتەوە و دەتوانین بیخەینە ناو پلەی یەکەمی جیاوازی.

- (ئەستێرەی شیرین)" واتە ئەستێرەی خۆشەویست، هەردوو ئاوەڵناوەکە پۆزەتیڤن و لە یەکەوە نزیکن، جیاوازییەکە لە پلەی یەکەمدایە.

- کۆمەڵێك ئاوەڵناوی نەفی دارێـژراو بـەهۆی پێشـگری (بـێ)وە، چـوونەتە پـاڵ چـەند ناوێك و شێوەیەکی ناتەواوی لێ دروست کردووە، واتـە ئاوەڵناوەکـان و ناوەکـان پێکـەوە ناگونجێن و چەند وێنەیەکی نەگونجاویان دروست کردووە" وەك: (باخ بێ گوڵ، درخـت بـێ لق و چڵ، ژووری بێ بن میچ، زەوی بێ ئاو، کچ بێ قژ، قژ بێ سەر، کۆتر بێ باڵ، بـاڵ بـێ پەڕ، شار و گوندی کوردسـتان بـێ هـەتاو، تـەرمی بـێ لاشـە)، لـە نـاو کایـە شـیعرییەکەدا گوزارشـت لـە بـارێکی نائاسـایی ژیـان دەکـەن" واتـە کایـە شـیعرییەکە پاسـاوی ئـەم نەگونجاندنانە دەکات" بەڵام جیاوازییەکان هەموویان لە پلەی یەکەمدان.

هەندێجار ئاوەڵناوێك لەگەڵ (دەرخراو)ەکەدا ناگونجێت، بەڵام وشەیەك یان گوزارشـتێك نەگونجاندنەکـە دەستنیشـان دەکـات و بەمـەش جیاوازییەکـە کـەم دەکاتـەوە (یـان هـەر نایهێڵێت)" وەك: ((پیرەمێرد بە بازوو لاو.))، یـان زۆر جـار لێکچـوواندنەکان جیاوازییـەکان ناهێڵن" وەك:

شیرینەکەم.. ئەمشەو ژیان
وەك ماڵـــەکەم چۆڵ و تارە [1]

واتە ئاوەڵناوەکە بە گوێرەی (لێچوو = ژیـان) جیـاوازە، بـەڵام بـە گـوێرەی (لەوچـوو= ماڵەکەم) گونجاوە، بەمەش مەودای جیاوازییەکە ئەوەندە لێك نزیك دەکاتەوە، ناتوانین بـە

---

[1] شێرکۆ بێکەس، تریفەی هەڵبەست، بەغدا، ١٩٦٨، ل٥٦.

جیـاوازی دابنـێین، هـەر ئـەم هۆیەشـە زۆربـەی جیاوازییـەکانی نـاو شـیعری کلاسـیکی گونجاندووە، چونکە جیاوازی و لادان لەگەڵ تایبەتییە سەرەکییەکانی کلاسیکدا ناگونجێت، وەك: (لاساییکردنەوە و سەروەری لۆژیك).

بە پێی شـیکردنەوەی نموونـەکانی پێشـەوە لای هـەر سـێ شـاعیرەکەی ئـەم قۆناغـە، روونبوویەوە کە تاچ ڕادەیەك رێژەی لادان و جیاوازی بوون و یاخیبوون لـە زمـانی شـیعری ئەم سەردەمەدا، رووی لە زیادبوون کردووە.

لە نێوان ئەو سێ شاعیرەی بـە نموونـە وەرمـانگرتوون: رادەی ئاوەڵنـاوە جیاوازەکـان لەلای (دیلان) بەرزترە لە (گۆران) و، لای (شێرکۆ)یش بەرزترێکە لە (دیلان)" لە لای شێرکۆ زۆر لە (دەرخراو)ەکان ئەبستراکتین، کە زۆربەیان لە پلەی دووی جیاوازییەکەدان، تەنانەت (دەرخراو)ە مەتریالییەکانیش هەندێکیان لە پلـەی دوودان و پلـە یەکـەکانیش مـەوداکانیان مامناوەندییە (نە زۆر نزیك و نە زۆر دوورن لە یەکتری).

**ب- ( دەستنیشانکردن ):**

واتە دیاریکردنی ئـەو شـتەی لـە نـاو کۆمـەڵێك شـتدا مەبەسـتمانە" ئـەم کارەیـەش بـە (زیـادکردنی وشـەیەك یـان چـەند وشـەیەکی تـر بـۆ نـاوی رەگەزەکـە دەبێـت" ئـەم وشـە زیادکراوانـەیش پێیـان دەڵـێن دەستنیشـانکەر)[1] ئەمـەش یەکێکـە لـە پێوەرەکـانی زمـانی ئاسایی، لادانیش لەم پێوەرە" شێوەیەکە لە شێوەکانی لادانی واتایی.

هەروەك لە شێوەکەی پێشوودا (هەڵسپاردن)" لێرەشدا ئاوەڵناومان بە نموونە وەرگرت لەبەر هەمان هۆ، کە لەوێ دەستنیشانمان کرد..

(ئاوەڵناو) تاوەکو ئەرکی خۆی ببێنێت" پێویستە:

١- بەسەر بەشێکی ناوەکەدا جێبەجێ ببێت.

٢- بەسەر بەشەکانی تری ناوەکەدا جێبەجێ نەبێت.

ئەگەر لەگەڵ هیچ جۆرێکیان نەگونجا، یان لەگەڵ هەموویاندا گونجا، ئەوە بە (ناوێزە) دادەنرێت.[2]

(کامەران) دەڵێت:

---

[1] جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، ترجمة: (محمد الولي و محمد العمري)، دار البيضاء، ١٩٨٦، ص ١٣٢.

[2] سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٥.

قژی خاو، قژی زەردی کاڵ
گەردنی ناسك، کوڵمی ئاڵ[1]

(قژ) وەك رەگەزێك چەند جۆرێكی هەیە، ئاوەڵناوی (خاو) بەسەر هەندێكیان جێبەجێ دەبێت، بەڵام هەموو (قژ) ێك سیفەتی خاویی نییە، واتە سیفەتەكە بۆ هەموو جۆرەكانی رەگەزەكە ناشێت. (ناسك)یش بە گوێرەی (گەردن) و (ئاڵ)یش بە گوێرەی (كوڵم) هەمان شتن، بەسەر بەشێكی رەگەزەكاندا دەشێن و بەسەر بەشێكیاندا ناشێن" واتە ئاوەڵناوەكانی ناو ئەم دێڕە شیعرە، ئەركی ئاسایی خۆیان (وەك ئاوەڵناوێك) بەجێ هێناوە، نەوەك ئەركێكی شیعریی.

كەچی (ناوێزەكان)" ئەو ئاوەڵناوانەن ئەركی سروشتی خۆیان (واتە دەستنیشانكردن)، جێبەجێ ناكەن و بە شێوەیەك لە شێوەكانی لادانی واتایی دادەنرێن" لە باری یەكەمدا" كە لەگەڵ هیچ جۆرێكی ئەو ناوەدا نەگونجێت، بە (جیاوازی) ناو دەبرێت كە بە لادانێكی بەهێز دادەنرێت، ئەمەش لە شێوەی یەكەمی لادانی واتاییدا ئاماژەمان پێدا. بەڵام لە باری دووەمدا" كە لەگەڵ هەموو جۆرەكانی ئەو ناوەدا دەگونجێت، بە (حشو) ناودەبرێت و بەلادانێكی بێ هێز دادەنرێت" بۆ نموونە (ع. ح. ب) دەڵێت:

دەورم بەفری سپی و سۆڵە
هەڕەشەی بای گرجوگۆڵە[2]

ئاوەڵناوی (سپی و سۆڵ) لەگەڵ هەموو جۆرە بەفرێكدا دەگونجێت، هیچ جۆرە (بەفر)ێكی تر نییە، ئەم ئاوەڵناوەی لەگەڵدا نەسازێت.

هەر بە پێی ئەو (سەد) ئاوەڵناوانەی لە ئامارەكەی پێشوودا لای شاعیرەكانی هەردوو قۆناغەكە دەستنیشانمان كردبوون، ئەو ئاوەڵناوانەی لە جۆری (حشو) بوون، لای هەر شاعیرێك جیامان كردەوە و ئەنجامەكان بەم شێوەیە بوو، كە لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەبینرێت:

---

[1] كامەران موكری (دیوان)، پێشەكی و پەراوێز نووسینی (عەبدوڵڵا عەزیز خالد)، بەغدا، ١٩٨٨، ل ٦٦.
[2] ع. ح. ب. (محمد شێخ حسێن بەرزنجی)، ناسۆری دەروون، بەغدا، ١٩٦٨، ل ١١٩.

| قۆناغ | شاعیر | ژمـــارەی ئاوەڵنـــاوی (حشو) | تێکرا |
|---|---|---|---|
| کلاسیک | نالی | ٣ | ٪٥,٣ |
| | مەحوی | ٩ | |
| | حاجی | ٤ | |
| ساڵانی پەنجا و شەستەکان | گۆران | ١٠ | ٪١٢ |
| | دیلان | ١٩ | |
| | شێرکۆ | ٧ | |

وەك لە خشتەکەدا دیارە" مەودای جیاوازی نێوان شیعری کلاسـیکی و شـیعری سـاڵانی پەنجاکان و شەستەکان، لە ڕووی بـەکارهێنانی ئاوەڵنـاوی (حشـو) ئەوەنـدە زۆر نییـە بـە بـەراوردکردنی لەگـەڵ بـەکارهێنانی ئاوەڵناوی(جیـاوان)، هەرچـەندە لـە شـیعری قۆنـاغی دووەمـدا ڕێژەکـەی نزیکـەی دوو ئەوەنـدە زیاترێکـە لـە قۆنـاغی کلاسـیك. هـۆی ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی" ئاوەڵناوی (حشو) بە لادانێکی بێ هێز دەژمێردرێـت، تەنانـەت لای هەندێ شاعیر" هەندێجار لەبەر پڕکردنەوەی کێشی شیعرەکە بەکاردەهێنرێت، لەم بارەشدا ڕۆڵـی نێگـەتیڤی دەبێـت لەسـەر زمـانی شـیعریی دەقەکـە، لەبەرئـەوە بـە شـێوەیەکی (تاڕادەیەك) ئاسایی لە هەردوو قۆناغەکـەدا بـەکارهاتووە تەنانـەت ئەگـەر بـە پێـی شـاعیر بەراورد بکەین، دەبینین ڕیژەکە لای هەندێ شـاعیری کلاسـیك بەرزترێکـە لـە چـاو هەنـدێ شاعیری قۆناغە نوێیەکە .

دەتوانین دوو جۆر لە (ئاوەڵناوی حشو) جیابکەینەوە[١]، کە بە پێـی نـاو (دەرخراو)ەکـە دەگۆڕێت" ئایا ناوی (ڕەگەز)ە، یـان نـاوی (تایبـەت)ە" بـۆ جیاکردنـەوەی هـەردوو جـۆری ئاوەڵناوە (حشو)ەکانی شیعری ئەم ماوەیە، هەوڵـدەدەین ئەوانـەی شـاعیرەکان بـەکاریان هێناوە (بە پێی ئامارەکە)، شیبانبکەینەوە و دەستنیشانیان بکەین.

---

[١] جان کوهن، بنیة اللغة الشعریة، ترجمة: (محمد الولي و محمد العمري)، دار البیضاء، ١٩٨٦، ص ١٣٩.

١ – ناوی رەگەز: لێرەدا ناوەکە ئاماژە بە (پۆل) یـان (جـۆر) دەکـات، ئاوەڵناوەکـەش بەسەر تەواوی ئەم جۆرەدا جێبەجێ دەبێت، ئەو ئاوەڵناوە (حشو)انەیش دەچنە نـاو ئـەم جۆرەوە، لای هەر شاعیرێك چەند نموونەیەکیان وەردەگرین:

**گـۆران:**

– (بەرۆچکەی گەرم)" بەرۆچکە (یان بەر رۆژ)، ئەو جێگایەیە هەتاو لێیـدەدات، کـە لـە ئاوەڵناوی (گەرم) جیانابێتـەوە، واتـە ئاوەڵناوەکـە بـۆ دەستنیشـانکردنی هەنـدێ شـوێنی (بەرۆچکە) نەهاتووە، کە گەرم بێت، جیای بکاتەوە لەوانەی گەرم نین.

– (مێرگی سەوزی دەمەو بەهار)" هەموو جۆرە (مێرگ)ێك سـەوزە، بەتایبـەتی کـە بـە (دەمە و بەهار) کاتەکەی دەستنیشان کـردووە، هێنانـەوەی ئـەم ئاوەڵنـاوە زیادەیـە و بـە (حشو) دادەنرێت[١].

– (بەفری زۆر سپی)" هەموو بەفرێك رەنگی سـپییە، بـەڵام لێـرەدا ئاوەڵنـاوی (حشـو) بەکارهێنراوە بۆی، کە بـە لابردنیـان هـیچ لـە واتـای راسـتەقینەی (بـەفر) ناگۆڕێـت، واتـە پرسیار لە رەنگی بەفرەکە ناکەین، چونکە ئەمە پێشتر یەکلابۆتەوە.

– (سـنەوبەری سـەوز)" (دار سـنەوبەر) بـە هەمیشـە سـەوزی ناسـراوە، واتـە ئـەم ئاوەڵناوەی لەگەڵ بەکاربهێنریت یان نەهێنریت، هیچ پرسیارێك دروست ناکات لە بارەی رەنگی (سنەوبەر)ەوە.

**دیـلان:**

– (گوڵاڵەی ئاڵ) و (گوڵاڵـەی سـوور)" ئـەو دوو ئاوەڵنـاوە بـۆ هـەموو جـۆرێکی گوڵاڵـە بەکاردێن، هیچ جۆرێکی تر نییە سیفەتی (ئاڵ) و (سوور)ی نەبێت.

– کۆمەڵێك ئاوەڵناوی وەك: (بێ گیـان، بـێ زمـان، ..)، بـۆ سـێ رەگـەز بـەکارهێناوە: (پەروانە، گوڵ خەندەران، گوڵـە بـەرۆژە)، کـە واتـای سـیمانتیکیی ئـەو ناوانـەن و بەسـەر تەواوی هەر یەك لەو رەگەزانەدا جێبەجێ دەبن، لەبەرئەوە بە (زیادە)یـەکی درێـژە پێـدراو دادەنرێن.

---

[١]: مەبەستمان لە (زیادە و پێویست ناکات)، بە پێی زمانی ئاسایبە، چونکە وەك ئاماژەمان پێدا ئەم شێوەیە لادانە لە زمانی ئاسایی.

– (ئەسـتێرەی دوور)، ئەسـتێرەکان لـە ڕووی دووری و نزیکییــەوە دەکرێـت بـە گـوێرەی یەکتری بەراورد بکرێن، بەڵام بـە گـوێرەی مـرۆڤ هـەموویان دوورن، لەبەرئـەوە بـە ئاوەڵنـاوێکی حشو دادەنرێت.

– (بای شەماڵ نەرم)“ واتای فەرهـەنگیی (شـەماڵ)“ (بایـەکی نـەرم و فێنکـە)، واتـە ئەگەر نەرم نەبێت ئەوا بە شەماڵ دانانرێت، لەبەرئەوە ئاوەڵناوەکە بە (زیادە) دادەنرێت.


– (ئەی گوڵەکەی ڕەنگ پەمەیی سـەر داری ژاڵـە)“ ئەگـەر (گـوڵی ڕەنـگ پەمـەیی) بـە تەنیا بەکاربهاتایە، ئەوا ئاوەڵناوەکە (پەمەیی) ئەرکی دەستنیشانکردنی دەبینـی، چـونکە چەندین جۆرە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ هەیە، بەڵام لێرەدا گوڵەکە دەستنیشانکراوە، کـە گـوڵی ژاڵەیە، ئیتر پێویست بە دووبارە دەستنیشانکردنی ڕەنگەکـەی ناکـات، چـونکە گـوڵی ژاڵـە ڕەنگەکەی ناسراوە و هەر ئەو جۆرەیش هەیە.

**شێرکۆ:**

– (بـەهار گـەڵای سـەوزی وەری)“ بـە شـێوەیەکی گشـتی لـە بـەهاردا گـەڵا سـەوزە، پێویستی بە دەستنیشانکردنی ڕەنگەکەی نییە، واتە (بەهار) ئەرکی دەستنیشانکردنەکەی بینیوە.

– (شەوی تار)، هەموو شەوێك تاریکە، ئەگەر وا نـەبێت بـە (مانگـە شـەو) ناودەبرێـت، واتە (تار) ئاوەڵناوێکی (زیادە)یە.

– (شیلەی شیرین)“ ناوی (شیلە) لە زمـانی کوردیـدا لـە بنەڕەتـدا هـەر لـە (شـیرین)ەوە هاتووە، واتە ئاوەڵناوەکە ئەوەندە لە ناوەکەوە نزیکە، لەگـەڵ ناوهێنانیـدا ئاوەڵناوەکـەش لەگەڵ خۆیدا دێنێتە هۆشی گوێگر، لەبەرئەوە هیچ پێویست بە دەستنیشانکردن ناکات.




–(بەفری سارد)، ساردی بـەفر پێشـتر یـەکلا کراوەتـەوە و پێویسـت ناکـات بهێنرێتـە گۆڕێ.

٢ – **ناوی تایبەتی (علم):** لەو جـۆرە ناوانـەدا، کـە ئامـاژە بـە (تـاك) دەکـات و دابـەش ناکرێـت، دەستنیشـانکردن هـیچ سـوودی نییـە، چـونکە پێشـتر جێبـەجێ بـووە و یـەکلا کراوەتەوە.

لـە نـاو ئاوەڵنـاوە (حشـو)ەکانی لای ئـەو سـێ شـاعیرە دەستنیشـانمان کـردن، تـەنیا نموونەیەکی ئەم جۆرە (حشو)ەمان بەرچاو کەوت، کە لای هەر سـێ شـاعیر دووبارەبۆتـەوە" ئەویش (ئاسمانی شین)ە، (ئاسمان) ناوێکی تایبەتی یە و هەر (یەك) ئاسمان هەیە و دابەشـی چەند جۆرێـك نابێـت، هـەر ئاوەڵنـاوێکی بـۆ بـەکاربهێنین، هـەمان ئاسـمان دەگرێتـەوە و بـە ئاوەڵناوێکی (حشو) دادەنرێت.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم جۆرە (حشو)ە، نموونەیەکی (کامەران) دەهێنینەوە:

**(کامل): ئەی کوڕە شەنگەکە**

**(کامل): لاوە بێ دەنــگــەکە**[1]

(کامـل)" نـاوێکی تایبەتییـە بـۆ کەسـێکی دیـاریکراو، لەبەرئـەوە هـەردوو ئاوەڵنـاوی (شەنگ) و (بێ دەنگ) ئەرکی دەستنیشانکردنیان نەبینیوە و بە (حشو) دادەنرێن.

شـێوەیەکی تـر لـە دەستنیشـانکردن هەیـە، کـە (جێسپێرسـەن) نـاوی (ئاماژەکـان= shifters)ی لێدەنێت وبەم شێوەیە پێناسەی دەکات: (جۆرە وشەیەکە" بە پێـی جێگـای بەکارهێنانی، واتاکەی دەگۆڕێت)[2]، نموونەش وەك: راناوەکان و ئاوەڵفرمانی کاتی و شوێنی و کاتەکانی فرمان..، راناوێکی سەربەخۆی وەك (من) ئاماژە بە کەسێکی دیاریکراو دەکـات کە (قسەکەر)ە، یان ئـاوەڵگوزارە ی کـاتی (ئـەمڕۆ) واتـای ئـەو ڕۆژەیـە کـە قسـەکەی تێـدا دەکرێت، بەڵام لە زمانی شـیعرییدا ئـەم پێویسـتیانە لەبەرچـاو ناگیرێـت. لـە کاتێکـدا ئـەم جۆرە وشانە لە زمانی ئاساییدا ئەرکیان دەستنیشانکردنە، جا چ بۆ (کەس) یان (شت) یان (کات) یان (شوێن) بێت" دەشێت لە شیعردا ئەرکەکەیان بۆ دەستنیشان نـەکردن بگۆڕێـت" واتە ئەو کاتە ئەم وشانە ئەرکی شیعریی دەبینن، کە ڕۆڵی دەستنیشانکردنیان نەبێت.

بۆ هەر یەکێك لەو ئاماژانەی ئەرکی شیعریی دەبینن، نموونە لە شـیعری ئـەم ماوەیـەدا دەهێنینەوە بۆ ئەوانەش ئەرکی ئاسایی خۆیان دەبینن پێویست بە نموونە ناکات:

- (من):

بت پەرست نیم.

نابم و نیم ...

[1] کامەران موکری (دیوان)، پێشەکی و پەراوێز نووسینی (عەبدوڵڵا عەزیز خالد)، بەغدا، ١٩٨٨، ل ٨٨.

[2] جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، دار البيضاء، ١٩٨٦، ص ١٥٠.

کابرایەکی رووت و برسـیم،
ناساخ، گیرۆدەی نـــەزانیم
بۆ بەرگ و ناومالّ پەرپووتم
بۆ خۆم ئەوێ بەری جـووتم،
بڕوای من بە ســبەینێ یە
مژدەی رزگـــاریمی پێ یە..[1]

لێرەدا راناوی سەربەخۆی کەسی یەکەمی تاکی (من) و رانـاوی لکـاوی کەسـی یەکـەمی تاك (م)، دەنگی کۆمەڵە کەسێکی نادیارە، نەك تەنیا یەکێك.

– (تۆ):

(کەریم شارەزا) شیعرێکی بەناونیشانی (تۆ) نووسیوە، کە تیایدا دەڵێت:

بۆ پێم نالّێ ی تۆ، تۆ چی، تۆ انسانی؟!
یا فریشتەی بەهەشتی جاویـدانــی؟!
یا پەیکەری ڤینۆسی؟ خوای جوانـی؟
تۆ کام وێنەی؟ دەسکاری کام فەننانی؟
یـــــا کـــــام نیگــــای بـــــەهاداری ژیـانـــــــــی؟!![2]

بەڵام کەسەکەی شیعرەکەی ئاراستەکراوە، نادیارە و دەشێت بۆ کچێکی خەیاڵی، یان بۆ هەر کچێك بێت کـە شـاعیر یـان خوێنـەر مەبەسـتی بێـت، ئـەم هۆیەشـە شـیعر لـە (تایبەتی)یەوە بەرەو (گشتی) دەبات.

یان (پیرباڵ مەحموود) لە شیعری (بۆ تەنهایی)دا[3]، رانـاوی (تـۆ)ی بـەکارهێناوە، کە مەبەستی خۆیەتی (لە شێوەی مۆنۆلۆگدایە)، ئەمـە دیاردەیـەکی تازەیـە، تەنانـەت لـە شیعری ئەو ماوەیەشدا دەگمەنە.

(ئەو):

---

[1]: دیوانی گۆران، محمدی مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٢٨٣ — ٢٨٤.
[2]: کەریم شارەزا، ئازادی و ژیان، ١٩٦٠، ل ٣٨ - ٣٩.
[3]: پیرباڵ مەحموود، بەهەشتی دلّداری، کەرکووك، ١٩٥٨، ل ٤٠-٤١.

وەك لەم شیعرەی (دیلان) دا:

ئەو کەسەی دەستی ئەنایە بین و قورگی ئەو گوڵە
چنگی خوێناوی ئەنایە نـــاو دڵـە پڕ ژانەکـەم
ئێمە ئارەق ڕشتن و بازوو وەشاندن، بێخـــەوی
ئەو گڕ و پشکۆی ئەخستە ژێر بنی خەرمانەکـەم [1]

ڕاناوی (ئـەو)، مەبەسـت لـە هـەموو ئـەو کەسـانەیە دژی ژیـانن (بەتایبـەتی ژیـانی میللەتی کورد)، جا چ بێگانە بن یان خۆمانە.

– (ئێمە):

(شێرکۆ)لە شیعری (لە گۆڤارێکی بێگانەدا)، باس لە (وتار)ێکی نادیـار لـە (گۆڤـار)ێکی نادیار و وڵاتێکی نادیاردا دەکات، لەبەرئەوە هەموو ڕاناوەکان (نادیارن) و ئاماژە بە کەسی دیاریکراو ناکەن:

ئینجا ئەڵا: پێش ئەوەی، بەلەش ڕاپەڕین
ئێمە بە گیان ڕاپەڕی بووین..
یان بەر لەوەی سەنگەر بگرین،
ئێمە زیندوو.
خوێنمان، لە ناو لەپی دەستا هەڵگرتبوو [2].

– (ئێوە):

(ع. ح. ب) دەڵێت:

ســـــڵاو لە ئێوەی ئازا
ئێوەی ئاخنراوی هــونەر
ئێوەی قاڵ بووی ئێش و سزا
ئێوەی بۆ ئاشتی تێکۆشەر [3].

---

[1] محمد صالح دیلان، دیلان، بەغدا، ١٩٦٩، ل ٩١.

[2] شێرکۆ بێکەس، کەژاوەی گریان، سلێمانی، ١٩٦٩، ل٨٥.

[3] ع. ح. ب.، ناسۆری دەروون، بەغدا، ١٩٦٨، ل ١٣٠.

لـە هـەر چـوار لەتەکـەدا راناوی (ئێـوە) بـۆ کۆمەڵـە کەسـێکی دەستنیشـان نـەکراو بەکارهێناوە، کە لە رێگای چەند ئاوەڵناوێکەوە هەوڵی دەستنیشانکردنیان دەدات.

– (ئەوان):

(جەوهەر غەمگین) لە شیعری (کوردە) پاش سـوێندخواردنێکی درێـژ بـە (کوردسـتان و مێژووی کورد و چەکوشی کاوە و زەردەشت و کچانی کورد و تازە لاوان و..)، دەڵێت:

ئەبێ هەوڵدەم منیش وەك ئەوان
یا سەر ئەکەوم یا دائەنێم گیان [1].

راناوی (ئەوان) ئەرکی دەستنیشانکردنی نەبینیوە" ئەگەر مەبەسـت لـە (ئـەوان) تـەنیا (کچان و لاوانی) کوردیش بێت، دیسانەوە کەسانێکی دەستنیشانکراو نین.

– (کاری رابردوو):

(کامـەران) لـە (ئەسـتێرە و مـەل و خـەزان)دا، لـە هـەموو رسـتەکاندا کـاری رابـردووی بەکارهێناوە، بەڵام لە راستیدا ئەو دیاردانەی وێنەی کێشـاون دەشـێت لـە هـەموو کاتێکـدا روودەن لە (رابردوو و ئێستا و داهاتوو)دا:

ئەو گوڵەی خەزان، وەرانی و نەمرد
ئەو دڵەی، ناسۆر، لە هیوای نەکرد [2].

هەواڵنامەی کتێب

– (کاری رانەبردوو):

(شـێرکۆ) وەسـفی هۆنراوەکـانی خـۆی دەکـات، سـێ کـاری رانـەبردووی بـەکارهێناوە، دەشێت ئەو کارانە لە هەر کاتێکدا روودەن، یان روویان دابێت:

هۆنراوەکانم، پەپوولەن
بە شوێن وشەی دلا ئەفرن
گەرا، لە ناو گیانا ئەخەن
لە دەروونا وچان ئەگرن [1].

[1] جەوهەر خەمگین، خاك و رۆژ و خۆشەویستی، چ ۲، هەولێر، ۲۰۰۵، ل ۳۸.
[2] کامەران موکری (دیوان)، پێشەکی و پەراوێز نووسینی (عەبدوڵلا عەزیز خالد)، بەغدا، ۱۹۸۸، ل ٦٤.

– (ئاوەڵفرمانی کاتی):

(هەردی) دەڵێت:

ئەمڕۆ دڵی بێچارە ئەبەی ئەی خەیە ناو داو
نایزانێ سبەینێ ئەکەوی سەرکز و داماو[2].

یان هەر لەو شیعرەدا دەڵێت:

مەڕوانەرە ئەمڕۆ کە بە ڕوومەت گوڵی تاکی
بڕوانە سبەینێ کە لە ناو دامەنی خاکی[3].

لەم دوو دێڕە شیعرەی سەرەوەدا دوو ئاوەڵفرمانی کاتی بەکارهاتووە:

(ئەمڕۆ)" مەبەست لەو سەردەمەیە کە کچەکە (یان هەر کەسێك) تیایدا جوانە– (لاوە، گەنجە)، نەوەك ئەو ڕۆژەی شیعرەکەی تیادا وتراوە.

(سبەینێ) یان (بەیانی) ڕۆژێك دوای ڕۆژی قسەکردنە، بەڵام لێرەدا مەبەست داهاتووە، کاتێکی دەستنیشان نەکراوە" ئەو کاتەیە کە کچەکە (پیر) یان (ناشیرین) دەبێت.

- (ئاوەڵفرمانی شوێنی):

(دلزار) لەم شیعرەدا:

لە بن چڵی چناران
لە ژێر سایەی هەناران
لە دەم باخ و ڕووباران
پۆلی نیگاران
* *
وەك گوڵاڵە پەخشانن[4].


سێ ئاوەڵفرمانی شوێنی بەکارهێناوە،بەڵام هیچیان دەستنیشانی شوێنی دیاریکراو ناکەن.

---

[1] شێرکۆ بێکەس، تریفەی هەڵبەست، بەغدا، ١٩٦٨، ل٥.
[2] ئەحمەد هەردی، ڕازی تەنیایی، بەغدا، ١٩٥٧، ٢٤.
[3] سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٤.
[4] دلزار، خەبات و ژیان، بغداد، ١٩٦٠، ل ٥٩.

– جۆرێکی تری دەستنیشان نەکردن لە ئاماژەکاندا" لـە نـاوی (تایبـەتی)دا روودەدات، لە کاتێکدا ناوی تایبەتی بۆ کەسێکی (یان شـتێکی، یـان شـوێنێکی) دیـاریکراو بـەکاردێت، بەڵام هەندێجار لە شیعردا، کەسەکە (یان شتەکە) دیار نییە، بۆ نموونە لە شیعری کوردیـدا زۆر جار نـاوی وەك (شـیرین، نـازدار،... هتـد) بـەکاردێت، کـە مەبەسـت لـە کچـێکی (یـان ژنێکی) دیاریکراو نییە، بەڵکو بۆ هەموو کچێکە، یان وەك نازناوێك بەکاردێت"

هەروەك (ئەتیان سۆریۆ) دەڵێـت: (ژنێکـی رەهایـە).[1] بـۆ نموونـە (دیـلان) لـە شـیعری (شیرین)دا، (٩) جار ناوی شیرین دووبارە دەکاتەوە، کە ناوێکی تایبـەتی نییـە بـۆ کچـێکی دیاریکراو.



**دڵــــزار**

[1] جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، دار البيضاء، ١٩٨٦، ص١٥٥.

شیرین! بەستەی گوڵاڵەی سوور تریفەی مانـگم

شیرین! گەشەی ئەستێرەی دوور گفتوگۆ و بانگم [1].

بە شێوەیەکی گشتی دەستنیشان نـەکردن، سـنووری واتاکـانی دەقـە شـیعرێك فـراوان دەکاتەوە و ناهێڵێت لە سنوورێکی تەسکی کات و شـوێن و کەسـدا پـەنگ بخواتـەوە. ئـەم دیاردە شیعرییەش لە زمانی شیعریی شاعیرانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی بیستەمی شیعری کوردیدا بە ئاشکرا و بە شێوەیەکی فراوان دەبینرێت.

## ج – گەیاندن (الوصل):

گەیانـدن" بـە شـێوەیەکی گشـتی واتـای پێکـەوە گرێـدان و کۆکردنـەوەی دوو رەگـەز دەگەیەنێت. لە زمـانی ئاسـاییدا بـە دوو جـۆر دەبینرێـت: بـە یاریـدەی ئـامرازی لێکـدەر و پەیوەنـدی وەك: (و، هـەروەها، لەگـەڵ، ...هتـد)، یـان ئـاوەڵگوزارەی وەك (لـە ڕاسـتیدا، لەگەڵ ئەوەیشدا، هەرچەندە،...هتد)، هەندێجاریش بـەبێ هـیچ ئـامڕاز و ئاوەڵگوزارەیـەك، تەنها بە خستنە پاڵ یەکتری، ئینجا نیشانەی خاڵبەندی لە نێوانیاندا هەبێت یان نا..

(ئەگەر دوو ئەرکەکەی پێشـوو– هەڵسـپاردن و دەستنیشـانکردن– سـەرنجمانیان لـە نـاو رستەدا هێشتبێتەوە– ئەوا (گەیاندن) بە پێچەوانەی ئەوانەوە" سـەرنجمان بـۆ بـەدوای یەکدا هاتنی رستەکان رادەکێشێت، بەدوای یەکدا هاتنێکی پەیوەست" واتە سەرنجمان بـۆ دەقەکـە رادەکێشێت)[2].

لە زمانی ئاساییدا پێکەوە بەستنەوەی دوو رستە دەبێـت لـە سـنووری لۆژیکیـدا بێـت، واتە هەردووکیان لە ڕووی واتا و ئەرکی زمانییـەوە لەیەکـەوە نزیـك بـن، بـەڵام لـە کاتێکـدا چەند بیرێك پێکەوە کۆبکەینەوە، کە پەیوەندی لۆژیکی ئاشکرایان بەیەکەوە نەبێت، ئەمـە بە لادان دادەنرێت لە پێوەری زمانی ئاسایی و (دابڕان)ی پێدەوترێت، کەواتـە ئـەم شـێوە لادانە، واتە پێکەوە لکاندنی چەند بیرێك، کە لە ڕووی لۆژیکیەوە پێکەوە نابەسرێنەوە[3].

---

[1]. محمد صالح دیلان، دیلان، بەغدا، ١٩٦٩، ل٥٣.

[2]. جان کوهن، بنیة اللغة الشعریة، دار البیضاء، ١٩٨٦، ص١٥٧.

[3]. ئەم دیاردەیە لە هونەرەکانی تریشدا دەبینرێت، وەك سینەما و شێوەکاری، تەنانەت شیعر لەم جۆرە لادانەدا زۆر بەو هونەرانە کاریگەر بووە.

هەر ڕەگەزێکیش لە نـاو شـیعرێکدا" جێگۆڕکـێ پـێکردنی، یـان لابردنـی نەبێتـە هـۆی شێواندنی بیری ناو دەقە شیعرییەکە، ئەوە پێی دەوترێت (دابڕاو).

ئەگـەر لـە ئاسـتی دەقـدا بڕوانینـە زنجـیرەی لـۆژیکیی نێـوان دێڕەکـان، ئـەوا دابـڕان ڕەگەزێکی دیاری شیعری کلاسیکیشە، بەڵام لەوێدا (شیعری کلاسیکی)، هـیچ مەبەسـتێکی واتایی لە پشتەوە نییە، لە کاتێکدا دابڕان لە شیعری نوێدا بە لادانێکی واتـایی دادەنرێـت و مەبەستێکی دوور دەگەیەنێت.

نموونەی ئەم شێوە لادانـە، لـە چـاو دوو شـێوەکەی تـر (جیـاوازی و حشـو)، زۆر کـەم بەرچاو دەکەوێت، لە ناو ئەم کۆپلەیەی شیعری (کەژاوەی گریـان)ی (شـێرکۆ)دا، کۆمـەڵێك وێنەی شیعریی بەدوای یەکدا هاتوون، وەك کۆمەڵا وێنەی مۆنتاجکراوی لێك دابڕاو لە ڕووی واتا و لۆژیکەوە بەدەردەکەون:

سەردەمێك بوو، باخ بێ گوڵ بوو..
درەخت بە بێ لق و چڵ بوو!
خانووی زستان، بێ ئاگر بوو
ژوور بێ بن میچ!
زەوی بێ ئاو، دایك بێ کوڕ بوو!
کچ بە بێ قژ، قژ بێ سەر بوو!
ئاوابوون بێ زەردەپەڕ بوو..
مەمك بێ شیر، ڕەز بێ بەر بوو..
کۆتر بێ باڵ، باڵ بێ پەڕ بوو
ماسی بێ چەم، چەم بێ ئاو بوو
شار و گوندی کوردستانم،
بێ هەتاو بوو!
بێ هەور، هاوین باران بوو
چاو بێ فرمێسك، پڕ گریان بوو![1]

---

[1]: شێرکۆ بێکەس، کەژاوەی گریان، سلێمانی، ١٩٦٩، ل ١٨-١٩.

زۆربەی وێنە دابڕاوەکان لە نێوان لەتێك و لەتی دوای خۆی دایە. هەندێکیشان دابڕانەکە لە ناو یەك لەتدا دەبینرێت" وەك: لەتی (٥) و (٨).

یەکێك لە باوترین شێوەکانی دابڕان، لە چوونە ناو یەکی شتی زیندوو و بێگیاندا ڕوودەدات" کە ئەم جۆرەش لە ناو ئەم کۆپلەیەدا بەرچاو دەکەوێت، لە لەتی پێنجەمدا، لە وێنەی زەوی بێ ئاوەوە کە شتی بێگیانە بەرەو وێنەی دایکی بێکوڕ چووە، کە مرۆڤە.

لە لەتی هەشتەمیشدا، دوو وێنەی زیندوو (مەمکی بێ شیر) و بێگیان (رەزی بێبەر) تێکەڵ بەیەکتر بوون..

ئەم وێنە شیعرییە بەدوای یەکدا هاتووە لێکدابڕاوانەی ناو ئەم کۆپلە شیعرییە، لە ناو کایەی گشتی شیعرەکەدا لێك دەدرێنەوە، کە ئەویش گوزارشتکردنە لە ژیانێکی شێواو.

(دابڕان تەنیا لە ئاستی رستەکاندا نابینرێت، بەڵکو لەوانەیە لە ناو رستەیەکیشدا بیدۆزینەوە، هەرچەندە دەگمەنیش بێ.)[1]" بۆ نموونە لەم دێرە شیعرەی(ع. ح. ب)دا:

لەگەڵ ئەوەش، ترسنۆکن، قورسن، بێهێزن
بەڵام هەرگیز، شەلم، کوێرم، مەپاریزن[2].

لە لەتی یەکەمدا سێ ئاوەڵناو وەك (دیارخەر) پەیوەستن بە یەك (دەرخراو)، کەبە راناوی لکاوی کەسی سێیەمی کۆ(ن) دەرکەوتووە، واتە بۆ ئەوان دەگەڕێتەوە، دیارخەری یەکەم (ترسنۆك) دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی کەسایەتی و دەروونی دەرخراوەکە، بەڵام دیارخەری دووەم و سێیەم دەگەڕێنەوە بۆ لایەنی مەتریالی دەرخراوەکە، ئەم دوو لایەنییەش دابڕانێك دروست دەکات لە واتادا، کە بە لادانێکی واتایی دەژمێردرێت.

هەندێجاریش (دابڕان) و (حشو) لە یەکتر نزیك دەبنەوە، ئەمەش لەو رستانەدا روو دەدات، کە بە یەك گەیاندن لە نێوان دوو وشەدا دەبێت، یەکێکیان ئەویتریان دەگرێتە خۆی، وەك ئەوەی یەکێکیان (رەگەز)ێك بێت و ئەویتریان جۆرێك بێت لەو رەگەزە، یان یەکێکیان گشتی و ئەویتریان بەشێك بێت لێی، وەك لەم شیعرەی (پیربال مەحموود)دا دەبینرێت:

---

[1] جان کوهن، بنية اللغة الشعرية، دار البيضاء، ١٩٨٦، ص١٦٨.

[2] ع. ح. ب.، ناسۆری دەروون، بەغدا، ١٩٦٨، ل ٩٩.

بڕوانە بلبلی ناو چەم...
ئەچروێنێ بەبێ ناڵین" لەسەر کوڵمی گوڵ و نەسرین [1]

له لەتی دووەمدا (گوڵ) رەگەزێکە و (نەسرین) جۆرە گوڵێکـە" لـە لایەکـەوە دابڕانێکـی واتایی لە نێوان ئەو دوو وشەی رستەکەدا دروست بووە، لـە لایـەکی تریشـەوە لـە شـێوەی (حشو)دا دەردەکەوێت.

وەك ئاماژەمـان پێدا، ئـەم شـێوە لادانـە زۆر بـە دەگمـەن نموونـەی لـە شـیعری ئـەم ماوەیەدا دەبینرێت، بەتایبەتیش لە شـیعرەکانی (شـێرکۆ)دا نموونـەی بەرچـاو دەکـەوێت. پاشـان لـە قۆناغـەکانی دواتـری شـیعری کوردیـدا، بەتایبـەتی دوای ئـەوەی وردە وردە رەگەزەکانی رێبازی سیمبۆلیزم و سوریالیزم لە شیعری کوردیدا سـەریان هەڵدا، چـونکە ئەم دیاردەیە رەگەزێکی دیاری ئەم دوو رێبازەیە.

بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو شێوەکانی لاداندا، تێگەیشتن لـەو واتـا شـاراوەیەی نـاو دەقی شیعریی، بە تەواوکردنی پرۆسەکە دەبێت، ئەویش بە نەهێشتنی ئـەو لادانـە واتاییـە ئەنجام دەدرێت" واتە گونجاندنەوەی ئەو نەگونجانەی لـە نێـوان رەگـەزە واتاییـەکانی نـاو زمانی شیعرییدا دروست دەبێت.

نەهێشتنی لادانێك بـەهۆی دۆزینـەوەی گونجـان لـە نێـوان رەگـەزە نەگونجاوەکانـدا دەبێت. ئەمەش بە دۆزینەوەی واتا لاوەکییەکانی ئەو وشانە، چـونکە رەنگـە لـە واتـای ئاشکرایاندا گونجانیان نەبێت، بەڵام لە واتا لاوەکییەکانیاندا بگونجێن، ئەمـەش شـێوەی (رەمز) یان (خواستن) وەردەگرێت" واتە (بە شیعرکردن پرۆسەیەکی دوو لایەنەی پێکەوە ژیاوی هاوکاتە" لادان و نەهێشتنی لادانەکە، شـکاندنی بنیـات و دووبـارە بنیاتنانـەوەی، تاوەکو قەسیدەی شیعریی شیعرییەتی خۆی بەدی بهێنێت، پێویستە یەکەمجار واتاکـەی ون بێت، پاشان بدۆزرێتەوە، ئەمـەش هەمـووی لە هۆشـی خوێنـەردا روودەدات.)[2]. شاعیر لە پرۆسەی شیعرییدا، لە پێوەری رۆنان و واتایی زمـانی ئاسـایی لادەدات، بـەڵام خوێنەری دەقەکە هەوڵدەدات جارێکی تر ئەم پێوەرە لە شێوەیەکی تردا ساز بکاتـەوە. کەواتە (جیاوازی) و (حشو) و (دابڕان)، هەرسێکیان بە لادانی واتایی دادەنرێن لە زمـانی

---

[1] پیرباڵ مەحموود، بەهەشتی دڵداری، کەرکووك، ١٩٥٨، ل٨٤.

[2] جان کوهن، بنیة اللغة الشعریة، دار البیضاء، ١٩٨٦، ص١٧٣.

شـیعرییدا" تـاوەکو شـیعرییەتی شـیعرێك بـەدی بهێنرێـت، پێویسـتە ئـەم دوو لایەنـەی پرۆسەی بە شیعرکردن جێبەجێ بکرێت.

**٢ - لادانی رۆنانی:**

واتە لادان لە ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکسدا" وەك پـاش و پـێش کـەوتنی زنجـیرەی سینتاکسی بە پێی دەستووری ئاسایی ئەو زمانە، بۆ نموونە سیستمی سینتاکسی رسـتەی کوردی بەم شێوەیەیە: (بکەر + بەرکار + کار)، یان وەکو پاش و پێش کەوتنی (دەرخراو و دیارخەر، ناو ئاوەڵناو، یان (تاك لە جیاتی کۆ)، وشـەی نـامۆ لـە جێگـای وشـەی ئاسـایی، ...هتد)، هەر لادانێك لەوانە پێی دەوترێت (هەڵگەڕاوە) یان (جێگۆڕکێ).

(گۆران) دەڵێت:

جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو
هـــــەر ئـــــەڕۆن ناکــــەن پێچـــــی شـــــاخ تـــــەواو [١].

لـە لـەتی دووەمـدا فرمانەکـە لـە دوو بـەش پێـك هـاتووە (تـەواو + ناکـەن)، بـەڵام بەشـی دووەمیان کەوتۆتـە پـێش بـەرکاری (پێچـی شـاخ)، ئەگـەر بـە پێـی زمـانی ئاسـایی بووایـە رستەکە بەم شێوەیە دەبوو: (هەر ئەڕۆن پێچی شاخ تەواو ناکەن).

زۆربەی جار فرمانە هەڵگەڕاوەکان لە (فرمانی لێکدراو)دا روودەدەن، وەك ئەو نموونەی پێشوو، یان وەك ئەم دێڕە شیعرەی (دیلان):

**ئەی تــریفەی مانگە شەوی زیوینی ئاســمان**
**بـــۆ بــــە تۆســــقاڵ جاربــــەجارێ خـــۆت ئــــەدەی نیشـــان[٢].**

لە لەتی دووەمدا فرمانی لێکدراوی (نیشان ئەدەی) بەشەکانی پاش و پێش کراوە.

لـە زۆربـەی ئـەو شـیعرانەی ئـەم جـۆرە پـاش و پـێش کردنانـە روودەدەن، دەبیـنین پەیوەندی بە سەروای شیعرەکەوە هەیە" وەك لەو دوو نموونەی سەرەوە یان ئەم شیعرەی (گۆران):

**قاسـپە قاسـپی کـەو نەغمـەی چـۆلەکە و بلبلـی دەنـگ خـۆش،**
**پیاڵەی نەشئە، حتی بە رۆحی بـەردیش ئـەکـا نۆش،[١]**

---

[١] دیوانی گۆران، محمدی مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٨٠، ل١٢٧.
[٢] محمد صالح دیلان، دیلان، بەغدا، ١٩٦٩، ل٦٥.

لـە لـەتی دووەمـدا فرمانەکـە (نـۆش ئـەکا) دوو بەشـە، پـاش و پێشـیان پـێکراوە لەبـەر ڕێکـەوتنی سـەروای شـیعرەکە، کـە بەشـی یەکـەم دەنگـەکانی سـەروای تێدایـە، لەبەرئـەوە هێنراوەتە دواوە.

بە پێی سیستمی زمانی کوردی (ئاوەڵناو) دەکەوێت پاش ناو، یاخود بڵێین (درخـراو+ دیارخەر)، بەڵام لە زمانی شیعرییدا هەندێجار ئەم سیستمە هەڵدەگەڕێتەوە" وەك:

**خوشکی پێی وت: ساردە دنیا.**

**((وەی)) ئەبارێ، بێ ئامانە،**

**ئەم زستانە..**

**بەستویەتی کەژ، هەرد" دۆڵ، چیا..**[2]

لە لەتی یەکەمدا (دنیا ساردە) هەڵگەڕاوەتـەوە، ئـەویش لەبەرئـەوەی لەگـەڵ سـەروای لەتی چوارەمدا ڕێك بخرێت.

لە پێناوی پیشاندانی ڕادەی ئەم دیاردەیە (هەڵگەڕانـەوە) لـە شـیعری ئـەم ماوەیـەدا و بەراوردکردنی لەگەڵ شیعری کلاسیکیدا" (ناو و ئاوەڵناو)مان بە نموونـە وەرگـرت و لـە نـاو ئەو (سەد) ئاوەڵناوەی لە ئامارەکانی پێشتردا دەستنیشانمان کردبوون، ڕێژەی هەڵگەڕاوە بەم شێوەیە بوو:

هەواڵنامەی کتێب

| قۆناغ | شاعیر | ژمارەی هەڵگەڕاوەکان | تێکڕا |
|---|---|---|---|
| کلاسیك | نالی | ٨ | ٪٧,٣ |
| | مەحوی | ٨ | |
| | حاجی | ٦ | |
| ساڵانی پەنجاو شەستەکان | گۆران | ٥ | ٪٤ |
| | دیلان | ٦ | |
| | شێرکۆ | ١ | |

---

[1] گۆران، سروشت و دەروون لەگەڵ ئۆپەرێتی ئەنجامی یاران، سلێمانی، ١٩٦٨، ل ٢٠.

[2] شێکۆ بێکەس، کەژاوەی گریان، سلێمانی، ١٩٦٩، ل ٢٦.

وەك لە خشتەکەدا دیارە، دیاردەکە زیـاتر لـە شـیعری کلاسـیکیدا بـوونی هەیـە، هـۆی سـەرەکی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ پابەنـدبوونی شـیعری کلاسـیکی بـە کـورتی و درێـژی بڕگەکان (بە پێی کێشە عەروزییـە بـەکارهاتووەکان) و یەکیـەتی سـەروا لـە شـیعرەکاندا" چـونکە وەك لـە نموونــەکانی پێشـوودا روونمـان کـردەوە" ئـەم دیاردەیـە پەیوەنـدی راستەوخۆی بە کێش و سەروای شیعرەکەوە هەیە، بۆ زیاتر روونکردنەوەی ئەم راستییەش با بڕوانینە ئەم لەتە شیعرەی (نالی):

ئاوێنەی دڵ شاهیدە هەرچەندە سییە ﻫ رووم [1]

|– – ب| ب – – ب   ب – – ب   ب – –   |

کێشەکە (هەزەجی هەشتیی ئەخرەبی مەکفووفی مەحزووف)ـە.

(روو سیە ﻫ) لە کۆتایی لەتەکەدا هەڵگەڕاوەتەوە، لە لایەکەوە لەبەر گونجانی کێشەکە، چونکە ئەگەر (روو سیە ﻫ) بووایە (پێ)یەکە لە جیاتی (فعولن / ب – –) دەبـووە (فـاعلن/ –ب–)، بەمـەش کێشـی شـیعرەکە لـەنگ دەبـوو. لـە لایـەکی تریشـەوە لەبـەر پێویسـتی سـەرواکە" چـونکە رەوی قەسـیدەکە دەنگـی (وو)یـە، ئەگـەر (نـاو) و (ئاوەڵناو)ەکـە بـە شێوەکی ئاسایی خۆیان بوونایە، دەنگەکانی ئاوەڵناوی (سیە ﻫ) لەگەڵ رەوی شـیعرەکەدا نەدەگونجا و لە ڕووی سەروایشەوە شیعرەکە لەنگ دەبوو.

لەبەر ئەوەشـە دەبیـنین لـە نـاو شـاعیرانی کلاسـیکدا، رێژەکـە لای (حـاجی) کـەمترە، چونکە (وەك ئاشکرایە) نەیویستووە ئەوەندە پابەندی کێشی عەرووزی و یەکیـەتی سـەروا بێت.

شـاعیرانی ئـەم ماوەیـەش" (وەك لـە باسـی مۆسـیقای شـیعری سـاڵانی پـەنجاکان و شەستەکان بۆمان روون بوویەوە)، هەنگاو هەنگاو لە کۆت و پێوەنـدی مۆسـیقای شـیعری کلاسیکی دەرباز دەبوون، لە کۆتایی قۆناغەکەیشدا زیاتر ئەم ئازادبوونە رەچاو دەکرێت، لەبەرئەوەشە رێژەی ئەم دیاردەیە لای شێرکۆ (وەك نموونەی کۆتایی قۆناغەکە) زۆر نزمە، چونکە پێویستی کێش و سەروا تەنگی پێ هەڵنەچنیوە.

– جگە لە دیاردەی (هەڵگەڕانەوە)" لادانی رۆنانی لە هەندێ باری تردا دەبینرێـت، وەك لابردنی بەشێك لە بەشەکانی ناو ڕستە" ئەمیش دوو شێوەی هەیە:

---

[1]: دیوانی نالی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم، ل ٢٦٨.

یان بەشەکە ناسەرەکییە لە ڕستەدا" وەك ئامڕازەکانی پەیوەندی و راناوەکان و کاری دووبارە و ... هتد، کە بە لابردنیان هیچ لە واتای راستەقینەی شیعرەکە ناگۆڕێت، ئەمە جگە لەوەی زمانەکە زیاتر لە زمانی شیعری نزیك دەکاتەوە" وەك لەم دێڕە شیعرەی (کامەران)دا، کە ئامڕازی پەیوەندی (بە) لابراوە:

تۆ ئەڵێم خوای خۆشەویستی
کە سەرچاوەی شادی و هەستی[1].

(تۆ ئەڵێم)" کورتکراوەی (بە تۆ ئەڵێم)ە.

یان لابردنی (کاری) دووبارە، وەك لەم شیعرەی (شێرکۆ)دا دەبینرێت:

لەوێ دەرمانی ئەم دەردە
ڕەنگە زەردە
دەس ئەکەوێ
تەنها لەوێ![2]

لە لەتی کۆتاییدا فرمانی (دەس ئەکەوێ) دووبارە نەکراوەتەوە و لابراوە، کە دەکرا دووبارە بکرایەتەوە و بەم شێوەیە بووایە: (تەنها لەوێ دەست ئەکەوێ).

یاخود لابردنی بەشی سەرەکی لە رستەکەدا، بەتایبەتیش لابردنی (کار) لە کۆتایی دێڕێك (یان کۆپلەیەك، یا شیعرەکە)" نموونەش وەك:

قــژی نەرمت، وەکـو تاڵــی خۆرەتاو
لەســەر قــۆڵ و شــانی ســپی، پــەرش و خــاو[3].

دەبووایە لە کۆتایی لەتی دووەم، مۆرفێمی کاتی ئێستای (ە) هەبووایە (پەرش و خاوە)، بەڵام لابراوە، یان لە کۆتایی هەردوو لەتەکەدا دەشێت ئەم مۆرفێمە بەکاربهێنرێت. هەندێجار ئەم لابردنە رێگاکانی خوێندنەوەی دەقەکە واڵا دەکات و بە کراوەیی جێی دێڵێت..

---

[1]: دیوانی کامەران موکری، پێشەکی و پەراوێز نووسینی (عەبدوڵڵا عەزیز خالد)، بەغدا، ١٩٨٨، ل ٧٩.

[2]: شێرکۆ بێکەس، کەژاوەی گریان، سلێمانی، ١٩٦٩، ل ٣٠.

[3]: دیوانی کامەران موکری، پێشەکی و پەراوێز نووسینی (عەبدوڵڵا عەزیز خالد)، بەغدا، ١٩٨٨، ل ٥٢.

دیسـانەوە لـەم بارانـەی تـری لادانـی ڕۆنانیشـدا، پێویسـتی کـێش و سـەروا، ڕۆڵـی خـۆی دەگێڕێت.

– دیاردەیەکی تر کە بە لادانی ڕۆنانی دادەنرێت" ئەویش (ڕستەی دابڕاو)ە:

((ئەم ئەدگارە، بریتییە لە دابڕینی ڕسـتەیەك، یـان بەشـێکی، لـە ڕێـڕەوی سـیمانتیکی سیستەمی ڕستەسازی ڕستە سەرەکییەکە، بە مەبەسـتی جـەختکردن لەسـەر دۆخێـك یـان گەورەکردنی قەوارەکەی.))[1]" بۆ نموونە (شێرکۆ) دەڵێت:

ئاوڕ لە تۆ.. ئەدەمەوە،
عومری شیرین [2].

کە دەکرا بە یەك لەتە شیعر و پێکەوە هـەموو بەشـەکانی ڕسـتەکەی تێـدا کۆبکاتـەوە: (عومری شیرین، ئاوڕ لە تۆ ئەدەمەوە)، بـەڵام بـەرکاری ڕسـتەکەی دابڕیـوە و خسـتویەتیە لەتێکی سەربەخۆ، بەمەش جەختێکی واتایی خستۆتە سەر گوزارشتی (عومری شـیرین) لـە ڕستە شیعرییەکەدا.

لە لاپەڕەکانی ئەم باسەدا" تاڕادەیەك تایبەتییەکانی زمانی شیعری ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان، بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی شـیعریی پـێش خۆیـان خرانـە ڕوو" چ لـە ڕووی بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکانەوە بێـت، چ لـە ڕووی لادانـە شـیعریەکانەوە بێـت، بـە شێوەیەکی گشتی هەنگاوی زیاتری بەرەو شیعرییەت نـاوە" ئەگەرچـی لای زۆر شـاعیری ئەم ماوەیە (جگە لەو شاعیرانەی لە نموونەکانی باسەکەدا جەختمان لەسەر شیعرەکانیان کردۆتەوە)، زمانە شیعرییەکە ئەوەندە ساکار کراوەتەوە، لـە زۆر شـوێندا لەگـەڵ زمـانی ئاساییدا جیاوازییان پێ ناکرێت!.

---

[1] د.محەمەد بەکر، پەخشانە شیعری کوردی، ٢٠٠٤، ل٤٧-٤٨.

[2] شێکۆ بێکەس، کەژاوەی گریان، سلێمانی، ١٩٦٩، ل ٤٨.

**ئەنـــجام:**

١ — لە رووی زمانەوە" دوو شێوازی زمانی لە شیعری ئەم ماوەیەدا دەبینرێن: شـێوازی قسەی خەڵکی سادە و شێوازی زمانی ئـەدەبی" هەنـدێجار لـە دەقێکـی شـیعرییدا هـەردوو شێوازەکە پێکەوە بەکارهێنراون.

٢ — فیلّدە سەرەکییەکانی شیعری پـەنجا و شەسـتەکان،رەنگدانەوەیان لـە فەرهـەنگی شیعریی ئەم ماوەیەدا هەیە" کە دوو ئاراستەی تێدا دەبیـنین: ئاراسـتەیەکیان بـەرەو ژیـان دەڕوات و لایەنی پۆزەتیڤی ژیان پیشان دەدات" کە لە فیلّدەکانی (خۆشەویستی ئافرەت و سروشـت و نیشـتیمان، خـەبات بـۆ ئـازادی مـرۆڤ)دا دەبینرێـت. ئاڕاسـتەی دووەمیشـیان خۆبەدەسـتەوەدان و مـل نانـە بـەرەو مـردن، کـە لایـەنی نێگـەتیڤی ژیـان پیشـان دەدات، ئەمەشیان لە فیلّدی (خەم)دا خۆی دەبینێتەوە. ئەمە نەك تەنیا خاسـیەتێکی شـیعری ئـەو ماوەیەیە، بەڵکو لە لای زۆربەی شاعیرەکان ئەم (دژایەتی)یە بوونی هەیە.

وشەکانی ناو فیلّدێك یان فیلّدەکانی ناو شیعرێك، پەیوەندییەکی پتـەویان بـە شـەپۆلی بیری ناو دەقەکەوە هەیە" کە بە پێی جێگای ناو شـیعرەکە (سـەرەتا و ناوەنـد و کۆتـایی) جێگیر دەبن، (یان کۆ دەبنەوە).

٣ — لە شیعری پـەنجاکان و شەسـتەکاندا، رێـژەی (رکـا) نـزم بووەتـەوە، ئەمـەش لـە لایەکەوە ئەوە دەگەیەنێت" شیعری ئەم ماوەیە هەڵچوونی کەمتر بۆتەوە،هەروەها وەستان و خاوبوونەوەو هێمنی دەروونی شاعیرەکان پیشان دەدات بە گوێرەی شـاعیرانی کلاسـیك" لە لایەکی تریشەوە ئەوە پیشان دەدات" کـە زمـانی شـیعریی ئـەم ماوەیە،بـە پێـی زمـانی شیعری کلاسیکی، تا رادەیەك رێژەی شیعرییەتی نزمتر بووەتەوە.

٤ — لـە شـیعری ئـەم ماوەیـەدا" بـە تایبـەتی لـە کۆتـایی قۆناغەکـەدا، بابـەت و وێنـە شیعرییەکان بەرەو ئەبستراکتی چـوون" ئەمـەش وایکـردووە وشـە و گوزارشـتەکانی زمانـە شیعرییەکەیان زیاتر ئەبستراکتی بن.

٥ — رادەی بـەکارهێنانی رانـاوە سـەربەخۆکان لـە زمـانی شـیعریی ئـەم ماوەیـەدا، بـە بەراورد لەگەڵ شیعری کلاسیکیدا، کەمتر بووەتەوە" ئەمەش واتە لەم لایەنەوە بەرەو زمانی شیعرییەت هەنگاوی ناوە و لە زمانی راستەوخۆ دوور کەوتووەتەوە.

هەولێرنامەی کتێب

٦ –ڕێژەی لادان و جیاوازی و دابڕان" لە زمانی شیعریی ئەم ماوەیەدا بە ئاشـکرا رووی لە زیادبوون کـردووە" بـەڵام ئەگـەر لـە ئاسـتی دەقـدا بڕوانینـە زنجـیرەی لـۆژیکیی نێـوان دێڕەکـان، ئـەوا (دابـڕان) ڕەگـەزێکی دیـاری شـیعری کلاسیکیشـە، بـەڵام لەوێـدا (شـیعری کلاسیکی)، هیچ مەبەستێکی واتایی لە پشتەوە نییە، لە کاتێکدا دابڕان لە شیعری نوێدا بە لادانێکی واتایی دادەنرێت و مەبەستێکی دوور دەگەیەنێت.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: (بە زمانی کوردی)**


١ – ئەحمەد هەردی، رازی تەنیایی، چاپی یەکەم، پێشەکی (معروف خەزنـەدار)، بەغـدا، ١٩٥٧.

٢ – پیربال مەحموود، بەهەشتی دڵداری، چاپخانەی (الشمال)، کەرکووک، ١٩٥٨.

٣– جەمال شارباژێری، بەستەی مەبەست، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦١.

٤– جەوهەر خەمگین، خاک و رۆژ و خۆشەویستی، چاپی دووەم، هەولێر ، ٢٠٠٥ .

٥= حاجی قادری کۆیی(دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (سەردار حەمید مـیران و کـەریم مستەفا شارەزا)، ؟، بەغدا، ١٩٨٦.

٦ – دلزار، خەبات و ژیان، مطبعة الوفاء، بغداد، ١٩٦٠.

٧ – شێرکۆ بێکەس، تریفەی هەڵبەست، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٦٨.

٨– ـــــــ، کەژاوەی گریان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٩.

٩ – عەبدوڵڵا پەشێو، فرمێسک و زام، چاپخانەی (الشمال)، کەرکووک، ١٩٦٧.

١٠= ـــــــ، بتی شکاو، چاپخانەی (الشمال)، کەرکووک، ١٩٦٨.

١١– ع. ح. ب. (محمد شێخ حسێن بەرزنجی)، ناسۆری دەروون، بەغدا، ١٩٦٨.

١٢ – کامەران موکری (دیوان)، پێشەکی و پەراوێز نووسینی (عەبدوڵڵا عەزیز خالد)،بەغدا، ١٩٨٨.

١٣ – ـــــــ، ئاوات و ڕەنج، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٨.

١٤–- ـــــــ، گوڵ ئەستێرە، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٩.

١٥ – کەریم شارەزا، ئازادی و ژیان، ؟، ؟، ١٩٦٠.

١٦ – گۆران (دیوان)، محمدی مەلا کەریم، بەغدا، ١٩٨٠.

١٧ – گۆران، بەهەشت و یادگار، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٥٠.

١٨ – ـــــ، سروشت و دەروون لەگەڵ ئۆپەرێتی ئەنجامی یاران ، سلێمانی، ١٩٦٨.

١٩ – مەحوی (دیوان)، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم)، بەغدا، ١٩٧٧.

٢٠– مەدهۆش، شیرین، چاپخانەی ژین، سلێمانی، ١٩٦٢.

٢١– محەمەد بەکر (د.)، پەخشانە شیعری کوردی، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٤.

٢٢ – محمد صالح دیلان، دیلان، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٦٩

٢٣–نالی(دیوان)،لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، فاتیح عەبدولکەریم،بەغدا، ١٩٧٦.

**دووەم: (بە زمانی عەرەبی):**

٢٤ – أندرية ريشار، النقد الجمالي، ط (١)، ترجمة: (هنري زغيب)، بيروت، ١٩٧٤.

٢٥ – جان كوهن، بنية اللغة الشعرية، ط (١)، ترجمة: (محمد الولي و محمد العمري)، دار توبقال للنشر، دار البيضاء، ١٩٨٦.

٢٦ – سعد مصلوح (د.)، الأسلوب (دراسة لغوية إحصائية)، ط (٢)، قاهرة، ١٩٨٤.

٢٧ – سلمى الخضراء الجيوسي (د.)، الاتجاهات و الحركات في الشعر العربي الحديث، ط(١)، ترجمة:(عبدالواحد لؤلؤة)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠١.

٢٨ – شفيق يوسف البقاعي (د.)، الأنواع الأدبية (مذاهب و مدارس)، بيروت، ١٩٨٥.

٢٩ – صلاح فضل (د.)، علم الأسلوب (مبادئه و إجراءاته)، ط (١)، بيروت، ١٩٨٥.

٣٠ – عمر محمد طالب (د.)، عزف علي وتر النص الشعري، دمشق، ٢٠٠٠.

٣١ – محمد غنيمي هلال (د.)، النقد الأدبي الحديث، القاهرة، ١٩٧٧.

# دەقی والا و دەقی ئاوێتە
# دوو فۆرمی تازەی ژانرە ئەدەبییەکان

هەواڵنامەی کتێب

## پێشەکی[1]

تێگەیشتنی جیاواز بۆ دەق لە چوارچێوەی ژانرێکی نوێی ئەدەبی لـە ڕەخنـەی ئـەدەبی جیهانی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە ناوی (دەقی والآ) وەك زاراوەیەکی نوێی ڕەخنەیی لە ئێستادا بە شێوەیەکی تازە وەك ژانرێکی نوێ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، تایبەتمەندیی ئەو زاراوەیـە ڕەخنەییـە بـە تێکـەڵاوبوون و ئاوێتـەبوونی ژانرەکـان و بەزانـدنی سـنووری ڕەگـەزەکانی ژانرەکـان هۆکـاری دەرکـەوتنی (دەقـی والآ)یە،کـە مشـتومڕی زاراوەیـی لێکەوتوتـەوە. ناونیشـانی ئێمـە (دەقـی والآ فـۆرمێکی تـازەی ژانـرە ئەدەبییـەکان)دا، پەیوەستە بەو دەرکەوتن و زاراوە نوێیەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانەکە لـە بـارەی (دەقـی والآ) وە مشـتومڕی زۆر لـە ناوەنـدی رۆشـنبیریی و رەخنەییـدا کراوە،بـەلآم بـە پـەرش و بـلآوی و تێکـەلآوکردنی چـەمکە رەخنەییـەکان و لاسـاییکردنەوە و وەرگرتنـی ئـەو چـەمکە بـە هەڵـە لـە زمانـەکانی ترەوە،لەلایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و تازەیی بابەتەکە وەك پۆست مۆدێرنە لە ڕەخنەی ئەدەبی جیهانی بەگشتی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا بە تایبەتی.

گرنگـی و بایـەخی لێکۆڵینەوەکـە ئـەم لێکۆڵینەوەیـە سـنوورێك بـۆ کـۆی هـەموو ئـەو تێگەیشتنانە دادەنێت، کە لە لایەن نووسەر و ڕەخنەگرانـەوە لـە بـارەی (دەقـی والآ) وەك زاراوە بونیادی دەق خراونەتـەڕوو، هـەروەها لـە پـاڵ یـەکلایی بوونـەوەی زاراوەکـەدا ئـەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵی تێگەیشتنی قووڵی ناساندنی چـەمك و زاراوەکـە دەدات و تایبەتمەنـدی زاراوەکە بە پێی تێگەیشتنی ئێستایی ڕەخنەی ئـەدەبی بـۆ دەق هـەوڵی بەرجەسـتەبوونی دەقی والآ لە شیعری کوردی دەدات.

ڕێبـازی لێکۆڵینـەوە سروشـتی لێکۆڵینەوەکـە کاریگـەری لـە سـەر هەڵبـژاردنی ڕێبـازی لێکۆڵینەوەکە هەبوو، بۆیە ڕێبازی (وەسفی شیکاری )مان بەپەسەند زانی.

بنیـادی لێکۆڵینەوەکـە لێکۆڵینەوەکـە لـە پێشـەکی و سـێ بـەش پێکهـاتووە. لـە بەشـی یەکەمدا، چەمك و زاراوەی دەقی والآ و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی و لە بەشی دووەمـدا

[1] : بە هاوبەشی لەگەڵ م.کوردستان عبدالوهاب نادر" لە نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی (بنیاتی دەقی هونەریی شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس"

دەقی ئاوێتەو جۆرەکانی لە ئەدەبی کوردی و ژانرە ئەدەبییەکان و دیاردەی ئاوێتەبوونیان و دەقی والآ وەك ژانرێکی ئەدەبی باسکراوە.

## پاژی یەکەم: چەمك و زاراوەی دەقی والآ

دەقـی والآ، وەك دەرهاویشـتە و بنەمایـەکی تـەکنیکی شـیعری پۆسـت مۆدێرنـە، وەك زۆرێـك لـە چـەمك و زاراوە ڕەخنەییـەکان لـە نێـوان ڕەخنـەگران و نووسـەرانەوە بـیروڕای جیاوازی لە سەرە، هەریەکەیان بە پێی بیروڕای تایبەتی خۆیانەوە باسیان کردووە، چەندین زاراوەی جیاوازیشیان لە جیاتی زاراوەی (والآ) بۆ ئەم جۆرە دەقانە بەکارهێناوە، بۆ نموونە (قەسیدە،[1] دەق،[2] دەقی کراوە،[3] چامەی درێژی نوێ[4])، هەروەها هێنـدێك لـە ڕەخنـەگران و نووسەران بە جۆرێك لە جۆرەکانی دەقی کراوە ناو دەبات[5]. تەنانەت هێندێکیان لـە جیـاتی زاراوەی (دەقی والآ) زاراوەی تریان پێشـنیار کـردووە، بـۆ نموونـە: د.فوئـاد لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: (دانـانی زاراوەی ((تێکسـتی والآ))لـە ڕووی مانـا و مەبەسـتەوە، وەك زاراوەیـەکی ڕەخنەیی، جۆرە لێڵییەك دێنێتە ئاراوە، جا بۆ ئەوەی زاراوە ڕەخنەییەکان تێکەڵی یەکدی نەکەین و لـە پێنـاو بـەکارهێنانێکی وردتـری ئـەم زاراوانـە، باشـتر وایـە لـە جیـاتی زاراوەی (تێکسـتی والآ)) زاراوەی ((تێکسـتی ئاوێتـە))بۆ دەقـی ((کورسـی))و هاوشـێوەکانی بەکاربهێنرێت).[6]

هەولێرنامەی کتێب

---

[1] : بۆ زانیار زیاتر بڕوانە : ئیدریس عەلی، ئەدەبی کوردی ... دەبێت شانازی بکات بەم قەسیدەیەوە، ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ٢٨/ ٥/ ٢٠١٢، ل٧.

[2] : نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی ڕەخنەیی)، ل٦٥ ـ ٦٦.

[3] : بڕوانە: ئاوات محمد، دەق و ڕاڤەکاری (شیکردنەوەی ئەو ڕستانەی دەکەونە دیووی شاراوەی دەقەوە،ل ١٢٧ ـ ١٢٨.

[4] : بڕوانە: لوقمان ڕەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، چ ١،چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٦٩.

[5] : ئارام سدیق، لە نێوان دەقی کراوە و چیرۆکی کراوەدا (چیرۆکی "نووسینەوەی درۆ"ی ئارام کاکەی فەلاح وەك نموونە)، گۆڤاری هەنار، ژ ٧٥، ٢٠١٢، ل٦٥ ـ ٦٧.

٦ . د. فوئاد ڕەشید، دەقی ئەدەبی "ئەدگار . چێژ ز بەها"، بلاوکراوەی ئاراس، چاپخانەی دەزگا ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل١٣٢.

لێرەدا دەمانەوێت ئاماژە بەوە بكەین، كە دیاردەی ئاوێتە بوون و بەیەكداچوونی نێـوان ژانرە ئەدەبییەكان لە ئەدەبی كوردیدا نویێ نییە، بەڵكو بـۆ سـاڵی حـەفتاكان دەگەڕێتـەوە، كە لەو كاتـەدا ئاوێتـەبوونی نێـوان ژانـرە ئەدەبییـەكان لـە مەودایـەكی تەسـكتردا بـوو، بـۆ نموونە: لە نێوان چەند لایەنێكی ئیستاتیكی دوو ژانری ئەدەبی یان ژانرێكی ئەدەبی لەگـەڵ هونەرێكی تردا، بەڵام (دەقی واڵا) ئاوێتەی بونیادی چەند جۆرە ژانرێكی جۆراوجۆرە، كە لە ئەنجامی فراوانبوونی مەودای ئاوێتە بوونی نێوان ژانرەكانەوە، بە هۆی كۆمەڵێك هۆكارەوە، هاتۆتەكایەوە، واتا دەقی واڵا جۆرێكە لە جۆرەكانی دەقی ئاوێتە، كەواتـە هـەموو دەقێكـی واڵا دەقێكی ئاوێتەیە، بەڵام هەموو دەقێكی ئاوێتە دەقێكی واڵا نییە.

گرفتی هەرە سەرەكی (دەقـی واڵا) بـە پلـەی یەكـەم جیاكردنەوەیـەتی لـەو دەقەی،كە ڕاڤەكردن و شیكردنەوەی لە چوارچێوەی سنوورێكی دیاریكراودایە، كـە بـە (دەقـی كـراوە) ناسراوە،بۆیە لە سەرەتادا هەوڵ دەدەین، دەقی كراوە شیبكەینەوە، بۆ زانینی ئەوەی ئایا مەبەست لە (دەقی كراوە) چـییە؟ دەقـی كـراوە و دەقـی والا یـەك شـتن، یـان دوو زاراوەی جیاوازن؟

دەقی كراوە ئەم جۆرە دەقەیە، كە لە ئینگلیزیدا پێی دەگۆترێت (Open Source) یا (Open text)، هەروەها لە زمانی عەرەبیدا پێی دەگۆترێت ( "النص المفتوح" یـان " الاثر المفتوح" یان " العمل المفتوح")[1] لە زمـانی فارسیشـدا پێـی دەگۆترێـت (مـتن بـاز)٢ . زاراوەی دەقی كراوە، زاراوەیەكی ڕەخنەیی نوێیـە، لـە لیكۆڵینـەوەكانی ڕەخنـەی ئـەدبی و هونەری نوێدا بەكار دێت. (( ڕۆماننووس و سیمیۆلۆژیستی ئیتالی ئەمبرتۆ ئیكۆ (١٩٣٢) ئەم زاراوەی داهێناوە و كتێبێكیشی بەو ناونیشانە چاپكردووە))٣ .ئەم زاراوەیـە لـە تێڕوانینـی (ئەمبرتۆ ئیكۆ)یوە پێوەنـدی بـە ڕاڤـەكردن و شـیكردنەوەی تێكسـتی ئـەدەبی و بەرهـەمی هونەرییەوە هەیە. (دەقی كراوە) ئەو جۆرە دەقەیە، كە نووسـەرەكەی لـە كـاتی نووسـینی

---

[1] . نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، ل٣٤٥.

[2] . فرهنگ واژەهای مصوب فرهنگستان زبان و ادب فارسی، ١٣٧٦ تا ١٣٨٥، بخش لاتین، صفحه ٧٨.
ویكی پیدیا، دانشنامه ازاد
( http://www.persianacademy.ir/fa/wordspdf)

[3] . نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی ڕەخنەیی، ل٣٤٥.

دەقەکەدا خوێنەرێکی دیاریکراو لە بەرچاو دەگرێت، لە چوارچێوە و سنوورێکی دیـاریکراودا ڕێگا بە چەند لێکدانـەوە و ڕاڤـەکردنێکی دیـاریکراو دەدات ١، خوێندنـەوە و ڕاڤـەی جیـاواز هـەڵناگرێت و کـەمتر بـواری بـۆ لێکدانـەوە و شـیکردنەوەی تێدایـە و ڕۆڵـی وەرگـر ڕۆڵێکـی دیاریکراوە، خوێنەر ناتوانێت لێی دەربچێت. (زیاتر ئەو دەقانە دەگرێتـەوە کـە یـەك ڕووداو لە خۆیگرتووە و سنووری ڕووداو و زەمەنی دیاریکراوە، یاخود سـنووردار و کورتـە بەمـەش دەقێکـی یـەك ڕووداوی لێ دەکەوێتـەوە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیێنێت،کـە ئـەو دەقـە لـە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی مەبەستدار نووسـراوە)٢. دیـارە لـە بەرامبـەر (دەقـی کـراوە)دا (دەقی داخراو)یش هەیە، لە ڕوانگەی (ئەمبرتۆ ئیکۆ)وە ئەو جۆرە دەقەیە، کە لێکدانـەوە و ڕاڤەگردنی جیاواز هەڵدەگرێت، فەزایەکی فراوانی بۆ خوێندنەوە و لێکدانەوە هەیە، دەکرێت لە چەندین ڕوانگەوە سەیر بکرێت٣، چونکە چەندین مانا و شیکردنەوە هەڵدەگرێت.واتا (ئەو دەقە دەوڵەمەندەیە، کـە دەتوانێـت هـەموو تاقیکردنـەوە دەوڵەمەنـد و ئەبسـتمۆلۆژیەکانی ڕەخنەگر هەڵمـژێ و پەنجـەرەی دەوڵەمەنـدکردنی دەق لـە بـەردەم خوێنـەردا بخاتـە سـەر پشت، هەموو خوێندنەوەیەکی نـوێی ژیرانـە دەولەمەنـدتری دەکـات و نهێنـی داهێنانـەکانی باشتر واڵا دەکات)[٤]. ئەم جۆرە دەقانە زیاتر وەکو ئەو تابلۆ ریکلامییانەن، کە بە شێوەیەك دروستدەکرێن، کە بینەر لە هەر گۆشەییەکەوە سەیری بکات، بتوانێت پەیامی جۆراوجـۆر و جیاواز لێیان بەرهەم بهێنێـت٥، واتـا ئـەو دەقەیـە، کـە خـاوەنی مانـا و جـوانی شـاراوەیە. ڕەخنەگر و خوێنەری هوشیار لە کـردەی خوێندنـەوەدا هەسـتی پێـدەکات و دەیدۆزێتـەوە، دوای هەر خوێندنەوەیەك دەستەبەری مانەوەی زیاتر دەکات و ئەو ڕاسـتیە بـۆ ڕەخنـەگر و

---

[١]. فوئاد رەشید، کتێبی (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی) و چەند سەرنجێك، گۆڤاری رامان، ژمارە ١٨٠، ٥/٥/٢٠١٢، ل١٥٤.

[٢]. لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، ل١٩٠.

[٣]. فوئاد رەشید، کتێبی (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی) و چەند سەرنجێك،، ل١٥٤.

[٤]. ڤیستیڤاڵی شاعیری گەورەی کورد (مەحوی)، لەشاری هەولێر، دەزگای ئاراس، ڕۆژانی ٢٨/ ٣٠ئاب/ ٢٠٠١، ل٨١.

[٥]. دکتر احمد رضی ، عضو هیات علمی دانشگاه گیلان، دیوان حافظ بازترین متن ادب فارسی، فصلنامه پژوهشهای ادبی، ش٤، تابستان، ١٣٨٣، ص١١٧.

خوێنــەر دەخاتــەڕوو، کـە دەق مانـای جۆراوجـۆر هەڵـدەگرێت و لـە یـەك مانـا و یـەکجار خوێندنەوەدا کۆتایی پێ ناهێت، بەو واتایەی،کە(دەق لە ڕەوتی دووبارە خوێندنەوەدا واتای یەکسان نادا بەدەستەوە،لەگەڵ هـەر خوێندنەوەیەکدا، واتایـەکی تـازە وەدەسـت دێنـێ)[1]، چونکە ڕێگە و چۆنێتی خوێندنەوەمان جیاوازە لە میانی جیاوازی تێڕوانین و ئاسـتی زانـین، هەروەها دیدی جیاوازمان بۆ دونیا و دەورووبەرمان، واتا خوێنەر بەشداری لە بەرهەمهێنانی مانادا دەکات.

لە ڕاستیدا بە درێژایی مێژوو،دەقی داخراو بە دڵی خەڵك دەبێت و زیندووترین بەرهـەمی ئەدەبی بەرهەم دەهێنێت ئەویش لەبەر ئەو تایبەتمەندیانەی، کە هەیەتی ئەوانیش:

١. دەتوانێ لەگەڵ خوێنەری جیـاواز لـە بـارۆدۆخی جیـاواز و لـە کـاتی جیـاواز پەیوەنـدی دروست بکات و قەناعەت بە زەوقە جیاوازەکانیان بهێنێت.

٢. دەتـوانێ چـالاکی فیکـری خوێنــەر ئـەکتیڤ بکـات و وای لێ بکـات، لەگـەڵ هـەر جـارە خوێندنی دەقەکە شتی نوێ فێر بێت و لێکدانەوەی نـوێ بـۆ بکـات. هـەر ئەمـەش دەبێتـە هۆی ئەوەی، کە ئەم دەقانە بەردەوام زیندوو بن.[2]

د.محمــد عنــانی لــە بــارەی هــەردوو زاراوەی (دەقــی کــراو و دەقــی داخــراو)ی (ئەمبرتۆئیکۆ)یەوە، لە کتێبەکەیدا (المصگلحات الادبیـە الحدیپـە) نووسـیویەتی : ئـەو دوو زاراوەیە وەرگێراوی ئەو دوو زاراوەیەیـە، کـە (ڕۆڵان بـارت) لـە کتێبەکەیـدا (s/z) بـەکاری هێناوە[3]، کە زاراوەی (دەقی خـوێنرا و دەقـی نووسـراو)ن، لـە ڕوانگـەی (ڕۆڵان بـارت)ەوە (دەقی خوێنراو (Readerly text)، ئەو جۆرە دەقەیە، کە خوێنەر تێیـدا بەکاربـەرە و ڕاستەوخۆ بەرەو مانای دەق دەڕوات، مافی داهێنـانی لێ زەوت دەکرێـت. تـەنیا دەتوانێـت دەقەکە بەو شێوەیە بخوێنێتەوە، کە نووسـەر مەبەسـتییەتی، بـەڵام لـە دەقـی نووسـراودا (Writerly text)، خوێنەر دەتوانێـت لـە هـەر خوێندنەوەیەکیدا بەرهەمهێنـەری مانـا

---

[1]. بابەك ئەحمەدی، پێکهاتە و ڕاڤەی دەق ، و/ مەسعود بابایی، کتێبی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٤٦.

[2]. دکتر احمد رضی ، عضو هیات علمی دانشگاه گیلان، دیوان حافظ بازترین متن ادب فارسی، ص ١١٧ ـ ١١٨.

[3]. فوئاد ڕەشید، کتێبی (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی) و چەند سەرنجێك،، ل١٥٤.

بێت، ڕۆڵێکی ئەرێنی دەبینێ و کۆمەڵێك سیما و خەسـڵەت لـە خۆیـدا کۆدەکاتـەوە، وەکـو کردارێکی بەرهەمهێنەر نەك وەك بەکاربەر).[1]

چـەمکی دەقـی کـراوە و دەقـی داخـراو لای (ئـەمبریۆ ئیکـۆ) لەگـەڵ دەقـی خـوێنراو و نووسراوی (رۆلان بارت)دا، هاونزیکایەتی ئەرکی و ماناییـان هەیـە، لەگـەڵ یـەکتردا تێکـەڵ دەبن، واتا دەقی کراوەی ( ئەمبرتۆ ئیکـۆ) لـە بەرامبـەر دەقـی خـوێنراوی (رۆلان بـارت) و دەقی داخراویش لە بەرامبەر دەقی نووسراوی ( رۆلان بارت)دا نزیکن، کەچی هێنـدێك جـار بە هەڵە لای بەشێکی بەرچاوی ڕەخنەگران دەقی کراوەی (ئەمبرتۆئیکۆ) لە بەرامبەر دەقی نووسراوی (رۆلان بارت) و دەقی داخراوی (ئـەمبرتۆ ئیکـۆ) بەرامبـەر بـە دەقـی خـوێنراوی (رۆلان بارت)دا بەکاردەهێنرێت. ئەمەش پێچەوانەی هەردوو تێگەیشتنەکەی (رۆلان بارت) و (ئەمبرتۆ ئیکۆ)یە[2]، هەروەها (حەمە کەریم عارف) لە توێژینەوەیەکدا بەناوی (خوێندنەوەی خوێندەوە)، زاراوەی نادەق یا دەقی مردووی بۆ دەقی خوێنراو (کراوە)، هەروەها زاراوەی دەقی زیندوو  بۆ دەقی نووسراو (داخراو)ی بەکارهێناوە، بەم شـێوەیە باسـیان دەکـات: ( دەقی مردوو ئەو دەقەیە یەك مانا زیاتر هەڵناگرێت، سنووری شوێنکاتی خـۆی نابـەزێنێت، پەیوەستن بە کات و شوێن و سات و بۆنەیەکی تایبەتەوە و لە دوای گەیشتنی پەیامەکـەی ئیـدی ماناکـەی بـەتاڵ دەبێتـەوە. دەقەکـەش، چـونکە هـیچ چڕییەکی کـەلتووریی نییـە، دەپۆکێتەوە و پێویستی بە هیچ شرۆڤەکار، یان پرۆسەیەکی هێرمۆنتیکی نامێنێت، هـەل و مەرجـە شارسـتانی و کەلتوورییەکـەی بەسـەر دەچـێت و مـردار دەبێتـەوە.بۆ نموونـە: خوتبەیـەکی ڕامیـاری، دەقێکـی بانگەشـەیی، ....هتد،بـەڵام بەپێچـەوانەوە دەقـی زینـدوو لێکدانەوەو ڕاڤەی جیاوازو هەمەجۆر هەڵدەگرێت، بە چەندین مانـا بارگاوییـە، خوێندنـەوەو شیکردنەوە و لێکدانەوەی جیاواز هەڵـدەگرێت، شـوێنکاتی خـۆی دەبـەزێنێت و لـە هـەموو سەردەمێکا هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە و لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکدا تـازە دەبێتـەوە[3]. لەمـەوە بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە زاراوەی (دەقـی کـراوە) بۆچـوونێکی هێرمۆنتیکییـە،

---

[1] . بهرام مقدادی، فرهنگ اصطلاحات نقد ادبی، فکر روز، تهران، ١٣٧٨، ص٤٤٤. هەروەها عەبدوالخالق یەعقووبی، دەنگی بلورینی دەق (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)، ل٢١٧.

[2] . د. میجان الرویلي ـ د. سعد البازعی، دلیل الناقد الادبی، ص١٨٠ ـ ١٨١.

[3] . حەمە کەریم عارف، خوێندنەوەی خوێندنەوە، گۆڤاری هەنار، ژمارە ٦٨، ٢٠١١، ل١٠.

پێوەندی بە شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەقەوە هەیە، ئـەم زاراوەیـە بـۆ ئـەو جـۆرە دەقانـە بەکاردێت، کە لێکدانەوە و ڕاڤـەکردنیان لـە چوارچـێوەی سـنوورێکی دیاریکراودایـە، بـەڵام زاراوەی (دەقی واڵا) شێوازێکی نوێ دەربڕینی ئەدەبییە، کـە خـۆی لـە بەرجەسـتە کردنـی بۆنیادی چەند جۆرە ژانرێکی ئـەدەبی جۆراوجـۆردا دەبینیتـەوە، ئاوێتەیەکـە لـە بۆنیـادی ژانرە جوراوجورەکان، کەواتە زاراوەی دەقی کراوە جیاوازە لە زاراوەی دەقی واڵا.

لێرەدا زاراوەی (واڵا)، چەند واتا و مەبەستێك دەگەینێت، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەم زاراوەیە لە ڕووی فەرهەنگییەوە شی بکەینەوە، تاکو بزانین شاعیر یا نووسەری دەقەکە بە چ مەبەستێك بەکاری هێناوە، تا چەندیش ئەم زاراوەیە لە ڕووی فەرهەنگییەوە لەگەڵ ئـەو دەقانەی، کە چـەند ژانرێـك لـە خـۆ دەگـرن دەگۆنجێت.[1] سـەرەتا وشـەی (واڵا) لـە ڕووی فەرهەنگییـەوە وەردەگـرین، ئینجـا هەوڵـدەدەین، لەگـەڵ وشـەی (دەق) وەکـو زاراوەیـەك ڕوونی بکەینەوە.

وشەی (واڵا) لە ڕووی فەرهەنگییەوە ئەم مانایانەی هەیە:

- واڵا: پارچەی شتی ڕەنگاوڕەنگە کە منداڵان دەیکەن بە جلوبەرگی منداڵانە[2]
- واڵا: ئاواڵە[3]
- ئاواڵە: وەکرێ، واڵا، کراوە، دژی داخراو[4]

لەو ڕوون کردنـەوە و خسـتنە ڕوویـەدا بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە لـە ڕووی فەرهەنگییـەوە وشەی (واڵا) دوو واتا و مەبەست دەگەینێت:

- ڕەنگاوڕەنگی و هەمەجۆری
- کراوە، دژی داخراو

کەواتـە (دەقـی واڵا) خـۆی لەبـەردەم دوو ئاراسـتەی خوێندنـەوەدا دەبێنێتـەوە، کـە ئەوانیش (دەقی کراوە،دەقـی واڵا)ن،زاراوەی(دەقـی کراوە)هـەروەك پێشـتریش ئامـاژەمـان

---

[1]. د. فوئاد رەشید، دەقی ئەدەبی "ئەدگار، چێژ، بەها"، ل١٣٠.

[2]. شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٤٨٨.

[3]. عبدالرحمن شرفکندی (هەژار)، هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کردی ـ فارسی)، چ/ ششم، چاپخانە انتشارات صدا و سیما(سروش)، تهران، ١٣٨٨، ل٩٠٥.

[4]. سەرچاوەی پێشوو، ل١٣.

پێکرد،زاراوەیەکی ڕەخنەییە زیـاتر لـەلای (ئـەمبرتۆ ئیکۆ)یـەوە بەکارهێنراوە،بۆچـوونێکی هێرمۆنتیکییە زیاتر پەیوەندی بـە مەسـەلەی جـۆری خوێنـەر و تاکرەهەنـدی خوێندنـەوەو ڕاڤـەکردنی دەقەکانـەوە هەیە،کەچـی زاراوەی (دەقـی والا) شـێوازێکی نـوێ دەربڕینـی ئەدەبییە، بۆ ئەو دەقانە بەکارهێنراوە،کە بۆنیادی چەند ژانرێکی ئەدەبی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێ. هەروەك وتمـان لـە ڕووی فەرهەنگییـەوە یـەکێك لـە مانـا و مەبەسـتەکانی وشـەی (والا)، ڕەنگاوڕەنگی و هەمەڕەنگییە، کەواتە دەکرێت مەبەست لە (دەقی والا) هەمـەجۆری و هەمــەڕەنگی دەق بێت،لــەڕووی ژانــرە ئەدەبییەکانــەوە، هــەر بۆیــە دەڵــێن لــەڕووی فەرهەنگیشەوە ئەم زاراوەیە تا ڕادەیەکی زۆر گونجاوە بـۆ ئـەو دەقانەی،کـە چـەند جـۆرە ژانرێکی ئەدەبی جیاواز لەخۆ دەگرن. جگە لەمەش ئەگەر نموونەی (دەقی والا) لە ئەدەبی کوردیدا وەربگرین، وەکو کتابەکانی (کورسی، ملوانکە، و ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)، ئـەوا دەبینین شاعیر یا نووسەر خۆی لە پێشـەکی ئـەم کتێبانـەدا ئاماژەی بـە ڕەنگـاوڕەنگی و هەمەجۆری ئەو کتابانەی لە ڕووی ژانرە ئەدەبییەکانەوە کردووە. بۆ نموونە ئەگەر سەیری پێشەکی دەقی (کورسی) بکەین. ئەوا دەبینین، کە شاعیر خۆی ئاماژەی بە هەمەجۆری و هەمەڕەنگی ئەو دەقەی کردووە، لەوەی کە دەڵێت: لە یەك تێکستی والادا:

شیعر–چیرۆك–پەخشان–شانۆنامە[1].

هەروەها لە دەقی (ملوانکە)دا، شاعیر خۆی لە پێناسەی (تێکستی والا)دا دەڵێت: ماڵێکە نە یەك بابەت و نە یەك فۆڕمی دیاریکراوی تیا ناژی هیچ کام لە شیعر و چیرۆك پەخشان و پەخشانە شیعر و شانۆنامە خاوەنی هـەموو ماڵەکـە نـین، بـەڵام لـە هـەمان کاتیشـدا مـاڵی هەموویانە[2]. لە کتێبی (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵـە) دا دەڵـێـت: وا ئـەمجارەش لـە ڕێـی ئـەم دەقە والایەدا بە یەکتر ئەگەینەوە. (ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە)، کە لە دنیـا بینـی و جـۆری شـێواز و تێکەڵـەی هـەموو ڕەگـەزە ئەدەبییەکانـدا، ئەچـێتە ڕێزبەندیەکـەی : (کورسـی) و (ملوانکە) و (ئێستا کچێك نیشتیمانمە) وە بگرە فراوانتریش، شیعر و پەخشـان و چـیرۆك و شـانۆنامەی لـە خۆیـدا کۆکردووتـەوە و هەمووشـیان یـەك تـەوەر و ناوەنـدی سـەرەکی بـە

---

[1] . شێرکۆ بێکەس، کورسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٥، ل٧.

[2].شێرکو بێکەس، ملوانکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦.

یەکیانــەوە ئەبەســتێەوە١. واتــا (دەقــی والآ)، ( تــەنیا کۆکردنــەوەی کۆمــەڵێك ڕەگــەزی ئەدەبیی وەك شیعر، چیرۆك، ڕۆمان، شانۆ نییـە، بـەڵکو ڕاگرتنـی هاوسـەنگیی نێـوان ئـەو ڕەگەزانەیشە. لێرەدا کاتێ باس لە هاوسەنگی دەکـەین، ئـەوا مەبەسـتمانە بڵـێین (شـێرکۆ بێکەس) وەك شاعیرێکی خاوەن ئەزموون بە دوو ئاراستەدا مامەڵەی لەگەڵ ئەو ڕەگەزانەدا کـردووە. ئاڕاسـتەی یەکـەم: بـەکارهێنانیان وەك ئـەوەی لـە کۆنتێکسـتی خۆیانـدا هـەن، ئاراستەی دووەم: دروستکردنی هارمۆنیکا و هاوسەنگیی نێوان هەریەکەیان)[٢].

لەبەر ئەو ئاماژانەی شاعیر، خوێنەر زیاتر هەست بەوە دەکات، کە مەبەست لـە زاراوەی (تێکستی والآ) هەمەجۆری و هەمە ڕەنگی دەقەکەیە لە ڕووی ژانرە ئەدەبییەکانەوە، کە لە ڕووی ناسنامەی ئەدەبییەوە فرە ژانر و فرە ڕەگەزە، بە تەنیا سەر بە دونیای تاکە ژانرێکی ئەدەبی دەست نیشانکراوەوە نییە. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، کە جگە لـە زاراوەی (دەقی والآ) زاراوەی تریش بۆ ئەو جۆرە دەقانە، کە چەند جورە ژانرێکی ئـەدەبی لـە خـۆ دەگرن بەکارهێنراون، بەڵام ئێمە زاراوە (دەقی والآ)مان بەلاوە پەسەندترە،چونکە لە ڕووی فەرهەنگییەوە تا ڕادەیەکی زۆر گونجاوە بۆ ئەو جۆرە دەقانەی کە بۆنیـادی چـەند جـۆرە ژانرێکـی ئـەدەبی جۆراوجـۆر تێیـدا بەرجەسـتە کـراوە، ئـەو زاراوەیـە بـە بـەراورد لەگـەڵ زاراوەکانی تر لە ناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردیدا زیاتر بڵاوبووتەوە، هـەروەها ( لـە ڕەخنـەی نوێی عەرەبیدا، بەو تێکستانەی پتر لـە ژانرێکـی ئـەدەبی لـەخۆ دەگـرن، دەوترێـت دەقـی کراوە یان تێکستی والآ)[٣]، هەروەها لە بەر ئەوەی ئێمە لێکۆلینەوەکـەمان لـە سـەر (دەقـە والآکان)ی شێرکۆ بێکەسە، شێرکۆ بێکـەس خـۆی ئـەم زاراوەیـەی بـۆ ئـەم جـۆرە دەقانـە بەکارهێناوە.

---

[١] . شیرکو بێکەس، ئەسپێك لە پەرەی گولاڵە، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٥.

* شێرکۆ بێکەس، ملوانکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٦.

** شێرکۆ بێکەس، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە، چاپی یەکەم، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٥.

[٢] . عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەرەی گۆڵاڵە" پانتاییك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ٢٨/ ٥/ ٢٠١٢، ل٣.

[٣] . نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، ل٣٤٧.

## خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی دەقی والا

١ــ دەقـی والا پانتاییەکـە بـۆ ژانـرە جیاوازەکـان، پشـت بـە کۆکردنـەوەی چـەند ژانرێك دەبەستێت لـە دەقێکدا. هەریەکـە لـەو ژانرانـەش بـە خەسـلەت و تایبەتمەنـدی خۆیانـەوە دەمەزرێندرێنە ناو دەقەکەوە.

٢ـ دەقی والا بەرجەستەکردنی چەند جۆرە ژانرێکی جۆراوجـۆرە و هەریەکـە لـەو ژانرانـەش زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەر ژانرێك تـا ڕادەیـەك زمـانی خـۆی دەپـارێزێ، بـەڵام بـە شێوەیەکی گشتی زمانی شیعری زاڵە بە سەر دەقەکەدا، (فەزای دەقەکـە لـە زمـانی شـیعر جیـا نابێتـەوە)[1] ، تەنانـەت لـەو کاتانەشـدا کـە (ڕۆمـانی نـاو دەقەکـە و شـانۆییەکە و ڕێپورتاژەکان و ڕاپۆرتە دیمۆگرافییەکان و چنینی چیرۆکەکان و دیمەنـە سـینەماییەکان و هێڵە شێوەکارییە وتراوەکانیش ئەخوێنینەوە. بە هەموو ئەو پێکهاتانەش، بۆنیادی دەقەکە لۆژیکە داڕێژراوەکەی خۆی ناشێوێنێ)[2] ، بەو واتایەی دەستبەرداری زمانی شیعری نابێت.

٣ـ دەقی والا بازدانە بە سەر هەموو جۆرە شیعرییەکانی تری وەکو بالادە و پۆستەرە شیعر و داستانە شیعر و قەسیدە و شیعری لیریك، هەموویان لە خۆیدا کۆ دەکاتەوە. لە بەر ئەوە ئاساییە ئەگەر بڵێین کۆتایی هێنانە بە هەموو ئەوانە و دەسپێکی نوسینێکی تازەیە.[3]

٤ـ لە دەقی والادا دەکرێ نووسەر لە ناو دەقەکەدا ئاماژە بە گۆڕانی ژانرەکـان بکـات و لـە یەکتریان جیا بکاتەوە، لە ناو دەقەکەدا، بە پێچەوانەشەوە دەکرێ جیاکردنەوەی ژانرەکان لە ناو دەقەکەدا بۆ خوێنەر بەجێبهێڵێت و خوێنەر خۆی جیایان بکاتەوە.

٥ــ لـە دەقـی والادا نووسـەر دەتوانێـت، جگـە لـە دانـانی ناونیشـانی گشـتی بـۆ دەقەکـە، دەتوانێت ناونیشان بۆ ژانرەکانی نـاو دەقـە والاکـەش دابنێـت. ئەمـەش دەوەسـتێتە سـەر شارەزایی و لێهاتوویی نووسەر .. بۆ نموونە: (شـێرکۆ بێکـەس) لـە دەقـی (" ئەسـپێك لـە

---

[1] . شێرکۆ بێکەس، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە، ل٥.

[2] . ئەحمەد ڕەزا، دەقی والا وەك فۆرمێکی نوێی شیعری، نەك ئەزموون، ڕ/ ڕەخنەی ژاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ل٩.

[3] . هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

*بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شێرکۆ بێکەس، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە، ل١٣٥، ١٤٦، ١٤٨، ١٥٠، ١٥١، ٢٨٥.

پەڕەی گوڵاڵە")دا، جگە لە ناونیشـانی گشـتی دەقەکـە لـە نـاو دەقەکـەدا ناونیشـانی بـۆ هەریەکە لە ژانرەکانی (شیعر، چیرۆك، شانۆنامە)داناوە.*

٦ـ دەقی واڵا دەقێکی پڕ ئاماژەیە و یەك چەقی دیاریکراوی نییە و یەك یاسا پـەیڕەو ناکـاو کۆتاییەکی دیـاریکراوی نییـە. بـۆ نموونـە: وەك دەقـی واڵا "ئەسـپێك لـە پـەڕەی گوڵاڵـە" دەبینین یاسای نووسینەوەی بیرەوەرییەکان و شانۆیی و بیبلیۆگرافی و گۆشە سینەمایی و شـیعریی و چـیرۆك و رۆمـان و دیمەنـە شـێوەییەکان لەیـەکتر ناچـن، بـەڵام یـەك بۆنیـادی جیۆلۆژی لۆژیکەکەی ئەپارێزێ.[1]

٧ـ هەروەك چۆن لە دەقی شیعریدا ڕەمزگەرێتی و فرەمانایی بەرچاوە، بە هەمان شێوە لـە دەقی واڵاشدا پارێزراوە و ( ڕەمز و دەلالەتەکانی ئەم دەقـە ناکۆتایـە و ناگەنـە بنبەسـت و تەم و مژاوییش نین. لە هەمان کاتیشدا خوێندنەوەی جیاوازی ئەوێ).[2]

٨ـ دەقی واڵا هەموو ژانرەکانی لە یەك ژانردا کۆکردۆتـەوە، بۆیـە خوێنـەری خـۆی بـەرەوە خوێندنـەوەی ژانرەکـانی تـریش ئاڕاسـتە دەکـات و پـاڵی پێـوە دەنێـت بـۆ خوێندنـەوەی ژانرەکانی تریش، بـۆ نموونـە: لـە گفتوگـۆی شـانۆنامەکاندا بەشـداری بـە خوێنـەر دەکـات، تەنانەت ئەگەر خوێنەر شانۆنامەش نەخوێنێتەوە.

٩ـ دەقی واڵا هەڵگری خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی ژانرەکانی جۆراوجۆرە لە چوارچێوەی یەك دەقدا، بە هۆی ئـەم خەسلەتەشـەوە بـۆاری لێکۆڵینـەوە و ڕەخنـەی ئـەدەبی فـراوانتر دەکات.

١٠ـ دەقی واڵا هەوڵی بەرجەستە کردنی تەکنیکەکانی گێڕانـەوەی چـیرۆك و رۆمـان دەدات، لەگەڵ زمانی شیعری تێکەڵیان دەکات. لە شێوازێکی گێڕانـەوەی سـادە بـەرەو شـێوازێکی زیندووتر و کاریگەرتری دەبات، هاوئاستی گێڕانەوەکانی ئێستای دەکات.

١١ــ دەقـی واڵا بـەوەی، کـە چـەند ژانرێـك لـەخۆ دەگرێت. خوێنـەرێکی هۆشـیار دروسـت دەکات، کە لە ناو دەقەکەدا بە دوای ژانرە جیاوازەکاندا بگەرێت.

١٢ـ لە دەقی واڵادا نـاتوانین، خاڵێـك یـان هێڵێـك بـۆ دیـاریکردنی شـیعرییەت دەستنیشـان بکەین، لەوێشەوە شیعرییەتی تێکستەکە بپێوین، واتەناتوانین لە میانی یـەکێ لـە ڕەگـەزە

[1]. ئەحمەد ڕەزا، دەقی واڵا وەك فۆرمێکی نوێی شیعری، نەك ئەزموون، ل٩.

[2]. سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

کاریگەرەکانی شیعرییەتەوە لە ئیستاتیکاو جیهانبینینی ئەم دەقـە وورد بینـەوە. ........ تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە سەرجەمیان دەچنە نێو تۆرێك لە پەیوەندی بـەنێو یەکداچـوو بـۆ بنیادێکی گشتییەوە، کە بۆنیادی گشتی دەقەکەیە.[1]

## ژانرە ئەدەبییەکان و دیاردەی ئاوێتەبوونیان

ژانرە ئەدەبییەکان، لە ڕێزی پێکهاتەکانی دیکەی ئەدەب وەکو شێواز ناسـی و ڕەخنـەی ئەدەبی، یەکێکە لە جۆرە نوێیەکانی زانسـتی ئـەدەب، کـە بابـەتی سـەرەکی پـۆلینکردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانە لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕووخسارەوە بە سەر چەند گرۆپێکی سنووردا و دیاریکراوەدا، یان بە واتایەکی تر جـۆرە ئەدەبییـەکان بریتییـە لـە کۆمـەڵێك تایبەتمەنـدی هونەری گشتی، کە هەریەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی و یاسای تایبەتی خۆیانن.[2] لە بارەی چوونیەتی ئیش کردنیشیان دەتوانین بڵێن: کە جۆرەکان پێشاندەری گۆڕانکارییە ناوەکی و دەرەکی و بابەتی جوانیناسی ئەو بەرهەمانەن، کە لە ژێر دەسـتی نووسـەردان.[3] لـە ڕووی زاراوەشـــەوە، وشـــەی ژانـر (Genre) وشـــەیەکی فەرەنســـییە، بنجینـــەی بـــۆ وشـــەی (Genus)ی لاتینـی دەگەڕێتـەوە. لـە زمانـەکانی ڕۆژئاواشـدا بـە چـەندین شـێوەی تـر دەربڕاوە وەکۆ : (Forms,Kinds,Typs,Generes)، بەڵام بـە شـێوەیەکی گشـتی زیاتر (Genre) بۆ ئەم مەبەسـتە بـەکارهاتووە. لـەناو لێکۆڵینـەوە ئـەدەبی و ڕەخنەییـە کوردییەکاندا لە بەرامبەر ئەو زاراوەیە زاراوەکانی (جۆر، هونەر، شێوە، ژانر) بەکارهاتوون، هەروەها بەرامبەر زاراوەی (Literary Genres) الاجناس الادبيه، زاراوەکانی وەکو: (

[1]. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی رەخنەیی)، ل١٢٠.

[2]. رحمان مشتاق مهر و رسول کاڤم زاده، انواع ادبی، شعر غنایی و حسب حال سرایی، دو فصلنامه ـ تخصصی علامه، سال دهم، شماره پیاپی ٢٦، بهار و تابستان ٨٩، ص١٥٠.

[3]. رنه ولك و اوستن وارن، نڤريه ادبيات، ترجمه چياو موحد و پرويز مهاجر، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ١٣٧٣، ل٢٧١.

جۆرەکـانی ئـەدەب، هونـەرەکانی ئـەدەب، جـۆرە ئەدەبییـەکان، ژانـرە ئەدەبییـەکان) بەکارهاتوون.[١]

توێـژەرانی بـواری ئەدەبیاتناسـی لـە ڕوانگـەی جیـاواز و جۆراوجـۆرەوە پێناسـەی ژانـری ئـەدەبییان کـردووە. بـۆ نموونـە (جـیرار جینیـت) لـە پێناسـە کردنیـان دا دەڵێـت:(ژانرە ئەدەبییەکان چەند جۆرێکی ئیستاتیکی رووتن).[٢]

ژانرە ئەدەبییەکان بە هـۆی ئـەو ڕۆڵـەی، کـە لـە مێـژووی ئـەدەب و ڕەخنـەی ئەدەبیـدا دەگێڕن، جیگەی بایەخن، هەربۆیەشە لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەمـەوە لـەو کاتـەی، کـە کاری ڕەخنەیی و لێکۆلینەوە لە ئەدەبی جیهانیدا سەریان هەڵـداوە، بـە کۆمـەلێك قۆنـاغ و گەشەسـەندنی ئـالۆز تێپـەر بوونـە، بابـەتی گرنگـی توێژینـەوەی تیۆرییـەکانی ئـەدەبی و هونەرین، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا نەتوانراوە سنوورێك لە نێوان ژانرەکـانی ئـەدەب دابنـرێ و ببێتـە پێوەرێـك بـۆ لـە یـەکتر جیاکردنـەوەیان، ( چـۆن نـاوەرۆکی سیاسـی و کۆمەلایـەتی ئـەدەب لـە یـەك ڕەنـگ و یەکـدەنگ نییـە و لـە هـەمان کاتیشـدا چەسـپاویش نییـە و لـە قۆناغێکەوە بۆ قۆنـاغێکی دی دەگۆڕێـت، ئاوەهـایش چوارچـێوەی هونـەری و ئیسـتاتیکی دەقـی ئـەدەبی شـتێکی چەسـپاو و نـەگۆڕ نییـە)).[٣] وەك زانـراوە ئـەدەب لـە سـەردەمی گریکەکانەوە، بە دڵنیایی لە سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرستو وەکو سێ چەشنی سـەربەخۆ، جیاجیا بەش بـەش کـراو، کـە ( داسـتان، درامـا، شـیعر)ە، بـە پێـی زاراوە ئەدەبییـەکانی ئێستای ئەدەب، کۆنترین سەرچاوەش لەم بوارەدا کتێبی (هونەری شیعر)ی، ئەرستویە لەم کتابەیدا زۆر بە وردی و هوشیارییەوە، سروشت و تایبـەتی هەریـەك لـەو چەشـنانە دەسـت نیشان دەکات.[٤]

لە تێڕوانینی تیۆری کۆنی ئەدەبدا، هەر ژانرێك یاسا و ڕێسایەکی چەسپاو و سەپێنراوی هەیە، کە نەدەکرا لێیان لابدرێت و تێکەڵی یەکتر بکرێن، واتا هەر ژانرێکی ئەدەبی بۆنیاد و

[١]. د. فوئاد ڕەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە "کێشەی ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا"، ل٣١ ـ ٣٢.

[٢]. جیرار جینیت، مدخل الی جامع النص، ترجمە: عبدالعزیز شبیل، ص٧٤.

[٣]. د. فوئاد ڕەشید، ناسنامەی دەق، ل٢٦.

[٤]. زاهیر ڕۆژبەیانی، چیرۆکی هونەریی کوردیی (شێوە و شێواز و، بۆنیاد)، هەولێر، ١٩٩٧، ل٢٢٢.

قەوارەی تایبـەتی سـەربەخۆی خـۆی هەیـە، لـە ڕووی سروشـت و بـەهاوە لـە ژانرێکـی تـر جیاوازە، هەربۆیەشـە جـەخت لـە سـەر سـنووربەندکردنی ژانـرە ئەدەبییـەکان دەکاتـەوە. باوەڕیان وابوو، کە دەبێت ژانر "پاك" بێ، تێکەڵی هیچ ژانرێکی تری ئەدەبی نەبێت، یاسا و ڕێساکانی بۆنیاد و ستایڵ و دەربڕینی هەست و ئەندێشەی هەر ژانرێك جیابێ لە ژانرێکی تر.[1] ئەم تیۆرە تێکەڵ بوون و ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لەگەڵ یەکتردا، هەروەها لـە دەرەوەی سنووری خۆشیاندا بە باش نازانێ، باوەڕی بە ئاوێتە بوونی ژانـرە ئەدەبییـەکان نییە، نە لە نێوان خۆیانـدا و نـە لـە دەرەوەی سـنووری خۆشـیاندا. ئـەم بیروباوەڕانـە تـا سـەدەی هەژدەهـەم برەویـان هـەبوو، تەنانـەت لـە نیـوەی دووەم سـەدەی هەژدەهەمـدا ڕەخنەگری ئەڵمانی (لێسینگ) لە کتێبێکدا بە ناوی (لاوکۆون) لە سالی (١٧٦٦)ز، سـەر لـە نـوێ لـە گۆشـەنیگای تـرەوە جیـاوازی و سـەربەخۆیی هونـەر و ژانـرە ئەدەبییـەکانی لـە بەرپەرچدانەوەی ئـەو هەوڵانـەی، کـە باسـیان لـە هاوبەشـی و لـە یـەکتر نزیـك کردنـەوەی ژانرەکان و هونەرەکانی دەکرد، دووپات کردەوە، لە سەدەی نۆزدەیەمدا (فەردینادبرۆنتێر) لە ژێر کاریگەری تیـۆری پەرەسـەندنی (چارلس داروین)ەوە، تیـۆری پەرەسـەندنی ژانـرە ئەدەبییـەکانی دارشـت. بـە پێچـەوانەی بیروبۆچـوونی نووسـەر و ڕەخنـەگرە کۆنـەکانی سەردەمی ئەرستۆوە پێی وابوو، کەهیچ ژانرێکی ئەدەبی قەوارەی چەسپاو و نەگۆڕی نییە، بەڵکو وەکو گیاندارێکی ئۆرگانی لە دایك دەبێت و گەشە دەکات، لەناو دەچێت، یـانیش لـە ژێر کاریگەری ژانرێکی ترەوە سەرهەڵدەداتەوە[2]، واتا ( (برۆنتێـر) وا دەبینـێ کـە چـۆن لـە سروشتدا هیچ شتێك لە ناو ناچێت بـەم جـۆرەش لـە ئەدەبـدا هـیچ شـتێك لـە نـاو ناچـێت، چونکە جۆری ئەدەبی وەکو جۆری بایۆلۆجی وایە سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات و لـە نـاو دەچـێت، بـەڵام لـە ناوچـوون لـە جۆرەکـانی ئەدەبـدا وەك لـە ناوچـوونە لـە جۆرەکـانی بوونەوەرە زیندووەکاندا ـ بە تەواوەتی لەناو ناچێت بەڵکو هەندێ لە ڕەگەزەکانی بەردەوام

[1] . پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێواز ناسی، و:ئەنوەر قادر محمد، مەڵبەندی کۆردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٥٥ ـ ٥٦.

[2] . فوئاد ڕەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)،ل٣٢ ـ ٣٣.

دەبن لە جۆرێك یاخود لەو جۆرانەی کە لێیـەوە فراژییـان کـردووە).[1] لایـەنی پۆزەتیڤانـەی تیۆرییەکەی (برۆنتێر) لەوەدایە، کە ( لە لایەك ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لـە هەڵوەشـاندنەوەی هزری نەگۆڕی و نەمری چوارچێوەی ژانرە ئەدەبییەکان، لـە لایـەکی دیکەشـەوە سـەرنجی توێژەرانی بۆ لیّ ورد بوونەوەی ژانرە ئەدەبییەکان ڕاکێشا).[2]

ژانرە ئەدەبییەکان لە تێڕوانینی تیۆری نـویّ ئەدەبدا، ئـەم تیـۆرە بـاوەڕی بـە ئاوێتـە بوونی ژانرە ئەدەبییەکان هەیە، چ لە ناوخۆیانـدا، یـا لـە دەرەوەی چوارچێوەی ئەدەبدا، سـەرەتای ئـەم بۆچـوونە بـۆ سـەدەی نۆزدەهـەم، سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی ڕێبـازی ڕۆمانتیکی دەگەڕێتەوە. ئەم تیۆرە باوەڕی بە پاکی ژانرەکانی ئـەدەب نییـە، چـونکە لـەو باوەڕەدان، کە خاسیەتە تایبەتی یەکانی هەر ژانرێکی نویّ لە ناکاو و لەنەبوونەوە سەریان هەڵنەداوە، بەڵکو ئەو خاسیەتانە لە ژێر سێبەری خاسیەتی ژانرەکانی تردا دەمێننەوە، لـە هەمان کاتیشدا هێندێك لە خاسیەتەکانی ژانرە کۆنەکە بەلاوە دەنێن، بەڕەنگاری هێنـدێکی تریـان دەبنـەوە، هێنـدێکیان بـەو جـۆرەی، کـە بـە گۆنجـاوی دەبینـرێن دووبـارە بەکاردەهێنرێنەوە، بیّ ئەوەی لە ڕێکخسـتنە بـاوە پێکهاتـەکانی ئـەو بونیـادە بـە تـەواوی دابڕێـت، بـە تێپـەر بـوونی کـات ڕێچـکە نوێیەکـە بەرەبـەرە جێگـەی خـۆی دەگرێـت، خاسیەتەکانی ژانرێکی نویّ دەردەکەوێت، بەم جۆرەش ئەم ژانـرە دروسـت دەبێـت.[3] واتـا هەر ژانرێکی ئەدەبەی لە منداڵدانی ژانرەکانی پێشووتردا لە دایك دەبێت و گەشـە دەکـات، گۆڕانی بەسەردا دێت. هەرچەندە هەڵگری خەسلەت و تایبەتمەندییـەکانی ژانرەکـانی تـرە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە ژانرێکی سەربەخۆ لە ژانرەکەی پێش خـۆی، بـۆ نموونـە: بـۆ نووسینی ڕۆمان سوود لە بەشێك لە ڕەگەز و توخمەکانی داستان وەرگیراوە.

لە چـارەکی یەکـەمی سـەدەی بیسـتەمدا، چـەند هۆکارێـك لـە پرۆسـەی ئاوێتـەبوون و نەهێشـتنی سـنووری نێـوان هونـەر و ژانـرە ئەدەبییەکانـدا ڕۆڵـی گرنگیـان بینیـووە، کـە

---

[1]. د. شکری عزیز الماضی، تیۆری ئەدەب، و: د.سەردار ئەحمەد گە ردی، هەولێر، ٢٠١٠، ل٩٧.

[2]. د. فوئاد ڕەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتەبۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣٣.

[3]. د. عبداللة ابراهیم، السردیة العربیة الحدیثة تفکیك الخطاب الاستعماری و اعادة تفسیر النشاة، المرکز الثقافی العربی، بیروت، ٢٠٠٣، ص٦.

ئەوانیش : ئێستاتیکای بەراوردکاری، کە بەشێکە لە ئیستاتیکای هاوچەرخ، گرنگـی دەدات بە شیکردنەوەی ڕەگـەزە ئیسـتاتیکییەکانی زۆربـەی هونـەرەکان و دیـاری کردنـی لایـەنی هاوبەش و لە یەك چوونیان، کاریگەری فاکتەرە سیاسی و کۆمەلآیەتییەکانی ئەو سـەردەم، گەشەسەندنی تیۆرە نوێیـەکانی زانسـتی زمـان و تێکـەڵ بوونیـان بـە ڕەخنـەی ئـەدەبی و زانسـتی نـوێی شـێواز، کـە گرنگیـان دەدایـە دەلالـەتی ئامـاژە گشـتییەکانی زمـان، لـەم کارەشیاندا ناسنامەی ژانرێتـی بەرهەمەکـە فـەراموش دەکـرا، هـەروەها کاریگـەری ڕێبـازە ئەدەبییەکانی (ئایندە خوازی، دادائیزم، سوریالیزم)، چـونکە لـە قۆنـاغ و سـەردەمی ئـەم ڕێبـازە ئەدەبیانـەدا نـەك تـەنیا ژانـری ئـەدەبی و هونـەرییان تێکـەڵ دەکـرد، تەنانـەت هێندێکجار لە پارچە کاغەزی ڕۆژنامە و کتێبی جیاجیادا دەقی تایبەتییان بەرهەم دەهێنا.[1]

کەواتە (هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەکردن و گۆڕانی کۆمەڵگە پەیوەنـدی جوانیناسـی و ئیستاتیکی خۆی بە جیهانەوە لە ڕێگەی چەند ژانرێکی دیاریکراوەوە بەرجەستە دەکات)[2] لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێبازە نوێیەکانی ڕەخنە سنووربەندی نێوان ژانرەکان بەرەوکاڵبوونەوە و نـەمان ڕویشـت. تـا ڕادەیـەك، کـە ئێسـتا ئـەو سـنووربەندییە نـەماوە، چـونکە ( لـە ژێـر کاریگـەری میتـۆدە جیاوازەکـانی ڕەخنـەی نوێدا کـە بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە سـەر پرنسیپەکانی زانستی نوێی زمـان و سـیمیۆلۆژیا دامـەزراوە، ژانـرە ئەدەبییـەکان سـنووری نێوانیـان بـە ئاسـانی دەبـەزێنرێن و ئاوێتـەی یەکـدی دەکـرێن و هەنـدێ جار ژانرێـك یـان چەشنێکی نوێیان لێدروست دەکرێت، چونکە ڕەخنەی نوێ لـە ڕوانگەیـەکی زمانەوانییـەوە دەق دەخوێنێتەوە و پتر گرنگی دەداتە ئەدگارە ئەدەبییەکانی دەق)[3]

لە سەدەی بیستەمدا زۆر بە ڕوونی هەست بە تێکەڵبوون و ئاوێتە بوونی نێوان ژانرە ئەدەبییەکان دەکرێت، چونکە سنووری نێوانیان بەردەوام لە گۆڕان و تەسك بوونەوەدایـە، هەربۆیەشە جیاکاری لە نێوان ژانرەکانی ئەدەبدا ئەو بایەخەی جارانی نەماوە. ژانرەکان لە

---

[1] د. فوئاد رەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتەبۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣٣.

[2] . د. عبدالمنعم تليمة ، مقدمة في النظرية الادب، دار الثقافة للطباعة و النشر، قاهيرة، ١٩٧٦، ص١٣١.

[3]. د. فوئاد رەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتەبۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣٣.

ناو خۆیاند ئاوێتـە و تێکـەڵاوی یـەکتر دەبـن، ژانرێکـی تـری نـوێ دروسـت دەبێـت. ژانـرە کۆنەکەش یان وازی لێ دەهێنرێت، یـان لـە نـاو ئەچێت.١ئەمـەش پێوەنـدی بـە ژانرەکـان خۆیانەوە هەیە، کە بە گوێرەی پێداویستییەکانی سەردەم و هاتنە پێشەوەی بابەتی نوێ، تووشی گۆڕان دەبن. بـەو واتایـەی، کـە (( سـەرهەڵدان و گـۆڕان و ژیـان و مـەرگی ژانـر و فۆرمی ئەدەبی پێوەندە بە کۆمەڵێك یاسا و بنەمای مێژوویی و کۆمەڵایەتی ڕۆشنبیرییەوە، هەریەك لەو بنەمایە بە شێوەیەك لـە شـێوەکان دەبێتـە هانـدەر و زەمینـە سـازکەری هـەر گۆڕانکارییەك).[٢] بۆ نموونە: کاتێك شیعر لە ڕووی کێش و سەرواوە گۆڕانی بەسـەردا هـات، ڕووی کـردە کـێش و سـەروای ئـازاد (( بـە دوای سەرچـاوەی دیکـەدا گـەڕا بـۆ ئـەوەی بـە شێوەیەکی تر بۆنیادە زمانی و وێنەییـەکانی دروسـت بکاتـەوە، بـە تایبـەتی لـە دوای ئـەو گۆڕانکارییە گەورانەی لە شیعری هاوچەرخ و نوێدا بە سەر فۆرم و بۆنیاد و زمـانی شـیعردا هاتوون. شیعر چیتر باوەڕی بە سنوورەکانی خۆی نەماوە و پەڕیوەتەوە بۆ نەك تەنها ئـەو دیـوی سـنووری ژانـرە ئەدەبیـە نزیکـەکان ، بـەڵکو بـۆ هونـەرەکانی تـریش ... ئەمـەش پێویستی بە وزەیەکی شیعریی گەورە هەیە)[٣] هەروەها (پێشکەوتنی هونەری پەخشان و بە تایبەتیش هونەری ڕۆمان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و لە سەدەی بیستەم وای لە شـیعر کرد خۆی لە بەردەم تەکنیکی تازە و دواجاریش نەفەسی درێژبدۆزێتەوە، چونکە ڕۆمان بە بەراورد لەگەڵ شیعر لە پانتاییەکی فراوانتردا مامەڵە لەگەڵ واقیع دەکا).[٤] لەو کاتەدا شیعر زیاتر پـەڵی بـۆ هـەموو ژانرەکـانی تـر هاوێشـت، بێئـەوەی خۆشـی وەکـو ژانـر، خەسـلەتە تایبەتیەکانی خۆی لە دەست بدات. ئەم پەڵهاوێشـتنەی شـیعر خـۆی لـە پەخشـانە شـیعر، داسـتانە شـیعر، درامـای شـیعری، مەنـەلۆژی درامـی نـاو شـیعر، شـیعری درێـژی ئـەمڕۆ و پاشانیش چیرۆك شیعر، یاخۆد ڕۆمانـە شـیعر دەدۆزێتـەوە[٥]،( وزەی جووڵـە ئـامێزی شـیعر لەوەدایە، کە دەتوانێ لـە چوارچـێوەی ریتم و موسـیقای شـیعرییەوە، نـەك هـەر پـەڵ بـۆ

١. د. عبداللة ابراهيم، السردية العربية الحديثة تفكيك الخطاب الاستعماری و اعادة تفسير النشاة ، ص٥٢.
٢. د. فوئاد ڕەشید، ناسنامەی دەق، ل٢٦ ـ ٢٧.
٣. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی ڕەخنەیی)، ل١١٨.
٤. شێرزاد هەینی، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٤.
٥. سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

ژانرەکانی تریش بهاوێ، بەڵکو هەموو ژانرە ئەدەبییەکانی تریش لە ناو خۆیدا بەرجەستە بکات، چونکە دواجار شیعر دەقە. دەقیش خەسلەتێکی زیندووی هەیە و لە پانتاییەکی فراواندا جمۆجۆڵ دەکات، لە سەردەمی ئەمڕوی ئەدەب، پرنێسیپە پیرۆزەکان، گشت سنوورە قەدەغەکراوەکان لە بەردەم، نەك هەر شیعر ، بەڵکو تەواوی بەرهەمی ژانرەکانی تری ئەدەب کۆڵیاندا، هزری داهێنەرانەی نووسەر تا دێ ژانرە ئەدەبییەکان زیاتر لە یەك نزیك دەکاتەوە و زۆر لە پێکهاتەی ژانرەکان تێکهەڵکێش دەکات)[1]، تەنیا شیعر سوودی لە توخمە هونەرییەکانی ڕۆمان، چیرۆك، شانۆنامە، سینەما، شێوەکاری، وەرنەگرتووە،بەڵکو ئەوانیش بەتایبەتی رۆمان ، چیرۆك، شانۆنامە سوودیان لە هەندێ توخمی شیعری وەرگرتووە، زمانێکی شیعرییانەیان تێکەڵ بە زمانە پەخشانییەکەیان کردووە و بۆ گێڕانەوەی ڕووداوەکان (نەك بۆ وەسفەکان)[2] بەم شێوەیە(هەموو ژانرەکان بۆ دەوڵەمەندکردن و بە هونەریکردنی بۆنیادی خۆیان سوودیان لە یەکتری وەرگرت. ڕۆمان و چیرۆك و شانۆ و شیعر و سینەما ..هتد سوودیان لە بونیادی یەکتر وەرگرت. تەنانەت ئێستا جۆریك لە دەق پەیدا بووە، وەکو (دەقی کراوە)* دەناسرێت).[3] واتا تێکست بە سەر دەرەوەی خۆیدا کراوەتەوە، ئیدی لەگەڵ چەند دەقێکی تر و چەند ڕەگەزێکی تردا بە نێو یەکدا دەچن، هیچ ژانرێکیش نییە بە تەواوی گوزارشت لە ژانرەکەی خۆی بکات و کاریگەری ژانرەکانی تری بە سەرەوە نەبێت، نە شیعر بە تەنها ڕەگەزەکانی شیعر لە خۆ

هەواڵنامەی کتێب

[1] . شێرزاد هەینی، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، ل٥.

[2] . نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە (دەق و ڕەخنە)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٤. پیداچونەوە لە کتابخانەی خۆمان

*دەقی کراوە،((هەرچەندە ئەم زاراوەیە تایبەتە بە (ئیمبەرتۆ ئیکۆ)، بە واتا ئیکۆیەکەی ئەو دەقەیە،کە ڕاڤە و خوێندنەوەی جیاجیا بە پێی خوێنەرەکان هەڵدەگرێت، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەو واتایە ئیکۆییە نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەو دەقەیە، بۆ نموونە لە شیعردا توخم و ڕەگەزی چیرۆك، ڕۆمان، شانۆ، گرتەی سینەما .... تاد دەدۆزێتەوە. (شێرکۆ بێکەس) چەند دەقێکی لەمجۆرەی هەیە وەکو (کتێبی ملوانکە، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە) )). بڕوانە: حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠١٠)، ل٢٥٨.

[3] . حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا (کرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠١٠)، ل٢٥٨.

دەگرێت و نەچیرۆك و نە رۆمان و ...هتد. بـەڵکو ئـاوێزان بـوونێکی شـیعری لـە سەرانسـەر ڕەگەزەکانی ژانرە جیاجیاکاندا دروست دەبێت و تێکسـتێکی نـوێ بەرهـەم دەهێنێـت، کـە دەشێت بە تێکستی والاّ بناسرێت.[1] لە ئەنجامی ئەم ئاوێتە بوونە دەقێك بەرهەم دێـت، کـە بە شێوە تەقلیدییەکەی ناچێتە ژێر هیچ یەکێك لەو ژانرە ئەدەبییانەی بۆ شیعر و چیرۆك و ڕۆمـان و شـانۆنامە دانـراون، بـۆ ئـەم جـۆرە دەقـە زاراوەی تـریش بـەکارهاتووە، وەکـو: زاراوەکانی (دەق، تێکست، نووسـین، نووسـینی دەقێتـی)**، تەنانـەت بـەکارهێنانی ئـەم زاراوانـە بـۆ دەقـی بەرهـەم هـاتوو، لـە گۆتـاری ڕەخنـەی نوێـدا خـۆی لـە خۆیـدا سـیمای کاڵبوونــەوەو دیارنــەبوونی ناســنامەی ژانــری ئەدەبییە.لــەو ڕوانگەیەشــەوەیە،کە هــەر ناولێنانێـك دەستەوەسـتانە لەپەنجـە خسـتنە سـەر ئـەدگارەکانی بنیـاتی دەقەکـە[2]. بـەم کــارەش ڕەخنـــەی نـــوێ تـــوانی قـــەوارەی ســـەربەخۆیی ژانرەکـــان هەڵبۆەشـــێنێتەوەو سنوورەکانی نیوانیان لابەرێت و دەرگا بۆ بەیەکداچـوون و هاوبەشـیکردن و ئاوێتـەبوونیان بکاتەوە، چ لە ناوەوە و چ لە دەروەی سنووری ئەدەبدا، لە ئەنجامی ئەمەشدا دەقی ئاوێتە بەرهەم هاتئەم جۆرە دەقەش وەکو شۆرشێك وایە بەسەر زۆربەی ژانرەکانی تری ئەدەبیدا، چیتر ئەو ژانرانە باویان نەماوە وەکو شیعر تەنها شیعر بێـت و پێکهێنـەر و یاسـا و ڕێسـای تایبەتی خۆی هەبێت، بەڵکو شیعر ئێستا پێکهاتەیەکە تێکـەڵ لەگـەڵ هـەموو ژانرەکـانیتر. ئێستا لە بۆنیاد و پێکهاتەی  هەموو شیعرێك، هونەری گێڕانەوەی وەك:دایەلۆگ، مەنەلۆگ، فلاش باك، شانۆگەری، سینەما...هتد، ئەمانە هـەمووی دەدۆزیتەوە،واتـە ئـەو قاڵبـەی بـۆ شیعر دانرابوو هەڵوەشاوەتەوە، هەروەها لە ڕووی بۆنیادی زمانەوە چیتر ئـەو زمانـە بـاوی نەماوە کە تایبەت بێ بە شیعر.[3]

---

[1] . نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی)، ل١٢١.

** بڕوانە: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی)، ل٦٠.

[2]. د. فوئاد رەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتەبۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣٣.

[3]. حەمە مەنتیك ، دەقی کراوە لە ئەدەبی نوێی کوردیدا کتێبی ملوانکەی شێرکۆبێکەس وەك نموونە،گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (١).

**ـ پاژی دووەم :دەقی ئاوێتە لە ئەدەبی کوردیدا**

دەقی ئاوێتە لە ئەنجامی ئەو بۆارەی، کـە تیـۆری نـوێ ئـەدەب و ڕەخنـەی نـوێ بـۆ پەیوەندی هاوبـەش و نزیکـی لـە نێـوان ژانـرە ئەدەبییەکانـدا و مەسـەلەی تێکـەڵ بـوون و بەیەکداچوونیان لە چوارچێوەی ئەدەب و لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەدەبیشـدا ڕەخسـاند بووی، هاتوتەکایەوە. بابەتێکی گرنگ و سەرەکی تیـۆرو ڕەخنـەی نـوێ ئەدەبـە، وای لـە ڕەخنەگران کردووە، کە بـە دوای ئیشـکالییەتی دەقـدا بچـن، ئەگـەر سـەیری بابەتـەکان و ئـەزموونی لێکۆلینـەوە ئـەدەبی و ڕەخنەییـەکان بکـەین، ئـەوا دەبیـنین لـە ( لێکۆلینـەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانماندا تا ئێستا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەم بابەتە نەکۆڵدراوەتـەوە. هەرچەندە لە مێژە وەکو دیاردەیەکی دابڕاو ئاماژە بۆ نزیکی و هاوبەشـی هونـەر و ئـەدەب کـراوە، لـە سـاڵی (١٩٧٥)وە لـە ژمـارە (٢٧)ی گۆڤـاری بەیانـدا لـە ڕێگـای وەرگێڕانـی وتارێکـەوە سـەبارەت بـە تێکسـتی وێنـەیی، (مـەحمود زامـدار) ڕوویـەکی ئـەم بابەتـەی خستووتە بەرچاوی نووسەر و خوێنەری کورد، بەڵام وەك توێژینەوەیـەکی تیـۆری زانسـتی زۆر درەنگ و کەم ئاوڕ لە بابەتی پێوەندی و بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییەکان دراوەتەوە. لە ساڵی (١٩٩٧)دا (د. محمد بـەکر) لـە نامـەی دکتۆراکەیـدا ئەوەنـدەی پێوەنـد بێـت بـە باسەکەیەوە بە چەند ڕستەیەك ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کردووە.

لە ساڵی (١٩٩٨)لە ژمارە(٢٩)ی گۆڤاری (ڕامان) کۆمەڵە وتـارێکی لـە بـارەی پێوەنـدی نێوان شیعر و وێنە و هونەر و ئەدەب بلاوکراوەتەوە.ئەگەر بە ووردی سەرنجی ئەم وتارانـە و هەر وتارێکی تری ئەم بۆارە بـدەین، کـە تـا ئێسـتا لـە گۆڤارەکانماندا بلاوکراونەتـەوە. بۆمـان دەردەکـەوێت، کـە زۆربـەی وتارەکـان نزیـك بوونـەوە و بەیەکداچـوونی هونـەر و ئەدەبیان بە شێوەیەکی بنچینەیی و بەرفراوان گرێ نەداوەتەوە بـە بابـەتی ئاوێتـە بـوونی ژانرە ئەدەبییەکانەوە، کە ئەمە بنەمای تیۆری و ئیستاتیکی ئەم جۆرە دیاردانەیە)[١]، بەڵام د. فوئاد ڕەشید لە ساڵی (٢٠٠١)دا، ژمراە (٦٥)ی گۆڤاری ڕاماندا، لێکۆلینەوەیەك بە نـاوی ( دەقـی ئاوێتـە نـاو و ناسـنامە (کێشـەی ئاوێتـەبوونی ژانـرە ئەدەبییـەکان لـە ئـەدەبی هاوچەرخی کوردیدا) بلاوکردۆتەوە، لەم لێکۆلینەوەیەدا بە شێوەیەکی زانستیانە (دیاردەی

---

[١] . د. فوئاد رەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتە بۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣١.

ئاوێتە بوونی ژانرەکانی ئەدەب لـە نـاوەوە خۆیـان و لـە دەرەوەی چوارچێوەی ئەدەبدا، هۆکارەکانی ئاوێتە بوون، جۆرەکانی ئاوێتە بوون) بـە شـێوەیەکی زانسـتیانە دەخاتـەڕوو. لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەیەکداچـوون و لێـك نزیکبوونـەوەی هونـەر و ئـەدەب بـە شـێوەیەکی بنچینەیی و بەرفراوان بە بابەتی ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکانەوە پەیوەست دەکات، بە جۆرێك لە جۆرەکانی دەقی ئاوێتە دادەنێت.

دەقی ئاوێتە، ئـەو دەقـە ئەدەبییەیـە، کـە لـە ئـەنجامی تێکـەڵ بـوون و بەیەکداچـوونی هێندێك ڕەگەزی ئیستاتیکی دوو ژانری ئەدەبی یان زیاتر، یان ژانرێکی ئەدەبی و هونەرێکی تردا پێك دێت، ژانرێکی نوێ دروست دەکات،کـە خـاوەنی تایبەتمەنـدی خۆیـەتی. هەڵبەتـە کرداری ئاوێتەبوونەکـەش ئاوێتـەکردنێکی میکـانیکی نییـە، بـەڵکو لـە فـۆرم و دارشـتنێکی نوێدایە، هەربۆیەش (جیرار جێنیت) پێی وایە، کە لە ئەنجامی ئـەم ئاوێتەکردنـەدا ژانرێکـی نوێ بەرهەم دێت، مەرج نییە دەقی ئاوێتە تەنیا بەرهەمی ئاوێتە بوونی دوو ژانری ئـەدەبی بێـت، بـەڵکو هەنـدێ جـار لـە ئـەنجامی ئاوێتـەبوونی ژانرێکـی ئـەدەبی لەگـەڵ ڕەگـەزی ئیستاتیکی هونەرێکی دیکەوە وەك هونەری شێوەکاری، وێنەکێشان دروسـت دەبێـت، وەك دەقی وێنەیی، یان لەگەڵ ئامراز و هێماکانی بوارێکی زانستیدا، وەك ئـەو تێکسـتانەی، کـە زیاتر لە ڕێگای هێماکانی بیرکاری و ئەندازەوە لەگەڵ خوێنەر دەدوێـن[1]، یـان لـە ئـەنجامی ئاوێتەکردن و بەکارهێنانی بۆنیـادی چـەند جـۆرە ژانرێکـی ئـەدەبی جیـاواز جۆراوجـۆر لـە دەقێکی ئەدەبیدا بەرهەم دێت. وەك دەقی والآ ، کە پانتاییەکە لە فۆرمە جیاوازەکـان، لـە ئەنجامی فراوانبوونی مەودای ئاوێتەبوونی نێوان ژانـرە ئەدەبییەکانـەوە هاتووتەکایـەوە و خۆی لە بەرجەستە کردنی بۆنیادی چەند جـۆرە ژانرێکـی جیـاوازی ئەدەبیـدا دەخاتـەڕوو. وەك ژانرەکانی: چیرۆك، ڕۆمان، شانۆ،.... هتد.

[1]: د. فۆئاد ڕەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتە بۆونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣٤.

## جۆرەکانی دەقی ئاوێتە لە ئەدەبی کوردیدا

ئەگەر لە دیاردەی ئاوێتە بوونی دەق لە ئـەدەبیاتی هاوچـەرخی کوردیـدا وورد بینـەوە. ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، کە کرداری ئاوێتە بوون و بەیەکداچوونی ژانرە ئەدەبییـەکان لـە چوار تەوەردا خۆی دەبینێتەوە، کە پێشتر د. فوئـاد ڕەشـید لـە لێکۆلینەوەکەیـدا بـەناوی (دەقی ئاوێتە (ناو ناسـنامە)[1] ،سـێ تـەوەری خسـتووتەڕوو، کـە ئـەوانیش (ژانـری ئـەدەبی لەگـەڵ ژانـری ئـەدەبی، ژانـری ئـەدەبی لەگـەڵ هونـەرێکی دیکـە، ژانـری ئـەدەبی لەگـەڵ کەرەستەی زانستێکی ڕووت)، تەوەرەی چوارەمیش ئەو جۆرە دەقەیە، کە بونیادی چـەند جۆرە ژانرێکی ئەدەبی جۆراوجۆر و جیاوازی ئەدەبی لە خۆدەگرێت.پانتاییەکـە لـە فۆرمـە جیاوازەکان پێـی دەگوترێت (دەقـی والا)، کـە جۆرێکـە لـە جۆرەکـانی دەقـی ئاوێتە،بـەو واتایەی هەموو (دەقێکی والا)، دەقێکی ئاوێتەیە، بەڵام مەرج نییە هـەموو دەقێکـی ئاوێتـە (دەقێکی والا) بێت.لەم لێکۆڵینەوەیدا ئێمە هەڵوەستە دەکەین لە سەر ئەو جـۆرەی دەقـی ئاوێتە، کە لەم ساڵانەی دواییدا لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، کەواتە دەتوانین جۆرەکـانی دەقـی ئاوێتـە لـە ئـەدەبی هاوچـەرخی کوردیـدا، لـەم چـوار جـۆرەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

**ـ جۆری یەکەم:**

ئەو دەقە ئاوێتانەن، کە لە ئەنجامی بەیەکداچوون و تێکەڵبوونی ڕەگەزی ئێسـتاتیکی و هێندێك تایبەتمەندی دوو ژانری ئەدەبی بەرهەم هاتوون. بۆ نموونە ڕۆمانە شیعر، چیرۆکە شیعر، .... هتد. ئاوێتە بوونی ئەم دوو ژانرە لە ئەنجامی گەشەکردن و پەیدابوونی شیعری ئازاد و دوورکەوتنەوە لە کۆت و بەنـدی کـێش و سـەروا هاتووتەکایـەوە، چـونکە سـنووری نێـوان شـیعر و ڕۆمـان، یـاخۆد شـیعر و پەخشـان، یـا شـیعر و چـیرۆك، .... هتـد. تەسـك کردووتەوە. ئەم جۆرە ئاوێتە بوونەش لـە ئـەدەبی کوردیـدا دیاردەیـەکی نـوێ نییـە، ( لـە ساڵانی حەفتاکان ڕەگوڕیشـەی بەدیارکـەوت. دوای ئـەوەی ( لـەتیف هەڵمـەت) کۆشـیعری (خوا و شارە بچکۆلەکەمان)ی بڵاوکردەوە. دە نێو ئـەم دیوانـەدا و دیوانـەکانی دواتریشـی کۆمەڵێ دەقی کراوە بەرچاو دەکـەون وەکـو (ئـەم کۆڵەکانـە ئەشـکێنم، لـە بـاولێکی کلیـل ونبوودا، چوار هەڵبەست لە ڕۆژمێری ڕێبۆارێکی ماندوودا) دەقی (دژی گوێ بەرەو ئـەو) لـە

[1] : د. فۆئاد رەشید، دەقی ئاوێتە (ناو ناسنامە، گ رامان، ژ٦٥.

بەرگی دووەمی دیوانەکەیدا، ئەمانە دەتوانرێت بە (دەقی کراوە)* لە قەڵەم بدرێن، چـونکە شاعیر هەوڵێداوە و هونەرەکانی گێڕانەوەی وەکو هونەری شانۆ، فلاش باك،چیرۆکی بـەکار بردووە)[1]، هەروەها (لەتیف هەڵمەت) خۆشی ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت : نەمویست خۆم بچمە ئەو باسەوە، چونکە نامەوێت هـەمووی خـۆم باسـی بکـەم، یەکـەم دەقـی ئاوێتـە لـە شـیعری کوردیـدا مـن نووسـیومە لەسـاڵی (١٩٧٠)دا لـەدیوانی (خواوشـارە بچـکۆلەکەم)دا بڵاوبۆتەوە، پێشتریش لە ئێستگەی کوردی دەنگی بەغداوە لـە بەرنامـەکانی (کـاك جـەلالی میرزا کەریم و کاك عەبدوڵا عەباسدا) بڵاوبۆتەوە.[2]

- **جۆری دووەم**

ئەو جۆرە دەقە ئاوێتانەن، کە لە ئەنجامی بەیەکداچوون و ئاوێتەبوونی ژانرێکی ئەدەبی لەگـەڵ هونـەرێکی تـردا بەرهـەم دێن.وەکـو هونـەرەکانی شـێوەکاری، وێنـە کێشـان، (( دەتوانین هەردوو شیعری (دامە) و (هۆش)ی (عـەباس عەبـدوڵڵا یووسـف)ی شـاعیر کـە لـە گۆڤاری (ڕامان)ی ژمارە (٣)دا بڵاو یکردۆتـەوە و مێـژووی (٩٧٩/١١/٣) و (٩٧٩/١١/١٧)ی لە سەر دانراوە بە کۆنترین مێژوو دابنـێین بـۆ نووسـینی شـیعرێکی وێنـەیی و ئەنـدازەیی.. بەڵام وەك ئاگاداربین (خلود)ی فەرهاد پیرباڵ بەر لە مێژووی بڵاوکردنەوەی ئەم شیعرانە لە

---

*لێرەدا مەبەستی نووسەر لە (دەقی کراوە) دەقی والایە، هەروەك نووسەر خۆی لەم بارەیەوە لە کتێبی ، (تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا دەڵێت: ((هەرچەندە ئەم زاراوەیە تایبەتە بە (ئیمبەرتۆ ئیکۆ)، بە واتا ئیکۆیەکەی ئەو دەقەیە کە ڕاڤە و خوێندنەوەی جیاجیا بە پێی خوێنەرەکان هەڵدەگرێت، بەڵام ئێمە مەبەستمان لەو واتایە ئیکۆییە نییە، بەڵکو مەبەستمان ئەو دەقەیە، بۆ نموونە لە شیعردا توخم و ڕەگەزی چیرۆك، ڕۆمان، شانۆ، گرتەی سینەما .... تاد دەدۆزێتەوە. (شێرکۆ بێکەس) چەند دەقێکی لەمجۆرەی هەیە وەکو (کتێبی ملوانکە، ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە) )).

[1] . حەمە مەنتك، دەقی کراوە لە ئەدەبی نوێی کوردیدا کتێبی ملوانکەی شێرکۆبێکەس وەکو نموونە،

[2] . halmathttps://www.facebook.com/latif

کۆهۆزانی (Eixl) لە پاریس لە ساڵی (١٩٩٠)دا بڵاوبۆتەوە)[1] ، کەواتە ئـەم جـۆرە دەقانـە دەبنە دوو جۆر:[2]

### ١ـ دەقی وێنەیی:

لەم جۆرە دەقانەدا وێنەی شتێکی ماددی بە هۆی وشەیەك یان چەند وشـەیەك دروسـت ئەکرێ، بە شێوەیەك ، کە پەیوەندییـەکی سـیمانتیکی وشـەکان و سـیمای گشـتی وێنەکـە بەیەکـەوە گـرێ دەدات. بـۆ نموونـە: دەقـەکانی (پـەرداخێك، خاچـێك)، لـەم دوو دەقـەدا دەبینین، کە وێنەی شتێکی ماددی بە وشە کێشراوە و ناونیشـانی دەقەکـە پەیوەندییـەکی ڕاستەوخۆی بە فۆرمی دەقەکەوە هەیە، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ خوێنەر لە وەرگرتن و تێگەیشتنی پەیامی دەقەکە، بەڵام مەرج نییە هەموو دەقێکی وێنەیی بەم شێوەیە بێـت، واتە ناونیشانی دەقەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە فۆرمی دەقەکەوە هـەبێت. بـۆ نموونـە لـە دەقی (خلود)دا، ناونیشان ئەو ڕۆڵە نابینێت.

### ٢ـ دەقی شێوەکاری

شیعرییەتی ئەم جۆرە دەقانـە لـە ڕێگـای یاریکردن بـە فـۆرمی ڕێنووسـی وشـەکان و پارچە پارچە کردنیان و جێگۆڕکێی جوگرافیای وشە و ڕستەکان و بەجێهێشتنی بۆشـایی و دانانی خاڵ لەگەڵ وەرگر دەدوێت، مەرج نییە ئەم کـردارەش وێنـەی شـتێکی مـاددی پێـك بێنێـت.(( مەبەسـت لێـی شـیعرێك نییـە باسـی شـێوەکاری بکـات، بـەڵکو مەبەسـت لـە دابەشبوونی جوگرافی وشە و مۆرفیم یا ڕەنگی ڕەشە بە سـەر پانتـایی سـپی کاغـەزدا کـە شکڵێك بۆ شیعرەکەی دەستەبەر دەکات)).[3]

---

[1] . ئەسکەندەر جەلال، شیعری شێوەکاری یا شێوەکاری شیعری، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٢٩)، ١٩٩٨، ل٢٠٣.

[2] د. فۆئاد ڕەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتە بوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا)، ل٣٤ـ ٣٥.

[3] . ئەسکەندەر جەلال، شیعری شێوەکاری یا شێوەکاری شیعری، ل٢٠١.



هەواڵنامەی کتێب

## - جۆری سێیەم

ئـەم جـۆرە دەقـە ئاوێتانـەن، کـە لـە ئـەنجامی ئاوێتـەبوون و بەیەکداچـوونی وشـە و ڕستەکان لەگەڵ کەرەستە و هێماکانی زانستێکی ڕووتدا وەکو زانستی بیرکاری و ئەندازە و کیمیا بەرهەم دێن.لەم جۆرە دەقانەدا هێل و هێما و ژمارە، جێگـەی وشـە و دەربڕینـەکان دەگرنەوە، واتا هێما و هێڵ و ژمارە دەبنـە جێگـری وشـە و دەربڕینەکان.نووسـەر پـەیامی دەقەکـە بـە بـەکارهێنانی کەرەسـتە و هێماکـانی یـەکێك یـان زیـاتر لـە زانسـتە ڕووتـەکان بەرجەستە دەکات، بە بەکارهێنانی کـەمترین ئـامرازی زمـانی مەبەسـتەکەی دەگـەیەنێت.بۆ نموونە: دەقەکانی (پەرگاڵ)ی فەرهاد پیربال و (هیچ)ی زانا خەلیل و (ئاشتی یا ئاشووب)ی ئەحمەد لەتیف خورشید.

## - جۆری چوارەم

ئەم جۆرە دەقە ئاوێتەیە، خۆی لە ئاوێتـە کـردن و کۆکردنـەوە و بـەکارهێنانی بۆنیـادی چەند جۆرە ژانرێکی جیاواز و جۆراوجۆر ئەدەبی لـە یـەك دەقـدا دەخاتـەڕوو و بەرجەسـتە دەکات، پانتاییەکـە بـۆ فۆرمـە جیاوازەکـان، بـۆ نموونـە وەکـو (دەقـە واڵاکـان)ی شـێرکۆ بێکەس، ئەم جۆرە دەقانە تەنیا کۆکردنەوەی کۆمـەڵێك ژانـری جۆراوجـۆری ئـەدەبی وەك شیعروپەخشان و ڕۆمان و....هتد نییە،بەڵکو ڕاگرتنی هاوسەنگی نیوانیشـیانە، واتا(شـاعیر یـان نووسـەر بـەدوو ئاڕاسـتە مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم ڕەگەزانـەدا دەکـات. ئاڕاسـتەی یەکـەم: بەکارهێنانیان وەك ئەوەی لە کۆنتێکستی خۆیانـدا هـەن. ئاڕاسـتەی دووەم: دروسـتکردنی هارمۆنیکا و هاوسەنگیی نێوان هەریەکەیان)[1]،ئەم دەقـە دەرەنجـامی فراوانبـوونی مـەودای ئاوێتە بوونی نێوان ژانرەکانە، بـە تایبـەتی لـە دوای ئـەوەی پاکـژی و سـەربەخۆیی ژانـرە ئەدەبییەکان لە لایەن تیۆر و ڕەخنەی نوێ ئەدەبییەوە ڕاگەیندرا، لە لایەکی تریشـەوە(لـە سەردەمی ئەمڕۆی ئەدەب، هەموو پرەنسیپە پیرۆزەکان، گشت سنوورە قەدەغـەکراوەکان لە بەردەم، نەك هەر شیعر، بەڵکو تەواوی بەرهەمی ژانرەکانی تری ئەدەبی کوڵیاندا، هزری داهێنەرانەی نووسەر تـا دێ ژانـرە ئەدەبییـەکان زیـاتر لـە یـەك نزیـك دەکاتـەوە و زۆر لـە

[1] . عەلی عوسمان یاقووب،"ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە"پانتایەك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر، پاشکوی ژ (٤)، ٢٨/ ٥/ ٢٠١٢، ل٣.

پێکهاتەی ژانرەکان تێکهەڵکێش دەکات).[١] هەربۆیەشە (ململانێی شاعیر یان نووسەر لەگەڵ فۆرمە جیاوازەکانی ئامێزی بە هەموو ژانرە ئەدەبییەکاندا دەکات بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی " والا "، کە بتوانێت ئازارە گەورەکان دەربڕێت. بێ ئەوەی ڕێگا بدات ئەو گەورەییە پانتاییەکانی شیعر بچووك بکاتەوە، چونکە شیعر گفتوگۆی شاعیرە لەگەڵ خۆدی خۆی،بۆیە ڕووبەری ئەگەرەکان لە بەردەم شاعیر تەسك دەکاتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ببێتە دەنگێکی کۆمەڵایەتی، پێویستە پەرە بە شێوازێکی یا ڕێگەیەکی تازە بدرێت بۆ گوزارشتکردن، بەو واتایەی، کە(هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشە کردن و گۆڕانی کۆمەڵگە پەیوەندی جوانیناسی و ئیستاتیکی خۆی بە جیهانەوە لە ڕێگەی چەند ژانرێکی دیاریکراوەوە بەرجەستە دەکات)٢، ئەو ڕێگا تازەیەش، ئەو ڕێگایەیە کە شێرکۆ بێکەس لە چوارچێوەی دەقە والاکانیدا وەکو ئەزموونێکی تازە لە ئەدەبی کوردیدا بنەماکانی دارشت.[٣] ،(شێرکۆ بێکەس) ڕەچەشکێنی ئەم بوارەیە، (( ڕەچەشکێنی (شێرکۆ بێکەس) ڕەچەشکێنی فۆرمەلی شیعریە و لەگەڵ ئەو شێواز و ستایلەی ڕابردووی خۆیدا جیا دەبێتەوە و بنەما و سکێچێکی دیکە،بۆ قاڵبی شیعریی بەهەموو فۆرمەکانی (کێش، قافیە، پەیوەستبوونی ئاسۆی و ستوونی) دەشکێت و ستایلی جیاوازتر لە دەقی شیعریدا دەگرێتەبەر، لە سەرەتادا ئەم هەنگاوەشی، لە هەندێ دەقی شیعرییدا، بە شێوەی پارچە دەردەکەوێت و دواتر وردە وردە، ئەم سنوور بەزاندنەی دەقی شیعری، زیاتر دەکات، واتە لە دەقێکی شیعریەوە دەست پێدەکات بۆ پەخشانەشیعر تێکستێکی والا و بەدیوانیکردنی شیعرێکی والا)[٤].

سەبارەت بە (دەقی والا)، وەك دیاردەیەکی پۆست مۆدێرنە* لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، لە لێکۆلینەوە ڕەخنەییەکانماندا تا ئێستا بەشێوەیەکی بەرفراوان و زانستیانە لێ نەکوڵدراوەتەوە، ئەوەی کە باسیش کرابێت، بە شێوەی وتار لە ڕووپەری کتێب و گۆڤار و

---

[١] . شێرزاد هەینی، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، ل٥.

[٢] . د. عبدالمنعم تليمة، مقدمة في نظرية الادب، ص١٣١.

[٣] . لوقمان ڕەئوف، سیماکانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعریی شێرکۆبێکەس، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١، ل١٦٠.

[٤] . سەرچاوەی پێشوو، ل١١٩ ـ ١٢٠.

ڕۆژنامەکانەوە خڕاونەتە ڕوو، کە هەریەکەیان بە جۆرێك باسی ئەم جۆرە دەقـەی کـردووە، چەندین زاراوەشیان بۆ بەکاربردووە، زۆربەشیان تێکەڵیان کردووە لەگەڵ چەمك و زاراوەی (دەقی کراوە).[1]

## ـ پاژی سێیەم: دەقی والا فۆرمێکی تـازەی ژانرە ئەدەبییەکان

دەقـی والا وەك یـەکێك لـە دەرهاوێشـتەکانی پۆسـت مۆدێرنـە لـە ئـەدەبی کوردیـدا، ئەزموونێکی نوێیە، لە ( شیعری پوست مۆدێرنە لە کۆتایی سالانی نەوەدەکانـەوە، لـە نـاو شیعری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە و لە سـەرەتاکانی هـەزارەی نوێـدا، پـەلی زیـاتری لـە نـاو شیعری شاعیرانی کورد، چ لە ناو هەریم و چ لە تاراوگە هاویشتووە)[2]. لەم سالانەی دواییـدا کاری لە سەر کراوە، کە بە هۆی فراوانبوونی مەودای ئاوێتە بوونی ژانرەکان، لە ئـەنجامی کالبوونەوە و نەمانی سنووری نێوان ژانرە ئەدەبییەکان، لە ژێر کاریگەری ڕەوتە ڕەخنەییە نوێیەکان و تیۆری نوێ ئەدەب و کۆلدانی هەموو بنەما پیرۆزەکان، گشت سنوورە قەدەغـە کراوەکـان لـە بـەردەم، نـەك هـەر شـیعر ، بـەلکو تـەواوی ژانرەکـانی تـری ئـەدەب، هاتووتەکایەوە، هەروەها گەورە بوونی موعاناتەکان نووسەر یان شاعیریان ناچار کـرد، کـە ململانێ لەگـەڵ فۆرمـە جیاوازەکانـدا بکـات، تـاکو بتوانێـت لـە ڕێگەیانـەوە گۆزارشـت لـەو موعاناتە گەورانـە بکـات، بـێ ئـەوەی پانتاییـەکانی شـیعر تەسـك بکاتـەوە، چـونکە تـەنیا بەرهەمی گەورە دەتوانێت موعاناتی گەورە دەرببڕێت، بەلام هێنـدێك لـە شـاعیرانی تـر بـە هـۆی گـەورە بـوونی موعاناتـەکانیان. کاتێـك، کـە تێنوێتییـان تـەنها بـە شـیعر نەشـکاوە، دەسـتبەرداری شـیعر بوونـە و پـەنایان بردووتـە بـەر ڕۆمـان، چـوونەتە ژێـر بـاری ئـەو بۆچوونەی، کە پێی وایە ڕۆمان پانتاییەکەی گەورەترە لە شیعر، بەوەی کە شیعر ژانرێکـی تایبەتە، گفتوگۆی شاعیرە لەگەڵ خۆدی خۆی، بۆیە ڕووبەری ئەگەرەکان لە بەردەم شاعیر تەسك دەکاتەوە، بەلام لە (دەقی والا)دا شاعیر نەك هەر دەستبەرداری شیعر نابێت، بەلکو

---

[1] : لەوانە: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە، چەند لاپەرەیەکی ڕەخنەیی،٢٠٠٦ .

د. فوئاد ڕەشید، دەقی ئەدەبی "ئەدگار، چێژ، بەها"،٢٠٠٧.

ئاوات محمد، دەق و ڕاڤەکاری، شیکردنەوەی ئەو ڕستانەی دەکەونە ئەودیوی شاراوەی دەقەوە،٢٠٠٨.

لوقمان رەئوف، سیماکانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعریی شێرکۆ بێکەس دا،٢٠١١.

[2] . لوقمان رەئوف، سیماکانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعریی شێرکۆبێکەس، ل١٧٥.

لەگەڵ پەخشان و چیرۆك و شانۆنامە ....هتد. بە شێوەیەکی هاوتەریب لە چوارچێوەی (دەقێکی والاّ)دا تێکهەڵکێشی دەکات، دواجار شیعر دەبێتە دەنگێکی کۆمەڵایەتی.[1] ئەم جۆرە دەقە شێوازی نووسینی جیایە، دەقێکە کە ناچێتە ژێر ناوی هیچ یەکێك لە ژانرە ئەدەبیەکانی (شیعر، چیرۆك، پەخشان،....هتد)،واتە( دەکرێ "دەق" ێك بنووسرێ نەچێتە ژێر ناولێنانی هیچ یەکێك لەو چوار ژانرە ئەدەبییە (شیعر، چیرۆك، رۆمان، شانۆنامە) و تەنانەت نەچێتە ژێر ژانری (پەخشانەشیعر)یشەوە، بەڵکو "دەق" ێك بیّ وەك ژانرێکی ئەدەبی، سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنیّ و، تایبەتمەندیی خۆی بەوە جیا بکاتەوە کە تۆرێك بێت لە پەیوەندییەکانی، نێوان توخمە جیاجیاکانی چەند ژانرێکی ئەدەبی و پێکهاتەی جومگەکانی لە جەستەی دەقێتیدا رێکبخات)[2]، ژانرێکی نویّ پێك بهێنێت، کە هەموو ئەو ژانرانە لەخۆ بگرێت.

(دەقی والاّ) لە سادەترین پێناسەدا ( ماڵێکە نە یەك بابەت و نە یەك فۆرمی دیاریکراوی تیا ناژی هیچ کام لە شیعر و چیرۆك و پەخشانە شیعر و شانۆنامە خاوەنی هەموو ماڵەکەنین،بەڵام لەهەمان کاتدا ماڵی هەموویشیانە. ئەشیّ لە حەوشەی ئەم ماڵەدا گوێمان لە خوێندنی باڵندەکانی شیعر بیّ. یان لە ژوورێکیا چاومان بە نەخش و نیگار و مافووری ڕەنگالەی پەخشان و پەخشانە شیعر بکەویّ. یان لە ڕاڕاوێکا تووشمان ببیّ بە تووشی حیکایەت خوانێکەوە، چاوما ن بە ڕەوتی چیرۆك بکەویّ یان لە هۆڵەکەیدا درامای شانۆ ببینین. هر جارە ببینە میوانی یەکێکیان)٣، کەواتە دەتوانین بڵێن (دەقی والاّ) بریتییە لە پانتاییەك بۆ کۆکردنەوەی چەند ژانرێك بەیەکەوە، مەزراندنی هەریەکەیان بە خەسلەت و تایبەتمەندی خۆیەوە لە دەقێکدا، بەو واتایەی (دەقی والاّ) هەڵگری تایبەتمەندی ژانرەکانی ترە، لە هەمان کاتیشدا ناچێتە ناو چوارچێوەی هیچ یەکێك لە ژانرە سەربەخۆیەکان، کە پێی بگۆترێ شیعر، یا رۆمان، یا دراما، ...هتد، بەڵکو ئاوێتەی بۆنیادی چەند ژانرێکی جۆراوجۆری ئەدەبییە لە ناو یەك دەقدا.ئەم دەقەش تەنیا کۆکردنەوە و ئاوێتە کردنی ژانرە جۆراوجۆرەکان نییە بەڵکو ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوانیشیانە، بەو واتایەی کە نووسەر،

---

[1]. عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە" پانتاییەك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ل٣.

[2]. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی رەخنەیی)، ل٦٦.

[3]. شێرکۆ بێکەس، کتێبی ملوانکە، ل٦.

یان شاعیر لەم جۆرە دەقانەدا بە دوو ئاراستە مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا دەکات، ( لە لایەك سەربەخۆیی ڕەگەزە ئەدەبییەکان دەپارێزن، لە لایەکی ترەوە کار لە سەر بەرهەمهێنانی جیاواز دەکەن)[1]، واتا لەم دەقەدا چیرۆك، چیرۆکبوونی خۆی لە دەست نادات، شانۆیش لە سەر بنەما شانۆییەکانی بە جێگیری دەمێنێتەوە، هەروەها شیعریش سەرەڕای ئەوە کە پانتاییە فراوانەکەی خۆی دەپارێزێت، پەل بۆ ڕەنگەکانی تریش دەهاوێژێت، بەو مەبەستەی شان بە شانی ژانرەکانی تر گرۆتینێکی سۆسیۆلۆژی بە دەقەکە ببەخشێت.((هیچ ژانرێکیش نییە بەتەواوی گوزارشت لە ژانرەکەی خۆی بکات و کاریگەری ژانرەکانی تری بە سەرەوە نەبێت، نە شیعر بە تەنها ڕەگەزەکانی شیعر لەخۆ دەگرێت و نە چیرۆك و نەڕۆمان ... هتد، بەڵکو ئاوێزان بوونێکی شیعری لە سەرانسەری ڕەگەزەکانی ژانرە جیاجیاکاندا دروست دەبێت و تێکستێکی نوێ بەرهەم دەهێنێت، کە دەشێت بە تێکستی والا بناسرێت).[2]

ئەوەی لە (دەقی والا)دا، هەموو ئەو ژانرە ئەدەبییانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە و بە شێوەیەکی دینامیکیانە پەرەیان پێ دەدات (گێڕانەوە)یە، بەوەی گێڕانەوە خاڵی هاوبەشە لە نێوان هەموو ئەو ژانرە ئەدەبی و هونەرییەکاندا، هەر لە چیرۆك، ڕۆمان، شانۆ و شیعرەوە تاکو مێژوو، سینەما و هونەری شێوەکاری . مەنەلۆگی درامی و دیالۆگ وەك دوو کەناڵی گرنگی گێڕانەوە زمانی ڕۆژانە ئاوێتەی زمانی نووسین دەکەن، کە لە ڕێگایانەوە شاعیر وێنەی واقیع دەکێشێت.[3] لەم جۆرە دەقانەدا گێڕانەوە پانتایی دەقە شیعرییەکەی داگیر دەکات و تەواوکەری گوزارشتە زەینییەکانە، کە شاعیر دەریاندەبڕێت. لە دەقی والادا شاعیر یان نووسەر دەبێت، هەم شاعیر، چیرۆکنووس، ڕۆماننووس، شانۆنامەنووس...هتد بێت،واتا دەبێت شارەزاییەکی باشی لەبارەی خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی هەموو ئەو ژانرە ئەدەبی و هونەرییانەی هەبێت. تاکو بتوانێت، بە جوانترین و چێژدارترین شێوە هەریەك لەو ژانرە ئەدەبییانە بە خەسلەت و تایبەتمەندی خۆیانەوە بیانمەزرێنێتە ناو دەقەکە.ڕەخنەگریش بە هەمان شێوە کاتێك لێکۆلینەوە لەدەقی والا دەکات، دەبێت

---

[1] . عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە" پانتاییەك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ل٣.

[2] . نەزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەرەیەکی ڕەخنەیی)، ل١٢١.

[3] . عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە" پانتاییەك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ل٣.

شارەزایی تەواوی لە بارەی ژانرە ئەدەبییەکانەوە هەبێت.لەم دەقەدا شاعیر، یـان نووسـەر لەگەڵ زماندا بە هێمنی دەچێتە پێشـەوە، ئیشـی سـازدانی فـۆرم و ڕەگـەزەکانی فۆرمـە، کەمتر خۆی بە ماناوە سەرقاڵ دەکات. لە ئەنجامی ئەمەشدا کـەمتر دەسـتەویەخەی زمـان دەبێتـەوە. ڕەوانبێـژی و وێنـە و لـەزەتی بەلاغـەت و چـرکەی حەکایـەتئامێز جێـی مانـا دەگرنەوە و شاعیر زۆر جار لە دڵی شتەکانەوە دروسـتیان دەکـات. لـەم جـۆرە دەقانـەدا دوای تێهەڵکێشکردنی شیعرییەت و گێڕانەوە، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ میتافۆر و مـەجاز و وێنە دروست دەبێت، زمان کـەمێك لـەو دیکتاتۆرییـەتی خـۆی دەکـەوێت. بـەو ڕەقێتـی و جەبرەی خۆی مل بۆ شاعیر نادات و ڕەوتی شیعری خاو دەکاتەوە[1]، ( هێز و جۆش و وزەی خۆی و وێنە شیعرییەکان دەپارێزێت و هەر بۆ ئـەوە نییـە چـیرۆك بگێڕێتـەوە، بـەڵکو ئـەو هەسـتـەیش دەگوازێتـەوە، کـە لـە ڕەگـەزەکانی چـیرۆك، لـە کارەکتـەر و بیرۆکەکـەو دەوروبەرەکـەداو لـە ڕەگـەز و کەرەسـە شـانۆییەکاندا، هـەروەها لـە ئێسـتاتیکای شـیعردا دەکەنەوە. لە سەرێکی ترەوە، لە بەرئەوەی حەکایەت بیژ شێوازێکی بـێ وێنـەی هەیـە لـە بیرکردنەوەی میتافۆری و لە دەربـڕین، ئـەو کـرژی و ئاڵۆزییـە داینامیکییـەی، کـە لـە پـاڵ دەنگی ئەوەوە دروست دەبێت، هێندێکجار لە شێوە فیلمێکی سینەماییدا هـەنگاو دەنـێ و ڕووداوەکان لە چـەندین حاڵـەتی فلاشـباك و هەڵبـەز و دابـەزدا ڕێچـکەی ڕێزبەنـدی خۆیـان دەشکێن).[2]

ئەم دەقە خوێنەر لـە سـەر جـۆرێکی تـری خوێندنـەوە رادەهێنێـت، هـەر لـە سـەرەتاوە خوێنەر لە ناو بازنەی خوێندنەوەی تەقلیدیانەی ژانرێکی دیاریکراوەوە دەردەهێنێت، لە ناو چوارچێوە زانراوەکانی یەکێك لە ژانرە دیاری کراوەکان ڕزگاری دەکات، فەزایـەکی ئـازادی خوێندنەوەی بۆ دابین دەکات، دەرەخسێنێت و ئاڕاسـتەکانی خوێندنـەوە و شـیکردنەوە و لێکدانەوەی بۆ واڵا دەکات. ئەم جۆرە دەقانە بە هۆی جۆراوجۆیەتی دەق و تێکەل کردن و ئاوێزان کردنی ڕەگەزەکانی ژانرە جیاجیاکان، خوێنـەر بـە فەزایـەکی تـر و فـۆرمێکی تـر و ڕەنگێکی تر لـە وەرگـرتن و خوێندنـەوە ئاشـنا دەکـات. هـەر خـۆی( وشـەی " کـراوە "*

---

[1]. وەلید عومەر، ململانێی شێرکۆ لەگەڵ زماندا (دوابەرهەمی وەك نموونە)، ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ٢٠١٢/٥/٢٨، ل٤ ـ ٥.

[2]. عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە" پانتاییەك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ل٣.

مەودایەك لە ئازادیی خوێندنەوە و وەرگرتن دەخۆڵقێنێت).[1] بۆ ئەوەی خوێنەری ئەم دەقـە والآیانە لە تەکنیکی ئەم ژانرە تێبگات، (ئەم ژانرە بەم شـێوە سـەردەمیانەی لـە لا روونـتر بـێ، باشـترە لایـەك بـە لای ژانـرە ئەدەبییـەکانی تـریش بکەینـەوە، کـە شـیعر لـە رێگـای والآکردنی سـنوورەکانی تایبـەت بـە خـۆی، پەیوەندییـەکی ئۆرگـانی سـەردەمانەی لەگـەڵ دامەزراندوون).[2]

لەم دەقەدا نووسەر دەتوانێت بە جۆرێك لە جۆرەکـان خوێنـەر لـە کـاتی خوێندنـەوەی دەقەکەدا، لـە گـۆڕانی ژانرەکـان ئاگـادار بکاتـەوە. بـۆ نموونـە: (شـێرکۆ بێکـەس) لـە داو بەرهەمی، کە دەقی والآی "ئەسپێك لە پەڕەی گولاڵە"یە، لە زۆربەی شوێنەکان ژانرەکـانی لە یەکتر جیاکردووتەوە، هـەروەها لـە دەقـی والآی " ئێسـتا کچـێك نیشـتیمانمە"، زۆر بـە کەمی ژانرەکانی لە یـەکتر جیاکردووتـەوە، بـە پێچەوانەشـەوە نووسـەر لـە نـاو دەقەکـەدا دەتوانێت بە هیچ جۆرێك ئامـاژە بـە گـۆڕانی ژانرەکـان نەکات،.لـەم حاڵەتەشـدا پێویسـتە خوێنەر خۆی لە چوارچێوەی تێگەیشتنی دەقدا سەلیقەی جیاکردنەوەی ژانرەکانی هەبێت. (دەقی والآ) لە ڕووی چێژەوە ( خوێنەر دەباتە نێو فەزاکانی خەیاڵ و زەینی شـیعریی و .. ئاسۆکانی لێکدانەوە و فڕین و چێژی بۆ والآ دەکات دەیەوێت ناوبـەناو لـە خـەیاڵێکی فـڕین ئـامێزەوە بیهێنێتــەوە نێـو واقیـع و لـە واقیعیشــەوە جـارێکی تـر بـۆ فـڕین و خـەیاڵێکی شیعرییانە)[3] ئەم هاتووچوویەی خوێنەر لـە نێـوان خـەیاڵ و واقیـع بۆئـاوێزان بـوونی ژانـرە جۆراوجۆرەکان دەگەڕێتەوە لە نێو دەقی والآدا، بەو پێیەی شیعر زادەی خەیاڵە بە بەراورد لەگـەڵ ژانرەکـانی تـر بۆیـە خـەیاڵی تێـدا بەرجەسـتە دەبێـت. خوێنـەر کاتێـك شـیعر دەخوێنێتەوە دەچێتە ناو دونیای خەیاڵ، کاتێکیش دەگاتە سەر خوێندنـەوەی ژانرەکـانی تر ، لە دونیای خەیاڵەوە دەچێتە ناو دونیای واقیـع، چـونکە لـەم ژانرانـەدا ئاسـتی خـەیاڵ

---

*لێرەدا مەبەستی نووسەر لە وشەی (کراوە)، وشەی (والآ)یە، لە لای هندێك رەخنەکران و نووسەران ئەم زاراوەی بۆ بەکارهاتووە. هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکردووە.

[1]. عەباس بۆسکانی، خوێندنەوەیەك بۆ "ئەسپێك لە پەرەی گولاڵە"ی شێرکۆبێکەس، ڕ/ ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ل٦.

[2]. شێرزاد هەینی، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، ل٥ ـ ٦.

[3]. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی)، ل١١٧.

کەمترە لە چاو ئەوەی کە لە شیعردا هەیە، کەواتە چێژی ئێستاتیکای دەقی واڵا جیاوازە لە چێژی ئێستاتیکای دەقێکی تر، کە تەنیا چیرۆکە، یا رۆمانە، یا پەخشانە ...هتد.

کاتێك نووسەر پەنا بۆ نووسینی دەقی واڵا دەبات، چەند ژانرێك پێکەوە لە دەقێکدا کۆدەکاتەوە، پەیامی خۆی لە رێگەی ئەم ژانرانەوە بەرجەستە دەکات و دەخاتەڕوو. مانای ئەوە نییە، کە توانای نووسینی ژانرێکی دیاریکراوی نەبێت، بەڵکو ئەم جۆراوجۆری دەربڕینە لای نوسەر گەڕان و هەوڵدانە بە شوێن شکڵە لە بارەکاندا تا ببنە کاڵای لە قەد و باڵای ناوەرۆکەکان. هەموو ناوەرۆکێکیش یەك شکڵی دیاریکراویان نییە. رێگا هەیە، جۆرەکانی شیعریش وەك رێگاکانی ژیان، وەك تاقیکردنەوەکانی، وەك پێ دەشت و هەوراز و نشێو و لوتکەکانی سروشت خۆی، فرە جۆرن و هەر رێگەیەکیش جۆرە رەوتێکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵای منەوە گیرسانەوەش بە تەنیا شکڵێکەوە، بە یەك شێوە دەربڕینەوە شاعیر تووشی جوینەوە و سەرئەنجامیش وەك باخی بێ ئاوی لێدێت، سەربەستی شاعیر لە بازنەیەکی داخراودا گیر ئەدات، ئاسمانی خەیاڵ تەنگەبەر ئەبێتەوە[1]، ئەم ژانرە لە لایەکەوە ( ڕووبەرێکی فراوان لەزمان ئەخاتە بەردەمی شاعیر بۆ ئەوەی زۆر ئازادانە تر هاتوچۆی تێدا بکات)[2]، بۆارەکی فراوانتر بێت و ئازادانە مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا بکات، لە لایەکی تریشەوە لەوانەیە تەنیا ژانرێك دەرەقەتی ئەو هەموو خەیاڵە نەکات، کە لە زەینی نووسەردا پەنگی خواردووە، بۆیە نووسەر ناچار دەبێت بۆ گوزارشت کردن لەو خەیاڵە بەرفراوانە، پەنا بۆ ژانرەکانی تر ببات و هەموویان بەیەکەوە لە دەقێکدا بخاتەڕوو. جگە لەمەش ( دەبێت شاعیر، شاعیری سەردەمی خۆی بێت و هەر سەردەمێك شیعری خۆی و زمان و ژانری تایبەت بەخۆی دەوێت. سەردەمی ئێستامان دیواری نێوان هونەرەکانی کورتتر کردۆتەوە، لەم ڕووەوە هەمیشە هەوڵمداوە کە بۆ شیعر سوود لە ڕوانگە و بینینەکانی رۆمان و سینەما و شانۆ وەربگرم تاکو پانتاییەکی فروانتر بۆ مانۆڕدانی شیعر بخۆڵقێت).[3]

[1]. یاسین عومەر، ئەزموون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٩ ـ ٣٠.
[2]. شێرکۆ بێکەس، ئێستا کچێك نیشتیمانمە، ل٣٢٧.
[3]. مەنۆچیهری ئاتەشی، بێگومان شێرکۆ نیشتیمانی لە ووشەکاندایە، لە فارسییەوە: ڕەزا مەنۆچێهری، گ ئایندە، ژ (٦٥)، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٣٣.

## سەرچاوەکان

### بە زمانی کوردی:

– ئاوات محمد، دەق و ڕاڤەکاری (شیکردنەوەی ئەو رستانەی دەکەونە دیووی شاراوەی دەقەوە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

- بابەك ئەحمەدی، پێکهاتە و ڕاڤـەی دەق ، و/ مەسعود بابایی، کتێبی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فکری و ئەدەبی نما، هەولێر، ٢٠٠٥.

– پیتەر هالبێرگ و دانەرانی تر، تیـۆری ئـەدەبی و شـێواز ناسی، و:ئـەنوەر قـادر محمـد، مەڵبەندی کۆردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

– حەمە مەنتك، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمـانی کوردیدا (کرمـانجی خـواروو سـاڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠١٠)، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٣ .

– زاهیر رۆژبـەیانی، چـیرۆکی هونـەریی کـوردیی (شـێوە و شـێواز و، بۆنیـاد)، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٧.

– د. شـکری عزیـز الماچـی، تیـۆری ئـەدەب، و: د. سـەردار ئەحمـەد گەردی،چـاپخانەی ماردین، هەولێر، ٢٠١٠.

– شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چ٢، چاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، هـەولێر، ٢٠٠٥.

– شێرزاد هەینی، ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨.

– شێرکۆ بێکەس، کورسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٥.

– شێرکو بێکەس، ملوانکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.

– شیرکو بێکەس، ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە، چاپی یەکـەم، چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سلێمانی، ٢٠١٢.

– شێرکۆ بێکەس، ملوانکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.

– عەبدوالخالق یەعقووبی، دەنگی بلورینی دەق (ڕەخنە و لێکۆڵینەوە)،

– عبدالرحمن شـرفکندی (هـەژار)، هەنبانـە بۆرینـە (فـرهنگ کـردی ـ فارسـی)، چ/ ششـم، چاپخانەی انتشارات صدا و سیما(سروش)، تهران، ١٣٨٨.

- فوئاد رەشید، دەقی ئاوێتە ناو و ناسنامە (کێشەی ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا،....

- فیستیڤاڵی شاعیری گەورەی کورد (مەحوی)، لەشاری هەولێر، دەزگای ئاراس، ڕۆژانی ٢٨/ ٣٠ئاب/ ٢٠٠١.

- لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا،چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

- لوقمان رەئوف، سیماکانی پۆست مۆدێرنە لە ئایدیای شیعریی شێرکۆبێکەس، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١.

- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەزموونی خوێندنەوە (چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی)، سلیمانی، ٢٠٠٦.

- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە (دەق و ڕەخنە)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١.

- یاسین عومەر، ئەزموون، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

**ڕۆژنامەو گۆڤار:**

- ئارام سدیق، لە نێوان دەقی کراوە و چیرۆکی کراوەدا (چیرۆکی "نووسینەوەی درۆ"ی ئارام کاکەی فەلاح وەك نموونە)، گ هەنار، ژ ٧٥، ٢٠١٢.

- ئەحمەد ڕەزا، دەقی والا وەك فۆرمێکی نوێی شیعری، نەك ئەزموون، ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژ (٤).

- ئەسکەندەر جەلال، شیعری شێوەکاری یا شێوەکاری شیعری، گ رامان، ژمارە (٢٩)، ١٩٩٨.

- ئیدریس عەلی، ئەدەبی کوردی...دەبێت شانازی بکات بەم قەسیدەیەوە، ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژ (٤)،٢٨/ ٥/ ٢٠١٢.

- حەمە کەریم عارف، خوێندنەوەی خوێندنەوە، گ هەنار، ژ ٦٨، ٢٠١١.

- حەمە مەنتك، دەقی کراوە لە ئەدەبی نوێی کوردیدا کتێبی ملوانکەی شێرکۆبێکەس وەك نموونە،گۆڤاری گەلاوێژ، ژ (١).

- عەباس بۆسکانی، خوێندنەوەیەك بۆ "ئەسپێك لە پەرەی گوڵاڵە"ی شـێرکۆبێکەس، ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودیر، پاشکۆی ژ(٤).
- عەلی عوسمان یاقووب، "ئەسپێك لە پەڕەی گوڵاڵە" پانتایەك بۆ فۆرمە جیاوازەکان، ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر، پاشکوی ژ (٤)، ٢٨/ ٥/ ٢٠١٢.
- فوئاد ڕەشید، کتێبی (فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی) و چـەند سـەرنجێك، گ رامان، ژ ١٨٠، ٥/٥/٢٠١٢.
- لوقمـان ڕەئـوف، سـیماکانی پۆسـت مۆدێرنـە لـە ئایـدیای شـیعریی شـێرکۆبێکەس، چاپخانەی بینایی، ٢٠١١.
- مەنۆچیهری ئاتەشی، بێگومان شێرکۆ نیشـتیمانی لـە وشـەکاندایە، لـە فارسـییەوە: ڕەزا مەنۆچێهری، گۆڤـاری ئاینـدە، ژ (٦٥)، چـاپ و پەخشـی سـەردەم، سـلێمانی، ٢٠٠٦.
- وەلیـد عومـەر، ململانێـی شـێرکۆ لەگـەڵ زمانـدا (دوابەرهـەمی وەك نموونـە)، ڕ/ ڕەخنەی چاودێر، پاشکۆی ژمارە (٤)، ٢٨/٥/٢٠١٢.

**بە زمانی عەرەبی:**

- د. عبدالله ابراهیم، السردیة العربیة الحدیثة تفکیك الخطاب الاستعماري و اعادة تفسـیر النشاة، ط/ الاولی، المرکز الثقافی العربی، بیروت، ٢٠٠٣.
- د. عبدالمنعم تلیمـه، مقدمـة في النظریـة الادب، دار الثقافـة للطباعـة و النشـر،القاهرة، ١٩٧٦.

**بە زمانی فارسی:**

- بهرام مقدادی، فرهنگ اصلاحات نقد ادبی، فکر روز، تهران، ١٣٧٨.
- رنه ولک و اوستن وارن، نظریه ادبیات، ترجمة ضیاء موحد و پرویز مهاجر، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران، ١٣٧٣.
- دکتر احمـد رضـی، عضـو هیـات علمـی دانشـگاه گیلان، دیـوان حـافظ بـازترین مـتن ادب فارسـی، فصـلنامه پژوهشـهای ادبـی، شـماره ٤، تابستان، ١٣٨٣، ص١١٧.

- رحمان مشتاق مهر و رسول كاظم زاده، انواع ادبی، شعر غنايی و حسب حال سرايی، دو فصلنامه ـ تخصصی علامه، سال دهم، شمارة پياپی ٢٦، بهار و تابستان ٨٩.

**ئینتەرنیت:**

١ . فرهنگ واژه‌های مصوب فرهنگستان زبان و ادب فارسی، ١٣٧٦ تا ١٣٨٥، بخش لاتين، صفحه ٧٨. ويكی پيديا، دانشنامه ازاد
(http://www.persianacademy.ir/fa/wordspdf)

هەواڵنامەی کتێب

# پێکهاتەی زمانی شیعریی لەروانگەی شێوازگەرییەوە (بەنموونەی شیعریی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر)

هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر

# زمانی شیعری و ڕەخنەی ئەدەبیی نوێ

(ئەزموونی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر  بە نموونە)

هەواڵنامەی کتێب

نامەیەکە پێشکەش بە ئەنجوومەنی ( کۆلێژی پەروەردە بۆزانستە مرۆڤایەتییەکان)ی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر کراوە وەك بەشێك لە پێویستییەکانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا

لەلایەن قوتابی

**محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم**

بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی/ کۆلێجی پەروەردە/ زانکۆی سەلاحەددین ( ٢٠٠٣ – ٢٠٠٤)

بە سەرپەرشتی:

**پ ی د هیمداد حوسێن بەکر**

گەلارێزان/٢٧٠٩ کوردی    زیلقەعیدە/ ١٤٣٠ کۆچی    تشرینی دووەم/ ٢٠٠٩ زایني

## پێکهاتەی زمانی شیعریی[1]

### چییەتی زمانی شیعریی:

بە پێی روانگە دوانەیی بناتییەکەی (سۆسێر)[2] ، زمان بۆ دوو پێکهاتە دابەش دەکرێ:

١– زمان: کە رێزمانی قسە کردنەو ئەو یاساو رێسایانەی کە هەموو قسە پێکەرانی زمان لەسەری کۆکن.

٢– قسە: رووە پراکتیکییەکەی زمانەو بە پێی کەسە کان دەگۆرێت.

ئێستا ئەگەر بەهەمان ڕوانگە بڕوانینە دیاردەی زمانی شیعر دەبێ دابەشی بکەین بۆ (زمانی شیعر/ شیعر) و ئەوکاتیش پێویستە کە:

١– زمانی شیعر:رێزمانێکی تۆکمە بێت،هەموو قسە پێکەرانی (شاعیران) لەسەری کۆك بن.

٢– شیعر: رووە پراکتیکییەکەی زمانی شیعر بێت و بە پێی کەسەکان بگۆرێت.

ئەگەر سەرنجی خاڵی دووەم بدەین کە (شیعر ڕووە پراکتیکییەکەی زمانی شیعرە و بەپێی کەسەکان دەگۆڕێت) ،ئەم خاڵە لە پێناسەی شیعر دەچێت لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەم پێناسەیە کاتێك ڕاستە ئەگەر خاڵی یەکەم ڕاست بێت، واتە خاڵی دووەم دەرەنجامی خاڵی یەکەمە.لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە (ئایە ڕێزمانێکی تایبەت بەشیعر هەیە،کە هەموو قسە پێکەرانی لەسەری کۆك بن و هەموو پراکتیزەکانی شیعر بێت)؟ واتە ئایە رێسای زمانیی تایبەتی بۆ شیعر هەیە کە جیابێ لە ڕێسا زمانییە گشتییەکانی قسەکردنی ئۆتۆماتیکی خەڵکی؟ هەڵبەتە ئەم ڕێزمانە تایبەتییە بوونی نییە، چونکە لە ئەگەری بوونیدا خەڵکی دەتوانن فێری بن و ئەو کاتەش شیعر دەبێتە خوێندن و فێربوون و هیچ بەهایەك بۆ داهێنان نامێنێ. بەڵام کە ڕێزمانی زمانی شیعری هەمان ڕێزمانی قسە کردنی ئۆتۆماتیکی بێ ، چییە ئەو هۆکارەی کە وا لە شیعر دەکا کە هەتا ئەو ڕادە زۆرە لە قسە کردنی

---

[1] : بە هاوبەشی لەگەڵ م.محەمەد عەبدولکەریم "لە نامەی ماستەرەکەی بە ناونیشانی (زمانی شیعریی و رەخنەی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی)

[2] : فردیناند دی سوسیر (١٨٥٧- ١٩١٣): لەجنێف لەدایك بووە,لەسالی ١٨٧٩ نامەی (رێکخستنی دەنگەکان لەزمانی هیندو ئەورووپی دا) ی بلاوکردووەتەوە, لە (١٨٨٠ ) دکتۆرای لەزمانی سانسکریتی دا بەدەست هێناوە, مامۆستا بووە لە پەیمانگەی خوێندنی باڵا لە پاریس.(هێمن عومەر ئەحمەد:٢٠٠٨: ١١) .

ئاسایی جیاواز بێ؟بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ سـەرەتا سـنووری دەلالـەتی دووچـەمکی (زمانی شیعر) و (زمانی شیعریی) دەستنیشان بکرێت.

## زمانی شیعر و زمانی شیعریی :

هەروەکو دەرکـەوت، کـە زمـانێکی تایبـەت بـە شـیعر بـوونی نیە،کـە شـاعیران قسـەی پێبکەن (بەرهەمیان پێ بنووسن) وەك ئەوەی کە زمانێکی تایبەت بە مۆسیقا بوونی هەیە و لە هەموو ولآتانی دونیادا میوزیـك کـاران دەیخـوێنن و فێـری دەبـن. کەواتـە دەسـتەواژەی (زمانی شیعر) بەو رەهاییە راست نیە لە بەر دوو هۆکار بەکاربێت :

زمانێکی تایبەتیی شیعر بوونی نیە وەك زمانێکی تایبەتی مۆسیقا، بۆیە دەتوانین بڵێین زمانی مۆسیقا بەڵام ناتوانین بڵێین زمانی شیعر.

دیاردەی شیعر لە دەرەوەی زمـان بـوونی هەیـە (جـان کـۆهین:١٩٨٦ : ١٠) لـە دنیـای هونەرو تەنانەت لە سروشتدا شیعر بوونی هەیە، هەر لە هەڵفرینی باڵندەیەکەوە تـا تـابلۆی شێوەکارێك،بۆیە کاتێك کە کەرەسـتەیەك لـە کەرەسـتەکانی وەك (زمـان، تـابلۆ ، سـەما ، وێنە..) تێکەڵ بە شیعر دەبن، ئەوە دەبێ ووشەی شیعر وەك وەسف کردن و تایبەت کردن بخەینە پاڵیان و بلێین (زمانی شیعری، تابلۆی شیعری ، سەمای شیعری، وێنـەی شـیعری ، ...) بەم جۆرە دەستەواژەکان لە (ئەپسـتراکت / تەجرید) بـوون رزگـار دەبـن و دەکەونـە سنورێکی زانستییەوە، چونکە لە رووی لۆژیکی زمانییە وە ئەگەر فرێزێکی لێکدراو لـە (نـاو + سێفەتێکی پەیوەست بە ناوەکە) پێکهاتبێ ئەوە چەند بە کارهێنانێکی هەیە:

بە کارهێنانێکی بە رەگەزکردن (استعمال جنسی) واتـە فرێزەکـە لـە رووی واتـاوە وەك رەگەزێك دەربخرێت کە بوونی سەربەخۆی هەبێت وەگ (بریاری سەرۆك).

بەکارهێنانی ناجنسی:واتە بوونێکی (مـاددی) بـە فرێزەکـە نـەدرێت، ئەوکاتـەش کـاری هاوەڵناوەکە تەنیا وەسف دەبێت و (پاڵاوتن) نابێ ، وەك (بریاری سەرۆکایەتی).

لە دۆخێکیشدا کە فرێزەکە هەردوو بوونی هەبێت، ئەوا هەردووکیان یەکسان دەبن، واتە :(بریاری سەرۆکایەتی = بریاری سەرۆك) ، بەڵام لە زۆربەی بە کارهێنانەکاندا ئەم یەکسـان بوونە سەد لە سەدە روونادات) (روبیرمارتان:٢٠٠٦ :٢٢٠–٢٢٣). بە پێی ئەم بـۆ چـوونەش (زمانی شیعری ≠ زمانی شیعر) لەبەر ئەوەش کە (زمانی شیعر) بوونێکی بەرجەستەی نیـە

و رامانێکی زەینی یە وەك (تابلۆی شیعر ، سـەمای شـیعر، وێنـەی شـیعر ، .....)، کـەهیچ کامیان ئاماژە بۆ دیاردەیەکی زانستیی ناکەن و دەربڕینی خوازەیین ، بۆیە دەسـتەواژەی ( زمانی شیعری) زانستی ترەو لە لێکۆڵینەوەدا دەکەوێتە ژێر تیشکی یاسا زمانییەکان.

لێرەش وەڵامی پرسیارەکانی خاڵی یەکەم لە بارەی چییەتی زمانی شیعر ئـەوە دەبـێ کە (ڕێزمانێکی شیعری بوونی نیـە وەك ڕێزمـانی مۆسـیقا) بـەڵکو ئـەوە زمـانی قسـەکردنی ئۆتۆماتیکە و شاعیر بە ناوەندی بەشیعربووندا دەیگوازێتەوەو بەرهەمەکەی دەبێتە شـیعر، ئەم دیاردەیەش لەزماندا پێی دەگوترێ (شیعریەت).

## چەمکی شیعرییەت :

شیعرییەت چەمکێکی بەرفراوانەو لە دیاردە هەسـت بزوێنـەکانی سروشـت دەکۆڵێتـەوە وەك پێشتر ئاماژە بۆ بۆچوونەکەی (جان کۆهین) [1] کـرا . لـە ڕووی زمانەوانیشـەوە بـەپێی دابەشـکردنی (یاکۆپسـن) [2] بـۆ ئەرکـەکانی زمـان شـیعرییەت لێکۆڵینەوەیـە لـەو هـەل و مەرجانەی،کە زمان دەخەنـە ئـەرکی ئەدەبییـەوە. شـیعرییەت وەك دەسـتەواژە لـە کۆنـدا بـوونی نـەبووە، بـەڵام فەیلەسـووفە یۆنانییـەکان هـەوڵیان داوە بزانن،کـە سـیحری شـیعر لەچـیدایە، هــەروەها ڕەخنــەگرانی عــەرەبیی وەك (جـاحڤ) و (جورجـانی) بــەردەوام پرسـیاریان کردووە،کـە(( ئـەو فاکتەرانـە چـین،کە دەقـی ئـەدەبی بـەبێ بوونیـان دروسـت نابێ؟)) (**احمد رحماني:٢٠٠٤: ٥٦** )

(کۆهین) لە پێناسەی شیعرییەتدا دەڵێ(زانستی شێوازی شیعرییە(...) ئامانجی گەڕانـە بە دوای ئەو بنەمایانەی کە لە پۆلێن کردنـی دەق بەسـەر خانـە ئەدەبییەکانـدا پشـتی بـێ

---

[1] - جان کۆهین : لێکۆڵەرو رەخنەگرێکی ئەدەبیی فەرەنسییە,لەبەناوبانگترین کتێبەکانی (بنیادی زمانی شیعریی)ە کە کەمێکی رەرگێردراوە بۆ زمانی کوردی.

[2] - رۆمان جاکۆبسن١٨٩٦-١٩٨٢ : زمانەوانێکی روسییە,شارەزاییەکی بەرفراوانی لەئەدەب وفۆلکلۆر هەبووە,دامەزرێنەری بازنەی زمانەوانییەلەمۆسکۆ لە سالی ١٩١٥ , بەرابەری بزووتنەوەی فۆرمالیستە رووسەکان دادەنریت, لەدامەزرینەرانی بازنەی زمانەوانی پراگە, لیکۆلینەوە زمانەوانییەکانی لەسەر زمانی شیعر جێبەجێکردووە.(جون ای جوزیف واخرون:٢٠٠٦ : ٤٣ ) .

دەبەســترێ ،خانــە ئەدەبییــەکانی وەك :شیعر،پەخشــان ،پەخشــانە شــیعر) (**جــان کۆهین:١٩٨٦ :١١-١٥** )

لە ڕووی زانستی ڕستەسازییەوە شـیعریەت پەیوەنـدی نێـوان ڕۆنـانی ژێـرەوەو ڕۆنـانی سەرەوەیە بە جۆرێك (ئەگەر ڕۆنانی ژێرەوەو سەرەوەی ڕستە وەك یەك بن ئەوە شیعریەت نامێنێ و ئەگەر جیاواز بن شیعریەت دەردەکەوێت و لە گۆڕانێکی ڕاستەوانەدا دەبێ لەگـەڵ گۆڕانی دوو ڕۆنانەکە). (احمد مگلوب:٢٠٠٢ :٤٦). لە ناساندنی شـیعرییەت دا (**یاکۆپســن**) دەڵێ ((شیعریەت بەو پرسیارەوە خەریك دەبێ کە چ شتێك پەیامی قسـەیی دەگۆڕێـت بـۆ بەرهــەمی ئــەدەبی؟)) (**راجرفــالر و ســایرین:١٣٨٦ :٧١**) هــەروەها لــە پایــەی زمـانیی شیعرییەت دەدوێت و دەیخاتە چوار چێوەی زمـانی باڵا،کـە بـە ڕای ئـەو (زمـانی بـاڵا ئـەو زمانەیە کە بۆ قسەکردن لەبارەی زمانەوە بەکاردێت ، زمانی ئاساییش کـە بـۆ قسـە کـردن لەبارەی شـتەکانی دەوروبـەر بـەکار دێـت و زمـانی میسـداقە) (راجرفـالر و سـایرین:١٣٨٦ :٧٦). بەم جۆرە دەتوانین بڵێین کـە شـیعرییەت کـۆی ئـەو ڕێ و شـوێنە زمانییانەیـە کـە زمانی ئاخاوتنی ئاسـایی بـەرەو زمـانی شـیعری دەبـات و پـەیامی قسـەیی دەگۆڕێـت بـۆ شیعر.ئەو ڕێ و شوێنانەش لە بەش و تەوەرەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دا دەخرێتەڕوو.

## زمانی شیعریی لە ڕێبازی شێوازگەریدا :

زمان کۆگایەکی گەورەی وشەو رستەو دەربڕینی جیاجیایە ، قسە پێکەرانی زمان لە یەك کاتدا ناتوانن سوود لە هەمووی وەربگرن ، بەڵکو وشەیەك لە نێوان سەدان وشەو رستەیەك لە نێوان سەدان رستەدا هەڵدەبژێرن بۆ دەربڕینی مەبەستەکەیان ، ئەم کردارە لە زمانی ئۆتۆماتیکی دا کردارێکی خێراو تیژ تێپەڕە، بەڵام لە زمانی شیعری دا شاعیر وردەکارترە لە هەڵبژاردنی ووشەو رستەو دەربڕینەکاندا. هەر شاعیرێکیش بە هۆی توانا فەرهەنگی و دەربرینەکانی، جۆری زمانی دەقەکەی دەگۆڕێ ، بە گشتی شاعیرێکی دیاریکراو لە ماوەیەکی دیاریکراودا وەك مانگێك یان چەند مانگیك توانا زمانییەکانی لە چەند دەقێکی ئەو ماوەیەیدا لە یەك دەچن و دەناسرێنەوە ، بەڵام لە ماوەیەکی درێژتردا گۆڕانی بەسەر دا دێت بە هۆی گۆڕانی باری رۆشنبیریی شاعیرەکە . دیاردەی توانای زمانی و جۆری زمانی شیعری لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازیی زۆری پێوە دیارە بە مەرجی ئەوەی هەردوو شاعیرەکە داهێنەر و نوێکاربن .

کەواتە هەر شاعیرێك زمانێکی شیعری تایبەتیی خۆی هەیە ، لەوانەشە بە درێژایی تەمەنی چەند زمانێکی شیعری لە لای هەمان شاعیر دەربکەون ، ئەو تایبەتی بوونی زمانی شیعرە پێی دەگۆترێت شێوازی شاعیر ، شێوازی لە هەڵبژاردنی ووشەو دەربڕینەکان ، شێوازی لە هەڵبژاردنی جۆری رستەکان ، شێوازی لە بەکارهێنانی خوازەو خواستن و بەکارهێنانی وەسف و هاوەڵناوەکان و یەکە زمانییەکانی تر ، لێکۆڵینەوەش لە شێواز پێی دەگۆترێ شێوازگەری.کەواتەشێوازگەری ((لێکۆڵینەوەیە لە تایبەتییەکانی شێواز وەك وێنەی شیعری و ئاوەڵناوەکان و درکەو مۆسیقای دەنگەکان ، هەروەها لە سستەمی دەق و زمانی شیعرو تەم و مژی و بەکارهێنانی ئەفسانەو پەندەکان و هەموو ئەو کەرستانەی کە رەوانبێژی لێی دەکۆڵینەوە،سنووری ئەمانەش دەبەزێنێ و سوود لە دۆزینەوە زمانەوانییەکان وەردەگرێت)) **(فرحان بدری الحربی:٢٠٠٣: ١٢).**

**جۆرەکانی شێوازگەری:**

**١/ شێوازگەریی دەنگسازی**: گرنگی بە مۆسیقای شیعر دەدات و لە زمانە کێشدارەکەی دەکۆڵێتەوە ، لە روانگەی زانستی دەنگسازیەوە دەڕوانێتە زمانی شیعر . لە بڕگە کورت و درێژەکان و دەنگە دەنگ دارو کپەکان و چۆنیەتی ریزبوونیان لە ناو بڕگەکاندا دەکۆڵێتەوە ، هەروەها لە پێیەکانی کێشی شیعر دەکۆڵێتەوە. بە گشتی گرنگی بە سێ لق دەدات :

یەکەمیان : لێکۆلینەوەی دەنگەکان تاکەتاکە و بە تەنیا و دەرخستنی بایەخی مۆسیقایی هەریەکەیان . دووەمیان : لێکۆلینەوە لە ریتم و کاریگەری ئیستاتیکی لە ناو دەقی شیعرید.سێیەمیان:لێکۆلینەوە لە پێوەندی نێوان دەنگ و واتای شیعرەکە، بۆنموونە دووبارە بوونەوەی دەنگە کپەکان بارێکی ئارامی دروست دەکات و دووبارە بوونەوەی دەنگی ( ر ) بارێکی جوڵاو دروست دەکات لە هەستی خوێنەردا .

**٢/ شێوازگەریی پێکهاتەیی** : گرنگی بە لێکۆلینەوە لەو ئامرازانە دەدات کە شاعیر بەکاری هێناون لە داهێنانە شیعرییەکەیدا ، (( شاعیر دامەزراوەی دەقەکەی لەسەر بناغەی کۆمەلێك وروژێنەر و هەڵچوون دادەمەزرێنێ کە لە ناو دەقدا بە شێوەی بۆچوون و کەرەستەی هزری دەردەکەون و دواجار دەبنە سیمای تایبەتیی شێوازی خاوەنەکەیان ))( فتح الله احمد سليمان:٢٠٠٤: ١٢ )

بەم چەشنە کەرستە زمانییەکان و بیرە دیاریکراوەکانی نێو دەقەکە دەبنە سیمای شێوازی شاعیرەکە .

**٣/ شێوازگەریی ئەرکی** : جۆرێکی شێوازگەرییە لە کردەی گەیاندنی پەیام و ئەو رەگەزانە دەکۆڵێتەوە کە کەسایەتیی نووسەر زەق دەکەنەوە ، ئەم جۆرەی شێوازگەری پشت بە خوێنەر دەبەستێت کە بتوانێ هەموو رەگەزەکانی نێو دەقەکە کۆبکاتەوە و دابەشیان بکاتە سەر چەند بنیادێکی دیاریکراو ، لە کاتی دووبارە بوونەوەی ئەو بنیادانە شێوازی شاعیرەکە دەردەکەوێت و جیادەکرێتەوە لە شێوازی تر هەروەها ئەرکێکی تری ( شێوازگەریی ئەرکی) دۆزینەوەی ( لادان لە سیاقی شێواز )ە، واتە دوای ئەوەی بنیادی شێوازەکە زانرا ئینجا هەوڵی دۆزینەوەی لادان لە سیاقی شێوازەکە دەدرێت کە زۆرجار لەناو دەقێکی ئەدەبیدا دووبارە دەبێتەوەو شێوازی شاعیری پێوە دەناسرێتەوە. **(د.ابراهيم خليل: ٢٠٠٢: ١٤٤ )**

٤/ **شێوازگەری ئاماری**: ئەو جۆرەی شێوازگەری هەوڵدەدات لە ڕێگەی زانستی ئامارەوە لێکۆلینەوەی ورد ئەنجام بدات و شێوازی زانستی لە شێوازی ئەدەبی جیا بکاتەوە و شێوازی شیعری لە شێوازی پەخشان جیابکاتەوە . لەم بوارەدا هەوڵی زۆر دراوە بۆ ئەوەی بڕیاردان لەسەر شێواز سیمایەکی زانستی هەبێت . ((هاوکێشەیەکی بیرکاری لەم بوارەدا هەیە کە پێی دەگوترێ ( هاوکێشەی بۆزیمان ) کەدانەرەکەی زانای ئەڵمانی (**أ. بۆزیمان** – A.Busemann )ەو لە ساڵی ١٩٢٥ لەسەر چەند دەقێکی ئەدەبی ئەڵمانی جێ بەجێی کردووە)) (د. سعد مصلوح:١٩٨٤ : ٥٩ ) .

هاوکێشەکەی بۆزیمان ڕێژەی کار بۆ هاوەڵناو پێوانە دەکات و بە هۆی ئەم ڕێژەیەوە شێوازی ئەدەبی لە شێوازی زانستی جیادەکاتەوە و تەنانەت شێوازی شیعری لە شێوازی پەخشان جیادەکاتەوە. گونجانی هاوکێشەکەی **بۆزیمان** لەگەڵ هەموو زمانێك هاورێك نیەو بەپێی گۆڕانی زمانەکان کەموکوڕی لە هاوکێشەکەدا دەردەکەوێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەولێکی گرنگە لە بواری بەکارهێنانی زانستی ماتماتیك و ئامار لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا.لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا هەوڵی ئاماری تر دەرکەوتن وەك کارەکانی (( مایلیك ١٩٦٧ کە بەهۆی ئامێری کۆمپیوتەر ئامارێکی ووردی بۆ شێوازی ( جوناتان سویفت ) ئەنجام دا، هەروەها (جیبسون ١٩٦٦ ) کە کۆمەلێك لێکۆلینەوەی ئاماریی ئەنجام دا لەسەر پەخشانی ئەمریکی،هەروەها( ئۆمان ١٩٦٢) کە لە شێوازی ( جۆرج برنادشو )ی کۆلیەوە))(**أ.یحیی فتحیه :٢٠٠٧ :؟**).

٥/ **شێوازگەری سینتاکسی**:ئەم جۆرەی شێوازگەری لە ڕوانگەی زانستی سینتاکسەوە لە دەقی شیعری دەکۆلێتەوە،دیارە کە زمانی شیعری لە ڕووی سینتاکسەوە وەك زمانی ئاخاوتن بە تەواوی پەیرەوی لە یاساکان ناکات ، نەگونجانی ڕستەکان لەگەڵ یا سینتاکسییەکان لەشیعردا وەك دیاردەیەکی زمانی شیعری دەردەکەوێت بە جۆرێك لەرستەی شیعری دا (( کۆمەلێك یاسا دەردەکەون کە دەکرێ بە یاسای نوێ ناوبنرێن ئەگەر لەگەڵ یاسا ڕێزمانییەکان بەراوردیان بکەین )) (**د. ابراهیم خلیل: ٢٠٠٢: ١٤٨**).

**بە گشتیی چەمکی شێواز لە دوو دیاردە دا چڕ دەبێتەوە :**

**یەکەم** : هەڵبژاردنی کەرستە زمانییەکان و گرنگیدان بە دروستکردنی رستەی کاریگەر کە فشار بخاتە سەر خوێنەرو سەرنجی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو رابکێشێت . ئەو هەڵبژاردنەش چ لە ئاستی فەرهەنگدا بێت بۆ بەکارهێنانی وشەیەکی دیاریکراو کە بە ڕای شاعیر ئەم وشەیە باشترە لە وشەیەکی تر بۆ گەیاندنی مەبەستەکەی ، یان لە ئاستی رێزماندا بێت وەك هەڵبژاردنی رستەیەك لە نێوان رستەکانی تر ئەویش لەبەر تایبەتیەتی رۆنانە رێزمانییەکەی (د. سعد مصلوح :١٩٨٤: ٢٣ ـ ٢٦ ).

**دووەم** : شێواز لادانە لە رێسا یان لە قسەکردنی ئاسایی و ئۆتۆماتیکی ،( شیپتزر ) ی ئەڵمانی و ( پێرجیرۆ )ی فەرەنسی لە لایەنگرانی ئەم بۆچوونەن (**د.فتح الله احمد سلیمان:٢٠٠٤: ٢٩**).قسەکردنی رۆژانە کۆمەڵێك بنەمای بەلگە نەویستی هەیە کە بوونەتە هۆی ئاسانی کردەی لە یەکتری گەیشتن ، بۆ نموونە شوفێرێك کە لە نیشانەی سووری ترافیك دەوەستێ ، پێشبینی دەکات کە هەموو شوفێرەکانی تریش بوەستن ، نەوەستانی هەر شوفێرێك لادانە لە پێشبینی هەموو شوفیرەکان و هاوکات لادانە لە یاساکانی هاتوچۆ. زمانی قسەکردنی رۆژانەش بە هەمان شێوەیە، کۆمەلێك پێشبینی و بنەمای تر هەن کە بوونەتە یاساو کردەی گەیاندنی زانیاری ئاسان دەکەن ، شێوازگەری گرنگی بە دەستنیشان کردنی جۆری ئەو لادانانە دەدات کە شاعیر بەکاریاندەهێنێت و زمانێکی شعری تایبەت بە خۆی دروست دەکات.( پ.د.محمد معروف فتاح) بۆ دەستنیشان کردنی ئەو لادانانە و بەراورد کردنیان بە زمانێك کە پلەی لادانەکەی( سفر ) بێ یان زۆر نزم بێ، پەنا دەباتە بەر ( بنەماکانی هاریکاری گرایس). **بنەماکانی هاریکاری :**

گرایس ( ١٩٦٨ Grice ) پێی وایە کە دوو قسەکەر کاتێ ڕووبەڕووی یەکترن هەردووکیان هەوڵی ئەوە دەدەن مەبەستەکەیان روونتر بگاتە بەرامبەر و زۆرترین زانیاری بگوازیتەوە لەنێوانیاندا. لەم روانگەیەوە ( بنەمای هاریکاری ) وەك یەکێك لە بنەماکانی لە یەکتر گەیشتن رادەگەیەنێ و بە بۆچوونی ئەو قسەکەران بێ ئەوەی ئاگادار بن هاریکاری دەکەن بۆ یەکتری گەیشتن .

بنەماکانیش ئەمانەن :

١/ **بنەمای چەندیتی** :( لە کاتی قسەکردندا رادەی زانیاری گەیاندنت بـە پێـی پێویسـت بێت )

واتە قسەکەر کە قسە دەکات هەواڵی نویٚ و زانیاری تازە دەبەخشیٚ بەڵام دەبیٚ :

أ/ زانیارییەکان گونجاو بن لەگەڵ توانستی تێگەیشتنی کەسی بەرامبەر ، گرنگ بـن بـە لایەوە بۆ ئەوەی ئاڵ و گۆڕ بکرێن .

ب/ لە بـڕی پێویسـت زیـاتر زانیـاری مەبەخشـە چـونکە دۆخـی قسـەکردن و ئـاڵوگۆڕی زانیارییەکە دەشێوێت .

٢/ **بنـــەمای چـــۆنیەتی**:(ئـەو زانیـاری یانـەی لـە کـاتی قسـەکردندا دەیانگەیەنیتـە بەرامبەرەکەت هەڵە نەبن و واقیعی بن ) ئەمـەش ئـەوە دەگەیـەنیٚ کـە ل راسـتی قسـەکان دڵنیا بێت و تا بکرێت بەڵگە دار بن .

٣/ **بنەمای پەیوەندی**:( بـا گرنگـی قسـەکانت دیـار بێـت ) ئەمـەش بـەوە دەکرێـت کـە قسەکان پەیوەندییان بە بابەت و شوێنی گفت و گۆیەکـە هـەبێت و گـوێگر بەلایـەوە گـرنگ بێـت )

٤/ **بنەمای شێواز**:( بە ڕوونی قسە بکە بۆ ئەوەی لە قسەکەت تیٚ بگەن )

ئەمەش ئەوە دەگەیەنیٚ کە :

أ/ قسەکان تەم و مژاوی نەبن .

ب/ دژیەك نەبن بە جۆرێك کە یەکتری هەڵبوەشێننەوە .

ج/ کورت و پوخت بن .

ء / ڕێزبەندی ڕووداوەکان ڕێك بێـت و نامـاقوول نـەبێت. (مـارغوت هاینمـان و فولفغنـغ هاینمان:٢٠٠٦: ٥٦ـ ٥٨)

**جۆرەکانی لادان:**

ئاشکرایە کە زمانی شـیعری لـەم بنەمایانـە لادەدات ، لادانـەکانیش بـە پێـی جـۆری ئـەو بنەمایەی کە پێشێلی دەکەن دەبنە چەند جۆرێك :

١/ **لادانی ووشەیی لێکسیکی** : هەندی جار شاعیر بە پێی یاساکانی دروست کردنی وشە یان بە بەزاندنی یاساکان وشەی نویٚ دادەتاشێت ، دروسـت کردنـی وشـەی نـویٚ لادانێکـی

لێکسیکی یە . جا ئەو وشانە بێنە ناو زمان و زیندوویـەتی پەیدا بکـەن ، یـان هـەر لـە نـاو شیعرەکەدا بمێننەوە ، دروست کردنی وشە چەند رێگایەکی هەیە :

أ/ بەکارهێنانی یاسا لێسیکییەکان .

ب/ فراوانکردنی یاسا لێکسیکییەکان.

ج/ بەزاندنی یاسا لێکسیکییەکان ( واتە بە بێ بەکارهێنانی یاسا )

٢/ **لادانی رێزمانی** : ئەم لادانە رێزمانییانە رووکەشـن و لـە هەڵـەی رێزمـانی دەچـن ، وەك جـێ گـۆرکێ ی تەواوکـەرو بکـەر ، دیـار خـەرو دیـار خـراو ، کرتانـدنی هەنـدێ کەرسـتەی مۆرفۆلۆجی و کورت کردنەوەی وشە .

٣/ **لادان لە زار و زمان**: شاعیر بۆ هەر مەبەستێك بێت هەندێك جار لـەزمانی نووسـینی بـاو لادەدات و زمانی بێگانە یـان زارو زارۆچکە بـەکار دێنێـت ، ئـەم دیاردەیـە چ لـە شـێوەی تێهەڵکێش و چ لە شێوەی هونەری مولەممەع بێت یـان لـە شـێوەی بـەکارهێنانی زارۆچکە کان بێت کە لە شیعری نویێ دا هەیە .

٤/ **لادان لە نووسینەوەی ئاسایی**:ئەم لادانانە بە تایبەتی لە شیعری نـوێ دا هـەن ، شـاعیر پەیوەست نابێ بە تۆپۆگرافیایـەکی دیـاریکراو ، بـەڵکو ئازادانـە ووشـەکانی دابەشـی سـەر لاپەرە دەکات و سەرەنجام شێوازێکی تایبەت بە خـۆی وەردەگرێـت ، دیاردەیـەکی تـریش هەیە ئەویش نووسینی وشەیەکە بە شێوەی پیت پیت و پیتەکانیش ستوونی یـان ئاسـۆیی بەجیا لە یەکتری ریز دەکرێن، یان ووشەکان بە شێوەی پەیژەی یان بە شێوەی وێنەیـەکی دیاریکراو ریز دەکرێن. ئەمانە هەموویان لادانن لە نوسینەوەی ئاسایی .

٥/ **لادانی واتایی** : لە کاتی لێکدانی کەرستەکانی رستەدا دوو مەرج بۆ دروستیی واتا دێنە پێشەوە:

أ/ لێکدانەکان لە رووی رێزمانەوە راست بن .

ب/ لێکدانەکان لە رووی واتاوە ( مەنتیقیەوە) لە باربن .

کەوابێ لادان لە واتـا دا سـێ جـۆرە یـان لـە رووی رێزمانـەوە ناراسـتە یـان لـە رووی ( مەنتیق ) ەوە ناڕاستە ، یانیش لە هەردوو رووەکەدا ناراستە .

لادانی واتاییش لەرووی سـیما واتاییەکانـەوە بەبۆچـوونی ( فـەرزان سـجودی ) چـەند جۆرێکی هەیە:

بەرجەستەکردن

تەجرید کردن (ئەبستراکت)

بەرجەستەکردنیش ئەم جۆرانەی هەیە:

ا–بەرەوان کردن

ب–بەتەن کردن

پ–بەزیندەوەرکردن: بەگیانەوەرکردن، بەرووەککردن

بەگیانـەوەرکردنیش دووجـۆری هەیـە: بـەمرۆڤکردن، بـەئاژەڵکردن.(دلێر صـادق کانەبی:٢٠٠٨: ٢٩)

**٦/لادان لە شێوازدا** : ئەم جۆرە لادانەش ئەوەیە کە شاعیر لە جۆرێکی دیاریکراوی زمـان و دەربڕینی شعری یەوە دەگوازێتەوە بـۆ جـۆرێکی تـری بـەکارهێنانی زمـان لـە نـاو هـەمان دەقدا ، جا ئەو گواستنەوە چ لە ڕووی فەرهەنگەوە بێ بۆ نموونە لـە ووشـەی پـەتی یـەوە بەرەو ووشەی بێگانە بڕوات یان لە ڕووی کۆمەلایەتیەوە بێ وەك ئەوەی لە شێوەی زمـانی نووسینەوە بۆ زارۆچکە بڕوات یان لە شێوازێکی ئەدەبیـەوە بـۆ شـێوازێکی بـازاڕی بـڕوات. (پ.د. محمد معروف فتاح:٢٠٠٧ :١٥ ـ٣٠ )

شێوازگەری لەگەڵ ئەوەی سوودی تەواو لە زمانەوانی وەردەگرێت،بەڵام کاری لێکۆلەری بواری شێوازگەری جیاوازە لە کاری لێکۆلەری زمانەوانی، لێکۆلەری زمانەوانی (( وەسفێکی عەقلانی بۆ زمان دەکات و سەرەنجام یاسا ڕێزمانییەکانی هەر زمانێك دەسنیشان دەکات ، کە لە زمانی ئەدەبی دەکۆلیتەوە هەر لـە سنووری دیاردەیـەکی زمـانی کارەکـانی ئـەنجام دەدات ، گرنگی بە دەربڕینـە ئەدەبیـەکان نـادات . هـەر لەبـەر ئەمەیـە چۆمسـکی قسـەی ئاسایی بە داهێنان دادەنێـت .

لێکۆلەری بواری شێوازگەری کارەکەی جیـاوازە، لـەو خاڵـەوە دەسـت پـێ دەکـات کـە زمانەوانی کاری تەواو دەبێ ، شێوازگەری لـە زمـانی قسـەکردنی ئاسـایی دەکۆلیتـەوە بـۆ ئەوەی سنوورەکانی روون بکاتەوەو لە زمانی ئەدەبی جیای بکاتەوە،شێوازگەری بە قولایی دەقـدا شـۆڕ دەبێتـەوە بۆئـەوەی پێکهاتـەو وێنـەکانی دەربخـات و سروشـتی دەروونـی خاوەنەکەی ئاشکرا بکات ) (د. یوسف ابو العدوس:٢٠٠٧ : ٤٩ )

له لایەکی ترەوە لێکۆڵینەوەی شێوازگەری سوود لە میتۆدی تـر وەردەگرێـت جگـە لـە زمانەوانی وەك ئامار. بە گشتی کەرەسـتەکانی لێکۆڵینـەوەی زمانـەوانی و شـێوازگەری تـا رادەیـەکی زۆر هاوبەشـن ، ئـەوەی کـە جیایـان دەکاتـەوە ئامـانجی لێکۆڵـەرە (( ئەگـەر لێکۆلەری دەقی شیعری شیعری ئامانجی ئەوەبێ لەڕێی شی کردنـەوەی زمـانی دەقەکـەوە بگاتە یاسا گشتی یەکان و ئەو یاسایانە بۆ دەقی تریش بگونجێت لە ڕێگەی گشـتاندیەوە ، ئـەوا ئـەو لێکۆڵـەرە زمانەوانە،بـەڵام ئەگـەر لـە لێکۆڵینـەوەی زمـانی شـیعرەکە مەبەسـتی دەرخسـتنی تایبـەتی زمانەکـە بـێ و سـیما تایبـەتی و جیاکـەرەوەکانی بخاتـە ڕوو لـەوە بکۆلیتەوە کە شاعیر بە چ ڕێگایەك بەرەو واتا و مەبەستەکانی دەڕوات ،ئەوە لێکۆلینەوەکە دەبێتە لێکۆڵینەوەیەکی شێوازگەری))(د.یوسف ابو العدوس:٢٠٠٧: ٤٩)

شێوازگەری سوودێکی زۆری لە میتـۆدی بنیادگـەری وەرگرتـووە لـە رووی لێکۆلینـەوە زمانەوانی یەکان ، بەڵام ئامانجی کاری خۆشی تەواو لـە بنیادگـەری جیاکردووتـەوە ، هـەر لەبـەر ئەوەیـە کـە هاوشـانی بنیادگـەری بـە میتـۆدێکی سـەربەخۆی لێکۆڵینـەوەی زمـانی ئەدەبی و زمانی شیعر دادەنرێت

ئەگەر چی بنیادگەری و شـێوازگەری بـە درێـژایی سـەدەی بیسـتەم و تـا ئـەمرۆش دوو میتۆدی کاریگەرن بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ پەنهانییەکانی زمانی شیعر،بەڵام مەسەلەی واتای شیعر هەمیشە پێویستی بەلێکۆڵینـەوەی وردتـر هـەبوو لەهەردووئاسـتی واتـای وشـەکان و واتـای رسـتەکاندا، لەبـەر ئـەوە رەخنـەی سـیمیۆلۆژی وەك پێویسـتییەکی ئـەو بـوارە دەرکەوت.

## پێکهاتەی شێواز:

شێواز وەك کۆمەڵێك کارلێکی کیمیاییە، ئەگەرلەناودەقدا ڕوویدا دەق بەرەو بەئـەدەبی بوون دەبـات . ئـەو کارلێکانـەش لـە هـەموو ئاسـتە جیاجیاکـانی زمانـدا ڕوودەدەن . هـەر لەپێکهاتـەی دەنگیـی رسـتەکەوە هـەتا چـۆنیەتی پەیوەندییـەکانی نێـو دەقەکـە . بـۆ ئاسانبوونی ئامارکردنی شێوازی هەر دەقێك،پێویستە ئەو یەکـە تایبەتییانـە جیابکرێنـەوە کە شێوازیان تێدا دەردەکەوێ .

(**جۆرج مۆلینیه**) پێشنیاری دەستەواژەی( ستایلیم Styleme ) دەكات بۆ ناونانی ئـەو یەكانە، دەشتەواژەكەش لە (Style) وەرگیراوەو وەك دەستەواژەكانی فۆنیم و مـۆرفیم و لێكسیم داتاشراوە .

( د.بسام برکە:٢٠٠٦: ٨٨–٩٠)

**ستایلیم** : بچووکترین یەكەی زمانی یـان ڕێنووسـییە كـە دەبێتـەهۆی بەرجەسـتەبوونی زمانی دەق .

ئەوەی پێویستە بگوترێ ئەوەیـە كـە سـتایلیم بـوونێكی سـەربەخۆی نییـە وەك فـۆنیم ومـۆرفیم ، بـەڵكو سـتایلیم دیاردەیەكـە پێویسـتی بەشـوێنە بـۆ ئـەوەی دەركـەوێ ، ئـەو شوێنانەش كە ستایلیم تێیاندا دەردەكەوێ ئەمانەن:

١/ برگە: لە ناویەكە گەورەترەكاندا بەهای مۆسیقایی دروست دەكات .

٢/ وشە: بەیارمەتی هەندێك كارای تـر فرەواتـایی شـیعری دروسـت دەكـات ،وەك :هێـز ،سیاق،بەڕەمز بوون.

٣/گرێ: لادانی واتایی دروست دەكات بە پێش وپاش كردنی كەرستەكانی.

٤/ڕستە: لادانەڕێزمانییەكان و لادانە واتاییەكان لەم ئاستەدا دەردەكەون

٥/پەیوەندییـەكانی نێـو دەق:پچـڕاندنی ئـەم پەیوەندییانـە زنجـیرەی ئاسـایی واتـا دەپچڕێنێت و ئەركێكی زیاتر دەخاتە سەر شانی خوێنەر.

٦/ڕێنووس: پارچەپارپەكردنی فۆرمی ڕێنووس،لادانی ڕێنووسی دروست دەكات و واتای ئیحایی بەرهەم دێنێت .

ستایلیم لەهەندێ دۆخی تردا دروست دەبێت كە شوێن نین ، وەك :

١/ تێكەڵكردنی شێوازە جیاجیاكانی ئاخاوتن وەك شێوازی ئەدەبی و شێوازی گفتوگۆی ئاسایی وشێوازی بازاڕ.

٢/ تێكەڵكردنی زارو زارۆچكە ناوچەییەكان لە یەك دەقدا .

٣/ بەكارهێنانی تەكنیكەكانی گێڕانەوە لەشیعردا و بە پێچەوانەوەش .

## زمانی شیعریی شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر

شێوازگەری هەوڵی شیکردنەوەی شێوازی نووسینی هەردەقێکی شعری دەدات ، لە پێناو روون کردنەوەی ئەو بنیادە زمانییە تایبەتییەی کە شاعیر شیعرەکەی لە سەر دامەزراندووە ، چونکە بنیادی زمانی راستەوخۆ کار لە واتای شیعرەکە دەکات .

هەر شاعیرێك شێوازی تایبەتیی خۆی هەیە شێوازی تایبەتیی هەر کارێکی ئەدەبی ، واتە سیما تایبەتییەکانی ئەوە کارە،دیاردەیەکی تاکەکەسییە لە هەموو لایەنەکانیەوە،لەبەر ئەوە پێویستە لێکۆلینەوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان بکرێت لە لایەن ئەو شاعیرەوە تیشك بخرێتە سەر ئەو گەمە زمانییانەی کە شاعیر دەقی پێوەگرتووە ، ئەو کاتە شێوازی شاعیر روون دەبێتەوە ئەم کارەش بە لێکۆلینەوە لە دەقی شیعری دەکرێت لەم ئاستانەدا :

**أ- ئاستی دەنگسازی ب- ئاستی رۆنانی وشە ج- ئاستی رۆنانی رستە**

ئەم ئاستانە هەموویان بەیەکەوە کاردەکەن لە پێناو خولقاندنی شێوازێکی تایبەتی لە لایەن هەر شاعیرێکەوە و رەوتی واتایی دەقەکە دەسنیشان دەکەن .

## پێکهاتە دەنگییەکانی زمانی شیعریی .

لەم تەوەرەیەدا ئەو تایبەتمەندییانەی زمانی شیعری دەخرێتە روو کە پەیوەندییان بە دەنگەوە هەیە ، ئەوانیش بەم جۆرەن :-

**نەزم :**

وەرگێرەکانی کتێبی ( **بنیادی زمانی شیعری جان کۆهین** ) لە پێناسەی نەزم دا دەڵێن (( النظم : الوزن والترصیع )) .

( جان کوهین : ١٩٨٦ : ٧ )

بەو پێیە نەزم دوو پێکهاتەی هەیە ، یەکەمیان ( کێش ) و دووەمیان ( تەرصیع ) . لە کتێبی ( جواهر البلاغە) دا هاتووەکە ( تەرصیع ) ( بریتییە لە هاوسەنگی پاژەکان – الالفاظ – و هاورِێکی نیوە دێرەکان)( السید احمد الهاشمی: ١٨٣٨: ٣٥٢ ).

(تەرصیع) لەرەوانبێژیدا بەهاوسەروا ناودەنرێت کە چەند جۆرێکی هەیەو بەگشتی هاورێکی دووبارەبوونەوەی دەنگێکە لەناو دێری شیعردا.ئەم هاورێکییە لەنیوە دێرەکاندا



کتێبی هەولێرنامە

بە( تەفعیلە)دروست دەبێت، یان بە یەکسان بـوونی بڕگـەکان کـە هـەمان مـەرجی دروسـت بوونی کێشە لە شیعردا،بەڵام نەزم هۆکاری تریشی هەیە کە پشتیان پیێ دەبەستێ ،چونکە هەندێ دەقی شیعری هەن تەواو دەستیان لە کێش بەرداوە کەچی جـۆرێکی نـەزمیان هـەر تێدایە . لەبەر ئەوە نابێ نەزم پەیوەست بکرێت بە کێشی شیعرەوە ، واتە نەزم یەکەیەکی دەنگی نیە وبەس ، بەڵکو پاڵپشتی تریش هەیە . جان کۆهین پێی وایەکە((نەزم یەکەیێکـە لەهەمانکاتدا دەنگی و واتاییە))(جان کۆهین: ١٩٨٦ : ٥٢ )

کەواتە پاڵپشتی دووەمی نەزم ( واتا )یە . واتای شعر بـە تـەنیا و بـەبێ بـوونی کـێش رادەیەکی نەزم دەپارێزێ. ئەمەش لەبەر ئەوەی ڕسـتە لـەو شـوێنە تـەواو دەبـێ کـەواتای تەواو بوو ، ئینجا ڕستەکان بە پێی مەبەستیان بەرزونزمی دەنگیان تێدایە. ئەم وەسـتان و بەرزی و نزمییانە جۆرێکی نـەزم لـە خۆیـان دا هەڵدەگرن.واتـە نـەزم دیاردەیەکـە لـە گـەڵ خوێندنەوەی شیعرەکە دەردەکەوێ . بەمەش لە ڕووی سەرچاوەی دروست بوونەوە هەمان سەرچاوەی دروست کردنی ( ئاوازە )ی دەبـێ کـە بەرزونزمییـە دەنگییـەکانی رسـتەیە لـە کاتی خوێندنەوەدا .

نـەزم کەرسـتەیەکی گرنگـە لـە زمـانی شـیعریدا، بـوون و نـەبوونی نـەزم جـۆری دەق دەستنیشان دەکات بە جۆرێك دەقێك نەزمی تێدابێت لەڕووی دەنگییـەوە دەبێتـە شـیعر و دەقێکیش نەزمی تێدانەبێت لە ڕووی دەنگییەوە دەبێتـە پەخشـان . بـۆ نمونـە دەقـەکانی شیعری فێرکردن لە ڕووی دەنگییەوە شیعرن،بەڵام لـە ڕووی واتـاوە بەخشـانن . پەخشـانە شیعریش لە ڕووی دەنگەوە شیعر نییە ، کەچی لە ڕووی واتاوە شیعرە .

بەبۆچوونی فۆرمالیستەڕووسەکان((دێری شیعر بچوکترین یەکەی بنەڕەتییـە لـە ریتمـی شـیعردا ))(رینیـەویلیك و اوسـتن واریـن:١٩٨٧ :١٧٦)،ئـەم ڕایـە ئـەوە دەگەیەنێ،کـە وەستانەکانی ناودێری شیعر و یەکەدەنگییـەکانی دروسـتکردنی ریتم لـە سـەرتاپای دێـری شیعری دا پاڵپشتی نەزمن ، چونکە یەکە بچووکەکانی تـری وەك تەفعیلـە و بڕگـەکان ، لـە خودی خۆیانەوە بایەخیان نیە، ئـەو کاتـە دەبنـە بنـەمای مۆسـیقای شـیعر کەلـەدێردا بـە هاورێکی ریزبن ، لەبەرئەوە دێر دەبێتـە یەکـەی نـەزم، بـە پێـی ئـەو بۆچـوونە ئـەو بـیرە دەچەسپێ دەکە نەزم پەیوەست نیە بە کێشداری شیعرەوە، ئەگەرچـی کـێش هاوکـارێکی گرنگە بۆ زەقتر بوونەوەی نەزم لە شیعردا .

**کێش:**

شیعری کلاسیکی کوردی پەیرەوی کێشی عەرووزی دەکرد ، شعری نوێی کوردیش هەتا کۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەمیش هەندێ پاشماوەی عەرووزی هەر تێدا هەیە . بە جۆرێك شیعری سالآنی( ١٩٥٠—١٩٧٠ )بەرێژەیی ( ١٢،٠٧ ٪ ) کێشی عەرووزی تێدا بەکارهاتووە. ( **جبار ئەحمەد حسین : ٢٠٠٥ : ١٠٣** )

لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە کێشی عەرووزی لە شیعری کوردیدا نامێنێ کێشی برگە بەتەواوی جێی دەگرێتەوە ، بەلآم ئەویش بە تێکشکاوی .

شیعری هەشتاکانی هەولێر هەولی وازهێنان لە کێشی داوە،بەلآم لە ماوەی (١٩٨٠—١٩٩٠) نەیتوانیوە هەولەکە بچەسپێنێ ، بەلکو دوای راپەرین( ١٩٩٠) ئەو هەولە بەرەبەرە چەسپاوە.لەبەر ئەوە لەم لێکۆلینەوەیەدا کە قسە لە کێش دەکرێت ، تەنیا کێشی پەنجە ( برگە) دەخرێتە روو ، چونکە ماوەی زەمەنی لێکۆلینەوەکە هیچ پەیوەندییەکی بە کێشی عەرووزەوە نەماوە .

**<u>کێشی پەنجە ( ژمارەی برگە)</u>**:کێشی ژمارەی برگە لە سەربنەمای یەکسان بوونی ژمارەی برگەکان لە نیوە دێرەکاندا دادەمەزرێت. ئەم کێشە لەگەلٚ زمانی کوردی گونجاوە و زۆرجار بە کێشی خۆمالی ناودەنرێت، تایبەتمەندی کێشی ژمارەی برگە لەوەدایە کە وشەکانی زمانەکە کەرت ناکات .

بەکارهێنانی ئەم کێشانە بە ساغی واتە لە نیوە دێری یەکساندا لە شیعری هەشتاکاندا دیاردەیەکی دەگمەنە، بە زۆری بە تێکشاوی یان بە تێکەلی لە گەلٚ کێشی تر دەبینرێت ، ئەمەش چونکە شاعیرانی ئەو ماوەیە پشتیان لە شعری ستوونی کردووەو شیعری ئازادیان نووسیوە .

کێشەکان بە پێی بەکارهێنانیان لە لایەن شاعیرانەوە بەم جۆرە دابەش دەکرێت :

١ .**بەکارهینانی کێش بە تەواوی**

٢ .بەکارهینانی کێش بە تێکشکاوی

٣ .بەکارهینانی کێشی بە تێکەلی

٤ . کالٚ بوونەوەی کێش

**بەكارهێنانی كێش بە تەواوی:** بۆ ئاسان بوونی لێك جیاكردنـەوەی كێشـە تـەواوەكان، جۆرەكانی لە سەر بنەمای (ریتم) [1] ڕیز دەكەین بەم جۆرە :

**بنەمای ریتمی سێ بڕگەیی** : لەم بنەمایەدا ئەو جۆرە كێشانە دروست دەبن .

أ . **كێشی شەش بڕگەیی** : نمونەی لە هەشتاكانی هەولێردا نیە ، بەڵام نمونەیەكی ئـەم جۆرە كێشە لای (گۆران ) وەردەگرین كە ئەمەیە :—

تێ خوڕە تێ خوڕە ، ٣+٣

مێ تێرە و گوان پڕن ، ٣+٣

كاتی ڕان مۆڵ دانە ، ٣+٣

تابڵێی دەشت جوانە ، ٣+٣

(محمدی مەلا كەریم: ٢٠٠١ : ٥٢ )

ب . **كێشی نۆ بڕگەیی** : ئەم كێشە نموونەی بە تـەنیا زۆر دەگمەنـە ، بـەڵام لـە كـاتی تێكشكانی كێشە گەورەترەكاندا دێری نۆ برگـەیی دەردەكـەوێت . نمونـەی ئـەم كێشـە لـە شیعری كوردیدا وەك :

(( بنوسە بپرسە مەترسە ٣+٣+٣

چەند دێرێ شیعری جوانت بەسە )) ٣+٣+ ٣

(د.وریا عومەر ئەمین: ٢٠٠٤ :٢٦٥ )

لەگەڵ تێبینی ئەوەی،كە كێشەكە لە نیوەی دێری دووەمدا وشەی( جوانت) لەت دەكات .

نموونەیەكی تریش :

(( ئەسوتاو شەوقێكی زەردباوی ٣+٣+٣

ئەداڵە ڕوخساری غەمگینی )) ٣+٣+٣

(د.عەزیز گەردی :٢٠٠٨: ؟ )

---

١- ریتم دووبارە بوونەوەی ڕێكە لەهەر یەك لە ئاستەكانی زماندا , لەئاستی دەنگسازیشدا ریتم دووبارە بوونەوەی ڕێكی دەنگ و بڕگەكانە كە بنەمای كێشی ژمارەی بڕگەیە . لەم باسەدا بەهۆی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی كێش بە نەزمەوە , بابەتی ریتم لەدوای كێش دا هاتووە .

پ .**کێشی دوازده بڕگەیی لە جۆری ( ٣+٣+٣+٣ ):** بـە کارهێنـانی ئـەم کێشـەش لـە شـیعرەکانی هەشـتاکانی هـەولێردا نمونـەی نیـە ، بـەڵام بـە تێکـەڵی لـە گـەڵ کێشـەکانی تر،ڕستەی لەم جۆرە دەردەکەون .

**نموونەی کێشی دوازده بڕگەیی :**

(( ئەی ئەندام وردیلەی نەرمۆڵەی ئێسك سووك

ئەی بەرگی ساکارت دڵگیرتر لە هی بووك ))

( د. وریا عومەر ئەمین : ٢٠٠٤ : ٢٦٦ )

**بنەمای ریتمی( ٤ ) بڕگەیی:** ئەم بنەمایەش ئەو کێشانەی خوارەوە دروستدەکات :

ا . **کێشی چوار بڕگەیی :** بەرێژەیەکی زۆر کەم لە شیعری هەشتاکاندا بـە کارهـاتووە .

بۆ نموونە :

(( سەری دانام

پەیژە ئاسا

بەرەو ژوورتر

پێی سەرکەوێت

.............) ( نەوزاد رەفعەت : ٢٠٠٤ : ١٠٧ )

ب .**کێشی هەشت بڕگەیی( ٤+٤ ):** ئەم کێشە لە هەشتاکانی هەولێر بە خاوێنی کەم بە کارهاتووە ، بە زۆری وشە لەت دەکا . نمونەی بە کارهێنانی :

(( .....................................

بێهوودەیە کولینگ وەشاندن و عیشق و فرمێسکی من ؟

یا هێندەی نابات دیواری نێوان هەڵدەکەنرێت لە من

پەپوولان راو دەنێمەوە و دەبینمەوە بەهەشت ون ؟))

(نەوزاد رەفعەت: ٢٠٠٤: ١٠٦ )

پ .**کێشی دوازده بڕگەیی ( ٤+٤+٤ ):** ئەم جۆرەی کێش لە هەشتاکاندا بـە تـەنیا بـە کارهاتووە ، بەڵام بە تێکەڵی و بە تێکشکاوی لە شیعرەکاندا دەدیترێت .

(( ڕێگەم بدە دابیهێنم چەپکی خـــــەمی پەرچەمی تۆ

دەروونی من پڕ لە عیشقە خۆم دەکەم بە هاوخەمی تۆ))

(د.عەزیز گەردی:٢٠٠٨ :؟ )

**بنەمای ریتمی پێنج ( ٥ ) بڕگەیی:** ئەم بنەمایـەش ئـەو کێشـانەی خـوارەوە دروسـت دەکا :

أ . کێشی پێنج بڕگەیی : ئەم کێشە بە تەنیا لـە هەشـتاکانی هـەولێر بەکارنـەهاتووە ، نموونەی ئەم جۆرە کێشە وەك :

(( ئەی بەرخۆلەکە

نەرم و نۆلەکە

سپی و خرپنی

وەك کڵوی لۆکە ))

( د. وریا عومەر ئەمین : ٢٠٠٤ : ٢٦٤ )

ب . **کێشی دە برگەیی ( ٥+٥ ):** کێشی دە بڕگەیی خاوێن نموونەی لەلای ئەوشاعیرانە نیە کە لـەم باسـەدا کـاری لەسـەر کـراوە . بـەڵام بـە تێکـەڵی یـان بـە تێکشـکاوی زۆر بـە کارهاتووە . نمونەی ئەم جۆرە کێشەش :

(( هەر ماهیَ نەو بوو حاڵم پەشێوەن

چون هلال شێوەی ئەبرۆی تۆش پێوەن ))

( د. عەزیز گەردی : ٢٠٠٧ : ؟ )

پ . **کێشی ( ١٥ ) برگەیی ( ٥+٥+٥ )** : ئەم جۆرە کێشەش بە تەنیا بە کارنەهاتووە ، بەڵکو لە ناو شیعرەکاندا بە تێکەڵی لە گەڵ کێشەکانی تر بەرچاوە دەکەویَ . نمونەی وەك :-

(( ئەم لایەك پەڵە ئەو لایەك پەڵە هەوری رەنگاوڕەنگ

لە ناوەراستا بەدەم ناسۆرە رۆژی شۆخ و شەنگ))

(د.وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٤: ٢٦٧ )

هەندیَ جۆری تری کێش هەن کە لە تێکەڵ کردنـی ئـەم بنەمایانـە وە دروسـت دەبـن ، وەك ئەم کێشانە :

**کێشی ( ٧ ) حەفت برگەیی** : لە پێکهاتـەی ( ٣+٤ ) یـان ( ٤+٣ ) دروسـت دەبێـت . هەندیَ جاریش بنەمای ( ٥+٢ ) یان ( ٢+٥ ) بە کاردێت . بۆ نمونە :-

(( هەر لەو ڕۆژەوەی پاشا

فەرمانی دایە نێومالٚ

قژی کچەکان ببڕن

ڕەنگیان لە کۆشك بسڕن

من لە مالٚیٚ دەرکرام

بووم بە بارانی گولاٚو

......................)       ( کەریم دەشتی : ٢٠٠٤ : ١١٢ )

**کێشی ( ١١ ) برگەیی** : ئەم جۆرە لە بنەمای ( ٤+٤+٣ ) برگەییەوە دروست دەبێت ، وەك :

(( تاوان سەختە تاوانباری گرانە

بارکردنی لەئەستۆدا هەرزانە   )

( د. عەزیز گەردی : ٢٠٠٧ : ؟ )

**کێشی ( ١٣ ) برگەیی** : لە بنەمای ( ٤ +٤+٥ )ەوە دروست دەبن ، وەك :

(( سەردەمێك بوو دونیای گیانم تاریك و چۆلٚ بوو

کام بەرۆچکەی گەرمە دلٚم چەشنی سەهۆلٚ بوو ))

(د.وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٤ :٢٦٦)

کێشی ( ١٤ ) برگەیی : لە بنەمای ( ٤+٣+٤+٣ )ەوە دروست دەبێت و بە ( کێشی دەوری )ش ناو دەبرێت چونکە بنەما لێکچووەکان جار نا جارێك بە شێوەی دەوری دووبارە دەبنەوە ، بۆ نمونە :

(( خەبەر بەرن بۆ شێخم تۆ بەکەیم کوشتووە

پەشیمانم پەشیمانم هەر مەیەکم ڕشتووە ))

( د. عەزیز گەردی :٢٠٠٧ : ؟ )

هەواڵنامەی کتێب

**بەکارهێنانی کێش بە تێکشکاوی:**

کێشە سادەکان هەموو جارێك دابەشی سەر دوو نیوە دێری یەکسان نابن ، چونکە نیوە دێرەکانیان تێکدەشکێ بۆ یەکەی بچوکتر . ئەوەی لـەم باسـەدا گرنگـە ئەوەیـە کـە دەبـێ دابەش بوونەکان بنەمای ریتمی بپارێزن ، چونکە کێشێکی وەك کێشـی ( ١٢ ) بڕگـەیی لـە هەردوو بنەمای(٣) برگەیی و(٤ )برگەیی دروست دەبێت، ئەم دوو بنەمایە جیاوازن و ریتمی شیعری تێکدەدەن ئەگەر بەهەڵە وەربگیرێن . لە لایەکی دیکەشـەوە دەبـێ ڕەچـاوی ئـەوە بکرێـت کـە نـاکرێ وشـە لـەت بکرێـت بـۆ گونجانـدنی کێشـەکان. بـە پێـی بنـەمای ریتمـی کێشەکان بەم جۆرە دابەش دەکرێن:

**بنەمای ریتمی سێ برگەیی :**

ئەم بنەمایە کێشی شەش بڕگەیی و نۆ برگەیی و دوازدە برگەیی لەیـەك دەقـدا دروسـت دەکات ، بە هەمان شێوەی بنەماکانی دیکە رێگـە بـە دروسـت بوونـە جیاوازەکـانی کێشـە گەورەکان دەدات بە مەرجی ئەوەی ریتمەکە لەسەر ( ٣ ) برگەیی بمێنێتـەوە ، واتـە رێگـە بە دروست بوونی کیشی ( ١٢ ) برگەیی نادات لەسەر بنەمای ( ٤+٤+٤ ) چـونکە ریتمەکـە تێکدەچێ .

نمونەی ئەم جۆرە بنەمایەش ئەم پارچە شیعرەی ( کەریم دەشتی )یە :

بەر لەوەی برینی ئەو دڵەی هۆنراوە کون کونی کردووە ٣+٣+٣+٣+٣+٣

تێکەڵی شەمشێرو چەقۆکەم ٣+٣+٣

بەرلەوەی هەنگوینی بالۆرەی شێتی خۆم ٣+٣+٣+٣

تێکەڵی ژەهراوی ئەزەل کەم ٣+٣+٣

...................................(١٩٨٦ )

( کەریم دەشتی : ٢٠٠٤ : ٨٣ )

بنەمای ریتمی چوار برگەیی :ئەم بنەمایە کێشی ( ٤ ، ٨ ، ١٢ ، ١٦ ) برگـەیی دروسـت دەکات، هەندێ جار رستەی شعری ( ٢٠ ) بڕگـەییش بەرچـاو دەکـەون . یەکـە گـەورەکانی وەك ( ١٢ ) بڕگەیی ناکرێ دابەشی سـەر پێکهاتـەکانی وەك ( ٣+٣+٣+٣ ) بکـرێن چـونکە ریتمەکە تێکدەچێ ، بـەڵام ( ٨ ) برگـەیی دەکـرێ ببێتـە ( ٣+٣+٢ ) چـونکە پێکهاتـەی (

٢+٣+٣ ) نابێتە بنـەمای ریتمـی ( ٣ ) برگـەیی لەبـەر بەشـە ( ٢ ) برگەییەكـە . هـەروەها دەكرێ ببێتە( ٥+٣ ) لەبەر هەمان هۆ .

نمونەی ئەم جۆرە بنەمایەش ئەو پارچە هۆنراوەیەی ( فەرید زامدار )ە :

لەو دیو تەمی ماچەكانت ٤+٤

لەو دیو دنیای چاوەروانی ٤+٤

لێوی ماچە تەزیوەكان ٤+٤

لە لێژایی پێكەنینت ناپەرنەوە ٤+٤+٤

باسكت بازنەی ماچەكانمە ٤+٤

.........................................

ئەی بەژانی رەنگاورەنگی چاوەروانی هەراسان بوو ٤+٤+٤+٤ ( ١٩٨٥)،

( فەرید زامدار : ٢٠٠٧ : ١٥٩ )

**بنەمای ریتمی پێنج برگەیی :**

لەم جۆرەیاندا لە ناویەك دەقی شیعریدا كێشی ( ١٠ ، ١٥ ) برگەیی دروست دەبن ، یەكەكان بەم جۆرە دابەش دەبن : ( ٥ ) برگەیی دەكرێت ببێتـە ( ٣+٢ ) ، بـەڵام ( ١٥ ) برگەیی نابێتە ( ٣+٣+٣+٣+٣ ) چونكە ریتمی ئەم دابەش بوونە سێ برگەییـە و كێشـەكە تێكدەدات .

نمونەی بنەمای پێنج برگەیی وەك ئەم پارچە شیعرەی ( نەوزاد رەفعەت) :

دەستەیەك راوچی ٥ ( ٣+٢)

كونە گورگێكیان لە شاخ دۆزیەوە ٥+٥


بە كەوڵە گورگ و سەرماوە بەرەو گوند گەرانەوە ٥+٥+٥

.................................... ( ١٩٧٩ )

( نەوزاد رەفعەت : ٢٠٠٤ : ٨٦ )

بنەمای (٥)برگەیی لە چاوبنەماكانی دیكە كەمتر بە كارهاتووە بە جۆرێك كە لـە شـعری هەشتاكاندا لە كۆی بەرهەمی( ٩ ) شاعیر ئەم بنەمایە بەخاوێنی بە كارنـەهاتووە و تێكـەڵ

بەبنەمای تر کراوە لە کێشە تێکەڵەکاندا بۆیە شیعرێکی ساڵی(١٩٧٩ ) ی (نەوزاد ڕەفعەت) کرایە نموونە.



**جەلال بەرزنجی**

## بەکارهێنانی کێشی بە تێکەڵی:

لەم جۆرەدا دەقی شیعری پابەند نابێ بەیەك جۆری کێشـەوە ، دوو جـۆر یـان زیـاتر تێکەڵ دەکات، ئەم تێکەڵ کردنە ئەو جۆرەشیان دەگرێتەوە کە بنیادی ریتمی کێشەکان لە یەکتری جیـاوازبن، وەك بنیـادی سـێ بڕگـەیی و چـوار بڕگـەیی کـە دوو بنیـادی مۆسـیقای جیاواز دروست دەکەن .

ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە بەشـی زۆری شـیعری هەشـتاکانی هـەولێر پـەیرەوی لـەو سستەمەی کـێش دەکـەن. نمونـەی ئـەو جـۆرە سسـتەمە پارچـەیەك لـە شـیعری ( سـزای هەمیشەیی ) سەباح ڕەنجدەر :

(( لەویَ شوێنێك وەکو ئێرە ( ٤+٤ ) ٨ برِگە

مردووەکانیان دەشۆن ئەمجا دەیاننێژن ( ٤+٢+٢+٤ ) ١٢ برِگە


دوو کێلی بۆ دادەنێن (٣+٤) ٧ برِگە

یەکەم لێی دەخوێندرێتەوە ( ٢+٦ ) ٨ برِگە

گورگ بۆ ئەوە پێدەکەنیَ کەڵبەکانی پیشاندات ( ٨+٧ ) ١٥ برِگە

دووەم بەخەتێکی ئالۆز لێی هەڵکۆڵدراوە )) (٦ +٧) ١٣ برِگە

( سەباح رِەنجدەر : ١٩٩٩ : ٣ )


هەواڵنامەی کتێب

**نەوزاد رەفعەت**

**کاڵبوونەوەی کێش :**

ئەمەیان چوارەم جۆری بە کارهێنـانی کێشـە و لـە کۆتـایی هەشـتاکاندا لـە لای هـەموو شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر کاری پێ کراوە . ئەمـەش خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە کـە لـە دەقێکی شعریدا چەند دێرێك پـەیرەوی لـە کێشـی جیاجیـا دەکـەن و چـەند دێرێکـی دوای ئەوان پەیرەوی لە هیچ جـۆرێکی کـێش ناکـەن . هەنـدێ شـیعری تـریش هـەن کـە تـەواوی دێرەکانیـان پـەیرەوی لـە کـێش ناکـەن مەگـەر بـۆ مەبەسـتێکی ئیسـتاتیکی ناوبـەناو هاوگونجاونێکی دەنگیی کاتیی زۆر کورت دروست بێ .

نمونەی ئەم جۆرە شیعرەش شیعری ( بۆ منداڵان )ی ئەنوەر مەسیفی :

( گەورەتر بوومایە چاوی خۆم دەکردە گڵۆپ و
چیتر نەمدەهێشت شەونخوونی شارەکەم بۆنی
تاریکی لێ بێ
گەورەتر بوومایە ، لەپی خۆم
دەکردە تەختە ڕەشەو نەمدەهێشت چیتر
دیواری قوتابخانەی گوندەکەم بۆنی ترسی لێ بێ)
١٩٨٧ **(ئەنوەر مەسیفی:٢٠٠٥ :٤٤ )**

**٣-١-٢ ریتم :**

ریتم یەکەیێکی دەنگییە لە زانستی مۆسیقادا.لە رەخنەی شیعریشدا وەك مەسـەلەیەکی گرنگ باسی لێوە دەکرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی زمانی شیعری جگـە لـە کـێش، ریتمیشـی تێدایـە. لـە شـیعری کۆنـدا ریتم بـە بـوونی تەفعیلـەکان دیاردەکرا، بۆیـە بـوونی ریتم لـە پەخشاندا مەحاڵ بوو (( بە بۆچوونی ئەو ڕەخنەگرانە ریتم یەکسان بوو بـەکێش ) ( رینیـە ویلیك رأوسـتن واریـن: ١٩٨٧ : ١٧٠ )،بـەلأم تـەوژمی شـیعری نـوێ کـە کێشـەکەی کێشـی تەفعیلە نییە و هەندێ جاریش هەر جاریش هەر کێشی نییە ، بیروڕای نـوێی هێنایـە بـواری لێکۆلینەوە، بە جۆرێك کە ریتم ئەوەندە لە کێش دوورخرایەوە تا ئەو ئاستەی لێکۆلینـەوە لەریتمی قسەی ئاساییدا دەکرا،ئەمەش بە پاڵپشتی ئەو بۆچوونەی، کە پێی وابـوو (( ریـتم پەیوەندییەکی توندی بە ئاوازەوە هەیە )).( رینیە ویلیك و اوستن وارین:١٩٨٧ :١٧٠ )

ئاواز دانەیەکی مۆسیقای دەنگە لـە ئاستـی رستـەدا، واتـە ڕستـەیەك بـە تـەواوی یـەك ئاوازی هەیە،کەچی لـە هـەمان ڕستـە لەوانەیـە بنیـادی ریـتم تێیـدا چـەند جارێك دووبـارە بێتەوە. ریتم سروشتێکی خولیی هەیە ، واتە بەردەوام دووبارە دەبێـتەوە، هەر لەبـەر ئـەو دوبارە بوونەوەیە بوو ڕەخنەی کۆن لە گەڵ کێشی شیعری پەیوەستی کردبوو ، بۆچـوونی ڕاست لەبارەی ریتم ئەوەیەکە (( ریتم بە دوو هۆکار دروست دەبیٚ :

١. یەکسانی ژمارەی هێزەکان .

٢. هاوسەنگی دابەش بوونی هێزەکان )). (جان کۆهین : ١٩٨٦ : ٨٦ )

بە پێی ئەم بۆچوونە ریتم بە هۆی هێز دروست دەبـیٚ ، دیـارە هـەر وشـەیەك هێزێکـی تێدایە کە دەکەوێتە سەر یەکێك لە بڕگەکانی و زۆرجـار بـە پێـی گـۆڕینی شـوێنی هێزەکـە مەبەستی وشەکە دەگۆڕێت .

ئـەم بۆچوونەپەسـەنترە لـە بۆچـوونەکانی دیکە،چـونکە لـە لایـەك ریـتم بـە کـێش نابەستێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ریتم بە ئاواز نابەستێتەوە، ڕاستە لـە کێشـی تفعیلـەدا هێز لە بڕگە جیاجیاکانی تەفعیلەکانـدا زەقـە ، بـەڵام نـاکریٚ بڵـێین تەفعیلـە ریـتم دروسـت دەکا، بەڵکو ئـەوە هێـزی سـەربڕگەکانە لـە کێشـی عـەرووز و لـە قسـەی ئاسایيشـدا ریـتم دروست دەکا، بـەڵام ریـتم لـە شـیعردا تـا ئاستـێك ڕێکـترە و دووبـارە بوونـەوەکانی بـەپێی سیستمی دەنگیی شعرەکەن، لە قسەی ئاسایی و پەخشاندا ریتم ئەگەر دەریش بکەویٚ بـە پەرش و بـڵاوی دەردەکـەویٚ و هەسـتکردن بـە مۆسـیقایەکی رێـك دروسـت ناکـات چـونکە دووبارەبوونەوەی رێکی نیە.(( ریتم بواری داهێنانی شاعیرە، ئەوانـەی داهێنـان لـە کێشـدا دەکەن زۆر کەمن و بە دەگمەن هەڵدەکـەون و هـەموو جـارێکیش داهێنانەکـەیان لیٚ قبـووڵ ناکریٚ ... کەچی ریتم لـە گـۆڕانێکی بـەردەوام دایـە . وەکـو هـەویر وایـە لـە بـەر دەسـتی شاعیردا چۆنی بویٚ وای دەکرۆێنیٚ )) . ( **عەزیز گەردی : ١٩٩٤ : ٧٤** )

ریتم بنیادی دووبارەنەوەی مۆسیقای ڕستەیە،بناغەیەکی نەگۆڕەو دووبـارە دەبێتـەوە، چەند برگەیەك بەهێزێکی دیاری کراو و هاوسەنگ دووبارە دەبنەوە و ریتم دروست دەکەن ، هەندیٚ جار کێش هاودەنگ دەبیٚ لـە گـەڵ بنیـادی ریتمـەکان ، هەنـدیٚ جـاریش هـاودەنگ نابێت ، بەڵام لەم کاتانەدا کێشەکە پارچە پارچە دەبێت نەك ریتمەکە تێکبچیٚ.بنەمای ریتم دووبارە بوونەوەیە ، ئەو دووبارە بوونەوەیەش لەم ئاستانەی خوارەوەدا دەخرێتە روو :

**دووبـارەبوونەوە لە ئـاسـتی دەنگسـازیدا** :((ئـەم ئاسـتە سـەبارەت بـە ریـتم بـاس لـەو یاسایانە دەکات کە فۆنیمەکانی هەندێ لەوشەکانی ڕستەی شـعری ڕێکدەخـەن، ...، ئـەم ڕێکخستنەی فۆنیمەکان هـەوڵێکی بەمەبەسـتی شـاعیرە بـۆ قـەرەبووکردنی لـە دەسـتدانی هاودەنگی قافیەکان))(**د.محمد بەکر:٢٠٠٤:٨٣** )ئەم سستەمی ڕێکخستنەش لەم شێوازانەدا دەردەکەوێت :

أ : دوو فۆنیمە لێکچووەکە لەناو یەك برگەدا بن : ئەمەش دوو جۆری هەیە :

– چوونیەك ( أ+ب )(أ+ب ) وەك : (( بایەك شەو دۆشەکێکی

زەوی ئازاد بێت ، .......... ))

( ش+ە )( ش+ە)

(جەلال بەرزنجی : ٢٠٠٣ :٧)

– پێچەوانە( أ+ب )(ب+أ ) وەك : (( ئەوانیش

کەسانی ڕاستەقینەن ... ))

( س+ا )( ا+س )

(ع.ع.یووسف :٢٠٠٩ :٧٠ )

ب – دوو فۆنیمە لێکچووەکە لەناو دوو برگەی هاوسێدا بن :

لەم جۆرەدا دوو فۆنیمی هاودەنگ لە دوو برگەی دابڕاودا دێنەوە ، ئـەمیش دوو جـۆری هەیە :

– چوونیەك ( أ–ب )(أ–ب ) : وەك (( ڕێبدە گەرماییت گەرممان کاتەوە)

( گ–م )( گ–م )

( سەباح ڕەنجدەر: ١٩٩٩: ٥٩ )

– پێچەوانە ( أ–ب )(ب–أ ) : وەك (( درەختەکە شەوبوو کەوتە سەما )) .

( ت– ك )( ك– ت )

( کەریم دەشتی:٢٠٠٤:٣١٤ )

پ– دوو فـۆنیمی یەکـەم لـەناو یـەك برگـەدابن و دوو فـۆنیمی دووەم لـە دوو برگـەی جیاوازدا بن :

– لێکچوو (ا+ب) (أ–ب) .وەك : ((وەختێ ژنێ / گوتی ئەمشەو لەخە ومدا)


(ە+و)(ە– و)

( ئەنوەر مەسیفی : ٢٠٠٥ : ٦٣ )

– پێچەوانە (ا+ب) (ب–ا). وەك :(ڕەش بە سپی بگۆڕتەوە/ کیژان پیر کا / )

(ك+ی)(ی– ك)

( ئەنوەر مەسیفی : ٢٠٠٥ :٦٣ )



**ع.ع.یوسف**

ت– دوو فۆنیمی یەکەم لە دووبڕگەدا بن و دوو فۆنیمی دووەم لە ناو یەك بڕگەدا بن :

–لێکچوو (ا–ب)(ا+ب).وەك: ((لەخەونم دا/ چەند مردوویێ ڕاویان دەنام/ ))

(ن– د)(ن+د)

( ئەنوەر مەسیفی : ٢٠٠٥ :٦٣ )

–پێچەوانە(ا–ب)(ب+ا) . وەك: ((لەخەونمدا/ چەند مردوویێ ڕاویان دەنام/))

(ە– د)(د+ە)

( ئەنوەر مەسیفی : ٢٠٠٥ :٦٣ )

دووبارە بوونەوەی دەنگی لە دوو جۆری دیکەدا دەردەکەوێت کە ئەمانەن :

أ . دووبـارە بوونـەوەی تـاك فـۆنیمی لـە شـوێنە جیاجیاکـانی ڕسـتەی شـعریدا کـە بـە هەموویان ریتمێکی تایبەتی دروست دەکەن ، وەك :

(( بە خۆشت لە چوون ئاشنای، لەهاتنەوەش نەشارەزای))

( ع.ع.یوسف:٢٠٠٩ :٨٣ )

ب . دووبارەبوونەوەی بڕگە لە شوێنە جیاجیاکاندا کە بەهـەمان شـێوە ڕۆڵـی گرنگیـان هەیە لە بنیادی ریتمی دەقەکە، وەك ((دڵشادم:دالەکانی داڵن))

( دلشاد عبدالله:١٩٩٢:٩ )

دووبارەبوونەوەلەئاسـتی وشـەدا:دووبارەبوونەوەی وشـەیەکی دیـاریکراو لـە شـوێنە جیاجیاکانی ڕستەدا، بایەخی ریتمی و بەهای واتایی هەیە ، بۆ نموونە :

(( سەرزەمین بەهرەی داخراوە

نهێنیەکی سەر سورمێنەری لانەماوە بیدرکێنێت و بەختیارمان کات

بۆ

هەڵبژاردنی گشتی

لێبووردنی گشتی

تەنیایی گشتی

مەرگی گشتی

دەعوەت کراوین..... )) ( سەباح رەنجدەر : ١٩٩٩: ٦١ )



**سەباح رەنجدەر**

**دووبارە بوونەوەی فرێز ( گری )**:دووبارە بوونەوەی گرێ لە شوێنە جیاجیاکانی ڕستەدا بایەخی مۆسیقایی هەیە،وەك دووبارە بوونەوەی گرێی بەند لەم پارچە شیعرەدا:

(( دڵیان لە هەموو قسەیەکی رزیو
لە هەموو گەڵایەکی سیس
لە هەموو ئادگارێکی پووت
لەهەموو تۆوێکی بێ ڕووەت پاك دەکردەوە ))

( کەریم دەشتی : ٢٠٠٤ : ٢٧٠ )

**دووبارەبوونەوە لە ئاستی ڕستەدا :** هەندێ جار شاعیر ڕستەیەکی تەواو لە شیعرەکەیدا چەند جارێك دووبارە دەکاتەوە بۆ جەخت کردنەوە لەسەر مەبەستەکە و بەرزکردنەوەی بەهای ئیستاتیکای شیعرەکە،بۆ نمونە لەم شیعرەی(رۆستەم باجەلان)دا چەند ڕستەیەك دووبارە دەبنەوە :

(( چاوم کوێرە



هەواڵنامەی کتێب

گوێچکەم کەڕە
ڕووحم وەکو خەیاڵ و بیرکردنەوەم دەربەدەرە
من بەسودفە هاتۆمەتە ناو ئەم جیهانەوە
چاوم کوێرە
گوێچکەم کەڕە
ڕووحم وەکو خەیاڵ و بیرکردنەوەم دەربەدەرە
من بەسودفە هاتۆمەتە ناو ئەم جیهانەوە
لەناو کەشێکی ئۆقیانوسی بوونم گەورە دەبێ
بە خەیاڵ وانەی واقیع بە منداڵان دەڵێمەوە )) ١٩٨٣

(ڕۆستەم باجەلان:١٩٩٨ :٨٠ )

لەمەسەلەی ( ریتم ) دا دەبێ هەندێ خاڵ بە هەند وەربگیرێ :

١–کۆمەڵێك یاسای پێش وەخت بوونی نییە کە شاعیر پێیانەوە پەیوەست بێ ، بـەڵکو شاعیر بە ئارەزووی خۆی وبە شارەزایی لە بەکارهێنانی شاعیرانەی زمان ، ریتمی تایبـەتی خۆی دروست دەکا، بۆیە هەمان جۆرەکان ریتم دروست کردن لە لای چـەند شـاعیرێکەوە وەك یەك دووبارە نابنەوە، بەڵکو جیاوازییەکی زۆر و تەکنیکی جیاواز بەدی دەکرێ .

٤– دووبارەکردنەوە و فراوانکردنی سەرەی گـرێ بـە کەرسـتە جیاجیاکـان لـە زمـانی شیعریدا بێزاربوونی خوێنەر و گوێگر دروست ناکـەن ، چـەنکە هـەموویان سـیاقی واتایی و مۆسیقایی دەقەکە بەهێزتر دەکەن و چێژی زیاتر بە خوێنەر دەبەخشن.

**٤-١-٢ قافیە:**

قافیە(( بەشێکی وشەی کۆتایی دێری شیعرە بە مەرجی ئەوەی هەمان وشە بـە هـەمان فۆرم و واتای خۆی لە کۆتایی دێرەکانی تردا دووبارە نەبێتـەوە ، ئەگـەر دووبـارە بـووەوە ئەوا بە ڕەدیف دادەنرێت و پێش ئەو وشەیە دەبێتە قافیە )) (محمد رچا شـفیعی کـدکنی : ١٣٧٩ : ٥٥ )

ئەم پێناسەیە لەسەر بنەمای شیعری ستوونی و قافیەکانی شیعری کلاسیکی دارێژراوە، لە شیعری نوێ دا سستەمی یەکگرتووی قافیە نامێنێ ، ئەو بەها دەنگییەی قافیە دروست دەکرد بە جۆری دیکە لە ناو بنیادی ریتمی شیعرەکەدا بەرجەستە دەبێت.

لە شیعری هەشتاکانی هـەولێردا لـە لای هەنـدێك لـە شـاعیرەکان و بـە شـێوەیەکی زۆر سنووردار ، جۆرێك لە هاوئاهەنگی کۆتایی دێرەکان هەیە ، کە نمونەی زۆر دەگمەنن ، بەڵام بایەخی مۆسیقایی تایبەتیان هەیە ، بۆ نمونە لەم شیعرەی ئەنوەر مەسیفی دا :

(( ڕەبەنیێ خەوی خراپ بێ / دڵۆپە بارانێ زەویی
بزر کردبێ / بەستێ شەپۆڵی چك کردبێ /
چیایێ
قۆپێکی ڕمابێ / کێشکەییێ گوندی نەمابێ /
وڵاتێ
دگیرا کرا بێ / ئێواران پێش من دەکەون / پێش
من
خۆیان لە ناو گۆری من دەکوتن / ماڵ نوستنان
بەتای یەکتر خۆمان گەرم دەکەینەوە /
تا رۆژهەڵدێ وێکرا گوێمان ڕاگرتووە
ڕەنییێ دۆڵێ دابمارێ / بایێ هەڵکە / شەو
هاوارێ . )) ١٩٨٤ (ئەنوەر مەسیفی : ٢٠٠٥ : ٤٤ )



کتێبی هەوڵنامەی



**ئەنوەر مەسیفی**

ئەم شیعرە ( ١٣) ڕستەیە،(٩) ڕستەی بە دەنگی(ێ) کۆتایی دێت و دوو ڕستە بە دەنگی(ن) و دوو ڕستە بە دەنگی ( ە ) کە( و )ی نەبزوێنی لە پێشە . ئەم شیعرە راستە قافیەیێکی کۆنکرێتی نیە، بەڵام بوونی ئەو تاقە دەنگانە مۆسیقایەکی تایبەتیان بە شیعرەکە داوە .

قافیە کۆمەڵێك بایەخی دەنگیی گرنگی هەیە کە ئەمانەن :

کاریگەری مۆسیقایی .

بەرجەستەکردنی وشە لە هەر شیعرێکدا بە جۆرێکی تایبەت .

خۆشی بەخشین .

جوانی ، ئەمیش بە فرە جۆری لە هەمان فۆرمدا .

رێکخستنی بیر و هەست .

پتەوکردنی شیعر .

یارمەتیدانی مێشك لە بەستنەوەی دێرەکان بە خێرایی .

دروست کردنی یەکێتی فۆرم لە شیعردا .

لێکجیا کردنەوە و دەستنیشان کردنی میسراعەکان .

ئاسانکردنی بە دوای یەکداهاتنی واتاکان .

زەق کردنەوەی جوانیی تاکە وشەکان .

لە گەڵ یەك گونجان و لە یەك نزیککردنەوەی بەشەکانی شیعر .

دروست کردنی قالبی دیاریکراو و پاراستنی یەکێتی قالبی شیعر .

فراوانکردنی وێنە و واتاکان لە شیعردا .

گەیاندنی واتا لە رێگەی ئاوازی وشەکانەوە.

(محمد رضا شفیعی کدکنی:١٣٧٩ :٦٢ )

بوون و نەبوونی قافیە لە شیعردا وەك مامۆستا عەزیز گەردی دەڵێ:(( بۆ چەند هۆکارێك دەگەرێتەوە:سەردەم،زمان، شاعیر،شیعرەکە خۆی))(عەزیز گەردی:١٩٩٩:٤٧ ).ئەمەش مانای وایە سەروا پێویستییەکی بنەڕەتی نیە بە جۆرێك کە ئەگەر نەبوو ئیتر شیعر دروست نەبێ،بەڵکو سەروا بەهایەکی ئیستاتیکی شیعرە و هەندێ جاریش لە خودی شیعرە کەدا بە هۆی پەیوەست بوونی دێری پێیەوە بووەتە هۆی لاوازی واتای دێرەکان.

**٥-١-٢ تۆپۆگرافیای شیعرەکە :**

یـەکێك لـەودیاردە شـیعرییانەی کـە لـە شـعری نوێـدا دەرکـەوتووە دیـاردەی گـۆڕانی تۆپۆگۆافیای شیعرە ، واتە گۆڕانی ستایڵی دابەش بوونی وشەکان بەسەر لاپەڕە .

لە شعری کۆندا دێری شیعری هەبوو، دێریش دوو نیوە دێر بوو، بەڵام لـە شـعری نوێـدا دێرەکان تێکشکان و تۆپۆگرافیایەکە گۆڕا . ئەمەی لەم گۆڕانی تۆپۆگرافیایە سوودی هەیـە بۆ زمانی شیعر لە ئاستی دەنگسازیدا ئەوەیە گۆڕانی تۆپۆگرافیای شیعر گۆڕانی مۆسیقایی بـە دوادادێ.بـۆ نموونـە لەورسـتانەی خـوارەوەدا کـە دەسـتکاری کـراوی شـیعرێکی (ئەنوەرمەسیفی)ن :

( لە مەل بپرسن ، لە دار بپرسن ، لەبەرد بپرسن،

لە گیا بپرسن :

رۆژێ چەند جاران خۆم بە خۆڵ دەشۆم)

ئەو ڕستە شیعرییانە لە ڕووی ریتمـەوە رسـتەی ئاسـایین،بەڵام شـاعیر بـەم جـۆرەی نەنووسیوە،بەڵکو دەستکاری تۆپۆگرافیایەکەی کردووەو بەم جۆرەی خوارەوەی نوسیووە :

(( لەمەل بپرسن ، لە داربپرسن ، لە بەرد

بپرسن لە گیا بپرسن

رۆژێ چەند جاران خۆم بە خۆڵ دەشۆم))

(ئەنوەر مەسیفی: ٢٠٠٥ : ٥٣ )

ئەو جۆرە نوسینەی دووەم کە هی شاعیرە، تەنیا بە گواستنەوەی وشەی (بپرسن ) بۆ سەرەتای دێری دووەم دووبایەخی مۆسیقایی دروست کردووە :

بایەخی یەکەم: کۆتایی دێری یەکەمی بە فرێزی ( لەبەرد ) هێناوە، بـەرد وشـەیەکە لـە یەك بڕگەی گرانی ئاسایی(CVCC) پێکدێ کە لەدوای ڤاوڵی بڕگەکەدوو کۆنسـنانت بـەدوای یەکەوەن و هێزێکی گەورە دەکەوێتە سەر دوا بڕگە. هەروەها دوا کۆنسنانت فۆنتمی /د/ ە، کـە دەنگـدارێکی دەربـازی گـڕە، بەمــەش بەرجەسـتەبوون و زەق بوونـەوەی دەنگەکـە ڕوودەدات چـونکە(نەبزوێنی گـڕی دواوە درێـژترە لـە نـەبزوێنی کپـی دواوە )(**رەحمـان ئیسماعیل حەسەن : ١٩٩١ : ٨١** )

بوونی هێز لەسەر دوا برگە و گرپی کۆنسنانتەکە ، کاریگەرییەکی گـەورە دەکەنـە سـەر ریتمی دێرەکە .

بایەخی دووەم:لەوەدایە وشەی ( بپرسن )لە دێری دووەمدا(بپرسن ، لـە گیـا بپرسـن ) دووبارەبوونەوەی وشەیە لە نـاو هـەمان دێردا. دیاردەکـە دووبـارە بوونـەوەش بایـەخێکی تایبەتی هەیە لەبینای ریتمی ناوەوەی شیعردا.ئەو دەستکارییانەی شاعیر لە تۆپۆگرافیـادا دەیکـات زۆرجـار یاسـا زمانییـەکان تێکدەشـکێنێ، چـونکە سروشـتی زمـان ئەوەیـە (( فراوانکاری لە قسەدا دەکا ، واتـە لـە سـیاقی قسـەدا زیـاتر لـە جارێك ئامـاژە بـەو شـتانە دەکات،کە مەبەستیەتی)).(جان کـۆهین:٥٦:١٩٨٦)،بـەڵام شـاعیر ڕەچـاوی ئـەو سروشـتە ناکـات و فراوانکارییـەکان تێکدەشـکێنێ و ڕسـتەکان کـورت دەکاتەوە.بـەڵام جـۆرەك ناهاوسەنگی دروست دەبێ ، ناهاوسەنگی ئاستی دەنگ و ئاستی واتا .

لە قسەکردن ئاساییدا لەگەڵ تەواوبوونی ڕستە، واتا تەواو دەبێ . واتـە لـە گـەڵ تـەواو بـوونی هێڵـی دەنـگ هێڵـی واتـاش تـەواو دەبـێ ، بـەڵام لـە شـیعردا بـە هـۆی دەسـتکاری تۆپۆگرافیاوە ئاستی دەنگ هاوتەریبی ئاستی واتا نابێ وەك لەم هێلکارییەدا دیارە :

وەستانەکان لە پەخشانی زانستیدا		وەستانەکان لە شیعردا

دەنگ		واتا





( جان کۆهین : ١٩٨٦ : ٧١ )

لە هێلکارییەکەدا دەردەکەوێ کە لەو شوێنەی کە ( واتا ) پێویستی بە وەستانی دەنگە ، دەنگ ناوەستێ و لـەو شـوێنەش کـە ( واتـا ) پێویسـتی بـە بـەردەوامی دەنگە ، دەنـگ دەوەستێ. ئەمەش سروشتی تۆپۆگرافیای شعری نوێیەکە کارەکتەرێکی مۆسیقایی گرنگە لە گەڵ ئەوەی لەسەر ئەرکی تێکشکانی واتا دروست دەبێ .

چۆنیەتی دابەش بوونی وشـە و پیتـەکان بەسـەر لاپـەرەدا گرنگییـەکی زۆری هەیـە لـە سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر بۆ واتای دەقەکە و بەرجەستەبوونی دەقـە لـە ئاسـتی ڕێنووسـدا .ئەم شێوازە لە نوسیندا ( زیادکردنی بەها ستاتیکای ئەندازەییە بۆ دەقـی شـعری لـە پـاڵ ئیستاتیکای مۆسیقایی )   ( اسماعیل رسلان : ؟ : ٥٣ )

هەواڵنامەی کتێب

هەندێك جاریش ئەو دابەش بونە تایبەتییەی وشە و پیتـەکان ، وێنـە و شـێوە دروسـت دەکەن لەسەر لاپەڕەدا،وەك شێوەی:دار، باڵنـدە، هێما:ئایکۆنـەکان... وەك لـەم شـیعرەی (سەباح ڕەنجدەر)دا دەردەکەوێ :

( ئاو لە دەستی منداڵ بڕژێ
لە گێژەنی خەیاڵ وێنەی
ئاگر
پۆلیس
پەیکەر
زمان  لە قسەکردن میراتی ئێمەیان ژێرخۆل کرد
چەتر
گەراج
دەرگا
ڕەسم دەکات
لە دەرەوەی پێشانگای هونەرمەندێکی خەیاڵ داخراودا هەڵیدەواسێ )
(سەباح ڕەنجدەر : ١٩٩٩ : ٦٧ )

دیارە کە شاعیر وێنەی تیشـکی دروسـت کـردووە (→ ) ، تیشـکەکەی بـە پێچـەوانەی ئاراستەی باوی نووسینە، ئەوە بۆ خۆی ئـەو ئیحایەیکـە شـاعیر دژی ئاراسـتە باوەکانـە . ئیحایەکی دیکە لە تەواوی پارچەکەدایە . منداڵ هێمای خاوێنی و سادەییە ، کورد دەڵێ (( گەورە ئاوی دەڕژێنێ ،گچکە پێی لێ دەخشێنی)). ئاو ڕژانـدن ڕەسمـی کلتـوورو یاسـایە و منداڵیش لاسایی ئەو کلتوورە دەکاتەوە.بەڵام لـەم شـیعرەدا منـداڵ ئـاوی دەڕژێـنی، بۆیـە خەونەکان لە گێژەنی خەیاڵدا جێ بەجێ دەبـن. ڕەوتەکـە بەگشـتی پێچـەوانە دەبێتـەوە و بـەرەو دنیـای منـداڵ دەڕوات. ( زمـان ) کـە نـووکی تیشـکەکەیە ، لـە بـە(پەیکـەر)بـوون وکۆتەکانی (پۆلیس) و (سنوور) و (دەرگا) و کلتوورەکان ڕزگاری دەبێـت و تـرس (ئـاگری) نامێنێ . زمان ڕابەرایەتی ئەو ڕەوتە دژە بـاوە دەکـا کـە دنیـای سـادە و دوور لـە کـۆت و بەندە کلتورییەکان تیایدا دەژین .

بەم جۆرە ئەگەر لەیەك تاقە هێما و گرافیکی ناو ئەم جۆرە شیعرە وردبینەوە ، دەیـان ئیحا دروست دەبن کە بە قەسیدەیەکی تەواو ناکرێنە واتاو ناگەنە خوێنەر .

( تۆپۆگرافیـای شـیعر جگـە لەبایەخـە دەنگییەکـەی بایـەخی واتاییشـی هەیـە، شـیعر دووجۆرە، شیعری دەنگی و شیعری وێنەیی)(**عادل ضرغام:** ٢٠٠٩ :١٥)، کاتێك شـیعرییەت لە دەرەوەی زماندا هـەبێت وەك لـە دیمەنـە سروشـتییەکاندا،ئەوە شـعرییەتەکی تایبـەتیی تۆپۆگرافیای شیعریش هەیەو لەوێدا شیعر وێنەیەکی گۆیایە.

## پێکهاتەی زمانی شیعری لە ئاستی وشەدا ( لێکسیکی ) دا :

مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ وشەکان مامەڵەیەکی تایبەتییە،وشەکان بەرجەستە دەکات و سـیمای جیاوازیـان پـێ دەبەخشـێ،جیا لـەو سـیمایەی، کـە لـە فەرهـەنگ و قسـەکردنی ئاسـاییدا هەیانـە. زۆر جـاریش وشـە لـە هـەموو واتاکـانی دادەمـاڵێ و وەك ڕەمـز بەکاریدەهێنێ.ئەو بابەتانە لە باسە تایبەتییەکانی وەك ڕەخنەی سیمیۆلۆژیدا دەخرێتە ڕوو .

ئەوەی کە لێرەدا باس دەکرێت دروست کردنی وشەیە لەلایەن شاعیرەوە،کە بـە لادانـی وشەیی (لێکسیکی)دادەنرێت.((هەندێ جار شاعیر بۆئەوەی لە درێژ بڕی دەرچێت یـان بـۆ پاراستنی وزە و لکانـدنێکی تونـدوتۆڵ یـان لەبـەر نـەبوونی هەنـدێ کەرەسـەی ئامـادە لـە زمانەکەدا، خۆی وشە دادەتاشێ. ئەمەش کاتێ دەبێ بە لادانی ڕاستەقینە کە لەو یاسایانە لابدات، کە لە زمانەکەدا هەیە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ)

(پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح : ٢٠٠٧ : ١٥ )

دروست کردنی وشەش هەندێ جار بەبەکارهێنانی هەمان یاساکانی ڕۆنانی وشەیە کە لە زماندا هەن . هەندێ جاریش دوورە لە بەکارهێنانی یاساو ڕەمەکی دروسـت دەکـرێ . ئـەم وشانەش دەکرێ دارێژراوبن یان لێکدراو .

١ . **وشەی دارێژراو** : نالی دەڵێ :

ئەی تەلەفی گفتۆگۆ جامیعی کیژب و درۆ
واعیڤییە ئیشی تۆ ، عـەشقییە کـاری من

لێرەدا نالی بە پێـی یاسـای مۆرفۆلـۆژی کـوردی ( نـاو+ی ) و بـەلادان لـە سـنورداریێتی هەمان یاسا وشەی (عاشقی) دروستکردووە.

( دلێر صادق کانەبی : ٢٠٠٨ : ٢٧ )

٢. **وشەی لێکدراو** : شـاعیران لـەم بـوارەدا زۆر وشـەیان دروسـت کـردووە کـە دروسـت کردنەکەیان بە پێی یاسا مۆرفۆلۆژییەکانە ، بەڵام هەر لە فەزای شیعرەکە خۆیدا بە کاردێن و زیندوون ، وەك وشەی (سفرخۆر ) کە بەپێی یاسـای (نـاو+رەگی کـار ) دروسـت کـراوە. هەروەها وشەی دیکە وەك: گۆڵەکەڵەباب ، کافرشا ، لەشکرپووش، سـاقۆبەرد، .... )، کـە ئەنوەر مەسیفی بە کاریهێناون ، هەروەها دەربرین و وشەی وەك
(تەنیایی گشتی،کەپکەمار)لای سەباح ڕەنجدەر،(تەرمەگ ، وشکنشین ، کیسـەڵرەوت ، قورگخنکێن ، دمکاسن ... ) لای ( **ع. ع یووسف** ).

## زمانی شیعریی لە ئاستی ڕۆنانی ڕستەدا :

شاعیر زمانی ئاسایی خەڵکی بەکاردەهێنی بەڵام بە شێوازێکی جیاواز ، لەگـەڵ ئەوشـدا ((شاعیر دەیەوێت پەیامێك بگەیەنێ و مەبەستیەتی خەڵکی تێی بگەن، بـەڵام تێگەیشـتنێك بە ڕێگایەکی جیاواز )).(جان کۆهین : ١٩٨٦ : ٩٥ ).لەبەر ئەوە ڕستەکانی شیعر لە دۆخـی ئاسـاییدا ڕسـتەی نـامۆن و زۆر خۆبەدەسـتەوە نـادەن .لـە ڕووی ڕۆنـانی ڕسـتەوە هـەر ڕستەیەك پەیرەوی یاساکانی ڕۆنان و سروشتی زمانەکە بکات ، ڕستەیەکی ڕێزمانی تـەواوە بێ گوێ دانە واتای ڕستەکە . ڕستەیەکی وەك :( ئەمرۆ پیاوێکی باڵا بەرزم دیت ).لە ڕووی ڕۆنان و لە رووی واتاوە ڕسـتەیەکی ڕێکـە، بـەڵام ڕسـتەیەکی وەك : (ئـەمرۆ پیـاوێکی سـێ چاوم دیت.)ڕستەیەکە لەرووی ڕۆنانەوە هیچ گرفتێکی ڕێزمانیی نییە،بەڵام لە ڕووی واتـاوە نەگونجاوە چونکە هاوەڵناوی (سێ چاو ) کە دیارخـەرە ، لەگـەڵ دیارخراوەکـەی ( پیـاو ) ناگونجێ . هاوشێوەی ئەو ڕستەیەش وەك :

( مێرووڵەکە منداڵەکەی خوارد.

منداڵەکان دەفڕن .

فیلەکە بەسەقفی ژوورەکەدا هەڵدەگەرێ ) .

ئەوانە کۆمەڵە ڕستەیەکن لە دۆخی ئاسایی قسەکردندا نـەگونجاون ، بـەڵام لـە دۆخێکـی تایبەت بەخۆیاندا ڕستەی ئاساین لەڕووی واتـاوە،وەك لـەدۆخی فلیمـی کارتۆنیدا،تـەواوی ئەو ڕستانە گونجاووبێ گرفتن)(**پ.د.محەمەد مەعروف فتاح**:٢٠٠٧: ٤ )

کەواتە گرنگە کە گوێگر یان خوێنەر یەکسەر ڕستەکان ڕەت نەکاتـەوە ، بـەڵکو لـەو دەوروبەرە بکۆڵێتەوە کە ئەو ڕستانەی تێدا گوتراوە، بۆیە لە ڕووی واتاوە ناکرێت گرفت بۆ زمانی شیعری ساز بکرێت، چونکە ڕستە شعرییەکان لە دۆخی تایبەتیی خۆیاندا کە دۆخـی لادانە زمانییەکانە دەبنە ڕستەی واتادار ، بەڵام گرنگ ئەوەیە خوێنەر شارەزای دۆخەکە بێ و بزانێ جووڵە و گەشەی واتا تیایدا چۆنە .

تەوەرەی هاونشینی و جێ نشـینی : ڕسـتەکانی قسـەکردنی ڕۆژانـە لـە دوو ئاسـتدا لـە بـەکارهێنانی ئاسـایی لادەدەن، کـە ئاسـتی هاونشـینی و جێنشـینییە، لـە هەریەکـە لـەم ئاستانەدا جۆرێك لە بەرجەستەبوون و لادان دروست دەبێت، ئـەم بەرجەسـتەبوونەی زمـان بە پێی تەوەرەکان بەم جۆرەن

**زمانی شیعری لە ئاستی هاونشینی دا** : لەم ئاسـتەدا چـەند دیاردەیـەك ڕوودەدات کـە بەگشتی لادانی ڕێزمانین :

١ . **پێش و پاش کردنـی کەرسـتەکان** : لـە ڕسـتەی ئاسـایی زمـانی کوردیدا بکـەر لـە سەرەتای ڕستەدا دێت ئینجا بەرکار و تەواوکەرەکان ، ئینجا کـار . شـاعیر بـۆ ڕێکخسـتنی ریـتم وکـێش لـە شـعرەکەیدا یـان بـۆ مەبەسـتی ئیسـتاتیکی دەسـتکاری ئـەو ڕیزبوونانـە دەکات،بەڵام ئەو جۆرە لادانە( ڕووکەش و تەنکە و پەیوەندی بەروخسارەوە هەیەو کـار لـە ناوەرۆکی بەرهەمەکە ناکا و لەم ڕووەوە لە هەڵەی ڕێزمانی دەچن ).


(پ.د. محەمەد مەعروف فتاح : ٢٠٠٧ :١٨ )

بۆ نمونە :أ/ فەرید زامدار دەڵێ:

(( ئاوازێکی لە گەرووتا

هەناسەی گۆرانیەکی ڕەنگ هەڵنەگرتوو

هەڵپە دەکا و .... ) (فەرید زامدار : ٢٠٠٧ : ٧٠ )



**فەرید زامدار**

گرێـی ( لـە گـەرووتا ) بـە پێـی رێسـاکانی ڕیزبـوونی کەرسـتەکانی ڕسـتە پـێش بکـەر کەوتووە .دەبوایە ڕستەکە بەم جـۆرە بـێ : هەناسـەی گۆرانیـەکی ڕەنـگ هەڵنـەگرتوو لـە گەرووتا هەڵپەدەکا .

( بکەر + ئاوەڵگوزارەی شوێن + کار )

بەڵام ریزکردنەکەی شاعیر بەم جۆرەیە :–

لە گەرووتا هەناسەی گۆرانیەکی ڕەنگ هەڵنەگرتوو هەڵپەدەکاو ...

( ئاوەڵگوزارە + بکەر + کار )

ب/ نەوزاد ڕەفعەت دەڵێ:

(( ناتبزوێنێت کوێربوونەوەی ئاگردانی / فریادی /

گەمارۆدانی / ............. ))

( نەوزاد ڕەفعەت : ٢٠٠٤ : ١٣١ )

لەم ڕستە شیعرییەدا گرێی کاری پێش گرێی ناوی خراوە.ڕیزبوونی ئاسایی کەرستەکان دەبوایە بەم جۆرە بێ : کوێربوونەوەی ئاگردانی نا بتزوێنێت .

٢.**خستنی هەندێ کەرستە**: لێرەدا شاعیر بەمەبەستی خۆپاراستن لە دووبارەکردنـەوەی ڕستەکان ، پەنا دەباتە بەر دیاردەی (خستن). ئەم دیاردەیەش بە پێـی جـۆری ڕسـتەکە و مەبەسـت شـاعیر دەگۆرێت.لـە دێرەکـەی پێشـووی نـەوزاد ڕەفعەتـدا ئـەم دیاردەیـە ئاشکرایە،شـاعیر لـەو تەکنیکـەدا هێلـی لاری بـە کارهێنـاوە بـۆ جیاکردنـەوەی بەشـە خستراوەکان وەك لە دێرەکەدا دیارە :

نابتزوێنێ کوێربوونەوە ئاگردانی / فریادی /

گەمارۆدانی / ..............

ئەم دێرە سێ ڕستەی تێدایە کە ئەمانەن :

نا بتزوێنێ کوێربوونەوەی ئاگردانی (کوێربوونەوەی ئاگردانی ناتبزوێنێ )

نابتزوێنی فریادی (فریادی ناتبزوێنێ )

ناتبزوێنی گەمارۆدانی (گەمارۆدانی ناتبزوێنێ )

هەندێ جار شاعیر خستن بە کاردێنێت ، بـەڵام تـەنیا بەمەبەسـتی خـۆ ڕزگارکردنـە لـە قالبی سواو ، وەك :



هەولێرنامەی کتێب

هەن تەمەنیان باخچەیەکە

هەموو سەر لەبەیانییەك

گوڵێکی تیا دەپشکوێ

( نەوزاد رەفعەت : ٢٠٠٤ : ١٢٠ )

لە دێری یەکەمدا ( بکەر )خستراوە.دەبوایە لەسەرەتای ڕستەکە بکەر هەبێ، بۆ نموونە : **هەندێ کەس هەن تەمەنیان باخچەیەکە**.

شاعیر خۆی لەو جۆرە ڕیزکردنە بە دوورگرتووە و بە خستنی بکەرەکە ڕستەکەی بەرجەستە و زەق کردووەتەوە.

## زمانی شیعریی لە ئاستی جێنشینیدا :

ئەم ئاستە تایبەتە بە چاڵە ڕێزمانییەکان . هەر چاڵێکی ڕێزمانی لە ڕستەیەکی دیاری کراودا دەتوانرێ یەك وشەی لێ دابندرێ، بەڵام هاوشێوەکانی ئەو وشەیە لە ڕووی جۆرو سیمای واتاییەوە هەموویان دەتوانن لەو چاڵە دابنشین . لێرەدا شاعیر لە جیاتی وشەی دیاریکراو وشەیەکی دیکە بە کاردێنێ بۆ خوڵقاندنی دەلالەتی نوێ .

لە ڕەوانبێژی کۆندا ئەم کارە بە(خواستن ) ناودەنرا.خواستن سنووری خۆی هەبوو دەبوایە لە عورفی شاعیرانە دەرنەچێ ، دەبوایە ( لێکچوونێك لە نێوان دوو وشەکەدا هەبێ و پەیوەستێکیش هەبێ ئاماژە بە واتا بنەڕەتیەکە بکات).( السید احمد الهاشمی: ١٣٨٣ : ٢٧١ ) پاشان بە دەستبەردانی شاعیران لە کەرستە سواوەکانی ڕەوانبێژی ، جێ گۆرکێی وشەکان لەم تەوەرەیەدا بووە هۆی دروست بوونی ڕەمز ، ڕەمزیش تائاستێکی زۆر گونجانێکی واتایی لەگەڵ کۆی سیاقەکەدا هەیە . بەڵام ئەوەی لە شیعری هەشتاکانی هەولێر سەرنج ڕاکێشە دیاردەی نەگونجانە ، واتە بە کارهێنانی وشەیەك لە جێی وشەیەکی دیکە،کە بەهیچ جۆرێك لە گەڵ دەوروبەرەکەی ناگونجێت. بۆ نموونە لە ڕستەیەکی وەك:

( **منداڵەکە گوێی لە قیژەکە بوو** ) (**پ.د. محەمەد مەعروف فەتاح: ٢٠٠٧ : ٩**)

دەتوانی بڵێی:**منداڵەکە گوێی لەمن بوو**.) چونکە: ( من ) لەڕووی سیمای واتاییەوە ( +دەنگ )ی هەیە.

( **منداڵەکە گوێی لە بەردەکە بوو** )

ئەمـەیان گونجـاو نیـە، چـونكە( بـەرد ) سـیمای( +دەنـگ )ی نیە،بـەڵام لەوانەیـە مەبەست(گوێ لێبوونی بەربوونەوەی بەردەكە بێ،ئەو كاتە (بەرد)لـە دۆخـی بەربوونـەوەدا سیمای (+دەنگ)پەیدا دەكات،بۆیە ڕستەكە لەو دۆخەدا پەسەندە،بەڵام ڕستەی (منداڵەكـە گـوێی لـە ڕەنگەكـە بـوو.)ڕسـتەیەكی نـەگونجاوە چـونكە( ڕەنگ)،كـە سـەر بەهەسـتی بینینە،هیچ پەیوەندییەكی واتایی نیە لە گەڵ ( گوێ لێ بوون )،كە هەستی بیستنە .ئـەو نەگونجانە لادانی واتایی شیعرەكاندا دروست دەكا.

## لادانی واتایی :

وەك لە بەشی یەكەمی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا ئاماژەی بۆ كـرا لادانـی واتـایی بـە پێـی لێكدانی كەرستەكانی ڕستە، سێ جۆری هەیە :

١ . لێكدانەكان لە ڕووی ڕێزمانەوە ڕاستن بەڵام لە ڕووی لۆژیكەوە نالەبارن :

بـۆ نموونە:جـەلال بـەرزنجی دەڵـێ:(كـۆترە ڕژاوەكـان لـە خـەیاڵ گیربـوون ). (جـەلال بەرزنجی:٢٠٠٣: ١٠١ )ئەم رستەیە لە ڕووی ڕێزمانـەوە ڕسـتەیەكی گونجاوە.واتـە ڕیزبوونـە ئاسۆییەكەی ڕێك و گونجاوە و هـیچ ئاڵوگۆرێـك لـە شـوێنی كەرسـتەكان نەكراوە،بـەڵام لـە ڕووی لۆژیكەوە ڕێك نیە. ئەمەش چونكە لە تەوەرەی جێنشـینیدا دوو گۆڕانكـاری كـراوەو كەرستە نوێیەكان لە گەڵ دەوروبەریان ناگونجێن . ئەوانیش :

أ . وشەی ( ڕژاو ) كە دیارخەری وشەی ( كۆترەكان )ە ، دەبـێ لـە گـەڵ وشـەیەك بـە كاربێت كە سیمای( –زیندوو)ی هەبێ،بەڵام كۆتر سیمای ( +زیندوو )ی هەیەو گیاندارە.

ب . وشەی ( خەیاڵ )كە ئاوەڵگوزارەی شـوێنی دروسـت كردووە،سـیمای(–بەرجەسـتە )ی هەیە ، لە كاتێكدا ( شوێن ) بەگشتی سیمای ( +بەرجەستە )ی هەیە .

٢ . لێكدانەكان لە ڕووی ڕێزمانەوە ناڕاستن، بەڵام لە ڕووی لۆژیكەوە لە بارن .

بۆ نمونە :– دلشاد عەبدوڵڵا دەڵێ :

(( ئێستاكەش هەر سازگارە ئاوی ؟

وەكو خۆی پڕ ڕووناكییە كۆشكی بوخارا ؟))

دلشاد عەبدوڵڵا ٢٠٠٥ : **٣٢**

ئەو ڕستە شیعرییانە لە رووی لۆژیکەوە ڕستەی گونجاون و مەبەستیان روونە،بـەڵام لـە رووی ڕیزبوونی کەرستـەکانەوە لادانـی تێدایـە ، بکـەری ڕسـتـەکان کەوتووەتـە کۆتـایی لـە کاتێکدا دەبوایە بەم جۆرە بێت :

ئێستاکەش ئاوی هەرسازگارە ؟

دەست و پەنجەکانی بێ ئەندازە ناسك و شل ماوە ؟

...............................................

کۆشکی بوخارا وەکی خۆی پڕ ڕووناکییە ؟

٣ . لێکدانەکان لە ڕووی ڕێزمان و لۆژیکەوە نەگونجاوبن .بۆ نمونـە : ئـەنوەر مەسـیفی دەڵێ :

ئەو ماینەی خۆی پەڕاندەوە ١

لە جێی خورانی من ڕوام ٢

...............................

کەمرد بووە ساقۆپەمۆ ٣

وەرەمدار قوڕ ٤

(ئەنوەر مەسیفی: ٢٠٠٥ : ٦٩ )

لەم چەند ڕستە شـیعرییەدا هـەردوو جـۆری لادانەکـە بـەزەقی دەردەکەون.لـە ڕسـتـەی دووەمدا جێ گۆرکێ بەڕیزبوونی کەرستەکان کراوە، ڕاستەکەی (من لـە جێـی خـورانی ڕوام )ە.لـە ڕسـتـەی سـێیەمدا دیارخـەر پـێش دیـارخراو کـەوتووە،ئامرازی(ی)ش( خسـتراوە) ، ڕاستەکەی ( قوڕی وەرەمدار )ە، کەواتە ڕستە شعرییەکان لە ڕووی زمانـەوە دەبوایـە بـەم جۆرەبن :

ئەو ماینەی خۆی پەراندەوە

من لە جێی خورانی ڕوام

................................

کە مرد بووە ساقۆی پەمۆ

قوڕی وەرەمدار

لە ڕووی لۆژیکیشەوە لادانی واتایی زۆری تێدایە ، لە ڕستەی دووەمدا ( مـن ڕوام ) ، ( مـن ) کراوتـە ڕووەك، واتـە سـیمای ( +ڕووەك )ی پێـدراوە. ڕسـتەی سـێیەمیش ( قـوڕ ) کراوەتە زیندەوەر،واتە سـیفەتی (+زینـدەوەر)ی پـێ دراوە چـونکە (وەرەمـدار ) سـیفەتی کەسی زیندووە ، مرۆڤ بێ یان ئاژەڵ .

لێرەوە ڕوون دەبێتەوە،کە شێوازگەری لەو بەکارهێنانە تایبەتییانەی زمان دەکۆڵێتـەوە کـە شـاعیر بـۆ مەبەسـتی ئیسـتاتیکای شـیعرەکانی پـەیرەوی دەکـات ، کاریگـەری ئـەو بەکارهێنانە تایبەتییەش لە سەر واتای شیعرەکە زۆر زەق و ئاشکرایە.

**ئە نجام:**

شیعر ڕێزمانێکی تایبەتیی نییە، کە مرۆڤ وەك ڕێزمانی هـەر زمـانیکی تـر فێـری بـبێ و بەپێی ڕێزمانەکە هەموو قسـەکانی ببێتـە شـیعر، ئـەوەی کـە لەشـیعردا هەیـە دەسـتکاری کردنێکی تایبەتیی ڕێزمانی زمانی قسەکردنی ڕۆژانەی خەڵکە، کە شـاعیر بـەپێی پێویسـتی داهێنانەکەی دەستکاری دەکاو زمانی شیعریی لێ دەخولقێنێ.

لەگەڵ ئەوەی هەوڵدراوە، کە دەستکاری کردنەکانی زمـانی قسـەکردنی ڕۆژانـە لەلایـەن شاعیرەوە بەبەراوردکردنی لەگەڵ یاسا زمانییەکان جۆرێك لە وەسف و ڕیزبەندی بۆ بکـرێ و لە چوارچێوەی دەستەواژەی (لادان ) دا کۆبکرێتەوە،بەڵام هەرگیز ناکرێ لادانـەکان وەك ڕێزمانی شیعر بناسێندرێن ، چونکە خودی لادانەکان یاسا نین و هـەر شـاعیرێك شـێوازێکی تایبەتیی خۆی هەیە لە دەستکاری کردنی زمانـدا ، بۆیـە زمـانی شـاعیرە داهێنـەرەکان لـە یەکتری ناچێ .

ئەو ڕێژەو ئەنجامانەی کە شێوازگەری لە خوێندنـەوەی دەقێکدا بەدەسـتی دەهـێنێ ، وەك ڕێژەی ئاوەڵناو بۆ کار و ژمارەی ئاوەڵناو و ناو و کار لە دەقی شیعردا و پـێش وپـاش کردن و خستنی کەرستەکان ، ڕێژەی تـەواوی ئەمانـە لەشـیعرێکدا ،نابێتـە قاڵـب و یاسـا ، هەمان ڕێژە شیعرێکی تری پێ دروست ناکرێ ، واتە هەمان ژمارەی کەرستەکان و هـەمان شێوازی بەزاندنی یاساکان مەرج نییە شیعرێکی هاوشێوە دروست بکـات ،ئەگـەر شـیعریش دروست بکات بە ڕێکەوتە نەك ئەنجامی ڕێوشوێن و یاساوە بێت .

زمانی شیعری زمانێکی تەقیووە،واتە لە واتای ئاسایی وشـەو رسـتەکان لا دەداو واتـای تر لە وشـەکان باردەکـا، تەقینـەوەی زمـان دیاردەیـەکی تایبـەتیی زمـانی شیعرە،شـیعری هەشتاکانی هەولێر لەو بوارەدا لەچاو شیعری ماوەکانی دیکەدا هەنگاوی گەورەتری نـاوە ، بەجۆرێك رادەی تەقینەوەی زمانیی ئەوەندە زۆرە تا ئەو ئاسـتەی وەك ڕێزمـانێکی جیـاواز خۆی دەنوێنیٚ

دروسـتبوونی شـیعر تێپـەڕکردنی زمـانی قسـەکردنە بەفـەزای شـیعرییەتدا ، ئەمـەش ئـەرکێکی زۆری دەویٚ، هـەر لەبـەر ئـەو ئەرکەیـە، کـە کـەس نـاتوانیٚ بەهـەمان خێرایـی قسـەکردنی ئاسـایی وەڵامـی پرسـیار بـەزمانێکی شـیعری بداتەوە.واتـە شـیعر ڕیزبەنـدی لەسەرخۆترینی بەردەکەویٚ ئەگەر هاوشـانی پەخشـانی هونـەری و قسـەی ئاسـایی لەسـەر هێڵی ژمارەکاندا ریزبکرێن.

مـاوەی هەشـتاکانی هـەولێر قوتابخانەیـەکی بـەردەوامی شـیعری کوردییـە بـەهۆی دەسپێکی گـەرم وگـوڕی و بـەردەوامبوونی هـەتا ئێسـتا لەلایـەك و لـە لایـەکی دیکەشـەوە بـەهۆی ئـەو ئەزموونـە جیاوازەی،کـە پێشکەشـی کردووە،کـە تـا ئێسـتا ئـەزموونێکی لـەو دەوڵەندتر دەرنەکەوتووە.فۆرمی شیعر هەڵگری واتایەو ریزبوونی تۆپۆگرافیای شـیعر ڕۆڵـی گەورەی لە ئاراستەکردنی واتادا هەیە. ئەمەش شیعری تێکەڵ بە جۆرە هونەرییەکانی دیکە کردووە و ڕۆڵی زانستی سیمانتیکی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا بەهێز کردووە.

## سەرچاوەکان

### ١- بە زمانی کوردی


- ئەنوەر مەسیفی ، پەشیمانی، گ.شین ، ژ:١٥، تشرینی دووەم ، ٢٠٠٥.
- جـەبار ئەحمـەد حوسـێن، ئیسـتاتیکای دەقـی شـیعریی کـوردی – کوردسـتانی عـێراق (١٩٥٠-١٩٧٠ )،نامەی ماجستیر، کۆلیژی پەروەردە بۆ زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، زانکـۆی سەلاحەدین ،٢٠٠٥.
- جەلال بەرزنجی ، یادەوەری کەسێکی بەربا ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ .
- دلشاد عبدالله ، جوانییەکان و چەند لاپەرەیەکی ژیانی بەفرنووس یا باو باڵەکان ، هەولێر ،١٩٩٢ .
- دلشاد عەبدوڵڵا ، هەوری مەیخانەکان، گ.شین ، ژ: ٩ ، شوبات ٢٠٠٥
- دلێـر صـادق کانەبی،هەنـدێ لادانـی زمـانی لای سـێ شـاعیری نوێخـوازی کـورد ، نامـەی ماجستێر ، زانکۆی سەلاحەدین ، کۆلیژی زمان ، ٢٠٠٨ .
- رەحمان ئیسماعیل حەسەن،بڕگەو ئاسان بوونی بڕگە ، نامەی ماجستێر، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین،١٩٩١.
- رۆستەم باجەلان، بەشێکی تر لەداڕوخان ، گۆڤاری کاروان ، ژ:١١٨، ١٩٩٨.
- سەباح رەنجدەر،رووەکەکانی خواوەند، ١٩٩٩.
- عەباس عەبدوڵڵا یوسف ، ئۆدیسیۆس نێرە یان مێیە؟ ، هەولێر ، ٢٠٠٩.
- عەزیز عەبدوڵلا ئەحمـەد گـەردی ، کێشـی شـیعری کلاسـیکی کـوردی و بـەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشـی شـیعری فارسـی ، نامـەی ماجسـتێر ، کۆلیـژی ئـاداب ، زانکۆی سەلاحەدین ،١٩٩٤ .
- عەزیز گەردی (د.)، وانەکانی بابەتی کێشناسی ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلیژی زمان، ، ٢٠٠٧-٢٠٠٨.
- عەزیز گەردی(د.)، سەروا، دەزگای ئاراس ،هەولێر، ١٩٩٩.
- فەریدزامدار ، شەری وشەکان ، نیو نوقتە لەژێر نیودا ،سلێمانی ،٢٠٠٧ .
- کەریم دەشتی، پیانۆی رۆژهەلات و ئەوانی دی، هەولێر،٢٠٠٤.

- محەمەدبەکر(د.)، پەخشانە شیعری کوردی ، هەولێر ٢٠٠٤.
- محەمەد مەعروف فەتاح (پ.د.)، زمـانی شـیعر: روانگەیـەکی زمانـەوانی وپراگمـاتیکی، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلیژی زمان، گ، ژ٢، هەولێر ،٢٠٠٧ .
- محەمەدی مەلا کەریم ، دیوانی گۆران ، ؟،چ ٢، سلێمانی ،٢٠٠١.
- نەوزاد رەفعەت ، پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، هەولێر،٢٠٠٤.
- وریا عومەر ئەمین(پ.)،چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر ،٢٠٠٤.
- هاشم سەڕاج ،زینانی ڕۆح ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ،٢٠٠٥.
- هێمن عومەر ئەحمەد، چەند لایەنێکی شیعرییەت لە کۆ چیرۆکی (نامەکانی ژاکۆن) ی (جەبار جەمال غەریب)دا، نامەی ماجستێر، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سەلاحەدین ،٢٠٠٨.

**بە عەرەبی:**

- ابراهيم خليل (د.)، في النقد والنقد الألسني، عمان ، ٢٠٠٢.
- أحمد رحماني(د.)، نظريات نقدية وتطبيقاتها،مكتبة وهبة،القاهرة ،٢٠٠٤.
- احمد مطلوب (د.)، في المصطلح النقدي، المجمع العلمي، بغداد ،٢٠٠٢.
- احمد الهاشمي(السيد)،جواهر البلاغة في المعاني والبيان والبديع، ط٢، طهران،١٣٨٣.
- اسماعيل رسلان، الرمزية في الأدب والفن ، مكتبة القاهرة الحديثة ، ؟ ، ؟
- اف. ار. بالمر،علم الدلالة، ت:مجيد الماشطة،الجامعة المستنصرية ، بغداد ،١٩٨٥
- جان كوهين ، بنية اللغة الشعرية،ت:محمدالولي ومحمد العمري، ١٩٨٦.
- جـون اي جوزيـف وآخـرون ، أعـلام الفكـر اللغـوي،ت: احمـد شـاكر الكلابـي (د.)،ج٢، طرابلس،٢٠٠٦.
- روبير مارتان، في سبيل منطق للمعنى ، ت: الطيب البكّوش و صالح الماجري ، بيروت ،٢٠٠٦ .
- رينية ويليك و اوستن وارين ، نظرية الأدب ، ت:محي الدين صبحي ، بيروت ،١٩٨٧
- سعد مصلوح (د.) ، الأسلوب دراسة لغوية احصائية، ط٢،القاهرة ،١٩٨٤.
- عادل ضرغام ، في تحليل النص الشعري، ،٢٠٠٩.
- فتح الله احمد سليمان (د.)،الأسلوبية:مدخل نظري ودراسة تطبيقية، القاهرة،٢٠٠٤.

- فرحان بدري الحربي ، الأسلوبية في النقد العربي الحديث : دراسة في تحليل الخطاب ، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع ، بيروت ، ٢٠٠٣ .

- مارغوت هاينمان و فولفغنغ هاينمان، لسانيات النص،ت:موفق محمد جواد المصلح (أ.د.)،بغداد، ٢٠٠٦.

- مراد عبدالرحمن مبروك، من الصوت الى النص: نحو نسق منهجي لدراسة النص الشعري،الاسكندرية، ٢٠٠٢.

- يحيى فتحية (أ)، تجليات الاسلوب والاسلوبية في النقد الادبى،مجلة الموقف الادبي،ع ٤٣٩،ت٢، ٢٠٠٧ .

- يوسف أبوالعدوس(أ.د.)،الأسلوبية:الرؤية والتطبيق، عمان ،٢٠٠٧.

**به فارسى:**

- ديويد كريستال ، فرهنگ توصيفى اواشناسى ، ت: محمد فائض و خليل ميرزايى ، انتشارات نگاه، تهران، ١٣٨٢.

- راجرفالر و سايرين،زبانشناسى و نقدادبى،ت:مريم خوزان وحسين پاينده،نشر نى،چاپ سوم،تهران،١٣٨٦.

- محمد رضا شفيعى كدكنى (د.)، موسيقى شعر،چاپ ٦، كتابخانه ملى ايران،تهران ، ١٣٧٩.


هەولێر ئەدەبی کتێب

هەواڵنامەی کتێب